# واتە

25
کۆواریێکی ڕۆشنبیریی گشتییە
تشرینی یەکەم ٢٠١٢

هەوڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35

**واتە بۆ ئەوانەیە کە**
**دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان**

هەواڵنامەی کتێب

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: عەوف عەبدورەحمان "مەلا شاخەوان"
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم

# ئەنجامەکانی سەفەرۆچکەکەم بۆ ئەستەمووڵ

محەمەد عەلی قەرەداغی
ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

## بەشی یەکەم

### سەرەتایەک

هەواڵنامەی کێبڕکێ

لە چەند کۆڕ و کۆمەڵ و بۆنەدا نووسیومە و گوتووومە: مێژووی کورد یان نەزان یان ناحەز نووسیویەتییەوە. ئێستەیش کە بمانەوێ لایەک لەو مێژووە بکەینەوە و هەوڵی بە دروستیی نووسینەوەی بدەین باشترین و دروستترین سەرچاوە دەستخەت و شوێنەواری زانایان و مامۆستایانی کوردە.

ئەمەیش بیرۆکەی ئێستەم نییە و یەکەمجار کە دەستم داوەتە نووسینی مێژووی زانایانی کورد لەم ئاسۆوە بۆ ئەم مێژووەم ڕوانیوە و، یەکەم بابەت لەم بوارەدا کە پێش نزیکەی چل ساڵ نووسیومە بە ناونیشانی (الشيخ عبدالله الخرثاني من خلال مخطوطات مكتبتة) بووە و[1]، لەو کاتەوە تا ئێستا بە هەوڵ و توانای تاکەکەسی خۆم کارم بۆ ئەوە کردووە دەستخەتم هەبێ یان شوێنی بزانم یان باسی بکەم و بە کەسانی کارکردەی ئەم بوارەی بناسێنم.

لە دوای ڕاپەڕینیشەوە تا ئێستە پەلەقاژەی ئەوەم بووە چی زووترە و تا کار لە کار نەترازاوە شوێنەواری زانایانمان لە شوێنێکی شیاودا کۆبکرێنەوە و ئێمەش وەک گەلانی جیهان خاوەنی بەڵگەگەلی مێژوویی شارستانییەتی خۆمان بین و بۆ ئەمەیش دەست و قەڵەم و دەمم بەهەرلایەک گەیشتبێت درێغیم نەکردووە، بەڵام تا ئێستا ئەو کارە زۆر پێویستە هەر چاوەڕوانی هیمەتی دڵسۆزانەی کەسانی کارلێهاتوو و دڵسۆزی مێژووی ئەم گەلەیە.

## بیرخستنەوە

یەکەم: ئەوە دوو خولی (کۆری زانیاری کوردستان) و (ئەکادیمیای کوردی) م وەک ئەندامی کارا تێپەڕاندووە. لە سەرەتای دەست بەکاربوونمەوە لەم دەزگادا بە نووسین و بە وتن بە دوای ئەوەوە بووم یەکێک لەبڕگە سەرەکییەکانی ئەو ئامانجەی کە ئەم دەزگای بۆ بەدیهێنراوە و خۆی لە کۆکردنەوە و بوژاندنەوەی سامانی کەلەپوری گەلی کورددا دەنوێنێ، بخەمە بواری جێبەجێکردن و گەشەپێدانەوە، بۆ ئەمەیش چەندان جار بە نووسین و بە داوا و وتن لە دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی کۆڕ و ئەکادیمیادا ئەمەم ووروژاندووە و، بە نووسین داوای ئەوەم کردووە ڕێگەم بدرێت سەردانی تورکیا بکەم و بە کتێبخانەکانیدا بگەڕێم و سۆراخی شوێنەواری زانایان و ناودارانی کورد بکەم، بەڵام بێ بەڵگە داواکەم دراوەتە دواوە و بەڕەڕچ دراوەتەوە و، بگرە وەک ئەندامانی ئەنجوومەن ئاگادارن، دەمەقاڵە و دەنگدابڕانیشی لێ کەوتووەتەوە، کەچی لە هەمان کاتدا و دوای داواکەی من سێ جار ڕێگە بە کەسانی دی دراوە و، تەنانەت کەسانی دەرەوەی ئەکادیمیاشیان تێدابووە، کە بەو ناوەوە سەفەری تورکیا بکەن و ئەرکی سەفەرەکەشیان لە ئەستۆی ئەکادیمیادا بووە.

دووەم: حەزرەتی نالی:

کە ساڵی (٢٠٠٦) دیدارێک لە سلێمانی بۆ حەزرەتی نالی سازدرا و منیش بە وتارێک بەشداریم لەو بۆنەدا کرد، وتارەکەم بە ناونیشانی (بێ لە دەرەوەی ولات خەمێکی نالی بخۆین) بوو، لەو کاتەوە تا ئێستە خەمێکی وای بۆ نەخوراوە شیاوی نالی بێت. (دواتر دێمەوە لای)[٢].

سێیەم: لەو دیدارەدا ساڵی (٢٠٠٩) لە سلێمانی بۆ مەولانا خالید سازکرا و ئەندام بووم لە لیژنەی بااڵیدا، تیایدا بەتوندی پێم لەسەر ئەوە داگرت کە کەسانی شارەزا و خەمخۆر بنێررێن بۆ تورکیا و سووریا و ئێران و تەنانەت هیندستانیش.

چوارەم: ئەم داوایانە و داواکەلی دیش ئاواتی دێرینمن و بە نووسین خۆزگەم بۆ خواستوون، بۆ نموونە لە بەرگی دووەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە نووسیومە:

> (خۆزگە یەکێکی کارامە یان ئەگەر بکرێ کۆمەڵێکی پسپۆڕ و شارەزا کێومااڵێکی ناو کتێبەکانی کتێبخانە گەورە و بچووکەکانی تورکیایان بکردایە و، سۆراخی پاشماوە و شوێنەواری کوردیان بکردایە و، بە شوێن قوڵاخیاندا بگەڕایەن و، ئەنجامی هەوڵ و کۆششەکەیان بکردایە بە دیارییەکی گەورە کە بێگومان کەلێنێکی گەورەی لە کتێبخانەی مێژوو و ئەدەبی کوردیدا پڕ دەکردەوە)[٣].

هەروەها لەم بەرگەدا ئەم ئاواتەم بەم شێوە دووپات کردووەتەوە:

(خۆزگە کۆمەڵ و کۆڕێک یان چەند کەسێکی جیا جیا دەکەوتنە کێومااڵ و پشکنینی کتێبخانەکانی تورکیا و شوێنەوار و بەرهەمی مامۆستایانی کوردیان بۆ دەدۆزیینەوە![٤])

لە بەرگی چوارەمیشدا نووسیومە:

(لێرەدا ئەو ئاواتە دەخەینەوە سەر کاغەز: خۆزگە ڕۆژێک دەبوو یان دەماندی پسپۆڕ و شارەزایانمان کێومااڵێکی وردی کتێبخانە گشتییەکانی جیهانیان دەکرد و بە دەستخەتەکانیاندا دەگەڕان و سۆراخی دانراو و شوێنەواری زانایانی کوردیان دەکرد![٥])

گەلی بێ ئااڵ بێ باڵایە:

گەلی کورد ئەگەر لەهەموو شتێکدا لە دوای گەلانی دراوسێ و جیهانەوە بووبێت لە بواری ڕۆشنبیریدا نەوەکانی هەوڵی ئەوەیان داوە شان لەشانی گەلانی دراوسێ و کەسانی دیش بدەن و لەم بوارەدا ڕۆڵی دیاری خۆیان بینیوە، بە درێژایی مێژوو لە بابەتە جیاجیاکانی زانستدا- هەر چەرخە و بەپێی خۆی- زانای ناودار و بەتوان و بلیمەتی هەبووە.

بەاڵم بەهۆی ئەوەوە ئەم گەلە خاوەنی وااتی سەربەخۆ و بەدەست خۆوە بوو و پەرچەم و ئااڵ و سەرۆک و سەرکردەی خۆیی و خۆماڵیی نەبووە، هەمیشە زاناکانی بێ ناز و سەرکز و پشتگوێخراو بوون و، کەسی دڵسۆزیان نەبووە وەک پێویست ڕێزیان لێ بگرێت و، لانە و بانە و جێگە و مەدرەسەی باشیان بۆ دابین بکات و سوود لە بەهرە و تواناکانیان وەربگرێت.. بەشێکی ئەو زانایانە لەو بێنیازی و کوێرەوەرییەدا پووکاونەتەوە و لە سنووردێکی زۆر تەسک و کەم مەودادا نەبێت سوود لەزانستەکەیان وەرنەگیراوە، بەشێکی دیشیان بەهەر پەلەقاژەیەک بووە خۆیان لەو بارودۆخە نابارە دەرباز کردووە و، ڕوویان لە وااتانی جیهان کردووە و لە گەلێ لە پایەتەخت و شارە گەورەکانی شام و حیجاز و میصر و تورکیا و شوێنانی دیشدا گیرساونەتەوە.

یەکێک لە بەڵگەکانی ئاوارە بوون و نەگەڕانەوەی زۆر لە زانایانی کورد بۆ کوردستان گۆڕستانەکانی تورکیایە، کە زانایانی کورد لەو وااتەدا هەرچەند ئاوارە و بێ کەس و بێ لانە و بانە و بێ خەمخۆر بوون، بە توانی زانستی و لێهاتوویی خۆیان لەو وااتە جێگەی باشیان بەدەست هێنیاوە و ئەستێرەیان درەوشاوەتەوە و لەبوارە جیاجیاکاندا پەنجەیان بۆ درێژکراوە، هەر ئەم جێگە کردنەوەیەش بووە وای کردووە کاتێ کۆچی دواییان کردووە بەڕێزەوە بۆ تەرمەکانیان ڕوانراوە و لە شوێنی شیاو و گۆڕستانی گەورە پیاواندا بەخاک سپێراون و کێڵی دیار بۆ گۆڕەکانیان دانراوە و تا ئێستەیش زۆریان لە توانادایە بناسرێنەوە.

گۆڕستانەکانی ئەستەموواڵ و شارەکانی دیکەی تورکیا داستانی خەماوی و سامناکی زانایان و ناودارانی گەلی کوردی بێ ئااڵیان لەخۆ گرتووە و کەسی کارامە و لێهاتووی دەوێ بۆ نەوەکانی

داهاتووی تۆمار بکات.

لەگەڵ یەکێک لە شارەزایانی ئەو بوارەدا دوو جار بەلای گۆڕستانێکدا تێپەڕیین کە موحاجەرەی ئاسنی بەدەورەوە بوو و دەرگەکەی داخرابوو، وتی: گۆڕی مەحمود پاشای بابان لەم گۆڕستانەدایە!

## سەفەرۆچکەکەم چۆن بوو؟

دەعوەت کرابووم بۆ کۆنفرانسێک لەسەر خوێندنی حوجرە و جیاوازیی خوێندنی کۆن و نوێ کە لە کۆتایی مانگی شەشدا لە شارۆکەی (بن گول) بەسترا. لەگەڵ چەند مامۆستایەکی هەولێر و دهۆکدا بەشداریی کۆنفرانسەکەم کرد.

دوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکە بوونمم لە تورکیا بەهەل زانی بۆ ئەوەی- با بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت- سەردانی ئەستەمووڵ بکەم و بەبەشێک لە ئاواتی مێژینەم- گەڕان بەکتێبخانەکانی ئەو شارەدا- بگەم، بۆ ئەو مەبەستە لە هاوەڵانم داپڕام و بەتەنیا ڕێگەی ئەستەمووڵم گرتە بەر و چەند ڕۆژێکی تێدا مامەوە.

بەو مانەوە کەمەم لەو ماوە کورتەدا پەیم بەگەلێ شت برد کە دەکرێ دواتر باسیان بکەم، بەڵام لەسەرووی هەموویانەوە پەیم بەوە برد کە ئێمەی کورد چەند خەمسارد و کەمتەرخەمین لە عاستی مێژووی گەلی کورد و بەسەرهاتی زانایان و ناودارانماندا.

ڕۆشنبیران و مامۆستایانی ئێمە لێرە لە دووڕەوە ئاسنی سارد دەکوتن و بەچنگە کڕێ چنگە کڕێ لەچیای سەخت دەکەن بۆ زانیارییەکی کەم و بچووک لەسەر هەر یەکێک لەزانایان و ناودارمان، کەچی-وەک دەڵێن- ئەو زانیاریانە لەکتێبخانەکانی تورکیادا هەڵدراونەتەوە! گەلێک لەو مامۆستایانەی ئێمە ناویان دەزانین و هەواڵێکمان لەبارەیانەوە هەیە و گەلێکیش لەوانەی هەر ناومان نەبیستوون چەندان زانیاریی دروست و نووسراوی بەسوود لەسەر خۆیان و دانراو و بەرهەمەکانیان لەو کتێبخانانەدا پارێزراون و لەدەستدان.

ویستم لەم هەلەدا لەسەر لاپەڕەکانی ئەم کۆوارە موژدەی دۆزرانەوەی چەندان بابەتی بەسوود و نەوازە و نەبیستراو لەسەر زانایان و ناودارانی کورد بەگوێی مێژووی ئەدەب و زانیاریی کورددا بدەم و، دڵی شەیدایانی ئەو بابەتانەیان پێ گەش بکەمەوە:

## حەزرەتی مەولانا خالید

من بزانم لەناو زانایان و ناودارانی کورددا کەس نییە بە ئەندازەی مەولانا خالید سەرنجی لێکۆڵەر و توێژەر و ڕۆشنبیرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابێت و کاریان بۆ دۆزینەوە و نووسینەوەی ژیان و بەسەرهات و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئەو کەسایەتییە مەزنە کردبێت. ئەگەر لەتوانادا بێت و

بزانین چەند بڕوانامای ماستەر و دوکتۆرای، لەلای خۆمان و لە هەندەران، بەزمانە جۆراوجۆرەکان لەسەر نووسراوە... ئەوە پەی بەلایەنێکی ئەو بایەخە دەبەین کە بەم کەسایەتییە گەورە دراوە، بەڵام ئایا دوای ئەم هەموو نووسین و بڕوانامانە- بەنووسینە چڕ و پڕەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسیشەوە- کەسایەتیی مەولانا خالید مافی خۆی دراوەتێ و وەک پێویست و شیاویشیەتی لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و... ئەو کەسایەتییە بە جیهان ناسێنراوە؟ من لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بێ تێڕامان و سێ و دوو و دوو دڵی دەڵێم: نە. بەڵگەی ئەم وەڵامەم ئەوەندەی ماوەی هەبێت لێرەدا دەخەمە ڕوو:

## خانەوادەی مەولانا خالید

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بەسۆزەوە لەهۆڵی ئەوەدا بووە شتێکی دروست لەسەر بنەماڵە و خانەوادەی مەولانا خالید بنووسێت و، ئەنجامی ئەو هەوڵەی لە (یادی مەردان)دا چڕ کردووەتەوە، مامۆستا لەو هەوڵەدا ناوی هیچ کام لە خێزانەکانی مەولانای نەهێناوە، هەروەها کچەکانیشی[٦]. من لە ناو بەڵگەنامەکانی شامدا (سوریە ولایتی) ناوی یەکێک لە خێزانەکانیم دۆزیوەتەوە- ئیتر نازانم هەر لەو خێزانانەی مەولانایە کە مامۆستا باسی کردوون یان خێزانێکی دییەتی- ئەو خێزانە ناوی خەدیجە بووە، خوێندەوار بووە، بە تەنگ ئەوەوە بووە مەولانا وەک شیاویەتی ڕێزی لێ بگیرێت. ئەم خێزانەی کە ناوی خەدیجە بووە دەڵێن: تەمەنی گەیشتووەتە ٩٥ ساڵ، لەنامەیەکی دوورو درێژدا- کە وێنەیەکیم لەلایە- داوا لە دەوڵەتی عوسمانی دەکات ئارامگەکەی مەولانا خالید نۆژەن بکەنەوە و چۆن شیاویەتی وای بۆ بکرێت. لەکۆتایی نامەکەدا لەپاڵ مۆرەکەیدا بەخەتێکی جیا لەو خەتەی نامەکەی پێ نووسراوە- نووسراوە (خلیلە-مولانا خالد).

هەروەها دوو نامەی دوو کچی مەولانام لەدەستدایە لە کۆتایی یەکێکیان نووسراوە: (عطیة کریمة مولانا خالد) لەدوای ئەوەکەیانەوە نووسراوە: (فاطمة کریمة مولانا خالد).

## بەرهەم و شوێنەوارەکانی مەولانا خالید

لەو دیدارەدا کە لە سلێمانی بۆ مەولانا خالید ئەنجامدرا، هەوڵی ئەوە درا کارێک بۆ مەولانا بکرێت کە باشتر لەوەوپێش بە ئامادەبووانی ئەو بۆنە و جیهانیش بناسێنرێت و ڕێزی لێ بگیرێت، یەکێک لەو هەوڵانە ئەوە بوو دیوانەکەی مەولانایان چاپ کردەوە، بەڵام بەداخەوە جگە لەوەی ئەو دیوانە لەچاپەکانی پێشوو باشتر نەبوو نوسخەیەکی بێ هەڵە و پەڵە نەبوو و، ئەگەر ئەوە نەکرایە و کۆپییەکی یەکێ لەچاپە پێشووەکان بخرایەتە ڕوو زۆر لەوە باشتر دەبوو.

لە سەفەرۆچکەکەمدا ٧ نوسخەی دەستخەتی دیوانی مەولانا خالیدم دۆزیوەتەوە کە یەک لەیەک جوانتر و ڕازاوەترن و دەتوانرێ پێیان بگوترێت نوسخەی گەنجینەیی (خزائنی) نەک ئەوە بەڵکو

هەولێر کتێبخانەی گشتی

نوسخەی شاهانەیشیان تێدایە، یەکێک لەو نوسخانە بەفەرمانی نەجیب پاشای والیی بەغدا نووسراوەتەوە و لە کۆتاییدا نووسراوە:

(حسب الامر والمرام حضرت والي منزلت، آصفي مرتبت، قدوة الامراء العظام الكرام، ونخبة الوزراء ذوي المجد والعز والاحترام، الحاج بيت الله الحرام، الحاج محمد نجيب باشا والي دار السلام –ايده الله تعالي ماكرّ الليالي والايام– بتحرير وتسطير اين ديوان بديع اللسان(!) كه رموز لالي منشورش نقشبند نفحات هوش بردم، وعقود جواهر منظوش نكتة سنج لطايف نظر برقدمست. نكات غزل و قصايد دلنشينش متضمن عبارات سفر در وطن، ومضامين قطعات و فرديات ومخمسات رنگينش ملتزم اشارات خلوت در انجمنست.

اين فقير گمنام بشوق اتمام در ايام باحور وهواي سام پرداخت، اميد كه مطبوع طبع شريف و مقبول خاطر لطيف حضرت ولي الامر والنعم گردد).

.....

نوسخەکانی دیش یەک لەیەک نایابتر و ڕازاوەترن و، هەرکامیان بڕوانی شیاوی ئەوەیە وەک خۆی چاپ بکرێت.

## مەکتوباتی مەولانا خالید

مەولانا خالید لەژیانی پیرۆزیدا دەیان و صەدان نامەی بۆ موورید و مەنسووبەکانی و کەسایەتییەکانی سەردەمی خۆی، یان لە وەڵامی نامەی ئەواندا نووسیوە. ئەو مەکتووب و نامانە بەزمانەکانی عەرەبی و فارسین. ئەو نامانە ئاوێنەی بالاڕوانی مەولانا خالیدن لە ڕووی توانای زانستی و ئەدەبی و ئایینی و فیکری و سیاسییەوە، گەنجینەیەکی گرانبەها و سەرمایەیەکی نەبڕاوە و لەنرخاندن نەهاتووی ئەو زاتە بەرزەن. بۆیە موورید و مەنسووبانی مەولانا بایەخێکی گەلێ گەورەیان بەو مەکتووباتانە داوە و لەچەندان شێوە و جۆردا کۆیان کردوونەتەوە. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمیش– خودا پاداشتی نەبڕاوەی بداتەوە– لە (یادی مەردان)دا بایەخێکی باشی بەو نامانە داوە و کۆی کردوونەتەوە و بڵاوی کردوونەتەوە، بەڵام گومان لەوەدا نییە مامۆستا دەستی بە هەموو مەکتووباتەکانی مەولانادا نەگەیشتووە و گەلێکیان لە دوو توێی دەستخەتگەلێکدان کە مامۆستای مودەڕیس نەیدیون.

لەم سەفەرەدا ٥ نوسخەی نایابی جیاجیای ئەو مەکتووباتانەم بەدەست هێناوە کە هەر یەکێکیان بۆ خۆی شاکارێک و نموونەیەکی بایەخدانە بەو مەکتووباتانە و ئەمانەیش شیاوی ئەوەن، وەک شایانی پلەی مەولانایە، لایان لێ بکرێتەوە و بەلێکۆڵینەوەی ورد و زانستیانەوە کتێبخانەکانی جیهانیان پێ دەوڵەمەند بکرێت.

هەر بۆ زانینی ئەندازەی جیاوازیی نێوان چاپەکەی مامۆستای مودەڕیس و ئەو مەکتووباتانەی من بەدەستم هێناون ئەوەندە دەڵێم: سەرجەمی مەکتووباتەکان لە لای مامۆستا- بەعەرەبی و فارسییەوە- ٢٨٦ مەکتووبن، بەڵام لە یەکێک لەو دەستخەتانەدا من لەگەڵ خۆم وێنەیانم هێناوەتەوە، ژمارەی مەکتووبەکان گەییوەتە ٣٦٢، دوور نییە نوسخەکانی دیش مەکتووبی وایان تێدا بێ لەم دەستخەتەدا نەبێ.

تا ئەو کاتەی ئەم مەکتووباتانە سەرجەم و تێکڕا بە لێکۆڵینەوەیەکی نوێوە دەخرێنە کتێبخانەی کوردی و جیهانی، یەک دوو دەق لەو دەقانەی کە من پێ بزانم تا ئێستە بڵاونەکراونەتەوە، دەخەمە ڕوو.

## ئەڵقەیەکی ونبوو، ئیجازەنامەی شێخ عەبدوڵڵای دیهلیی بۆ مەولانا

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم باسی سەفەری دوور و درێژی مەولانا بۆ لای شێخ عەبدوڵڵای دیهلیی و مانەوەی لە خزمەتیدا و گەیشتنی بە پلەی بەرزی ئیرشاد و گەڕانەوەی مەولانا و خواحافیزیی شێخ و دەستە و دایەرەی لە مەولانا و ڕەوانەکردنەوەی دوای ئەوەی کە ئیجازەی ئیرشادی داوەتێ دەکات، بەڵام باسی ئیجازەنامەکەی و دەقی ئەو ئیجازەنامەیە -دیارە کە لە دەستیدا نەبووە- ناکات.

لەناو ئەو بەڵگەنامە و نامانادا دەستی من کەوتوون دەقی ئەو (ئیجازەنامە) هەیە، ئاشکرایشە ئەم دەقە چ بایەخێکی مێژوویی هەیە. بۆیە لێرەدا وەک خۆی تۆماری دەکەم، بەڵکو دواتر لە پرۆژەی گەورەی مێژووی ژیانی مەولانادا جێگەی خۆی بگرێت.

دەقی ئیجازەنامەکە:

(اجازت نامه: حضرت مولانای ما- قدس الله تعالي سره-

بسم الله الرحمن الرحيم

بعد حمد وصلاة فقير عبد الله نقشبندي مجددي عفي عنه گزارش مينمايد: كه سرامد علماي دين، وگزيده، طالبان حق ويقين، حضرت مولانا خالد- سلمه الله تعالي- براي طريقهء نقشبند از ملك كردستان نزد اين فقير رسيده، تا ده ماه درخلوتي ترك مألوفات بأذكار و اشغال كمال جدو جهد پراداختند. الحمد لله تعالي بعنايت الهي- سبحانه!- بواسطهء پيران كبار- رحمهم الله عليهم- بمدارج طريقه ترقيات كردند و بحضور و يادداشت و تهذيب لطائف عالم امرؤ فناء بقاء بيخوديها فائز شدند، وانوار سر لطائف عالم خلق و كيفيات و حالات كەبر هيئات وجداني سالك در طريقة، حضرت مجدد- رحمة الله عليه- فائض ميشود باطن ايشانرا منور ومكيف ساخت، واز كمال طريقه بتكميل آن رسيدند.

پس ایشانرا بإجازت وخلافت وترتیب طالبان ممتاز فرمودیم، ودر طریق نقشبندیه وقادریه وچشنیة وسهروردیه وکبرویه–رحمة الله علیهم– نیز مجاز ساختیم. چنا نچة معمول این طریقه است. دست ایشان دست منست، وایشان نائب وخلف الصدق پیران من اندر رضاي ایشان رضاي منست. وخلاف ایشان خلاف من، بدوام ذکر وتوجه ومراقبات واتباع سنن سنیه واجتناب بدعت وصبر وتوکل وتسلیم ورضا وشغل علوم تفسیر وحدیث، و صوفیه به هدایت طالبان مشغول باشند. واسأل الله لي وله دوام العافیة).

ئەم دەقەم وەک خۆی نووسی، لە کۆتاییەوە نە مێژوو نە مۆری پێوە نییە، سێ بەیت لەهەمان لاپەڕەدا، بێ دیاریکردنی شوێنی پێوەندییان بەدەقەکەوە، نووسراون. باش بۆم نەخوێنرانەوە ئەمەندەم لێ وەرگرتن:

دل مـــــــــــردان دیـن پـر درد بـایـد
ز حـــســـرت رنگشـــان پر زرد باید

***

چیـــست مـــعـــراج فنا این نیـــســـتی
عـــاشق ترا مـــذهب و دین نیـــســـتی

***

عشق... بروی خراشیده و پیراهن چاک
(دست!) بر سینه زنان در پی تابوت نیست

***

## ئیجازەی مەولانا بۆ شێخ ئیسماعیلی شیروانی

لەو خەلیفانەی مەولانا خالید کە ناسراون و ناویان زانراوە، ٦٧ خەلیفەی هەبووە، ٣٤یان کورد و ٣٣یان لە نەتەوەکانی دی، وەک ڕێبازی تەریقەتی نەقشبەندیی و شێوە و ڕەفتاری مەولانا خالید ئەم خەلیفانە دوای ئیجازە پێدانیان لە لایەنی مەولانا خالیدەوە بوون بەخەلیفە.

لەناو ئەم ٦٧ خەلیفەدا، مامۆستا مەلا عەبدولکەریم ئیجازەی ٨ خەلیفەیانی دەستکەوتووە ٧یان بە عەرەبی و یەکێکیان بە فارسی.

مامۆستا دەقی ئەم ئیجازانەی لەبەرگی یەکەمی (یادی مەردان)دا تۆمار کردووە، دیارە هەر ئەوەندەیشی دەستکەوتووە و ئەگەر زیاتری لەدەستدا بوایە تۆماری دەکرد.

لەو بەڵگەنامە و نووسراوانەدا لەبارەی مەولاناوە لەم سەفەرەدا دەستم کەوتوون ئیجازەی مەولانا خالیدە بۆ شێخ ئیسماعیلی شیروانی. ئەم ئیجازە لە یادی مەرداندا نییەو، نامەیەکی

مەولانا خالید هەیە بۆ شێخ ئیسماعیلی ناوبراو، ڕوونیشە ئەم نامە دوای ئیجازە پێدانەکە بووە.

بۆیە بۆ ئەمەولا و نووسینێکی دی لەسەر مەولانا ئەم ئیجازەیش دەچێتە پاڵ ئیجازەکانی دی، بۆ ناساندنی ئەم ئیجازە لێرەدا سەرەتا و کۆتایی ئیجازەکە دەخەمە ڕوو:

سەرەتاکەی:

(الحمد لله حمدا يرتضيه لجنابه والصلاة والسلام علي من اصطفي لوحيه وخطابه. خليفة الله في خليقته محمد وعلي اله واصحابه.

وبعد: فقد اجزت الاخ الشفيق والصديق الرفيق العالم الفاضل مرجع العرفاء الافاضل، المؤيد بامداد سادة الطريق النقشبندي حبيبنا الاجل الأكرم الحاج اسماعيل افندي...)

کۆتاییەکەی:

(وانا الفقير المسكين خالد النقشبندي المجددي المظهري سومح بالفضل الجسيم من المولي الكريم...)

مۆرەکە لێرەدا دانراوە کە تیایدا نووسراوە:

(خالد النقشبندي المجددي القادري الچشتي الكبروي.....) کەلیمەیەکی دیش هەیە باش ناخوێنرێتەوە، وەک: (السوروردی) وایە.

## تەخمیسی (القصيدة المضرية)

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کەسانی دیش کە باسی دانراوەکانی مەولانا خالیدیان کردووە، ناوی چەند دانراویان نووسیوە، بەڵام لەناو ئەو دانراوانەدا دانراوێک بەناوی (تخميس القصيدة المضرية) نابینرێت، لە ناو ئەو دانراوانەدا من دەستم کەوتوون تەخمیسی ئەم قصیدەیە هەیە کە لەسەری نووسراوە دانراوی مەولانا خالیدە، لێرەدا سەرەتا و کۆتایی ئەم دانراوە دەخەمە ڕوو، تا بە یارمەتیی خودا کاتی ئەوە دێت بەتەواوی چاپ بکرێت.

سەرەتاکەی:

حمدا لمن علم الاسما ابي البشر
والرسل ارسل بالتعليم والخبر
اقول دفعا لكل الهمّ والضرر:
يارب صل علي المختار من مضر
والانبيا وجميع الرسل ما ذكروا

***

کۆتاییەکەی:

وصلّ رب بـــــــلا حـــــد ولا أمـــد
علي نبـيّ شـريف الذات والجســـد
نور الوجـود، غـيـاث الخلق، مـعـتـمـد
مع السـلام كما قد مرّ من عـــــــدد
ربي وضـاعـفـهـمـا والفـضـل منتـشـــر

لەسەرەتایەوە جارێک نووسراوە: (لخالد البغدادي النقشبندي ضياء الدين)

لەخوار ئەوەیشەوە نووسراوە:

(خمسها قطب الوقت خالد المجددي- قدس سرة ومدّ ظله) لەمەیشەوە دەردەکەوێ کە ئەم نوسخە لەسەردەمی ژیانی دانەریدا نووسراوەتەوە.

هەر لەو کتێبانەی مەولانا کە لەم سەفەرەدا بە خەت دەستم کەوتوون. ناميلكەيەكيەتى بەناوی:

"العقد الجوهري في الفرق بين قدرة العبد وكسبه عند الماتريدي والاشعري".[٧]

ئەم نوسخە ساڵی ١٣١٢ لە گوندی بیارە بە دەستی عەبدوسەمیعی چنارەیی نووسراوەتەوە. ١٨ لاپەرەیە.

یەکێکی دی لەو دانراوانەی مەولانا کتێبی (شەرحی حەدیسی جیبریل)ە بە زمانی فارسی.

ئەم دانراوە بە خەتێکی عادەتی نووسراوەتەوە. ناوی نووسەرەوەکەی پێوە نییە، ساڵی ١٢٣٣ک، واتە لە سەردەمی ژیانی مەولانادا نووسراوەتەوە. ٦٣ لاپەرەیە.

ئەو دانراوانەی بۆ مەولانا خالید دانراون:

گەلێ لەزانایانی هاوچەرخی مەولانا و دوای خۆیشی کتێب و ناميلكەيان لەژیانی مەولانا خالید و باسی تەریقەت و خەلیفە و مورید و مەنسووبانیدا نووسیوە، هەندێک لەو دانراوانە چاپ بوون و هەندێکیشیان خەتن، لەو دانراوانەیش چەند دانەیانم بەخەت و نوسخەی نایاب دەستکەوتووە، کە بۆ کاری ئەمەولای لێکۆڵینەوەی ژیانی مەولانا سوودی باشیان دەبێت ئەمەش هەندێک لەوانە:

١- الحديقة الندية في آداب الطريقة النقشبندية، دانراوی محەمەدی کوری سولەیمانی بەغدادی. مەحموودی کوری ئەسعەدی کوری سەلمانی (النلدی) ساڵی ١٢٤٤ نووسیویەتییەوە. ١١٤ لاپەڕەیە بە خەتێکی جوان و بە دوو ڕەنگی سوور و ڕەش نووسراوەتەوە.

٢- کتێبی (دفع الظلوم عن الوقوع في عرض هذا المظلوم) ئەم کتێبە بەناوی دیش ناوبراوە لەوانە: (السهم الصائب لمن سمي الصالح بالمتبدع الكاذب) و(القول الصواب في رد ما سمي بتحرير الخطاب) یەکێکە لەو دانراوانەی گەلێ لە مامۆستایانی سەردەمی مەولانا و دوای خۆیشی

لەبارەی ژیان و تەریقەتی و خەلیفە و موراید و مەنسووبەکانییەوە نووسیویانە.

مامۆستای مودەڕیس و مامۆستای خاڵیش باسی ئەم کتێبەیان کردووە، بەڵام شتێکی ئەوتۆیان لەبارەیەوە نەدرکاندووە، وەک نوسخەیان لەبەردەستدا نەبووبێت وا بووە.

نوسخەیەکی ئەم کتێبەم لە (الدار الوطنية للمخطوطات)ی بەغدادا دیوە، لەمەکتەبەی (الملك عبدالعزيز)یش لەشاری مەدینەی پیرۆز نوسخەیەکی هەیە و وێنەیم بەدەست هێناوە. لەم سەفەرەی تورکیایشدا نوسخەیەکی دیکەیم دەست کەوت، ئەمانە دەبنە کەرەسەی لێکۆڵینەوەیەک لەم کتێبە.

ئەم کتێبە دانراوی زانای مەزن محەمەد ئەمینی سویدیی خاوەنی (سبائك الذهب) و (العقد الثمين) و چەند دانراوی دیکەیە.

ئەم نوسخە کۆنە و لەسەردەمی مەولانادا لەساڵی (١٢٣٤)دا نووسراوەتەوە و، نوسخەیەکی خۆشخوێن و تەواو و باش پارێزراوە.

٣- (حصول الانس في انتقال حضرة مولانا خالد الي حظيرة القدس) ئەم کتێبە دانراوی ئیسماعیل غەززیی خەزوور و ژنبرای مەولانا خالیدە. نوسخەیەکی دەستخەتی لە بەغداد هەبوو بەدەستم هێنا بوو، نوسخەیەکی دیشم لە کتێبخانەی (اسد) پەیدا کردبوو تا ئەندازێکیش کارم لەسەر کردبوو بۆ لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی. لەم سەفەرەدا نوسخەیەکی چاپیم پەیدا کرد کە (محمد اسامة التكريتي) چاپی کردووە و پێشەکییەکی زۆر جوانی بۆ نووسیوە کە شیاوی ئەوەیە بەو پێشەکییەوە وەک خۆی چاپ بکرێتەوە.

هەولێرەی کتێب

دوا وتە

ئەو بابەتانەی لەم سەفەرەدا لەسەر مەولانا خالید بەدەستم هێناون گەلێک لەوە زیاترن لێرەدا ناونووس و سەرژمێریان بکەم. گومانیش لەوەدا نییە ئەمانە- هەرچەند بڕن- هەموو ئەو نووسین و نامە و کتێبانە نین لە بارەی مەولاناوە نووسراون و، شتگەلی زۆر و مشە لەو ولاتە بەرینە و شوێنانی دیشدا ماون کە پێویستیان بە خەمخواردن و دۆزینەوە و کۆکردنەوەیە، دیارە ئەمەیش کاری تاکە کەس و کاتی کەم و سنوور و دەسەڵاتی تەسک نییە.

بۆیە ئێستە لە هەموو کات زیاتر پێویست بە جێبەجێکردنی بڕیاری دامەزراندنی (ناوەندی مەولانا خالید بۆ لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکانی)یەتی، ئەم ناوەندەیش دەبێ ناوەندێک بێت توانای ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە پیرۆزەی هەبێت، ئەمەیش نەک تەنیا لە ڕووی دارایی و خەرج و دەرامەتەوە، بەڵکو زیاتر لە ڕووی پەیداکردنی کەسانی کارامە و شارەزا و دڵسۆز و بەتەنگەوە هاتووی پرۆژەکەوە دەبێت، یەکێکیش لەکارە هەرە پێویستەکانی بوونی کەسانی شارەزای زمانی تورکیی عوسمانییە، کە دەیان و صەدان بەڵگە لەسەر مەولانا بەو زمانە هەن و زۆربەیشیان کلیلی دەرگە و قەڵای بەرینی ژیانی پڕ لەنهێنیی مەولانان و، بەساغکردنەوەی ئەو

بەڵگەنامانە لەوانەیە ئەنجامگەلێک لەبارەی مەولاناوە بەدەست بێن تا ئێستە بە بیری ئێمەدا نەهاتبن و بابەتی نەوازە و بوخچەی نەکراوە بن.

ئەم کارە کارێکی بە پەلەیە کە تا زووتر دەستی پێبکرێت درەنگە و، لەسەر خۆیشە تا زیاتر و بە کاوەخۆتر و پشووقوولانەتر شارەزایان تاوتوێ و ئەمدیو و دیوی بابەتەکانی بکەن کەمە.

تەنیا بەمە دەتوانین خۆمان- نەک چاوەڕوانی خەڵک بکەین- بەدروستی مەولانا بناسین و وەک کەسایەتییەکی گەورە و نزیکە ئەفسانەیی بەجیهانی بناسێنین.

سوپاس و پێزانین:

دەبێ لەسەرەتا و لەکۆتایی ئەم باسەدا بۆ هێژا مامۆستا موفیدی کوری مامۆستا صەدرەدینی حەریری بدلیسی لە یاد نەکەم و لەگەڵ دۆعای سەرکەوتنیدا سوپاسی لەڕادە بەدەری بکەم، چونکە ئەگەر دڵسۆزیی ئەو بەڕێزە بۆ کەلەپووری کوردی و بەڵگەنامە و شوێنەوار و مێژووی زانایانی کورد نەبوایە، منێکی نەشارەزا نەمدەتوانی لەو ماوە کورتەدا دەستم بەو گەنجینە گرانبەهای مێژووی کوردەدا بگەیشتایە.

هیوادارم خودا وێنەی زۆر کات...

١. بڕوانە: الشيخ عبدالله الخرپاني من خلال مخطوطات مكتبتة. محمد علي القرةداغي، مجلة المجمع العلمي الكردي، العدد الثاني،السنة الثانية.

٢. بڕوانە: نالی هەر لە لوتکەدایە، بەرهەمەکانی دیداری حەزرەتی نالی کە ڕۆژانی ١-٣/٧/ ٢٠٠٦ لەلایەن سەنتەری ڕووناکبیریی ئێلبەگی جافەوە ڕێکخرا٢٠٠٩, , ل:٣٧٩.

٣. بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لەڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، محەمەد علی قەرەداغی، بەرگی دووەم، چاپخانەی (السامی) بەغداد، ١٤١٩ک، ١٩٩٩ز ل: ١٤٧,

٤. بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢١٧,

٥. بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، بەرگی چوارەم، ل: ٢٥٤,


٦. بڕوانە: یادی مەردان، مەلا عبدالکریمی مدرس، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم،١٩٧٩،ل: ٥٦,

٧. لە دیداری مەولانا خالیددا کتێبی (التحفة الوهبية في شرح الارادة الجزئية)ی مەلا عەبدوڵڵای بێتواتیم بە پێشەکییەکەوە بڵاوکردەوە، ئەو کتێبە شەرحی ئەم کتێبەیە کە لێرەدا باسیم نووسی.

هەوڵنامەی کتێب



Menemen fâciası kurbanlarından :
Erbilli **Şeyh Esad Efendi** Merhum (k.s.)



الدعاء والمناجاة المقتبسة

بسم الله الرحمن الرحيم

اللهم ياحي يا قيوم يا بديع السموات والارض ويا مالك الملك ويا ذا الجلال والاكرام انى اسئلك بحرمة المخلصين والاسرار من ملك التواب ومجيب

رب الارباب شيخنا ومرشدنا الشيخ [redacted] قدس الله سره

وبحرمة السائر في الله الراكع الساجد في الجناحين في علم الظاهر والباطن

ضياء الدين البغدادي الشهير بحضرة مولانا خالد قدس سره وبجذبة

قطب الاولياء برهان الاصفيا جامع كمال الصوري والمعنى الشيخ

عبد الله الدهلوي قدس سره وبحرمة المعلى المزكى المصفى المطهر

شمس الدين حبيب الله جانجانان المظهر قدس سره وبهمة المشرف

بالتجلي الذاتي والصفاتي والشئوني سيد السادات السيد نور محمد البدايوني

قدس سره وبصفوة المستغرق في لجة بحر حق اليقين سلطان الاولياء

الشيخ سيف الدين قدس سره وبلوعة شيخه ووالده امين سرك

المكتوم شيخ المشايخ العرفة الوثقى محمد المعصوم قدس سره وبمكنة

شيخه ووالده مظهر العجايب ومنبع الاسرار والمعارف الشيخ احمد الفاروقي

السرهندي المعروف بالامام الرباني مجدد الالف الثاني قدس سره و


وبجذبة القطب الذي لصهباء الحب الذاتي هو الساقي مؤيد الدين

الرضى الشيخ محمد الباقي قدس سره وبمجدة المولى الكريم السني

مولانا خواجكي السمرقندي الامكنكي قدس سره وبسيرة شيخه ووالده

المكرم المجد شيخ المشايخ مولانا الدرويش محمد قدس سره

هەولێر






بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد حمداً يرتضيه لقدس جنابه والصلوة والسلام

على أجل من اصطفى لوحيه وخطابه خليفة الله

في خلقه محمد وعلى آله وأصحابه وبعد

فقد اجزت الأخ في الله والمحب لوجه الله

الشيخ حسن أحسن الله حاله وقاله

واسبغ على المؤمنين فيوضه ونواله

بتلقين الذكر والتوجه والارشاد في الطريقة


الْعَلِيَّةِ النَّقْشْبَنْدِيَّةِ بَعْدَ مَا جَرَّبْتُ مِرَارًا
تَأْثِيرَ نَظَرِهِ لِلطُّلَّابِ وَحُسْنَ اقْتِدَارِهِ
عَلَى الْقَاءِ الْأَنْوَارِ وَرَفْعِ الْحِجَابِ وَمَا أَجَزْتُ
إِلَّا بَعْدَ الْاِسْتِجَازَةِ مِنْ سَادَاتِ السِّلْسِلَةِ الْعَلِيَّةِ
وَالْاِسْتِخَارَةِ الشَّرْعِيَّةِ النَّبَوِيَّةِ فَلْيَغْتَنِمْ صُحْبَةَ
كُلِّ مَنْ يُرِيدُ التَّشَبُّثَ بِطَرِيقَةِ الْأَوْلِيَاءِ وَأَظْمَنَ
لِكُلِّ مَنْ لَازَمَ أَمْرَهُ وَخِدْمَتَهُ أَنْ يَنَالَ مَا لَا يَحُطُّ
عَقْلُ الْعُقَلَاءِ وَيَقْصُرُ عَنْهُ عِلْمُ الْعُلَمَاءِ
وَأُوصِيهِ بِالتَّمَسُّكِ بِالْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ وَالْاِمْرِ
بِتَصْحِيحِ الْعَقَائِدِ لِمُقْتَضَى آرَاءِ أَهْلِ السُّنَّةِ الَّذِينَ
هُمُ الْفِرْقَةُ النَّاجِيَةُ عَلَى مَا أَطْبَقَ عَلَيْهِ أَئِمَّةُ الْكَشْفِ

# بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان
# لە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاریدا

ئەحمەد باوەڕ

لە کاتێکدا بمانەوێ وەک سەرەتایەک، بە کورتی لە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئەو بنەماڵانەی کە حوکمڕانییەتیی وڵاتی فارسیان گرتووەتە دەست، بڕوانین بەتەواوی ئەوەمان لا ڕوون دەبێتەوە، کە ئەم دوو دەسەڵاتە گەورەیەی ڕۆژهەڵات، لە مەیدانخوازی و ئاژاوەیەکی بەردەوامی ئەوتۆدا بوون، کە زیاتر مۆرکێکی سەربازی لەخۆ بگرێ[1]. بەجۆرێ گەورەترین ڕوبەڕووبوونەوەی سەربازیی نێوانیان کە هەر لە کوردستان و ناوچە کوردنشینەکاندا ڕووی دا، دەگەڕێتەوە بۆ سەروبەندی بەرپابوونی شەڕی چاڵدێران و سەرەتاکانی سەدەی شازدەیەم کە دەکاتە ٢٢ی ئابی ١٥١٤ لە دۆڵی چاڵدێرانی باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان لە هەرێمی ئازەربایجان[2] دەرئەنجامەکەشی بە سەرکەوتنی سوڵتان سەلیمی عوسمانی (١٥١٢–١٥٢٠) بەسەر شا ئیسماعیلی سەفەویدا (١٥٠١–١٥٢٤) کۆتایی هات، تەنانەت پایەتەختەکەشیان کە شاری تەورێز بوو، لە ٥ی ئەیلوولی هەمان ساڵدا داگیر کرا، ئەوەبوو لێرە بەدواوە وڵاتی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکان بۆ یەکەم جار لە نێوان ئەم دوو قەڵەمڕەوە گەورەیەی ڕۆژهەڵاتدا دابەش کرا[3] و، هەروەها هەموو ئەو میرنشینە کوردانەشی کە لەم ماوەیەدا و دواتر دامەزرابوون، بوون بە دوو بەشی سەرەکییەوە، واتە ئەو میرنشینە کوردانەی کە کەوتنە ژێر حوکمڕانیی دەوڵەتی عوسمانیی– سوننە مەزهەب و ئەوانی دیش کەوتنە چوارچێوەی دەوڵەتی سەفەویی (١٥٠١–١٧٣٦) شیعە مەزهەب و ئەو بنەماڵانەی کە حوکمڕانیی فارسیان کەوتە دەستەوە، وەک ئەوەی لە دەرئەنجامی ئەو دابەشبوونەی کوردستان و میرنشینە کوردییەکاندا گەورەتین بەش لە خاکی کوردستان کەوتە ژێر حوکمڕانیی عوسمانییەوە. بەڕادەیەک ئەم دووبەرەکایەتی و ناکۆکییەی نێوانیان لە سەردەمی نادر شای ئەفشار و کەریم خانی زەنددا هەر بەردەوام بوو[4].

بەڵام لە ماوەی حوکمڕانیی قاجاریەکاندا (١٧٩٦–١٩٢٥)، بەڕادەیەکی زۆر کەم نەبێ،

بیانوویەکی ئەوتۆ بۆ نانەوەی شەڕ لە نێوانیاندا دروست بوو. جگە لەوەش مۆرکردنی هەموو ئەو ڕێککەوتننامانەش کە هەر لە یەکەم ڕێککەوتننامەی نووسراوی نێوانیان[5] دوای شەڕی چالدێران کە ڕێککەوتننامەی ئوماسیەی ٢٩ی مایسی ساڵی (١٥٥٥) بوو[6]. ئەوەبوو لە قۆناخەکانی دیدا گەلێک ڕێککەوتننامەی تری بەدوادا هات بەجۆرێک بەشێکی زۆر لەو ڕێککەوتننامانە پێوەندییەکی یەکانگیریان بە کورد و بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکانەوە هەبووە، لەوانە پێش هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤–١٩١٨)، پەیماننامەی ساڵی ١٥٦٨، پەیماننامەی فەرهاد پاشا ١٥٩٠، پەیماننامەی ١٦١٣، کە مۆرکردنی لە ئەنجامی دەستوەردانی شا عەباسی سەفەوی (١٥٨٨–١٦٢٩) بوو لە کوردستاندا[7] هەروەها پەیماننامەی سەراوی ١٦١٨، پەیماننامەی زەهاوی ١٦٣٩، پەیماننامەی کردنی ١٧٤٨، پەیماننامەی ئەرزڕومی یەکەمی ١٨٢٣، پەیماننامەی ئەرزڕومی دووەمی ٣١ی مایسی ١٨٤٧ کە بە ئامادەبوونی نوێنەری بەریتانیا و ڕووسیا سەبارەت بە کێشەی سنوور مۆرکرا. کە بە پێی بنەماکانی لایەنی عوسمانی دەستبەرداری ئەو ناوچانە دەبێ کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای زەهاوەوە، لایەنی فارسیش دەست لە شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری هەڵدەگرێ و بەڵێن دەدا کە دەست وەرنەداتە سەروەریی دەوڵەتی عوسمانییەوە[8] جگە لە مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩١١ و پرۆتۆکۆلی ئەستانەی ٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٣[9] بەڵام بەزۆری ئەو میرنشینە کوردانەی کە لە هەردوو تەوەری عوسمانی و فارسیدا بوون تا ڕادەیەکی زۆر بەناوی ئەو دوو حوکمڕانییەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەڕێوە دەبرد هەرچەندە گەلێک جار دوور لە دەسەڵاتی ئەوان بانگەشەی سەربەخۆییان دەکرد. دیارترین بەڵگەش لەو بارەیەوە هەریەک لە میرنشینەکانی بابان (١٦٩٩–١٨٥١)[10]، سۆران (١٨٢٦–١٨٣٦)[11] لە سەردەمی میر محەمەد پاشای ڕواندز و بۆتان (١٨٢١–١٨٤٧)[12] لە سەردەمی بەدرخان پاشای گەورەدا بووە کە بۆ ماوەیەک بە سەربەخۆیی ماونەتەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەڕێوە بردووە.

بەڵام لە تەوەری کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ژێر حوکمڕانیی فارسدا، میرنشینێک بۆ ماوەیەکی زۆر لە دەسەڵاتدا مابێتەوە میرنشینی ئەردەڵان بووە و جۆری پەرەسەندن و هەنگاوانانی زیاتر لە ماوەی حوکمڕانیەتیی ئەمانۆڵلا خانی ئەردەڵان (١٨٠٠–١٨٢٠) و خەسرەو خانی کوڕی بووە. هەر کە ئەم میرنشینە لە ساڵی ١٨٦٥ەوە غولام شا خان بوو بە والی لە پاش مردنی شای ئێراقی قاجاری میرنشینەکەی هەڵوەشاندەوە و بەم جۆرەش "دوا مەڵبەندی کوردستان کە تا ڕادەیەک سەربەخۆیی هەبوو ئازادیی خۆی لەدەست چوو"[13]. وێڕای ئەوەش لەگەڵ یەکتردا زۆر کۆک نەبوون و گەلێک جار هەوڵیان دەدا کە سنووری میرنشینەکانیان لەسەر حیسابی یەکتر فرەوان بکەنەوە ئەمەش بۆخۆی کێشەیەک بوو کە دەسەڵاتیان بەرانبەر نەیارەکانیان کە تورک وفارس بوون لاواز بکا و ببێتە مایەی ئەوەی هەوڵی ئەوە بدەن زووتر لەناویان بەرن و بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ ناوچەکانیان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. وەک ئەوەی هەریەک لەم میرنشینانەی

کورد لەدەرئەنجامی گەلێک هۆکاری ناوەخۆیی, سیاسی, ئابووری, کۆمەڵایەتی و چینایەتی سەرەڕای پاڵپەستۆی دەرەکی لەناوچوون. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئەم میرنشینانە هەنگاو و قۆناخێکی گرینگ بوون لە مێژووی نەتەوایەتیی کورددا بێ ئەوەی لە داهاتوودا ببنە بناغەیەک بۆ هاتنە کایەی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لەپێناو ڕزگاریی کوردستان و پێکەوەنانی کوردستانی سەربەخۆدا[١٤]، بەوەی کە دواتر گەلێک ڕاپەڕین و شۆڕشی گەورەی لێکەوتەوە بەتایبەتی ئەو ڕاپەڕینەی کە: شێخ عوبێدوللای کوڕی سەید تەهای شەمزینی (نەهرێ) ڕێبەرایەتیی کرد لە ساڵی ١٨٨٠دا[١٥].

لەدەرئەنجامی پێکەوەنانی (کۆمەڵەی خێڵە کوردەکان) و بەشێک لە نەتەوەکانی دی وەک ئەرمەن و ئاشووری دژی هەردوو دەسەڵاتی بیانیی عوسمانی و قاجاری[١٦]، بۆ ئەم مەبەستەش شێخ عوبێدوللا ویستی دۆستایەتیی کورد و ئەرمەن پتەو بکا و هەرچی ناکۆکیەک هەبێ لەنێوان کورد و ئەرمەندا بەشێوەیەکی هێمنانە چارەسەری بکا[١٧]. بۆ بەر پەرچدانەوە و سەرکوتکردنی شۆڕشەکەش هەریەک لە ئێران و تورکیا سوپایەکی گەورەی خۆیان خستە گەڕ[١٨]. سەرەڕای دەستێوەردانی ڕووسیای تزاری و بەریتانیا لە ساڵی ١٨٨١دا کە بە هەردوو لایانەوە توانییان شێخ عوبێدوللا ڕازی بکەن بەوەی کە لە ڕێگای وتووێژەوە کێشەکانی چارەسەر بکا بۆ ئەو مەبەستەش کە سەردانی ئەستەمبوڵی کرد لە جیاتی گفتوگۆ دەوڵەتی عوسمانی "گرتی وزیندانی کرد"[١٩]، دواتریش کە هەلی بۆ ڕەخسا و گەڕایەوە کوردستان، دووبارە گیرایەوە و بە خێزانەوە دوور خرایەوە بۆ وڵاتی حیجاز و لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٨٣دا کۆچی دواییی کرد[٢٠].

دوای دامرکانەوەی شۆڕشی شێخ عوبێدوڵڵا، دەبێنین لێرە و لەوێ گەلی کورد بەرانبەر بەهەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران ڕاپەڕیون و ناڕەزاییی تووندیان دەربڕیوە. بۆ نموونە، پێش هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی، لە ساڵی ١٩١٣دا چۆن بەشێکی زۆر لە کەسایەتی و پیاوانی ئایینی و ڕەشۆکی خەڵک لە شارێکی وەک (سەردەشت)ی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا لە ڕێگەی یاداشتنامە و بروسکەوە هانایان بردووەتە بەر خەلیفەی عوسمانی بۆ ئەوەی وەک فەرمانڕەوایەکی ئیسلامی لە زوڵم و جەوری دەسەڵاتدارێکی وەک (عیزەتوڵڵا خان)[٢١] بیانپارێزێ و داکۆکییان لێ بکا. لەم ماوەیەش بەدواوە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دژ بە دەوڵەتی عوسمانی و فارس تەنیا بە خەباتی چەکدارەوە بەند نەبووە بەڵکو چالاکیی ڕووناکبیری و کاری ڕێکخراوەییشی گرتووەتەوە، هەر لە دەرکردنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیەوە لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە[٢٢]، تا دەگاتە دروستبوون و پێکهێنانی هەموو ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییانەی کە لە پاش هەڵگەڕانەوەی عوسمانی بەڕێبەرایەتیی کۆمەڵەی (یەکێتی و سەرکەوتن) هاتنە کایەوە لەوانە هەوڵەکانی دواتری بنەماڵەی بەدرخانیەکان و بەتایبەتی عەبدولرەزاق بەدرخان (١٨٦٤–١٩١٨)[٢٣] کە توانی لە سەرەتای ١٩١٣دا (کۆمەڵەیەکی ڕوناکبیری) لە شاری خۆی پێک بهێنێ[٢٤]. سەرەڕای کردنەوەی یەکەمین قوتابخانەی کوردی بە هاوکاریی دانیشتووانی ناوچەکە،

لەمەشیاندا هەوڵی داوە سوود لە ڕووسەکان وەربگرێ بۆ دژایەتیکردنی قاجارییەکان و دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها لە دەرئەنجامی ئەو ڕاپەڕینەی کە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی (١٨٧٤–١٩١٤)[٢٥] دژ بە عوسمانییەکان بەرپای کرد. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩١٣دا سوپایەکی گەورەیان بە مەبەستی دەستگیرکردنی نارد سەری و ئەویش بە مەبەستی پەنابردنە بەر کوردستانی ڕۆژهەڵات ناوچەکەی بەجێ هێشت و بوو بە میوانی سەید تەهای کوڕی محەمەد سدیقی نەهرێ لە گوندی (ڕاژان)ی نێزیک ورمێ[٢٦]. بەڵام بابولعالی دیاریەکی بەنرخی تەرخان کرد بۆ هەر کەسێک دەستگیری بکا، بۆیەش لە کاتی گەڕانەوەیدا لە گوندی (گەنگەچین)[٢٧] لەلایەن (سۆفی عەبدوڵڵای شکاک[٢٨])ەوە دێتە گرتن و ڕادەستی تورکەکان دەکرێ. ئەواینش لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩١٤دا لە شاری موسڵ، لەگەڵ چوار کەسی دی لە هاوەڵانی، لە سێدارەی دەدەن[٢٩]. هەر کە شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤–١٩١٨)یش هەڵگیرسا. هەرچەندە ئێرانی قاجاری لە سەردەمی ئەحمەد شادا (١٩٠٩–١٩٢٥) بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاندبوو[٣٠]. کەچی هیچ وڵاتێکی بەشداربووی شەڕ ڕێزی ئەم بێلایەنییەی نەگرت[٣١].

هاوکات کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی هەردوو لا بوونە گۆڕەپانی ململانێی سوپاکانی بەریتانیا و ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی[٣٢]، سەرەڕای هەنگاوانی وڵاتانی هاوپەیمان بۆ بەستنی ڕێکەوتننامەیەکی نهێنی لە نێوانیاندا بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کە ئەویش بە ڕێکەوتننامەی (سایکس–بیکۆ) ناسرا و لە ١٦ی مایسی ساڵی ١٩١٦دا مۆر کرا[٣٣]. هاوکات وڵاتی کوردستانیش بەزۆری دەکەوتە چوارچێوەی نەخشە و بنەماکانی ڕێکەوتننامەی ناوبراوەوە[٣٤]. ئەوەبوو هەر لە سالانی شەڕیشدا کۆمایەتییەکی وەک شێخ مەحموود کە شانبەشانی سوپای عوسمانی دژی سوپای بەریتانیا دەشەڕا بەتایبەتی لە شەڕی شوعێبەی ١٢ی نیسانی ١٩١٥دا. لەم ماوەیەش بەدواوە، کە شکستی عوسمانییەکانی بەچاوی خۆی دی، لە شاری سلێمانیدا و بە ڕاوێژ لەگەڵ پیاوماقوڵان و کەسایەتییەکانی ئەو دەمەی کوردستان، کەوتە ئەوەی کە نوێنەری خۆی بنێرێتە لای ئینگلیزەکان و بەمەبەستی دامەزراندنی حکوومەتێک لە باشووری کوردستان، لەژێر سایەی ئەواندا.

جگە لەوەش سوپای ڕووسیا بەشێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت لە سێ تەوەرەوە هێرشیان کردبووە سەر باشووری کوردستان[٣٥]، هەرچەندە دواتر ئەم وڵاتە بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ەوە لە ڕیزی هاوپەیمانان چووە دەرەوە و لە ناوچەکە کشایەوە. ئەوەبوو دواتر و لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٨دا حکوومەتی باشووری کوردستان بەهۆی ڕێکنەکەوتن و نەگونجانی شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزەکان بەتایبەتی (مێجەر سۆن)[٣٥] و هەوڵەکانی بۆ ناردنی نوێنەر بۆ تاران بۆ ئەوەی لای باڵوێز و وڵاتانی بێگانەدا سکاڵا دژی ئینگلیزەکان بکا، بۆ ئەو مەبەستە تۆفیق فیکرەتی نارد لای ئەمەریکاییەکان[٣٦]. هەر کە هەوڵەکانیشی لەم بوارەدا دەرئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتەوە، بۆیە کەوتە پلانی ڕزگارکردنی

هەوڵنامەی کتێب

شاری سلێمانی لە دەسەڵاتی بەریتانیا و، لەم هەنگاوەشیدا کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی مەحموود خانی دزڵی و بە ٣٠٠ چەکدارەوە[٣٧] لە ٢٠ی مایسی ١٩١٩دا گەیشتە سەر کەلی گۆیژە و چاوەڕێی فەرمانی حوکمداری کوردستان بوو. (سۆن)یش کە ئاگەداری بارودۆخەکە بوو و شێخ مەحموودیشی ئاگەدار کردەوە کە مەحموود خانی دزڵی بە لەشکرێکی زۆری هەورامییەوە گەیشتووەتە شارباژێڕ بەنیازی دیدەنی، تکایە تێی بگەیەنن کە تەنیا بە[٣٨] کەسی بێ چەکەوە بێنە ناو شارەوە و، لە پۆلیسخانەدا چەکەکانیان دابنێن[٣٩]. بەڵام ئەمە دەرئەنجامێکی ئەوتۆی بۆ (سۆن) لێ نەکەوتە بۆیە بە ناچارییەوە بەرەو کەرکووک هەڵهات و، سلێمانی لە دەسەڵاتی بەریتانیا ڕزگار کرا. ماوەیەکی زۆریشی نەخایاند هەر لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە چەند هۆزێکی کورد لە حوکمڕانانی ئێران ڕاپەڕین و، وا خۆیان ڕاگەیاند کە ئەوان لایەنگیری شێخ مەحموود دەبن و پڕۆژەی کوردستانی ئازاد و یەکگرتووی بۆ سەردەخەن[٤٠]. کەچی لەولایشەوە وڵاتان بەتایبەتی هاوپەیمانان سەرگەرمی بەستنی کۆنگرەیەکی جیهانی بوون بۆ ئاشتی وەک ئەوەی لە ١٨ی کانوونی ١٩١٩دا دەستی بە کارەکانی کردبوو[٤١] نوێنەری کوردیش کە شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشای خەندان (١٨٦٥–١٩٥١) بوو لەلایەن (جەمعیەتی تەعالی کوردستان)ەوە ڕاسپێردرابوو بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیی کورد بکا.

ئەویش لە کۆنگرەی ناوبراودا یاداشتنامەیەکی دەربارەی خواستەکانی کورد خستە ڕوو. هەروەها پێشتریش لەلایەن شێخ مەحموودەوە پێش هەڵوەشانەوە حکوومەتی یەکەمی، نوێنەری خۆی ناردبووە لای کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی لەسەر هەمان نوێنەرایەتی قایل بن[٤٢]. بەڵام بەریتانیا ڕازی نەبوو کە وڵاتێکی وەک ئێرانی قاجاری لە کۆنگرەی ناوبراودا بەشدار بێ (بە بیانووی ئەوەی لە شەڕدا بەشدار نەبووە و بێ لایەنیی خۆی ڕاگەیاندبوو)[٤٣]. بەڵام مەبەستی بەریتانیا لەمەیاندا لەوەدا ڕەنگی داوەتەوە کە ئێران لە پلان و نەخشەی دوارۆژی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕادەیەک دووربخاتەوە کە نەتوانێ ڕۆڵێکی ئەوتۆ ببینێ. لەولاشەوە حکوومەتی ئێران لە ڕێگەی ئەو یاداشتنامەیەوە کە ناردبووی بۆ کۆنگرەکە داوای ناوچەیەکی بەرفرەوانی کردبوو کە بخرێتە سەر وڵاتەکەی لەوانە بەشێکی زۆری ئەو ناوچە کوردنشینانەی کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون. سەرەڕای شاری موسڵ و ئەو ناوچانەشی کە دەکەوتنە سەر ڕووباری فورات[٤٤].

دیارترین پلانێکیش کە هەر لەم کۆنگرەیەدا کە کاری بۆ کرا هێنانە کایەی سیستەمی (ئینتیداب) بوو، کە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی دوای شەڕی گرتەوە لەوانە عێراق کە بەتەواوی لە ٢٥ی ئایاری ١٩٢٠دا و لە کۆنگرەی (سان ڕیمۆ)دا خرایە ژێر ئینتدابی بەریتانیاوە دوای ئەوەی (کۆمەڵەی گەلان)، بەشێوازێکی فەرمی لە ٣ی ئایاری ١٩٢٠ەوە لەسەر پڕۆژەکە ڕازی بوو بەڵام ئەم هەل و مەرجە لای گەلانی عێراق وەک جۆرێک لە داگیرکاری دەهاتە بەرچاو، بۆیە لێرە و لەوێ ناڕەزایی بەرامبەر بەو دۆخە هاتە کایەوە تا ئەوکاتەی کە بەتەواوی ڕاپەڕینی یان با بڵێین

(شۆڕشی ٢٠ی حـوزەیرانی ١٩٢٠)ی لێ کـەوتەوە. بەڵام نـاوچە کـوردنشـینەکـانی باشـووری کوردسـتـان هەرچەندە تا ئەم دەمـانـەش بەشێک نەبوون لە وڵاتی عێراق لەگەڵ ئەوەشـدا لە چەند ناوچە و شار و شارۆکەیەکیدا ڕاپەڕینیان دژ بە حوکمڕانیی بەریتانیا تێدا بەرپا بوو.

سـەبارەت بە وڵاتی ئێران و ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتـان، شۆڕشی ئیسـمـاعیل ئاغـای شکاک (سـمکۆ) لە سـەرەتای پەرەسـەندن و بەرفـرەوانبـوونیـدا بوو دژ بـە حـوکـمـڕانانی قـاجـاری (١٧٩٦-١٩٢٥) تـا ئەو کـاتـەی ڕەزا خـانـی مـازندەرانی (مـیـر پەنج) تـوانیی لە ڕێگەی کـودەتـایەکی سـەربـازییـەوە کـە بـە یەکـەم کـودەتای سـەربازی لـە ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست دادەنرێ(٤٥) لە بەرەبـەیانی ٣ی ئەسـفـەندی ١٢٩٩ی هەتاوی (بـەرامبـەر بـە ٢١ی شـوبـاتی سـاڵی ١٩٢١) وەک فەرماندەیەکی سەربازی لە قەزوینەوە بەرەو شـاری تاران پێشڕەویی کرد و بێ خوێن ڕشتنێکی ئەوتۆ توانیی دەسـەڵات بگرێتە دەست[٤٦].

پەراوێزەکان:

١- الدكتور صباح عبدالرحمن، العلاقات العراقية-الايرانية ١٩٤٥-١٩٥٨، (بغداد ٢٠٠٣)، ص,١٦

٢- الدكتور ابراهيم خليل احمد، الدكتور خليل علي مراد، ايران و تركيا دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر، (الموصل: ١٩٩٢)، ص٢٢.

٣- فائزة حسين، التطور السياسي والفكري للحركة القومية الكردية ١٩٣٩-١٩٧٩، رسالة ماجستير، كلية العلوم السياسية، (جامعة بغداد ١٩٩٥)، ص١١.

٤- نازناز محـمـد عـبـدالقـادر، میـرنشـینـەکـانی کـوردسـتـانی ڕۆژهـەڵات لە سـەردەمی فـەرمـانـڕەوایەتی قاجارییەکاندا، چاپی یەکەم، (هەولێر ٢٠٠١)، ل١١٤.

٥- الدكتور جابر ابراهيم الراوي، الحدود الدولية ومشكلة الحدود العراقية الايرانية، دراسة قانونية وثائقية، (بغداد: ١٩٨٥)، ص٢٠٥.

٦- علي شاكر علي، العراق في العهد العثماني ١٦٣٨-١٧٥٠ دراسة في احواله السياسية، ط١، (بغداد: ١٩٨٥ ص٧٤.

٧- الدكتور جابر الراوي، المصدر السابق، ص,٢٠٥

٨- المصدر الوطني للوثائق، التسلسل ٣١١/٨٢٧، رقم الوثيقة (٢)، العراق، وزارة الخارجية، قضية الحدود العراقية-الايرانية، معاهدة ارض روم الثانية ١٨٤٧، ص٧

٩- ابراهيم خليل احمد، خليل علي مراد، المصدر السابق، ص١٥٨، شاكر صابر الضابط، العلاقات الدولية ومعاهدات الحدود بين العراق وايران، (بغداد:١٩٦٦)، ١٨-٦٣.

١٠- سـەبارەت بە بابەتەکانی بڕوانە (محمد امين زكي، تاريخ السليمانية وانحائها، ترجمة: محمد جميل ڕۆژبەیانی، (بغداد: ١٩٥١).

١١- سەبارەت بە میرنشینی سۆران بڕوانە: (جمال نبز، الاسير الكردي مير محمد پاشا الرواندزي الملقب بـ(میری کورە)، ترجمة: فخري سلاحشور، ط٢ (اربيل: ٢٠٠٣)، ص ٢١٧-٢٢٨,.

١٢- بڕوانە: كرس كوچرا، جنبش ملي كرد، ترجمة: ابراهيم يونس، (تهران: ١٣٧٧)، ص٢١-٢٤.

١٣- عبدالرحمن قاسملو، كوردستان و كورد، ليكۆلينەوەيەكى سياسى و ئابوورى، و: عەبدوللاى حەسەن زادە، چ٢، (هەولێر ٢٠٠٦)، ل٤٢.
١٤- عەزيزى شەمزينى، جوولانەوەى ڕزگارى نيشتمانى كوردستان، ل١١٥.
١٥- كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، (بغداد ١٩٨٥)، ص٢٣٦.
١٦- سەعدى عوسمان هەڕوتى، بزاڤى ڕزگاريخوازى له كوردستانى ڕۆژهەلاتدا ١٨٨٠-١٩٣٩، (هەولێر: ٢٠٠٧)، ل١٦.
١٧- هەمان سەرچاوەى پێشوو، ل١١٨.
١٨- نادر انتصار، مافياي قدرت، بررسي ناسيوناليزم قومي - نژاد كردها، ت: عرفان قانعي فرد، (تهران:١٣٨٥)، ل, ٣٥
١٩- عەزيزى شەمزينى، س.پ، ل, ١٢٢
٢٠- كمال مظهر احمد، المصدر السابق، ص٢٤٠.
٢١- خليل علي مراد، مختارات من كتاب الموصل وكركوك في الوثائق العثمانية، السليمانية:٢٠٠٥)، ص, ١٢٦
٢٢- بە زۆرى تا ئەم ماوەيەيش وا تێگەيشتبووين كە يەكەم ڕۆژنامەى كوردى لە ٢٢ى نيسانى ساڵى ١٨٩٨ دەرچووە. بەڵام بەپێى لێكۆڵينەوەيەكى بەراوردكارى كە فەرهاد شاكەلى لە ڕۆژنامەى ئاسۆى ژمارە ٤١٣ى ساڵى ٢٠٠٧ بڵاوى كردووەتەوە. بەتەواوى ئەو گومانەى يەكلايى كردووەتەوە و سەلماندوويە كە ڕۆژنامەى كوردستان يەكەمين ژمارەى لە ٢١ى نيسانى ١٨٩٨دا دەرچووە. بڕوانە: فەرهاد شاكەلى، ڕۆژنامەگەريى كوردى: (راستكردنەوەى هەڵەيەكى چل ساڵە، ئاسۆ (ڕۆژنامە)، ژمارە (٤١٣)، يەك شەممە ٢٠٠٧/٤/٢٢، ل٤
٢٣- سلاح محەممەد هەرورى، عەبدولڕەزاق بەدرخان ١٨٦٤-١٩١٨، (سلێمانى: ٢٠٠٥)، ل٥١.
٢٤- كمال مظهر احمد، دراسات في...، ص٢٤٤.
٢٥- انظر: عبدالمنعم الغلامي، الضحايا الثلاث، (الموصل ١٩٥٥).
٢٦- مسعود بارزاني، بارزان والحركة التحريرية الكردية، انتفاضة بارزان الاولي ١٩٣١-١٩٣٢، (كردستان ١٩٦٨)، ص٢٠.
٢٧- مسعود بارزانى، المصدر السابق، ص٢١، م- هاوار، سمكۆ (اسماعيل ئاغاى شكاك و بزووتنەوايەتى كورد، چ٢، (سلێمانى ٢٠٠٥)، ل٢٥٩.
٢٨- نەوشيروان مستەفا ئەمين، كورد و عەجەم، چ٢ (سلێمانى ٢٠٠٥) ل٤١٣.
٢٩- ئەفراسياو هەورامى كورد له ئەرشيفى ڕووسيا و سۆڤێتدا، پياچوونەوەى: مستەفا غەفورى، (هەولێر: ٢٠٠٦) ل٣٨٦.
٣٠- فوزي خلف شويل، ايران في سنوات الحرب العالمية الاولي، (البصرة: ١٩٨٠)، ص, ٥٦
٣١- نەوشيروان مستەفا، كورد و عەجەم، ل, ٢٤٣
٣٢- بڕوانە: عباس العزاوي تاريخ العراق بين الاحتلالين العهد العثماني الاخير ١٨٧٢-١٩١٧ ج٨ سنة الطبع (بلا)، ص٣٠٧-٣٠٩.
٣٣- احمد عثمان، مبدأ التنظيم الدولي لادارة المستعمرات وتطبيقاتة في نظامي الانتداب والوصاية الدولي

هەولێر

(القاهرة:١٩٦٢)، ص,١٤٢

٣٤- انظر: كمال مظهر احمد اضواء علي قضايا الدولية في الشرق الاوسط (بغداد: ١٩٧٨)، ص١٣٤-١٣٧.

٣٥- العميد الركن شكري محمود نديم، الجيش الروسي في حزب العراق ١٩١٤-١٩١٧، ط٣، (بغداد ١٩٧٤)، ص١٩-٤٢.

٣٦- میجەر سۆن: ئیلی بانیستەر سۆن پێش ئەوەی لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا ببێتە حوکمڕانی سلێمانی، دوای مێجەر نۆئیل، بەناوی خواستراوی (میرزا غولام حوسێنی شیرازی)یەوە گەشتێکی بە ولاتی کوردستاندا کردبوو. لە ساڵی ١٩٠٢شەوە وەک ژمێریارێک لە بانکی ئیمپریالی ئێراندا کە بەریتانیا سەرپەرشتیی دەکرد کاری کردووە و نێردراوە بۆ تاران، لە ساڵی ١٩٠٥ەوە بووە بە موسڵمان لەسەر مەزهەبی جەعفەری و شارەزاییەکی باشی لە زمانی کوردیدا هەبووە. لە ساڵی ١٩١٧ەوە کە بەریتانیا شاری (خانەقین)یان داگیر کرد. ئەم حاکمی سیاسیی شاری (مەندەلی) بوو. لە نێوان ساڵانی (١٩١٩-١٩٢٢)دا کە حاکمیەتی شاری سلێمانیی پێ سپێردرا بە یەکێک لە سەرسەختترین دوژمنەکانی شێخ مەحموود دادەنرا و هەر لەو ماوەیەشدا حەفتەنامەیەکی بە زمانی کوردی و بەناوی (پێشکەوتن)ەوە دەرکرد و بەسەر یەکەوە (١١٨) ژمارەی لێ بڵاوکردەوە. لە ساڵی ١٩١٨ەوە تووشی نەخۆشیی سپڵ بووە و بەیەکجاری لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٢٣دا مردووە. بروانە عبدالرحمن ادريس البياتي، الشيخ محمود الحفيد (البرزنجي) والقوات البريطانية في كردستان حتي عام ١٩٢٥، (السليمانية: ٢٠٠٧) ص٥٣ ميجر سون: رحلة متنكر الي بلاد مابين النهرين و كردستان، ترجمة: فواد جميل، ج١، (بغداد: ١٩٧٠)، ٣٤٩-, ٣٥٠

٣٧- جەلال تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەدی تەقیدا لاپەڕەیەک لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و سمکۆ و هەستانەکەی ڕواندز، زنجیرەی هەستەم (١) چاپخانەی العربية، (بەغدا: ١٩٧٠) ل٢٧، كمال مظهر احمد اضواء علي قضايا دولية، ص,٢١

٣٨- دەرچووە- جەلال تەقی س ی پێشوول٢٨

٣٩- ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، سلێمانی: ١٩٦٨، ل,٣٧

٤٠- جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، تاريخ سياسي ١٩٠٠-١٩٢٥ (اربيل: ٢٠٠٢) ص,٢٢٥

٤١- محمد محمد صالح واخرون، الدول الكبري بين الحربين العالميتين ١٩١٤-١٩٤٥، (بغداد:١٩٨٤)، ص٧٤.

٤٢- م-هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروووی کوردستان ب٢ (لەندەن ١٩٩١)، ل,١٢

٤٣- نەوشیروان مستەفا ئەمین سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨.

٤٤- كمال مظهر احمد كوردستان في سنوات الحرب العالمية الاولي ترجمة: محمد ملا عبدالكريم، ط٢، (بغداد: ١٩٨٤)، ص٣٣٢، ابراهيم خليل احمد و خليل علي مراد، المصدر السابق، ص٢٠٧.

٤٥- محمد كامل محمد عبدالرحمن، سياسة ايران الخارجية في عهد رچا شا ١٩٢١-١٩٤١، مراجعة: كمال مظهر احمد (البصرة:١٩٨٨) ص٣٢.

٤٦- حسن نراقي چكيدة تاريخ ايران، از مشروطه تا پايان سلسلة پهلوي (ايران:١٣٨) ص١٦٦ محمد علي همايون كاتوزيان اقتصاد سياسي ايران از مشروطيت تا پايان سلسلة پهلوي ترجمة محمد رضا نفيسي و كامبيز عزيزي (تهران: ١٣٧٢) ص١٢٢.

هاوڵاتامەی کتێب

# یادداشتنامەی "کۆمەڵەی کورد" ساڵی ١٩٢٤ بۆ کۆمەڵەی گەلان لەبارەی پرسی ویلایەتی مووسڵ

میکی سوزوکی هیم و ئایشە گوندوز هوشگور

## پێشبار

یەکەمین کۆمەڵەی سیاسیی کوردی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە لە دەرەوەی کوردستان دامەزراوە، (کۆمیتەی ئیستیقلالی کورد)* بوو، کە وا پێدەچێ ڕاستەوخۆ دوای ئاگربەس لە قاهیرە دامەزرابێ، ڕەنگە زووتریش بووبێ. سکرتێری گشتیی کۆمەڵە، سورەیا بەدرخان (١٨٨٣–١٩٣٨) بووە و بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست ئێمە کەوتوون دەبێ ئەم کۆمەڵەیە بەر لە دەستپێکی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ دامەزرابێ. بازیل نیکیتین لای وایە، سورەیا هەر ڕاستەوخۆ دوای ئاگربەس ئەم ڕێکخراوەی دروست کردووە[1]، بۆیە شیمانەی بەهێز ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵەیە لە تشرینی دووەمی ١٩١٨دا دامەزرابێ. شایانی گوتنە ئەم کۆمەڵەیە لە هەموو کۆمەڵەکانی دیکە چالاکتر بووە بەوەی یادداشتنامە و نامەی داوەتە هێزە هاوپەیمانەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان، بەڵام بە هەموو پێوانەیەک وا پێناچێ ئەم کۆمەڵەیە لە ڕووی ئەندام و بنکەی ڕێکخراوەییەوە هیچ خەڵکی بەدەورەوە بووبێ.

لە ئەستەموڵ قۆناخی نوێ و ڕاستەقینە بۆ ژیانی حزبایەتیی کوردی دوای ئاگربەسی مۆدرۆس دەست پێدەکا. یەکەم کۆمەڵەی یەکگرتووی کوردی دوای (کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد)، (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان) بوو کە لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨[2] لە ئەستەموڵ لە لایەن سەید عەبدولقادر شەمزینانی، ئەمین عالی بەدرخان و کامەران عالی بەگ و چەند تێکۆشەرێکی دیکەوە دامەزرا. سەرۆکی کۆمەڵە سەید عەبدولقادر شەمزینانی و جێگری یەکەمی کۆمەڵە ئەمین عالی بەدرخان و جێگری دووەمی سەرۆک فەریق فوئاد پاشا بوو. نووسەری گشتیی: فەریق حەمدی پاشا. ژمێریار: سەید عەبدوڵڵا (کوڕی سەید عەبدولقادر). ئەندام: محەمەد عەلی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

بەدرخان (بۆتانی)، محەمەد ئەمین بەگی سلێمانیەلی، مامۆستا عەلی ئەفەندی، شەفیق ئارواسلی، شوکری بابان زادە، فوئاد بابان زادە، فەتحوڵڵا ئەفەندی و دکتۆر محەمەد شوکری سەگبان بوون[3]. ڕاستییەکەی ئەم ڕێکخراوە هەر لەسەرتا دوو ڕەوتی ناکۆکی لەخۆ گرتبوو: ڕەوتی سەربەخۆییخواز (نوێنەری بنەماڵەی بەدرخانەکان) و ڕەوتی کۆنەپارێز (نوێنەری بنەماڵەی شەمدینان)ی بوون.

ناوەڕاستی ساڵی ١٩١٩ مەمدووح سەلیم و نەجمەدین بەگ و حوسێن بەگ و چەند کەسێکی دیکە حزبێکی نوێیان بەناوی (پارتی دیموکراتی کورد- کورد دموقرات فرقەسی)یەوە دامەزراند کە بەداخەوە هیچ زانیارێکی وا بەداوێنمان لەبارەیەوە لەبەر دەستدا نییە، جگە لە دوو نامە نەبێ کە ئێمە لە کتێبە بەڵگەنامەییەکەی خۆمان (کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان ١٩١٨-١٩٣٣ لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و فرانسادا،) بڵاومان کردووەتەوە[4]. هەروەها هۆوارد لە کتێبەکەی خۆیدا باسی ئەوە دەکا کە لێژنەی کینگ-کراین* دوا جار لە ١٣ی ئابی ١٩١٩ چاوی بە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد کەوتووە کە داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردییان کردووە لەو ناوچانەی کە "زۆرینەیان کوردە" و لە پەراوێزی کتێبەکەشدا ناوی ئەو دەستەیە بەدەستەوە دەدا کە چاویان بە لێژنەکە کەوتووە، لەوانە: نەجمەددین بەگ، حوسێن بەگ و عەزیز بەگی بابان[5]. بە هەرحاڵ ئەم ڕێکخراوە نابێ تەمەنی هێندە درێژ بووبێت و من پێم وایە بەهاری ساڵی ١٩٢٠، ڕێک بەر لە ئینشیقاقی ناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ڕەنگە زۆر زووتریش کۆتایی بە ژیانی هاتبێ.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان تا دوادواییەکەی نیسانی ١٩٢٠، وێڕای ئەوەی کە دەمێک دوو باڵی جیاوازی تێدا ڕوابوو، کەچی هەر بە یەکگرتوویی ڕێزەکانی ناوەندی ئەستەموڵی پاراست. شایانی گوتنە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان گۆواری "ژین" دەردەکرد و کۆمەڵێک یانەی کوردیی لە شارەکانی کوردستانی باکوردا کردیەوە، هەروەها کۆمەڵەیەکی بۆ ژنانی کورد بە ناوی (کورد قادینلری تعالی جمعیتی) لە ئەستەموڵ کردەوە، کە بایەخی بە ڕەوشی ژنانی کورد، هەتیو و قوربانیانی ڕاگوێزراو دەدا. یەکێک لە شانازیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ئەوە بوو کە بە یەک دەنگ شەریف پاشا-یان وەک نوێنەری کورد بۆ کۆنفرانسی ئاشتی دەستنیشان کرد.

دواتر لە ئەنجامی ناکۆکییەوە سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان لەنێوان دوو باڵەکەی ناو کۆمەڵەدا، نیسانی ١٩٢٠ کۆمەڵە بوو بە دوو کەرت و باڵی بەدرخانییەکان کۆمەڵەیەکی نوێیان بە ناوی (جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد) دامەزراند کە سەرەتای ئایاری ١٩٢٠ ستراکتووی کۆمەڵەکەی پێشکێش بە وەزارەت کرا و ئەمین عالی بەدرخان وەک سەرۆکی کۆمەڵە و مەمدووح سەلیم بەگ وەک سکرتێری گشتیی کۆمەڵە دەستنیشان کران. شایانی باس ئەوەیە کە بگوترێ ئەم کۆمەڵەیە لەناو بەڵگەنامەکاندا بەناوی (کۆمەڵەی کورد)یش ناوی هاتووە. هەرچی باڵی شێخ عەبدولقادری شەمزینانی بوو، هەر بە ناوی کۆمەڵەی کورد و کوردستان درێژەیان بە کاری

ڕێکخراوەیی خۆیان دا و زیاتر خۆیان بە درێژەدەری جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەزانی. ئەوەی جێگەی تێبینییە ئەوەیە لەگەڵ نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢دا بە دەگمەن تاک و تەرا بەڵگەنامەی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکانمان بەرچاو دەکەون و دواتر لەگەڵ کۆتایی ساڵی ١٩٢٢دا بە تایبەت دوای ئەوەی هێزەکانی مستەفا کەمال ئەستەنبوولّی گرتەوە، ئیدی هەر بەڕاستی هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان هیچ چالاکییەکیان نامینێ، وەک ئەوەی بەڕاستی هەر هەموویان بەجۆرێک لە جۆرەکان کۆتایی خۆیان ڕاگەیاندبێ. بەگوێرەی ئەم بەڵگەنامە دەگمەنە کە لێرەدا کراوە بە کوردی ئەمە ٧٩١ـەمین نووسراوی ئەم کۆمەڵەیە کە بەداخەوە تا ئێستە تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەو ژمارەیە زۆرەیە بەردەست کەوتوون. بە پێوەچوونی زانیارییەکانی ناو ئەم بەڵگەنامەیە، ئەم کۆمەڵەیە تاوەکو ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٤ هەر ماوە و سکرتێری گشتی ئەم کۆمەڵەیە هەر مەمدوح سەلیم بووە و جێگری سەرۆکیش خەلیل ڕامی بەدرخان بووە. وەرگێران و بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگەنامەیە خشتێکی دیکە دەخاتە سەر بە بەڵگەنامەییکردنی مێژووی کورد.

کۆمەڵەی کورد
مەڵبەندی گشتی
١ ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٤
ژمارە: ٧٩١

یادداشتنامەیەکی بەرزکراوە
بۆ کۆمەڵەی گەلان

هەواڵنامەی کێشە

لەکاتێکدا کەوا کۆمەڵەی گەلان بانگەشەی ئەوە دەکا کە بەشێوەیەکی یەکجارەکی چاو بە پرسی ویلایەتی مووسڵدا دەگێڕێتەوە، کۆمەڵەی کورد بە ئەرکی خۆی دەزانێ دەنگی ئەم دەرو وڵاتە دوورەدەستەتان بگەیەنێتە لا گەرچی ئەم دەنگە دەنگێکی لاوازە و لە جیهانی شارەستانتیخوازدا نابیسترێ.

کۆمەڵەکەی ئێمە بەرەو ڕووی تورکەکان وەستاوەتەوە کە داوا دەکەن حاکمیەتی خۆیان بەسەر ئەو وڵاتەدا بکێشنەوە کە تازە لە دەست زوڵم و جەوری ئەوان ڕزگاری بووە و ئێستەش هەر بەرەو ڕوویان وەستاوەیە، چونکە ئەم کۆمەڵەیە بۆ داکۆکی کردن لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد دامەزراوە و بە تۆندی دژی داوای حکوومەتی ئەنقەرەیە بۆ بندەستخستنی ویلایەتی مووسڵ، چونکە زۆریەنەی دانیشتووانی ئەم ویلایەتە کوردن...

ژمارەی دانیشتووانی ویلایەتی مووسڵ بەگوێرەی ئەو ستاتستیکانەی کەوا حکوومەتی تورکیا خۆی پشتیان پێ دەبەستێ بریتیە لە ٤٥٠ هەزار کورد، ١٨٠ هەزار عەرەب، ٦٦ هەزار تورکمان و ٦٥ هەزار نەستووری و ١٦ هەزار جوولەکە و لەم ژمارانەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەوە دەردەکەوێ کە مۆرکی (ویلایەتی) مووسڵ مۆرکێکی کوردییە چونکە توخمی کورد تێیدا زۆرینەی ڕەهایە

بەشێوەیەک کە ژمارەی دانیشتووانەکەی (کوردەکان، وەرگێر) لە هەموو توخمە باوەکان زیاترە لە حالێکدا کە تورکەکان لەڕووی ژمارەوە تەنیا لە پلەی کۆتایی دان و ئەمە وای کردووە لەڕووی ژمارەوە هاوتابن لەگەڵ ژمارەی نەستوورییەکان.

بەوپێیەی کەوا بەڵگەنامەی ژمارەی دانیشتووان بەسمانە بۆ ئەوەی لەکۆڵ سەرئێشەی بەدواداگەڕان لەزۆر شتگەلی پەیوەست بە ویلایەتی مووسل دا ببینەوە و بەڵگەنامەی تورک مافی ئەوەمان دەداتێ بپرسین بۆچی و لەسەر چ بنەوانێک تورکەکان پاساو بۆ داخوازیەکانیان بۆ گێڕانەوەی ویلایەتی مووسڵ دەیهێننەوە؟

بەڵگەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی دژی ئەوانە.

لەڕووی شارەستانییەوە حوکمڕانیی جارانی تورک و دەسەڵاتگیرییان بەسەر چارەنووسی ئەم وڵاتەوە پێویستیان بەوە نییە لە ئاشکراکردنی ئەو دەرەنجامە خراپانە قوڵ ببینەوە کە لە سۆنگەی ئەو فەرمانڕەوایەتییە سەرچاوەی گرتبوو، چونکە ئەوە لەوە بەناوبانگتر کە باس بکرێ. ئەنادۆڵ خۆی لەم حاڵەی ئێستەیدا جگە لە کۆمەڵە داروپەردوو و کەلاوە و وێرانەیەک زیاتر هیچی تر نییە کە ئەمە وەحشیەت و هەمەجیەتی تورک دەسەلمێنێ.

تورک بە خوێنڕشتن و کوشتنی گەلانی غەیرە تورک بە حوکمڕانی و دەسەڵاتی خۆسەپاندنیان بەسەر وڵاتانی غەیرە تورک و بە ئەتکردنی ئەو کلّۆڵانە لە دەورانی شەڕی (یەکەمی جیهانیدا) ئیدی دەسەڵاتی خۆیان سڕیەوە. ئەمە لای هەموان ئاشکرایە و حکوومەتی تورک لای کورد، عەرەب و نەستووریەکانی ویلایەتی مووسڵ جگە لە ڕەشترین ناشماوە و یادەوەری ئەتککردن زیاتر هیچی تریان بەجێنەهێشتووە.

بەهێزترین پەنسیپ کە حکوومەتی ئەنقەرە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ داواکردنەوەی ویلایەتی مووسڵ دەستی پێوەگرتووە ئەویش هاوبەشیی تورک و کورد لە ئایین، لە بەرژەوەندی هاوبەش و لە نەژاددا، ڕاستییەکەی ئەم درۆیانە هیچ ڕەزامەندی و پەسندکردنێکیان لای کورد وەگیرنەخست، چونکە کوردەکان دەزانن لەڕووی بنەچە و زمانەوە هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ تورکدا نییە و لەڕووی نەژاد و زمانەوە سەربەخۆن.

عورف و داب و نەریتی باوی هاونیشتمانیەکانمان هیچ پێوەندییەکی بە نەتەوەی تورکی حوکمڕان بەسەریانەوە نییە، ئەو نەتەوەی کە وەکو میوانێکی کاتیی لە وڵاتانی خۆیان سەیردەکرێ. تاکە ڕایەڵ کە ئەم دوو گەلە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ڕایەڵی ئیسلامەتییە کە حکوومەتی تورکیا لەبەرژەوەندی خۆیی و بۆ جیاوازی نانەوە لەنێوان توخمە کورد و کریستیانەکان بەکاری هێنا. حاکمڕانە تورکەکان بیانوو بەو پەندە ڕۆمانییە دەکەن کە دەڵێ (پەرت کە و زاڵبە) بۆ ئەوەی بتوانن دەسەڵاتی ڕەشی خۆیان درێژبکەنەوە. خۆشبەختانە ئەو ڕۆژانە بەخێرایی بەسەرچوون و ئەو گەلانەی کە چەندان سەتەی دوورودرێژ بەتەک یەکدا ژیاون و ئەوانەی خاوەنی

ڕاستەقینەی ئەنادۆڵن لە کورد، ئەرمەن و نەستووریيەکان ئێستە هەست بە خۆشەویستی و لایەنگیری بەرانبەری دەکەن و بە خۆشگوزەرانی دەژین.

بانگەوازی تورک بۆ بوونی نیزیکی و گونجان لەنێوان توخمی تورک و کورد لە ڕاستیدا تەنیا وەسیلەیەکە کە تورکەکان بۆ بەتورککردنی کورد ناویانە و لەگەڵ ئەوەشدا وێرای کۆششی بەردەوامی تورکەکان کەچی ئەو سەرکەوتنەی دەیانەویست لەم سیاسەتەیان بەدەستیان نەهێنا، قوتابخانە ئایینییەکان کە حکوومەتی تورک بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی بەکاری دەهێنان دوای ئەوەی پەروەردە سیفەتێکی نا ئایینی بەخۆیەوە گرت، هەڵوەشێنرانەوە. بۆیە ئێستەکە لەو دەروناوچە کوردیانەی کە لەژێر نیری تورک دان هیچ شوێنکارێکی قوتابخانە ئایینییەکان نەماوە.

ئەگەر بروانیە ئەم حەقیقەتە دەبینین کە تورکەکان گەلی کوردیان وەکو ئامێرێکی وەبەرهێنانی ئابووری و داریی و سیاسی بەکارهێناوە و گەلی کورد بەردەوام ئەوەی لەسەر بووە کە هەموو ئەرکەکان بەجێبگەیەنێ بەڵام لە هەموو مافەکانیش بێ بەری بێ. دۆخێک کە لە عێراقدا هەیە کوردەکان قوتابخانە و دامەزراوەی زانستیی یان هەیە و لە هەموو مافە کارگێرییە ناوەخۆیی و دادوەرییەکان بەشدارن. بەڵام لە تورکیا لەمە بێبەرین. وەکو بینیمان لە تورکیا کوردەکان زیاتر لە چارەگی دانیشتووانی تورکیا پێکدەهێنن کە بە هەشت ملیۆن دەخەملێندرێن کەچی هیچ مافێکی کارگێڕی و دادوەرییان نییە و هیچ نوێنەرێکیشیان لە ئەنجومەنی گەل لە ئەنقەرەدا نییە و زمانەکەیان بەکارناهێنرێ و لەهەموو شوێنێک قەدەخەیە و لە ئەنادۆڵ خۆیشی کە هاونیشتمانییەکانمان زۆرینەی دانیشتووانی پێکدەهێنن و بەشێوەیەکی نایاب بە پێکەوەیی و یەکگرتوویی دەژین ئەوانیش هیچ مافێکیان نییە.

ئەمە هەڵوێستی توخمی کوردییە کە ئێستە لەژێر نیری تورکدایە و هیچ بە پێویستی نازانین کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ بخرێنە ژێر ئەم نیرە قورسە. کەواتە حکوومەتی تورکیا هیچ مافێکی بۆ نەماوەتەوە پەنای بۆ ببات جگە لە داگیرکردنی کۆنی بەسەرچووی نەبێ بۆ ئەو ناوچەیە. هەرچی هۆیە ئابوورییەکان و وەبەرهێنانی کانزاکانی پیترۆل و هۆیەکانی ستراتیجیەتی سوپایە پشت بە هیچ مافێک نابەستن بەڵکو پشتبەستوو بە هێز و تەسلیم بە هێز دەبەستن و گێڕانەوەی ئیدارەی تورکی بۆسەر ویلایەتی مووسڵ تاوانێکی گەورەیە دەرهەق بە مافی نەتەوەکان بەڕوویێکی گشتی و زیانمەندە بۆ مافی کوردەکان بە ڕوویێکی تایبەتی، ئەو کوردانەی کە مافی ژیانێکی هەڵبژاردەیان هەیە و گەڕانەوەی مووسڵ بۆ تورکەکان حەتمەن دەبێتە سۆنگەی ناکۆکی بەردەوام دەیخاتە بەردەم خراپترین ئەنجام. ئێمە هیوامان پتەوە کەوا کۆمەڵەی گەلان کە ئەنجومەنەکەی نوێنەرایەتی دەکا پشت نەبەستێتە سەر پرەنسیپی دەرچوون لە سنووری خۆی و دوورکەوتنەوە لە پرەنسیپەکانی ماف و دادوەری کە ئەمە هێزە ڕاستەقینەکەیەتی بەڵکو بەشێوەیەکی یەکجارەکی داخوازی تورکەکان ڕەتدەکاتەوە و هیچ داخوازیەکی تورکەکان بۆ ڕاییکردنی ڕیفراندۆم قەبووڵ ناکات، ئەم کارراییکردنە ڕادەیەکی کۆتایی بۆ چاوچنۆکیی تورکەکان دادەنێ و ویلایەتی مووسڵ

که خاوەنی مۆرکێکی کوردیی بە ئاشکرا لەم ئیدارەی شوومەی تورکیا ڕزگار دەکا. کۆمەڵەی کورد شەرەفی ئەوەی هەیە ئەم یادداشتنامەیە بخاتە بەرچاوی دەستەی دادپەروەر و دادپرس بە مافی نێوان گەلان بۆ ئەوەی ڕەوشی کارەساتباری کوردەکان بەدیاربخات کە لە ئەنجامی ئەوەبوو کە کەوتوونەتە ژێردەستی ئیدارەی تورکی و هیوادارین کۆمەڵەی گەلان هەنگاوی زامنکراوی ژیانێکی ئازاد و ئاشکراکردنی خێرای مەزلومیەتی گەلێکی وەکو کورد ئاشکرا بکا. بەمشێوەیە ڕەنگە ئەو بۆشاییە پڕبکرێتەوە کە پەیماننامەی لۆزان بە ئانقەست لە فەرامۆشکردنی کردنی پرسی کورد دروستی کرد.

سکرتێری گشتی جێگری سەرۆک
م. جەمیل سەلیم خەلیل ڕامی بەدرخان
لە مووسڵ
لە سلێمانی

پەراوێزەکان:

* کرد استقلال قومیتەسی.

1. Basil Nikitine, Les Kurdes, étude sociologique et historique, 1ème édition Klinchsieck, Paris, 1956, 2ème éditions D_aujourd_hui, Paris, 1975, p.196.

٢. گەرچی لە ماددەی ٣٣ی پێڕەوی ناوخۆی جەمعیەتدا هاتووە کە لە مێژووی ٦ی تشرینی تانی ٣٣٣ دامەزراوە، کە ئەم مێژووە بەرامبەر ٦ی تشرینی دووەمی ١٩١٧ بروانە: Ismaïl Golda_, Kürdistan Teâli Cemiyeti, Doz yayinlari, Istanbul, 1991, p.256 بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەم مێژووە هەڵەیە و جێگەی پشت پێبەستن نییە.

گەرچی لە ماددەی ٣٣ی پێڕەوی ناوخۆی جەمعیەتدا هاتووە کە لە مێژووی ٦ی تشرینی تانی ٣٣٣ دامەزراوە، کە ئەم مێژووە بەرامبەر ٦ی تشرینی دووەمی ١٩١٧ بروانە: Ismaïl Golda_, Kürdistan Teâli Cemiyeti, Doz yayinlari, Istanbul, 1991, p.256 بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەم مێژووە هەڵەیە و جێگەی پشت پێبەستن نییە.

3. Ismaïl Golda_, Kürdistan Teâli Cemiyeti, Doz yayinlari, Istanbul, 1991, pp.25-26.,

عبدالله بابکر حمە اغا، "ڕۆژنامە و ڕێکخراوە کوردییەکانی تورکیا لە سەردەمی یەکەم جەنگی جیهانیدا"، گۆواری (کاروان)، ژمارە، ٦٤، مایسی ١٩٨٨، لا: ٨٩.

٤. کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان ١٩١٨–١٩٣٣ لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاو فرانسادا، لەفرانسییەوە وەرگێڕانی، پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسین، بە پێشەکیی دکتۆر کەمال مەزهەر، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، بروانە لاپەرەکانی : ٧٠–٧٦

* King-Crane

5. Harry .N .Howard, The King-Crane Commission : an American inquiry in the Middle East, Khayat, Beirut,1963, p.172.

# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران
# ١٩٢٥

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فرەنسادا

ئەڵقەی دەیەم

---

هەوالنامەی کێشب

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٧**

باڵوێزخانەی فرانسا

ئەتاشەی سەربازی

کۆنستانتینۆپل، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٢٥

ژمارە A.M/١٤١

لە لیوتینان کۆلۆنێل سارۆ*، ئەتاشەی سەربازی لە تورکیا

بۆ بەڕێز وەزیری جەنگ–سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا –بیرۆی دووەم– پاریس

لەبارەی هاریکاریی تفاقی سەربازیی سۆفیەت

بۆ تورکەکان لە کاتی دەورانی ئۆپەراسیۆنی گەنجەدا

شەرەفی ئەوەم هەیە ئەم زانیارییانەی خوارەوە کە ئەتاشەی سەربازیی پۆلۆنیا، کە بۆ چەند ڕۆژێک لە ئەنگۆرەوە هاتبوو بۆ کۆنستانتینۆپل، پێی داوم، بۆ بەڕێزتان بنێرم. تورکەکان لەلایەن سۆفیەتەوە هاریکاریەکی تفاق و کەلوپەلی سەربازییان پێ گەیشتووە لەکاتی ئۆپەراسیۆنی ناوچە یاخیبووەکانی گەنجەدا. ئەم ئالیکارییە بریتی بووە لە پێدانی ٦٠ میترالیۆز، ٨ تۆپ و بڕێک فرۆکە لەگەڵ تاقمی کەسانی پێویست، ئەم زانیارییانە سەرەتا لە هەواڵگەلێکەوە هاتوون کە لە

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

ڕۆژنامەیەکی تورکی لە ئیستانبوڵ بڵاوکراونەتەوە و پاشان لەو زانیارییانەدا هاتوون کە لە وارشۆوە گەیشتوون . لە بەرانبەر ئەم ئالیکاریەدا تورکەکان بەڵێنیان بە سۆڤیەت داوە بڕێک دەستکەوتیان پێ بدەن لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی بازرگانی و ئاسانکاری لە بواری گومرگ و ڕاستکردنەوەی سنوورەکان لە لای قارس–ەوە.

ئەتاشەی سەربازیی پۆلۆنیا ڕایگەیاند کە نەیتوانیوە ئەم زانیارییانە پشتڕاست بکاتەوە. ئەو خۆی گومانی لە بەهای ئەم ئالیکارییە هەیە و، جگە لەوەش ئەو لای سەختە کە تورک بتوانن ڕازی ببن لە گەرمەی ئۆپەراسیۆنەکاندا هاریکاریی کەسانی بێگانە قبووڵ بکەن لە کاتێکدا کە بە ئاسانی لەسەردەمی ئاشتیدا بەرگەیان ناگرن و، لە ڕووی فڕۆکەوانییشەوە تورک ئەوەندەی پێویست بێ، بۆ خۆیان کادری تورکیان هەیە کە لەم ماوەیەدا فێری فڕۆکەوانی بوون. ئەمە زیاتر نەشیاوە، بەو ڕووەوە کەوا تورک لە کردەیەکی کۆمۆنیستی لە ڕیزی سوپاکەیاندا دەترسن و، هەموو قوڕساییی خۆیان خستووەتە سەر چاودێریکردنی ئەوان لەناو خاکی خۆیاندا.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٨**

سەرکردایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا – بیرۆی دووەم

ڕاپۆرتی زانیاری (تورکیا): ژمارە ١٥٦

نوسخەی ژمارە: ٢

نامیلکەی ژمارە: ١

٣ی حوزەیرانی ١٩٢٥

(نهێنی)

گرتنەبەری هەنگاوی سەربازی لەبارەی بزووتنەوەی چەکداری کوردەوە

یاخیبووەکان لە مەرەش دەست بەسەر تورگەی نامەی پۆستەدا دەگرن

سەرچاوەیەکی چاک

١٩٢٥/٥/١٥

بروسکەیەک لە مەرەشەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پۆستەی ئیستانبوڵ

دوو نامەی ژمارە ٩٤ و ٩٥تان لە ٢٨ی نیسان و ١ی ئایاری ١٩٢٥ لە لایەن چەتەکانەوە دزراون

***

ڕەوشی ناوچەی ڕاپەرینە چەکدارەکان

سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی

لە ١٤ بۆ ٢٩ی ٥ی ١٩٢٥

هەوڵنامەی کتێب

لە ١٤ بۆ ٢٩ی ئایاری ١٩٢٥، ڕۆژنامەکان ئاماژەیان بە بەدیلگرتنی ژمارەیەکی جۆراوجۆری سەرکردەی یاخیبوو و بڕێک کردەی پۆلیس داوە، بە تایبەت لە ناوچەکانی دیریک–وێرانشەهر و لەناوچەی لیجە–هانی، چیاگەلیک لە باشووری سلیڤان. چەککردنی دانیشتووان لە تەواوبوونە. وەزیری ناوەخۆ ڕایگەیاند کە ڕەوشەکە زۆر جێگەی ڕەزامەندییە و سەفەری خۆی بۆ پشکنینی سوپا لە تەمووز دەستپێدەکاتەوە.

دواجار کۆمیساریای ناوەخۆ فەرمانێکی دەرکردووە و سانسۆرێکی زۆر توندی خستۆتە سەر پۆستە لە ویلایەتە ڕۆژهەڵاتییەکان و لەو ناوچانەی کە حوکمی عورفییان بەسەردا سەپاوە.

تێبینی:

بە کورتی داپڵۆسین کۆتایی هاتووە. ئێستە بیر لە قۆناخی دووەمی پلانی دانانەوەی بەرێوەبەرایەتیی مەدەنی و ملکەچکردنی دانیشتووان دەکرێ لەژێر فشاری داگیرکردنی سەربازیدا.

***

دەرچوون (تسریح) لە خزمەتی سەربازییەوە

سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی

١٩٢٥/٥/٢٦

ئەنگۆرە، ٢٦ی مانگ– ڕەجەب بەگ، وەزیری بەرگریی ئیشتیمانی چووە بۆ قۆنیە. وەزیر بە ڕۆژنامەی (حاکمیتی میللی)ی ڕاگەیاندووە:

بڕیار دراوە کە یەدەگەکان تەسریح بکرێن و سەربازگیریی بەشەکی–یش هەڵبوەشێنرێتەوە. فەرمانێکی تایبەتی، لە لایەن سەرۆکایەتییەوە ڕاستکراوەتەوە و بەم زووانە بڵاو دەکرێتەوە. ئامادەسازی بۆ دەرچوون لە خزمەتی سەربازی ماوەیەکی زۆرە دەستی پێکردووە. لە بارەگەی سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپاوە سەردانی قۆنیە دەکەین بۆ پشکنینی ئەو کاروانە سەربازگیرییە هاوپشتیانەی کە دەستنیشان کراون بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە لە ئەنجامی دەرچوون لە خزمەتی سەربازی لە یەکەگەلی هێزەکانی ناوچەکانی ئۆپەراسیۆن دروست دەبێت.

دەزانین کە ئەوە تەنیا یەدەگەکان نین کە لە خزمەتی سەربازی دەردەچن، بگرە ئەوانەش کە لە دەستەکانی ١٣١٦ و ١٣١٧دا بانگکرابوون بۆ خزمەتی سەربازی و، خزمەتی یەک ساڵ و نیوی خۆیان تەواو کردووە، لە خزمەتی سەربازی دەردەچن. یەکەکانی هێزەکانمان لە ناوچەکانی ئۆپەراسیۆنەکەدا، دەشێ کەم بکرێنەوە بۆ خوار ئەو ئاستە پێشبینیکراوەی کە بۆ دەورانی ئاشتی پێویستە. دوای دەرچوون لە خزمەتی سەربازی، پێشتر لەناوچە ڕۆژئاواییەکاندا سەربازگیری نوێ ڕاهێنراون بۆ ئەو ناوچانە، ئەوانە ئەو سەربازگیرانەن کە ئێمە دەچین بیانپشکنین.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٩**

سەرکردایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا – بیرۆی دووەم

ڕاپۆرتی زانیاری (تورکیا): ژمارە ١٥٦

نوسخەی ژمارە: ٢

نامیلکەی ژمارە: ١

١١ی ئاداری ١٩٢٥

(نهێنی)

گرتنەبەری ڕێ و شوێنی سەربازی لەبارەی بزووتنەوەی چەکداری کوردەوە

کۆنفرانسی سەرکۆمار لەگەڵ سەرۆک ئەرکانی گشتیی سوپا

سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی

١ی ئاداری ١٩٢٥

(غەزەتە)

ڕۆژنامەکان ئاماژە بە چاوپێکەوتنی زۆری نێوان غازی و سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپا دەکەن.

***

سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی

١ی ئاداری ١٩٢٥

(ئیستانبوڵ)

دەنگدان بۆ پشتینەیە

ئەنگۆرە، ٢٨ی مانگ– لە کاتی سێیەم دانیشتنی ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانی، سەرۆکی ئەنجوومەن فەتحی بەگ، پرۆژە یاسایەکی پێشکێش کرد لەبارەی پەسندکردنی بودجەیەکی خێرا بۆ داپڵۆسینی بزووتنەوەی گەنجە و داوا کرا دەمودەست گفتوگۆی لەسەر بکرێ، پێشنیازەکە پەسند کرا و و بودجەیەکی سەربار بە بڕی ٢٤٥ هەزار لیرەی تورکی دەنگی بۆ درا.

***

سەربازگیری لە ویلایەتە هاوسێیەکانی ناوچە ڕاپەڕیوەکەدا ڕاگەیەندرا

سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی

٢٦ی شوباتی ١٩٢٥

هەوالنامەی کێبڕکێ

(ئیستانبوڵ)

ئەنگۆرە، ٢٥ی مانگ- سەربازگیری لەو ویلایەتانەی کە هاوسێی ناوچە تەنراوەکەن، پێنج دەستە بۆ خزمەتی سەربازی بانگکراون.

***

سەربازگیریی بەشەکی لە ئەدەنە

سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی

١ی ئاداری ١٩٢٥

لە ئەدەنە، دەستکراوە بە سەربازگیریی دەستەکانی ١٣١١ و ١٣١٥ بۆ خزمەتی سەربازی. فەرمانکارەکانی حکوومەت لەم خزمەتی سەربازییە بەخشراون. ئەم بانگکردنە بۆ ئەوەیە هاوپشتی لە کاراییی ڕەوشی ئاشتیدا بکات. دەسەڵاتدارانی سەربازیی دەستیان کردووە بە دەستبەسەرداگرتنی ژمارەیەکی زۆر ئەسپ و ماشین.

***

سەرچاوەیەکی چاک

١٩٢٥/٣/٦

ئەفسەرانی یەدەگی ناوچەی ئەسکی-شەهر داوا کراون سەردانی بیرۆی سەربازگیریی خۆیان بکەن.

(ماویەتی)

هەوالنامەی ئیتێب

پەراوێزەکان:

* Sarrou


وێنەیەک بۆ:

-سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا (بیرۆی دووەم) ٣ نوسخە

- سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا (بیرۆی دووەم/ دەزگای زانیاری)

-باڵوێزخانە

١. لە وەزارەتی شەڕی فرانسا بە قەڵەمی دار نیشانەی پرسیار خراوەتە بەردەم ئەم پەرەگرافەوە، وەک ئەوەی زانیارییەکان جێگەی گومان بن (وەرگێڕ).



AMBASSADE DE FRANCE
L'ATTACHÉ MILITAIRE

MINISTERE DE LA GUERRE
30 Juin 1925
CABINET DU MINISTRE

Constantinople, le 22 Juin 1925

N° I 4 I / A.M.

Le Lieutenant-Colonel SARROU
Attaché Militaire en Turquie
à

Monsieur le PRESIDENT DU CONSEIL,
MINISTRE DE LA GUERRE - ETAT-MAJOR
DE L'ARMEE - 2e BUREAU
PARIS

E.M.A. 3 OCTOBRE 1925 CABINET

s/s concours matériel
des Soviets aux Turcs
pendant les opérations
de CHEMDJ

J'ai l'honneur de vous envoyer les renseignements suivants que m'a donnés l'Attaché Militaire de POLOGNE, venu d'ANGORA à CONSTANTINOPLE pour y passer quelques jours.

Les Turcs auraient reçu de la part des Soviets un concours matériel pendant leurs opérations dans la région révoltée de CHEMDJ.

Ce concours se serait traduit par la remise de 60 mitrailleuses, 8 canons et quelques avions avec le personnel nécessaire.

Ces renseignements proviendraient, d'abord, des nouvelles publiées par un journal turc de STAMBOUL et, ensuite, des informations qui ont été fournies à VARSOVIE.

.....

Destinataires
E.M.A.-2°Bureau 3 ex.
E.M.A.-2°Bureau S.R.
Ambassade

- E.M.A. -
- 2e Bureau A -
Arrivé le 1 JUIL 1925
N° d'ordre 3576 2/11-A

هەواڵنامەی کتێب

En échange de ce concours , les Turcs auraient promis aux Soviets d'accorder certains avantages par traité de commerce, des facilités douanières et une rectification des frontières du côté de KARS .

L' Attaché Militaire de POLOGNE a déclaré qu'il n' a pu obtenir confirmation de ces renseignements . Il doute de la valeur de ceux-ci, d'autant plus qu'il lui semble difficile que les Turcs aient pu admettre , en pleine opération, le concours du personnel étranger, alors qu'ils ne le supportent pas facilement en temps de paix, et qu'ils ont, en matière d' aviation, assez de personnel turc instruit depuis ces derniers temps. Cela lui paraît d' autant plus invraisemblable qu'ils redoutent une action communiste dans leur armée, et qu'ils mettent tous leurs soins à surveiller celle-ci en territoire Turc. /.



Cplo.

Page : 1

Exemplaire No

Fascicule No 1

Le 5 Juin 1925.

# I.- R E N S E I G N E M E N T S

# M I L I T A I R E S -

## I.- RENSEIGNEMENTS MILITAIRES AU SUJET DU MOUVEMENT INSURRECTIONNEL KURDE.

Capture de sacs postaux par les rebelles dans la région de MALAZGHIR.

Source 15e/s/25.

Dépêche de MALAZGHIR à la Direction des Postes à CONSTANTINOPOUL.

Vos deux courriers No 94 et 95 du 20 Avril et du 1er Mai 1925 ont été capturés par les brigands.

La situation dans la région de l'insurrection.

Source presse du 14 au 20/5/25.

Du 14 au 20 Mai la presse a signalé les captures de divers chefs rebelles et quelques actions de police surtout dans les régions de DIYAR-VIRANCHEHIR - et dans la région de LIDJE-MANI- montagnes au Sud de SILVAN.

Le désarmement de la population est presque complètement terminé . Le Ministre de l'intérieur a déclaré que la situation était très satisfaisante et qu'il entreprendrait son voyage d'inspection en Juillet.

Enfin le Commissariat de l'intérieur vient de prendre un décret instituant une censure postale très sévère dans les vilayets orientaux et dans les zônes de l'état de siège (1).

NOTA :- En résumé la répression est terminée. On passe actuellement à la 2ème période du plan l'installation de l'administration civile et la reprise en main des populations sous la pression de l'occupation militaire.

(1).- Voir Bulletin de presse 15e.

هەواڵنامەی کتێب

Cple.

Page : 2

Exemplaire No

Fascicule No 1

Le 3 Juin 1925.

La démobilisation.

Source presse
26/5/25.

ANGORA,26.- REDJEB boy ministre de la Défense Nationale est parti pour KONIA . Le ministre a déclaré au " HAKIMIET-i-MILLIE " :

Il est décidé de démobiliser les réservistes et de supprimer la mobilisation partielle. Un décret spécial ayant obtenu la ratification du Président, sera publié bientôt à cet effet.

Les préparatifs de démobilisation ont déjà commencé depuis assez longtemps. En compagnie de KIAZIM pacha quartier maître général du chef d'Etat-Major ,/nous rendons à KONIA pour inspecter à leur passage les convois de renforts qui sont destinés à combler les vides qui se produiront dans les effectifs des troupes de la zône des opérations par suite de la démobilisation.

/nous

On sait que ce ne sont pas les seuls réservistes qu'on démobilise mais aussi ceux des conscrits des classes 1316 et 1317 qui ont achevé leur service d'un an et demi.

Les effectifs de nos troupes dans la zône des opérations pouvaient tomber au dessous du niveau prévu pour le temps de paix après la démobilisation on expédie dans cette zone de nouveaux conscrits qui ont déjà été exercés dans la zône occidentale. Ce sont ces conscrits que nous allons inspecter (1).

## II.- C O M M A N D E M E N T -

Décès du Colonel RIFAAT boy.

Source presse
"JOURNAL D'ORIENT-15/5/25.

DIARBEKIR, 13 (C.n.c.p.).- Le Colonel RIFAAT boy, commandant de brigade, vient de mourir à l'hôpital .

N O T A :- Le Colonel RIFAAT boy commandait l'I.D/41.-

(1).- Nota : Voir A/S. des renforts envoyés aux unités du C.A. de l'Est le présent C.R. pages

# لە عەمانەوە بۆ ئامێدی
# یان
# گەشتێک لە کوردستانی باشووردا

عەلی سیدۆ گەورانی*

## بەشی شەشەم

بەشی دەیەم

### کۆیە "کۆی سنجەق"

لە ٣٠ ی تەمووزدا هەولێرم بەرەو خۆرهەلات، بەرەو کۆیە بە یاوەریی چەند هاوڕێیەکی باش بەجێ هێشت، لە دەیەم کیلۆمەتردا بە گوندی (کەسنەزان)دا ڕەت بووین کە دوندێکە تیرەیەک لە عەشیرەتی گەردی لەتەک سەرچاوەیەکی پڕئاوی سازگاردا بنیاتیان ناوە. ئینجا ئۆتۆمبێلەکەمان دوای ئەوە بە ناو دۆڵی خانێ–دا ڕەت بوو زەوییەکە وردە وردە بەرەو بەرز بوونەوە دەچوو و کە گەیشتینە کیلۆمەتری بیستەم لەبەردەماندا گردەیلێکی بە گژوگیا دەرکەوتن کە سەرەتای ناوچەی چیاییە و هەر کە سەرکەوتین دیمەنی (بەردەباز) هاتە بەردەممان کە دەڕوانێتە سەر دەربەندی گۆم ئەسپان کە میر محەمەدی گەورە، بە کۆر محەمەد پاشا ناسراوە، قەڵاتێکی بنیات ناوە حکوومەتی عێراقی نۆژەنی کردووەتەوە و بە هێزێکی پۆلیس قایمی کردووە. ئەم دەربەندەش و چیای سەفین لە پشتەوەیدا، ناوچەی عەشیرەتانی خۆشناو لە ناوچەی عەشیرەتەکانی گەردی(١) جیا دەکاتەوە، ناوچەی گەردیش کە ئەمێستا پێیدا دەڕۆین لە دەشتێکی بە لەوەڕ بەناوبانگدایە و، یەکەمینی گوندەکانیان کە ڕەتمان کرد (ئەشکەفت سەقا) بوو و لە ٣١ و نیوەمین کیلۆمەترایە، ئینجا گوندەکانی باقلان و ئاریان و تەرگینا و دێگەڵەی بە دوادا دێ و ئەمیان بە سروشتەکەی لەوانی دی جیایە کە بووەتە دوو بەش، بەشێکیان زستانەهەوارە کە لە ناو دۆڵەکەدایە و

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

بەشێکیشی هاوینەهەواری کە لەسەر چیادا دروست کراوە، بەڵام دێیەکانی تر، هەر هەموو لە دەشتدان و ناوچەی گەردی لە دێی دێگەڵەدا کۆتاییی دێ، ئینجا زەوی و زاری عەشیرەتی کوردی و، یەکەم دێیان گۆمەتاڵە، کە لە پەنجاهەمین کیلۆمەترایە، ئینجا باوەقوب و ئەرمۆنە (دەبێ هەرمۆتە بێ!!) کە ئەمەیان دانیشتووانی کلدانن و تاکە گوندی کوردستانی باشووری کە زەیتوونم تێدا بینی. لەبەرامبەریدا و لە چەپی ڕێیەکەدا گوندی تۆبزاوە–یە کە دوا گوندێک بوو، بەر لەوەی بچینە ناو کۆیە، پێیدا ڕەت بین.

## کۆیە " کۆی سنجەق"

شارێکە لەسەر گردگەلێکی پاندایە و بنیاتەکانی لە خشتی کاڵ بوون و، ٧٥ کیلۆمەتر لە هەولێرەوە دوورە. لە خۆرهەڵاتەوە چیای هەیبەت سوڵتان و لە خۆراوادا چیای باواجی و لە باکورەوە چیای میرسیدۆش و بەشێک لە ڕووباری کۆیە. ئەم ڕووبارەش بەلای خۆرهەڵاتی شارکەدا دەڕوا و ئەو باخچانە ئاودەدا کە ماوەیەکی نێزیکەی سێ سەعات دەبێ و لە دوو لای باکور و خۆرهەڵاتەوە دەورەی شار دەدا. شارەکەش پتر لەلای باشوورەوە دەکرێتەوە کە دەشتی کۆیەی تێدا ڕادەکشێ. شارەکەش ناوەندێکی گەورەی تووتنە کە لە گوندە جیاجیاکانەوە تێیدا کۆ دەبێتەوە و ئینجا دەنێردرێ بۆ بەغدا و ئەو بڕەشی کە هەنارە دەکرێ بە شەش یەکی تووتنی عێراق دەخەملێنرێ و ئەم شەش یەکەش شەش پێنجەکەی تر تەواو دەکا کە سلێمانی هەناردەی دەکا. ژمارەی دانیشتووانی شار دەگاتە شەش هەزار، هەموویان کوردن تەنیا ٣٠ مالێکی کلدان و ٣٠ی جوو نەبێ، کوردەکانیش لە شاردا بە سەر سێ چیندا دابەش دەبن:

١) خانەدانان، کە دوو تایەفەی حەوێزی و غەفوورین.

٢) پیاوانی ئاین کە نەقشبەندین.

٣) بازرگانەکان.

حەوێزی عەشیرەتێکی گەورەیە دەچێتەوە سەر "حەوێزئاغای بالی"ی یەک لەو حوکمدارانەی بە ناوی بابان–ەکانەوە حوکمی کۆیەیان کردووە. هەروەها حاجی بەکر ئاغاشیان بەناوی سۆرانەوە لە سەردەمی کۆر محەمەد پاشا، کە ئەوە دەسەڵێنێ کۆیە جێی هێرشەکانی بابان و سۆران بووە و بەهێز دەستیان بەسەردا گرتووە. لەسەردەمی حاجی بەکر ئاغاشدا تاعوون بڵاو بووەتەوە و بەشێکی زۆری لە دانیشتووانی شارەکە لەناو بردووە و، ئەم ئاغایەش باپیری جەمیل ئاغای قایمقامی ئێستایەتی.

غەفووری–ش دەچنەوە سەر غەفوور ئاغا و، لە مانەش حەمە ئاغا کە ئینگلیزەکان ساڵی ١٩١٨ بە قایمقام لەسەر کۆیەیان دانا و، جەمیل ئاغاشیان بەیاریدەدەری دانا. لە ساڵی ١٩٣٠ی زایینیشدا حەمە ئاغا لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا مرد و جەمیل ئاغایان لە پۆستەکەیدا دامەزراند و

لەڕێی ئەمیشەوە زانیم بە ناوبانگترینی ئەو عەشیرەتانەی سەر بە کۆیەن ئەمانەن:

(١) میر یووسفی کە لە بیست و یەک گونددا نیشتەجێیە و بەناوبانگترین کاریان چاندنی تووە و ڕەزە.

(٢) کەلوی.

(٣) لەک.

(٤) مەنتک.

بازاڕ:

لەگەڵ کاکە مەحموودی خانەخوێماندا چوومە ناو بازاڕ و سەیرم کرد بازرگانانی هەر جۆرێک لە لایەکدا کۆبوونەتەوە. جۆرە سەرەکییەکانیش ئەمانەن:

(١) کالاّ کە زۆربەی دەستکردی ئێرانن.

(٢) زینچیێتی و ئامرازەکانی ولاّخ و پێویستییەکانی.

(٣) پیلاّو.

(٤) چەک.

جوولەکەکانیش زێڕنگەڕێتی و خمچیێتی و کەلانەکانیش تەونچیێتی و کوردەکانیش بازرگانی بە هەر چوار جۆرەکە دەکەن بە تایبەتی سێ جۆری دواییان.

لە بازاڕ گەڕاینەوە و چووینە مالّی مامۆستا سەعید فەهیم بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ و بە بەڕێوەبەری قوتابخانە و تاقمێک لە مامۆستایان و لەوانەم زانی کە قوتابخانە بەرینە و لە دوو نهۆم پێکهاتووە، لە شوێنێکدا بنیات نراوە لە شوێنێکی چاک بۆ تەندروستی و لە شەش پۆل پێکهاتووە و ژمارەی قوتابییانی دەگاتە (٢٤٠) قوتابی و مامۆستایانی شەش کەسن و خوێندن بە زمانی کوردییە، زمانی عەرەبیش وەک زمانێک دەخوێنرێ هەر وەک ئینگلیزی و هەرچەندە لە پۆلی یەکەمەوەوە دەخوێنرێت و ئینگلیزیش لە پۆلی پێنجەمەوە بۆ قوتابییان زەحمەتترە، هۆی زەحمەتییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شێوەی کتێبەکانی خوێندنی عەرەبی و بابەتەکانیشی لەگەڵ دەروونی قوتابییاندا ناگونجێ، بۆیە دەبینی لە ئینگلیزیدا بەهێزترن لەبەر شێوەی کتێبەکانی خوێندنی ئینگلیزی و نێزیکیی بابەتەکانیان لە دیدیانەوە. هەروەها دیدەوانیی نوێ خراوەتە قوتابخانەکان دوای ئەوەی تەگەرە زۆرەکان لابراون لەڕوویدا، کە پیاوانی ئاین دەیوروژاند و ژمارەی دیدەوانان لەم ساڵدا (٨٧) دیدەوانن بەسەر هەشت پێشەنگدا بەش کراون و ساڵ بە ساڵ بە پتر بوونی بەرەو ڕووی خوێندن هاتنی دانیشتووان ژمارەکە لە زیاد بووندایە.

## هاوینەهەواری ئاوی چنارۆک

هەندێک برادەر پێشنیازیان کرد بچینە دەشتوبان و سەر لە هاوینەهەواری ئاوی چنارۆک بدەین، ئەسپی کوردی "کدیش"مان بۆ ئامادە کرا، ئەسپی کوردیش لە ئەسپە عەرەبییەکان بەهێزترن و تیژترن لە غاردان لە چیاکاندا و شێوەیەکیشی هەیە جیاکردنەوەی لە هی دیکە ئاسانتر دەکا. سواری ئەم ئەسپانە بووین و رێنیشاندەرێکمان کەوتە پێش و بەرەو خۆرهەڵاتی بردین و دوای کەوتین و بەسەر چیای هەیبەت سوڵتانی بەرزدا سەرکەوتین کە بەرزییەکەی دەگاتە (١٠٦٨) مەتر لە سەرووی ڕووی دەریاوە و لە لووتکەیەوە بەسەر کێوە بەرزەکانی کوردستانی خۆرهەڵاتماندا ڕوانی، رێنیشاندەرەکە ئاماژەی بۆمان کرد لە هاتنە خوارەوەدا پیادە بین لەبەر لێژاییی زۆری ڕێگە و پێچەکانی، بە گوێمان کرد و بەسەر زەوییەکی خۆڵ سووری ئاسنیندا ڕێمان کرد و بە کانی تووڕەش–دا ڕەت بووین کە کانیاوێکە لە بن بەردێکەوە هەڵدەقوڵێ کە بەرامبەری دانیشتین بۆ حەسانەوە کە دوا قۆناخ بوو، دوای ئەوێ گەیشتینە چنارۆک–ی هاوینەهەواری کۆیە و بووینە میوانی حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندیی جەلیزادە، کە پیرەمێردێکی بەڕێزە بە کوردی شیعر دەهۆنێتەوە، پەسنی چنارۆک و گوندەکانی دەوروبەری لەم دێرە شیعرەی خوارەوەدا بۆ کردین کە هۆنراوەی خۆیەتی:

هەناری نازەنین و خۆخی هیران و سێوی شەقڵاوی

بە حەقەت جەننەتولعەدنن چنارۆکیش لەبەر ئاوی

دوای ئەوە لە ئاخاوتن بەردەوام بوو و ئاماژەی بۆ تاقگەیەک کرد کە بە تاقگەی (ڕەسوڵ پاشا)ی ناو برد، هەروەها گوتی "ئاوی ئەم تاقگەیە بەهاران زیاد دەکا و هاوینان کەم دەکاتەوە و دوای ئەوەی لە کێوی بەرزەوە دێتە خوارێ –کە لە لاپاڵیدا دانیشتبووین– دەچێتە باخچەکان و دەیاندێرێ. ئەم پاشایەش کە تاقگەکەی دەدرێتە پاڵ (ڕەسوڵ پاشای بابان)ـە و لە شەڕەکانیدا لەگەڵ عوسمانییەکاندا بارەگەی لە نێزیک سەرچاوەی تاقگەکەوە دادەنا بۆیە بە ناویەوە کرا، بەڵام پاشا ئەم شوێنەی ئەوەندە بە سەخت نەزانیوە و چووەتە چیای (ئاوە گرد) کە بەشێکە لە چیای سەفین. لێرەشدا فریو درا و بە دیل کەوت و بۆ ئاستانە (ئەستەمبوڵ) دوور خرایەوە. لە نێزیکی ئەم تاقگەیەشدا کانیاوێکی دیکە هەیە لە نێو دار سماق و هەرمێ کێوی (کانی خاتوون)ی پێ دەڵێن و دەدرێتە پاڵ هاوسەری ڕەسوڵ پاشا. پیرەمێردەکەمان دواتر لە باسەکەیدا چووە سەر ئەو ناوچە چیاییەی لە لووتکەی چیای هەیبەت سوڵتانەوە بینیمانن و دەستی بە باس کردنیان کرد و گوتی: "بەڵی خۆرهەڵاتی باکوردا بڕوانن چیاکانی کوردستان لە بەردەمی خۆتاندا دەبینن کە بەرەو بەرز بوونەوە دەچێ و بەیەکدی تەریب درێژ دەبنەوە و هەمووش بە گژوگیا داپۆشراون و نێزیکترین زنجیرە کە دەیبینن چیای شێخ دەرد–ە، کە نزمترینی چیاکانە و کەمترین گژوگیای پێوەیە، بەڵام بۆ لەوەڕی هاوینە و زستانە دەوڵەمەندترینیانە، دوای ئەو چیای ماکۆک دێ کە بە

بەڕووی شـیـرین بەناوبانگە و بەلای باکـوریدا چیـای کـارۆخ دەردەکـەوێ و بـەرزترین لووتکەی (هەندرێن)ـە و بەرزییـەکـەی دەگـاتە (٢٦٢٥) مـەتر لـە سـەرووی ڕووی دەریاوە. لە باشـووریشـدا دەست بە نزمبوونەوە دەکا و بەرزترین بەرزاییی لە "سەرنەگۆڕ"دا دەگاتە (٢٥٩٨) مەتر و لەوپەڕی باشـووردا ئەم چیایە بەسـەر دەربەندی (زارتاو) دەکرێتەوە و گوندی شـیبان–ی لێیـە و لەوێشـەوە دەشـتی بیـتوێن دەست پێ دەکـا، کـە دەشـتێکە، ئەم گوندە، سـنووری باکوریەتی و زێی گـچکەش باشـووریەتی و درێژییـەکەی بە ١٠ سـەعات و پانییـەکەی بە پێنج سـەعات دادەنرێ و لە سنووری خۆراوایدا بە ئاوی (گۆمەگا)دا ڕەت دەبێ کە لە دێی سماقولیی لاپاڵی چیای ئاوەگرددا هـەڵدەقوڵێ و ئاوی (سەروچاوە)ی پێدا دەڕوا کە کانیاوێکە لە گوندی سەروچاوەدا هـەڵدەقوڵێ و دانیشـتووانی لە عـەشیرەتی بڵـباسن کـە لە عـەشیرەتە کۆچەرەکانن کـە هاوینان لە چیای قـەندیل و زسـتانان لە دەشـتی بیـتوێندا ڕادەبوێرن و ژمـارەی مـاڵەکـانیـان بە نێـزیکـەی (٦٠٠) مـاڵ دادەنرێ. هەردوو ئاوەکەش دەڕژێنە زێی گچکە و دەشتەکە بەشێوەیەک ئاودەدەن کە دانیشتووانی زۆر هان داوە ڕوو لە چاندنی برنج بکەن.

لە خـۆرهـەڵات و خـۆراوای ئەم دەشـتـەشـدا چیـاکانی ڕانیـە هـەیە کـە بەشـە تەواوکـەری زنجیـرە چیـای کـارۆخ–ە و دوای ئـەو کـێـوە بڵـندەکـانی قـەندیل دێ کـە هاوین و زسـتـان بـەفـری لێ کـەم نابێتەوە."

ئەم کێوانەی دەیانبینین لە ڕاسـتیدا کۆتایی زنجیـرە چیای تەریبن ژمـارەیان شـەش چیایە، بە سـەرە لە هـەیبەت سـوڵتان–ەوە بیانگرین کە یەکـمیانە و کۆتاییی چیای پیرمـام، زنجیرەی دووەم چیای سـەفین کە چیای ئاوەگرد بەشێکیەتی و زنجیرەی سێیەم چیای حـەریرە و چیای شێخزەرد بەشێکیـەتی و زنجیرەی چوارەم چیای (کربەک) کە چیای ماکۆک بەشـێکیەتی و زنجیرەی پێنجەم چیای کارۆخ و ڕانیـە و زنجیرەی شەشـەم چیای قەندیلی بڵـندە و بەرزیی لە حـاجی برایمدا دەگاتە (٣٤٨٦) مـەتر لەسـەر ڕووی دەریاوە، کـە لەسـەر سنووری ئێـران–عـێـراقـدایـە. خـانەخـۆێ ئەو چیایانەی بۆ ژمـاردین کـە باسـیـان لێوە کرا و بـۆ بەرزاییـەکـانیان چوومـەوە سـەر نەخشـەیەکی ئینگلیزی لەبارەی کوردستانی باشوورەوە بۆ دابەشکردنیان بەسـەر زنجیرەکانیاندا چوومەوە سـەر کتێبی جوگرافیای تێکرایی عێراق.

## بەناوبانگترینی گوندەکانی کۆیە

داوام لە مـامۆستا سـەعید فـەهیم کرد زانیاریم بداتێ لەبارەی بەناوبانگترین گوندەکانی کۆیە و بۆی نووسیمەوە و ئینجا بۆی خوێندمەوە بۆ ئەوەی گۆکردنیان بزانم و ئەوا وەک ئەوەی وەرمگرتن دەیاننووسمەوە:

کـرۆژ _ دێیـەکـە دوو سـەعـات لە باکـوری خـۆراوای کـۆیـەوە دوورە و لەسـەر دۆڵێکدایە لە ڕۆخی چۆگایەکی بچووکدا ناوی (باسـەلم _ ڕووبار کرۆژ)ـە، کە بەشی سەرەوەی ڕووباری گۆمەگایە. ئەم

دێیە بە زۆریی ئاوی گۆگردداوی بە ناوبانگە کە لە گردێکی نێزیکیەوە هەڵدەقوڵێ، هەروەها بە خەڵووزی بەردین بەناوبانگە کە لە قیراژ–دا هەیە.

سماقولی گەلی – دێیەکە ٤٠ خولەک لە باکوری کرۆژەوە دوورە لە تەک دۆڵێکی قووڵدا _ کورد بەم جۆرە دۆڵانە دەڵێ گەلی _ کە ناوبانگی پێ دەرکردووە و دانیشتووانی لە عەشیرەتی هیزۆپ–ن و لە دروستکردنی ڕەژوو و هەناردەکردنی کەتیرەدا کار دەکەن کە لە دارستانەکانەوە کۆی دەکەنەوە و بۆ کۆیە و مووسڵی دەنێرن کە لە چنیندا بەکار دەهێنرێ، لە وەرزی کشتوکاڵدا خەریکی چاندنی برنج دەبن.

جەلی _ گوندێکی بچووکە لەسەر ڕووباری کرۆژ و دوو سەعات و نیو بەرەو باکور لە کۆیەوە دوورە. مەلا محەمەد –کە لە چنارۆکدا خانەخوێمان بوو– خەڵکی ئەم دێیەیە، خەڵکەکەی لە چاندنی تووتن و کۆکردنەوەی کەتیرەدا کار دەکەن، ئاوی گەرمی گۆگردایی لێ زۆرە و لە وەرزی خۆشۆردندا ژمارەیەکی زۆر لە دەشتەکییان دێنە ئەوێ.

نازەنین _ دێیەکە لە لاپاڵی چیای سەفین بە باخچەگەلی زۆر و دارستانی عەرعەر ڕازاوەتەوە. ژمارەی ماڵەکانی ١٢٠ ماڵن، خەڵکەکەی لە جووتیاریی بێستان و میوە فرۆشتندا کار دەکەن و دەکەوێتە چوار سەعاتی باکوری کۆیە.

هیران _ دێیەکە لەلاپاڵی چیای سەفین و بە باخچە و دارستانی عەرعەر و سەرو ڕازاوەتەوە. ئەم گوندەش دوو بەشە: هیرانی دێیە ڕەسەنەکە و پلینگان. دووبەش بوونەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی دوو برا لە سەریان، کە جیا بوونەتەوە خەڵکەکەش بوونەتە دوو تایەفە هەر لایەکیان سەر بە برایەکن و سەرۆکی هیران کاک مستەفایە و ٤٥ ساڵی تەمەن هەیە و زانایەکی ئاینی و شاعیرە بە زمانی کوردی دەنووسێ و پارچەگەلی ئەوتۆی هەن کە هەندێک لە شاعیران لە هەندێک شیعری حافزی شیرازیی شاعیری بەناوبانگی ئێرانی هاوشێوەی بەباشتر دەزانن. ژمارەی ماڵەکانی هەر دوو بەشەکە ٤٠٠ ماڵن. دانیشتووانی تووتن دەچێنن و بە فرۆشتنی بەروبووە چیاییەکانی وەک کەتیرە و مازوو و بەڕوو و دارەوە خەریکن.

خۆران – دوورترینی گوندەکانی کۆیەیە لە باکوری خۆراوادا و هەشت سەعاتی لێوە دوورە. لە ناو دۆڵێکی قووڵایی کەمدایە، بەرامبەر چیای سەفین. ژمارەی ماڵەکانی ١٥٠ ماڵە، دانیشتووانی لە عەشیرەتی میر یووسفیی یەک لە تیرەکانی خۆشناون.

تەقتەق _ تاکە ناحیەیەکە بە قەزای کۆیەوە پەیوەستە، دانیشتووانی نێزیکەی پێنج سەد کەسن، بایەخی بەوە پتر بووە کە کەوتووەتە سەر زێی گچکە و خەڵکەکەی بە بەلەم تووتن بۆ بەغدا دەگوازنەوە.

ڕانیە _ ناوەندی قەزایە و بە لیوای هەولێرەوە پەیوەستە و پێنج سەعات بەلای باکوری خۆرهەڵاتەوە لە کۆیە دوورە و لە دەشتی بیتوێندایە. دوو کانیاوی لێ هەڵدەقوڵێن، یەکیان لە

وەرزەکاندا وشک دەکاتەوە و ئەوی دییان کە (قولە)ی هەمیشەڕەوە. گردێکی کۆنیشی لێیە دەڵێن لەشکرە ئێرانییەکان دروستیان کردووە و لە شێوەی پلیکانەییدا خانوویان لەسەر بنیات ناوە و لە گردەکەی هەولێر دەچێ. لە نێزیک ئەم گردەوە چیایەکی تازەپێکهاتووی بەرز هەیە دەگەڕێتەوە دەمی چوارەمی جێۆلۆجی، پێی دەڵێن چیای "کونە سەی". دانیشتووانی ڕانیە سەر بە عەشیرەتەکانی بڵباس و پژدەرن و بەناوبانگترین بەرهەمیشیان برنج و تووتنە.

خدران _ ناحیەیەکە لە ناحیەکانی ڕانییە، کە دێیەکی بچووکە لەلاپاڵی گردێکدایە لە نێزیک چۆگەی خدراندا کە ئاوەکەی دەڕژێتە جۆباری گۆمەگا. ژمارەی ماڵەکانی دەگاتە ٤٠ ماڵ هەر هەموو دانیشتووانی بڵباسن بە چاندنی برنج و تووتنەوە خەریکن. بڵباس لە عەشیرەتە کوردە ڕەوەندە بەناوبانگەکانە و ماڵەکانیان لە دەوروبەری ٦٠٠٠ ماڵێکدایە.

سەنگەسەر – دێیەکە لە دێیەکانی ڕانییە، لەسەر گردێکدایە دەڕوانێتە زێی گچکە، خانووەکانی تازە دروست کراون ژمارەیان دەگاتە ٢٥ ماڵ و هەموو دانیشتووانی لە عەشیرەتی مەنگوڕن و سێ سەعات و نیو لە خۆرهەڵاتی ڕانییەوەیە.

سەرکەپکان _ دێیەکی بچووکە، هەموو زەوییەکانی سەختن، لە دۆڵێکی نێو دوو چیا و گردێکدایە پێی دەڵێن کلکەی نەمروود، ژمارەی ماڵەکانی ٧٠ ماڵە و دانیشتووانی لە عەشیرەتی مامەند ئاغان، یەک لە تیرەکانی عەشیرەتی ئاکۆ. بەناوبانگترینی بەروبوویان تووتن و برنج و بەرهەمە چیاییەکانە.

## وتەیەک لەبارەی مێژووی کۆیە – (القی)

ناوی میرنشینیی کۆیە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هاتووە و یەکێک بووە لە میرنشینییە سەختەکانی زێ، بە زۆری میرەکانی لە سۆرانەکان بوون (سۆهران)، کە دەسەڵاتی بابانەکان یان سۆرانەکانی ڕواندز فرەوان بوونەتەوە نەیتوانیوە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ، جارجار دەکەوتە بەر دەستی بابانەکان و جارناش بەر دەستی سۆران. لە شوێنەوارەکانی سەردەمی میرنشینیی قەڵایەکە حکوومەتی عێراق وەک مۆڵگەی سەربازانی بەکار بردووە و تەنیا شوێنەوارەکەی نەبێ شوورەکەی هیچی لێ بەجێ نەماوە.

*

بەشی یازدەیەم

## هەولێر – مووسڵ

### ڕێی نێوان هەولێر و مووسڵ ٣ی ئاب

ڕۆژی دووی ئاب لە کۆیە گەڕامەوە و هاتمەوە هەولێر، سەرلە بەیانیی ڕۆژی سێیەم من و مامۆستا ڕەفیق حیلمی بڕیاری چوونمان دا بۆ مووسڵ، ئۆتۆمبیلێک بردمانی و بەر لە ڕاگوزاری لە دەوروبەری شاردا لەبەردەمی ماڵی شوفێرەکەدا وەستا و چووە ژوورەوە بۆ ئەوەی ڕۆن بهێنێ، کە هاتە دەرەوە هاوسەرەکەی لەگەڵدا بوو، سەیرێکی کردین و بە کوردی پێی گوت "کرێی کەم لە غەریبەکە وەربگرە – کە ئاماژەی بۆ من کرد – غەریب خەرجیی زۆری لە دووڕەولاتدا دەوێ"، ئەویش وای کرد لەگەڵماندا کە گەیشتینە مووسڵ.

ئۆتۆمبیل ئێمەی برد بەرەو باشووری خۆراوا بە دەشتی بەپیتی هەولێردا ڕۆی و پۆلە سوێسکەی لێ بوو، هەر وەک لە ڕێی هەولێر _ کۆیەدا هەبوو، بە زۆرییان ئاسمانی پڕ کردبوو و بە منارەیەکی کۆندا ڕەت بووین لە سەردەمی عەباسییاندا بنیات نرابوو و، بەشی سەرەوەی ڕمابوو، ئینجا بە ئاشگەلێکی ئاودا و دواتر گەیشتینە (عەرەب گوندی)، کە گوندێکی شینایی زۆر و ئاو زۆر. هەموو ئەو دێیانەی لە دوو لای ڕێدا تا ڕێی گەورە بینیمانن دانیشتووانیان لە عەشیرەتی مامەند–ی کوردن کە بەپێی ڕیزبەندیی بینینمان ئەمانە بوون: جەمیکە، بەمبیز، یارمجە، خەزنە، دهێمات، تورجان، قادرییە، عەباسییە، پێوەڕەبەر، تێەمشوولە، زاگە و زۆربەیان لە دەشتی شەمامۆکی بە لەوەڕ و زاوەکەیەوە بەناوبانگە. دانیشتووانی زۆرتر بەو ئاژەڵە ماڵییانە، بە پەروەردەیانەوە خەریکن مانگایە. دوای زاگە بە سێ گوندی عەرەبیدا ڕەت بووین کە هوێرە و مەرجییە و دەرراج–ن. ئینجا گوندەکانی ماوەند دەستیان بە دەرکەوتن کرد و بە دێیەکانی جوروە و ئەبوشیتە و گامێش تەپەدا ڕەت بووین کە لەمیاندا پردێکی نوێ دروست کراوە و ڕێیەکەی تا مووسڵ خۆش کراوە و هەندێکیان قیرڕێژیش کراون. دوای دوو سەعات لە دەرچوونمانەوە لە هەولێر، دواتر لە گوێڕ وەستاین لەسەر زێی گەورە.

گوێڕ_ ناوەندی ناحیەیەکە لە ناحیەکانی قەزای مەخموور، پێنجەمین قەزای لیوای هەولێر، لە سەر ڕۆخی زێی گەورەدا هەڵکەوتووە و ناوەندی عەشیرەتەکانی دزەییە کە بە دەوڵەمەندترینی عەشیرەتە کوردەکان دادەنرێ لەبەر ئەوەی زەوییەکانی لە نێوانی دوو زێدایە. ماوەند و (ماسان) دوو تیرەن لە تیرەکانی[٢]. نانی نیوەڕۆمان لە گوێڕ خوارد و هەندێک حەساینەوە، ئینجا زێمان لەسەر کەڵەکێکی لە دار دروستکراودا بڕی و لە ڕێکردنماندا بەردەوام بووین بۆ مووسڵ لە ناوچە کوردییەکەی تەنیشت دیجلەدا. لە بڕوای ئاینیدا دانیشتووانە کوردەکەی لە کوردەکانی دیکە جیان، ئەمانە دوو تایەفەن شەبەک و ساریلی. شەبەکیش لە شیعە زیادەڕۆکانن و ئیمام عەلیی

کورِی ئەبو تالّب پیرۆز ڕادەگرن و لە زۆربەی ئاهەنگەکانیاندا بەشداریی تایەفەی ئێزیدییان دەکەن و ژمارەیان بەپێی ئەوەی لە تێکڕای جوگرافیای عێراق–دا هاتووە بە ١٢ هەزار کەس دادەنرێ. بە دوو گوندیشیاندا ڕەت بووین _خدر ساتلّی و ئەمەریکان– گوندەکانی دیکەیان لە نێزیک چیای "مەقلووب"دایە کە چیایەکە لە لای باکوری خۆرهەلاّتی مووسلّەوە، نێزیک شوێنی بەیەککگەیشتنی ڕووباری کومل و خازر کە هەردووکیان دەڕژێنە ناو زێوە. ئەم زێیەش لەو چیایانەوە هەلّدەقولّێ کە لە نێوانی گۆلەکانی وان و ورمێ–دان لە کوردستانی باکوردا. لە باشووری دێی نەمروودا دەڕژێتە ناو دیجلە و بەرینیی لەو شوێنەدا کە بە لکی خازر دەگا ٨٠٠ یاردە و درێژییەکەشی ٢٠٠ میلە. بەناوبانگترینی لکەکانی خازر و ڕووباری ڕواندز–ە. باوەڕی ساریلی لە باوەڕی شەبەک دەچێ و زمانی هەر دوو تایەفەکە زمانی کوردییە، کە بە هۆی بیروباوەڕیانەوە تاک تاکەی وشەی فارسی و تورکیی تێکەلّ بووە، ئەمەش وا دەکا ئەوەی بۆ یەکەم جار گوێی لێیان بێ بە تایەفەی جیایان دابنێ هیچ پێوەندییەکیان بە کوردانەوە نییە. کە هەلّەیەکی زەقە. دێیەکانی ساریلی نێزیکن لە دێیەکانی شەبەک و بە ناوبانگەکانیان تەل لەبەن و بەساتلّییە و کابارلی و خەرابەی سولّتان–ن.

سەعات سێ گەیشتینە مووسلّ دوای ئەوەی ٦٦ میلمان لە نێوان ئەوێ و نێوانی هەولێر بڕی و لە ئوتێلێکدا دابەزیین خاوەنەکەی ئەرمەنی بوو، کەم ئوتێل لەم شارەدا هەیە ئەرمەنی و کلدانیی لێ نەبێ.

مووسلّ – ئێوارە، کە پلەی گەرما هاتە خوارەوە لە ئوتێل چوومە دەرەوە، بەدوای مووسلّییەکدا دەگەڕام لە عەممان دادەنیشت، سواری عەرەبانەیەک بووم بۆ گەڕەکی "باب ئەلەنقووشە"، منی گەیاندە کۆلاّنێک ناتوانێ بچێتە ژوورەوە، عەرەبانچییەکە ئاماژەی پێ کردم بەم کۆلاّنەدا بڕۆم و لە برادەرەکەم بپرسم، بەناو کۆلاّنەکاندا چووم بەدوایدا دەگەڕام تا دۆزیمەوە و سلاّوم لێ کرد و منی بردە مالّەکەی لە "سن کلوب" کە بەرزترین خالّە لە مووسلّدا. لەسەر بان ڕایەخمان بۆ ڕاخرا، دانیشتین قسەمان دەکرد، مووسلّ لەبەردەممانداوەک دەوروبەک بوو و سەرنجم دا ئەم گەڕەکە و گەڕەکانی دەوروبەری وەک: مشاهدە و خاتوونییە و قلیعات و خەزرەج و باب ئەلبەیز–ی سەروو (باب البيض الفوقاني) و باب ئەلبەیزی خواروو و زوورییین، لە ڕووناکیی کارەبا بێبەشن کە بەهەموو شارەکەدا دەدرەوشایەوە و هۆی ئەمەش بۆ دانیشتووان خۆیان لێک دەدرێتەوە، کە خاوەنی قەفتان و عابا و کووفییەن و نەریتیان بازرگانییە بە مەڕ لەگەلّ دەشتەکی و کۆچەرەکان و کەمتر بایەخ بە خوێندن و فێر بوونی منداڵانیان دەدەن و بە خۆشی ناڕوانن ئەوانەی قاتە جل دەپۆشن هەر وەک کۆچەرەکان بەرامبەر شارەکییاندا دەکەن.

دوای نوێژی خەوتنان من و برادەرە مووسلّییەکەم چووینە قاوەخانەیەکی گەورە لە نێزیک ئۆتێلەکە و دوورەپەرێز دانیشتین کە ڕۆلّە مووسلّییەکان قایل نەبوون دوور دانیشین، خۆیان لە غەریب نێزیک دەکەنەوە و حەز لە دواندنی دەکەن، هەندێک لە بازرگانانمان لێ کۆبوونەوە و دەستیان بە قسە کرد. زۆربەیان باسی فەلەستین و بزووتنەوەی زایۆنیزمیان دەکرد، ئینجا لەوە

دوورتر چوون و کوردیان له عێراقی باکوردا چون زایۆنیستەکانی فەلەستین لێ کرد و هەموو تووڕەیی خۆیان ڕشتە سەر سەریان، لە ڕاستیدا کورد لە عێراقدا لە ولاتی خۆیاندا نیشتەجێن کە پێی دەگوترێ باشووری کوردستان و ئەوە نووسەرانی عەرەبن پێی دەڵێن عێراقی باکور. ئەمەش لە باشووردا لە مەندلییەوە هەڵدەکشێ و هێڵێک لە عێراقی عەرەبی و دەوارنشینیی شام (بادیە الشام) جیای دەکاتەوە بە سەر لووتکەکانی چیای حەمرین–دا دەڕوا، ئینجا دەگاتە دیجلە تا مووسڵ و لەوێوە بەرەو خۆراوا بۆ شنگار (سنجار)، ئەوەی لە خۆرهەلاتی ئەم هێڵەوەیە کوردە و ئەوەی لە خۆراوایدایە عەرەبە. کوردەکان جگە لە ولاتی خۆیان داواکارییان نییە و لە جیاتییشی ئارەزووی شوێنی دیکە ناکەن، لە دێر زەمانەوە نیشتیمانیان بووە و دەستیشی پێوە دەگرن، وەک هی دیکە داوای ئازادانە بەیانی و ئێوارە دەست بە ولاتەکەیەوە بگرێ و شەمالەکانی ئازادیی لێ هەلبمژێ. لەگەڵ ئەم بازرگانانەدا درێژەم بە قسە نەدا و چوومە سەر بابەتگەلێکی بازرگانیی کۆمەلایەتی کە پێوەندیی بە شار و شتی دیکەوە هەیە و ئەوە نییە دەمەقاڵێ بخولقێنێ.

ڕۆژی دووەم لەگەڵ مامۆستا ڕەفیق حیلمی–دا بەپێی بەرنامەیەک کە ڕێکمان خستبوو بۆ سەیری شار و شوێنەوارە دێرینەکان لە دەوروبەردا. ئەوا بەم جۆرە ئەانەی خوێندمن و بینیمن کورتیان دەکەمەوە:

مووسڵ– شارێکی گەورەیە لەسەر ڕووبەری لای ڕاستی دیجلەدا بنیات نراوە، کوردستان بە عێراقی عەرەبی و دەوارنشینی شامەوە دەبەستێ و دانیشتووانی لە نێو نەوەت و سەت هەزار کەسدایە زۆربەیان موسڵمانن، لە دیانەکانیش کلدان و سریانی نەوەی ئارامییان و ئاشوورییە کۆنەکان و ئەرمەنییە دووڕولاتییەکانی[3] تێدایە. لە کەمینەکانیش سابیئیی پەیڕەوانی یەحیای پێغەمبەر و جوولەکەی لێیە. زمانە سەرەکییەکەی شار عەرەبییە، زۆربەی دانیشتووانیش زمانی کوردی دەزانن چونکە مووسڵ بازاڕی کوردستانە. کوردەکان بەردەوام پێوەندییان پێوەی هەیە و قاوە و شەکر و کاڵای هیندستان و ئەوروپای لێ هاوردە دەکەن و، گەنم و جۆ و تەختە و داری هێزم ومافوور و ڕایەخ و سەرپۆش و دەرمانی پێستە خۆش کردنی وەک مازوو و تووکڵە هەنار و کەتیرە و شتی واڵە، هەروەها مێوژ و میوە و مەڕمەڕ و بۆرەک و مەڕ و بزن و پێستە و خوری و ڕۆنەکانیان و تووتن و چنراوە مەرەزەکان.

ئەو کوردانەی ئەم بابەتانەشیان بۆ هەناردە دەکەن دانیشتووانی ناوچە کوردییەکەی نێو زێی گەورە و خابووری دیجلەیە. مووسڵ میوە و هەنگوین و ڕایەخ و مافوور و سەرپۆش و بەشێک لە بابەتەکانی پێستە خۆشکردن بەکار دەبا و مەڕ و بزن هاناردەی ولاتی شام دەکا، هەروەها ئەو پێستە و خورییەی لە خوری دیکە لە چنینی بەرماڵ و کاڵای خوریی بەهادار باشترن هەناردەی ئەوروپا و ئەمەریکا دەکا، بەڵام دانەوێڵە هەناردەی بەغدا دەکا. مووسڵ هێشتا ناوەندە پیشەسازی و بازرگانییەکەی خۆی ڕاگرتووە، هیچ شارێک لە شارەکانی عێراق لە چنراوە خوری و لۆکەیی شان لە شانی نادا و بەناوبانگترینی کارگەکانیشی ئەو کارگەیەیە مستەفا چەلەبیی سابوونچی

ڕۆی ناوە، کە لەو ماوەیەی لەوێ بووم توانیم سەر لە کارگەی چنین و بازاڕی زێڕنگەران بدەم. بەشە زێڕەکەی بەدەست جوولەکانەوەیە و زیوەکەی بەدەست سابیئەوەیە و بەشە زێڕنگەرییەکەی قسەی لەبارەوە ناکرێ کە ئاستی لە زێڕنگەریی سووریا نزمترە، بە تایبەتی زێڕنگەریی دیمەشق کە بە وردەکاری و جوانیی بەرزترە، بەڵام کاری زیوەکەی، لە هەموو خۆرهەڵاتی عەرەبیدا کەس ناگاتە سوببییەکان.

گرینگیی بازرگانێتیی مووسڵ ئەوسا دەردەکەوێ کە دەزانین ناوەندی گرینگترینی هێڵەکانی بازرگانییە لە خۆرهەڵاتی نێزیکدا. کە بە کەنداوی فارس و دەریای سپیی ناوەڕاست و بە هێڵی ئاسنین بە حەڵەب–ەوە پەیوەستە و ڕێیەکی خۆشکراویش بۆ ئۆتۆمبێل بە تەورێز "تەبریز"ی ئێرانەوە دەبەستێ بە هەولێر و ڕواندز و شارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستاندا ڕەت دەبێ. ئەوەشم لە بیر نەکرد سەر لە حەمامی عەلی یان "حەمامی عەلیل"ی باشووری شار بدەم، کە گەرماوێکی ئاوکانزاییی گەرمە خەڵکەکە خۆیانی تێدا دەشۆرن بۆ چاکبوونەوە لە نەخۆشییەکانی پێست، هەروەها لە کانەکانیەوە قیری تێکەڵ بە نەوت دەردەچێ و دەڕژێتە ناو ڕووباری دیجلەوە.

نەینەوا– کەلاوەکانی نەینەوای پایەتەختی ئاشوورییان لەسەر ڕۆخی لای چەپی دیجلەدایە و شوێنەوارەکانی لە گۆڕەپانێکی فرەواندا لەسەر دوو گرد بڵاوبوونەتەوە: گردی قۆیونجق کە گردێکی دیارە لە باکور و گردێکی دیکە لە باشووردا، گوندی پوونس "یۆنان"ی پێغەمبەری لەسەر دروست کراوە و پرۆفیسۆر (ڕاگوزین)ی دانمارکی (کتێبی ئاشوور) لەو بڕوایەدایە ئەو نەهەنگەی پوونسی پێغەمبەری قووت داوە شتێکی جیا لە نەینەوای لە وشەی "نونو" تێکدراوی سریانی نییە کە واتەی نەهەنگ یان ماسی دەگەیەنێ. مێژووی نەینەوا دەگەڕێتەوە بۆ (٢٠٠٠) ساڵی پ. ز. ئاشوورییان لە سەردەمی شا سەنحاریب و نەوەکانی لە ساڵی (٧٠٥–٦١٢ی پ. ز) کردوویانەتە پایەتەختی خۆیان و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا شاندە ئینگلیزی و فەرەنسییەکان دەستیان بە دەرخستنەوەی کەلاوەکانی کرد، شوێنەوارە دۆزراوەکان گوازرانەوە مووزەخانەی بەریتانی ئینجا شوێنەواری دیکە برایە مووزەخانەی ئاستانە (ئەستەمبوول) و مووزەخانەی لووڤەر لە پاریس و گرینگترینی ئەم شوێنەوارانە گایە باڵدارە سەر مرۆیانەکانە، کە لەسەریاندا بە نووسینی بزماری شتێک لەبارەی ژیانی ئەو شایە نووسراوە کە بنیاتە دۆزراوەکەی تێدا ڕۆناوە. یەکەم کەسێکیش ساڵی (١٨٤٢ ز) ئەم گایانەی دۆزییەوە مسیۆ بووتا–ی کۆنسولی فەرەنسی بووە لە مووسڵ، هەر ئەویش گواستنیەوە مووزەخانەی لووڤەر.

## ڕێکخراوە کارگێڕییەکانی لیوای مووسڵ

ئەم لیوایە لە نۆ قەزا پێکهاتووە حەوتیان کوردن و یەکیان تورکمانە کە تەلعەفەر (تەلەعفەر – تەل ئەعفەر) و یەکێکی دیکە عەرەبە کە قەزای مووسڵە و ئەمەی خوارەوە خشتەیەکی ئەو قەزا و ناحیانەیە کە پەیڕەویی دەکەن:

| | قەزا | ناحیە |
|---|---|---|
| ١ | عمادییە | "ئامێدی" ئامێدی "نێروەڕێکان" بەرواری بالا |
| ٢ | دهۆک | دهۆک، دۆسکی، مزووری بالا |
| ٣ | عەقرا "ئاکرێ" | ئاکرێ، عەشائیرسەبعە[٤] |
| ٤ | زێبار | بیرەکەپرە |
| ٥ | زاخۆ | سلێڤانی، سندی، گولی |
| ٦ | شێخان | ئەلقۆش، باسفنی، بەعشیقە |
| ٧ | سنجار | سنجار، ئەلشیمال |
| ٨ | مووسڵ | مووسڵ، شۆرە، قەرەقۆش، شرقات، حمێدات، تلکێف |
| ٩ | تەل عەفەر "تلەعفەر" | تلەعفەر، زوممار |

*

بەشی دوازدەهەم

## مووسڵ – دهۆک – ئامێدی

### مووسڵ – ٤ی ئاب

هەوالنامەی کتێب

مامۆستا ڕەفیق حیلمی ئێوارەی دوێنێ پێشنیازی کرد سەر لە ماجید بەگی قایمقامی ئامێدی بدەین، کە بۆ جێبەجێکردنی کارێکی حکوومەت هاتبووە مووسڵ، چووینە لای لە ئوتێل لەگەڵ ئەحمەد بەگی بەڕێوەبەری ناحیەی ئامێدی و عەبدوڵڵا ئەفەندیی عەزیز–ی بەڕێوەبەری ناحیەی دهۆک بینیمان و ئاشنایەتیمان لە گەڵدا پەیدا کرد و ماجید بەگ ئاماژەی بۆ کردم، بەڵکو سووریش بوو کە سەرلە بەیانیی ڕۆژی دووەم لەگەڵیاندا بچمە ئامێدی و هەرواش بوو. لە سەعات ١١.٤٠ی ٤ی ئابدا ئۆتۆمبیل بردینی بەرەو باکور و لە نێو دوو کیلۆمەتری پێنج و شەشدا بە سێ گونددا ڕەت بووین، یەکەمیان دێیەکی سابوونچی بوو و دووەمیان دێیەک بوو کەنیسەی مار گۆرگیس–ی لێ بوو و سێیەمیان دێی ڕەشیدییە بوو و باخچەگەلی لە دەوروبەردا زۆر بوو.

لە نێزیکی کیلۆمەتری چواردەهەمدا لەلای دەستەڕاستی ڕێگەکەدا (تلکێف) مان بینی، کە ناحیەیەکی کلدانیی گەورەیە بەڕێوەبەرێکی کلدانی بەڕێوەی دەبا. ئەوەی شایەنی باس بێ لەم دواییانەدا دانیشتووانی کەنیسەیەکیان بنیات ناوە ٣٨٠ هەزار ڕوپیەی تێچووە. شارۆکەکە لە ناوەڕاستی دەشتێکی کشتوکاڵیی بە پیتدایە، بە نایابیی گەنم و جۆیەوە بە ناوبانگە. لە بیست و

سێیەمین کیلۆمەتردا گەیشتینە گوندی (فلێفل) و هەندێک لەلای مەخفەرەکەیدا وەستام و ئینجا لە ڕێماندا بەردەوام بووین و بە دوو گونددا ڕەت بووین بە دەستە ڕاستی ڕێگەکەوە بوون هەر یەکەیان بە پانزدە خولەک لەوی دییانەوە دوورن و ئەم سێ دێیانە دانیشتووانیان کورد و ئاشوورین و بە چاندنی گەنم و جۆوە ڕادەبوێرن. کە هاتینە کیلۆمەتری ٣٢، لەلای چەپی ڕێگەکەوە دوو دێی (منارە) و (تەل عەدەس)مان بینی کە دانیشتووانیان شەبەکن. لە کیلۆمەتری ٣٦دا بە دێیەکی ئێزیدیدا ڕەت بووین و دوای ئەوە لە کیلۆمەتری ٣٨دا بە گوندی (تەل مەسمی)دا، لە کیلۆمەتری ٤٢شدا پردی (بوقاق)مان بڕی کە لەسەر دۆڵێکدا بوو سنووری یەکلاکەرەوەی دوو قەزای مووسڵ و دهۆک–ە.

دوای ئەوە بە چوار دێدا ڕەت بووین دواییناین (فایدە)ی عەرەبی بوو لە کیلۆمەتری ٥١دا، مەخفەرێکی پۆلیسی لێیە. دوای ئەو لە کیلۆمەتری ٥٣دا لە لای ڕاستی ڕێگەوە (گری فەهم)ی ئێزیدی بوو، لە کیلۆمەتری ٦١دا گوندی (ئالووکا) لە دۆڵێکدا جۆگەلەیەکی پێدا دەڕوا بێستانە کەمەکانی ئاو دەدا و دانیشتووانی کورد و ئاشوورین و ڕێگەکەی لێوە دوو ڕێ، لکێکی بۆ زاخۆ و لکێکی بەردەوام دەبێ بۆ دهۆک و ئامێدی.

ئۆتۆمبێلەکەمان لەسەر پردێکەوە بە دۆڵەکەدا ڕەت بوو و ڕێی باکوری خۆرهەڵاتم گرت بۆ دهۆک و سەعات ٢.١٠ گەیشتینە ئەوێ دوای ئەوەی ٧١ کیلۆمەترمان بڕی و کە گەیشتین پلەی گەرمای تێدا ٨٥ی فەهرنهایەت بوو.

## دهۆک ٥ی ئاب

دوێنێ دوای ئەوەی گەیشتین بووینە میوانی مەککی بەگ–ی قایمقانی شارۆکەکە و لە ماڵیدا نانی نیوەڕۆمان خوارد و هەلم دەست کەوت و زانیاریی فرەوانم لێ هەڵێنجا دوای ئەوەی زانیاری و بینینەکانم لە شارۆکەکەدا باس دەکەم ئاماژەی بۆ دەکەم.

دهۆک – ناوەندی قەزایە و لەسەر گردەیلێکی نزمدا بنیات نراوە، هەندێکیان ڕووتن و هەندێکیان گژوگیایەکی سووکەڵەی بەسەرەوەیە و بەرزدەبنەوە و تا لە شارۆکەکە دوور دەکەوێوە دەبنە چیا تەنیا لەلای باشوورەوە نەبێ کە دەبێتە دەشتایی و تا لێی دوور دەکەوێتەوە بەرینتر دەبێ. دهۆک لە جێگەوتە جوگرافییەکەیەوە لە ڕواندز دەچێ و لە دۆڵەکەیدا بۆستان زۆرن و تا دووریی دوو سەعاتە ڕێ درێژ دەبێتەوە و خاوەنانی بێستانەکان باخچەکانیان لە ئاوی ڕووبارۆکەیەکی بەردەوام بە خوڕ ئاو دەدەن، ناوی ڕووباری دهۆکە. مەککی ئەفەندی کە لە تەک کانیاوەکەدا بووین بۆی باس کردم کە یەک لە ئەندازیاران بەڵێنی داوە شارۆکەکە بە هێزی ئەم ئاوانە ڕووناک بکاتەوە.

بەهەر لایەکدا دەڕوانی، دەبینی ڕەزی ترێ بە چیا و گرد و دۆڵەکاندا بڵاوە، ئەوەش دەبینرێ

هەوالنامەی کێتێ

خـانووەکـانـی شـارۆکـەکـە هەندێکیـان بە خـشـتی کـاڵ و هـەندێکیـان بە بەرد بنیـات نراون، میـچەکانیشیان بە گشتی نزمن و بە دار داپۆشراون کە لە دارستانەکانی دەوروبەردا زۆر زۆرە. لەکاتی گەڕاندا ئەوەی لە دەرەوەی شارۆکەکەدا سەرنجی ڕاکێشام بنیاتێکە لە خانووەکانی دیکەی شـارۆکـەکـە جـیـا بوو، لەسـەر گـردێکی بڵنددا ١٠ خـوولەکی لێـوە دوورە لە بـەری باشـووری خۆرهەڵاتیدا، پـرسیـارم لەبارەیەوە کرد پێیان گوتم میوانخانەی فەرمانبەرانە، چوومە ئەوێ و لە ناوەوە سـەربازێکم بینی ڕێی دام ژوورەکـانی ببـینم و گـوتی: "ئینگلیـزەکـان ئەم بنیـاتـەیان ڕۆنا سـەرەتا بۆ ئـەفسـەرانیان بۆ ئەوەی حـەسـانەوە و خـواردنی بەچێـژی تێدا وەدەست بهێنن، ئـینجـا دوای ئەوە حکوومـەتی عێراق کردییە خانوویەک فەرمـانبـەرانی خـۆی لێ دابەزن کە بە کارێکەوە دەردەچنە گوندان و بە خـەو و خـۆراکیـانەوە گوندییەکان سـەخڵـەت نەکەن، فـەرمـانبـەر بۆ خـەو و خـواردن ڕۆژی ڕوپیـیـەک دەدا، منیش پاسـەوانیی دەکـەم و ژمـارەی ئەو ڕۆژانە تۆمـار دەکەم کـە فـەرمـانبـەری لێ دەمـێنێـتـەوە و دەینێـرم بۆ فـەرمـانگەکەی و بەهـای خـواردن و نووسـتنەکـەی لە مـووچەکـەی دەبڕن. لە هـەر ژوورێکدا کـوانوویەک و چـارپایەی نووسـتن و مـێـز و دۆڵابی جلوبەرگ هـەیە، ژمارەیان بەپێی قەوارەی ژوورەکان دەگۆڕێ. بەڵام ژووری دانیشتن بە بوونی چەند کتێبێکی ئینگلیزی و کورسیی ئینگلیزی جیایە".

دوای ئەوە گـەڕامـەوە بازاڕ لێم دەکـۆڵـیـەوە و دەستم بـە پیاسـەی ناو داڵانە داپـۆشراوەکان کرد تەمـاشـای کـەلپـەلە دانراوەکـانم دەکـرد، زۆربـەشـیـان جلی کـوردین کـە بە تەونی مـیللی لە ناو شارۆکەکەدا لە مووی مەڕەز دەچنرێ، بەرگی کوردییش لە قەزا کوردییەکانی باکوری زێی گەورەدا لە بەرگی ئەو لیوایانە جیان کە لە باشوورییەوەن، کە لەوێ بڕیتییە لە پانتۆڵێکی وەک چارلستۆن و هەندێک بەرینـتر پێی دەگوترێ (ڕانک) و پاڵتۆیەک پێی دەگوترێ (چوگڵ!) لە باشـووریشـدا ڕانک دەبێـتـە شـەلوار (شـەرواڵ). لەو شـوێنانەشـدا کـە کـورد بە عـەرەبەوە پەیوەسـتن دەبێـتـە قـەفـتـان. بەگشتیش کورد لەسەرپێچ لەسەرکردندا ڕێکن، ئەگەرچی شێوەکانیان جیایە و کورد نەبێ کەم کـەس ئەوە دەزانێ. سـەرپێـچـیـش بەسـەر کـلاوێکی لبـادی قـووچـەک شـێـوەدا دەبەسـتـرێ یان لە ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگ. کەمی واش هەیە گۆرەی خوری و پێتاوی لەپێ نەبێ و ئەمەش یان لە موو یان لە پێستە دروست دەکرێ.

## بەشە کارگێڕییەکان

مەککی بەگ گوتی: "قەزای دهۆک وەک کارگێڕی بەسەر سێ ناحیەدا دابەش کراوە:

(١) دهۆک، ١٠٠ دێی پەیوەستە.

(٢) مـزووری، کـە ناوەندەکـەی دێی ئەتروش–ە و ژمـارەی مـاڵەکانی دەگـاتـە ٣٠٠ مـاڵ و ژمـارەی گوندەکانی سەر بە ناحیەکە ٢٠٠ گوندە.

(٣) دۆسکی و، ناوەندەکەی گوندی مانگێش–ە و ٩٠ گوندی پەیوەستە.

## دانیشتووان و باری کۆمەڵایەتی

دانیشتووانی دهۆک کاری کشتوکاڵی دەکەن و، جلوبەرگی نیشتیمانی دروست دەکەن و بازرگانی دەکەن، ژمارەیان دەگاتە ٤٠٠٠ کەس لەمانە ٢٥٠یان جوو و ٣٥٠یان کلدان و ئەوانی کە کوردن. جوولەکە و کلدانەکان پیشەی چنین و ڕستنیان بەدەستەوەیە و ٢٠ تەونیان هەیە بۆ چنینی شاڵ و شەپک، کە پۆشاکی فەرمیی نێو کوردەکانی باشووره. ئەوەی بە تەونی کلدانەکان دەچنرێ لەلایەن سفتی و باشییەوە لەوانە پەسندترن کە بە تەونی جوولەکان دەچنرێ.

تاوانەکان: لە ناو بازنەی قەزادا تاوانی کوشتن و دزی کەمە، بەڵام تاوانی هەڵگرتن (ڕەدووکەوتن) زۆرە کە لاوێک گیرۆدەی کێژێک دەبێ کە دەزانێ کەسوکاری کێژەکە نایدەنێ دەیڕفێنێ، ئەمەش ئاسان و سانایە لەبەر نەبوونی ڕووپۆشی (حیجاب).

ئەم جۆرە دۆزانەش نە دادگە شەرعییەکان و نە دادگە فەرمییەکان (نیزامییەکان) سەیریان ناکەن. بەڵکو دەنێررێنە دادگەی عەشایەر و دۆزەکە بە زۆری بە قایلکردنی خێزانی کچەکە، ئەویش بە بەخشینی گوزارەیی و پێدانی شیربایییەک کە لەگەڵ ئاستی خێزانەکەدا بگونجێ.

قوتابخانەکان: دهۆک دوو قوتابخانەی لێیە، یەکێکیان شەش پۆلی بۆ نێرینەکان و ئەوی دیکە دوو پۆلییە بۆ مێیینان، بەڵام لە گوند و ناوەندەکانی ناحیەکاندا ژمارەیان بە گشتی کەمە. لە ناوەندی ناحیەی دۆسکیدا قوتابخانەیەک هەیە و لە ناحیەی مزووری دوو قوتابخانە یەکیان لە ئەتروش–ی ناوەندی ناحیەدایە و دووەمیان لە گوندی (بێدا) و لە سیمێل–یش یەک لە گوندەکانی سەر بە شارۆکەی دهۆکدا قوتابخانەیەک هەیە. کە ئەم قوتابخانانەش دوو پۆلین.

سەرژمێری: تەها هاشمی سەرژمێری قەزای دهۆک دەکاتە ٣١٨٦١ کەس بەپێی ئەو سەرژمێرییەی لە دوو ساڵی ١٩٢٧ و ١٩٢٩دا ئەنجام دراون بەڵام ئەم سەرژمێرییانە سەرژمێریی عەشیرەتە ڕەوەندەکانی نەگرتووەتەوە و ئەم ژمارەیەش ساڵی ١٩٣١ گەیشتە ٣٤٠٠٠ کەس کە ئەو ژمارەیەیە قایمقامی شارۆکەکە وای داناوە. بەڵام من گومان لە دروستیی ئەم ژمارەیە دەکەم. چونکە کە کارێکی نێزیکخەرەوە دەکەی بەوەی کە ژمارەی ئەو گوندانەی لە قەزاکەدا هەن و ژمارەی نێزیک خراوەی ماڵەکان لێکدەدەیتەوە دەبینین ئەم ژمارەیە زۆر کەمە.

بەپێی قسەی قایمقام ژمارەی گوندەکانی ئەم قەزایە دەگاتە ٣٩٠ گوند و ژمارەی ماڵەکانی گەورەترین گوند ٣٠٠ ماڵە و ژمارەی بچووکترین گوند لە ٢٠ ماڵ کەمتر نییە، ئەگەر ڕێژەی ناوەندیی (تێکڕایی) ژمارەی ماڵەکان بە ٣٠ ماڵ دابنێین کە لە خوارەوەی ڕێژەدایە، بۆ هەر ماڵێکیش پێنج کەسمان دانا کە لە سەرژمێرییە گشتییەکاندا بەوەندە دادەنرێ بۆمان دەردەکەوێ ژمارەی دانیشتووانی هەموو گوندەکانی قەزا ٥٨,٥٠٠ کەسن، ئەگەر ٤٠٠٠ کەسی دانیشتووانی دهۆکیشیان بخەینە سەر، ژمارەکە دەبێتە ٦٢,٥٠٠ کەس کە ژمارەی دانیشتووانی ئەم قەزایە بەوەندە دادەنێم.


بەروبوو_ بەهـای ئەو مـیـوە و تـرێ و دانەوێلّـەیەی ئەم قـەزایە بـۆ مـووسـلّی هـەنارده دەکـا بە ١٥٠ ,٠٠٠ ڕوپیە دادەنرێ جگە لە تەختە و دار و مەڕ و خوری.

## عەشیرەتە ناوداڕەکان

ئەو عەشیرەتانەی نیشتەجێن: مزووری و دۆسکی–ن، یەکەمیان تاکەکانیان لەو ناحیەیە دادەنیشن کە بە ناویانەوەیە، دووەمیان ناحیەی دۆسکی–یان لێ پێک هاتووە. عەشیرەتی شەرەفانی–ش هەیە کە عەشیرەتێکە کۆچەرایەتی دەکا و هاوین لە خاکی زۆزان لە باکوری کوردستان و زستانان دەگەڕێتەوە قەزای دهۆک. بەڵام ئەمڕۆکە باری سیاسیی ئەم دواییانەی نێو دوو حکوومەتی تورکیا و عێراق ڕێی چوونە ناوچەی تورکیان لێ گیراوە و بەمەش لەوەڕگەیان لەدەست داوە و بایەخیان کەم بووەتەوە.

## دهۆک – ئامێدی

ئەمڕۆ (٥ی ئاب) سەعات دە و نیو دهۆکمان جێهێشت بە ناو (ڕووباری دهۆک)دا ئۆتۆمبێلەکە ئێمەی بەرەو باکوری خۆرهەڵات بەرز کردەوە کە چیاکان دەستیان بە بەرزبوونەوە کرد و دارستانەکان چڕتر بوون، بە ئاوەدانیی ڕێی بە گوندان دەروون ئاسوودە بوو، یەکەم گوندێکیش کە بینیمان لە کیلۆمەتری یانزدەی دوای دهۆکدا بوو سندوور، کە ماڵەکانی لەسەر گردێکی بەرزدا بنیات نرابوو لە لاپاڵیدا باخچە و ئاوی سازگاری زۆر هەبوون، ژمارەی ماڵەکانی تێدا ٢٥ ماڵە



ڕێی (ئامێدی – سواڕەتووکان)

هەموو دانیشتووانی جوون. لە چیاکانی دەوروبەریدا کە لکێکی (چیاسپی)یە، خەڵووزی بەردین–ی زۆر لێیە. زنجیرەی (چیاسپی) بە خۆیشی پێی دەوڵەمەندە، دوای سێ کیلۆمەتریش بە گوندی (بادی)دا ڕەت بووین کە بە پەسنە سروشتییەکانی لە گوندی پێشەوە دەچێ بەڵام دانیشتووانی کورد و ئاشوورین.

لە کیلۆمەتری ١٨شدا دارستانەکانی سنۆبەر (سنەوبەر) بەدیار کەوت و بەسەر هەموو دارەکانی دیدا زاڵە. دێی (زاوێتا)ش بە ناوەندی ئەم دارستانە دادەنرێ سنووری لێک جیاکەرەوەی نێوانی دوو قەزای دهۆک و ئامێدییە و دانیشتووانی کوردن و حکوومەت قوتابخانەیەکی دوو پۆلیی لێ دروست کردووە، هەروەک زاوێتە دوو قەزا لێک جیا دەکاتەوە، دوو زنجیرە چیاش لێک جیا دەکاتەوە یەکیان لەلای دەستەڕاستی ڕێگاوەیە و عەشیرەتی مزووریی لێ نیشتەجێن، دووەمیان بە دەستە چەپی ڕێگاوەیە و عەشیرەتی دۆسکیی لێیە و لە نێوانیاندا لە سەرەڕێدا گوندی (کرێ گاوان) هەیە. لە کیلۆمەتری ٤٠دا هاتینە (سوارا تووکا) کە یەکەم مەخفەرە لە قەزای ئامێدیدا و وشەی (سوارا تووکا) لە (سوارا تورکا)وە گۆڕاوە و واتەی سوارانی تورک دەگەیەنێ و هۆی ناولێنانیشی ئەوەیە کە لەشکری میرانی بەهادینان–ی لێ، لەگەڵ لەشکری تورکدا بە یەکدا چوون و شکستی تەواوی پێیان گەیاندووە، کوردەکانیش بەوە تۆماریان کرد کە ناویان لێ نا سواراتورکا بۆ ئەوەی بەردەوام یادی بەزینی تورکان لەبەردەم لەشکریاندا بکەنەوە. سەربەرەو ژوور چوونمان تا سواراتووکا بوو کە لەوێوە ڕێگەکە هەندێک دەستی بە لێژبوونەوە کرد ئینجا ڕاست بووەوە بەڵام لە نێزیک ئامێدیدا گەڕایەوە سەر بەرزونزمی. دوای سوارا لە ڕێماندا بەردەوام بووین و بە گوندەکانی: گورامار و ڕوستنیک و سەرسەنگ–دا ڕەت بووین. لێرەدا ئۆتۆمبێلەکە ڕایگرتین گەڕایەوە دواوە بۆ مووسڵ لەبەر ئەوەی نەیتوانی لە ڕۆیشتندا بەردەوام بێ. بڕیارمان دا لە خێوەتگەی ئەو کرێکارانەدا بمێنینەوە کە ڕێی ئامێدییان دەکردەوە. سەرسەنگیش دێیەکە دانیشتووانی ئاشوورین و لە ٤٥ ماڵدا دادەنیشن و قوتابخانەیەک و کەنیسەیەکیان هەیە. قوتابخانەکەش هی تایەفەی خۆیانە و ژمارەی قوتابییانی ٥٠ قوتابییە، وانەی زمانانی ئاشووری و ئینگلیزی و عەرەبیی تێدا دەخوێنرێ.

لەگەڵ قەشەی گونددا کۆبوومەوە کە ئێوارە دەرچووین و چووینە لاپاڵی چیایەک لە چیاکانی (گارا) و ئاو بەهێز بەنێو دارەکانیدا دەهاتە خوارێ. لەبارەی گوندەوە لەگەڵیدا دوام و لە زانیارییەکانی لەبارەی قوتابخانە و کەنیسە و ژمارەی ماڵەکاندا پشتم پێ بەست، دیمەنی ئەم کەشیشەش کە ئەم وشەیە لەلایەن کوردەکانەوە بە قەشە دەگوترێ، پایەی ئاینیی دەگەیەنێ کە جلوبەرگی لەو بەرگە جیا نەبوو کوردەکان لەبەری دەکەن، جگە لەو شەپقە ئاساییە ئیفرەنجییەی لەسەری نابوو، کە گەیشتینە لای ئاوەکە ئاشوورییەکان لەتەک ئاوەکەدا ڕایەخیان بۆ ڕاخستین، ئینجا ماستاوی ترشیان بۆ هێناین، ئەگەر قسەی قەشە نەبووایە کە لەگەڵیاندا دەدوا لە کوردەکانم جیا نەدەکردنەوە کە جیاوازییان لەگەڵ کوردەکاندا نییە لە جلوبەرگ و دابونەریت و

ڕەنگوڕوویان. سەعاتێکمان لە دەوروبەری ئەو ئاوە سازگارەدا لە ژێر درەختاندا بەسەر برد، هەستم بە جیاوازیی زۆر کرد لەگەڵ کەشی عێراقی عەرەبیدا و ئەم ولاتە جوانە کە بەڕاستی لە جوانترینی هاوینەهەوارە چیاییەکان دادەنرێ لە جیهاندا ئەگەر ئەو بوارەی بۆ بڕەخسێ کە بۆ هی دیکە ڕەخساوە. شەومان لە خێوەتگەکانی کرێکاراندا بەسەر برد، کە ژمارەیان هەزار کرێکار دەبوو و ئەگەر کەش خۆش بووابا پێڵوومان بەسەر یەکەوە نەدەنا لەبەر زۆریی مێشوولە کە لەو ئاوە مەندەدا پەروەردە دەبن لە پاش ئاودێریی کێڵگە برنجەکانی دەوروبەری سەرسەنگدا دەمێنێتەوە.

ئەم دێیە وەک جوگرافیا بە سەرەوژێر کراو بە ئاو دادەنرێ یانیش بە هێڵێکی دابەشکردنی ئاو کە لکی (ئاڤێ سارکا) بەرەو خۆراوا دەچێ و دەڕژێتە ناو خابووری دیجلەوە لە خۆراوادا و (ئاڤێ گارا)ش دەچێتە خۆرهەڵات و دەڕژێتە ناو زێی گەورەوە.

## سەرسەنگ – ئامێدی – (سبنە؟!) ٦ی ئاب

ئەم بەیانییە ئەسپ بۆ ڕاگوزاریمان ئامادە کرا و سوار بووین و سێ سەعات بە نێو دار و دەوەنی داربەڕووردا ڕێمان کرد تا گەیشتینە لای ئامێدی دوای ئەوەی ١٦٠ کیلۆمەترمان بڕی لە مووسڵەوە بەرەو باکور و شارۆکەکەمان لە دوورەوە لەسەر چیایەکی پان و بەرین و سەخت بینی کە پتر لە قەڵایەکی چوارگۆشە دەچوو کە بەشێکە لە چیای (مەتینا) دۆڵی قووڵ قووڵ لە چوار لای جیا دەکاتەوە وەک کردبێتیە چیایەکی سەربەخۆ.

لە لای خۆراوایەوە چووینە ناو شارۆکەوە و لەتوکشوورەی شارۆکەکەدا پیادە بووین و لە ژوورێکدا حەساینەوە ماجید بەگی قایمقامی شارۆکەکە نۆژەنی کردبوو، بۆ پاراستنی ئاو لە ئاژەڵان و لە ئاوە زۆر سارەدەکەیمان خواردەوە، کەوتینەوە ڕێ و لە دەرگایەکی کۆنەوە کە نەقشی فارسیی لەسەر بوو چووینە ناو شار، ئینجا لە ڕێمانەوە بۆ ماڵی قایمقام بە خانەی حکوومەتدا ڕەت بووین کە لە بنیاتەکانی میرانی بەهدینانە و ئێرە کۆتایی قۆناخی باکورمان بوو. ئەوەی لە بانیژەی ئەم ماڵە دانیشێ کە بەردێکی دەرپەڕیوە بە دۆڵی باکوردا دەڕوانێ ڕووبار (زێی ئامێدی) و ئەو باخچانە دەبینێ کە بەناویاندا دەڕوا و ئاویان دەدا و ماڵەکانی دانیشتووان کە بە دۆڵەکەدا بەدەوری کانیاوەکە و باخچەکاندا بلاوبوونەتەوە و هەموشیان لەبەر نزمیی دۆڵەکە بە بچووکی دیارن.

## سۆلاف – (٧ی ئاب)

نانی نیوەڕۆم لەو بانیژەیەدا خوارد و دوای نیوەڕۆ لە دەرگەی خۆرهەڵاتی شارۆکەکەوە کە پاشماوەی شوورەیەکە میرەکانیان بنیاتیان ناوە، چووینە خوارەوە بۆ ناو دۆڵەکە و بە نێو

باخچەکاندا ڕێمان کرد و ئینجا دەستمان بە سەرکەوتن کرد بەسەر چیایەکی دیکەدا بۆ سۆلاف (تاقگە) کە خانوویەکی میواندارییی لێ دروست کراوە، کە گەیشتینە ئەوێ ماجید بەگ ئاماژەی بۆ حەوزێکی چوارگۆشە کرد بۆ مەلەوانیی دروست کردبوو و هەروەها بۆ ڕێیەکی کوڕت کرد کە لە نێو خانووەکە و باخچەکانی کردبووەوە، بۆ ئەوەی ئەم شوێنە بکاتە هاوینەهەوارێک سەردانی ئاسان بێ. ئەو شەوە لە خانووی میواندارییدا مامەوە و هەستم بە سەرما کرد چونکە هەواکە زۆر سارد بوو و لە سەرەتادا پێلووم بۆ لێک نەنرایەوە لەبەر سەرمای زۆر و خوڕەی ئاو لە دەوروبەرمدا، بەڵام کە گوێیەکانم لەسەر دەنگی ئاوەکە ڕاهاتن گوێرایەڵی سوڵتانی نووستن بووم. بەیانی زوو بەئاگا هاتمەوە هەستم بە گورجوگۆڵییەکی تەواو دەکرد و چوومە لای حەوزە ئاوەکە، هەندێک ئەفسەری بەریتانی و کۆمەڵە سەربازێکی ئاشووریم بینی کە سەر بە تیپێک بوون لە (سەر ئامێدی)دا نیشتەجێن کە بەرزترین خاڵە لە چیای مەتینای نێزیک سنووری تورکیدا.

ماجید بەگ دوای تەواو بوونی کار لە فەرمانگەکەیدا هات و پێکەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد و دەستمان بە قسە کرد لە بارەی ئامێدییەوە و ئەوەی لەوم بیست لەمەی خوارەوە جیا نییە:

بەشە کارگێڕییەکان لە قەزای ئامێدی–دا: ئەم قەزایە لەلایەن کارگێڕییەوە دەکرێتە سێ ناحیە:

١) ئامێدی.

٢) نێروەڕێکان.

٣) بەرواری ژوور یان بەرواری باڵا و ناوەندەکەی گانی ماسی_یە.

١) ناحیەی ئامێدی:

لەلایەن کارگێڕییەوە دەکرێتە سێ بەشە ئاوەدانی:

أ) بەرواری ژێر.

ب) سپنە.

ج) بەرێ گارا.

هەروەها ١٧٠ گوندی لەسەرە بچووکەکەیان (گراگو)ە و ژمارەی ماڵەکانی شەشە و گەورەترینیان (بامەڕنی)یە و ژمارەی ماڵەکانی ٣٢٠ ماڵە.

أ) بەرواری ژێر: لە باکورەوە چیای (گارا) و لە باشوورەوە (چیای خێران) و ناوچەی مزووری و لەلای خۆرهەڵاتەوە زێی گەورە و ناوچەی زێبار و لە خۆراواشەوە ناوچەی دۆسکی هاوسنوورین. چیاکانی ئەم ئاوەدانییە بە دارستانگەلی چڕ داپۆشراون بە تایبەتی چیای گارا کە داری مازوو و بەڕووی زۆرن، بەڵام سنەوبەر لە چیاکانی گوندی کانیکای بەرامبەر گوندی ئەتروشدا زۆرە و ڕووباری خازر بەناو ئەم ئاوەدانییەدا دەڕوا و بە ناوی ئەو عەشیرەتەوە ناو نراوە کە لەوێ نیشتەجێن و ئەوەی لە سەرانیانەوە زانراوە ئەرستوکراتییەت و دەسەڵاتی زۆر بەسەر تاکەکانی

هەولێر النامەی کتێب



دوو ژنە گوندیی کورد، لە یەکێک
لە گوندەکانی ئامێدی

عەشیرەتدا، ناودارترینیان سولەیمان ئاغا و محەمەد ئاغای براش–ن. کە ئەمەیانم لە سوارەتووکا بینی و ژمارەی گوندەکانی ئەم ئاوەدانییە ٧٣ گوندە بەناوبانگترینیان دێیسوارە و ژمارەی ماڵەکانی ٩٨ ماڵە و حکوومەت لەوێ مەخفەرێکی هەیە. ئینجا ئەسپیندار و ژمارەی ماڵەکانی ١١٠ ماڵە، دوو قوتابخانەی میللی (ئەهلی)ی کوردانی لێیە ساڵی ١٩٣٠ بنیات نراون و دوای ئەو براش کە ژمارەی ماڵەکانی ٥٠ ماڵە. گوندییەکان لەم ئاوەدانییەدا بەروبووبیان لە تریّ و مێوژ و تووتنی نایاب بە گەنم و برنج لەگەڵ دانیشتووانی دیکەی ئاوەدانییەکەدا دەگۆڕنەوە.

ب) سپنە: هاوسنوورەکانی لە خۆراواوە ڕووباری خابوور و لە خۆرهەڵاتەوە زێی گەورە و لە باکورەوە چیای مەتینا و لە باشوورەوە چیاکانی گارا_ن. ٨٦ گوندی گەورەی لەسەرە، بە گشتی بە گەورەترینی گوندەکانی قەزا و دەوڵەمەندترینیان دادەنرێن. لە زەوییەکانیاندا کشتوکاڵ چاکە و مەڕ و ماڵات زۆرە و بەناوبانگترین چێنراویان پەتاتە و میوە و برنج و گەنم و هەندێک شینایی، کە لە ناوەخۆدا بەکار دەهێنرێن. حکوومەت سێ قوتابخانەی فەرمیی هەیە، یەکێکیان شەش پۆلییە لە شارۆکەی ئامێدیی ناوەندی قەزادا و یەکی دی لە (بامەڕنی) و ژمارەی پۆلەکانی چوارە و سێیەمیان لە گوندی (ئەرەدن)دا دوو پۆلییە. جگە لەم قوتابخانانە ١١ قوتابخانەی ئەهلیی لێیە چواریان هی ئاشوورییەکان و حەوتیان هی کوردانە.

ج) بەرێ گارا: ئاوەدانییەکە ١١ گوندی بەسەرەوەیە لە نێو چیاکانی گارا_دا، ئاو و دارستانی چڕی زۆر لێیە و لە بەناوبانگترینی هاوینەهەوارەکانە و بەناوبانگترین بەرهەمیان تووتنە و وا پێ دەچێ سەرچاوەی پیترۆل و کانی خەڵووزی بەردینی لێیە هەروەک باوەڕ وایە لە ئاوەدانیی بەرواری ژێر–یشدا هەبێ. بۆ سەرچاوەکانی گۆگردیش زۆر زۆرن.



سەرۆکی شارەوانیی شارۆکەی (ئامێدی) و هەندێک لە سەرانی عەشیرەتی بەرواری

٢) ناحیەی نێروەڕێکان

لە باکورەوە بە چیاکانی (ئۆرامار) سنووردارە و ئەم چیایانە و چیاکانی (ئاشووتا) سنوورە سیاسییەکانی نێوان عێراق و کۆماری تورکیا پێکدەهێنن، لە باشوور و خۆرهەڵاتیشەوە ناوچەی بارزان و (ڕووبارا شین) کە بەشی سەرەوەی زێی گەورەیە و لە خۆراواوە لکێکی زێی گەورە. ٧٩ گوندی بە سەرەوەیە گەورەکەیان (هەورا) ژمارەی ماڵەکانی ٨٠ ماڵە و دوای ئەو (بیبۆ)ی ناوەندی ناحیە و ژمارەی ماڵەکانیان ٤٠ ماڵە. یەک قوتابخانەی ئەهلیی تێدایە و دانیشتووانی ئەم ناحیەیە لە هاوپەیمانیی سێ عەشیرەت پێکهاتووە:

١) مزووری.

٢) ڕێکان.

٣) نێروا.

سەرۆکی هاوپەیمانییەکە کەلحو ئاغایە.

لەبەر سەرما دانیشتووانەکەی جگە لە تەڕەکاڵی هاوینە هیچ ناچێنن، ئەوەش بۆ دابین کردنی پێویستیی خۆیانی دەچێنن و بەس، ئەم کەموکوڕییەش بە پەروەردە کردنی مەڕوماڵات و هێستر و گوێدرێژ پڕ دەکەنەوە.

لە کانزا دیارەکانی ئێستاش خوێی خۆراک بە بڕی زۆر لە گوندی (گارا) هەیە لە دووریی نیو سەعاتی خۆراوای زێوە، بەڵام وەک دەڵێن کانزاکانی قورقوشم و مس و ئاسن و زیو لەو چیایانەدا هەیە بەدرێژاییی سنووری سیاسیی نێو عێراق و کۆماری تورکیادا درێژ دەبنەوە، بە تایبەتی لە ناوچەی تەک چۆلامێرگ–ی یەک لە ناوچەکانی کوردستانی باکور.

٣) ناحیەی بەرواری ژۆر

لە باکورەوە ئاشووتا و لە باشوورەوە چیاکانی مەتینا و لە خۆراواوە خابووری دیجلە و لە خۆرهەڵاتەوە زێی گەورە سنوورەکانی دەستنیشان دەکەن. ٨٣ گوندی بەسەرەوەیە، ٦١یان کوردن و ٢١یان ئاشوورین و یەکیان جووە. بچووکترینیان چەمیکیە و ژمارەی ماڵەکانی ٥٤ و گەورەترینیان هروورە و ژمارەی ماڵەکانی ١٥٠ ماڵە و قوتابخانەیەکی ئەهلیی تێدایە. ناوەندی ناحیەش دێی (کانی ماسی) ژمارەی ماڵەکانی دەگاتە ٨٠ ماڵ زۆربەیان ئاشوورین و قوتابخانەیەکی ئەهلی و یەکێکی حکوومیی یەک پۆلیی تێدایە. گوندەکەش لەناو دۆڵێکدایە ئاوەکانی دەڕژێتە ناو زێ و دانیشتووانی پەتاتە و برنج دەچێنن، ناحیەکەش بە گشتی بە مەڕومالاّت و لەوەڕگەکانیەوە بەناوبانگە و بازرگانانی مەڕ لە مووسڵ و لای دیکەوە بۆی دێن. سێو و هەرمێ و بەهێ و هەرمێ کێویلە (ئاڵووجک) هەناردەی مووسڵ دەکا و دارمێوی لە پێویستیی خۆیان پتر نییە.

## زانیاریی گشتی

ماجید بەگ گوتی "ژمارەی دانیشتووانی قەزاکە دەگاتە نێزیکەی ٤٢,٨٦٥ کەس لەمانە ٣٠٠٠یان ئاشوورین و ئەوانی دی کوردن، ژمارەی قوتابخانە ئەهلییەکان ٢٠ قوتابخانەیە، نۆیان هی ئاشوورییەکانە و ١٦٠ قوتابیی هەیە و ١١ قوتابخانەش هی کوردانە و ٢١٢ قوتابییان هەیە جگە لە قوتابییانی قوتابخانە حکوومییەکان کە ژمارەیان ٢٢٩ قوتابین.



(عومەر ئاغای بەراشی)ی سەرۆک و بڕێک لە سەرانی عەشیرەتەکانی بەرواری

## بەروبوو و بەرهەم

ساڵی ١٩٣٠ی ز باجی مەڕومالآت لە ناحیەی ئامێدی گەیشتووەتە ٣٢,٠٧٨ ڕوپیە و هی بەروبووی کشتوکاڵیی زستانە ١٢,٠١٢ ڕوپیە و هاوینە ٤,٧١٠ ڕوپیە و تووتن ١٣٩٣ ڕوپیە. لە ناحیەی بەرواری باڵا (ژوور) باجی مەڕومالآت گەیشتووەتە ١١,٥٢٤ ڕوپیە و بەروبووی زستانە ٦,١٢٢ ڕوپیە و هاوینە ٢,٢٣٠ ڕوپیە. لە ناحیەی نێرواڕێکان باجی مەڕومالآت گەیشتووەتە ١٠,٤٧٤ ڕوپیە و بەروبووی زستانە ٥٣٦٧ ڕوپیە و هاوینە ٢٦١٩ ڕوپیە و داهاتی شارەوانی ٣٨٥٠ ڕوپیە و کۆی باجەکان لە قەزاکەدا گەیشتووەتە ٨٣٣٨٨ ڕوپیە. ژمارەی پووڕە هەنگ لە هەموو قەزادا گەیشتووەتە ٢٠٠٠ و ئەو بڕە هەنگوینەی لێی دەرکراوە گەیشتووەتە ١٧٠٠٠ کیلۆ لە جۆری سپیی ڕوون هەمووی هەناردەی مووسڵ دەکرێ جگە لە چوار هەزار کیلۆ کە لە ناوەخۆدا بەکار دەهێنرێ.

مەڕ و بزن: ژمارەی مەڕ گەیشتە ٢٨٩٢٦ سەر و بزن ٧٣٧٠٤ سەر و مەرەز ٥٠٠٠ سەر، کورد مەرەزە بۆ دروست کردنی جلوبەرگی نیشتیمانی بەکار دەهێنن هەروەها خورج و گوریس و کلاو و لباد و پشتێن و شتی واڵە لە خوری دروست دەکەن. لەبەر ئەوەی زستانان بەفرێکی زۆر دەکەوێ دانیشتووان پێیان ناکرێ لەم ژمارەیە پتر مەڕ بکڕن لەگەڵ بوونی لەوەڕگەی چاکیش لە دوو وەرزی پایز و هاویندا.

میوە و بەروبوو و تەختە: لەم قەزایەدا میوە زۆر دەبێ و بەناوبانگترینیان سێو و هەرمێیە بەڵام گواستنەوەیان بۆ دەرەوە بە هۆی خراپیی ڕێگەکانەوە دژوارە، بۆیە دانیشتووان بایەخ بە زۆرکردن و چاکترکردنی جۆرەکانی نادەن. ئەو دارانەش زۆرن کەبۆ دروست کردنی تەختە دەست دەدەن. بەناوبانگترینیان دارگوێز و سپیدارە (ئەسپیندار) و دار بەروو و گێوژ و چنار و مازوو و تووڵن. ئێستاکە تەنیا لە سپیدار نەبێ سوودیان لێ نابینرێ کە بۆ بنیاتنانی خانووبەرە بەکار دێ و دوای ئەوەی دەبڕرێ و وشکدەکرێتەوە بۆ مووسڵ هەنارد دەکرێ.

عەشیرەتەکان: هەموو عەشیرەتەکانی ئەم قەزایە یەک ناوی گشتییان لێ نراوە کە (بەهدینان)ە، ئەمەش ناوێکی سیاسییە ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە میرانی بەهدینان حوکمڕانییان کردووە. ئەم جۆرە ناولێنانەش بۆ زۆربەی ناوچە کوردییەکان بەکار هاتووە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا میرنشینی سەربەخۆیان تێدا پەیدا بووە: بابان و سۆران و بەهدینان و موکری "موکریان" و هەکاری و بۆتان و ئەردەڵان و هی دیکە نموونەی ئەوەن. عەشیرەتە سەرەکییەکانی بەهدینانیش لە چوار عەشیرەت پێک هاتوون و کۆی سەرژمێرییان دەگاتە ٤٠٠٠٠ کەس، ئەم خشتەیەی خوارەوە ئەمە ڕوون دەکاتەوە:

هەواڵنامەی کتێب

| عەشیرەت | سەرۆک | سەرژمێر |
|---|---|---|
| نێروەڕێکان | کەلحۆ ئاغا | ١٠٣٠٠ |
| بەرواری باڵا "ژوور" | حاجی تاتار خان | ٨٦٠٠ |
| بەرواری ژێر | محەمەدئاغای بەراش | ٩٢٠٠ |
| سپنە | فەریق ئاغای کوڕی تاهیر ئاغا | ١١٩٠٠ |

ئەم عەشیرەتانەش هەموو نیشتەجێن و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە بە شارۆکەی ئامێدییەوە پەیوەستن، لەبەر بوونی دادگە نیزامی و شەرعییەکانی تێدا. پێوەندیی بازرگانییان تەنیا بە ئامێدییەوە بەند نییە بەڵکو دەگاتە زاخۆ و ئاکرێ و دهۆکیش، بەپێی نێزیکیی ئەم شارانە لە گوندەکانی و ئاسانیی گەیشتنیان، ئەم عەشیرەتانە پێش حەوت ساڵان کوێرانە گوێڕایەڵی سەرانیان دەبوون و لە هەموو کارێکدا بەگوێیان دەکردن. بەڵام ڕێژیمە کارگێڕییەکان ئەم دەسەڵاتەیان لە شێوە تاکە کەسییەکانیەوە بۆ شێوەیەکی گشتیتر گواستەوە، کە سەرۆکەکان بەشداری لە بڕیاردان دەکەن و هێزی کردەوەییی لە نێو عەشیرەتەکاندا هەیە، مەبەستم ئەوەیە حکوومەتی عێراقی دادگەیەکی عەشایەریی پێکهێنا ئەندامان و سەرۆکەکەی لە سەرۆک عەشیرەتەکانە و بەپێی قانوونی عەشایەر حوکمەکانی دەردەچن و ماددەکانی لە دابونەریتی عەشیرەتەکانەوە هەڵێنجراون.

ئاشوورییەکان- میللەتێکی خرستیانن بە نەستووریانیش دەناسرێن لەبەر ئەو ڕێبازی نەستووریی بڕوایان پێی هێناوە. زمانیشیان سریانیی ئارامییە و تێکەڵ بە وشەگەلێک بووە کە لەو گەلانەوە چووەتە ناویەوە کە لە ناویاندا دەژین. لێژنەی سنووری تورکی - عێراقیی لەلایەن "کۆمەڵەی گەلان"ەوە نێرراو ساڵی ١٩٢٥ لە ئارامییەکانی دانان کە لە سەردەمی فورتییەکان (پارس - ئەشکانییەکان و ساسانییاندا) زۆرینەی دانیشتووانی عێراق بوون. هەروەها ئەم لێژنەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە هەندێک لە مێژووناسان بە تەواوی پشتگیریی ئەم بۆچوونە ناکەن و نەستووریانی ئامێدی و چیاکانی تیاری و دەوروبەرەکانی لێ بەدەر دەنێن و دەیانبەنەوە سەر بنەچەی ڕەسەنی کورد و قبوولّ کردنی مەسیحەت و زمانی سریانیی کۆنیان بۆ پەنابردنی تایەفەیەک لە دیانەکانی دۆڵی دیجلە لە سەردەمی سەرەتاکانی زەویگیریی ئیسلامی لە عێراقدا بۆ لای ئەم خەڵکانە و سەپاندنی ڕۆشنبیری و زمانیان بەسەریاندا، هەروەها باوەڕ وایە کە قبوولّ کردنی مەسیحییەتیان و چوونە سەر بنەماکانی دەگەڕێتەوە پێش ئەو ڕۆژگارە.

## عەشیرەتەکانی ئاشووریان

ڕووفائیل ئەفەندیی سەرکردەی پۆلیسی ئامێدی و خاڵی ماڕ شەمعوونی سەرکردەی ئاشووریان کە لەسەر مێزی ماجید بەگدا بینیم ئەم وردەکارییانەی بۆ باس کردم، گوتی: ئاشوورییەکان لە

عێراقدا بەسەر حەوت عەشیرەتدا دابەش دەبن کە ئەمانەن:

١) تیاریی ژوور

٢) تیاریی ژێر

٣) تخووما

٤) باز

٥) جیلۆ

٦) شەمدینان

٧) دیز

ئەم عەشیرەتانەش بە ناوی کەرتەزەوییە کوردییەکانەوە دەناسرێن کە لە باکوری کوردستاندا لێی دادەنیشتن لە ناوچەی هەکاری. بەڵام عەشیرەتی بەرواری لە دانیشتووانی ئەم قەزایەن. هەموو عەشیرەتەکانیش دان بە سەرکردایەتیی دنیایی و ئاینیی مارِ شەمعوون–دا دەنێن و ناوەندەکەی گوندی (بێبادی)ی نێزیک ئامێدییە. هەر عەشیرەتەش سەرەڕای ئەوە مەتران و سەرۆکی دنیاییی هەیە بە شا ناودەبرێ. ئەم دوو فەرمانەش لە هەموو عەشیرەتەکاندا بە بۆماوە لە بابەوە بۆ کورِ دەمێنێتەوە، جگە لە عەشیرەتی (تخووما) کە هەموو ساڵێک شا هەڵدەبژێررێتەوە و دەشێ دووبارە هەڵیبژێرنەوە بێ ئەوەی ماوەی بۆدیاری بکرێ.

ئاشوورییەکان هەموویان باوەڕ بە تاک و تەنیاییی خودا دەکەن، هەروەها بە بێ بەش نەبوونی هەمیشەیی مرۆ دەکەن. لەکاتی زیناکردنی ژنی بەمیرد تەڵاق دەدرێ و لە دووبارە شووکردن بێبەش دەکرێ، هەروەها پیاویش ئەگەر زینا بکا بێبەش دەکرێ. مەترانیش گۆشت ناخوا و بە



ئاشوورییەکی تیاری

گشتیش ئاشوورییەکان بە لای دەمارگرژیی دزێودا داناشکێنن و ئەمەش وای لێ کردوون بە درێژاییی ئەم سەدانە بە ئاشتی لەگەڵ برا کوردەکانیاندا بژین. ئاشووری بە جلوبەرگی دەرەوەی لە کوردێک جیا ناکرێتەوە ئەگەر عەشیرەتی تیاریی لێ دەربکەین، کە لەجیاتی سەرپێچی کوردی کلاوێکی شێوە قووچەک لە لبادی سپی لەسەر دەنێن. هەروەها دوو عەشیرەتی تیاریی ژوور و تیاریی ژێر نیمچە کۆچەرن و مەڕی سپی و بزن بەخێو دەکەن و هاوین لە چیای مەتینا و بەروارى بالا و ئاشووتا بەسەر دەبەن. ئەلوونی و گردمووني کە دوو تیرەی ئەم عەشیرەتەن جیان و نیشتەنین و چنینیان کردووەتە پیشە. عەشیرەتەکانی دیکە جێگیرن. بەرواریيەکانیان کشتوکاڵ و جووتیاری و مەڕداری دەکەن. باز بە بەننایی و چنین و ئاسنگەری ناسراون. جیلۆ – ئێستاکە لە خێوەتگەیەکی ئاشوورییان لە بەغدا دادەنیشن – کار لە هێڵی ئاسن دەکەن. شەمدینییەکانیشیان لە قەزای ڕواندز دادەنیشن و لە کشتوکاڵ و بەخێو کردنی مەڕوماڵاتدا کار دەکەن.

بەر لە شەڕ، ئاشوورییەکان لە لیوای حەکاری و دەوروبەری دوو شاری ورمێ و سەڵماس–دا نیشتەجێن لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا. بە هۆی زۆریی شەڕی نێوانی لەشکرەکانی تورک و ڕووس لەو وڵاتانەدا کە تێیاندا نیشتەجێ بوون ناچاری کۆچکردن کران بۆ عێراق و قەفقاس. ئەو بەشەی هاتە ناو عێراق، بەریتانیاییەکان لە (بەعقووبە) نیشتەجێیان کردن و فەوجگەلێکی (شەبانە)یان لێ پێکهێنان و کردیانە پاشکۆی هێزی بەریتانی و پاراستنی سنووری تورکی ـ عێراقییان پێ سپاردن کە ئاشووری شەڕاوەڕێکە وەک کوردی ئاشوورییەکانی هەکاری بەر لە شەڕ دوور بوون لە دەسەڵاتی عوسمانی چونکە شوێنیان لە ناوچەیەکی کوردیی نیمچە سەربەخۆدا بوو.

فەریق تەها هاشمی سەرژمێریی هەموو ئاشوورییەکان بە پەنجا هەزار کەس دەخەملێنێ، نیوەیان لە عێراق لە شارەکانی بەغدا و بەسرە و هەندێک گوند و قەزا کوردییەکاندان و، نیوەی دیکەیان لە ئێران و قەفقاسدان. بەڵام لیژنەی سنووری تورکیا – عێراق کە پێشتر باسی لێوە کرا بە ٨٠٠٠٠ تا ٩٠٠٠٠ کەسی دانان، ئەم جیاوازییەش لەوەوە هاتووە کە لیژنەکە ڕێژەی ناوەندی خێزانی ئاشووریی لە جیاتی پێنج کەس بە شەش کەس داناوە.

*

پەراوێزەکان:

١. تەها هاشمی ژمارەی ماڵەکانیان بە نێزیکەی ٦٠٠٠ ماڵ و ئەمین زەکی بە ٦٠٠ ماڵی داناون.

٢. ماڵەکانیان نێزیکەی ٥٠٠٠ ماڵێکە و چەکدارانی تێدا ٢٠٠٠ کەسن و دەبنە چوار تیپ کە: گونتالە، مان، پیران، ئەمین زەکی بەگ ئەم ژمارەی دەکاتە ٦٠٠٠ ماڵ و گونتالە_ش بە گونتۆلە ڕاست دەکاتەوە و باسی دۆڵەمەڕی پشت گوێ دەخا و فەریق تەها هاشمی باسی لێوە دەکا.

# وەڵامێکی کورت و پوخت بۆ گوڵچنینەکەی کاک نەوشیروان

عەبدوڵا ئیبراهیمی

کە لە کەسێک دەپرسن: "کێیت؟"،

بەشانازییەوە دەڵێ: "فلاّنم کوڕی فلاّن!"

ئەو حاشا لە باوکی خۆی ناکا و بەدەگمەن کەسی وا هەیە وا بکا، تەنانەت ئەگەر باوکی خراپیش بێ. ڕۆڵە بەباب و باپیرییانەوە دەناسرێن و بەتایبەتی لەنێو کوردەواریدا هەر لە کۆنەوە باو بووە ئەگەر ویستبیان بەئاشکرا باسی کەسێک بکەن، کوتوویانە:

"فلاّنی کوڕی فلاّنە کەس!"

ئیدی ئەوە بەسە بۆ ئەوەی لایەنی بەرانبەر، ناوبراو لەیەکێکی دیکە بکاتەوە و لە باسکردن یا ڕووبەڕووبوونەوەیدا بیناسێتەوە. باب و باپیر ناسنامەی هەر کەسێکن و تا ڕادەیەکیش نوێنەری کەسایەتیی ئەون، هەرچەند لە کۆمەڵگەدا زۆری وا هەن کە بەباش یان خراپ لە ڕێگەی باب و باپیرانیان لادەدەن، جا ئەوە بەگوشاری هەلومەرجی ژیان بێ یا یی زەمانە.

گەلانیش کە لە کەسان پێکهاتوون، هەر هەمان دۆخیان بۆ سازکردنی ناسنامەی خۆیان هەیە. هەموو گەلانی دنیا مێژووی دێرینی خۆیان بەشانازییەوە نووسیوەتەوە و تەنانەت هەوڵیان داوە شانازیی گەلانی دەوروبەری خۆیانیشی بەشێوەیەک پێوە بلکێنن و بەسەربەرزییەوە بەگەلانی دیکە بڵێن:

"ئەوەتا ئێمە ئەوەین! ئەوەیە ناسنامەمان و ئەوەیە خاک و وڵاتمان!".

ئەوە کارێکە زۆر گەلانی نەک هەر ئی دوور، بەڵکوو ئی دراوسێ و دەوروبەرمان و لەوانەش داگیرکەرانی کوردستان کردوویانە. بۆ وێنە، عەرەبان زۆر زانا و بلیمەتی موسوڵمانی وڵاتانی ژێردەستەی خۆیانیان کردووەتە هی خۆیان و شانازیشیان پێوە دەکەن، وەک: ئیبنی سینای فارس و ئیبنی خەلەکانی کورد و بەدەیان و سەتانی دیکە. فارسانیش بۆ بەجێنەمان لەوان، زۆر کەسی

گەورە و بەناوبانگی مێژویی و ئەفسانەیی و هی تریان کردووەتە ئی خۆ، بۆ نموونە: عەببـاسی ئیقبالّ (تاریخ ایران أز اغاز تا انقراچ قاجاریة)، لەباسی هاتنە سەر کاری زنجیرە پاشایانی بەڕەگەز کوردی ساسانی دا، لە سەردێری بەشێکی کتێبەکەیدا، ئاوای نووسیوە: "باب پنجم دورەدوم پارسیـهـا" پاشـان دەنووسێ: "ئەشکانیـان... لەبەر سـەرنج نـەدان بەباری دەروونیی ئێرانییان، لە گۆڕەپانی خەبات دەرچوون و جێگەی خۆیان وەک مادەکان دا بەپارسەکان..." ئەو مێژوونووسەش بەزۆری دەیەوێ ساسانییان بکاتە پارسی لەکاتێکدا کە نە زمانیان پارسی بووە و نە بۆخۆشیان، بەڵکوو بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان گومانی تێدا نییە کە ئەوان کورد بوون. ئەو ئەشکانیان بەپارس نازانێ، بەڵام زۆری دیکە لە مێژوونووسان ئەوانیشیان کردووەتە پارس. کە ئەوڕۆ گومانی تێدا نەماوە کە لە نەتەوەی پارس نەبوون.

بەداخێکی گرانەوە لەنێو هەموو ئەو گەلانەدا گەلی کورد نەیتوانیوە ناسنامەی خۆی پێشانی جیهانییان بدا و کە لەدەرێ لێمان بپرسن، چ کەسین، دەڵێین کورد! جا ئەوجار دەپرسن کورد کێیە؟ تورک، ئێرانی؟ عەرەب؟..؟ لە وەڵامدا دادەمێنین، نەک لەبەر ئەوەی بۆ خۆمان نازانین کێین، بەڵکوو لەبەرئەوەی پێناسەیەکی بەرەسمی ناسراوی مێژووییمان نییە پێیان نیشان بدەین و بڵێین ئەوەین. لەسەر نەخشەی جیهانیش خۆ ناومان نەبراوە تا پێیانی نیشان بدەین.

ئەحمەدی قازی لە پێشەکیی کتێبی (خلاصة تاریخ کردستان)دا دەڵێ: "... مێژوونووسانی عەرەب و ئێرانی و تورک لە بەرهەمەکانی خۆیاندا کەمتر بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی ڕووداوەکانی کوردستانیان کردووە و ئەوەندەی ئێمە ئاگەداربین، کتێبێکی سەربەخۆیان لەو بوارەدا نەنووسیوە و تەنیا لە نێوئاخنی بابەتی دیکەدا باسی کوردیان وەبیر دێتەوە و بێگومانیش لە زوربەی جارەکانیشدا بابەتەکانی خۆیان بەشێوەیەکی دوژمنکارانە و بەدەر لە بازنەی مروەت و دادپەروەری دەخەنە ڕوو. لەسەریەک بەردەوام تێکۆشاون تا دەکرێ ئەو گەلەی کە یەکێکە لەگرینگترین و گەورەترین گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک گەلێکی بێ نامە، بێ مێژوو و بێ فەرهەنگ و زمانێکی ڕەسەن بەدنیا بناسێنن. ئەو مێژوونوسانە کە زۆربەیان لەکاتی هێرش و تاڵانی وڵاتاندا لەخزمەت پاشاکاندا بوونە، جارجارە لە گێڕانەوە و کوتنەوە و نووسینەوەی ڕووداوەکاندا، کاتێک ویستبیان پێشهاتەکە بەوردی بگێڕنەوە، جڵەوی بیرکردنەوە و سانسۆر لەدەستیان دەرچووە و باسی بوونی پاشا و میر و وڵاتی کوردستان و سوپا و لەشکر و قەڵا و دژگەلی قایمی وانیان کردووە بۆئەوەی نیشانی بدەن کە بەسەر چ دوژمنێکی بەهێزدا زاڵبوون و چ سەرزەوینێکی سەخت و ئاسێیان داگیرکردووە، کە بۆیان بووەتە مایەی شانازی و بەخۆڕین..."

کاک ئەحمەد نموونەشی بە (کارنامە اردشیر بابکان و تاریخ فتوحات اسلام) هێناوەتەوە. ئەوانە ئی سەردەمی کۆنن و ئی ئەو کەسانەن کە بۆخۆیان شایەدی تاڵانی مالّی کوردان و کوشتاری بەکۆمەڵی گەلەکەمان بوون، نموونەیەکی هەرە بەرزی دیکەی درۆ و پێچەوانەنواندن و شانازی کردن بەتاڵان و کوشتاری کورد (تاریخ عالم ارای عباسی)یە کە ئێرانییان زۆری

شانازیش پێوە دەکەن و تەنانەت ئەفسانەی سەیر و سەمەرەشی بۆ کورد تێدا ساز کراون. ئەوانە ڕاستیگەلێکی حاشاهەڵنەگرن، بەڵام نەک هەر مێژوونووسانی لەخزمەت پاشایان و دەستەڵاتداران، بەڵکوو مێژوونووسانی دیکەی فارس و تورک و عەرەبی سەردەمی نوێ و تەنانەت دژبەری مەریش زۆر بەدەگمەن لەناویاندا کەسێک هەڵدەکەوێ بەچاوێکی دوژمنکارانە و دەمارگرژانە سەیری هەڵسوکەوت و مێژووی کورد نەکا و لەڕاستی و مروەت لانەدا و ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستان بەپێی بەرژەوەندیی مەزنیخوازیی نەتەوەی حوکمڕان بەراوەژوو نەکاتەوە. ئەوانە تەنانەت لە درۆکانیاندا ئەوەندە بێباکن، کە جار وایە لە کتێبێکیاندا لە لاپەڕەیەکدا شتێک دەنووسن و لە چەند لاپەڕە دواتر، وەک ئەوەی لێی پەشیمان بووبنەوە، یا نووسراوەی پێشووی خۆیان لەبیر چووبێتەوە، شتێکی پێچەوانە لەسەر ڕووداوەکە دەگێڕنەوە. نموونەیەکی سەیرم لە خوێندنەوەی کتێبی (تاریخ دە هزار سالە ایران، عەبدولعەزیم ڕزائی)دا بەرچاو کەوت. نووسەری ئەو کتێبە لەلاپەڕەی ١٧٦یدا لەسەر داگیرکردنی هەمەدان، بەشانازییەوە دەڵێ: "لەشکری کوورۆش دەستیان کرد بەتاڵانی شار و زێڕ و زێو و سامانێکی زۆریان بەتاڵان برد کە بەشی زۆرتری بردرایە ئەنزان" و هەروەها دەنووسێ "... (ئاستیاک) پاشان هەموو ئەو کەسانەی لەشار بوون –لە پیاو گەنج_ جارِی دان و چەکداری کردن و بۆ خۆی بوو بەفەرماندەریان و چووە شەڕ، بەڵام تێشکا و لەشکرەکەی لەناو چوون و خۆی بوو بەدیلی پارسەکان... پاشای پارس پاش گرتنی ئاستیاک چووە ئۆکباتان و ئەو شارەی گرت (٥٥٠ پ.ز) و سپاییەکانی دەستیان کرد بەتاڵانی شارەکە و ئامراز و کەرستەی زۆری زێڕ و زێویان بەتاڵان برد و بەشێکی زۆرتری ناردرایە ئەنزان" ئەوجار ئەو جەنگاوەرە لەبیری دەچێتەوە لەوێ چی کوتووە و لەلاپەڕەی ٢٤٨ دەڵێ: "... کووڕۆش بەشێوەیەکی ئاقڵانە دەستی بەسەر وڵاتی ماددا گرت و بەبێ خوێن ڕشتن هەمەدانی کردە پێتەختی خۆی و بەڵگەنامەکان و ڕێکخراوی حکوومەتی خۆی گواستەوە ئەوێ" ئەوجار لەلاپەڕەی ١٥٩شدا دەڵێ "ئاستیاک نێزیکەی بیست و چوار ساڵ پاشایەتیی کرد" کەچی هەر بۆخۆی لە لاپەڕەی ١٧٦دا دەڵێ: "ئاستیاگ پاشایەتیی سی وپێنج ساڵەی خۆی لەدەست دا".

ئەوەیە کە هەر وەک لە جێگەیەکی دیکە لەو نووسراوەمدا بەوردی باسم کردووە، مێژوونوسی کورد دەبێ بەوردبینی لە بەرهەمە مێژووییەکانی بێگانە لەسەر کورد بڕوانن و تەنانەت ئی کوردەکانیش کە بەداخەوە زۆربەی بابەتەکانیان هەر بەکوتنەوەی بابەتە بلاوکراوەکانی بێگانان پڕ کردووەتەوە، بەچاوێکی ڕەخنەگرانە بخوێننەوە. کاک ئەحمەد کتێبەکەی زۆر بەنرخە و چێگای دەستخۆشی و شانازی پێکردنیشە، بەڵام ئی ویش ئەگەر بەوردی لێی بڕواندرێ، بێگومان ڕەخنەی لەسەرە. بۆ وێنە لە لاپەڕەی ١٨ی کتێبەکەدا هاتنی ماد بۆ ئاقاری زاگرۆس بەدەوروبەری هەزارەی دووەمی بەر لەزایین بەراورد دەکا، کە بۆچوونێکی ورد و دروست نییە. ئەوەی ئەو باسی دەکا ڕەنگە تەنیا شەپۆلێکی کۆچەکە بێ، دەنا ژمارەیەک لە مێژوونووسان کۆچی وردەوردەی

مادەکان بۆ سەرزەوینی کوردستان بۆ زۆر پێشتر لەو سەردەمە دەگێڕنەوە.

گونتەر دشنەر (کرد ملت بی دولت، ل٦)، دەڵێ: سنووری کوردستان، لە دوندە سەر لەئاسمانەکانی ئاراراتڕا، کە بەبۆنەی تۆفانی نووحەوە لە ئینجیلدا باسی کراوە، تا لێوارەکانی ڕووبارگەلی دیجلە و فورات، لەبەرزاییەکانی عێراقەوە بگرە تا کەنارەکانی دەریای مێدیتەرانە (دەریای سپیی ناوەڕاست) درێژەیی هەیە، ڕووبەری ئەو سەرزمینەی کوردی تێدا دەژین، خۆ لە٥٠٠٠٠٠ کیلۆ میتری چوارگۆشەدەدا. کەبەڕوونی لەڕووبەری ولاتی ئاڵمان زیاترە. کوردەکان کە بە ٣٠ ملیۆن دێنە ئەژمار، لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پاش تورک و عەرەب و ئێرانیەکان، لەپلەی چوارەم دان و لەناو گەلانی بێدەوڵەتدا گەورەترین و دوامین گەلی سەر ئەو گۆیە خاکییەن."

"کوردستان سەرزەوینێکە دەوڵەمەند و خاوەن کانگەلی پڕبەرهەم، کە گرینگترینیان نەوت و ئاون. گەلی کورد بێگومان بۆخۆی مافی کەڵک وەرگرتنی لەو سامان و سەرچاوە ژێرزەوییانە پێنەدراوە، کە ئی خۆین. چونکە سااڵەهای سااڵە دەوڵەتانی ناوچەکە ئەوانیان لەمافی چارەی خۆ نووسین بێبەش کردووە و ڕێگە نادەن ئەو گەلە کۆنە خاوەن فەرهەنگە، بەبەڕیوەبردنی سەرزەوینی بابوباپیرانیان بەدەستی خۆ، بەئاماژەکەیان بگەن و ئاوڵاتە لەمێژینەکانیان وەدی بێنن."

"زلهێزەکانی سەرمایەداری وەک ئینگلستان و فرانسە، کەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی تەنیا بەهۆی چاو چنۆکی و زێدەخوازیی لەبڕان نەهاتووی خۆیان و بۆ دەست بەسەرداگرتنی سامانی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێزیک، دەوڵەتگەلی دەستەمۆی خۆیان لێ دامەزراندن. سەرزەوینی کوردانیان بەخورتی و بەپێچەوانەی ویستی دانیشتووانی، بەسەر وڵاتانی عێراق و سووریە و تورکیەی نوێدا دابەشکرد. چاوچنۆکیی لەڕادەبەدەری دەستەاڵتدارانی خۆجێیی، بەئامانجی کەڵکوەرگرتن لەسەرچاوە نەوتییەکان و داوا بێبەزەیی و توند و تیژانەکانیان بۆ وەدەستهێنان و پاراستنی دەستەاڵت، بوو بەهۆکاری ئەوەی کە نەتەوەی کورد تا ئێستاش نەتوانێ بەمافە نەتەوەیی و یاساییەکانی خۆی بگا."

"کوردستان بەچەند پارچە دابەش کرا و وێڕای ئەوەش چیرۆکێک لەسەرکوت و زەبروزەنگ و دەنگبڕین و دەکار کردنی توندوتیژی، بەبێ بڕانەوە دەستپێکرد و هەموو هەوڵ و تێکۆشانی کوردەکان بۆ ئازادی و خودموختاری و هەروەها سەرهەڵدانە پەیتاپەیتا و پڕنیگەرانییەکانیان، یەک بەدوای یەکدا بەدڕندانەترین و بێبەزەییانەترین شێوە سەرکوت کران و تێکشکێندران."

"حکوومەتەکانی ناوەندی لە تاران، بەغدا، دیمێشق و ئانکارا، بەکەڵکوەرگرتن لە کۆچدانی زۆرەملی، کوشتاری بەکۆمەڵ، دەرپەڕاندن لە ماڵ و حاڵ و ئاوارەکردن و دەنگ بڕین و تۆقاندن و پێکهێنانی دڵەڕاوکێ، ڕووبەڕووی کوردان بوونەوە. بەاڵم هەمووی ئەو کارە نامرۆڤانانە نەیانتوانی چووکترن درز بخەنە ئیرادەی پۆاڵیین و لەشکان نەهاتوویان لە ڕێگەی وەدەستهێنانی ئازادیدا."

"بەوسااڵنەی دوایی، ڕەوتی لێک هەڵوەشانەوەی ولاتانی وەک یەکێتیی سۆڤیەت و یووگوسااڤیا و

چەکوسڵەڤاکیدا کە خاوەنی فەرهەنگگەلی هەمەچەشنە و گەلانی جۆراوجۆرن، سەرەنجام بوو بەهۆکاری پێکهاتنی وڵاتگەلێکی وەک لیتوانیا، ئێستونیا، کرۆلاتیا، سێلوانی، ئەرمەنستان و گورجستان و هەلی پێکهێنانی دەوڵەت–حکوومەتی بۆ هەرکامەیان پێکهێنا."

"لەکاتی ئێستادا ئەوە تەنیا گەلی کوردە کە هێشتا سەرزەوینەکەی بەسەر وڵاتانی دیکەدا دابەش بووە و سەرکوت دەکرێ."

"بێگومان کوردەکانیش لەوسالانەی دواییدا تروسکەی هیوا لەئاسۆی خۆیاندا دەبینن، وڵاتە سەرەنجام کێشە و گرفتی کوردەکان لەگۆڕەپانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا هاتەگۆڕێ و پەروەندەکەی بۆ پێراگەیشتن چووە سەر مێزی بەرپرسانی نێونەتەوەیی. لەئاکامی گوشارەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) و یەکێتیی ئەورووپادا دەوڵەتی تورکیا ڕایگەیاند کە لە قورسایی سەرکوتی بەملیۆنان کوردی نیشتەجێی ئەو وڵاتەی کەم دەکاتەوە و ئازادیگەلی باشیان لەبواری مافە فەرهەنگییەکانیان دەداتێ."

تێبینی:

١– شەهید دوکتۆر قاسملوو (کوردستان و کورد، ل١١–١٣)، سنووری کوردستان ئاوا بڕیە دەکا: "لە شیمالی ڕۆژهەلاتی لووتکەی ئارارات‌ەوە خەتێکی ڕاست دەست پێدەکا، بەرەو جنووب، بۆ بەشی جنووبی زاگرۆس و پشتکۆ دێتە خوارێ، لەوێڕا خەتێکی ڕاست بۆلای ڕۆژئاوا دەکێشین هەتا دەگاتە شاری مووسڵ لە عێراق، لەوێوە خەتێکی ڕاست بۆ لای ڕۆژئاوا دەکێشین کە لە مووسڵەوە دەگاتە بەشی تورکنشینی ویلایەتی ئەسکەندەروون و لەو نوختەوە خەتێک بۆ لای شیمالی ڕۆژهەلات ڕادەکشێ تا دەگاتە ئەرزەڕۆم لە تۆکیا، پاشان لە ئەرزەڕۆمەوە خەتێک بەرەو ڕۆژهەلات دێ، تا دەگاتەوە لووتکەی ئارارات. بەم جۆرە پێوانەی کوردستان بەتێکڕایی دەگاتە نێزیکەی ٤٠٩٦٥٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە، یانی بەتەنیا لە خاکی بریتانیا و هولەند و بێلژیک و سویس و دانمارک بەرینترە. خاکی کوردستان ١٩٤٤٠٠ کیلۆمیتری کەوتووەتە بەر تورکیا، ١٢٤٩٥٠ کیلۆمیتری کەوتووەتە بەر ئێران، ٧٢٠٠٠ کیلۆمیتری کەوتووەتە بەر عێراق، ١٨٣٠٠ کیلۆمیتری لە سووریایە."

وەک دەبینین لەهەردووک بڕیەدا لوڕەکان نەهاتوونە ئەژمار و لە نەخشە بڵاوبووەکانی کوردستانیشدا ئەو بەشەی کوردستان، بەداخەوە هەڵاوێراوە.

٢– دشنەر لەو پێشەکییەدا کوردەکانی ژێردەستی ئێرانی لەبیر کردووە و بەگشتی زۆرینەی هەرەزۆری مێژوونووسانی سەردەم، چاویان لە پارچە کوردستانی بەردەستی یەکێتیی سۆڤیەت پۆشیوە و باسی چوار پارچە دەکەن، کەچی کوردستان لەڕاستیدا بوو بە ٥ پارچە نەک ٤ و یەکێتیی سۆڤیەتیش کە ئەودەمی یەکێک بوو لەزلهێزەکان، بەڵام دژی سەرمایەداری، کەمتر لە زلهێزەکانی دی چاوچنۆکیی نەنواند. ئەو وڵاتە، کە دراوسێی دیواربەدیواری کوردستان بوو،

بەسات و سەودایەکی شووم لەگەڵ ئاتاتورک، پارچەیەکی دیکەی لەسەرزەوینەکەمان هەڵلووشی و هەر بەوەش نەوەستا و بۆ ڕازی کردنی ئەو دێوەزمە دژەکوردە، کوردەکانی بەردەستی خۆی بەخورتی لەزێدی بابوباپیرانیان هەڵقەند و بەسەر کۆمارەکانی دیکەدا دابەشی کردن. ئاوا دانیشتووانی ئەو پارچەیەی کوردستان، بەشێوەیەکی درندانەتر نەک هەر لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ بێبەش کران، بەڵکوو دانیشتن لەسەر زەوینی یێک پارچەی باب و باپیرانیشیانیان لێ زەوت کرا.

٣- بەداخەوە وەک دەبینین، لەکاتی ئێستادا سەرەڕای بەڵێنییە ڕواڵەتییەکانی دەوڵەتی تورک، هێشتاش سەرکوت بەتوندی لەسەر کورد بەردەوامە و ڕۆژ نییە بەچەندان تێکۆشەر و پارلەمانتاری کورد ڕاپێچی دادگە و بەندیخانەکانی ئەو وڵاتە نەکرێن و بۆمباران و کوشتاری درندانە لەسەر کوردان هەر ناپسێتەوە.

بەو دواییانە، کاتێک پاش زیاتر لە پازدە ساڵان دوورەوڵاتیی بەدەستی خۆم بەسەردا سەپاوم، سەردانی کوردستانم کردەوە، بیستم کاک نەوشیروان کتێبێکی تازەی دەرکردووە. پێشتر کورد و عەجەمەکەیم دیبوو کە بەناوی کەسێکی دیکەی بڵاوکردبۆوە. ئەمن ئەو کتێبەم سەرەڕای هێندێک ڕەخنە کە لەسەری هەمبوون، بە خۆماندووکردنێکی زۆر وەرم گێڕابۆوە سەر فارسی و ڕەخنە و تێبینییەکانیشم بۆ کردنە پاشکۆ و وێنەیەکیشم بەpdf بۆ نارد. بەداخەوە ئەو کتێبەم لەهیچکوێ بۆ لەچاپ نەدرا، ناچار لە ئوستەرالیا بۆ خۆم هێندێکم لە ماڵەخۆم لێ چاپکرد و بڵاوم کردەوە و نێزیکەی ١٠٠ دانەیەکیشم لێ نارده ئوڕووپا بۆ برازاکەم تا بۆمی بفرۆشێ، ئەویش دابووی بەکتێبخانەی هەرزان، و ئێستاش کە ئێستایە هەر لەمزانی چیان لێهات و تەنانەت تێچووی پۆستەکەشیم بۆ نەگەڕاوە. بەڵام ئەو کتێبە زۆری سەرنج ڕاکێشام و خستمیە سەر وازی نووسینی مێژووی کورد. نووسینی کتێبکم بەناوی لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان دەست پێکرد، کە ئێستا جڵدی یەکەمی، کە تایبەتە بەپێش مێژوو تا سەرەتای ئیسلام، لە دەزگەی ئاراسدا لەژێر چاپدایە. ئەو جاریش هیوادارببووم، کاک نەوشیروان، بەرهەمێکی پڕ بەهرە و بەنرخی بۆ گەلی کورد دەرکردبێ. زۆریشم حەول دا کتێبەکەم وەگیر نەکەوت. کە گەڕامەوە، برادەرێکی زۆر خۆشەویستم بەدەستی گەیشتبوو، شەوێک لەبانگهێشتنێکدا وێیدام تا کەڵکی لێوەرگرم.

بەتاسە و تامەزرۆییەکی زۆرەوە، هەر کە لەماڵە برادەرەکەم گەڕامەوە، دەستم کرد بەخوێندنەوەی. ئەو کتێبە هەر لە سەرەتاوە دەستی کردووە بەڕەدکردنەوەی مێژووی گەلی کورد و دانی نازناوی درندە و وەحشی بەمادەکان، وڵاتە بەدیهێنەرانی یەکەم ئیمپەراتوورییەتی بەرفرەوان لەسەرزەوینی ئاریاکاندا، ئەمن پێشتر لەدیمانەیەکمدا لەگەڵی پوختەیەکم لەسەر کاری خۆم لەبارەی مێژوو بۆ باس کرد، بەوەیوایەی کە بەدانی سەرچاوە و پێشنیازی یارمەتی هانم دا، بەڵام ئەو کوتی:

"من دەگەڵ ئەوەدا نیم کورد مێژوو بۆ خۆی سازکا، نازانم ئەو تاریخە کوردییەیان لەکوێ هێناوە

و کردوویانەتە دەستپێکی مێژوومان... پێش ئیسلام، لەپێشدا هەخامەنشی و پاشان ئەشکانی و دوایە ساسانی و پاشان مادەکان لەو ولاتەدا دەوڵەتیان پێکهێناوە. پێم سەیرە دەڵێن شوێنەواری مادیان لەسەر تاشەبەردەکان سڕیوەتەوە و شتی خۆیان لەجێی نووسیوە، ئاخر ئەوان چ پێویستییەکیان بەو تاشەبەردانە بووە..."

ئەو دەربڕینە پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانییەکم لەکەسێک بوو کە خۆی بەڕێبەرێکی کورد دەزانێ و کتێبی مێژوو دەنووسێ و گرینگترن ساڵەکانی ژیانیشی لە ڕێگەی کوردایەتیدا لە پڕمەترسیترین هەلومەرجدا و لەژێر بۆمباران و تۆپباران و کیمیاباراندا تێپەڕاندووە... ئەمن لە ڕاگواستنی نووسینەکەی کاک نەوشیرواندا بەبێ سەرنجدانە هەڵەی نووسین کە بەداخەوە کەمیش نین، دەقاودەق شتەکانیم هەروەک خۆی نووسیوەتەوە و بۆ پاراستنی ئەمانەتی زیاتر دەستم تێوەرنەداوە و ئۆباڵەکەی لەئەستۆی خۆیەتی.

کاک نەوشیروان لە ل١١ی کتێبەکەیدا ناوی ئەو شارستانیەتانەی لەسەر خاکی کوردان خوڵقاون، ئاوا ڕیز دەکا: سۆمەری، بابلی، ئەکەدی، ئاشووری، ئیلامی، حیتی، میدی، ئەشکانی، هەخامەنشی، ساسانی، ئیسلامی. ئەوە ڕەنگە بۆ خوێنەرێک کە هەر سەرسەرەکی بەکتێبدا دەچێتەوە، زۆر نائاسایی یا خراپ نەخوێنێ، بەڵام بۆ ئەوەی بەوردی شت دەخوێنێتەوە و بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە دەڕوانێتە ئەو بابەتانەی دەیانخوێنێتەوە، ئەوە بۆ مێژوونووسێک ئاسایی نییە کە ناوی شارستانیەت یا میرایەتی و... بەشپرزەیی و بەبێ وەبەرچاوگرتنی کاتی مێژووییان ڕیزبکا و نەزانرێ کامیان پێش کامیان بوون.

لەپێشدا بیرم کردەوە بەبڵاوکردنەوەی وتارێک، هێندێک ڕوونکردنەوەی پێویستی لەسەر بدەم، بەڵام پاش خوێندنەوەی هەر ئەوەندە و چاو خشاندنێک بەهەموو کتێبەکەدا تێگەیشتم ئەو لێکدانەوە و دەربڕینەی کاک نەوشیروان هەویرێکە ئاوی زۆر هەڵدەگرێ و دەکرێ کتێبێکی لەسەر بنووسرێ، تا لانی کەم ئەگەر ڕێچکەیەکی باریکیش بێ، بتوانم بیخەمە بەردەم ڕۆڵەی لێکۆڵەر و وریای کورد، تا تووشی ئەو هەڵەیە نەبن کە باب و باپیرانی خۆ بەدڕندە و وەحشی و دەوڵەتێکی بەشاهیدیی مێژوو دڕندە و وێرانکاری وەک ئاشوور بە قوربانییەکی بێتاوان و پێشکەوتووی ستەم لێکراوی دەستی ئەوان نیشان بدەن و لە سامی ڕەگەزەکان زیاتر فرمێسکی بۆ هەڵوەرێنن. بۆیەش پێموایە کاکی نووسەر بەدەم ڕێگەوە بۆ ڕەگەز سامییان گوڵی چنیوە، بەڵام بەو بۆچوونەی لەسەر چەقی ڕێگە پێکوڵی بۆ کورد داچاندووە.

لەکۆتاییدا بەپێویستی دەزانم ڕوونی کەمەوە کە بۆ ئاماژە بەسەرچاوەکان وام بەپێویست زانیوە، لەجیاتی ژێرنووس یا گونجاندنیان لەکۆتایی هەر بەشێکدا، لەنێو دوو کەوانەدا لەشوێنی خۆی ناوی کتێبەکە و ئەگەر پێویست بێ لاپەڕەکە بنووسم، تا بزانرێ سەرچاوەی زانیارییەکەم چییە، پاشان بۆ ئەو کەسانەی پێیان خۆشە ناو و نیشانی کتێبەکە بەتەواوی بزانن، کتێبنامەیەکم لەکۆتایی ئەو کتێبەدا گونجاندووە.

## بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین و پێکوڵ چاندن لەسەر چەقی ڕێگە!

کاک نەوشیروان بەباسی سەرەتاکانی ئەدەبی نووسراوی کوردی دەست پێدەکا و لە لاپەڕە ١٢ی کتێبەکەیدا دەڵێ: "شارستانیەتی میزۆپۆتامیا بەرهەمی گەلانی دانیشتووی ناوچەکە بووە. بەرلەوەی شەپۆلی ئاری لە قەفقاس و شەپۆلی سامی لە جزیرەی عەرەبیەوە بەرەو ناوچەکە بکشێن، بەرهەم هاتووە. باو و باپیرانی کوردیش کە بەناوی جیاجیا و یەکێ بووە لە نیشتەجێکانی ناوچەکە، بەشی هەبووە لە بەرهەمهێنانی ئەو شارستانێتیەدا. مخابنە تا ئێستا شوێنەوارناس و مێژوونووس و زمانەوانی کورد بەشێوەیەکی زانستی و سیستماتیک خەریکی لێکۆڵینەوەی پێوەندیی نێوان کورد و گەلانی زاگرۆس گەلانی میزۆپۆتامیا و گەلانی ئێران نەبوون. زۆرتر خەریک بوون بەدووبارەوتنەوەی تێۆریی هەندێ ڕۆژهەلاتناسی ئەوروپایی سەبارەت بەڕێچەڵەکی میدیایی کورد و هاتنی شەپۆل بەدوای شەپۆلی تیرە ئاریيەکان بۆ ناوچەکە."

"لە کوردستانی عێراق، لە بەرامبەر سالّی زاینیدا تائێستا بەشانازییەوە سالّێک ئەنووسن لە سالّی هیچ میللەتێکی ئەو دنیایە ناچێ. گوایە ئەوە سالّی کوردییە. لە کاتێکدا ئەگەر یەکێ بەوردی بچێتە بنجوبناوانی مێژووی ئەو سالّە نەک ناهێنێ ئەوە بکرێتە سالّی لەدایکبوونی کورد، بگرە ئەبوو مێژونووسانی کورد خۆیان نەکردایە بەخاوەنی چونکە ئەوە سالّێکە وەکو مێژووی ناوچەکە ئەیگێڕێتەوە لەو سالّەدا چەند تیرە و هۆزێ درێندە و دواکەتووی ناوچە شاخاوییەکان هێرشیان کردووەتە سەر نەینەوای پایتەختی ئیمپراتوری ئاشووری و یەکێ لە پێشکەوتووترین شارستانێتیەکانی ئەو سەدەمەیان بەجۆرێ وێران کردووە کە ئیتر هەڵنەساوەتەوە."

"سەیر ئەوەیە کورد خۆی بکا بەخاوەنی کارەساتێکی لەو بابەتە و بیکا بەسالّی لەدایکبوونی خۆی کەچی خۆی بە بێگانە بزانێ لە شارستانێتیە گەورەکانی میزۆپۆتامیا و زاگرۆس و ئێران. خۆی بەبێگانە بزانێ لە شارستانێتیی سومەری، بابلی، ئاکەدی و خوری و گوتی و لولویی... لەکاتێکدا تەنیا لە کوردستانی عێراق سلێمانی، لە هەورامان، شمشارە، بێتوڵاتە، دەربەندی گاور، بەمۆ، پەیکوڵی، پیرەمەگرون، حەوزی حەمرین، کێڵەشین، زاخۆ... دۆزراونەتەوە و هەزارانیش لەژێر خاکدا ماون هێشتا کنە و پشکنینی زانستییان تێدا نەکراوە، ئەگەر دەسکردی خەڵکی ناوچەکە نەبووبێ، داگیرکەر هەرگیز نەیتوانیوە تاشەبەردی ئەو شاخانە هەڵکۆڵێ، پەیکەری لەسەر بنەخشێنێ و نووسینی لەسەر تۆمار بکا."

١- نووسەر ڕووداوێکی مێژووییی وروژاندووە و لەسەر درێندەترین ئیمپراتۆرییەتی مێژوو دەکاتەوە بەبێ ئەوەی ناوی ئەو خۆی کوتەنی (مێژووی ناوچەکە) بێنێ، کە چ سەرچاوەیەکە و کێ نووسیویەتی و بەچ مەبەستێک نووسراوە، کە دەوڵەتی درۆ و ێرانکار و داگیرکەری ئاشوور دەکاتە شیاوی ئەو پێهەڵاکوتنەی کاک نەوشیروان و هی وەک ئەو و تێکدەرانی دەکاتە (چەند تیرە و هۆزی درێندە و دواکەتووی ناوچە شاخاوییەکان). نەکا ئەو مێژووەی ناوچەکە ئەوەندە ناو زڕاوە کە ئەو

پێی شووره‌یی بووه ناوی به‌رێ.

وه‌ک له‌سه‌ره‌وه ده‌بینین، کاک نه‌وشیروان له‌و ده‌ربڕینه‌دا ئاماژه به (ناوچه شاخاوییه‌کان) ده‌کا که خۆی کوته‌نی ئه‌و تیره و هۆزه دڕندانه‌ی لێڕا هاتوون، به‌ڵام به‌ئانقه‌ست بووبێ یان به‌هه‌ڵه، ئاماژه به‌ناو و شوێنی ناوچه شاخاوییه‌کان ناکا، گه‌لۆ ده‌بێ ئه‌و ناوچه شاخاوییانه، کوێستانه‌کانی سووریه و ئۆردۆن بووبن یا نه‌کا ئی سه‌رمانگ و هه‌ساره‌کانی ئاسمان! بۆ ئاگه‌داریی خوێنه‌رانی به‌ڕێز، ئه‌و ناوچه شاخاوییانه زاگرۆسی نیشتمانی گووتی و لوولووییی و کاسی و هه‌موو ئه‌و هۆزانه‌ن که کاک نه‌وشیروان ناتوانێ حاشا له‌وه‌ی بکا که به‌شێک بوون له هۆزه‌کانی پێکهێنه‌ری باپیرانی کورد.

٢- نووسه‌ر ڕه‌خنه له (شوێنه‌وارناس و مێژوونووس و زمانه‌وانی کورد) ده‌گرێ که (به‌شێوه‌یه‌کی زانستی و سیستماتیک خه‌ریکی لێکۆڵینه‌وه‌ی پێوه‌ندیی نێوان کورد و گه‌لانی زاگرۆس گه‌لانی میزۆپۆتامیا و گه‌لانی ئێران نه‌بوون. زۆر تر خه‌ریک بوون به‌دووباره‌وتنه‌وه‌ی تیۆریی هه‌ندێ ڕۆژهه‌ڵاتناسی ئه‌وروپایی سه‌باره‌ت به‌ڕێچه‌ڵه‌کی میدیایی کورد و هاتنی شه‌پۆل به‌دوای شه‌پۆلی تیره ئارییه‌کان بۆ ناوچه‌که).

جێگه‌ی خۆیه‌تی لێره‌دا پرسیارێک ئاڕاسته‌ی جه‌نابیان بکه‌ین:

ئه‌دی گه‌لانی دیکه‌ی ناوچه‌که بۆ وێنه ئێرانی، عه‌ره‌به‌کان، ئاشووری و ئه‌رمه‌نییه‌کان و... مێژووی خۆیان له‌ڕووی چ سه‌رچاوه‌گه‌لێک ساخ کردووه‌ته‌وه؟ کام له‌وان بۆخۆی توانیویه‌تی شوێنه‌واره نووسراوه دێرینه‌کانی ولاتی خۆی به‌بێ یارمه‌تی بێگانه ئۆرووپاییه‌کان بخوێنێته‌وه و بۆ سه‌لماندنی مێژووی خۆی که‌ڵکیان لێ وه‌رگرێ؟ ئه‌گه‌ر کاکی نووسه‌ر بۆ ئێرانییه‌کان له‌وباره‌وه به‌شانامه‌ی فیردەوسی، قانێک داده‌نێ، خۆ ئه‌و کتێبه‌ش به‌گێڕانه‌وه‌ی ده‌ستکاری کراوی چیرۆکه‌کانی ئاوێستا بۆ وروژاندنی هه‌ستی مه‌زنیخوازی و خۆ به‌زلزانیی شۆڤێنیستانی فارس دانراوه. ئه‌دی کاک نه‌وشیروان ئه‌و ناوانه‌ی وه‌ک باپیرانی کورد ده‌یانهێنێته‌وه، وه‌ک گووتی و لۆلۆیی و... بۆخۆی یا چ کوردێک به‌ده‌ستی خۆی له به‌رده‌نووسه‌کانی ئاشووردا خوێندوونیه‌وه و هه‌ڵیئێنجاون. مه‌گه‌ر هه‌ر ئه‌وانه‌ش بۆخۆیان هه‌ر کوتنه‌وه‌ی ئه‌و ده‌ستکه‌وتانه‌ی پسپۆڕه ئۆرووپاییه‌کان نین؟

منیش له‌و بۆچوونه‌دا له‌گه‌ڵ به‌ڕێزیان هاوڕام که (شوێنه‌وارناس و مێژوونووس و زمانه‌وانی کورد) هه‌ر ئه‌وانه ده‌ڵێنه‌وه که ئۆرووپاییه‌کان پێی گه‌یشتوون و به‌مه‌به‌ست یا بێمه‌به‌ست ڕوانگه‌ی خۆیان له‌سه‌ر ده‌ربڕیون و زۆر جاران به‌ده‌ربڕینی پێچه‌وانه‌ش بۆ خزمه‌ت به‌سیاسه‌تێکی تایبه‌تی نووسیوینه‌وه، به‌ڵام جیاوزیمان له‌وه‌دایه که ڕه‌خنه‌که‌ی من له‌سه‌ر نه‌فسی گێڕانه‌وه‌که نییه، چونکه به‌داخه‌وه به‌و بارودۆخ و توانایه‌ی ئێمه‌ی کورد له‌و بواره‌دا هه‌مانه، ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ مێژوومان ساخ که‌ینه‌وه، ناتوانین لێی لابده‌ین، به‌ڵام ئه‌منیش ده‌ڵێم کوتنه‌وه‌ی ناوردبینانه‌یان

هەڵەیە و لەگێڕانەوەی مێژووی نووسراو بەدەستی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستاندا دەبێ زۆر ڕەخنەگر و وردبین بین، ئەوە ئەو شێوەکارەیە کە من لە کتێبە تازەکەی خۆمدا لەسەر مێژووی کوردستان پێشنیازم کردووە و حەولم داوە بەکاری بێنم، تا وەک پڕۆفیسۆر محەمەد زەکی بەگ، تووشی هەڵەیەکی وا گەورە نەبم کە ئیختوێکۆی دواین پاشای ماد بە (ئەژیدهاک) و کوورۆشی هەخامەنشی بە (کەیخەسرەو) بزانم. بڕوانە (تحقیقی تاریخی دربارە کردو کردستان، ل٩٦)، هەروەها پێشەکیی کتێبەکەی من (لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان).

٣- نووسەر زۆر نازانستییانە ناوی ئەو خۆی کوتەنی (چەند تیرە و هۆزی دڕندە و دواکەتووی ناوچە شاخاوییەکان)ە نابا و تەنانەت بەڕوونی شوێنی ناوچە شاخاوییەکانیش دیاری ناکا، کە ئەوانی لێڕا هاتوون و حکوومەتی بەهێز و دڕ و تالانکەر و وێرانکار یا کاکی نووسەر کوتەنی پێشکەوتووی ئاشوور دەفەوتێنن، کە وەک دەزانین لەزۆر شوێنەواری مێژوویی و لەزۆر مێژووی ئەو سەردەمەدا باسیان کراوە و ناویان براوە، و تەنانەت بەردەنووس و شوێنەوارە نووسراوەکانی ئاشووریش بەڕوونی باسیان کردوون.

ئەوانە (یەکێتیی هۆزەکانی ماد) بوون کە لە تێکەڵەی هەموو تیرە و هۆزەکانی زاگرۆس بەئاریایی و نا ئاریاییەوە دەوڵەتی مادیان پێکهێنا. وا دیارەئەو مێژوونووسە بەڕێزە، مادەکان لەباپیرانی کورد جیا دەکاتەوە! بەڵام کێ دەتوانێ بڵێ، باپیرانی کورد هەر گووتی و لوولوویی بوون، بەڵام مادەکان فڕیان بەسەر کوردەوە نییە ئاخۆ کاک نەوشیروان چ پاڵوێنەیەکی هەیە کە هەموو ئەو گەلانەی ئەو بەباپیرانی کوردیان دەزانێ لەژێر(یەکێتیی ماد)یان بپاڵێوی و جیایان کاتەوە. بێگومان ئەوە نەک هەر ئەورۆ بەڵکوو لەسەردەمی مادەکانیشدا نەدەگونجا، چونکە هەموو گەلانی نیشتەجێی سەرزەوینی ماد، پێش ئەو ڕووداوەی نووسەر نەفرەتی لێدەکا و بەکارەساتی ناو دەبا، لەژێر ناوی ماددا تێکەڵ ببوون و ببوونە گەلی ماد و هەر ئاواش ناسراون و تەنانەت بەردەنووسەکانی ئاشووریش بەمادای ناویان دەبەن.

٤- نووسراوەکە بەبەرتەسککردنەوەی شوێنی باسەکە و بەناوەرۆکی باسەکەشەوە، لە سەرەتاوە تا ئەنجام، مۆرکی عێراقچیەتیی زۆرتر پێوە دیارە تا کوردایەتی.

٥- هەموو ئەو سەرچاوانەی کەلکی لێ وەرگرتوون یا عەرەبین یا فارسی، کە هەموویان نووسینەکانیان لەسەر ناوچەکە بەئاشکرا لایەنگرانەیە لەحاست فارس لە ئێران و عەرەب لە عێراقدا و هیچی بەسوودی بۆ کورد تێدا نانووسن و هەموو ڕووداوەکان بەلای مەزنیخوازیی نەتەوەیی خۆیاندا دەشکێننەوە.

٦- نووسەر ئاماژە دەکا کە کورد کارەساتێکی گەورە (وڵاتە لەناوچوونی ئاشوور)ی کردووە بەسالّی لەدایکبوونی خۆی، کەچی خۆی بەبێگانە زانیوە لەشارستانێتیە گەورەکانی میزۆپۆتامیا و

زاگرۆس و ئێران، سومەری، بابلی، ئاکەدی و خوری و گوتی و لولویی...

لێرەشدا کاک نەوشیروان دۆ و دۆشاوی لێکداوە. ئەوانەی دەتوانن باب و باپیرانی کورد بن. وەک (سۆمەری و ئاکەدی) کە پێوەندییەکەیان بەکوردانەوە هێشتا بەتەواوی ڕوون نییە، (ئێرانی) کە هەرچەند بەشێکیان (وڵاتە مادەکان) پێکهێنەری یەکەمی باپیرانی کورد بوون، بەڵام ئەویش بێجگە لە باپیرانی کورد، چەند گەلی دیکە دەگرێتەوە و بابلی کە دەزانین باپیرانی کورد نەبوون و خووری و گووتی و لوولوویی کە بێگومان بەشێکن لەباپیرانی کورد.

لێرەدا دەمەوێ باسی ئەو ئاشوورە بەستەزمانە ستەم لێکراوەی کاک نەوشیروان بکەم، کەئەو کوتەنی (چەند تیرە و هۆزی درێندە و دواکەتووی ناوچە شاخاوییەکان)ەی جەنابی باسیان دەکا کێ بوون و چۆن ئەو ئاشوورییە بەستەزمانانە بەهێرش و تاڵانی پەیتاپەیتایان ناچاریان کردن، یەکێتیی ماد پێک بێنن و ئەو ناوبراو کوتەنی (کارەسات)ە بخوڵقێنن. هەروەها دەمەوێ پێوەندیی ئەوان کە باپیرانی کوردن، بەو ساڵە کارەساتبارەی ئەو ڕێبەرە کوردە باسی دەکا، چییە.

ئەوەی نووسەر بە (چەند تیرە و هۆزی درێندە و دواکەتوی ناوچە شاخاوییەکان)ی ناوبردوون، مادەکانن، کە ئیمپەراتۆریەتی ئاشووریشیان بەهاوکاریی بابلییەکان تێک شکاندووە و گەورەترین ئیمپەراتۆریەتی ناوچەکەیان پێکهێناوە. بەداخەوە تا ئێستا ئاسەوارێکی نووسراویان لێ نەدۆزراوەتەوە و کەسیش نەیتوانیوە بڵانێ بۆچی. بەڵام لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەهێندێک شت لەپێوەندی لەگەڵ مادەکاندا بکەم و دوایە پرسیارێک ئاراستەی کاکی نووسەر و هاوبیرانی لەکوردستاندا بکەمەوە، بەوەیوایەی بیرمەندانی کورد بۆی بەدوای وەڵامێکدا بگەڕێن.

مادەکان جۆرە کیسەیەکی مشەممایان سازکردووە و ئاشوورییەکان ئەو مشەممایانەیان لێکڕیون و بۆ پاراستنی پێستە نووسراوەکانیان بەکاریان هێناون. زۆر لەو کیسانە لە وێرانەکانی ئاشووردا، دوای چەند هەزار ساڵ، بەساخی دۆزراونەوە. نەک هەر ئەوە، مادەکان نێزیک بە دوو سەتە لەسەر زەوینێکدا حکوومەتیان کردووە و زۆر شار و گوند و لەوانە گەورەشاری وەک هێگمەتانەیان ساز کردووە. ئەوان ڕێنووسی بزماری لە ئاشوورەکان فێر بوون، پاشان دەستیان تێوەردا و بۆ خوێندنەوە و نووسینەوە و فێربوون، زۆر ساکار و ئاسانیان کردەوە. تاکە بەردەنووسی لەپاش بەجێماوی کوورۆشی هەخامەنشی بۆ سەلماندنی پێشکەوتوویی و شارستانیەتی ئەو کاکی نووسەر کوتەنی (چەند تیرە و هۆزی درێندە و دواکەتووی ناوچە شاخاوییەکان)ە بەسە، کە تێیدا هاتووە: "... مادەکان شتی باشیشیان هەبوون و من پاش ئەوەی بەپاشایەتی گەیشتم، ئەوانەم لە مادەکان وەرگرتن و لەوڵاتی خۆمدا بڕەوم پێدان. یێکێک لەو شتە باشانەی لەمادەکان فێری بووم، ئەلفوبێی وان بوو، کە ٣٦ پیتی هەبوون و هەر ئەو ئەلفوبێیەیە کە ئەورۆ لەوڵاتی مندا بۆتە باو. ئەمن خوێندن و نووسین بەئەلفوبێی ٤٨ پیتی فێر بووم، بەڵام زانیم کە ئەلفوبێی ٣٦ پیتیی مادەکان بۆ خوێندن و نووسین کەڵکی زیاترە و مرۆڤ بەو ئەلفوبێیە زووتر فێری خوێندن و نووسین دەبێ. ئەمن تێگەیشتم بۆئەوەی خەڵک بەهاسانی فێری خوێندن و

نووسین بن، دەبێ نووسین لەسەر تەختە گڵیسوور وەلانێن و وەک خوێندنگەکانی هێگمەتانە تەختەبەرد دەکارکەن و فەرمانبەرانی دیوان وبازرگانان و کارمەندانی تۆمارکردنی بەڵگەنامەکانم ڕاسپارد کە لەسەر چەرم بنووسن و یێکێک لە سوودەکانی نووسین لەسەر چەرم ئەوەیە کە ماوەیەکی زۆر خۆڕادەگرێ..."

"ئەمن دانانی یاسای نەگۆڕم لە ولاتی خۆمدا بڕەو پێدا کە لە مادەکان فێری بووم،... من تێگەیشتم کە ڕێکخراوی سپای مادەکان کە دابەشبوونی دە هەزار کەسی و هەزار کەسی و یێک سەت کەسی و پەنجا کەسی و دە کەسی و پێنج کەسییە، باشترین شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەرتەشێکە... ئەوڕۆ سپای من بەشێوەی مادەکان بەڕێوەدەچێ..."

ئێستا پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا گەلێک کە لەباری خوێندەوارییەوە ئەوەندە پێشکەوتبێ و لە دەرباری ئاشووریشدا کاری کردبێ و ولاتی ئارارات و ئەوانی دیکەشی گرتبێ و شوێنەوارە نووسراوەکانی وانیشی دیتبێ، چۆن دەبێ لەو هەموو ئەزموونانە کەڵکی وەرنەگرتبێ و نووسراوێکی لەپاشخۆی بەجێ نەهێشتبێ؟ ئەدی ئەو بەڵگەنامانەی کوورۆش باسیان دەکا کە مادەکان لەسەر چەرم نووسیویانن چییان لێ هاتووە. بۆ مادەکان کیسەی مشەممایان بۆ ڕاگرتن و پاراستنی نووسراوەکان دروست کردووون و بەئاشووریان فرۆشتوون، کە نموونەیان لەوێرانەکانی ولاتی ناوبراودا بەساخی ماوەتەوە، بەڵام بۆخۆیان بۆ دەبێ بۆ پاراستنی بەڵگەنامەکانی خۆیان کەڵکیان لەو داهێنانە وەرنەگرتبێ؟

لەسەر ئیمکانی سڕانەوەی بەردەنووسەکانیش کە کاکا نەوشیروان باوەڕی پێی نییە، هەرچەند تا ئێستا بەڵگەیەکی بۆ وەدەست نەهاتووە، بەڵام بەردەنووسەکەی بێستوون لە کرماشان نموونەیەکی باشە بۆ ئەو کارە کە تەنانەت دوای ئیسلامیش دەستی تێوەردراوە.

لەسەر ئەو بەناو پێشکەوتووترین شارستانێتیی سەردەمەی کاک نەوشیروان و ئەو چەند هۆزە درندەیەی تێکدەری، پێویستە لێرەدا ڕوونکردنەوەیەک بدەم، دوایەش لە بەشەکانی دیکەدا باسی بکەم. دەوڵەتی ئاشوور نەک هەر بەشاهیدیی دوژمنانی بەڵکوو بەشاهیدیی شوێنەوارە نووسراوەکانی خۆشی لەدرندەیی و وێرانکاری و تاڵان و داگیرکاریدا لەناوچەی خۆی لەمێژوودا لەپلەی یەکەمدایە. بۆ نموونە: ئاسووربانیپالی پاشای ئاشوور پاش گرتن و کاولکردنی عیلام، لەبەردەنووسی خۆیدا دەڵێ: "خاکی شاری شووشان و شاری ماداکتۆ و شارەکانی دیکەی عیلامم هەموو کێشاوە ئاشوور.

لەماوەی مانگێک و ڕۆژێکدا هەموو ولاتی عیلامم بەپانی گەسک دا. ئەمن ئەو ولاتەم لەپیتی هاتوچۆی گاڕان و مێگەل و هەروەها لەدەنگی مۆسیقا بێبەش کرد و ڕێگەم دا بەدرندان، مارەکان و داعبای بیابان و خەزاڵەکان، کە داگیری بکەن."

ئەوجار ئەو درندانەی نووسەر بەلەناوبردنی ئەو شارستانییەتە پێشکەوتووەی ئاشوور

تاوانباریان دەکا، کێن؟ خەڵکی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانن، کە نیشتمانی باپیرانی کورد بووە و ئێستاش ئەو خاکەیە کوردی لەسەر دەژین. ئەو گەلە پێکهاتووە لە تێکەڵەیەکی هەموو ئەو گەلانەی دانیشتووی ئەو سەردەمی کوردستان، کە لەگەڵ مادەکان وا لێکدران و تێکەڵ بوون، کە هەرگیز لێک جیانەکرانەوە و بەهەموویانەوە ناوی مادیان کەوتە سەر. ئەو گەلانە لەچەنگ هێرشی پەیتاپەیتا و وێرانکارییەکانی ئاشوور وەزاڵە هاتبوون، بەماد و گووتی و لوولووپی و... بوونە یەک پارچە و هێرشیان کردە سەر ئاشوور و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و میزۆپۆتامیایان بۆ هەمیشە لە شەڕی ڕزگار کردن. ئایا ئەو ڕووداوە گەورەترین شانازییە بۆ دانیشتووانی کوردستان لەو سەردەمەدا یا وەک کاکی نووسەر دەڵێ (کارەسات!).

٧- بەوتەی نووسەر، تەنیا لە کوردستانی عێراق، لە سلێمانی، لە هەورامان، شمشارە، بێتوڵاتە، دەربەندی گاور، بەمۆ، پەیکوڵی، پیرەمەگرون، حەوزی حەمرین، کێڵەشین، زاخۆ... شوێنەواری زۆر دۆزراونەتەوە و هەزارانیش لە ژێر خاکدا ماون هێشتا کنە و پشکنینی زانستییان تێدا نەکراوە، کە ئەگەر دەسکردی خەڵکی ناوچەکە نەبووبێ، داگیرکەر هەرگیز نەیتوانیوە تاشەبەردی ئەو شاخانە هەڵکۆڵێ، بەیکەری لەسەر بنەخشێنێ و نووسینی لەسەر تۆمار بکا. ئەو لێکدانەوەیەشی کەمتر لەوانی دیکەی ناڕاست نییە. هەر لەو کوردستانەی خۆماندا و لەو شوێنانەی نووسەر باسیان دەکا، زۆر شوێنەواری نووسراوی داگیرکەرانی ئاشووری بەجێماون، کە باسی داگیرکاری و هێرشەکانیان دەکەن.

باشە کاک نەوشیروان کە ئەو ڕایە هەڵەیە دەردەبڕێ بۆ ناچێتە دۆڵی تەنگیوەر لە چیای شاهۆ لە نێزیک پاڵنگان تا بەردەنووسی سارگۆن ببینێ کە چۆن بەخۆی هەڵادەڵێ و باسی سەرکەوتنەکانی دەکا.

بەردەنووسی تەنگیوەر لە چیای شاهۆ بەزمانی ئاشوورییی کۆن و بەخەتی میخی نووسراوە و پەیکەری سارگۆنی دووەمی لەسەرە، کە تێیدا پاش ستایشی خواکانی ئاشوور باسی سەرکەوتنی خۆی دەکا. ئەو شوێنە یەکێک لە جێگە هەرەچڕ و سەختەکانی کوردستانە.

٨- بوونی لوولووپی، هووری، گووتی و میتانی و...ش کە نووسەر بەباپیرانی کوردیان دادەنێ، پێویستە سەرنج بدەینە ئەوەی کە پاش شۆڕشەکەی ماد لەدژی ئاشوور ئەوانە هەموو بوونە بەشێک لە ئیمپەراتوورییەتەکە بەبێ ئەوەی (ئەگەر ئاراراتی لێ دەرکەین)، شەڕێک لەنێوانیاندا ڕووی دابێ و پاشانیش وا تێکەڵاو بوون کە لێک جیاکردنەوەیان نەگونجاو بوو و بەوانەوە هەموویان بەمادیشەوە بوونە دانیشتووانی کوردستان و لەئاکامدا باپیرانی کورد و بەوەحشی و درندە ناوبردنیان بێڕێزییە بە بنەچەکەی کورد. بۆ ئاگەداریی زیاتر سەرنج بدەنە بەشی پێوەندیدار لەو کتێبەدا.

## کورد و جیۆپۆلیتیکی کوردستان

کوردستان کەوتووەتە نێوان ٣٠–٤٠ پانتایی ڕۆژهەڵاتی و ٣٧–٤٨ درێژایی شیمالی لەسەر گۆی زەوی. بڕوانە: (کوردستان و کورد). گەلی کورد خاوەنی ڕابردوویەکی لەمێژینەی پڕ کارەسات و خوێناوییە. هەڵکەوتی جیۆپۆلیتیکی، دەوڵەمەندیی خاکەکەی لەباری کانە گرینگەکانی ژێرزەوی و بەتایبەتیش نەوت، دۆخی لەباری بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، کەش و هەوای سازگار، سەرچاوەی ئاوی زۆر و...، تەمای داگیرکارانی دوور و نێزیکی، هەر لەکۆنەوە تا ئێستاش، بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەو سەرزەوینە پڕپیتە ڕاکێشاوە. وڵاتی کوردان کە لە مێژوودا بەوڵاتی چیا ناوبراوە، کەوتووەتە سەر ڕێگەی ئاوریشم، کە هێڵی سەرەکیی پێوەندیی نێوان ڕۆژ هەڵاتی دوور و ڕۆژئاوا بووە. ئەو ڕێگەیە بۆیە بەئاوریشم ناودێر کراوە، کە لە زۆر دەمانێک پێش ئێستاوە تاکە ڕێگەی گەیاندنی ئاوریشمی چین بووە بەڕۆم و فەڕەنگ.

حەسەن پیرنیا (تاریخ ایران از اغاز تا انقراچ قاجاریه، ص ٧ و ٨) دەنووسێ: "ئەو ڕێگایەی لەنێوان دوو چۆمان ڕا دەهاتە بانووی ئێران، لە شوێنێکی نێزیک بەغدا، کە پاشان بەسلووکییە ناوبرا، لە دیجلە دەپەڕییەوە و دەشتی دیالەی دەپێوا و دەگەیشتە (ئارتیمیتا) لە نێزیک (قزڵ ڕوبات)ی ئەورۆ و پاشان دەگەیشتە (شالا) کە پێتەختی (حولوان) بوو. لێرەڕا وەسەرکەوتن بۆ بانووی ئێران دەستی پێدەکرد و ڕێگەی باسکراو پاش تێپەڕین بەکێوەکانی (زاگرۆس) و (کامبادێن– یا بەمەزەندە کرماشانی ئەورۆ)دا دەچووە نێو دەشتی بەرزی (کەرخە) و پاش تێپەڕین بە (کەنگاوەر) یا (گەنگباری کۆن) دەگەیشتە (هەمەدان) و لەوێڕا ڕێگەی بەرەو (شووش) و شارەکانی دیکە لێ دەبوونەوە."

ئەو نووسەرە لەپەراوێزی لاپەڕە ٧دا نووسێویەتی"حولوان قەڵایەک بوو لە کۆستانەکانی کوردستان لە نێزیک (گەرکووک)" نووسەر هەروا دەڵێ:

"بانووی ئێران پردێکە، بەشەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیای لێک گرێداوەتەوە و ئەو هەڵکەوتەی بانووی ئێران لەمێژوودا، گرینگییەکی تایبەتی هەبووە. لەو سەردەمانەدا کە دەریاپێوی بەسێنەیی نەبوو، بانووی ئێران تەنیا ڕێگەیەک بوو کە بەشەکانی ئاسیای گرێ دەداوە لەلایەکەوە بەیەکتر و لەلایەکی تریشەوە بە دەریای ڕۆژئاوا و ئوروپا و چونکە بانووی ناوبراو لەسەر چواررێیانی دنیای کۆن هەڵکەوتبوو و هۆی پێوەندیی خەڵکانی زۆر بووە لە ڕەگەزگەلی جۆراوجۆر..."

ئەو ڕێگەیەی پیرنیا باسی دەکا، بەشێکە لە ڕێگەی ئاوریشم و پاشان دەچێتەوە (ڕێی) و لەوێ ڕا درێژەی دەبێ تا دەگاتە چین. وەک دەبینین هەموو ئەو بەشەی ناوبراو ئاماژەی پێدەکا، هەر ئێستاش بەشێکن لە نیشتمانی کوردان و ئەوانە و پاشانیش شاری (ڕێی) و ئاوەڕۆی ڕۆژئاوای کێوی ئەلبورز، کە دەڕوانێتە سەر ئەو شارە، بەشێک بوونە لەسەرزەوینی ئەوانەی وەک باپیرانی

کورد باسیان دەکەین. شاری (ڕێی) کە بە (وەک فارسان دەڵێن ڕەگا و عەرەبان کردوویانەتە رەغە) ناوەکەی کوردییە و کورد ئەورۆش بە (راە)ی فارسی دەڵێن (ڕێ) یا (ڕێگە).

ئەو ڕێگەیە بێجگە لە ئاوریشم، ڕێگەی سەرەکیی پەلهاوێژی و فرەوانخوازیی ڕۆژئاواییان بۆ ڕۆژهەڵات و بە پێچەوانەش بووە. مخابن، ئەو هەڵکەوتە و دەوڵەمەندیی خاکەکەش، لەجیاتی ئەوەی ببێتە هۆکارێکی باش بۆ بەختەوەریی دانیشتووان و ئاوەدانی و پێشکەوتنی وڵاتەکە، بۆتە مایەی مااڵوێرانیی گەلەکەی و سەرکوت و کوشتار و تااڵنی.

شوێنەواری نێوی کوردی بەسەر دەماوەند و ئاقاری (ڕێ) و (تاران)ەوە دیارە کە هێندێک نێوی وەک (شەمیران) کە بەکوردی مانای کۆتایی دەدا و (ئەوین) کە بەکوردی وڵاتە عیشق و خۆشەویستی نموونەیەکن.

(موریە) نێزیکەی ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەنووسێ: "لەڕۆژی ٣١ی ئووت خەڵکی دەماوەند بەیادی ڕزگاریی ئێرانییان لە ستەمی زەححاک گێژنەیان دەگرت و ئەو گێژنەیان بە (گێژنی کوردی) ناو دەبرد." ئەو ناوە دەلیلێکە بۆ ئەوەی خەڵکی سەردەمی زەححاک و فەرەیدوونی ئێران باپیرانی کوردان بوون و دەماوەندیەکانیش باپیرانی خۆیانیان بەکورد دەزانی و ئەو گێژنەیان لەباوکانیان ڕا پێگەیشتووە و بەگێژنەی کوردی ناویان بردووە.

ئەگەر سەیرێکی مێژوو بکەین، دەبینین هەموو هێرشەکانی ڕۆژئاوا (یۆنان، ڕۆم، تورک و عەرەب و...) بۆ سەر ڕۆژهەڵات و بەپێچەوانەش بەکوردستاندا تێپەڕیون و هەموو جارێ خەڵکی ناوچەکە تووشی مااڵوێرانی و دەربەدەری و... بوون و دە ژێر یەدا چوون. (بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان ل٨٥و٨٦).

شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیش، – کەبەشێکی هەرە گرینگی ڕێگە وشکانییەکەی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵاتی بەوڵاتەکەماندا بوو – بێجگە لە مااڵوێرانی و زیانێکی زۆر بۆ کوردستانی بەاڵێدراو، دابەش بوونەوەی بە٥ پارچەی بەدواوە بوو و شەپۆلی سەرهەڵدانی ئازادیخوازانی کورد و سەرکوتی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستانیشی بۆ کورد کردە ڕووداوێکی تا ئەورۆش نەپساوە.

قایمی و حاسێبوونی ناوچەکەش وەک سروشتی خۆی گیانێکی نەبەز و دەستەمۆنەکراوی داوەتە گەلەکەی. ئەو سروشتە ئاستەم و شاخاوییە، کێشەی پێوەندی و لێک نێزیکبوونەوەی بۆ نەتەوەکە پێکهێناوە و بووەتە یەکێک لەو هۆکارانەی لە سەتەکانی پێش ١٦ی زاین نەیانهێشتووە بەتەواوی یەک بگرن و لەزۆر هەلومەرجی لەباری مێژووییشدا هەر بەشێوەی ژمارەیەک میرنشینی چووکچووکی سەربەخۆ ماونەتەوە و کەمتر هەستیان بەیەکپارچەیی و یەکبوون کردووە. پێکهاتنی دەوڵەتی سەفەوی لەسەرەتاکانی سەتەی ١٦ و بەربەرەکانی و شەڕی نێوان ئەو ئیمپەراتوورییە و ئیمپەراتووریەتی عوسمانی، کە هەمووی لەسەر خاکی کوردستان ڕووی دا، بوو بەهۆی یەکەم دابەشبوونی و بەدبەختیی بەدوای بەدبەختی و وێرانیی بەدوای وێرانی بەدوای خۆیدا بۆ کورد

هێنا. میرنشینە سەربەخۆکانی لەناو بران و کەوتە بەر شەپۆلی توندوتیژی کوشتار و ماڵوێرانی و ڕاگواستنی زۆرەملی و...

## باپیرانی کورد

زۆر کەس مادەکان بەباپیرانی کورد دەزانن و ئەوەش بۆچوونێکی نابەجێ نییە. بۆیە پێویستە لە پێشدا ئەوان باشتر بناسین و لە شەن و کەویان بدەین. ئەوەی باوە دەڵێن مادەکان لکێک بوونە لەو ئاریییانەی لە ئوڕووپارا بەهۆی سەرما و سەهۆڵبەندانێکی زۆر بەتەوژمەوە هەڵقەندراون و پاش جیابوونەوە لەوانەی بەکێوەکان هیندوکوش هەڵگەڕان و ئاریاییەکانی هیندوستانیان پێکهێنا، لەکویستانەکانی زاگرۆس و بەشێک لەئەلبورز (ئاوەڕۆ لای ڕۆژئاوای ئەو زنجیرە کێوە) دامەزران. لەسەر کۆچی ئەو گەلە باسوخواسێکی زۆر هەیە و کۆچی وردەوردەیان بۆ ئەو سەرزەوینە، کە سەرەڕای بەتورک و فارس کرانی، ئێستاش بەشی هەرەزۆری نیشتمانی کوردانە، بەهەزاران ساڵ پێش زایین دەخەملێندرێ، بەڵام ئەو کۆچەی مێژوو زۆرتر باسی دەکەن، کۆچە گەورەکەیانە کە دەوری چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا کردیان و ئەوەیە کە بەمێژووی ڕەسمیی کۆچی ئاریا ڕەگەزان ناسراوە. لەسەر ئەوانەی لە مێژووی نووسراوی ئاشوور و بابلدا بەماد یا مید ناسراون، دەبێ بکوترێ هەموویان هەر کۆچەرە ئاریا ڕەگەزەکان نەبوون، بەڵکوو وەک ڕوون بووەتەوە ئەوەی بەو ناوەوە دەستەڵاتداری یەکەمی ئەو سەرزەوینە و تێکڕووخێنەری دەوڵەتی ئاشوور و پێکهێنەری ئیمپەراتۆرییەتی گەورەی ماد لەمێژوودا ناسراوە، پێکهاتەیەکی لێکدراوە لە کۆچەرەکان و دانیشتووانی ناوچەکە.

گرینگترینی ئەو گەلانەی پێکهاتەی کوردی ئەوڕۆیان بەتێکەڵبوون و دەناوییکدا توانەوەیان، لێ وەدیهاتووە، بەو ناوانە لە بەڵگە مێژووییەکاندا هاتوون: (لوولوو Lullu یا لوولوبیوومەکان Lu-lubums)، (گووتییەکان Guties)، (کاسیتەکان Kassites)، (سووباریان Subaries)، (مادەکان Mades)، (نایریان Nayries)، (کاردووخۆیەکان Karduchoies یا کاردۆکەکان)، (کورتی Kur-tie) یان کوردووئێنەکان، میتانییان و ئوممان ماندا‌کان (Umman Manda).

ئوممان ماندا‌کانیش پاش دامەزرانیان لە کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەش، لەگەڵ مادەکان و سیتەکان (Cythians) تێکەڵبوونەوە و بوونەگەلێک. بەشێکی بچووکی ئەوانە چوونە ڕۆژئاوای کوردستان و حکوومەتی میتانییان پێکهێنا کە ناوەندەکەی لەسەر لێواری چۆمی خاپوور بوو، "ئەماردی یا ئەمەردی"ش هۆزێکی دیکەن لە کورد کە (سترابۆن) بوونیانی لەگەڵ کورتییان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئێران (ئاریانا Aryana) یا سەرزەوینی ئاریاکان، باس کردووە و بەئی ڕەگەزێکی زانیون و سەرەنجام کیمەرییان و پاشانیش عیلامییان. لەناو ئەوانەی لەسەرەوەدا ناویان بران، عیلامییەکان بێگومان لە ڕەگەزی ئەوانی دیکە نەبوون، بەڵام پاش تێداچوونی فەرمانڕەوایی و کوشتارە بەکۆمەڵەکە و سڕانەوەی شارستانیەتەکەیان بەدەستی ئاشوور،

پاشماوەکانی ئەوانیش تێکەڵاوی گەلانی کوردستان بوون و لەناویاندا توانەوە.

ئەو تێکەڵەیە لە کۆمەڵە مرۆڤانی دانیشتووی کوردستان و یا وەک هێندێکان پێیان وایە بەهۆی هاوڕەگەزی و یا وەک هێندێکان دەڵێن بەهۆی زاڵبوونی زمانی مادەکان بەسەر زمانەکانی دیکەدا، زمانێکی هاوبەشیان دەناودا بۆتە باو و پاش پێکهاتنی دەوڵەتی گەورەی ماد، هەموویان بەماد ناسراون. ئەوانە پاشان –هەرچەند بەفەرمی دیار نییە لەکەیەوە و چۆن– بەکورد ناویان دەرکرد و باپیرانی کوردانی ئەورۆن.

ئەم نموونانەی خوارەوە ڕاستیی ئەو ڕوانگەیەی من دەسەلمێنن:

ئیحسان نووری پاشا (مێژەی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ل٥– ١٠) دەنووسێ:

"گەرچی (قەڕاڵ لاگاشەئاداد ناراری) ٢٤٠٠ ساڵ پ.ز باسی تیرەی (کاردا)ی کردووە و (کەمیل سین)ی پاشای ئوور ٢٢٠٠ پ.ز سەرزەوینی کاردای بەمیر قردنن سپاردووە و لەساڵی ١٣٧٠ پ.ز شوبی بگچەی پاشای هیتت ناوی تیرەیەکی بەناوی (کودە) هێناوە، پاش ئەمانەش نووسراوەکانی ئاشووریش ناوی دەشتی کاردا و تیرەی کورتی بەکورتی بردووە، گەرچی ساڵی ٤٠١ پ.ز کە زەینەفۆن سەردار و مێژوونووسی یۆنانی و فەرماندەی دە هەزارەکە وەختێ کە لە ئێران دەگەڕایەوە، لە دۆڵەکانی زاخۆدا و نێزیکی کێوی جوودی تووشی میللەتی کارد بووە و پاشاکەیان نێوی دانارونتاس بوو... کاتێ ئەسکەندەری ماکدۆنی حەملەی کردە سەر ئێران میللەتی کارد لە ڕیزی لەشکرەکانی داریوشدا بووە، نارستوفلسی نووسەری ئەسکەندەرنامە کە لەگەڵ ئەسکەندەر بووە دەڵێ: کە دارا بیستی ئەسکەندەر دێت سی هەزار سوار و سی هەزار پیادەی ناردە ئەوپەڕی چۆمی بیناروس تا بەری لەشکری ماکدۆنیان بگرن و بەو جۆرە ٦٠ هەزار کورد کە پشتی ماکدۆنییەکانیان گرت و کوردا کە تایفەیەکە لە باشووری گۆلی واندا دەژین بەڵام میللەتی کوردی ئەمڕۆ تەنیا کاردۆکان نین بەڵکوو کاردۆکان کلیلن بۆ ناسینی ڕەچەڵەک و هەویەی کوردەکانی ئەمڕۆ."

...

"مێژوونووسانی کۆن دەڵێن گوندی (بقردا) یەکەم گوندە کە پاش تۆفانەکەی نوح لە نێزیکی جودی دروست کراوە، بەڕای ستڕابوون بەو ناوچە شاخاوییەی نێوان موش–دیاربکر کوتراوە (کاردۆ). (سێر مارک سایس)–یش دەڵێ: لە ساڵی ٦٠ پ.ز تایفەی (کوردوین) لەنێوان دیاربەکر و سەرچاوەکانی زێی گەورەدا دەژیان."

"هێندێک کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە ناوی کێوی جودی لەناوی تایەفەی گەتی (ژوت)یەوە هاتووە کە بەر لە زاین لەو دەوروبەرە ژیاون و وشەکە مانای زمان و شەڕاوەر بووە..."

ئارچی ڕوزڤێلت (کورد لە یادداشتەکانی ئارچی ڕوزڤێلت، ل١١و١٢) "... ئەگەرچی ئەو ئاماژانەی لەبەردە نووسراوە خەت بزمارییە دێرینەکاندا بۆ کورد کراوە جێی باسکردنە، بەڵام

پێدەچێ جێی گومان نەبێ کوردەکان هەمان (کاردۆخی) بن کە سەردار و مێژوونووسی یۆنان (گزینەفۆن) شێکردنەوەیەکی تەواوی لەسەریان هەیە. لە هێرشە مەرگبارەکانیان لەبەرامبەر سوپای دە هەزار کەسی یۆنانییەکاندا لەسەر رێی تێپەڕینیان بەرەو دەریای ڕەش."

"ڕۆمیەکانیش لەبەرامبەر کێشە و شەڕ لەم ناوچەیەدا کە ئەوکات بە (کوردۆئەن) ناودەبران، پارێزراو نەبوون."

ئیحسان نوری هەر لەشوێنی باسکراو لەسەرەوەدا دەڵێ: "پرۆفیسۆر سپایز لە کتێبی میللەتانی میزۆپۆتامیادا بە بەڵگە سەلماندوویەتی کە (کورد) لەنەژادی گووتین."

"خاکی دەوڵەتی میتان حەوزی باکوری دیجلە و فورات بووە، کە میتانییەکان بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان و پاش ڕووخاندنی دەوڵەتەکەشیان لەگەڵ تیرەی کاردۆ کورتییە هاونەژادەکانیاندا لەوێ نیشتەجێ بوونە... ڕاستە کە بەشێک لە کورتییەکان لە فارسدا بوون، بەڵام خۆ ئەرمەنستان و لە ئەرمەنستان و مازەندەران و ئازەربایجانیشدا زۆر بوونە و مەڵبەندی ئەسڵییان مادستان بووە."

"سترابوون لە کتێبی ١١ فەسڵی ١٣دا دەڵێ پارس زۆربەی لە کەناری دەریای ئەریترە (کەنداوی فارس) بووە و تا ئەوکاتەی کە دەستەڵاتی مادی لەناو نەبردبوو دەستی بەسەر ناوچەی دیدا نەڕۆیشتووە."

"... ئەمڕۆ تایەفەی کرمانج ئەگەر بیانەوێ یەکدی گاز بکەن یا لە گفتوگۆدا یەکدی بانگ بکەن لەبری ناوی بەرامبەرەکەیان (لولو) بەکاردێنن (لۆلۆ دروستە نەک لولو _ نوسەر)."

"...لە کاتی ڕووخانی بابلدا دوو ئیعلامیە بڵاو ببوونەوە کە دیارە رومانیەکان لە یەکێک لەو ئیعلامیانەدا دەڵێن: (چونکە پاشای بابل کەمتەرخەمیی بەرامبەر بە (مەردۆک)ی پاشای خودایان کردووە ئەویش (کوروش)ی بەدادپەروەر زانیوە و داوای لێ کردووە حوکمی دنیا بکا و گۆتییەکان و (ئومانماندە)کانی خستوونەتە ژێر پێی ئەو. بابلییەکان بەخەڵکانێکیان کوتووە (ئومانماندا) کە خاکەکەیان لە ئیلام ڕا تا دەریای ڕەش بووە."

"لەسەدەکانی پاشتر ئیدی ناوی گۆتییەکان نەماوە و کە هەموو شوێنێ بووە بەکاردا، کورتی، کوس."

مێژووی ئەدەبی کورد لەپێشەکییەکەیدا لەزمانی دوکتور کونتافەوە دەڵێ: چوار هەزار ساڵ پ.ز خەڵکانێک لە دەشتەکانی باشووری سیبریا و ڕوسیاوە کۆچیان کردووە بۆ کێوەکانی زاگرۆس و جیگۆڕکێیان کردووە بەوانە دەڵێن ئازیایی یا ئاسیایی، لە ساڵی ٣٠٠٠ پ.ز دا لەهەمان شوێنەوە دەستەی دووەم کۆچیان کردووە و گەیونەتە کێوەکانی زاگرۆس کە زانایان ناویان ناون ئاری یا هیندوئەوروپایی. هەردوو دەستەکە پاش پێکدادان و شەڕوشووڕ تێکەڵاوی یەکدی بوون و میزۆپۆتامیایان داگیرکردووە کە ئەوانە بە (گۆتی، کوسی) ناسراون.

لە هەزارەی یەکەمی پێش زایندا بە هەموو دانیشتووانی ئارارات و ماننا و مادیان کوتووە کووتی. تەنیا تەختەنووسراوەکانی سارگۆنی دووەم، مادە ئێرانی زمانەکانی لە کووتییان هەڵاواردووە. (بڕوانە: تاریخ ماد ل١٠٣و١٠٤).

پرۆفیسۆر محەمەد ئەمین زەکیش بەوردی باسی ئەو گەلانە دەکا و بەباپیری کوردی ئەورۆیان دادەنێ و مادەکانیان لێ هەڵناوێرێ. (تحقیقی تاریخی درباره کرد و کردستان، ل٧٧–٩٧).

دیاکۆنۆف (تاریخ ماد، ل١٣٣– ١٨٤) باسی پێوەندیی کورد و ئاشوور یا باشتر بڵێم هۆکارەکانی لەناوچوونی ئاشوور بەدەستی یەکێتیی هۆزەکانی ماد، (ئەوانەی کاک نەوشیروان بەچەند تیرە و هۆزی دڕندە و وەحشیی کێوی ناویان دەبا)، دەکا کە پوختەکەی ئاوایە: سەرڕای ئاڵوگۆڕی ڕێتێچوو لە هێندێک ناو و دەستەواژودا، لەسەریەک لە هەزارەی سێیەم ڕا تا سەرەتای هەزارەی یەکەمی بەر لەزاین هیچ گۆڕانێک لە تێکەڵەی گەلانی سەرزەوینەکە پێک نەهاتووە. خەڵکی ئەو ناوچەی لەگۆلی ورمێڕا بگرە تا بەشی سەرووی دیالە لەگەلی گووتی و لوولووبی بوون. سێیەمین گەل وێدەچی مێهرانی بووبن. کاسییەکانیش بەشی ڕۆژئاوای خواروی دیالەیان داگیر کردبوو و وێدەچی هووریانیەکانیش لە هێندێک بەشی دەوری گۆلی ورمێ و هێندێک دوواڵ و شیوی زاگرۆسدا نیشتەجێ بووبن. لە سەرەتای هەزارەی یەکەم، گەلێکی دیکەش بەزمانێکی دیکەوە دەبیندرێ کە ماکی ئێرانییان تێدا بەری دەکرێ. ئەو گەلانە لە ئاژەڵداری و بەتایبەتیش لە بەخێوکردنی ئەسپدا شارەزا و پێشکەوتوو بوون و کشتوکاڵیش لە داوێنی کوێستانەکانیدا بڕەوی هەبووە. سەرچاوەکانی ئاشووری تەنیا باسی مادانی یا یەکێتیی مادەکان دەکەن و بەجیاجیا ئاماژ بەهۆزەکانی ناکەن. ناوی ئەو هۆزانە تەنیا لە کتێبی هێرۆدۆتدا بەرچاو دەکەون. لەو ناوچانەدا کە دوایە بوونە وڵاتی ماد، سەرەتا دەوڵەتگەلی بچووک لە زامووئا ڕێبەر بوون، کە نیشتمانی لوولووبی و کووتییان بوو، پاشان دەوڵەتی مانناکان لە خواروی گۆلی ورمێ لەناویاندا بوو بەپلەی یەکەم. ئەوان لەسەدەی یەکەمی (پ.ز) چەندان جاران لەگەڵ ئاشوور و ئوورارتوو تووشی شەڕ بوون، بەڵام بەدەستیان تێکنەشکان. لە بەردەنووسەکانی ئاشووری و عیلامیدا ناوی ماد لەزمانی ئاشووریدا بە (مادای، ئامادای، ماتای) و بەزمانی عیلامی بە (ماتا) و بەئەرمەنیی کۆن (مار) هاتووە. ناوی هۆزەکانی پێکهێنەری یەکێتیی ماد لە بەردەنووسەکانی ئاشووردا نەهاتووە و هێرۆدۆت ناوی بردوون، لەناو ئەوانیشدا تەنیا ئاریزانتەکان بەئاریایی ناسراون و ئەوانی دیکە لە گەلانی نائاریاییی ناوچەکە پێکهاتوون. ئەوانە دوایە زمانی ئاریایان وەرگرتووە و ناوی ئاریاییان لەخۆ ناوە و بوون بەیەک.

لەو سەردەمەدا یەکەم ئامانجی هێرشی ئاشوور، سەرزەوینی لوولوویان (یا ئاشووریان کوتەنی وڵاتی لوولوومیان) بوو، کە بە زامووئا ناودەبرا و لە گۆلی ورمێڕا دەستی پێدەکرد و دەگەیشتە بەشی سەرووی چصۆمی دیالە ڕاکشابوو. ئاداد نیراری پاشای ئاشوور، لە کۆتایی سەدەی دەیەمی (پ.ز)دا بەناوچەی زامووئادا تا ملەکێوەکانی وڵاتی نامار چووە و پێش ئەوەش بۆلای

سەرچاوەی زێی گەورە چووە و گەیشتووەتە ولاتی مێهری لە نێزیک لێوارەکانی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ. توکولتی نینورتی دووەم، لە ٨٨٠ی (پ.ز) و ئاشوور ناسیراپالی دووەە (لە ٨٨١ و ٨٨٠ی پ.ز) لەشکەریان کێشایە سەر ناوچەکە و دەستدرێژی و هێرش بۆ سەرزەوینەکە هەر درێژەی هەبوو.

لەشکرکێشییەکەی ٨٨٣ زیانی زۆری بەزامووئا نەگەیاند و ئاشوور ناسیراپالی دووەم، بەڕێگەی (کیشرو و ڕێیدا چووە ناوچەی زێی گەورە و بەخێرایی بەرەو باکوری ڕۆژئاوا بایداوە و ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەری ئەو ڕێڕەوە ولاتە (کیشروورى) و (سمێسی) و (سیمێرە) (ئولانیا) و (ئاداعووش) و (خارگا) و (خارماسا)، نەک هەر ئەسپ و ئێستر و ئاژەڵی شاخدار و شەراب و دەفرگەلی زۆری مەفرەقیان دایە، بەڵکوو باجی زۆریشی بۆ ئاشوور خستنە سەر. دانیشتووانی سەرزەوینی (گلیزان- وێدەچێ لێواری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ بێ)یش بۆ ڕاکێشانی بەزەیی ئەوان، دیاریگەلێکیان لە ئەسپ و ئێستر و زێر و زێو و قەڵاییمس و دەستکردی مەفرەقیان بۆ نارد.

لوولووبی باش دە ولاتای ئەو لەشکرکێشییە گەیشتبوون و زانییان کە ئەوە یەکەم هەنگاوە بۆ داگیرکرانی ولات و بەدیل چوونیان. لەساڵی ٨٨١ی (پ.ز) عەزمیان جەزم کرد بەتوندی بەربەرەکانی بکەن. ڕێبەری هۆزی (ئاسیکو) لە بەشی (داگار) بەناوی باناوی (نوورئاداد)، بوو بەسەرۆکیان. ئەو خەڵکی هەموو زامووئای لەخۆ کۆکردنەوە و شوورەیەکیان لەدەربەندی پابیتە (دەربەندی بازیانی ئێستا)ی بەست، بەڵام وا وێدەچێ (ئاشوور ناسیراپال) دەرفەتی نەدابێتە (نوورئاداد) کارەکەی تەواوکا و بەهێزێکی گەورەی بەئەژمار لە ئی زامووئاییەکان لە ملەکە تێپەڕی و خزیە ناوەندی (زامووئا) و (نوورئاداد) هەڵاتە کێوان و (ئاشوور ناسیراپال) تا کێوی "نەسیر" بەزمانی لوولووبی (کیئیپا)- کەبەپێی ئەفسانەی ئاشووری گەمیەی نووح لەوێ نیشتبوو- چووە پێش و لەسەر ڕێگەی خۆی سێ شانشینی بچووکی زامووئای بریتی لە (داگارا)، (نوورئاداد) و (موواساسینا- کە ناوەندەکەی قەڵای بوونیاسی یا بوونائیس بوو) قەڵاچۆ کرد و ئاژەڵێکی زۆریشی دەستکەوت بوو. پاشاکانی دیکەی زامووئا دەستیان لە خۆڕاگری هەڵگرت و (ئاشوور ناسیراپال) ڕێگەی پێدان پاشاییەکەیان بکەن، بەڵام سەرزەوینەکەی خستنەسەر ئەو هەرێمەی کە بۆ خۆی بەو دواییانە سازی کردبوو و خەرج و باجێکی گرانیشی بەئەستۆدا بڕین. ئەو هەرێمە دوایە لە سەرچاوەکاندا بە (زامووئا) ناو برا و بەشی باکوری ولاتەکە بە (ماننا) و بەشی باشوور لە (بەشی خواروی چۆمی دیالە) بە (پارسوئا).

ساڵی دواتر، دوو میرایەتیی (زامووئای باشووری) و (ئارەشتووئا) باجی بەڵێندراویان نەدا و ئەوە بوو بەهۆی لەشکرکێشانی ئاشوور بۆ تەمێکردنیان. (ئاشوورناسیراپال) ویستی دەستی خۆی ڕەپێشخا و پێش بەئامادەکاریی شەڕیی زامووئاییان بگرێ، بۆیە تەنیا بەسواڕە و عارەبەی شەڕی وەڕێ کەوت و چاوڕێی پیادە و ئەندازیارانی سپای نەکرد و (ئاممالی) و قەڵای (ئارەشتووئا)ی لەسەر لێواری چۆمی دیالە، بەهێرش گرت و تاڵانی کردن و کوشتاری نەک هەر لە

(ئارەشتووئا)، بەڵکوو لەو میرایەتییانەی دراووسێشیدا دەست پێکرد: کیرتیارا (کە ئەو جار ناوەندەکەی (بار) بوو و (سابینا) کە ناوەندەکەی (خوودوون) بوو و (مووساسینا) کە ناوەندەکەی (بوناسی) بوو، تا دەگاتە ملەکانی (خاشمار). تەنیا (دادگەرا) بەدانی باج و دیاری ڕزگاری بوو. لەشوێنەکانی دیکەدا شوێنەوارێکی لەدانیشتووانی ناوچەکە لەسەر زەوی نەهێشت. کەسانی پێگەیشتوو و کارامەی بەکۆیلە بردن و منداڵەکانی لەئاگردا سووتاندن. ئاشوورییەکان ئەو جار ڕوویان کردە میرایەتی (ئامێکا)، ئەو و کەسوکاری لە کێوەکاندا خۆیان شاردەوە، بەڵام ئاشوورییەکان، لە قەڵاکەی بەناوی (زامرروو) و گوندە چۆڵکراوەکانی دیکە تاڵانێکی زۆر و لەناویاندا دەستکردی مەفرەقی (کەلوپەلی ماڵ و شتی جوانکاری و هونەری)یان وەدەست کەوت. ئەوان هەروەها دەیان شەڕکەری (ئامێکا)یان بەدیل گرتن و لەژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەدا کوشتیانن. پاشان هێرشیان بردە سەر میرایەتیی کەسێک بەناوی (ئاتا) کە هیچ پێوەندییەکی بەسەر بەربەرەکانییەکەی زامووئاوە نەبوو. ئەو میرایەتییەشیان بەمەردی ئەوانی دیکە برد. (ئاشوور ناسیراپال) لەو ناوچەیەدا کەلوپەلێکی زۆری مەفرەقیی بەدیاری لەوڵاتی (سیپیرمێن) وەرگرت. پاشان گەڕاوە و لە قەڵای (ئارکادی) وچانی گرت و میرانی ناوچەی زامووئا بەدیارییەوە هاتنە دیداری. لەو سەردەمەدا باجی ساڵانەی زامووئا زیادی کردبوو و کری ڕەنگاوڕەنگی پەشمی و دەفری مەفرەقی و شەراب و ئاژەڵی شاخداریشی هاتەسەر. ئاشوورییەکان زامووئاییانیان بەبێگاری دەبردنە شاری (کەلخوو) بۆ کاری خانووبەرە. بێجگە لە میرۆکەکانی زامووئا، میرۆکەکانی (گیلزان) و (خووبوشکیە) لە باشووری گۆلی وان و قەڵای (خارتیش)ی کاسیش دیارییان ناردن.

(ئاشوور ناسیراپال) بەو ئاکامە ڕازی نەبوو و حەوڵی دا هەڵاتووانی زامووئاش لەکێوەکان بگرێ. جا قەڵای (اتلیل)ی ئاوەدان کردەوە کە پێشتر ئی کاسییان بوو و کردیە ناوەندی کۆکردنەوەی باجی هەرێمی تازە دامەزراو و هەماری ئالیکو بژیو بۆ لەشکرکێشییەکانی داهاتووی بۆ لای ڕۆژهەڵات. پاشانیش ژمارەیەک لەخەڵکی زامووئا بردرانەشاری (کەلخۆ)ی پێتەختی تازەی (ئاشوور ناسیراپال). شتێکی وا بەسەر لەشکر کێشێیەکەی ئاشووردا ڕانەبووردبوو کە خەڵکی هێندێک بەشی زامووئا سەربەخۆیی خۆیانیان وەدەستهێنا. ئەو هێرشانە کە باسیان کرا لە ساڵنامەکانی (ئاشوور ناسیراپال)دا هاتوون.

ئاشوورییان تا کۆتایی پاشایەتیی (ئاشوور ناسیراپالی دووەم)، لە لووتکەکانی زاگرۆس تێنەپەڕیوون و دزەیان نەکردبووە ناوچەکانی ناوەندی ئەو سەرزەوینە. بەڵام پاش سازکردنی پێگەی جەنگی بۆخۆیان لە (زامووئا)، دەستیان کرد بەهێرشی خێرا بەرەو وڵاتی ماد و هەوەها ئی کاسییان لەلێوارەکانی گۆلی کاسپین.

لە ساڵی ٨٥٥ (پ.ز)، سپای سەلمەنەسەری سێیەم بەملەی (بوونائیس)دا هێرشیان کردە سەر (نیک دیارا)ی سەرۆکی زامووئای ناوەوە و ئەو بەسواری بەلەم بەگۆلی ورمێدا هەڵات، سەلمانەسەر

وەدوای کەوت، بەڵام چی بۆ دەگەڵ نەکرا. لە ساڵی ٨٤٢ (پ.ز)، سەلمانەسەری سێیەم سەرهەڵدانی (نامار)ی لەبەشی ناوەڕاستی ڕووباری دیالە دامرکاندەوە و پێشەوای بەیت هامبانی لە جێگە دانا، ئەویش دوایە لە فەرمانی سەلمانەسەر دەرچوو و هەڵاتنی بوو بەبیانووی هێرشی ئاشوور بۆسەر خاکی ماد. لەشکری ئاشوور هەڵیان کوتایە سەر نامار و قەڵاکانیان تێکوپێک دان و دەستیان گرت بەسەر ئەو شتانەدا کە لە کوێستانەکان شاردرابوونەوە. ئەو هێرشە هێندە کوتوپڕ بوو کە دەرفەتی بۆ بەربەرەکانی نەهێشتەوە، لەشکری ئاشوور، -لەوانەیە بەبیانووی هەڵاتنی شای نامار- هێرشیان کردە سەر ماد و چوونە ناو خاکی پارسووئا و باجیان لە٢٧ میری وێ ئەستاند. پێویستە (پارسووئا)مان کە هەرێمێکی ماد بووە لەگەڵ (پارس) یا (پەرسید)ی ولاتی پارسان لێ تێک نەچێ و ئەو وێکچوونی ناوە نابێتە هۆی ئەوەی پارسووئا بەولاتی پارسان بزانین، کە ٦٠٠ کیلۆمێتر لێک دوورن و ڕێی تێناچێ پارسەکان لە پارسووئاڕا کە ولاتێکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بووە، کۆچیان کردبێتە ولاتی (پارس). ناوی دانشتووان و شوێنەکانی پارسووئا ئێرانی نین.

ئاشوورییان لەکێوەکان تێپەڕین و گەیشتنە سەرزەوینی (موسسی) لەلای سەرووی چۆمی جغەتوو، پاشان بۆ لای کێوەکانی دیکە بۆ ناوچەی (ئازاریاش) و (خارخار) هەڵکشان کە لەو سەردەمەدا سەربەیەکێتیی هۆزەکانی ماد بوون. سەرچاوەکانی ئاشووری بۆ یەکەم جار لەو ڕووداوەدا ئەو سەرزەوینە بە (ئامادای) ناو دەبەن. ئاشووری بەلای بیجاردا تا نێزیک هەمەدان چوون. ساڵنامەکانی (سەلمەنسەر)ی سێیەم ناوی چوار قەڵا دەبەن کە لە خاکی ماددا گرتوویەتی. ئەو ناوانەش وەک ناوەکانی پاسووئا و زامووئا ئێرانی نین. ئاشوورییان خەڵکێکی زۆر بەکۆیلە دەگرن و تاڵانێکی زۆر دەبەن. خەڵکەکە ئاژەڵەکانیان هەڵدەگرن و ڕادەکەنە کێوان. لەشکری ئاشوور ماوەیەک لە دۆڵەکاندا دەمێننەوە و تەنانەت وێنەی (سەلمەنسەر) لەبەرد هەڵدەقەنن. بەڵام بەو حاڵەش پاشای ناماریان بەدیل گرت و گەڕانەوە بەبێ ئەوەی جێپێی خۆیان لە خاکی ماددا قایم کەن. لە ساڵی٨٢٨ (سەلمەنسەر) لەبەر پیری و بێتاقەتی بۆ خۆی نەچووە شەڕ و (دایان ئاشووری) کردە فەرماندەی لەشکرەکەی. ناوبراو لەپێشدا بەدۆڵی زێی گەورەدا وەڕێکەوت و چووە خووبووشکیە لە باشووری گۆلی وان و پاشان بەخاکی کابرایەک بەناوی (ماگدوویوو-مالخیس)دا تێپەڕی و ڕووی دە باشووری ڕۆژهەڵات کرد و چووە ناو خاکی (ئووئالکی)ی شای ماننا. (ئووئالکی) پەنای بردە شاخ و ئاشوورییان ئاژەڵێکی زۆریان بەتاڵان برد، ئەوجار لەشکری ئاشوور بەمیرایەتیی (هاروونا)دا تێپەڕین. (شوولوووسوونوو)ی میری ئەو ولاتە سەری بۆ دانەواندن و بڕیار درا ولاتەکەی هەموو ساڵێ ژمارەیەک ئەسپی حارەبەکێش بدا و میری (شووردووراً)ش بۆ جارێک هێندێک دیاریی دانێ. ئەوجا ئاشوورییان چوونە پارسووئا و باجیان لە هێندێک میرۆکە ئەستاند و بەشێک لە پاشایەتیی مانناییان تاڵان کرد. (دایان ئاشوور) لە ساڵی ٨٣٧ی (پ.ز)دا جارێکی هەر ئەو لەشکرکێشییەی بەهێندێک گۆڕانکاری ئەنجام دایەوە. سەرەتا بەرەو سەرچاوەی زێی گەورە چوو، پاشان سەرزەوینی (گیاران)یان لە لێواری ڕۆژئاوای گۆلی


ورمێ گرت، (دایا ئاشوور) پاش وەرگرتنی ژمارەیەک ئاژەڵ و دیاری لە (گیاران) و میرایەتییەکانی دەوروبەری لەسەر بەشی خواروی چۆمی (قزڵ ئوزوون) و بە (زامووئای ناوەوە) و(پارسووئا)دا تێپەڕی و چەند قەڵای دیکەی (مانا) و (پارسووئا)ی گرتن و (نامار) تەفروروونای غەڕقی ئاگر و خوێن کرد. ئەو لەشکرکێشییە باسی زۆر میرایەتییان لە باشووری گۆلی ورمێ دەکا، بەڵام وا وێدەچێ دەستەڵاتی مانا بەسەر ئەوانەدا شکابێ، چونکە هەموو ناوچەکە بەمانا ناوبراوە.

وەک دەبینین ئەو هێرش و تاڵان و وێرانکارییانە و چەندی دیکەش کە دیاکۆنۆف باسیان دەکا، پەیتاپەیتا لەلایەن ئاشوورییانەوە بۆ سەر ئەو سەرزەوینانە کران، کە دوایە دەوڵەتی مادیان لێ دامەزرا. هەمووی ئەوانە لە بەردەنووس و سالنامەکانی پاشایانی ئاشووردا هاتوون و شتێک نییە دیاکۆنۆف لەخۆیەوە سازی کردبن. وەک ناوبراو دەڵێ هۆکاری سەرکەوتنەکانی ئاشوور و تێشکانەکانی ئەوانەی باپیرانی کورد پێکدێنن، دووبەرەکی و خۆمەخۆمەی ئەوان بووە، هەر وەک ئەوەی ئەورۆش لەگۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا دەیبینین.

ئەو ڕووداوانە کەس لەخۆیەوەوە دەری نەناون. شتێکیش نین کە دیاکۆنۆف بەبێ بەڵگە باسی کردبن. ڕاستیگەلێکن کە بەشانازییەوە لەزمانی پاشایانی ئاشوور لە بەردەنووسەکان دەرچوون و بۆ مێژوو تۆمار کراون. وەک دەبینین، ناوچەی ئەو هۆزانە هەمیشە دەکەوتە بەر هێرشی درندانە و تاڵان و قەڵاچۆی ئاشوور. خەڵکەکە کە بەرپەرەکانییان بۆ نەدەگونجا، گاوگۆلیان وەپێش خۆ دەدا و



شوێنی نیشتەجێبوونی تاقمەڕەگەزییەکان لەسەرەتای هەزارەی یەکەمی بەرلەمیلاد
(وەرگیراو لە کتێبی یەکێتیی نەتەوەیی کورد و ماد ل٢٤)





تێبینی: ئەو نەخشەی کوردستان کە لێرەدا کەلکی لێ وەرگیراوە، ناتەواوە و لوڕستانی لەگەڵدا نییە، لەبەر لەدەست نەبوونی سەرچاوەی لەبار بۆم نەکرا چاکی بکەمەوە

هەرشتێکی ناومالّیان بۆ بردرابا دەیانبردو پەنایان دەبردە بەر چیا ئاسێکانی ناوچەکە و دوژمنیش دوای تالانی پاشماوە و کوشتار یا بەکۆیلە گرتنی بەجێماوان دەگەڕانەوە و ئەوانیش دەگەڕانەوە شوێنە سووتاو و وێرانکراوەکانی خۆیان. مادەکان ئەگەر بیانویستبا بمێننەوە دەبوو یەکێتییەک پێک بێنن تا ئازادیی خۆیان بپارێزن. ئەو ڕەوتە بوو بەهۆی پێکهاتنی یەکێتییەکی هەموو هۆزەکانی ناوچە بەئاری و نائارییەوە، کە یەکێتیی مادی لێکەوتەوە.

## نەخشەی سەرزەوینی ماد

نەخشە و تایبەتمەندییەکانی جوغرافیایی مادی کۆن، پێش بەدەستەوەگرتنی دەستەڵاتی ناوچەی پارا: ئا _ مادی ئاترۆپاتێن:

١– لە چۆمی (ئاراس)ەوە تا کێوەکانی (ئاورین) و (قەرەداغ)، شارەکانی ئێستای قوتوور و خۆی و مەرەند. ئاشووریان بەو ناوچەیان کوتووە (سان گی بووتوو). ئەو بەشە لە (سەتەی ٩ تا کۆتایی سەتەی ٨ی پ.ز) لەبەر دەستی ئوورارتۆدا بووە. دوای ئەوە تا ڕووخانی ئاشوور و ئوورارتۆ، چارەنووسەکەی نادیارە. بانووی (سانگی بووتوو)، ناوچەیەکی پڕپیتی کشتوکاڵی بووە. زنجیرە کێوێک ئەو بانووە لە ئاراس دادەبڕێ و پاشان لەگەڵ زنجیرەیەکی دیکە لە ملەی قوتوور، ئەو بەشەی ماد لە ئەرمەنستان جیا دەکەنەوە. ئەو شاخانە لە چاخی کۆندا بە شەڕەڵ داپۆشرابوون.




٢- دۆڵی چۆمی قەرەسوو (بەشێک لە ئاراس). لە چاخە کۆنەکانەوە زانیارییەک لەسەر ئەو بەشە لەدەستدا نییە. دواتر گەلی کادووسی تێیدا نیشتەجێ بوون.

٣- ناوچەی گۆڵی ورمێ و ئەو چۆمانەی دەڕژێنە نێوی: ئەو ناوچەیە لەباری ئابووریدا زۆر گرینگ و بەپیت بووە و بۆ خۆی دەبێتە سێ ناوچەی بچووکتر:

ئا- لێواری ڕۆژئاوای گۆڵی ورمێ وڵاتە (گیلزان)ی کۆن. لە سەتەی نۆیەمی پ.ز، ناوچەیەکی سەربەخۆ بووە و بە ڕواڵەت دوایە بووە بەشێک لە ئوورارتۆ یا ماننا یا لەنێوانیاندا دابەش کرا. لەو ناوچەیدا مس لە کان دەرێنراوە.

ب- لێواری ڕۆژهەاتی گۆڵی ورمێ پێوەندیی بەماناوە هەبووە و لێوارەی باکوری، وڵاتە دۆڵی ئاجیچای و ناوچەی تەورێزی ئێستا، بەڕواڵەت سەربەخۆ بووە و هۆزی (دالیان)ی تێدا ژیاوە.

ج- لێواری باشووری گۆڵی ورمێ و ناوچەی چۆمی جەغەتوو و چۆمەکانی تەریبی. ئەو ناوچەیە لە سەتەی نۆی پ.ز. (زامۆ)ی پێ کوتراوە، کە بەچەند یێکەی سیاسی دابەش بووە. لەوانە حاررانا، ماننا، مسیو... پاشان ئەو ناوچە ناوەندی سەرەکیی وڵاتی ماننای پێکهێنابوو و لەسەتەی حەوتەمی پ.ز دەکرێ بەناوەندی ئابووریی هەموو مادی ناوبەرین.

٤- دۆڵی چۆمی قزڵ ئوزوون (سپی چۆم) و لکەکانی لەسێ ناوچە پێکدێ:

ئـا- زەلکاوێک لە کەناری شـاری (ڕەشت) هەیە. ئەگەر لەوێڕا بـەپێچـەوانەی ڕەوتی ئاوێ بڕۆین، لەپێشـدا ڕاست بەرەو باشوور دەچینە پێش. چۆمـەکە بەناوچەی (گیـلان)دا تێدەپەڕێ و بەدۆڵێکی تەنگدا کێوە بەرزەکانی (ئەلبورز) دەبڕێ. ئەو بەشە شوێنی شـەڕەڵە گەرمـێنییـەکانـە. (سپیـەچۆم) (سـفـیـدرود) لەسـەرەوەی ئـەو ناوچەی لە بـاکـوری ڕۆژئاواڕا بەرەو بـاشـووری ڕۆژهەات بەنـێـوان کێوەکانی (ئـاق داغ) (درێژەی ئەلبـورز) و (ئـاق گەدووک)دا دەڕوا و دۆڵێک لەو ناوە پێکدێنی کە لە چاخی کۆندا (ئەندیا)ی پێ دەکوترا.

ب- لە بەشی باکوری ڕۆژئاوای ئەو دۆڵە چۆمـێکی بچـووک لە کێوی (سـەهـند) وەڕێ دەکـەوێ و ئێستا شاری (میانە) لەسـەر لێواریەتی. ئـەو چۆمە دەڕژێتـە (قزڵ ئوزوون). دۆڵی ئەو چۆمـە و ئەو جـۆبـارانەی دەڕژێنە نێـوی، ناوچەیەک پێکدێنن کـە لە چاخـە کـۆنەکـانـدا بە (زیکرتوو) ناوبراوە. شـوێنی کۆنی گـووتیـیـەکانیش (زێی کۆیە)بووە. ئاشـووریـیان بـەو تایفـەیان دەکوتن (زیکرتوو) کە لەوێ دەژیان.

ج- (قزڵ ئوزوون) لە سـەرەوەی شـوێنی پێککەیشتنی لەگەڵ ئەو چۆمەی لەبەشی (ب)دا باسـمان کرد، لە باشـوورەوە بۆ باکور دەڕوا. (قـافـلانکێو) (گـیـزیلبـووندایکۆن) بەشی سـەرووی ئەو شـوێنە لەناوچەی ژمارە ٣ (ماننا) جیا دەکاتەوە. ئاشـووریـیەکان زۆرتر ئەو شوێنەیان بە (مادای Maday) ناودەبرد. لێرەدا لکی ڕاسـتی (قزل ئوزوون)-چۆمی زەنگان- دۆڵێکی جیـاواز پێکدێنێ، کە ئێسـتا دەوری زەنگانی گرتووە و بە (خەمسە) ناودەبرێ.

٥- بەشی سەرووی زێی بچووک: سەرزەوینەکانی هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژهەاتی ناوچەکانی ژمـــارە ٣ و ٤ زۆرتر بـەلای ئاشـــوور و بـابـلـدا، وڵاتە هەرێـمـی (زامـــووئا) یـا (لوولوو) لەبـاری جوغرافیاییدا پێوەندییـەکی تـوندی بەئاشوورەوە هـەبوو. سـەرتاسـەری ئەو خاکەی لەگۆڵی (ورمێ)ڕا تا بەشـەکانی سـەرووی چۆمی (دیالە) ڕاکشـابوو (ناوچەی شـارەکانی مـیـاندواو، بانە، سلێمـانـی، زەهاو (پادیر) و سنە) بەگشـتی بەو ناوە ناودەبرا. (زامـووئا) بەشی سـەرووی دۆڵی (زێی بچـووک) بوو کـە بۆخـۆی یێکێک بـوو لەلکەکـانـی (دیجلە). هێندێک لە لکەکـانی لە ڕێگـەی خـواروی ئەودا خاکی سەرەکیی (ئاشوور) دەبڕن.

٦- بەشی سەرووی چۆمـی (دیالە) و لکەکانی چووکەی (لە سێکوچکەی سلێمـانی-زەهاو-سنە) کـە لە سـەرەتاکـانـی سـەتەی نۆی بەر لە زاین (پارسـووئا)ی پێ دەکـوترا. لەو بەشـەدا دۆڵی (شـارەزوور) لە نێزیک (سلێمـانی) لە ناوچەکانی دیکە پڕئاپۆڕاتر و بەپیتـترە. دوو ناوچەی ٥ و ٦ ((زامـووئا) و (پارسـووئا)) گـرینگیـیـەکی تایبـەتییـان هـەبووە. چونکە دۆڵەکانی (زێی بـچـووک) و (دیالە) بەقـوولێ بەنێو کێوەکانی (زاگرۆس)دا دەچنە پێش و ڕێگە دەدەن زنجیـرە کێوە تەریبەکان ببـڕدرێن و ڕێگـەیەکی تا ڕادەیـەک هاسـان بۆ پێـدا ڕۆیشـتن پێک بێ. ملـەکـێـوەکـانـی ئەو بەشـە ڕێگەیەک بوون لەڕۆژئاواڕا بۆ لای ڕۆژهەات بـەناو وڵاتیمـاددا. ئەو ڕێگەیە کاروانەڕێی (بانە، سنە، سلێـمـانـی، زەهـاو، کـرمـاشـان، هـەمـەدان)ی پێکدێنا. بـەتایبـەتی دۆڵی (دیالـە) هـەمـیـشـە ڕێگەی

سەرەکیی پێوەندیی (بابل) و ناوچە دوورەکانی نێو (ئێران) و وڵاتانی هەڵکەوتوو لەڕۆژهەاتی بووە. ئەو ڕێگەیە بەدەروازەی (ماد)دا – ئەو ملەکێوەی ئێستا بەدۆڵی (ماهیدەشت) کۆتایی پێدێ و ملەی (پاتاق)ی پێ دەڵێن – تێدەپەڕی و بۆ لای ئۆکباتان درێژەی هەبوو.

۷– بەشی نێوەندی چۆمی (دیالە) (نێزیک شاری خانەقینی ئێستا): ئەو بەشە هەرێمی (نەمەر Namar)ی دەگرتەوە کە لە نێوەڕاستەکانی هەزارەی دووەمی (پ.ز) بەتەواوی لەژێر کارتێکردنی ڕامیاریی (بابل)دا بوو. هەرێمی (بەیت هەمبان) (کامبادنی کۆن) لە باشووری دۆڵی (دیالە) و لکەکانی هەڵکەوتبوو.

۸– دۆڵەکانی بەشی سەرووی چۆمی (کەرخە): ئەو ناوچە لە ڕۆژهەاتی هێڵی جیاکەرەوەی ئاوەکانی (دیالە) و(کەرخە) هەڵکەوتووە. دۆڵەکانی (گاماسیاب) و (سیمەرە) و (ماهیدەشت)، لە بواری جوغرافیاییەوە لە بەشی سەرووی ئاوەڕۆی چۆمی (کەرخە) بەرەو (عیلام) خوار دەبنەوە، بەڵام لەباری مێژوویی سەر بە(ماد)ن. ڕێگە گرینگەکانی بازرگانی بۆ لای ڕۆژهەات و (ئۆکباتان)، بەو ناوچەیەدا تێدەپەڕین. ئەو دۆڵە ئاوێکی زۆری هەیە و بۆیەش زۆر پڕپیتە. بەشی سەرووی (کەرخە) هەر وڵاتەکەی (ئەلی پی) بوو کە دوایە پێی گوترا (ئەلی ماییدا). بەردەنووسی بەناوبانگی (بێستوون) لەنێزیک (کرماشان)، کە لە پاش (داریووشی هەخامەنشی) بەجێ ماوە، لەو ناوچەیە هەڵکەوتووە. لە باشووری (بەیت هەمبان) و لەنێزیک (ئەلی پی)، لە کۆێستانەکانی (لوڕستان)ی ئەوڕۆدا کۆێستانچییانی (کاسی) دەژیان، کە وێدەچێ خزمایەتییان لەگەڵ دانیشتووانی (عیلام)دا هەبووبێ و دەورێکی گرینگیان لەمێژوودا گێڕاوە.

بەردەنووسی (مالامیری بەختیاری) کە ئی ۱۲۰۰–۱۳۰۰ی (پ.ز)ـە نیشان دەدا کە کەمێک پێش لەناوچوونی دەوڵەتی (کووسی)، (ئەمەردەکانی کووتی) کە هۆزێکی کوردن، لە ناوچەی (ئەنزان) نیشتەجێ بوون و پاشایەتیی خۆیان هەبووە و بەردەنووسەکە دەڵێ: من (تخی خی گووتوو ئەماردی) پاشا کوڕی (خنی) ئەو دێر و نەخشانەم لەو کێوە تەواو کرد و من پەیڕەوی خودای هۆزی (نێرسی) و (دیتبی Ditby) و (ترسر) و خودای گەورەم و شوێنی ئەو دێرانە لە کێو و دێرەکانی خودای مان و خودای (خوو) و پەیکەری ئەو پاشایەی ئەو شوێنەی سازکرد و یارمەتیی دام پەیکەرەکانی خوای (ترسر)م کۆ کردنەوە کە پارێزەری ئەو هێزەیە.

دیواری دووم ئەمن سازکرد ناوی پاشاش (اندکری indikiri کوڕی سوتورکت Suturkit)ی تێدا نووسرابوو تەواوی ناوی دیوارەکانم بۆ وان تەرخان کرد ملکی (خدی)م کە نیشتمانی ئەوانەم چاکردەوە و هەروەها پەیکەری (دیتبی)م کە خودای گەورەیە و ئەو خاکەی بەمن بەخشیوە... جادەیەکم سازکرد کە بەئەمەردیدا بڕوا و ئەو پاشایانەی لە تەنیشت چۆمی پەرەن نیشتەجێ بوون کۆم کردنەوە و یاسا و پەیکەری دیتبیی گەورەم کە وڵاتی ئەنزانی بەمن بەخشی و خواکانی ئەمەردییەکان کە یارمەتییان دام خۆشبەخت بوون. وڵاتانی (ساوسیکشی)م گرت و ڕێگەیەکم سازکرد کە لەئەمەردی ڕا دەست پێدەکا.)

(پێرفووڕسایس)ی ئەندامی کۆنگرەی ڕۆژهەاتی (لیدکە) لە هوڵەند ئەو بەردەنووسەی وەرگێڕاوەتەوە. ئەو پاشایە (تخی خی کووتوو ئەماردی) بەردەنووسێکیشی لە (شکەفت سولەیمان) بەیادگار بەجێهێشتووە کە دەڵێ: (من تخی خی کووتوو ئەماردی پاشا کوڕی (خنی) لەناو (رسایان) فەرمانڕەوام دانان پێشنوێژم بۆ خوایانی ئەمەردی هەڵقەند و ئەو پەیکەرە (بم بتی)یەم داتاشی... بەڵام خودای (مان)م لەو شوێنە هەڵنەقەند. شوێنی حەسانەوەی ویم لە جێگەیەکی شاراوە دانا...)

سنووری (گووتییەکان) تا سەتەی ٢٦ی (پ.ز) لە (عیلام)ڕا تا (ئاتێنە) بوو. ١٢٥سالانیش (عیلام)یان دەبەر دەستدا بوو. (گووتییەکان) لە (ئەنزانیش) نیشتەجێ بوون پاشان (کووسییەکان) لە (ئەنزان) وەدیارکەوتن و (کاسیتەکان) لەباکور ڕا هاتن و لە (ئەنزان)دا جێگیر بوون و هێرشیان کردە سەر (بابل) و نێزیکەی ٧٠٠ سالّ فەرمانڕەواییان تێدا کرد و پاشان گەڕانەوە کوێستانەکانی خۆیان.

ئەو سەردەمەی بەردەنووسی (مالامیر)ی تێدا نووسراوە، ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو هۆزەی لە (ئەنزان) دەستهاتیان بەدەستەوە بووە هۆزێک بوون لە (گووتووەکان) بەناوی (ئەمەردی)، چونکە (ئەنزان) نیشتمانی (کووسییەکان) و (کاسییتەکان) بووە دەبێ بڵێین (ئەمەردی) هۆزێک بوون لە (کاسیتەکان) و (کاسیتەکان)یش هۆزێک بوونە لە (گووتییەکان).

ب _ مادی خواروو

٩- ناوچەی هەمەدان:

ئەو ناوچەیە لە دەوری کێوی (ئەلوەند) و لەشوێنی پێگەیشتنی (مادی ئاترۆپاتێن) و (مادی خواروو) هەڵکەوتووە و لە بەفراوی ئەو کێوە ئاو دەخولاتەوە. زۆرتری جۆگە و ئاوی ئەو بەفراوانە بەشی سەرووی چۆمی (قەرەسوو) پێکدێنن. زنجیرە کێوی (کووکرووەد)، لەسەر سنووری (مادی خواروو) نەختێک لەباشووری ڕۆژهەات تەرەوە دەست پێدەکا و بۆیە دەکرێ ئەو ناوچەی بەنێوانێکی (مادی سەروو و خواروو) بزانین. چەند ڕێگەی کاروانیی شیاو ئەو شوێنە بە (مادی ئاترۆپاتێن)ەوە دەبەستنەوە. چەند جادەی دیکەشی پێدا بۆ لای ڕۆژئاوا (کرماشان (ئەلی پی) و پاشان بابلو بەرەو ڕۆژهەات، ناوچەی نێزیکتاران، (ڕەیکۆن) و باشوور)، ولاتە (پارتاکنا) (ناوچەی ئیسفەهان) درێژ دەبێتەوە.

١٠- ئاقاری زرێواری (حەوزی سولّتان) و (دەریای خوێ) و چۆمی (ئەبهەرچای) و (قەرەسوو) و چۆمی (قوم).

ئەو ناوچەیە لە نێوەندی (مادی خواروو) هەڵکەوتووە. سێ چۆمۆکە (چۆمی چووک)ی بۆ لای (حەوزی سولّتان) و (زرێواری خوێ) پێدا دەڕۆن کە بریتین لە: ((ئەبهەر چای)- بەو دۆڵەدا کە شاری (قەزوێنی) تێدایە) لە باکوری ڕۆژئاوا و ((قەرەسوو)- کە لە (هەمەدان)ڕا دێ) لە ڕۆژئاوا و

(چۆمی (قـوم)– کـه شـاری (قـوم)ی لەسـەرە) لە باشـوری ڕۆژئـاوا. ئاشـۆرییـەکـان ئەو شـوێنەیان بەناوچەی (چۆمـۆکان) ناو بردووە. ئەو ناوەندە باشـترین ناوچەی نیشـتەجێیی و کشـتوکاڵییـە لە داوێنەکانی (ئەلبورز)دا. (تاران) ئێسـتا لە داوێنی (ئەلبورزە) و لە سـەردەمی کۆندا شـاری (ڕەی) یا (ڕەغـە) کە یێکێک بووە لە شـارە گرینگەکانی (ماد) لە نێزیک ئەو شارە بووە و ئێستا لەداوێنی باکوری (کووک ڕوود)ی شاری (کاشـانە). ملەیەک لەسـەر ڕێگەی (مـازەندەران) لەڕۆژەهاتی (ڕەی) لەنێزیک لووتکەی بەفراویی (دەماوەند) هـەڵکەوتووە کە (دەروازەی کاسـپیان)ی پێ دەڵێن.

١١– ناوچەی باکوری (دەشتی کەویر):

ئەو نـاوچەش لەداوێنی (ئەلبـورز) هـەڵکەوتووە، لـە دەروازی (کـاسـپین) ڕۆژەهاتی تـرە و لەلای باشـوورەوە دەگـاتە چۆلەواری شـۆرەکات. لە سـەردەمی کۆندا ئەو ناوچەیە بە (خـوار) یا (خـوارەنا Xwarena) ناو دەبرا. کاروانـەڕیی ئاسـیای ناوین بەو شـوێنەدا (شـارەکـانی سـمنان و دامـغـانی ئێسـتا) بەبەشی خـۆرەهاتی (خـوارەنا)دا، دەگـەیشـتـە بانووی (خـوڕاسـان)، ولاتەبەشی باشـووری (پارتی کۆن).

ج ـ پارتاکنا:

١٢– ناوچەی پارتاکنا:

دۆڵێکی بەرین لـە ناوچەی باکوری (دەشـتی کەویر)، لە باکوری ڕۆژئاواڕا دەگـاتە هـەمـەدان و بۆ لای باشـووری ڕۆژەهـات ڕاکشـاوە و کێـوەکـانی وێندەرێ لە ولاتـی (عـیـلام)ی جـوێ دەکـەنەوە و لە باشـووری ڕۆژەهـاتڕا بەبیابان لە (بانووی پارس) جیا دەبێتەوە.

چۆمی (زایـەندە و ڕوود) بەبەشـی باکـوری ڕۆژئـاوای ئەو دۆڵەدا دەڕوا و شـاری (ئیـسـفـەهـان) (ئەسـپـەدانا (Aspadanaی کۆن لەسـەر لێـوارەکـەیەتـی. هـەر بەتەریبیی ئەوە، دۆڵێکی دیکە هێندێ زیاتر بۆ لای ڕۆژەهات و لەوپەڕی زنجیـرەکێـوی (کـووکـرووە) هـەیە (ناوچەی ئێسـتـای یەزد). ئەو ناوچەیان لەڕابردوودا زۆرتر لەسـەر پارس دێنایە ئەژمار.

بێـــجگە لەو دوازدە ناوچـەش هـێندێک ولاتـی دیکە– بـەدەر لـە ناوچـەی تـایبـــەتـیـ مـــاد– سـەربەدەوڵەتـی مـاد بوون. لەوانە سـەرزەوینەکـانی لێـواری (کـاسـپین) کـە تەنیـا بە (مـاد) یا (ئالبانی)دا ڕێگەیان بۆ دنیای دەرەوە هـەبوو. هۆزگەلێک لە شـەڕەڵە گررمێنییـەکانی ئەو ناوچەیەدا دەژیان کە زۆرتر بە ڕاو گوزەرانیان دەکرد و لە (ماد) و ئالبانەکان لە دواتر بوون. لەو شوێنەدا ئەو زمـانـانـە پاراسـتـران کـە ئەوکـات یا دواتر لەنێـو خـاکی (مـاد) و (ئالبـانی)دا لەنـاو چوون. ئەوەبوو بەهۆی وەدیارکـەوتنی جیـاوازیگەلێکی ڕووکـەشـی قـەومـی لەنێوان ئەو گـەلانە و خـەڵکی نیشـتـەجـێی لێـواری (کاسـپی)دا. ئێسـتـاش (تالشـەکان) و (گیلەکـەکان) و (مـازەندەرانییـەکان) بەزاراوەگـەلێک دەدوێن کە بۆخۆیان پاشـماوەی زمانی هیندو ئـوڕووپاییـن، کە لە سـەرەتادا زمانی (ماد)ی ڕۆژەهات بووە. جـیـاوازیی تایبـەتی ئەو زاراوانە نێـزیکایەتـیـیـان لـە زمـانـی (مـاد)ی و (ئاوێسـتـایی) و

جیاوازییانە لەگەڵ زمانی (پارسی)دا، ئەگەرچی لەو زاراوانەدا پاشەکەوتی وشەی (فارسی) زۆرە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی سیاسی و فەرهەنگیی (فارسی)، دەنا بەتەواوی بنەمای (ماد)ی بوونی خۆیان پاراستووە.

بێجگە لە (ماد)ی کۆن بەشگەلێکی ولاتی (عیلام)یش کەوتنە سەر (کوردستان) و ئێستاش (کوردستان)ن، کە بریتین لەو بەشانە: (لورستان – پشت کێو) (پشت کوە)–و کێوەکانی بەختیاری. سنووری ئەو ولاتە لەلای ڕۆژئاوا (دیجلە) بوو و لەلای ڕۆژهەتیشرا (پارس) و لەلای باشووری ئەو (ڕێگەیە)ی لە (بابل)ڕا دەچووە (هەمەدان). شارە گەورەکانی ئەوانە بوون: (ماداکتو لەسەر چۆمی کەرخە)، (خایدالوو) کەوای بۆ دەچن لەشوێنی (خورڕەم ئاباد)ی ئەورۆ سازکرابوو.

سەرچاوە کتێبی: لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان ل٢٩–٣٣,

کتێبنامە:


١– خلاصە تاریخ کردستان، نویسندە احمد قاچی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیریی هەولێر، ٢٠١٢,

٢– تاریخ ایران ازآغاز تا انقراچ قاجاریە، تألیف حسن پیرنیا _ عباس اقبال، چاپ هشتم، پائیز١٣٧٦، انتشارات خیام.

٣– کرد ملت بی دولت، نویسندە گونتەر زشنەر، مترجم کمال الدین محمدی، اربیل، انتشارات آراس.

٤– دوکتۆر عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، وەرگێڕ عبدالله حسنزادە، ١٩٧٣ی زایینی.

٥– ا.م. دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمە کریم کشاورز، چاپ اول، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ١٣٧٩,

٦– ئیحسان نووری پاشا، مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف، چ١، ١٩٩٨، وەزارەتی پەروردە.

٧– کورد لە یادداشتەکانی ئارچی ڕۆزڤێلت، وەرگێڕانی لە فارسییەوە کارزان محەمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری.

٨– هاونەتەوەیی کورد و ماد، حەبیبوڵڵا تابان، و: جەلیل گادانی، www.pertwk.com

٩– تاریخ ایران ازآغاز تا انقراچ قاجاریە، تألیف حسن پیرنیا _ عباس اقبال، چاپ هشتم، پائیز١٣٧٦، انتشارات خیام.

١٠– لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان، نووسەر عبدوڵڵا ئیبراهیمی، ٢٠١٢، چاپی ئاراس.

١١– پرفسور محمد امین زکی، تحقیقی تاریخی درباره کرد و کردستان، ترجمە و توچیح حبیب الله تابانی، انتشارات آیدین، ١٣٧٧,


هەولێر کتێب

# تاکی کورد لەچی دەترسێ؟

حەمەفەریق حەسەن

تاکی کورد لە دێر زەمانەوە ترسێکی چڕی فرە ڕەهەند گەمارۆی داوە. ئەم ترسە بە ڕادەیەکی ئەوتۆ تێی ئاڵاوە، کروشکەی پێ کردووە و خزاندوویەتییە نێو قاپڵووخەکەی خۆی. تاکی کورد هەمیشە ترسی لە ئێستای و لە داهاتووی خۆی هەبووە. ئەو هەمیشە چاوەروانی شەڕ و وێرانکاریی لە دەوروبەری خۆی کردووە، نەک ئاشتی و ئارامی و پێکەوە ژیانی دۆستانە. بۆیە هاتووە چایخانەی ناوناوە (شەڕەبێتۆ). واتە بڕوای بەوە نەبووە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاشتی و سەقامگیری بەرکەماڵ دەبێ. ئەوەی وا لەئارادایە، ئاشتییەکی کاتیی لەقە و ناخایەنێت. چونکە ئەو وا لێ ڕاهاتووە، دوای ماوەیەکی کورت لە ئاشتی و پێدەنگبوونی چەکەکان، دیسان جەنگ لەنێوان پێمیم و حوکوومەتی بەغدادا هەڵگیرساوەتەوە، لەکاتێکدا چایخانە لەخۆیدا جێیەکی ئارامە، شوێنێکە بۆ حەوانەوەی تاکە ماندووەکان. واتە وەها چووەتە زەینیەوە، کە شەڕ و ئاژاوە قەدەری تاکی کوردە و لێ دەرچوونی نییە، ئەگەرچی تاکی کورد ئاشتی و سەقامگیریی بەئاوات خواستووە. واتە تاکی کورد گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی، کە شەڕ پەنامەکی بێت، یان بە ئاشکرا بۆی لە بۆسەدایە و ڕوو لە هەرکوێیەک بکات، یان هەر هەنگاوێک بنێت، دواجار ئەو تووشی شەڕ دەبێ.

کاتێکیش کورد خۆی دەسەڵات، یان نیمچە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، دیسان ترسی لە دووبارەبوونەوەی جەنگی ناوخۆ هەبووە و شەڕ بەپای پیلان بەردەرگەی پێ گرتووە. ئەوەندە هەیە، ئەگەر کورد خۆی لایەنی یەکەمی ئەم جەنگە بێت، ئەوا لەگەڵ گۆڕانی زەمانەدا لایەنی دووەمی ئەو جەنگە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. یەک لەباری کورد جەنگ وەک مۆتەکە وایە، هەمیشە ترسی ڕوودانی لەئارادایە. جەنگی خۆبەخۆی نێوان خێڵ و هۆزەکانیش لەوڵاە بوەستێ، کە مێژوویەکی دریژ و خویناویی هەیە و پێشتر بەدرێژی لەسەری دواوین.

ترس لە گرانی و قاتوقڕی کارێکی کردووە هەر ماڵە کوردێک بگریت لە خۆیدا بریتی بێت لە سایلۆیەکی گچکە بۆ ئەمبار کردنی دانەوێلە و پێویستییەکانی تری ژیان. ژنی کورد چەندین جۆر

کەنووی لوولەیی و شەشپاڵووی لە ماڵەکەیدا چێ کردووە، گەنم و جۆ و ماش و نیسک و نۆکی تێدا هەڵگرتوون. پیاویش لە دەرێی ماڵەکەیدا چاڵی مەزنی هەڵکەندووە، پووش و کای لەبن داناوە، ئەوجا پڕی کردووە لە گەنم و جۆ. سەری چاڵەکەیشی بە جۆرێکی ئەوتۆ ناوەتەوە بەفر و باران کاری تێنەکات. لە جێیەکی وەهایشدا ئەم چاڵەی هەڵکەندووە، ئۆردووی دوژمن پەی پێ نەبات. سەرباری ئەویش، بەشی ساڵێک خۆراکیان لە ترخێنە، دۆینە، کەشک و پەنیر هەڵگرتووە. لە هەندێ شوێن هەرمێ، هەنجیر و هەڵووژەیان وشک دەکردەوە، گوێز و میوژیان هەڵگرتووە، بەجۆرێک خودکەفایی بەشی ساڵێکی ئەو خێزانە بکات.

ئەوان بۆ زستانێکی درەنگ، بەهێ و هەناریان لەناو کادا داناوە. لەم ڕووەوە، دیاردەیەک لە هەورامان باوی بووە، کە من لە هەرێمەکانی تری کوردستانم نەبیستووە، ئەمەیش بۆ دووربینی و کارقایمیی هەورامیەکان خۆیان دەگەڕێتەوە. خاوەن باخ هەمیشە بڕێک لەو میوەیەی، کە هەیبووە، لە شوێنێکی پەنامەکیی باخەکەیدا، وا کە تەنیا خۆی پێی بزانێت و بچێتەوە سەری، بۆ زستانێکی درەنگ شاردووەتەوە. هەرکاتێک پێویستی بووبێت چووەتەوە سەری و دەریهێناوە. هەورامییەکان بەم تاقەتکردنە دەڵێن (کولتان).

هەر لە سۆنگەی ترسەوەیە، زۆربەی خێزانەکان هەوڵیان داوە ژووری پەنامەکییان، لە ماڵەکانی خۆیاندا هەبێت. جا ئەو ژووڕە ژێرزەمێنێکی نەهێنی بووبێت، یان پەنا و پاسارێک بووبێت نێزیک بە ماڵەکەیان. هەندێک جاریش لە ئەشکەوت و کەورگی چیا و دۆڵان شوێنی نەهێنییان بۆ ڕۆژی تەنگانە هەبووە. ئەمەیش بەنیازی خۆ شاردنەوەی نێرینەکان، لەکاتی هەڵمەتی ڕەشبگیر و گەران بەشوێن مەردمی یاخی و سەربازی هەڵاتوودا. وێڕای شوێنێکی گچکەی پەنامەکی بۆ شاردنەوەی خشڵ و پارە و تاپۆی زەویوزار و خانووبەرە، نەبادا لە پاشاگەردانی و ئاخۆران و بخۆرانێکدا ئەم قاوالانە بکەونە دەست ڕاوڕووتکەر و هێزەکانی دەسەڵات، کە بەدرێژایی میژوو، دەسەڵاتەکان بە کورد، ناحەز بوونە.

بۆ بەرگری لە خۆیان، هەر ماڵە کوردێک بگریت، هەوڵی داوە پارچە چەکێکی هەبێت. وەلێ ئەم پارچە چەکە مەگەر بۆ خۆ پاراستن لە شەوکوت و دز و شاڵاوی گەلەگورگ فریای کەوتبێت. دەنا تاکی کورد بەتای پارچە چەکێکی سووک لە توانایدا نەبووە بەرانبەر بە ئۆردووی تەیاری دژمن بەرگری لەخۆی پێ بکات. هەندێک جارانیش، هەر لەسەر ئەم پارچە چەکە، پیاوی کورد تووشی زیندان و سزای توند بووە. واتە ئێمە هەمیشە لەژێر هەژموونی ترس و تۆقیندا ژیاوین. هەر گەلێکیش، ئەگەر لە دۆخی وەها ناجۆردا ژیان بەسەربەرێت، ناتوانێ بڕیاری ڕاست و دروست لەسەر چارەنووسی خۆی بدات. بڕیار و کارەکانی سەرپێی، پەلەپەل و نەبەکامییان پێوە دیار دەبێ و بەدروستی ئامانج ناپێکن.

بەرزکردنەوەی دیواری ئەستوور لە بەرد و بلۆک بە چواردەوری خانوودا، کە لە هەندێک دۆخدا لە شووڕە و قەڵای سەربازی چووە، دیسان لە ترسێکی قوڵەوە سەرچاوەی گرتووە. تاکی کورد، بەو نیازە دیواری بەرز و ئەستووری بەدەوری ماڵەکەیدا هەلچنیوە، تاکو لەپشت ئەو دیوارەوە

بەرگری لە شەرەف و ناموووسی ئەو خێزانە بکات، کە لەو خانووەدا دەژی. ئەو دیوارە بەرزە بۆ شاردنەوەی مێینەکان بووە لە چاوی تەماحکار. پێموایە، دیوارەیلی دەوری مالّ، بەتایبەتی لە شارەکاندا بەڕادەیەک ئەستوور و هەڵکشاون، ئەگەر بێت و دیواری حەوشەی مالّەکانی کوردستانی باشوور بڕووخێنین، دەکرێ شارێکی دیکەی وەک هەولێر و سلێمانیی لێ دروست بکەین.

ئەم جۆرە شووڕە و دیوارانە، لەو ولاتانەی، کە سلمی مەدەنییان تێدا بەرکەماڵە، بەدی ناکرێن. لەم سەردەمەدا بەشێکی زۆری خانووبەرە لە ولاتانی ئەورووپادا لە شووشە دروست دەکرێن. ئەوان چیتر پێویستییان بە دیواری بەردینی حەوشە نییە. ئەوان لەبری دیواری حەوشەی لە بەرد و بلۆک دروست کراو، پەرژینی سەوز لە مۆرد و گۆیژ و دەوەنی دیکە دەڕوێنن، کە هەم ژینگە بەپاکی ڕادەگرێت هەمیش دیمەنی ماڵەکەی پێ دەرازێتەوە.

ڕەنگە لە سەتەکانی ناویندا لەم جۆرە دیوارانەی لای خۆمان لە ولاتانی خۆرئاوایش هەبووبن. وەلێ لەلای خۆمان، تاکو ئێستایش پەنجەرەکان شیشبەند دەکرێن و کەتیبەیان لێ دەبەسترێت. خانوو لە کۆمەڵی کوردەواریدا، زیاتر شێوەی قەڵا و سەرای وەرگرتووە. لەکۆندا پەنجەرەکان گەلێک گچکە بوون، وەها زەلام نەتوانێت لێیانەوە ئەمدیو بێت، لە ڕاستیدا ناکرێت بەوانە بوترێت پەنجەرە، بەڵکو ئەوانە دەلاقە بوونە.

ئەوە فەرهەنگی ترسە وای لە مرۆڤی کوردکردووە لە نیشتمانەکەی خۆی و لە ماڵەکەی خۆیدا قەڵابەندی بکات و مەتەرێز و کونە مەتەرێز لەسەربانی ماڵەکەی خۆی چێ بکات و شەوانەڕۆژی خۆی ببەستبێت و ئامادەباش بێت.

تا دوێنێ بوو، ترس لە قەدەخەکردنی هاتوچۆ و پشکنینی ماڵان هەمیشە لە زەینی تاکی کورددا ئامادە بووە. داگیرکار لەو هەڵمەتی پشکنینانەدا پەڵپی سەیر و سەمەرەیان بە خەڵک دەگرت. خێزانەکان لەوە دەترسان بەو پاساوەی پۆشاکی کوردییان لە مالّدایە، بیانگرن. بۆیە زۆر مالّ لە ترسانا ڕانک و چۆغەکانیان دەکرد بە دۆشەکەڵە. ئەم هەموو ترسە کەڵەکەبووە، کە لەگەڵ نەوەکاندا هاتووە. توانای پرسیار کردنی جددییان لەلای تاکی کورد کوشتووە. جورئەتی دەستپێشخەرییان پێ نەهێشتووە. نەوەکان هەمیشە لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن دوو دڵ بوونە. بۆیە پرۆژەی گرینگ و چارەنووسسازیان نەبووە و بیریشیان لێ نەکردووەتەوە.

تاکی کورد، بیری لەهەر کارێک، یان پرۆژەیەک کردبێتەوە، لە ترسی سانسۆری هەمیشەیی و بێنە و بەرە، لێی ژیوان بووەتەوە. لە سەرێکی ترەوە، مرۆڤی چاو ترساو پڕکێشیی ئەوە ناکات حەقیقەت بڵێت و ددان بە ڕاستییەکاندا بنێت. نایشتوانێت بە هەموو توانای مێشکی خۆیەوە بیربکاتەوە و کار بکات. مرۆڤی ترساو دەستی بەکارەکانیەوە دەلەرزێت و دەچێتەوە نێو قۆزاخە و قاوخەکەی خۆی. تاکی کورد، زۆر جاران ناچار بووە بەر لەوەی دەسەلات سانسۆری بکات، خۆی سانسۆری کار و پرۆژەکانی خۆی کردووە.

لەم ڕووەوە دۆخی نووسەر و ڕۆشنبیران دەها لە دۆخی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ خراپتر بووە.

ئەوان ناچار بوونە، لە کارە ئەدەبییەکانیاندا پەنا بۆ ئاماژە و ڕەمز ببەن، یان هەر بە یەکجاری بێدەنگەی لێ بکەن. بۆیە نەیانتوانیوە داهێنەری ڕاستینە بن. چونکە ترس و داهێنان خاڵی هاوبەشییان لەنێواندا نییە.

مرۆڤی ترساویش تاکیکی نەرێنییە و ناتوانێت داهێنەر بێت و پرسیاری جیددی بکات. مێژووی تاکی کورد مێژووی داگیرکردنە، کە بەدرێژایی دەیان سەتە نەیتوانیوە بەبێ پرسی داگیرکەر، پەنجە بە ئاودا بکات. حکوومەتەکان خاوەنی دەزگەی زەبەلاحی ڕاگەیاندن بوونە. بۆ شێواندن و شۆردنەوەی مێشکی خەڵک ئەم دەزگەیەیان خستووەتە کار. ترس کۆسپی پێش ڕێگەی گۆڕان بووە. گۆڕانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. لەڕاستیدا ترس چاوی تاکی کوردی بەستووە و نەیهێشتووە جوانی و ڕاستییەکان بە ڕوونی ببینێ.

ئەوەتا ئێستایش، کە ئەم دۆخە نوێیەی دوای ڕاپەرین هاتووەتە ئاراوە و ئێمە ئازادین، کەچی یەک لەباری تاکی کورد، هێشتا فەرهەنگی ترس هەر لەجێی خۆیەتی. مەگەر بابەت و هۆکارەکانی ترس گۆڕانیان بەسەردا هاتبێت. وەک ترس لە پچڕانی تەزووی کارەبا. ترس لە بێ ئاوی. ترس لە بێ نەوتی و بێ گازی. ترس لە ئالوودەبوونی نەوەکان بە مادە هۆشبەرەکان. ترس لە ناڵەکردنی لەنکاوی مینێکی دژەکەس لەژێر پێتا، ئەگەر هاتوو بە سەیران یان ڕاو، ڕووت لەو شاخ و کێوانە کرد. ترسی هەمیشەیی لە تووش بوون بە نەخۆشیی شێرپەنجە ئەگەر لەنێو شاردا بژیی، ترس لە دانانی پارە و نەختینە لە بانکەکانی هەرێمدا، کە هیچکام لەمانە ترسی سەتەیەک لەمەوبەری تاکی کرد نەبوون.

ئێستا دۆخێکی نوێ، بۆ نانەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لەلای هاووڵاتیان لە ئارادایە. ئەویش دەنگۆی ڕۆژانەی درۆیە، کە شار و دێهاتی ئێمەی پڕکردووە. سەرچاوەی ئەم ترسەیش بەڕادەی یەکەم ڕۆژنامە ئەهلییەکانن. ئەو کەسەی بەشوێنداچوونی بۆ ئەم ڕۆژنامانە هەبێت چاری نییە هەر دەبێ دڵی لە مستیدا بێت، هەندێک جاران لە هیچی نەبوو ترس و دڵەڕاوکێ لە ناخی تاکدا دەچێنن. بەشوێن سەرهەلدانی هەر تەنگژەیەکدا، ترسی هەڵگیرساندنەوەی جەنگ و پێکدادان لەنێوان لایەنەکاندا بەگوێی خوێنەردا دەدەن و دۆخی جەنگی ناوەخۆ وەبیری ئەو خەڵکە مارەنگازە دەهێننەوە.

ئەم هەواڵانەی، کە بەزۆری واتەواتن و بناغەیەکیان لە ڕاستیدا نییە، کاریان لە مگێزی خەڵک و لە هەڵسان و دابەزینی نرخی زەویوزار و خانووبەرە و بازاڕ بەگشتی کردووە. کاریان لە مگێزی تاک کردووە. بۆیە باوەڕناکەم تاکی هیچ نەتەوەک هێندەی تاکی کورد هەستیار بێت و بەو ڕادەیە زوو هەڵبچێت و ڕاسێت. بەو ئاسانییە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەشەڕ بێت. بەو ئاسانییەش بغەزرێ.

دۆخی توندوتیژی، ترس و تۆقین لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ناوچەکەی ئێمە، لەپێش دروستکردنی شانشینی عێراقیشەوە، مەڵبەندێک بووە بۆ یەکلایی کردنەوەی ڕەوتە ئاینییەکان لەڕێی شمشێرەوە. ناوچەکەی ئێمە سەرزەمینێکە هەمیشە لەلایەن هێزە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە چاوی لەسەر بووە. خەڵکی ئەم هەرێمە ناچار بە بەرەنگاری بوونە، واتە عێراق زۆنێکە زۆر کەم

ئارامـیی بـەخـۆیـەوە بینوە. دوا تـوندوتیـژی، کـە لەگـەڵ ئێـمـەی کـورددا پیـادە کـرابێت، ئەنفـال و کیمیـاباران بووە. ئێستایش عێراق زۆنێکە دوای سۆمـاڵ و ئەفغانستـان زۆرترین توندوتیژیی لێ بەرهـەم دێت. گۆڕەپانی ململانێی هێزە جیاوازەکانە بە ناوەخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەوە.

تاکی کورد خۆی مێژوویەکی لەگەڵ ترسدا هـەیە و ترسێنراوە. ترس لەدڵیدا چێنراوە. بەزەبری ترس نانـەبەر نەبێت کـارەکـانی ڕاناپـەڕێنێت. وەک تـرسـی نانبـڕین. ترسـی لێـپـێـچـینـەوە. ترسـی زیندانی کردن و حـەیابردن و ناوزڕاندن... تاد. کاتێک خـۆیشی دەسـەڵاتی دەکەوێتـە دەست دیسان ترس دەنێتـە بـەر ئەوانەی وا لەخـوار خـۆیـەوەن. وەک ترسـی سـزادانی نەیاران. خـەڵک لێ ڕاهاتوون بەبێ ترس نایەنـەبـەر کارەکـانیـان بە دروسـتی ڕاناپـەڕێنن، تەنانـەت ئـەو حیـزبـەیشـی کـە ترس بنێـتـە دڵی خـــەڵکەوە، یـان ترسـی هـەبێت، زۆرترین کـــەس دوای دەکـــەوێت. وەک حـــزبی بـەعس، کـــە جـەماوەرێکی زۆری عـارەب و کـورد دوای کـەوت. ئەوان بۆیە دوای ئەو حـیـزبە ترسـناکـانە دەکـەون تاکـو لـەکـاتی هـەڵـچـوون و تـووڕەبـوونی سـەرکـردەکـانیـدا ئـەمـان لەوەزەنیـان بەدوور بـن. وەکـوتر دەوروبـەر لێیان بترسن و حیسابیان بۆ بکەن.

ئـەم ترسـە لەگـەڵ تاکی کورددا بۆ ئێستـایش هاتووە و پـەڕیوەتـەوە بۆ ئـەم سـەردەمـە، کـە شـتێک ئازادی لەگۆڕێیـە. ئەوەتا زۆرێک لەو ڕەخنە لە کەسیـەتییە سیاسییەکان، یان لە حـزبەکانی خـۆمـان دەگـرن، لە ژێر کـاریگەریی ئـەم ترسـە بۆمـاوەیـەدا، بـەپێـچـەوانەی ڕەخنەگـرانـی وڵاتانی جـیـهـان، کـە ڕاست و ڕەوان بەناوی خـۆیـانەوە دێنە قـسـە. ئەمـان بە ناوی خـوازراوەوە یان بە دەمامکەوە، دێنە پێش. واتە لەنێو گیرفانی شـەروانەکانیانەوە چـەمۆڵە دەنێن و نوقورچ دەگرن. واتە بەشی ئەوەندە جورئـەت گومانـنابـەن ڕاستەوخۆ و بـەناوی خـۆیانەوە ڕەخنە بگرن.

ئەوەتا فەیسبووک کە پێگەیەکی کۆمـەڵایەتییە و یەکێکـەلەو ئامـرازانەی وەک دەڵێن، ئـەم دنیایەی بۆ کردووین بە گوندێکی بچووک، کـەچی زۆرێک تاکی کورد لـەم پێگە جیهانییەیشـدا هێشتا هـەر بە ناوی خـوازراو و بـە دەمـامکەوە لـە گـەڵمـاندا دەدوێن. بەشـێکی زۆر لە هـۆی ئـەم دەمـامک کـردنـەیش ئـەو ترسـە بۆمـاوەیـەیە، کـە شـانبـەشـان لەگـەڵ مێژووی ئێـمـەدا هـاتووە. بۆیە تـاک هـەیە پـڕکێشـی ئـەوە ناکات وێنـەی خـۆی و ناوی شـارەکـەی بـەدیوارەکـەیدا هـەڵبـواسـێت و ڕاسـتـەوخـۆ لەگـەڵت بکـەوێتـە گفتوگۆ.

حـاکـمـی وڵاتی کـوردەواری ئـەگـەر بـیـانـی، یانیش خـۆمـاڵی بـووبێت، هـێـشـتـا هـەر ترس لـە زەبروزەنگی فـەرمـانڕەوا لـە ناخی تاکی کـورددا بنجی داکـوتاوە. فـەرمـانڕەوایش ئـەم ترسـەی بۆ بـەرژەوەندیی خـۆی بـەگـەڕخسـتـووە. ئـەوەی بشـێت و ئـەوەی نـەشـێت بـە تاکی کوردی کـردووە. تاکی کورد ڕۆژانە بەچاوی خۆی لەشوێنی کار، لەبازاڕ و گەڕەک، لەمـەزرا و لەکێوان، لەتافی ڕاپـەڕاندنی پرۆژەکاندا، سـەدان نـاڕەوایی و پێشـێلکاری دەبینێت، بـەڵام ناوێڕی لێیان بـەدەنگ نـایـت. مـەعلوومـە، کە تاکی ترسنۆک هیچ چێژێک لە کایەکانی ژیان نابینێت. ترسنۆکانە دەژی ترسنۆکانە دەمرێت.

زۆر جـاران باب و دایکی کورد منداڵی خـۆیان دەمکوت دەکـەن بواری پێنادەن ئازادانە خـەیاڵی خـۆی بجـووڵێنێت و بـپرسـێت. ئەوان وەک پـێـویست وەڵامی پرسـیـارەیلی منداڵەکانیـان نادەنـەوە.

هەوڵیش نادەن بەشوێن وەڵامی پرسیاری جگەرگۆشەکانیاندا بگەڕێن. لەکاتێکدا پرسیار دایکی داهێنانە. زۆر پرسیار هەن سادە و ئاسان بەرچاو و گوێ کەوتوون. ڕەنگە پووچیش هاتبنە بەرگوێمان. بەڵام کاتێک وەڵامی پڕبەپێستیان بۆ دۆزراونەتەوە، خزمەتی زۆریان بە بەرەی مرۆڤ کردووە. ئەم پێشکەوتنەی، کە ئێستا لە دنیادا لەئارادایە، بەرهەمی پرسیارەیلی مەردمە نەترس و مێشک زیندووە، هۆشیارەکانن.

لەسەرێکی ترەوە، دایک ڕۆڵی یەکەم و گرینگ لە پەروەردەکردنی منداڵدا دەبینێت. دایکی بەجەرگ و ڕووناکبیر، نەوەی هوشیار و بەجورئەت بەرهەمدێنێت. بەڵام هەمیشە بەرزترین ڕێژەی نەخوێندەواری لەڕیزی مێینەدا بووە. مێینەکانیش هەر لە بێشکەوە زراوی منداڵی خۆیان بردووە و منداڵیان ترنجاندووەتە قاوخەکەی خۆی، کاتێک ئەوان ساوای خۆیان بە زۆر بوونەوەری خورافی ترساندووە، گوایە زیانیدەن دەستیان لێ دەوەشێنن!

بەڵای ئەو دایکە نەفامانەوە، منداڵ نابێت شەو بەدەرەوە بێت، گوایە ئەو بوونەوەرانە بەشەو دەست بە چالاکیی خۆیان دەکەن. ئێستایشی لەگەڵدا بێت زۆر لاوی کورد هەن پڕکێشی ئەوە ناکەن بەشەو سەری گۆڕستان بدەن. ئەوانەیشی، کە بەنیازی گرەو سەردانی گۆڕستانیان کردووە، بە نیوەمردوویی گەڕاونەتەوە. لە یەکێک لەو حیکایەتانەدا، کە خۆم بە منداڵی بیستوومە، خورتەکە پالێمی کراسەکەی لە کێلی گۆڕێک گیردەبێ، ئیتر وا دەزانێ گوایە ئەوانگەل (جنۆکە و بوونەوەری خورافی) لەدواوە گرتوویانە، ناهێڵن پێ بەرپێ بنێت و بڕاوت. خورتەکە ئەوەندەی جورئەتی پێ نەماوە ئاوڕێک بداتەوە، دەتۆقێ و هەر لەوێدا گیان دەسپێرێت.

مرۆڤی کورد، چونکە تاکایەتیی بەهێند نەگیراوە، زۆر جاران نەیتوانیوە خۆی بەتەنیا بەگژدا بچێتەوە. بۆیە ئەو ناچارە خۆی بە سەرگەورەیەک، پیرێک، کەسێکی دەسترۆیشتوو، یان بەحزبێکدا هەڵبواسێ. لێرەوە دەتوانین بڵێین، ئازایەتیی مرۆڤی کورد دەستەجەمعییە. ئەو لەگەڵ لاوانی حزبەکەیدا پێکەوە، دێنە سەر شەقام بەگژدا دەچنەوە و بەرگریش دەکەن. ئێستایش تاک بە خێڵەکەیەوە خۆی ئازا کردووە و دەخورێت. زۆرێک دانەپاڵی خەڵک بۆ حزبی کوردی و غەیری کورد، لە سۆنگەی ترسەوە بووە. تاکو ئەو حزبە لە دوژمنەکانی بیپارێزێت. بۆیەکا تاکی کورد بەزۆری لەگەڵ ئاپۆرای خەڵکەکە و لەگەڵ قەرەباڵخیدایە.

لە سەردەمی منداڵیی ئێمەماناندا لە شارۆکەی (قەراخ)، دایک خۆی منداڵەکەی دەترساند. هەر خۆیشی هۆکاری زۆرێک لەو نەخۆشییانە، کە تووشی منداڵەکانی دەبوو، بۆ ترسی دەگێڕایەوە و دەیگوت منداڵەکەم ترساوە. بۆ دەستنیشان کردنی ئەو بوونەوەرەیشی وا منداڵەکەی لێ ترساوە، دەهات قورقوشمی بەسەردا دەتوانەوە. ئەو قورقوشمە تواوەیە بیچمی هەر بوونەوەرێکی وەربگرتایە دەیوت، منداڵکەم لەو گیاندارە ترساوە.

کاتێک پارچە زوەوییەکەی بەرانبەر ماڵەکەتان، کە شارەوانی بۆ باخچەی تەرخان کردووە، لەپڕ زرتەبۆزێکی لێ پەیدا دەبێ و داگیری دەکات. کاتێک مێردمنداڵێکی سەرچڵ، لقی درەختەکانی کۆڵان دەشکێنێت و منداڵ و گەورە سالانی گەڕەک چاویان لێیەتی و نایەنە دەنگ. کاتێک بەقاڵێکی

بێ ویژدان، کیسەکەت بۆ پڕەکات لە تەماتەی تەپیو و سێوی ڕزیو و...تاد تۆی کڕیاریش بێدەنگی هەڵدەبژێریت. کاتێک تۆ، بە سەرمای چلەی زستان، یان بە گەرمای چلەی هاوین، بۆ ڕاییکردنی کارێکی فەرمی، شەوت بەکۆڵەوە گرتووە، لەپێش فەرمانگەیەکدا، لەگەڵ دەیانی دیکەدا، لەڕیزدا وەستاوی و ماندوویت، کەچی لەولاوە زرتەبۆزێک پەیدا دەبێ، هیچ ئۆرت و ڕێزێک بۆ تۆ دانانێ و هەر بە مرۆڤیشت حیساب ناکات و نۆرەبڕی لە هەمووتان دەکات، تۆیش نایەیتە دەنگ. کاتیک شوفێرێکی سەرخۆش، لەپێش چاوتا منداڵێک دەشێلێت و پێی پێوە دەنێت و هەڵدێت، تۆیش ژمارەی ئوتومبیلەکە نادەی بە پۆلیس. هەموو ئەم نەهاتنە دەست و بێدەنگیانە، لە ترسەوە سەرچاوەیان گرتووە. ترسێک، کە سااڵنێکە چووەتە ناو دڵمان. لە ناخماندا بنی ناوەتەوە و لەگەڵیدا ڕاهاتووین. ئەم ترسە هەر بەتەنیا سەری خۆ کزکردن نییە. بەڵکو نەبوونی هەست کردنیشە بە بەرپرسیارێتی. بەگرگن بوونیشە.

هەمیشە پیاوی کورد لەترسی ئابڕووچوون، فشارێکی زۆری خستووەتە سەر خۆی و ئەندامانی خیزانەکەی و ئێستایش هەر دەیخات، بە تایبەتی دەیخاتە سەر مێینەکان. هامشۆی زۆر شوێنی گشتیی لێ قەدەخەکردوون. هەندێک جاران کار گەیشتووەتە سەر ئەوەی هامشۆی دەر و دراوسێ و خزمانیشیان لێ قەدەخە بکات. ئابڕووچوونیش بەپێی فەرهەنگی کوردەواری دەیان جۆری هەیە. بۆیە تاکەکان نیمچە کێوی، نەشارەزا و کەمئەزموون گەورەبوون. ئێستایشی لەگەڵدابێ. زۆر مێینە لە شارەکانی کوردستاندا هەن، شارەزای گەڕەکەکانی شارەکەی خۆیان نین. ئەگەر دوو کیلۆمەتر لە ماڵەکەی خۆیان دوورباە بخەیتەوە، ئیتر ڕێی دەرنابەن و سەری دنیایان لێ دێتەوە یەک. نازانن چۆن بۆ ئاشیانەکەی خۆیان بگەڕێنەوە.

خێزان ترسێکی بێئەندازەی لە وتی وتی و لە دەمی خەڵک هەیە. چونکە لە کوردستان وەک لە زۆرێک لە کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکان، بەپێی یاسایەک ئۆرت و ئیعتیباری تاک نەپارێزراوە و چەمکی تاکایەتی هێشتا بە دروستی نەگەیشتووەتە ئەوێ. تازە وا هزرڤان و ڕۆشنبیر و ڕێکخرای کۆمەڵی مەدەنی خەریکن کاری بۆ دەکەن.

لەلایەکی ترەوە، ئەفسانە و خورافە ئاوەزی تاکی کوردی دۆڵپێچ کردووە و ترساندوویەتی. لە زۆر جومگەدا ئەم ئاوەز و مێنتاڵە ترس و دوودڵی دەنێتە ناخی تاکەوە. بۆ نموونە هەرکاتێک تاک، بە تایبەتی لە ژینگەی دێهاتدا، گوێی بە خوێندنی پەپوو، غاقەی قەلەڕەش، یان قووقەی کەڵەشێری ناوەخت زرنگایەوە، یان کاتێک مریشک لاساییی کەڵەشێر دەکاتەوە و دەخوێنێت. ئیتر تاک دووچاری ترس و دڵەڕاوکێ دەبێ. جا بۆئەوەی خۆی لەم دڵاودڵە دەربهێنێت، هێندێک جاران دێت قوربانی دەدات. واتە خێر قەرار دەدات. یەک لەباری کەڵەشێری ناوەختیش، خۆی دەبێتە قوربانی و سەری خۆی دەخوات. ئەو مریشکەیشی بخوێنێ دەستبەجێ سەری دەبڕن، تاکو ئەو هەواڵە ناخۆشەی پێیەتی نەیەتەدی و سەری خۆی بخوات.

لە ئێستادا پرسیارە جیددییەکە ئەمەیە: ئێمە دەبێ چی بکەین، تاکو تارماییی ئەم فەرهەنگی ترسە لە ناخی تاکی کورددا بڕەوێتەوە و چیتر تاکی کورد پێویستیی بە چەکوچۆڵ و قەڵاداری و قوللە و وارش چێ کردن نەبێت و لە ناخەوە هەست بە ئارامی بکا؟

# ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا

## لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینەوە تا هەزارەی سێیەمی پاش زاین

باقڕ یاسین

ئەڵقەی دووەم

هەوالنامەی کتێب

٥

### ڕیشەکێشکردنی بەرمەکییەکان لە سەردەمی عەباسیدا

لەو ڕووداوە ناسراو و بەناوبانگانەی مێژووی عێراق، بڕوسەی ڕیشەکێشکردنی بەرمەکییەکانە لە چاخی عەباسیدا، لەسەر دەستی خەلیفە هارووونە ڕەشید، ئەوەش پڕۆسەیەکی بەرفراوان بوو بەدرێژاییی نەوە یەک لەدوای یەکەکان لە مێژووی عەباسیدا دەنگی دایەوە و، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش لە یادەوەریی خەڵکەکەدایە، هۆی ناوداریی ئەم پڕۆسەیە ئەوەیە، ئامانجی کەسانێکی کاربەدەست و گەورە بوو لە دەوڵەتی عەباسیدا لە ماوەی خەلافەتی هارووونە ڕەشیددا، ئەو دەمەی لەوپەڕی هێز و مەزنیدا بوو.

بەرمەکییەکان خانەوادەیەکی ناسراوی فارس بوون لە قۆناخی یەکەمدا، کە بەنهێنی خۆیان بۆ شۆڕش دژی حوکمی ئەموی ئامادە دەکرد، ڕاژەی زۆریان بۆ یارمەتیدانی عەباسییەکان پێشکێش کرد "هەینێ بانگەشەی عەباسییەکان گەیشتە خوراسان، خالدی کوڕی بەرمەک سۆزی بۆیان جووڵا و بووە یەکێک لە گەورەترین بانگەشەکارانیان، لەکاتی سەرکەوتنی شۆڕشەکەدا ئەبو–لەعەباسی خەلیفەی یەکەمی عەباسی پشتی پێ بەست، ئەمەش دوای مردنی ئەبی سەلەمە ئەلخەلال، ئەوەبوو خالدی کوڕی بەرمەک تاکو خەلافەتی ئەبی جەعفەر ئەلمەنسوور بەردەوام بوو، کە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

کردیه والیی فارس و پاشانیش موسڵ..."[٤١]

دواتر کەسانێک لە خانەوادەی بەرمەکی لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەلافەت و حوکمدا یارمەتیی خەلیفە عەباسییەکانیاندا، زۆرێک لە ئەندامانی ئەم خانەوادەیە توانای بەرز و دانایی و توانایەکی کارگێڕیی بڵندیان دەرخست، بەتایبەت لەماوەی قەیران و ناخۆشییە ڕەگ قووڵەکاندا، کە لەنێوان سەرکردە عەباسییەکاندا ڕووی دەدا و تایبەتیش لە بابەتی حوکم و ویلایەت و دەستبەسەرداگرتنی چەقی خەلافەتدا.

خەلیفە ئەلمەهدی کوڕی ئەلمەنسوور وەسیەتی کرد، دوای مردنی خەلافەت بۆ دوو کوڕەکەی بێت، ئەلهادی و ئینجا بۆ ئەلڕەشید، دوای ئەوەی ئەلهادی خەلافەتی گرتە دەست، ویستی هارووونە ڕەشیدی برای لە خەلافەت دەربکا و جەعفەری کوڕی، کە بەتەمەن بچووک بوو بخاتە شوێنی. ئەوەبوو ئامادەکاریی کرد بۆ جێبەجێکردنی و پاڵەپەستۆی خستە سەر هارووون، تا ناچاری دەستهەڵگرتنی بکا، لە کتێبەکانی مێژوودا هەندێک ئاماژە هەن، کە هارووونە ڕەشید خەریک بوو ژیانی گۆشەگیری و دوورەپەرێزی دەژیا و لەبەر حەزی خەلیفە ئەلهادیی برای هێندەی نەمابوو دەست بکێشێتەوە، بەڵام یەحیای بەرمەکی بەتوندی لایەنی هارووونی گرت و هانی خۆڕاگری و خۆنەدانەدەستەوەی دا و ئەوەی ڕەنگیدەوە لە دەرکردنی لە دەسەڵاتدا مل بۆ حەز و ئارەزووی خەلیفە ئەلهادی دانوێنێ، لەلایەکی ترەوە یەحیا ڕۆڵێکی چالاکی هەبوو لە قەناعەت پێ هێنانی ئەلهادی لە لانەدانی ئەلڕەشید، ئیدی قسەی نەستەق و مۆچیاری و پەندی عەقڵانیی بۆ دەهێنایەوە، تاکو توانیی قایلی بکا لە لابردنی ئەلڕەشید پەشیمان ببێتەوە، یا هیچ نەبێت بۆ کاتێکی تری دوابخات، بۆیە چاکەی زۆری بەسەر ئەلڕەشیدەوە هەبوو لە هاتنە سەر حوکم لە بەغدا.

یەحیای بەرمەکی ئەو کەسە بوو، کە خەلیفە ئەلمەهدی (باوکی ئەلهادی و ئەلڕەشید) پێشتر وەکو یاوەر (مرافق)ی هارووون دایمەزراندبوو و ڕووی لێ نابوو لێی جیانەبێتەوە و چاودێری و پەروەردەی بکا و بایەخ بەکاروباری بدات و لە کارە ڕۆژانەییەکانیدا ئاراستەی بکا، بۆیە بەردەوام لەگەڵیدا بوو و لە گەلێک لە کار و چالاکییەکانیدا یاریدەی دا، کە ئەلڕەشید لە کاتی ئەلمەهدیی باوکیدا پێی سپێررا، تەنانەت ئەو غەزا و شەڕانەی هارووون لە کاتی لاویدا، ئەلمەهدیی باوکی دابوویە سەریدا بەڕێوەی بردن، هەر یەحیا بەتەنیشتیەوە بوو، تاکو بەر لەوەی ببێتە خەلیفە وەک مامۆستا و باوک و ئاراستەکەری هارووونی لێهات.

دواتر هەینێ خەلیفە ئەلهادی بەو ڕۆڵە شاراوەیەی زانی، کە یەحیای بەرمەکی لە هاندانی هارووندا دەیگێڕێت لە ڕووپامایی و دەستنەکێشانەوە "وەکو پێشەکییەک بۆ کوشتنی فەرمانی گرتنی دا، وەلێ مەرگ بواری بۆ خەلیفە ئەلهادی نەڕەخساند و بەر لەوەی ئامانجەکەی بەدی بێ لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا گیانی لەدەست دا"[٤٢]، ئەوەبوو یەحیای بەرمەکی لە مردنێکی مسۆگەر ڕزگاری بوو...

ئەو لە ئامێزگرتن و پابەندبوون و دڵسۆزی و سازاندنەی یەحیای بەرمەکی بۆ هاڕوونی دەنواند، کاریگەریی گەورەی لە هەست و دەروونیدا هەبوو، تا وای لێهات بە(باوکە)ی گاز دەکرد.

دوای مەرگی کتوپڕی خەلیفە ئەلهادی هاڕوونە ڕەشید خەلافەتی گرتە دەست، یەحیای بەرمەکیی لە گرتیگە دەرهێنا و خەڵاتێکی گەورەی وای پێ بەخشی لە هەموو بۆچوونەکان بەدەر بوو، پێی گوت "باوکە گیان، ئەوە تۆ بووی بەفەڕداری و جوان کارڕایی خۆتەوە منت لەم ئەنجوومەنە دانا، منیش لە فەرمایشتت لانادەم، ئەویش ئەنگوستیلەکەی پێ دا".[٤٣]

تەبەری دەبێژێت، هاڕوونە ڕەشید لەودەمی وەزارەتی بەخشییە یەحیای بەرمەکی، پێی گوت:

"کاروباری خەڵکم لە ئەستۆی خۆم کردەوە و بەتۆم دا، چۆنی بەباش دەزانیت ئاوا حوکم بکە، کێت بەشایستە زانی دایمەزرێنە، کێشت بەخراپ بینی لایدە، کارەکان چۆن بەچاک دەزانیت ئاوا بکە، ئیدی ئەنگوستیلەکەی پێ بەخشی".[٤٤]

لەم دەقەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ڕەشید چ متمانەیەکی گەورە و بەرزی بەبەرمەکییەکان هەبوو، ئەو هەموو کاروباری خەلافەتی دایە دەست یەحیای بەرمەکییەوە و ئەویش بەکەیفی دڵی خۆی حوکمی دەکرد، هەڵسوکەوت و بڕیاری لەم شێوەیە (وەکو دوایی دەبینین) بوونە بنەمای ماڵوێرانیی بەرمەکییەکان و لە دواییشدا ڕیشەکێشکردنیان لەسەر دەستی ڕەشید خۆی.

ڕادەستکردنی کاروباری ولات و چارەنووسی حوکم بەم شێوە سەرپێییە هەڵچوونە سۆزداریە پەلەپەلەییە نادیارکراوە، دەبوو یەکێک لەم دووانە ڕووبدات: یان ئەلرەشید لە دەسەڵات دەربچێ و لە حوکم دەری بکەن و دەسەڵاتی نەمێنێت. یانیش بەرمەکییەکان ڕیشەکێش و پاکتاو بکا، تاکو حوکم و دەسەڵاتەکەی بگەڕێنێتەوە.

پاش ئەوەی یەحیا بەم هەموو دەسەڵات پێدانە گەورانەوە وەزارەتی وەرگت، کە ڕەشید بەئیرادە و ملدانی خۆی پێی بەخشی، هەر چوار کوڕەکەی یەحیا (ئەلفەزڵ، جەعفەر، محەمەد، موسا) پۆستی گرینگیان لە دەوڵەتی عەباسیدا داگیر کرد و جێی متمانە و سەرسامیی ئەلرەشید بوون، بۆیە کردنی بەوالی لەسەر ولات و هەرێمە پڕ بایەخەکانی دەوڵەت، بەمە ڕێگەی سامان و خۆشگوزەرانی و شکۆمەندی و دەسەڵاتداریان بۆ ڕەخسا، پاشان بوونە گەورە دەوڵەمەند و خاوەن زەوی و دەرەبەگ، کتێبەکانی مێژوو سەبارەت بەسامانە ئەفسانەیی و ناز و نیعمەت و کۆشکەکانیان و هەژموون و دەسەڵاتیان دەدوێن، کە ئەوسەری دیار نەبووە، هەروەها بەخشش و پیاوەتی و دیاریەکانیان، کە بێ ئەژمار بەڕاست و چەپدا تەخشان و پەخشانیان دەکرد، هەروەها بوونە خاوەن کارەکەر و دەستوپێوەند و پاسەوان و خانوو و گوند و کێڵگە و زەوی و سیمای ڕابواردن و سینگ دەرپەڕاندن و دەوڵەمەندی بەهەر یەکێکیانەوە دیار بوو، خەڵات و بەخشینەکانیان لە گشت شوێنان باس دەکران و پەندیان لەسەر دەهێنرایەوە.

لە قۆناخێکی دواتردا، ئەلرەشید هەستی کرد ئەمانە وایان لێهاتووە لە هەموو شتێکدا

بەربەرەکانیی دەکەن، بەتایبەتیش لە حوکم و دەسەڵاتەکان و هەژموونەکاندا، بۆیە بڕیاری دا لایان بدا، بەڵام بەشێوازێکی عێراقییانە، واتا بەهۆی ڕیشەکێشکردن و کوشتن و پاکتاوکردن و دەست بەسەرداگرتنی زیندەماڵ و مردەماڵیاندا، ئەمەش ئەو نەریتە عێراقییەیە، کە بەدرێژایی چەندان سەدە نەوەستاوە.

وێرای سەرقاڵیی مێژوونووسان و نووسەر و توێژەران لە پشکنینی ئەو هۆیانەی وایان لە ئەلڕەشید کرد ڕیشەکێش و پاکتاوی بوونی بەرمەکییەکان بکا، ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا خۆمان بەو هۆ و پاساوانەوە خەریک ناکەین، کە بەرەو ئەو کارەیان برد، بەڵکو دەکۆشین (بەپێی پێویستیی توێژینەوەکەمان) شارەزای سروشتی ئەو پێهەستانانە بین، کە ئەلڕەشید لە پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی بەرمەکییەکاندا گرتنیە بەر، بەو پێیەی ڕووداوێکی مێژوویی گرینگە لە پرۆسەکانی ڕیشەکێشکردن لە مێژووی عێراقدا.

نێزیکەی سەرجەم سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە ئەلڕەشید ساڵی ١٨٧ی کۆچی/ ٨٠٣ی زاین، ئەودەمی لە حەج گەڕایەوە تووڕە و پەشۆکاو بوو، هۆیەکەشی ئەوەبوو ئەوکاتی لە مەککە بوو بەوردەکارییەکانی ئەو چیرۆکەی زانی، کە هەموویان ویستیان لێی بشارنەوە، ئەویش وەکو ژن و مێرد سەرجێیی کردنی جەعفەر بەرمەکیی کوڕی یەحیای بەرمەکی بوو لەگەڵ عەباسەی خوشکی ئەلڕەشیددا، بێ ئەوەی ئەلڕەشید پێی بزانێت، هەرچەندە ئەلڕەشید بەڕووکەش و بێ ئەوەی سەرجێیی بکەن بەجەعفەری دابوو، ئەمەش بۆ ئەوەی لە دانیشتنەکانی ئەلڕەشید و لەکاتی بوونی جەعفەر بەرمەکی لەوێ ئەویش بتوانێت دانیشێت، چونکە ئەلڕەشید دڵی بەئامادەبوونی هەردووکیان پێکەوە لە دانیشتنەکانیدا دەکرایەوە، گێڕانەوەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە عەباسە لەو سەرجێییەدا سکی پڕ بوو و منااڵێکی بوو، کۆرپەکەی بەدەستی دایەنەکان بۆ مەککە نارد و لەوێ لەژێر چاودێریی دایەنەکاندا مایەوە، هەڵبەت ئەلڕەشید بەوردەکارییەکانی ئەم بابەتەی نەدەزانی، ئەگەر ناکۆکی نەکەوتایەتە نێوان عەباسەی خوشکی ئەلڕەشید و هەندێک لە ئافرەتە کارەکەر و دایەنەکانەوە، ئەمەش وای لە یەکیان کرد بەئەلڕەشید بڵێت، لە مەککە و لەکاتی حەجدا ئەلڕەشید پرسیاری ڕاست و دروستیی ئەم بابەتەی کرد، ئەوەبوو بەیەکجاری بۆی ساخ بووە.

ئیدی لەپڕ و بێ گلەیی و ئاگەدارکردنەوەی پێشوەخت، هەر کە ئەلڕەشید لە مەککە گەڕایەوە بانگی مەسرووری بەردەستی کرد و داوای لێ کرد سەری جەعفەری کوڕی یەحیای هاوەڵە جێبەاوەڕەکەی ببڕێت و سەرەکەی بۆ بهێنێت، هەینێ بەردەستەکە دوودڵ بوو لە جێبەجێ کردنی فەرمانە لەناکاوەکەی، ئەلڕەشید هەڕەشەی لەملدانی کرد، هێندەی نەبرد چووە خانووەکەی تەنیشتەوە و سەری جەعفەری بڕی و بۆ ئەلڕەشیدی هێنا، بەمە شاڵاوی ڕیشەکێشکردنی تۆقێنەرانە لە هەموو شوێنەکان و بێ وەستان دژ بەبەرمەکییەکان دەستی پێ کرد، ئەلڕەشید ڕاگەیەنراوێکی دەمودەستی دەرکرد بەگرتنی یەحیای بەرمەکی و کوڕەکانی تری و ئەندامانی خێزانەکانیان و دەستی بەسەر ماڵ و مواڵکیاندا گرت و بریکارەکانیانی گرت و پاشان نامە و

فەرمانی نارد، تا بەرمەکییەکانی بەغدا و شوێنانی تر دەستگیر بکەن "ئەلڕەشید لەو شەوەدا نامەی نارد سەرجەم بەرمەکییەکانی بەغدا و شوێنانی تر بگرن، ئەوەبوو هەموویانیان گرت و کەسیان لێ دەرنەچوو"،[٤٥] بەم شێوەیە گشت بەرمەکییەکان لە سەرتاپای ولاتدا گیران.

لەدوای ئەمە خەڵکەکە بەخدێی خۆیان هەڵگەڕانەوە و پشتیان تێ کردن و قسەیان لەسەر کرد، کەچی ئەوانی تر بۆیان گریان و خەمیان بۆ خواردن و داخ و ئەسەفیان بۆ هەڵڕشتن بۆ ئەو مالوێرانییەی بەسەر بەرمەکییەکاندا هات، شیعر و هۆنراوەی لاواندنەوە و شیوەنیان بەسەردا گوتن و زۆرێکیش پرۆپاگەندە و هەواڵی بەدرۆیان لەسەر گواستنەوە.

ئەلڕەشید دوای جیاکردنەوەی سەری جەعفەری هاوەڵی لە لەشی، لاشەکەی لەگەڵ نامەیەکدا بۆ سندی ناوێک نارد، تێیدا داوای کردبوو لاشەکە بکاتە دوو پارچەوە، ئەویش دوولەتی کرد و لەتێکی لەسەر پردەکەی سەرەوە دانا و لەتەکەی تریش لەسەر پردەکەی خوارەوە، هەرچی سەری بوو ئەوا لەسەر پردەکەی ناوەندی هەڵواسی.[٤٦]

کاتێک ئەلڕەشید دوای ماوەیەک بۆ خوراسان سەفەری کرد، فەرمانی دا پاشماوەی تەرمەکەی جەعفەر بسووتێنن و خۆڵەمێشەکەی فڕێ بدەنە دیجلەوە، هەرچی بەرمەکییەکانی تر بوون، هەر یەکە و ڕووبەڕووی جۆرێک لە ئازار و چارەنووسی دڵتەزێن بووەوە..!

دەڵێن، یەحیا بەرمەکی و کوڕەکانی (فەزڵ و محەمەد) لە کلێسایەک لەسەر ڕۆخی فورات لەلای ڕۆژئاواوە لەسەر ڕێگەی ئەلڕەقە[٤٧] زیندانی کران (یەحیا و فەزڵی کوڕی لەناو ئەو گرتیگەیەدا سەریان نایەوە).[٤٨]

هەرچۆنێک بێ بڕیاری ڕیشەکێشکردنی بەرمەکییەکان و هەرەس پێ هێنان و پاکتاوکردنیان لەلایەنی کارگێڕی و سیاسی و داراییەوە بڕیارێکی سیاسی بوو، لەبەر چەند هۆیەک وەکو دەبینین پێوەندیی بەهەستی خەلیفە هارووندە ڕەشیدەوە هەبوو، کە بەرمەکییەکان خەریکبوو مەترسییەکی جدییان لەسەر دەسەڵات و دەوڵەت و هەژموون و دەسەڵاتەکانی دروست دەکرد، وایدەبینی فرەوانبوونەوەی هەژموون و دەسەڵاتیان و ناوداری و سامانەکەیان لەسەر حسێبی دەسەڵاتەکەی ئەو بوو، هەموو ئەمانە وایان لێ کرد زەبروزەنگیان لە بەرابەردا بەکار بهێنێت و هەژموونیان نەهێڵێت و دەست بەسەر مال و موڵکیاندا بگرێت، لێ ئەوێ ناکرێت نکوڵی لێ بکرێت ئەوەیە مالوێرانیی بەرمەکییەکان و ڕیشەکێشکردنیان لەسەر دەستی ئەلڕەشید خۆی، قەبارەیەکی گەورەی لە هەڵچوون و تووڕەیی و پەلەکردنیان پێوە دیاربوو، ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش ئەو هەواڵە ئاڵۆزانەیان بەڕاست زانیبێت، کە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان باسیان کردووە، کە هارووندە ڕەشید لەوەی بەبەرمەکییەکانی کردووە ژیوان بووەتەوە "هەروەها دەگێڕنەوە، کە ئەلڕەشید دەیگوت، نەفرەتی خوا لەوەی دەرهەق بەبەرمەکییەکاندا تەفرەی دام، دوای ئەوان نە چێژ و نە ئاسوودەیی و نە هیچ ئومێدێکم ماوە".[٤٩]

هەروەها دەڵێن، ئەڵڕەشید خۆیشی ئەو هۆیەی نەزانیوە، کە وای لێ کرد بەرمەکییەکان ڕیشەکێش و پاکتاو بکا، ئیبن کەسیری مێژوونووس بەگواستنەوە لە ئیبن جۆزییەوە دەڵێت، ئەڵڕەشید نکوڵی لە زانینی ئەو هۆیانە دەکا، کە وایان لێ کرد ڕیشەکێشی بەرمەکییەکان بکا "ئیبن جۆزی باسی ئەوە دەکا، کە پرسیاری هۆیەکانی کوشتنی بەرمەکییەکانیان لە ئەڵڕەشید کرد، ئەویش گوتی: گەر بزانم کراسەکەم پێی دەزانێت، دەمسووتاند".[٥٠]

بەهەر حاڵ، ئەڵڕەشید پرۆسەی ڕیشەکێشکردنەکەی ئەنجام دا "لە بەغدا جارڕیان دەدا، هیچ ئاسوودەییەک بۆ بەرمەکییەکان نییە، هەروەها بۆ ئەوانەش کە دااڵدەیان داون".[٥١]

ڕەنگە بتوانین ئەوە بیر خۆمان بێنینەوە چەندان جار لە شێوەی ئەم جارڕانە، یا ئاگەدارکردنەوەیە، یاخود ئەم ڕوونکردنەوەیە لە مێژووی بەغدا و مێژووی عێراقدا بڵاوبووەتەوە، ئەمە ڕوونکردنەوەیەکە هەرکات شەپۆلێکی نوێ لە شەپۆلەکانی ڕیشەکێشکردن، یا لەناودان، یا جەزرەبەدان دژ بەتوێژێک یا کۆمەڵێکی سیاسی، یاخۆ کۆمەڵایەتی، یان ئایینی، یا دژ بەحزبێک یانیش میللەتێک لە میللەتان بەدەرکەوت، لە بەغدادا دووپات دەبێتەوە و دەکەوێتە کار...

لەم جۆرە بانگەوازە، یا جارڕانە دا لە کارەساتی بەرمەکییەکان ڕاگەیەنرا، ئەودەمی ویستیان زەنادیقەکان ڕیشەکێش بکەن، هەروەها دوای مااڵوێرانییەکەی بەرمەکییەکانیش بڵاوکرایەوە، هەینێ ویستیان ڕیشەکێشی هەر یەک لەوانە بکەن، کە بڕوای بەداهێنانی (خەلق) قورئان نییە، هەروەها ئەوکاتیش بانگەواز کرا هەینێ دەوڵەتی عوسمانی ساڵی ١٨٣١ی زاین بڕیاری دا مەمالیکەکان لە عێراقدا ڕیشەکێش بکا و لەناویان بدا، جارڕدان، یا بانگەوازی لەم چەشنەش دژ بەنوری سەعید و داروودەستەکەی ڕێژیمی پاشایی ساڵی ١٩٥٨ دەرچوو، هەمان شتیش دژ بەشەواف و بزووتنەوە کوودەتاخوازە سەرنەکەوتووەکەی لە ساڵی ١٩٥٩دا دەرچوو، دیسانەوە هەمان شت لە بەیاننامەی ژمارە ١٣دا لە ڕۆژی ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا دەرچوو و داوای قڕکردنی شیوعییەکانی کرد...!

بەاڵم لە کۆتاییی سەدەی بیستدا ئەم بەیاننامە باوە ڕۆتینییە مااڵوێرانکەرە دووپاتبووە لە مێژووی عێراقدا، گۆڕا بۆ یاسایەکی فەرمی، ئەوەبوو ڕێژیمی سەرۆک سەدام حوسێن یاسایەکی داهێنا ڕێگە بەلەداردانی هەر کەسێک ئەندامبوونی لە حیزبی دەعوەی عێراقیدا ساخ بێتەوە، لەگەڵ جەزرەبەدانی خزمەکانی تاکو پلەی چوارەمیش، ئەم یاسایە پەڵەیەکی ڕەشی شەرمێونە لە مێژووی یاسادانانداا لە ولاتێکدا یەکەمین یاساکانی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەخۆوە بینیوە. لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی زاین یاسایەکی تر بەناوی یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس دانرا، ئەویش ڕێگە بەڕیشەکێشکردن و دوورخستنەوەی هەر یەکێک دەدا، دەرکەوێت پێوەندیی بەحیزبی بەعسەوە هەبووە لە ئاستی ڕابەرییەکی دیارکراودا، تا ئێستاش کاری پێ دەکرێ.

لە چوارچێوەی تێگەیشتنی تیۆریی باوەڕمەندیی ڕووتدا لەبارەی ئەم بابەتەوە، دەڵێین:

ئەگەر سیاسەتمەدارە عێراقییەکان و بەرپرسان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا دوای ڕووخانی دیکتاتۆرییەت لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بێ هەڵاواردن سەرجەم ئەو کەسانەی تاوان و سەرپێچییان کردووە لە ئەندامانی حیزبی دەسەڵاتداری ڕێژیمی پێشوو، هەواڵەی دادگەکان بکرێن حوکمی دادپەروەرانە بەسەر هەموو ئەوانەدا بسەپێنن، کە شایانی سزان و ژمارەشیان هەر چەند بێت، زۆر چاکتر دەبوو لەوەی لە مێژووی سیستەمی دیموکراسی پەرلەمانیی فرەییدا نەفرەتی ڕیشەکێشکردنی بەدناو تۆمار بکرێت، کە پێشتر هاوشانی گشت دیکتاتۆرییەکان بووە لە مێژووی عێراقدا. بۆیە عێراق تاکو نەهۆش پێویستی بەبەڵێنێکە تیۆری ڕیشەکێشکردن و ڕیشەکێشکردنی پێچەوانە لە بناغەوە بسڕێتەوە، تاکو بۆ یەکجاری ئەو شێوە بەیاننامە خوێناوییە شەرمەێنانە بوەستێنرێن، کە لە ڕەوتگەی (سیاق) ئەم توێژینەوەیەماندا ئاماژەمان پێ کرد.

٦

## ڕیشەکێشکردنی ئەوانەی بڕوایان بەداهێنانی قورئان نەبوو، ساڵی ٨١٣ز

لەکاتی کۆچی دوایی پەیامبەرەوە (د.خ) ساڵی ٦٣٢ی زاینی و تاکو ویلایەتی خەلیفە مەئموونی کوڕی هارووونە ڕەشید لە ساڵی ٨١٣ی زایندا، ئەوی لە وڵاتی موسڵمانانداا باو بوو قورئان قسەی خوایە و لە ڕێگەی جوبریلەوە بۆ محەمەد پەیامبەری دابەزاند، لەبەر ئەمە وشەکانی قورئان و ئایەت و ڕستە و بڕگەکانی، پێش گەیشتنی بەمحەمەد پەیامبەر لە زارەوە بۆ زار، یا لە یەکێکەوە بۆ یەکێک نەگواستراونەتەوە، واتا وەکو ئەحمەد شەوقی شاعیر دەڵێ "لم تتصل قبل من قیلت له بفم"،[٥٢] بەومانایەی، کەس نەیگوتووە و دەری نەبڕیوە دەم و زمانی هەبێت، بۆیە بەپێی ئەم چەمکە دانراو نییە، بەڵکو ئەزەلییە و بەر لە دەرکەوتنی بیردۆزی داهێنانی قورئان ڕێ بەموسڵمانان نەدراوە قسە لەسەر ئەو ڕایە بکەن، کە دەڵێ قورئان داهێنراوە.

دەڵێن عەبدولەلیکی کوڕی مەروان زەلامێکی لەبەر ئەوە کوشت بوێریی کردبوو و گوتبووی قورئان داهێنراوە. کەچی تاقمی موعتەزیلە دواتر پشتیان بەو بیردۆزە بەست، کە دەڵێ قورئان دروستکراوە و ئەزەلی نییە، بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوەیە، ئەوە جوبریل بوو بۆ محەمەد پەیامبەری گواستەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە فەرمانێکی داهێنراوی گواستووەتەوە و بەلایانەوە وابوو قسەی زانایانی موسڵمان، کە قورئان کۆن، یا ئەزەلییە واتا، جیاوازییان نەکرد لەنێوان خوا و ئەوەی بۆ قورئانی دابەزاندووە. بەپێی ڕای موعتەزیلە ئەمەش هەڵەیە، چونکە ئەگەر قورئان ئەزەلی بێت، مانای ئەوەیە خوا نەیخوڵقاندووە و داینەهێناوە، کەچی ئەو ئایەتە دەڵێ (انا جعلناه قرانا عربیا) ئەوی خوا کردوویەتی ئەوا دروستی کردووە و تاقە ئەزەلییش خوا خۆیەتی، ئەوان وای دەبینن قورئان قسەکەرە، هەر قسەکەرێکیش داهێنراوە، لەبەر ئەمە بەپێی ڕای موعتەزیلە خوڵقێنراوە و ناکرێت وەک یەکی لە ئەزەلییەت و دێرینی لەنێوان خوا و قورئاندا بکرێت[٥٣]... هتد. ئەمە کێشەی

بیردۆزێکی فەلسەفیی قوولْ و ئەوپەڕی ئاڵۆزە.

تاقمی موعتەزیلە توانی بەشێوەیەکی مەترسیدار جەستەی دەوڵەتی عەباسی بسمێت، ئەودەمی کەسێکی گرینگی لە ئەندامانی خانەوادەی دەسەڵاتداری عەباسی ڕاکێشێتە ڕیزەکانییەوە، ئەویش مەئموونی کوڕی ئەلڕەشید بوو، هەڵبەت ئەودەم مەئموون خەلیفە نەبوو، بەڵکو جێنشین بوو، نازانین داخۆ کۆششی موعتەزیلە بۆ قایلکردنی مەئموون بەبیردۆزەکەیان و هێنانییە ڕیزەوە بەڕێکەوت بووە، یاخود تەکتیکێکی پێشوەختەی هۆشیارانەی دوورمەودا بووە لەپێناو گەیاندنی بیردۆزەکەیان لەدواییدا بۆ سەنتەری سەرۆکایەتی و حوکم و بڕیار، واتا بۆ پۆستی خەلافەت و گواستنەوەشی لەو ڕێگەیەوە، تاکو ببێتە بیردۆزی فەرمیی پشت پێ بەستوو لە دەوڵەتی ئیسلامیی پەلهاویشتوو بەگشت لایەکاندا، ئەو کات خەلیفە دەتوانێت بەئاسانی بەسەر هەموو موسڵمانانداا لە گشت وڵات و شاراندا بیسەپێنێت. بەمە بەخێرایی بڵاودەبێتەوە و بەشێوەیەکی سەیر کاری خۆی دەکا و دەبێتە بیردۆزی فەرمیی دەوڵەت.

دوای ئەوە هەر بەکردەنیش واڕووی دا... کاتێک مەئموون بەفەرمی خەلافەتی وەرگرت، وەکو پێشتر باسمان کرد بەر لەوەش هەر پابەند بوو بەم بیردۆزەوە، نامەیەکی ئاراستەی سەرجەم والی و سەرکردە و گەورە بەرپرسان و فەرمانبەرانی دەوڵەت لە گشت ویلایەتە ئیسلامییەکاندا کرد، بەپێویستبوونی تاقیکردنەوەی خەڵکی لە کێشەی داهێنانی قورئاندا، ئەوی بڕوای بەخوڵقاندنی قورئان نەبێت لە پۆست و کارەکەی لادەبرێت، ئیدی پلە و پایەی هەرچییەک بێ "ئەگەر موچەی لە بەیتولمال هەیە ئەوا دەبڕدرێت، خۆ ئەگەر موفتییە ئەوا ڕێگەی فەتوادانی لێ دەگیرێت، ئەگەریش فەرموودەخوێنە ئەوا ڕێگەی گوێ لێگرتن و ئەنجامدانی لێ دەگیرێت"،[٥٤] شەپۆلێکی گەورەی ڕیشەکێشکردن بوو و لە بەغداوە میللەت سەرتاپا لەم سەر بۆ ئەو سەر ڕاچەنی و ژمارەیەکی زۆری خەڵک سزا دران، لەوانەی وەلامی ئەم ڕێنماییانە نەدایەوە، بەملپەڕین و زیندان، هەروەها ژمارەیەکیش لەوانەی بەڵێنیان دابوو لە وڵاتانی خۆیانەوە ڕاپێچ کران و بردیانیان بۆ لای مەئموون بۆ قسەکردن لەگەڵیاندا.

پێڕەوکردنی ئەم بیردۆزە و ناچارکردنی خەڵک لەسەر بڕواهێنان پێی بەسزادان تا ماوەیەکی زۆر بەردەوامیی هەبوو، ئەوەبوو بەشێوەیەکی فەرمی و بەزۆرەملێ بەدرێژی سەردەمی مەئموون و موعتەسەم و واسیق پیادەکرا، ئەوەبوو هەر یەک لەم خەلیفانە لەکاتی مردنیدا وەسیەتی ئەوەی دەکرد، کە پێویستە پابەندبێت بەدۆزی خوڵقاندنی قورئانەوە و لەسەری بڕوات، خەڵکەکە بەدەست ئەمەوە سەرێشەی زۆریان بینی و ژمارەیەک لەوانەی ڕەتیان کردەوە قەناعەت بەو بیردۆزە بێنن سزای زۆر سەخت دران. ئیمام ئەحمەد بن حەنبەلی سەرۆکی ئاینزای حەنبەلییان درایە بەر قامچی و گیانیان خەڵتانی خوێن کرد و لە چەندان شوێنەوە بریندار بوو،[٥٥] هەروەها ئەحمەد بن نەسری خوزاعی یەکێک لە گێڕەرەوە ناوداڕەکانی فەرموودەکانی پەیامبەر لە چاخی عەباسیدا، خەلیفە واسیق دوای دانیشتنێک لە (گفتوگۆیەکی دیموکراسییانەدا) لەداری دا، واسیق نەیتوانی

قایلی بکا قورئان داهێنراوە، خوزاعییش مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی قورئان گفتی ئەزەلیی خوایە، ئەوەبوو واسیق داوای کرد ئامێری کەوڵەکەی بۆ بهێنن "ئامێرێکی لەداردانی ناسراوی ئەو کاتەیە، خوزاعیی لەسەر بەستراوەو و لەملی درا"،[٥٦] دەوڵەت سوور بوو لەسەر ڕیشەکێشکردن و لەناودانی هەر کەسێک بڕوای بەبیردۆزی داهێنانی قورئان نەبوو، بابیهێنینە بەرچاو خۆمان ژمارەی ئەوانە چەند زۆر بوون، کە بەدرۆ و ڕیایی و ماستاوچێتی بۆ دەوڵەت دەریانخست بڕوایان بەداهێنانی قورئان هەیە، شەپۆلێکی هەڵکردوو بوو لە شەپۆلەکانی ڕیشەکێشکردنی هزری و باوەڕمەندی لە مێژووی عێراقدا.

ڕەنگە یەکێک لەو ڕووداوە شەرمێونانەی لەکاتی پیادەکردنی ئەم شەپۆلی ڕیشەکێشکردنەدا قەومان ئەوەبێت، کە فەرمانڕەوای بێزەنتییەکان نامەیەکی بۆ خەلیفە واسیق ناردبوو، تێیدا پێشنیازی ئەوەی کردبوو هەردوو دەوڵەتی بێزەنتی و عەرەبی دیلەکانیان بگۆڕنەوە، واسیق ڕازی بوو و دوو پردیان لەسەر ڕووباری لامس دروست کرد، کە ڕووباڕێکی بچووکە لە باکوری سوریای ئێستادایە،[٥٧] دەکەوێتە سەر سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتەکەوە، هەردوو لا ڕێکەوتن هەرجارەی ژمارەیەک موسوڵمانی یەخسیر لای بێزەنتییەکانەوە بپەڕێنەوە لە بەرابەر هەمان ژمارە لە دیلی بێزەنتی لای عەرەبەکان، کەچی خەلیفە واسیق لە بەغداوە لێژنەیەکی حکوومی نارد لە لێژنەی ئاسایشی دەکرد، ئەمانەی تێدا بوون "ئەحمەد بن سەعید بن موسلیم بن قوتەیبە ئەلباهلی و خاقانی نۆکەر فەرمانی پێ دان دیلە موسوڵمانەکان تاقی بکەنەوە بەخوڵقاندنی قورئان، ئەوی گوتی قورئان خوڵقێنراوە و پەروەردگار لەودیا نابینرێت، ئەوا بیگۆڕنەوە و دینارێکی بدەنێ، ئەوەیشی وای نەگوت لای ڕۆمەکانی بهێڵنەوە"،[٥٨] ئەوەبوو لێژنەکە لەسەر پردەکە وەستا، تاکو لە هەر موسوڵمانێکی گەڕاوە لە یەخسیری سەبارەت بەبابەتی داهێنانی قورئان پرسیاری لێ بکرێت، ئەوی سەری ڕەزامەندیی لەقاند ئەوا پێشوازی لێ دەکەن و ئەویشی ڕەتی کردەوە، ئەوا بۆ ڕۆمەکانیان دەگەڕاندەوە و پێیان دەگوتن ئەوە بۆ خۆتان، لەو پرۆسەیەدا ٤٦٠٠ دیل گۆڕدرانەوە، کەچی ئەو هەڵسوکەوتەی باسمان کرد لەگەڵ ئەو موسوڵمانانەدا کرا، کە ڕەتیان کردەوە بڵێن قورئان خوڵقێنراوە، لاپەڕەیەکی پڕ لە ڕیسوایی و شەرمێونە لە لاپەڕەکانی ڕیشەکێشکردن لە مێژووی عێراقدا، مرۆڤ دەتوانێت ئەوە بێنێتە بەرچاوی خۆی، داخۆ هەستی ئەو دیلانەی لای بێزەنتییەکان بوون و چۆن جیهادیان لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئیسلامدا دەکرد چۆن بووبێت، ئەودەمی برا موسوڵمانەکانیان ڕەتیان کردنەوە و نەیانگۆڕینەوە، چونکە لەگەڵ ڕای حکوومەتدا کۆک نەبوون لەسەر ئەوەی قورئان خوڵقێنرابێت، ئەی داخۆ چۆن بەنائومێدی و ملکەچی گەڕابێتنەوە، تاکو لەژێر بەزەیی بێزەنتییەکاندا بژین، چونکە هاوشانی ئەو شەپۆلی ڕیشەکێشکردنە نەڕۆیشتن، کە دەوڵەت لە بەغدا لە دۆزێکی فەلسەفیی تیۆریی قورسدا گرتییە خۆی، دووریش نییە لێی تێنەگەیشتبن و هیچیشیان لەبارەوە نەزانیبێت... لەلایەنی بەراوردکارییەوە ڕەنگە جێی خۆی بێ لێرەدا ئەو ڕووداوە خەمهێنەرە بهێنینەوە، کە

سیاسەتمەدارە عێراقییەکان لە دوادوایی پەنجاکاندا سەبارەت بەعەبدولسەلام عارف لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایی ساڵی ١٩٥٨ بەماوەیەکی کورت باسیان لێوە دەکرد، لە عەبدولسەلام عارفیان پرسی مەلا مستەفا بارزانیی پەناهەندە لە یەکێتیی سۆڤیەت بروسکەیەکی ناردووە و تێیدا خۆی و ئەوانی لەگەڵین، داوا دەکەن بگەڕێنەوە عێراق، وەڵامی چی بدەینەوە؟ عەبدولسەلام عارفیش گوتی: ئاسانە... پێی بڵێن (برۆ)...[٥٩]

بەم جۆرە میتۆدەکانی ڕیشەکێشکردن و لادان و دەسەڵاتخوازی لە گشت چاخ و سەردەمێکدا یەکن...!

لە کۆتاییدا لەسەرمان بوو لەم بەشەدا باسی ئەوە بکەین، کە پێڕەوکردنی بیردۆزی خوڵقاندنی قورئان بەو شێوازە ناڕەوا و ملهوڕانەیەی کە پێی جێبەجێ کرا، یەکێک لە دیکتاتۆرییەکانی تاکبڕوایی لە مێژووی عێراقدا دەنوێنێت، کە بەرنامە باوەڕمەندییەکەی لە ڕێگەی میتۆدی ڕیشەکێشکردنی یەکجارییەوە ئەنجام درا.

لەم دۆخەدا ڕیشەکێشکردن تیۆر نییە، بەڵکو ئەو شێوازەیە کە دەسەڵات لە ڕێگەیەوە بیردۆزی خوڵقاندنی قورئانی پیادە کرد، کەتاقە بیردۆزی باو و سەرکەوتووی ئەو ڕۆژگارە بوو.

٧

## ڕیشەکێشکردنی زەت لە عێراقدا، ساڵی ٨٣٣ز لە سەردەمی موعتەسەمدا

لە چاخی یەکەمی عەباسیدا و لە سەردەمی ئەلمەئموندا شۆڕشێک بەناوی شۆڕشی زەت لە بەسرەدا بەرپابوو، کۆمەڵێک لە زەتەکان پێی هەستان، کە تێکەڵەیەک بوون لە دانیشتووە هەژارە ناوەخۆییەکە، ئەوانەی پێشتر لە باکوری ڕۆژئاوای هیندەوە هاتبوون و لە ڕۆخەکانی کەنداوی عەرەب و دەوروبەری بەسرە نیشتەجێ بووبوون، لەکاتی سەرقاڵیی دەوڵەتی عەباسیدا لەو ململانێیەی لەنێوان ئەمین و مەئموندا ڕووی دا، دەسەڵاتی زەتەکان بەهێز بوو و دەستیان بەسەر بەسرەدا گرت و ڕێگەکانیان گرت، ئەوەبوو مەئموون چەندان هەڵمەتی سەربازی کردە سەریان، بێ ئەوەی بتوانێت بەسەریاندا زاڵ بێت، چونکە چەندێک هەستیان بەهاتنی لەشکری عەباسی بکردایا، بەدەڤەرە چۆڵ و گوندەکاندا بڵاوەیان لێ دەکرد، هەینێ سوپا دەگەیشت شوێنەوارێکی وای لێیان نەدەدۆزییەوە شایانی باسکردن بێت، دوای ئەوە خڕدەبوونەوە و یەکیان دەگرتەوە، پاش گەڕانەوەی لەشکریش بۆ بەغدا شۆڕشیان ڕادەگەیاند، ماوەیەک کار بەوە گەیشت باج و خەراجیان خستە سەر ئەو کەشتییانەی دەهاتنە عێراقەوە، ڕەوشەکە بەم شێوەیە بەردەوام بوو، تاکو موعتەسەم ساڵی ٨٣٣ی زاین خەلافەتی وەرگرت و سوپایەکی لەژێر فەرمانی سەرکردەی ناسراوی سەربازیی عەباسی (عەجیف بن عەنبسە) نارد، ئەوەبوو پشتێنەیەکی فرەوانی بەسەر هەموو دەڤەری دەوروبەری بەسرەدا لێدا، پاشان پەیتا پەیتا پشتێنەکەی تەنگ کردەوە لەسەریان

و دوای ئەوە ڕیشەکێشکردنیان و کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لێیان، تاکو هەموویانی گرت بەژن و منالّ و گشت ئەندامانی خێزانەکانیانەوە، ئینجا خستنییە بەلەمی گەورەوە و ئاژەڵئاسا بەرەو بەغدای ڕەوانەکردن، ژمارەی ئەوانەی گرتبوونیان گەیشتە ٢٧٠٠٠ کەس لە پیاو و ئافرەت و منالّ. ئەم ژمارەیە لەچاو ئەوکاتەدا زۆر زۆرە.

هەینێ گەیشتنە بەغدا، بەلەمەکان لە دیجلەدا وەستێنران و خەلیفە موعتەسەم بەبەلەمێکی تایبەت نمایشی کردن، پاشان فەرمانی دا بۆ سنووری دەوڵەتی بێزەنتی بیانگوازنەوە. لە گوندی (عێن زربە) لەوسەری سنوور لەگەڵ دەوڵەتی بێزەنتیدا دانران، دوای ماوەیەک گومان لای ڕۆمە بێزەنتییەکان سەبارەت بەئامانج و مەبەست لە بوونی ئەم غەریبانە و نیشتەجێکردنی لەناکاویان لەسەر سنوورەکەیان دروست بوو، ڕەنگە ترس و بیمی تەناهیش لەو بارەیەوە دایگرتبن، بۆیە هێرشێکی لەناکاویان کردە سەریان و دەوریان دان و بەدیل گرتیانن و هەموویانیان گواستنەوە بۆ ناو وڵاتی ئەنەدۆڵ و لە دوورترین دەڤەر لەسەر سنووری دەریای بسفۆڕ بەرابەر کەناری ئەوروپی نیشتەجێیان کردن... بەتێپەڕبوونی کات هەندێک لەمانە دەپەڕینەوە بەری ئەوروپا و دەگەڕانەوە، پاشان پێ بەپێ بەئامانجی ژیان و لەبەر نەبوونی سەرچاوەی بژێوی و بێ پیشەیی زۆربەیان گواستیانەوە بۆ بەری ئەوروپا، بۆیە بوون بەکۆمەڵێ ڕەوەند و لە شەوئاهەنگەکاندا خەریکی سترانبێژی و موزیک و ژیاندنەوەی داونەریتی میللیی نامۆ بەئەوروپییەکان بوون لە بەرابەر بژێوی بەهەندێک دیاری و بەخشش، تاکو بەتێپەڕبوونی کات و نەوە دوای نەوە گۆڕان و بوونە دیاردەیەکی ناسراو، کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن قەرەجە ئەوروپییەکان.

تاکر ڕۆژی ئەمڕۆش ناوی باو و ناسراویان لە ئەوروپادا بەزمانی بیانی Tzigane[٦٠]ـە، وشەکە بەعەرەبی بە (تزیگان) دەردەبڕێت، وشەیەکە لەلایەن دەنگ و دەربڕینەوە نێزیکە لە وشەی (زەت) لەگەڵ تێبینیی لادان و گۆڕین، کە بەدرێژایی سالاّن لەکاتی گواستنەوەی بۆ زمانی ئەوروپی بەسەر دەربڕینەکەدا هاتووە، بەم ئاوایە حەزی ڕیشەکێشکردن لە عێراقدا شۆڕشگێڕانی زەتی بەسەرەی کرد بەقەرەجی ڕەوەندی ئەوروپا.

لێرەدا لەسەر عێراقییەکانە ئەوە ببینن و درکی پێ بکەن، کە ڕیشەکێشکردن چی پێ کردن، دەوڵەتی عەباسی دەیتوانی لە بەیتولمال خواردن بۆ ئەمانە دابین بکا لە هەر شوێنێکی عێراقدا نیشتەجێیان بکا، ئەوکات ئەوانیش کەرامەت و گوزەرانی خۆیان دەپاراست و دەیتوانی ڕێی گەڕانەوەیان بۆ بەسرە لێ بگرێت، بێ ئەوەی پێویستیان بەو هەموو شێوازە نامرۆڤایەتییە دڵڕەقانەیەی ڕیشەکێشکردنە درندانەیە ببێت، کە پێی ڕووبەڕووی زەتەکان بوونەوە و بەو شێوە دزێوە دەربەدەریان کردن، ڕەنگە هەڵە نەبین گەر بڵێین تاکی عێراقی لە زۆربەی گرفتەکانی ژیاندا، کە بەرەوڕووی دەبنەوە، بەبەردەوامی مەیلی ڕادەی ئەوپەڕی چارەسەری بەزۆری دڵڕەقانە و توندی هەیە.

بیردۆزی ڕیشەکێشکردن، کە شۆڕشگێڕانی زەتی لە بەسرەدا ئاوارە کرد و بەتێپەڕبوونی

کات گۆڕینی بۆ قەرەجی ئەوروپی، بەشێوەیەک دانیشتووانی شار و گەشتەوەرانی ئەوروپا تەماشایان دەکەن، لەو دەمی ئاهەنگی گۆرانی و سەما و موزیک لە شەوئاهەنگەکاندا دەگێڕن، هەمان ئەو بیردۆزەیە کە شۆڕشگێڕانی زنجی ٨٧٠ز–٨٨٣ز لەناو دا و بووە هۆی کۆژرانی نیو ملیۆن کەس لەو شۆڕشەدا، بێ ئەوەی کەسێک لە دەوڵەتی عەباسی هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە لە شۆڕشگێڕان بپرسێت، یاخود داخوازییەکانیان چین و داخۆ دەکرێت جێبەجێ بکرێن، یان نا؟!

هەمان ئەو بیردۆزی ڕیشەکێشکردنە بوو، کە چەندان جار و لە شێوەی شەپۆلی خوێناوی پێڕەو کرا، بووە هۆی کوژران و ئاوارەکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کوردە عێراقییەکان بەمەبەستی سیاسی و نەتەوەیی لە چلەکانی سەدەی بیستدا لە سایەی سەردەمی پاشایی و تا دوادوایی ئەو سەدەیە، وای لێ کردن بۆ ئێران و تورکیا و ڕوسیا و وڵاتانی تر هەڵبێن، هەمان بیردۆزیشە (واتا بیردۆزی ڕیشەکێشکردن) کە لە سەردەمی سەرۆک سەدام حوسێندا هەزاران عێراقیی لە دوادواییەکانی سەدەی بیستدا بەمەرامی دەستەییەوە فڕێدانە سەر سنوورەکانی ئێران، تاکۆ زۆریان لە ئێراندا ببنە کەسانی بێکاری غەریبی ڕیسواکراو لە بازاڕەکانی ئێراندا خەریکی قاچاخچێتی و ساختە و قۆڵبڕین و فرۆشتنی شتی قەدەخەکراو و کاری نایاسایی بن (هەڵبەت مەبەستمان ئەو عێراقییانە نییە، کە لە ماوەی غەریبیدا توانییان شەریفانە کاری بازرگانی بکەن).

هەروەها شەپۆلەکانی ڕیشەکێشکردنی تردژ بەبەرهەڵستکارە سیاسییەکان بوونە هۆی پەنابردنی ئەمانە بۆ وڵاتانی جیاجیا و ناچاربوونیان بەگوزەرانکردن لەوێ لە ڕەوشێکی خراپدا، بێ ئەوەی ڕێژیم هیچ هەوڵێکی جدیی ڕاستگۆیانە بدات بۆ لێخۆشبوون و لێبوردەیی ڕاستەقینە لێیان، بگرە لە هەڕەشەکردن و پاڵەپەستۆ لەسەر خێزانەکانیان و نانبڕینیان بۆ چەندان ساڵ بەردەوام بوو، ئەمەش وای لێ کردن لە کۆتاییدا پێوەندیی بەوڵاتە بیانییەکانەوە بکەن و ڕازی بن بەداگیرکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن ئەوانەوە، تاکو هەندێکیان بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە بوونە کەواسووری بەر لەشکر و ڕێنیشاندەری تانکەکانی سوپای بیانی، کە بەغدای داگیر کرد و ڕێژیمی سەرۆک سەدامی ڕووخاند، ئەوەبوو ڕیشەکێشکردنی حیزبی دەسەڵاتدار و قڕکردنی سەدان کادیر و ئەندامی لێبووەوە و بەهەزارانیشیان بۆ وڵاتانی دەرەوە هەڵاتن.

بیردۆزی ڕیشەکێشکردن بەخۆی ڕێژیمی نوێ دوای ڕووخانی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣دا لەسەر پێڕەوکردنی سوور بوو و هەر ئەوەش بەهەزاران عێراقیی لە شوێنکەوتووانی ڕێژیمی پێشوو، لەوانەی لە عێراق هەڵاتن بۆ بەرەڵایی لەبەر دەرکی وڵاتانی دەرەوە و هەواڵگرییەکەیان، بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ، کە هەوڵی خستنە ژێرباری غەریبییەکەیان و پێویستییان دەدا، تاکو ببنە بەشێک لە ڕەنگەکانی تابلۆی قێزەونی تایفیی، کە لە ناوچەکەدا بەشێوەیەکی بێدەنگ و بەهێوری کار بۆ ئامادەکردنی دەکرێ.

کاتی ئەوە هاتووە عێراقییەکان تیۆری ڕیشەکێشکردن تێک بشکێنن و لە پیادەکردنی بوەستن،

ئیتر دژ بەهەر کەسێک و لە هەر سەردەمێکدا بێت، تاکو بۆ ولاتێکی مۆدێرن وەرچەرخێت تێیدا یاسا سەروەر بێ لەگەڵ هەر کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر مافی ئەوانی تر و ئازادییەکانیان، بەمە هەموان یەکسان دەبن و پێویستیان بەوە نابێت یەکتر ڕیشەکێش بکەن.

٨

## فارس و عوسمانییەکان سونە و شیعە عێراقییەکان بەرودوا ڕیشەکێش دەکەن

لەو ڕاستییە مێژوویییە چەسپاو و دیکۆمێنتکراوانەی یەکلابوونەتەوە ئەوەیە، هەردوو دەوڵەتی فارسی و عوسمانی بەنۆرە حوکمی عێراقیان کردووە و پتر لە سێ سەدەی بەردەوام داگیریان کردووە، لەو ماوە درێژەدا ملمانێی ڕووبەڕووبوونەوەی تاڵی سەربازی و سیاسی لە پێناو دەستبەسەرداگرتنی یەکجاری بەسەر حوکم و دەسەڵات و دەوڵەت لە عێراقدا ڕوویداوە، هەروەها تاکڕەوی لە سەپاندنی هەژموون و دەسەڵاتی چەسپاو و هەمیشەیی بەسەریدا.

بەهۆی جیاوازی لە پابەندبوونی ئاینزای فەرمی لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا، دەوڵەتی فارسی کە بووە ئاینزای شیعی لە سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەمدا لە ساڵی ١٥٠١ی زاین و لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیدا، کە پابەندی ئاینزای سونی بوو، لە سۆنگەی جۆش و خرۆشی هەر یەک لەو دوو دەوڵەتە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینزاکەی و سەپاندنی بەسەر ئەوانی تردا لە سەدە تاریکەکانی دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و نەزانی و هاتنەخوارەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و بڵاوبوونەوەی ئامراز و شێوازە سەرەتاییەکان لە گوزارشتکردن لە پابەندبوونی ئاینی و باوەڕمەندی و مەزهەبی لە گشت ئاستەکاندا، هەردوو دەوڵەتی بۆ ململانێیەکی تایفی ئیتنیی خوێناویی ڕووخێنەر بەکێش کرد، کە مەیدانە سەرەکییەکەی وڵاتی عێراق بوو.

هەرچی ئەو قوربانییانەن کە دەبوو لەو کێبەرکێ ماڵوێرانکەرەدا بگلێن و لەناوبدرێن عێراقیی سونە و شیعە بوون، ئەوەبوو ململانێ بۆ داگیرکردنی عێراق بەشێوەی بەرودوا قەوما، ئەمەش بووە هۆی هەڵکشانی شێوازەکانی تۆڵەسەندنەوەی خوێناوی لە هەردوو لادا، خاڵی لە بەزەیی لەنێوان هەردوو لا و دەرکەوتنی حەزی ڕیشەکێشکردن و لەناودانی بەکۆمەڵ بەشێوەیەکی ترسناک لای سەرانی هەردوو دەوڵەت. جارێک فارس سەردەکەون و عێراق و خەڵکەکەی بەدەیان ساڵ بەدەوڵەتەکەی خۆیانەوە دەلکێنن و ئەوپەڕی ڕیشەکێشکردنی خوێناویی پاکتاوکردن دژ بەڕۆڵەکانی سوننەمەزهەب لە عێراقدا پیادە دەکەن، جارێکی تریش عوسمانییەکان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، ئیتر عێراق و دانیشتووانەکەی بەدەوڵەتەکەیانەوە دەلکێنن و پرۆسەی ڕیشەکێشکردن و قڕکردنی خوێناویی تۆڵەستێنی بەرفرەوان دژ بەشیعەکان ئەنجام دەدەن، ئەمەش لەو تێکست و بەڵگانەدا دەبینین، کە بۆ چەسپاندنی ئەمە پشتیان پێ دەبەستین.

وێڕای ئەوەی نامانەوێ و حەزناکەین لەم بابەتە خەمهێنەرەدا دێژدادڕی بکەین، وێڕای

پەنابردنی لایەنە ناکۆکەکان لە هەر ململانێیەکی تایفیدا بۆ بەکارهێنانی شێوازی ڕیشەکێشکردن (کە بابەتی باسەکەمانە)، ئەمە وای لێ کردین قسە و توێژینەوە لە بابەتی ململانێی تایفی بکەین، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی بەرودوای فارسی و عوسمانی بەسەر عێراقدا ڕووی دا، هەروەها بەڵگەهێنانەوەی هەندێک نموونەی مێژوویی بەرچاو، کە لە میانەی کێبەرکێی هەردوو دەوڵەت و ناکۆکیی خوێناویی تایفی ڕوویان دا، لەپێناو جەختکردنەوە لە دروستیی ئەو لێکدانەوەیەی لەم بارەیەوە بۆمان کرد، کە بەواقعی بووە گۆڕەپانی ئەو ململانێ تایفییە بەرفرەوانەی لەنێوان فارسی شیعەمەزهب و تورکیای سونەمەزهبدا بەدرێژایی پتر لە سێ سەدە قەوما، کە بەویستی عێراقییەکان نەبوو، بەڵکو بەبڕیار و ویستی فارسی و عوسمانی بوو.

سەرەڕای گەورەیی ڕووداوە خوێناوییە تایفییەکان، کە هەردوو دەوڵەت پێڕەویان دەکرد، وادیاربوو ئەوەندە بەس بوو بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوەخۆی تایفیی هەمیشەیی و بەردەوام لەنێوان عێراقییەکاندا، وەلێ بەرهەڵستیی خۆبەخۆی غەریزی شاراوە و جێگیر، کە کۆمەڵگەی عێراقی خستییە ڕوو کاریگەریی وێرانکەری ئەو ململانێیەی وەستاند و یەکێتیی بابەتیی ڕایەڵەی کۆمەڵگەی عێراقی پاراست لەگەڵ پێکەوە یەکگرتنی واقعی لەنێوان سونە و شیعە لە عێراقدا.

بێ ئەوەی پەنا ببەینە بەر گەورەکردن و بەخۆوەنازین و قسەی پاڵپشتی مەعنەوی و دوور لە شانازیی بۆش و بەتاڵ، یا کەشوفش و پیاهەڵدان بەخۆیا دەتوانین زۆر بابەتییانە بڵێین، عێراقییەکان بەگشتی (بەسونە و شیعەوە) دەتوانن شانازی بەبەرهەڵستیی بێدەنگ و نەگۆڕ و هۆشیارانە و جوامێرانەوە بکەن، کە خۆبەخۆ لە بەرهەڵستی کردنی شەڕە تایفییەکاندا نواندیان و یەکێتیی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتیی میللەتەکەیان بەدرێژایی سێ سەدە لەتاریکی لە داگیرکردنی سەرسەخت پاراست، کە هەردوو دەوڵەتی فارس و عوسمانی دوابەدوای یەک بەسەر ولاتەکەیاندا سەپاندن...

کارێکی کۆمەڵایەتیی مێژوویییە دەبێت لەسەر ئاستی گەلی عێراقدا شانازیی پێوە بکرێت، هەروەها دەبێت بخرێتەوە بیر و وردەکارییەکانی بڵاوبکرێنەوە، تاکو میللەتی عێراق بەسونە و شیعەوە شانازیی پێوە بکەن و خۆ بەنیشانە دژ بەتایفییەکان بگرن.

هەروەها دەبێت دان بەوەشدا بنرێت، کە "توندوتیژیی خوێناویی مەزهەبی، کە بەهێزی سوپای داگیرکەری دەرەکی جێبەجێ دەکرێ، بەردەوام دەکۆشا بۆ تێکشکاندنی یەکێتیی ناوەخۆی گەلی عێراق و هەوڵی دەدا هاوبەندی و پێکەوەیی نێوان دانیشتووانی ئەم ولاتە پارچە پارچە بکات".[٦١]

بەڵگەکانمان لەسەر دوو جووت ڕووداوی دوا بەدوای یەک کورت دەکەینەوە، واتا چوار ڕووداو لە ڕووداوەکانی ڕیشەکێشکردنی تایفی لەنێوان فارس و عوسمانییەکاندا، لە نێوان زۆرێک و چەندان ڕووداوی دووپات بووەوە و لەیەکچوودا، کە هەردوو دەوڵەت لە عێراقدا جێبەجێیان کرد.

"ساڵی ١٥٠٨ی زاینی شا ئیسماعیلی سەفەوی توانی بەغدا بگرێت و زۆرێک لە خەڵکی سونەی

کوشت و گۆڕی ئەبی حەنیفەی هەڵدایەوە"،[٦٢] دوای چوار ساڵ "پیاوێکی توندوتیژ هیچی لە شا ئیسماعیل کەمتر نەبوو لە مەزهەبپەرستی و تینوویەتیی بۆ خوێن، ئەویش سوڵتان سەلیم بوو"،[٦٣] کورسیی دەسەڵاتی عوسمانی لە ئەستەنبوولْ بەدەستەوە گرت، "ئەوەبوو سوڵتان سەلیم خۆی وەکو پارێزەری خەڵکی سونە و سەرۆکیان ڕاگەیاند و لە هەندێک پیاوی ئاینییەوە فەتوای ڕەوایی کوشتنی شیعەی بەدەست هێنا بەو پێیەی لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە، پاشان پلانێکی دانا بۆ سەرجەم ئەو شیعانەی لەناو سنوورەکەیدا بوون"،[٦٤] دکتۆر عەلی وەردی ڕووداوێک باس دەکا لەوپەڕی سەیروسەمەرەیی و درێویدایە، کە لە کتێبی ئێدوارد سی کریسی (مێژووی تورکە عوسمانییەکان)ی وەرگرتووە، سەبارەت بەپلانەکەی سوڵتان سەلیم لە قڕکردنی شیعەکاندا دەڵێت، سوڵتان سەلیم شێوەیەک لە پۆلیسی نهێنی داهێنا و ناردنی بۆ هەموو کون و قوژبنێکی ووڵاتی عوسمانی و ئاسیا و ئەورووپا "بەمەبەستی سەرژمێریی شیعەکان لەوێ، بۆی دەرکەوت ژمارەیان حەفتا هەزار کەس لە پیاو و ئافرەت و منداڵ تێپەڕ دەکا، دوای ئەوەی سوڵتان لە ژمارەیان و شوێنی گردبوونەوەیان لە شوێنە جیاجیاکاندا دڵنیا بوو، بەڕێژەی ژمارەیان سەربازانی ئەو شوێنانەی نارد، پاشان فەرمانی بەو سەربازانە دا هەر یەکەیان و لە کاتی دیارکراودا چ شیعەیەک نێزیکییەتی بیگرێت، بەم شێوەیە چل هەزار کەس لە شیعە کوژران و ئەوانی تریش خرانە گرتیگەی هەتاهەتاییەوە".[٦٥]

دوای ئەوە عوسمانییەکان لە ساڵی ٩٣٤ک و لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانوونیدا بێ بەرگری بەغدایان گرت. پاش زۆر ڕووداو و شەڕی دوا بەدوای یەک ئێرانییەکان گەڕانەوە و لە سەردەمی شا عەباسدا ساڵی ١٦٢٣ی زاین بەغدایان داگیر کرد، ئەم پاشا هاتووە بەلەشکرەکەیەوە بۆ بەغدا هزری پڕ لە ڕقی هەڵگرتبوو، وادیاربوو دەیویست پیادەی بکا "تاقە سونەیەک چیپە نابێت بەزیندوویی بمێنێتەوە"[٦٦] لە بەغدادا "هەردوو مەزاری ئەبی حەنیفە و شێخ عەبدولقادری ڕماند و پاشان دەفتەری دابەش کرد بۆ تۆمارکردنی ناوی سونەکانی دانیشتووی بەغدا، بەمەبەستی لەناودانی هەموویان".[٦٧]

یەکێک لە پیاوماقوولانی شیعەی عێراق، ئەویش سەید دەڕاجی مجێوری حوسێنییەی گەورەی کەربەلا و نەقیبی سەیدەکانی بەغدا بوو، توانی کارێکی جوامێرانە بکا، ئەوەبوو ناوی سەدان خێزانی سونەی بەهەموو ئەندامەکانییەوە لە بەغدا خستە ناو لیستی ناوی خێزانە شیعەکانەوە، بەمە لەو بەڵا تایفییەی لە دەرەوە بەسەر عێراقدا سەپێنرابوو، لە مەرگی حەتمی قوتار کردن، ئەو کارەی ئەم عێراقییە دڵگیرە ئەنجامی دا نموونەیەکی بەرزە لە بەرهەڵستیی مەزنی نەرێنی، کە کۆمەڵی عێراقی بەمەبەستی خۆویستیی لەخۆوە بۆ بەرهەڵستی کردنی تایفی و ملمڵانێ مەزهەبییەکان ئەنجامیان دا.

هەڵبەت حزبێک، یا بەرەیەک، یان ئیمامێک ڕێنمایی و فەرمانی بەسەید دەڕاج نەدا، تاکو ئەم هەڵوێستە مەزنە وەرگرێت، هەرچەندە ئەم عێراقییە ئازایە (سەید دەڕاج) لە مردن ڕزگاری نەبوو،

ئەوەبوو دەرویش محەمەدی والیی عوسمانی کوشتی و دوای ١٤ ساڵ لەو مێژووە و لەگەڵ داگیرکردنی بەغدایا بەهاتنەوەی عوسمانییەکان، دەستی بەسەر ماڵەکەیشیدا گرت...

جارێکی تریش دەڵێین، کوشتنی ڕێکخراوی بەکۆمەڵی تایفی لە بەغدا بەویستی عێراقییەکان نەبوو و لەلایەن عێراقییەکانەوە ئەنجام نەدەدرا.

ئەو هۆیە ڕاستەوخۆیەی یارمەتیی ئێرانییەکانی دا دەست بۆ داگیرکردنی بەغدا ببەن، ئەو هەڵسوکەوتە هەڵەشە و سەرشێتانە بەپەلانە و ئەو تەکتیکە سادە بێ مێشکانە بوون، کە بەکر سۆباشیی دەسەڵاتداری خوێنڕێژی عێراق لەو کاتەدا لەگەڵ عوسمانییەکاندا تێکچووبوو و نوێنەری سوڵتانی عوسمانیی لە بەغدا کوشت و لە تووڕەیی و تۆڵەی سوپاکەیان ترسا، ئەوەبوو چەند پەیامبەرێکی بۆ ئێران نارد و کلیلی شاری بەغدای پێیاندا بۆ شا عەباس نارد، گوێڕایەڵیی خۆی بۆ ڕاگەیاند بەو مەرجەی بەفەرمانڕەوایی بمێنێتەوە، کاتێکیش ناکۆکیی لەگەڵ عوسمانییەکاندا کۆتایی پێ هێنا، خۆی بینییەوە لە گرفتدایە لەگەڵ ئەو ئێرانییانەی لەسەر بنەمای ئەو بەڵێنەی بەشا عەباسی دابوو، بەلەشکریانەوە بەرەو عێراق دەکشان...!

وێڕای ئەمەش بەهەڵەشەییەکی گەورەوە و بێ ئەوەی مەزەندەی مەترسیی هەڵوێستەکە بکا (تەنیا خوا بەخۆی دەزانێت پشتی بەچی بەستبوو) بەکر سۆباشی هەندێک هەڵسوکەوتی بێباکانەی کرد، کە دەرگەی بەڕووی هەموو چارەسەرێکی دانوستاندا داخست، ئەوەبوو نامەیەکی بۆ ئێرانییەکان نارد تێیدا زۆر سووک و چرووکی کردبوون و خۆی بەگەورە دانابوو.

لەماوەی ئەو ئابڵووقەیەی شا عەباس بەر لە چوونە زوورەوەی بەسەر بەغدایدا سەپاند، بەکر سۆباشیی ناوبراو ئێرانییەکانی ناو بەغدای لە خاچ دەدا و لە خوارەوەی دیوارەکانی بەغدای هەڵدەواسین. لەگەڵ هاتنە ناوەوەی سوپای ئێرانی بۆ بەغدا بەسەرۆکایەتی شا عەباس، بەکر سۆباشی لەدار درا، ئەمەش دوای ئەشکەنجەدانێکی توند کە شا عەباس بەخۆی ئامادەی بوو و لەو ئەشکەنجەدانەشدا محەمەدی کوڕی سۆباشی بەشداریی تێدا کرد، کە باوکی بەرگری کردنی بەغدای پێ سپاردبوو، ئەوەبوو کوڕەکەی لەژێرەوە لەگەڵ ئێرانییەکاندا ڕێک کەوتبوو و بەشەو یەکێک لە دەرگەکانی بەغدای (دەرگەی تەلیسم) بۆ خستنە سەر گازی پشت و لەشکری ئێرانی خۆیان بەشاردا کرد و بۆ بەیانییەکەی بەشاردا بڵاوبوونەوە و کوشتار دەستی پێ کرد...[٦٨]

بەکر سۆباشیی دەسەڵاتداری خوێنڕێژ و ملهوڕی عێراق ساڵی ١٦٢٣ی زاین کارەساتێکی گەورەی بەسوپایەکی بێ شومارەوە بۆ بەغدا و عێراقییەکان هاورد، کە نەیدەتوانی بەرەنگاریان ببێتەوە، بەهەمان شێوەش سەدام حوسێنی دەسەڵاتداری عێراق دوای ٣٨٠ ساڵ بەڵایەکی گەورەتری بۆ بەغدا و عێراقییەکان لە ساڵی ٢٠٠٣دا هاورد، ئەو سوپا بێ شوماره بوو کە عێراق و بەغدای داگیر کرد، وێڕای ئامانج و پاڵنەر و هۆیەکان و بێ ئەوەی توانای ڕووبەڕووبوونەوەشی هەبێ.

سەرەڕای ئەو وادە و بەڵێنانەی شا دابوونی، کەچی وادیارە ئەو بەڵێنانە هەموو درۆ بوون "داوای گشت چەکەکانی کرد و سەرجەم سەرباز و بەهەزارانی لە دانیشتووانە سونەکە گرت و ئەشکەنجەی دەوڵەمەندەکانی دا و بەسەدان، یا بەهەزارانیش خۆیان کردە قوربانیی بیروباوەڕیان، پاشان بەهەزاران خەڵک و منداڵ وەکو کۆیلە فرۆشران و بۆ یەکجاری لە ئێراندا ونبوون"،[٦٩] هەروەها وەکو پێشتر باسمان کرد، گۆڕی ئەبی حەنیفە و عەبدولقادری گەیلانییش تێک دران.

دەبێ خوێنەر پەی بەمانا و ئاماژە تایفییە مەزهەبییەکانی ئەم کارە شەرمهێنانە بردبێت، کە شا عەباس لەکاتی داگیرکردنی بەغدایا پیادەی کردن.

ئەم سەرکەوتنە ئێرانییە و لە چنگ دەرهێنانی بەغدا لەدەست دەوڵەتی عوسمانی شوێنەوارێکی خراپی لای سەرکردایەتی لە ئەستەنبوولدا جێهێشت، ئەوەبوو چەندان هێرش و شەڕی کرد، کەچی نەیتوانی ململانێی نێوانیان یەکلا بکاتەوە.

عوسمانییەکان ئەم شکستە گەورەیەیان پێ هەرس نەکرا، بۆیە ئامادەکاریی سەربازییان کرد بەمەبەستی خۆسازدان بۆ داگیرکردنی عێراق و دەرکردنی بەغدا لە چنگی ئێرانییەکان، ئەو ئامادەکارییەیان زۆر گەورە و بەرفراوان بوو، هەموو شتەکان لەژێر سەرپەرشتیی سوڵتان مورادی یەکەم و بەدواداچوونی ڕاستەوخۆی ئەو بوو.

لە ڕاستیدا ململانێی نێوان فارس و عوسمانییەکان لەسەر دەستگرتن بەسەر عێراقدا نەبوو، ئەو ململانێیە مێژینە و کۆن بوو، دەگەڕێتەوە بۆ پەر لە ئیسلام، ئەودەمی هەردوو دەوڵەتی مەنازیرە و غەساسینە بوونە هێڵی پێشەوە لە ململانێی نێوان دەوڵەتی بێزەنتی و دەوڵەتی فارسی ساسانیدا.

کەچی ململانێی نوێی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی بۆ حوکمکردنی عێراق مۆرکێکی تایفی وەرگرت لە چوارچێوەی ئاینی ئیسلامدا "عێراق لەو ڕۆژگارەدا وەکو ڕۆژگاری بێزەنتییەکان جێی ملمانێ بوو لەنێوان قوستەنتینییە و فارسدا، هەر یەکە و دەیویست بۆ خۆی بێت".[٧٠]

سوڵتان مورات، کە بەدڵڕەقی ناسرابوو، سوێندی خوارد بەغدا لە دەستی عەجەم ڕزگار بکا و سەرلەنوێ مەزاری شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەشێوەیەک شایان بەپایەی ئەو بێ نۆژەن بکاتەوە.[٧١]

ئەوەبوو تۆپ و کەرەستەی زەبەلاحی سەربازیی گواستەوە و ئامادەکارییەکانی داگیرکردنی بەغدا تەواو بوون، سوڵتان مورات بەسوپاکەیەوە گەیشتە نێزیک شار "ئابڵووقەی بەسەردا سەپاند و فەرمانی دا خێوەتە تایبەتەکەی لە ڕۆخی دیجلە لە بەرابەر مەزاری ئەبی حەنیفە بۆ دامەزرێنن، بێ ئەوەی سەردانی بکا، گوتی: شەرمم بەخۆم دێ بەر لەوەی بەغدا بگرم سەردانی بکەم".[٧٢]

لە خوێنەر دەخوازین لەو هەڵسوکەوتانەی سوڵتانی عوسمانی و لە دەق و ڕستەکانیدا ئاگەداری

ئەو مانا و ئاماژە تایفییانە بێت، بۆ بەرزکردنەوەی هەستی تۆڵەسەندنەوە و ڕۆحی خڕکردنەوە و دنەدانی مەزهەبی.

لە کۆتایی ساڵی ١٦٣٨ی زاینی سوڵتان مورادی عوسمانی دەستی بەهێرشێک کرد بۆ داگیرکردنی بەغدا، شەڕەکانی لەشکری عوسمانی و ئێرانی بۆ دەستبەسەرداگرتنی بەغدا، مکوڕبوونی هەردوو لایان لەسەر خۆڕاگری پێوە دیاربوو. دوای دوو ڕۆژی ڕەبەق لە شەڕ و پێکدادان لەسەر یەکێک لە کەلێنەکانی دیواری بەغدا، هەڵوێستەکە بەبەرژەوەندیی عوسمانییەکان شکایەوە و هێزەکانی سوڵتان مورادی ڕژانە ناو بەغداوە، بۆیە بەکتاش خانی سەرلەشکری سوپای ئێران خۆی و سوپاکەی خۆیان دایە دەستەوە و هەینێ هێنایانە بەردەم سوڵتان زەوییەکەی ماچ کرد و داوای لێبوردنی کرد لەو بەرگرییە درێژەی. سوڵتان مورادیش لێی خۆشبوو و داوای لێ کرد شارەکە بداتە دەستەوە، ئەویش ڕازی بوو و بەلەشکرەکەی ڕاگەیاند خۆیان بدەنە دەستەوە. بەڵام هەڵەیەک لە ڕێکخستنی ئاگربەستەکەدا ڕووی دا و بووە هۆی نوێ بوونەوەی تەقەکردن لە تۆپ و سەربازەکانەوە، کە بووە هۆی شەپۆلێکی بەرفرەوان لە کوشتن و تۆڵەسەندنەوە و ئاژاوە، بەم شێوەیە لە شەڕی شەقامەکاندا گەلێک کەس لە گەورە ئەفسەران تێداچوون، تۆپەکانیش دروێنەی بیست هەزار سەربازی ئێرانییان کرد،[٧٣] دکتۆر عەلی وەردی وەسفی ئەو قەسابخانەیە دەکا، کە ناشرینییەکەی هیچی لە کوشتارە مێژووییەکان کەمتر نییە.[٧٤]

دوای چەند ڕۆژێک لەو کوشتارە ڕووداوێکی دڵتەزێنی تر قەوما دیمەنەکانی خوێن و مەرگیان نوێ کردەوە، ئەوەبوو لەپڕ عەمبارێکی باروت تەقییەوە و بووە هۆی زیانی گیانیی گەورە، لەنێویاندا سێسەد ئینکشاریی تورکیان تێدا بوو، ئەمەش بووە هۆی تووڕەیی سوڵتان و بەکارێکی دوژمنکارانەی دەستئەنقەستی دانا، بۆیە بڕیاری سەربڕینی گشتیی لە بەغدا دا!!

هەزار کەسیان لە دیلە داماوەکان هێنایە بەردەست سوڵتان، ئەویش بڕیاری لەملدانی دان و دەمودەست لە سەریان درا، لەوەدەکا ئەم قەسابخانەیە زۆر جیاوازیی نەکردبێت لەنێوان عەرەب و فارسدا، چونکە ژمارەی کوژراوەکان گەلێک بوون و بەسی هەزار دەخەملێنرێت، ئەمەش بەپێی ئەوەی مێژوونووسانی بابلعالی نووسیویانە "لێرەدا مێژوونووسانیش ناکۆک بوونە لەسەر ئەوەی ئەوانی سەربڕاون کێن، کریسیی مێژوونووس باسی ئەوە دەکا، سەربڕینەکە دانیشتووانی بەغدای گرتووەتەوە، ڕەنگە مەبەستی شیعەکان بێت".[٧٥]

ئەم ڕووداوانەی بەمەبەستی بەڵگەهێنانەوە لایەنێکیانمان باس کرد، بەشێکی زۆر بچووکن لە زنجیرەی ململانێی تایفی، کە چەند سەدەیەک لەنێوان فارس و عوسمانییەکاندا لەسەر خاکی عێراق بەردەوامیی هەبوو، لە سالانی دواتریشدا ڕووداو و بوویەرێلێک ڕوویان دا لە دڵڕەقی و ناشرینی و خوێنڕێژیدا کەمتر نین لەو نموونانەی لە زنجیرەی وێرانکەری تایفیدا هێنامانەوە.

خوێنەر بەخۆی دەتوانێت بۆی ڕوون ببێتەوە، کە ڕۆڵی عێراق و خەڵکەکەی لەم ڕووداوە تایفییە

بێـزراوانـەی لەنێـوان هـەردوو دەوڵەتی بـەتوانـادا دەقـەومـان، چـەند کـەم و پەراوێزخـراو بووە، هـەرچەندە لەسـەر خاکی عێراقدا ڕوویان دەدا.

بەهـەر حاڵ، هـەر یەک لە دەوڵەتی فـارس و دەوڵەتی عوسمانی بەهـەزاران عێراقییـان لە ڕۆڵەکانی هـەردوو تایەفەی سونە و شیعە بەشێوەی بەرودوا ڕیشـەکێش کردووە.

٩

## ڕیشەکێشکردنی خەڵکی موسڵ لە بەغدا، ساڵی ١٨١٠ز
## کوشتن لەسـەر ناسنامە

ڕەنگە سـەیر و سـەمـەرەترین ڕووداوی ڕیشـەکـێـشکردن لە مـێـژووی عـێـراقـدا ئەو شـەپۆلی ڕیشەکێشکردن و ڕاوەدوونان و پەند پێدانە بێت، کە موسـڵاوییـەکانی دانیشـتووی بەغدا دەرگیری بوون، ئەوەش بەدەرچوونـی فـەرمانێکی فـەرمی لە والیـی بەغدای عوسـمانییـەوە سلێـمان پاشـای بچـووک "هـەر کەسـێک خەڵکی موسڵ بێ نابێت لـە بەغدا دانیشێت، ئەگـەر بەر لە چل سـاڵیش هـەر لەوێ بووبێت".[٧٦]

وێرای گرینگیی ئـەم ڕووداوە مێژوویـیـە و ئـاماژەکـەی، بـەڵام مێـژوونووس و بیرمـەندانی عێراقی هـیچ بایەخێکیان پـێ نـەداوە و لەسـەری نـەوەستاون و بەپێی زانیاریی ئێمە ڕووناکییان نـەخستووەتە سـەر...

گرینگیـی ئـەم ڕووداوە مـێژوویـیـە پشـتگوێ خـراوە لەگـۆشـەکـانی لەبیرچـوونـەوە لەوەدایە، هـەر پرۆسـەیەک لە پرۆسـەکانی ڕیشـەکێشکردن لە واقـعی عێراق دوور نییـە بگاتە ڕەهـەند و ئاسـتێلی نالۆجـیکی پێـشـتـر ڕوونـەداو و نـامـاقـوڵ و لە ڕادەیـەکـدا ناوەسـتـێت، تـەنانـەت ئەگـەر بشـگاتە هـەڕەشـەکردن لە یـەکێتیـی کۆمـەڵگەی عێراقی، یا هـەڵگیرسـانی شـەڕی ناوەخـۆ، یان چاندنی ڕق و کینە و ئاژاوە لەنێوان دانیشـتووانی شـارە عێراقییـەکاندا، یا نـەتـەوەکانی، یـان ئاینـەکانی، یاخـود تایفەکانی، یان چینە کۆمـەڵایەتییـەکانی.

ئەو لێـشـاوی ڕیشـەکـێـشکردنـەی باسی لێـوە دەکـەین، لەبـەر هۆیـەلی سـیـاسـیی ڕووت بوون، چیرۆکی ئـەم لێشاوە و ڕووداوەکانی بـەم شێوەیە ڕوویان دا:

عـەلی پاشـای والیی عوسـمـانی سـاڵی ١٨٠٧ز خـەنجـەریان لە کـەلـەکـەی دا و تیرۆر کرا، یـەکێک لە بڕواپێکراوە نێزیکـەکانی کـە لە مـزگـەوت نوێژی بـەیانیی بەتـەنـیشـتـیـەوە دەکرد لێی دا، ئەوەبوو سلێـمان پاشـا، کە دواتر بەسلێمان پاشای بچووک ناویان دەبرد و کـوڕ خوشکی والیی کوژراو بوو بەشێوەیـەکی کاتی شوێنی گرتـەوە، پیاوماقوولان و زانا و سـەرۆک مـەمالیکـەکان لە بـەغدا کۆبوونـەوە و یاداشتنامـەیـەکیان بۆ سوڵتان نارد و داوایان لێ کرد بڕیارێک (فـەرمان) دەربکات بـەدامـەزراندنی سلێـمان پاشـا لە پۆسـتـەکـەی وەکو والیـیـەکی چـەسـپاو، ئـەوەبوو فـەرمـان دەرچوو بـەدامـەزراندنی

سلێمان پاشا وەکو والیی بەغدا.

ساتع ئەلحەسەری باسی ئەوە دەکا ئەو بڕەپارەیەی سلێمان پاشا لەگەڵ یاداشتنامەکەدا ناردبووی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لەم بڕیارەدا بینی. بەدڵنیاییەوە ئەو پارە زۆرەی بۆ ڕازی کردنی گەورەکانی ڕەوانەی کرد پارەی عێراقی بوو و لە دارایی ئەو عێراقییانە برابوو، کە بەدرێژایی ڕۆژ و ساڵ و سەدەکان تاڵان کرابوون و تا ئێستاش دەبردرێن.

هەڵبەت لە بەراییدا نە سوڵتانی عوسمانی و نەیش پیاوانی سەرەوە لە ئەستەنبوڵ بەجۆش نەبوون بۆ دامەزراندنی سلێمان پاشا وەکو والیی بەغدا، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە حەزیان لە کۆتایی هێنان بەحوکمی مەمالیک بوو لە عێراق و سلێمان پاشاش یەکێک بوو لە مەمالیکەکان.

دوای ماوەیەکی کورت لە ویلایەتکردنی سلێمان پاشا بەوە تاوانبار کرا، کە بەلای مەزهەبی وهابیدا لادەدا، ئەمەش لەوکاتەدا لای دەوڵەت تۆمەتێکی مەترسیدار و خراپ بوو. ئەم تۆمەتەش لەلایەن هەندێک لە نەیارە زیان لێکەوتووەکانی لە چاکسازییەکانیدا پەرەی پێ درا، بەمەبەستی لاوازکردن و لێدانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بەهەر حاڵ لەدواییدا ئەو هەڵمەتە لە ناوزڕاندنی سلێمان پاشای والی، پیاوانی دەوڵەت لە ئەستەنبوڵ چاوەڕێی دەرفەتیان دەکرد بۆ لادانی لە والێتی، بەتایبەت ناردنی پارەی داواکراو بۆ ئەستەنبوڵ.

کاتێک سلێمان پاشا هەڵمەتێکی سەربازیی کردە سەر ئورفە و ماردین بۆ تەمێکردنی هەندێک هۆزی یاخی لەوێ، یاداشتنامە لە دانیشتووانی ئەو دۆڤەرانەی هەڵمەتەکە پێیاندا تێپەڕی گەیشتنە پایەتەختی عوسمانی، تێیاندا سکاڵای ئەوەیان دەکرد چ کوشت و بڕ و تاڵانییەک لەلایەن سەربازانەوە کراوە. بەم شێوەیە ئەو هۆیانە بەس بوون لای پیاوانی دەسەڵات لە پایەتەختی عوسمانیدا بۆ لادانی سلێمان پاشا لە پۆستەکەی. هەر بەکردەنیش کار بۆ لابردنی کرا، بڕیارەکان لەو قۆناخە دواکەوتووەی تەمەنی دەوڵەتی لاوازی عوسمانیدا لە ڕێگەی دەسیسە و فێڵ و پیلان و تەڵەکە و درۆ هەڵبەستنەوە دەدران. زەلامێکیان بۆ نارد بەناوی حالەت ئەفەندییەوە لە موسڵەوە هاتبوو، بەشارەزا لە دەسیسە و پیلانگێڕی ناسرابوو، هەینێ چووە لای والی، سەرپشکی کرد، یا بەڕێکوپێکی ئەو بڕە پارە داواکراوە بدا، یانیش دەست لە ویلایەت هەڵگرێت، سلێمان پاشا هیچ بایەخی بەقسەکانی حالەتە فەندی نەدا. سلێمان پاشا پشتی بەهێزی سەربازیی لایەنگری خۆی لە بەغدا بەستبوو، هەروەها لە ئەنجامی هەندێک لەو چاکسازییانەی ئەنجامی دان توانی خۆی لای خەڵکی بەغدا شرین بکا.

لە ئەنجامی ئەمەدا حالەتە فەندی بڕیاری دا کار بۆ ڕووخانی سلێمان پاشا لە موسڵەوە بکا، دەڵێن سلێمان پاشا خراپ بووە بۆ خەڵکی موسڵ و پیاوماقوولانی تووڕە کردوون و هانی هۆزەکانی داوە بەگژیاندا بچن و دێیەکانیان تاڵان بکەن، هەروەها خوێنی حەڵاڵ کردن "لەبەر ئەمە

خەڵکی موسڵ زۆر ڕقیان لە سلێمان پاشا بوو و کۆشان تا ئەو و حالەتە فەندی بکەنە دوژمن و هانی شەڕکردنیان دژی دا".[٧٧]

ئەوەبوو حالەتە فەندی هەڵمەتێکی سەربازیی سازدا بۆ کشان بەرەو بەغدا و خەڵکی موسڵ و هۆزی گەورە هاتنە پاڵی، هەروەها عەبدولڕەحمان پاشای بابان و لایەنگرانی لە کوردان چوونە پاڵی و ئەم لەشکرە بەرەو بەغدا ملی نا.

سلێمان پاشاش لە شوێن خۆیەوە سوپایەکی گەورەی ئامادە کردبوو و بەرەو باکور ڕۆیی، هەردوو سوپا لە ناوچەیەکی نێزیک باقووبە بۆ ئامادەبوون بۆ شەڕ لە بەرابەر یەکتردا وەستان.

لەکاتی بوونی سلێمان پاشا لای سوپاکەی لە نێزیک باقووبە، لە بەغدا پشێویی ناوەخۆیی ڕووی دا و دنەدەری سەرەکییش تێیدا کابرایەکی ئاغای موسڵاوی بوو بەناوی عەبدولڕەحمان ئاغا ئەلوسڵی "کە باپیرەی خانەوادەی ناسراوی ئورفەلی بوو لە بەغدا"[٧٨] و لەگەڵ حالەتە فەندیدا لە پێوەندیدا بوو، ئەم کابرایە خەڵکی موسڵی دانیشتووی بەغدای کۆدەکردەوە و دژی سلێمان پاشای هان دەدان، پاشان هێرشی کردە سەر قەڵای بەغدا و داگیری کرد و سەرۆکی ئینکشاریی تێدا کوژرا.

کاتێک هەواڵ بەسلێمان پاشا گەیشت لەوەی لە بەغدا قەوماوە، بەپەلە بەلەشکرەکەیەوە بەرەو بەغدا گەڕایەوە و قەڵاکەی گرتەوە، هەروەها بەغدای خستەوە ژێر ڕکێفی خۆی و ڕاوەدووی خەڵکی موسڵی دەکرد لە بەغدا و تۆڵەی لێ دەستاندنەوە، ئینجا فەرمانێکی دەرکرد، کە نابێت خەڵکی موسڵ لە بەغدا بمێننەوە، تەنانەت ئەگەر لەمێژیشەوە لە بەغدا نیشتەجێ بووبێت.

کاتێک هەندێکیانی دەستگیر کرد بەقامچی کەوتە وێزەیان و خستنیە گرتیگەوە "هەرچی موسڵاوی هەبوون لە بەغدا ون بوون و گەلێکیان تواناییان لە شار هەڵبێن".[٧٩]

بەم شێوەیە ئەو تۆمەتەی لەسۆنگەیەوە مرۆڤ لە بەغدا ڕاوەدوو دەنرا، موسڵاوی بوونی بوو نەک هۆیەکی تر. بەم ئاوایە بۆ خوێنەر دەردەکەوێت شەپۆلەکانی ڕیشەکێشکردن لە عێراقدا لە خاڵێکدا ناوەستن و دەشێت بەرەو ئاسۆی ناماقوولْ مل بنێن.

هۆی ڕیشەکێشکردن لەم ڕووداوانەدا سیاسیی ڕووتە نەک هۆی تر. هەرچی پاشماوەی چیرۆکەکەیە، ئەوا حالەتە فەندی سەرقاڵیی سلێمان پاشای بەپشێوییەکانی بەغداوە بەهەل زانی و سوپاکەی بەرەو پایەتەخت برد و شەڕێکی یەکلاکەرەوە لەنێوان هەردوو سوپاکەدا لە نێزیک ناوچەی ئەعزەمییە ڕووی دا، لایەنی یەکەم حالەتە فەندی و لەشکرەکەی بوون، کە لە باکورەوە لە دەڤەری باقووبەوە دەهات، لایەنی دووەمیش سلێمان پاشا و سوپاکەی کە لە بەغدا بوو وەستابوون، ئەمە لە مانگی دەی ساڵی ١٨١٠ی زایندا بوو، شەڕەکە بەسەرکەوتنی بەرچاوی سلێمان پاشا کۆتایی هات و ئەو شەوە لە سەرکەوتنی سوپاکەی خاترجەم بوو، کەچی بۆ ڕۆژی

دوایی هەر هێندەی سبەینێ لە خەو بێدار بووەوە بینیی سوپاکەی سەرلەبەر پشتیان لێ کردووە و زۆربەی سەربازەکان بەشەو بەرەیان چۆڵ کردووە، بەبەهانەی ئەوەی بیستوویانە حالەتە فەندی فەرمانی لە دەوڵەتەوە پێیە و ئەوانیش نایانەوێت سەرپێچیی خەلیفەی موسوڵمانان بکەن...!

هەرچەندە بابەتەکە پێوەستە بەعێراقییەکانەوە، ئەوا ئەم هەڵوێستە وادیار دەدات سروشتی و زۆر ئاساییە، چونکە کەسی عێراقی مەیلی لادانی بەلای حکوومەتدا هەیە، ئەگەر وەستان دژی پێویست بەڕووبەڕووبوونەوە و شەڕکردن و خۆ لە مەترسیدانیش بکا.

لەپڕ سلێمان پاشا خۆی بینییەوە تەنیا بەسی زەلام دەورەدراوە و لەگەڵیدا ماونەتەوە، ئەویش بەرەو خوارووبردنی و لە ڕووباری دیالە پەڕییەوە و لەوێ هەندێک لە عەرەبەکانی هۆزی ئەلدەفافیعە، کە لقێکن لە هۆزی شممەر کوشتیان، سەرەکەیان هێنا بۆ حالەتە فەندی.

بێگومان سەرەکەیان لەبەر ئەوە هێنابوو، تاکو بەخشی وەرگرن، یا خەڵات بکرێن، نەک لەبەر باوەڕ، یا پرانسیپ، بەهەر حاڵ حالەتە فەندی فەرمانی دا سەرەکە کەوڵ بکەن و بۆ ئەستەنبووڵی بنێرن، جا نازانین داخۆ ئەو سەرە براوەیان پڕ لە کا کرد یان نا، نەریتی ئەو کات وابوو سەری براو ئەگەر کەوڵ کرا، ئەوا دەبێت پڕ لە کا بکرێت، ئەمەش بۆ پتر سووکایەتی پێ کردن و پەنددان بەخاوەنەکەی لەلایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە خۆ بەدوورگرتن لە بۆنی بۆگەنی، کە لێوەی دێت هەینێ بۆگەن دەکا.

زۆر پێویست بوو سەری سلێمان پاشا لەمیانەی گواستنەوەیەوە بۆ ئەستەنبوڵ بەموسڵدا ڕەت بێ "هەینێ سەرەکە بەموسڵدا تێپەڕی، خەڵکەکە زۆریان پێ خۆش بوو، بۆیە ڕۆژی تێپەڕبوونی سەرەکە بەموسڵدا بووە ڕۆژێکی مێژوویی".[٨٠]

ڕەنگە لە هۆیەکانی ئەو خۆشییە، گەیشتنی سەرە براوەکە واتای ڕاگەیاندنی فەرمیی وەستانی شەپۆلی ڕیشەکێشکردن و ڕاوەدوونان بگەیەنێت دژ بەخەڵکی موسڵ لە بەغدا.

ڕەنگە بتوانین وێنای ئەوە بکەین، ئەگەر سلێمان پاشای بچووک بیتوانیایا بەسەر حالەتە فەندیدا سەرکەوێت و حوکمی خۆی لە بەغدا بچەسپێنێت، ئەوا شەپۆلی ڕاوەدوونان و ڕیشەکێشکردن دژ بەخەڵکی موسڵ لە بەغدا دڕێژەی دەبوو و چەندان ساڵی تری دەخایاند، یا هیچ نەبوایا بەدرێژیی حوکمەکەی لە بەغدا.

ڕیشەکێشکردنی خەڵکی موسڵ، یا هەر شارێکی تر و ڕێ لێ گرتنیان لە نیشتەجێ بوون لە بەغدا، یان هەر شارێکی تر، کارێکە لە ناخەوە هەڕەشە لە چەمکی هاووڵاتیبوون دەکا و بناغەی ڕقلێبوونەوە و دووبەرەکی لەنێوان هاووڵاتییاندا لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتدا دژ بەیەکتری دروست دەکات و گومان و کەڵکەڵە و ترس لە بوونی مەرامی دەسەڵات بۆ ڕیشەکێشکردنیان لە ناخدا دەڕوێنێت، یاخود پەراوێزیان دەخات و هانیان دەدات لەسەر ملدان بەو لێکدانەوانەی لەگەڵ هەست و ترسەکانیاندا دەگونجێت و لەگەڵ خولیاکانیاندا دێتەوە، تەنانەت گریمانەیی یا وەهمی یا

ناڕاستەکانیش، جا ئیدی سیاسی بێت، یا چینایەتی، یان ئاینی، یاخود نەتەوەیی، یانیش تایفی... هتد.

بەهۆی هەستیاریی ئەم بابەتە لە ڕەوشی هاوچەرخی عێراقدا، خۆمان دەبینینەوە بەناچاری وەستانەوەی هەزاران عێراقی دژ بەیاساکان، یا فەرمانە کارگێڕییەکان بیر خۆمان بێنینەوە، کە دەسەڵاتدارانی عێراق لە سااڵنی حەفتاکاندا بڕیاریان لەسەر دا، سەبارەت بەو مەرجە داواکراوانەی پێوەست بەنیشتەجێبوونن لە بەغدا. وێڕای ئەوەی ئەو کۆتوبەندەی دەسەڵات لەودەمەدا سەپاندی واقعی و لۆجیکی بەدەردەکەوت، ئەوەبوو تۆمارکردنی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ی کرد بەبنەما بۆ قبووڵکردن یا ڕەتکردنەوەی نیشتەجێ بوونی عێراقییەکان لە شاری بەغدا، دەڵێین سەرەڕای ئەوەش ئینجا بەهەزاران عێراقی گومانیان لە مەرامەکانی دەسەڵات کرد و تاوانباریان کرد بەوەی پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی پەنهان و داپۆشراو دژ توێژێک لە گەل پیادە دەکا و وایان دانا مەبەست لەمە دوورخستنەوەی دانیشتووانی پارێزگەکانی خوارووە لە نیشتەجێبوون، یا بوونیان لە بەغدا بەمەبەستی تەناهی و دەستەیی و سیاسی.

وێڕای هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ لێکدانەوەی هەڵوێستی و شرۆڤەکردنی هۆیە بابەتی و یاساییەکان بۆ ڕایی کردن، کە لەم بارەیەوە گرتنیە بەر، وەلێ دەتوانین بڵێین دەسەڵات سەرکەوتوو نەبوو لە قایلکردنی سەدان هەزار عێراقی، یاخۆ لاوازکردنی قەناعەتی نەرێنیی ناڕاگەیەنراوی بەگومانیان و لێکدانەوەی تایبەتیان بۆ ئەو پێهەستان (اجراءات) و ئەو فەرمانە کارگێڕییانە.

گشت ئەمانە ڕەنگە بۆ باوەڕی لەقی نێوان میللەت و سیستمەکە لە عێراقدا بگەڕێتەوە.

١٠

## ڕیشەکێشکردنی مەمالیک لە عێراقدا، ساڵی ١٨٣١ز

مەمالیک نێزیکەی سەدەیەکی ڕەبەق لە ساڵی ١٧٤٩وە دەستیان بەسەر حوکم لە عێراقدا گرت، لەودەمی سلێمان پاشا (ئەبو لەیلە) ولایەتی عێراقی گرتە دەستەوەوە و ساڵی ١٨٣١ی زاینی کۆتایی هات، ئەوکاتی داود پاشای دوا والییان لابرا و وەکو تۆمەتبارێک بۆ ئەستەنبوڵ نێررا.

مەمالیکی عێراق لە بنەچەدا کۆمەڵێک منالّ و توالّی ڕوخسار جوان بوون، لە سەردەمی عوسمانیدا دەکڕران و لە جۆرجیا و داغستان و ولاتی چەرکەسەوە دەهێنران. پاشان دەخرانە بەر قوتابخانەی تایبەت، تاکو خوێندن و نووسین و مەلە و سوارچاکی فێربن و فێری هونەرەکانی شەڕکردن و خزمەتی گەورەکانیان بن، هەینێ تەواویان دەکرد عوسمانییەکان دەیانخستنە سوپا و کاری میرییەوە، وەکو ئیش و کاری گرینگ و هەستیار.

یەکەمین کەس بایەخی بەکڕینی مەمالیک و هێنانیانی بۆ عێراق دا حەسەن پاشای والیی

عوسمانی بوو، ویستی بیانکاته سەربازی تایبەتی سەر بەخۆی و لە بڕیار و فەرمانەکانی دەرنەچن، ئەوەبوو ناردی لە ولاتی قەوقاسدا کوڕیژگە بکڕن، هەینێ ئەمانە گەورە دەبن بەهۆی نێزیکبوونیانەوە لە والی و پاشا و گەورە بەرپرسانی دەوڵەت و بەبۆنەی هەڵسان و دانیشتنیان لەگەڵ گەورەی هۆز و کارکردنیان لە نووسینگە و ماڵەکانیان، ئەوا بەرپرسان پەنا دەبەنە بەر دامەزراندنیان لە پۆستی ئەوپەڕی مەترسیداردا، بەوپێیەی جێی باوەڕ و دڵنیایین، بەتایبەت لە پۆستەکانی سوپا و پلە سەرکردایەتییەکانی. ئەوی شایانی باسە زۆرێک لە والی و گەورە بەرپرسانی عوسمانی حەزیان لە بوونی ئەو نەوجەوانە تازەهەڵچوو و ڕوخسار و جەستە جوانانە دەکرد بۆ بەکارهێنانیان بەگەلێک مەبەستەوە لە کاروباری نووسینگە و کارگێڕی و کاری تایبەت، بەتێپەڕبوونی ڕۆژ و ساڵەکان و لە ئەنجامی ئەو ناز و چاودێری و بایەخەی لەلایەن گەورەکانیانەوە پێیان درا و بەهۆی زۆریی ژمارە و توانای بێ پایانیان لە لێهاتوویی زەینڕووونی و جەستەیی و کارگێڕی و سەرکەوتنیان لە ئەنجامدانی کاری قورس و ئاڵۆزدا، بەرودوا لە سوپا و دەوڵەتدا قۆرخی مەترسیدارترین شوێن و پۆستیان کرد، هەروەها لەم ڕێگەیەشەوە توانییان لە کۆتاییدا بەتەواوی لە قۆناخی داهاتوودا دەست بەسەر حوکم لە عێراقدا بگرن و دەوڵەتی عوسمانییان خستە بەردەم باری داسەپاو (أمر الواقع) و ناچاریان کرد دان بەبوونیاندا بنێت و بوونە بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی، ئیدی وای لێهات ئەستەنبوڵ بڕیار (فەرمان)ی دەردەکرد بۆ دامەزراندنیان یەک لە دوای یەک بەوالی لە عێراقدا. لە بەرامبەریشدا والییە مەمالیکەکان لە عێراقدا (ڕەنگە لە ویلایەتەکانی تری عوسمانیشدا) خۆیان بەدوور دەگرت لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی بابلعالی، یا یاخی بوون لە فەرمانەکانی سوڵتان، یاخود لە ڕووداوەستانی ویستی سوڵتان.

لە دیارترین فەرمانڕەواکانیان لە عێراقدا، سلێمان پاشای گەورە و سەلمان پاشای بچووک و داود پاشا بوون، بەڵام پێوەندی لەنێوان ئەستەنبوڵ واتا چەقی بڕیاری سوڵتان و لەنێوان مەمالیک لە عێراقدا لە شێوەیەک لە ئاگربەستی پڕ لە نیگەرانیی دەکرد تێکەڵ بێ بەگومان و بۆڵەبۆڵ و ناڕازی بوون.

لە دوا دەیەی حوکمی مەمالیکدا لە زۆر کاتدا ئەستەنبوڵ چاوەڕوان بوو تا ململانێکە لەنێوان سەرکردە بەربەرانیکەر و نەیارەکانی مەمالیک لەسەر حوکم لە بەغدا یەکلا ببێتەوە، پاشان دەسخۆشی لە سەرکەوتووی ئەو ململانێ زۆر جار خۆیناوییە دەکرد، کە چەندێک والیی پێشوو لە بەغدا بمردایا، یا بکوژرایا ئەوا تاوی دەسەند، خانەدانانی شار و زانایانی کۆدەبوونەوە و یاداشتنامەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیان بۆ سوڵتان دەنووسی و تێیدا داوایان دەکرد فەرمان دەربکات بەدامەزراندنی مەملوکی سەرکەوتوو و دانانی بەوالی بەسەر عێراقەوە، سوڵتانیش بڕیاری دامەزراندنی دەنارد...

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت سەرچاوەی بڕیار و بناغەکەی لە بەغدا بوو و ڕەزامەندیی سوڵتانیش لەدواییدا و بڕیارەکەی لە زۆر کاتدا ڕووکەش و ڕۆتینی بوو، لەسۆنگەی ئەمەوە ململانێ لەپێناو

پلەوپایەی والییەتی لە عێراقدا زنجیرەیەک پیلان و تەڵەکە و کاری نامەردانە و تیرۆر کردن و چیرۆکەیلی لەخشتەبردنی سەیر و سەمەرەی بەخۆوە بینی.

بەرلەوەی قسە لە ڕووداوەکانی هەڵمەتی ڕیشەکێشکردن بکەین، کە جێبەجێ کردنی دژ بەمەمالیک ساڵی ١٨٣١ی زاین لە عێراقدا دەستی پێ کرد، بەسوودی دەزانین ئاماژە بەهەندێک پێهەستان بکەین، کە لە بەغدادا ڕوویان دا و پێش ئەم گەردەلوولە خوێناوییە کەوتن و سەرپاکی مەمالیکیان نەهێشت.

ئینکشارییەکان پێشتر لە ئەستەنبوڵی پایەتەختدا دژ بەمەحموودی دووەمی سوڵتانی عوسمانی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوەیان ڕاگەیاند و بەرەو سەرای دەوڵەت لە پایەتەختدا کشان، ئەوەبوو سوڵتان یەکەیەکی سەربازیی بەفەرماندەیی ئەفسەرێک بەناوی ئیبراهیمەوە، کە بە(قەرە جەهەننەم) واتا دۆزەخی ڕەشیان ناودەبرد نارد سەریان، ئینکشارییەکانی لە ئەستەنبوڵ ئابلۆوقە دا و بەخەستی تۆپبارانی کردن و خستنیە ناوەڕاستی دۆزەخێکی سوورەوە، دوای ئەوە سوڵتانی عوسمانی فەرمانی دەرکرد بەقڕکردنی ئینکشارییەکان لە گشت ئەو ویلایەتانەی سەر بەئیمپراتۆریای عوسمانین، ئەم بڕیارە بەسروشتی خۆی عێراقی دەگرتەوە، بەوپێیەی یەکێک لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو.

کاتێک بڕیارەکە گەیشتە بەغدا داود پاشای والیی مەمالیک لە جێبەجێ کردنی خۆی نەبان کرد و بەوەندە وازی هێنا ئینکشارییەکان گرد بکاتەوە و مۆچییارییان بکا، کە پێویستە گوێڕایەڵی سوڵتان بن و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن، ئەم هەڵوێستە لەو هۆیە گرینگانە بوو، کە دابڕانی لەنێوان مەحموودی دووەمی سوڵتانی عوسمانی و داود پاشای والیدا دروستکرد.

دوای ماوەیەک سوڵتان مەحموود کەسێکی باوەڕپێکراوی خۆی بەناوی (سادق ئەفەندی)یەوە بۆ بەغدا نارد و بەنهێنی کاری لەناودانی داود پاشای والیی پێ سپاردبوو، ئیدی بەهەر شێوازێک بێ.

بەڕێکەوت داود پاشا بەم کارە نهێنییەی زانی، بۆیە سەرلەبەیانی بێ دەنگە دەنگ و بەپەنامەکی سادقە فەندیی نێرراوی سوڵتانی لە ژووری نوستنەکەیدا کوشت.[٨١] دوای ئەوە چەندان فێڵ و تەڵەکەی لە فێڵ و تەکتیکی سادەدا بەکار هێنا بۆ قایلکردنی ئەستەنبوڵ، کە سادقە فەندی تووشی کولێرا هاتووە و لە ئەنجامی ئەوەدا گیانی لەدەست داوە...!

هەینێ ئەستەنبوڵ دوای ماوەیەک زانی سادقە فەندی بەکولێرا نەمردووە و داود پاشا بەخۆی کوشتوویەتی، لە ناوەندی سەرکردایەتیی عوسمانی بوومەلەرزەیەک لە تووڕەیی ڕووی دا و سوڵتان بڕیاری دا هەڵمەتێکی سەربازی بەسەرۆکایەتیی عەلی ڕەزا پاشای والیی حەڵەب بەمەبەستی لەناودانی داود پاشا ئاراستە بکا.

دوای کۆمەڵێک پێشهات و شەڕ و شتی لەناکاوی سەیر و وەرچەرخان لە هەڵوێستی

دانیشتووانی بەغدا، عەلی ڕەزا بەغدای پایەتەختی گرت، کە نوقمی قوڕ و لیتەی لافاو بووبوو و بەدەست بلاوبوونەوەی ڕشانەوە و کولێرا و لاشەی بۆگەنبوو لە شەقامەکاندا دەینالاند، ئەمەش لە ساڵی ١٨٣١ی زاین بوو.

عەلی ڕەزا لەکاتی چوونە ناو بەغداوە وای نواند حەزی لە ئاشتەواییی مەمالیکەکان و پشت بەستنە پێیان، لەبەر ئەمە و لەپێناو دڵنیاکردنەوەیان بەڵێنی دەیان دامەزراندن و زەویی پێ دان. وادیاربوو عەلی ڕەزا خۆی بۆ ڕیشەکێشکردن و قڕکردنی مەمالیک لە قەسابخانەیەکی گشتگیردا ساز و ئامادە دەکرد. بۆیە دوای سێ ڕۆژ لە چوونە ناو بەغداوە بانگهێشتی هەمووانی کرد بۆ ئامادەبوونی کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ گوێگرتن لە خوێندنەوەی بڕیاری سوڵتان بەدامەزراندنی بەوالی لەسەر عێراق. زۆربەی بانگهێشتکراوانی ئەو کۆبوونەوەیە مەمالیک بوون، هەروەها هەندێک لە خانەدان و پیاوماقوولانی بەغداش ئامادەی بوون.

وادیاربوو بەر لە وادەی ئاهەنگەکە ژمارەیەکی باشی لە سەربازی ئەلبانی، کە ڕاهێنانی چاکیان پێ کرابوو بەسەربانەکان و بانیژە و دالانەکانی ئەو شوێنەی ئاهەنگەکەی لێ دەگێڕرا دابەش کردبوون.

دوای قاوە خواردنەوە کەسێک ناوی عەلی ئاغا بوو هەستا و داوای لە سەربازەکان کرد هەموو ئەو مەمالیکانەی نێزیکیانن بکوژن، خۆیشی جێبەجێی کرد و بەشمشێرەکەی ئەو مەملوکەی تەنیشت خۆی کوشت.

بۆ ئەوەی خوێنەر وێنەیەکی وردی لەسەر ڕووداوەکانی ئەو قەسابخانەی ڕیشەکێشکردنە ترسناک و یەکلاکەرەوەیە لە مێژووی عێراقدا هەبێت، کۆپلەیەک دەگوازینەوە، کە ستیڤن لۆنگریکی نووسەر لە وەسفە هەستبزوێنەکەیدا بۆ ئەو کوشتارە باسی کردووە، دەقاودەق دەڵێ:

"بۆ ڕۆژی سێیەم بانگهێشتی هەمووان کرا بۆ بیستنی خوێندنەوەی فەرمانەکە بەشێوەیەکی فەرمی، ئەو ماڵەشی ئاهەنگەکەی تێدا گێڕرا بەباشترین سەرباز ئاخنرابوو. لە گۆڕەپانەکەدا ئەو مەمالیکانەی بەزیندووی مابوونەوە و ڕایان نەکردبووە دەرەوەی شار تەنیا کەمیان نەبن، لەوانەی لە خۆیان دەترسان وەستابوون. فەرمانەکە خوێنرایەوە و پاشا گەڕایەوە ژوورەکەی ناوەوە، ئەمەش نیشانەی هێرشکردن بوو، ئەوەبوو سەربازە ئەلبانەکان هەڵیان کوتایە سەر ئاغا مەمالیکەکان و بەچەکە سووکەکانیان بەشێکی زۆریان لێ کوشتن و ئەوانی تریشیان سەربڕین.

هەرچی ئەوانەش بوون، کە گیران ئەوا لە شوێنێکی تری شاردا کوژران. دوای ئەوە ئەو فەرمانە فەرمییانەی لە ئەستەنبوڵەوە دەرچووبوون خوێنرانەوە، کە ئەم کارە درندانەیان داڕشتبوو لەگەڵ ئەو حیکمەتەی تێیدایە، داوای گشت ئەو مەمالیکانەیان کرد کە لە ناو شار و دەرەوەیدا بوون.. تەنانەت ئەو مەمالیکانەی لەگەڵ پاشادا لە چوونی بۆ بەغدا هاوشانی بوون، لە ئابلۆوقەکەدا وەکو سیخوڕ یارمەتییان دا و زۆرێک لە سۆزی ئەویان بەدەست هێنابوو، سەرلەبەریان لەناودران و

خرانه ژێر گڵەوە، کەمیان (لە پەنجەکانی دەستیان تێپەڕ نەدەکرد) پەناگەیەکی ئاسوودەیان لە شوێنە دوورەدەستەکاندا دۆزییەوە بەو هیوایەی لێخۆشبوونێکی دواکەوتوو بیانگرێتەوە. پاشان کەلوپەلی ئاغا کوژراوەکان دابەش کران و هەندێکیان فرۆشران، داهاتەکەیشی خرایە خەزێنەی دەوڵەتەوە...

بەم ئاوایە بۆ یەکجاری ڕەگەزی مەمالیک نەما".[٨٢]

بۆ ئەوەی قەبارە و سیمای ئەو کوشتاری ڕیشەکێشکردنە ترسناکەمان بۆ ڕوون بێتەوە، کە عێراق لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا (١٨٣١ز) بەخۆوەی بینی، خراپ نییە لەسەر هەندێک لەو ڕستانەی لە دەقە مێژوویییە مەترسیدارەکەی هێنامانەوە هاتوون هەڵوەستە بکەین، تاکو هەندێک ڕووناکییان بخەینە سەر و لێکیان بدەینەوە، چونکە مێژووی ڕووداوێکی گەورە و جۆری و سەرنجڕاکێش لە مێژووی عێراقی نوێدا دەنووسینەوە، لەگەڵ کۆنتێکستی توێژینەوەکەماندا سەبارەت بەڕیشەکێشکردن بێتەوە، وێڕای نەبوونی بایەخی عێراقییەکان بەم ڕووداوە و ئەوی ئێمە ئاگەدار بین ڕوو تێنەکردنی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە بەپێی پێویست.

ئێمە لە تێکستەکەی پێشوودا ئەم بڕگانەی خوارەوە دەبینین:

– " لە گۆڕەپانەکەدا ئەو مەمالیکانەی بەزیندوویی مابوونەوە و ڕایان نەکردبووە دەرەوەی شار تەنیا کەمیان نەبن، لەوانەی لە خۆیان دەترسان وەستابوون".

مەبەست لە بڕگەی ئەو مەمالیکانەی بەزیندوویی مابوونەوە، واتا ژمارەیەکی زۆریان لەو شەڕەی لە ئابلۆوقەدانی بەغدا و چوونە ناوەوەی ئەو سوپایەی بەسەرکردایەتیی عەلی ڕەزا کوژران، ئەوانەی مابوون بەبەڵێن و وادەی درۆی عەلی ڕەزا پاشا ئامادەی ئەو ئاهەنگە بوون، کە لەکاتی سەرکەوتنی و چوونە ناو بەغداوە گێڕای.

– هەروەها ئەم بڕگەیە دەبینین " ئەوانی تریشیان سەربڕین".

ئەم بڕگەیە مانای ئەوەیە، بەشێکی زۆری مەمالیکەکانی ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە گوللەباران کران، هەرچی ئەوانەش بوون گوللەیان بەرنەکەوت، ئەوا لە ملیان درا، واتا سەربڕان نەک گوللەباران کران.

– پاشان ئەم بڕگەیە بەدی دەکەین:

" هەرچی ئەوانەش بوون، کە گیران ئەوا لە شوێنێکی تری شاردا کوژران"، مەبەست ئەوەیە ئەو مەمالیکانەی لە شوێنە جیاجیاکاندا گیران، نەک لە ئاهەنگەکە، ئەوا لە شوێنێکی دیکەی شاردا کوژران.

– هەروەها ئەم بڕگەیەش بەدی دەکەین:

"داوای گشت ئەو مەمالیکانەیان کرد کە لە ناو شار و دەرەوەیدا بوون"، ئەمەش مانای ئەوەیە

هەر مەمالیکێک لەناو شاری بەغدا و دەرەوەیدا بووبێت (واتا لە سەرتاپای عێراقدا) لەلایەن دەوڵەتەوە داواکراو بوو، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو فەرمانە فەرمییانەی لە ئەستەنبوڵەوە لەم بارەیەوە دەرچووبوون و لە ئاهەنگەکەدا خوێنرانەوە، بەمە گرتنی هەر مەمالیکێک لە عێراقدا لە کاردا بوو.

– هەروەها ئەم بڕگەیەی خوارەوە بەدی دەکەین:

"تەنانەت ئەو مەمالیکانەی لەگەڵ پاشادا لە چوونی بۆ بەغدا هاوشانی بوون، لە ئابڵووقەکەدا وەکو سیخوڕ یارمەتییان دا و زۆرێک لە سۆزی ئەویان بەدەست هێنابوو، سەرلەبەریان لەناودران و خرانە ژێر گلّەوە"، ئەمەش مانای وایە بڕیاری کوشتن و ڕیشەکێشکردن تەنانەت ئەو مەمالیکانەیشی دەگرتەوە، کە هاوکاریی دەوڵەتیان کردووە و خزمەتیان پێشکێش کردووە، بۆیە هەر مەمالیکێک لەو ڕەوشەدا هەرچییەک بکا بۆ زیندوومانەوە سوودی نییە، ئەوە یەکێک لەو میکانیزمە ترسناکانە بوو، کە هەر کات لێشاوێک لە ڕیشەکێشکردن لە هەر زەمانێکدا بەڕێوە بێت، ڕووداوەکان بەرەو ئەوێ مل دەنێن.

– هەروەها ئەم بڕگەیەش بەدی دەکەین:

"پاشان کەلوپەلی ئاغا کوژراوەکان دابەش کران و هەندێکیان فرۆشران". بێگومان لەو ئاهەنگەدا ئاغاکانی مەمالیک هیچ کەلوپەلێکیان پێ نەبوو، چونکە بۆ ئاهەنگێکی فەرمی هاتبوون والیی تێدا ئامادە بوو، بۆیە ڕەنگە لێرەدا مەبەستت لە وشەی کەلوپەل ئەو شتە بەنرخانە بن، کە تایبەتە بەهەر یەکیانەوە، وەکو کاتژمێری گرانبەها و زێڕەی ئاڵتوون و پێنووس و پارەی گیرفان و قوتووی جگەرەی نەخشێنراو بەزێڕ و پایپی عاج و هەندێک جلی بەنرخ... هتد.

ئەمەش دەلالەت لەوە دەکا ئەو مەمالیکانەی کوژران دوای کوشتنیان تاڵان کراون، ئەو سیفەتەش بۆی هەیە لە هەر سەردەمێکدا لەگەڵ هەر شەپۆلێکی ڕیشەکێشکردندا بێ و تێیدا هەموو شتەکان لەژێر سایەی یاسا ملهوڕییەکانی ڕیشەکێشکردندا ڕەواییان پێ درابێت.

بەئاماژە بۆ ئەو ڕووداوە تێکستێکی تر لە بەشی یەکەمی کتێبەکەی دکتۆر عەلی وەردیدا (لمحات اجتماعیه) بەدی دەکەین، لە وەسفی ئەو قەسابخانەیەدا دەڵێ:

"بەر لەوەی مەمالیکەکان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان شیرەکانیان هەڵکێشن، هەموویان کوژران، لەنێو کوژراوەکاندا کەسانێکیان تێدا بوون لەوان جیابووبوونەوە و چووبوونە پاڵ عەلی ڕەزا پاشا بەر لە چوونە ناو بەغدایەوە، کەچی ئەمەش دادی نەدان و دوای ئەوە فەرمان بەکوشتنی سەرجەم مەمالیکەکان درا لە هەر کوێیەکدا بن".[٨٣]

لەم دەقەوە بۆمان دەردەکەوێ، ئەو هەڵپەکردنەی کوشتارەکەی تێدا ئەنجام درا بواری بەمەمالیکەکان نەدا بۆ بەرگری کردن لە خۆیان تەنانەت شیرەکانیشیان لە کاڵان ڕاکێشن، بۆیە هەموویان کوژران.

هەروەها ئەم دەقە بەڕوونی ئاماژە بەوە دەدا، کە بڕیارێکی فەرمی بەکوشتنی مەمالیکەکان و لەناوبردنیان لە هەموو شوێنەکان و لە هەر کوێیەک بووبن دەرچووە.

یەکەمین کەس دوای ئەو قەسابخانەیە بەچەند ڕۆژێک فەرمانی لەناودانی ڕیشەکێشکردنی بەسەردا جێبەجێ کرا، سالّح بەگی کوڕی سلێمان پاشای گەورە بوو، کە لەسۆنگەی نەساخییەوە ئامادەی ئاهەنگە خوێناوییەکە نەبوو، ئەوەبوو سەربازەکان دەمودەست چوونە سەری و لەودەمی ئەو سواری ئەسپەکەی بووبوو، بەچەقۆ بەربوونە گیانی و کەوتە سەر زەوی، سەریان بڕی و بەڕووتی تەرمەکەیان لە یەکێک لە گەڕەکەکانی بەغدا جێهێشت.[٨٤]

بەهەر حالّ ئەم قەسابخانەیە چینی فەرمانڕەوای لە عێراقدا لە ڕەگەوە هەڵکێشا، پرۆسەیەکی ڕیشەکێشکردنی تاقەتپڕووکێن بوو هیچی نەهێشتەوە و بۆ یەکجاری مەمالیکی لە مێژوودا دەرکرد.

ڕەنگە لە توانای هیچ یەکێک لە مەمالیکەکاندا نەبووبێت لەو ڕۆژە سەختانەدا لە هیچ شوێنێکی عێراقدا لەژیاندا بمێنێتەوە، مادامەکی دەوڵەت بەخۆی بڕیاری قڕکردن و مردنیانی داوە.

لێرەدا دەبێت هەمووان درک بەمەترسییە گەورەکە بکەین، کە خۆی لە لێشاوی ڕیشەکێشکردنی خوێناویی سیاسیدا دەبینێتەوە، وەکو دەبینین بەشێوەیەکی بەردەوام لە مێژووی عێراقدا دووبارە دەبێتەوە، لەسایەی ئەم جۆرە لە شەپۆلی ڕیشەکێشکردنی پاکتاوی سیاسیدا، خەریکە چارەنووسی تاکەکان لە لایەنگرانی ئەو کۆمەڵەیەی دەبێت ڕیشەکێش بکرێن و لەناو بدرێن وەک یەکیان لێ دێت، جا ئەگەر ئایینی بن، یا تایفی، یان نەتەوەیی، یاخود بڕوا، یا ڕێکخراوەیی، هیچ یەکێکیان ناتوانێت ئەو ڕێگەیە بدۆزێتەوە، کە بەهۆیەوە بتوانێت درێژە بەژیان بدا، یا بەلای کەمەوە ئازار و پەندادان لە خۆی و خێزانەکەی دوور بخاتەوە، چونکە چارەنووسی کەسی شەڕەنگێز و ئاشتیخواز، دوژمنکار و بێ وەی و نەزان لەگەڵ زانا و گەورە لەگەڵ بچووکدا وەک یەکیان لێ دێت، لەبەر ئەوەی فەرمانەکانی ڕیشەکێشکردن کوێرانەن و لە زۆر کاتدا بەزەیی نازانن و جیاوازی ناکەن لەنێوان قوربانییەکاندا، ڕوودەکەنە لێدانی دەستەیەک لە مرۆڤەکان بێ ئەوەی لەسەر وردەکاری و پاساوەکان بوەستن، هیچ شەفاعەت و بەهانەیەکیان نییە و بێ مانایە گەر لە شێوازەکان بگەڕێین بۆ قایلکردنی لایەنی سەرکەوتوو و جلّەوی ڕیشەکێشکردنی لەدەستدا بێ بۆ پێویستیی دانانی دیسپلین بۆ دابڕینی تاکەکان لە یەکتر.

ڕەنگە مایەی خەم بێ کە هەڵمەتی ڕیشەکێشکردنی مەمالیک (کە هەر دەبوو باسمان بکردایا) بەشێکە لە مێژووی بەغدا و مێژووی گەلی عێراق، وەلێ لە گشت حالّەتەکاندا دەستدەدات تا ببێتە وانە و پەند بۆ هەموو عێراقییەکان.

ئەگەر بتوانین بەر بۆ یادەوەری و یادگاری و هزرمان بەرەلاّ بکەین و لەودەمی توێژینەوە دەکەین لە پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی مەمالیک و ئەو شێوە نامەردانەیەی قەسابخانەکەی پێ ئەنجام درا

بێ ئەوەی هیچ یەکێک لە ئامادەبووان لە مەرگی ڕزگار بکەین، هەروەها ئەو قڕکردنە بیر خۆمان بێنینەوە، کە میرەکانی بەنی ئومەییە سالّی ٧٥٠ی زاین لەو دانیشتنە خوێناوییەی ئەبو ئەلعەباسی سەفاح بانگهێشتی کردن، لەوێش کەس نەیتوانی خۆی قوتار بکا، یا ئەگەر ڕیشەکێشکردنی شەش هەزار عێراقی لە ڕۆژێکدا لە لایەنگرانی موختار بیر خۆمان بێنینەوە، لە سەربازگەیەکی نێزیک بەکوفە یەخسیر بوون، دواتر لەودەمی لەبەری دەپارانەوە تا نەیانکوژێت سەرلەبەریانی کوشت، کەسیش نەیتوانی قوتاری بێت، یا ئەگەر ئەوە بیر خۆمان بێنینەوە، کە لە سالّی ١٩٧٢دا بەسەر مەلا مستەفای بارزانیدا هات، لەو دانیشتنەی بەڕێوەبەری هەواڵگریی عێراق بەتەقاندنەوەی بۆمبێک، یەکێک لە میوانەکانی لە زانایانی ئاینی هەڵی گرتبوو ویستی تیرۆری بکا و تێیدا کۆشا سەرلەبەری ئامادەبووانی هۆڵەکە لەناو بدا، ئەگەر قەدەر نەبووایا دەبوو کەس لە مردن ڕزگاری نەبێت.

یا ئەگەر ئەوە بیر خۆمان بێنینەوە، کە بەسەر سەرکردە بەعسییەکاندا هات، لە ئەندامانی کۆنگرەی هەرێمی، کە سەرۆک سەدام حوسێن سالّی ١٩٨٢ی زاین بانگێشتی کردن و تێیدا ڕیشەکێشکردنی ئەو ئەندامە بەعسییانەی گومان لە دڵسۆزییان هەبوو ئەنجام درا و زۆربەیانی نارد بۆ بەرەکانی پێشەوەی شەڕ لەگەڵ ئێراندا، دەڵێین ئەگەر ئەو ڕووداوە یەک لەدوای یەک و ئەوانی ترمان بیر خۆمان هێنانەوە، کە لە ماوەی چەندان سەدەدا لە عێراقدا ڕوویانداوە، ڕەنگە بتوانین بڵێین پەستانی کۆمەڵێک خەڵک و هێنانیان بۆ شوێنێکی دیارکراو و فەرمان دان بەپاسەوان و لایەنگرانیان قایمیان بکەن، یا بیانکوژن، یاخود ڕیسوایان بکەن، ئەوە میتۆدێکی عێراقییە و خەریکە لە مێژوودا پێی دەناسرێینەوە.

"دوای کۆتایی هاتنی کوشتوکوشتارەکە فەرمان دەرچوو دەست بەسەر ماڵ و سامانی مەمالیکەکاندا بگیرێت و ئەستەنبوڵ کەسێکی شارەزای لە کاروباری دارایی و ژمێریاری بەناوی (عارف ئەفەندی دەفتەری) نارد و دووڕووانی سەر بەوالی کەوتنە وێزەی کەسوکاری مەمالیکەکان و خێزان و ئافرەتەکانیان و کەوتنە ئازاردانیان، تاکو دان بەمووڵک و ماڵ و سامانەکانیاندا بنێن و شوێنی گەنجینە شاراوەکانیان ئاشکرا بکەن، تەنانەت ئافرەتەکانیشیان فەلاقە کردن و جەستەیانیان بەشیشی سوورەوە کراو داخ کرد..."

ئا لێرەدا داوا لە خوێنەر دەکەین هەڵوێستەیەک بکات: تاکو چەند پرسیارێکی سەبارەت بەهۆ و پاڵنەر و پاساوەکان لێ بکەین:

ئەم دێرە کەمانەی پێشوو و ئەو دەستەواژە شەرمهێنانەی تێیدان وەسفی ئەوە دەکەن، کە دژ بەکەسوکار و خزمان و خانەوادەی ئەو مەمالیکانەی کوژران و ڕیشەکێشکران کراون، هەروەها وەسفی پەندادان و ڕاوەدوونان و تۆڵەسەندنەوەکان و دەست بەسەر خانوو و سامان و زەویدا گرتن و وەسفی داخکردنی ئافرەتان بەئاسنی سوورەوەبوو و دارکاری و فەلاقەکردنیان...؟

ئایا ئەم دێرانە ئەوەمان بیر ناخەنەوە، کە بەسەر خێزان و خزم و کەسوکاری ئەوانەدا هاتن، کە لەسەر ڕێژیمی پاشایەتی ساڵی ١٩٥٨ی زاین ئەژمار کراون؟

داخۆ ئەمە ئەوەمان بیر ناهێنێتەوە، کە ساڵی ١٩٥٩ی زاین بەدەستی شیوعییەکان بەسەر خێزان و کەسوکاری قەومی و ناسری و بەعسییە عێراقییەکاندا هات؟

ئەی ئەوەمان بیر ناهێنێتەوە، کە ساڵی ١٩٦٣ی زاین بەسەر خێزان و کەسوکاری شیوعییە عێراقییەکاندا هات؟

ئەی ئەوەمان ناخاتەوە بیر، کە بەسەر خێزان و کەسوکاری دەیان هەزار کوردی عێراقیدا بەدەست حکوومەتە دوا بەدوای یەکەکاندا هاتن؟

ئەی ئەوەمان یاد ناخاتەوە، کە ساڵی ١٩٧٧ و دوای ئەوەش لە بەغدا بەتایبەت بەدەستی ڕێژیمی سەدام حوسێن بەسەر خێزان و کەسوکاری ئیسلامییەکان و حزبی دەعوەدا هات؟

ئەی ئەوەمان بیر ناخاتەوە، کە ساڵی ٢٠٠٣ی زاین و دوای ئەوەش ڕووی داوە و تا ئێستاش بەردەوامە بەسەر خێزان و کەسوکاری ئەو بەعسییانەدا دێت، کە لەسەر ڕێژیمی سەدام حوسێن ئەژمار دەکرێن؟

هەڵبەت بەدڵنیاییەوە وەڵامەکەی:

بەڵێ! ئەوانەمان بیر دەخاتەوە... چونکە زنجیرەی ڕیشەکێشکردنی بەکۆمەڵ لە عێراقدا هێشتانەکینێ نمایش و جێبەجێ دەکرێت و لەسەر فرەوانترین ڕووبەر لە ژیانی سیاسیدا پێڕەو دەکرێ، هەر لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە تاکو ڕۆژی ئەمڕۆ، ئایا هیچ یەکێک لە عێراقییەکان لە گشت سەردەمە سیاسییە یەک لەدوای یەکەکاندا قەناعەت دەکا، یا ڕازی دەبێت زنجیرەی ڕیشەکێشکردن لە وڵاتدا بوەستێنرێت، هیچ یەکێکیش قایل نابێت لە ڕیشەکێشکردنی پێشوو ببوورێت، یا خۆشبێت، کە خۆی و لایەنگرانی دەرگیری بوون، بۆ ڕاستی و دادپەروەری پێویستە باسی ئەوە بکەین، کە کوردەکان زۆر بوێرانە و جوامێرانە لێبوردەیی و لێخۆشبوونی خۆیان ڕاگەیاند لەوەی بەسەریاندا هات لە پرۆسەکانی کوشتن و ڕیشەکێشکردن و قڕکردن لە سەردەمەکانی پێشوودا، وێڕای شەهیدبوونی پتر لە سەد و حەفتا هەزار شەهیدی کورد لە ململانێ دژ بەدیکتاتۆری، پێویستە ئەو هەڵوێستە مێژووییە لە لێبوردن و لێخۆشبوون وەکو وانەیەکی کاریگەر بمێنێتەوە، کە دەکرێت لە هەر تووژینەوەیەکی پێوەند بەبابەتی ڕیشەکێشکردن لە مێژووی عێراقدا بهێنرێتەوە.

بەهەر حاڵ کەس ناتوانێت پێشبینیی ئەوە بکا، گەر ڕێبازی تۆڵەسەندنەوە بەردەوام بوو، ئاخۆ تاکەی نمایشی زنجیرەی ڕیشەکێشکردن لە وڵاتی عێراقدا بەردەوامی دەبێت؟[٨٥]

ڕووەو تورکیا کشانەوە، لەوێ هەندێک تیپی گەورەی تورکی هەبوون لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لە ژووروی بەغدا بەئاراستەی خاکی ئێران بڵاوبوونەوە، ئەوەبوو فەرمانیان بۆ دەرچوو

بەکشانەوەی دەمودەست بۆ خۆرئاوای دیجلە، تاکو بتوانن ڕێگە بەرەو تورکیا بگرنە بەر و بەدیل نەگیرێن، ئەگەر لەپشت ئەو هێزە بریتانیانەی لە باکورەوە هاتبوون، بمێننەوە.

٤. ئەو دەڤەرە شاخاوییە بەرینانەی کەوتبوونە ڕۆژهەڵاتی بانە تورکییەکەوە، کە هەندێک بەشی وڵاتی ئەرمەن و دەریاچەی وان و ورمێ هەندێک زەویی ئازربایجانی ئێران و زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و ناوچە سنووریيە تورکی و عێراقی و تورکی و ئێرانییەکان و چەند دەڤەرێکی نێزیک سنووری ڕووسیا دەگرنەوە، کە وێڕای گەلی کورد و تورک و ئێرانی میللەتانی تری وەک ئەرمەن و ئاشووری و کلدان و هی دیکەیشی لێ دەژیان.

لەبەر ئەوە کاتی بەرەو پێش جووڵانی هێزەکانی بریتانیا لە باکوری بەغدا بەئاقاری تورکیا و پێشکەوتنی هێزەکانی ڕووسیا بەرەو ئەرمینیا و ئێران و تورکیا و داگیرکردنی شاری وان، هەموو ئەو ناوچانەی ناومان بردن سەرلەبەریان بوونە ناوچەی پشێوی و وەرچەرخان لە تەرازووی هێزەکاندا.

قۆناخی گۆڕانکاریی مەترسیدار بوون، وەرچەرخانی جیهانیی یەکلاکەرەوەیان لە تەخت و دەسەڵاتدار و سنوور و گەل و نەتەوەکان بەخۆوە بینی.

٥. شتێکی سروشتی بوو لە ئەنجامی شکستە سەربازییەکاندا، کە ئۆردووی تورک لە زۆربەی شوێنەکاندا بەخۆوەی بینی لەگەڵ لاوازیی دەسەڵاتی تورکی، وایکرد هەندێک میللەتی داپڵۆسێنراو و چەوساوە بجووڵێن و داوای مافە نەتەوەیی و مەدەنییەکانی خۆیان بکەن و لە دەسەڵاتی عوسمانی ڕزگار بن، لەو ماوەیەدا ئەمە لەلای کورد و ئەرمەن و ئاشوورییەکاندا ڕووی دا.

٦. شتێکی ئاسایی بوو ئەو وڵاتانەی لەگەڵ عوسمانییەکاندا دەشەڕان هاوسۆزی و پشتگیری و پاڵپشتی بۆ ئەو گەل و نەتەوانە بنوێنن، کە دەستیان بەجووڵان کرد بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی عوسمانی و بەدەستهێنانی هەندێک لە مافە نەتەوەیی و مەدەنییەکانی، بۆیە هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ململانێ سەربازییەکە دەستپێشکەریی کرد بۆ بەسەربازکردن و کۆکردنەوەی ئەوی بتوانێت لە مرۆڤ و میللەتان و پاڵپشتی و هاندانی گەلان و کەمەنەتەوەکان دژ بەعوسمانییەکان لەو دەڤەرانەی شەڕ و پێکدادان و ململانێی سەربازییان بەخۆیانەوە دەبینی.

٧. لە ئەنجامی ئەو دۆخەدا ئەرمەن و ئاشوورییەکان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی ئەنەدۆڵدا بەجووڵە کەوتن، لەوەی دەکرد پاڵپشتی و یارمەتییان لە سوپا بیانییەکانەوە پێ گەیشتبێت، حکوومەتی تورکیاش هێزە سەربازییە زەبەلاحەکانی خۆی بەیارمەتیی ئەو هۆزانەی نەیاری ئاشوورییەکان بوون ئاراستە کردن و بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە لەناوی بردن.

٨. لەپای ئەمەدا و بەهۆی لەبەر یەک هەڵوەشانەوەی لەشکری ڕووس و پاشەکشەکردنی دوای شۆڕشی ڕووسی لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧دا (شۆڕشەکەی لینین)، ئاشوورییەکان ناچار بوون بەرەو خاکی ئێران مل بنێن، لەوێ لە ژووروی ورمێ هێزێکی شەڕکەر لەژێر سەرکردایەتیی ئاغا

پەتروس، کە ناوی (فەرماندەی بالای هێزە ئاشوورییەکان)ی لە خۆی نابوو، لەوێ بوو. تیپی پێنجی تورکی هێرشی کردنە سەر و بەهەموو لایەکدا بلاوەی پێ کردن، دواتر تورکەکان ئاشوورییەکانیان لە سەرلەبەری تورکیا وەدەرنا و هەندێکیان بۆ ئەمەریکا چوون و ٢٠٠٠٠یان چوونە پاڵ سوپای ئینگلیز لە ئێران و عێراقدا و ئەوانی تریش لە نێزیک باقووبە (٥٠کم / رۆژهەلاتی بەغدا) کاری سەربازییان دەکرد.

ئەو ئاشوورییانەی دایانە پاڵ لەشکری ئینگلیز، کە بریتانیا بەناوی سوپای لیڤی پێکی هێنا، توانایەکی گەورەی شەڕکردن و ڕێکوپێکی و پابەندبوونیان بەڕۆحی سەربازییەوە دەرخست، ئەمەش وای لە بریتانییەکان کرد پێیان سەرسام بن و هانی دان لە ئەنجامدانی کارە سەربازییە سەختەکاندا پێیانەوە پێوەست بن، هەروەها بریتانیا ئەوەی ڕەتکردەوە دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی دەریان بکا، وێڕای دەرکردنی زۆربەی ئەو خۆبەخشانەی تر لە سوپای ئینگلیزدا.

٩. هەندێک لە ڕۆژهەلاتناسە ئەورووپییەکان بەئینگلیزەکانیشەوە وای دەبینن، ئاسوورییەکان پاشماوەی ئاشوورییەکانن، ئەوانەی ئیمپراتۆرییەتی ناوداری ئاشووریان لە عێراقدا دامەزراند، کە بەهێز و مەزنی و سەرکەوتنەکانی سوپا بێ شومارەکەی لە هەزارەی دووەم و هەزارەی یەکەمی بەر لە زاین دنیای هەژاند، هەر ئەمەش ئاشوورییەکان خۆیان بەردەوام ڕایدەگەیەنن و جەختی لەسەر دەکەنەوە، کەچی حکوومەتی عێراقی لە سەردەمی شا فەیسەڵی یەکەمدا وای نابینی، بەڵکو بەمیللەتێکی نامۆیان دادەنێ هیچ پێوەندییەکیان بەعێراق و ڕایەڵەی بەهێز لە نیشتمانپەروەرییەوە نییە، ڕاپۆرتێکی بریتانی سەبارەت بەڕەوتی کارگێڕیی ئەوکاتی عێراق وەسفی ئەم جۆرە ڕایە دەکا، دەقاودەق دەڵێ: "عێراقییەکان وای دەبینن، ئەم گەلەگەلێکی نامۆ و خودان ئاینێکی نامۆن و پێوەندیی بەهێزی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی بەعێراقیانەوە نابەستێت، مافی ئەوەیان نییە حکوومەتی عێراق چاودێریی تایبەتیان بکات".[٨٧]

هەڵبەت بەدڵنیاییەوە ئەو ڕاپۆرتە وەسفی هەڵوێستی حکوومەتی عێراق دەکا، دەکرێت ئەو مانا و ڕا نەیارانەی باسمان کردن، کە دژ بەئاشوورییەکانن لەو بەیاننامە فەرمییانەی حکوومەتی عێراق ساڵی ١٩٣٣ دەری کردوون بدۆزینەوە، هەروەها پاشان لەمیانەی تەقینەوەی ملمڵانێی نێوان حکوومەت و ئاسوورییەکانیشدا دەیبینین.

١٠. حوکمی عوسمانی لە عێراقدا نێزیکەی پێنج سەدە (٥٠٠ ساڵ) بەردەوام بوو، بۆیە ئەودەمی حوکمی عوسمانی ساڵی ١٩١٧ ڕووخا، کەس بەوردی سەرجەم سنووری عێراقی نەدەزانی، چونکە سنووڕەکان نەناسراو و دیارنەکراو بوون و لەو کاتەدا لەسەر زۆر شوێن ڕێک نەکەوتبوون، ئەمەش لەدواییدا بووە هۆی سەرهەڵدانی ژمارەیەک کێشە و گرفتی سنووری لەنێوان عێراق و وڵاتانی دراوسێدا و دەرکەوتنی ناکۆکی لە دیارکردنی چارەنووس و مۆڵکداری هەندێک ناوچە، لەوانە کێشەی موسڵ و دێرلزور و دەریای عەرەب و زێنلقەوس و دیزفول و کوێت و هی تریش، کە پێویستی بەواژۆکردنی نێودەوڵەتی دەکرد بۆ بڕیاردانی سنووری عێراق لە پتر لە

شوێنێکدا... بەپشت بەستن بەو دۆخە خراپ و نادیارە لەلایەنی نێودەوڵەتی و جوگرافییەوە، کە بەدوای دەرکردنی هێزەکانی تورک لە عێراقدا هات، بریتانیا وای بەباش زانی لە باکورەوە بەرەو بانتر، واتا بۆ لای تورکیا سنووری عێراق هەڵگرێت (درێژی بکاتەوە) بۆ هێنانە ناوەی گەورەترین ڕووبەری پێکهاتوو لە چیا و گوندەکان، کە ئاشوورییەکانیان تێدا نیشتەجێ بوون، وێڕای ئەو دەڤەرە ئاشوورییانەی لە عێراقدان و هەوڵی خستنەپاڵی ڕووبەرێلێکی بەتاڵ لە باکوری دهۆک و ئامێدی و چیاکانی باکور بۆ نیشتەجێ کردنی ئاشوورییە پەرتەوازەکان، ئەوانەی ئێران زێدیان نەبوو، حکوومەتی بریتانیا ڕوونکردنەوەیەکی لەم بارەیەوە دەرکرد،(٨٨) بەڵام لەو ڕوونکردنەوەیەدا مەرجی دانا، کە حکوومەتی عێراق بەڵێن بەجێبەجێ کردنی ئەمانەی خوارەوە بدات:

١- حکوومەتی عێراقی ئەو زەوییە بەتاڵانەی لە سەرەوە باسکراون بێ بەرابەر و بەمەرجی گونجاو بەسەر ئاشوورییەکانیدا تاپۆ بکا.

٢- حکوومەتی عێراقی دوای ئەوەی ئاشوورییەکان بەم شێوەیە نیشتەجێ دەکا لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوەخۆی خۆیاندا ئازادییەکی زۆریان بداتێ، ئەگەر ئەو ناوچانە لە حکوومەتی تورکی سەنرانەوە. حکوومەتی عێراقیش لەسەر ئەو دوو مەرجە ڕازی بوو.

١١. بریتانیا نەیتوانی ئەو زەوی و ناوچانەی بیری لێ کردنەوە بیانخاتە سەر عێراق بۆ نیشتەجێ کردنی ئاشوورییەکان دابین بکا، بۆیە پرۆژەی نیشتەجێ کردنی ئاشوورییەکان ئاستەنگی تێ کەوت، بەتایبەتی کە حکوومەتی عێراق بەگشتی بەجۆش نەبوو بۆ بابەتی ئاشوورییەکان، بگرە گومانی لە متمانەیان، یا دڵسۆزییان بۆ عێراق هەبوو، بەدوور نازانرێت حکوومەتی ئەوکاتی عێراق هەستی بەهەوڵی بریتانییەکان کردبێت، کە پاڵپشتی و پشتگیریی ئاشوورییەکان بکەن بەتایبەت لە کەشێکی پڕ لە جۆشوخرۆشی نیشتمانیی هەڵکشاو لای عێراقییەکان دژ بەئینگلیز لەو کاتەدا. هەرچی بێ توانایی بریتانییەکان بوو لەوکاتەدا لە دانەپاڵی ئەو دەڤەر و زەوییانە بۆ سەر عێراق دوای پێدانی وادە و بەڵێن، کارێکی مایەی گومان بوو.

ئەگەر ئەم هەڵوێستی پاشەکشەکردنە بخەینە سەر هەڵوێستەکانی تری دوایی، کە بەڕوونی خۆ دانەدواوەی بریتانییەکان دەرکەوت لە پشتگیریی ئاشوورییەکان، وەک تەرخانکردنی فرۆکەیەک بۆ گواستنەوەی مارشەمعون بۆ قوبرس دوای لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە لەبری پێ وتنی بەحکوومەتی عێراق واز لەم ڕەفتارە بهێنێ دژ بەڕابەرێکی ناوداری ئاشووری، هەروەها ڕەزامەندیی بریتانیا لە کۆمەڵەی گەلان لەسەر بڕیاری حکوومەتی عێراق بەدەرکردنی ئاشوورییەکان لە عێراقدا...

دەڵێین ئەگەر ئەم هەڵوێستانەشمان خستنە سەر، ئەوا دەگەینە ئەو باوەڕەی شتێک لەناو بریتانیا ڕووبدابێت بەشێوەیەک گەرموگوڕیی ئینگلیزی لە بەرابەر پشتگیریکردنی ئاشوورییەکان و هاوسۆزی کردنیان کەم کردەوە، ناتوانین بێ توێژینەوەیەکی جێ باوەڕ پێشبینیی

وردەکارییەکانی بکەین، لێ ئەوی زانراوە جوولەکە و ئیسرائیلییەکان ڕقیان لە ئاشوورییەکانە و یادگاریی خراپی دوژمنکارانەیان لەگەڵدا هەن، ئەمەش بەلای کەمەوە بەپێی دەقەکانی تەورات...

١٢. لە یەکی تشرینی یەکەمی ١٩٢٤دا ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بڕیاری دا، ئەنجوومەن بەخۆی سنووری نێوان تورکیا و عێراق دەستنیشان بکا و بەوپێیەی ئەو ناوچە جێ ناکۆکە سەر بەدەوڵەتێکی ئیسلامی دەبێ، بڕیارەکە داوای کرد بەپێویستیی گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانە بۆ ڕازیکردنی ویستی کەمینەکان، نەخوازەڵا کریستیان و جوولەکە و یەزیدییەکان، هەرچی ئاشوورییەکانیش بوون بڕیارەکە داوای کرد "هەندێک لە ئۆتۆنۆمییان بدرێتێ و دان بەمافەکانیاندا بنرێت لە دامەزراندنی فەرمانبەرانیان و بەباجدان لە ڕێگەی پەتریرکەکانیانەوە وازیان لێ بهێنرێت".

١٣. دوای واژۆکردنی پەیماننامەی عێراقی ئینگلیزی – تورکی لە پێنجی حوزەیرانی ١٩٢٦دا، تورکەکان لێبوردنێکی گشتییان لە تورکیا دەرکرد، بەڵام ئاشوورییەکانیان لەو لێخۆشبوونە هەڵاوارد و بەحکوومەتی عێراقیان ڕاگەیاند بەپێویستی دوورخستنەوەی ئاشوورییەکان لە سنوورەکانی نێزیک بەتورکیا، پاشان ئاشوورییەکانی لای خۆیانیان دەرکرد و لەسەر حکوومەتی عێراق و ئینگلیز بوو پێکەوە بیر لەوە بکەنەوە بەسەر شارۆچکەکاندا دابەشیان بکەن و لەو شوێنە چۆڵانەی سەر بەدەوڵەتی عێراق بوون نیشتەجێ کران.

١٤. لەو تێکست و نامە و بڕیارانەی لەو ڕۆژانەوە بەدەستمان گەیشتوون وا تێدەگەین عێراق و تورکیا و ئینگلتەرە خەریک مابوون لە چۆنێتیی دۆزینەوەی شوێنێک بۆ نیشتەجێ کردنی ئاشوورییەکان و دەیانویست ڕووبەڕێکی بەتاڵ لەنێو شاخ و شارۆچکە و گوندەکاندا بۆ دابەشکردن و نیشتەجێ کردنیان بدۆزنەوە...!

بەڕاستی گاڵتەجاڕیی قەدەرە ئاشوورییەکان لە عێراقدا شوێنێک نەبێت تێیدا نیشتەجێ بن، لەکاتێکدا نەوەی ئەو ئیمپراتۆریا مەزنەن، کە چەندان سەدە حوکمی سەرلەبەری خۆرهەڵاتی کرد و خاوەنی بوو، هەر لە میسرەوە بیگرە تا دەریای قەزوین.

ئاخر چۆن دەشتاییەکانی نەینەوا و بانە فرەوانەکانی جێگەی نەوەی ئاشوورییەکانیان تێدا نەبێتەوە، ئەوانەی بەر لە پتر لە سێ هەزار ساڵ لە سەرکەوتنە سەربازییە دەنگدەرەوەکانیاندا ناوی مەزنی نەینەوایان بۆ ولاتانی ئەوپەڕی دنیا و گەلانی سەرزەوی هەڵگرت، داخۆ دەچێتە ئەقڵەوە نەوەکانی سەنحاریب و ئەسرحدۆن و ئاشوور پانیپاڵ جێگەیەکیان لە عێراقدا بەرنەکەوێت تێیدا بژین؟ ئینجا ڕیشەکێش بکرێن و بۆ ولاتانی ئەوپەڕی دنیا وەدەرنرێن؟

ئەوە قین و ڕەگەزپەرستی و حەزی ڕیشەکێشکردن و دەسەڵاتخوازیی بیروباوەڕ و ڕق لێبوونەوەیە، کە لەناخدا جێگیر بووە... چونکە هیچ ولاتێک نییە خەڵکەکەی لەخۆ نەگرێت (بەڵکو ئەوە ئاکاری پیاوەکانە تەنگ دەبێتەوە).[٨٩]

ڕەنگە ئەوی زۆر ئازارمان بدات ئەوەبێت، تاقە ڕایەکمان بەدی نەکرد، یەکێک لە وەزیران، یا بەرپرسانی ئەو حکوومەتە ساڵی ١٩٣٣ بانگهێشتی لێبوردەیی و پێویستیی ڕێزلێنان لە ئاشوورییەکان و ڕێزگرتنیان و پاڵپەستۆ نەخستنە سەریان، یا بێزارنەکردنیانی کردبێت، بەو پێیەی بەر لەوەی ئاینە مەزنەکان بەدەرکەوتبن ئەوان دانیشتووانی ڕەسەنی وڵاتەکە بوونە... بەڵکو بەپێچەوانەوە خوێندنەوەی ئەو نامە زۆرانەی لەنێوان سەرۆک وەزیرانی عێراق و شا فەیسەڵی یەکەمدا نووسراون، کە بۆ چارەسەری و داواکردنی چەند جارەی لە وەزارەت بەپاڵپەستۆ نەخستنە سەر ئاشوورییەکان و نەگرتنی سەرکردەکانیان سەردانی ئەوروپای دەکرد، چاوخشاندن بەو نامانەدا کە نیگەرانییان پێوە دیارن، تووڕەیی و قێزکردنەوە لە هەڵوێستی وەزارەت و وەزیران سەبارەت بەم بابەتە دەوروووژێنێت.

ئەو زمان و دەستەواژە و شێوازانەی بەرپرسان لە حکوومەتدا لە دۆزی ئاشوورییەکاندا بەکاریان دەهێنان، مایەی ڕیسوایی و وروووژاندن و ڕق لێبوونەوەیان لێ دەتکا و ئەمڕۆ کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکا، ئەو نامە و ڕایە تونداندە بوونە بەشێک لە مێژووی عێراق و بەڵگەنامە فەرمییەکانی، ئەوی دایڕشتن و نووسینی پاشان دەرکەوت کابرایەکی نازیخواز و هیتلەری باوەڕ بوو، بووە پەناهەندە لە ئەڵمانیا و لە کاتی ڕووخانی نازیزمدا پەنای بۆ سعوودیە برد.

کارەکان ئاڵۆز دەبوون و وای لێهات حکوومەتی عێراق قسە و دەستەواژەی دڵڕەقانەی دژ بەئاشوورییەکان بەکار دەهێنا و وەسفی ڕووداوەکان لایەنگرانەتر بوون و زمانی دنەدان ڕوونتر بوو.

١٥. ئەو کارەی قەیرانەکەی لەنێوان حکوومەتی عێراق / حکوومەتی یەکەمی گەیلانی و ئاشوورییەکان قوواڵتر کردەوە، ئەو خۆپارێزییەی ئاشوورییەکان بوو لە بەئەندامبوونی عێراق لە کۆمەڵەی گەلانی ئەو کاتەدا، لەمیانەی بەڵگەنامەکانەوە وادیار دەدات ئاشوورییەکان حەزیان لە قبووڵکردنی عێراق نەبوو لە ئەندامێتیی کۆمەڵەی گەلاندا، وێڕای ئەوەی بریتانیا بەر لەوەی ئەو وادە و بەڵێنانەی پێی دابوون و عێراق لەسەریان ڕازی بوو جێبەجێ بکا، بەخۆی عێراقی کاندید کرد بۆ ئەندامبوون لە کۆمەڵەی گەلاندا، ئەو بەڵێنانەی پێوەستبوون بەنیشتەجێکردن و دانی خودموختاری و لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی تایبەتی نەتەوەییان، بۆیە ئەوانیش ناڕەزاییان بۆ نوێنەرانی حکوومەتی بریتانی نووسی، بەتایبەت دوای بڵاوکردنەوەی بڕگەکانی پەیماننامەکە لەنێوان بریتانیا و عێراقدا، کە هیچ گوزارشێکی تێدا نەبوو ئاماژە بەمافی کەمینەکان، یا پاراستنیان بکا، هەروەها پرۆسەکانی نیشتەجێکردن کە بەڵێنیان لەسەر دا، بەهەڵپەسێرراوی مانەوە و شتێکی جدیی وا ڕووی نەدا شایانی باسکردن بێ.

١٦. وەزارەتی ناوەخۆی عێراق ئەوکات داوای لە مارشەمعونی سەرکردەی ڕۆحیی تایفەی ئاشووری کرد، بەبەهانەی باسکردنی بابەتی نیشتەجێ کردنی ئاشووریەکان بێتە بەغدا، کە پێشتر قسەی زۆری لەسەر کرابوو، لەکاتی گەیشتنی بۆ بەغدا وەزیری ناوەخۆ نووسراوێکی

دوورودرێژی پێ دا، کە بەناوی حکوومەتەوە دەرچووبوو، پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک ئاگەدارکردنەوە و فەرمان، گرینگترینیان:

حکوومەت وەکو سەرکردەی ڕۆحیی تایفەی ئاشوورییەکان دانی پێدا بنێ و لە بەرابەردا دان بەهیچ دەسەڵاتێکی زەمەنیی ئەودا نەنێت (لەوەی دەکرد چەندان سەدە بێ سەرکردەی ئاینی لای ئاشوورییەکان دەسەڵاتی ڕۆحی و زەمەنی پێکەوە کۆکردبێتنەوە)، هەروەها پێ وتنەکە تێیدا هاتبوو، حکوومەت لە سەرچاوەی دارایی دەگەڕێت بۆ بەڕێز مارشەمعون و نایەوێت ئەو دەرماڵە مانگانەیەی پێی دەدات ببڕێت، هەروەها نووسراوەکە ئاماژەی بەوەش کردبوو، کە بەپێی هەندێک لە ڕاپۆرتەکان هەڵوێستی مارشەمعون ئەرێنی و یاریدەدەر نییە، داوای لێ کرا واژۆ لەسەر ئەوە بکا، کە هیچ کارێک ئەنجام نەدات ببێتە هۆی ئەوەی کاری حکوومەت و نوێنەری کۆمەڵەی گەلان قورس بکا، هەروەها بەڵێن بدات ببێتە یەکێک لە پیاوانی دڵسۆزی خاوەنشکۆ و دانەیەک لەو بەڵێننامە نووسراوەی درایە دەست، کە دەبوو واژۆی بکا...

لەبەر گرینگیی ئەم پێ وتنە دەمارگیرئامێزەی دواتر پاشخانی مەترسیداری هەبوو وەکو دەیبینین و دەقی تەواوی ئەو پێ ڕاگەیاندنە دەخەینە بەرچاوی خوێنەر:

"من مارشەمعون، نووسراوی ژمارە ١١٠٤ی ڕۆژی ٢٨ی مایسی ١٩٣٣ی شکۆمەندتانم بینی، لەسەر هەموو ئەوانەی تێیدا هاتوون ڕازیم و لێرەدا بەڵێن دەدەم، هیچ کارێک ئەنجام نەدەم ببێتە مایەی ئاستەنگ خستنە بەردەمی کارەکەی مێجەر تۆمسن و حکوومەتی عێراق و ئەوەیشی پێوەندیی بەپرۆژەی نیشتەجێکردنەکەوە هەیە، بەهەموو شێوەیەک و بەردەوام ببمە یەکێک لە ڕەعیەتە دڵسۆزەکانی خاوەنشکۆی مەزن".[٩٠] لە گشت حاڵەتەکاندا مەزەندەی ئەوە نەدەکرا لە ڕابەرێکی ئاینیی ساسییەوە، کە بگەڕێتەوە سەر ئاشوور پانیپاڵ، لەم جۆرە بەڵێننامە پڕ لە ڕیسواییە واژۆ بکا.

هەر بەکردەنیش وابوو، مارشەمعون ئەو بەڵێننامەیەی ڕەتکردەوە و بەنامەیەکی درێژ وەڵامی وەزیری ناوەخۆی دایەوە و تێیدا هەموو شتێکی بەزمانێکی زۆر چاک باسکردبوو و هەڵوێستی خۆی و گەلی ئاشووری و پەتریارکی ڕوونکردەوە، زۆرێک لە ڕاستگۆیی و ئاشکرابێژی و ڕۆحی شانازی کردنی لەخۆ گرتبوو، لە برگەکانی کۆتایی نامەکەیدا بۆ وەزیری ناوەخۆ ئەمەی نووسیبوو "بەپێی ئەو دۆخەی هاتووەتە پێشێ، زۆر داوای لێبوردن دەکەم گەر بڵێم، ئەستەمە بۆ من بەفەرمانی ئێوە بکەم لە واژۆکردنی ئەو بەڵێنە نووسراوەی بەڕێزتان بۆتان پڕ کردبوومەوە..."."[٩١]

لە ئەنجامی ئەو وەڵامەدا حکوومەت ڕێی لە مارشەمعون گرت بەغدا جێبهێڵێت و هێشتنەوەی بەزۆریان بەسەردا سەپاند، تا ئەودەمی بەڵێننامەکە واژۆ دەکا.

١٧. لە هەمان ڕۆژدا وەزارەتی ناوەخۆ بڕیاری دەرکرد ڕێ نەدانی بۆ مارشەمعون لە دەرچوون لە پایەتەخت و سەپاندنی نیشتەجێ کردنی بەسەریدا لە بەغدا دەرکرد، شا فەیسەڵی یەکەم بۆ

ئەوروپا سەفەری کرد، لەکاتی گەیشتنیشی بۆ ئەوروپا ڕووبەڕووی هەرای ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن بووەوە، کە دژ بەدەستبەسەرداگرتنی مارشەمعون و قەدەخەکردنی جێهێشتنی بەغدا بوون، ئەوەبوو زنجیرەیەک نامە و بروسکەی ئاڵوگۆڕکراو لەنێوان شا و سەرۆک وەزیراندا (ڕەشید عالی گەیلانی) دەستی پێکرد، کە نامەئاڵێکی فرە و وەڕسکەرن تێیاندا (تاڕادەیەک هەموو نامەکان) شا داوای وەستاندنی تەنگەتاوکردنی مارشەمعون و ئازادکردنی دەکرد، لەگەڵ گرتنەبەری ڕێگەی ئەقڵ و دانایی لە چارەسەرکردنی دۆزی ئاشوورییەکاندا، لێرەدا بواری باسکردنیمان نییە، وەلێ بەرجەستەترین شت لەو نامانەدا هەبن، چەواشەکردنی حکوومەت و ڕەتکردنەوەی ڕاستگۆیانەی بوو بۆ گوێگرتن لە فەرمانەکانی شا و ڕێنماییەکانی و مکوڕ بوون لەسەر ئاڵۆزکردنی هەڵوێستەکە و ئەو ڕێوشوێنانەی دژ بەئاشوورییەکان و ڕەتکردنەوەی بەردانی مارشەمعون گرتراونەتە بەر.

حکوومەتی عێراق لەو هەڵسوکەوتە تووندانەی بەردەوام بوو و داخوازییەکانی شا فەیسەڵی سەفەرکردوو بۆ ئەوروپای نەهێنانە دی، بەئارامکردنەوەی دۆخەکە لەگەڵ ئاشوورییەکاندا، ئەوەبوو گرفت و پشێوی و ڕووبەڕووبوونەوە و کۆبوونەوە و هەڕەشە ڕوویان دا، کە لێرەدا باسکردنیان درێژە دەکێشێت، بەراییەکانی هەڵگەڕانەوە و شۆڕش و یاخیبوون لە فەرمانەکان بەدەرکەوتن، هەروەها هەواڵ و زمانی چەک و پێکدادان لە ناوچە ئاشووری نشینەکان دەستیان پێ کرد.

لێرەدا بەکورتی و سەرپێ دووبی دیارترین لەو ڕووداوە خوێناوی و خەمهێنەرانە دەخەینە بەرچاو، کە لەو گۆڕانکارییە هەڵکشاوانەدا ڕوویان دا:

أ- کوشتارەکەی گوندی سمێڵ:

لەمیانەی ڕەوتی پرۆسە سەربازییەکاندا، کە سوپا گرتیە خۆی بۆ لەناودانی جووڵەی ئاشوورییەکان و ناڕەزایەتییەکانیان، ڕووداوێکی خوێناویی دڵتەزێن لە گوندی سمێڵدا قەوما، ئەو هەواڵانەی قەسابخانەکەیان گێڕایەوە بەیەک ناکۆک بوون، ڕاپۆرتەکانی حکوومەت لەسەر زاری حیکمەت سلێمانی وەزیری ناوەخۆ، کە لە موسڵ بوو، دەکۆشان لە بایەخی ڕووداوەکە کەم بکەنەوە و ئەوە بخەنە مێشکی خەڵکەکەوە، کە سوپا لەم ڕووداوەدا بەشدار نەبووە، چونکە لەوێ نەبوو و شەڕەکە لەنێوان ئاشوورییەکان و ئەو خەڵکەدا بووە، کە لەوێ ئاپۆرەیان بەستبوو و لە هەڵسوکەوتی ئاشوورییەکان قەڵس بوون، ئەمە قسەی حکوومەت بوو، وێڕای ئەمەش ژمارەی ئەو کوژراوانەی ڕاپۆرتەکەی وەزیری ناوەخۆ باسی کردبوو ٣٠٥ کوژراو لە ئاشوورییەکان بوو، ڕاپۆرتی ژمارە ٤٧٠ی ڕێکەوتی ١٩٣٣/٨/١٤ی پۆلیسی سمێڵیش جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە پێکدادانەکە بووە هۆی کوژرانی ٢٥ لە خەڵکەکە و ٣٠٥ کەسیش لە یاخیبووەکان "وەکو ڕاپۆرتەکەی پۆلیس ناوی بردن، هەروەها هێزی پۆلیسخانەکە بەیارمەتیی سوپا[٩٢] خەڵکەکەی لە گوندەکە وەدەرنا، لەکاتێکدا وەزیری ناوەخۆ باسی ئەوەی کرد، کە سوپا خۆی تێ

هەڵنەقورتاندووە، چونکە لەوێ نەبوو. هەروەها بەیاننامەکەی وەزیری ناوەخۆ ئاماژەی بەوە کرد (خەڵکەکە دوای پێکدادانەکە دەستیان بەتاڵان و بڕۆ کرد)".[٩٣]

لەمیانەی ئەو ئاماژانەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی، کە گوندی سمێڵ بەر قەسابخانەیەکی خوێناوی کەوتووە و ئینجا تاڵان و بڕۆی ماڵەکانی بەدوادا هاتووە.

ب- قەسابخانەکەی کوشتنی دیلە ئاشوورییەکان:

ڕۆژنامە ئەوروپییەکان سوپای عێراقیان بەکوشتنی دیلە ئاشوورییەکان تاوانبار کرد، کە دوای پێکدادانە سەربازییەکان دەستگیر کران، ژمارەی کوژراوەکان بەچوار هەزار دەخەملێنرێن، لەکاتێکدا حکوومەت وای دانا ژمارەیان لە هەزار کەس تێپەڕ ناکات، هەرچی زیانەکانی سوپان، سێ ئەفسەر و ٢٤ سەرباز بوون.

ئەو زانیارییانەی لە ڕاپۆرتەکەی وەزیری ناوەخۆ هاتوون ئەودەمی لە موسڵ بوو، شڵەژان و ناکۆکییان پێوە دیاربوون، هەروەها لە دێڕەکانیدا ناڕۆشنییەک بەدی دەکرا، با تەماشای ئەم دەقە بکەین "هەندێک لە مەفرەزەکانی سوپا گەڕانەوە بۆ شوێنی جیا جیا، وەکو عادل نەجمەدینی ئەفسەر، کە بۆ لێپرسینەوە هەندێک ئاشوورییلەگەڵدا بوون، لەبەر ئەوەی گەڕانەوەیان بۆ سەربازگەکە ڕێکەوتی ١٢ی ئاب بوو، واتا لە ماوەی شەست سەعاتدا، کە حکوومەت بۆ یاخیبووانی ڕاگەیاندبوو، ئیدی سوپا پاساوێکی نەبینی بۆ مانەوەی ئەم یاخییانە، یا درێژەدان بەقسەکردن لەگەڵیاندا، بۆ ئەوەی لە ڕاستگۆیی حکوومەت نەترسێن، هەموویان بەردران و لای سوپا هیچ یەکێکیان نەمایەوە، هەرچی بزرکردنیانەتاکو ڕۆژی ئەمڕۆ بەڵگەی ئەوە نییە وەکو دەڵێن بەدەست سوپا کوژرابن".[٩٤]

لەمیانەی ئەم تێکستەوە وادیار دەدات دیلەکان ونبوون و کەسیان بەدەر نەکەوتن، ئەی چۆن دەکرێت بەم ئاسانیە پاساو بۆ ئەوە بهێنرێتەوە؟ ئەو دەقە گومان و دوودڵی و ناڕۆشنی دروست دەکا.

ج- پەڕینەوەی سەدان شەڕاوەری ئاشووری بۆ سوریا:

لە ڕێکەوتی ٢١ی تەموزی ١٩٣٣دا نێزیکەی ١٣٥٠ ئاشووری سنووری عێراقیان بەرەو سوریا بڕی، حکوومەتی عێراقیش مارشەمعونی تۆمەتبار کرد بەوەی ئەو ئەم فەرمانەی پێ داون و قایلی کردوون بەوەی دەسەڵاتی فڕەنسی لە سوریا دەیانژیێنێت... دوای گفتوگۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری دا ڕێگە بەهیچ یەکێک لەوانە نەدرێت بگەڕێنەوە عێراق.

ئیدی شەڕە تەقە لەنێوان چەکدارە ئاشوورییەکان و هێزەکانی سوپادا، کە لەنێزیک ڕووباری دیجلە بوون لەکاتی پەڕینەوەیاندا ڕووی دا، هەندێکیان گەڕانەوە و یەکەکانی سوپاش بەدوایانەوە بوون...!

د- ڕەگەزنامەی عێراقی سەندنەوە لە مارشەمعون:

دوای زیادبوونی ڕووداوە خوێناوییەکان حکوومەتی عێراق بڕیاری دا ڕەگەزنامەی عێراقیبوون لە مارشەمعون و پێنج کەسی تر لەنێویاندا باوکی، بسەنرێتەوە. هەروەها وەزیری ناوەخۆش بڕیاری دا لە عێراقیان وەدەربنێت، ئەو ناوبراوانە لە خانەی کۆمەڵەی لاوانی کرستیان لە بابلشەرجی لە بەغدا دادەنیشتن، لەکاتی گواستنەوەیاندا لەو خانەیە شەڕەتەقە لەنێوان پۆلیس و دوو ئاشووریدا ڕووی دا.

هێزەکانی ئاسمانیی بریتانی فڕۆکەیەکیان ئامادەکرد بۆ گواستنەوەی مارشەمعون و پێنج لایەنگرەکەی بۆ دەرەوەی وڵات، ئەوەبوو لە ١٨ی ئابی ١٩٣٣دا فڕۆکەکە بۆ قوبرسی گواستنەوە.

هـ- پێنج بەیاننامەی حکوومی:

لەگەڵ دەسپێکردنی پرۆسە سەربازییەکانی سوپا دژ بەئاشووریییەکان لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٣دا بەڕێوەچوو، پێنج بەیاننامەی حکوومی دەرچوون، باسی ڕەوتی ڕووداوەکانیان دەکرد و بارکرابوون بەهەڕەشە و هێرش کردنە سەر ئاشووریییەکان و بەچەتە و یاخی و تێکدەر ناویان دەبردن، هەروەها سەرکەوتنەکانی سوپا دژ بەو هەژار و داماوانەی گوند و شارە کلۆڵەکان، دەستەواژەی دوژمنکاریی خۆبەزلزانیشی لەخۆ گرتبوو، وەک (تەمێکردنی چەتە یاخییەکان) و (تا ئەو یاخیبووانە گوێڕایەڵ بن) و (چەتە ئاشووریییەکان)... هتد.

ئەوی دەقی ئەو بەیاننامانە بخوێنێتەوە، بۆی دەردەکەوێت حەزی خۆبەزلزانی و ئارەزووی ڕیشەکێشکردنیان تێدا بەدی دەکرێ، بۆ ئەوەی وێنەیەکی بێزیک و ورد سەبارەت بەسروشتی ئەو بەیاننامانەی ساڵی ١٩٣٣ دەرچوون بەخوێنەر بدرێت، لەگەڵ زمان و شێوازی گوتارەکە، بڕگەیەک لە بەیاننامەی چوارەم دەگوازینەوە:

"بۆ چەتە ئاشووریییەکان، حکوومەت ڕایدەگەیەنێت:

١. حکوومەت ٦٠ سەعات مۆڵەتتان دەداتێ، لە سەعات ١٢.٠٠ی دوای نێوەڕۆی شەممەوە ڕێکەوتی ١١ی مانگی ئابی ئێستا(٩٥)، تاکو لەم ماوەیەدا پەنا بهێنن، بەمەرجی ڕادەستکردنی چەکەکانتان بەنێزیکترین بنکەی حکوومی، یاخود سەربازگە، یانیش پۆلیس.

٢. پێهەستانەکانی هێزە تەمێکەرەکانی دەوڵەت لەماوەی ئەو ٦٠ سەعاتەی باسکران لە دژتان دەوەستێن.

٣. ئەگەر ماوەکە بەسەرچوو و گوێڕایەڵی و ملکەچیی خۆتان ڕانەگەیاند و چەکەکانتان ڕادەستی دەسەڵاتداران (کە لە برگەی یەکدا هاتوون) نەکرد، ئەوا هێزەکانی دەوڵەت دەست بەڕاوەدوونانەوەتان دەکا و تووندترین پەندتان دەداتێ.

٤. ئەم هەلە بەنرخە لەدەست مەدەن و گوێ لە ئامۆژگارییەکان بگرن، تا پەنجەی پەشیمانی نەگەزن".

بەناوی حکوومەتی عێراقەوە

ج. موتەسەڕیفی لیوای موسڵ

دەمانەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو بڕگە پڕ لە سووکایەتی و بەرزخوازییانە ڕابکێشین، کە لەم کۆپلە کورتەدا هاتووە، وەک:

(تاکو لەم ماوەیەدا پەنا بهێنن) وشەی ساخکردنەوە ئەوەیە کەسێک بەوی تر بڵێت من پەنات بۆ دێنم، واتا لەژێر بەزەیی و چاودێریتم.

هەروەها دەستەواژەی (گوێڕایەڵی و ملکەچیی خۆتان ڕانەگەیاند). هەروەها دەستەواژەی (ڕاوەدوونانەوەتان) و دەستەواژەی (توندترین پەندتان دەداتێ).

ئەو بەیاننامانەی ساڵی ١٩٣٣ دژ بەئاشوورییەکان دەرچوون دەڵێی کتومت ئەو بەیاننامانەن، کە حکوومەتی عێراق دوای سی ساڵ، واتا ساڵی ١٩٦٣ دژ بەکوردەکان دەری کردن و بەهەمان شێوە وەسفیان دەکا.

بەم ئاوایە ساڵان تێدەپەڕن و ڕۆژان دوابەدوای یەکتر دێن و حکوومەتەکان و ناوی بەرپرسان لە عێراقدا دەگۆڕێن، بەڵام میتۆدی ڕیشەکێشکردن و دەسەڵاتخوازیی بیروباوەڕ و بەرزخوازی و دڵڕەقی بەجێگیری دەمێننەوە، لەکاتێکدا ئەم میتۆدە لە وڵاتی عێراقدا دەبێت بگۆڕێ و نەمێنێ و بسڕدرێتەوە.

و- بڕیاری دەرکردنی ئاشوورییەکان لە عێراقدا:

لە کۆتاییی ئەو تراجیدیایەی چەواشەکردن و زەبر لێدان و حەزی ڕیشەکێشکردن و دەسەڵاتخوازیی باوەڕمەندی و هەژموونی ئاینی و ڕەگەزپەرستیی دەمارگیری بەدوای خۆیدا هێنان، کە حکوومەتی عێراق لەو ڕۆژانەدا جێبەجێی کرد، هەروەها دوای ئەوەی شار و دێهات و ناوچە ئاشوورییەکان خەڵتانی خوێن کران و پاش کوشتنی هەزاران ئاسووری (کە لە بنەڕەتدا ئاشوورییە سامییە ڕەسەنەکانی دانیشتووی عێراقن) و دوای ئەوەی جیهان بەپڕوپاگەندەی خراپ دژ بەعێراق هەژا، حکوومەتی عێراق سەبارەت بەدۆزی ئاشوورییەکان شاندێکی فەرمی بۆ دانوستاندن لەگەڵ کۆمەڵەی گەلاندا نارد، شاندەکە بەسەرۆکایەتیی یاسین ئەلهاشمی (وەزیری دارایی ئەوکات) و ئەندامێتیی هەر یەک لە نوری سەعید (وەزیری دەرەوە) و یەکێک لە ئەفسەرەکان وەکو پاشکۆی سەربازی. شاندە حکوومییەکە ڕا و بڕیاری ڕیشەکێشکردنی ئابڕووبەرانەی شەرمهێن و پێشتر نەکراویان دەرهەق بەگەلی ئاشووری لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتبوو، بەبڕوای ئێمە ئەم شاندە زەبرێکی کوشندەی ئاراستەی چارەنووسی ئاشوورییەکان لە عێراقدا کرد و بەواقع و

هەولێری کتێب

یاسا ڕیشەکێشکردنەکەیانی ئەنجام دا.

داوای لێبوردن لە خۆێنەران دەکەین، چونکە ناچار دەبین بۆ ئەوەی شتەکانی ئەم بابەتە ئاڵۆزە ڕوون بن، دەبێت هەندێک تێکستی درێژ لەو نووسینانە وەرگرین، کە لەو ڕۆژانەدا نووسراون، بەڵکو یارمەتییەکمان بدەن لە گواستنەوەی وێنەی هەڵوێستەکە، با سەرنجی ئەم دەقە بدەین "شاندە ناوبراوەکە لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٣٣دا بۆ جنێڤ چوو و لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٣دا بۆ بەغدا گەڕایەوە، بۆچوونی حکوومەتی عێراق، کە شاندەکە بۆ کۆمەڵەی گەلانی خستە ڕوو، ئەوەبوو کە ڕەوتخوازەکان[٩٦] دەبنە دوو بەشەوە:

ئەوانەی لەسەر دڵسۆزی بۆ دەسەڵات و ڕێزگرتن لە یاساکانی مانەوە، ئەوانە لە عێراقدا دەمێننەوە و وەکو عێراقی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، هەمان ماف و ئەرکیان وەک ئەوانی دی لەسەرە، هەرچی ئەوانەن وێڕای باشیی بەردەوامی دەوڵەت بۆیان، خراپەیان بۆ دەوڵەت هەبووە، دەبێت بۆ خۆیان پەنایەک لە دەرەوەی عێراق بدۆزنەوە، شاندەکە ئەوەشی خستە سەر، کە حکوومەتی عێراق هێندەی داراییەکەی ڕێگە بدا، ئامادەیە یارمەتیی ڕەوانەکردنی بەشی دووەم بدات".[٩٧]

ئەمەش مانای ئەوەیە، ئاشووری بۆ ئەوەی عێراقی بێت، لەسەریەتی دڵسۆزی حکوومەت بێت، لێ ئەگەر ڕووبەڕووی وەستایەوە ئەوا عێراقی نییە..!! بۆیە دەبێت شوێنێک بۆ خۆی لە دەرەوەی عێراق بدۆزێتەوە.

بۆنی گەنیوی ڕیشەکێشکردن لەم ڕووداوە مێژوویییەی پێوەندە بەچارەنووسی گەلێکی دێرینی وەک گەلی ئاشووریی سامی، لووت دەکزێنێتەوە.

بۆ تەواوکردنی ئەو هەڵوێستە شەرمهێنەی شاندە عێراقییەکە لە کۆمەڵەی گەلاندا سەبارەت بەگەلی ئاشووری خستیە ڕوو، کۆمەڵەی گەلان ملکەچی ڕای حکوومەتی عێراقی بوو، لێرەدا هەزار نیشانەی پرسیار لەسەر ئەم هەڵوێستە دادەنێین و داوا لە مێژوونووس و بیریارە عێراقییەکان دەکەین لە شتە شاراوە و هۆیەکانی بگەڕێن.

لەبری ڕەتکردنەوە، یا ناڕەزای دەربڕین لە بەرابەر ئەو ڕایە ڕەگەزپەرستییەی حکوومەتی عێراق پێشکێشی کرد، بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ دابینی نیشتەجێکردنی ئەو ئاشوورییانەی بەرەو دەرەوەی عێراق ئاوارە دەبن، درا.

با تەماشای ئەم دەقە بکەین "کۆمەڵە لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٣دا بڕیاری دا لیژنەیەک لە نوێنەرانی ئینگلتەرە و فرەنسا و ئیتاڵیا و دانیمارک و مەکسیک پێک بهێنرێت بۆ دابینی نیشتەجێکردنی ئەوانەی بەرەو دەرەوەی عێراق دەڕۆن، لە سەرەتادا بڕیار درا لە بەڕازیل نیشتەجێ بکرێن، کەچی هێندەی نەبرد حکوومەتی بەڕازیل لە قبوڵکردنیان داوای لێبوردنی کرد، پاشان حکوومەتەکان بەرودوا عوزریان هێنایەوە..."[٩٨]

هەولێر پایتەختی کتێب

بەتەواوی ئەو هۆیانە نازانین، کە وای لە ولاتە ڕۆژئاواییەکانی کۆمەڵەی گەلان کرد پشتگیری و هانی ئەو بڕیارە دیکتاتۆرییە شۆفێنییە بدەن بەڕاگواستنی ئاشوورییەکان لە عێراقدا، ئەو بڕیارەی مانای ڕیشەکێشکردنیان لە عێراقدا دەگەیەنێت.

ئەو گومان و نیشانەی پرسیارانەی دەور و خولی ئەم بابەتە دەدەن (وەکو دەبینین) ناکرێت بەچەند دێڕێک و بەپەلە و ڕاگوزەر ڕوومالّ بکەین، کە لە تۆێژینەوەکەماندا سەبارەت بەڕیشەکێشکردن لە عێراقدا هاتووە، بەڵکو پێویستی بەتۆێژینەوەیەکی سەربەخۆ و لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی جێباوەڕە، هەروەها بەپشکنین لەنێوان دێڕەکاندا بۆ هەڵگرتنەوەی کاریگەری و دەستێوەردانی ئاینی و سیاسی لەم بابەتەدا.

ئا لێرەدا دەڵێین: نەوەکانی ئەو ئاشوورییانەی ساڵی ٧٣٣ی پ.ز ئابڵووقەی ئەلسامرەی پایەتەختی ئیسرائیلیان دا و داگیریان کرد و لە عێراقدا دەرکران و لە دۆڵی دوو ڕووباردا بەبڕیارێکی شۆفێنی، کە حکوومەتی عێراق ساڵی ١٩٣٣دەری کرد، ڕیشەکێشکران.[٩٩]

ئەمڕۆش دوای ڕووخانی دیکتاتۆرییەت و دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسیی پەرلەمانی، پێویستە کۆمەڵێک بڕیار وەربگیرێن و هەنگاوی جدی بنرێن بۆ گەڕاندنەوەی دادپەروەری و قەرەبووکردنەوەی ئەم گەلە دێرینە، یەکەمین هەنگاویش (بەبڕوای ئێمە) پێکهێنانی لیژنەیەکی ستراتیجیی گەورە و فرەوانە سیاسەتمەدار و کارگێڕی و مێژوونووس و بیرمەندان لەخۆ بگرێت بۆ دووبارە لێکۆڵینەوە لەوەی پێویستە بگیرێتەبەر بۆ ڕێزلێنان لە گەلی مەزنی ئاشووری لە عێراقدا...

هەولێر

پەراوێزەکان:

٤١. د. ابراهيم أيوب، التأريخ العباسي السياسي والحضاري، ص٦٣، الشركة العالمية للكتاب، بيروت – لبنان.

٤٢. سەرچاوەی پێشوو، ل, ٦٠

٤٣. مروج الذهب، مسعودي، ص٢٤٥، دار احياو التراث العربي، بيروت – لبنان.

٤٤. تأريخ الطبري، ج٧، ص١٩٠، منشورات مؤسسة الاعلمي للمطبوعات، بيروت – لبنان.

٤٥. ابن كثير، البداية والنهاية، ج١٠، ص٢٠٦، دار احياء التراث العربي، بيروت – لبنان.

٤٦. الطبري، ج٧، ص٢٤٠، منشورات دار الاعلمي للمطبوعات، بيروت – لبنان.

٤٧. الطبري، ج٧، ص٢٤١، منشورات دار الاعلمي للمطبوعات، بيروت – لبنان.

٤٨. د. فيليب حتي، تأريخ العرب، ص٣٦١، دار غندور للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان.

٤٩. البداية والنهاية، ابن كثير، ج١٠، ص٢٠٨، دار احياء التراث العربي، بيروت – لبنان.

٥٠. البداية والنهاية، ابن كثير، ج١٠، ص٢٠٤، دار احياء التراث العربي، بيروت – لبنان.

٥١. هەمان سەرچاوە، ل,٢٠٦

٥٢. ئەم نیوەدێرە لە چامەی (نهج البردة)ی ئەحمەد شەوقییەوە وەرگیراوە.

٥٣. ئەم چەند دێڕانەمان بەکوردی و دەستکارییەوە لە نامەی خەلیفە مەئمونەوە بۆ جێگرەکەی لەسەر بەغدا (ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم ئەلخوزاعی) گواستووەتەوە، کە تێیدا داوای ئەوەی لێ دەکا خەڵکەکە لە دۆزی خەلقی قورئاندا تاقی بکاتەوە، ئەمە بەدرێژی لە کتێبی (تأريخ الخلفاء)ی سیوتیدا هاتووە، ل٣٠٨.

٥٤. ابن كثير، البداية والنهاية، ج١، ص٢٩٩، دار احياء التراث العربي.

٥٥. د. ابراهيم ايوب، التأريخ العباسي السياسي والحضاري، ص٩١.

٥٦. هەندێک وردەکاری هەن لەسەر ئەو گفتوگۆ پڕ لە هەڵچوونە، کە لەنێوان واسیق و ئەحمەد بن نەسر خوزاعیدا بەر لە لەداردانی ڕووی دا، لە (الطبري، ج٨، ص١٢٠، دار الاعلمی) و (الكامل في التأريخ، ج٥، ص٥٠٧) و (البداية والنهاية، ابن كثير، دار احياء التراث العربي، ج١٠، ص٣٣٥)دا هاتوون.

٥٧. الكامل في التأريخ، ابن اثير، ج٥، ص٥١٠، دار المعرفة، بيروت – لبنان.

٥٨. الكامل في التأريخ، ابن كثير، ج٥، ص٥١٠، دار المعرفة، بيروت – لبنان.

٥٩. وشەکە بەکوردی نووسراوەتەوە (وەرگێڕ). بڕۆ: وشەیەکی کوردییە و بەمانای، لێرە مەمێنە. (نووسەر).

٦٠. لە فەرهەنگی La Rousse لاڕووسی فەرەنسیدا هاتووە، مانای وشەی Tzigane ناوی قەرەجەکانی ئەورووپایە.

٦١. باقر ياسين، تأريخ العنف الدموي في العراق، ص٢٠١، دار الكنوز الادبية، بيروت.

٦٢. د. علي الوردي، لمحات اجتماعية من تأريخ العراق الحديث، ج١، ص٤٣، دار كوفان للنشر، لندن.

٦٣. هەمان سەرچاوە، ل٤٥

٦٤. هەمان سەرچاوە، ل٤٥

٦٥. هەمان سەرچاوە، ل٤٥–٤٦.

٦٦. ستيفن لونكريك، اربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ص٧٨، ترجمة: جعفر الخياط، مطبعة اوطان، بغداد.

٦٧. د. علي الوردي، لمحات أجتماعية من تأريخ العراق الحديث، ج١، ص٧٠، دار كوفان للنشر، لندن.

٦٨. ستيفن لونكريك، اربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ص٧٨

٦٩. هەمان سەرچاوە، ل٧٨

٧٠. د. فيليب حتي، تأريخ العرب، ص٨٣٤، دار غندور للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.

٧١. د. علي الوردي، لمحات أجتماعية من تأريخ العراق الحديث، ج١، ص٨٢، دار كوفان للنشر، لندن.

٧٢. هەمان سەرچاوە، ل٨٢

٧٣. ستيفن لونكريك، اربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ص٩٨.

٧٤. د. علي الوردي، لمحات أجتماعية من تأريخ العراق الحديث، ج١، ص٨٤، دار كوفان، لندن.

٧٥. هەمان سەرچاوە، ل٨٤

٧٦. د. علي الوردي، لمحات أجتماعية من تأريخ العراق الحديث، ج١، ص٢١٣، دار كوفان للنشر، لندن.

هەولێر نامەی کتێب

٧٧. د. علي الوردي، لمحات أجتماعية من تأريخ العراق الحديث، ج١، ص٢١٢، دار كوفان، لندن.

٧٨. د. علي الوردي، لمحات أجتماعية من تأريخ العراق الحديث، ج١، ص٢١٢، دار كوفان، لندن.

٧٩. د. علی الوردی، له کتێبەکەی یاسین ئەلعومەرییەوە گواستراوەتەوە (غرائب الاثر في حوادث ربع القرن الثلث عشر)، الموصل، ١٩٤٠.

٨٠. د. علی الوردی، ج١، ص٢١٤، له یاسین ئەلعومەرییەوە.

٨١. وردەکاریی هەژێنتر سەبارەت بەم ڕووداوە لە کتێبەکەی ستیڤن لۆنگریک (أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث) ل٣١٧دا دەبینرێن، خوێنەر دەتوانێت گەر بیەوێت بگەڕێتەوە سەری.

٨٢. ستيفن لونكريك، أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ص٣٣٠، منشورات مكتبة اليقظة العربية، بغداد.

٨٣. د. علي الوردي، لمحات أجتماعية من تأريخ العراق الحديث، ج١، ص٢٨١، دار كوفان، لندن.

٨٤. هەمان سەرچاوە، ل.٢٨١

٨٥. کتێبەکەمان (تأريخ العنف الدموي في العراق)، ص٢٤٤، دار الكنوز العربية.

٨٧. عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، ج٣، ص١٤٤، مطبعة العرفان بصيدا، سوريا، ١٩٣٩.

٨٨. دەقی ڕوونکردنەوەکە لە بەشی سێیەمی کتێبی (تأريخ الوزارات العراقية، عبدالرزاق الحسني، ص١٤٦–١٤٧، مطبعة العرفان، صيدا، سوريا، ١٩٣٩)دا هاتووە.

٨٩. ئەم دەقە دێڕی دووەمی هۆنراوەیەکی ناودارێ (عەمرۆ بن ئەلئەهتەم ئەلتمێمی)یە، ئەمەش دێڕەکەیە:

هەرگیز وڵات لە بەرابەر خەڵکەکەیدا بەرتەسک نەبووەتەوە

بەڵکو ئەوە ئاکاری پیاوەکانە تەنگەتاو دەبێتەوە

٩٠. عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات، ج٣، ص١٥٥، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٣٩.

٩١. هەمان سەرچاوە، ل.١٥٦

٩٢. هەمان سەرچاوە، ل.١٧٨

٩٣. هەمان سەرچاوە، ل.١٧٧

٩٤. هەمان سەرچاوە، ل.١٧٨

٩٥. بێگومان مەبەست ساڵی ١٩٣٣یە.

٩٦. دەبینین زاراوەی ڕەوتخوازەکان زۆر لەلایەن حکوومەتی عێراقییەوە لە نووسراوەکانیاندا لەبری ئاشووریەکان بەکار دەهێنرا، ڕەنگە ئەمەش لەبەر کەمکردنەوەی قەبارەیان بێت، چونکە ڕەوتخوازەکان بەشێک بوون لە میللەتی ئاشووری، نەک هەموو ئاشوورییەکان.

٩٧. عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، ج٣، ص١٨٠، مطبعة عرفان، صيدا ١٩٣٩.

٩٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.١٨٠

٩٩. زانیارییەکان دەڵێن، پتر لە دووسەد هەزار ئاشووری لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا باوکانیان ڕیشەکێش کراون و لە عێراقدا دەرکراون.

# مێژوویەکی ئافرەتان

ئەحمەد میراودەلی

## بەشی دووەم

ڕاستکردنەوە: لە ژمارەی پێشووی واتەدا، ئەڵقەی یەکەمی ئەم بابەتە بڵاو بووەوە. بەڵام بەداخەوە بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە ناوی نووسەر مامۆستا (ئەحمەد میراودەلی) لە شوێنی خۆی کەوتبوو و ناوێکی تر لە زنجیرەی سەرچاوەکان پەڕیبووە جێی. داوای لێبووردن لە خوێنەران و مامۆستا ئەحمەد دەکەین.

سەرنووسیار

### بابەمەشێ

وەرچەرخانی کۆمەڵگە لە ماتریسێنتریییەوە Matricentry بۆ پاتریلینیالیێتی Patrilineality، نەک هەر مافی خاوەنێتیی خاک و منداڵی لە ئافرەتان سەندەوە، بەڵکو ئاستی سۆشیالیی "ستاتوس status"ی نێو کۆمەڵگەشی لێیان زەوت کرد.[1]

مارکس لەو بارەیەوەدەڵێ (هەرەسهێنان بەدایک سالاری، بەزینێکی مێژووییی جیهانی بوو بۆ ڕەگەزی مێینە. لەماڵەوەشدا پیاو جڵەوی سەرکردایەتیی گرتەدەست، ئافرەتان نابوود و ریسوا و بندەست کران، بوون بەکۆیلەی ئارەزووی پیاو و کران بەئامرازێکی سادە بۆ دروستکردنی منداڵان..)[2]

(ئەز: ئەو گوتەیەی مارکسم لەوەرگێڕاوی کتێبەکەی "ئینگڵس"ەوە وەرگرتووە کە لە

سەرچاوەکاندا ئاماژەم پێ داوە. هیوادارم وەرگێڕ لەبەکارهێنانی زاراوەکاندا بەهەڵەدا نەچووبێ، لەبەر ئەوەی لە دەقە ئینگلیزییەکەی کتێبەکەی ئینگلسدا زاراوەی "ماتریسێنتری یان ماتریسێنترالٚ" بەکار هاتووە و، ئەو دوو زاراوەیەش دایکسالاری نابەخشن، هەر وەک چۆن پاتریلینیالیێتیش[٣]، باوکسالاری ناگەیەنێ، لە هێچ سەرچاوەیەکیشدا، هەرنەبێ هەتا ئێستا، زاراوەی ماتریارکی کەبەرامبەری پاتریارکییە، نەکەوتووەتە بەر چاوم، بۆیەشە من زاراوەی دایکسالاری بەکارناهێنم و بەراستیشی نازانم. جا ئەگەر مارکس و ئینگلس لە شوێنی دیکەدا زاراوەی دایکسالارییان بەکار هێنابێ، ئەوا بێ گومان بۆچوونەکەیان دژی زۆربەی زۆری لێکۆڵەرانی دیکەیە کە، بڕوایان نییە دایکسالاری هیچ کاتێک لەئارادا بووبێ... نووسەر.)

مەبەستم لەئاست "جێگە و بەپێوە وەستانە لە کۆمالٚگەدا". کەسی جێگەدار، لەش و کار و مافەکانیشی لە کۆمەڵگەدا ڕێزیان لێ دەگیرێ، کەسانی خاوەن ئاست نرخێندراون و لەناو ئەوانەی وەک خۆیان "ئاستدار"دا سەربەرزن و مەترسیی چەوسانەوە و ناهاوتاییان لەسەر نییە. لە هەموو بوارێکی ژیانیشدا وەک هەر کەسێکی دیکەی ئەو کۆمەڵگەیە دەرگەکانیان بۆ کراوەتەوە، بەم پێیەش لە هەموو ئەرک و مافێکدا هاوتای ئەوانەی وەک خۆیانن. کەسانی بێ جێگە لە کۆمەڵگەدا، ئەوانەن کە بەخێو دەکرێن و، گوایە بێ بەرهەمن، لەبەرئەوەش لە کۆمەڵگەدا هێچ مافێکیان نییە. وەلێ لە ڕاستیدا زۆرینەی ئەوانەی گوایە بەخێو دەکرێن، بەتایبەتیش ئافرەتان، زۆر زیاتر لە بەناو، بەخێوکەرەکانیان "پیاوان" کار دەکەن.

وەرچەرخان لە مێ ناوەندییەوە "female centrality" بۆ پاتریلینیالیێتی – بەواتای داشکاندن بەلای باوکدا و دواتریش بۆ پیاوسالاری "پاتریارکی" لەپێش هاتنەکایەی نووسینەوە سەری هەڵداوە، لەبەر ئەوەش ڕیشە و سەرەتای سەرهەڵدانی ئاشکرا نییە. بەڵام مامەڵەکردنی ئافرەتان و وەڵامدانەوەی داواکارییەکانیان لەلایەن پیاوانەوە لە بەدەستهێنانی هێندێک ئازادیدا، لەم سەردەمەشدا، پێشنیاز دەکا کە، پیاوسالاری لە ئەنجامی ناحەزیی پیاوانەوە بۆ ژنان سەری هەڵدابێ و بەسەریاندا سەپێنرابێ. بێگومان ناحەزییەکان لە هێندێ بواردان و بەبڕوای من، ریالیستییانە بیر ناکەینەوە ئەگەر بیخەینە هەموو بوارەکانی ژیانەوە.

ڕووخاندنی ماتریسێنتری، یەکەم و گرینگترین جەنگ بووە، پیاوان دژ بەئافرەتان بەرپایان کردووە و هەتا ئێستاش بەردەوامە. لەبەر ئەوەی باوکایێتیی منداڵ (بەواتا جینیۆلۆجییەکەی) هەتا سەردەمی تێکنۆلۆجیای تازە نەتوانراوە بسەلمێنرێ و لەلایەکی دیکەشەوە لەبەر ئەوەی زوەتکردنی مافێکی سروشتیی ئافرەتانی تێدایە، دەبێ لە ئەنجامی زۆرداریەوە بووبێ. وەلێ بەباشی بۆمان ڕوون نییە، کەی و بۆچی پیاوان ئەو گۆڕانکارییەیان ویستووە و سەپاندوویانە و بۆچیش ئافرەتان قبوولیان کردووە؟ زۆربەی بۆچوونەکان لەو بارەیەوە هەتا کۆتاییی سەتەی ڕابوردووش لە رملهەڵدان زیاتر نین و هێندێک بۆچوونیش ئەنجامی لێکۆڵینەوەی سەر کۆمەڵگە ئافریکاییەکانن

لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە لە سەردەمی داکیرکردنیاندا. لەو سەردەمەدا هێشتان زۆر لە کۆمەڵگەکانی ئافریکا ماتریلینیالی و ئیندۆگەمی بوون[٤]، پیاوان تەنیا لە ڕێگەی ڕفاندن و کۆیلەکردنەوە توانیویانە ئافرەتان لەتیرەیەکی تر‌ەوە بخەنە ناو تیرەکەی خۆیان. بەواتەیەکی دیکە هەتا ئەو سەردەمەش لە ئافریکادا، ژنهێنان هەر لە ناوەخۆی تیرەدا باو بووە، وەلێ بۆ ژن ڕفاندن لە ئارادا بووە، پرسیارێکە ڕەنگە لە بەدواداچوونی مێژووی ئافرەتاندا وەڵامی بەدەست بهێنین. خۆشبەختانە لە کۆتایی سەتەی ڕابوردووەوە ژمارەیەک لێکۆڵینەوەی نوێ و زانستییانەی باش لەسەر هۆکاری ژێردەستەبوونی مێینەوە کراون و هۆکارگەلێکی نوێیان خستووەتە بەردەست کە لە پاژێکی دیکەدا لەسەری دەدوێین.

بەدرێژایی ٩٩٪ی مێژووی ژیانی هۆمیناید و مرۆڤ، کۆمەڵگەکان بەشێوەیەکی ئیگالیتاری/ هاوتایی – هاوسەنگی ماتریسێنتری بوون. وەلێ لە شوێنی جیاواز و کاتی جیاوازیشدا، پیاوان ڕامیاری سۆلیداریێتی "سیاسەتی پشتگیریی یەکدی"یان پیادە کردووە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵ لە دەستی ئافرەتان دەربێنن و بەزۆرەملێ پێچ بەماتریلینیالیێتی وماتریلۆکالیێتی[٥] و ئیندۆگەمی بکەنەوە بۆ پاتریلینیالیێتی و پاتریلۆکالیێتی و ئێکسۆگەمی.[٦]

بۆ گەیشتن بە پلە و پایە لە کات وشوێنی جیاوازیشدا پیاوان هەوڵی یەکگرتنیان داوە، هەوڵێکی بێ پایان تا ئەو ئاستەی گەیشتوونەتە خۆڕێکخستن بۆ ئەوەی بایەخی خۆیان لەناو گرووپەکەدا بسەلمێنن و کۆمەڵگەی پیاوی گەورە و ناودار بهێننە کایەوە کە، دەشێ وەک پزدانی دەوڵەت لە فۆرمە/ کلێشە سۆشیۆپۆلیتیکە پاتریارکییەکەیدا بناسرێ. کاتێک مێکانیزمی پاتریلینیالیێتی پاتریلۆکالیێتی و ئێکسۆگەمی جێگیر بوون، ئافرەتان دەرەتانیان نەماوە و تووشی پیاوسالاری هاتوون و هەتا ئێستاش نەیانتوانیوە لێی دەربازبن. لێرەدا دەبێ سیستمی پاتریارکی و پاتریلینیالی لێک جیابکەینەوە.

لە سیستمی پاتریلینیالیدا باوک، کرۆک "سێنتەری" خێزانە، وەلێ ناشێ وەک بەرامبەری ماتریلینیالیش سەیری بکەین، هۆی سەرەکیش ئەوەیەکە، یەکەمیان سەپێنراوە و دووەمیان بەشێوەیەکی سروشتی دایکان لە ئەنجامی پەرەردەکردنی منداڵەکانیانەوە بەدەستیان هێناوە. بەڵام دەشێ بەدڵنیاییەوە بڵێین پاتریلینیالی یەکەم هەنگاو بووە بەرەو پاتریارکی/ باوکسالاری، لەبەر ئەوەی پاتریلینیالی، تەنیا بریتی نەبووە لە گۆڕانی ناوی منداڵ لەسەر ناوی دایکەوە بۆ سەر ناوی باوک، بەڵکو تێیدا بەکارهێنانی خاکیش لە ئافرەت زەوت کراوە.

دەبێ بزانین کە، پاتریارکی: ئەو سیستمەیە دەسەڵات و یاسا بەئیلیتێکی تایبەتی پیاوان لە سەروو هەموو مرۆڤەکانی دیکەوە بە ژن و پیاویشەوە دەبەخشێ و پشتگیریی لێ دەکا، لە هەمان کاتیشدا دەسەڵات و ئەرک و مافی پیاوان لە هەموو چینەکاندا، تەنانەت بەسەر ئافرەتانی چینەکەی خۆیشیدا زاڵ دەکا.

یاسا، له زۆر حاڵدا شتێکی قێزەونە ئەگەر لە ناخماندا بیچەسپێنین، لەبەر ئەوەی هەست بەتاوان دەکەین کاتێک هەڵسوکەوتێکمان، لەلایەن یاساوە بەدەرچوون یا ناڕێک پێناسە دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆمان لەو بڕوایەدا نیین کە ناڕێک بێ.

پاتریارکی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە دامودەزگەی دەوڵەتی، ئاینی، یاسا، ڕۆشنبیری، ئابووری و نەریت و کولتووریش، تێیدا وا دارێژراون لە سەرووی ژیانی کەسایەتییەوە بن، هەمیشە بەردەوام بن و دەسەڵات لە پیاوێکەوە بداتە پیاوێکی دیکە. هەموو دەزگەکانی پاتریارکی، یاسا و نەریتیان ئەوەیە کە، پیاوان بااڵدەستتر و سوودمەندتر بکەن و بەشداریی ئافرەتانیش سنووردار بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو کەس "ئافرەتان" خۆیشیان دەزانن لە کۆمەڵگەی پاتریارکیدا، یاسا و نەریتەکان ناڕەوا و ناسروشتین، وەلێ لادان لێیان بەتاوان دەزانرێ.

## سەرەتای سەرهەڵدانی پیاوسالاری

لە کۆمەڵگەی ماتریلینیالیدا ئافرەتان پایەیەکی بەرزیان هەبووە لەبەر ئەوەی منداڵیان بەرهەم هێناوە، خۆراکی کۆمەڵگەکەیان دابین کردووە و، مافی "یوسوفرۆکت usufruct" بەواتای مافی بەکارهێنانی زەوییان هەبووە کە تەنیا لە ڕێگەی مێیینەوە بۆ مییەکی دیکە داکەوتووە.

وەرچەرخان بۆ پاتریلینیالیێتی مافی بەکارهێنانی زەوی و خاوەنێتی منداڵی لە ئافرەتان زەوت کردوە، وەلێ کاری نەکردووەتە سەر ئامادەکاریی ئافرەتان لە ئەرکی بەخێوکردنی منداڵدا. جا لەبەرئەوەی دوای زەوتکردنی ئەو مافانەشیان، ئافرەتان هەر بەردەوام بوون لە ئەرکی منداڵ بەخێوکردندا، پیاوان وایان لێکداوەتەوە کە ئافرەت لە شێوە بایۆلۆجیاکەیدا وا هەڵکەوتووە وەچەکانی بەخێو بکا، لەبەر ئەوەش پاداشت پێدانیان پێویست نییە. بەاڵم تاقیکردنەوەکان دەریانخستووە کە دایکایێتی هەستێکی زکماک و سروشتی نییە، بەڵکو ئەنجامی فێربوونە. ئەو ئاژەاڵنەی دایکایێتییان نەکراوە ناتوانن دایکایێتی بکەن. ئێمەی مرۆڤیش چ ژن چ پیاو لەبەر ئەوەی دایکایێتیمان کراوە، فێری دایکایێتی بووین. وەک دەزانین ئاگەداریی پارچە خاکێک یا بەخێوکردنی ئاژەڵێک لەلایەن مرۆڤێکەوە خۆشەویستی دەخاتەوە، جا چجای بەخێوکردنی منداڵێک، وەلێ کۆمەڵگە پیاوسالارییەکەمان لە منداڵییەوە ئەو فێربوونە "بەخێوکردنی منداڵ" لە بیر نێرینەکان دەباتەوە. بۆ نموونە ئەگەر کوڕێک لە ماڵەوە بەدیار دایک و خوشکیەوە بوەستێ و سەرنجیان بدا چۆن نان دەکەن و چێشت لێدەنێن، لە ناو کوردەواریدا، ناو و ناتۆرەی سەرژنانیی لێ دەنێن، ئەمەش بەڵگەیە لەنێو زۆر بەڵگەی دیکەدا کە ژنبوون لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا ئەگەر سووکی نەبێ، ئاستێکی نزمە.

پیاوان یان نازانن یان نایانەوێ بزانن کە بەخێوکردنی منداڵ، لە لایەن ئافرەتانەوە وەک ئاژەڵە

شـیـردەرەکـان هـەسـتـێکی زکـمـاک و سـروشـتی نـیـیـە، بەڵکو کـارێکی خـۆبەخـتکەرانە و ئارەزوومەندانەیە.

دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر، زۆربەی سکۆڵاری سەردەم، کێشەی خاوەنێتیی ئەو بوونەوەرەی کە پێی دەڵێین منداڵ، بەسـەرچاوەی لێکترازانی نێوان سـێکسی نێر و مـێی دەزانن و گـوایە ئەو کێشـەیەیە کە بووەتە هۆکاری هەنگاونان بەرەو بااڵدەستیی پیاوان و یەکەمین کرداری زۆرەملێیە بەرەو پاتریارکی. ئەگـەر منداڵ وەک سـەرمـایەیەک سـەیر بکەین- کـە بە بڕوای مـن وا نـیـیـە، ئەوا لەڕووی خاوەندارێتییەوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەم بۆچوونە لەگەڵ تیۆریی کۆمیۆنیزمدا دژ نـیـیـە، وەلێ بەبێ گـومـان دەلاقـەیەکی گـەورەش لە نێـوانـیـاندا هـەیە، لەبەر ئەوەی ئـەم دیاردەیە - خاوەندارێتیی منداڵ، پێش سـەردەمی شـوانکارەیی و کۆمـەڵبوونـی سـەرمـایە سـەری هـەڵداوە کە کۆمیۆنیزم، هۆی سەرهەڵدانی پیاوسالاری و هـەروەها جۆری گواستنەوەی سامان "میراتگری"ی بۆ دەگێڕێتـەوە، خـۆ منداڵ وەک سـامـانێک دوای مـردنی بـاوکی بۆ کـەس نامـێنێتـەوە. بەواتەیەکی دیکە، گۆڕانی باری ئابووری کە بەپێی فیلۆسۆفیای کۆمیونیزم هۆکاری پیاوسـالاریـیە، سـەڵێنەر نییە و بەشێک سکۆلار ناتوانایی پیاوان لە زان، هـەروەها حـەسوودی بردن بـە ئافرەتان لە توانای نوێکردنەوەی کۆمەڵگەدا، بەهـۆی توانای سکسپڕبوون و زانەوە وەک یەک لە هۆکارە سـەرەکییەکانی پیاوسـالاری سـەیر دەکـەن. لێرەدا جـێگەی خـۆیەتی ئەو راسـتییـە بخـەینە بەر چاو کە، بۆ سـەتان هـەزار سـاڵ، ئەو کـاتانەی پیـاوان لە بـەرهـەمـهـێنانی منداڵدا ڕۆڵی خـۆیان لا نادیار بووە، هـیـچ گـرفـتـێکیـان نەبووە لەوەی ئـافرەت خـاوەنی منداڵ بـێ، وەلێ دواتر، دوای ئـەوەی ڕۆڵی خـۆیان لە بەرهـەمـهـێنانی منداڵدا زانی، سـۆلیداریێتیی پیاوانیان ناهێنا و پاتریلینیالیێتی سـەری هـەڵدا و دواتریش هاوسـەری گـۆڕا بۆ شـێوەی پاتریلۆکاڵی و لەوێوە وردەوردە کۆمـەڵگە بەرەو پیاوسـالاری ملی پێوەنا.

## سۆلیداریێتیی پیاوان

یەکـەمین جـوواڵنـەوەی سـیـاسـی، وەک هـەر هاریکاری/ سـۆلیـداریێـتـیـێکی دیکە، لە ئەنجـامـی پێـویسـتـی، هـەسـتکردن بەلاوازی و چەوسـانـەوە سـەری هـەڵداوە. سـایکۆلۆجـیـسـتـەکـان ئەو بۆچوونەیان لەبەرچاوە و بە هـەندیشی دەگرن، بۆیـەشـە لەو بڕوایـەدان کە، پیـاوان زۆر لەدێرەوە و هـەتا ئێستـاش بە هۆی ئێرەبـەرییانـەوە/ بەخیلییـانـەوە لە توانای ئافرەتان بـۆ نوێکردنـەوەی ژیان "توانای سکسپڕبوون و زان" لەئێش و ئازاردان.

مـێـژوو، هـەتـا مـاوەیەکی کـەمـیش پێش دروسـتـبـوونی دەوڵـەت ئامـاژەی بەکـۆمـەککاری یان هاوکارێێکی ئەوتۆی نێوان ئافرەتان نەکـردوە، ئەگـەر سـۆلیداریێـتـیـێکیشـیـان هـەبووبـێ تەنیا لە کـاتێکدا بووە کـە هـێـزێکـی دەرەکی هـەڕەشـەی لە کـۆمـەڵگەکـەیان کـردووە، هـیـچ کـات ئافـرەتان

هاریکاریی یەکدییان دژی توخمی نێرینە نەکردووە. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە، لە سەردەمی دابینکردنی ژیانەوە لەسەر چنینەوەی میوە و ڕووەک و وردە ڕاو و شکار، ئافرەتانی کۆمەڵگە بۆ داپۆشینی پانتاییەکی ڕەهاتر بڵاوەیان کردووە، لەکاتی ئامادەکردنی خۆراکیشدا ئەگەر لە نێزیک یەکیشەوە بووبن ئەوا هەر سەربەخۆ کاریان کردووە. لەبەر ئەوەی پیاو ڕۆڵی لە پەروەردەی منداڵدا نەبووە. دیارە ئەگەر ئافرەتان سووکەیاریدەیەکی یەکدیشیان دابێ ئەوا هەر بەتەنیا منداڵەکانیان پەروەردە کردووە. کێژانیش پێش ئەوەی منداڵیان ببێ، وەک کوڕان پێوەندیی سەرەکییان لەگەڵ دایکیاندا بووە و دواتریش لەگەڵ منداڵەکانیان. وا دیارە بۆ سەردەمێکی دوور و درێژی مێژوو، ئافرەتان تەنیا لە توانای بوونی منداڵ و ویستی هەڵگرتنی بەرپرسیاریی پەروەردەکردنیان نێوکۆڕییان هەبووبێ. بێ گومان توانای بوونی منداڵ ڕۆڵێکە سروشت بەخشیوێتی پێیان، جا ئەگەر بەختەوەری بێ یان بەدبەختی!

لەو سەردەمەوە کە مرۆڤ دەستی داوەتە ڕاوکردنی ئاژەڵی درێندە و گەورە، پیاوان هەستیان بەوە کردووە ڕۆڵێکی دیار و تایبەتیان هەیە، لەو سەردەمەدا لە هەموو کۆمەڵگە ڕاوکەرەکاندا پیاوان ڕاوکەرەسەرەکییەکان بوون. زۆرینەی ئەنترۆپۆڵۆجیستەکان "بەتایبەتی پیاوەکانیان" لەو بڕوایەدان کە، لەبەر ئەوەی ئافرەتان زۆر وەخت سکپر بوون یان سەرقاڵی پەروەردەی منداڵ بوون و لە ڕاوکردنیشدا مەترسییەکی گەورە هەیە، بەشداریی ڕاوی ئاژەڵی گەورەیان نەکردبێ. گەرچی ئەو بۆچوونە تا ڕادەیەک لۆجیکانەیە، وەلێ بەڕای من، چنینەوەی میوە و کۆکردنەوەی گەڵا و گۆڵی ڕووەک و سەلکە ڕووەک، لەو سەردەمانەدا و لەناو بێشەڵان و چیای پڕ درێندەدا، وەک ڕاو، مەترسیدار بووە بەتایبەتیش بۆ ئافرەتی سکپڕ و ئەوانەی خوێنی مانگانەیان هەبووە، لەبەر ئەوەی ئاژەڵی درێندە لە دوورەوە بۆنی خوێن دەکا و شوێنپێی هەڵدەگرێ.

وا پێدەچێ سیمبۆڵێک لە ڕاوکردندا هەبێ! هێندێک لە نێتیقەکان/ دانێشتووە ڕەسەنەکانی ئەمەریکا بڕوایان وایە کە ئافرەت بەرپرسە لە ژیان "منداڵبوون" پیاویش بەرپرسە لە مردن "ڕاوکردن و شەڕ".

دیارە ڕاوی ئەو سەردەمانە بە ئامرازی سەرەتاییەوە بۆ پاراستنی ژیانی ڕاوکەران پێویستی بەهاوکاری و هاوڕێیەتی و کارێکی هەرەوەزیی دوور لە کێبەرکێ هەبووە کە دواتر بووەتە هۆی ئەوەی بەشداریکاران هەستێکی تایبەتی پەیدا بکەن، هەستی "ئێمە دژی ئەوان" بەواتای ڕاوکەر دژی ئاژەڵ، بێگومان سەربەرزیش بوون بەو یەکگرتنەیان و هەر دەبوو وەهاش بووایە.

ئەو کەمە هاوکارییەی یەکدی لە کاتی ڕاودا هەستێکی نێرینەیی و کۆمەککاریی بەپیاوان بەخشیوە، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا کە ئافرەتان بەشداری ڕاو بوون دیارە وەک پیاوان هەستی جیاواز "هەستی مێیینەیی" و کۆمەککاریی تایبەتییان تێدا دروست نەبووە و پیاوانیش ویستوویانە لەو هەستە بەدوورییان بگرن. لێکۆلینەوە لەسەر کۆمەڵگەی ڕاوکەر، دەریخستووە کە، لە هەموویاندا

کەڵتە ڕاوچییەکان پیاوان پێکیان هێناوە و ئەو نەریت و ئامرازانەی هەیانبووە، مێیینە بۆی نەبووە نە ببینێ و نە دەستی لێبدا (مێرلین فرێنچ، ل٤٣، بەرگی یەکەم).

بێگومان دوورەپەرێزخستنی ئافرەت مەبەستی ئەو کەڵتانە بوون. بەپێی لێکۆڵینەوەکان لە نێزیکەی هەزارەی پێنجەمی پێش سەردەمدا، کشتوکاڵی سەرەتایی زۆر باو بووە و بەرهەمیشی زۆر لە سەردەمی کۆکردنەوەی خۆراک و ڕاوکردن زیاتر بووە. زێدەبەرهەمیی کشتوکاڵ، کزبوونی ڕاوکردنی بەدوادا هاتووە، هەروەها بوونەوەی چەند کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆرتر لە نێزیک یەکدییەوە. ئەمانەش هۆکار بوون بۆ لەدەستدانی جموجۆڵی ڕاو کە، مەبەستبووە لای پیاوان و مانایەکی پێیان بەخشیوە. لەنێو کوڕانیشدا هەستی کۆمەککاری بەرەو کزی ملی ناوە. لەو سەردەمەدا پیاوانیش بە ناچاری خەریکی کاری کشتوکاڵ بوون، کارێک کە وەک ڕاوی ئاژەڵی گەورە داخوازی کاری هەرەوەزیی ئەوتۆی نەبووە پیاو ڕۆڵی سەرەکیی تێدا ببینێ، جا پیاوان بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان بپارێزن نەریتی پێناساندن Initiationیان داهێناوە کە دوو مەبەستی پێکاوە. یەکەمیان، بەرزکردنەوەی هەستی پشتگیریی یەکدی لەنێو کوڕاندا و دووەمیان، هەڵکشاندنی ئاستی کوڕان و بایەخ پێدانیان لە کۆمەڵگەدا کە لە دواڕۆژدا دەبنە پیاو.

پێگەیشتنی سێکسی (بلوغ)، لەنێوان نێر و مێی مرۆڤدا زۆر جیاوازە، پێگەیشتنی مێینە بەهۆی "بەربوونی خوێنی مانگانە/ عوزر شتن"ەوە ئاشکرایە، وەلێ هیچ شتێک پێگەیشتنی نێرینە وەدەرناخا. کوڕ لە منداڵییەوە توانای ڕەپکردنی ئەندامی سێکسیی هەیە وەلێ ئەوە پێگەیشتن نییە، کاتێکیش دەگاتە تەمەنی تۆوڕشتن، مانای ئەوە نییە پێگەیشتووە و دەتوانێ ببێتە باوک.

بەبۆچوونی سایکۆلۆجیستەکان، نەبوونی دیاردەیەک بۆ ئاشکراکردنی پێگەیشتنی سێکسیی کوڕان، ئەو شتەیە کە سۆڵیداریێتیی نێرینە دەیەوێ بەرەنگاری ببێتەوە.

بۆنەی پێناسەی کوڕان بەکۆمەڵ Initiation، لەسەردەمی کشتوکاڵدا سەری هەڵداوە، لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی چنینەوە و ڕاودا لەئارادا نەبووە. لەو سەردەمانەدا منداڵان فێری خۆگونجاندن لەگەڵ سروشتدا لەپێناو مانەوەدا کراون، کە دەشێ ناوبنرێ ئامادەکردن یان پێگەیاندن، وەلێ لە سەردەمی کشتوکاڵدا پێگەیاندنیان بەکۆمەڵ، بۆ فێرکردنی ڕۆڵی جیاوازی جێندەر بووە. لەو بەکۆمەڵ پێگەیاندنانەدا، پیاوان، کوڕانیان فێری ئەوە کردووە کە پێی دەڵێن پیاوێتی "بەپیاوبوون" ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەدا هاتووە کە پیاوان وایان زانیوە، ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی هەیانبووە لە سەردەمی ڕاوکردندا لەدەستیان داوە، لەبەر ئەوە پێویستیان بەدروستکردنی ناسنامەیەکە بۆ نێرینەیی.

بۆنەی بەکۆمەڵ پێگەیاندنی کوڕان، بۆنەیەکی نەخشەکێشراوی تایبەتی بووە، بۆ پچڕاندنی سەرەکیترین و بەهێزترین پێوەندی "بۆند"ی نێوان کوڕ و دایک، پێگەیاندن، جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە پیاو دەبێ دوو جار لەدایک ببێ، جاری یەکەم لەدایکەوە و دووەم جاریش لە باوکەوە،

ئەوجـا خـۆناسین وەک نێـرینـە و زۆرەملێکردن لە مـێـیـینـە. پێگەیاندنی کـوڕان بەکـۆمـەڵ لە سەرچاوەکاندا بە "ئینیشێیشن" ناوی هاتووە، منیش لەم نووسینەدا بەپێناسـاندن یان بەپیاوکردن ناوم بردووە.

هـەرچەندە مەبەستی بەپیاوکردن لە هـەموو کۆمەڵگەکاندا هـەر یەکە، وەلێ لە هـەموویان سەختتر و دژوارتر، ئەوەی کۆمەڵگەی پۆلیجێنی "فرەژنیی پاتریلینیالی"[۷] بووە کە ئەوپەڕی بالادەستیی پیاو نیـشـان دەدا بە دابڕینـی ئافـرەت بۆ مـاوەیەکی دوورودرێژ لە سـێکس. لەو کـۆمـەڵگەیانەدا بەشێوەیەکی گشتی، دوای ئەوەی ئافرەت منداڵی بووە هەردوو هاوسـەر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەجـیا ژیاون، پیـاو سـێکسی لەگـەڵ هاوسـەرەکـەیدا نەکـردووە، منداڵان بۆ مـاوەی چەند سـاڵێک لەشـیـر نەبڕاونەتەوە و هەمـوو کـاتێک لەگـەڵ دایکیـاندا ژیـاون، لەبەر ئەوەش پێـوەندییـەکی قـووڵ لەنێوانیاندا پەیدا بووە. دوای پەیدابوونی ئەو پێوەندییە پتەوە دەروونییە، لەسـەردەمی مێرمنداڵیدا، کوڕان، لەدایکیان دوورخراونەتەوە بۆ ئەوەی بکرێنە پیاو.

بۆ سایسکردن"ڕامهێنان"ی منداڵان و وەرچەرخاندنیان لە خۆشەویستیی دایک و پچڕاندنی ئەو بۆنە "پێوەندی"یە بەهێـزەی هەیانە و چەسـپـاندنی هەسـتی نێـرزاڵیـێـتی لە ناخـیـانـدا، پیـاوان ئەشکەنجـەی مێرمنداڵەکانیان داوە. مێرمنداڵەکان بۆ ماوەیەک لە کۆمەڵگەکەیان دوورخراونەوە و ڕەزیل و ڕسوا کراون.

ئاوسـتـرۆ مـیـلانیـسـەکـان کـە بەشـێکن لە دانیـشـتووە ڕەسـەنەکـانی ئـاوسـتـرالیـا، کـێـری مێرمنداڵەکانیان بریندار کردووە وەک لاسـاییکردنەوەیەک بۆ خـوێنی مانگانەی ئافرەتان. هێندێک کـۆمـەڵی دیکە بـۆ هـەمـان مـەبەست لەشـوێنی دیکەی مێـرمنداڵانـدا خـوێنیـان بـەرداوە. دواتریش خـزاندوویـیـانـنەتە ناو سکی تـیـمـسـاحـێکی دەسـتکرد، یان ناو منداڵدانێکی دەسـتکرد وەک ئەوەی دایک کە، پیـاو سـەرپەرشـتـیـیـان کـردوون و دواتر لێـیـان دەرهێناونەتەوە وەک ئـامـاژەیەک بۆ جـاری دووەم لەدایکبوون، وەلێ ئەم جارەیان لەپیاوەوە.

گـیـمـی Gimiیەکان دەڵێن "کـێـر" دیاریـیـەکـە پیـاوە بەتـەمـەنەکـان دروسـتـیـان کـردووە بۆ ئەوەی بیـدەنە کـوڕان لە بەپیاوکردنیاندا و پێشی دەڵێن "قوزی تازە". ئەم جۆرە وێکچوونکردنەی ئەندامی نێـرینـە بەئەندامی سـێکسـیی ئافرەت، ئـامـاژەیە کـە پیـاوی ئەو کۆمـەڵگەیـانـە ئێـرەیـیـیـەکی زۆریان بەرامبەر ئافرەتان هەبووە و ویستوویانە جێگەیان بگرنەوە و لەهەمان کاتیشدا بۆچوونی ئێرەبەری پیاوان بەمێیینە کە پێشتر باسمان کرد دەسـەلێنێ.

لە بەپیـاوکـردندا، بەکـوڕان دەڵێن کـە، ئەوان، بەواتـای کـوڕان، ژنـی پیـاوی بـەتـەمـەنـن و دەبێ لە پیاوەوە مـامـەڵەکردنی ئافرەتان فێربن. پیـاوان مێرمنداڵان فێر دەکەن هـەست بخـەنـە لاوە و لەسـەر پێـوەری پیـاوان کـردار بکەن کـە لەسـەر بنـەمـای جـڵـەوکـردن/ کۆنتـرۆڵی خـودی خـۆ و کـەسـانـی تریشـەوەیە دەنرخـێندرێ. لە بەپیـاوکردندا، مـێـردمنداڵان تۆقێندراون بۆ ئەوەی گـوێڕایەڵی کۆدی

پیاوان بن و هەرچی پێوەندی بەمێینەیێتی هەبێ لەناخیاندا وەدەرنێن، بەواتای (پیاو دەبێ مێینەیەتی لەناخی خۆی و ژیانیشیدا کۆنترۆڵ بکا).

کۆمەڵگەی "جیلیدی Gelede" لەیورۆبا، لەو پیاوانە دەدەن کە بەئاسانی گوێرایەڵیی ژنەکانیان دەکەن و پێیان دەڵێن تووتەڵەی ژنان. گومان لەوەدا نییە، هەموو ئەو چەرمەسەری و ئەشکەنجە و سوکایێتی پێکردنەی مێردمندالان چێشتوویانە لەو کۆمەڵگەیانەدا، گوایە بۆ بەپیاوکردنیانە، لەپێناوی پیاوسالاریدا بووە، ئا لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشێ کە، ئەم هەوڵە پیاوسالارییە چ پێوەنییەکی بەکۆمەڵکردنی سەرمایەوە هەیە؟

وەک دەبینین، ئافرەتان هیچ کاتێک کۆمکارییان نەبووە دژی پیاوان، وەلێ سۆلیداریێتیی پیاوان دژی ئافرەتان، لە هەزاران ساڵ لەمەوبەروە سەری هەڵداوە و هەتا ئێستاش بەردەوامە. سۆلیداریێتیی پیاوان لەسەر هەر ئاستێکی دیکە جگە لە ئاستی ژناندا، لەبەردەم کۆسپێکی بچووکدا لێکدەترازێ. بۆیە ئەو پرسیارە دێتەپێش، بۆ پیاوان لەئاستی هیچ شتێکی دیکەدا وەک دژایێتیی ئافرەتان یەکگرتوو نین؟

لە کۆمەڵگەکانی سەردەمی ژن و چنینەوەی بەروبوومە سروشتییەکاندا، کچانیش "پێناساندنیان" پێ کراوە، وەلێ نەک وەک کۆڕانی ئەو سەردەمە. کچان لەلایەن دایکانەوە لەپێناوی ژیاندا فێری بەربەرەکانێی سروشت کراون، پێگەیاندنەکانیشیان، زۆر جیاواز بووە لە پێگەیاندنی بەکۆمەڵی کۆڕان، لەبەرئەوەی پێگەیاندنی کۆڕان لەپێناوی مانەوە لەژیاندا نەبووە، بەڵکو لەپێناوی سالاریدا بووە. پێگەیاندنی کچان لەو کۆمەڵگەیانەدا جگە لەوەی لەلایەن دایکەوە فێری لە ژیان مانەوەدا کراون، لەئاهەنگێکی تایبەتیشدا، بە ئافرەتبوونیان/ باڵقبوونیان، بەکۆمەڵگە ڕاگەیەندراوە و ڕێز لە بە ئافرەتبوونیان گیراوە. کاتێکیش پیاو لە کۆمەڵگەدا گەیشتووەتە باڵادەستی، کچان ڕسوا کراون، دوورەپەرێز ڕاگیراون، سنووردار کراون، زۆر جارانیش خۆراکێکی کەم و تایبەتییان دراوەتێ. لە کۆمەڵگەی پاتریلینیالیدا کە هێشتان ناوی نانێین پیاوسالاری، مێینەیان بەخاوەن توانا، وەلێ توانای پیسکردن، تۆمەتبار کردووە. لەو کولتوورانەدا، خوێنبەربوونی مانگانەی ئافرەت، وەک سیمبۆڵی دەسەڵاتێکی مێینەی لەناوبەر و ڕووخێنەری پیاوان سەیر کراوە. لەبەر ئەوەش ئافرەت وەک نەیارێکی پیاوان سەیر کراوە و ئەزموونی نێوان جێندەر، بۆتە جەنگێکی بەردەوام.

پاپاگۆیسەکان Papagoes پاپاگۆیسەکانی ئەمەریکا لەو بڕوایەدان کە، هەموو مێینەیەک بەدەسەڵاتەوە لەدایک دەبێ، وەلێ هێندێک پیاو دەبنە دەسەڵاتدار. چیپیویانەکان Chipewyan، کە تیرەیەکی دیکەی ڕەسەنی ئەمەریکان، لەو بڕوایەدان کە ژنبوون دەسەڵاتە، وەلێ پیاوان دەبێ دەسەڵات بگرنەدەست... مێرلین فرێنچ، بەرگی یەکەم، ل٤٦.

## سەرئەنجامی ئەم بەشە

بەدرێژاییی مێژوو، هەموو بەیت و بالۆرەی پیاوان، دژی ئافرەتان، شتێکی بێ سەروپێیە. لە ڕاستیدا بەژنبوون/ پێگەیشتنی کچان، هەروەک بەپیاوبوون/ باڵقبوونی کوڕانە و، ئەوەیە کە مێینەی مرۆڤ دەگاتە توانای بایۆلۆجیی خۆی لە بەرهەمهێنانەوەدا، ئەمەش شتێکی سروشتییە و پابەندە بەکات "تەمەن"ەوە. وەلێ بەپیاوکردن یان پێگەیاندنی کوڕان، شتێکی دروستکراو و ناسروشتییە، لە بەپیاوکردندا، دەشێ تیۆریی، (کچ دەبێتە ئەوەی کە بۆی لەدایک بووە، ئەویش بەژنبوونە و، کوڕانیش دەبێ ببنە شتێکی زیاتر لەوەی بۆی بوون) هەڵێنجین.

هەموو دەزانین ئەورۆ زۆر لە پیاوان، لەسەرانسەری دنیادا و، بەتایبەتیش لە دنیای ئیسلامیدا، پیاوبوون بەدەسکەوتێک دەزانن، لایان پیاو بەرزترە و لە سەروو ژنبوونەوەیە. جەختکردن لەسەر ئەوەی پیاو دەبێ لە ئافرەت بالادەستتر بێ ئەگینا تێدا دەچێ، دەریدەخا کە، بۆ وەدەستهێنانی پیاوبوون هەوڵێکی زۆر زێدە لەلایەن پیاوانەوە پێویست بووە و وەک وانەیەک بەمیرمندالان گوتراوەتەوە، لە ڕاستیدا، ئێستاکەش دەگوترێتەوە، بۆ نموونەش خەڵکانێک هەن ئێستاش لەو بڕوایەدان کە، لە ڕێگەی بوون بەسەرباز و مەشقکردنێکی گرانەوە، کوڕ دەبێ بەپیاو.

بەبۆچوونی هێندێک لێکۆڵەر، نەریتی پێگەیاندنی مێردمندالان لە سەردەمی هۆرتیکولتوورەوە دەستی پێکردووە، بەڕای ئەوان لەبەر ئەو بەروبوومەی زەوی پێشکێشی مرۆی کردووە، زەوی پیرۆز بووە لایان. وەک ئاشکرایە کشتوکاڵ هەردەم، بەتایبەتیش لە شێوە سەرەتاییەکەیدا، داخوازی زەبروزەنگ بەکارهێنان بووە. ئەو سکۆلارانە لایان وایە هۆی هەڵکەوتەی فیزیکیی جەستەی مرۆوە، کە پیاوان شان و مەچەکیان بەهێزترە و، ئامادەکردنی پانتاییەکی زەویش بۆ کشتوکاڵ بەتایبەتی لەو سەردەمانەدا، لەبڕینەوەی دار، گواستنەوەی بەرد و هەڵدڕینی زەوی، پێویستی بەشان و مەچەک و بازوو بووە، پیاوان ئەو ئەرکەیان گرتووەتە ئەستۆ، یان لە دابەشکردنی کاردا پێیان سپێردراوە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە لەوانەیە، لەبەر ئەوەی خاک پیرۆز بووە، هەڵکەندنی بەدڵڕەقی و توندوتیژی لەلایەن ئافرەتانەوە سەیر کرابێ. پیاوانیش لەسەرەتاوە لەوانەیە لێی ترسابن، یان پێی سەربەرز بووبن، لەوانەشە هەستێکی تێکەڵی ترس و سەربەرزییان هەبووبێ.

کڵێشەی پێوەندیی خاک کێڵان و زۆرەملێی ئافرەت، لە لیتێراتووری کۆندا بەرچاو کەوتووە، هەزاران ساڵیش دواتر کە تەکنۆلۆجیا، ماشێنی زەوی کێڵانی داهێنا، پیاوان لە سەرەتاوە نەیاندەهێشت ئافرەتان کار لەسەر ئەو ماشێنانە بکەن. نەریت و وێردە کۆنەکان هەموویان بۆ پاراستنی پیاوان لەخاک هەڵبەستراون، زۆر بڕواش هەن کە، دوای دەستپێکردنی کشتوکاڵ، مرۆڤ، ئافراندنی بەهێزێکی نێرینەی ئەودیو سرووشتەوە بەستووەتەوە لەجیاتی ئافراندەرە مێیینەکەی هەتا ئەو سەردەمە باو بووە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە لە زۆربەی کۆمەڵگەی کشتوکاڵکارەدا، ئافرەتان زۆر زیاتر لە پیاوان کار دەکەن، کەچی پلەیان لەخوار پلەی پیاوانەوەیە، ئەم ناهاوتاییە، ئەو سیاسەتە پووچە نەبێ کە گوایە کاری پیاوان مەترسیدارترە، هیچ بۆچوونێکی لۆجیکیانەی تێدا بەدی ناکرێ.

بنەمای کۆمەڵگەی ماتریلینی، پێوەندیی نێوان دایک و منداڵە، لەو کاتەشەوە سەری هەڵداوە کە مرۆی قسەکەر، یەکەم منداڵی بووە، منداڵەکەش بەمنداڵی "مەشیانێ، حەوا، ئیڤ" ناسراوە لەبەر ئەوەی باوک لەسەرەتاوە ڕۆڵی بەخێوکردنی نەبینیوە و، بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژیش ڕۆڵی خۆی لە بەرهەمهێنانی منداڵدا نەزانیوە.

پاتریلینی: لەلایەن پیاوانەوە داهێنراوە، لەبەر ئەوەی حەزیان کردووە ببنە خاوەنی منداڵ، نەک بەخێویان بکەن وەک دایکان دەیکەن. ئەمەش لە خۆشەویستیی منداڵەوە نەبووە، بەڵکو لەپێناوی دەسەڵاتدا بووە، لەو سەردەمەشەوە منداڵ بەناوی باوکەوە ناونراوە، منداڵی "مەشی، ئادەم". ماتریلینی و پاتریلینی، تەنیا بریتی نین لەوەی کە منداڵ بەناوی دایکەوە یان باوکەوە ناو بنرێ، بەڵکو لە بنەڕەتەوە جیاوازن و دوو کۆمەڵگەی جیاوازن لە شێوەی ژیاندا، ئەنترۆپۆلۆجیستەکان دەڵێن، کۆمەڵگەی ماتریلینی دڵخۆشترن و پیاوان لەگەڵ خۆیان و ژناندا ئاسوودەکارن. زۆربەی کۆمەڵگەکانی ماتریلینی، ماتریلۆکاڵیش بوون. بەواتای، پیاوە هاوسەرەکە گواستوویێتییەوە بۆ نێو خێزانی ژنە هاوسەرەکەی/ زاوابووک. ئەگەر بەپێی کولتوور و نەریتی ئێستا سەیری بکەین، دەشێ بڵێین، نەریتی بەهاوسەربوون لە کۆمەڵگەی ماتریلینیدا، پێچەوانەی کاتی ئێستا بووە، پیاو شووی کردووە، ئافرەت پیاوی هێناوە. ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە ئافرەت مافی بەکارهێنانی زەویی هەبووە و هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی دەنگێـــــان لەبڕیاراندا ببێ. تۆپەڵاکی دەستڕۆیشتوویی ئافرەتان لەسەردەمی ماتریلینیالیدا بووە، وەلێ مافی پیاویان زەوت نەکردووە، بۆیەشە ناشێ ناوبنرێ سەردەمی دایکسالاریی نێو خێزان. لە هێندێک کۆمەڵگەشدا پیاوان بالادەست بوون، لێ مێیینە خاوەنی جەستەی خۆی و سێکسوالیێتیی خۆیشی بووە، پیاوان لەو سەردەمەدا نەیانتوانیوە ژنەکانیان لە مااڵوە بەند بکەن و هەموو منداڵانیش وەک بەشێک لە کۆمەڵەکە بەخێو کراون.

لە کوردەواریدا دەڵێین فلانەکەس ژنی هێنا یان ژن دەهێنی"هێنان" لە زمانی کوردیدا مانای ئەوە دەگەیەنێ، شتێک بگوازیتەوە لای خۆ. بۆیەشە دەڵێین ژنهێنان، ژن گواستنەوە. لە کوردەواریشدا وەک هەموو کۆمەڵگەیەکی دیکە، گواستنەوەی پیاو بۆ ناو بنەماڵەی ژن بەزۆر یان بەکەم لەئارادایە. کەچی لەو کاتانەشدا کە پیاو دەگوازێتەوە بۆ لای بنەماڵەی هاوسەرەکەی، نااڵێین فلانە پیاو شووی کرد یان فلانە ئافرەت پیاوی هێنا، لە هەموو حاڵێکدا هەر بەژنهێنان ناوی دەبەین. پاتریلینی، کە لەپێناو خاوەنیێتیی منداڵ و لەسەر بنەمای زاڵبوون هاتووەتە کایەوە، پێویستی بەگەرەنتیی باوکایەتی کردووە، دیارە ئەمەش بەپاوانکردنی جەستەی ئافرەت لەلای پیاوەوە کراوە و ئافرەتی کردووەتە ملکی پیاو. کۆنترۆڵکردنی کەسێکی دیکە پێویستی

بەزۆرەملێیە، بۆیەشـە پاتریلینیالیێتی ڕێگە بە بەکارهـێنانی زەبر و زۆر لەگەڵ ئافرەتاندا دەدا. زۆر وەخت ئەو ئافرەتانەی ستەمیان لێدەکرێ لەلایەن مێرد یان کەسوکاری مێردەوە، خـاوەنی لەشی خۆیان و منداڵ و بەرهـەمی کاریشیان نین. زۆرەملێ زۆر کەمە لە ماتریلینیدا، لەبەر ئەوەی ئافرەت لەناو خـزم و کەسوکاری خـۆیدا دەژی و لە خـێڵ و هاوزمانەکانی دوور ناکەوێتەوە. لە پاتریلینیـدا، زۆر جار ئافرەت، خزم و کەسوکاری جێدەهێڵی و دوور دەکەوێتـەوە لەوانەی خۆشیان ویسـتووە و پاراستوویانە.

پەراوێز:

١ – ماتریسـێنتری و پاتریلینی، دوو سیسـتمی جیاوازی کۆمەڵگەن، لە یەکەمیـاندا دایک کرۆکی خـێزانە و لەوی دووەمدا باوک.

٢ – بنەچەی خێزان، ل٤٦، وەرگێڕانی کەریم مەلا رەشید لە ئەڵمانییەوە.

٣ _ پاتریلینیالیێتی ئەو سیستمەی کۆمەڵگەیە کە بەلای پیاودا دایدەشکێنی و نەبووەتە پاتریارکی.

٤ – ئیندۆگـەمی، سـیسـتـمـی شـووکـردن و ژن هێنانە لەنێوان خـزم و کەس و کـاری نێو تیـرەیەکـدا، ئەم سیسـتـمـە لەنێو کۆمـەڵگەکانی ڕۆژهـەڵاتی نێوین، ڕەنگە بەهۆی ئاینی ئیسـلامـەوە و هـەروەهـا لەنێو کاتۆلیکەکاندا هـەتا ئێستاش بەردەوامە.

٥ – ماتریلۆکالیێتی، ئەو سیستمەیە کە زاوا دەگوازێتەوە بۆ لای بنەماڵەی هاوسـەرەکەی.

٦ – ماتریلینیـالیێتی وەک مـاتریسـێنتری، مانای ئەوە دەبـەخشـێ کە دایک کرۆکی خـێزانە و پاتریلینیالیـێتی و پاتریلۆکاڵیـێـتی و ئێکسـۆ گـەمی، بەتـەواوی پێچـەوانەی مـاتریلینیـالیـێـتی و مـاتریلۆکالیـێـتی و ئیندۆگەمین.

٧ – پۆلیجێنی، مانای بوونی زیاتر لە هاوسـەرێک وەک پیاوێک چەند ژنێکی هـەبێ، یان ژنێک چەند پیاوێکی هـەبێ، پۆلیجێنی پاتریلینیالی هـەمان مانا دەبـەخشـێ لەبارەی هاوسـەرییەوە، وەلێ لەو سیسـتمـەدا پیاو خاوەنی منداڵە.

تێبینی: بۆ بینینی سەرچاوەکان بگەڕێوە بۆ بەشی یەکەم.

# ئەوانەی گەڕانەوە ئاسمان

ئەنیس مەنسوور

بەشی دووەم

**بەرلەوەی میسر داگیر بکرێ**
**ئاسمان بەژێر ئاوەوەیدا کرد و سووتاندی**

هەوالنامەی کێڵگە

سەعات نۆی بەیانیی ٢٣ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٤٠٠٤ ی پ. ز خودا جیهانی ئەفراند- تەورات وا دەڵێ..

هەر لەو سەعات و ڕۆژەدا ساڵی ٨٠٠٨ ی پ. ز نەقشەکان لە بنمیچی پەرستگەی دەندەرە-دا تۆماری کرد کە شتێک لە هەموو ئەم جیهانەدا قەوماوە. گەردوونناسە فرەنسییەکان بۆیان دەرکەوت باری کەلووی شێر لەم ساڵە گەردوونییەدا نائاساییە، هەروەها گەردوونناسەکان ئەوەیان دیتەوە کە ئەم مێژووە تەواوێک ڕێکە لەگەڵ ون بوونی کیشوەری ئەتلانتس لە ژێر ئاوی ئۆقیانووسی ئەتلانتیکی نێوانی دوو کیشوەری ئەفریقیا و ئەمەریکادا.

بەڵام نەقشە ڕەنگینەکانی سەر دیوارەکانی ئەشکەوتەکانی تسیلی، لەسەر سنووری لیبیا و جەزائیر، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە هەر لەو سەعاتی ئەو ڕۆژەی ساڵی ١٦٠١٦٠ی پ. ز شوانێک لە نێو چێل و مەڕەکانیدا، لە ناوەڕاستی ئەو لەوەڕگەیانەدا کە ڕووباری خورپیان پێدا دەڕوا، وەستا، شتێکی ئاگرینی بینی لە ئاسمانڕا دێتە خوارێ و دەرگاکان دەکرێنەوە و چەند کەسێکی سپیپۆشی خووده پلاستیکی لێ دێنە پێش، ئینجا بزر دەبن، بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە دیواری ئەشکەوت و ئەم ڕووداوە گەورەیە تۆمار دەکا. شی کردنەوەی ڕەنگەکانی سەر دیوارەکان

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

تەمەنی ئەم مامدانە پیشان دەدا کە لە ڕازاندنەوەی ئەم ئەشکەوتە مێژووییەدا بەکارهێنراوە.

بەڵام مامۆستا تواللی–ی ئەمێداری مووزەخانەی میسری لە فاتیکان، هەندێک یەلکە بەردیی دیتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شا تەحتەمیس–ی سێیەم " ١٤٨٣–١٤٥٠ ی پ. ز " دەڵێ– ئەمەش وەرگێڕانی پیتاو پیتیەتی: لە مانگی سێیەمی زستانی ساڵی ٢٢دا ئەو نووسەرەی لەبەردەمی پەرستگەدا ڕۆنیشتبوو شتێکی ئاگرینی لە ئاسمان بینی، درێژیی ١٥٠ پێ بوو و نە دووکەڵی هەبوو نە دەنگ، لە زەوی نێزیک دەبووەوە. هەر کە بە ڕوونی چاوی پێ کەوت بەدەمدا کەوت لە باڕێکی تۆقیوی نێزیکتر لە مەرگ، کە سەری بەرزکردەوە خەڵکانێکی بینی پێشتر نموونەیانی نەدیتبوو... ئینجا چوونە ناو تەنە بریقەدارە بێ ئاگرەکە و بەرەو ئاسمان و ئینجا بەرەو خۆراوا چوون.

ئەم بەردییە لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: ئەم ڕووناکییە بێ ئاگر و بێ دەنگانە لە خۆراواوە دێن و دەگەڕێنەوە ئەوێ..

کەواتە چییە ئەمەی لە خۆراوادایە! و شتە ڕووناکەکانی بۆ دەگەڕێنەوە؟ یان گیانەکانی بۆ دەگەڕێتەوە؟ کە فیرعەونەکان لەو ڕوانگەیەدان جیهانێک لە خۆراوادا هەیە کە "جیهانی گیانە"، یان "جیهانێکە" شتە بەبایەخەکانی "بۆ بوون"[٤] و.. کەسایەتییە بایەخدارەکانی لێوە دێن.. یان ئەم شوێنە سەرچاوەی بلیمەتییە...

پێویستە بگەڕێینەوە میسری فیرعەونی و لای هەرەمی هەرە گەورە. بەڵام ئەم جارەیان دەرگاکانی پەرستگەی ئیزیس دەکوتین. کە دانایەک لە وڵاتی گریکەوە چووە بۆ ئەم پەرستگەیە ناوی سۆلۆن–ە. دەڵێن لە وڵاتەکەیەوە هەڵاتبوو و هاتە ئەوێ، کە گرفتی ئەوەندە لێیە هەر سیاسییەک پەشیمان دەکاتەوە لەوەی هیچی بە وڵاتەکەی پێشکێش کردبێ. خەڵکەکە داوای زۆر دەکەن، و زۆرتریان لە بیر دەچێتەوە. سۆلۆن چاکسازیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەنجام دابوو لەوە پتر بوو خەڵکەکە بەرگەی بگرن و کەمتر بوو لەوەی خەونیان پێوە دەبینی. ئامۆژگارییان کرد بچێ بۆ میسر، دەرمان بۆ هەموو خاوەن دەروونە بە ئازارەکانی لێیە.

سۆلۆن دەڵێ: وام بەباش بینی بۆ تەندروستیشم و بۆ باری ئاوەزیشم بچم لە میسر بحەسێمەوە.

لە شەوێکی مانگەشەوی ساڵ ٥٩٠ی پ. ز، سۆلۆن لەگەڵ یەکێک لە کاهینەکانی ئیزیس دادەنیشێ، سۆلۆن دەستی کرد بە گێڕانەوەی جوانترین داهێنانی گریکەکان لە چیرۆکەکانی وڵاتیان. کە بێگومان دڵی خۆی بە ڕابوردووی وڵاتەکەی دەدایەوە بەرامبەر ئێستای بە ئازار و داهاتووی بە ئازارتر.

بەڵام کاهینی میسری پێی پێکەنی و گوتی: ئێوە ئەی گریکییینە منداڵی بچووکن. شتی پڕوپووچ خەریکتان دەکا، ئەم چیرۆکە سادانەش داتاندەگرێ. ئێمە نهێنیگەلی ئەوتۆمان هەن کە گۆشەکانی



ئەنیس مەنسوور

زەوی دەهەژێنن و.. بۆی گێڕایەوە کە خاکێک لە خۆراوادا هەبووە. ئەو زەوییەش لە ناوەڕاستی زەریادا بووە و زەوییەکی بەپیتەکانی دەوڵەمەند بووە، شەقامەکانی ڕاست و شارەکانی بازنەیی بوون و میوەکانی لە خاکی میسر زووتر پێدەگەیی و.. ڕووبارەکان لە ئاسمانەوە هەڵدەقوڵان و بەبەر چاوی خەڵکەوە دەڕژانە ناو زەریاوە. ئاژەڵەکانی وشکانیشیان دەخشانە ناو ئاو و دەگەڕانەوە لاڕۆخ، بێ ئەوەی ئازاری کەس بدەن.. بەڵکو گیانلەبەران خۆشیان پیرۆزییەکی گەورەیان بووە، ئەم وڵاتە دە شایان هەبووە جوکمیان دادوەرانە. ناکۆکی لە ناو خەڵکدا لەسەر شتێک نەبووە، بەڵکو کە یەکێکدرۆی بکردبا گلەیی لە خۆی دەکرد و ڕاستگۆییشی بکردایە پاداشتی لەکەس نەدەویست. لەم وڵاتەدا دۆستایەتی لە نێو مەلان و ماسییەکاندا هەبوو. سەیروسەمەرەیەکی ئەو وڵاتە –کە ئەم شتە بەڕاستی سەیرە!– پاساریپەکان گوڵە گەنمەکانیان نەدەخوارد، بەڵکو بۆ خەڵکی وڵاتەکەیان دەهێشتەوە. ژنیش لەو دوڕگە کامەرانەدا خەریکی پەروەردە کردنی منداڵانە و کێڵگە و شەڕی بۆ پیاو جێهێشتووە. مرۆڤی زۆر کامەرانی ئەم وڵاتە کامەرانە منداڵ بووە...

ئینجا کاهینە میسرییەکە باسی سیستمی پاراستنی خواردەمەنیی بۆ سۆلۆن کرد. بەڵام ئەوەی کاهینی میسریی سەرسام کردبوو ڕێژیمی هاتوچوو بووە لەو وڵاتە و زووپیی گوێزرانەوە لە شوێنێکەوە بۆ ڕشوێنێک لە ڕێی ئامێرگەلێکەوە "یان بە " گالیسکەگەلێک کە دەنگیان نییە".

هەروەها پێی گوت: هەر لە کەسێکت پرسی لە بەردەمتدا دەیبینی، وەک بڵێی گوێی لە تۆ بوو بەدوایدا دەگەڕێی.

سۆلۆن گەڕایەوە وڵاتەکەی و خەڵکی بەدەوری خۆیدا کۆکردەوە لە شاری ئەتینا و دەستی کرد بە گێڕانەوەی ئەو شتە سەیرانەی لە میسر گوێی لێیان بوو. بەڵێنیشی دا ئەم داستانە بنووسێتەوە و بە شیعر بیهۆنێتەوە. بەڵام ئەوەی نەکرد. دوای سێ وەچە ئەم چیرۆکە کۆتاییی بە ئەفلاتوونی فەیلەسووفی گریک گەیشت. کە لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا بوو و زامەکانی وشک نەبووبوونەوە، کە هەلی تەمەنی درایێ و نوشوستیی هێنا، ئەفلاتوون فەیلەسووفێکی ئایدیالی بوو خەونی بە جیهانێکی باشترەوە دەبینی. جیهانێکدادەڕیی تێدا لەناو خەڵکدا بێتە دی و ئاوەز لە هەموو پێوەندییەکانی نێو خەڵکدا بالادەست بێ. شایەک لە شایەکان دوڕگەیەکی دایێ و پێی گوت فەرموو ببە بە شا بەسەر خەڵکەوە و هەموو فەلسەفەکەتیان بەسەردا جێبەجێ بکە، ئەوا ئەمڕۆ تۆ فەیلەسووفیشی و شای، یان تۆ شایە فەیلەسووفەکەی.

ئەفلاتوون لەودا سەرنەکەوت کە ئەم دوڕگەیە بکاتە بەهەشتی داد و ئازادی و جوانی و دانایی. بەمەش ئەفلاتوون سەلماندی کە هەموو فەیلەسووفێک توانستی ئەوەی نییە ببێتە باشترین شا، لە هەمان کاتیشدا هەموو شایەک توانستی ئەوەی نییە ببێتە چاکترین فەیلەسووف. جوانترینی ئومێدەکانی فەیلەسووف ئەوەیە بیروباوەڕەکانی بەسەر خەڵکدا جێبەجێ بکا. بەڵام ئاوات و خەونەکانی لەبەردەمیدا دارمان، یانیش خۆی لەبەردەمیدا دارما... لەم دەمانەدا لە ٢٥٥ ی پ.ز

ئەفلاتوون چیرۆکی کیشوەرە کامەرانەکەی تۆمار کرد کە ناوی "کیشوەری ئەتلانتا"ی لێ نا، کە لە خۆراوادا بوو و خنکا. ئەفلاتوون ئەم چیرۆکەی لە کتێبێکدا تۆمار کرد ناوی "کرینتیاس" بوو و خۆشی تەواوی نەکرد..

لەوساشەوە زاناکان لە گەڕان بە دوای کیشوەرە خنکاوەکەدا نەوەستان. کتێبخانەی میللی لە پاریس ژمارەی ئەو کتێبانەی بە پێنجەهەزار کتێب ژمارد کە تا ساڵی ١٩٤٦ لەبارەی "ئەتلانتیس"ەوە دەرچوون. کتێبخانەی کۆنگرسی ئەمەریکاییش ڕوون کردنەوەیەکی بۆ ئەو کتێبانە لەم سەدەیەدا (مەبەست سەدەی بیستەمە- وەرگێڕی کوردی) تا ساڵی ١٩٧٢ بڵاوکردەوە، ژمارەیانی بە دوو هەزار کتێب دانا، لە نێو ئەمانەدا هەزار کتێب لە چوونە سەردەمی بۆشایی ئاسمانەوە دەرچوون.

بیرۆکەی زەویی دووری کامەران گەڵێککۆنە. مرۆ لە ملیۆنەها ساڵەوە خەون بەوەوە دەبینێ کە خاکێکی باشتر هەبێ، خەڵکانێکی بە دادتر و داناتر و جوانتری تێدا بژین...

گەلانێکیش هەن سەردەمی زێڕینی لە دوادا دەبینێ و خەمی بۆ دەخوا و ئومێدی گەڕانەوەی دەکا. گەلانێکی دیکەش هەن لەو بڕوایەدان سەردەمی زێڕین و بەهەشتی مرۆ لە داهاتوودا دەبێ، بەم جۆرە بۆ سبەینێ دەژی وەک ئەمەریکا و ڕووسیا، کە ئەمانە خوویان بە داهاتووەوە گرتووە.

ئەفلاتوون خۆشی کتێبێکی هەیە ناوی "کۆمار"ە، فارابیی فەیلەسووفی عەرەبیش کتێبێکی بەناوی "شارە چاکەکە وە هەیە. لە سەتەی شانزەهەمدا "شارە چاکەکە- یان یۆتۆپیا"ی مۆر-ی فەیلەسووفی ئینگلیز دەرچوو و.. دەیان لە دوڕگە کامەرانەکان کە مرۆی تێدا ژیاوە و یان لەمەودوا تێیدا بە دڵنیایی و ئارامی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی دەژی. داخۆ ئەفلاتوون بە دوڕگەیەکی گەورەتر و فرەوانتر دەزانی لەوەی کە درابوو پێی و نوشوستیی تێدا هێنا وەک شا و وەک فەیلەسووف؟!

لێکۆڵینەوەکانی زانایان دوای ئەوە بە سەتان ساڵ جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە وا نەبووە. دەیان بەڵگەی کۆن و نوێ هەن کە دوڕگەیەک لەوێ بووە و بە هۆگەلێکی گەردوونی و نامۆوە کە نایزانین، ون بووە. هەروەها گەلاکانی بەردیی فیرعەونی جەخت لە کۆمەڵگەیەکی کامەران و بەهێز دەکا لەوێ بووە و ئەم کۆمەڵگەیە کە بەهێز و توانا بوو و بڕیاری هێرش بردنە سەر میسر و یۆنان، ئاسمان دابەزییە سەری و بەژێر ئاوەوەی برد. گەلایەکی بەردیی خانەوادەی دوازدەهەم هەیە جەخت لەسەر ئەم واتایە دەکا.

زانایانی گەردوونی سۆفیێت مانگیان خوێندەوە، بینییان کەلێنە گڕکانییەکتیرەی سەتان کیلۆمەترە و ئەم کەلێنە هەموو ئەو پاشماوەیەیە کە لە تەنێکی زۆر گەورەیەوە ماوەتەوە کە لە مانگ جودابووەتەوە و بەربووەتە سەر ئۆقیانووسی ئەتڵەنتی و هەموو زەویی خنکاندووە. داخۆ دەبێ تۆفان ئەمە بێ کە کتێبە ئاسمانییەکان و کتێبە هیندییەکان و کتێبەکانی مردووان لەلای تبت و

داستانی گلگامش–ی بابلی باسیان لێوە کردووە؟! لە یەک تۆفان پتر هەبووە زەویی کردووە بە ژێرەوە. لەنێو ئەمانەدا تۆفانەکەی نووح "درووی لێ بێ". دانیشتووانی زەوی پتر لە جارێک قڕکراون و ئەم شارستانیی مرۆیە تەنیا یەکێکە لە چەندان شارستانی دەرکەوتووە و پەرەی سەندووە و بڕاوەتەوە یان پێشوەختە لەناو براوە و دیسان سەر لەنوێ و بەشێوەیەکی نوێ ژیێنراوەتەوە.

ئەوەی سەیری نەخشە کۆنەکان بکا، دەبینێ ژمارەیەکی زۆری دوڕگە لە باشوور ە خۆرهەڵاتی ئۆقیانووسی ئەتڵەنتیدا پەیدا بووە... ئەوەندەت بەسە بڕوانیتە ئەو نەخشانەی کۆڵۆمبوس خوێندوونیەوە بەر لە دۆزینەوەی ئەمەریکا ساڵ ١٤٩٢، کە دوڕگەیەکی گەورەی لەسەردا بووە و نەماوە.

ئامانجی ئەم ڕاگوزاریەی کۆڵۆمبوس سەلماندنی ئەوەی کە زەوی لە شێوەی گۆدایە... کەچی بە سی و چوار سەدەی بەر لەوە مندااڵە فیرعەونی دەبینین دەیزانی زەوی گۆیەکییە. د. مرسر ڕایگەیاند کە ئەو نەقشانەی لە ناو هەرەمەکانی سەقارەدا دۆزیویەتییەوە بەوپەڕی سادەیێتیشەوە جەخت لەسەر ئەم واتایە دەکەن. هەروەها یەک لەو گەاڵ بەردیانەی لە مووزەخانەی ئارمیتاجی شاری لینینگراددایە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە فیرعەونەکان دوو جۆرە بڕوایان هەبووە کە: زەوی خەپلەیەکی تەختە بەسەر ئاودا کەوتووە و زەوی گۆیەکە لە بۆشایی ئاسماندا مەلە دەکا، کە لە بڕوای یەکەم گەڕاونەتەوە و بەاڵم بۆیان باس نەکردووین چۆن ئەمڕاستییەیان زانی. کەسێکیشیان دوای ئەوە باسی نەکردووە. فیاکفیتش–ی زانای گەردوونناسیی ڕووسی دەاڵێ شێوەی گەردوونیی بوونی هەرەمە هەرە گەورەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە فیرعەونەکان زانیاریەکی زۆر وردیان لەبارەی جووڵەی هەسارەکان و ئەستێرەکانەوە هەبووە و زانیاریەکانیان لەبارەی زەویەوە ڕاستە.

بەاڵم زۆربەی ئەم بەڵگانەی ئەم ڕاستییانە ڕوون دەکەنەوە بزر بوون یان بە ژێر ئاوەوە کران یانیش سووتێنران، یانیش لە شوێنێکی ناو هەرەمە هەرە گەورەکەدایە یان لە نێزیکیەوەیە...

ئەبو عەبدوڵاڵی ئیدریسیی گەڕیدەی ئەندەلوسی (١١٠٠–١١٦٦) لە کتێبی گەڕانی خاوەن تاسە لە بڕینی ئاسۆگەکاندا "نزهة المشتاق فی اختراق الافاق"، چیرۆکێک دەگێڕێتەوە کە بیستوویەتییەوە دەاڵێ کۆمەاڵێک سواری کەشتییەک بوون و لەلای دوڕگەیەکدا وەستان هەموو دانیشتووانانی بزن بوون، ئینجا ڕوویان کردە دوڕگەیەکی کە هەموو خەاڵکەکەی لە باڵادرێژەکان بوون و شا بە دیلی گرتوون و چاویانی بەستووە. ئینجا سواری کەشتییەکی کردوون و دوای ڕۆژانێک خۆیان لە ڕۆخەکانی ئەفریقیا دیتووەتەوە. ئەم چیرۆکە لەلای هیندییە سوورە سەرەتاییەکان دەبینینەوە لە بەری دیکەی ڕۆخی ئۆقیانووسی ئەتڵەنتیدا. دیسانەوە دوڕگەکانی "کەناریا"ی ئیسپانیی نێزیک لەم دوڕگەیەی ئیدریسی باسی لێوە کردووە، لەبەر زۆریی سەگ تێیدا ئەم ناوەی لێ نراوە. هەروەها دوڕگەی کابری ئەم ناوەی بۆیە لێ تراوە چونکە بزنی زۆر لێ بووە...

ئیدریسی دیسان دەڵێ: ناوبانگی گەلانێکی بیستووە کامەران بوون و ئینجا هەورەتریشپە لێی داون و تێکدراوە و لە ژێر ئاودا بزر بوون.

ئەوەی سەیریشە، سیاسەتمەدارێکی وەک گلادستۆن ساڵی ١٨٨٢ داوای لە ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانیا کردووە کە بڕە پارەیەک دابنرێ بۆ گەڕان بە دوای کیشوەری ئەتلانتس..

بوونی ئەم کیشوەرە، جەختی لەسەر ڕاستییەکی بەبایەخی لای زانایان کرد: ئەویش ئەوەیە کە ئەم کیشوەرە خنکاوە لە نێو دوو کیشوەری ئەفریقیا و ئەمەریکادا هەبووە، دەبێ شوێنەوارێکی ئەم پێوەندییەی نێو جیهانی کۆن و جیهانی نوێدا بدۆزینەوە.

زانایان ڕوویان کردە لێکۆڵینەو لە کارکردن و کارلێ کران لە نێوانی دوو کیشوەردا... هەزاران بەڵگەیان دیتەوە. بۆ نموونە: لە ئەفریقیا مەلگەلی ئەمەریکایی هەیە لە نێو هیندییە سوورەکاندا بڵاون...

ڕۆژژمێری فیرعەونیش هەیە هەروەک لە لای دانیشتووانە ڕەسەنەکانی پیرۆدا هەیە، فیرعەونەکان ساڵیان بە ١٨ مانگ داناوە و مانگیش بە بیست ڕۆژ و ئینجا پێنج ڕۆژیش لە کۆتایی هەموو ساڵێک داناوە بۆ جەژنەکان. ئینجا ئاینە فیرعەونییەکان خۆر دەپەرستن، هەروەها نەوە کۆنەکانی مەکسیک و پیرۆ... هەروەها سەرنجی ئەوەیان دا کە مرۆ لەناوچەی باسکدا شێوەی دەموچاو و جۆری خوێنیان تەواوێک لە شێوە و جۆری خوێنی خەڵکی پیرۆ دەکا.. هەروەها ئەفسانەگەلی کۆنیان لەلا هەیە هەر ئەمانە لەلای خەڵکی مەکسیکی کۆن و هیندییە سوورەکاندا هەیە. بەڵکوئەفسانەی شای شین–یش هەیە، یان خوێنی شینی خانەدان، لە لای مەکسیکی کۆندا کوتومت هەر ئەمەیە. بەڵکو شا مۆنتزۆما دەیگوت باپیرانم خەڵکی ئێرە نین،خەڵکی کیشوەرێکن لە دەریادا کامەرانترین شوێنە لە نێو زەوی و ئاسماندا.

ساڵی ١٨٩٨ یەکێک لە کۆمپانیا فرەنسییەکان لە قوواڵایی سێ کیلۆمەتر تەلە دەریاییەکانی نێوان ئەورووپا و ئەمەریکای ڕادەکێشا چەند جۆرە سەدەفێک وگوێچکە ماسی بە شتەکانەوە نووسان کە لە ئاوە سازگارەکاندا نەبێ نین.. هەروەها جۆرە شووشەیەکی بەلووریی سەیریان دۆزییەوە... جۆرەها تەلی پلاتینییان دیتەوە لە پلە گەرماییە زۆر بەرزەکاندا نەبێ ناتوانرێ دروست بکرێن... ئەوە واتای چییە؟ واتە لەورە ژیان هەبووە و ڕووبار هەبووە و پیشەسازیی زۆر پێشکەوتووی لێ بووە... ئینجا بەناو ئاودا دابەزیوە... بۆ بن ئاو...

چل ساڵ لەمەوبەر گۆی زەوی ئاوڕی لە پیاوێکی بەناوبانگدا ناوی "ئیدگار کیس" بوو، ئەم پیاوە میانبینی گیانییە. وای کرد خەڵک بڕوای پێ بکەن کە باسی کۆمەڵە ڕاستییەکی سەیری پێ ڕاگەیاندن، توانیشی –لەگەڵ ئەوەشدا کە نەخوێندەوار بوو– گرفتگەلێکی ماتماتیکیی زۆر ئاڵۆزی لە چەند ساتێکدا بۆ ئەنجام دان و... هەروەها توانیویەتی پێکهاتەی جیۆلۆجیی زۆرێک لە هەسارەکانیان پێ بڵێ. هەروەها توانیی نەخۆشیی زۆر کەس دەستنیشان بکا و بەبەرچاوی ئەو

پزیشکانەوە چارەسەری کردن کە بڕوایان بەوە نەدەکرد کە دەیانبینی، کە ڕاست بوون... ئەم پیاوە لە دانیشتنە ڕەوانییەکانیدا کە بیست ساڵی خایاند ٦٤١ گیانی مردووانی کیشوەری ئەتلانتیکی بانگهێشت کرد و لێیانی پرسی ئەم کیشوەرە چۆن بووە و ژیانی تێدا چۆن بووە و کێ سووتاندی و ئینجا خنکاندی؟

کیس دەڵێ: ئەمکیشوەرە زۆر پێشکەوتوو بووە، ئەتۆمی زانیوە و لیزەری زانیوە و... بۆمبای کۆکردووەتەوە و دەوڵەتێکی ئیمپریالیی زۆردار و دەستدرێژکەر بووە ویستوویەتی میسر و یۆنان داگیر بکا و هەڵەیەکی ئەندازیاری ڕووی داوە... هەموو لەناو بردووە- ئەمەش دوور نییە لە سەردەممانداا دووبارە ببێتەوە و لە بوون بزر بوو هەروەک پێشتر دوو شاری سەدووم و عەموورییەی سەردەمی لووت-ی پێغەمبەر لە ناوچوون وەک تەورات باسیان لێوە دەکا و... زاناکان دارمانی ئەم دوو شارە وا لێک دەدەنەوە لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی ئەتۆمی بێ یان لە بەربوونەوەی کەشتییەکی ئاسمانی بووبێ بە ناو دەریای مردوو "مەییت"دا، کە ئەمەش چیرۆکێکی دیکەیە و دواتر دێینەوە سەری.

بەڵام ئەو شتە سەیرەی ئیدگار کیس گوتوویەتی و ساڵی ١٩٤٠ بارودۆخەکەی سەرەوژێر کرد ئەوەیە کە گیانێک لە گیانەکانی قوربانیانی کیشوەری ئەتلانتەی چووەتە کەوڵەوە گوتوویەتی: من یەکێکم لەم کیشوەرە لە سەر هەرەمی شارخۆفۆ-وە لەگەڵتاندا دەدوێم، من بەڕوونی دیوارگەلێک دەبینم بەرامبەر ڕۆخدەریای مەیامیی ئەمەریکادا نوقمی ئاو بووە... ئەمە سەرەتایە! ئینجا کیس لە بێهۆشی بە ئاگا هاتەوە.

هەندێک مەلەوانی ژێرئاوی ڕوویان کردە ڕۆخدەریای مەیامی و هیچیان نەدۆزییەوە، بەڵام بەپەلەڕوویان لە دوڕگەی "بمینی"ی یەک لە دوڕگەکانی بەهامی کە پەنجا میل لە ڕۆخدەریای ئەمەریکاوە دوورە، لەوێندەرێ لە ژێر ئاودا دیوارێکی ئەستووری درێژیان دیتەوە.. حەوت مەتر ئاوی بەسەرەوە بووە، ئەم دیوارە پاشماوەی قەڵایەکە.. یان پاشماوەی پەرستگەیەک.. یان پاشماوەی مووزەخانەیەک و تەمەنی دەگاتە هەشت هەزار ساڵ...

کە دووبارە لەبارەی ئەمەی کە باسی لێوە کردووە لە کیسیان پرسی، گوتی: ئەم هەر ئەو پیاوەیە کە لەمیسر بۆ ناپلیۆن دەرکەوت و نوشەستیی هێرشەکەی و پێویستیی گەڕانەوەی بۆ پاریسی پێ ڕاگەیاند، کە ڕووداوێکی ڕاستە و ناپلیۆن لە تاراوگەکەیدا لە دوڕگەی سانت هێلانەدا دواتر بۆ پزیشکەکەی گێڕاوەتەوە.

بەڵام یەک لە زانا جیۆلۆجییە یۆنانییەکان ساڵی ١٩٦٠ تەماشای کرد کە هەموو ئەوانەی گەڵا بەردییە میسرییەکانیان وەرگێڕاوە هەڵەیان کردووە، ئەم هەڵەیەش کیشوەری ئەتڵەنتەی لە باکوری ئەسکەندەرییەوە گواستووەتەوە ئۆقیانووسی ئەتڵەنتی. فیرعەونەکان هێمایەکیان بەکاردەهێنا بۆ ژمارە ١٠ هەر ئەوە بۆ ژمارە ١٠٠یش دەست دەدا، بۆیە قەوارەی کیشوەری ئەتڵەنتە دە یەکی ئەو

قەوارەیەیە کە سۆلۆن و ئەفلاتوون و کەسانی دیکە پەسنیان کردووە.

ئەم زانا یۆنانییەش مامۆستا گلافۆپۆلوس–ە. لەسەر ئەمە شۆینی ئەم کیشوەرە لەو شۆینەدایە کە بزر بوو لە دۆرگەی سانتۆریای نێزیک بە کریت و تا باکوری ئەسکەندەرییە درێژ دەبێتەوە...

بەڵام چۆن دەبینین وشەی: ماما لەهەموو زمانە کۆن و نوێکاندا یەکە، بە واتای دایکە؟ داخۆ لەبەر ئەوەیە کە ئەم وشەیە لە کیشوەرێکی دیکەوە هاتووە ناوی: مو؟ ە. ئەمکیشوەرە وەک ئەتلانتس بووە و لە ئۆقیانووسی ئارامدا بووە بەژێر ئاوەوە؟ ئەمە لەمەو دوا دەبینین!

*

## واتەیەکی نوێ

## بۆ کتێبگەلێکی زۆر کۆن..

لە لاپەڕەی یەکەمی کتێبی "کیشوەرە ونبووەکە"دا، ئەم دەستەواژەیە نووسراوە کە تەواو نەبووە، دەڵێ: تاکە بیرۆکەیەکی هیچ و پووچ نەماوە فەیلەسووفێک نەیگوتبێ، ئەفسانەیەکیش نییە ژنێک بڕوای پێ نەکردبێ یان بایەخی پێ نەدابێ!– قسەکە کۆتایی هات.

یەک کەسیش بە تەواوی نازانێ ولیەم ڕۆکۆڵ–ی زانای ئەمەریکایی دوای ئەوە دەیەوێ چی بڵێ. ئەو بەم دەستەواژەیەوە لێ گەڕا و ئەوەی بۆ بەجێ هێشتین ئەوە تێ بگەین کە حەزمان لێیە. هەبێ و نەبێ دەیەوێ بسەلمێنین مادامەکی نە فەیلەسووفە و نە ئافرەتە، بیرۆکەیەکی هیچ و پووچ یان ئەفسانەیەکی لەلا نابینییەوە، بەڵکو ئەو زانایەکی گەورەیە کاغەز و بەرد و ئەشکەوت ئەمدیو ئەودیو دەکا و بە ئاسماندا دەڕوانێ و لە خودا دەخوازێ بیگەیێنێتە ئەوەی ژیان چۆن لەسەر ئەم کیشوەرە خنکاوەدا دەستیپێ کردووە...

لە خوێندنەوەی گەلە سەرەتاییەکانی ئەمەریکاوە گەییە ئەوەی چیرۆککگەلێک دەگێڕنەوە تەواوێک لەوانە دەچن کە لە "کتێبی مردووان"ی لای فیرعەونەکان و ئەوەی لە کتێبی ئەفراندن = پێکهاتن "سفر التکوین"ی تەوراتدا هەیە... ئەوەی تێبینیی کرد باس لە پەیدا بوونی گەردوون دەکەن. هەروەها خودا چۆن ئاو و هەوا و ئینجا گڵی ئەفراندووە.. ئینجا مرۆی لە ئاو دەرهێنا و یان ئاسمان دایگرتووە یانیش خۆر.. ئینجا ژیان چۆن لەسەر زەویدا بە مێردێک و ژنێک دەستی پێ کرد و.. ئەوەی سەرسامیش دەکا ئەوەیە ماوەیەکی زۆر لە ئاو لە نێوانی دوو کیشوەری ئیفریقیا و ئەمەریکادا هەیە.

لە پەنجا ساڵەوە، لە نێزیک دۆرگەیەکدا کە ناوی "بمنی"یە، لە کۆمەڵە دۆرگەکانی بەهامای نێزیک لە ڕۆخدەریای ئەمەریکاوە، لێکۆڵینەوە لە ژێر ئاودا دەستی پێ کردەوە. ئەم وشەی " بمنی " یەش بە زمانی دانیشتووە ڕەسەنەکان: گردی بەرز، یان تەختی شاهانەی سەر ئاو، دەگەیەنێ. بیێر کرنک – ی نووسەری جوولەکە هەوڵی ئەوە دەدا بۆمان بسەلمێنێ ئەم وشەیە "عیبری"یە و لە

دوو وشە پێکهاتووە "ئیبن" بە واتەی بەرد و "بمینی" بە واتای بنیاتە، واتە بەردی بنیاتە. ئەوەی ئەم دۆرگەیەشی دۆزیوەتەوە یەکێک بووە لە ئەفسەرانی کریستۆف کۆڵۆمبس.

هەروەها پێیر کرنک دەڵێ ئەم دۆرگەیە لە ڕۆژێکی سەیردا دۆزرایەوە کە ١٢/ ١٢/ ١٥١٢یە..

ئەوەشی دەخاتە سەر کە کۆلۆمبس بەخۆی جوولەکەیە و گەلێک لە ڕستەکانی تەورات لە یادداشتەکەیدا هەیە، جەخت لەسەر جوولەکەیەتییشی دەکا چونکە ڕەسەنی نەزانراوە و وای بۆ دەچێ کە ڕەسەنی خۆی شاردووە تەوە دا بتوانێ بخزێتە ناو دەرباری شای ئیسپانیا. ڕاستییەکەش ئەوەیە کە ئەو ڕەسەنی خۆی نەشاردووەتەو ە، بەڵکو ئەو مرۆیەکی ئاسایی بووە و ڕەسەن یان لکێکی خانەدانی نەبووە.. هەروەها دوور لە ئیتالیا ژیاوە، چونکە بیرۆکەیەکی لە مێشکدا بووە بەسەریدا زاڵ بووە، ئەویش ئەوە بووە وڵاتی هیندستان بدۆزێتەوە. ئەمەریکای دۆزییەوە و لەو بڕوایەدا بووە ئەمە وڵاتی هیندستان نەبێ هیچ کوێی کە نییە!

ئەم پێیر کرنک–ە نووسەرە فرەنسییەش، چیرۆککەلی میللیی دانیشتووانی دۆرگەی بمبنی _ یە هەڵدەداتەوە و دەبینێ ئەمانە لەم ناوچانەدا لەبارەی "سەرچاوەی ژیان "ەوە، یان "کانیاوی ژیان"ەوە، یان کانگەی بەردەوام لاوییەوە دەدوێن و.. دیواری خزیوی ژێر ئاو نەقشەیل و وشەگهای ئەوتۆی لەسەرە هەر ئەو وشانەن کە لە تەوراتدا هەن. بەڵام تەمەنی ئەم دیوارە بە هەزاران ساڵ لە تەورات پێشترە. بەڵکو بەر لەوەی خودا ئادەم دروست بکا ئەمە هەر هەبووە (تەورات دەڵێ خودا ساڵی ٤٠٠٤ ی پ. ز ئادەمی دروست کردووە، بەڵام زاستی نوێ سەلماندی کە خودا پێش ملیۆنێک ساڵ ئەفراندوویەتی و لەسەر خاکی تەنزانیا).

ئەم لێکۆڵەرەوە فرەنسییە وای بۆ دەچێ کۆڵۆمبس بیست و سێیەمین پێغەمبەری جوولوکەیە و کە چووە بۆ دۆزینەوەی ئەمەریکا سرووشی بۆ هاتبوو، چون تەورات باسی دوو بەهەشتی کردووە: بەهەشتی پاش مردن و ئەم بەهەشتەی خەڵکی بە زیندوویی تێیدا دەژین کە ئەمەریکایە و.. هەردوو بەهەشتەکەش بەشی جوولەکەن!!

بەڵام ئەگەر ئەم هەوەسە ئاینییەی لای ئەم پیاوە بە دوور بگرین، ئەوە دەبینین گەیشتووەتە بەراوردکاریی سەیر لە نێوانی تەورات و هەندێک چیرۆکی میللیی لای دانیشتووانی دۆرگەکانی باهاما.. ئەم چیرۆکانەش بە هاتن و چوون بە میسردا تێپەڕیون و لەلای کاهینە میسرییەکاندا وەستاون و کاهینەکان خۆیان شتیان خستوونەتە سەر و دەستکارییان کردوون. کەواتە دەبێ لەهەموو ئەم مێژووە کۆنەی یەک شارستانێتییەی نێوان کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکادا لە پەنجە و لووتی فیرعەونەکان بگەڕێین...

ژیاریی مرۆڤایەتی لە دۆرگەی بمینی دەستی پێ کردووە.. یانیش پاشماوەی ئەم ژیارییە دێرینەی لە میسرەوە و بۆ میسر گوێزاویەتییەوە لەسەر کیشوەری ئەتلانتس–دا ژیاوە و ئینجا خنکاوە و... هیچی لێ بەجێ نەماوە تەنیا ئەم دۆرگە بچووکانە نەبێ کە ئاماژەیان بۆ دەکا:

دورگەکانی ئۆزۆریس و دورگەکانی باهاما!

بەرلەوەش ژیان لەوێ لە ئۆقیانووسی ئارامی نێوانی ئەمەریکا و ئاسیا زۆر خۆشتر بووە. زانایان گەیشتوونەتە ئەوەی کیشوەرێک لەوێ بووە ١٥٩ هەزار ساڵ ژیاوە و خنکاوە – یانیش ڕێک لە ١٤٤٤٤٤ ساڵ لەمەوبەرەوە هەبووە و ٨٨٨٨٨ ساڵ بەر لە ئێستا خنکاوە و ئەو بەردانەی لە یەکێک لە پەرستگەکانی لاهاسا–ی پایەتەختی تبت دۆزراونەتەوە بۆ ٢١٢١٢ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنەوە..

بەڵام بۆ سەرەتای ئەم داستانە ساڵی ١٨٦٨ کۆڵۆنێلێک لە سوپای بەریتانیا کە ناوی شرشورد = ە چووەتە دێرێک و ئەک لە ڕەبەنەکان بینیویەتی و پێی گوتووە: کوڕم تۆ زۆر خەریکی..

– بەڵێ باوکە!

– چی خەریکی کردووێت؟

– ئەی چۆنت زانی من خەریکم؟

ڕەبەن پێکەنی و گوتی: یەکێکی وەک من حەفتا ساڵ لە خەڵک ڕادەمێنێ لێی ناشارێتەوە، تۆ لە خەڵکی ڕەسەنی ئەم وڵاتە دەگەڕێی...

بێ ئەوەی بواری بدا سەرسوڕمانی دەربڕێ، ڕەبەن پێی گوت: وەرە با پێکەوە بخۆینەوە و بخۆین، تا ئەگەر بەیانی هات ڕێی گەنجینەیەکی گەورەت پیشان دەدەم، تۆ پیاوێکی بەختەوەری کوڕم!

دوای ئەوەی خواردیان و خواردیانەوە کۆڵۆنێل بە ڕەبەنی گوت: بەڵام من ئەمشەو نانووم گەورەم.

نەخێر چاکیش دەنووی. شتێکم بۆ لە خواردنت کرد تا بەیانی دەتخاتە سەر نوێنت، دان بە خۆتەوە بگرە کوڕم دان بەخۆتەوە بگرە...

بەیانی بووەوە و کۆڵۆنێل گەشابووەوە و چووە لای ڕەبەن و بردیە ناو دالانێک لە دێرێکی گەورەدا و مۆمێکی بۆ پێکرد و پێی گوت: هەموو مێژووی ئەم ناوچەیەت لە بەردەمە و بەجێی هێشت...

شرشورد مایەوە، ماوەی پەنجا ساڵ کۆمەڵە بەردێکی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد. هەر پارچە بەردێک " بەردە ڕەشید" یەکی بچووکە و هەر بەردە و وشەیەک یان هەندێک وشەی بەخۆوە گرتبوو، تا گەیشتە ئەو ڕاستییەی چی لەم شوێنەی جیهانەدا قەوماوە...

گومانی تێدا نییە کیشوەرێک هەبووە ناوی "موو" بووە و "موو" واتە دایک. وشەی موو لە هەموو زمانانی جیهاندا بە ڕەسەنی وشەی "دایک" ماوەتەوە... کە هەموو دایکان لێرەوە دەرکەوتوون و ئادەم و حەوواش لێرە نەبێ لە شوێنێکی دیدا دانەبەزیون و.. هەموو شارستانییەکانیش لەم

کیشوەرەوە هەڵقوڵاون و خەڵکەکەی لە سپییە چاوشینە پرچ زێڕینەکان بوون و باڵا بەرز بوون. بەردەکان جەخت لەسەر ئەم پەسنانە دەکەن.

میسری فیرعەونیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەن. کتێبی مردووان کە ناوونیشانی بە زمانی فیرعەونی "بر–مو–حرر" بووە، بە واتای ئەوانەی لە خۆرهەڵاتدا ون بوون... یان ئەوانەی بەڕۆژ ون بوون، ئەگەر واتەی ڕاستەقینەشی ونبوون "مو" بە ڕۆژ–ەوە. کە کتێبی مردووانی فیرعەونی تۆمارێکی نوێی ڕووداوەکانی سەر خاکی "مو" نییە. کتێبەکە لاواندنەوەیەکی کاریگەری دڵنازاردەرە بەوەی بەسەر خەڵکی ئەم کیشوەرەدا هاتووە، ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆریان بەسەردا هەڵاتووە و ڕۆژی دواتر هەڵنەهاتووەتەوە. لەو ڕۆژەدا خۆر لە خاکی "مو" نێزیک بووەتەوە و خەڵکەکە تۆقیون و ڕوویان لە تەلارەکانی شاکان کردووە... کڕنووشیان بردووە و نوێژیان کردووە. ئینجا هەموو شتێک ون بووە.

لە "کتێبی مردووان"دا دەستەواژەیەک هەیە دەڵێ: ئەستێرەیەک لە زەوی نێزیک کەوتەوە و... هەر نێزیک دەکەوتەوە و... هەموو شتێک بووە ئاگر و دووکەڵ و... ئاوی دەریاش هات و هەموو شتێکی کوژاندەوە...

"کتێبی مردووان"یش دەڵێ: لەوێ کیان دەڕوات و نایێتەوە... لەوێ ئەو حەسانەوەیە هەیە کە هەموو داوای دەکەن... ئەو بەهەشتە لەوێیە کە کاهینەکان بەڵێنیان بە گەلی شا پێی داوە.

بەشی بیست و سێیەمی کتێبی مردووان ئەم دەستەواژەیەی تێدایە: خودای بەرزی توانا منی کردە شا بەسەر جیهانی مردووانەوە، ئەو جیهانە ئارام و جوانە...

دەستەواژەیەکی کە دەڵێ: جیهانی کوڕی تیشکی لە پێناوی ئەو گەلەدا چەوساوەیە کە بە ڕۆژ ون بوو...

ئینجا ئەم نزا سەیرەی لەسەر ئەو بەردانەدا نەقش کراون کە کۆڵۆنێل شرشورد دۆزییەوە: خودایە.. ئەی ڕەع – مو ئەی شای خۆر بەندە باشەکانت ڕزگار بکە! (دواتر دەبینی، ژمارەیەک لە شا و سەرۆکان ناوی خۆر لە خۆ دەنێن: ئەخناتوون و زەردەشت و ئەسکەندەری هەرەگەورە و جوولیان و فریدریکی دووەم و ناپۆلیەن و هیتلەر و ماو تسی تۆنگ).

بۆیە پێویستە سێ کتێبی کۆن بخوێنینەوە، بەوەی کە واتەی تازەیان هەیە: کتێبی مردووان–ی فیرعەونەکان و کتێبی حزقیال لە تەورات و کتێبی ئەخنووخ–ی حەبەشی یان سلاڤی و گەشتی لە نێوان ئاسمان و زەویدا.. ئەمکتێبانەی ئەخنووخ سەیرترینی ئەوانەن کە بە ئارامی و عیبری و یۆنانی " گریکی" خوێندوومانەتەوە...

سەیرترین شت کە ئەم شرسورد–ە دیویەتییەوە، چیرۆکێکە لە چیرۆکی بەلقیس–ی شابانووی سەبا دەچێ کە لە ولاتی خۆیەوە لە مەئریب بۆ لای شا سولەیمان. دەڵێن زگیشی لێ پڕ بووە و شایەکانی حەبەشەیان لێی کەوتوونەتەوە (ئەم چیرۆکەی بەلقیس لە کتێبی "شایە بەراییەکان" لە

تەورات و قورئانی پیرۆزدا لە سوورەی سەبادا هەیە)، بەڵام ئەم شابانووە نە ناو نە شێوە و نە سیمایەکی باس کراوە، نە لە تەورات و نە لە قورئاندا... گەنمڕەنگ بووە یان سپی، کورت یا درێژ جوان یان ناشرین؟ کەس بەتەواوی نازانێ. تەنانەت ناوەکەشی "بەلقیس" نامۆ نییە، بەڵکوناوێکی گریکییە مێژوونووسان لێیان ناوە.. واتە: ئەوەی حەزی لە ڕازانەوەیە،یان وێڵ، یان هێرشبەر...

ئەم چیرۆکە وێنەی لە چیرۆکە میللییەکانی گەلی مودا دۆزراونەتەوە...

دانیشتووانی ئەم کیشوەرە ٦٤ ملیۆن بوونە، ئەم کیشوەرە دوای ون بوونی کیشوەری ئەنتلانتس بە چوار هەزار ساڵ ون بووە... لە چەند دوڕگەیەکی پەرتی ناو ئۆقیانووس نەبێ هیچی دیکەی بۆ نیشانە نەماوە ئەمانەش: مارکیز و هاوای و ماریانا و کارۆلین و گلبرت و مارشاڵ و تونجاس و ساموتهایتی و کوک–ن لەگەڵ ئەم دوڕگانەی جەژنی هەڵسانەوەی مەسیح–ە، بە پەیکەرە زۆر گەورەکانییەوە کە پەرستگەی کیشوەرە خنکاوەکە بوون.

شرشرودی دۆزەرەوەی ئینگلیز دەڵێ: بایەخم بەم بەردانە دا، زێدەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم لەسەر گوێم دادەنان، هەر خەریک بوو بیانبیستم، من بڕوام بە کاهینەکە نەکرد کە گوتی: چاوەکانت بۆ بینین بەس نین.. دەبێ گوێیەکانیشت بە کار بهێنی و بە تەواوی تێنەگەیشتم ئەگەر مەبەستی ئەوە بووبێ بچمە لای کاهینەکانی دیکەش و لێیان بپرسم و لێیان ببیەم.. یان ئەم بەردانە دەنگیان هەیە.. ئەم دە نگەش ئەوە نەبێ لە پێناویاندا ژیاوە و بەسەریانەوە و لە نێوانیاندا وەستاوە گوێی لێیان نابێ.. جاری وا بووە گوێم لە دەنگ بووە. داخۆ ئەوەی دەمبیست ڕاستەقینە بوو؟ یان ئەو بیرۆکەیە بوو لە پەنجا ساڵەوە بەسەر سەرمدا زاڵ بوو؟ گوێم لێ بوو و تێنەگەیشتم و.. ئاواتەخوازبووم بمتوانیبا تێبگەم.. بەڵام من وام خوێندنەوە پێشتر کەس وای نەکردبوو. بەبایەخترین قسەیەک کە شرشورد لە خوێندنەوە درێژەکەی و دوای سەردانی هەرەمەکانی جیزە و پەرستگەی کەرنەک ئەوەیە کە گوتوویەتی: ئەگەر کتێبی مردووان نەبایە شوێنی ئەم کیشوەرەم نەدەزانی و تەنانەت خەڵکەکەشی چۆن ژیاون و.. تەنانەت چۆن و بۆچی ئاسمان سووتاندنی و زەوی خنکاندنی! ئەمەش ڕێک ئەوەیە کە کۆمەڵەی " خاچی پەمبەیی " دەیخوێنەوە کە هەموو ساڵێک لە ژووری شا خۆفۆدا نوێژ دەکەن: خودایە.. ئەی ڕەع.. ئەی ئەوەی توانستی هەموو شتێکی هەیە.. ئەی ئەوەی ڕێی خەڵکت بۆ ڕووناککردنەوە و هێشتا دەروونە تاریکەکەیان ڕووناک نەبووەتەوە... ئێمە داوای بەزەییت لێ دەکەین بۆیان دا ئەوەی لە دەیان هەزار ساڵەوە بەسەر خەڵکی "مو"دا هاتووە بەسەریاندا نەیێت!!

شرشورد–ی دۆزەرەوە لە تێبینییەکی سەرپێییەوە بۆ تیوورییەکی چەسپاو بازی نەداوە. بەڵکو بە دوور و درێژی و قووڵی چاوەڕێ دەکا، هەروەک بەردێک لە بەردەکانی نایە پاڵ ئەوی دی تا مێژووی ئەو سەت و پەنجا هەزار ساڵە بزانێ کە بەسەر ولاتدا تێپەڕیوە. ماوەیەکی دوور بەرامبەر ماندووبێتییەکانی ڕەبەنان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەدا دانی بە خۆیدا گرتووە. دروشمەکەی زۆر سادە بووە و لەو نیشانانە دەچوو لە بەیەککەیشتنەوەی ڕێیەکاندا دایاندەنێین: ڕاوەستە بڕوانە.

گوێ بگرە.. ئینجا بجوولێرەوە!

شرشوردیش کە نهێنییەکانی بەردە کۆنەکانی دەکردەوە هەر وای دەکرد!

بەڵام لە ساڵی ١٩٥٨ دا زانا ئەمەریکایی و ڕووسییەکان ڕوون کردنەوەیەکی زۆر وروووژێنەریان بڵاوکردەوە، ڕوون کردنەوەکە لە پەیمانگەی سیوتونیان _ ەوە دەرچوو کە د. فاروق ئەلباز–ی لێ کار دەکا، ڕوونکردنەوەکە دەڵێ:

"خەڵکی ئەسکیمۆ لە باشوورەوە کۆچیان بۆ باکور کردووە و کۆچەکەشیان کوتوپڕ بووە، پرسیار ئەوەیە: چۆن پێکەوە بڕیاریان دا؟ ئەی چۆن لە پڕ کۆچیان کرد. و بۆچی؟ ئەی لە باشووردا چی ڕووی داوە وای لێیان کردووە لە ئاسیا و مەنگۆلیاوە بەرە و باکور هەڵبێن؟ بۆچی بەهەشتی دوڕگەکانی باشووریان جێ هێشتووە؟

ئەسکیمۆ لەبارەی جیهانی دەرەوە هیچ نازانن، هەروەها لەبارەی باشووریشەوەش، بەڵام ئێمەش تاکە وەڵامێکیشمان بۆ ئەوە نییە. بەڵام دەبێ بیر لەم دۆزە بکەینەوە..".

زانایانی بۆشایی ئاسمانی ئەمەریکایی و ڕووس پێکەوە لەمڕوون کردنەوە بەبایەخەدا دەڵێن: با وایبگرین هۆی پێشکەوتوو هەبووبێ بۆ گوازتنەوەی ئەم خەڵکانە بۆ باکور و.. با ئەو گۆرانییانەی ئەسکیمۆ بخوێنینەوە لە هەزاران ساڵەوە تۆماریان کردووە.. هەندێک لەم گۆرانییە میللییانە دەڵێن: هەندێک لە عەشیرەتەکان بە ئاسمانەوە برانە باکور.. لەسەر مەلی فرەگەورەی لە ئاسن دروست کراودا هەڵگیران، ئەم مەلانە هەزاران خەڵکی هەڵگرت و لە باکوردا دایگرتن... ئینجا خانووی بۆ بنیات نان و خۆراکیان بۆ دانان و جێیان هێشتن و گەڕانەوە بۆ ئەوەی هی دیکە بهێنن. ئایا ئەمڕۆ دەتوانین بەڵگۆکەی دلالە وەک ئەم گۆرانییانە ڕەت بکەینەوە؟ هەر دەبێ بگەڕێینەوە سەرەڕۆییەکانی بەر لە هەزاران ساڵی میر ڕامای هیندی – ئەو کتێبەی ناوی "ڕامایانا"یە – و دەبینین باس لە فڕۆکە و ڕۆکێت ە دەوروبیە فڕیوەکان و هێرش بردنە سەر دوژمنان بە گازی فرمێسکڕێژ و وا لە هێزە ناحەزەکان دەکا خەویان لێ بکەوێ.. بەڵکو ڕووەکگەلی کێڵگەکانیش دەژاکان تا دەمردن؟!!

ئینجا هەر دەبێ بگەڕێینەوە سەر خوێندنەوە و بیرکردنەوە لەمەی حزقیالی–ی پێغەمبەر کە ٢٥ سەدە بەر لە ئێستا لەلای شاری بەغدادا بینیویەتی..

*

## ڕاگوزارییەکەی ئیدریس-ی پێغەمبەر
## لە کەشتییەکی ئاسمانیدا بووە

ئاوڕبدەنەوە و بەبێ تووڕە بوون بڕوانن!

نازانم ئەم بانگە کەی بەرز بووەوە، خوێندنەوەی زانستیی جیددیی بە دواوە هات شوێنەوارەکان و کتێبە کۆنەکانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد و شتێلی تازەیان تێیاندا دەبینییەوە، کە هەموو شتێکی ڕۆیشتوو وا نییە گەڕانەوەی بۆ نەبێ.. بەڵکودەشێ بگەڕێتەوە و واتەیەکی نوێی پێ بێ هەزاران ساڵ لەبیری کەسدا نەبووبێ.

بۆ نموونە -وەک بینیمان- "کتێبی مردووان"ی فیرعەونی تەنیا نوێژ یان نزا نییە بۆ مردوو و بۆ داواکردنی ژیان و فەڕی دوای ئەوە. بەڵکو "کتێبی مردووان" بە (١٩٠) بەشەکەیەوە بەڕێخستن و لاواندنەوەی خەڵکانێک کەڕۆژانێک هەبوون و دوایی ڕۆیشتن.. یان "بەڕۆژ چوون" و نەهاتنەوە، کە لە ژێر ئاودا بزر بوون. هەندێک لە زانا کاراکانیش وای بۆ دەچن کە ئەمانەی لە ژێر ئاودا بزر بوون، جگە لە دانیشتووانی کیشوەرێک نین کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ئۆقیانووسی ئارامدا بووە و لە هەزاران ساڵەوە لە ناو چووەو... لە "کتێبی مردووان" و پاشماوەکانی ئەم کیشوەرەدا شتگەلی ئەوتۆ هەن جەخت لەم واتایە دەکا..

کەواتە دەبێ "ڕامایانا"ی کتێبی هیندی بخوێنینەوە، ئەو داستانەی بەر لە ٢٣ سەدە نووسراوە و ٤٨ هەزار دێڕە شیعری لە خۆی گرتووە و سەرەڕۆیی "ڕاما"ی لاو و بیست ساڵی ژیانی لە تاراوگەدا و ئەوەی بەسەر هاوسەرەکەیدا هاتووە و ئینجا گەڕانەوەی بۆ نیشتیمانەکەی دەگێڕێتەوە.. چیی بینیوە؟ ئەم کەشتییە ئاسمانییە سەیرانە چین کە لە نێو ئاسمان و زەویدا هاتوچووی پێیانەوە کردووە؟ ئەم پەسنە بەهەردارانەی لە ڕاگوزارییەکانی بێو ئەستێرەکانی دیکەدا تۆماریانی کردووە؟ ئەوە چۆن بووە؟ ئەمڕۆ ئەمە واتەی چییە؟

هەر دەبێ دووبارە ئەفسانە گریکییەکان بخوێنینەوە و خوداوەن و بیمچە خوداوەندەکانی دانیشتووانی چیاکانی ئاڵپ چۆن بوون؟ خوداوەندەکان و مرۆیەل چۆن هاوسەرگیرییان ئەنجام دا؟ کتێبە پیرۆزەکان شتێک لەم بارەیەوە دەگێڕنەوە. ئەی پیاوە باڵا بەرزەکان چۆن بوون؟ گیانداران چۆن بە پەلەیەکی سەرسوڕمێن لە ئاژەڵییەوە بۆ مرۆڤایەتی وەردەگەڕان؟

هەر دەبێ "هەزار و یەک شەوە" بخوێنینەوە. ئەو پڕوپووچ و سەمەرانەی تێیدان پڕوپووچ نین ئەگەرچی سەیر و سەمەرەن. سەردەمی بۆشایی ئاسمانی ئەم مافەمان دەداتێ و ناخمان پڕ لە ترس وبیم ناکا. گەلێک بەڵگەی بایۆڵۆجی و گەردوونی هەن ڕاستیی ئەمانە دەسەلمێنن وەک لەمەودوا دەبینین..

کتێبە کۆنەکانیش کتێبی سەیرتر لە کتێبەکانی "نهێنییەکانی ئەخناتوون"یان تێدا نییە. ئەم

ئەخنووخ–ە پێغەمبەر بووە و چاک و پیاوباش بووە، کەسێکیش تا ساڵی ١٧٧٦ نەیزانیوە کتێبەیل و نهێنیی بووە تا دەریاوانێکی سکۆتلاندی کە ناوی پرۆس بووە دانەیەکی لە نهێنییەکانی ئەخنووخ–ی پێغەمبەری دۆزیوەتەوە. لە ئیسیووپیا "حەبەشە" دۆزییەوە. دوای ئەوە بە سەت ساڵ دانەیەکی دیکەیان لە نهێنییەکانی ئەخنووخ لە یۆگۆسلاڤیا دۆزییەوە. ئەمکتێبەش لە دەقگەلی عیبری یان گریکی، یانیش لە ئیسیووپییەوە وەرگێڕراوە و... کەسیش بە تەواوی نازانێ ئەخنووخ لە کوێ ژیاوە. لە "عێراق" بووە یا لە ئەرمینیا یانیش لە ئازەربایجان؟ زانایان ناکۆکن..

دەڵێن نووح "درووی لێ بێ" (نهێنییەکانی ڕاگوزارییەکانی ئەخنووخ"ی لە کەشتییەکەیدا هەڵگرتووە. ئەخنووخ، متوشالح–ی کوڕی ڕاسپاردووە ئەم نهێنییانە هەڵبگرێ و دوای خۆی بۆ کوڕەکانی و نەوەکانی بهێڵێتەوە، متوسالحیش هەر وەهای کرد، کە نووح–ی نەوەی، ئەم نهێنییانەی لەو کەشتییەدا هەڵگرت کە بەر لە تۆفان بنیاتی نا و بە خۆی و خاووخێزان و گیانلەبەرانی لەسەر چیای ئەراراتی ئەرمینیا (؟!) ستاریان گرت..

کتێبەکانی ئەخنووخ لە ١٠٨ بەشدان و باسی بەهەشت و ئاگر و ڕۆژی پەسڵان دەکا و لەبارەی ئەو تۆفانەوە دەدوێ کە هەموو گێتی بەژێر ئاوەوە دەکا. کوڕەکەی پەند داداوە ئەم ڕووداوە گەورەیە بۆ نەوەکانی بگێڕێنێتەوە و نووح بەر لە ڕووداني پێی زانیوە.

لە بەشەکانی لە ١٧ هوە تا ٣٦ لە کتێبەکانی ئەخنووخ باسی گەشتەکەی کردووە بۆ جیهانەکانی دیکە. پەسنی ستارەکان و سووڕانەوەی خۆر و هانگ و زەویی کردووە.. ئەوەی سەیرە ئەوەیە لە خولگە نابازنەییەکانی ئەستێرەکانەوە دوواوە.. هەروەها لە پلەکانی گەرمی و بەدووی یەکدا هاتنەوەی ڕەنگەکان لە دوور و نێزیکەوە کردووە.

لە بەشی ١٤ دا ئەخنووخ دەڵێ:.. منیان لە دیوارێکی کرستاڵەوە کە بە ئاگر و پریشک دەورە درابوو بردە ناو ئاسمان و... چوومە ناو ئەم تەنە ئێجگار گەورە بریقەدارەی کە بۆ ئاسمان بەرز بووەوە...

لە کتێبەکانی ئەخنووخدا پەسنێکی سەیر و سەمەرەی ئەو کەشتییە هەیە کە دووبارە بۆ ئاسمانی بردووە...

ئەخنووخ ساڵانێکی ئەوەندەی ڕۆژانی ساڵ ژیاوە، واتە ٣٦٥ ساڵ.

ئەخنووخ نەمرد، بەڵام سەرکەوت و چووە ئاسمان و نەهاتەوە. ئەخنووخ بەر لەوەی بزر بێ میوشالح–ی پەند دادا و گوتی: بەم جۆرە ڕۆڵە هەموو نهێنییەکانی جیهانت بۆ باس دەکەم. هەموو شتێکم بۆت ئاشکرا کرد... لێمی بپارێزە و دوای خۆت بیاندەرە کوڕەکانت.

تەورات دەڵێ: ئەخنووخ لەگەڵ خودا بەڕێ کەوت و... پەیدا نەبووەوە چونکە خودا بردی.. واتە خودا هەڵیگرت بۆ ئاسمان و.. ئەم ئەخنووخە ئیدریس–ی پێغەمبەر بووە کە قورئانی پیرۆز لەبارەیەوە دەڵێ: (واڕکر فی الکتاب إدریس إنه کان صدیقا نبیا. ورفعناه مکانا علیا). واتە: "لە

کتێبدا ئیدریس بەبیر بهێنەرەوە باوەڕپێکراو و پێغەمبەر بوو. بۆ شوێنێکی بڵندمان بەرز کردەوە".

قورئان جارێکی کەش باسی کردووە و دەڵێ: (وإسماعيل وإدريس وذا الكفل كل من الصابرين). واتە: "هەروەها ئیسماعیل – یش و ئیدریس–یش و زولکیفل–یش هەر یەکەیان لە دان بە خۆدا گرەوەکان بوون".

هەروەها سی ساڵ لەمەوبەر لە تەک "گوندی قەمەران"ی باکوری دەریای "مەییت"دا ئەو دەستنووسە بەناوبانگانەیان دیتەوە کە بە "دەستنووسەکانی دەریای مەییت" یان بە "پێچراوەکانی دەریای مەییت" ناسراون.

تێییاندا کورت کراوەی تەورات و نوێژەکان و خوداپەرستییەکانی لای جوولەکان و لەلای کۆمەڵێکدا ناوی خاوێنان "الاگهار" ناسراون. دەڵێن مەسیح درووەی لێ بێ هاتوشوویانی دەکرد. ئەم دەستنووسانە چیرۆکێکی سەیریان تێدایە. دەڵێن باوکی نووح درووەی لێ بێ لەگەڵ هاوسەریدا بەشەڕ هاتووە و.. لێی پرسیوە: ئەم کوڕەت لەکوێ بوو؟

– کوڕی تۆیە.

– کوڕی من نییە.

– با کوڕی تۆیە و.. کوڕی ئلسمان نییە.. نە لەلای ڕێبوارێکی ڕێگوزارەوەم هێناوە، نە لەلای سەربازێکی هەڵهاتووەوە. ئەمە کوڕی تۆیە!

ئەوەی ڕووی دا ئەوە بوو باوکی نووح کوڕێکی لە نێو منداڵەکانیدا دیتەوە، پێشتر نەیدیتبوو. چووە مااڵی میتاشالح–ی باوکی ڕاوێژی پێ بکا و بڕیاری ئەوەی دا کوڕیەتی و.. ڕۆژگار بۆ شتێکی ئامادە کردووە دواتر دێ..

ئەم منداڵە نامۆیەی نێو منداڵان نووح بووە– واتە: حەسانەوە!

واتەی ئەم ڕووداوەش و ئەوانەی لە تەورات و کتێبە کۆنەکاندا هاتووە وەک: کوڕی خودا.. یان کوڕی ئاسمان... یان زۆرداران... وادەگەیەنێ کە بوونەوەری دیکەی لە مرۆ نامۆ هەبوون لە ئاسمانەوە دەهاتنە خوارێ و لە نێو خەڵکدا دەژیان و تێکەڵیان دەبوون و منداڵیان لێیان دەبوو و.. زۆر جاریش ئەوە ڕووی داوە وەک لەمەودوا دەبینین.

زانای مەزنی ڕووس ئاگرست وای بۆ دەچێ ئەوەی ئەخنووخ باسی لێوە کردووە لە دەوروبەری فرێو بەولاوە چیی دیکە نەبووە، بۆی دابەزیوە و هەڵی گرتووە!

بەڵام ئەمەی حزقیالی پێغەمبەر دەیگێڕێتەوە شتێکی سەیرە.

ئەوە ساڵی ٥٩٢ ی پ.ز ڕووی داوە و.. حزقیال لە تەنگانەیەکی توندا بووە. لەوە سەرسام بوو کە لەپڕێکدا کەشتییەکی ئاسمانیی لەبەردەمدا هاتەوە خوارێ. ڕەنگ بە بریق و باق و گەردەلوولێکی پێش کەوتووە. بەڵام بەبێ دەنگە دەنگ، ئەگەرچی تیشکەکانی و چەرخەکانی و

دەستەودایەرەکەی تۆقاندوویانە. دارمایە سەر زەوی تا هەڵیانگرت و بە ئاگایان هێنایەوە. بەڵام حزقیال توانیی هەموو شتێک بەو پەڕی وردەکارییەوە پەسن بکا.

مێژوونووسانیش هاتن و لەم چیرۆکەی حزقیالەدا پێشبینییەکیان بینی لەمەودوا ڕوودەدا، یان ورێنەیەک یانیش خەونێکی ترسناکیان تێدا بینی. کەس باوەڕی بەوە نەدەهات و چۆن؟ ئەوەی ڕووی داوە بە ڕاستی ڕووی داوە.

شیعری حزقیال پەسنێکی زۆر وردی ئەم ڕووداوە زانستییە تێدایە، حزقیال بە زمانە تەوراتییە کرچوکاڵەکە دەڵێ:

ڕوانیم بایەکی ڕامـاڵ لە باکورەوە هات. هەورێکی زۆر گەورە و ئاگـریک بەردەوام و بریقـەی بەدەوردا، لە ناوەڕاستیشییەوە چون دەیمەنی مسی بریقەدار لە ناوەڕاستی ئاگرەوە. لە شێوەی چوار گیانلەبەریش سیمای مرۆیان هەیە و هەریەکەیان چوار ڕوویان هەیە و هەر یەکەشیان چوار باڵیان هەس و پێیەکانیان ئەستوونین و پێی لاقەکانیان وەک پێی مانگا بوون. بریقەیەکیش وەک دیمەنی مسی لووس کراو و دەستەیلی مرۆ لە بن باڵەکانیاندا لە چوار لایاندا. باڵەکانیشیان یەکیان بە براکەیەوە پەیوەستە. لەکاتی ڕێ کردنیدا نازانن هەریەکەیان بەلایەکدا دەڕۆن. بەڵام شێوەی دەموچاویان ڕووی مرۆڤن. ڕووی شێرێک لەلای ڕاست و بۆ هەرچواریان، ڕووی چێلێکیش لە باکور بۆ هەرچواریان و ڕووی بازێک بۆ هەرچواریان. بەڵەکانیشیان لەبانەوە کراوەتەوە، هەریەکە دووانیان هەبوو یەکیان بە براکەیەوە پەیوەستە.. بەڵام ئەوانەی لە گیانلەبەران دەچن دیمەنیان لی پەنگری داگیرساو دەچێ. ئاگریش بریقەیەکی لە ئاگریان هەبوو لە گڕکانێکەوە دەردەچوو گیانلەبەرەکان سەیریان کرد گوێیەک لەسەر زەویدا بوو لەتەک گیانلەبەراندا بە چوار ڕوویانەوە. دیمەنی غەرغەرە " بەکرە " کانی وەک دیمەنی "زەبەرجەد" پەسن کرد و دیمەنیشیان وەک غـەرغـەرەی ناو غـەرغـەرەیە. کـە ڕێی کـرد، بەسـەر هەرچوار لایەوە ڕێی کـرد. چوارچێوەکانیشیان بەرز و سامناک بوون و چێوەکانیان پڕ لە چاو بوون. کە ڕێی کرد گوێم لە دەنگی باڵەکانیان بوو وەک هاژەی ئاوێکی زۆر وەک دەنگی لەشکر... تاد ئەوەی حزقیال لە پەسنی ورددا گوتوویەتی.

د. فەوزی بەحراوی–ی بەڕێوەبەری کۆمپانیای هۆگەست–ی ئەڵمانی نوێترین کتێبی فۆن دینکن–ی نووسەری ئەڵمانیی پێشکێش کردم، ناونیشانی "جیهان لە وێنەگەلێکدا"یە. کتێبەکە ٣٧٥ وێنەی سەیری ئەم جیهانەی بەخۆوە گرتووە. ئیبریش فۆن دینکن وای بۆ دەچێ ئەوەی حزقیاڵ گێڕاویەتییەوە پەسنێکی زۆر وردی کەشتییەکی ئاسمانییە یانیش یەک لەو فڕۆکە هەلیکۆپتەرانەیە کە ئەمەریکاییەکان لە بیابان و زۆنگاوەکاندا بەکاریان دەهێنن. سەرنج بۆ ئەو هەموو چاوانە ڕادەکێشێ کە کەشتییەکەیان پڕ کردووە و هەروەها بۆ دەنگە فیشکەدار" نەفاسە " کەی کە لە هاژەی ئاو دەکا ئینجا بۆ غەرغەرەی ناو غەرغەرە _ کە جۆرێکە لە چاو فریودان کە بزوێنەرێک بە تیژییەکی زۆر دەسووڕێتەوە.

بلۆمریش–ی ئاسمانناس–یش له کتێبی "ئاسمانیش کرایەوە"دا، دەستەواژەکانی حزقیالی بە کەشتیی ئاسمانی یان بە هەلیکۆپتەرێکی ئاسمانی وەرگێڕا و ئەم فڕۆکەیە دەبێ لە ئیستگەیەکی خولگەییەوە دابەزیبێ و نەخشە و وێنەکانیشی لە ڕاستیی ئەوەی لە کتێبی حزقیالدایە هاتووە. ئەوانەی لە فڕۆکەکەشەوە دابەزیبن و قسەیان وەل حزقیال کردووە و نامەیەکی تایبەتییان پێ ڕاگەیاندووە، ئەمەش چیرۆکێکی کەیە– وەک دواتر دەیبینین..

هەروەها لەو چیرۆکە سەیرانەش " داستانی گلگامش"ە کە بە نەخش کراویی سەر ١٢ تابلۆی قوڕ دۆزراوەتەوە بە زمانی ئەکەدی نووسراوەتەوە. ئەم داستانەش زۆر لە کتێبی " ئەفران"ی ناو تەورات دەچێ.

داستان باسی گلگامش–ی پاڵەوان دەکا کە دیوارێکی لای شاری ئۆرووک بنیات ناوە لە عێراق. ئەم گلگامش _ هش دوو لە سێی خوداوەندە و سێ یەکەی دیی مرۆڤە. بۆیە هێمای هێز و جوانی بووە.

لە داستانەکەدا کەسێکی دی هەیە ناوی ئەنکیدۆیە، لەشی بە موو داپۆشراوە و وەک گیانلەبەرانی دی گیاوگۆڵ دەخوا. شا گلگامش هەر کە دەیبینێ کچێکی جوانی پێشکێش دەکا، کە نیمچە خوداوەند و نیمچە مرۆڤە_ واتە دەکرێ شوو بە نیمچە خوداوەندانیش و ڕۆڵەکانی زەویش بکا.

لەپڕێکدا –داستانەکە دەڵێ– گەواڵەیەک لە دوورڕا هات.دەنگ و غەڵبەغەڵب، زەوی دەهەژێنێ. گەواڵەکە بەسەر ئەم ئەنکیدۆیەدا نیشت و گرتی.

گلگامش و ئەنکیدۆ لە قەڵای خوداوەندێک نێزیک بووەوە و مرۆڤەکە دەنگێکی بیست دەڵی: کێ لەم شوێنە نێزیک ببێتەوە دەمرێ. هەر کەسێکخوداوەند ببینێ بێگومان دەمرێ! لە "کتێبی دەرچوون"ی تەوراتیشدا ئەمە هەیە: "ڕووم ببینی ئەوەی بمبینێ ناژی!"

لە داستانەکەدا پەسنی یەکەم ڕاگوزاریی ئاسمانی هەیە: بۆ ماوەی چوار سەعات فڕی. پێی گوترا: سەیری زەوی بکە. چۆنی دەبینی؟ سەیری دەریا بکە و بزانە چۆنت دێتە بەرچاو؟

دەڵێ: زەوی کێوێک بوو دەریاش دەریاچە.

چوار سەعاتی دیکە فڕی، پێی گوترا: بڕوانە زەوی، بە چاوتەوە چۆن دیارە؟

تەماشای دەریا بکە، بە چاوتەوە چۆن دیارە؟ گوتی: زەوی باخچە بوو، دەریاش کێژۆڵەیەکی گچکەی ناو ئەم باخچەیە.

چوار سەعاتی دیکە دوورتر فڕی و لێی پرسرا/ بنۆڕێ زەویت لە ژێرەوەدا و چۆنی دەبینی؟ بڕوانە دەریا و پێم بڵێ لە دوورڕا چۆنی دەبینی؟

گوتی: زەوی وەک هەویرم لێ دیار بوو و دەریا وەک هەور!

چۆن توانیی لەهەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە پەسنی ئەوە بکا؟

لە داستانەکەشدا، شووە لای "باوکی مرۆڤان" و هەواڵی تۆفان و کەشتیی دایێ و سەیرەکەش ئەوەیە لقە زەیتوونەکەی بەدەستەوە گرت. هەروەها باسی ئەو خەڵک و گیانلەبەرانەشی بۆ کرد کە سواری کەشتییەکە بوون..

هەروەها ڕاگوزارییەکەی گلگامش باسی دەرگاکانی بەهەشتی تێدایە.. یان ئەو دەنگانەی لە دەرگاکانەوە دێن، یان لە پەنجەرەکانەوە وەک بڵێی باس لە مایکرۆفۆنگەلێکی زۆر تازە دەکا..

دەسا ئەم داستانە لەکوێوە هات؟ ئایا لە ئەمەریکای باشوورەوە؟ چیرۆکەکانی پیرۆو مەکسیک باس لە داستانێکی دیکە دەکەن کوت و مت لەم دەچێ.. باسی دەروازەی خۆر دەکا! و باس لەو زۆردارەیل و بالابەرزەیلە، یان لەو " کوڕانی ئاسمان " انەی وا دابەزیونەتە سەر زەوی.. بەتەواوی، هەروەها چیاگەلێک لەسەر سنوورەکانی لیبیا و جەزائیر کە ناوی زۆرداران "جەببارین"ە و ئەم زۆردارەیلە نەقشی فرۆکەیان هەیە و خوودەی ئاوییان هەیە ئەشکەوتەکانی تسیلی لە بیابانی لیبیا پاراستوونی..

ئەو ڕێیەی لە ئەمەریکای باشوورەوە دەڕوا و بە میسری فیرعەونیدا ڕەت دەبێ بۆ دیجلە و فورات و لە هەزاران ساڵەوە نەبڕاوە –لە ئەم کەشتییە ئاسمانییانە و نە پێشەنگە زۆردارەکانیان– هەر وەک دواتر دەبینین!

*

## گشتیان لەناو هێلکەیەکی زێڕیندا هاتوونەتە زەوی

پیاوێک و ژنەکەی و منداڵەکانی لە کێڵگەکاندا پیاسەیان دەکرد دەوروبەکی فڕیویان بینی.. هەواڵەکە کۆتایی هات کە ئاژانسەکانی دەنگوباس لە چیللیی ئەوپەڕیباشووری ئەمەریکاوە ڕایانگەیاند. کەس بە شتێک بە دوای ئەم هەواڵەدا نەچوو، چونکە دۆزی دەوروبە فڕیوەکان زۆر و بە دوور و درێژی گفتەگۆیان لەبارەوە کراوە و جیهان و ڕەمەکی خەڵکەکە گەیشتنە یەک ئەنجام: ئەمە ڕێی تێ دەچێ، ئەم دەوروبەرانەش لە ئەستێرەگەلێک دووری کەوە هاتوون، کەواتە: جگە لە زەوی ئەستێرەی دیکەی زۆر هەیە بوونەوەری ژیرتریان تێدایە و ئەم بوونەوەرانە توانیویانە بە هۆگەلێکی پێشکەوتووتر بگەنە ئێمە.. تەواوێک وەک ئەوەی ڕۆکێتگەل و کەشتیگەلی ئاسمانیمان نارد "زوهرە" و "مەریخ". سبەی و دوو سبەیش دەنێرینە کۆمەڵگەلی خۆرەیلی دیکەی بە ملیۆنەها ساڵی تیشکیی دوور لە ئێمە.

پرسیار: ئایا ئەستێرەی دیکە هەن کەسانێکیان تێدابێ؟

وەڵام: ئاوەز ڕێ لەمە ناگرێ، چونکە ناچێتە عەقڵەوە لەم گەردوونە فرە گەورەیەدا بەتەنیا بین.

پرسیار: ئەی ئەم ئەستێرانە لە کوێن؟

وەلام: ئەستێرەگەلێکی لە ئەژمار نەهاتوو لەم گەردوونەدا هەیە.. ئەگەر ملیۆنەها ملیۆن هەسارەی لێ بن، ئوو هێندەی ش ئەستێرەی بۆ ژیان شیاوی لێیە.. واتە ملیۆنێک ئەستێرە بەلای کەمەوە هەزاران ساڵی تیشکی لەم کۆمەڵەیەمانەوە دوورە.

پرسیار: ئایا ژیانیان تێدا ژیانێکی مرۆیانەیە؟

وەلام: هەرگیز پێویست نییە شێوەی ژیان تەنیا بۆ مرۆ شیاو بێ، شێوەگەلێکی کۆتایی نەهاتوو لە ژیان هەیە: لە ئاودا و لە قوڕدا و لە هەوادا و.. جۆرەها ژیانیش هەن پێویستیان بە ئۆکسجین نییە و... پێویست نییە شێوەی مرۆ تاکە شێوەی بوونەوەرە ژیرەکان بێ.

پرسیار: بەڵام ئەم دەورییە قڕیوانە بۆچی دێنە زەوی؟

وەلام: نازانین. بەڵام گومانی تێدانییە کەشتیگەلی ئێجگار گەورەی ئاسمانی هاتوونەتە زەوی و شوێنەواریان جێهێشتووە. ئەم شوێنەوارانە لەسەر بەرد و ئەشکەوتەکاندا وێنەیان کێشراوە و چیرۆکەکانیان لە کتێبە کۆنە ئاینی و نائاینییەکاندا ماونەتەوە و کاهینەکان و پیاوە ئاینییەکان نهێنیی ئەم ڕاگوزارییە ئاڵۆزانەیان پاراستووە و.. هەندێک کەسیش کە ویستوویانە ئەو بوونەوەرە ئاسمانییانە پەسن بدەن کە لە ئاسمانەوە دادەبەزن، پەسنەکان سادە بوون گەرچی وردیش بووبن.. ئەمانەمان لە کتێبە هیندییە کۆنەکان و فیرعەونی و داستانی گلگامش–ی بابلی و تەورات و کتێبی ئەخنووخ–دا بینی...

پرسیار: هەموو ئەو بەڵگانەی ڕوودراوەکانی هەزاران ساڵ لەمەوبەر شوێنەوارێکیان نییە تەنیا ئەوەی لە کتێبە کۆنەکاندا هەیە، ئایا شوێنەواری نوێ نییە؟

وەلام: شوێنەوارگەلی زۆر تازە هەیە و.. کتێب و خوێندنەوەی بایۆلۆجی و کیمیایی هەن بۆ لێکدانەوەی ئەوەی لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە لە ئەورووپا و سەدەی بیستەم لە ڕووسیا و باشووری فرەنسا لە نێزیک قیەننا و لە موزەخانەی میسری (– دیمەنی ئەوفڕۆکەیەی پێشەنگەکانی ئاسمان سەرەتای ئەم ساڵ لەبەردەمیدا وەستان شتێکی سەرسوڕمێنە) هەروەها لە موزەخانەی بەغدا و ئەشکەوتەکانی لیبیل و لە باشووری سوودان و لە دوڕگەی هەڵسانەوە (الفصح)دا ڕوویان داوە.

(تۆر هایرداڵ)ی دۆزەرەوەی نەرویجی هەوڵی داوە شارستانیی پیرۆ بە شارستانیی ئەو دوڕگانەی بە ئۆقیانووسی ئارامدا پەرتن ببەستێتەوە، ئینجا هەوڵی دا شارستانیی میسری کۆن و شارستانیی پیرۆ و مەکسیک بە یەکەوە ببەستێتەوە، واتە نێوانی شارستانیی میسری کۆن و هەموو شارستانییە کۆنەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە...

سەرنجی ئەوەشمان داوە کە ئەوەی فیرعەونەکان لە "کتێبی مردووان"دا تۆماریان کردووە، جگە لەلاواندنەوەی خەڵکانێک نەبێ کە لەسەر دوڕگەیەکی زۆر گەورەدا دەژیان هیچی دی نییە، دواتر ئەم دوڕگەیە بەڕۆژ لەناو چوو و بە ئاگرێ سووتا و لە ناو چوو شەوی کردە ڕۆژ و دوڕگەگەلێکی

پەرت و بڵاو نەبێ هیچی دیکەی لێ نەماوە، تەنیا یەکێکی ئەم دۆرگانە هەموو جیهانی هەژاندەوە کە "دۆرگەی هەڵسانەوە"یە.

ئێستا دەست بەو باسە دەکەینەوە کە لە بەشی پێشەوەدا لەم شوێنەدا دەستمان پێ کرد.

زانایان سەرنجیان دا، ئەو ڕێی هاتنەوە و چوونەوەیە بە هەڕەمەکانی جیزەدا دەڕوا لە هەزاران ساڵەوە هەر لەکارداید و زانایان لە هەموو جیهانەوە هەوڵیان داوە نێوانی هەرەمەکانی جیزە و ئەو شتانەی هیرۆدۆت لە کاهینە میسرییەکانی بیستووە و گێڕاویەتەوە لەلایەک و ئەوانەی نەقشەکانی پیرۆ و دۆرگەی هەڵسانەوە تۆماریان کردووە بەیەکەوەیان ببەستنەوە.

ئەمدۆرگە بچووکە (٦٠ کیلۆمەتر دووجا) یەی ژمارەی دانیشتووانی هەزار کەسن و خەڵکەکەی سەرەتایین و بە ماسیی دەریا و بەروبووی سەرزەوی و پەروەردە کردنی ئاژەڵ دەژین. لەوانە بوو ئەم دۆرگەیە وەک هەزارانی دیکە، بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ بخکابایە.. بەڵام لە ١٧٧٢ دا لە ڕۆژی (فوصح)دا یەک لە دەریاوانەکان دۆزییەوە. تەنیا لەم سالانەی دواییشدا، دۆرگەکە بووە مووزەخانەیەکی گەشتیاریی زۆر گەورە.. کە سەتان پەیکەری ئێجگار زل بەسەر خاکی دۆرگەکەدا پەرتوبڵاو بووەتەوە و ئەم پەیکەرانەلە بەردی گڕکانی داتاشراون. کەس نازانێ چۆن لەتوانستدا بوو دابتاشرێن و نە چۆن توانرا بگوێزرێنەوە و نە زانرا بۆچی لە شوێنەکانی خۆیان دانران و هەموو ڕوویان لە خۆرهەڵات کراوە، نە بۆچیش لە قوڕ و بەردی پەمبەیی شەپقەیان بۆ کراوە؟ بۆچی؟ ئایا پەیکەرگەلێکی لەناونەچوو بۆ خەڵکانێکی دیکە تۆمار دەکەن کە بەسەریاندا دابەزیون و ئینجا گەڕاونەتەوە ئاسمان... ئینجا کێن ئەم "بەهێزانە"ی توانیویانە بەرد ببڕن و دایتاشن و بیگوێزنەوە و.. لەپڕ کانەبەردی زلیان تێدا دەدۆزینەوە سەدان پەیکەریان تێدا بڕاونەتەوە و کەس تەواوی نەکردوون و.. بەڵکو دانیشتووانی دۆرگەکە تۆقیون و بەجێیان هێشتوون... هەروەکو هەن بەجێیان هێشتوون.. بۆچی؟

ئەونەقشانەی لەسەر ئەم پەیکەرانەدا هەیە فیرعەونین.. ئانیش زۆربەیان پێتگەلی فیرعەونین،چۆن؟ وبۆچی؟ ئەمەش دیسان مەتەڵە و لێکدانەوەی نازانین... لە نێو ئەو ئەفسانانەشدا کە خەڵکی دۆرگەکە دەیانگێڕنەوە: "خودا" – ئەوان ناهێکی دیکەی لێ دەنێن... جیهانی لە " هێلکەیەکی زێڕین " ئەفراندووە، ئەم هێلکەیە لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارێ ئاگرێک پێشی کەوتووە و ئاگریکشی بە دواوە بووە.. ئینجا لە دۆرگەکەدا نیشتەوە و دوای ئەوەی ئاگرەکان خامۆش بوونەتەوە، لایەکانی هێلکەکە کراوەتەوە، خەڵکێکی درێژ و پانی پێست سپی لە هەیلکەکەوە دابەزیون... تەنیا پیاویش بوون و ئافرەتیان لەنێودا نەبووە...

(ئەگەر بگەڕێینەوە سەر کتێبی مردووانی فیرعەونی دەبینین باسی ئەوجیهانە دەکا شێوەیەکی پانی هەیە و هەموو شتێکی تێدا لەم هێلکەیەوە دەردەچێ. تەنانەت ئەم واتایە، برنارد شۆ لە "گەڕانەوە بۆ میتۆشالح"ی شانۆنامە

ناودارەکەیدا، هەروەها "سەموئیل بیکیت لە شانۆنامەی "هەموو شتێک لە هێلکەوە دەردەچێ"دا باسیان لێوە کردووە. کاتێک لە بیکیت پرسراوە ئەگەر ئەم واتەیە کۆن بێ، وەڵامی داوەتەوە: هەموو واتاکان کۆنن و هەموو هۆیەکی نکوولی لێ کردنیان و بەپووچ دانانیان تازەیە!!).

ئەم دوڕگەیە پتر لە ٢٥٠٠ کیلۆمەتر لە هەموو ناوچەیەکەوە دوورە بە ژیان و خەڵکی ئاوەدانە.. نە خاک نە ئاسمان بە دەریا... کەواتە چۆن دەشێ پەیکەرگەلێک ببینینەوە لەوانە بچن کە لە دوڕگەکەدا دیمان و بەهامان شێوە داتاشرابن و سەرەکانیان هەموو ڕوویان بەرەو ئەم دوڕگەیەیە؟ چ واتەیەکی مەبەستە؟ ئەوپەیکەرانە چی دەڵێن؟ یان خاوەنانی ئەو پەیکەرانە کە هەبوون و ئینجا لە ئاسماندا بزر بوون چی دەڵێن؟.

ئەوەش سەرنجی هەر ڕاکێشاوە کە لەنێو هەر دە پەیکەردا یەکێکیان لە سەر سەریاندا نیشانە و شێوەگەلێکی ئەندازەیی نووسراوە.. وەک بڵێی نەخشەیە بۆ ئاراستە کردنی کەسێک بۆ شوێنەکانی لێ دابەزین یان مانەوە...

هەروەها زانایان لە دیوارەکانی ئەشکەوتان دەروگەلێکیان دیتووەتەوە دەنگدانەوەی مۆسیقایی دەردەکەن، پاشماوەی ئەم دەروانە بەهاڵاو و سووتاون. کە ڕادیۆگەلی بچووکیان لەناو کرد دەنگەکە گەورە و ڕێکوپێک و جوان بوو... هەروەها زاناکان لەم جۆرە دەروانەیان لە دوڕگەی مالتەشدا دیتووەتەوە و دەروگەلێکی چون ئەوانەس لە چیاکانی پیرۆ!...

واتای چییە؟

واتاکە لەلای گراتیلاسو–ی مێژوونووسی کۆنی ئیسپانی، کە کتێبەکانی دەسنووسگەلێکبوون تۆزڕەوان نەبن کەس نەیدەبینین. بەڵام بنەماڵەی مێژوونووسی کۆن ساڵی ١٩٤٢ دووبارە چاپیان کردەوە و ئەم تۆمارە مەزنانە کەوتە بەر دەستی هەموو خەڵک. یەکێک لە نەوەکانی لە پێشەکیی بەشی نۆیەمدا دەڵێ: هەوڵی گۆڕینی مێژوونووسی گەورەم نەداوە و هەرچەند هەندێک لە زانایان ڕایانسپاردم کە هەندێک پەراوێزی بخەمە سەر بۆ ئەوەی کۆنەکە بە تازەترین داهێنانەکانەوە ببەستمەوە، بەڵام من وام بە باشتر زانی هەموو شتێک وەک خۆی بهێڵمەوە.

بەڵکو هەندێک دەستەواژەی سەیر و ناڕوون هەبوون وەک خۆیانم هێشتنەوە.. وەک ئەوەی دەڵێ:

ئەم چیڕۆکەی دانیشتووانی پیرۆی کۆن گێڕایانەوە دەستەواژەکانی هیرۆدۆتمان بیر دەخەنەوە!. شتێکی سەیرە هیرۆدۆتی بەبیر بێتەوە و هەروەها شتێکی سەیریشە کە بۆمان نەگێڕێتەوە بە خۆی مەبەستی چییە.. کە گوتوویەتی: دانیشتووانی ئەم وڵاتە باسی " گۆ " یەلێکی ئاگرینیان دەکرد بەرز دەبنەوە و نزم دەبنەوە،بێ ئەوەی دەنگیان هەبێ یان دەغڵێک یان درەختێک یان خانووێک بسووتێنن.. ئەم گۆیانەش لە ئاسماندا ئەوەندە زۆر بوون ئیدی کەس نە لێیان دەترسا و نە سەیریان دەکردن و.. ئەگەرچی ئەم سەرەتاییانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە سوارانی ئەم

گۆیە ئاگرینانە لەگەڵیاندا دەپەیڤین و بزر دەبوون.. بەڵام سیماکانی ئەم دابەزیوانە ڕوون نەبووە و لەوانەیە هۆی ئەوەش ئەوە بووبێ کەس نەشیاوە لێیان بڕوانێ... تاد.

بەڵام ئەوەی مێژوو نووسی گەورە بەڕاستی لەبارەی نەقشەکان و ئەفسانە کۆنەکان و گۆرانییەکانی گەلی پیرۆوەی نووسیوە، دەڵێ لە سەردەمانی کۆندا خەڵکێکی بەهێز هەنوون –بااڵ درێژیش بوون– و لەم ناوچەیە دانیشتوون. گۆیەکیان لە –عەقیق–ی سوور دەپەرست.. یان بەدەوریدا دەگەڕان و ئەم گۆیەش دەبریقایەوە و تیشکی دەردەکرد و قسەیان لەگەڵدا دەکرد... یانیش دەنگەکان لێیەوە دەردەچوون و.. هەروەها دەڵێ ئەو دەنگانەی لێوە دەردەچوو..

هەروەها دەڵێ ئەم باڵابەرزە بەهێزانە لە دەریاوە هاتوون، لەشیان گەورە و چاویان گەورە بووە، شانیان پان و دەنگیان ناخۆش بووە، دەنگیان لە قۆڕەی گا چووە (؟!) و بەڕووتی گەڕاون و شەرمیان لەمە نەدەکرد کە ئافرەتیان لە نێودا نەبووە، بۆیە دەستدرێژییان لە ژنە پیرۆیی دەکرد و ئەو ژنەی دەستیشیان بکەوتبا دەمرد، دەڵێن منداڵانیان خواردووە و بیریان هەڵدەکەند و ئاویان لێ هەڵدەهێنجا و هەروەها گیانلەبەرانیشیان ڕاو کردووە و خواردووشیانن.

مێژوونووسی گەورە لە ئەفسانەکانی خەڵکی پیرۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ڕۆژێکیان گۆیەکیئاگرین هات،گۆیەکە دابەزی، یەکێکی شمشێر بەدەستی لێ هاتەخوارێ، شمشێرەکە ئاگر و پریشکی لێ دەردەچوو و لەناوی بردن.

ئەوەی سەیریشە ئەوەیە،دوای دۆزینەوەی ئەم پیرۆیە، ئیسپانییەکان پاشماوەی لەشی خەڵکی درێژیان دیتەوە، درێژیی هەریەکەیان بیست پێ بوو و ئەم ئێسکانەیان پێشکێشی شای ئیسپانیا کرد و ئەویش ساڵی ١٥٦٠ پێشکێشی پاپای کرد. هەروەها ئەشکەوتگەلیان دۆزیوەتەوە، پاشماوەی ئێسکیان تێدا بووە. لە ناو خەڵکیشدا وا بڵاوکرایەوە پەترۆی ئەم ئێسکانە لە نەخۆشی و نەزۆکی چاک دەکاتەوە، بەڵکو ماجەللانی دۆزەرەوەی مەزن بە پیاوانییەوە لە کەنار دەریاکانی چیللی دابەزی و... لە کەنارەدا پیاوەیلی درێژ و ئەستووریان بینی، ئەگەر مرۆ بە تەنیشت یەکێکیانەوە ڕێی بکردایە دەگەیشتە ئەژنۆی! ئەم پیاوە باڵابەرزانە ڕاوەدووی دەریاوانەکانیان ناوە و سێیانیان لێ گرتوون و کوشتوویانن.

پیاوانی ماجەللان هەروەها دەڵێن: ئەم باڵابەرزانە دەنگی وەک قۆڕەی گایان هەبوو.

کتێبەکانی چرائیلاسو دەیان ساڵ وەک سەرچاوەیەکی خەباڵی ئەدیبان بووە، هەر چەند یەکێک هەوڵی بدایە پەستی ئەم وڵاتەی بەر لە داگیرکاریی ئیسپانیدا چۆن بووە... تا لە ساڵی ١٩٥٨ دا ڕووداوێک بوو چاوەڕوان نەدەکرا، کە لەو ساڵەدا ڕۆژنامەوانێکی فرەنسی سواری قیتارێک بووبوو، قیتارەکە لەتەک چیایەکدا وەستا و دابەزی. هۆیەکی دیاری نەبوو بەڵکوهەستی بە بێزاری کرد و بە گەرمای کەشەکە و زۆریی مێش دڵتەنگ بوو، هیچ شتێکی لەوانەی دەیبینین بەاڵیەوە نامۆ نەبوون، کە مێژووی ئەم وڵاتە بە ژاکی دەزانی، بەڵام ئەوەی پێویستیی پێی بوو هەندێک دیمەن و

شتی دەگمەن بوو دا کتێبێکیان پێ تەواو بکا کە سالانێکە دەستی پێ کردووە و نەیتوانیوە کۆتاییی پێ بهێنێ. لەپڕ منداڵێکی بچووک پەیدا بوو، لە منداڵەکەی پرسی: ئێمە ئێستاکە لە کوێین؟ وەڵامی دایەوە: تۆ لە کۆنترین شارێکی ئەم وڵاتەدای... بە ڕووخاوی نەبێ کەس نەیبینیوە!

ڕۆجێ دیوی–ی ڕۆژنامەوانی فەرەنسی پێشڕەویی کرد بۆ ئەوەی کۆنترین شار ببینێ و لەبەردەمیدا گەنجینەگەلێکی لە زانیاری کرانەوە و ڕووی ئەم ناوچەیەی گۆڕی دەرگای هەموو مێژووی کۆنی بۆمان کردەوە هەر لە هەڕەمی شا خۆفۆ _ وە بگرە تا کەلووی بابل، تا هەڕەمەکانی مەکسیک، تا دوورگەی " فوسح"، تا سەرەڕۆییەکانی میر ڕاما و سواربوونی کەشتییە ئاسمانییەکان، هەزاران ساڵ لەمەوبەر، تا ئەفسانەکانی تبت، تا کتێبی حزقیال و نهێنییەکانی " ئەخنووخ"ی پێغەمبەر. ئەو کتێبە تەماوییەی پیاوە ئاینییەکان نەبێ کەس نایانخوێنێتەوە...

ڕۆژنامەوانی فەرەنسی دەروازەیەکی دیتووەتەوە لەسەریدا نووسراوە " دەروازەی خۆر"، یان " دەروازەی کۆڕانی خۆر"، یان ئەوانەی خۆر دەپەرستن و... خۆریش خودایە... شایەکانیش سێبەری خودان... یان پارێزەرانی خودا... ئەم دەروازەیەش ئاینە کۆنەکانی یەکخستووە، وای لە خەڵکی کرد لە تاکە ڕێگەیەکەوە بەرەو خۆر بچن یانیش بەهۆی تاکە پیاوێکەوە کە ڕێی بەرەو خەپلەی خۆر ڕێی پێ نیشان دان.

لە پشت ئەم دەروازەیەوە پەیکەرەیل و ئەتێک پەرت بووەتەوە کە لە مێژوودا نموونەیان نییە... کە هەر یەکەو چیرۆکێکیان هەیە.. هەموشیان داستانەیلی خەڵکانێکن لە سەرەوەڕا دابەزیون... لە ئەستێرەی " زوهرە _ وە، ئەفسانەکان وا دەڵێن شاژنێکیشیان بووە و فەرمانڕەواییانی کردووە. ئەم شاژنەش بەتەنیا هاتووەتە خوارەوە... دەڵێن دەریاچەیەکیشیان بۆ دروست کردووە. دەشڵێن کاتێک ئەم شوێنە بەرزەیان بە هۆگەلێکی نادیارەوە جێهێشتووە، هەندێک لە پاشماوەکانیان فڕێ داوەتە ناویەوە و بەسەریدا، بۆیە دەریاچە لێرەدا ناوی " پاشماوەکانی ئاسمان"ی لێ نراوە.

ئەم چیرۆکەش لەو نەقشە زۆرانەی سەر بەردەکانەوە وەرگیراوە: هێلکەیەکی زێڕین لە ئاسمانەوە هاتە خوارێ!.. ئەم هێلکەیەش ئاگریک لە پێشەوە و ئاگریک بەدواوە دێ، دەنگیشی نییە و کەسێک یان شتێکیش ناسووتێنێ... هێلکەکە کرایەوە و لە بن و تەنیشتەکان و سەریەوە خەڵکێکی زۆر دابەزین... پێستی بریقەداریان هەیە ڕێشکەوپێشکە بە چاو دەکا... بەبێ دەنگیش دەجوولێنەوە، کە قسەش دەکەن دەنگیان لە هەموو شوێنێکەوە دێ.

هەروەها نەقشەکان دەڵێن: ئەم خەڵکانە بنچینەی ئەم جیهانەن.

هەر لەو کاتەشدا ڕۆژنامەوانێکی فەرەنسیی دیکە، کە ناوی ئەندرێ لۆت ڕێی بەرەو ئەشکەوتگەلێکی سەرسنووری لیبیا و جەزائیری دیتەوە ناویان " ئەشکەوتەکانی تسیلی " یەو نەقشی خەڵکانێکیان لەسەرە بە جلی پێشەنگە ئاسمانییەکان دەفڕن.

لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی جەزائیردا نموونەیەکی ئەو خەڵک و گیاندارانەم دی کە دەفڕن، هەروەها لە ناوچەی "حاسی مەسعوود" دا تابلۆیەلێکم دی لەودەچوون، کە بیرە نەوتی زۆر زلیشی تێدایە لە باشووری جەزائیردا.

ئەم دۆزینەوەیەی " ئەندرێ لووت" ە خستنە سەر باڕێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو بۆ دۆزینەوەی شاری " تیهاوناکا " کە لەلایەن " ڕۆژێ دو برێ"ی ڕۆژنامەوان دۆزرابووەوە. ئەوەی سەیریشە ئەوەیە کە لێکچوونێکی تەواو لە نێو نەقشەکاندا هەیە لێرە و لەوێش... ئەمانە ڕووداوێکی دێرین تۆمار دەکەن کە ئێمە نایزانین... ئەویش ئەوەیە کە شتێک لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارێ... لەم شتانەشەوە خەڵکدابەزیون.. ئەمخەڵکەش مانەوە و دواتر گەڕانەوە ئاسمان... هۆیەکەشی نەزانراوە.

نەقشێلێکی دیکەش پەیدابوو کە لە مەکسیکدۆزرانەوە لێکدانەوەیەکی ئەوەی ڕوون کردەوە. ئەو نەقشانە وێنەیەکی ناو یەکلەوکەشتییە ئاسمانییەکان دەکێشێ.

ئەوانەی گەڕانەوە ئاسمان شوێنەواری خۆیان لەسەر بەردان جێ نەهێشتووەتەوە. بەڵکو لەسەر کانزا دەگمەنەکان و نەخشە و ئاژەڵان و هەندێکەسدا هێشتووەتەوە. دوای ئەوەش دەبێ ئێمە ئەوە لێک بدەینەوە چۆن هەندێک لە زانا مەزنەکان لەو بڕوایەدان دانیشتووانی هەسارەکانی دیکە زیندوون و لە نێو خەڵکانی سەر ئەم زەوییەدا. داخۆ ئەم زەوییەی پێوەی دەنازین و بە چەقی گەردوونی دەزانین لە مۆڵگەیەکی تاقیکردنەوە بەولاوە نییە بوونەوەریبە ئاوەزتر و داناتر ئەنجامی دەدەن بۆ هێنانە کایەی وەچەیەکی مرۆیانەی چاکتر؟

لەوانەیە و... دەشبینین!!

هەڵگرانەوەی کتێب

پەراوێز:

١. کتێب: سیفر.

٢. ئەلفوسح "الفصح": ناوی جەژنی ڕزگاریی "پەڕینەوە"ی ئیسرائیلییان و لای دیانەکانیش جەژنی هەڵسانەوەی عیسایە.

٣. مەبەست بەنداوی بەرزی ئەسوانی میسرە "السد العالي".

٤. نووسەر لێرەدا وەک بڵێی گەمەیەکی زمانیی کردووە و جیهانی لای خۆراوا بە جیهانی گیان دانراوە واتە بە عەرەبییەکەی "عالم الروح"ی پێ دەگوترێ، یانیش جیهانێک کە شتە بەبایەخەکان دەچنە ئەوێ، کە بە عەرەبییەکەی دەبێتە " عالم تروح إليه"، بەم جۆرە لە نێوان ڕوح "واتە گیان" و تروح "واتە دەچێ"دا لەلێکچوونی پیت و دەنگەکانی دوو وشەکەدا گەمەکەی دروست کردووە!

# ئۆگست کۆنت و فەلسەفەی پۆزەتقیزم

هاشم سالّح

١

پێویستە ئەوە بزانین یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو گیروگازە ترسناکەی لە ئێستادا لە نێوان جیهانی ئیسلامی و خۆرئاوادا دروست بووە، دەگەڕێتەوە بۆ بێئاگایی ئێمە لە چۆنیەتی دروستبوونی شارستانیەتی خۆرئاوا. ئێمە بۆ ئەوەی بزانین چۆن چۆنی سەودا لەگەڵ خۆرئاوا و ئەقڵیەتی خۆرئاوادا بکەین، پێویستە تێبگەین لەرووی مێژووییەوە ئەو ئەقڵیەتە چۆن دروست بووە، چونکە ئەقڵیەتی مۆدێرن جیاوازە لەو ئەقڵیەتە غەیبانی و تیۆلۆجیەی، بەر لە هاتنی لەئارادابوون.

شایەنی باسە بۆ ئێمەی توێژەرانی جیهانی ئیسلامی وەختێک دێینە خۆرئاوا و دەچینە ناو زانکۆکانیەوە، یەکەمین شتێک کە تووشی شۆک و ڕاچڵەکانمان دەکا، ئەم ئەقڵیەتە پۆزەتقستیە–زانستییە ساردوسڕەیە کە بەیەکجاری خۆی لە هەموو ڕەهەندێکی تیۆلۆجی و ترانسندنتالی جیا کردووەتەوە. من بۆ خۆم کاتێک ٣٠ ساڵ لەمەوبەر هاتمە فڕەنسا، دووچاری ئەو حاڵەتە بووم و نەمدەتوانی هەروا بە ئاسانی لەگەڵ ئەو ئەقڵیەتە نوێیەدا خۆم ڕابێنم. ماوەیەکی زۆرم ویست تا پێیئاشنابم و تێیبگەم و باش و خراپی لەیەک جیابکەمەوە. مۆدێرنە لەسەرەتادا ئەوقت دەکا و وەکی حەقیقەتێکی ڕەها خۆیت بەسەردا دەسەپێنێت، بەڵام دوای ئەوە و هێدی هێدی خاڵە بەهێز و لاوازەکانت بۆ دەردەکەوێ.

ئەم شارستانیەتە زەبەلاحەی لەمڕۆدا کۆنترۆڵی جیهانی کردووە، تێگەیشتنی هەروا کارێکی ئاسان نییە. دەتوانین بڵێین "ئۆگست کۆنت" (١٧٩٨–١٨٥٧)، یەکێکە لە وێستگە سەرەکییەکان لە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

مێژووی دروستبوونی مۆدێرنەی خۆرئاوادا، چونکە ئەم بۆ خۆی دامەزرێنەری فەلسەفەی پۆزەتڤستیە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، لە فڕەنسادا بالآدەست بوو. "کۆنت" کە ڕاستەوخۆ دوای شۆڕشی فڕەنسا لەدایک بوو، درکی بەوە کردبوو دەبێ لەسەر دار و پەردوی ئەو سیستمە فیودالّی و تیۆلۆجییە مەسیحیە کۆنەی شۆڕش ڕایماڵی، سیستمێکی تازە بهێنرێتە ئارا. هەروەها پێی وابوو پێویستە زانست مەشروعیەت و یەکانگیریەکی تۆکمە، پێشکێش بە کۆمەڵگەی پیشەسازی بکا کە لە سەرەتای دروستبونیدا بوو. وەکی ئاشکرایە سیستمی فێندەمێنتالی مەسیحی لە ڕابردودا یەکانگیریەکی کۆنکرێتی بەخشیبووە کۆمەڵگە و جیهانبینیەکی پڕاوپڕی بۆ دەستەبەر کردبوو، بۆیە جێگرتنەوەی هەروا کارێکی ئاسان نەبوو. بە تایبەت گەر بزانین ئەوە بە درێژایی سەدان ساڵ لە ئەقڵی شوێنکەوتووانیدا چەسپی بوو.

ئەمە ئەو ئەرکە قورسە بوو کە ڕووبەڕووی نەوەی "ئۆگست کۆنت"بوو بووەوە. "کۆنت" بەو پێیەی خوێندکار و سکرتێری فەیلەسووفی مەزن "سان سیمۆن" (١٧٦٠-١٨٢٥) بوو، دەیزانی هەر بە تەنیا زانست بەس نییە، بەڵکو پێویستە ئاینێکی نوێ بێتە ئارا کە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە تازە دروست بووەی ئەوروپادا بگونجێ. لەبەرئەوە سەروەختێک کۆمەڵناسیی دامەزراند، لە کۆتاییەکانی ژیانیدا لە هەوڵی ئەوەدا بوو ئاینێک بۆ مرۆڤایەتی فەراهەم بکا کە بە بۆچوونی ئەو ئەرکی ئەوە دەبێ تا جێگەی مەسیحیەتی تەقلیدی بگرێتەوە. بۆچوونی "کۆنت" وا بوو کە زانست و ئایین دژی یەکتر نین و پێک ناکۆک نین، بەڵکو یەکتری تەواو دەکەن. بەڵام پێویستە ئاینێکی نوێ بهێنینە ئارا کە تەواوی مرۆڤایەتی بگرێتەوە و هەر تەنیا تایبەت نەبێ بە مەسیحیەکانی ئەوروپا. دەبێ ئەم ئایینەش بە دوور بێ لە هەموو دەمارگیری و دەستەگەریەک.

مێژوونوسی هاوچەرخ "میشێل وینۆک" کە لە نووسینی بەم باسەماندا زۆر پشتی پێ دەبەستین، دەڵێ: (لە سەرەتادا کۆنت هەموو متمانەیەکی بەیەک شت بوو، ئەو شتەش زانست بوو. دروستبوونیشی لەڕووی مەعرفییەوە خۆبەخۆ بەرەو ئەوەی دەبرد، چونکە خۆی دەرچووی قوتابخانەی زانستەکان بوو -واتە پۆلیتیکنیک- و ئەو کاتەی لەو قوتابخانەیەش دەرچوو تەمەنی لە شانزە ساڵ و شەش مانگ زیاتر نەبوو.

مامۆستاکانی هەر لە سەرەتاوە نیشانەی بەهرە و بلیمەتیان تیا بەدیکرد و لەناو هاوپۆلەکانیدا بە زیرەکترین خوێندکار دەستنیشانیان کرد. تەنانەت هاوڕێکانی قوتابخانەشی سەرەڕای بچوکی تەمەنی، بە فەیلەسووف بانگیان دەکرد. بەڵام بەهۆی ئەو هەراو کێشە سیاسیانەی لە قوتابخانەکەدا ڕویاندا، دەسەڵاتدارانی ناچار کرد کۆتایی بە خوێندن بهێنن لەوێداو خوێندکارەکانیشی دەربکەن، لەبەرئەوە ئۆگست کۆنت نەیتوانی خوێندنەکەی تەواو بکا و بڕوانامەی مامۆستایەتی بەدەست بێنێت. ئەمەش بە درێژایی ژیانی دەبێتە گرێیەکی گەورە بۆی و لەڕووی مادی و بژێوییەوە زیانی زۆری لێدەدات. بەڵام ئەم پەراوێزکەوتنە ناچارییە، بۆ ئەو سودێکی زۆری هەبوو تا خۆی بۆ فۆرمەلە کردنی فەلسەفەکەی بەشێوەیەکی تازە و دوور لە

دەستێوەردانی زانکۆ تەرخان بکا. دوای دەرکردنی لە خوێندن، گەڕایەوە شارەکەی خۆی کە مۆنپیلێیە و لەسەر کەنارەکانی دەریای سپیی ناوەڕاستە، بەڵام نەیتوانی زۆر تیایدا بمێنێتەوە، چونکە پاریس بە شانۆکانی و زانست و هونەر و کێڕە قەشەنگەکانیەوە، فریوی دەدا و پەلکێشی دەکرد، لەبەرئەوە جارێکی تر ڕوێکردەوە پاریس و لەسەر ئەو وانە تایبەتیانە دەژیا کە بە خوێندکارەکانی دەوتەوە. جێی باسە کۆنت وانەی ماتماتیکی دەوتەوە. لە ساڵی ١٨١٧ ڕووداوێکی گرینگ لە ژیانیدا ڕوودەدا کە ئاشنایەتی پەیداکردنیەتی لەگەڵ سان سیمۆنی فەیلەسووفدا. سان سیمۆن لەگەڵ ناسینیدا دەستبەجێ دەیهێنێتە ناو ستافی ئەو کۆوارەی بەناوی پیشەسازییەوە دەریدەکرد. کۆنت لەو سەرەتای لاویەتیەیدا بە بلیمەتی سانسیمۆنی مامۆستای کە تەمەنی لە پەنجاو حەوت ساڵی تێپەڕاندبوو، زۆر سەرسام بوو.

هاوکات هەر لەو کاتەشەوە درکی بەوە کرد کە بۆچوونی هاوبەشیان لەسەر ئایدیا سەرەکییەکان هەیە و بەم جۆرە بەیەکدی سەرسام بوون. لەو بیر و بۆچوونانەی ڕای هاوبەشیان هەبوو لەسەری، ئەمە بوو: مرۆڤ دوای ئەوەی لە هەژمونی تیۆلۆجیای کۆن و پیاوانی ئایینی مەسیحی ڕزگاری بوو، خۆی بووە سەنتەری گەردون و چارەنووس و بڕیار کەوتە دەست خۆی. لێرەوە ئیتر ئەو دەسەڵاتە تیۆلۆجیە کۆنەی پێ قبوڵنەدەکرا کە لە دەرەوەڕا یاخود لە سەرەوە بە سەریدا دەسەپێنرا، وەکو ئەوەی بە درێژایی چەندان سەدە لە ئارەدا بوو. ئەو کات مرۆڤی ئەورووپایی هەستیکرد پێویستی بە مۆرالێکی نوێ و سیاسەتێکی نوێ هەیە، هەر ئەمەشە کە بە مۆرال و سیاسەتی پۆزەتڤستی ناو دەبرێ.

سان سیمۆن دەیووت: پێویستە بیریارانی ئەم سەدەیە تەواوی تواناکانی خۆیان بۆ ئەم مەسەلەیە بخەنە کار. بۆ یارمەتیدانیشی لە گەڵاڵەکردنی ئەم پڕۆژە فیکریە مەزنەدا، ئۆگست کۆنت دایە پاڵی و کەوتە هاوکاریکردنی. بۆ ماوەی سااڵنێکی زۆریش سکرتێر و یاریدەدەری بوو، بەرلەوەی پێوەندی نێوانیان بگۆڕێت و ببێتە ڕکابەری، بە تایبەت دوای ئەوەی ئۆگست کۆنت گەورە بوو لەڕووی فیکریشەوە بەرەو پێشچوو).

شایەنی باسە "کۆنت" لەو ماوەیەدا کە لەگەڵ "سان سیمۆن"دا بەسەری برد زانیاریەکی زۆری لە چەندان کایەی جیاجیای وەک: (فەلسەفە و سیاسەت و ئابووری و فیزیا و بایۆلۆجیا و گەردوننناسی و ماتماتیک)دا، پەیدا کرد. تا وای لێهات بوو بە ئینسکلۆپیدیایەک و ئەوەندە تینووی زانین بوو کە تێربونی نەبوو. ساڵی ١٨١٩ لە نامەیەکدا بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی دەنووسێ: (پێم وایە ئەو ناوبانگە زانستییەی بەدەستم هێناوە، بە هایەکی گەورەتر بە بیروبۆچوونە سیاسییەکانم دەدا).

لە ڕاستیشدا سیاسەت بەبێ فیکر نرخێکی ئەوتۆی نییە. ئیتر لەو کاتەوە "کۆنت" مەسەلەکانی بەم جۆرە دەبینی: (فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری لە سەدەی ڕابردودا دەستیانکرد بە پرۆسەیەکی

تێکو پێکدان، واتە تێکو پێکدانی ئەو مەعریفە تیۆلۆجیەی پیاوانی کڵێسا چەندان سەدە بە دامەزراندن و دروستکردنیەوە خەریک بوون، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە تا لەم سەدەیەدا سەرقاڵی بنیاتنان و دروستکردنی شتێکی تازە بین). لە یەکێک لە لێدوانە بەناوبانگەکانیدا دەڵێ: (ئەو شتەی لەمڕۆداو بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ڕووبەڕومان دەبێتەوە ئەوەیە کە زەوی بێنینە جێی ئاسمان و واقیعیش لە شوێنی غەیبانیەت دابنێین. چ بلیمەتێک هەیە درک بەوە نەکات کە ئەمە ئەرکی سەرەکی ئەم ڕۆژگار و سەردەمانەمانە؟).

لێرەدا ئێستێک دەکەم و دەڵێم: (ئەم قسانە بریتین لە ناوەرۆکی مۆدێرنەی خۆرئاوا و هەر ئەمەشە وا دەکا کە ئێمەی خۆرهەڵاتی تووشی شۆک بکا، چونکە لە ناوبردنی ترانسندنتال و غەیبانیەت و شیعر وامان لێدەکا هەست بکەین تەنیا و بێکەسین و وا دەزانین بەنرختترین شتی بوونمان لەدەست داوە. لە ڕاستیشدا ئێمە لەم بۆچوونەشماندا بە هەڵەدا نەچووین، چونکە مۆدێرنەی پۆزەتڤیزم گەر هات و بەدوا قۆناخی خۆی گەیشت، ئەوا بەرەو ئەقڵیەتیەکی تەکنۆلۆجیی سارد و سڕی وا دەچێ کە نە سۆزی تێدا دەبێ و نە بەزەیی. هەر ئەمەشە تووشی شۆک و حەپەسانمان دەکا، کاتێک کە بۆ یەکەم جار دێینە خۆرئاواوە. ئەمەش لە ئێستادا بۆتە یەکێک لە خەسڵەتەکانی شارستانیەتی خۆرئاوا، شارستانیەتێک کە زیاد لە پێویست بابەتگەرا و وشک و برنگە). لەبەرئەوەیە فەیلەسووفانی ئەمڕۆی خۆرئاوا، لە هەوڵی ئەوەدان ئەم کەم و کوڕی و لادانە لە بنیاتی مۆدێرنەی خۆرئاوادا چارەسەر بکەن دەتوانین بڵێین شارستانیەتی مۆدێرن، دەسکەوتە تەکنۆلۆجیەکانی زۆر لە دەسکەوتە ڕوحیەکانی گەورەترە، یاخود بە جۆرێکی تر ئەو پێشکەوتنەی لەسەر ئاستی پیشەسازی و تەکنۆلۆجی و زانستی و پزیشکی ڕویدا، بەرەو پێشچونێکی هاوشێوەی ئەوە لەسەر ئاستی ڕوحی و ئەخلاقی دروست نەبوو. بێگومان گەورەترین خاڵی لاوازیی مۆدێرنەی خۆرئاواش لێرەدایە.

با لێرەدا زۆر لە بابەتەکەمان دوور نەکەوینەوە و بێینەوە سەر قسە و باسەکانمان لەمەڕ "ئۆگست کۆنت" و چۆنیەتیی دروستبوونی مۆدێرنەی تۆزەتڤستی لەسەرەتاکانیدا. "کۆنت" دوای ئەوەی چەند وتارێکی لە کۆوارەکەی "سان سیمۆن"دا بڵاوکردەوە، توانیی لەو گۆشەگیرییەی بێتە دەرێ و تۆزێک ناوبانگ پەیدا بکا، لەم کاتەشدا تەمەنی هەر بیست و چوار ساڵێک دەبوو. هەر لەو قۆناخەدا لێکۆڵینەوەیەکی درێژی بەناوی: (بەرنامەی کارە زانستییە پێویستەکان بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە) بڵاوکردەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕەگوڕیشەی تەواوی ئەو بیروبۆچوونانە دەبینین کە دواتر "کۆنت" باسیان لێ دەکا.

لەو لێکۆڵینەوەیەیدا دەڵێ: (دەبێ بە یەکجارەکی خۆمان لە سیستمی مەسیحیی-فیودالی کۆن ڕزگار بکەین و سیستمێکی نوێ بێنینە ئارا کە لەسەر زانست و پیشەسازی و تەکنۆلۆجیا دامەزرابێت. بەڵام ئەو ئاقارە ڕەخنەییە ڕوخێنەرەی پاشماوەی سەردەمی ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسییە، تا ئێستاش ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی کار بەم ئەقڵیەتە بنیاتنەرە تازەیە بکرێ، بەڵام خۆ

ناکرێ ئێمەش تا ئەبەد هەر لەسەر ڕەخنەو ڕوخاندن بژین. بۆیە دەبێ ئەو ڕەهەندە ڕوخێنەرەی شۆڕشی فەرهەنگی جێبەجێلێن، بۆ ئەوەی دەست بە قۆناخی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان و ڕێکخستنەوە و دۆزینەوەی ئەلتەرناتیف بکەین). ئەو کات "کۆنت" بۆیەکەم جار تیۆریا بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی فەلسەفەی مێژووەوە ڕاگەیاند و تیایدا باس لەوە دەکا کە مێژووی مرۆڤایەتی بەسێ قۆناخدا تێپەڕیوە:

- قۆناخی تیۆلۆجی.
- قۆناخی میتافیزیک.
- قۆناخی زانستی (یان پۆزەتڤیزم) کە پێشکەوتووترین قۆناخی مرۆڤایەتیە.

ئەمە ئەو کەشفە مەعریفیە گەورەیە بوو کە هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە، "کۆنت"ی بەخۆیەوە خەریک کردبوو. وەکو ئاشکراشە ئەم تیۆریایە دەبێتە تەوەری سەرەکی تەواوی نووسین و پڕۆژە فیکرییەکەی.

***

"کۆنت" ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ "سان سیمۆن"ی مامۆستایدا، ناکۆکی کەوتە نێوانیان، بەڵام دەستبەجێ پێوەندیی لەگەڵدا نەبڕی و لێی جیانەبووەوە. ئاشکرایە هەموو قوتابییەکی لێهاتوو ڕۆژێک دێت لە مامۆستاکەی هەڵدەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگەی خۆی هەڵبژێرێ و شتێکی تازە بێنێتە ئارا. ئەمەش بۆ خۆی سونەتی ژیان و یاسای گەردوونە. شایەنی باسە سەروەختێک "سان سیمۆن" هەوڵی ئەوەی دا خۆی بکوژێت، "کۆنت" دەستبەجێ گەیشتە لای و کەوتە دڵدانەوەی. لێرەدا کەمەکێک ڕادەوەستین تا بپرسین: چۆن دەبێ باوەڕ بە فەیلەسووفێک بکەین کە خۆی بکوژێت یاخود هەوڵی خۆ کوشتن بدا؟ فەیلەسووفێکی وا چۆن دەتوانێت، پڕۆژەیەکی شارستانی بۆ خۆرئاوا فۆرمەلە بکا؟ لێرەشدا ڕووم بە شتگەلێکی تردا تەقی لە خۆرئاوا، کە بێئاگابووم لێیان. ئێمە لە جیهانی ئیسلامیدا بە سوک سەیری ئەو کەسانە دەکەین کە پەنا بۆ خۆ کوشتن دەبەن و گەر هەوڵێکی وا بدەن ئەوا هەموو کارەکانی پێشوویان دەسڕینەوە، بەڵام لە خۆرئاوا بۆچوونێکی دیکەیان هەیە، چونکە بیریارانیش بێهەڵەو کەموکوڕی نین و خاڵی لاوازی خۆیان هەیە. تەنانەت ئەو دەسکەوتە مەعریفیانەشی بەدەستی دێنن، شێوەیەکە لە شێوەکانی پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕیانە و قەرەبوکردنەوەیەکی خاڵە لاوازەکانیانە. دواجار دەشبینین "ئۆگست کۆنت" خۆیشی دووچاری کێشەی دەروونی قوڵ دەبێ و زیاد لە جارێک لە سنورەکانی شێت بوون نێزیک دەبێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەس گومانی لەوە نییە کە یەکێکە لە گەورە فەیلەسووفان! هەروەها چەندان نمونەی دیکەی لەو جۆرەمان هەیە، وەک: "نیتشە و میشێل فۆکۆ و ئاڵتۆسێر و... هتد".

هەرچۆنێک بێ کێشە و ناکۆکییەکان لە نێوان قوتابی و مامۆستاکەیدا دەستی پێکرد، لەبەرئەوەی مامۆستا بەردەوام قوتابییەکەی بە منداڵ دەزانێ و وەکو باوکێک ناڕەحەت دەبێ گەر بزانێ کوڕەکەی گەورە بووە و دەیەوێ سەربەخۆ ڕەفتار بکا. سەرەڕای ئەوە "سان سیمۆن" ئەوەی بیری لێدەکردەوە و بە گرینگی دەزانی گۆڕینی دام و دەزگەکان بوو، لە کاتێکدا "ئۆگست کۆنت" بەر لە هەر شتێک بیری لە گۆڕینی بیروباوەڕ و ئایدیاکان دەکردەوە. لێرەوە "کۆنت" دەستیکرد بە دۆزینەوەی ئەو یاسایانەی ئاڕاستەی گەشە و بەرەو پێشچونی ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەکەن. لەمبارەیەوە ئەو پێی وابوو: (ئەو یاسایانەی ئاڕاستەی مرۆڤ دەکەن، هاوشێوەی ئەو یاسایانەن کە جڵەوی جیهانی فیزیکی یاخود ماددی دەکەن).

ئەمە وای لێکرد باس لە فۆرمەلەبوونی زانستێکی نوێ بکا بە ناوی (فیزیای کۆمەڵایەتییەوە)، بەرلەوەی بگاتە دۆزینەوەی چەمکی سۆسیۆلۆجیا واتە کۆمەڵناسی. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مۆدێرنەی خۆرئاواش، لێرەدایە. ئەمەش تایبەتمەندییەکە کە لەگەڵ تێگەیشتنی ئێمەی خۆرهەڵاتیدا ناکۆکە. بەڵام بۆچی؟ لەبەرئەوەی مرۆڤ کورتدەکاتەوە بۆ یاساگەلێکی زانستی و چەند هاوکێشەیەکی ماتماتیکی.. بەم جۆرە ئەو وێنە ئایدیالیە قەشەنگە لەبەر مرۆڤ دادەماڵن کە لە ڕابردووەوە بۆمان ماوەتەوە و بەمەش مرۆڤ دەبێتە تەنێکی مادی و ژمارەیەک لە کۆمەڵگەدا.

ئەم دیاردەیە لە خۆرئاوادا زۆر تووشی شۆکی کردم و بۆ من کێشەیەک بوو کە نە تێیدەگەیشتم و نە بۆم چارەدەکرا، تا ئەوکاتەی دەستم بە خوێندنەوەیەکی قوڵکرد دەربارەی چۆنیەتی دروستبونی مۆدێرنەی خۆرئاوا. بۆ ئەوەی لە هۆکارەکانیش تێبگەم، زیاد لە بیست دانە سالّم ویست. پوختەی ئەو تێگەیشتنەش، ئەم وتار و لێکۆڵینەوانەیە کە لێرەدا بەرچاویان دەخەم..

بەهەرحاڵ پڕۆژە زانستییەکانی "ئۆگست کۆنت"، دووچاری تێکچوون و پشێوی هاتن، ئەویش بەهۆی ناجێگیریی ژیانی لە ڕووی سۆزداریەوە. سالّی ١٨٢٥ سۆزانییەک دەناسێ و دەیهێنێ. "کۆنت" لەبەرئەوەی پیاوێکی ناشیرین بوو، بۆیە بەزەبری پارە نەبوایە نەیدەتوانی سەرنجی هیچ ئافرەتێک بەلای خۆیدا ڕابکێشێ.. ئەم شتەی بە ئاشکرا لەو وەسیەتنامەیەدا نووسیبوو کە لە دوای مردنی دۆزرایەوە. سەروەختێک ئەو ئافرەتەی هانی، پێی وابوو تاهەتایە پێکەوە دەبن و ئەویش خۆی بە قەرزاربارى دەزانێ، لەبەرئەوەی لە پیشەی لەشفرۆشی ڕزگاری کردووە. بێئاگا لەوەی کە کێشەی گەورە و ڕاستەقینە دوای ئەوە ڕوودەدا.

ئەو ئافرەتەی هێنابووی ناوی "کارۆلین ماسان" بوو، خانمێکی قەشەنگ و جوان بوو. دوای ئەوەی بووە هاوسەری "کۆنت"یش، دەستبەرداری دۆستە کۆنەکەی نەبوو. تەنانەت مێردەکەشی ناچار کرد سەردانی مالّەوەیان بکا و پێشوازیشی لێ بکا. "کۆنت" دەیزانی هاوسەرەکەی خیانەتی لێ دەکا و لەگەڵ دۆستەکەیدا پێکەوە دەخەون! ئەمە تەواو سەرشێتی کرد و ئەقلّی لەدەستدا.

ســـاڵی ١٨٢٦ دووچاری قـــەیرانێکی دەروونیی قـــوڵ هات. ئەم ڕووداوەش بە ڕۆژی ڕووناک و لەبەرچاوی خەڵک و خوادا ڕوویدا، کاتێک وانەی دەربارەی فەلسەفەی پۆزەتقستی دەوتەوە. لە نێو ئامادەبوانی ئەو شوێنەدا کەسایەتی بەناوبانگی تێدا بوو، لەوانەش ئەندامانی ئەکادیمیای زانست و چەند فەیلەسووفێکی ناسراو و گرینگ.

ئەوەی سـەیر بـوو لەو ڕووداوەدا ئەوەبوو: "کـۆنت" لـە ناوەڕاسـتی هۆڵەکـەدا کـەوت و بووراپەوە، پاشان بە هۆش خۆیدا هاتەوە و کەوتە وڕێنەکردن و قسـەی بێسـەر و بەر!.. لە پای ئەمەدا ڕەوانەی یەکێک لە نەخـۆشـخـانـە دەروونییـە گـەورەکانی فـرەنسـا کرا و بەناوبانگترین پزیشکەکانی ئەوێ چاودێری چارەسـەرکردنیـان دەکرد. مـاوەی حـەوت مـانـگ و نیـو لەو جـێگەیەدا مـایەوە و چەندان چارەسـەری بۆ دانرا، بەڵام ئاکامی نەبوو. لەگەڵ درێژەکێشـانی نەخۆشیەکەیدا، هاوسـەرەکەی زوو زوو هەڵدەکوتایە سـەری لە نەخـۆشـخـانـەکـەدا و بەبێ هیـچ مـۆڵـەت وەرگرتنێکیش لە پزیشکەکان، پەلی دەگرت و دەیبردەوە بۆ ماڵەوە.

جـارێک لـەو جـارانە سـەیردەکـا قـەشـەیان هێناوە بۆئەوەی ڕێورەسـمـی ژن هێنانـەکـەی بە شـێوەیـەکی شـەرعـی و بەپێی داب و نەریتی ئایینی مـەسـیـحی ئەنجـام بدەن. ئەم کـارەش دایکی کـردبووی، لەبەرئەوەی ژنێکی کاتۆلیکی زۆر ئیـماندار و لەخـوا ترس بوو. هەروەهـا دایکی پارەی نەخـۆشـخـانەکەی بـۆدا، هەرچەندە چاکیش نەبوو بووەوە. بەڵام ئاخـۆ ڕۆژێک دێت "ئۆگست کـۆنت" تەواو چاک بێتـەوە؟ لە ڕاسـتـیـدا دوای ئەوە زیاد لە جـارێکی تر تووشی ئەو حـاڵەتە دەبێتـەوە و تەنانەت لە سـاڵی ١٨٢٧ هـەوڵی خۆکوشتن دەدا، کاتێک دەیەوێت خۆی لەسـەر یەکێک لە پردەکانی سـەر ڕووباری سینـەوە فڕێ بداتە خوارەوە، بەڵام لەو کاتەدا بە ڕێکەوت پۆلیسـێک لەو ناوەدا دەبێ و پەلامـاری دەدات و ناهێـڵـێت ئەو کـارە بکا. ئـەوەی زۆر سـەیرە ئەوەیـە دوو سـاڵ دوای ئەوە هێـز و توانای ئەقڵی بۆ دەگـەڕێتەوە و وای لێدێت بتـوانێت لە ماڵەکەی خـۆیدا دەست بە وتنەوەی وانەکانی بکاتەوە، دەربارەی فـەلسـەفـەی پۆزەتقیـزم. ئەو فـەلسـەفـەیەی بە درێژایـی سـەردەمی پیشـەسـازی و تەنانەت تا ساتەوەختی ئێستاشمان، بەسـەر ئەقڵیەت و بیرکردنەوەی خـۆرئاوا و خۆرئاواییـەکاندا زاڵە.

دواین بەشـی فـەلسـەفـەی پۆزەتقیـزم (واتـە بەشی شـەشـەم)، لە سـاڵی ١٨٤٢دا بڵاوکـراوەتەوە. تەواوی ئەو بەشـانە هەموو ئەو بـوار و زانستـانە دەگرێتـە خۆی کـە لە سـەردەمی "ئۆگست کـۆنت"دا لە ئارەدا بوون. واتـە دەتوانین بڵـێین ئەو شـەش بەشـەی فـەلسـەفـەی پۆزەتقیـزم کـە لە نووسـینی "کۆنت"ە، پوختـەی فیکر و ئەو سـەردەمـەیە کە تیـایدا ژیاوە و تەواوی زانستـە سـەرەکییـەکان لە خۆ دەگرێت، وەک: (ماتماتیک و فیزیا و کیمیـا و بایۆلۆجیـا و گـەردون و..هتد)، بـەڵام نیوەی وانەکان تەرخان بوو بۆ (فیزیای کۆمەڵایەتی)، واتە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە. لە پێشـەکی گشتی ئەم کتێبە گـەورەیـەدا، "کـۆنـت" بە دوور و درێژی باس لە تیـۆریای سێ قـۆناخـەکـەی پەرەسـەندنی مـرۆڤایەتی دەکا. ئەو تیـۆریایەی کە لە دنیای فیکردا ناوبانگی زۆری بۆ پەیدا کرد. دەربارەی ئەو سێ قۆناخە

دەڵێ: (هەریەکێک لە بۆچوونە سەرەکییەکانمان و هەموو لقێک لە لقەکانی مەعریفە دوا بە دوای یەک و پلە بە پلە بە سێ قۆناخی تیۆری جیاجیادا تێدەپەڕن. قۆناخی یەکەم، قۆناخی تیۆلۆجیە و دووەمیان، بریتییە لە قۆناخی میتافیزیا و سێیەم قۆناخیش، قۆناخی زانستی یان پۆزەتڤستیە. ئەم سێ قۆناخەش، سێ جۆر فەلسەفەی لێدەکەوێتەوە. لە قۆناخی تیۆلۆجیدا، مرۆڤ هەوڵدەدات هۆکارەکانی سەرەتاو ئاکام و مەبەستەکانی ئاخیرەت لێک بداتەوە و تێیان بگا. مرۆڤ لەم قۆناخەدا پێی وایە دیاردە سروشتییەکان بەرەنجامی هێزە لەبن نەهاتووەکانی سروشتە و کاریگەری ئەو هێزانەش ڕاستەوخۆ و بەردەوامە. هەروەها مرۆڤی ئەم قۆناخە لەو بڕوایەدایە کە تەواوی گەردون ملکەچی خواست و ویستە هەڕەمەکییەکانی ئەو هێزانەیە. لەم دۆخە سەرەتاییانەشدا، ئامانجی کۆمەڵگە پاوانخوازی و پەلوپۆهاویشتنە لە ڕێی شەر و پەلامارداندایە. دەزگەو دامەزراوەی ناوەندی کۆمەڵگەش، لەسەر سیستمی کۆیلایەتی دروست دەبێ. پاشان دوای ئەمە مرۆڤایەتی کەمەکێک بەرەو پێش دەچێت و پێدەنێتە قۆناخی میتافیزیکەوە، واتە مرۆڤایەتی قۆناخی تیۆلۆجیا بەجێدێڵێت و داخڵ بە قۆناخی میتافیزیک دەبێ.

دواجار و دوای تێپەڕاندنی ئەم دوو قۆناخە، مرۆڤایەتی دەچێتە قۆناخی سێیەم کە قۆناخی پۆزەتڤیزمە. لەم قۆناخەدا بەرەو پێشچوونی زانست و پیشەسازی دەبینین و ئیتر پرسیاری مرۆڤ بەوەوە گیر ناخوات کە بڵێ: لە کوێوە دێین و بەرەو کوێ دەچین؟ یان سەرقاڵی ئەوە بێ بەدوای ڕەچەڵەکی گەردون و ئاکام و مەبەستی ژیانداڕبگەڕێت، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدا دەبێ کە لە ڕێی ئەرگیومێنتی ئەقڵانی و تێبینیکردنی واقیع و ئەزمونکردنی ژیانەوە، لەو یاسایانە بگات کە جڵەوی دیاردەکانی ناو گەردون دەکەن. شایەنی باسە ژیانی تایبەتی و شەخسی مرۆڤ، ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتی نیشان دەدات. ئەوەتا کۆنت بۆ خۆی دەڵێ: کێ لە ئێمە ئەوەی لە بیر نییە کە لە قۆناخی منداڵیدا تیۆلۆجی بووە و لە لاوێتیدا میتافیزیکی و لە سەردەمی کامڵبونیشیدا پۆزەتڤستی بووە).

٢

هەموو ئەو پێشکەوتنەی لەسەرجەم کۆمەڵگەکانی خۆرئاوادا بە چاوی خۆمان دەیبینین، بەرهەمی فەلسەفەی پۆزەتڤیزمە کە لە نیوەی دووەمی سەتەی نۆزدەهەمدا گەشەی سەند. ئەم فەلسەفەیە بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کە دەبێ ئەقڵ و زانست، ڕابەرایەتیی مرۆڤایەتی بکەن بەرەو شارستانیەت و پێشکەوتن و مەدەنییەت.. لێرەوە پێویستە ئەقڵ و زانست، شوێن بە تیۆلۆجیای مەسیحیی تەقلیدی چۆڵ بکەن کە بووە مایەی هێنانە ئارای دادگەکانی پشکنین و دواکەوتوویی کۆمەڵگە لە هەموو ڕوویەکەوە. گەر بێت و ئەم خاڵە بەهێند نەگرین، ئەوا هەرگیز لە ناوەرۆکی مۆدێرنەی خۆرئاوا تێناگەین و نازانین چۆن چۆنی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین یاخود چۆن بکەوینە دیالۆگکردن لەگەڵیدا.

فەلسەفەی پۆزەتڤیزم کە هاوشانی هاتنە پێشی شۆڕشی پیشەسازی بوو لە خۆرئاوا، بڕوای وابوو دەبێ زانست جێگەی ئایین بگرێتەوە. ئەم متمانەکردنەش بە زانست و تەکنۆلۆجیا لەو ڕۆژگارەدا ڕەها و بێسنوور بوو. بەڵام دواتر هەندێ ڕووداو و گۆڕانکاری ڕوودەدەن، ئەوە دەخەنە ڕوو کە زانست هەمووی خێر و چاکە نییە، بەڵکو هەندێ جار ڕووی نێگەتیڤ و زیانبەخش و وێرانکەریشی هەیە. با لێرەدا گەر بۆ چرکەساتێکیش بووە بیر لەو بۆمبە ئەتۆمییە بکەینەوە کە درا بەسەر هێرۆشیما و ناکازاکیدا یان بیر لە چەکە کۆکوژەکان یاخود لە بەکارهێنانەکانی زانستی بۆماوە بکەینەوە کە دەیەوێ ڕووەک و ئاژەڵ و تەنانەت مرۆڤیش کۆپی بکا!.. زانستیش وەک ئایین وایە، ڕەنگە بۆ کاری چاکە بەکار بهێنرێ و ڕەنگە کاری خراپەشی پێ بکرێ. بەڵام لەو سەردەمەدا، واتە لە سەردەمی "ئۆگست کۆنت" و "سان سیمۆن"ی مامۆستایدا، ئەم شتانە هەرگیز بە خەیاڵی هیچ کەسدا نەدەهات. زانست ئامانجی ڕەهای هەموان بوو، دەیانویست لەڕێی زانست و ئەقڵەوە، لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی، فیوداڵی، ئسوڵی، دواکەوتوو ڕزگاریان بێ و بچنە ناو سەردەم و ڕۆژگاری پیشەسازی و تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووەوە.

لەو سەردەمانەدا مرۆڤی ئەوروپایی تینووی ئەوە بوو، لە هەموو ڕوویەکەوە پێشبکەوێ و لەسەر هەموو ئاستەکان هەنگاو بنێ. خەونی بەوەوە دەبینی بگاتە سەردەمێکی پڕ خێر و خۆشی وا کە هەژاری و برسیەتی و نەخۆشی تێدا نەبێت. وای دەزانی بەرەو پێشچونی بواری پزیشکی دەتوانێت، هەرچی دەرد و نەخۆشیە بنەبڕێ بکا و چارەسەریش بۆ هەموو پەتاکان بدۆزێتەوە. بەڵام "ئۆگست کۆنت"ی دامەزرێنەری فەلسەفەی پۆزەتڤیزم و لە ژێر کاریگەری "سان سیمۆن"ی مامۆستایدا، هەر بە تەنیا بڕوای بە پێشکەوتن نەبوو، بەڵکو گرینگی زۆریشی بە بونی ئارامی و بەرقەراربوونی یاسا دەدا. "کۆنت" پێی وابوو پێشکەوتن کە مەبەست لێی گواستنەوە و هەنگاونانە لە دۆخێکی دواکەوتووەوە بۆ دۆخێکی پێشکەوتوو، نابێت مانای پشێوی و نائارامی بگەیەنێت. ئەو شتەی "کۆنت" بە گەرمی سەرقاڵی بوو، ئەو مەسەلەی پشێوی و نائارامیە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بوو کە لەدوای شۆڕشی فەرەنسیەوە دروست بووبوو. دەیویست قۆناخی شۆڕش و وێرانکاری کۆتایی پێبێنێ و دەست بە قۆناخی ئاوەدانکردنەوە و سیستماتیزەکردنی کۆمەڵگە بکا، گرینگی و گەورەییشی لێرەدایە.

"کۆنت" وەکی هەموو مەزنە فەیلەسووفێک تەنیا هەر بیر لە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆی ناکاتەوە، بەڵکو بیر لە بەرژەوەندیی گشتیش دەکاتەوە. هەر لەبەر ئەمەش بوو بە درێژایی ژیانی هەژار و نەدار بوو، ئەگەر یارمەتی چەند هاوڕێیەکی و ئەو کەسانە نەبوایە کە هەواداری بوون، ئەوا ڕەنگە لە تاو برسیەتی و نەبوونی بمردایە. "کۆنت" ئەوەندە بە بەرژەوەندیی گشتییەوە سەرقاڵ بوو، خەریک بوو خۆی و گوزەرانی خۆی بیردەچووەوە. ئەو پێی وابوو سۆسیۆلۆجیای پۆزەتڤستی دەبێ دوو شت پێکەوە کۆ بکاتەوە، بۆئەوەی کاروبارەکانی کۆمەڵگە بە چاکی بەڕێوە بچێ. ئەو دوو شتەش، پێشکەوتن و سیستمن. لەم بارەیەوە قسەیەکی هەیە دەڵێ: (هیچ سیستمێکی شەرعی

دروست نابێ و ناتوانێ بەردەوام بێ، گەر بە تەواوەتی لەگەڵ پێشکەوتندا نەگونجێت و کۆک نەبێ، بەڵام هیچ پێشکەوتنێکیش ڕونادا گەر نەبێتە مایەی چەسپاندنی یاسا و دامەزراندنی سیستمێکی شەرعی و هێنانە ئارای دۆخێکی ئارام و سەقامگیر). "کۆنت" مەسەلەکانی بەم جۆرە دەبینی: (دوای قۆناخی نێگەتیف کە پێویستە بۆ شۆڕش و بۆ ژێرەوژوورکردنی سیستمی پێشوو، پێویستمان بە قۆناخی پۆزەتیف هەیە کە قۆناخی ئاوەدانکردنەوە و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەیە.. خۆ ناکرێ فڕەنسا هەموو تەمەنی بە شۆڕش و کۆدێتا بەڕێ بکا، بەڵام بەر لە فۆرمەلەکردنی سیاسەتێکی نوێ، پێویستە لەسەرمان و بەر لە هەر شتێ لە واقیع تێبگەین و پێی ئاشنابین، ئەو کات سیاسەت پشتئەستوور دەبێ بە مەعریفەیەکی زانستی دروست دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵگە).

لە ڕاستیدا "کۆنت" میتۆدی ئەزموونگەری لە کایەی زانستە فیزیاییەکانەوە گواستەوە، بۆ ئەوەی بەسەر خودی کۆمەڵگە و تەواوی دیاردە ئینسانییەکاندا پراکتیزەی بکا. یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی فەلسەفەی پۆزەتقستیش لێرەدایە کە فەلسەفەیەکی زانستی وردە و تەنیا بڕوای بە یاسا فیزیاییەکان و ژمارە و هاوکێشە ماتماتیکیەکان هەیە. فەلسەفەی پۆزەتقستی فەلسەفەیەکە عەشقی ئەوەیە پەی بە یاساکان بەرێ، ئیتر ئەو یاسایانە بێ کە ئاراستەی دیاردە سروشتی و فیزیاییەکان دەکا یاخود ئەو یاسا و ڕێسایانە بێ کە جڵەوی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دەکا. "کۆنت" لەو باوەڕەدا بوو کە تەواوی مرۆڤایەتی بەرەو قۆناخی پۆزەتقیزم و زانستی پەتی دەڕۆن، بەڵام هەموویان پێکەوە و لەیەک کاتدا پێی ناگەن، ئەوەی بۆڕی میللەتانی تر دەداتەوە لەم پرۆسەیەدا گەلانی ئەورووپایی و خۆرئاوایین.

سەرەڕای بلیمەتی و لێهاتووی زۆری، بەڵام وانەکانی "کۆنت" دەربارەی فەلسەفەی پۆزەتقیزم، سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناو نەیتوانی لەناو تۆڕێکی دیاریکراوی بچوکدا نەبێ، شوێنی خۆی بکاتەوە. شەش بەرگی کتێبەکەی لەمەڕ فەلسەفەی پۆزەتقیزم، لە کاتی دەرچوونیدا زۆر بە سارد و سڕی پێشوازی لێکرا. بە پشت بەستن بەم ڕاستیانە دەتوانین بڵێین: (کۆنت تا لە ژیاندا بوو ئەوەندە بەناوبانگ نەبوو، ناوبانگ پەیداکردنی دوای مردنی دەستی پێکرد). ڕاستە هەندێ زانا و گەورە ڕۆشنبیران دەیانناسی، بەڵام خەڵکی بە گشتی دوای مردنی نەبێ نەیاننناسی و پێی ئاشنا نەبوون.

"کۆنت" دەست کورت و گۆشەگیر بوو، "کارۆلین"ی خێزانیشی بەردەوام سەرزەنشتی دەکرد، لەبەرئەوەی نەیتوانی خۆی بۆ پۆستی مامۆستای زانکۆ کاندید بکا. با ئێستا ئەو حاڵەتە سەیرە بێنینە بەرچاوی خۆمان کە بە ئەقڵدا ناچێ: (ئۆگست کۆنت کە گرینگترین فەیلەسووفی سەردەمەکەی خۆیەتی و یەکێکە لە نوێخوازە مەزنەکان، مامۆستای زانکۆ نییە، کەچی دەیان خەڵکی سادەتر مامۆستای پایە بڵندن لە زانکۆکانی فڕەنسا!). بەڵام ساڵی ١٨٤١ لە ناکاو هەواڵێکی دڵخۆشکەری پێدەگا کە تینووتاوی دەداتێ، ئەویش ئەوەیە نامەیەکی لە فەیلەسووفی

گەورەی بەریتانی "جۆن ستیوارت میل"ەوە پێدەگا و تیایدا باس لە سەرسامی خۆی دەکا بەرامبەر تێزەو تیۆرەکانی لەمەڕ فەلسەفەی پۆزەتڤیزم. لەو نامەیەدا "میل" دەڵێ: (خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە بەرهەمەکانی ئێوەم موتالاکرد و پێموایە یەکێکە لە بەرهەمە بەرز و نایابەکانی فەلسەفەی مۆدێرن). تۆ بڵێی ئەمە سەرەتای دانپیانان بێ بە بەهرەو لێهاتووی ئەودا؟ ئایا بەرهەمی بلیمەتی و ئەو ڕەنجە زۆرەی دەچنێتەوە، دوای ئەو هەموو چاوەڕوانییە؟

ئەوەی ڕاستی بێ کامەرانی و بەختەوەرییەکەی زۆری نەخایاند. ئەوەندەی نەبرد "کارۆلین"ی خێزانی وازی لێ هانی و بە یەکجاری مااڵی بۆ بەجێهێشت! شایەنی باسە پێشتریش هاوسەرەکەی چەندان جار ڕۆیشتبوو، دەرۆیشت و پاش ماوەیەک دەگەڕایەوە، بەاڵم ئەم جارەیان ناگەڕێتەوە. دوای جیابوونەوەشیان "کارۆلین" چەند ساڵێک نامەی بۆ دەنارد و ناوبەناویش ئامادەی وانەکانی دەبوو لە پاریس. وەک گوێگریک ئاسایی لەگەڵ ئامادەبواندا دادەنیشت. لەلایەکی ترەوە زانکۆکانی فڕەنسا هەموو داواکارییەکانی "کۆنت"یان ڕەتدەکردەوە، بۆ ئەوەی ببێتە پڕۆفیسۆر و لە زانکۆدا وەربگیرێ، هەموو جارێک دووچاری نائومێدی دەهات و هەستی دەکرد نە ڕێزی دەگیرێت و نە نرخی دەزانرێ. ساڵی ١٨٤٣ لە فەرمانبەریش دەردەکرێ و بێ موچە دەمێنێتەوە. ئەمە ناچاری دەکا پەنا بۆ فەیلەسووفی بەریتانی "جۆن ستیوارت میل" بەرێت، ئەویش زۆر جوامێرانە بە دەنگ داواکەیەوە دەچێت، پارەیەکی زۆری بۆ کۆدەکاتەوە و بۆی ڕەوانە دەکا و تا مردن لەسەر ئەو پارەیە دەژی.

ساڵی ١٨٤٤ ژیانی "کۆنت" لە سەر ئاستی فیکری گۆڕانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. دوای ئەوەی لە ڕێی کتێبە قەوارە گەورەکەیەوە (چەند وانەیەک دەربارەی فەلسەفەی پۆزەتڤیزم)، زانستە ئینسانیەکانی دامەزراند، خۆی بۆ ئەرکێکی تر تەرخانکرد کە ئەویش نووسینی کتێبێک بوو بە ناونیشانی: (سیستمی سیاسەتی پۆزەتڤیزم). مەبەستی لە نووسینی ئەم بەرهەمەش هەر بە تەنیا دامەزراندنی سیاسەتێکی نوێ نەبوو، بەڵکو دەیویست ئایینێکی تازەش بۆ مرۆڤایەتی بێنێتە ئارا، ئاینێک کە جێگەی تیۆلۆجیای مەسیحی کۆن بگرێتەوە. بەاڵم لەو ماوەیەدا ڕووداوێکی تایبەت ڕویدا کە ئاڕاستەی ژیانی گۆڕی و گەورەترین کاریگەریشی لەسەر فەلسەفەکەی بەجێهێشت. ئەم ڕووداوە کاریگەریی بە ڕادەیەک بوو کە هەندێ دوای ئەوە باسیان لە "ئۆگست کۆنت"ی یەکەم و "ئۆگست کۆنت"ی دووەم دەکرد. تەنانەت هەندێ لە خوێندکارەکانیشی لە شوێنکەوتنی کشانەوە، لەبەرئەوەی (بە بۆچوونی ئەوان) ناپاکی دەرهەق بە فەلسەفەی سەرەتای خۆی کردووە یاخود لێی پەشیمان بووەتەوە.

با بزانین ئەو ڕووداوە گرینگە چییە کەوا "ئۆگست کۆنت"ی شڵەژاندووە؟ ئەو ڕووداوە چیرۆکێکی خۆشەویستیە لەگەڵ کچێکدا کە ١٧ ساڵ لە خۆی منااڵترە. ئەم کچە ناوی "کلۆتێلد دوقۆ"یەو لە بنەماڵەیەکی ئۆرستۆکراتی خانەدان دەبێ. ئەم پێوەندییە ئاڕاستەی بیرکردنەوە و فەلسەفەی "کۆنت"ی گۆڕی. ئەوێک کە پێشتر پێی وابوو زانستی پۆزەتڤستی بەرزترین و گرینگترین شتێکە

بۆ مرۆڤایەتی، ئەمێستا و دوای ناسینی "کلوتێلد دوڤۆ"، سۆزداری و خۆشەویستی لەسەر و زانست و ئەقڵ و هەموو شتێکەوە دادەنێ. ئەمە ئەو گۆڕانکارییە مەزنە بوو کە بەسەر "ئۆگست کۆنت"دا هات. لە شۆێنێکدا "کۆنت" بە "کلوتێلد دوڤۆ" دەڵێ: (کتێبی داهاتووم بریتی دەبێ لە ئۆپێرایەکی زۆر گەورەو تیایدا باس لە باڵادەستی و ئەولەویەتی خۆشەویستی گەردونی دەکەم، نەک تەنیا بەسەر هێزدا، بەڵکو بەسەر ئەقڵیشدا). لێرەدا ئێستێک دەکەم و دەڵێم: (شارستانیەتی خۆرئاوا گەر ئەم بۆچوونەی کۆنتی پەیڕەو بکردایە، ئەوا نە دڵی لە دەست دەدا و نە ڕۆحی بزر دەکرد). کەس گومانی لە گرینگی زانست و پیشەسازی و دیسپلین و پێشکەوتن نییە، تێکڕای ئەم شتانەش بێگومان بۆ دروستکردن و دامەزراندنی شارستانیەت پێویستن و بە فیعلیش بوونە مایەی دامەزراندنی گەورەترین شارستانیەتی تەکنۆلۆجی لەسەر زەوی، بەڵام خۆزگە ئەم شارستانیەتە دڵ و ڕۆح و ویژدانی فەرامۆش نەکردایە، خۆزگە خۆی لەو خۆشەویستیە گەردونییە بەتاڵنەکردایەتەوە کە "ئۆگست کۆنت" لە دووەم قۆناخی ژیانی فیکریدا بانگەشەی بۆ دەکرد. گەر ئەمە بوایە ئەوا دەگەیشتینە شارستانیەتێکی کامڵ و بێ کەموکوڕی لە ڕوی تەکنۆلۆجی و ئینسانیەوە.

گەر شارستانیەتی خۆرئاوا بەشێوەیەکی مرۆڤدۆستانە مامەڵەی میللەتانی دیکەی بکردایە، ئەوا سەردەمی کۆلۆنیالیزم و هەموو ئەو مەرگساتانەمان نەدەبینی کە لێی کەوتەوە. میللەتانی دیکەش بە چاوی گومانەوە لە خۆرئاوا و دەسکەوتەکانی مۆدێرنەیان نەدەڕوانی و نەدەکەوتنە دژایەتیکردن و ئافەرۆزکردنی کە ئەمەش بۆ خۆی هەڵوێستێکی بەڕگیرانەیە و زیان بە هەموو لایەک دەگەیەنێت، چونکە هەماهەنگیکردن لەگەڵ شارستانیەت و لەگەڵ شتە پۆزەتیڤەکانی ناویدا، ڕێگەی ڕاست و دروستە لە پێناو بەرەو پێشچونی میللەت و کۆمەڵگەکانماندا.

بە هەر حاڵ "ئۆگست کۆنت" لە دووەم قۆناخیدا، دەستبەرداری هێز و هێزداری بوو بۆئەوەی ڕێچکەی خۆشەویستی بگرێتە بەر، ئەو خۆشەویستیە گەردونیەی تەواوی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. هۆکاری ئەم گۆڕانکاریەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چیرۆکی خۆشەویستیەی تووشی بوو. لێرە بەدواوە "کۆنت" هەر بە تەنیا سەرگەرمی شارستانیەتی زانستی تەکنۆلۆجی نەبوو، بەڵکو ڕوێکردە بەها ئایدیالی و ڕوحیەکانیش. واتە "کۆنت" لە خەونی غەفڵەت زەدەیی بەئاگا هات و درکی بەوە کرد کە لە ژیاندا و لە دەرەوەی بەهای زانستی و تەکنۆلۆجی و پێشکەوتنی مادی، بەهاگەلێکی دیکەش هەیە، بەڵام ئەفسوس شارستانیەتی خۆرئاوا شوێن پێی "ئۆگست کۆنت"ی دووەمی هەڵنەگرت و هەر پابەندی یەکەمیان بوو. نەک هەر ئەوەندەش، بگرە پێی وایە "کۆنت" ی دووەم ناپاکی لەگەڵ "ئۆگست کۆنت"ی یەکەمدا کردووە.

بەڵام داخۆ خیانەتکردن ئەوە نییە کە قۆناخی یەکەم لە فەلسەفەی "ئۆگست کۆنت" پەیڕەو بکەین و قۆناخی دووەمی فەرامۆش بکەین؟ ئایا سەرکەوتنی مادی هەموو شتێکە لە بووندا، وەکی ئەوەی لە ئێستا زۆربەی زۆری خۆرئاواییەکان پێیان وایە، یاخود شۆێنێکیش بۆ ڕێز و خۆشەویستی و

خزمەتکردن بە کەسانی دی ماوە؟ شایەنی باسە خۆشەویستی "کۆنت" لەگەڵ "کلۆتێلد دوفۆ"دا خۆشەویستیەکی کورت خایەن بوو کە ساڵێک زیاتری نەخایاند، بەڵام توانی فێری خۆشویستنی تەواوی مرۆڤایەتی بکا و ئەمەشی بەشتێکی دانەبڕاو لە فەلسەفەی پۆزەتڤستی دادەنا، بەڵام لەو کاتەوەی ئەم گۆڕانکارییەی لە خۆیدا دروست کرد، ئیتر بەرەبەرە خوێندکارەکانی لێی دەتەکینەوە. ئەوەی جێی داخە یەکێک لەوانە فەیلەسووفی بەریتانی "جۆن ستیوارت میل" بوو. "میل" کەسێکی تەواو مادی بوو، جگە لە بەهای پێشکەوتنی مادی و تەکنۆلۆجی، بڕوای بە هیچ بەهایەکی دیکە نەبوو. هەروەها یەکێکی تر لەوانەی کە وازیان لێهێنا "لیتری" بوو، کە خاوەنی فەرهەنگی بەناوبانگی فەرهەنگی فڕەنسی "لیتری"بوو.

دواجار بەم پەرەگرافە کۆتایی بەم نووسینەمان دێنین: (کۆنت نەیدەویست ڕاستەوخۆ بەشداریی پرۆسەی سیاسی بکا و تەنیا کۆمەڵەی پۆزەتڤیزمی دامەزراند کە دروشمەکەی بریتی بوو لە: سیستم و پێشکەوتن. پێویستە تەنیا بیر لە سیست و پێشکەوتن بکەینەوە. دواتر کتێبێکی بەناونیشانی وتارێک دەربارەی تێکڕای فەلسەفەی پۆزەتڤستی بڵاوکردەوە. ئەم کتێبەی بە زمانێکی شیعری نوسیبوو کە پوختەی هەموو فەلسەفەکەی بوو. ئەم کتێبە سیاسەتمەداری بەناوبانگی فڕەنسی جۆڵ ڤێری زۆر پێی سەرسام بوو، هەر ئەمیش ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە پراکتیزەکردنی فەلسەفەی پۆزەتڤیزم لە فڕەنسای کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا.. وەکی دەشزانرێت جۆڵ ڤێری ئەو کەسەیە کە دامەزرێنەری قوتابخانەی عەلمانییە لە فڕەنسادا و هەر ئەویشە کە نەخوێندەواری لەو ولاتەدا ناهێڵێ. لەم کتێبە شیعریەیدا کۆنت بۆ یەکەم جار چەمکی ئایینی مرۆڤایەتی دەستنیشان دەکا و باس لە گرینگی دەسەڵاتێکی ڕوحی دەکا کە لە بەرامبەر دەسەڵاتی مادیدا ڕابوەستێت.

پاشان لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی ئۆگست کۆنتدا، ئاراستەی ئایینی فەلسەفەی پۆزەتڤیزمیش زیادیدەکرد و قەناعەتی بەوە دەکرد کە پێویستە ئیدارەیەکی ڕوحی بێتە ئاراو سەرپەرشتی کۆمەڵگە بکا، بەتایبەت لە دوای دارمانی دەسەڵاتی کڵێسا و کەمبوونەوەی کاریگەری مەسیحیەت لەسەر هاووڵاتیانی خۆرئاوا، ئەویش بەهۆی ڕۆشنگەری و شۆڕشی فڕەنسیەوە. لەمبارەیەوە کۆنت دەڵێ: پێویستە لەسەر دار و پەردوی سەردەمی تیۆلۆجیا دەسەڵاتێکی ڕوحانی نوێ بێتە ئارا، بۆ ئەوەی ئاراستەی کۆمەڵگە و ڕای گشتی بکا. دەبێ ئەم دەسەڵاتە ڕوحانییە لە خۆرئاوادا، جێگەی دەسەڵاتی پاپا بگرێتەوە و ئامانجی ئەوەش بێ تەواوی میللەتانی ئەوروپا لە ژێر ڕکێفی خۆیدا کۆ بکاتەوە و هەوڵی ئەوەش بدات نەتەوەکانی دیکەش بێنێتە ژێر سایەی خۆی، ئەویش لە ڕێگەی پێوەندی بەستنێکی ئەخلاقیی ئاست بەرزەوە).

# لەسەروەختی هەرەسی"ئەخلاق"
# لە پێناو ئازادیدا

هیمداد شاهین

لە ژێر ڕۆشناییی زنجیرەی (مەعریفەناسیی ئەخلاق) باسی سێیەممان بۆ چەمکی (ئەخلاق و ئازادی) تەرخان کردووە، ئومێدەوارم ئەمە ئیزافەیەکی جددی بێ بۆ مەعریفەی کوردی.

سەرەتا بۆ ئەوەی قسە دەربارەی (ئەخلاق و ئازادی) بکەین، ئەوا دەبێ هەندێک شتی دیاریکراو بڵێین و دواتر بە ئەندازەی ئەوەی ئەم شتانە لە ڕۆحی ئێستامانەوە دوور نەبێ و نێزیک بێ، دەبێ تێگەیشتن لە هەردوو چەمکی ئەخلاق و ئازادی دابەش بکەمە سەر دوو جۆر لە یەکتربڕی ئاسۆیی، بەڵام پێش ئەوە دیسان دەبێ بگەڕێینەوە بۆ خاڵی سەرەتا، ئەویش ناساندنی سەرەتایەکانی ئەخلاقە لەڕووی تیۆری و شتی ئیعتیبار (چونکە ئەمان شتانێکی ئیعتیبارین Axiological things)، ئەویش بۆ ئەوەی بتوانین زۆر بە ڕوونی مانا و دەلالەتەکانی دەربخەین، بەشەکانی فەلسەفە و حیکمەتی ئەخلاقی ئەم سێ بەشەیە:

یەکەم/ (میتا ئەخلاق) بان ئەخلاق:

ئەم بەشە تیۆریترین بەشی فەلەسەفەی ئەخلاقە و تەنیا کار لەسەر چەمک و کونسپتوالیتیە ئەخلاقییەکان دەکا، وەلامی پرسیاری (ئەخلاق بۆ؟) دەداتەوە، ئەخلاق چییە؟ بۆچی تۆ بەئەخلاق بی؟ بۆچی ئەخلاق لەگەڵ هەموو شتەکاندا هەبن؟ بۆ من بەئەخلاق بم؟، ئەم بەشە لێکۆڵینەوەیە لە شەش تەوەرە کە بەشێکیان لە سەرچاوەکانی "ابو القاسم فنایی" وەرمگرتوون کە سەرچاوەی (معتبر)ن لە فەلسەفەی ئەخلاقیدا، لە کتێبی (دین در ترازوي اخلاق، مؤسسهي فرهنگي صراط، تهران ١٣٨٤):

ئەلف: فەلسەفەی ئەخلاق خۆی لەخۆیدا چییە؟

بێ: کونسێپتەکانی ئەخلاق چین، چاکە چییە و خراپە چییە؟ خێر و شەڕ چین؟ گرفتێکی دیکەی بەها ئەخلاقییەکان لە (ڕەهایی یان ڕێژەی) بوونیاندایە، ڕەنگە هەتا ئەم چرکەساتەش دواین

ئەنجام بەدەستەوە نەدرابێ، ئاخۆ بەها ئەخلاقییەکان، بەهای ڕەهان، بۆ نمونە ئایا (ڕاستگۆیی) بەهایەکی ڕەهایە و لە هەموو سات و شوێن و کۆمەڵگە و هەڵوێست و کەس و... هتد، هەر ڕاستگۆیی بەهایەکی چاکە و درۆ خراپە، یاخود ڕاستگۆیی بەهایەکی ڕێژەییە و دەکرێ بۆ هەندێک سات و شوێن و کۆمەڵگە و هەڵوێست و کەس و...هتد چاک بێ و بە گۆڕانی یەکێک یان هەندێک لەم مەرجە پێشوەختە زەینییانەی سەرەوە (چاکی) لە دەست بدا و ڕاستگۆیی خراپ بێ. لە ڕاستیدا گەر زەینی دەستەجەمی مرۆڤ سەرچاوەی بەها ئەخلاقییەکان بێ، ئەوا بەها ئەخلاقییەکان کۆمەڵێک بەهای ڕێژەیین و دەکرێ بە گۆڕانی زەوینە و مەرجە پێشوەختەکان (چاکی و خراپی) بەهاکان گۆڕانیان بەسەردا بێ- کە ئەمەش گەورەترین ئیشکالی ئەو بیرمەندانەیە کە بەها ئەخلاقییەکان بە بەرجەستە و عەینی دەزانن- بیرمەندەکان سەبارەت بە سەرچاوەی بەها ئەخلاقییەکان دەبنە چەند دەستەیەک، دەستەیەکیان مرۆڤ بە سەرچاوەی بەهاکان دەدەنە قەڵەم و پێیان وایە کە مرۆڤ خوڵقێنەری بەها ئەخلاقییەکانە. لەم بڕوایەدا منی تاک و زەینی تاک بە ئافرێنەری بەهاکان دەزانرێ. لە ڕاستیدا ئەم بڕوایە کەلێنێکی گەورەی تێدایە و گەر بەها ئەخلاقییەکان زادەی منی تاک بوونایە، ئەوا هەر مرۆڤێک لە بازنەیەکی داڕنراو لە کۆمەڵگەدا پەیڕەویی لە کۆمەڵێک بەها دەکرد ئەسڵەن بەها کاتێک بەهای ئەخلاقی وەردەگرێ کە لە نێو کۆمەڵ/ کۆمەڵگەدا پەیڕەوی بکرێ (مرحوم: اکرم عنبی/هەژان:١٦)

جیم: دانەری ئەخلاقی چ کەسێکە؟

دال: ئەو کەسەی کە هەڵدەستێ بەکاری ئەخلاقی کێیە؟

هێ: زەوینە و سەرچاوەی ئەخلاق، یان زەوینەی ئەخلاقی چییە و شتە ئەخلاقییەکان چۆن دەبنە شتی کردەیی؟

لام: لە کوێدا ئەخلاق دەبێ هەبێ؟ تیۆری و کردەی ئەخلاقی لە ناو (خود)دا.

دووەم/ ئەخلاقی ڕێنوێنیکار:

سێیەم/ئەخلاقی پرێسکرییتیف (ئەخلاقی وەصفی):

بە بۆچوونی زۆربەی ئەخلاقناسان و لە ناویشیاندا بە پێی بۆچوونەکانی موجتەبا مصباح ئەم ئەخلاقی (پرێسکرییتیف)ـە بریتییە لەو ئەخلاقەی کە لەناو کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، واتە کۆمەڵگە چی بەئەخلاق دەزانێ و چی بە ئەخلاق نازانێ؟ هەر لەم سونگەیەوە بۆچوون هەن کە کۆمەڵ بە دروستکەری دەزانن، واتە کۆمەڵگە وەک گشتێکی یەکگرتوو مانا پێدەر و دروستکەری بەها ئەخلاقییەکانە، مەرحوم ئەکرەم عنەبی لەسەر ئەم بڕوایەیە و پێی وایە بەها ئەخلاقییەکان کۆڕپەی زەینی دەستەجەمی منی کۆمەڵایەتیی مرۆڤن و ئەم زەینە دەستەجەمییەش جیاوازە لە زەینی تاکە کەسی مرۆڤەکان و کۆمەڵگەی مرۆیی بڕیاری لەسەر دەدا و دیسانەوەش منی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ

هەواڵنامەی کۆڕ

جودایە لە منی تاکە کەسی. هەر بۆیە بەها ئەخلاقییەکان زادەی کۆمەڵگەن و لە کاتی نەبوونی کۆمەڵگەدا ئیدی نە ڕاستگۆیی وجوودی دەبێ و نە درۆ، نە چاک نە خراپ، هەر بەمەش ئیدی بەهاکان دەبنە بەهای کۆمەڵایەتی و ڕێژەیی – هەرچەندە لای بیرمەندە ئیسلامییەکان و گریکە دێرینەکان ئەم ڕایە بە گێلی لە قەڵەم دراوە، لەگەڵ ئەوەی بڕوام بەم بۆچوونە هەیە، کەمێک ترسم لەو بۆچوونەش هەیە کە بە هەڵە تەرجەمەی کایەی مەعریفی بکرێ، ڕاستی ڕێک لەگەڵ ئەم بڕوایەم، بڕوایەکی تریش هەیە، واتا بەبێ ئەوەی دووەم ناتوانم بە شێوەیەکی ڕەها باوەڕ بەم دید و ڕوانینە بێنم، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە: باوەڕهێنان بە (گشتیبوون، ڕەهابوون، دەستەجەمیبوون، بەردەوامبوون)ی بەها ئەخلاقییەکان بە لەبەرچاو نەگرتنی سنووری کۆمەڵگە جیاوازەکان هەڵەیەکی گەورەیە و هەوڵدانە بۆ کوشتنی جیاوازییەکان، دەکرێ پاساو بۆ گشتیبوونی بەها ئەخلاقییەکان بهێنرێتەوە گەر مرۆڤ لە تەنیا یەک کۆمەڵگەی داخراودا ژیان ببات سەر و یەک کۆمەڵگەی مرۆییمان هەبێ، ڕەهابوونیش بە هەمان شێوە لە تەنیا کۆمەڵگەیەکدا دروست دەبێ، هەرچی دەستەجەمیبوونە کاتێک ڕاستە کە ئێمە لە دونیادا و لە تەواوی سەردەمە ڕابردووەکان و نەهاتووەکاندا تەنیا یەک زەینی دەستەجەمیمان هەبێ و تەنیا یەک سەرچاوەی پێدانی مانا و پێوەندیەکانمان هەبێ، بێگومان لە هەر حاڵێتێکیشدا بەردەوامبوونی بەها ئەخلاقییەکان هەڵەیەکی گەورەیە.

بەڵام لەڕاستیدا ئەمە پۆلبەندییەکی سادەیە فەیلەسووفەکان کردوویانە، ئەگەر ئێمە بمانەوێ قوواڵتر لەو بابەتە بکۆڵینەوە دەبێ بزانین (بان ئەخلاق) میتائەخلاق (کە بەشی یەکەمیەتی) چییە و چۆن کێشەکانی ئەخلاق چارەسەر دەکا؟ چۆن فەلسەفییانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا؟

دووەم بەشی ئەخلاق کە بریتییە لە ئەخلاقی ڕێنوێنیکار ڕیاتر تیۆرییە ئەخلاقییەکانە، کە پێمان دەڵێن چی بکەین و چی نەکەین؟

سێیەم بەش کە بریتییە لە ئەخلاقی (وەصفی) چۆن ئەو تیۆرییانە بەکار دەهێنین، کەواتە سەرەتا ئەخلاق چییە؟ ئەمە میتائەخلاق وەڵامی دەداتەوە، دووەمیان کە وتمان ئەخلاقی ڕێنوێنیکارە تیۆرییەکانی ئەخلاق چین؟ ئێمە لە ئەخلاق چیمان هەیە؟ سێیەمیان کە ئەخلاقی وەصفیە لەناو کۆمەڵگەدا بەپێی ئەو تیۆرییانە چۆن مامەڵەی ئەخلاقی بکەین؟ کۆی هەموو ئەمەش کرۆکی فەلسەفەی ئەخلاقە.

ئەخلاق چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو بابەتە کە لە میتا (بان)ئەخلاقدا باس دەکرێ، میتائەخلاقیش بریتییە لەفەلسەفیترین بەشی فەلسەفەی ئەخلاق، کە بۆ من بەئەخلاق بم؟ چەمکەکانی ئەخلاق چین؟ فەیلەسووفەکانی ئەخلاق چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بابەتە ئەخلاقییەکاندا کردوە؟ زمانی ئەخلاقی چییە؟ هەموو ئەو بابەتە فەلسەفییانەی کە لە ئەخلاقدان دەچنە بەشی یەکەمی فەلسەفەی ئەخلاقەوە، ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەبەشی یەکەمی فەلسەفەی ئەخلاقدا کردوە کە پێی دەوترێ (میتائەخلاق) لە سێ ڕووەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە:

یەکەم: لەڕووی وجووناسییەوە (ئەنتۆلۆجی).

دووەم: لەڕووی مەعریفەتناسییەوە (ئەخلاق چییە؟)

سێیەم: لەڕووی دیلالەتناسییەوە (ماناکانی چەمکەکانی ئەخلاق چین؟)

بۆیە لەم پێشەکییەوە دەچینە سەر هەردوو بەشەکە:

١- ئەخلاق لە ستایشی ئازادیدا.

٢- ئازادی لە ستایشی ئەخلاقدا.

بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر ئەم دوو خاڵە بووەستین و لە ڕێگەی ڕاڤەیەکی مەعریفیی ئەم دوو خاڵەوە تێگەیشتنەکانمان و جیهانبینیمان بۆ ئەم دوو چەمکە ڕوونتر بکەینەوە، ئەوا دەبێ سەرەتا هەڵوەستەیەک لەسەر خاڵی یەکەم بکەین و دواتر خاڵی دووەم:

یەکەم: ئەخلاق لە ستایشی (ئازادی)دا

تێگەیشتن لە ئەخلاق لە ستایشی ئازادیدا لە ساتی خۆیدا، گرینگترین سەرمایەیەکە بۆ هەموان، بە بێ تێگەیشتن لە ئەخلاق ئێمە هیچ سەروەختێک ناتوانین ستایشی ئازادی بکەین، ئێمە تا ئەو شوێنە دەتوانین ستایشی ئازادی بکەین کە لە ئەخلاق تێگەیشتبین، ئازادی دیاردەیەکە، ڕووداوێکە، کە کۆمەڵێک هەلومەرجی تایبەت لە ساتی ڕوودانیدا شێوە و فۆرمیان پێ بەخشیوە، ئازادیی تەواو ئاراستەیەکی خۆییە، واتا تەنیا هەستێکی ئەبستراکت (مجرد) نییە و بەس، خۆییە بە مانایەک کە دەرهاویشتەیەکی خۆیی هەیە و بەڵکو ئێمە بەر دەرهاویشتەکانی ئازادی دەکەوین، نەک هەست بە خۆشی و شادیخوازیێکی (معنوی) بکەین و تەنیا، ئەمە بۆ ئەخلاقیش تەواو ڕاستە و ئەخلاق بابەت و چەمکێکی تەواو خۆییە و دیسان ئێمە بەر دەرهاویشتەکانی دەکەوین، فەلسەفە و ئاراستە ماتریالیەکان پێیان وایە کە ئەخلاق چەمکێکی خۆیی نییە، چونکە تەنیا هەستێکی (شعور) ئەبستراکە و بەس، مرۆڤ لە ڕێگەی پەروەردە و ژینگەوە وەریدەگرێ بێ ئەوەی پشت ببەستێ بە هیچ شتێک لەسەر ئاستی واقیع، لەم سۆنگەیەوە بەها ئەخلاقییەکان فرەجۆر دەبن ئەمەش بە پێی جیاوازیی نەتەوە و گەلانی سەر زەوین و هەروەها جیاوازیی شوێن-کاتەوە، تۆ نەتەوەیەک دەبینی چالاک و سەرڕاستن، نەتەوەی دووەمیش دەبینی خراپەکار و لادەرن و شەڕانین و کەچی ئازادییان دەوێ، ئەمە چ مانایەک لە قوڵاییی بیرکردنەوەی ئێمەدا دەچێنێ؟

واتە ئەگەر بێین و بە شێوەیەکی ڕوونتر ئەم بۆچوونە شی بکەینەوە، دەبێ لەو خاڵەوە (پۆینت) دەستپێبکەین کە کەسی شەڕخواز و خراپەکار و لادەر کەسێکی (نائەخلاقی)یە، ئەگەر ئەم کەسە کۆیلە بێ باشترە یان ئازاد؟ ئەگەر ئەم کەسە خراپەکارە، ئەم گرووپە خراپەکارە، ئەم نەتەوە خراپەکارە، ئەگەر ئازاد بن دەبێ چ کەشێک دروست بێ؟ نەتەوەیەک دەبینین داوای ئازادی دەکا، بەڵام لە هەمان کاتدا شەڕخواز و نائەخلاقییە، ئایا دەشێ شەڕواخوازی نائەخلاقی بەشێک بن لە

ماناکانی ئازادی؟ ئایا ئەگەر (نائەخلاقی) توانایەکی شاردراوەیە لە قولاییی شەڕخوازیدا ناشێ ئەوەش بڵێین: خودی ئەو ئازادییەی کە بەخششی کەس یان ئیتنی یان نەتەوەیەکی دیاریکراوی نائەخلاقییە بۆخۆی (ئازادییەکی زۆڵە).

بەبەردەوامی بیر لەم تەرزە بیرکردنەوانە دەکەمەوە کە دەربارەی ئازادی هەن، پێیان وایە هەموو مرۆڤێک دەبێ ئازاد بێ، ڕاستییەکەی هەر ئەمەیە کە: نابێ هەموو مرۆڤێک ئازاد بێ، ناکرێ هەموو مرۆڤێک ئازاد بکەین، هەندێک مرۆڤ هەن ئەگەر ئازاد بن دونیا وێران دەکەن، دونیا کاول دەکەن، دونیا دەکەن بە کوورەیەکی گەورە و ئەوانی تری تێدا دەسووتێنن، هەندێک مرۆڤ هەن ئازادی شێت و هاریان دەکا و وایان لێ دەکا بە چواردەورەی خۆیاندا و بە نینۆکە درێژەکانیانەوە چەپۆک بەسەر ئەوانی دیدا بکێشن، ڕەقیبی گەورەی ئازادی (ئەخلاق)ە، شکاتی گەورەی ئەخلاق لەو فۆرمەیە کە نائەخلاقی ئازادی بەرهەمی دێنێ، ئازادی کە بێ سەبات بوو، حازری سەروەختی ئەخلاقە، بە کورتی جیاکارییەکی ئەخلاقییانە بۆ کۆی مەسەلەی وجوود دەکەین وەکو وجوودێکی ئازاد کە لە (ئێستادا و لەوێدا) پلەیەکی ستانداردی هەیە:

یەکەم: بوونێکی بینراوی سەربەخۆ لە وجوودی خۆیدا وەک زەریای هادی یان بورجی ئیفڵ یان خانەقاکەی "مەحوی" یان هەرشتێکی تری کە بینراو بێ.

دووەم: بوونێکی واتایی (وجود معنوي)ی وەستاو لە شتە دەرەکییەکاندا، وەک ستەم لە دوژمنکاریدا، دادپەروەری لە حوکم و بڕیاردا.

بەها ئەخلاقییەکان بە تەواوی لە جۆری دووەمیانن واتە بوونێکی واتایین نەک ماددی و بینراو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کێشەی ماددی و بەرجەستەیی دروست دەکەن، وەک ئەوەی کە حەزرەتی مەحوی دەیڵێ:

بەرد ئەگەر سەر نەشکێنی بەچی ڕوو ڕەنگین ئەکا

لەسەرەوە وتمان کە بابەتی ئەخلاق لە شێوەدا هەستییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دەرهاویشتەی ئەخلاقیدا بەرجەستەییە، هەروەکو شتە دەرەکییەکانیش بە بەها ئەخلاقییەکان دادەنرێن چونکە بەکردار و بە واقیع لەسەر بەها ئەخلاقییەکان وەستاون، کاتێک دەووترێ: ڕاستگۆیی چاکەیە، درۆکردن خراپەیە، بەڵێن بردنەسەر و پەیمان بەجێهێنان واجیبە، مانای وایە کە چاکە لە ڕاستگۆییدایە، خراپە لە درۆکردندایە، بەڵام بەڵێن دان بەیەکێک بۆ دزیکردن یان درۆکردن تا ئەبەد، دیسان ئەمەش نائەخلاقییە.

ئەو بوونەی کە بە واتەییمان دانا، (ئەرستۆ) بە یاسای سروشتی داناوە، بەو پێیەی کە لە زەروریات و پێویستییەکانە و نابێ پشت گوێ بخرێ، ئەرستۆ نموونەی بە هاوکاریی تاکەکانی کۆمەڵگە هێناوەتەوە لە نێوان خۆیاندا بە جۆرێک تاک لە کۆمەڵگەدا ناتوانێ بەسەربەخۆیی بژی و بێباک بێ لە نانەوا و گۆشتفرۆش و کوتاڵفرۆش و فرۆشیاری کاڵا پێویستەکانی تر، ئەرستۆ دەڵێ:

(هەر کەسێک پێویستی بە خەڵکی تر نەبێ ئەوە یان خودایە یان وەحشی و درندە) محمد جواد مغنية: فلسفة الاخلاق في الاسلام ص٢٧.

نائینی ئەم چەمکەی لە ئەرستۆوە وەرگرتووە و بەسەر هەندێک لە حوکم و بڕیارە دانراوە (وەزعی)ەکاندا جێبەجێی کردووە وەک (الملكية والزوجية المسية عن الفقد) ئەمەشی بە کارێکی ئیعتیباری داناوە بەڵام سیفەتی بڕیارە سروشتییەکانی پێ داوە، دەڵێ: (کامەیە ئەو ڕێگرەی کە بوار نادا ئەم کارانە لە چوارچێوەی ئیعتیباریدا دابنرێن و بوونی پێکهاتنی هەمان بوونە ئیعتیباریەکە بێ)، لە (الموسوعة الفلسفية المختصرة)دا لاپەڕە ١٢٦دا هاتووە، گروتیوس کە فەیلەسووفێکی هۆڵەندیە وتوویەتی: (بنەما ئەخلاقییەکان سروشتی و حەتمین لە خودی خۆیاندا، خوای گەورە فەرمانی پێکردوون چونکە ئەوان و خۆیان بەو شێوەیەن، ناگونجێ خودا شتێک بە خراپە بگێڕێ و لە خودی خۆیدا خراپە نەبێ)، لە کتێبی (ئەلەنتیق ئەلحەدیس)ی (د. مەحمود قاسم) لاپەڕە ١٣١دا هاتووە، دوریم کایم دەڵێ: مرۆڤ کە ئەرک و واجبی خۆی بەجێهێنا وەک برا یان هاوسەر یان هاوولاتی، ئەوە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە لە هەستی خودییەوە (شعوری زاتی) نەبووە بەڵکو لە دەرەوەیەوە هاتووە، لە لاپەڕە ٣٠٩شدا هاتووە: (بیرۆکەی زاڵ و باو لە سەردەمی سۆفستائییەکاندا ئەوە بوو کە یاسا مرۆییەکان ڕێژەیین بە جیاوازیی گەلان و میللەتان دەگۆڕێن و جیاواز دەبن، هەتا (مۆنتسکیۆ) هات و لە کتێبەکەیدا ڕۆحی یاساکان (روح القوانين)دا ئەوەی ڕوون کردەوە دیاردە مرۆییەکان شەرعی بن یان سیاسی و ئابووری ملکەچی یاسا و ڕێسا نەگۆڕەکانن کە سروشتی شتەکان دەیخوازن)، ئەمە بابەتێکە زیاتر بەلای ئەکادیمیاییەوە دەڕوا و ئەگەر زیاتر ڕۆبچینە نێو ئەم بابەتەوە ئەوا دەبێ ئاوڕێکیش لە مەسەلەی: (نەقدی ئەخلاق critical ethic)ی بدەینەوە، چونکە (نەقدی ئەخلاق critical ethic) بناخەی تیۆریی ئەخلاقییە و لێرەدا بەر وشەی (ئەخلاق) دەکەوین بە ناڕاستەوخۆ، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەمە نییە بۆ ئێمە، کێشەی سەرەکی ئەوەیە لە زۆرینەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا، ئازادی هیچ کات ستایشکار نییە لە بەرامبەر بابەتی ئەخلاقدا، زۆرینەی ئازادییەکانی ئەم ناوچەیە داواکراوی (ئەخلاق بەدەر)ن، واتا بەبێ گوێ دان بە مەسەلە ئەخلاقییەکان داوای ئازادی دەکرێ، ئەمەش زیاتر لە شۆڕشەکانی ئەم دواییەی نیشتیمانی عەرەبی بە ڕوونی هەستی پێکرا، بناخەی نەزەریی قەیرانی وڵاتی عەرەبی چییە؟! بۆچی جێگیریی سیاسی، ئیستقراری سیاسی لە وڵاتی عەرەبیدا و لە ئێستادا نییە؟ دەمەوێ بڵێم ئەمە تەنیا قەیرانی ئەمڕۆی ئەم کۆمەڵگەیە نییە بەڵکو قەیرانی مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و سیستمە حوکمڕانە یەک لە دوای یەکەکان و کۆمەڵگەکانە وەکو بلۆکێکی ئیجتیماعیی داخراو و ناهۆشیار، بەڵکو بە نەزەری من، هۆکاری سەرەکیی تیاچوونی ئەو ئەمارەتانەشە ئەگەر قووڵتر بڕۆمە خوارێ، دەمەوێ بڵێم ئەمە قەیرانی تێگەیشتن لە مێژووی سیاسەت و مێژووی مەدەنیەت و (مێژووی ئیسلامە) و لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا قەیران و ئیشکالیەتی کۆمەڵگەیە بە (نائەخلاق)ی بوون.

هەوالنامەی کتێب

تەحسین غەریب بۆچوونێکی باشی لەم ڕووەوە هەیە و من پێی قایلم کە دەڵێ: ئەوەی کە لە مرۆڤدا دەردەکەوێ خودی مرۆڤ نییە، ئەوەی کە لە مرۆڤدا دەبینرێ خودی مرۆڤ نییە، بگرە زەوینەی دەرکەوتنی مرۆڤە، ئەمە ئەو قسەیە بوو کە (مارکس) بەرامبەر بە (کۆمەڵگە) کردی: ئەوەی لە کۆمەڵگەدا دەبینرێ، ئەوە کۆمەڵگە نییە، ئەوە زەوینەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە.

دەمێک داخم دەکەی سەردەمێک بۆ باخم دەبەی، دەمکێشیتە بەردەم چرایەک تا بکرێنەوە چاوانی من، مرۆڤ چاوێکە دەکرێتەوە دیوە نەبینراوەکەی مرۆڤ فرەوانترە تا دیوە بینراوەکەی، بەڵام ئەو دیوە نەبینراوە، نهێنییەکی تیایە نهێنییەکەش ئەوەیە، قەت بۆت دەرناکەوێ تا باوەڕی پێ نەهێنی. ئەمە نهێنیی گەلێک لە ڕێسای زانستە مرۆڤایەتییەکانە، هەموو شتە ئیعتیباریەکان ئاواهین، هەتا باوەڕیان پێ نەهێنی، هەتا بڕیار نەدەی کە باوەڕت پێیانە ئیدی بونیان نییە.

٢- ئازادی لە ستایشی ئەخلاقدا

ئەگەر قسە لەسەر ئەم خاڵەیان بکەین، ئەوا لە نموونەیەکی زۆر بچووکەوە دەتوانین ئەم خاڵە شی بکەینەوە، شۆڕش لە لیبیادا کرا، شۆڕشێک بۆ ئازادی، بەڵام شۆڕشێک پڕاوپڕ لە نائەخلاقی، کوشتنی کەسێکی وەکو قەزافی بەو شێوەیە بۆخۆی هێمایەکە بۆ تێگەیشتن لەم قسەیەم، تاڵانکردنی بەشێکی زۆری دام و دەزگە حکوومەتیەکانی لیبیا دیسان بەشێکی ترن بۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکەم، لە ڕاستیدا کۆمەڵگەیەک (ئازادی ڕاستەقینە) ستایشی ئەخلاقی نەکات ئازادی نییە و لە هەمان کاتدا ئەخلاقییش نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کۆمەڵگەی لیبیا لەگەڵ ئەم دۆخەدا نەبوون، واتا هەموو کۆمەڵگەی لیبیا (نائەخلاقی) نین، لێرەوەیە ئیختیاری ڕۆحی (مەعنەویات) و ڕۆحی (ئەخلاق) دەست پێدەکا، بەو مانایەی ناکرێ تۆ لە شوێنێکدا باسی ئەخلاق بکەی ئەگەر ئیختیار وجوودی نەبێ، ئەوە ئیدی یاسایە ئیلزامە، ئەوەی لە لیبیادا ڕووی دا جگە لە خاڵیکردنەوەی ڕقێک زیاتر نەبوو لە بەرامبەر ستەمگەرێک، هێندەی خاڵیکردنەوەی ئەو ڕقە بوو، نیو هێندە خاڵیکردنەوەی (کۆیلایەتی) نەبوو، هێندەی کار بوو بۆ کوشتنی (قەزافی) نیو هێندە کار نەبوو بۆ کوشتنی (کۆیلایەتی)، هەر لەبەر ئەمەشە کە بەقای ئازادی لە دوای بەقای ئەخلاقییەوە دێ، هەروەها گەورەترین ڕێسای ئەخلاقی، بەقای ئیختیار و ئیرادە و ئازادییە، بۆیە (چاکبوون) و (خراپبوون)ی شتەکان، پابەندە بە مرۆڤەکانەوە، پاپەندە بەسەرکردەکانەوە، بە گەورەکانەوە... نەک لە زاتی شتەکان خۆیاندا بێ، ئێمە دەبێ مانای چاکبوون یان خراپبوونی شتەکان بۆ خودی شتەکان بگەڕێنینەوە، نەیەڵین کەس دەستی هەبێ لە دیاریکردنی خراپبوون یان چاکبوونی ئەو شتەدا ئەگەر شتەکان چاک بوون یان خراپ بوون لە زاتی خۆیاندا بوو، (نۆرمی ئەخلاق) یەعنی دیاریکردنی خراپە و چاکە لە کۆمەڵگەدا، لەناو کۆمەڵگەدا بەجیا لە مرۆڤەکان، ئیتر ئەو (نۆرمە ئەخلاقییە) لەناو کۆمەڵگەدا جێگیر دەبێ، ئەوکاتە شتەکانی دیکەش جێگیر دەبن، ئەکاتە (ئیستیقراری سیاسی) دروست دەبێ.

ئیتر سیاسییەکان پێوەری چاکە و خراپە نین، کە ئەمە قەیرانەکەیە، بەڵکو پێوەرێک هەیە بۆ پیشاندانی چاکە و خراپەی ئەوانیش، مانای قوولّی ئەو قسەیەی (عەلیی کوری ئەبو تالیب)، ڕەزای خوای لێبێ، کە "حەق بەحەق بناسی نەک، بە پیاوەکان" ئیتر وای لێ نایەت بە گۆڕینی سەرکردەیەک، ئیتر چاکبوون و خراپبوونیش بگۆڕێ، ئای چەند زوو زوو سەرکردەکان دەگۆڕێن، چەند زوو زوو لە ولاتەکانی ڕۆژهەلاتدا ئینقیلابەکان دەکرێن، چەند چاوەڕوانی دەکرێ کە کودەتا بەسەر یەکترەوە بکەن، بۆیە ئیتر هەمیشە و هەرگیز (نۆرمە ئەخلاقییەکان) جێگیر نابن، باشبوون و خراپبوون جێگیر نابێ، بەگۆڕینی هەر سەرکردەیەک تەنیا سەرکردەیەک ناگۆڕێ بەڵکو نۆرمی ئەخلاقیش دەگۆڕێ، چاکبوون و خراپبوونی شتەکانیش دەگۆڕێ. لێرەوە چاک پیشاندان یان خراپ پیشاندانی کۆمەڵگە بەستراوە بە تەوجیهی سیاسییەکانەوە، ئەدەبیاتی بە فریشتە پیشاندانی خەڵک، یان بە جنۆکە پیشاندانی خەڵک، ئەو تەرحەی دکتۆر (عبدالکریم سروش) کە دەڵێ (ئایدۆلۆجیای شەیتانی)، یەعنی ئایدۆلۆجیا، چاکبوون یان یان خراپبوونی ئینسانەکان دیاری دەکا، کە زانیی ئایدۆلۆجیاکەی لەو جیاوازە، ئیتر (شەیتانە) ئەگەر لەگەڵ ئەودا گونجاو بوو ئیتر (پەرییە).

ئەگەر لە کاتێکدا بەیەکەوە مامەڵەیان هەیە، تەوقەیان هەیە بەیەکەوە و، حیزبەکانیان مامەڵەیان هەیە بەیەکەوە، ئیتر ئەوە چاکە، کاتێک لەناو حیزبەکەی ئەودایە، ئیتر چاکە، بەڵام کاتێک چووە بەرامبەرەوە، ئیتر ئەوە، نە هەر ئەوە کە چاکبوون یان خراپبوونە زاتیەکەی خۆی لەدەست داوە، بگرە دەبێتە دوژمنیش، دەبێتە خراپترین کەس، لە (پەرییەوە) دەبێتە (جنۆکە).

دەمەوێ سەرنجی ئازیزانم بۆ لایەکی دی ڕابکێشم، ئەویش جیاوازیی نێوان ئازادی و ئەخلاقە، واتا سەپاندنی هەموو ڕێسا ئەخلاقییەکان بەبێ (ئازادی) "حریە" یەعنی بێ (ئەخلاق)ی، خودی بێ ئەخلاقییە، ئەخلاق بەزۆر بەسەر خەڵقیدا ناسەپێنرێ، بەڵام ئازادی سەپاندنی تیادا نییە، ئازادی ئەگەر ببێ مانای سەپاندن نییە، ئەگەر بە خەڵکی بڵێین ئێوە هەموو ئازادن چی دەگۆڕێ جگە لە باشتربوونی هەموو شتەکانی دی، بەڵام ئەگەر بڵێین ئێوە دەبێ هەموو بە ئەخلاق بن مانای چی؟ چ بەڵایەک ڕوو دەدا؟ بۆیە ئەخلاق پێوەرێک نییە بە سەپاندن بێتە دی، بەڵام کارکردن بۆ سەپاندن و چەسپاندنی ئازادی بەشێوەیەکی ئازادانە دروستە و سەپاندن و چەسپاندنی بیرکردنەوە و دیدێکی ئەخلاقیی چاک دیسان دروستە. تەنیا ئەو نوقتەیەشە جیاوازیی نێوان (ئەخلاق) و (فەلسەفەی ئەخلاق)... لەگەڵ بابەتێکی وەکو یاسادا.

کێشەیەکی دی ئەوەیە کە یاسای ئەخلاقی نوسراو نییە، بەڵام یاسای ئازادیی نووسراو هەیە، ئەوەی لە لیبیا ڕووی دا تەواو پێچەوانەی ئەم لۆجیکە کاری دەکرد، هەبوونی یاسایەکی ئەخلاقی بە پێی ئەخلاقی قەزافی و نەبوونی هەموو شێوەیەکی ئازادی، لێرەوە دەتوانین بڵێین کە دوواجار ئەگەر هەموو ڕێسا ئەخلاقییەکان، قەواعیدە ئەخلاقییەکان، بچنە ناو (یاسا)وە، بەشی ئەخلاق هەر دەمێنێ، لەناو ئەخلاق جەوهەرێک کە پاپەندە بە ئیختیاری مرۆڤەکانەوە، بەئیرادەی

مرۆڤەکانەوە، بەیاسا دەستەبەر ناکرێ، لەنێوان پەنجەکانیەوە دەخزێتە خوارەوە، دزە دەکا، بۆی ناگیرێ، لەڕاستیدا (یاسا)، ئەخلاق ناگرێ، ناچێتە ناویەوە.

(مەولانا ڕۆمی) دەڵێ:

دریا بریزی در کوزهای
قسمتی یک روزهای
چەندی تێدەچێ؟
بەشی یەک ڕۆژ...

تۆ ناتوانی دەریایەک بخەیتە ناو گۆزەیەکەوە، وەکو چۆن ناتوانی ئەخلاق بخەیتە ناو یاساوە و بە زۆر یەک بە یەکی خاڵە ئەخلاقییەکان بەسەر خەڵکیدا بەسەپێنی، (مەعنەویەت) هەموو ئەوانەش لای من ئەسڵی نییە بەبێ مەعنەویەت و ڕۆحی مرۆڤ بوون. تەنیا هەر ئەو کاتە ئەخلاق هەیە کە (ئیختیار) و (ئازادی) هەن. کە (ئیختیار) نەما ئیتر (ئازادی)ش بوونی نییە. فەیلەسووفی گەورەی ڕووسی (بەرادیۆف) دەڵێ، ڕێسا ئەخلاقییەکان چ دینی بن، چ عەقڵی بن، چ عورفی بن، ئەگەر ئیختیاریان تێدا نەما ئەوا (مەعنەویات)یان تێدا نامێنێ، ئەگەر مەعنەویاتیش نەما ئەوا دەبنە کۆمەڵێک ڕێسای وشکی بار (ئەرک) بەسەر مرۆڤەوە.

کەواتە ڕێسا ئەخلاقییەکان لە (ئیرادە)وە، لە ئیختیارەوە سەرچاوە دەگرن، هەر بۆیە لاوێک چاوپێکەوتنێک لەگەڵ فەیلەسووفێکی فەلسەفەی ئەخلاقدا دەکا، پێی دەڵێ باشە، مامۆستا بۆ من بە (ئەخلاق) بم، فەیلەسووفەکەش لە وەڵامدا پێی دەڵێ لە ئیختیاری خۆتە، ئارەزووتە (بەئەخلاق) مەبە، بەڵام بزانە ئیشی من وەکو فەیلەسووفێکی (فەلسەفەی ئەخلاق) ئەوکاتە دەست پێ دەکا کە تۆ بڕیارت دابێ بەئەخلاق بی.

یەعنی ئەگەر کۆمەڵگە بڕیار نەدا بە(ئەخلاق) بن، مرۆڤەکان بڕیار نەدەن بە ئەخلاق بن، ئیختیاری خۆیان و ئیرادەی خۆیان لەو مەسەلەیەدا نەخەنەگەڕ، هەرگیز (ئەخلاق) نایەتە بوون.

بەڵام هەر کە ئەو بڕیارەی دا وەک (عارفەکان) دەڵێن، کە کەوتە سەر ڕێگەکە ئیتر بۆخۆی ڕێگەکە دەیبا، تەنیا بڕیارێک نییە و بەس و لەو بڕیارەدا بوەستێتەوە، بەڵکو دەچێتە ناو جیهانێکەوە. ئەمە نهێنیەکە لە هەموو زانستە مرۆییەکاندا و، لە هەموو شتە (ئیعتیبارییەکان)دا وایە... بۆ ئەوەی ڕاستیی هەر تیۆرییەکت لە (سۆسیۆلۆجیا)دا لە (سایکۆلۆجیا)دا لە (زمان)دا، بۆ دەربکەوێ، دەبێ لەپێشدا بڕیارت دابێ کە باوەڕت بەو تیۆرییە هەیە ئینجا سیحرەکانی ئەو تیۆرییە دەردەکەون.

دەبێ لەپێشدا (کۆمەڵگە) بڕیاری دابێ (بەئەخلاق) بێ، واتە پێش ئەوەی ئازاد بێ، پێویستە بڕیار بدا بەئەخلاق بێ ئینجا بڕیاری ئازادی بدا، ئینسانی نائەخلاقی ناتوانێ ئازاد بێ، تۆ و کۆمەڵگەکەت کە بە ئەخلاق بوون ئینجا سیحرەکانی (ئەخلاق) لەناو کۆمەڵگەدا دەردەکەون،

لەڕاستیدا (دیموکراسی)یش هەر ئاواهییە، دوای بڕیاردان، (مەعنەویەت) دروست دەبێ، (ئەخلاق) دروست دەبێ، شتە مەعنەویەکان دروست دەبن. بەڵام گرفتەکە لەوێدایە، ئەم شتە مەعنەوییانە، ئەخلاق و هاوشێوەکانی ئەخلاق، لەو شتانەن کە پێیان دەگوترێ شتە ئەنتۆلۆجییەکان (وجودییەکان)، ئەو شتانەن کە کپ نابن وبێ دەنگ نابن.

(ئەخلاق)یش هەر بەو شێوەیە ئەگەر بوونی نەبێ هاوار دەکا و دەڵێ من نیم، چونکە ئەخلاق لەو بابەتە وجوودییانەیە قسەکردن لەسەر خودی ئەخلاق جیاوازە لە قسەکردن لەسەر ئەخلاق، هەموو شتە ئەنتۆلۆجییەکان بەو شێوەیە، کپ نابن.

شتە ئەنتۆلۆجییەکان ئەو شتانەن کە هەرگیز ناخرێنە ناو قاڵبەوە، زیندانی ناکرێن، هەروەها ئەو شتانەن کە ناکرێ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان پێیانە، لە بەرامبەریاندا بێباک بن، ئاخر هەندێک زانینی نائەنتۆلۆجی، ناوجودی هەیە، تۆ دەتوانی بیزانی و بێباکیش بی بەرامبەری، ئەوە پەرداخێکە و دەزانم پەرداخە و دەتوانم بێباک بم بەرامبەری... زۆرێک لە شتەکانی ئەم وجوودە، چونکە پەیوەندیی من لەگەڵیاندا پێوەندییەکی ئەنتۆلۆجی نییە، دەیانزانم و دەکرێ بیشیانزانم و، دەکرێ بێباکیش بم بەرامبەریان. بەڵام ئەنتۆلۆجییەکان بەم شێوەیە نین، ئەو کاتەی کە زانیم هەن... ئیتر ناتوانم بێباک بم بەرامبەریان... ئەمەشە گرفتی (مرۆڤی دینی) یان جوانتر بڵێم (جوانیی مرۆڤی دینی)، ناتوانێ بەرامبەر بەئیمانەکەی بێباک بێ.

مرۆڤی (بەئەخلاق)یش ناتوانێ بێباک بێ بەرامبەر بە ئەخلاقەکەی بۆیە مومکین نییە ئەخلاق لای مرۆڤی ئەخلاقدار تەنیا لای خۆی بوەستێ، خۆی دەخزێنێتە ناو سیاسەتەوە، خۆی دەخزێنێتە ناو مەسەلەکانی تریشەوە، بۆیە ئەگەر لە حاڵەتێکدا بڵێنەوێ ئەم تەوەرە ڕوونتر بکەینەوە ئەوا دەبێ لە بابەتی ئەخلاق و ئازادی دوورتر بڕۆین، چونکە دەکەوینە ناو بابەتگەلی فرەچەشنەوە، بۆ نموونە: ئەخلاق بە هەموو شێوەکانیەوە، جا چ ئەخلاقی مەسیحی یان ئیسلامی، ئەخلاقی ئەوروپی یان ئەمەریکی، ئەخلاقی ڕۆژئاوایی بەگشتی و ڕۆژهەڵات بەگشتی، هەروەها چەندان جۆری تر لە ئەخلاق کە دەتوانرێ تەقسیمبەندیان بۆ بکرێ، ئەگەر بێینە سەر ئازادی دیسان چەندان دەرگە و دەروازەی پڕ لە ئیشکالییەتمان بۆ دێتە پێش و بەرۆکمان پێ دەگرن، جا هەر لە ئازادیی ئابووریەوە بگرە تا ئازادیی دینی و ئازادیی سیاسی و ئازادیی کۆمەڵایەتی و ئازادیی خودی و چەندان شێوەی تر، ئەم دوو چەمکە تا ئەندازەیەک لە یەک نێزیکن و لە هەندێ شوێنگەشدا لەیەک دوور دەکەونەوە، ئەویش بە هۆی فرەیی بابەتەکانیان و لێکچرژانی مەعریفیی نێوانیان.

ئەگەر ئێمە هەموو وەسیلەی ئەو ئینتیقادە (attitude)، بگرینە بەر کە ئەخلاقیبوونە، ئەوا کێشەی ئێمە هەندێکی لێ کەم دەبێتەوە، ئەویش بە بەهانەی ئەخلاقیبوونمان کۆمەڵێک کاری زۆری نائەخلاقی ئەنجام نادەین، هەروەک ئەوەی لە پێناو ئازادیدا هەموو شتێک بکەین، هەموو شەڕخوازی و ستەمکاری و خراپەکارییەک ئەنجام بدەین، لە پێناو شۆڕشدا هەموو نائەخلاقییەک بە ئەخلاقی وەرنەگرین، ئەمانە و زۆر شتی تر کە دەتوانین لێیان ورد بینەوە بۆ تێگەیشتنی زیاتر و زیاتر.

دووایین فەیلەسووفی فەلسەفەی ئەخلاق لەسەتەی بیستدا کە (ماکهام تایر)ـە هەرسێ کتێبەکەی (کام عەدالەت؟) (کام عەقلانییەت؟)، وە (کۆتایی ئەخلاق)، ئەگەر کۆتایی ئەخلاق لای تایر بریتی بێ لە داڕمانی خودی (بەها) ئەخلاقییەکان، ئەوا دەتوانین زۆر بەڕوونی و ئاشکرا بانگەشەی داڕمانی ئەم بەهایانە بکەین لە جیهانی دوای تازەگەریی سەتەی بیست و یەکدا، ئەمە بە بۆچوونی تایر، من ئەم بۆچوونە وەردەگرم و لە ئێستا و لێرەدا بانگەشە دەکەم بەها ئەخلاقییەکان تووشی داڕمان بوون و پێویستە فریایان بکەوین، لەگەڵ ئەوەشدا دونیایەک کێشەی تر هەن لە کایەی فەلسەفەی ئەخلاقدا، هەر بۆ نموونە ئەم بانگەشەیە دەشێ بۆ فەیلەسووفێکی تر ڕاست نەبێ و بڕیار لەسەر ئەوە نەدا بڕوا بەم بانگەشەیە بێنێ و بەرەوپیری بڕوا، واتا ڕێسا ئەخلاقییەکانیش بۆخۆیان پڕن لە جیاوازی و، کام ڕێسایە ئەخلاقییە کام ڕێسایە ئەخلاقی نییە کێشە گەورەکانی فەلسەفەی ئەخلاقن، هەندێک لە زانایانی زانستی ئەخلاق، دەڵێن ئەم کۆمەڵە ڕێسایە ئەخلاقین، هەندێکی تریان دەڵێن ئەم کۆمەڵە ڕێسایە ئەخلاقین. واتا لە زانستی ئەخلاقدا، لە زانستی پلە یەکی ئەخلاقدا بەردەوام جیاوازی لە نێوان زاناکاندا دروست دەبێ، زاناکان دێن بەناو یەکدا و بۆچوونی تایبەتی خۆیان دەڵێن و ئەمیان دەیەوێ پێش ئەویان بکەوێ و دوورتر بڕوا و ئەویشیان هەر هەمان هەوڵ دەدا.

فەیلەسووفەکانی فەلسەفەی ئەخلاق ئیش لە سێ بواردا دەکەن:

یەکەم/ چی بووەتە مایەی دروستبوونی (ئەخلاق)، پێش فەرزەکانی ئەخلاق چین، چی وای کرد ئەخلاقیات دروست ببێ و دواتر چەمکێک دروست بێ ناوی (گەشەی ئەخلاقی) بێ؟

دووەم/ میتۆد و مەنهەجی کەشفی (ئەخلاق) چییە.

سێیەم/ لەبەر ئەوەی کە ئەخلاق یەکێکە لە زانستە ئیعتیبارییەکان، مێژووی ئەخلاق چییە.

فەیلەسووفەکانی فەلسەفەی ئەخلاق لەو سێ بوارەدا ئیش دەکەن، بەکورتی ئەوان کار لەسەر سەرچاوە مێژوویی و لۆجیکییەکانی (ئەخلاق) دەکەن، لەڕووی مێژوییەوە، چی بووەتە هۆی دروستبوونی (ڕێسا ئەخلاقی)یەکان و لەڕووی لۆجیک و دەلیلەوە چی بووەتە هۆی دروستبوونی (ئەخلاق).

خاڵێک دەمەوێ بیخەمە ڕوو. دەربارەی نۆرمی ئەخلاقی و گرینگیەکەیەتی، گرینگیی نۆرمی ئەخلاق لەوەدایە کە (ژیان لەم جیهانەدا گونجاوتر دەکا)، لە ڕاستیدا ئەگەر بتەوێ ئەمڕۆکە هیچ کام لە شتەکان، چ ئەخلاق و تەنانەت عەقلانییەت و تەنانەت دینیش قابیلی (ئیسبات) نین، عەقلانییانە ژیان، ئێمە بە عەقلانییانە بژیین، خۆی بۆ خۆی قابیلی (ئیسبات) نییە، (ئیسبات) بە مانا (ئەسڵیەکەی) یەعنی بتوانی دەلیلێکی بۆ بهێنیتەوە ئیتر مومکین نەبێ بەرامبەرەکەت دەلیل بهێنێتەوە، بەڵام ئەی ئێمە بۆ دەمانەوێ عەقلانییانە بژیین، چونکە عەقلانییەت گونجاوترە بۆ ئەم جیهانە، عەقلانییەت وا دەکا لەم جیهانە، کە (شیاو بۆ ژیان بێ) مومکین بێ تیایدا بژیین، ئەم

چیرۆکە بۆ (دینیش بەهەمان شێوەیە، دین وا دەکا لەم ژیانەدا مانایەک بۆ وجوود دروست ببێ، شتەکان بێمانا نەبن، ئەگینا لەڕووی ئیسباتی لۆجیکی و بیرکارییەوە، ڕەنگە ئەو دەلیلە نەبێ کە نەتوانی بەرامبەری بێنیتەوە، عەقڵانیەتیش هەر بەهەمان شێوەیە، ئەخلاقیش هەر وایە، بۆیە (واقیعیبوونی ئەخلاق) لە ئیسباتی ئەخلاقەوە نییە، لە گونجاویی ئەخلاقەوەیە بۆ ئەم ژیانە.

واقیعیبوونی عەقلانییەت لە ئیسباتی عەقڵانییەتەوە نییە، لە گونجاویی عەقڵانییەتەوەیە بۆ ئەم ژیانە، بۆ ئەم وجوودە، کەواتە بۆ؟ چونکە بێ (عەقڵانیەت) ناتوانین بژیین، هەروەها بێ (نۆرمە ئەخلاقییەکەش) ژیان مومکین نییە. ئەوە نهێنییەکەیە... کە ئیتر ئێمە لێرە باس لە ئەخلاق دەکەین ئەوە باس لە (ئەخلاقییاتی مەوجوود) دەکەین. ئەو ئەخلاقییاتەی نەک هەر ڕەها نییە بەڵکو زۆر نالۆجیکی و نامومکینە ڕەها بێ و فۆرمی ڕەهایی وەربگرێ، چونکە مەوجوودات بۆخۆیان چ لە ستراکتور و ناوەڕۆک و چ لە فۆرمدا ڕێژەیین.

ڕەخنەگرتن لە مرۆڤەکان ئەوانەی کە لەسەر حوکمن، ئەوانەی ڕەخنەکە دەگرن دیارە کە لە (قەیران)دا دەژین، (گرفتێک) هەیە، عاقڵەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، هەموویان درکی ئەوە دەکەن کە کۆمەڵگەکەیان لە قەیراندا دەژی، بۆ؟ چونکە نیشانەکانی (قەیران) وجوودیان هەیە، کە زانایانی زانستە مرۆییەکان، فەلسەفەی زانستە مرۆییەکان، لەوانە (دکتۆر سروش) باسی ئەوە دەکا، نیشانەی بوونی (قەیران)...(ناجێگیری) لەهەر کۆمەڵگەیەکدا دوو شتە، یاخود بە پێچەوانەوە، نیشانەی جێگیربوونی کۆمەڵگە، سروشتیبوونی کۆمەڵگە دوو شتە:

یەکەم:

لایەنی خێر یان چاکە، بەسەر لایەنی خراپەدا زاڵ بێ، یاخود بڵێین، تەرازووەکەی ئەو بەلای ئەودا لاسەنگ بێ، نە ئەوە خراپە نەمابێت لە ناو کۆمەڵگەدا. ئەمەش بە مانا مۆرالێکەی (moral)، بە مانا ئەخلاقییەکەی (چاکە) بەسەر (خراپە)دا زاڵ بێ.

دووەم:

نیشانەی دووەم بریتییە لەوەی کە لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەدا (قوربانی) نەمابێ، قوربانی نەبێ، چ قوربانییە جەستەییەکان، چ قوربانییە فیکرییەکان، چ قوربانییە ئەخلاقییەکان، کە کۆمەڵگەی ئێمە هەرسێ جۆر لە قوربانییەکەی تیایە، لەڕووی جەستەییەوە خەڵک دەکوژرێ و تیادەچێ، لەڕووی فیکرییەوە ئێمە بووینەتە قوربانیی تیۆرییەکانی خەڵکی دیکە، کۆمەڵگەکانی دیکە و، لەڕووی ئەخلاقیشەوە، بەهەمان شێوە نۆرمێکی ئەخلاقی جێگیر لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونی نییە.

لەبەرئەوەش کە (قوربانیبوون) ڕاستەوانە دەگونجێ لەگەڵ بوونی پاڵەوانەکاندا، بۆیە ئەم قاعیدەی دووەمە، ماناکەی ئەوەیە (ئەگەر قوربانی هەبوو لەبەرامبەریدا پاڵەوان هەیە) یەعنی مانای جێگیربوونی کۆمەڵگە ئەوەیە، نیشانەی جێگیربوونی کۆمەڵگە ئەوەیە کە (پاڵەوانەکان) نەمابن.

پاڵەوانە سیاسییەکان، پاڵەوانە ڕۆشنبیرەکان، باوکەکانی سیاسەت و باوکەکانی ڕۆشنبیری و باوکەکانی ئابووری، (سیاسەتی وڵات) بەناوی کەسێکەوە نەناسرێ، بەناوی (سیستمێک)ەوە بناسرێ، بۆیە ئەمە کە لە لیبیادا ڕوو دەدا ئیدی فۆرمێک لە قەیران دروست دەبێ، ئەم فۆرمەش هێدی هێدی لە بازنەی بچووکەوە گەورە دەبێ، بازنەکە هەر گەورە دەبێ و ئیدی ڕق لە ناو خەڵکدا شین دەدا، ئەم ڕقە لەو چرکەیەوە دێتە بوون پاڵەوانێک حوکمی وڵاتێک بکا نەک سیستمێکی حوکمڕانی حوکمی بکا، کە پاڵەوانەکە لە بری هەموو خەڵک وەڵامی دایەوە و لە بری هەموو خەڵک قسەی کرد ئیدی جۆرێک لە ناجێگیری و قەیران دێتە بوون.

(سروش) پێی وایە: کاتێک (کۆمەڵگە) جێگیرە کە سەردەمی پاڵەوانەکان بەجێ هێڵرابێ.

لەمەوە دەبێ ئێمە بڕیاری پڕۆژەیەکی ئەخلاقی بدەین بۆ نەهێشتنی سەردەمی "بت"ەکان و تێکشکاندنی یەک بتێک کە هەمووان دەیپەرستن، بەندە (باوەڕمەندم) ئەوەی ئێستا لە سوریا ڕوو دەدا حوکمی بتێکە بەسەر وڵاتێکەوە کە تا سەر ئێسقان و دەمارەکان نائەخلاقییە و دەبێ بە پڕۆژەیەکی تری ئەخلاقی ئەمە ڕێک بخرێتەوە و ئەخلاق بخرێتەوە ناو سیاسەت، هەڵبەت سەرەتا بە لادانی ئەم بتە نائەخلاقییە، تا ئەم بتە لانەچێ ناکرێ ئەم کارە بکرێ، چونکە ئەم بتە دەستی سووڕە بە خوێنی خەڵک، ئەمەش دیسان نۆرمێکی تڕە لە نائەخلاقیبوون. تا پێش ئەوە دەکرێ پرسیارێکی سادە بکەین:

بۆچی تووندوتیژی هەیە؟ ئەمە بەچی چارە دەکرێ؟ دیارە کە دەبێ سیستمێک بێ ئەخلاق و سیاسەت سەربەخۆ بکا تا ئەم کێشانە چارەسەر بکەن، ئەگەر سیاسەتی سەربەخۆ و ئەخلاقی سەربەخۆ نەبێ، ئەوا ناکرێ ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن و بە پلەی تەواو نەکردەیە، چونکە سەرەتا باسمان لە ئەخلاق و ئازادی کرد، ئێستا بابەتی سیاسەت، چونکە حوکمڕانی بە ئەخلاق ناکرێ، بە ئازادی ناکرێ، تەنیا بە سیاسەت دەکرێ، سیاسەت باشترین هەڵبژاردنێکە بۆ حوکمڕانی، بەڵام من زۆر بە کورتی دەڵێم: دوای سەربەخۆکردنی سیاسەت، بڕوام وایە (کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی) دروست بکرێ نەک (کۆمەڵگەی ئازاد)، هەروەکو چۆن لە بەشی پێشوودا بۆچوونێکی عەبدلکەریم سروشمان هێنایەوە دەربارەی (کۆمەڵگەی مەدەنی) و (کۆمەڵگەی ئەخلاقی)، لێرەشدا بۆچوونێکی تایبەتی خۆم دەڵێم تەنیا بۆ: مێژوو. ئێمە ئەوەندەی پێویستیمان بە کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی هەیە، هێندە پێویستیمان بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد نییە، واتە ئەگەر کۆمەڵگە ئەخلاقی نەبوو ئازادی چ مانایەکی هەیە؟ بەڵام ئەگەر ئەخلاقی بوو، ئەو کاتە هەموو شتێکی جوان مانایەکی جوانی خۆی هەیە و هەموو شتێکی ناشیرین مانایەکی ناشیرینی خۆی هەیە.

# هەژموونی وتوویژلەسەرکراو و سنووردار لەنێو دیاریکراوەکان لەو ڕاگەیێنە جێگرەوانەی بەجیهانیبوون ڕوومالّ دەکەن

جاکوب گروشک، ئێراسموس، زانستگەی ڕۆتێردام
ئینگ هان، زانستگەی ئەیالەتی ئایۆوا

## بەشی یەکەم

هەولێنامەی کۆنگرە

ئەم لێکۆڵینەوە بیاقی گشتیی کاریگەریی پێوەندیدار بە بەجیهانیبوون، هەم وەکوو بەرهەمی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان و هەم هی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان تاوتوێ دەکا. بڕیاری کۆتایی لە زۆرێک لە ئارگۆمێنتەکان لە بارەی ڕاگەیێنە جێگرەوەکانەوە ئەوەیە کە ئەوان بە شێوەیەکی نایاب دەستیان بە بەردەنگەکانڕا دەگا و توانای دژایەتییان لەگەڵ هەژموونی بیاقە گشتییەکاندا هەیە چونکە دەقی جێگرەوە بە شێوەیەکی تەواو لە دەقی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان جیاوازە. ئەم دەربڕینە کە بە تەواوی جێی تێگەیشتنە، لە باری ڕووماڵکردنی جێگرەوە لە ڕەوتی شیکارییە ئەزموونییەکانی ئەو ڕاگەیێنە سەرەکی و جێگرەوانەدا کە بەجیهانیبوونیان ڕوومالّ کردووە، تاقی کراوەتەوە. دۆزینەوەکان پێشبینی دەکەن کە ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لە بەراورد لەگەڵ ڕاگەیێنە سەرەکییەکاندا، لە بوارەکانی دەستگەیشتن و ناسیندا زیاتر پشتیان بە سەرچاوە نافەرمییەکان بەستووە، بەڵام دۆخی گوتاریی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بەنیسبەت ڕاگەیێنە سەرەکییەکان، لەرزۆکتر، ناوەڵامدەرتر و تەنانەت پێشگیرانەتر بووە. کاریگەرییەکانی تیۆرییە ڕەخنەییەکانی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان و بە زەینی کردنەکانی بیاڤێکی گشتیی یەککرتوو، باس دەکرێن.

زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان پێشنیاز دەکەن کە ڕاگەیێنی سەرەکی، گشتی یان تایبەتی، زۆربەی جار ئامرازی دێموکراسی نییە، بەڵکوو ئامرازی هەژموونییە (Bennett et al., 2004; Gitlin, 1980; Harcup, 2003; Howley, 2005; McChesney, 1999). لە ڕاستیدا، توێژینەوە لە دامەزراوە هەواڵی و ڕۆتینەکان، بە باشی بەڵگەمەندن لەو بوارەیدا کە "لە جیاتی هاندانی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

"بازارێکی ئایدیا" کە لەوێدا هەموو ڕوانگەکان ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن، ڕاگەیێنەکان بە شێوەیەکی بێلایەنانە دەتوانن مەیلیان بە لای ئیمتیازدان بە زاڵبوون و پێگەی ڕاگەیێنە سەرەکییەکاندا بێ" (Gurevitch & Blumler, 1990, p.33). بەردی بناغەی وەها ڕەخنەیەک زۆر جار بە شێوەی بۆچوون لەسەر ئەو بارودۆخە گشتییە تیکەتیکەیە چڕ بووەتەوە کە بە هۆی ئەو ڕاگەیێنە سەرەکییانەوە وەگەڕ دەخرێ کە سنووری موناقشەی گشتی و بەلاڕێداچوونی ڕەوا دیاری دەکەن (Hallin, 1986). بە زۆری، کارناسان بەڵگەی ئەوە دەخەنە ڕوو کە لەم پێوەندییەدا، ڕاگەیێنە سەرەکییەکان بە وردی و لە هەمان کاتدا شوێندانەرانە، توانای مەدەنیی شارۆمەندان کەم دەکەنەوە، پێوەرگەلێک بۆ گوتاری گشتی دادەنێن و لەم ڕێگەوە، بەر بە بەرەوپێشچوونی دێموکراسیی بەشداریکەرانە دەگرن (Bagdikian, 2000; Bennett, 2005; Gitlin, 1980; Goodman & Goodman, 2004; McChesney, 1999; Zinn, 2003).

گرووپێک لە کارناسان کە ئێستا لە مەسەلەکە ورد بوونەتەوە، زۆر جار قامک لەسەر بێئەزموونیی ناڕوون، بەرهەمی گوێگران یان لە لایەکی دیکەوە ڕاگەیێنی "جێگرەوە"، لە پێناو پڕکردنەوەی بۆشاییی دیموکراتیک لە بیاڤی گشتی بە هۆی ڕاپۆرتدانە بێوێنەکان، لێککارکردنی ئۆنلاین و وەگەڕکەوتنی شارۆمەندان دادەنێن (Couldry & Curran, 2003; Goodman & Goodman, 2004; Sayre, Bode, Shah, Wilcox & Shah, 2010). لە کاتێکدا ئەو کارناسییانە زۆرن کە باس لە وردەکاریی کەموکوڕییەکانی نیوەڕۆکی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان بە هۆی لێکۆڵینەوە لە دەق و چوارچێوەکان دەکەن (Bennett, 1990; Bennett, Lawrence, & Livingston, 2006; Entman, 1989, 2004, 2007; Groshek, 2008)، ژمارەیەکی کەم لە لێکۆڵینەوەکان بە ڕوونی باسی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان و ڕاگەیێنە جێگرەوەکانیش دەکەن و، پێکەوە ئاوێتەیان دەکەن (سەیری "Eliasoph, 1997" بکە بۆ نموونەیەکی گرینگ و دەگمەن). هەر بەو شێوەیە، گرووپێکی بچووکی توێژەران لەم پێوەندییەدا هەن کە لەسەر دەقەکە یان کاریگەرییەکانی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لێکۆڵینەوە دەکەن (Atton, 2002; Downing, 2003; Fuchs, 2010; Harcup, 2003)، کە لێکەوتە کردەکییە بە تەواوی دژوارەکان، دەگشتێنن.

هێشتا، لۆجیکی بنەمایی ئاکادێمیک و گشتی کە بەرەو ڕاگەیێنە جێگرەوەکان وەرسووڕاوە، ڕیشەی لەو ناسینە نۆرماتیڤانەدا هەیە کە پێوەندییان بە پلۆرالیزمی ڕاگەیێنی و ئەو بیاڤە گشتییە ڕەسەنەوە هەیە کە خۆراکەکەی زانیاری و بەتایبەتی پرسی شارۆمەندی دەستڕاگەیشتووە (Fraser, 1993). لە نەریتی "هێبێرمەیشێن"دا، وەها ڕاگەیێنگەلێکی جێگرەوە دەستپێڕاگەیشتنی جێی ڕێز لە نێو تاکەکان و ناسینی پێگەکانی ڕکەبەرایەتی ئاسان دەکەن، ناسینی پێگە لە مەیدانێکدا کە هەموو بۆچوونەکان زیاتر لەوەی ببنە هۆی دووانەیی یان گوتارە گشتییە یەکلایەنەکان، مەجالی زێدەیان هەیە. هەر وەک هەر کام لە لێڕوانینە ئایدیالیزەکراوەکانی بیاڤە گشتییەکان (Schudson, 2009)، و بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە بەجیهانیبوونەوە هەیە، ئەم

ئارگـۆمـێنتـه پێی وایه کـه چارەسـەرەکـانی نموونەکـانی هەڵاواردن، نایەکسـانـی و نادادپەوەری دەتوانن بەدەست بێن ئەگەر بکەرە عاقڵەکان گوێ بۆ یەکتر بگرن. وەها مۆدێلێک لەو نموونانەدا کێشـەخـوڵقێنه کـه لـه نـاسـینی بەتەواوی ئامـانجـه دامـەزراوەییـەکانیـاندا بێتـوانـایه، لەوانەش ئەو دامـەزراوه ڕاگـەیێنی و تاکـانـه و هـەر بەو ئەندازەش ئەو دینامـیکانـەی کـه پێکهـاتەی دووڕێیـه کۆمەڵایەتییەکانی وەک بەجیهانیبوون دادەڕێژن.

پتـر لەوەش، لـه حـاڵێکدا چەمکی ڕاگـەیێنی جـێگرەوه یـەکـەم جـار لـه ١٩٨٠کـاندا سـەریهـەڵدا، کارناسـان هێشتا لـه دیاریکردنی چوارچێوەیەکی نەگۆڕ بۆ ئەوەی کە دیاری بکەن داخـوا ڕاگەیێنه جێگرەوەکان چین، تێداماون. ئەو شیکارییانەی کە ئەم ئامانجەیان لەبەرچاو گرتووە، پێوەندییەکی نێزیکیان لە نێوان بزاوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیێنه جێگرەوەکان دۆزیوەتەوە و ڕاپۆرتیان داوە کە ڕاگەیێنه جێگرەوەکان زۆر جار لە ڕێگەی بکەر یان بەشدارانی بزاوەکی کۆمەڵایەتییەوە بەرهەم دەهێنرێن (Armstrong, 1981; Downing, 1984). لەســـەر بنەمـــای ڕەهەندی ڕاگـــەیێنی جێگرەوەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، کارناسان ماناکان و پرسە داڕێژراوەکانی هێزی بەرخۆدان پەرە پێدەدەن (Downing, 2001). ڕەهەندە زیادکراوەکان بە هۆی "کالدوێل"ەوە (٢٠٠٣) پەرەیان سەندووە، کە ڕاگەیێنه جێگرەوەکانی لە چەمکەکانی کردەوەدا پێناسـە کردووە و هـەروەها بە هۆی "روچ" (٢٠٠٧) کە لەو بڕوایەدا بوو کە شـرۆڤەکانی بەردەنگەکان فاکتۆرگەلێکی گرینک بوون لە دیاریکردنی ڕاگـەیێنی جـێگرەوەدا. پەرەسـەندنه تێکنۆلۆجـیـیـەکـان، بەتایبـەتی سـەرهـەڵدان و بەجـەمـاوەریبـوونی ئینتـەرنێت ئەو ئـیـزنەی بۆ ڕاگـەیێنه جـێگرەوەکـان دا کـه ببـێتـه زیاتر بەرچەکـردارانه و دووسـەرانه، پێناسـەکان هـەروەها دەستێان کرد بـه هـەڵسـەنگاندنی "بەرهـەمی ڕاگـەیێنی دامـەزراوەکـه کـه هێڵی نێوان بەردەنگەکان و بەرهـەمـهێنەران لێڵ دەکا و کاریگەرییـەکی گـرینـگ بۆ نیـوەڕۆکی ڕاگـەیێنه جـێگرەوەکـان دەپارێزێ" (Atkinson, 2010, p17.) ئەویش لە گۆڕەپانی ئینتەرنێتدا.

لە کاتێکدا، تـوێژەران دەتوانن لەگـەڵ ئەوە هاوڕا بن یان بەو ئاکامـە بگەن کە چـەمکی ڕاگەیێنه جـێگرەوەکان پێناسـەیەکی تەمـومـژاوی و جـێی مـوناقشـەیه (Atkinson, 2010; Atton, 2003; Rodriguez, 2001)، زۆربەی پێناسـه هاوبەش و جێی تێگەیشـتنەکان بۆ ڕاگەیێنه جێگرەوەکان بەو شێوەن کە ئەوە "ڕاگەیێنی سەرەکی نییە" (Comedia, 1984, p95). ئەم لێڕوانینه گشتییه بۆ پێناسـەی ڕاگـەیێنی جـێگرەوە بەو شـێـوە کـه ئەوان چی نین، لە جـیـاتی ئەوە بگوترێ چین (Rodriguez, 2001, p13.)، لە هەمان کاتدا دووڕەدیمەنگەلێکی جیاوازی پێناسە کاتالیزە دەکا، ئەویش لەسەر بنەمای بەتایبەتی ناسینه لێکگرێدراوە پێکەوەییەکانی دەق، خوڵقاندن، پرۆسەکان و ئایدیۆلۆجی. هـەر لەگەڵ ئەم پێوەرانه، ڕوچ (٢٠٠٧) هەوڵە پێشـووەکانی پێناسـەکردنی ڕاگەیێنه جێگرەوەکان دەخاتە سـەر یەک و بەو پێیـەش چوار ڕەهەند پێشنیاز دەکا. یەکەم، دابینکردنی دەقەکە بۆ پرسە بەرهەڵستکارانەکان، ڕووداوەکان و ئەو بۆچوونانەی کە بە ڕێکوپێکی لایەنگری لە

شوێنێکی دیکە ناکەن، تەرخان کراوە. دووەم، ئەو کانالّەی کە دەقەکە بە هۆیەوە دابین دەکرێ، وەکوو پێویست زۆر جێی دەستپێڕاگەیشتن یان یەک لە بەرامبەر زۆر نین، وەک ڕاگەیەندراوە وێنەییەکان، فیلمی ئینتەرنێتی، بلاگەکان یان نووسراوە ڕاگەیێنییە دەستسازەکان. سێیەم، سەرچاوەکان لەو دەقانە خۆدەنوێنن کە لەسەر پرسگەلێک وەک خەڵکی ئاسایی، هەژار، کەمایەتی و دەنگە جیابیرەکان تەرکیز دەکەنەوە. چوارەم، شێوازەکان و بەهاکان: دامەزراوەکە پشتیوانی لە بەشداریی شارۆمەندان، ئاراستەکردنی کردار و بڕیاردانی بەکۆمەڵ دەکا (cf.Bailey, Cammaerts & Carpentier, 2008; Haas, 2004; Hamilton, 2000; Örnebring & Jönsson, 2004).

لە بارەی سەنتێزی بەشێکی باشی ئەم کارە و بەم پێیە خوڵقاندنی نوختەیەکی ڕوونی جیاکەرەوەی ڕاگەیێنە سەرەکییەکانیش، "تسفاتی" و "پێری" (2006. p.170) نووسیویانە:

"بە گشتی، ڕاگەیێنە سەرەکییەکان مەزنترین هەڤپشکییە ئابووریییەکانن (گشتی و تایبەتی) بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە زۆرترین ژمارەی لواوی بەردەنگەکان و ناسران وەکوو ئایدیۆلۆجیا و سیستەمی بەهای نەتەوەیی ناوەندی. ڕاگەیێنە ناسەرەکییەکان بە سادەیی هەموو ئەو دامەزراوانەی دیکەن کە بۆ بەردەنگەکە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا لەبەردەستدان (کە لە بواری جۆراوجۆری سنووردەکانەوە لە ڕاگەیێنە سەرەکییەکان جیاوازن)."

بۆ ئامانجەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەر بەشێکی ڕاگەیێنە ناسەرەکییەکان کە بە هۆی "تسفاتی" و "پێری"یەوە پێناسە کراون، دەکەونە ژێر چەمکی ڕاگەیێنە جێگرەوەکانەوە. بە هۆی شیکارییەکی ئەزموونی و لە ژێر تیشکی بەجیهانیبووندا، ئەم لێکۆڵینەوە دەقی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان و ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بۆ تاقیکاریی پرسیارێکی گرینگ و هەردەم زیاتر پێوەندیدار بەم مەسەلە بەراوردکاری دەکا: ڕێک چەندە ئەم بیاڤە گشتییە مام ناوەندییانە لە یەکتر جیاوازن و بە هۆی کام ڕەهەندگەلەوە؟

## ڕاگەیێنە جێگرەوەکان: بەردەنگەکان و کاریگەری

یەکەم ڕوانینی کارناسانە بۆ ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لە کتێبی "زوڕنایەک بۆ چەکەکان"ی ئارمسترانگدایە کە چاپەمەنیی ژێرزەوینی وەکوو بەستێنێکی بەشداریکەرانە و پێشینەیەکی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان دیاری دەکا (۱۹۸۱). ڕاگەیێنە جێگرەوەکان زۆر جار بە هۆی چالاکان وەگەڕ خراوە و ناوەڕۆکەکەیشی بەنیسبەت ئەو پرسە کۆمەڵایەتییانە هەستیار بووە کە لەو کاتەدا لە ڕاگەیێنە سەرەکییەکاندا بڵاو نەبوونەتەوە. بەگشتی، ڕاگەیێنی جێگرەوە بە شێوەیەکی بەرچاو بەشدار بووە لە ڕووماڵکردنی بزووتنەوە دژەشەڕەکان، پێکدادانی کولتووری، بزووتنەوە ژینگەپارێزەکان و بووژانەوەی فێمینیزم و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا. ئارمسترانگ ئەم فۆرمە سەرەتاییانەی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان وەکوو شتەیەک بینیوە کە لە خزمەتی "سیستەمی دەمارگیری ناوەندی" لە کولتووری دوژمنایەتیدا بوون. بە هۆی ئەم ڕاگەیێنەوە، بۆچوونەکان، بەهاکان و ئاسۆکان ڕاگوێزراون و

زمانێکی هاوبەش خولقاوە بە جۆرێک کە توندڕەوەکان و جیابیران دەتوانن بە هۆیەوە لەگەڵ یەکتر پێوەندییان هەبێ و بە کولتووری زاڵی دیالۆگ دەستیان ڕابگا.

دواتر "داونینگ"(١٩٨٤) ڕاگەیێنە جێگرەوەکانی خستە ژێر تاقیکارییەوە و پاشان پێوەندیی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیێنە جێگرەوەکانی ڕوون کردەوە. ئەو بەو ئاکامە گەیشت کە سەرهەڵدانە لەناکاوەکانی بزاوەکان هەم لە بەرهەمهاتن و و هەم هاندران لە لایەن ڕاگەیێنە جێگرەوەکانەوە وەدەر دەکەون. بەپێچەوانەوە، هەر لەو کاتەدا کاتێک وەها بزووتنەوەگەلێک لە داکشان بەرەو خوارەوەدان، بوونی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان یارمەتیدەرانەیشە. کاتێک لە پاڵ یەکتر دایاندەنێین، ئەم کارناسانە ڕۆڵی چارەنووسسازی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستنیشان دەکەن و تێگەیشتنێکی سەرەتایی لەوەی چ شتەیەک ڕاگەیێنە جێگرەوەکان پێک دەهێنن، دابین دەکەن، شتگەلێک وەک نیوەڕۆکی چاپەمەنی و ڕادیۆ کە بە هۆی بکەرەکانی بزاوی کۆمەڵایەتییەوە پەرەیان سەندووە. لە دوای ئەم لێکۆڵینەوە سەرەتاییانە، داونینگ (٢٠٠١) و کارناسانی دیکە تیۆرییەکانی دەسەڵات و هەژموونییان لە نێو بنەمای ڕاگەیێنە جێگرەوەکان جێ کردووەتەوە و وتوویانە کە ئەم هێزە کۆمەڵایەتییانە لە "پەردەیەکی نەخشین" و بەرینی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لە جۆراوجۆرییەک لە فۆرمە جیاوازەکاندا سەرهەڵدەدەن. بەم پێیە ئەم لێکۆڵینەوە پێشترانە پەرەیان بە بنەماکانی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان داوە، ئەویش لەوانەی بە شێوەیەکی ئەزموونی وەکوو دەنگی بزاوە کۆمەڵایەتییەکان وەگەڕ دەخران بەمەبەستی بەجێگەیاندنی ڕۆڵێکی گەورەتر لە فۆرمە پەرەپێدراوەکانی بەرخۆدان، وەجموجۆڵخستن و گۆڕانکاری کە لە سەرەوەی پێکهاتە هەژموونییەکان لە کۆمەڵگەدا کار دەکەن. زۆربەی جار، فۆرمێکی دەربڕین کە لە نێو ئەم پڕۆسانەدا سەرهەڵدەدا، دەتوانێ بە شێوەیەکی دووبارە ببێتە هۆی زۆربوون و زیاتر لێک دوورکەوتنەوەی بەرهەمەکانی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان (Atkinson, 2010).

دواتر لە شرۆڤەی ڕەوتەکانی بەرهەمی ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا، "ئاتۆن" مۆدێلێکی ڕاگەیێنی توندڕەو و جێگرەوە پێشنیاز دەکا کە لە ڕاگەیێنە "بەرخۆدانی" و سیاسییەکاندا بەرتەسک نەبووەتەوە، بەڵام لەوانەیە بۆ فۆرمە کولتوورییە نوێترەکانیش بەئەژمار بێ وەک کۆوارەکان، بلاگەکان و فۆرمە تێکەڵاوەکانی پێوەندیکاریی ئۆنلاین. مۆدێلەکەی ئەو، گرینگی بە هێزی هێزەکیی گۆڕانهەڵگری ڕاگەیێنەکە دەدا وەک ئامرازە گۆڕانهەڵگرەکانی ئەو پێوەندیکارییانەی لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییانەدا ئەنجام دەدرێن. ئەو پێشنیاز دەکا کە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان "بە شێوەیەک لەوپەڕ دابینکردنە سادەکانی پلاتفۆرمێک بۆ ڕوانگە توندڕەو و جێگرەوەکان کار دەکەن: ئەوان جەخت لەسەر دامەزراوەی ڕاگەیێن بۆ توانی بەخشین بە بەشداریەکی بەرینتری کۆمەڵایەتی لە خولقاندن و بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە دەکەن، ئوزیش زیاتر لەوەی بۆ ڕاگەیێنە گشتییەکان لواوە" (p. ٢٥). لەم بە زەینی کردنەدا، ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بە شێوەیەکی ئاسایی پتر هەستیارن بەنیسبەت کێشە هەنووکەییەکانی جیهانی کاتی و پێشڕەوبوون لە ڕاوەستان دژی

هەژموونەکان لە سەرەوەی هیرارشی کۆمەڵایەتیدا (Armstrong, 1981). لە پەروەندەی بزووتنەوەی دژەشەڕ لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٦٠دا، ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لە سەرەتادا ئەم هەستەیان لە نێو خەڵکدا بڵاو کردەوە (Armstrong, 1981)، کە دواتر لە لایەن ڕاگەیێنە سەرەکییەکانەوە هەڵگیرا و بە ئاسایی کرا (Gitlin, 1980; Hallin 1986).

بە شێوەیەکی گرینگ، "سەیرێ" و هاوکارانی، دیاردەیەکی هاوشێوەیان سەلماند کە ئەو ڤیدیۆ یوتیۆبانەی بە هۆی بەکارهێنەرەوە دەخولقێن، بە کردەوە لەسەر ئەجێندای ڕاگەیێنە سەرەکییەکان لە پرسێکی دیاریکراودا کاریگەرییان داناوە. بەم پێیە، کاتێک "بێنێت" و هاوکارەکەی نووسییان کە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان دەستیان بە "ژمارەیەکی کەم لە بیرۆکەسازەکان یان شارۆمەندانی مام نێونجی" (. ٢٠٠٤ p. ٤٥١) ڕادەگا، بەڵگەی هاوچەرخ و مێژوویی لە ئارادایە کە کاریگەرییەکەی دەتوانێ لە ڕاستیدا لەبەرچاو بێ. بە دڵنیاییەوە هەروەک گرینگییەکەی، بەردەنگی ڕاگەیێنی جێگرەوە بە گشتی هەم لە ژمارەدا و هەم لە شوێندانەریدا، لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا مەزنتر بووە. بۆ سەلماندنی ئەمە، ڕاپۆرتێکی ساڵانەی ڕۆژنامەگەریی ئەمەریکا لە ٢٠٠٨دا نیشانی دا کە بەردەنگی کۆواڕە هەواڵییە جێگرەوەکان لە کەمتر لە ٣ ملیۆن بەردەنگ لە ١٩٨٩دا بۆ ٧,٥ ملیۆن بەردەنگ لە ٢٠٠٧دا زیادی کردووە. ئەم ئامارە تەنیا نیشاندەری ڕۆژنامە حەوتووانەکان لە ئەنجوومەنی سەرپەرشتیی حەوتووانە هەواڵییە جێگرەوەکانە، بەڵام پێشبینیکەریی مەیلەکانی بازاڕی هاوشێوە لە فۆرمەکانی دیکەی ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندایە، هەر وەک چۆن ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لە وڵاتانی دیکەدا دەستبەکار دەکەن (Kim & Hamilton, 2010; Tsfati & Peri, 2006). پتر لەمەش، دێموگرافییەکی خوازراوی تاکە "شوێندانەر"ەکان بۆ کەڵکوەرگرتن لە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان نیشان دراوە، کە ڕەواییەکەی بە هۆی تێوەگلانی "ڕووناکبیرانی ناسراوی بزووتنەوە" وەک "هۆوارد زین"، "نوام چامسکی" و "ڕۆبێرت مەک چێسنی"ەوە بەدەست هێناوە.

ئەم سەردەمەی بەگشتی پەرەسەندنی بەردەوامی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بە شێوەیەکی ماناندار زیادی کردووە، کاتێک دابەزینی بەرچاو و بەردەوامی بەردەنگەکانی زۆرێک لە هەواڵەکانی ڕەوتی سەرەکی لە سەرانسەری چوارچێوە ڕاگەیێنییەکاندا بەحەسێب دێنین. لە ئەمەریکادا، وەها دابەزینێک لە خوێنەرانی ڕۆژنامەکان و کۆواڕە هەواڵییەکان و هەر بەو ڕادەیەش لە بینەرانی تەلەفزیۆنی ڕایەڵەیی بینراوە (ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕۆژنامەگەریی ئەمەریکا، ٢٠١٠)، و بەڵگەی ئەوە هەیە کە بەردەنگەکانی هەواڵەکان لە سەرانسەری جیهاندا چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتنی ڕاگەیێنییان گۆڕانی بەسەردا هاتووە (Livingstone, 2004). سەرەڕای ئەوەی دەستڕاگەیشتن بە ڕاگەیێنی جێگرەوە کاتێک لەگەڵ ڕاگەیێنی سەرەکی بەراوردی دەکەین، بە تەواوی ساده ماوەتەوە، دیسانیش هۆی باش هەیە بۆ باوەڕکردن بەوە کە فۆرمە جیاوازەکانی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان پتر لە هەر کاتێک بەشێوەیەکی بەرینتر لەبەردەست و جێی دەستڕاگەیشتن. بە نۆرەی خۆی، کەوابوو ئەو ئەگەرە زۆرە کە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لەوانەیە بیاڤێکی بڕواپێکراوی بەرەوڕووبوونەوەی گشتی و

به دڵنیاییشەوە گونجاوتر و فرەجۆرتر و بەتایبەتی بیاڤێکی بچووکتری بەرەوڕووبوونەوەی گشتی بخوڵقێنن (Gitlin, 1998).

"داونی" و "فێنتۆن" لە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئەم کۆمەڵگە گوتارییانەدا، وەبیری دێننەوە کە "هابێرماس تەنیا بوونی بیاڤی گشتیی جێگرەوەی نەناسی، بەڵکوو توانایەکانیان بۆ بە چالێشکێشانی زاڵبوونیشی ناسی" (p ۲۰۰۳، ۱۸۷). ئەم جۆرە لە موناقشەی چالاک لە لایەن "ماتێس" و "فێچ"ەوە (۱۹۹۱) پیشان دراوە کە بەوەیان زانی کە پرسێک کە لە لایەن ڕاگەیێنە جێگرەوەکانی ئاڵمانەوە هەڵگیرابوو، دواتر لە لایەن ڕاگەیێنە سەرەکییە لیبراڵ و کۆنەپارێزەکانەوە ڕووماڵ کرا و بە ڕێکەوت بوو بە بەشێک لە ئەجێندای سیاسی. ئەو نموونانەی دیکەی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان کە چوونەتە نێو ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە سەرەکییەکانەوە، وەکSalam Pax blog (Cammaerts & Carpentier, 2006)، ئاستێک لە شوێنەدانەری و زنجیرەیەکی لێکگرێدراو لە تۆندڕەوی و ڕەوتی سەرەکی نیشان دەدەن (Tsfati & Peri, 2006)، وەک چۆن ڕاگەیێنە جێگرەوەکان ئەو گەرەنتییانەی لە باسە پێوەندیدارەکان بە موناقشەی دێموکراتیک، ڕاگەیێنەکان و ئەجێندا سیاسییەکان و بنەماکانی بیاڤی سیاسیی هاوچەرخدا ناسراون، ڕووماڵ دەکەن. ئەمە بەتایبەتی وەڕاست دەگەڕێ کاتێک دێرباوەڕی ئاکەکان بە ڕاگەیێنە سەرەکییەکان بە شێوەیەکی هەردەم زیاتر وێدەچێ هەم لە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان و هەم لە ڕاگەیێنە سەرەکییەکان بەکار بێ (Jakob, 2010).

## ڕووماڵکردنی بەجیهانیبوون و مۆدێلەکانی بەرهەمی ڕاگەیێنی

چەمکی "ڕاگەیێنە جێگرەوەکان" لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەریهەڵدا، کە هەوڵێکی بەکۆمەڵن بۆ بزواندنی بەربژارە جێگرەوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکیی ئابووری و بەرەوپێشبردن، بەرخۆدان و کرانەوەی گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی (Porta & Diani, 2006). یەکێک لە بەناوبانگترین ناڕەزایەتییەکانی بزاوی کۆمەڵایەتی، بزاوی دژی بەجیهانیبوونە (Chossudovsky, 2010). بەم هۆیەشەوە بەجیهانیبوون پرسێکی گونجاو و چارەنووسسازە بۆ تاقیکردنەوەی بنەماکانی ئەو بیاڤە گشتییەی تێیدا دەرگیرە. داهێنانەکانی فۆرۆمی ئابووریی جیهانی، دامەزراوەی بازرگانی جیهانی و بانکی جیهانی و هەروەها بەرنامە سیاسییەکانی وڵاتان پێویستیان بە گرینگیدان بە سیاسەتدانەران، ئابووریزانە شوێندانەرەکان و بەرپرسانی پلە بەرزی دەوڵەتە. هەر لەو کاتەدا، بەجیهانیبوون پرسێکی سادەی پێوەندیدار بە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت یان کومپانیاکانەوە نییە. ئەوە بە شێوەیەکی کراوە پرسێکی گشتیی بەرەوڕووبوونەوەیە کە زۆرێک لە شارۆمەندە چالاکەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و ناڕەزامەندییە ئایدیۆلۆجیکەکان لەم بوارەدا لە ڕاستیدا شایانی سەرنجن (Bennett et al, 2004; Kahn & Kellner, 2004). دوو لە سەمبۆلە بەرچاوترینەکانی بەجیهانیبوون، فۆرۆمی سالانەی ئابووریی جیهانی (WEF) کە زیاتر لە داڤۆسی سویس دەگیرێ و فۆرمی کۆمەڵایەتی جیهانییە (WSF) کە وەکوو جێگرەوەیەکی خەڵکی

زۆرتر لە پۆرتۆ ئالیگری برازیل هاوکات لەگەڵ ڕووداوی فۆرۆمی ئابووریی جیهانیی ولاتانی سەرمایەدار و پیشەسازی بەڕێوە دەچێ.

فۆرۆمی کۆمەڵایەتیی جیهانی کە بە گشتی هەر ساڵە و نزیک بە سەد هەزار بەشدار بۆ لای ڕادەکێشێ، خۆی بەم شێوە ناساندووە: "شوێنێکی کۆبوونەوەی کراوەیە کە بزاوە کۆمەڵایەتییەکان، ڕایەڵەکان، NGOکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە مەدەنییەکانی دیکە لەگەڵ نیولیبراڵیزم و جیهانێک کە سەرمایە بەسەریدا زاڵە یان هەر شێوەیەک لە ئیمپریالیزم بەسەریدا زاڵە، دژایەتیی دەکەن و پێکەوە کۆ دەبنەوە بەمەبەستی یەکخستنی بیرۆکەکانیان، باسکردن لە بیروبۆچوونەکانیان بە شێوەیەکی دێموکراتیک، فورمولەکردنی پێشنیازەکانیان و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونەکانیان بە شێوەیەکی ئازاد و پێکەوەکارکردن لە پێناو کاری شوێندانەردا" (فۆرۆمی کۆمەڵایەتیی جیهان، ۲۰۰۲). لەوبەر زنجیرەکە، فۆرۆمی بە باشی ڕۆنراو و پۆشتەکراوی ئابووریی جیهانییە کە خۆی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: "دامەزراوەیەکی نێونەتەوەییی سەربەخۆیە کە بەرعۆدەی باشترکردنی دۆخی جیهانە. فۆرۆمەکە چوارچێوەیەکی هاریکارانەی بۆ ڕێبەرانی جیهان دابین کردووە لە پێناو ئاراستەبەخشین بە پرسە جیهانییەکان، دستڕاگەیشتنی تاڕادەیەک بە ئەندامانی هاریکار لە شارۆمەندیی جیهانیدا" (فۆرۆمی ئابووریی جیهانی).

بەجیهانیبوون و هەوڵەکانی فۆرۆمی ئابووریی جیهانی و فۆرۆمی کۆمەڵایەتیی جیهانی پێکەوە بە ڕوونی لەسەر لێکگرێدراویی سیاسەتەکان، ڕاگەیێنەکان و چالاکگەرایی ڕاوەستاون. بەم هۆیەوە ئەم لێکۆڵینەوە ڕووماڵکردنی بەجیهانیبوون لە هەر دوو ڕاگەیێنە سەرەکییەکان و ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا تاقی دەکاتەوە کە دەستەیەکی هەبوو لە توێژینەوەکان، نوختەیەک بۆ تاقیکردنەوەی هەردووکیان دەخاتەڕوو. کاری پێشوو پێوەندییەکی بەهێزی لە نێوان ڕاگەیێنە جێگرەوەکان و چالاکگەراییی بۆ بزاوە کۆمەڵایەتییەکان دۆزیوەتەوە کە لەودا ڕاگەیێنە جێگرەوەکان دەتوانن زانیاری بە چالاکان بدەن و وەجموجۆڵیان بخەن، ئەوانەی کە زۆربەی جار بەشێکی گەورەی بەردەنگەکانی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان پێک دەهێنن (Rauch, 2007). توێژینەوەیەکی زێدەتر بە هەمان شێوە نیشانی دا کە تەنیا ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بە شێوەیەکی درکپێکردنانە چوارچێوەکانی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕووماڵ کردووە و تیشکی ئەرێنییان خستووەتە سەر چالاکەکان و هانی چالاکییەکانی چالاکانیان داوە (Hertog & McLeod, 1995; McLeod & Hertog, 1999). "کیم" و "ڤیوێر" (۲۰۰۳) لە پێوەندی لەگەڵ بەجیهانیبووندا بەو ئاکامە گەیشتن کە ڕاگەیێنە سەرەکییەکان لە چەندان ولاتدا مەیلیان بە لای دابینکردنی زانیاری لە بژاردەکان و سەرچاوە دەسەڵاتدارەکان هەبووە. ئەمە بەتایبەتی ڕاستییەکی ئەو ولاتانە بوو کە لە بەرنامەکانی دامەزراوەی مالّی نێونەتەوەییدا بەشدار بوون و لە ڕووماڵکردنی مالیزیادا کە لە بەرنامەکانی ئەو دامەزراوەیەدا بەشدار نەبوو، کەمتر بەم شێوە بوو. بە هەمان شێوە، "بێنێت" و هاوکارانی (2004. p. 542) لە شیکارییەکەیان بۆ ڕووماڵکردنی بەجیهانیبوونی ڕەوتی سەرەکی، بەوەیان زانی کە

"بەڕێوەبەریی بیاقی گشتی سەرهەڵدانێکی باریکی گشتگیری خوڵقاندووە وەک چۆن ڕۆژنامەنووسان دەستڕاگەیشتن بە گرووپە جیاوازەکان بە ئاسایی دەزانن، دیسانیش وتووێژێکی لە نێو ئەواندا لێنەکەوتووەتەوە". ئەم نەبوونی وەڵامدەرییە بەم هۆیەوە پێگەی بکەرگەلێکی جیاوازی بەجیهانیبوونی دیاری کردووە کە لە تیۆریی یاریی "سیفری سەرجەم"دا پێکەوە ڕکەبەری دەکەن، زیاتر لەوەی خاڵەکانی دوامەنزڵی ئایدیۆلۆجی و کردەکی پێکەوە بەراورد بکەن.

بەگشتی، توێژینەوەی پێشوو دەریخست کە ڕاگەیێنە سەرەکییەکان زۆر جار لە دابینکردنی بنەما ڕاستەقینەکانی بەشداری لە باسە گشتییەکان – تەنانەت لە نموونەکانی موناقشەکاندا – بێتوانان و مێژوویەکی درێژی ئەو ڕاگەیێنە سەرەکییانە هەیە کە ناڕازییەکان و چالاکانیان وەپەراوێز خستووە (Bennett et al. , 2004; Gitlin, 1980; Groshek, 2008; Hallin, 1986). زیاتر لەمە، ئێستا ئەمە بە باشی جێی گرتووە کە خاوەندارییە هەڤپشک و هەردەم ناوەندگەراتری ڕاگەیێنەکان کاریگەریگەلێکی زەبروەشێنانەی لە باسە دێموکراتیەکان داوە. چەندان کارناس، لەوانە "مەک چێسنی" (۱۹۹۹) و "بەگیکیان" (۲۰۰۰)، ئاماژەیان بەوە داوە کە ڕاگەیێنە سەرەکییەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ (یان هێندێ جار بە ڕوونی) پشتیوانی لە ئامانج و نیگەرانییەکانی کۆمپانیاگەلێکی تەزن کە بەدوای سوودکردنەوەن، دەکەن. بەم پێیە دەکرێ کارکردی دێموکرات و چاودێریکەرانەی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان وەکوو لە سەرەوەی بەرهەمێکی لاوەکیی دیاریکراو لێی تێبگەین کە لەودا دامەزراوە ڕاگەیێنییەکان بەردەنگەکان بە پروپاگاندا‌کەرانی کالا دەفرۆشن (Dustin, 1999).

لێکۆڵینەوەکان لە دەق و کارکردەکانی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بەگشتی بە دەرەنجامگەلێکی جیاواز گەیشتوون، هەرچەند هیچکامیان بە تایبەتی لەسەر ڕوومالکردنی بەجیهانیبوون تەرکیزیان نەکردووە. لە لێکۆڵینەوەیەکدا، "هارکوپ" (۲۰۰۳) بەوەی زانی کە دەقی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بە شێوەی بەردەوام قسەی ئەو شایەتحاڵ و تاکەکەسانەی دیکەی کۆمەڵگەیان گواستووەتەوە کە دەسەڵات یان کاریگەرییەکی بەرچاویان نەبووە و هەروەها وەک چاوەڕوان دەکرێ، ڕاگەیێنە سەرەکییەکان قسەی بەرپرسانی پۆلیس، دادوەرەکان و سیما شوێندانەرەکانی دیکەیان گواستووەتەوە، لە کاتێکدا بە شێوەیەکی بەرچاو ئەندامانی ناڕەوای کۆمەڵگە وەپشتگوێ دەخەن. بە دەربڕینێکی دیکە، ڕاگەیێنە جێگرەوەکان "دوورەدیمەنێک لە "خوارەوە" پێشکێش دەکەن و "نەوتراوەکان" دەڵێنەوە" (Harcup, 2003, p. 371). بە هەمان شێوە، "سالازار"(۲۰۰۹) لەو بارەوە توێژینەوەی کرد کە چۆن بەڕێوەبەرانی ڕاگەیێنی "ماپووچە" لە شیلی لە ڕاگەیێن بۆ دەستوەردان لە بیاقی گشتیی سیاسی و پێوەندیکاری لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کە بەشداریکردنی سیاسی پشتگوێ دەخا، کەڵک وەردەگرن. بابەتەکانی دەقی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بەگشتی وا بینراون کە بە شێوەیەکی ڕوونتر نیگەرانییەکانی کۆمەڵگە نوێنەرایەتی دەکەن و "هارکوپ" و کەسانی دیکە (cf. Howley, 2010) ئەو پێشنیازە دەخەنە ڕوو کە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لە

ڕاستیدا به شێوەیەکی تاقانە بیاڤێکی گشتیی ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی پێشکێش دەکەن کە لە لایەن ڕاگەیێنە سەرەکییەکانەوە ئاسانکاریی بۆ کراوە.

"پالْتۆن" و دێیوس" (٢٠٠٣)، کردەوە، ئایدیۆلۆجیا و دەستڕاگەیشتن و ڕەوتی ڕاگەیێنە جێگرەوەکانیان هەڵسەنگاند، بەتایبەتی مالْپەڕی "Indymedia". ئەوان بەو ئاکامە گەیشتن کە "Indymedia" تا ڕادەیەک چوارچێوەیەکی بە تەواوی کراوە بوو و دیسانیش هێندێ بڕیاری سەرنووسەری بەکۆمەڵی پاراستبوو. ئەوان هەروەها بەو دەرەنجامە گەیشتن کە لە کاتێکدا دامەزراوە ڕاگەیێنییە جێگرەوەکان بابەتی زۆرێک لە گوشارەکانی درەکەوتە هەواڵییە سەرەکییەکان بوون، ڕاگەیێنە سەرەکییەکان بەرعۆدەی شەفافییەت و بڵاوکردنەوەی ئاوەڵە بوون. هەر بەم شێوە، ئەتکینسۆن (٢٠٠٥) وێنە بەردەوامەکانی فۆرمە نەریتی و هەژموونییەکانی دەسەڵاتی هەڤپشکیان لە دەقی ڕاگەیێنە جێگرەوەکاندا دۆزییەوە کە لە بەرهەمهێنە چالاکە ئاسۆییەکاندا سەریانهەڵداوە. سەرەڕای ئەم هەوڵانە و ئەوانەی "ئاتۆن" (٢٠٠٢)، "داونینگ" (٢٠٠١، ٢٠٠٣) و فوچس" (٢٠١٠) کە ڕوونیان کردەوە کە ئامانجەکان، ڕەوتەکان و سروشتی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بە شێوەی بنەڕەتی لە ڕاگەیێنە سەرەکییەکان جیاوازن، هێشتا کەموکوڕییەک لە لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکانی دەقی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بۆ خۆی دەبینرێ و تەنانەت تۆێژینەوەی کەمتر لەو بارەوە کراوە کە بە شێوەیەکی سیستماتیک دەقی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان و ڕاگەیێنە جێگرەوەکان پێکەوە بەراورد بکرێن.

بە مەبەستی دروستکردنی پردێک بۆ پێکەوەگرێدانی ئەم پێکدڕییە تیۆری و کردەکییە گرینگە، ئەم لێکۆڵینەوە ڕوومالْکردنی بەجیهانیبوون لە ڕاگەیێنە سەرەکی و جێگرەوەکاندا پێکەوە بەراورد دەکا. ئەم بەراوردکارییە شیکارییە لەسەر بنەمای هەمان چەمکەکانی دەستڕاگەیشتن، ناسین و وەلامدەربوون بووە کە "بێنێت" و هاوکارانی (٢٠٠٤) ڕوومالْکردنی بەجیهانیبوونیان لە "نیۆیۆرک تایمز"دا هەڵسەنگاندووە. لێرەدا، دەقی بەجیهانیبوونی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕوومالْکردنی بەجیهانیبوون لە ڕاگەیێنە سەرەکییەکاندا بەراورد دەکرێ. لەسەر بنەمای تۆێژینەوەی پێشوو (Armstrong, 1981; Pickard, 2006a)، ئەم لێکۆڵینەوە نموونەکانی ڕوومالْکردنی جێگرەوە و ئەو زانیارییە ڕووبەڕووبوونەوە هەژموونییانەی کە وەکوو بەرهەمێکی سەرجەمی ڕاگەیێنی لەئاراداون، تاقی دەکاتەوە."داونینگ" (٢٠٠١) بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو چەندان کەسی دیکەدا بەو شێوە بەڵگە دەهێنێتەوە کە ڕاگەیێنی جێگرەوە لە جەوهەردا تووندڕەو و بە جۆرێک تێکدەرە و وای بۆ دەچێ کە دەقی ڕاگەیێنی جێگرەوە دەبێ دۆخی هەنووکە بە چالێش بکێشێ و بیاڤێکی گشتیی ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموون وەگەڕ بخا. بەم پێیە ئەم پێشبینییە هەیە کە:

H1: ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بەنیسبەت ڕوومالْکردنی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان، ڕێژەیەکی پتر بۆ ڕوومالْکردنی بەجیهانیبوون بۆ پرسە چالاکەکان تەرخان دەکەن. لەمەڕ ئەوەی کە ئایا ئەم فەڕەزییە دەبێ پشتیوانیی لێ بکرێ، دۆزینەوەکان لەگەڵ تۆێژینەوەکانی دیکەدا هاوڕا دەبن

کە ئەو پێشنیازە بخەنە ڕوو کە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان گرینگییەکی پتر بە چالاککەراییی کۆمەڵایەتیی خەڵکی وەک بزاوی دژەبەجیهانیبوون دەدەن. بۆ نموونە، "هارکوپ"(٢٠٠٣) بەوەی زانی کە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان وەکوو سەرچاوەی هەواڵ بە قازانجی "بێدەسەڵات و لەپەراوێزەکانن"، کەوابوو:

H2: ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان لە بەراورد لەگەڵ ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە سەرەکییەکاندا، ڕێژەیەکی پتر لە ناڕازییان وەکوو سەرچاوەکانی پرسە چالاکەکان لە خۆ دەگرن.

H3: ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بەنیسبەت ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان، پتر ناڕازییەکان وەکوو سەرچاوەکانی پرسە چالاکەکان بە شێوەی فەرمی دەناسن.

"داونینگ" (٢٠٠٣) هەروەها پێشنیازی کردووە کە ڕاگەیێنە جێگرەوەکان وتووێژێک لە نێو و لە دەوروبەری ئەندامانی بزاوە کۆمەڵایەتییەکان دەخوڵقێنن. ئەم ڕەهەندە لە وەڵامدەربوون بۆ ڕاگەیێنە جێگرەوەکان بە مەبەستی ئاسانکردنەوەی نەتەنیا وتووێژ بەڵکوو ئاسانکردنەوەی پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان پێگەکانی پرسە تاقانەکان، ڕاڤەکان و پەرچەکردارەکان چارەنووسسازە. بە هۆی دەستڕاگەیشتنی ئاوەڵە و پشکداریی بەکارهێنەر، ڕاگەیێنە جێگرەوەکان پلاتفۆرمێک بۆ ئەندامانی گرووپە کۆمەڵایەتییە لاوەکییەکان مسۆگەر دەکەن و ڕووبەڕووبوونەوەی گوتارەکان لە ڕاستییەکی شێوازی بیرۆکەی "هابێرماسی"دا دەخوڵقێنن و وەگەڕی دەخەن (Fraser, 1993). بە هۆی ئەنجامدانی ئەمەئەو چاوەڕواننییە هەیە کە ڕاگەیێنی جێگرەوە لە ڕووماڵکردنی خۆی لەو ڕەخنەگەراییەی دژی چالاککەرایی دژەبەجیهانیبوون هەیە، بە شێوەی ڕاستەوخۆ وەڵامدەر بێ، لەوەڕا کە ئەمە تەنیا دۆخی ئایدۆلۆجیکی بزووتنەوەیەک ڕوون ناکاتەوە، بەڵکوو ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر خاڵگەلێکی دیاریکراوی موناقشە دێنێتە ئاراوە. پتر لەمەش، وەها وەڵامدەربوونێک ئەرکێکی گشتگیر و ناهیرارشی بەڕێوە دەبا کە بۆ ڕەوت و پێکهاتەی بەرهەمی ڕاگەیێنە جێگرەوەکان گرینگە. دواین فەرەزییە بەم پێیە پێش دەکەوێ کە:

H4: ئەو ڕاگەیێنە جێگرەوانەی کە بەجیهانیبوون ڕووماڵ دەکەن، بەنیسبەت ڕووماڵکردنی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان، زیاتر وەڵامدەر دەبن، ئەویش لەوێدا کە ڕوانگە دژەکان بەردەنگ و وەڵامیان هەیە.

سەرچاوەکان:


Anderson, 2006 The long tail. New York: Hyperion.

Annual Report on American Journalism 2008 Circulation growth in alternative newsweeklies .Retrieved from http://stateofthemedia.org/2008/newspapers-intro/alternative-weeklies#/alternative-weeklies

Annual Report on American Journalism 2010 .Overview: Key findings .Retrieved from http://www.stateofthemedia.org/2010/overview_key_findings.php

Armstrong, D 1981 A trumpet to arms: Alternative media in America .Boston: South End Press.

Atkinson, J 2005 Towards an understanding about complexities of alternative media: Portrayals of power in alternative media .Qualitative Research Reports in Communication, 6(1), 77_84.

Atkinson, J., & Dougherty, D .S 2006 Alternative media and social justice movements: The development of a resistance performance paradigm of audience analysis .Western Journal of Communication, 70(1), 64_88.

Atkinson, J 2010 Alternative media and politics of resistance: A communication perspective .New York: Peter Lang Publishing.

Atton, C. 2010 Alternative media .London: SAGE Publications.

Atton, C. 2003 What is _alternative_ journalism? Journalism, 4(3), 267_272.

Atton, C., & Wickenden, E. 2005 Sourcing routines and representation in alternative journalism: A case study approach .Journalism Studies, 6(3), 347_359.

Bailey, O., Cammaerts, B., & Carpentier, N. 2008 Understanding alternative media .New York: Open University Press.

Bagdikian, B. 2000 The media monopoly .Boston: Beacon Press.

Bennett, W .L. 1990 Toward a theory of press-state relations in the United States .Journal of Communication, 40(2), 103_125.

Bennett, W .L., Pickard, V., Iozzi, D., Schroeder, C., Lagos, T., & Caswell, C. 2004 Managing the public sphere: Journalistic construction of the great globalization debate .Journal of Communication, 54(3), 437_455.

Bennett, W .L. 2005 News: The politics of illusion .New York: Pearson Longman.

Bennett, W .L., Lawrence, R .G., & Livingston, S. 2006 None dare call it torture: Indexing and the limits of press independence in the Abu Ghraib scandal .Journal of Communication, 56(3), 467_485.

Bucy, E .P. 2005 The media participation hypothesis .In M .S .McKinney, L .L .Kaid, D .G .Bystrom, & D .B .Carlin (Eds(., Communicating Politics: Engaging the Public in Democratic Life (pp .107_122). New York: Peter Lang Publishing.

Caldwell, J. 2003 Alternative media in suburban plantation culture .Media, Culture & Society, 25, 647_667.

Cammaerts, B. 2007 Jamming the political: beyond counter-hegemonic practices .Continuum: Journal of Media & Cultural Studies, 21(1), 71_90.

Cammaerts, B., & Carpentier, N. 2006 The Internet and the second Iraqi war: Extending participation and challenging mainstream journalism? In N .Carpentier, P .Pruulman-Vengerfeldt, K .Nordenstreng, M. Hartmann & B .Cammaerts (Eds(., Researching Media, Democracy and Participation (pp159_177). Tartu, Estonia: Tartu University Press.

Chossudovsky, M. 2010 September 26)" .Manufacturing Dissent": The anti-globalization movement is funded by the corporate elites .Retrieved from http://www.countercurrents.org/chossudovsky260910.htm

Comedia (1984) .The Alternative Press: The development of underdevelopment .Media, Culture & Society, 6, 95_102.

Couldry, N., & Curran, J) .Eds. 2003 Contesting media power: Alternative media in a networked world. Lanham, MD: Roman and Littlefield.

Cunningham, S. 2001 Popular media as public 'sphericules' for diasporic communities .International Journal of Cultural Studies, 4(2), 131_147.

Downey, J., & Fenton, N. 2003 New media, counter publicity and the public sphere .New Media & Society, 5(2), 185_202.

Downing, J. 1984 Radical media: The political experience of alternative communication .Boston: South End Press.

Downing, J. 2001 Radical media: Rebellious communication and social movements .Thousand Oaks, CA: SAGE Publications.

Downing, J. 2003 Audiences and readers of alternative media: The absent lure of the virtually unknown. Media, Culture & Society, 25, 625_645.

Dustin, W .K. 1999 Toward and ethic of citizenship: Creating a culture of democracy for the 21 st Century .Lincoln, NE: Excel Press.

Eliasoph, N. 1997 Routines and the making of oppositional news .In D .A .Berkowitz (Ed(., Social meanings of news: A text-reader (pp330_254 .(Thousand Oaks, CA: SAGE Publications.

Entman, R. 1989 Democracy without Citizens: Media and the decay of American politics .New York: Oxford University Press.

Entman, R. 2004 Projections of power: Framing news, public opinion, and U.S .foreign policy .Chicago: University of Chicago Press.

Entman, R. 2007 Framing bias: Media in the distribution of power .Journal of Communication, 57(1), 163_173.

Fraser, N. 1993 Rethinking the public sphere: A contribution to the critique of actually existing democracy .In C .J .Calhoun (Ed), Habermas and the public sphere (pp109_142) .Cambridge, MA: MIT Press.

Frey, L., Botan, C., & Kreps, G. 2000 Investigating communication: An introduction to research methods (2 nd ed .(.Needham Heights, MA: Allyn & Bacon.

Fuchs, C. 2010 Alternative media as critical media .European Journal of Social Theory, 13(2), 173_192.

Gitlin, T. 1980 The whole world is watching: Mass media in the making & unmaking of the New Left. Berkeley, CA: University of California Press.

Gitlin, T. 1998 Public sphere or public sphericules? .In T .Liebes & J .Curran (Eds(., Media, ritual, identity, (pp .168_175) .London: Routledge.

Groshek, J 2008 Coverage of the pre-Iraq War debate as a case study of frame indexing .Media, War & Conflict, 1(3), 315_338.

Goodman, A., & Goodman, D. 2004 The exception to the rulers: Exposing oily politicians, war profiteers, and the media that love them .New York: Hyperion.

Gurevitch, M., & Blumler, J. 1990 Political communication systems and democratic values .In D .Graber (Eds), Media Power in Politics (pp24_35 .(Washington, DC: Congressional Quarterly Press.

Hallin, D. 1986 The uncensored war .New York: Oxford University Press.

Hamilton, J .F. 2000 Alternative media: Conceptual difficulties, critical possibilities .Journal of Communication Inquiry, 24(4), 357_378.

Harcup, T. 2003 _The Unspoken _ Said._ The journalism of alternative media .Journalism, 4(3), 356_376.

Haas, T. 2004 Alternative media, public journalism and the pursuit of democratization .Journalism Studies, 5, 115_121.

Hertog, J .K., & McLeod, D.M. 1995 Anarchists wreak havoc in downtown Minneapolis: A multi-level study of media coverage of radical protest .Journalism and Mass Communication Monographs, 151, 1_48.

Howley, K. 2005 Community media: People, places, and communication technologies .Cambridge, UK: Cambridge University Press.

Howley, K (Ed). 2010 Understanding community media .Thousand Oaks, CA: SAGE Publications.

Huijser, H., & Little, J. 2008 GetUp! For what? Issues driven democracy in a transforming public sphere. Transformations Journal, 16. Retrieved http://www.transformationsjournal.org/journal/issue_16/ article_06.shtml

Jakob, N .G .E. 2010 No alternatives? The relationship between perceived media dependency, use of alternative information sources, and general trust in mass media .International Journal of Communication, 4, 589_606.

Kahn, R., & Kellner, D. 2004 New media and Internet activism: From the _Battle of Seattle_ to blogging. New Media & Society, 6(1), 87_95.

Kelly, J., Fisher, D., & Smith, M. 2005 Debate, division, and diversity: Political discourse networks in Usenet newsgroups .Paper presented at the Online Deliberation Conference, Palo Alto, CA.

Kim, E .G., & Hamilton, J .W. 2006 Capitulation to capital? OhmyNews as alternative media .Media, Culture & Society, 28(4), 541_560.

Kim, S., & Weaver, D. 2003 Reporting on globalization .Gazette: The International Journal for Communication Studies, 65(2), 121_144.

Livingstone, S. 2004 The challenge of changing audiences: Or, what is the audience researcher to do in the age of the Internet? European Journal of Communication, 19(1), 75_86.

Mathes, R., & Pfetsch, B. 1991 The role of the alternative press in the agenda-building process: Spillover effects and media opinion leadership .European Journal of Communication, 6, 33_62.

McChesney, R. 1999 Rich media, poor democracy: Communication politics in dubious times .Chicago: University of Illinois Press.

McLeod, D .M & .Hertog, J .K. 1999 Social control, social change and the mass media_s role in the regulation of protest groups .In D .Demers & K .Viswanath (Eds (.Mass Media, Social Control and Social Change: A Macro-Social Perspective (pp305_332) .Ames, IA: Iowa State University Press.

Örnebring, H., & Jönsson, A .M. 2004 Tabloid journalism and the public sphere .Journalism Studies, 5, 283_295.

Pickard, V .W2006 a) .United yet autonomous: Indymedia and the struggle to sustain a radical democratic network .Media, Culture & Society, 28, 315_336.

Pickard, V .W. 2006 b) .Assessing the radical democracy of Indymedia: Discursive, technical, and institutional constructions .Critical Studies in Media Communication, 23, 19_38.

Platon, S., & Deuze, M. 2003 Indymedia journalism .A radical way of making, selecting, and sharing news? Journalism, 4(3), 336_355.

Porta, D., & Diani, M. 2006 Social movement: An introduction (2nd ed .(.Malden, MA: Blackwell Publishing.

ProQuest. 2010 Alt Press Watch .Retrieved from http://www.proquest.com/en-US /catalogs/databases/detail/alt_presswatch.shtml

Rauch, J. 2007 Activists as interpretive communities: Rituals of consumption and interaction in an alternative media audience .Media, Culture & Society, 29, 994_1013.

Rodriguez, C. 2001 Fissures in the mediascape: An international study of citizens' media .Cresskill, NJ:

Hampton Press.

Roper. 2004 Influentials and culture executive summary .Retrieved from http://aan.org/files/inf.pdf

Saeed, S. 2009 Negotiating power: Community media, democracy, and the public sphere .Development in Practice, 19(4-5), 466_478.

Salazar, J. 2009 Making culture visible: The mediated construction of a Mapuche nation in Chile .In C. Rodriguez, D .Kidd, & L .Stein (Eds(., Making Our Media: Global Initiatives Toward a Democratic Public Sphere (Vol.20 Cresskill, NJ: Hampton Press.

Sayre, B., Bode, L., Shah, D., Wilcox, D., & Shah, C. 2010 Agenda setting in a digital age: Tracking attention to California Proposition 8 in social media, online news and conventional news .Policy & Internet, 2(2), 7_32.

Schudson, M. 2009 A family of public spheres .Social Science Research Council Essay .Retrieved from http://publicsphere.ssrc.org/schudson-a-family-of-public-spheres/

Tewksbury, D. 2005 The seeds of audience fragmentation: Specialization in the use of online news sites. Journal of Broadcasting & Electronic Media, 49, 332_348.

Tsfati, Y., & Peri, Y. 2006 Mainstream media skepticism and exposure to sectorial and extranational news media: The case of Israel .Mass Communication & Society, 9(2), 165_187.

Wojcieszak, M. 2010 Don_t talk to me"_Effects of ideologically homogeneous online groups and politically dissimilar offline ties on extremism .New Media & Society, 12, 637_655.

World Economic Forum( n.d) World Economic Forum homepage .Retrieved from http://www.weforum.org

World Social Forum. 2002 Charter of principles .Retrieved from http://www.forumsocialmundial.org.br/main.php?id_menu=19&cd_language=2

Zinn, H. 2003 A people_s history of the United States 1492 _ present .New York: HarperCollins.

# ئازادی مانای چییە

ئەردەڵان عەبدوڵا

هیچ چەمکێکی فکری و فەلسەفی و سیاسی هێندەی چەمکی ئازادی قسە و باسی لەبارەوە نەکراوە. لەوەتی مرۆڤ فێری پرسیارکردن بووە، ئازادی یەکێک بووە لە پرسیارە گرینگەکانی مرۆڤ. لەلایەکی تریشەوە هیچ پێناسەیەکی تری ڕۆحی مرۆڤ، هێندەی ئازادی خۆێنی لەپێناودا نەڕێژراوە. گەر چاوێک بە مێژووی مرۆڤایەتیدا بخشێنین، دەبینین پڕیەتی لە داستان و حکایەتی گەلان لەپێناوی ئازادیدا. مێژووی هەموو نەتەوەیەک، مێژووی خەبات بووە لە پێناو ئازادیدا. بەڵام ئاخۆ بۆچی ئەم پرسە هێندە مەزن و گرینگ بووە لەلای تەواوی مرۆڤایەتیدا؟ ئاخۆ ئازادیش وەکو نان و هەوا و ئاو وایە، کە مرۆڤ ناتوانێ دەستبەرداری بێت؟ تۆ بڵێی پرسی ئازادی چ پێوەندییەکی ڕۆحی لەنێوان مرۆڤەکاندا هەبێت؟ بۆچی هەموو کاتێک ئامادەن لەپێناوی ئازادیدا، گیان و سەروت و مالّی خۆیان بەخت بکەن؟ ئاخۆ ئازادی بەشێک لە جەستە و ڕۆحی مرۆڤ پێک دەهێنێت؟ یان بە واتایەکی تر، بوونمان پێوەستە بە ئازادبوونمانەوە، هەروەک فەیلەسووفی ناوداری هۆڵاندی ئیسپۆنزا دەڵێ: (دەستبەرداربوونی مرۆڤ لە ئازادییەکانی، دەستبەرداربوونە لە خەسڵەتی مرۆڤبوون).

هەر بۆیە بە پێویستم زانی کە لەڕێگەی ئەم وتارەوە هەوڵێکی بچووک بدەم، بۆ ئەوەی شرۆڤەیەک بۆ ئەم چەمکە گرینگ و پڕ بایەخەی ناو مەیدانی فکری و سیاسی و فەلسەفییە بکەم. لەهەمان کاتیشدا هەوڵ دەدەم، بە کورتی وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە و کۆمەڵێک پرسیاری تریش بدەمەوە، کە پێوەندییان بەم چەمکەوە هەیە.

## ئازادی مانای چییە؟

پێش ئەوەی باس لەهەر شتێک، دیاردەیەک، یان چەمکێک بکەین، پێویستە سەرەتا پێناسێکی بکەین و لەمانای ئەو شتە بگەین. دیارە چەمکی ئازادی چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە.

هەر لە فەیلەسووفانی گریکەوە تا دەگاتە فەیلەسووفانی چەرخی ڕۆشنگەری و هەتاوەکو ئەمڕۆش پێناسی جیاوازی بۆ دەکرێت. دیارە ئەمەش پێوەندیی بەو گۆڕانکارییە تەکنیکی و سیاسی و ئابووریییانەوە هەیە، کە بە بەردەوامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تووشی دەبێ. لەهەر قۆناخە و مرۆڤایەتی پێناسێکی بۆ ئازادی کردووە. دیارە نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت، لە هەر شوێنێک یان کاتێک، مرۆڤایەتی پێناس بۆ شتەکانی دەوروبەری بەپێی پێداویستییەکانی خۆی دەکا. جاری وا هەبووە کە پرسی نان گرینگ بووە، هەر بۆیە ئەو مرۆڤە ئازاد بووە کە توانیویەتی نانی دەستبکەوێت. جاری واش بووە کە شەڕ و پشێوی وای لە مرۆڤەکان کردووە، تەنیا ئاشتی و ئارامییان بوێت، هەر بۆیە ئازادبوونی خۆیان بە پرسی ئارامی و ئاسایشەوە بەستووەتەوە. بەڵام پاشتر کە دەسەڵاتێکی بەهێز پەیدا دەبێ، هەژموونی خۆی بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا سەپاندووە، مرۆڤ دیسانەوە بەدوای ئازادبوونی خۆیدا گەڕاوە و ویستوویەتی لە ژێر چەپۆکی دەسەڵات ڕزگاری بێت و بەدوای ئازادیدا وێڵ بووە. کە ئەمەش بەرەو قۆناخی شۆڕشمان دەبات، کە مێژووی مرۆڤایەتی پڕیەتی لە حکایەتە لە بننەهاتووەکانی شۆڕشی گەلان. لە قۆناخی لیبرالیزم و سەرمایەداریشدا، دەسەڵاتی ئابووری بووەتە ڕێگرێکی گەورە لە بەردەم پێشکەوتنی هەموو چینەکانی کۆمەڵگە و چەوساندنەوەی چینایەتی دەستیپێکردووە. هەر بۆیە خەباتی چینایەتی دەستیپێکردووە و هەوڵی ڕزگاربوون لە سەرمایەداری دەستیپێکرد. لێ پاش ئەوەی لە هەندێک وڵاتدا چینی سەرمایەداریش لەناو برا وەکو لە ڕووسیا و ئەوروپای ڕۆهەڵات و چین، دیسانەوە چینێکی بیرۆکرات جێگەی چینی سەرمایەداری گرتەوە. سەرلەنوێ گەلان دەستیانکردەوە بە خەبات لەدژی نەمانی سیستەمی دیکاتۆریەتی پرۆلیتاریا. هەروەک (مارکس و لینین) ناویان لێ نا. ئەمڕۆش لەسەردەمی گلۆبالیزم و لیبرالیزمی نوێدا، کە تەواوی مرۆڤایەتی تووشی قەیرانی دارایی و ژینگەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی بووە، مرۆڤایەتی پێناسێکی نوێتری پێیە بۆ ئازادی.

لەبەرئەوە بۆ هەر قۆناخێک ئێمە گوێمان لە پێناسی جیاواز دەبێ. زۆر جار فەیلەسووفەکان بەپێی ئەو قۆناخەی کە تێیدا ژیاون، هەوڵیان داوە شرۆڤەی خۆیان بۆ ئەم چەمکە گرینگە بکەن. بەڵام جوانترین و باشترین و بەهێزترین پێناس کە دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەکی باش مانای ئەم چەمکەی دەرخستووە، ئەو پێناسەیە کە بیرمەند و سیاستەمداری (سویسریی/ فەرەنسی) بنیامین کۆنستانت (١٧٦٧–١٨٣٠) کردوویەتی. بنیامین کۆنستانت لە لێدوانێکیدا لە ساڵی ١٨١٩دا بەم جۆرە پێناسی چەمکی ئازادی دەکات:

"ئازادی مافی هەموو تاکێکە تەنیا پێرەویی یاسا بکات. مافی هەموو تاکێکە لەبەر داوا و ئارەزووی کەس یان کەسانێک نەگیرێت، نەکوژرێت. ئەشکەنجە و ئازار نەدرێت. هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە بیروڕای خۆی دەربڕێت، کار و پیشەی خۆی هەڵبژێرێت، دەست بەسەر ماڵ و سامانی خۆیدا بگرێت و تەنانەت ئەگەر ویستی لەناوی بەرێت، ئازادانە هاتوچۆ بکا، بێ ئەوەی پێویست بە مۆڵەت

و داوا بکا یان هۆ و هاندەرەکەی بۆ کەسێک ڕوون بکاتەوە. هەموو مرۆڤێک بۆی هەیە لەگەڵ کەسانی تر هاوبەشی بکا و، ئەگەر حەزی کرد لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هاوبەشەکانی قسە بکا، لەسەر ئاینی خۆی بدوێ یان چۆنی پێ خۆشە کاتی خۆی بەسەر ببات. لە دواییشدا، مافی هەموو تاکێکە کاریگەریی لە کاربارى حکوومەتدا هەبێ، جا لە ڕێگەی دیاریکردنی کۆ یان بڕێک لە کارمەندانی دەوڵەتەوە بێت، یان لە ڕێگەی نوێنەرایەتییەوە بێ، یان بە داوا بەرزکردنەوە و سکاڵا بێ، کە کاربەدەستانی دەوڵەتی، کەم و زۆر ناچارن لەبەرچاوی بگرن"[1].

دیارە ئەم پێناسە هەوڵی داوە بە شێوەیەکی فرەوان باس لە چەمکی ئازادی بکا، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەم پێناسە ڕۆڵی گرینگی هەیە. چونکە هەوڵی داوە هەموو پێداویستی و خەونەکانی مرۆڤ دیاری بکا و بە چەمکی ئازادییەوە گرێیان بدا.

دیارە ئێمە تەنیا ناتوانین لە ڕێگەی پێناسێکی گشتگیرەوە لە مانا پیرۆزەکەی ئازادی بگەین، هەربۆیە پێویستە باس لە مێژوو، ئەو فاکتەرە گرینگانەی کە پێوەستن بە ئازادی و ڕۆڵیان هەبووە لە بەرەوپێشچوونی چەمکی ئازادی باس بکەین.

## مرۆڤی سەرەتایی و پرسی ئازادی

دیارە گەر بمانەوێت بەتەواوی لە چەمکی ئازادی بگەین، ئەوا پێویستە چاوپیاخشانێکی خێرا بە مێژووی مرۆڤایەتیدا بکەین. مرۆڤ هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی ژیانیەوە، لەپاش نان و ئاو، بەدوای ئازادیدا وێڵ بووە. بگرە دەتوانم بڵێم گەر مرۆڤ ئازاد نەبوایە، ئەوا نەشیدەتوانی ئەو دوو پێویستییە بایۆلۆجی و گرینگەی ژیانی دابین بکات.

## ڕاوکردن

دیارە هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کە مرۆڤی سەرەتایی ژیانی خۆی لەسەر ڕاوکردن دابین کردووە. دیاریشە ڕاوکردن جگە لەوەی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکی بژێوویی گرینگی ژیان بووە، کە نانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی فزوولیەتی مرۆڤ و حەزی گەڕان و ئازادیش، چێژێکی ئێجگار گەورەی بە مرۆڤ داوە. دیارە لەو کاتانەدا مرۆڤ ئازادانە بەناو پێدەشت و قەدپاڵی چیا و ڕووبار و دەریاکاندا، گەڕان و پشکنینی خۆی کردووە، هەروەها لە شەڕێکی بەردەوامیشدا بووە لەگەڵ سروشت و گیانلەبەرەکانی تری سەر زەوی. مرۆڤ لەو کاتەدا هێشتا فێری ژیانی بەکۆمەڵ و نیشتەجێ لە شوێنێک نەبووە. لەم قۆناخەدا هیچ ڕێگرێک لەبەردەم ئازادیی مرۆڤدا نەبووە، تەنیا سروشت نەبێت. مرۆڤ خۆی لە ناو فەزایەکی گەوردا بینیوەتەوە، هێشتاوەکو کۆمەڵگە و دەوڵەت و یاسا دروست نەبووە، هەتاوەکو ئازادییەکی لێ زەوت بکات. بەواتایەکی تر، هێشتاوەکو مرۆڤ

لەلایەن مرۆڤێکی تەوە نەچەوساوەتەوە و ئازادیی لێ زەوت نەکراوە. کە ئەمەش لە قۆناخی یەکەمی شارستانیی مرۆڤدا دەستپێدەکا. دەشتوانم بڵێم کە تێکنۆلۆجیا، گەورەترین ڕۆڵێ هەبووە لە نیشتەجێکردنی مرۆڤ و نەمانی قۆناخی ڕاوکردن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر تێکنۆلۆجیایە، کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە زەوتکردنی ئازادیی مرۆڤ و سەرهەڵدانی کۆیلایەتیدا.

## قۆناخی شارستانی و نیشتەجێبوون

دیارە مرۆڤ لەپاش ماوەیەکی زۆر لە قۆناخی گەڕان و ڕاوکردن هەنگاوی بەرەو نیشتەجێبوون ناوە. جێگەی گوتنە تێکنۆلۆجیا گەورەترین ڕۆڵی لە دروستبوونی ئەم قۆناخەدا گێڕاوە. لەلایەکی تریشەوە مرۆڤ پێداویستییەکی گرینگی تری لەلا مەبەست بووە، کە ئەویش دابینکردنی ئارامی و ئاسایش بووە. هەروەک فەیلەسووفی ئینگلیز، تۆماس هۆبز دەڵێ: "مرۆڤ بە ویستی خۆی وازی لە هەندێک مافی سروشتیی خۆی هێناوە، بۆ ئەوەی ئاسایش و ئەمنییەتی دەستبکەوێت"[٢].

مرۆڤ زۆر بە باشی لەو ڕاستییە تێگەیشتووە کە بەتەنیا ناتوانێت هەموو پێداویستییەکانی خۆی دابین بکا، بەتایبەتی ئەوەی کە پێوەندیی بە دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی ژیانیەوە هەیە. هەر لەبەر ئەم هۆیە، مرۆڤ بیری لە ژیانی بەکۆمەڵ کردووەتەوە، واتە تێکەڵبوون و دروستکردنی کۆمەڵگە. بەڵام هەر لەگەڵ دروستبوونی یەکەمین شارستانیەت و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، دەسەڵاتی سیاسی دروست بووە. نوخبەیەک کە لە ڕووی هێز و توانای جەستەیی و عەقڵییەوە، لەوانی تر بەهێزتر بوون. کە ئەمەش وای کردووە دەسەڵاتێکی مرۆیی بەسەر مرۆڤەکانی تردا دروستبێت.

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ (بۆ ڕیش چوو، سمێڵی نایە بانی). مرۆڤیش بۆ دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی ژیانی خۆی چووە ناو کۆمەڵگەوە، بەڵام ئازادیی خۆی نایە بانی. بە واتایەکی تر، مرۆڤ ناچار بوو بۆ دابینکردنی بژێوی و پاراستنی ژیانی خۆی، واز لە هەندێک مافی سروشتیی خۆی بهێنێت، کە گەورەترینیان ئازادی بوو. مرۆڤ ناچار بوو کە ملکەچی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای خەڵکی تر بێت. چیتر مرۆڤ ئەو کیانە ئازادە نییە کە بەئارەزووی خۆی بژی و بگەڕێت، بەڵکو مرۆڤ بەکۆمەڵەوە بەسترایەوە، کۆمەڵێک واتە (یاسا، دەسەڵات، ئاین، نەریت).

بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە تێکەڵبوونی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەدا، کۆمەڵێک سوودی گەورەی هەبوو بۆ مرۆڤ. لەلایەک بە شێوەیەکی باشتر و زۆرتریش پێداویستییە ژیانییە گرینگەکان (نان و ئاو) باشتر دابین کران. هەروەها پاراستنی ژیان و ئاسایشیش بە کۆمەڵ باشتر دابین دەکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار مرۆڤ نەیتوانیوە لەناو کۆمەڵگەدا هەموو پێداویستییەکانی دابین بکا، لەسەر هەموشیانەوە ئازادی. هەر بۆیە لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگەدا، دەسەڵاتێک قوت دەبێتەوە، کە هەوڵ دەدات هەژموونی خۆی بەسەر خەڵکی تردا بسەپێنێت، لەمەشەوە چەوساندنەوە و ناعەدالەتی پەیدا دەبێ.

دیارە لەگەڵ دروستبوونی ناعەدالەتی و چەوساندنەوە بەدەستی نوخبەیەکی دەسەڵاتدارەوە، ڕزگاربوون لە چنگی ئەم نوخبەیە بوو بە پێداویستییەکی گرینگی مرۆڤ و، لێرەوە حکایەتی شۆڕش دەستپێکرد. خەونی ڕزگاربوون لە دەستی دەسەڵاتداران، بوو بە پرس و پێداویستییەکی گرینگ و پر بایەخی مرۆڤ. هەر بۆیە لەگەڵ دروستبوونی یەکەمین شێوازی کۆمەڵگە، پرسی شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازی دەستپێدەکا.

دیارە مرۆڤ بەحوکمی ئەوەی گیانلەبەرێکی بەئاوەزە و خاوەنی عەقڵە، چیتر نەیتوانی بەرگەی ژیانی ناخۆشی ناو کۆمەڵگە بگرێ و واز لە مافی سروشتیی خۆی بهێنێت. ئەرستۆ دەڵێ: "مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە". هەروەها مرۆڤیش بە ئەزموون بۆی دەرکەوت، کە لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگە، شەڕ و پەلاماردان دەستیان پێکرد. کۆمەڵگە بەهێزەکان هەوڵی داگیرکردن و چەوساندنەوەی کۆمەڵگە لاوازەکانیان دا. بەمەش حکایەتی شەڕ و ئاشتی هاتە ناو دیرۆکی مرۆڤایەتییەوە. کاتێک مرۆڤ دەبینێ، ئەو کۆمەڵگەیەی کە خەونی ئەو بوو، کە پێداویستییەکی ژیانی لە پێش هەموشیانەوە ئاسایش و پاراستنی لە مەرگ، نەک نەیتوانی دابین بکا، بگرە بەهۆی دروستبوونی شەڕ و پەلاماردانەوە، ژیانی زیاتر لە جاران لەژێر هەڕەشەدایە. هەروەها لەگەڵ دروستبوونی نوخبەی دەسەڵات، چەوساندنەوە و کاری زۆرەملێ دەستیان پێکرد. چیتر مرۆڤ ناتوانێت ئازادانە بەرهەمی کاری خۆی بخوا، بەڵکو خەڵکانی تر بەشدارن لە بەرهەمی ئەو، زۆر جاریش هیچ لەو بەرهەمەی خۆیشی سوودمەند نابێت و دەسەڵات بۆ خۆی دەیبا.

## تێکنۆلۆجیا و ئازادی

فردیریک ئەنجلس لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا "بنەچەی خێزان و موڵکداریی تایبەت و دەوڵەت"، بەم شێوەیە باس لە چۆنێتیی ڕۆڵی تێکنۆلۆجیا دەکا:

"یەکەمین کار و چالاکیی مرۆڤی سەرەتایی ڕواکردن بووە. ئەو کاتە مرۆڤ بە شێوەیەکی دەستەجەمعی هەوڵی ڕاوکردنی گیانلەبەرێکیان دەدا و پێکەوە ڕاویان دەکرد و پێکەوە دەشیان خوارد. واتە لە دروستکردن و دابەشکردنی پرۆسەی بەرهەمهێناندا، مرۆڤەکان هەموویان هاوبەش بوون، ئەمەش بە کۆمۆنیزمی سەرەتایی ناودەبرێت. بەڵام کاتێک مرۆڤ توانیی ئاگر بدۆزێتەوە و فێری دروستکردنی ڕم بوو، یەکەمین جیاوازیی چینایەتی دروست بوو و کۆتایی بە کۆمۆنیزمی سەرەتایی هات. جاران مرۆڤەکان هەموویان بە بەرد ڕاویان دەکرد، کەس نەیدەزانی کێ نێچیرەکەی کوشتووە، بەڵام لەگەڵ دروستبوونی ڕم، یەکسەر دەزانرا کە ئەو کەسەی خاوەنی ڕمەکەیە، نێچیرەکەی کوشتووە، ئەویش دەبێتە خاوەنی ئەم نێچیرە. لەمەشەوە موڵکداری دروست بوو. بە دروستبوونی موڵکداریش مرۆڤ خەونی نەمری و ژیانی ئەبەدیی لا دروست بوو، خێزانی تایبەتی دروست کرد، بۆئەوەی منداڵەکانی خۆی بناسێتەوە، چونکە پێشتر خێزانی تایبەتی نەبوو، خێزانی هاوبەش هەبوو. پیاو خێزانی تایبەتی دروست کرد بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی منداڵی خۆی و

پارێزگاریی مۆڵک و بەردەوامی بە سامانەکەی بدات. لەگەڵ دروستبوونی خێزانی تایبەتیش، خێڵ دروست بوو. ئەمەش بوو بەهۆی دروستبوونی دەوڵەت. هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی دەوڵەتیش، چەوساندنەوەی چینێک بە دەست چینێکی تر، واتە ئامرازێکە بۆ چەوساندنەوەی چینایەتی. کە هەتاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامە"[٣].

جێگەی گوتنە، ئەنجلس زیاتر لە ژێر کاریگەریی ئەنترۆپۆلۆگ و ئێتنۆلۆگی ئەمەریکایی (لویس مۆرگان. ١٨١٨–١٨٨١)، ئەم کتێبەی نووسیوە. بەڵام لە زۆر شوێندا ڕەخنەی لێ گرتووە و دژی وەستاوەتەوە.

پێدەچێت ئەوە ڕاست بێت کە لە سەرەتادا تێکنۆلۆجیا ڕۆڵێکی نێگەتیڤی لە ئازادیدا هەبووبێ، بەڵام دواتر هەر تێکنۆلۆجیا بوو کە توانیی برەو بە شارستانیەتی مرۆڤ بدات و بیگەیەنێتە ئەم ئاستەی ئەمڕۆ. لەلایەکی ترەوە نابێت ئەوەشمان لەبیربچێ، کە زانست و تێکنۆلۆجیا ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیان لە ڕۆشنگەری و شۆڕشی پیشەشازیدا بینی، کە ئەمەش ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەبوو لە پێشوەچوونی هزری مرۆڤایەتی و ڕزگاربوونی لە ژێر دەستەیی قۆناخی سەتە تاریکەکانی ئەورووپا.

دەتوانم بڵێم گەورەترین ڕۆڵی تێکنۆلۆجیا لە ئازادیدا، لەو کاتەدا بوو کە بزوێنی هەڵمی داهێنرا. ئەم داهێنانە دوو ڕۆڵی گەورەی لە مێژووی ئازادیدا بینی. یەکەمیان: بوو بەهۆی دروستبوونی چینێکی بۆرجواز و نەمانی سیستەمی دەرەبەگایەتی، کە سیستەمێکی ئێجگار خراپ و نالەبار بوو بۆ مرۆڤایەتی.. ڕاستە سیستەمی سەرمایەداریش سیمایەکی چەوساندنەوەی چینایەتیی پێوە دیارە، بەڵام سەرمایەداری زۆر لە دەرەبەگایەتی باشتر و پێشکەوتووترە.

دووەمیان: کە بە بڕوای من دەتوانم بە پیرۆزترین و پڕ بایەختترین ڕۆڵی تێکنۆلۆجیا لە مێژووی مرۆڤایەتیی دابنێم، ئەویش ئەوەیە: داهێنانی مەکینە، وای کرد کە چیی تر چینە چەوسێنەرەکان پێویستیان بە کۆیلە نەبێت، چونکە مەکینە جێگەی هێزی کاری کۆیلەی گرتەوە. داهێنانی مەکینە، گەورەترین ڕۆڵی هەبوو لە نەمانی سیستەمی کۆیلایەتیدا. من دڵنیام گەر داهێنانی مەکینە نەبوایە، ئێستاش ئەورووپایی و ئەمەریکاییەکان، ئەفریکایان داگیر دەکرد و بە کەشتی کۆیلەیان بۆ ئەمەریکا دەبرد. لەبەرئەوە داهێنانی مەکینە و سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی، ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیان لە نەمانی سیستەمی کۆیلایەتی لە جیهاندا هەبوو.

## ئاین و ئازادی

یەکەمین پەیامێک کە ئاین بۆ مرۆڤایەتیی هێنا، ڕزگاربوون و ئازادبوونی مرۆڤ بوو لە دەست کۆیلایەتی و ژێردەستەیی. ڕزگاربوون لە ترس و تۆقین لە دیاردە سروشتییەکان، پاشان کاتێکیش کە ئاینی یەکتاپەرستی لەسەر دەستی ئیبراهیمی پێخەمبەر پەیدا بوو، ئامانجی سەرەکیی ئیبراهیم، ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی بوو لە بیری بتپەرستی. لێ مەخابن هەر بە بڵاوبوونەوەی

ئاینەکانی (جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام)، ئەم پەیامانە گۆڕان و ئاین بوو بە چەکێک بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤەکان. هەروەها گەورەترین و پیرۆزترین ماف لە مرۆڤیش سەندرایەوە کە بریتییە لە ئازادی. بەتایبەتیی لەپاش بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی و ئیسلام، مرۆڤەکان بەشێکی زۆری ئازادییەکانیان لێ سەندرایەوە.

لەپاش ئەوەی ئاین بوو بە ناسنامە و سەرچاوەی یاسا و شەرعیەتی وڵات و کۆمەڵگە، پاش ئەوەی بە تەواوەتی ئاین چ لە ڕۆهەڵات و چ لە ڕۆئاوا هەژموونی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاند، ئاین و پیاوانی ئاینی بوونە گەورەترین ڕێگر و بەربەست لەبەردەم ئازادییەکانی مرۆڤدا. شەڕێکی خوێناوی و توند لەنێوان خەڵکانی سیکولار و پیاوانی ئاینیدا پەیدا بوو. بەتایبەتی لە ئەورووپادا لەپاش سەتەکانی ناوەڕاستەوە، شۆڕشێکی گەورەی هزری و مەعریفی سەری هەڵدا، کە ناوی ڕێنیسانسیان لێ نا. لە ئەورووپادا کڵێسە و پیاوانی ئاینی دەسەڵاتێکی گەورەیان بەسەر کۆمەڵگەدا هەبوو. خەڵکانێکی زۆریش لە دژی ئەم دەسەڵاتە ڕاپەڕین بەتایبەتی چینی ڕۆشنبیر و بیرمەندان.

## بۆچی ئاین بوو بە ڕێگر لەبەردەم ئازادیدا؟

ڕاستە حەزرەتی مەسیح لەپێناو ئاشتی و برایەتیی مرۆڤایەتیدا گیانی خۆی کردە قوربانی، وەلێ پاشان پەیامەکەی شێوێنرا و بوو بە ئامرازێک بۆ داگیرکردنی گەلانی لاواز و سەندنەوەی ئازادی و سەربەستییان، هەروەها داگیرکردن و تاڵانکردنی سامانی سەر زەوی و ژێر زەویی گەلانی (ئەفریکا، ئاسیا، ئەمەریکا). لەلایەکی تریشەوە مەسیحییەت بوو بە ئامرازێک بە دەستی دەسەڵاتدارە ستەمکارەکانەوە بۆ چەوساندنەوەی زۆرینەی خەڵکی ئەورووپا. کاتێک ئاینی مەسیحی لەسەرەتادا هەڵگری پەیامی ئاشتی و برایەتی بوو، لێ پاشان ئەم پەیامە پیرۆزە بە ناشرینترین شێوە لە دژی مرۆڤایەتی بەکارهێنرا.

لەلایەکی ترەوە ئاین وا لە مرۆڤەکان دەکا کە هەموو ئازادییەکیان لێ بستێنێتەوە و بیانکاتە کۆیلەیەک و تەسلیمی خودایەکیان بکات. بەشێوەیەک کە مرۆڤ تووشی حاڵەتی ناموووبوون دەبێ. هەروەک فەیلەسووفی ئەڵمانی لودڤیگ فۆیرباخ (١٨٠٤-١٨٧٢) لە کتێبی کرۆکی مەسیحییەتدا، وەسفی ئەم حاڵەتە دەکا و دەڵێ:

"ئەم نامۆبوونە دەرئەنجامی هەوڵدانی مرۆڤە بۆ وەرگێڕانی خۆی لە بوونێکی فیزیکییەوە بۆ بوونێکی غەیبانی"[٤].

جێگەی گوتنە ڤۆیرباخ بە باوکی قوتابخانەی ماتریالیست دادەنرێ و کارل مارکسیش پشتی بە تیۆرییەکانی ئەو بەستووە بۆ دامەزراندنی بیری مارکسیزم.

ئاینیش وەکو هەموو دەسەڵاتەکانی تر، کاتێک هەژموونی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاند ئیتر

دەبێتە بارگرانییەک بۆ سەر کۆمەڵگە. لەلایەکی تریشەوە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو هێزانە دەدا کە دەیانەوێ ئەم دەسەڵاتەی لێ بستێننەوە. ئاین لە ڕوانگەیەکی فکرییەوە وا لە مرۆڤەکان دەکا، کە هەموو سەربەستی و ئازادی و بوونێکی خۆیان بدۆڕێنن و تەسلیمی هێزێکی غەیبیی بکەن کە خۆی لە خودادا دەبینێتەوە. لێرەوە کێشەی گەورە دەستپێدەکا و ئەمەش کرۆکی جیاوازیی نێوان علمانییەکان و پیاوانی ئاینییە. چونکە علمانییەکان پێیان وایە پێویستە مرۆڤ ئازاد بێ و نابێ ئیرادەی خۆی تەسلیمی هیچ هێزێکی تر بکا و ئازادیی خۆی بدۆڕێنێ. لەبەرامبەردا هێزە ئاینی و فێندەمینتالەکان پێیان وایە، کە خودا مرۆڤی دروست کردووە و، مرۆڤ کۆیلەی خودایە، هەربۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤ، کە ملکەچی و کۆیلایەتیی خۆی بۆ خودای پەروەردگار دووپات بکاتەوە و هەر کەسێکیش لەژێر فەرمانی ئەو دەربچێ کەسێکی کافر و لادەر و فاسدە لەسەر زەوی.

## ئابووری و ئازادی

ئابووری، ئەو جومگە سەرەکییەی کۆمەڵگەیە کە ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستبوونی (سیاسەت و کولتوور و سیستەمی کۆمەڵایەتی)ی کۆمەڵگەکاندا هەیە. لە هەموو کۆمەڵگەیەکی کۆن و مۆدێرندا، سیستەمی ئابووری ڕۆڵێکی گەورەی بەسەر کۆمەڵگەدا گێڕاوە. لەگەڵ دروستبوونی یەکەمین شارستانی و نیشتەجێبوونی مرۆڤدا، ئابووری بە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگە دانراوە. لە سیستەمی فیئودالیدا (دەرەبەگایەتیدا)، ئابووری هۆکاری سەرەکیی چەوساندنەوە و زەوتکردنی ئازادیی زۆرینەی خەڵک بوو. چینە ئەرستۆکرات و پاشاکان، خاوەنی زەوی و زارێکی زۆر بوون، بەشێکی زۆری خەڵکیش جووتیار و کۆیلەی ئەم کەمینە ئەرستۆکراتە بوون. هۆکاری سەرەکیی ئەم چەوساندنەوەیەش پاڵنەرێکی ئابووری بوو، کە بۆ ئەوەی ئەرستۆکراتەکان لەوپەڕی خۆشیدا بژین، دەبوایە زۆرینەی خەڵک کاری تاقەتپڕووکێن بکەن و لە برسێتی و هەژاریدا بژین. بەڵام بەنەمانی سیستەمی دەرەبەگایەتی و لەدایکبوونی سیستەمی سەرمایەداری، ئازادی پێی نایە قۆناخێکی نوێوە.

## سیستەمی سەرمایەداری و ئازادی

سیستەمی سەرمایەداری، وەکو سیستەمێکی نوێ، لە سەرەتادا موژدەیەکی گەورەی بە مرۆڤایەتی ڕاگەیاند. چینی بۆرجواز خۆی وەکو چینێکی شۆڕشگێڕ پیشان دا. لە هەمان کاتیشدا خۆی بە داکۆیکەرێکی سەرسەختی ئازادی دادەنا. چینی بۆرجواز دژی ئەم هەموو کۆت و بەندە سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتییە بوو، کە سیستەمی دەرەبەگایەتی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندبووی. گەر سەیری دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنسا بکەین، کە لە مێژوودا بە شۆڕشێکی بۆرجواز ناودەبرێ، هەمووی داوای ئازادبوونی مرۆڤ دەکا. دروشمی (ئازادی، برایەتی، یەکسانی). پاشانیش (لێی

گەڕێ با تێپەڕێ، لێی گەڕێ با کار بکا).

ئەم دروشمانە خۆیان لە خۆیاندا بانگەشەیەکی گەورە بوون بۆ ئازادبوونی مرۆڤ. دیارە بۆرجوازییەت هیچ سوودی لە مانەوەی ئەو یاسا و ڕێسایە نەدەبینی کە سیستەمی فیئودالی دایڕشتبوو. لەبەر ئەوە بەهەموو شێوەیەک هەوڵی لەناوبردنی دا و، سیستەمێکی نوێی لەسەر دروستکردەوە، کە دژ بە سیستەمە کۆنەکە بوو.

ڕاستە سیستەمی سەرمایەداری توانیی جووتیاران لە دەستی دەرەبەگەکان ڕزگار بکا و لەهەمان کاتیشدا خەونێکیان بۆ دروست بکا کە خۆی لە شارەکاندا دەبینییەوە. دیارە شار ئەو بەهەشتە بوو بۆ جووتیاران، کە لە ژێر چەپۆکی دەرەبەگ و پیاوانی ئاینی ڕزگاریان دەکا، موژدەی ژیانێکی نوێ و بەختەوەرییان بۆ دەهێنێ. بەڵام جووتیارەکان نەیانزانی لە شارەکاندا ڕاستە ئازادن بەڵام بۆ گەڕان بە دوای نان و بژێویدا ڕووبەڕووی کاری تاقەتپڕووکێن و چەوساندنەوەی ناو کارگەکان دەبن.

سەرمایەداری توانیی مرۆڤەکان لە یەک شتدا ئازاد بکا، لە سەرمایەداریدا مرۆڤ ئازادە چۆن و بە کێ (هێزی کاری) خۆی دەفرۆشێ. ئەمەش تارادەیەک زۆر باشترە لەوەی کە لە سیستەمی فیئودالدا هەبوو، کە مرۆڤ بە ناچاری کاری زۆرەملێیان پێ دەکرا. سەرمایەداری دژی سیستەمی کۆیلایەتی بوو، چونکە ئەو پێویستی بەوە نییە کە خەڵکانێکی دیاریکراو بەخێو بکا، بەڵکو ئەو بە شێوەیەکی (کاتی) پێویستی بە هێزی کاری هەرزانە. لەلایەکی تریشەوە هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد، بەپەیدابوونی بزوێنی هەڵمی و پیشەوتنی تەکنیکی پیشەسازی، چییتر سەرمایەداری پێویستی بە کۆیلە نەبوو، بگرە ئامێرەکان جێگەی کۆیلەکانیان بۆ گرتەوە.

بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ، کە سیستەمی سەرمایەدای تین و گرێکی گەورەی بە ئازادیی تاکەکەسی دا. چونکە پێشتر لە سیستەمی فیئودالدا ئازادیی تاکەکەسی خرابووە پەراوێزەوە. لەگەڵ لەدایکبوونی سیستەمی سەرمایەداری، بیری ئازادیی تاکەکەسی پێشکەوت. دیارە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە سەرمایەداری قازانجی لە ئازادبوونی تاکەکاندا هەبوو، چونکە ئەو دەیویست تاک ئازاد بێ لە فرۆشتنی هێزی کاری خۆی. جا ژن بێ یان پیاو.

لەلایەکی تریشەوە ژنان تا ڕادەیەکی باش ئازاد بوون، چونکە سەرمایەداری پێویستیی بە هێزی کاری هەرزانە، هەموو کاتێکیش ژنان بە نرخێکی کەمتر لە پیاوان کاریان دەکرد. بەڵام کاری ژنان لە کارگەکاندا، وای کرد کە بزاڤی ڤێمنیست لە سەردەمی سەرمایەداریدا گەشە بسێنێ. کاتێک ژنان چوونە کارگەکانەوە و بوونە خاوەنی داهاتێکی ئابووریی سەربەخۆ لە پیاوەکانیان، لەمەوە ژنانیش توانییان خەبات لە پێناو مافەکانیان بکەن. هەتاوەکو ژنان نەچوونە کارگەکانەوە، نەیانتوانی بیر لە دروستکردنی بزاڤێکی شۆڕشگێڕ بکەنەوە و داکۆکی لە مافەکانیان بکەن.

هەرچەندە ژنان لە سیستەمی سەرمایەداریدا هەموو کاتێک ڕووبەڕوویی جیاکاری لە

مافەکانیان بوونەتەوە، بۆ نموونە هەموو کاتێک ژنان کرێ و هەقدەستیان لە پیاوان کەمتر بووە. بەڵام لە زۆر ڕووەوە چەوساندنەوەیان لە کارگەکان باشتر بووە تا چەوساندنەوەیان لە ماڵەوە، چونکە ژن لە کارگەکاندا داهاتێکی ئابووری و کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەبووە، بەڵام لە ماڵدا نە داهاتی هەیە، وە نەکەسایەتییەکی سەربەخۆشی هەیە.

## ڕۆشنگەری و ئازادی

ڕۆشنگەری ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی لە پێشخستن و گەشەپێدانی چەمکی ئازادیدا هەبوو. بگرە دەتوانم بڵێم: ڕۆشنگەری و ئازادی دوو شتی پێکەوە گرێدراون و زۆر ئەستەمە لە یەکتریان جیابکەینەوە. ئامانجی بنەوانی ڕۆشنگەری ئازادبوونی مرۆڤ بوو لە ژێردەستی (پیاوانی ئاینی، دەرەبەگ). چونکە لەو کاتەدا زۆربەی فەیلەسووفەکان پێیان وا بوو گەر مرۆڤ ئازاد نەبێ ناتوانێ پێشبکەوێ. هەتاوەکو مرۆڤەکان ئازاد نەبن ناتوانن لە ڕووی زانستی، هۆشیاری، ئابووری، پێشبکەون. چونکە لەسەردەمە تاریکەکانی ئەوروپادا، پیاوانی ئاینی دژی زانست و پێشکەوتنی زانست بوون. (گالیلۆ و کۆپەرنیکۆس) دوو قوربانیی لەبیرنەکراویی ئەوروپان، کە لەسەر بوونی بۆچوونی زانستی، سزادران.

ڕۆشنگەری قۆناخێکە کە تێیدا بە شێوەیەکی ئاشکرا مرۆڤ داوای ئازادبوونی خۆی دەکا. هەروەک ماکس هۆرکهایمەر و تیۆدۆرف ئەدۆرنۆلە کتێبە لە بەناوبانگەکەیاندا (دیالێکتیکی ڕۆشنگەری) وەسفی ڕۆشنگەری بەم شێوەیە دەکەن:

"ڕۆشنگەری بە درێژاییی مێژوو بە مانا فرەوانەکەی دەربڕینێکە بۆ بیرۆکەی پێشکەوتن و ئامانجەکەشی ڕزگارکردنی مرۆڤە لە ترس و کردنیەتی بە سەروەری ئەو سەرزەوینەی کە بە تەواوی ڕووناکبووەتەوە، بەشێوەیەک پرشنگ دەداتەوە کە ئاماژە بۆ سەرکەوتن دەکا."[٥]

ڕۆشنگەری قۆناخێکە کە تێیدا مرۆڤ بە دوای ناسنامەی خۆیدا وێڵە و هەوڵی دۆزینەوەی خۆی دەدا. تێیدا مرۆڤ پرسیاری زۆر لەبارەی خۆی، دەوروپشتی (خودا، ئاین، دەسەلات، زانست، هتد) دەکا. زۆر شێلگیرانە بەدوای وەڵامی پرسیارەکانیدا دەگەڕێ. دیارە هەموو زانست و فەلسەفەیەکیش، بە پرسیار دەستپێدەکا و هەر بە پرسیاریش پێشدەکەوێ. هەربۆیە بیرمەندان و فەیلەسووفانی قۆناخی ڕۆشنگەری، خۆیان زۆر بە چەمکی ئازادییەوە سەرقاڵ کردووە و شرۆڤەی جۆراوجۆریان بۆ ئەم چەمکە کردووە.

## چەمکی ئازادی لە دیدی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەرییەوە

لەهیچ کاتێکدا وەکو قۆناخی ڕۆشنگەری باسی چەمکی ئازادی نەکراوە. فەیلەسووفانی قۆناخی ڕۆشنگەری زۆر خۆیان بە شرۆڤەکردن و پێناسەکردنی ئەم چەمکە گرینگەوە خەریک کرد. دیارە هەریەکەشیان لە سۆنگەیەکی تایبەتی خۆیەوە، هەوڵی پێناسە و تێگەیشتنی خۆی بۆ چەمکی

ئازادی داوە. هەریەکـــە و هەوڵی داوە باسی لایەک یان خـــاڵێکی ئەم چەمکە بکا و هەوڵی ڕووناککردنەوەی ئەم چەمکە بدا. هەر بۆیە دەتوانم بڵێم شەڕێکی زۆر خەستی فکری لە نێوان فەیلەسووفانی ئەم قۆناخە هەبووە، بەتایبەتی لە نێوان فەیلەسووفانی سەر بە قوتابخانەی (لیبرالّ) و فەیلەسووفانی سەر بە قوتابخانەی (میتافیزیک و کۆنەپارێزی) لەلاکەی تر. لێرەدا من هەوڵ دەدەم بە کورتی باسی دیدی هەندێکیان بکەم، کە کاریگەریی گەورەیان بەسەر تەواوی هزری مرۆڤایەتی لەبارەی چەمکی ئازادییەوە هەبووە.

## تۆماس هۆبز (١٥٨٨–١٦٧٩)

تۆماس هۆبز بەیەکێک لە فەیلەسووفە گەورەکانی ئینگلاند و جیهان دێتە ژماردن و ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەشی هەبووە لە بواری فکری سیاسی و هونەری حوکمڕانیدا. هەرچەندە بۆچوونەکانی هۆبز لەبارەی (کۆمەڵگەی مەدەنی، دەوڵەت، ئازادی، هاوولاتی)یەوە، بە دیدێکی کۆنەپارێز و زۆر جاریش بە دژەئازادی دێتە ژماردن، بەڵام هەر ئەم دید و بۆچوونانەی هۆبز بوون، نیقاشێکی گەورەی فکرییان لەسەرانسەری ئەوروپادا نایەوە. ئەم نیقاشەش سوودێکی زۆری بە پێشکەوتنی هزرە فکری و فەلسەفییەکان گەیاند.

تۆماس هۆبز فەلسەفە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەکا، کە بریتین لە: ١. فەلسەفەی سروشتی. کە تۆژینەوە لەسەر جەستەی سروشتی دەکا، واتە ئەو شتانەی کە دەستکردی سروشتن. ٢. فەلسەفەی مەدەنی، واتە تۆژینەوە لەسەر جەستەی دروستکراو یان ئەوەی بە دەوڵەت ناودەبرێ.

لەلایەکی تریشەوە، فەلسەفەی مەدەنی بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکا: یەکەمیان: فەلسەفەی ئاکار (ئێتیک). کە لەسەر ئەنگیزەی مرۆڤ و شێوازە ڕەفتارییەکانی تۆژینەوە دەکا. دووەمیان: بە زانستی سیاست ناو دەبا. کە تۆژینەوە لەسەر ئەرکە مەدەنییەکانی مرۆڤ دەکا. ئەڵقەی گەیاندنی ئەم دوو بەشەش مرۆڤە، چونکە مرۆڤ تاڕادەیەک بریتییە لە بەرهەمی سروشت، هەروەها هەر مرۆڤیشە کە دەبێتە ماددەی پێکهێنەری دەوڵەت و هەرخۆشی دەوڵەت دروست دەکا[٦].

بە بۆچوونی هۆبز حاکمیەت لە دوو ڕێگەوە بیچم دەگرێ. یەکەمیان: بەهۆی جەبری سروشتییەوەیە کە زۆر جاران لە شێوازی شەڕدایە. هەر کاتێک حاکمیەت لەو ڕێگەیەوە بیچم بگرێ، ئەو کۆمەڵگەیەی دروست دەبێ تایبەتمەندیی ئیستیبدادیی هەیە "Despotic"ی هەیە یان باوک سالارانەیە. دووەمین شێوەی بیچمگرتنی حاکمیەت، لەڕێگەی ڕێککەوتنی تاکەکان لەگەڵ یەکدیدا دەبێ، بۆ پەیڕەوکردنی تاک یان گرووپێک لە تاکەکان. هۆبز ئەم شێوازەیان بە ڕێککەوتنی دامەزراوەیی ناو دەبا[٧].

جێگەی گوتنە هۆبز لەو کەسانە بوو کە داوای بوونی دەوڵەتێکی بەهێزی دەکرد و پێی وا بوو دەسەڵاتێکی بەهێز دەتوانێ ولات لە نائارامی و پشێوی ڕزگار بکا. ئەم بۆچوونەشی لەلایەن

سیپۆنزا و جان لۆک و رۆسۆوە، بەتوندی ڕەتکرایەوە و وەڵامیان دایەوە. لێ نابێ ئێمە ئەوەشمان لەبیر بچێ کە، تۆماس هۆبز لە سەردەمێکدا ژیاوە کە ئینگلتەرا پشێوی و شەڕ و کوشتاری زۆری بەخۆوە دیوە. ئەم حاڵەتە گشتییە خراپ و پەشێوە، کاریگەریی ئێجگار گەورەی لەسەر بۆچوونەکانی هۆبز هەبووە.

## جان لۆک (١٦٣٢– ١٧٠٤)

جان لۆک یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی کە لە مێژووی فەلەسەفەدا ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەیە. هەروەها بە یەکێک لە مامۆستا گەورەکانی بیری (تۆلەرانسی ئاینی و لیبرالیزم) دێتە ژماردن. جان لۆک ئەو فەیلەسووفە مەزنە بوو کە لە کاتێکدا تەواوی ئەوروپا تووشی شەڕێکی مەزهەبی و ئاینیی توند بووبوویەوە. سەتان شار و شارۆکە خاپوور و وێرانکران، بە ملیۆنان کەس ئاوارە بوون، بە ملیۆنانیش بوونە قوربانی ڕۆحی شەڕەنگێزی و دەمارگیریی ئاینی. لێ ئەو بە پێچەوانەی نووسەرانی هەلپەرستی ئەو کاتەوە کە هەوڵی گەرمکردنی شەڕیان دەدا، بە دەنگێکی سۆزدار لاوانەوەیەکی بۆ خەڵکی کرد. وەکو مۆمێک دەیویست بسووتێ، تاوەکو خەڵک لە تاریکیپەرستی و دەمارگیری ڕزگار بکا.

جان لۆک خاوەنی سێ کتێبی قەبارە بچووکە، بەڵام لە ڕووی مەعریفییەوە ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی گێڕا. جان لۆک لە ساڵی ١٦٨٣ وەکو پەنابەرێک لە هۆڵاند دەژیا هەتاوەکو ساڵی ١٦٨٨ لەوێندەر دەمێنێتەوە. پاش ئەوەی کە شۆڕشێکی شکۆمەندانە بوو بەهۆی لابردنی (جیمزی دووەم)، کە لۆک ڕقێکی زۆری لێبوو. کاتێک لۆک دەگەڕێتەوە ئینگلاند، دەست دەکا بە نووسینی هەر سێ کتێبە بەناوبانگەکانی (دوو وتار دەربارەی حکوومەت – نامەیەک دەربارەی لێبوردەیی – وتارێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ). ئەم سێ کتێبەی پاش ئەزموونێکی گەورەی کاری دیبلۆماسی نووسیوە، جێگەی گوتنە ماوەیەکی زۆر لۆک سەفیری ولاتەکەی بوو لە ئیسپانیا. هەروەها لۆک پاش ئەزموونێکی زۆری ژیانی تایبەتی خۆی و سەفەرێکی زۆر، هەروەها پاش خوێندنەوەیەکی قوواڵ، ئەم کتێبانە دەنووسێ.

ئەم سێ کتێبە لە ڕووی زانستی سیاسی و فەلسەفییەوە، بەسێ کتێبی ئێجگار دانسقەی گرینگ دێنە ژماردن. لۆک لەم سێ کتێبەیدا بە ڕوونی دیدی خۆی لە بارەی (حوکمڕانی، دەوڵەتی مەدەنی، جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، مەزهەب و شەڕی مەزهەبی، یەکسانی، ئازادی) دەخاتە ڕوو.

جان لۆک لە وتە بەناوبانگەکەیدا لەبارەی ئازادییەوە دەڵێ: "مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێ". ئەم قسەیەی لۆک پەیامێکی ئێجگار گەورەی تێدایە، لەم وتەیەدا بە ئاشکرا لۆک باس لەوە دەکا، کە هەموومان پێشتر مرۆڤی ئازاد بووین، وەلێ پاشان دەوروبەرەکەمان ئەم ئازادییەی لێ سەندووینەتەوە. واتە ئەمە دژی ئەو بۆچوونە ڕاسیستیە کە دەڵێن: "هەندێک ڕەگەز بۆ نموونە ڕەش

پێستەکان، لەڕووی بایۆلۆجییەوە لە سپی پێست کەمترن، هەر بۆیە دەبێ ئەوان کۆیلەی ئەمان بن". یان زۆر جار دەووترا خودا مرۆڤایەتیی وا خەڵق کردووە کە خەڵکانێک هەر پاشا و حوکمڕانی خەڵک بن، خەڵکانێکیش بە کۆیلە و خزمەتکاری لە دایک بوونە. لۆک لەم بارەیەوە دەڵێ:

"بە دڵنییایەوە شازادەکان کاتێک لەدایک دەبن لە ڕووی دەسەلاتەوە لە خەڵکانی دی لە پێشترن، بەڵام لە ڕووی خۆرسکییەوە "سروشتییەوە" لەتەک خەڵکیدا یەکسانن"[٨].

لۆک زیاتر لە فەلسەفەکەیدا جەختی لە ڕۆحی تۆلەرانس (لێبووردەیی) دەکرد و بە یەکێک لە باوکە مەزنەکانی بیری (جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت) دێتە ژماردن. لۆک پێی وا بوو هەتاوەکو ئاین لە دەوڵەت جیانەکرێتەوە ناتوانین دەوڵەتێکی مەدەنی دروست بکەین، هەتاوەکو دەوڵەتێکی مەدەنیش دروست نەکەین، ناتوانین لە دەستی شەڕی مەزهەبی و دەمارگیریی مەزهەبی ڕزگارمان بێ. لۆک دەڵێ: دەسەلاتی مەدەنی تەنیا پێوەندیی بە مەسەلە مەدەنییەکانەوە هەیە و نابێ دەست لە کاربارێ ئاینی وەربدا. ئەویش لەبەر سێ هۆ:

یەکەمیان: چاودێریکردنی ڕۆحی مرۆڤەکان بە هیچ حوکمڕانێکی مەدەنی نەسپێردراوە. بە بڕوای من یەزدانی مەزن چاودێریی ڕۆحی مرۆڤەکانی نەداوەتە دەست حوکمڕانی مەدەنی. لەبەرئەوە پێناچێ هەرگیز یەزدان ئەو جۆرە دەسەلاتەی بە کەسێک دابێ تا بەسەر خەڵکانی تردا زاڵ بێ و ناچاریان بکا تا بە ئاینەکەی خۆی قایل بن.

دووەم: چاودێریکردنی ڕۆحی مرۆڤەکان هێچ پێوەندیەکی بە حوکمڕانی مەدەنییەوە نییە، چونکە دەسەلاتەکەی تەنیا دەسەلاتێکی ڕووکەشە. بەڵام ئاینی ڕاستەقینە و بەختەوەری ئامێز بریتییە لە هاندانی دەروونی زەین، کە بەبێ ئەو هیچ کارێک لەبەردەم قاپیی یەزداندا پەسەند ناکرێ. سروشتی درک و تێگەیشتنی مرۆڤ جۆرێکە کە ناتوانرێ لەڕێی دەسەلاتێکی ڕووکەشەوە ناچار بکرێ بڕوا بە شتێک بکا. لەلایەکی ترەوە یاسا بە بێ ئەشکەنجە و سزادان هیچ دەسەلاتێکی نییە، لەبەرئەوە ئەشکەنجە و سزادان بۆ کۆنترۆڵکردنی زەینی مرۆڤ، ئامڕازێکی شیاو نییە، کەواتە کەڵکوەرگرتن لەو ئامڕازانە لە کاروباری ئیمان و خوداپەرستی، بەتەواوی شتێکی بێ مانایە.

سێیەمیان: پاراستن و چاودێریکردن و ڕزگاربوونی ڕۆحی مرۆڤەکان هیچ پێوەندییەکی بە حوکمڕانی مەدەنییەوە نییە، چونکە ڕەنگە تووندبوونی یاساکان و توانی سزادان بتوانێ زەینی تاکەکان بگۆڕێ و ڕازیان بکا، بەڵام بەهیچ جۆرێک ناتوانێ کۆمەکی مرۆڤەکان بکا تا ڕۆحیان ڕزگار بکا.[٩]

بە دڵنیاییەوە تێزەکانی لۆک کاریگەریی گەورەی بەسەر سیستەمی پەرلەمەنتاری و دەستووریی ئینگلاندەوە هەبوو. هەروەها کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەشی بەسەر ڕۆحی لێبووردەیی و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەبووە. لەبەرئەوە زۆرێک لە نووسەران، ئەو بە باوکی کۆمەڵگەی مەدەنی و مۆدێرنی ڕۆئاوایی دادەنێن.

## باروخ ئیسپۆنزا (١٦٣٢–١٦٧٧)

باروخ ئیسپۆنزا بەیەکێک لە فەیلەسووفە مەزنەکانی سەتەی ١٧ و قۆناخی ڕۆشنگەری دێتە ژماردن. هەروەها بە باوکی هزری لیبڕاڵیش دادەنرێ. ئیسپۆنزا لە بنەماڵەیەکی جووڵەکەی پۆرتوگالی لەدایک بووە، باوکی بازرگانێکی بەنێوبانگ و سەرکەوتوو بووە. خانەوادەکەی بە هۆی زوڵم و زۆری دەسەڵاتی سیاسی و ئایینییەوە وڵاتی پۆرتوگالیان جێهێشتووە و هاتوون بۆ هۆڵاند. هەروەها بەیەکێک لە مامۆستاکانی بیری ئازادی دادەنرێ و ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەبووە لە پێشکەوتنی بیری ئازادی بەتایبەتی ئازادیی سیاسی و ئاینی.

ئیسپۆنزا بەیەکێک لە گەورەترین ڕەخنەگر و نەیاری فەیلەسووفی ئینگلیزی تۆماس هۆبز دێتە ژماردن. ئەو لە کتێبەکانیدا هێرشی زۆری کردووەتە سەر تێزەکانی هۆبز دەربارەی دەوڵەت. لەکاتێکدا هۆبز داوای ئەوە دەکا کە تەواوی دەسەڵاتی سیاسیی وڵات بخرێتە ژێر دەستی یەک کەس. بەڵام ئیسپۆنزا دەڵێ: "هێزی گەورەی کۆمەڵگە لەوەدایە، کە زۆرترین بڕی ئازادی دەستەبەر بکا"[١٠].

هۆبز تەنیا داواکاریی لە دەوڵەت ئەوە بوو، کە ئارامی و ئاشتی بەرقەرار بکا، بەڵام ئیسپۆنزا داوای فەراهەمکردنی ئازادی دەکا. هەروەها دژی ئەم بۆچوونەی هۆبزیش دەڵێ:

"گەر بێت و ئێمە کۆیلایەت و بەربەرییەت و کۆشەگیریمان ناو نا ئاشتی و ئارامی، ئەوا ئەوکات هیچ شتێک هێندەی ئاشتی و ئارامی پووچ و بێ مانا نابێ... بەڵام خۆ ئاشتی و ئارامی هەر ئەوە نییە کە ڕێ بە دۆخی شەڕ و پشێوی بگیرێ، بەڵکو دەبێ ئەقڵ و بیرکردنەوەکان کۆبکاتەوە و دەروون و ویژدانی مرۆڤەکانیش لێک نێزیک بخاتەوە"[١١].

دیارە ئیسپۆنزا پێی وایە، بەڵێ پێویستە و ئەرکی دەوڵەتیشە کە ئارامی و ئاشتی بۆ هاووڵاتییان فەراهەم بکا، بەڵام نابێ لەبەر خاتری ئەمە ئازادی لە خەڵکی بسێنێتەوە. هەروەک خۆی دەڵێ:

"پێویستە لەسەر دەوڵەت ئاشتی و ئاسایش بەرقەرار بکا، بەڵام بەبێ ئەوەی مافی ئازادی لە مرۆڤەکان زەوت بکا، ئەو مافەی کە بە بنەوای هەموو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێ"[١٢].

هۆبز زۆر جەختی لەسەر ئارامی و ئاسایش دەکردەوە، هەربۆیە بەڵای هۆبزەوە ئاسایی بوو، کە مرۆڤەکان لەپێناو دابینکردنی ئارامی و ئاشتیدا، واز لە مافی ئازادی بهێنن، چونکە بەم شێوەیە کۆمەڵگە لە شەڕ و لەناوچوون ڕزگار دەکا. بەڵام ئیسپۆنزا، بە پێچەوانەی هۆبز، دەڵێ:

"ئازادیی ڕادەربڕین لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتیدا ناکۆک نییە، لەڕاستیدا هیچ شتێک هێندەی سەرکوتکردنی ئەقڵ و ڕادەربڕین و بیروڕا، هەڕەشە و مەترسیی نییە بۆ سەر قەوارەی دەوڵەت"[١٢].

لەلایەکی ترەوە ئیسپۆنزا یەکەمین کەس بووە، کە ئازادیی بە بوونی مرۆڤەوە بەستووەتەوە. ئەو

پێی وایە کە هیچ مرۆڤێک ناتوانێ واز لە مافی ئازادی بهێنێ، چونکە ئەم مافە پێوەندی بە بوونی خۆیەوە هەیە. هەروەک خۆی دەڵێ:

"مەبەست ئەوە نییە کە تاک هاوکات کە مافەکەی خۆی سپاردە دەستی حاکمیەت، ئەو مافە بەتەواوی لەناو دەچێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە مرۆڤەکان هیچ کات ناتوانن واز لە مافەکانی خۆیان بهێنن، ئەگینا لە مرۆڤبوون دەردەچن"[١٣].

لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم، کە ئیسپۆنزا لە ڕووی شەخسییەوە چەوساندنەوەیەکی زۆری بینی بوو، چونکە ئەو جوولەکە بووە، خانەوادەکەی لە پۆرتوگال زۆر ئەشکنجە درابوون. دەبێ ئەوەش بڵێم، کە جوولەکەکان لە سەردەمانی پێشوودا لە ئەوروپادا، بە دڕندەترین شێوە دەچەوسێنرانەوە و مافەکانیان دەخورا. لەبەرئەوە ئیسپۆنزا خۆی لەناو ئەو چەوساندنەوەیەدا دەژیا. ئەو خۆی باش دەیزانی ئازادی مانای چییە و، تا چەند ئەم ئازادییە بۆ ژیانی مرۆڤەکان گرینگە. ئاخر هەروەک بیرمەندی گەورەی عەرەب عەلی وەردی دەڵێ: "هەتاوەکو مرۆڤ لەلایەن خەڵکی تروە نەچەوسایەوە، هاواری بۆ ئازادی و یەکسانی و برایەتی نەکرد".

## ئازادی لە دیدی فەیلەسووفانی هومانیزمی فڕەنسییەوە

فڕەنسییەکان خاوەنی قوتابخانەیەکی تایبەتی فکری و فەلسەفی و ئەدەبین. لەم وڵاتەوە فەلسەفەی هومانیزم و ڕۆمانتیک بەناو جیهاندا بڵاوبوونەوە. هەر لەم وڵاتەش بوو، کە چرای یەکەمین شۆڕشی جیهانی دژ بە سیستەمی پاشایەتی داگیرسا. ئەو شۆڕشەی کە موژدەیەکی گەورەی بۆ جیهان هێنا و، (ئازادی، برایەتی، یەکسانی)ی کردە ناسنامەی خۆی. یەکەم دروشمی شۆڕشی فڕەنسا (ئازادی) بوو، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ تا چەند چەمکی ئازادی لەلای ئەم گەلە گرینگ بووە. لەبەرئەوە پێم باشە کورتەیەک لە دیدی فەیلەسووفە گرینگ و مەزنەکانی ئەم وڵاتە لەبارەی ئازادییەوە بخەمە ڕوو.

### ڤۆلتێر (١٦٩٤–١٧٧٨)

ڤۆلتێر بەیەکێک لە باوکە مەزنەکانی قۆناخی ڕۆشنگەری دێتە ژماردن. لە هەمان کاتیشدا بەیەکێک لە مامۆستا گەورەکانی بیری لیبڕالیزم و ئازادیی سیاسی و تاکەکەسی دادەنرێ. دەتوانم بڵێم ڤۆلتێر لە کاتێکدا قسەی خۆی کرد، کە بێ دەنگی و ملکەچی باشترین شێوازی ژیان بوون، وەلێ ئەو بە پێچەوانەی خەڵکی تروە دەنگی خۆی دژی دەمارگیریی مەزهەبی هەڵبڕی و، دژی چەوساندنەوەی مەزهەبی، دژی دیکتاتۆریەتی ملهوڕ ڕاوەستایەوە. هەروەها بوو بە پارێزەرێکی گەورەی ئازادی و ڕادەربرین.

ڤۆلتێر زیاد لە پێویست جەختی لەسەر ئازادی و ڕادەربرینی خەڵک دەکرد. دەتوانین ئەو بەیەکێک لە باوکە مەزنەکانی بیری ئازادیی تاکەکەسی دابنێین، چونکە زۆر گرینگیی پێی دەدا.

(هەرچەندە لەگەڵتا هاوڕا نیم، بەڵام بەهەموو شێوەیەک پشتگیریت دەکەم، تاوەکو ئازادانە بیروڕاکانی خۆت دەربڕی.)

ئەمە یەکێکە لە وتە بەناوبانگەکانی، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش لە جیهاندا دەگوترێتەوە و ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشکەوتنی دیموکراسی و کۆمەڵگەی پلورالدا گێڕاوە. خۆی لە خۆیدا لەپاش ڤۆلتێر ئەم وتەیە کرایە بەردی بناخەی کۆمەڵگەی پلورالی ڕۆئاوایی. لێرەدا بە ڕوونی ڤۆلتێر پەیامەکەی خۆی بە جیهان ڕادەگەیەنێ، لە هەمانکاتیشدا وەسفێکی گەورەی ئازادیمان بۆ دەکا و مانا و مەبەستی ئەم چەمکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

ڤۆلتێر یەکێکە لە فەیلەسووفە مەزنەکانی قوتابخانەی هومانیزم، ئەو زۆر شێلگیرانە پشتگیریی لە ماڤەکانی مرۆڤ و پیرۆزڕاگرتنی کەرامەت و کەسایەتیی مرۆڤ دەکرد. بەتایبەتی زۆر پشتگیریی لە ئازادیی ڕادەربڕین دەکرد.

ڤۆلتێر دەڵێ:

"هەر تاکێک بە بیانوی ئەوەی باوەڕێکی پێچەوانەی ئەوی تری هەیە، کەسێکی تر ئازار بدا، درندەیە."[١٤]

ڤۆلتێر زۆر پشتگیریی چەمکی لێبووردەیی و تۆلەرانسی دەکرد، چونکە پێی وا بوو گەر ئێمە لە هەڵەکانی یەکتر نەبووڕین و توانای بەرگەگرتنی یەکتریمان نەبێ، ناتوانین باس لە ئازادی بکەین، چونکە ئازادی مانای گۆێگرتن و قبووڵکردنی ڕای بەرامبەرمانە، با ئەو ڕایەش دژمان بێ، ئەوا پێویستە ڕێز لەو بۆچوونە بگرین. لێرەشدا چەمکی لێبووردن ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ، چونکە ئێمە ڕۆحێکی لێبوردەییمان تێدا نەبێ، ناتوانین کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیش دروست بکەین.

لەڕووی سیاسیشەوە ڤۆلتێر زۆر جەختی لەسەر بوونی سیستەمی کۆماریی دیموکراسی دەکرد. ئەو بەپێچەوانەی مۆنتسکیۆ، کە داوای سیستەمێکی پاشایەتیی دەستووریی هاوشێوەی ئینگلاندی دەکرد، ڤۆلتێر دژی ئەم بۆچوونە بوو.

لەم بارەیەوە ڤۆلتێر دەڵێ:

"لە نێوان سیستەمی حوکمڕانی ستەمکار کە کار بە هیچ یاسایەک ناکات، لەگەڵ سیستەمی حوکمڕانی پاشایەتی کە یاساکان هەر هەمووی تاکە کەسێک دایدەنێ، جیاوازییەکی هێندە گەورە نابینین. بەڵکو ئێمە لەبەردەم دوو سیستەمی حوکمڕانی هاوشێوەداین کە زۆر بەیەک دەچن."[١٥]

ڤۆلتێر پێی وا بوو ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە، کە ئازادی و ئاسایش بۆ تاک دابین بکا، لەبەرامبەردا تاکیش پێویستە پشتگیری لە دەوڵەتی خۆی بکا و وەفاداری بێ. لەبەرئەوە یاسا و ڕێزگرتن لە یاساش، ڕۆڵێکی گەورەی لای ڤۆلتێر هەبوو. بەڵام لە هەمووی گرینگتر لای ڤۆلتێر، مرۆڤ بوو. بە بڕوای ئەو، چەمکی ڕێز و کەرامەتی مرۆیی زۆر بەرزتر لە گشت چەمکەکانی تری وەکو نەتەوە، ئاین، مەزهەب. بە واتایەکی تر هەموو مرۆڤان یەکسانن، چونکە هەموویان بە چەشنێکی یەکسان

مرۆڤن، کەواتە یەکسانی مەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە.[١٦]

بە دڵنیاییەوە ڤۆلتێر هەواداری سیستەمی کۆماری و دیموکراتخواز بوو، بەڵام لەپێش هەموو شتێکدا ئەو دژی دەمارگیریی ئاینی و مەزهەبی بوو. لەهەمان کاتیشدا تێزەکانی لەبارەی ئازادی و لێبوردن و سیستەمی دیموکراسییەوە، ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنیان لە مێژووی فکر و فەلسەفەی جیهاندا گێڕا.

## شارل دی مۆنتسکیۆ (١٦٨٩–١٧٥٥)

شارل دی مۆنتسکیۆ یەکێکە لە بیرمەندە گەورەکانی فڕەنسا و جیهان، کە ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا گێڕاوە. بۆچوونەکانی مۆنتسکیۆ ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیان لە دامەزراندنی سیستەمی کۆماری و دەستووری و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا بینیوە. بە جۆرێک کە هەندێک کەس پێیان وایە، کە کاریگەری گەورەی بە سەر دامەزراندنی سیستەمی کۆماریی ئەمەریکاوە هەیە. جۆرج واشنتۆن کە دامەزرێنەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، سوودێکی ئێجگار گەورەی لە کتێبە مەزنەکەی مۆنستکیۆ (ڕۆحی یاساکان Lois des Esprit) بینیوە.

مۆنستکیۆ زۆر جەختی لە بوونی یاسا و جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکرد. ئەو پێی وا بوو ئاکە کرەنتی بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی، بوونی دەسەڵاتێکی یاساییی پتەوە. مۆنتسکیۆ پێی وایە کە یاسا مەدەنییەکان دەتوانن پارێزگاری لە دەوڵەت بکەن. لەهەمان کاتدا ئەو پێی وایە کە تەنیا یاسا دەتوانێ ئازادی و ئاسایشی هاوواڵتییان بپارێزێ.

لەم بارەیەوە دەڵێ:

"سەربەخۆیی دەسەڵاتی قەزائی، گرینگییەکەی هەر لەوەدا نییە کە پاراستنی ئازادیی سیاسی و دەستوور بیخوازێ، بەڵکو پێداویستییەکی زۆر ئۆرگانییە کە مافی هاوواڵتی پێویستیی پێیەتی تا لە ئاسایش و ئارامی و دڵنیایی بەهرەمەند بێ.[١٧]"

مۆنستکیۆ پێی وایە کە جیاکردنەوەی دەسەڵات سوودێکی گەورەی هەیە بۆ کۆمەڵگە و ڕێگرێکی زۆر گەورەشە لە دروستبوونی حکوومەتی ستەمکار، چونکە بەم شێوەیە دەسەڵات تەنیا لە دەستی کەسێک یان گروپێک کۆ نابێتەوە و نابێتە هۆی دروستبوونی حکوومەتێکی ستەمکار. لەکاتێکدا کە دەسەڵاتەکان بەسەر چەند دەزگەیەکدا دابەشبکرێن، هاوواڵتی کەمتر دەکەوێتە ژێر هەژموونی دەسەڵاتەوە.

ئەو دەسەڵاتی بەسەر سێ دەزگەدا دابەش کرد: ١. دەسەڵاتی جێبەجێکردن "حکوومەت". ٢. دەسەڵاتی یاسادانان "پەرلەمان". ٣. دەسەڵاتی قەزائی "دادگە".

ئەو پێی وا بوو لەڕێگەی ئەم دابەشکردنەوە، هاوواڵتیان کەمتر دەکەونە بەر هەژموونی

دەسەڵاتەوە و ئازادانەتر دەژین. هەروەک خۆشی دەڵێ:

"لە ژێر ئاڵای حکوومەتی ستەمکاردا مرۆڤ وەکو ئاژەڵ هیچ شتێکی دەست ناکەوێ، جگە لە غەریزەی سروشتی و ملکەچی و تەمێکردن نەبێ. هەر بڕیارێک کە پاشای ملهوڕ دەریدەکا بەسە و دەبێ پەسەند بکرێ و ئەملا و ئەولای نییە."[١٨]

مۆنتسکیۆ دەسەڵاتی بەسەر سێ جۆردا دابەش کردووە. یەکەمیان دەسەڵاتی ستەمکار، کە وێنەکەی لە ڕۆهەڵاتدا لە دەوڵەتی فارس و عوسمانیدا بینیوە. ئەم جۆرە حکوومەتانەی بە حکوومەتی ستەمکار و ملهوور دادەنا. دووەمیان: حکوومەتێکی پاشایەتیی دەستووری. کە زیاتر وێنەکەی لە ئینگلاندا بینیوە. لەو کاتەدا ئینگلاند حوکمێکی پاشایەتیی دەستووریی بووە. سێیەمیان: کۆماری. کە لە سیستەمێکی کۆماریدا سەرۆکی وڵات هەڵدەبژێردرێ و پشت بە سیستەمی دیموکراسی دەبەستێ.

دیارە لێرەدا مۆنستکیۆ بە حوکمی ئەوەی تەمەن ڕێگەی پێ نەداوە، جۆری چوارەمی دەسەڵات ببینێ، نەیزانیوە کە ڕۆژێک دێ و حکوومەتی دیکتاتۆریی کۆماری دروست دەبێ. هەروەک چۆن لەپاش شۆڕشی فڕەنسی ڕۆبسپیر و ناپۆلیۆن لە فڕەنسا دایانمەزراند. کە هەتاوەکو ئەمڕۆش بەشێکی زۆری جیهان، خۆیان لەناو قوڕوولیتەیەدا دەبینەوە و لێی ڕزگار نەبوون، بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆهەڵات و ئەفریکا.

لێ بەگشتی بۆچوونەکانی مۆنتسکیۆ کاریگەریی گەورەیان بۆ سەر چەمکی ئازادیی هەبوو. ڕاستە ئەو تەنیا جەختی لەسەر بوونی یاسایەکی پتەو دەکرد، کە ڕێز لە کەرامەت و کەسایەتیی مرۆڤ بگرێ، بەڵام خۆ تەنیا یاساکانیش بوون، کە حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان لە دژی خەڵکی بەکاریان هێنان. بەدڵنیاییەوە هیچ کاتێک مۆنتسکیۆ پشتگیریی یاسای حکوومەتە ستەمکارەکانی نەکردووە، بەڵکە ئەو تەنیا مەبەستی یاسایەک بوو، کە کۆمەڵگە لە پشێوی و شەڕ و ئاژاوە ڕزگار بکا.

## جان جاک ڕۆسۆ (١٧١٢–١٧٧٨)

جان جاک ڕۆسۆ یەکێکە لە فەیلەسووفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و سەدەی هەژدەم. هەروەک فەیلەسووفی ئینگلیز بێرتراند ڕاسل لە کتێبە نایابەکەیدا (فەیلەسووفانی ڕۆئاوا)دا دەڵێ:

"ڕۆسۆ بەهێزترین کاریگەریی بەسەر فەلسەفە، ئەدەب، سیاسەتەوە هەبوو. نابێ بەهیچ شێوەیەک پەیامە کۆمەڵایەتییەکانی لە بیر بکەین. ئەو لەپێش هەموو شتێکەوە هاواری بۆ دڵەکان دەکرد، ئەمەش کرۆکی پەیامەکەی بوو. دەتوانم بڵێم کە ئەو باوکی بزاڤی ڕۆمانتیک بوو... لەلایەکی تریشەوە لە پاش ڕۆسۆ فەلسەفە بەسەر دوو بەشدا دابەش بوو. هەوادارانی لۆک و هەوادارانی ڕۆسۆ."[١٩]

ڕۆسۆ زۆر شێلگیرانە پشتگیریی ئازادیی تاک و سیستەمێکی دیموکراسی و یەکسانیی

کۆمەڵایەتیی دەکرد. هیچ فەیلەسووفێکی فڕەنسی هێندەی ئەو جەختی لەسەر ئازادیی تاکەکەس نەدەکرد. دیارە رۆسۆ کاریگەریی ئیسپۆنزای زۆر بەسەرەوە بوو. رۆسۆ لەبارەی ئازادییەوە دەڵێ:

(وازهێنانی مرۆڤ لە ئازادییەکەی، بەواتای وازهێنانیەتی لە ئەدگاری مرۆڤانەی و لە مافە مرۆییەکانی و تەنانەت لە ئەرکەکانیشی. چونکە وازهێنان لە ئازادی پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە. هەروەها سەندنەوەی هەموو ئازادییەک لە ئیرادەی مرۆڤ، بەواتای سەندنەوەی هەموو مۆرالێکە لە کردارەکانی، لە کۆتایشدا ئەوە ڕێکەوتنێکی پووچ و شکستخواردوو و ناکۆکە، کاتێک لە لایەک دەسەلاتێکی ڕەها بسەپێنی و لە لایەکی تریش ملکەچییەکی بێ سنوور."[٢٠]

ئەم بۆچوونەشی زۆر لە بۆچوونی ئیسپۆنزاوە نێزیکە.

رۆسۆ پێی وا بوو کە مرۆڤ لەڕێگەی پەیمانێک یان ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتییەوە دەوڵەت دروست دەکا. پاشتر کتێبێکی بەم ناوەوە بڵاوکردەوە، کە بوویە ئینجیلێک بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرنی ڕۆئاوا. رۆسۆ دەڵێ:

"خەڵکی گەیشتوونەتە ئەو قۆناخەی کە تێیدا، بەرخودان، بەرگریکردنی کۆسپەکان و مانەوەیان لە حاڵەتی سروشتیدا، ژیانیان دژوار دەکا، لەبەرئەوە تەواوی هێز و تواناکانی هەر تاکێک بەتەنیا بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو کۆسپانەدا بەس نابێ و، لەوێدا دەگاتە ئەو حاڵەتە سروشتییەی، کە ئیتر لە توانای مرۆڤدا نییە کە بەردەوام بێ و، ئەژادی مرۆڤیش ئەگەر شێوازی بوونی خۆی نەگۆڕێ، ئەوا لەناو دەچێ."[٢١]

واتە مرۆڤ لەبەر زەرورەتی ژیان و بەردەوامییدا ناچار دەبێ خۆی لەناو کۆمەڵدا تێکەڵ بکا، هەتاوەکو بەسەر کۆسپەکانی ژیاندا سەربکەوێ و بەردەوامی بە ژیانی بدا. لێرەدا رۆسۆ باس لەم حاڵەتە دەکا و پێی وایە مرۆڤ لەڕێگەی ڕێککەوتنێکەوە لەگەڵ تاکەکانی تر، هەوڵی دروستکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە دەدا. ئەو ڕێککەوتنەش هەروەکو خۆی وەسفی دەکا، بەم شێوەیەیە:

"دەستەبەرکردنی شێوەیەک لە یەکێتی، کە پارێزگاری لە هەموو هێزە بەشداربووەکان بکا و بیانپارێزێ، هەروەها بەشداربوو، لەژێر سایەی ئەو یەکێتییەدا، لەگەڵ بەشداربووەکانی تردا، تەنیا گوێڕایەڵی خۆی دەبێ و بەهەمان ئەندازەی ئەو ئازادییەی کە پێشتر هەیبووە و هەر بەئازادیش دەمێنێتەوە."[٢٢]

رۆسۆ زۆر دژی دەسەلاتداری ستەمکار بوو، ئەو پێی وایە دەسەلاتێکی ستەمکار هیچ جۆرە شەرعییەتێکی نییە. هەر وەک خۆی دەڵێ:

"دەسەلاتێک کە لەسەر بنەوای هێز دروست ببێ، ئەوا بە نەمانی ئەو هێزە کۆتایی دێ. ئەو دیلەی لە جەنگدا بە زۆر دەکرێتە کۆیلە، یان ئەو میللەتەی بەناچاری سەرکوت دەکرێ، بە زەبری هێز و زۆر نەبێ پابەند بە دەسەلاتی سەروەر نابێ. بەڵام دەسەلاتی شەرعی لەسەر زەبر و زۆر دروست نابێ، بەڵکو بەهۆی گرێبەست و ویستی ئازادانەی مرۆڤەکانەوە دێتە ئاراوە."[٢٣]

رۆسۆ زۆر شێلگیرانە پشتگیری لە ویست وئیرادەی ئازادی تاک و گەل دەکردەوە. لەلایەکی تریشەوە رۆسۆ دژی ئەو جۆرە دیموکراسییەیە کە گەل لەڕێگەی نوێنەراکانیەوە بەشداریی حکومڕانی دەکا. رۆسۆ داوای جۆرە دیموکراسییەکی دەکرد، کە زیاتر شێوەی ڕیفراندۆمی هەبێ، واتە گەل بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە بڕیاری سیاسی و کارباری ولاتی خۆیدا بکا.

رۆسۆ لەم بارەیەوە دەڵێ:

"ئەو یاسایانەی میللەتێک کاریان پێدەکا، پێویستە لەلایەن ئەندامانی ئەو میللەتەوە دانرابن. بۆ هیچ کەس نییە مەرجی پێکەوەژیانی بۆ ئەو کەسانە دابنێ کە بڕیاری ژیانی هاوبەش دەدەن، بەڵکو دەبێ خۆیان ئەو کارە بکەن... سەروەریی گەل سەروەرییەکی ڕەهایە و ناکرێ دەستبەرداریی بین. ئیرادەی گشتی بەردەوام ئیرادەیەکی ڕاست و ڕەوانە، هاوکات بەردەوام لە هەوڵی بەرژوەندیی گشتیدایە"[٢٤]

لەلایەکی تریشەوە رۆسۆ باوەڕێکی تەواوی بە یەکسانیی کۆمەڵایەتی هەبوو، بگرە ئەو یەکسانیی بەمەرجێکی سەرەکی بۆ ئازادبوونی مرۆڤ دادەنا. هەروەک خۆی دەڵێ:

"دەتانەوێ هۆکاری مانەوە و ئارامی بۆ دەوڵەت مسۆگەر بکەن؟ کەواتە دەبێ بە پێی توانای خۆتان لایەن و جەمسەرە دوورەکان لە یەکتری نێزیک بکەنەوە. تا دەوڵەمەندەکان و هەژار و بێماڵەکان نەبنە بار بەسەر دەوڵەتەوە. لەڕاستیدا ئەم دۆخە کۆمەڵایەتییە، هەڕەشەیەکی ڕژدە بۆ سەر بەرژەوەندیی گشتی. لەبەرئەوەی لە یەکێکیانەوە ستەمکار دروست دەبن و لەوەی دیکەشیان قوربانییانی دەستی ستەمکار. لە نێوان ئەم دوو چینەشدا بازرگانی بە ئازادیی گشتییەوە دەکرێ. لەبەرئەوەی یەکێکیان مرۆڤ دەفرۆشێ و ئەوەی دیکەشیان مرۆڤ دەکڕێ. بەو پێیەی کە هێز بەردەوام ڕووەو نەهێشتنی یەکسانی دەچێ، ئەوا ئەرکی هێزی یاسادانانە کە بە بەردەوامی کار بۆ پاراستنی یەکسانی بکا."[٢٥]

بە دڵنیاییەوە رۆسۆ یەکەم کەس بوو کە باسی یەکسانیی کۆمەڵایەتیی و ئازادیی کردووە، زۆر زیرەکانە هاتووە باسی کێشەکانی جیاوازیی چینایەتی و پێوەندیی ئەم ناعەدالەتییە کۆمەڵایەتییە، بە مەسەلەی ئازادییەوە دەرخستووە. لەلایەکی تریشەوە رۆسۆ زۆر شێلگیرانە جەختی لەسەر ئیرادەی ئازادیی تاک و کۆمەڵ دەکرد. هەروەک هیگل دەڵێ:

"رۆسۆ یەکەم کەس بووە کە پێداگریی لەسەر ئەوە کردووە کە ئازادیی جەوهەر و ماهیەتی مرۆڤ پێکدەهێنێ. بەمەش ڕێگەی بۆ کانت خۆشکرد تا ئازادی بکاتە بڕبڕەی پشتی فەلسەفە مۆڕاڵییەکەی خۆی."

## ئازادی لە دیدی فەیلەسوفانی ئەڵمانەوە

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە ئەڵمانیا خاوەنی قوتابخانەیەکی تایبەتی فەلسەفییە. ئەم قوتابخانەیە، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە قۆناخی ڕۆشنگەریی ئەوروپیدا. بەتایبەتی لە بواری ڕاسیۆنالیزم

(عەقلانییەت)دا، فەیلەسووفانی ئەڵمانی لەم بوارەدا ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە. بەڵام بە پێچەوانەی فەیلەسووفانی هومانیزمی فڕەنسییەوە، ئەڵمانەکان زیاتر جەختیان لەسەر عەقڵگەرایی و مۆراڵ کردووە و چەمکی ئازادیشیان بە عەقڵ و مۆراڵەوە بەستووەتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەم کورتەیەک لە دیدی فەیلەسووفە مەزنەکانی قوتابخانەی فەلسەفیی ئەڵمانی بخەمە ڕوو.

## ئیمانوێل کانت (١٧٢٤–١٨٠٤)

کانت یەکێکە لە مامۆستا مەزنەکانی فەلسەفەی ئەڵمانی و جیهان. کانت توانیی قۆناخێکی نوێ لە فەلسەفەی جیهاندا دەستپێبکا. ئەو یەکەمین کەس بوو کە بە تووندی ڕەخنەی لە (مۆراڵ و عەقڵیەتی کۆن) گرت. لەلایەکی تریشەوە "عەقڵ"ی کردە کرۆکی سەرەکیی فەلسەفەکەی. ئیمانوێل کانتیش بایەخێکی ئێجگار گەورەی بە چەمکی ئازادی و شێوازی حوکمڕانیی گەل دا.

کانت چەمکی ئازادی و ئیرادەی ئازادیی مرۆڤی، بە پرسی مۆراڵەوە (ئەخلاق) بەستووەتەوە. ئیرادەی ئازاد ئەو ئیرادەیەیە کە لەژێر کۆنترۆڵی یاسای ئەخلاقیدایە، ئازادی بە بێ بوونی ئەم یاسایە، مانای ئازادی ناگەیەنێ. لەبەر ئەوە ئیرادەیەکی ئازاد پێوەندیی بە مۆراڵێکی خراپەوە نییە، بەڵکە لە دەرئەنجامی میکانیزمی (Kausalität هۆ و ئەنجام)ـەوە دروست دەبێ. هەروەها کانت پێی وایە کە مرۆڤ بۆ ئەوەی ئازاد بێ و ببێتە خاوەنی ئیرادەیەکی ئازاد، پێویستە بەسەر غەریزەکانیدا زاڵ ببێ.[٢٦]

لەلای کانت، کاتێک کردار لە ڕووی ئەخلاقییەوە دروستە، کە پاڵنەرەکەی هەستکردن بە بەرپرسیاری بێ، بەڵام ئەگەر تەنیا بە پێی ئەرک ئەنجام بدرێ ئەو کات یاسایە. کانت بە شێوەیەکی گشتی، بۆچوونەکانی لەبارەی سیاسەت و شێوازی حوکمڕانی و شەڕ و ئاشتییەوە، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (Frieden Zum ewigen) باس کردووە. ئەم کتێبەی لە ساڵی ١٧٩٥دا نووسیوە، واتە لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا. لێرەدا کانت گەیشتۆتە تەمەنێکی کامڵ و خاوەنی ئەزموونێکی گەورەی ژیان و ئەکادیمی. هەروەها شۆڕشێکی مەزنیش لە فڕەنسا بەرپا بووبوو، کە هەموو جیهانی شڵەژان و کاریگەریی زۆری بۆ سەر کۆمەڵگەی ئەوروپی هەبوو.

کانت لێرەدا بە ڕاشکاوەیی باس لە بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی دەکا.

"نابێت هیچ دەوڵەتێک بە زەبری هێز، خۆی لە دەستوور و شێوازی حوکمڕانیی دەوڵەتێکی تر هەڵقورتێنێ."[٢٧]

کانت زیاد لە هەموو فەیلەسووفانی تر، جەختی لەسەر پرسی مۆراڵ و مرۆڤانە بوونی ئەم مۆراڵە دەکرد. هەر وەک خۆی دەڵێ:

"ئەگەر بڕیار وایە ئازاد بین، دەبێ بە جۆرێک ڕەفتار بکەین کە بەردەوام مرۆڤایەتی بە جێبێنین جا چ سەبارەت بە خۆمان و چ سەبارەت بە خەڵکی تر، نابێ وەکو ئامراز مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، بەڵکو دەبێ وەکو ئامانج لەبەرچاویان بگرین."

لەلایەکی ترەوە کانت شرۆڤەیەکی تر بۆ پێوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگە دەکا، هەروەک ڕامین جهانبەگلو دەڵێ: "لە کۆمەڵگەی کانتیدا، تاک هەم ئەندامە و هەم گرووپ. ئەو گەلێک یاسا دادەنێ کە خۆی پەیڕەویی دەکا"[٢٨].

کانت پێی وایە کە (مرۆڤ دەبێ لە دۆخی سروشتیدا، کە تێیدا هەر کەسێک بە پێی هەوەس و ئارەزووەکانی خۆی دەسووڕێتەوە، بێتە دەرێ و پێوەندی بە کەسانی دیکەوە بکا... مل بۆ سنوردارێتیەکی یاسایی و دەرەکیی گشتی بدا... بە دەربڕینێکی دی، بە پلەی یەکەم بچێتە ناو دۆخی مەدەنییەوە)[٢٩].

کانت پێی وایە وابەستەیی تاک بە دەوڵەتەوە، وەکو وابەستەیی ئەندامی لەشە بە جەستەوە. بەڵام ئاخۆ کانت باس لە چ جۆرە دەوڵەتێک دەکا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا Zum(ewigen Frieden) ئاشتیی بەردەوام)دا دەڵێ:

"یاسا مەدەنییەکانی هەر دەوڵەتێک پێویستە یاساگەلێکی کۆماری بن."

کانت حوکمڕانیی بەسەر سێ جۆردا دابەش کردووە: (ئۆتۆکرات، ئەرستۆکرات، کۆماری)، لەلای ئەویش باشترین جۆری حوکمڕانی، سیستەمی کۆماریيە، چونکە تێیدا خەڵکی بە شێوەیەکی ئازادانە بڕیاری چارەنووس و سیاسەتی گشتیی خۆیان دەدەن. هەروەک خۆشی دەڵێ:

"لە نێوان هەرسێ جۆری حکومرانی: "ئۆتۆکرات، ئەرستۆکرات، دیمۆکرات"، سیستەمی دیموکراسی باشترینیانە، چونکە لێرەدا جۆرە دەسەڵاتێک دروست دەبێ، کە هەموو تاکەکان (بەوانەشەوە کە دەنگیان بەم حکوومەتە نەداوە) بڕیاری دروستکردنیان داوە. دیارە دەنگ لەسەر هەموو شتێک نادرێ، بەتایبەتی ئەو بڕیارانەی کە پێوەندییان بە ئیرادەی گشتی و ئازادییەوە هەیە."[٣٠]

بە دڵنیاییەوە کانت بە یەکێک لە فەیلەسووفە مەزنەکانی ئەڵمانیا و جیهان دێتە ژماردن، کە لە بواری ڕۆشنگەری و پێشخستنی چەمکی ئازادیدا، ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنی گێڕاوە.

## هیگل (١٧٧٠-١٨٣١)

هیگل بە باوکی ئایدیالیزم و فەلسەفەی ئەڵمانی دەناسرێ. هیگل خۆی لەخۆیدا قۆناخێکی گرینگی فەلسەفەی ئەوروپییە. هیگل یەکەمین کەس بوو کە باسی (شرۆڤەکردنی مێژوو، زەینی مرۆڤ، دیالیکتیک، نەتەوە، ئازادی)ی کرد. هیگل کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر فەیلەسووفانی وەکو (کارل مارکس و لودڤیگ ڤۆیرباخ و سارتەر) هەیە. بەتایبەتی بەسەر مارکسەوە، چونکە هەتاوەکو سەردەمانێکی زۆر، مارکس لە ژێر سێبەری هیگلەوە لە جیهانی دەڕوانی.

هیگل فەیلەسووفێک بوو سەر بە قوتابخانەی میتافیزیک. لەبارەی (بوون، تێگەیشتن و مەعریفەی مرۆڤەوە) زۆر کاری گرینگی کردووە.

هیگل دەڵێ:

"کاتێک ئێمە سەیری شتێکی ماددی، وەکو مێز، کورسی، درەخت، بەرد... دەکەین، لە ڕاستیدا سەیری کۆمەڵێک شتی جۆراجۆر دەکەین و هاوکات چاومان لە گۆڕانی بەردەوامی ئەم شتانەشە بەپێی ئەم پێشەکییانە "واتە جیاوازیی شتەکان پێکەوە و ئەو گۆڕانانەی بەسەریاندا دێ"، دەتوانین وەسف و خاڵبەندی بکەین. دەتوانین پۆلێن یان خاڵبەندییەکەمان بە شێوەی فۆرمووڵی گشتی دابڕێژین. بەم فۆرمانە دەتوانین لە ئەرک و کردەوەکانی شتەکان تێبگەین."[٣١]

هیگل یەکەم کەسە کە هاتووە پێناسێکی نوێ بۆ مێژوو دەکا. لەپاش هیگلەوە مێژووی دامەزراوەکان "دەوڵەت و سووپا" بووە جێگەی بایەخی مێژوونووسان. هیگل مێژووی کردە زانست. بە پێچەوانەی دیکارتەوە کە پێی وا بوو: "بەهیچ جۆرێک مێژوو ناچێتە خانەی زانستەوە، چونکە هیچ یاسایەکی گشتی بەسەریدا زاڵ نییە".

لای دیکارت مێژوو کۆمەڵێک گێڕانەوە و هەواڵ و بەسەرهاتی بڕواپێنەکراو و بێبەڵگەیە، کۆمەڵێک حەکایەت و ئەفسانەیە، کە هیچ کاتێک ناتوانین بزانین چەندە لە حەقیقەتی ئەو شتەی ڕووی داوە، دوور و جیان، کەواتە ئاساییە کە مێژوو بە زانست دانەنرێ.

هیگل باسی حەقیقەتی مێژوویی دەکا و مێژوو لای ئەو تەنیا هی ئەوانەیە کە واقعیبینانە سەیری ڕووداوەکانی دەوروبەریان دەکەن و لێی تێدەگەن و خۆیانی لەگەڵدا دەگونجێنن.

مێژوو لەلای هیگل شتێکی ڕژد و ماناداره وشتێکی عەبەسی نییە. هیگل فەیلەسووفێکی عەقڵانییە، گوماندار و ئیرتیابی و عەدەمی نییە. بەم شێوەیەش پێشکەوتن تەدریجی دەبێ، کە ڕۆح یان عەقڵ یان فکرێکی ڕەها یان شارستانییەکی کەونی پاڵنەری سەرەکییەتی. شارستانیش هێدی هێدی بەشێوەیەکی دیالیکتیک گەشە دەکا، ئەویش لەڕێگەی شەڕ و کەوتنی ملیۆنان لاشەی مرۆڤ و قوربانی لە خەڵکانی بێ تاوان، هەتا دەگاتە سەرکەوتن و کۆتایی دێ.

کاتێک لە شاری ڤیەنا ناپۆلیۆن دەبینێ، گۆڕانێکی گەورە بەسەر هزر و تێگەیشتنی ئەم فەیلەسووفە مەزنەدا دێ. هیگل دەستەواژە ناوداره‌کەی، لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێکەی نیتامیر نووسی. ئەمەش تەواوی تێکستەکەیەتی:

"ئیمپراتۆرم بینی، ڕۆحی جیهان، کە لەناو شاردا بەسەر سووپاکەیدا دەگەڕا. لەو کاتەدا ڕووبەڕووی هەستێکی مەزن دەبیتەوە، کاتێک کەسێکی وا دەبینی، کە لەسەر ئەسپەکەیەوە تەنیا چاوی بڕیوەتە یەک خاڵ، کە بریتییە لە چۆنێتیی دەستگرتن بەسەر تەواوی جیهاندا و هەژموونی خۆی تێدا بسەپێنی."[٣٢]

ئەو بە پێچەوانەی فەیلەسووفانی تری ئەڵمانەوە، بۆ نموونە (فیختە) دژی داگیرکەریی ناپۆلیۆن بوو، بەڵام هیگل پێشوازی لە داگیرکردنی ناپۆلیۆن دەکا و بەسەرکەوتنێکی گەورەی مێژوویی دادەنێ.

هیگل بە پێچەوانەی فەیلەسووفە هومانیستەکان، هیچ دڵی بە قوربانییانی شۆڕ و نەتەوە ژێرکەوتووەکان ناسووتێ. بە ڕای هیگل بینینی ڕاپەڕینی مەزنی مرۆڤ و سەرکۆنەکردنی بەهۆی بێ ڕەحمانەبوون و ستەم لە بێگوناهان، ئەوپەڕی شێتییە و شیاوی سەرکۆنەیە، ئەم کارە (واتە دژ وەستانەوەی واقعی)، وەکو سەرکۆنەکردنی ئەمەیە کە بۆ "سێ" ڕیشەی دووەمی نییە. بۆ هەرکەسێکیش بیەوێ لە واقعی ڕوواوە گەورە جیهانییەکان بگا، ئەم ناڕەزایی و بۆڵەبۆڵانە، شتێکە ڕووکەشی و سووک و، تەنیا هەڵچوونێکی کاتیی کەسێکە[٣٣].

بە ڕای هیگل چارەسەری هەموو پرسەکان دەبێ لە مێژوودا بدۆزرێتەوە. ئازادیش لای هیگل مانای (ناسینەوەی پێویستییە). تێگەیشتنیش، تەنیا مانای وەرگرتنی شتەکە نییە، بەڵکو داواکردن و ویستی چالاکانەی ئەو شتەیە کە لێی تێگەیشتووین، چونکە تێگەیشتن لە شتێک مانای گۆڕینی ئەو شتەیە بۆ بەشێک لە خۆت، گۆڕینی بۆ بەشێک لە مەبەستەکان و پێشکەوتن بەرەو ئەو مەبەستە.

بەڕای هیگل کاتێک مرۆڤ دەتوانێ ئاواتەکانی بەدیبێنێ، کە بە پێچەوانەی ئەو یاسایەی حوکمی جیهان دەکا نەجۆڵێتەوە، گەر دژی ئەو یاسایە بجووڵێتەوە، بێ سێ و دوو شکست دەهێنێ. بیرکارێکی ئازاد ئەو کەسەیە بیرکارانە تێدەفکرێ، لە مێژووشدا مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە بەپێی ئەو یاسا عەقڵانییانەی بەسەر ژیانی مرۆڤەکان و مێژوودا زاڵن، هەڵسوکەوت دەکا. بەختەوەری و ئازادی، تێگەیشتنە لەوەی کە بزانین لە کوێین، لە چ کاتێکداین و لە کوێی نەخشەکەداین و ڕەفتارکردن بە پێی ئەو فاکتەرانەی نەخشەکە دایناون.

بە دڵنیاییەوە تێگەیشتی هیگل بۆ مرۆڤ، مێژوو، ئازادی، تەواو جیاوازە لە فەیلەسووفەکانی تر، زۆر جاریش دەربڕینە سارد و وشکەکانی، ئازاری ڕۆحمان دەدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم تێزانەی هیگل ڕۆڵێکی گەورەیان لە تێگەیشتن و پێشخستنی چەمکی ئازادیدا گێراوە.

## نیتچە (١٨٤٤–١٩٠٠)

نیتچە یەکێکە لە فەیلەسووفە ناوداڕەکانی ئەڵمانیا و بە مامۆستایەکی گەورەی ڕێبازی (نیهیلیزم، عەدەمیەت) دادەنرێ. نیتچە سەرەتا لە ژێر کاریگەریی تێزەکانی فەیلەسووفی ئەڵمانی شۆپنهاوەردا بوو، بەڵام پاشان دژی بۆچوونەکانی دەوەستێتەوە.

نیتچە زیاتر باوەڕی بە ئیرادەی ئازاد و دەسەڵاتی ئیرادە بوو. ئەو تەنیا پێی وا بوو لەناو کۆمەڵگەدا تەنیا نوخبەیەک لەو کەسانە ئازادن، کە خاوەنی ئیرادەیەکی پتەو و بەهێزن، کە بە (سوپەرمان، مرۆڤی باڵا) ناوی بردوون. جێگەی گوتنە دەستەواژەی سوپەرمان، بوو بە کرۆکی سەرەکیی بیرکردنەوەی نیتچە.

نیتچە پێی وایە مرۆڤ کاتێک ئازاد دەبێ، کە خۆی بەهیچ شتێکەوە نەبەستێتەوە، واتە ئینتمای بۆ (ئاین، نەتەوە، خێزان، پارت، خێڵ) نەبێ. لەم بارەیەوە دەڵێ:

"شێتی لەلای تاکەکان شتێکی دەگمەنە، بەڵام لەلای گرووپەکان، پارتەکان، نەتەوەکان، شتێکە بووەتە یاسایەکی بەردەوام."[٣٤]

لای نیتچە تێکەڵبوونی تاک لەگەڵ کۆمەڵ، مانای لەدەستدانی ئازادیی مرۆڤە. نیتچە زۆر دژی بیری ئاینی و خوداپەرستی بوو. ئەو پێی وایە کاتێک مرۆڤ ئازاد دەبێ کە فکری خودا لە خۆیدا بکوژێ. هەر بۆیە دەڵێ: "پاش لە سێدارەدانی خودا، من ئامادەم حوکمی جیهان بکەم". یان لە شوێنێکی تردا دەڵێ: "تەنیا کەسە زەعیفەکان باوەڕیان بە خودایە، چونکە خودا وەکو عەلاگەیەکی جل وایە، کە تاوانەکانتانی پێدا هەڵدەواسن".

لەلایەکی ترەوە نیتچە زۆر دژی مەسیحیەت و کڵێسا بوو. ئەو پێی وایە مرۆڤی ئازاد یان وەکو خۆی ناوی لێی ناوە (سوپەرمان)، پێویستی بە کڵێسا و ئاین نییە، چونکە ئەو خودای سەر زەوییە و خۆی حاکمی سەر زەوییە:

"گەر بتەوێ هەناسەیەکی پاک هەڵبمژی، ئەوا نابێ بۆ کڵێسا بچی"[٣٥]

زاڵبوونی ئیرادەی مرۆڤ بەسەر عەقڵ و کردار و مۆراڵ و هەڵسووکەوتەکانیدا، کرۆکی سەرەکیی بیرکردنەوە و فەلسەفەی نیتچە بوو. لای ئەو ئیرادەی ئازاد، واتە لەدەستدان و وابەستەنەبوونی تاک بە کۆمەڵەوە.

جێگەی گوتنە بەشێکی زۆری فەلسەفەی نازیزمی ئەڵمانی، پشتی بە فەلسەفەکەی نیتچە بەست. ئاخر هیتلەریش ڕەگەزی ئەڵمانی و ئاریی، بەباشترین ڕەگەزی مرۆڤایەتی دادەنا، بۆ ئەوەی حوکمی جیهان بکەن. لەلایەکی تریشەوە، نیتچە زۆر دژی جوولەکەکان بوو، تێزەکانی بە دژەسامی ناودەبرێن. هەروەها زۆر دژی ژنان بوو: "هەر کاتێک کە چووی بۆ لای ژنان، قامچیت لە بیر نەچێ".

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، تێزەکانی نیتچە لەبارەی ئازادیی تاکەکەسییەوە، ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە پێشکەوتن و تێگەیشتنی مانای ئازادیی تاکەکەسی لە جیهاندا بە گشتی و لە ئەوروپا بەتایبەتی.

## جۆن ستیوارت میل (١٨٠٦-١٨٧٣)

جۆن ستیوارت میل، یەکێکە لە فەیلەسووفەکانی سەدەی نۆزدەی ئینگلاند و جیهان. ئەم فەیلەسووفە گرینگی و بایەخێکی گەورەی بە چەمکی ئازادی داوە و کتێبێکیشی لەم بارەیەوە نووسیوە (وتارێک دەربارەی ئازادی)، ئەم کتێبە هەتاوەکو ئەمڕۆش ناوبانگێکی ئێجگار گەورەی لە جیهاندا هەیە. میل بە شێوەیەکی زۆر ڕژد، باسی لە وردەکارییەکانی ئەم چەمکە و کێشەکانی ئازادی کردووە.

میل باسەکەی بەم شێوەیە دەستپێدەکا:

"کێشەی ململانێی نێوان ئازادی و دەسەڵات، بەیەکێک لە کۆنترین ئەو کێشانە دێتە ژماردن، کە مێژووی سیاسی بە خۆیەوە بینیویەتی، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، کە ئەم پرسە زۆر بە زەقی لای یۆنانەکان و ڕۆمەکان و گەلانی تری جیهان بەدیدەکرێ."[٣٦]

لەبەرئەوە میل دەڵێ:

"جاران چەمکی ئازادی بریتی بووە لە پاراستنی مرۆڤەکان لەدەست ستەمکاریی حوکمڕان و سیاسییەکان، بەم جۆرە خەڵکی وا لە حوکمڕانانی خۆیان دەڕوانی، کە وەک ئەوەی چینێکی زاڵم و ستەمکار بن و تەنیا کار بۆ ئەوە بکەن کە زوڵم و ستەمیان لێبکەن."

لەبەرئەوە گەلان هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیان بۆ ئەم کێشەیە دا، ئەویش بۆ ئەوەی سنووردێک بۆ دەسەڵاتەکانی کەسی حوکمڕان دابنێن. تا مرۆڤەکان نەکەونە ژێر ڕەحمەتی حوکمڕانێکی ستەمکاری وا کە بڕیاری چارەنووسیان بدا. لێرەوە خەڵک گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە حوکمڕانەکان نوێنەری میللەتبن و بەخواستی میللەت ڕەفتار و هەڵسووکەوت بکەن.

میل بەم شێوەیەش وەسفی کۆمەڵگەی ئازادمان بۆ دەکا:

"ئەو کۆمەڵگەیەی تەواوی ئەو ئازادییانە بۆ ئەندامانی مسۆگەر نەکا، ناکرێ پێی بگوترێ کۆمەڵگەیەکی ئازاد، ئیتر شێوازی حکوومەتەکەی هەرچییەک بێ. تاکە ئازادییەک کە شایستەی ئەوە بێ ناوی ئازادیی لێ بنێین، ئەوەیە کە بەخواست و ویستی خۆمان ڕەفتار بکەین، بەمەرجێک ئەوە نەبێتە مایەی زیان گەیاندن بەبەرژەوەندیی ئەوانی دی، یاخود ڕێگر بێ لەبەردەم بەرژەوەندی و هەوڵ و ماندووبونەکانی ئەواندا."[٣٧]

لە درێژەی کتێبەکەیەدا (وتارێک دەربارەی ئازادی)، میل بشتیوانییەکی گەورەی ئازادیی فکری دەکا. لەم بارەیەوە ڕستە بەناوبانگەکەی دەڵێ:

"گەر تەواوی مرۆڤایەتی لەسەر بۆچوونێک هاوڕا بوون و پێیان پەسەند بوو، لەبەرامبەریشدا کەسێک بۆچوونێکی جیاواز لەوان و بیرکردنەوەی بە جۆرێکی تر بوو، ئەوا مرۆڤایەتی مافی بێدەنگکردنی ئەو کەسەی نییە."[٣٨]

خاڵێکی گرینگی تر کە ستیوارت میل ئاماژەی پێداوە، مەسەلەی حوکمڕانیی زۆرینەیە. ئەو دەڵێ:

"حوکمڕانیی زۆرینە، دواجار دەبێتە "ستەمکاریی زۆرینە" کاتێک حزبێکی بەهێز پەیدا دەبێ و ئەو حزبە جڵەوی حوکمڕانی لە دەستی میللەت دەردەهێنێ، بەڵام هێندە نابا پرکێشی لە خۆسەپاندن و ستەمکاری دەکا و ئەمەش لەسەر بەرژەوەندی گەل دەبێ."

لەلایەکی ترەوە میل یەکەم کەسە باسی جۆرەکانی حوکمی ستەمکار دەکا. بەپێی بۆچوونی ئەو دوو جۆرە ستەمکاریی سیاسی (واتە ئەو ستەمکارییەی کە گرووپێک لە دژی خەڵک، دەسەڵاتی سیاسی دەگرنە دەست)، ستەمکاریی زۆرینە (واتە ستەمکاریی ڕای گشتی، داب و نەریت،

بیروباوەری باوی ناو کۆمەڵگە... هتد"

ڕاستە جۆن ستیوارت میل کتێبێکی نایابی لەبارەی ئازادییەوە نووسیوە، هەروەها کارەکانی سوودی زۆری بۆ پێشخستنی چەمکی ئازادی هەبووە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ،کە هەر میلە دژی نەتەوەکانی تر دەوەستێتەوە و هانی کۆڵۆنیالیزم دەدا.

میل لەم بارەیە دەڵێ:

"ستەمکاری ئامرازێکی ڕەوایە بۆ حوکمڕانیکردنی میللەتە بەربەری و دواکەوتووەکان، بەمەرجێک ئامانج لەو ستەمکارییە چاکسازی و چاککردنیان بێ و ئامرازێک بێ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە."

لەلایەکی ترەوە میل پێی وایە کە گەلانی دواکەتوو، هێشتا لە قۆناخی منداڵیدان و پێویستیان بەچاودێریی وڵاتە زلهێز و کۆڵۆنیاکانی جیهان هەیە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا هاندانێکی ناشرینە بۆ داگیرکردنی گەلانی پاشکەوتوو لەلایەن گەلانی پێشکەوتووەوە. دیارە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ، کە جۆن ستیوارت میل لە سەدەی ١٩دا ژیاوە و، لەو کاتەشدا، تاڵانکردن و دزین و بڕینی گەلانی ئەفریکا و ئاسیا و ئەمەریکا(بەبەست خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەو کیشوەرە)، کارێکی ئاسایی و زۆر جاریش پیرۆز بووە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، تێزەکانی جۆن ستیوارت میل، هەتاوەکو ئەمڕۆش کاریگەریی گەورەی بەسەر چەمکی ئازادی و کۆمەڵگەی پلورال و مەدەنییەوە هەیە.

## جۆرەکانی ئازادی

دیارە بۆ ئەوەی بەباشی لە چەمکی ئازادی بگەین، باشترە باسی جۆرەکانی بکەین. لەڕێگەی چەند دەرگەیەکەوە دەتوانین، بەشێوەیەکی وردتر لە کرۆک و مانای گشتیی ئەم چەمکە گرینگەی بواری فکر و فەلسەفە بگەین.

### ئازادیی کۆمەڵ

لێرەدا زیاتر مەبەستمان لە کۆمەڵ (نەتەوەیەک، گرووپێکی ئێتنی)یە. هەتاوەکو گەلێک لەژێر چەپۆکی دەوڵەتێک یان گەلێکی زلهێزی تر ئازاد نەبێ، مەحاڵە باسی جۆرەکانی تری ئازادی بکەین. سەرەتاش هەموو گەلانی جیهان، خەبات و کۆششی بەردەوامیان بۆ ئەوە بوو، کە نەکەونە ژێر چەپۆکی هێزێکی بێگانە. بۆچی؟ چونکە هەموو کاتێک هێزە داگیرکەرەکان لە مێژوودا، بەوپەڕی دڵڕەقی و نامرۆڤانە و درندانەوە، هەڵسووکەوتیان لەگەڵ گەلانی ژێردەستەی خۆیان کردووە. تەنانەت گەر ئەو داگیرکەرەش لە ڕووی (تەکنیک و فەرهەنگ و ئابووری)یەوە لەگەلێکی تر بەهێزتر بێ، نابێ بە هیچ شێوەیەک پشتگیریی داگیرکردنی وڵاتان بکەین. زۆر جار کۆڵۆنیالیزمەکانی ئەورووپا، بەناوی بڵاوکردنەوەی شارستانییەوە، پاساو بۆ داگیرکردنە

قێزەونەکانیان بۆ جیهان دەهێننەوە.

یان زۆر جار عەرەب و تورکەکان بەناوی (بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام)، پاساوی ئەو هەموو داگیرکردن و چەتەگەری و ئەنفال و کوشتوبڕەی کە عەرەب و تورک دەرهەق بە گەلانی تریان کردووە، دەهێننەوە. بڵاوکردنەوەی ئاین یان شارستانی، پاساو نییە بۆ داگیرکردنی گەلێک یان دەوڵەتێکی لاواز و دواکەوتوو.

کاتێک ناپۆلیۆن بەناوی بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی شۆڕشی فەرەنسی و مۆدێرنیتێتەوە، پەلاماری وڵاتانی ئەورووپا و جیهانی دا، هەندێک لە فەیلەسووفانی ئەورووپا پشتگیریی ئەم پەلاماردانەی ناپۆلیۆنیان کرد. بۆ نموونە هیگڵ یەکەم کەس بوو کە پشتگیریی هەڵمەتی داگیرکردنی ناپۆلیۆن بۆ ئەڵمانیای کرد. بەڵام فەیلەسووفانی تری ئەڵمانی دژی داگیرکردنی وڵاتەکەیان بوون، بۆ نموونە فەیلەسووفی ئەڵمانی (فیختە) دژ بەم داگیرکردنەوە وەستایەوە.

فیختە لە کاتی داگیرکردنی ئەڵمانیا لەلایەن ناپۆلیۆنەوە، بەم دێرانە هانی خەڵکی ئەڵمان دەدا بۆ بەرخودان و بەرەنگاربوونەوەی هێزی داگیرکەری فەرەنسی. فیختە دەڵێ:

"ئەوەی پێویستمانە، ڕێبەرە، کەسێکە شێوە و فۆرممان پێ بدا. لێرەیە، ئێمەی ئەڵمان بۆ ئەڵمانیبوون پاڵ دەنێ. هیواداریشین پاشا ئەم خزمەتە لە ئەستۆ بگرێ، بەڵام هەر کەسێک بێ، ئێمە دەبێ چاوەڕێی بکەین تاکو بێ وەیکەڵان پێ بدا و بنیاتمان بنێ. هەموو ئەو کەسانەش کە بڕوایان بە بوونەوەرێکی وەستاو و، ڕەوتی بەرەوگەزی و نەمانی خولەکەکانی مێژوو هەیە، یان ئەوانەی ڕکێفی کاربارى جیهان بەسروشتی بێگیان دەسپێرن، خەڵکی هەر کوێ بن و زمانیان هەرچی بێ، ئەڵمانی نین، ئەوان لە ئێمە بێگانەن و دەبێ هیوادار بین لە نێوماندا نەمێنن."[٣٩]

لەبەرئەوە یەکەمین هەنگاوی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئازادی، هەنگاونانە بۆ ئازادبوونی کۆمەڵەکەی، نەتەوەکەی، وڵاتەکەی لە دەستی بێگانە. چونکە مرۆڤ هیچ وەختێک ناتوانێ باسی ئازادی بکا، لەکاتێکدا وڵاتەکەی لە ژێر چنگی داگیرکەراندایە.

تۆ ناتوانی باسی ئازادیی تاکەکەسی و سیستەمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەدا بکەی، هەتاوەکو گەلەکەت لە چنگی داگیرکەر ڕزگاری نەبێ. ئەوەی ڕوون و ئاشکراشە، هیچ وەختێک مرۆڤ بەتەنیا، ناتوانێ بە ئازادی بگا، ناچار دەبێ پشت بە خەڵکی تر ببەستێ، هەتاوەکو بە مافی ئازادی بگا.

## ئازادیی تاکەکەس

ئازادی سنووردێکی گەورە و پانتاییەکی قووڵی هەیە. ئەمەش زیاتر پێوەندیی بەهەڵسوکەوتی مرۆڤەوە هەیە دەربارەی دەوروبەری. کاتێک مرۆڤ لە چنگی داگیرکەران ڕزگاری دەبێ، سەیر دەکا کۆمەڵێک یان نوخبەیەک دەسەڵاتی خۆیان بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا دەسەپێنن و هەوڵی سەندنەوەی ئازادییە تاکییەکانی دەدەن. بەتایبەتی لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگی و ئاینییەوە.

ئەمەش پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ خەبات لە پێناوی ئازادییە تاکییەکانیدا بکا.

مرۆڤ بەردەوام بە حوکمی ئەوەی خاوەنی عەقڵە، بۆچوون و خەیاڵی تایبەتی بۆ شتەکانی دەوروبەری دەبێ. لێرەشەوە حەز و ئامانج و ویستە تایبەتییەکان لەدایک دەبن. کاتێکیش دەیەوێ، بگا بەو ویست و ئارەزووانە، کۆمەڵگە رێگەی لێدەگرێ و دژی دەوستێتەوە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا کێشە و ململانێیەکی گەورە لە نێوان تاک و کۆمەڵگەدا دروست دەکا.

بەڵام ئاخۆ مرۆڤ دەبێ ئەوەی ویستی بیکا؟ ئەو شتەی حەزی لێ بوو بە ئەنجامی بگەیەنێ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، فەیلەسووفی ئینگلیز جۆن ستیوارت میل، لەکتێبە نایابەکەیدا (وتارێک دەربارەی ئازادی) هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گرینگانەی داوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر هەوڵی داوە ئامانجی سەرەکیی ئەم باسە بپێکێ و وێنەیەکی باشمان بۆ بکێشێ.

جۆن ستیوارت میل لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێ:

"گەر بمانەوێ بەیەکسانی لە نێوان تاکە کەس و کۆمەڵگەدا بەش بکەین و کەسیان مەغدور نەکەین، ئەوا دەبێ هەریەکەیان ئەوەیان بدەینێ کە پێوەندیی بە خۆیەوە هەیە و تایبەتە بەو. بەم جۆرە پێویستە ئەو بەشە بدەینە تاکەکەس کە پێوەندیی بە خۆیەوە هەیە، بەو پێیەی کارەکتەرێکی سەربەخۆ و ئازادە، هەروەها پێویستە ئەو بەشەش بدەینە کۆمەڵگە کە جێی بایەخی ئەوە و پێوەندیی بەوەوە هەیە، بەو پێیەی دەچێتە هەناوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی."[٤٠]

واتە لە نێوان تاکەکەس و کۆمەڵگەدا سنوورێک هەیە. بەڵام ئاخۆ ئەو سنوورە کامەیە و، تا چ ڕادەیەکیش کۆمەڵگە دەتوانێ سنوور بۆ تاکەکەس دابنێ؟ دیسانەوە ناچارین بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش هانا بۆ میل بەرینەوە.

جۆن ستیوارت میل، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێ:

"تاکە ئامانجێک کە پاساو بۆ دەستوەردانی خەڵک لە ژیانی تاکەکەسیدا بداتەوە، ئەوەیە کە خۆیان لە دەستی ئەو کەسە بپارێزن، واتە تاکە مەبەستێک ڕێگە بدا بە بەکارهێنانی هێز بەرامبەر هەر کەسێک کە لە گرووپێکی شارستانیدا بژی، ئەوەیە ڕێگە لەو مرۆڤە بگیرێ ئازاری خەڵکی تر نەدا و زیانیان پێ نەگەیەنێ."[٤١]

لێرەدا میل زیاتر مەبەستی خەڵکانی تاوانبارە، کە زیان بە خەڵکی تر دەگەیەنن. باشترە لەم حاڵەتەدا، کۆمەڵگە لەڕێگەی دامەزراوەکانیەوە (یاسا، دادوەر، پۆلیس)، ڕێگە لەم جۆرە کەسە تاوانبارانە بگرێ، هەتاوەکو ئازار بە خەڵکی تر نەگەیەنن.

بەڵام ئەو ئازادییە کامەیە کە تاکەکەس پێویستە هەیبێ؟ یان بە واتایەکی تر چ جۆرە ئازادییەک دەتوانین ناوی لێ بنێین ئازادیی تاکەکەسی؟

دیارە کە باسی ئازادیی تاکەکەسی دەکەین مەبەستمان لە جۆری بیرکردنەوە، هەڵوێستی سیاسی و فکرییە، کە دەبێ مرۆڤ زۆر ئازادانە گوزارشت لە دید و بۆچوونەکانی خۆی بکا و،

کـۆمـەڵگەش ڕێز لەم دیدوبۆچوونـەی بگرن. هـەروەها مـرۆڤ ئـازادە چ ئاینێک هەڵدەبژێرێ یان باوەڕی بە خـودا هـەبێ یان نـەبێ، نابێ کـەس ڕێگری لە بـۆچوونە ئاینییـەکـانی بگرێ. هـەروەها مـەبەستمان لە ئازادیی تاکەکـەس ئەوەیە، کە مـرۆڤ ئازادە لەوەی کە چ خواردن و خواردنەوەیەک دەخـوا و دەخـواتەوە، چ جلوبەرگـێک لەبـەردەکـا، بـە چ شـێـوەیـەک پرچ دادەهێنێ، حـەزی بە چ گۆرانی، فیلمێک هـەیە.

بۆ نموونە زۆر جـار لە کۆمەڵگە ئیسلامییـەکاندا، ڕێگرییـەکی گەورە لەبـەردەم ژن و پیـاودا هـەیە، لەبواری حەز و ئارەزووە تایبەتییەکان (خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ)، کە زۆر جار بە زۆرەملێ ڕیتمی کۆمەڵگە بەسـەر تاکەکەسدا دەسـەپێنرێ.

بە واتایەکی تر پێویستە، کەرامـەت و کەسـایەتیی تاک لەناو کۆمەڵگەدا جێگەی ڕێز و حورمـەت بێ و نابـێ بە هیچ پاسـاوێک ڕێگری لە ئارەزوو و حـەزەکـانی تاک بگیرێ، بـەمـەرجـێک زیانی بۆ خەڵکی تر نەبێ.

## ئازادیی ڕۆحی

کە باس لە ئازادیی ڕۆحی دەکەین، زیاتر مـەبەسـتمان ئازادبوونی مـرۆڤە لەدەست شـەهوەت و غەریزە و پێداویستییـە مادییەکانی تر. مـەبـەستمان لە پاککردنەوەی ڕۆح و دەروون و ناخی مـرۆڤە لە (ڕق و کینە، تووندوتیژی و شـەڕەنگێزی، ئیرەیی). خۆی لەخۆیدا هـەموو ئەم هـەسـتانە، لەڕووی دەروونیـیـەوە ئـازارێکی زۆر بە جـەسـتـە و ناخی مـرۆڤ دەگـەیەنن. هـەربۆیـە زۆر لە کۆنـەوە، ئاینە کۆنەکان هانی مرۆڤیان داوە تا لە ڕووی ڕۆحییەوە ئازاد بێ.

### بودا یەکەمین مامۆستای ئازادیی ڕۆحی

بودا ٥٦٠ بۆ ٤٨٠ پێش زایین ژیاوە. بودا یـەکـەمین کـەس بووە کـە هانی مـرۆڤی داوە، تا لەڕووی ڕۆحـیـیـەوە بە پلەی ئازادی بگا. پێی وا بوو، کـە چاکـە و باشی، لەڕێگەی هـێـزێکی دەرەکـیـیـەوە دەسـتی مرۆڤ ناکـەون، بەڵکو مـرۆڤ تەنیـا لە دەروونی خـۆیەوە دەسـتی دەکـەوێ. واتە پێش هـەمـوو شتێک، مرۆڤ دەبێ پشت بە ڕۆحی خـۆی ببەسـتێ و، پاکی بکاتەوە لە هـەرچی شـەهوەت و غەریزە هـەیە، بۆئەوەی خۆشی و کامـەرانیی دەستبکەوێ. هـەربۆیە بەشێکی زۆری پەیامـە پیرۆزەکەی بودا، هاندانی مرۆڤە بۆ ڕزگاربوون لە شـەهوەت و غەریزەکان و هـەستە خراپەکانی ناخی.

بودا لە پەیامەکەیدا دەڵێ:

– ئازار لە شـەهوەت و ئارەزووی زۆرەوە دروست دەبێ.

– وازهێنان لە شـەهوەت، بە مانای نەمانی ئازار دێ.

– وازهێنان لە شـەهوەت، دەبێتە هـۆی بەختـەوەری بۆ مرۆڤ، هـەروەها مرۆڤ دەتوانێ، کۆنترۆڵی (هـەڵسوکەوت، بیرکردنەوە، کار و کردار، عەقیدەی) خۆی بکا.[٤٢]

دیارە ئازادیی ڕۆحی لە چەرخی ڕۆشنگەریشدا جێگەی مشتومڕی فەیلەسووفان بووە. فەیلەسووفی ئەڵمانی فیختە، لە کتێبەکانیدا زۆر گرینگی و بایەخی بەم بابەتە داوە. فیختە دەڵێ:

(مرۆڤ کۆیلەی شەهوەتەکانی خۆیەتی، کۆیلەی خواردنەوەیە، کۆیلەی فلان و فیسار و کۆیلەی ئەفسوون و وەسوەسەی دیکەیە.)

## ئازادیی ڕۆحی لە سەردەمی مۆدێرندا

کۆمەڵگەی مۆدێرن و پیشەسازی سەرەتا لە ئەمەریکاوە دەستیپێکرد و هەموو ڕۆئاوا و جیهانیشی گرتەوە. لێرەدا مرۆڤەکان ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە بوونەوە، خۆیان لەناو ئۆقیانووسی شمەکی زۆر و حەز و ئارەزووی زۆردا بینییەوە، بەجۆرێک وای لە مرۆڤی مۆدێرن کردووە کە ببێتە کۆیلکەی شمەکە زۆرەکانی ناو بازاڕەکان.

هەردوو فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەڵمانی ماکس هۆرکهایمەر، تیۆدۆرف ئەدۆرنۆ لە کتێبە بەناوبانگەکەیاندا (دیالیکتیکی ڕۆشنگەری) ڕەخنەی تووندیان ئاراستەی کۆمەڵگەی ئەمەریکی کردووە. لەپاش ئەوانیش ئەریک فرۆم، زۆر خۆی بەم باسەوە خەریک کردووە.

فرۆم لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (شۆڕشی هیوا)، ڕەخنەی توند ئاراستەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی نوێ دەکا. فرۆم دەستەواژەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن دادەنێ و بە کۆمەڵگەی (مێگا ماشین) ناوی دەبا. فرۆم دەڵێ:

(مێگا ماشین سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوە کە تێیدا کۆمەڵگە کتومت وەکو ماشین کار دەکا و مرۆڤیش برغوەکانی ئەو ماشینەن.[٤٣])

لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا کە بە (کۆمەڵگەی بەکارهێن، بەئەڵمانی Konsumgesellschaft) ناودەبرێ، مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی شمەک و کاڵا زۆرەکانی بازاڕەکان. لەم بارەیەوە فرۆم زۆر باش وەسفی ئەم حاڵەتەمان بۆ دەکا.

فرۆم دەڵێ:

(مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی وەهادا دەبێتە منداڵێکی شیرەخۆری تاهەتای کە بۆ "خواردن" بەردەوام دەمی کراوەیە و بۆ ئەم خواردنە نە هەوڵدانێکی هەیە و نە چالاکییەکی دەروونی.)

فرۆم مرۆڤی مۆدێرن بە مرۆڤی (جێژپەرست) ناودەنێ. هەرخۆشی وەسفی ئەم مرۆڤە نوێیەمان بۆ دەکا و دەڵێ:

"مرۆڤی چێژپەرست جموجۆڵکەر نییە، مرۆڤی چێژپەرست ناوک و سەنتەری پرۆسەکانی ژیان نییە، بەڵکو بابەتی ڕێزێکی سەراوبن بووە، کە بە گوێرەی هەلومەرجێکی جیا لە ئەو، بەسەریدا دەسەپێندرێ."[٤٤]

## ئازادیی سیاسی

کە باس لە ئازادی دەکەین یەکسەر مەلی هزرمان بۆ ئازادیی سیاسی دەچێ. هۆکەشی ئەوەیە زیاتر خەباتی مرۆڤ بۆ ئەوە بووە کە لەژێر چنگی دەسەلاتێکی ملهوڕ و ستەمکار ڕزگاری بێ، ئەمەش دەچێتە قاڵبی دەریای سیاسەتەوە.

کە باس لە ئازادیی سیاسی دەکەین، مەبەستمان لەوەیە کە مرۆڤ ئازاد بێ لە دەربڕینی بۆچوونە سیاسییەکانی، دروستکردنی گرووپ و پارتی سیاسی، هیچ ڕێگرێک دانەنرێ لەبەردەم دەربڕینی بۆچوونە سیاسییەکانی. ئازادیی سیاسی واتە، دروستکردنی جۆرە فەزایەک لە دەوڵەتێکدا، کە ڕێگە لە دروستبوونی پارتی سیاسیی جیاواز نەگرێ، ڕێگە بدا بە بەرەوپێشچوونی فکر و بۆچوونی سیاسی لەناو وڵاتدا.

ئازادیی سیاسی بەشێوەیەکی پتەو پێوەندیی بە سیستەمی دیموکراسییەوە هەیە. واتە تاک بتوانێ ئازادانە بۆچوونە سیاسییەکانی دەرباری کێشە و بابەتە سیاسییەکانی وڵاتی خۆی دەربڕێ، لە هەمان کاتیشدا ڕێگەی پێ بدرێ، کە خەڵکی تر لە دەوری بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی کۆ بکاتەوە و، فشار بهێنێ بۆ دەسەلات و زۆرینەی خەڵکی، کە گوێ لە بۆچوونەکانی بگیرێ.

ئازادیی سیاسی مانای ئەوەیە کە تاک لە کۆمەڵگەدا، بەشێوەیەکی ئەکتیف (چالاک)، بەشداریی بڕیاری سیاسیی وڵاتەکەی بکا. لە هەمان کاتیشدا ئازادانە نوێنەرەکانی خۆی بۆ پەرلەمان و حوکمڕانی هەڵبژێرێ. مرۆڤ دەبێ ئازاد بێ چ پارتێکی سیاسی هەڵدەبژێرێ، نابێ دەوڵەت فشار بخاتە سەر هاوواڵتییانی تاوەکو دەنگی پێبدەن، چونکەئەمە دژی ویست و ئیرادەی تاکەکەسە. نابێ دەوڵەت بڕیارە سیاسییەکانی بە زۆرەملێ بەسەر تاکەکانی ناو کۆمەڵگەدا بسەپێنێ.

## ئازادیی ڕۆژنامەگەری و نووسین

ئازادیی نووسین مێژوویەکی دێرینی هەیە لە جیهاندا. بەردەوام نووسەر و فەیلەسووف و بیرمەندانی جیهان، ڕووبەڕووی ڕێگری و کێشمەکێش و ململانێی سەخت و دژاور بوونە لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی و ئایینیدا. گەلانی ئەورووپا و ڕۆئاوا، خەباتێکی زۆر و خوێنێکی زۆریان لەم پێناوەدا ڕشتووە، هەتاوەکو نووسەر و فەیلەسووفانیان ئازادنە بیروباوەڕەکانیان دەربڕن و چاپ و بڵاو بکەنەوە. زۆرێک لە فەیلەسووفانی ڕۆئاوا، لەبەر بیروڕاکانیان ڕووبەڕوویی ڕاونان و گرتن و سزادان بوونەتەوە. لێ ئەمڕۆ ئەو کێشەیە لە ئەورووپادا نەماوە. بەڵام بەداخەوە هێشتاوەکو لە ڕۆهەڵات ئەم کێشەیە ماوە.

کاتێک کە باسی ئازادیی نووسین دەکەین، یەکسەر ئازادیی ڕۆژنامەگەریش دێتە ئاراوە. ڕۆژنامەکان لە سیستەمێکی دیکتاتۆریدا، ئازاد نین. بەڵکە لەم جۆرە سیستەمەدا، تەنیا ڕێگە بەو ڕۆژنامە و نووسینانە دەدرێ، کە بەدڵی حاکمە دیکتاتۆرەکانن و بە شان و باڵی ڕێژیمەکەدا

هەڵدەدەن و وەسفی دەکەن.

ئازادیی ڕۆژنامەگەری بەردی بناخەی سیستەمی دیموکراسی و کۆمەڵگەی پلورالیزم دادەنرێ. ئاخر گەر ڕۆژنامەکان ئازاد نەبن، چۆن تاک دەتوانێ بیر و ڕاکانی خۆی دەربڕێ؟ چۆن هاوواڵاتیان سکاڵا لە دەزگەکانی دەوڵەت بکەن؟ چۆن ناڕەزاییەکانی گەل، چرای ڕووناکی ببینن؟ چۆن بیروڕا جیاوازەکان بگەنە دەستی خەڵک؟ چۆن ئۆپۆزسیۆن بۆچوونە سیاسییەکانی و بەرنامەکانی بە گەل بگەیەنێ؟ هەموو ئەمانە تەنیا لە ڕێگەی ڕۆژنامەی ئازادەوە دەبێ.

بەڵام نابێ خاڵێکی گرینگمان لەبیر بچێ، کە نابێ ڕۆژنامەکان ئەو بۆچوونانە بڵاو بکەنەوە، کە زەرەرمەندن بۆ کۆمەڵگە. بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی (بیری فاشیزم و فیندەمیتالیزمی ئاینی، یان بڵاوکردنەوە و هاندانی تووندتیژی لە کۆمەڵگەدا.)

بەداخەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا لەژێر ناوی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئازادیی بیروڕا دەربڕین، چ لە ڕۆئاوا و چ لە ڕۆهەڵات، فاشیستەکان زۆر بە شێوازێکی خراپ سوودیان لە ڕۆژنامەی ئازاد وەرگرت، بۆ پێشوەچوون و بڵاوکردنەوەی، بیروڕا نەگریسەکانیان لە ناو کۆمەڵگەدا.

## ئازادیی گەیشتن بە زانیاری

ئەمڕۆ لەتەواوی کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا بەتایبەتی لە ڕۆئاوا، یاسایەک هەیە پێی دەڵێن: (یاسای مافی گەیشتن بە زانیاری). ئەم یاسایە ئەوەیە، کە هاوواڵاتیان بۆیان هەبێ داوا لە دامەزراوە حکوومییەکان بکەن، کە زانیارییان لەبارەی بابەتە هەمە جۆرەکان پێ بدەن. هەموو وەزارەت و دەزگە حکوومییەکان ناچارن دەرگەکانی ئەرشیف و زانیارییەکانیان بۆ هاوواڵاتییان بکەنەوە، هەتاوەکو هاوواڵاتی ئاگەداری ڕەوشی حوکمڕانیی وڵاتەکەی بێ.

هیگل پێی وا بوو، هەتاوەکو مرۆڤ نەگاتە ڕاستیی شتەکان، ناتوانێ ئازاد بێ. ئەمەش زۆر ڕاستە، گەر ئێمە زانیاریمان لەبارەی دەزگەکانی دەوڵەتەوە نەبێ، چۆن دەتوانین ڕاست و دروستیی حکوومەتەکانمان بۆ دەربکەوێ؟ چۆن دەتوانین بڵێین ئەم پارتە باشە و ئەویتریان خراپە؟

ئازادیی گەیشتن بە زانیاری، بە بەردێکی بناخەی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و سیاسی دێتە ژمارین. لەبەرئەوە هەر دەوڵەتێک کە خۆی بە دیموکراسی ئەژمار بکا، پێویستە هاوواڵاتییانی ئازاد بن و بێ سنوور دەستیان بگا بەو زانیارییانەی کە مەبەستیانە.

## ئازادیی ئاینی

ئازادیی ئاینی مێژوویەکی ئێجگار دێرین و خوێناویی لە جیهاندا هەیە، بەتایبەتی لە ئەوروپا. لە پاش جیابوونەوەی کڵێسای ڕۆمی و دروستبوونی مەزهەبی پرۆتستانت، شەڕێکی خوێناوی هەموو

ئەوروپای گـرتەوە، کـە بۆ چەندان سـەدە بەردەوامـیی کـێـشـا. ئـەم شـەڕەش بوو بـەهۆی گـیـان لەدەستدانی ملیۆنان کەس و خاپوورکردنی سەدان شار و شارۆکەی ئەوروپا.

لە پاش شەڕە خوێناوییە ئایینییەکانی ئەوروپا، بیرۆکەی ئازادیی ئاینی لە ئەوروپادا سەریهەڵدا. فەیلەسووفە مەزنەکانی وەکو (جان لۆک، ئیسپۆنزا، ڤۆلتێر، ڕۆسۆ)، خەباتێکی بێ وچانیان کرد لە پێناوی ئازادیی ئاینیدا.

ئازادیی ئاینی مانای ئەوەیە، کە ڕێگە لە هیچ ئاینێک یان مەزهەبێک نەگیرێ لە بڵاوکردنەوە و گەشەسەندنی ئاینەکەی یان مەزهەبەکەی. لە هەمان کاتیشدا پێویستە دەوڵەت و کۆمەڵگە، ڕێز لە پەیام و پەرستگە و دەقە پیرۆزەکانی ئاینەکانی تر بگرن. پێویستە ئاینەکان زۆر ئازادانە پەیام و بیـروڕاکـانی خـۆیان بڵاوبکەنەوە. نابێ ڕێگە لە دروسـتکردنی پەرسـتگەکـان بگیـرێ. نـابێ کـۆمـەڵگەیەک کـە زۆرینـەی سـەر بە ئاینێک یان مـەزهەبێکە، ڕێگە لـە بڵاوکـردنەوەی ئـاین و مـەزهەبەکانی تر بگرێ. جـا هیچ گرینگ نییە ژمارەی ئەو ئاینـە یان ئەو مەزهـەبە چەندە، تەنانەت گەر چەند کەسێکیش بن، پێویستە زۆرینەی خەڵکی یان دەوڵەت، ڕێگر نەبن لە بلاوکردنەوەی ئەو ئاینە.

ئازادیی ئاینی مانای سزانەدان و نەچەوساندنەوەی ئاینەکانی ترە کە جیاوازن لە کۆمەڵگە، یان کـەمـینەیەکن لـە ناو کـۆمـەڵگەدا. بـە داخـەوە مـێـژووی بەشـەریەت پڕیەتـی لە حکایەتـی تۆقـێنەر و تراجیدیای زۆری کەمینە ئاینییەکان بەتایبەتی جووڵەکەکان لە ئەوروپادا بۆ ماوەی چەندان سەدە، کـە بـە دڕندانەترین شـێـوە لەلایـەن کـڵـێـسـا و دەوڵەتانـی ئەوروپاوە دەچەوسـانەوە، کـۆتـایی ئەم تراجیدیایەی گەلی جووڵەکـە بـە هۆلۆکۆس تەواو بوو. کە ملیۆنان کەس لە ئەوروپادا بە دەستی ئەڵمانەکان لەناوبران و خرانە کوورەی ئاگرەوە.

بەداخـەوە هەتاوەکـو ئەمـڕۆش ئازادیـی ئاینی هێـشـتـا ڕۆهـەڵاتی نەگـرتووەتـەوە، هێـشـتـاوەکـو ڕۆهـەڵات بـەگـشـتـی و کـوردسـتـان بـە تایبـەتی، لە گـرینگی و مـەزنیی چەمکی ئازادیی ئاینی نەگەیشتوون.

## ئازادیی کولتووری

کولتووری جیاوازەکان و بێگانەکان بەردەوام جێگەی تێڕامان و مشتومڕی فەیلەسووفانی جیـهان بوون. چۆنێتیی هەڵسـوکەوتی کۆمـەڵگە و دەوڵەت لەگەڵ پرسـی کولتووری جیـاوازەکان، هەتاوەکو ئەمـڕۆش هەر جێگەی باسە. هیچ فـەیلەسـووفێکی ئەوروپی، هێندەی فـەیلەسووفی فـڕەنسی (لیـڤی شتراوس) خۆی بەم بابەتەوە خەریک نەکردووە.

شتراوس دەڵێ:

(فۆرموولەبوونی مرۆڤایەتی و هەروەها ئەگەری پێشکەوتنی بەستراوە بە پشتگیری لە کولتووری

جیاوازەکان، ڕۆڵی مەرجەعە نێودەوڵەتییەکان ڕێک ئەوەیە، کە کولتوورە جیاوازەکان لەیەکتری نێزیک بکەنەوە، بێ ئەوەی هیچ شێوە کولتوورێکی تایبەتی بەلاوە لە شێوە کولتوورێکی تر، پێ باشتر بێ.[٤٥])

دیارە ئەم بۆچوونەی شتراوس، بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە، کە فەیەلەسوفی ناوداری ئەمەریکی (ساموێل هینگتۆن)، لە کتێبە ناودارەکەیدا (پێکدادانی شارستانییەکان) باسی کردووە. هینگتۆن بە پێچەوانەی شتراوسەوە، باس لە شەڕی نێوان شارستانییەکان دەکا. بوونی ئەم هەموو کولتوورە جیاوازەی مرۆڤایەتی، بە ترسێکی گەورە بۆ ڕۆئاوا بەتایبەتی و مرۆڤایەتی بە گشتی دادەنێ.

کورد مێژوویەکی زۆر کۆنی لە خەبات لە دژی فاشیزمی تورکی و عەرەبی و فارسی هەیە، لەپێناو ڕێزگرتن لەکولتووری کوردی. فاشیزمی تورکی یەکەمین جار بە شێوەیەکی دڕندانە و نامرۆڤانە، پەلاماری کولتووری کوردی بەهەموو شێوەیەک دا (زمان، جلوبەرگ، گۆرانی، شایی... هتد)، هەموو شتێکی کوردی قەدەغە کرا. کورد هەتاوەکو ئەمڕۆش خەبات لە پێناوی ئازادیی کولتووری و ڕێزگرتن لە کولتوورەکەی دەکا.

گەلانی ژێر دەستی داگیرکەر، بەردەوام لەلایەن کۆلۆنیالیستەکانیانەوە، بە دڕندانەترین شێوە پەلاماری کولتووریان دراوە. جاری واش هەیە بەناوی دواکەوتوویی کولتوور و بلاوکردنەوەی کولتووری مۆدێرنەوە پەلامار دەدرێن. مستەفا کەمال باوکی فاشیزمی تورکی، بەناوی بلاوکردنەوەی کولتووری ئەوروپییەوە، بە دڕندانەترین شێوە پەلاماری کولتووری گەلی کوردی دا.

ئازادیی کولتووری مانای ڕێزگرتن و ڕێگەپێدانی کولتووڕە جیاواز و نامۆکانە، بۆ ئەوەی وەکو کولتوورەکانی تر بلاوبکرێنەوە و پێشبکەون. نابێ لەبەر ئەوەی کولتوورێک نامۆیە بە ئێمە، بە چاوێکی قێزلێبوونەوە و فاشیزمانەوە سەیری بکەین. پێویستە ئێمە هەوڵی تێگەیشتن و نێزیکبوونەوە، لە نێوان کولتوورە جیاوازەکانی جیهان بدەین.

## ئازادیی ئابووری یان بازاڕی ئازاد

زۆرێک لە بیرمەندان و فەیلەسووفانی جیهان پێیان وایە، کۆمەڵگەی مەدەنی و لیبڕال کاتێک پەیدابوو، کە چینی بۆرجواز لەدایک بوو، سیستەمی سەرمایەداری هاتە کایەوە. بۆرجوازی لەهەناویدا بەیەکێک لە بەرگرییکەرە سەرسەختەکانی (تاکگەرایی، بازاڕی ئازاد) دەژمێردرێ. هەر لە سەرەتاوە بیرمەندە گەورەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە گرینگییەوە بایەخێکی گەورەیان بە پیرۆزیی مولک و سامانی تاک دەدا، بۆ نموونە جان لۆک، زۆر جەختی لەسەر پیرۆزڕاگرتنی مولکی خەڵکی دەکرد.

نیرا چاندۆک دەڵێ:

"کۆمەڵگەی مەدەنی تەنیا کاتێک بوو بە چەمکێکی ڕوون و گونجاو کە بواری مەدەنی بە باشی دروست بوو. دروستبوونی بواری مەدەنیش خۆی دەرئەنجامی سەقامگیریی سەرمایەداری بوو."[٤٦]

لەگەل لەدایکبوونی سیستەمی سەرمایەداری، کۆمەڵێک چەمک و نەریتی نوێ لەدایک بوون. دیارە ئەمەش لەبەرئەوەی کە سیستەمی سەرمایەداری، چیتر نەیدەتوانی لەگەڵ کولتووری سیستەمی دەرەبەگایەتیدا بگونجێ، هەربۆیە ناچار بوو کە کولتوورێکی نوێ جێگەی کولتووره کۆنەکە بگرێتەوە.

زاڵبوونی هەژموونی "خێڵ، ئاین" بەسەر تاکدا لەبەرژەوەندیی سەرمایەداریدا نەبوو. بەڵکە سەرمایەداری پێویستیی بە هێزێکی کاری ئازاد هەبوو، کە چ وەختێک بیەوێ بەکاری بهێنێ و سوود لە تواناکانی وەربگرێ. هەرکاتێکیش پێویستیی پێ نەما، فرێی بداتە دەرەوە. ئەو زنجیر و کۆت و بەندانەی کە (خێڵ، ئاین) لە دەوری تاکدا دایاننابوو، لە بەرژەوەندیی ویدا نەبوون، هەربۆیە هەموویانی ڕووخان. بەڵام لەجیاتی ئەو زنجیرانە، سەرمایەداریی تاکی بە کۆمەڵێک زنجیری تر بەستەوە.

بەڵام ئابووریی ئازاد و بازاڕی ئازاد کۆمەڵگە و تاکی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی وەکو (نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، هەژاری، شەڕی بەردەوام) کردەوە. لەگەڵ دروستبوونی سیستەمی سەرمایەداری، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەسەر دوو چیندا دابەش بوو: چینێک کە خاوەنی هەموو شتێکە، چینێکیش کە خاوەنی هیچ نییە.

لەم ڕووەوە فەیلەسووفانی وەکو (سان سیمۆن و کارل مارکس و باکۆنین)، کۆمەڵێک کار و کتێبی گرینگیان بۆ ڕەخنەگرتن لە سیستەمی سەرمایەداری دانا. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ، گەر مرۆڤێک لە ڕووی ئابوورییەوە ئازاد نەبێ، ناتوانێ ئازادانە بیروڕای خۆی، تەنانەت بوونی خۆشی بسەلمێنێ. زۆر جار هەژاران لەبەر ژیانی خۆیان، ناچارن واز لە بڕێک لە ئازادییەکانیان بهێنن، هەتاوەکو بەردەوامی بە ژیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان بدەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بازاڕی ئازاد ڕێگەی بۆ دروستکردنی سیستەمی دیموکراسی و ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئازادیی تاکەکەسی خۆشکرد. گەر ئەمڕۆ سەیری کۆمەڵگەکانی ڕۆئاوا بکەین، دەبینین لە بواری ئازادیی تاکەکەسی، ئاینی، ڕۆژنامەگەری، سیاسییەوە، زۆر لە کۆمەڵگە ڕۆهەلاتییەکان پێشکەوتوترن. لەبەرئەوە نابێ هێندە بە چاویلکەی مارکسییانەوە سەیری بازاڕی ئازاد بکەین. چونکە ئەمەیش وەکو هەموو شتێک خاڵی پۆزەتیف و نێگەتیفی هەیە.

## کورد و چەمکی ئازادی

بەحوکمی ئەوەی گەلی کورد مێژوویەکی زۆری لەگەڵ داگیرکردنی ولاتەکەیدا هەیە، لەبەرئەوە چەمکی ئازادیش مێژوویەکی کۆنی هەیە. گەلی کورد هەموو کاتێک خەونی بەوەوە بینیوە، کە لە چنگی داگیرکەرە خوێنمژەکانی ڕزگاری ببێ، بگا بە ڕۆژی ئازادیی خۆی.

بەڵام ئەو جۆرە ئازادییەی کە هەموو کوردێک خەونی پێوە بینیوە، زۆر جیاواز بووە لەوەی کە تاکێکی تر لە نەتەوەیەکی تر خەونی پێوە بینیوە، بۆ نموونە دیدی کوردێک بۆ ئازادی لە دیدی فڕەنسییەک جیاوازە. کوردێک هەموو خەونی ئەوەیە، کە ڕۆژێک بێت یەک سەرباز، یەک تانک، یەک فیشەک، یەک سێبەری داگیرکەرێک لە وڵاتەکەیدا نەبینێ، بەڵام بە پێچەوانەوە فڕەنسییەکە هیچ وەختێک ئەم دید و بۆچوونەی نییە بۆ ئازادی، ئەو زیاتر بیر لە ئازادییە تاکەکەسییەکانی خۆی دەکاتەوە، بە دوای (کارێکی باش و ژیانی خۆشتر)دا دەگەڕێ، کە هیوادارە ئازادی ئەم خەونەی بهێنێتە دی.

هۆکاری سەرەکیی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پرسی سیاسیی گشتیی هەردوو وڵات. هێشتا کوردستان لە ژێر چنگی داگیرکەراندایە، وەلێ فڕەنسا ماوەیەکی زۆرە لەم کێشەیە ڕزگاری بووە و، بە وڵاتێکی مەزنی جیهانیش دێتە ژماردن.

## کورد و ئازادیی نەتەوەیی

هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێی دا کە بەحوکمی ئەوەی کورد وڵاتەکەی لەلایەن داگیرکەرانەوە داگیرکراوە، لەبەرئەوە خەونی ئازادی لەردەوام لەناو مێشکی هەموو کوردێکدا ئامادە بووە. هەموو کاتێک تاکی کورد ئامادەبووە لەپێناو بەدیهاتنی ئازادیدا، گیانی خۆی بەخت بکا. زۆر جاریش نووسەران و شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد، هانی لاوانیان داوە کە لەم پێناوەدا خەبات بکەن و گەلەکەیان ڕزگار بکەن، زۆر جاریش هانی تونددوتیژیشیان داوە. بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ، کە داگیرکەرانی کورد، تەنیا لە ڕێگەی شەڕ و کوشتارەوە تامەڵەیان لەگەڵ گەلی کوردا کردووە، هەربۆیە ئەمەش لەناو هزری گشتیی خەڵکدا ڕەگی داکوتیوە، دەزانن ئەو داگیرکەرانەی کە وڵاتەکەیان داگیر کردووە، چەندە دڵ ڕەق و نامرۆڤن، هەربۆیە تەنیا لەڕێگەی تونددوتیژییە دەبێ، کوردستان ڕزگاری بێ و بە خەونی ئازادبوون بگا.

## کورد و ئازادیی تاکەکەسی

عەقڵیەتی گشتیی خەڵکی کورد، ئەوەی پێوەندیی بە ئازادی گەلەوە هەیە، هیچ کێشەیان لەگەڵ نییە، وەلێ ئەو بوارانەی کە پێوەندییان بە ئازادیی تاکەکەسەوە هەیە، بەردەوام جێگەی مشتومڕ و گرمە و کێشە بوونە. دیارە مەسەلەی ئازادیی تاکەکەسیش دەتوانم بڵێم لە باشووری کوردستان، لەپاش ڕاپەڕینەوە هاتە ناو مەیدانی هزری کوردییەوە، چونکە پێشتر هەموو خەڵکی خەریکی خەبات لەپێناو ئازادکردنی وڵات بوون، گەر کەسێکیش باسی ئازادیی تاکەکەسیی بۆ بکردنایە، ئەوا خەڵکی گاڵتەیان پێی دەکرد، یان بەوە تاوانباریان دەکرد کە بەم قسانە خۆی لە خەباتی گەلەکەی دەدزێتەوە.

بەڵام لە پاش ڕاپەڕین ئینجا کورد بیری لە جۆرەکانی تری ئازادی کردەوە. بەواتایەکی تر

هەتاوەکو دەسەڵاتی داگیرکەر مابوو کورد نەیدەتوانی بیر لە خودی خۆی بکاتەوە، وەلێ پاش ڕاپەڕین ئینجا تاکی کورد هەوڵی دا، بەدوای خۆیدا بگەڕێ و پێناسێکی نوێ بۆ خۆی لەناو کۆمەڵگەدا بدۆزێتەوە. دیارە ئەم پرۆسەی گەڕان بە دوای تاکی کوردیدا، پرۆسەیەکی درێژخایەن و پڕ کێشە و ململانێیە، کە تاک بە ناچاری دەخاتە کێشە لەگەڵ دەوروبەریدا.

هەتاوەکو ئێستاش کۆمەڵگەی کوردی نەیتوانییوە هەزمی مانای ئازادیی تاکەکەسی بکا. بۆ نموونە ئەو شتانەی کە پێوەندییان بە تاکەوە هەیە، هێشتا موڵکی کۆمەڵن نەک تاک. هیچ تاکێک ناتوانێ بە ئازادانە چۆن ئارەزوو بکا مامەڵە لەگەڵ دەوروبەردا بکا، بەئارەزووی خۆی بخوا و بخواتەوە، ئازادانە جلوبەرگ لەبەر بکا، ئازادانە پێوەندیی خۆشەویستی و سێکسی بکا، ئازادانە بیروڕاکانی خۆی لەبارەی (ئاین، نەریتی باو، مێژووی سیاسی) دەربڕێ.

## ڕێگرییەکانی بەردەم ئازادیی تاکەکەسی لە کوردستاندا

ئازادیی تاک لە کوردستاندا خۆی لەبەردەم کۆمەڵێک ڕێگردا دەبینێتەوە، من لێرەدا بە کورتی باسیان لێوە دەکەم:

یەکەم: ئاین

ئاین پایە و جێگەیەکی گەورەی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە. لەبەرئەوە عەقڵیەتی ئاینی دەسەڵاتی زۆری بەسەر تاکی کوردا هەیە. ئاین هەموو کاتێک دەیەوێ تاکەکان لەناو خۆیدا بتوێنێتەوە و کەس لە ژێر فەرمانی ئەو دەرنەچێ. گەرکاتێکیش تاکێک بیەوێ خۆی لە چنگی بیروباوەری ئاینی و نەریتی باو ڕزگار بکا، ئەوا ئاین دەبێتە گەورەترین دوژمنی ئەو تاکە. لەبەرئەوە یەکێک لە ڕێگرە گەورەکانی ئازادیی تاک لە کوردستاندا، ئاینە.

دووەم: نەریتی باو

نەریتی باو (عادات و تقالید) جێگەیەکی گەورەی لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیە. بگرە نەریتی باو بووەتە یاسایەکی گشتی کە خەڵک لەسەری دەڕۆن. خەڵک لە کوردستاندا هێندە حساب بۆ نەریتی باو دەکەن، چارەکی ئەوە حساب بۆ یاسا ناکەن. زۆر جار گەر تاکێکی کورد بیەوێ خۆی لە چنگی هەژموونی نەریتی باو ڕزگار بکا، ئەوا ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە لەگەڵ کۆمەڵگدا دەبێتەوە. هەموو تاکێکی کورد دەیەوێ خۆی لەگەڵ ئەم نەریتە باوەدا بگونجێنێ، لە بواری (بیروڕا، جلوبەرگ، خواردن و خواردنەوە، بیرکردنەوە... هتد)، کەس زاتی ئەوەی نییە، دژی ئەم نەریتە باوە هەڵسوکەوت بکا، ئەوەشی بیکا لەناو کۆمەڵگەدا ڕیسوا دەبێ. لەبەرئەوە نەریتی باو، ئەویش وەکو ئاین ڕێگرێکی گەورەیە لەبەردەم ئازادیی تاکەکەسیدا.

سێیەم: دەسەڵاتی سیاسی

بەداخەوە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان، هێندە بیری لە پێشخستن و گەشەپێدانی ئازادیی تاکەکەسی نەکردووەتەوە، بگرە زۆر جار دەسەڵاتی سیاسیش ڕێگر بووە لە ئازادیی تاکەکەسی، بەتایبەتی لەبواری ئازادیی ڕادەربڕیندا. زۆر جار نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد، لەبەر بوونی بیروڕای جیاواز بەرامبەر بە پارتێکی سیاسی، تووشی چەندین کێشە و سزا بوونەتەوە، هەندێک جاریش بە کوشتن تەواو بووە. بە دڵنیاییەوە دەسەڵاتی سیاسیش ڕۆڵێکی نێگەتیڤی لە بواری ئازادیی تاکەکەسیدا بینیوە.

## ئازادیی سیاسی

پێشتر بۆ کورد، دەسەڵاتی سیاسیی داگیرکەران تەنیا لەلای دوژمن بوو، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین تاکی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی نیشتمانیی خۆیدا تووشی کێشە بوو. نەبوونی ئازادیی سیاسی و جێگیرنەبوونی سیستەمی دیموکراسی و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و خزم خزمێنە و ناشەفافیەت، وایان لە کۆمەڵگەی کوردی کرد، دەست بکا بە پرسیارکردن لەم دەسەڵاتە. هەرکەسە و لە دیدی خۆیەوە بەدوای وەڵامدا دەگەڕا. لایەنە سیاسییە کوردەکانیش بەپێی بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ پرسی ئازادیی سیاسیدا دەکرد.

بەداخەوە بەحوکمی ئەوەی کورد لەبەرئەوەی نەیتوانی سیستەمێکی دیموکراسیی پتەو دروست بکا، تووشی کێشەی زۆر بوو لەبواری ئازادیی سیاسیدا، کە هەندێک جاریش بە تووندوتیژی کۆتایی هاتووە. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بێبەری ناوەخۆش، باوەڕنەبوون بە ئازادیی سیاسی لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە بوو.

## ئازادیی ئاینی و کولتووری

نەبوونی ئازادیی ئاینی لە کوردستاندا، کوردی ڕووبەڕووی شەڕی ئاینی کردووەتەوە. گەر سەیری مێژووی کوردیش بکەین، دەبینین داگیرکەرانی کورد ئەم خاڵە نێگەتیفەی کوردیان زۆر بە باشی بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکارهێناوە، بۆ نموونە هەموو کاتێک تورکە داگیرکەرەکان ویستوویانە شەڕ بخەنە نێوان کورد و ئەرمەن و ئاشوری و کلدانەوە، چونکە ئەوان مەسیحی بوون و کوردیش موسڵمان. تا ڕادەیەکی ترسناکیش لەم سیاسەتە نەگریسەیان سەرکەوتوو بوون. هەروەها شەڕی نێوان کوردە موسڵمانەکان و کوردە ئێزیدییەکان، هەموو کاتێکیش بە ناشرینترین شێوە ئێزیدییەکان لەلایەن زۆرینەی موسڵمانەوە تووشی چەوساندنەوە بوونە. بگرە هەتاوەکو ئەمڕۆش، فەندەمینتالیزمی ئیسلامیی کوردی، بەچاوێکی ڕاسیزمانەوە سەیری ئاینەکانی ئێزدی و کاکەیی و مەسیحییەکانی کوردستان دەکا.

لەلایەکی تریشەوە بوونی چەندین زمان و شێوەزار لە کوردستاندا، خەریکە دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕێکی کولتووری لەنێوان خودی کولتووری کوردیدا. بۆ نموونە ماوەیەکە بەناوی بوونی زمانی ستاندەر و زمانی فەرمیی کوردییەوە، زۆرێک لە نووسەرە سۆرانییەکان، بەئاشکرا پەلاماری بادینی و هۆرامی و لوڕ و زازاکییەکان دەدەن، بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا، بەشێوازێکی زۆر دەتوانم بڵێم ڕاسیزمانە هێرش دەکرێتە سەر هۆرامی و بادینی زمانەکانەوە. زۆرێک لە نووسەرانی سۆرانی، دژی ئەوەن کە هۆرامی و بادینی لە ناوچەکانی خۆیان بەزمانی خۆیان بخوێنن. ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکی زۆر ترسناکە بۆ هەستێکی ڕاسیزمانە دژ بەم ناوچانە. سەیر دەکەی، چۆن تورکێک ناهێڵێ کرمانجێک بە زمانی خۆی بخوێنێ، گوایە بەم شێوەیە نەتەوە لە یەکتری جیادەکرێتەوە، بەهەمان شێوەش هەندێک لە سۆرانییەکان دەڵێن، گەر هۆرامی و بادینی بە زمانی خۆیان بخوێنن، ئەوا نەتەوەی کورد پەرتەوازە دەبێ.

کورد لەبەرامبەر کولتووری تورک و عەرەب و فارس و ئەوروپاییدا، زۆر دڵکراوە و تۆڵەرانسە، بەڵام لەبەرامبەر کولتووری خۆیدا زۆر تووندڕەوە. نەبوونی نەفەسی ئازادیی کولتووری لە کوردستاندا، ترسێکی گەورەیە بۆ سەر ئێستا و داهاتووی کوردستان.

## دواوشە

لە پاش ئەم چەند دێرە لەبارەی ئازادییەوە، لەسەر ئەم گەشتە کورتەمان بەناو مێژووی چەمکی ئازادیدا، دەتوانم بڵێم: چەمکی ئازادی یەکێکە لە چەمکە گرینگ و پڕبایەخەکانی فکر و فەلسەفەی جیهان. ئازادی پێویستیەکی ئێجگار گرینگە بۆ بەردەوامێی ژیانی مرۆڤایەتی. ئازادی و بوونی مرۆڤ، دوو شتی بەیەکترەوە بەستراون، هیچ وەختێکیش ناتوانرێ لە یەکتری جیابکرێنەوە، گەر جیاشبکرێنەوە، ئەوا تەنیا ماوەیەکی کورت دەخایەنێ.

هیوادارم لەبارەی ئەم چەمکەوە، هەندێک زانیاریم بە خوێنەری هێژا دابێ و تیشکێکم خستبێتە سەر ئەم چەمکە گرینگەی ژیان.

سەرچاوەکان:


١. ئایزایا بێرلین. ئازادی و خائینانی. وەرگێڕانی: مەنسوور تەیفووری. دەزگەی چاپ و پەخشی موکریان. چاپی یەکەم. هەولێر ,٢٠١٠ ل,٦٤

٢. دکتۆر نەبیل عەبدولحەمید. تۆماس هۆبز و ڕێبازە ئاکاری و ڕامیارییەکەی. وەرگێڕانی. دکتۆر محەمەد شوانی. دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات. چاپی یەکەم ,٢٠١٢

3. Ursprung der Familie, des Privateigentums und des Staat.Friedrich Engels /www.marxists.org/deutsch

٤. عادل باخەوان. ئاین چییە؟ چاپی یەکەم. دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم ,٢٠٠٨ سلێمانی. ل,١٧

٥. ماکس هۆرکهایمەر، تیۆدۆرف ئەدۆرنۆ. دیالیکتیکی ڕۆشنگەری. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: هاوژین مەلا

ئەمین. لە بڵاوکراوەکانی نێوندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی. چاپی یەکەم ,٢٠١١ ل ٣٣,

٦. دکتۆر نەبیل عەبدولحەمید. تۆماس هۆبز و ڕێبازە ئاکاری و ڕامیارییەکەی. وەرگێڕانی. دکتۆر محەمەد شوانی. دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات. چاپی یەکەم ,٢٠١٢ ل ٩١,

٧. ڕامین جەهانبەگلو. دەسەڵات و ئازادی. وەرگێڕانی: عەتا جەمالّی. دەزگەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. چاپی یەکەم ,٢٠٠٩ ل ٤٧,

٨. جۆن لۆک. نامەیەک دەربارەی لێکبووردن. وەرگێڕانی: شۆڕش جوانڕۆیی – فەرشید شەریفی. خانەی وەرگێڕان. چاپی یەکەم ,٢٠٠٤ ل ٧٩,

٩. هەمان سەرچاوە. ل ٥٩–, ٦١

١٠. د. زەکەریان ئیبراهیم. کێشەی ئازادیی سیاسی. وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد. دەزگەی وەرگێڕان. چاپی یەکەم ,٢٠١١ ل ١١,

١١. هەمان سەرچاوە.

١٢. هەمان سەرچاوە. ل ١٧,

١٣. ڕامین جەهانبەگلو. دەسەڵات و ئازادی. وەرگێڕانی: عەتا جەمالّی. دەزگەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. چاپی یەکەم ,٢٠٠٩ ل ٨٥,

١٤. هەمان سەرچاوە. ل ١١١,

١٥. هەمان سەرچاوە. ل ١١٤,

١٦. هەمان سەرچاوە. ل ١١٥,

١٧. مۆنتسکیۆ. ڕۆحی یاساکان. وەرگێڕانی: ئیدریس شێخ شەرەفی. چاپی دووەم. دەزگەی وەرگێڕان. هەولێر. ل ٧١,

١٨. هەمان سەرچاوە. ل ٩٨,

19. Bertrand Russell. Philosophie des Abendlandes. dieübertragung aus dem Englischen von: Elisabeth Fischer _Wernecke und Ruth Gillischewski. Europa Verlag. 10 Auflage. 2001. 693

٢٠. جان جاک ڕۆسۆ. پەیمانی کۆمەڵایەتی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محمد صابر. چاپی یەکەم. چاپ و پەخشی ڕێنما ,٢٠٠٥ ل ٦٠–, ٦١

٢١. هەمان سەرچاوە. ل ٦٨,

٢٢. هەمان سەرچاوە. ل ٧٠,

٢٣. د. زەکەریان ئیبراهیم. کێشەی ئازادیی سیاسی. وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد. دەزگەی وەرگێڕان. چاپی یەکەم ,٢٠١١ ل ٤٨,

٢٤. هەمان سەرچاوە. ل ٥٩,

٢٥. هەمان سەرچاوە.

هەوالنامەی کێبڕکێ

26. www.daniel-von-der-helm.com/kant/kant-philosophie

27- Zum ewigen Frieden. Immanuel Kant. Akademie Verlage.2011

٢٨. رامین جەهانبەگلو. دەسەڵات و ئازادی. وەرگێڕانی: عەتا جەمالّی. دەزگەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. چاپی یەکەم ,٢٠٠٩ ل,١٦٢

٢٩. چەند تێکستێکی وەرگێڕاو. نووسینی: چەند نووسەرێک. وەرگێڕانی، ڕێبین هەردی. چاپی دووەم، خانەی وەرگێڕان. سلێمانی ,٢٠١١ ل,١٢٨

30. Zum ewigen Frieden.Immanuel Kant.Akademie Verlage.2011.

٣١. ئایزایا بێرلین. ئازادی و خائینانی. وەرگێڕانی: مەنسوور تەیفووری. دەزگەی چاپ و پەخشی موکریان. چاپی یەکەم. هەولێر ,٢٠١٠ ل,٩٦

٣٢. هاشم صالح. من هیغل ونابلیون إلی هابرماس وبوش. سایتی الاوان.

٣٣. ئایزایا بێرلین. ئازادی و خائینانی. وەرگێڕانی: مەنسوور تەیفووری. دەزگەی چاپ و پەخشی موکریان. چاپی یەکەم. هەولێر ,٢٠١٠ ل,١٢٠

34. Friedrich_Nietzsche.www..wikiquote.org

٣٥. هەمان سەرچاوە.

٣٦. د. زەکەریان ئیبراهیم. کێشەی ئازادیی سیاسی. وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد. دەزگەی وەرگێڕان. چاپی یەکەم ,٢٠١١ ل,٧٢

٣٧. هەمان سەرچاوە. ل,٨٠

٣٨. هەمان سەرچاوە. ل,٨١

٣٩. ئایزایا بێرلین. ئازادی و خائینانی. وەرگێڕانی: مەنسوور تەیفووری. دەزگەی چاپ و پەخشی موکریان. چاپی یەکەم. هەولێر ,٢٠١٠ , ل,٨٨

٤٠. د. زەکەریان ئیبراهیم. کێشەی ئازادیی سیاسی. وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد. دەزگەی وەرگێڕان. چاپی یەکەم. ,٢٠١١ ل,٧٦

٤١. هەمان سەرچاوە. ل,٧٦

٤٢. ئەردەڵان عەبدوڵا. چەند دێرێک لەبارەی ئاینی بوداییەوە. کۆواری واتە. ژ ١٦.

٤٣. ئەریک فرۆم. شۆڕشی هیوا. وەرگێڕانی: هەژار جوانڕۆیی، چاپی یەکەم. چاپ و پەخشی ڕێنما. ل٥٨.

٤٤. هەمان سەرچاوە، ل٧٥.

٤٥. چەند تێکستێکی وەرگێڕاو. نووسینی: چەند نووسەرێک. وەرگێڕانی، ڕێبین هەردی. چاپی دووەم، خانەی وەرگێڕان. سلێمانی. ,٢٠١١ ل٦٤.

٤٦. هەمان سەرچاوە. ل١٢٤.

هەوڵنامەی کتێب

# شەڕی نێوان ئاین و عەقڵی مۆدێرن
# خوێندنەوەیەک بۆ تێڕوانینی والتەر ستیس

شەیما مەلا یوسف

ئاخۆ ئێمە لە کوێی شەڕی نێوان ئاین و عەقڵی مۆدێرندایین؟

ئاخۆ ئەو چارەسەرە کامەیە بۆ ئەو شەڕەی کە لەناو ئاوەزی (ژهنی) مرۆڤی مۆدێرندا خۆی دەبینێتەوە؟

ئەوڕۆ مرۆڤ لەڕووی زانستییەوە شارەزایی زیاتری هەیە، کەمتریش باوەڕ بە ڕاستییەکان دەکات، ئەمەش وای لێدەکات کە زیاتر دوودڵ و شڵەژاو و نائارامتر بێت. مرۆڤ پێویستی بە ئاین و عەقڵیش هەیە، ئەی کەواتە چارەسەر چییە؟

مرۆڤ چۆن دەتوانێ پارێزگاری لە هەردووکیان بکات، لەحاڵەتێکدا لەو باوەڕدایە کە هەردووکیان دوو شتی دژ بەیەکن و هیچ شتێکیش کۆیانناکاتەوە، دەبێ یەکێکیان ئەوی تریان لەناوبەرێ، کەواتە چارەسەر چییە؟

عەقڵ چۆن دەتوانێت کێشەی ئیمانی چارەسەر بکات لەکاتێکدا خودا لە قورئاندا دەفەرمێ:"إژ قال ڕبک للملائکه انی خالق بشرا من گین" لە بەرامبەریشدا چارلس داروین تیۆرییەکی تری بۆ دروستبوونی مرۆڤ هەیە.

فەیلەسووفی ئینگلیز والتەر ستیس (Walter T. Stace1886- 1968) چارەسەرێکمان بۆ ئەم کێشەیە دەداتێ. ئەو لە کتێبەکەیدا (ئایین و عەقڵی مۆدێرن) هەوڵی داوە چارەسەرێکی تەوفیقی بۆ کێشەی نێوان تێڕوانینی زانست یان وەکو خۆی پێدەڵێت "مەزهەبی سروشتی" و تێڕوانینی ئایینی بۆ دنیا بدۆزێتەوە. ئەو لەم کتێبەیدا باسی چۆنێتی دروستبوونی ئەم شەڕە دەکات و زۆر بە وردی باسی کێشەی نێوان ئایین و عەقڵ دەکات. ئەویش لەڕێگەی جەختکردن لەسەر سێ تەوەری سەرەکی.

.....

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا

سەرەتا هاتووە باس لە تێڕوانینی دنیا دەکات لە سەردەمی سەتەکانی ناڤیندا، پاشان تێڕوانینی دنیا لەسەردەمی مۆدێرندا، دواین جاریش باس لە کێشەکانی دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆمان دەکا.

## تێڕوانینی دنیا لە سەردەمی سەتەکانی ناڤیندا

لێرەدا مەبەستمان لە "تێڕوانینی دنیا" تێڕوانینی مرۆڤە بۆ دنیا، ئەو بۆچوونە گشتییانەی کە لەناو ئاوەزی مرۆڤدا هەبوون لەبارەی سروشتی دنیا و شوێنی ئەو لەم دنیایەدا.

ئەم تێڕوانینەی مرۆڤ بۆ دنیا لە سەردەمی سەتەکانی ناڤیدا، جیاوازە لە تێڕوانینی مرۆڤ لە سەردەمی مۆدێرن. لەکاتێکدا ڕووداوەکان هەمیشە کاریان بۆ ئەوە کردووە کە کاربکەنە سەر گۆڕینی تێڕوانینەکانی مرۆڤ، لەسەتەکانی ناڤیندا ئەم کاریگەرییە هێواش بووە، بەڵام لەسەتەی حەڤدەدا زۆر ڕیشەیی و شۆڕشگێڕانە بووە.

لەسەتەکانی ناڤیندا، سێ فکرەی فەلسەفی بەسەر ئاوەزی مرۆڤدا زاڵ بوون. ئەو گۆڕانکارییەش کە بەسەر ئەم سێ فکرانەدا هاتووە توانیی تێڕوانینی مرۆڤ بۆ دنیا بگۆڕێت. ئەو سێ فکرە فەلسەفییەش ئەمانە بوون:

١- خودا. ٢- هۆکاری دروستبوونی دنیا. ٣- سیستمی ئەخلاقیی دنیا.

### خودا

وشەی "خودا" مانای چی دەگەینێت؟ زۆر جار خەڵکی لەو باوەڕەدان هەرچەندە بە ڕوونیش دەری ناخەن، جاری واش هەیە دژی ئەوە دەوەستنەوە کە خودا، کیانێکی بەرجەستە کراوبێت، واتە عەقڵێکی هۆشیارە یان بە واتایەکی تر مەبەستیان "ڕۆح"ە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم عەقڵە "واتە خودا" لە شێوەی عەقڵی مرۆڤە لە ڕووی: پلاندانان و، مەبەستیشی لە دانانی ئەم پلانانەدا هەیە. واتە عەقڵێکی هۆشیارە، کۆمەڵێک فکرە و تێڕوانینی تایبەت بە خۆی و هەڵچوون و هەست و نەست و خۆشەویستی هەیە.

واش سەیری ئەم عەقڵە دەکرێت، کە مەزنترین و کاملترین و بەهێزترین و حەکیمترین عەقڵە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو عەقڵی مرۆڤ سەیر دەکرێت. چەندە مرۆڤی ئاسایی هەوڵبدات، ئەم عەقڵە بە عەقڵی مرۆڤ بشووبهێنێ، دەبێ بەناچاری ئەم فکرەیە بەسەر عەقڵیدا زاڵبێت، چونکە خاوەنی هیچ ئامرازێکی فکریی تر نییە بۆ ئەوەی لەم تێڕوانینە و شوبهاندنە دووری بخاتەوە، بۆ نموونە کاتێک مرۆڤ وا سەیری دروستبوونی دنیا لەلایەن خوداوە دەکات، وەکو دروستکردنی ماڵێکی ئاسایی.

تەنانەت گەر مرۆڤ هەوڵیش بدات کە ئەم شوبهاندنە لە ئاوەزی خۆی دووربخاتەوە، وەکو ئەوەی

که ئیدعای ئەوە بکات کە: دنیا لە هیچەوە دروستبووە، لەکاتێکدا مرۆڤ بۆ ئەوەی مانۆیک دروست بکات، دەبێ کۆمەڵێک ماددەی بیناسازیی هەبێت. بەڵام لەکۆتاییدا دروستکردنی دنیا هەر وەکو دروستکردنی مانۆیک دەشووبهێنێ، چونکە ئاوەز خاوەنی هیچ ئامرازێکی تر نییە بۆ ئەوەی لە مەفهووومی ئەم دروستکردنە تێ بگات.

کاتێکیش مرۆڤ بیر لە عەدالەتی خودا دەکاتەوە، ئەم عەدالەتە بە حوکمی عادیلانەی حاکمێک دەشوبهێنێت بەسەر هاوڵاتیانداا. کاتێکیش بیر لە سۆزی "ڕەحمەتی" خودا دەکاتەوە، لەو باوەڕدایە ئەم سۆزە وەکو سۆزی دایک وایە بۆ منداڵەکانی.

## هۆکاری دروستبوونی دنیا

کاتێک مرۆڤ بیر لە هۆکاری دروستبوونی دنیا دەکاتەوە، واتە هۆیەک هەیە بۆ دروستبوونی دنیا. هەوڵ دەدا تەفسیرێکی "هۆئامێز"_ بۆ تەواوی دیاردە سروشتییەکان بکات، واتە دۆزینەوەی "هۆیەک، ئارمانجێک". لەبەرامبەر ئەم تەفسیرەشدا ڕووبەڕوی تەفسیری " میکانیکی یان زانستی: دەبێتەوە. گەر تەفسیری هۆئامایز واتە دیاریکردنی ئارمانجێک بۆ ئەم ڕووداوە، ئەوا تەفسیری میکانیکی هەوڵ دەدا بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بگەڕێ: "بۆچی ئەمە ڕووی دا؟" واتە دۆزینەوەی هۆکارێک بۆ ئەم ڕووداوە. ئەمەش واتای ئەوە دەگەینێ، شرۆڤەکردنی دیاردەکان پشت بە یاسا سروشتییەکان دەبەستن، کە ئەویش مانای شرۆڤەکردن، لە ڕێگەی دۆزینەوەی هۆکارەکان، دەگەیەنێ.

بۆ نموونە: گەر کەسێک پارەی یەکێک بدزێ، ئەوا تەفسیری هۆئامێز پێی وایە: ئەم کەسە بۆیە ئەم پارەیەی دزیوە، چونکە ئارمانجێکی لەم کارەی هەیە، بۆ نموونە بۆ ئەوەی "نان بکڕێ"، لێ تەفسیری میکانیکی دەڵێ: ئەو کەسە بۆیە پارەی دزی، چونکە "برسی" بوو.

شەڕ و موجادەلەیەکی بێ مانا لە نێوان عەقڵی ئاینی، کە لە سەتەکانی ناڤیندا بەسەر مرۆڤدا زاڵ بوو و، لەگەڵ عەقڵی زانستی کە ئێستا بەسەر مرۆڤدا زاڵە، دروست بووە. هۆکاری ئەم دوو عەقڵییەتەش ئەم دوو تەفسیرە جیاوازەیە، تەفسیری هۆئامێز و تەفسیری میکانیکی. گەر تەفسیرێکییان ڕاست بێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە تەفسیرەکەی تریان هەڵەیە، چونکە هەردووکیان دوو تێڕوانینی دژ بەیەکن.

بۆ نموونە دیاردەی پەلکە زێڕینە، تەفسیری هۆئامێزی، واتە هۆ و ئارمانج چییە لە بوونی پەلکە زێڕینە، ئەوا پشت بە دەقی ئایینی دەبەستێ کە لە ئینجیلدا هاتووە و خودا دەڵێ: "ئەمە نیشانەی میساقی ئەبەدییە کە خۆم دروستم کردووە، لە نێوان خۆم و ئێوە و مەخلوقاتە زیندووەکانی تر کە لەگەڵ ئێوەدا دەژین، ئەم قەوسە کە لە ناو هەورەکاندا دروستم کردووە، وەکو نیشانەی میساقێکە لەنێوان خۆم و ئێوەدا".

بەڵام تەفسیری میکانیکی یان زانستی، بە جۆرێکی تر باس لە دیاردەی پەلکە زێڕینە دەکات، کە پشت بە یاساکانی زانستی سروشتی دەبەستێت، پێی وایە کە دروستبوونی پەلکە زێڕینە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ئەنجامی تێکشکان و تێکچوونی تیشکەکانی خۆرە لەپاش باران بارین.

تەفسیری هۆئامێز بۆ خوڵقاندنی "خۆر و مانگ و ئاژەڵ و ئاو و هەموو دیاردە سروشتییەکانی تریش" بەم شێوەیە. دەڵێ خودا هەموو ئەم دیاردە و شتانەی بۆ خزمەتی مرۆڤ خوڵقاندووە.

با وا بیربکەینەوە کە هۆ و ئارمانجێکی مەزن لە دروستبوونی دنیا هەیە، ئەمەش عەقڵێکی مەزن ئەم کارەی کردووە و نەخشەی بۆ کێشاوە. ئەمەش بنەوای تێڕوانینی ئاینی بوو بۆ دنیا، هەر ئەم تێڕوانینەش لە سەتەکانی ناڤیندا خۆی بەسەر عەقڵیەتی مرۆڤدا زاڵ کردبوو.

## دنیا وەکو سیستمێکی ئەخلاقی

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم فکرەیە، باسی ئەو بۆچوونانە دەکەین کە بیرمەندە میتافیزیقییە ئەڵمانەکان لە سەتەی نۆزدەدا نووسیویانە: شێوازی ئەخلاقی بۆ گەردوون کە لەسەر بنەوای نەخشەیەکی هۆشیارانە لەناو ئاوەزی مرۆڤدا هەیە و، ئەم شێوازەش لە دەرەوەی دنیا بوونی هەیە، ئەمەشیان ناونا "ئاوەزی کاملّ"، یان پاشتر ناویان لێنا "عەقڵی ڕەها".

میتافیزقییەکان لەو باوەڕەدابوون کە عەقڵی کاملّ سەرچاوەی هەموو بەها ڕۆحییەکانە بەتایبەتی هەرسێ بەهای: هەق، چاکە، جوانی. بۆ نموونە مەفهوومی "چاکە" پشت بەو چاکەیە_ دەبەستێ کە لەناو عەقڵی کاملّدا هەیە، واتە کاتێک ئەو شتە خێرە، کە لەلای عەقڵی کاملّ بە "خێر" دادەنرێ.

بەم شێوەیە بۆچوونیان بۆ گەردوون لەوەدا کۆ دەبێتەوە کە لە بوونی گەردووندا هۆ و ئامانجێک هەیە و، ئەم ئامانجەشەش "چاکە"یە. ئەمیش سیستمێکی ئەخلاقیی چاکەی دروستکردووە، کە بەرەو سەرکەوتنی چاکە دەڕوات. دیارە هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەم بۆچوونە هەر ماوە.

بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی بۆچوونی ئاینییانەیان هەیە، لەو باوەڕەدان کە لە کۆتاییدا هەر چاکە سەردەکەوێ، یان لە شتەکاندا جۆرە ڕاستییەکی بەهێز هەیە، کە بەرەو چاکە دەڕوات، تەنانەت گەر ئەم "چاکەیەش" هێز و توانایەکی بەهێزی واشی نەبێت لە دنیادا دەربکەوێ، ئەوا لە کۆتاییدا هەر دەردەکەوێ. ئەمەش ڕێک وەکو ئەوەی کە گەردوون کائینێکی زیندووبێ وایە، بەڵام نەک وەکو کائینێکی هۆشیار، بۆ نموونە وەکو درەخت کائینێکی زیندوو نییە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەیەکی هۆشیارانەی هەیە کە بەناو قوڵاییدا شۆڕ دەبێتەوە بۆ "ئارمانجێکی" دیاریکراو، ئەو ئارمانجەش گەڕان بە دوای تەڕییە لەناو زەویدا، کە ئەمیش هەڵسوکەوتی دیاری دەکات. بەم شێوەیە گەردوونیش، بەپێی تێڕوانینی ئەمان، ئارمانجێکی هەیە، ئەم ئارمانجەش هەڵسوکەوتەکانی بەرەو چاکە دەبا.

دیارە ئەم تێڕوانینەش هیچ جیاواز نییە_ لەو تێڕوانینە ئەخلاقییەی کە مرۆڤ لە سەتەکانی ناڤین هەیبوو. ئەمیش لەو باوەڕەدایە کە بەها ئەخلاقییەکان پشت بە ئیرادەی "خودا، ڕەها، عەقڵی کامڵ، ڕۆح" دەبەستن و، مرۆڤیش خاوەنی هیچ جۆرە ئیرادەیەک نییە. ئەمەشیان ناو لێنا "بابەتیبوونی بەها ئەخلاقییەکان".

## تێڕوانینی مرۆڤ بۆ دنیا لە سەردەمی مۆدێرندا

دەرکەوتنی داهێنانە جیۆلۆجییەکان ئەوەیان دەرخست کە تەمەنی زەوی دەگاتە نێزیکەی شەش هەزار ساڵ، ئەمەش دژ بە تێڕوانینی سەتەی کۆن بوو، کە پێی وابوو زەوی لەماوەی شەش ڕۆژدا دروستبووە.

پاشانیش تیۆریی داروین پەیدابوو، کە داڕمان و شڵەژانێکی گەورەی لەناو عەقڵی ئاینیدا دروستکرد، کاتێک داروین گوتی کە دروستبوونی مرۆڤ پێوەندیی بە ئاژەڵەوە هەیە (مرۆڤ لە مەیموونەوە دروستبووە). ئەمە و چەندان داهێنانی تری نوێ، کە بۆچوونەکانی ناو کتێبە پیرۆزەکانیان تووشی شۆکێکی گەورە کرد.

دیارە ئەمانەش تەنیا شۆکێک نەبوون بۆ تەمەنی زەوی یان مرۆڤ و شتی تر، بەڵکە ئەمە کودەتایەک بوو بەسەر هەموو تێڕوانینە ئاینییەکاندا. دیارە زانستی جیۆلۆجیا و تیۆریی پێشکەوتن "داروین" لەسەتەی حەڤدەدا، تواناییان بەتەواوەتی مەفهوومی مرۆڤ بۆ دنیا بگۆڕن.

بەڵام ئەوەی کە بووبووە دوژمنی سەرەکیی ئیمانی ئاینی، بریتی بوو لە زانستی گەردوونناسی، بەتایبەتی لە سەتەی حەڤدەدا، هەڵوێستی تووندیان بەرامبەر بە داهێنانەکانی زاناکان بەتایبەتی کابلەر و گالیلۆ وەرگرت.

لێرەدا باسی هەندێک لە زانا و داهێنانەکانیان دەکەین:

پێش کۆپەرنیکۆس (١٤٧٣–١٥٤٣) ئەو باوەڕەی کە لەوکاتەدا بڵاوبوو بریتی بوو لە تیۆریی جیوسەنتەری (سەنتەربوونی زەوی)، هەر لە سەردەمی کۆنەوە خەڵکی بەتەواوەتی تەسلیمی ئەم بۆچوونە بووبوون، لە سەتەی دووەمیشدا، زانای گەردوونناس (بتلیموس) ئەم تیۆرییەی پێشتر خست، ئەم تیۆرییەش پشتی بەو ڕاستییە دەبەست، کە زەوی سەنتەر (چەقی) گەردوونە و، هەموو ئەستێرەکانیش بە شێوەیەکی بازنەیی بەدەوری زەویدا دەسووڕێنەوە. کۆپەرنیکۆسیش هات و ئەم تیۆرییەی (سەنتەربوونی زەوی) ڕەتکردەوە و لەناوی برد، لە جێگەی ئەو تیۆریی (هلیۆسەنتەریزم، سەنتەربوونی خۆر)ی دانا. بەڵام کۆپەرنیکۆس نەیتوانی بە بەڵگە ڕاستیی ئەم تیۆرییەی بسەلمێنێ، بەڵکە لەپاش ئەو نیوتن توانیی بە بەڵگە ڕاستیی ئەم تیۆرییە بسەلمێنێ.

بۆ ماوەی سەتەیەکی تەواو، خەڵکی ئامادەنەبوون مل بۆ ئەم تیۆرییە بدەن، تەنانەت زاناکانیش دژ بوون. نیو سەتە پاش کۆپەرنیکۆس (تیکوبراهی) پەیدابوو، ئەمیش زانایەکی گەردوونناسی

دەنیمارکی بوو، کە لە بواری بینینی ئەستێرەکاندا پسپۆر بوو. ئەو یەکەمین کەس بوو کە (مرصدی فەلەکی)ی داهێنا و توانیی ئامێرێکی نوێ دابنێت، کە لەڕێگەیەوە بتوانرێ بە جوانی ئەستێرەکان ببینرێن، هەروەها ئامێرێکی تری داهێنا، کە دەتوانرێ لە ڕێگەیەوە دووریی ئەستێرەکان و ڕووبەرەکانیان دیاری بکا.

بەم شێوەیەش چارەسەرێکی تەوافقیی دۆزییەوە، کە ئەمەش داهێنانێکی مەزن بوو لە سەردەمی خۆیدا و هەندێک ڕەوشەکەی ئارامکردەوە. ئەو پێی وا بوو: زەوی ناجوولێ و خۆر بەدەوری زەویدا دەسووڕێتەوە، بەڵام هەندێک ئەستێرەی تر بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە، نەک زەوی، هەروەک هەندێک کەس لەو باوەڕەدان.

لەپاش ئەمیش (کابلەر ١٥٧١–١٦٣٠) پەیدابوو کە شاگردی خۆی بوو. ئەو پشتی بە داهێنانەکانی تیکوبراهیی مامۆستای بەست. مەزنترین داهێنانی ئەمیش بریتی بوو لە: ئەستێرەکانی تر بە شێوەیەکی (هێلکەیی) بە دەوری زەویدا دەسووڕێنەوە نەک بە شێوەیەکی بازنەیی. هەر ئەمەش وای لێکرد کە ببێتە مەزنترین زانای سەردەمەکەی خۆی و بەم شێوەیەش توانیی سنووڕێک لەنێوان زانستی مۆدێرن و زانست لە سەردەمی ناڤێندا دابنێت.

لە سەردەمی ناڤین و پێشتریشدا، زاناکان و بیرمەندەکان لەو باوەڕەدابوون کە ڕاستی لەڕێگەی کۆمەڵێک پرەنسیبی پێشوەختەوە کەشف دەکرێ، بەڵام کابلەر داهێنانێکی گەورەی کرد و پێی وابوو، کە تەنیا لەڕێگەی بینین و پراکتیزەوە دەتوانین ڕاستی کەشف بکەین.

ئەو باوەڕەی کە لە سەردەمی ئیغریقەوە بەسەر دنیادا زاڵ بوو (تەنانەت ئەفلاتونیش)، پێیان وابوو، بوونی ئەستێرەکانی گەردوون، بوونێکی پیرۆزی خودایین، و بازنەش باشترین شێوەی ئەندازەییە. گەر ئەستیرەکانیش بوونێکی پیرۆزی خودایی بن، ئەوا دەبێ جوولەکانیشیان کامڵ بێ، واتە دەبێ بە شێوەیەکی بازنەیی بێ. ئەم بۆچوونانەش پرەنسیبێکی پێشوەختی بوون، پشتیان بە بینین و پراکتیزەبوونی تیۆری لە واقعدا نەدەبەست.

کاتێکیش دێینە سەر گالیلۆ (١٥٦٤–١٦٤٢) ڕووبەڕوی ئەم پرسیارە دەبینەوە: بۆچی تەنیا ئەو، هەموو ئەم شۆرەتە گەورەیەی پەیدا کرد و ئەوانی پێش خۆی بەم شێوەیە شۆرەتییان پەیدا نەکرد؟

چونکە داهێنانەکانی گالیلۆ بوون کە توانییان بە شێوەیەکی ڕیشەیی کۆتایی بە بۆچوونە ئاینییەکان لە بواری گەردوونناسیدا بهێنن، بەم شێوەیەش شەڕێکی توند لەنێوان کڵێسا و زانست پەیدابێت.

گالیلۆ یەکەمین تەلیسکۆپی فەلەکیی دروستکرد و ئاڕاستەی مانگی کرد. هەروەها ئەوەشی کەشفکرد، کە ئەستێرەکان هەموویان لە شێوەی تۆپێکی کاملدا نین، بەڵکە تۆپێکی لۆچدار و خواروخێچن کە دۆڵ و نشێوی زۆری تێدایە. چونکە پێشتر پێیان وابوو هەموو ئەستێرەکان شێوەیەکی تۆپی خڕیان هەیە، چونکە ئەمانە ئەستێرەی خودایین و دەبێ شکڵی بازنەی خڕیان

هەبێ، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە دەبێ سووڕانەوەکەشیان شێوەیەکی بازنەیی هەبێ، چونکە ئەمانە ئەستێرەی خودایین، بازنەش تاکە شکڵی کامڵە.

لەلایەکی ترەوە گەر لەسەر مانگ شاخ و دۆڵ هەبێ، بەو شێوەیەی کە لەسەر زەوی هەیە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو ماددە زبر و تونده‌ی کە زەویی لێ دروستکراوە، بەهەمان شێوە مانگیش هەر لەم ماددە زبر و تونده دروست کراوە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەستێرەکانی تر لە ماددەیەکی تایبەتی دروستنەکراون، کە پێیان وابوو لە گەوهەر دروستکراون (یان شێوازێکی خودایی)، چونکە ئەمانە مووڵکی خودان و دەبێ لە ماددەیەکی تر دروستکرابن.

ڕووداوێکی تر ئەوەبوو، کە گالیلۆ پێی وابوو کە مەریخیش وەکو زەوی چوار مانگی هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە زەویش وەکو مەریخ ئەستێرەیە و، بەم شێوەیە زەویش وەکو مەریخ بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە. لەوکاتەدا هەموو زاناکان دژی ئەم تیۆرییە وەستانەوە. کاتێکیش داوای لێکردن کە بێن لە تەلیسکۆپەکەیەوە سەیری مەریخ بکەن، ڕازی نەبوون، چونکە ئەوان گوتیان ئەم شتە دەبێتە هۆی شڵەژان و گومان دروستکردن لە ئیمانی ئایینییان.

گالیلۆ داهێنانێکی مەزنی تریشی کرد، کە ئەویش یاسای جووڵە بوو، کە پاشتر نیوتن پێشیخست. ئەرستۆ بۆچوونێکی داهێنا، کە هەتاوەکو سەردەمی گالیلۆش باوبوو، ئەویش ئەوەبوو: گەر تۆ لەڕێگەیەکی پێچ وپەنا و خوارووخێچدا پاڵ بە عەرەبانەیەکەوە بنێیت، پاشان لە پاڵ پیوەنانی بوەستی، ئەوا پاشتر عەرەبانەکە هێواش دەبێتەوە و پاشانیش ناتوانێ بجووڵێ، چونکە هیچ هێزێک نییە کە بۆ پێشەوە پاڵی پێوە بنێت، هەموو سەرنجە ڕۆژانەکانیشمان ڕاستیی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن.

کۆڵەکەی ئەم تیۆرییەش ئەوەبوو کە دەیگوت: دەبێ جۆرە هێزێک هەبێ هەتاوەکو پارێزگاری لە جووڵەی جەستەیەک بکا، ئەمەش بە بۆچوونی ئەرستۆ، یەکێک بوو لەیاساکانی سروشت. ئەم یاسایەش بەسەر ئەستێرەکانی ئاسماندا دەسەپێنرێ، هەر دەبێ هێزێک هەبێ کە پاڵ بە جووڵەی ئەستێرەکانەوە بنێ، ئەو هێزەش بریتییە لە ڕۆح و فریشتە خوداییەکان.

پاشان نیوتن (١٦٤٢–١٧٢٧) هات و داهێنانەکانی (کۆپەرنیکۆس، تیکوبراهی و کابلەر و گالیلۆ)ی تەواو کرد. ئەو هات یاسای جازبیەت (هێزی ڕاکێشان)ی زەویی داهێنا، بەم شێوەیەش یاسا کۆنەکەی جووڵەی لەناوبرد کە پێی وابوو ڕۆح و فریشتەکان لەپشت هەموو جووڵەیەکی ئەستێرەکانەوەن.

جێگەی گوتنە نیوتن مەسیحییەکی ئیماندار بوو، باوەڕی زیاتر بە ئایین هەبوو تاوەکو زانست، لەوانەبێ خۆشی باوەڕی ئەوەی نەکردبێ کە ئەو داهێنانەی ئەو دەبێتە هۆی تێکچوون و شڵەژانی گەورەی باوەڕی ئاینی. ئەو لەو باوەڕەدابوو کە ئەم تیۆرییەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەڵگەی زیاترمان بداتێ بۆ ئەوەی باوەڕ بە بوونی خودا بکەین.

نیوتن دەڵێت:

"ئەو جووڵەیەی کە ئەستێرەکان لەسەری دەڕۆن، ناکرێت لەخۆڕا پەیدابووبێ، بەڵکە دەبێ کەسێکی ژیر لە پشت ئەم جووڵەیەوە بێت، چونکە هیچ ڕێی تێ ناچێت هەموو ئەستێرەکان لەسەر هەمان ڕێگە و سنووردا بجووڵێن، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک ڕووبدات، ئەمەش تەنیا لەڕێگەی پلانێکی ژیرانەوە دەبێ. گەر ئەستێرەکان لە جووڵەکەیان خێرابن و، گەر ئەو بڕەی کە ماددەی خۆر لێی دروستبووە، زۆر بێت یان کەم بێت و، هەموو ئەم جۆرە ئەستێرانە بە ئاسمانەوەن، ناکرێ هەموو ئەم شتانە بە کارێکی خۆڕسکی دابنێین، بەڵکە ئەمە کارێکی مەزنی میکانیک و هەندەسیی گەورەیە."

دیارە لێرەدا کە باس لە کارێکی مەزنی میکانیک و هەندەسیی گەورە دەکا، مەبەستی "خودا"یە.

بیانووی نیوتن بۆ (بەڵگەی مەزن) لە بوونی خودا و، کرۆکی ئەم بەڵگەیەش ئەوەبوو کە هەر دەبێ عەقڵێکی مەزن پلان و نەخشەی بۆ ئەم سیستمی سروشتە دارشتبێ. دیارە کاتێک لێرەدا کە باس لە تیۆرییەکەی نیوتن (بەڵگەی سیستمی گەردوونی) دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە کە گومان بخەینە سەر بوونی خودا، بەڵکە مەبەستمان ئەوەیە بڵێین، پشتبەستن بە یاسا سروشتییەکان و کردنیان بە بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی بوونی خودا، هیچ مانایەکی نییە و ناتوانێ (بوون) یان (نەبوونی) خودا بسەلمێنێ، چونکە زانستی سروشت دوو شتی بێ لایەنن و هیچ پێوەندییان بە ئاینەوە نییە.

کرۆکی ئەم بەڵگەیە لەوەدا بوو کە دەیگوت دەرئەنجامەکان لە ڕێگەی دەرئەنجامە سروشتییەکانەوە دروست نەبوون، بەڵکە ئارمانجی جۆرە عەقڵیەتێکی تایبەتە. بۆ نموونە: چاو، گەر چاوی مرۆڤ یان ئاژەڵ بێت، ئامرازێکە کە لە کۆمەڵێک بەش پێک دێت، وەکو پێڵو و سپێتی و ڕەشێتی... هتد و، هەر بەشێکیش لە کۆمەڵێک بەشی بچووکتر پێک دێت. بەڵام پێویستە هەموو ئەم بەشانە پێکەوە کاربکەن بۆ ئەوەی بتوانن کاری "بینین" بە ئەنجام بگەیەنن. کەواتە کرداری بینین "ئارمانجە"، ڕێککەوتنی نێوان بەشەکانیش "وەسیلەیە"، بەم شێوەیە بینین لەئەنجامی ڕووادانی هۆکاری سروشتی نەبووە، بەڵکە ئەمە ئارمانجی عەقڵێکی تایبەتە، بەم شێوەیە کرداری بینین ڕووناداو گەر ئەمە ئارمانجی عەقڵێک نەبێت و، بەم شێوەیەش هەموو دیاردە سروشتییەکانی تریش بە "صدفە، ڕێکەوت" ڕوونادەن، و ناکرێ هەموو یاسا سروشتییە ئاڵۆزەکان هەر لە خۆڕا ڕووبدەن، بەبێ ئەوەی یەکێک بەشێوەیەکی جددی پلانیان بۆ دابنێ.

ئەو خەڵکانەی کە بەم شێوەیە بیردەکەنەوە ڕووداوەکان بەکاردەهێنن، بۆ ئەوەی بۆچوونی "وەسیلە و ئارمانج" بسەلمێنن، واتە بەهای تایبەتی بە شتەکان دەدەن. باشە کەواتە بۆ ناڵێن کە بەشەکانی چاو لەناو خۆیاندا ڕێککەوتوون بۆ ئەوەی نەبینن "ئەو کەسە کوێر بێت"؟ یان بڵێن هۆکارەکان لەناو خۆیاندا ڕێککەوتن و بووە هۆی دروستبوونی کارەساتی تسونامی لە ساڵی

(٢٠٠٥)، كه بوو به‌هۆی كوشتنی زیاتر له ١٦٠ هه‌زار مرۆڤ. گه‌ر ئه‌و عه‌قڵه هه‌موو "جوانی و چاكه و عه‌داله‌تی" له سروشتدا خوڵقاندبێ، ئاخۆ هه‌ر ئه‌م عه‌قڵه‌شه كه "خراپه"ی خوڵقاندووه؟ ئاخۆ ئه‌م عه‌قڵه مه‌یلی بۆ "خراپه" هه‌یه؟ یان عه‌قڵێكی تره "خراپه" دەخوڵقێنێ؟

پێده‌چێ ئه‌م بۆچوونه بۆ شرۆڤه‌كردنی ڕووداوه "چاكه"كان دروست بێ، لێ پێده‌چێ بۆ ڕووداوه "خراپ"ه‌كان دروست نه‌بێ. له‌به‌ر ئه‌وه پێده‌چێ گریمانه‌ی "ڕێكه‌وت، صدفه" باشتر بێ، چونكه شته چاك و خراپ و دزێوه‌كان به‌یه‌ك شێوه شرۆڤه دەكا، كه‌واته ئه‌و به‌ڵگانه‌ی كه پشت به هێزی سروشتی ده‌به‌ستن، هیچ به‌هایه‌كیان نامێنێ.

ئینجا ئێستا با وێنه‌یه‌كی تری ئه‌م تێڕوانینه بخه‌ینه ڕوو، گه‌ر بێت و میكانیكی ئه‌ستێره ئاسمانییه‌كان نه‌توانن به‌ڵگه‌ی بوونی خودامان بۆ بسه‌لمێنن، ئاخۆ مانای ئه‌وه دەگه‌یه‌نێت، كه خودا بوونی نییه؟، به دڵنیاییه‌وه نه‌خێر. چۆن؟، با ئێستا دیسانه‌وه باسی ئه‌و داهێنانه‌ی گه‌ردوونناسی بكه‌ینه‌وه، كه پێشتر له لاپه‌ڕه‌كانی پێشوودا باسمان كرد:

زه‌وی به دەوری خۆردا دەسووڕێته‌وه و، به پێچه‌وانه‌وه خۆر به دەوری زه‌ویدا ناسووڕێته‌وه (تیۆرییه‌كه‌ی كۆپه‌رنیكۆس).

ئه‌ستێره‌كانی تر به شێوه‌یه‌كی (هێلكه‌یی) به دەوری زه‌ویدا دەسووڕێنه‌وه نه‌ك به شێوه‌یه‌كی بازنه‌یی (تیۆرییه‌كه‌ی كابله‌ر).

هه‌موو جه‌سته جوواڵه‌وه‌كان به خێراییه‌كی زۆر دەتوانن به‌رده‌وامی به جووڵه‌ی خۆیان بده‌ن، گه‌ر بێت و هێزێك كار نه‌كاته سه‌ر جووڵه‌یان (تیۆرییه‌كه‌ی گالیلۆ).

یاسای ماگنێتی "جازبییه‌ت" تیۆرییه‌كه‌ی نیوتن.

هه‌موو ئه‌م ڕاستییانه هیچ به‌هایه‌كی وایان نییه بۆ ئه‌وه‌ی نه‌بوونی خودا بسه‌لمێنن. ئاخۆ ناتوانین له حاڵه‌تی سووڕانه‌وه‌ی زه‌وی به دەوری خۆردا بوونی خودا بسه‌لمێنین، یان به پێچه‌وانه‌وه گه‌ر خۆر به دەوری زه‌ویدا بسووڕێته‌وه ناتوانین بوونی خودا بسه‌لمێنین؟ ئاخۆ كاتێك خودا بوونی هه‌یه، گه‌ر ئه‌ستێره‌كان به شێوه‌یه‌كی بازنه‌یی بسووڕێنه‌وه و، هیچ جۆره بوونی نییه گه‌ر ئه‌ستێره‌كان به شێوه‌یه‌كی هێلكه‌یی بسووڕێنه‌وه؟ ئاخۆ كاتێك خودا بوونی هه‌یه، كه یاساكانی ئه‌رستۆ پراكتیزه بكه‌یه‌ن و، له‌كاتێكیشدا یاساكانی نیوتن پراكتیزه بكه‌یه‌ن ناتوانین بوونی خودا بسه‌لمێنین؟

پێده‌چێ دژایه‌تییه‌ك له نێوان ئه‌و داهێنانه زانستییانه و تێزه ئاینییه‌كانی كلێسا له‌و كاته‌دا هه‌بووبێ، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌شه كلێسا هه‌موو ئه‌و داهێنانه فه‌له‌كییانه‌ی ڕه‌تكرده‌وه و دژیان وه‌ستایه‌وه، ئه‌م داهێنانانه بوون به‌هۆی دروستكردنی گومان له‌ناو مێشكی خه‌ڵكه ئیماندارەكاندا، كه به‌شێوه‌یه‌كی ته‌واوەتی باوەڕیان به‌هه‌موو وشه‌كانی ناو كتێبه پیرۆزەكان هه‌بوو.

دیاره كێشه‌كه ته‌نیا له نێوان زانست و ئاین نه‌بوو، پێوه‌ندیی به سووڕانه‌وه‌ی زه‌وی به دەوری

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

خۆرەوە یان بەپێچەوانەوە نەبوو، بەڵکە کێشەکە لەوەدا بوو کە ئەم داهێنانانە دژی کۆی تێڕاونینە گشتییە ئاینییەکان بوون بۆ دنیا و، هیچ پێوەندییان بە ئاینەوە نەبوو.

جێگەی گوتنە ئەو داهێنانانە، توانییان سێ باوەڕی سەرەکیی خەڵکە ئیمانداڕەکان بشڵەژێنن و تووشی شۆکیان بکەن:

١- خودایەک هەیە کە دنیای خوڵقاندووە.

٢- ئارمانجداریی گەردوون.

٣- دنیا بریتییە لە سیستمێکی ئەخلاقی.

هەموو ئەوەی کە تاوەکو ئێستا باسمان کرد بریتی بوو لەو داهێنانانە کە شۆڕشێکی زانستییان دروستکرد، ئەمانەش هیچ کامیان ناتوانن (بوون یان نەبوونی خودا) بسەلمێنن. بەڵام لەپاش پێشکەوتنی زانست لە سەتەی هەژدەدا، بوون بەهۆی سەرهەڵدانی ڕەوتێکی گوماناویی ئاینیی گەورە. پەیدابوونی ئەم ڕەوتە ئاینییەش لە خۆڕا نەبوو، بەڵکە تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندیی بەو شۆڕشە زانستییەوە بوو کە لە سەتەی حەڤدەدا پەیدابوو.

داهێنانەکەی نیوتن توانیی جۆرە هەستێکی وا دروست بکات، کە بوونی خودا دووربخاتەوە، گەر "هێزێکی نادیار" لە پشت جوواڵە و سووڕانەوەی ئەستێرەکان نەبێ و، هەموو شتێک کە لە سروشتدا هەیە، بەپێی یاسایەکی سروشتی خوڵقابێ، کەواتە بوونی خودا لەم شتانەدا لە کوێدایە؟

لە سەتەکانی پێشوودا خەڵکی لەو باوەڕەدابوون کە خودا زۆر لە مرۆڤەوە نێزیکە، بۆچی؟ چونکە لەوکاتەی کە ڕەشەبایەکی توند پەیدا دەبوو، دەیانگوت: ئەمە خودا غەزەبی لێگرتوون و لێیان تووڕەیە و، گەر خودا لێیان ڕازی بێ و دڵشاد بێ، ئەوا بارانیان بۆ دەبارێنێ و بەم شێوەیەش ئەو شتەی کە چاندوویانە دێنە بەرهەم. هەروەها باوەڕێکی زۆر گەورەشیان بە (موعجیزە) هەبوو، چونکە خاوەنی هیچ جۆرە تەفسیرێکی زانستی نەبوون بۆ دیاردە سروشتییەکان، لەبەرئەوە پشتیان بە تەفسیری ئاینی دەبەست.

هەروەها لەو باوەڕەدابوون کە خودا هەموو وەختێک کار دەکات. ئەمەش بەرەو هەستێکی تری بردن، کە پێیان وابوو کە خودا تەنیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریان تێ ناکا، بەڵکە ڕۆڵێکی سایکۆلۆجی"دەروونی"یش لەناو مێشکی مرۆڤدا دەگێڕێ. ئەو تەنیا خواردنی ماددیمان بۆ نانێرێ، بەڵکە خواردنی ڕۆحیشیمان بۆ دەنێرێ.

دەتوانم بڵێم دەرئەنجامەکانی تیۆرییەکەی نیوتن ئەمانە بوون:

کاتێک خودا دنیای خوڵقاند، لەگەڵیشیدا یاسا سروشتییەکانی خوڵقاند، بۆئەوەی کارەکان بەڕێوە بچن، بۆ نموونە یاسای (جازبییەت، ماگنێتی، _هێزی ڕاکێشان)، یاسای جوواڵە، بەم شێوەیە خودا یەکەمین خوڵقێنەری دنیایە، بەم شێوەیە یاساکان هەموو کاتێک کاری خۆیان

دەکەن، چیتر خودا هەموو کاتێک کارەکان نابات بەڕێوە، بۆ نموونە وەکو سەعاتچی، ئەو یەکەم جار سەعاتێک دروست دەکات، پاشان وازی لێدەهێنێت بۆ ئەوەی هەموو کاتێک بەپێی ئەو یاسا میکانیکیانە کاربکات، کە خۆی داینـاوە بەبێ ئەوەی خۆی تەداخول بکا. بەم شێوەیەش خودا لە ئێمە دوورکەوتووەتەوە، تەنانەت لە ڕووداوە گرینگەکانی ژیانی ڕۆژانەشماندا تەداخول ناکا.

ئەم تێڕوانینە خەیاڵاوییە بۆ بوونی خودا، تەنیا بوو بە ئیمانێکی عەقڵی و، تەنیا " گریمانەیەک" بوو بۆ شرۆڤەکردنی ئەسڵی دنیا و، هیچ گرینگییەکی وای لە ژیانی ڕۆژانەماندا نەبوو. لە سەتەی هەژدەدا ئەم تێڕوانینە بۆ بوونی خودا، بەسەر ئەو زانا و ڕووناکبیر و فەیلەسووفانەدا زاڵ بوو، کە باوەڕیان بە بوونی خودا هەبوو. تەنانەت ئەمڕۆش خەڵکانێک هەن، کە پێیان وایە خودا لەناو دنیای سایکۆلۆجیی "ناخماندا"، ڕۆڵی هەیە.

ئەمە یەکەمین کاریگەریی زانست و داهێنانەکەی نیوتن بوو، کە پێی وابوو خودا دوورکەوتووەتەوە، ئەو یەکەم خوڵقێنەری دنیایە، پاشان وازی لە دنیا هێناوە تاوەکو بەپێی یاسا سروشتییەکان بەڕێوەبچێ، ئەو کاریگەریی تەنیا لە ڕووی سایکۆلۆجی "دەروونییەوە" ماوە. ئەمەش بوو بەهۆی لەناوبردن و داڕمانی هێزی ئاین، لەناو مێشکی خەڵکیدا.

کاریگەریی دووەم بریتی بوو لە جێگەگرتنەوەی یاسا سروشتییەکان لەجیاتی یاسا میتافیزیقییەکان، بۆ شرۆڤەکردنی دیاردە سروشتییەکان. چیتر ڕێگە بەو جۆرە تەفسیرانە نەدەدرا، بۆ ئەوەی دیاردە سروشتییەکان بەپێی کاری خودایی یان غەیبی بسەلێنرێن، هەر دەبوایە ئەم دیاردانە بەپێی تەفسیری زانستی لێکبدرانایانەوە. ئەمەش وایکرد کە جێگەی ئاین لێژ بکات، نەک تەنیا تیۆرییەکەی داروین یان سەنتەربوونی زەوی.

گەر مرۆڤ تەسلیمی ئەو بنەوا زانستییە بێت کە دەڵێ: هەموو دیاردەیەکی سروشتی، هۆیەکی سروشتیی لەپشتە. دیارە هەتاوەکو ئێستا دەتوانین بڵێین، کە خودا خوڵقێنەری یەکەمە، هەروەها دەتوانین بڵێین کە خودا هەموو کاتێک کار دەکات، بەڵام لەڕێگەی یاساکانەوە. واتە یاسای (جازبیەت، _هێزی ڕاکێشان) لە خۆیەوە کار ناکا، بەڵکە خودا لەهەموو کاتێکدا ئەمری پێدەکات. بەم شێوەیە هێشتاوەکو ئەوە خودایە کە سروشت دەخوڵقێنێ و بەشێوەیەکی بەردەوامیش دروستی دەکاتەوە و نوێی دەکاتەوە.

شرۆڤەی زانستی و میکانیکی تواناییان شرۆڤەکردنی "هۆئامێزی" لەناو مێشکی خەڵکیدا دەرپەڕێنن، ئەمەش وایکرد کە نەیهێڵن و لەبیری خەڵکی بەرنەوە. جێگەی گوتنە هەتاوەکو سەرەتای سەتەی حەڤدەی زاین، هەموو شرۆڤەکان کە بۆ دیاردەکانی دنیا دەکران، شرۆڤەی "هۆئامێز، ئاینی" بوون. بۆ نموونە، پرسیار دەکرا: بۆچی بورکان دروست دەبێ؟ یەکسەر وەڵامیان دەدایتەوە، چونکە خودا لێمان تورەیە... هتد. جێگەی گوتنە ئەم شتە هەتاوەکو ئەمڕۆش دووبارە دەبێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی نەفامانە و ڕێژەیەکی کەمی خەڵکیش وا بیردەکەنەوە. بۆ نموونە گەر

کەسێک تووشی کارەساتێک بێتەوە، ئەوا دەڵێ: خودا لێم تورەیە، چونکە من تاوانێکم کردووە.

زانست بۆ ماوەی هەزاران ساڵ مردبوو، چونکە نەیدەتوانی لە هۆکارەکانی دیاردەکان بکۆڵێتەوە، بەڵکە تەنیا بەدوای ئارمانجی شتەکاندا دەگەڕا، هەتاوەکو دیاردەکان شرۆڤەیەکی میکانیکی و زانستییان بۆ نەکرا، زانست نەیتوانی هەنگاوی گەورە بهاوێ. بەم شێوەیەش ئەو دنیایەی کە ئارمانجەکانی خودا حوکمی دەکرد، بەرەو کۆتایی هات و بەرەو دنیایەکی بێ ئارمانج هەنگاوی نا.

بەڵام، کاممان ڕۆژێک لە ڕۆژان دانانیشێت و سەیری ئاسمان ناکا و لە خۆی ناپرسێ: ئاخۆ بۆچی ئەم گەردوونە دروست بووە؟ ئاخۆ ئارمانجی بوونی ئەم گەردوونە چی بێت؟ بۆچی من دروست بووم؟ ژیان مانای چی دەگەیەنێ؟

هەموومان پێشتر کاتێک گوێمان لە موزیک دەگرت، جۆرە ئاوازێکی ڕێکوپێک و گونجاوی هەبوو کە لەگەڵ ڕۆحی خودا دەهاتەوە و زیاتر ئاینئامێز بوو، لێ موزیکی ئەمڕۆ جۆرە فەوزا و ژاوەژاوێکی گەورەی هەیە، کە زیاتر گوزارشت لە دنیای جەنجاڵ و ئاڵۆزی ئەمڕۆمان دەکا و وا دەریدەخا کە ژیان هیچ مانایەکی نیە.

کێ دەتوانێ نکوڵی لەوە بکات کە دنیای ئەمڕۆمان پڕیەتی لە کێشە و گرفتی هەمەجۆر، زۆربوونی ڕێژەی نەخۆشیی دەروونی، داڕمانی عەسابی مرۆڤ و، هەڵەش ناکەین گەر بڵێین هۆکاری ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی شرۆڤەی ئارمانجی (هەستی ئاینی)، هەر بۆیە ئەمەش وای کردووە کە هیچ ئارمانج و مەبەستێک لە بوونی مرۆڤدا نەبێنێ.

بەدڵنیاییەوە هۆکاری ئەم کێشەیە ناگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی زانست، بەڵکە بۆ باش تێنەگەیشتن لە زانست، چونکە زانست وای کرد کە تێڕوانینێکی نوێ بۆ بینینی دنیا بێتە ئاراوە.

## کاریگەریی زانست لەسەر ئەخلاق

جارێکی تر ئەم پرسیارە دەکەینەوە، بەڵام لەبارەی کێشەکانی ئەخلاقەوە: ئاخۆ گەر زەوی بە دەوری خۆردا بسووڕێتەوە، یان بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، چ کاریگەرییەکی بەسەر کێشەی ئەخلاقەوە هەیە؟

تێڕوانینی کۆن دەیگوت: پاڵنەرێک هەیە بۆ دروستکردنی کرداری "چاکە" لە دنیادا، ئەمەش خۆی لە خودایەک دەبینێتەوە کە دنیا بەڕێوە دەبات، وەکو ئەوەی بڵێین، هێزێکی غەیبی لە سروشتدا هەیە، کە کاری چاکە دروست دەکا، بۆ نموونە وەکو ئەوەی کە دەڵێین، هەر دەبێ چاکە بەسەر خراپەدا سەربکەوێ. ئەمەش هەمان تێڕوانینی فەیلەسووفەکان بوو کاتێک دەیانگوت: بەها ئەخلاقییەکان بابەتین "موچوعی"، واتە پشت بە ئاوەزی "ژهن" مرۆڤ نابەستن. کاتێکیش دەڵێین، دنیا سیستمێکی ئەخلاقی نییە، مانای وایە بەها ئەخلاقییەکان خۆیین "ژاتی"، پشت بە حەز و

وسیتەکانی مرۆڤ دەبەستن.

لێ ئەو تێڕوانینە گۆڕا، بەتایبەتی تێڕوانینمان بۆ گەردوون، کە پێمان وا بوو گەردوون کائینێکی زیندووە و ئارمانجێکیشی هەیە. ئەم تێڕوانینە گۆڕاوە بۆ ئەو تێڕوانینەی کە پێی وایە بەها ئەخلاقییەکانمان هیچ ئارمانج و مەبەستێکیان نییە. سروشتیش شتە چاکەکان بەسەر شتە خراپەکاندا ناسەپێنێ.

ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە دنیا گوزارشت لە سیستمێکی ئەخلاقی ناکا و، پشتیش بە ئاوەزێکی بەتوانا نابەستێت کە لە دەرەوەی دنیادا بوونی هەیە. بەڵکە هەموو بەها ئەخلاقییەکان پشت بە مرۆڤ دەبەستن. ئەم تیۆرییەش دژ بە تیۆریی (بابەتیبوونی بەها ئەخلاقییەکان) دەوەستێتەوە، ناوی ئەم تیۆرییەشیان نا: (خۆییبوونی بەها ئەخلاقییەکان).

فەیلەسووفی ئینگلیز تۆماس هۆبز، کە لە هەمان سەردەمی گالیلۆدا ژیاوە، زیاتر ئەم تیۆرییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ:

"مرۆڤەکان لەیەکتری جیاوازن، کەسێک ئەوەی کە خودی خۆی دڵی پێخۆشە و جێژبەخشە لەلای، ناوی لێ دەنێ بەسوود و چاکە، ئەو شتەش کە پێی ناخۆشە و دڵتەنگی دەکا، ناوی لێ دەنێ خراپە. لەبەرئەوەی کەسەکان لە پێکهاتەکانیان جیاوازن، لە تێڕوانینیشیاندا بۆ چاکە و خراپە جیاوازن."

ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ بەها ئەخلاقییەکان، کە پێی دەڵێن "مەیلی تاکگەرایی و خۆیی"، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ تێڕوانینە باوەکانی سەتەکانی ناڤین ناگونجێ، ئەمە خۆی لەخۆیدا شۆڕشێکی گەورەی فکری بوو. دیارە لەو کاتانەدا ئەو تێڕوانینە زاڵ بوو کە دەیگوت "بەها ئەخلاقییەکان بابەتین "موچوعی" ئەم بەهایانە پشت بە ئاوەزی مرۆڤ نابەستن، بەڵکە هێزێکی دەرەکی خوڵقێنەری ئەم بەها ئەخلاقییانەیە، وەکو ئەوەی کە دەگوترێ، کە چاکە و خراپە لە ئیرادەی خوداوە هەڵدەقوواڵێن. کەواتە کاری چاکە ئەوە نییە کە مرۆڤ پێیخۆشە، بەڵکە ئەوەیە کە خودا پێی خۆشە.

ئەوە بەها ئەخلاقییە تایبەتییەکانە کە بە شێوەیەکی لاوەکی یان تەواوەتی پشت بە ویست و هەست و بۆچوونەکانی مرۆڤ دەبەستن، واتە پێوەندییان بە ئاوەزی مرۆڤەوە هەیە. لێ بەها ئەخلاقییە بابەتییەکان پێچەوانەی ئەمانە هەڵدەخوڵقێن.

ئەم تێڕوانینە بۆ بەها ئەخلاقییەکان، لە سەرەتای شۆڕش بەسەر بەها بابەتییە ئەخلاقییەکاندا پەیدابوون. ئەورۆ ئەو تێڕوانینە باوەی کە بۆ ئەخلاق دەکرێ، پشت بەو میتۆدە دەبەستێ کە دەڵێ:

"چاکە ئەوەیە کە بۆ کۆمەڵگە و کولتوورەکەی سوودبەخشە، لەمەشدا پشت بە ویست و هەستەکانی کۆمەڵگە دەبەستێت و، ئەمە هیچ پێوەندیی بە تاکەوە، وەکو تاک، نییە."

ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ: دنیا گوزارشت لە سیستمێکی ئەخلاقی دەکات، تەنیا بۆچوونێکی

سەتەکانی ناڤین نییە و لە سەتەکانی مۆدێرنیتەدا کۆتایی پێ هاتبێ، بەڵکە ئەمە بۆچوونی هەموو ئەو کەسە ئیماندارانەشە کە بۆچوونی ئاینییان هەیە و هەتاوەکو ئەمڕۆش باوەڕیان بەو بۆچوونە هەیە و لەهەموو کات و شوێنێکدا دەیڵێن، بگرە ئەمە بەشێکی گرینگی هەڵوێستیی ئاینییە، کە لە سەردەمی سوقرات و ئەفلاتونەوە هەیە. جێگەی گوتنە ئەفلاتوون پێی وایە، کە دنیا نەک تەنیا ئارمانجدارە، بەڵکە بەرەو ئارمانجی چاکەش دەڕوا و لە هەموو شوێنێکدا گوزارشت لە "نموونەیەکی چاکە" دەکا.

بەڵام لە کوێندەر ئەم تێڕوانینەمان دەستدەکەوێ؟ دەتوانم بە ئاسانی بڵێم، لەلای ئەو کەسانەی کە کاتێک دەپرسن: بۆچی ئەم هەموو کارەساتانە لە دەروبەرمان ڕوودەدەن؟ ئەم پرسیارەش گوزارشت لە بێتاقەتبوونە لە زوڵمی دنیا، چونکە دنیا بریتییە لە ئارمانج و مەبەست، ئارمانجەکەشی چاکە و عەدالەتە و، دنیایش بریتییە لە سیستمێکی ئەخلاقی. دیارە سەردەمی مۆدێرنی ئەمڕۆمان دژ بەم جۆرە تێڕوانینەیە.

ئەو پرسیارەی کە دەڵێ: بۆچی زوڵم هەیە؟ و بۆچی خراپە هەیە؟ ئەمەش کێشەیەکی فەلسەفییە کە سەردەمی بەسەرچووە. لەبەرئەوە لە سەردەمی مۆدێرندا لەم جۆرە پرسیارانە ناکەین. چونکە ئەم پرسیارە "بۆچی خراپە هەیە"، وەکو ئەوە وایە بڵێین دنیا ئارمانجدارە، دنیای ئەمڕۆشمان بەپێی هۆکارەکان دەجوولێتەوە، نەک بەپێی ئارمانج و مەبەست.

باشە کەواتە با بپرسین، چۆن تێڕوانینی بابەتیوونی ئەخلاقی، بۆ ئەخلاقی تاکگەرایی گۆڕا؟

یەکەم: گەر بێت و ئەخلاق پشت بە ئارمانجی خودایی ببەستێ، ئەوا ئەخلاقێکی بابەتییانەیە و، دنیایش گوزارشت لە سیستمێکی ئەخلاقی دەکا. لێ زانستی سروشتی لەلای نیوتن، وای کرد کە باوەڕی تەواوەتی بە تێڕوانینی ئارمانجدار لەناوبچێت و نەمێنێت، جا ئەم ئارمانجە خودایی بێت یان کەونی و، بەم شێوەیەش ئەخلاق لەئەنجامی هیچ ئارمانجێکەوە دروست نابێت. لێ بەهاکان هەر دەبێ پشت بە ئارمانجێک ببەستن و هۆکارێکیشیان هەبێت. گەر بێت و ئارمانجە خودایی و کەونییەکانمان دوورخستەوە، ئەوا هیچ ئەلتەرناتیڤی تر نامێنێ، ئارمانجی مرۆڤی نەبێت.

کەواتە دەبێ بەها مرۆڤییەکان پشت بە ئارمانجی مرۆڤی ببەستن، ئەگەر پشتیش بەئارمانجی مرۆڤی ببەستن ئەوا مانای تاکگەرایی دەگەیەنێت، دیارە تاکگەراییش دژی ئەوەیە کە دنیا وەکو سیستمێکی ئەخلاقی سەیر بکرێ.

گەر بێت و ئارمانج و ویستە مرۆڤییەکان لە سەردەمی مۆدێرندا سەرچاوەی ئەخلاق بن، ئەوا دەپرسین: ئەو شتانە چین کە مرۆڤ حەزی پێیانە؟ و ئارمانجەکانیان چییە؟

هەروەک پێشتریش گوتمان، فەیلەسووفی ئینگلیز تۆماس هۆبز دەڵێ: (هەموو شتێک کە مرۆڤ پێی خۆشە و بەسوودە بۆی، ئەوا خۆی لەخۆیدا چاکە دەگەیەنێ). ئەمەش کرۆکی مەزهەبی تاکگەرایی دەگەیەنێت، بەڵام هەموو مرۆڤێک لە ڕووی پێکهاتەییەوە لە مرۆڤێکی تر جیاوازە،

لەبەرئەوە بۆچوونی "چاکە و خراپە" لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە و، هیچ شتێکیش نییە ناوی "چاکەی ڕەها" بێت، ئەمەش مەزهەبێکی ڕێژەییە، کەواتە تاکگەرایی بەرەو تیۆریی ڕێژەیی "نسبیە"مان دەبا.

ئەمەش بەرەو ئەو پرسیارەمان دەبا: مانای ڕێژەییبوونی ئەخلاق چییە؟

مانای ئەوەیە، کە باوەڕ و بۆچوون و پێوانە ئەخلاقییەکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێن و لە یەکتری جیاوازن، هەروەها لە کولتوورێکیشەوە بۆ کولتوورێکی تری جیاوازن، بە واتەیەکی تر، بەشێوەیەکی ڕێژەیی سەیری ئەخلاق دەکرێ. هەروەها ڕێژەییبوونی ئەخلاق مانای ئەوەیە، کە ڕاستییەکی ئەخلاقی ناتوانێت ببێتە پێوانەیەکی گشتگیریانە بۆ هەموو باوەڕە ئەخلاقییەکان. چونکە هەموو کولتوورێک خاوەنی پێوانەی تایبەتی خۆیەتی.

بۆ نموونە پێدەچێ کارێک لێرە گوزارشت لە چاکە بکات، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی تردا، ئەو کارە مانای خراپە بگەیەنێ. ئەمەش مانای ئەوەیە، کە ئەو بۆچوونە بەردەوام تەواو و دروست نییە. بۆ نموونە، لە سەردەمانێکدا پێیان وابوو کە ڕووی زەوی تەختە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ، کە لەو سەردەمەدا بەڕاستی زەوی تەخت بووە، لەبەرئەوە گەر لەبارەی چاکە و خراپەوە پرسیارێک هاتە کایەوە، ئەوا مرۆڤ ناچارە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، تەنیا پشت بە پێوانەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ببەستێ کە لەو کاتەدا هەبوون و، بەهیچ جۆرێک ناتوانێ پشت بە پێوانەیەکی بابەتی، یان سەرووی ئیرادەی مرۆڤەوە ببەستێت، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەی دەستبکەوێ.

بەم شێوەیە ئەوەی مانای "چاکە" دەگەیەنێ، واتە ئەوەشتە بۆ کولتووری ئەو کۆمەڵگەیە چاکە و، ناشتوانین بڵێین: کۆمەڵگەیەک پێوانەیەکی ئەخلاقیی باشتری لە کۆمەڵگەیەکی تر هەیە، بەڵکە تەنیا دەتوانین بڵێین: پێوانەی ئەم کۆمەڵگەیە، لە پێوانەی کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە.

تێبینی:

ناونیشانی ئەم بابەتە شتێکی تر بوو، ئێمە پێمان باش بوو ئەم ناونیشانەی بۆ دابنێین، چونکە باشتر لەگەڵ کرۆکی بابەتەکەدا دێتەوە.

سەرچاوە:

شيماء ملا يوسف. الدين و العقل الحديث. سايتي الاوان.

# ئیبلیسی ئەپوفاتیک

بوو گوستاڤسۆن

ئیبلیس، یان شەیتان ناوی ئەهریمەنە لە قورئاندا. لە دەمی زووەوە هەم لە شەریعەت و هەم لە ڕۆحانیی ئیسلامدا، زۆر ئەفسانە لەسەر کەسایەتیی ئەو هاتنە ئاراوە. ئیبلیس گرینگییەکی تایبەتی لای سۆفیی وەک مەنسووری حەللاج (ساڵی ٩٢٢ مردووە) و عەینولقودات (ساڵی ١١٣١ مردووە) هەبووە. ئەوان هەڵسانگاندنەوەیەکی تری "ئیبلیس"یان کردووە، کە جیا بوو لەو تێگەیشتنە نەریتییەی لەبارەیەوە، وەک چەواشەکار و مێزی تاریکی هەبوو و تێگەیشتنی ئەوانیش کاریگەریی کردە سەر بۆچوونی ڕۆحانی لە سۆفیزمدا، لەبارەی ئەهریمەنەوە. پەیدابوونی ئەفسانەی ئیبلیس، دەگەڕێتەوە بۆ سووڕەتی ٣٨، ئایەتی ٧١ هەتا ٨٥، لەوێ باسی دروستکردنی ئادەم دەکرێ. بەڵام لەم سووڕەتەدا هەر باسی دروستکردنی ئادەم نییە، بەڵکە باسی "ئیبلیس"یشە، بوونەوەرەکەی لە ئاگر. پێشتر ناوی "عزازل" بوو، فریشتەیەک، کە مامۆستای فریشتان و پاسەوانی بەهەشت بوو. بێجگە لەمەیش "عزازل" کلیلەکانی گەنجینەی عەرشی خودای لا بوو و بەردەوام لە نێزیک خودا دەژیا، یان بۆ ئەوەی دەستەواژەی تەسەووفی بە کار بهێنین لە "تەوحید" بوو.

لە سووڕەتی ٣٨، ئایەتی ٧١ هەتا ٨٥دا باسی ئەوە دەکرێ، کە دوای ئەوەی خودا ئادەمی لە قوڕ دروست کرد و نەفسی خۆی فوو کردە ناوییەوە، فەرمان بە هەموو فریشتەکان دەدا سوژدە بۆ ئەم دروستکراوە نوێیە ببەن. هەموویان گوێڕایەڵ دەبن، بێجگە لە ئیبلیس، کە بە هۆی ئەوەی، ئەو لە ئاگر دروست کراوە، بۆیە لە ئادەم ڕەسەنترە، کە لە قوڕ دروست کراوە. ئەو بە نەفرەتی خودا سزا دەدرێ، پاشان لە ئاسمان دەردەکرێ. ئەوسا ئیبلیس سوێند بە توانای بێسنووری خودا دەخوا، کە هەموو مرۆڤێک لە ڕێگە لا بدا، ئیتر بەم جۆرە ئەو دەبێتە ئامرازێک لەبری ویستی خودا، یان خۆ دەرخستنێک بە ناوێکی خوداییی خوداوە. ئەلودیلْ/ واتە: لە ڕێ لادەر. ئەرکی ئیبلیس ئەوە دەبێ، کە لەسەر ڕێگەی بەناو ژیاندا، مرۆڤ تاقی بکاتەوە، جلی ئەو کەسە نوێیە دەپۆشێ، کە دەبێتە هۆی

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی

دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت، دوای ئەوەی، کە ئەوان بەری درەختە حەرامەکەیان خوارد. ئیبلیس بەپێچەوانەی شەیتان لە باوەڕی مەسیحیدا، دەستەلاتی نییە خۆی خراپەکاری بکا، بەڵکە هەموو ئەوەی کە ئەو دەتوانێ بیکا، ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ خراپەکاری فریو بدا.

هەندێک سۆفی، کەسایەتییەکی ناهەموار لە "ئیبلیس"دا دەبینن، کە ناچار دەکرێ لەنێوان ویست و فەرمانی خودادا، کە لە حوزووری "ئادەم"دا سوژدە ببا، هەڵبژێرێ. ئیبلیس مل نادا، کە لە حوزووری هاوێنەی خودادا، سوژدە ببا، بۆیە ئەو دەبێتە ئەو تاکپەرستەی، کە تەنیا ددان بە خودای تاک و تەنیادا دەنێ. بەپێی ئەحمەد غەزالی، ئیبلیس شەهیدێکی دڵتەزێنی ئەشقە، قوربانیی فێڵێکی خوداییە. هەندێک سۆفیی تر، شەیتان وەک پێویستییەکی بنەچەیی خراپەکاری لە ژیاندا دەبینن، کە دەشێ پێیەوە لەسەر ڕێگەی سۆفیدا، جیاوازی لەنێوان خێر و شەڕدا بکرێ. شەیتان لە ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤدا وەک ئامرازێکی زانیاریی مووڕاڵی و میتافیزیک، هەیە. محەمەد لە گوتەیەکی بەناوبانگدا دەڵێ، کە هەموو مرۆڤێک شەیتانی خۆی هەیە، بەڵام شەیتانەکەی ئەو بووە بە موسوڵمانێکی باش. سۆفیی تریش هەن باسی ئەو شەیتانە یەکچاوە دەکەن، کە هەموو شتێک لە لەخۆباییبوونی ئەقڵانییەتی خۆیەوە دەبینێ، بۆیە نەفرەتی خودای لێ دەکرێ. وەختێک مل نادا لە حوزووری "ئادام"دا سوژدە ببا، هاوار دەکا، "من لەو باشترم". بەم هاوارە ئەقڵییەتی ئەقڵانییەتێکی خۆویست و خۆبەزلزان دەست پێ دەکا، کە لە هەموو سەردەمێکدا بەڵایەکی مرۆڤ بووە.

هەوڵنامەی کتێب

ئەم تێگەیشنە ڕووحانییەی لەسەر کەسایەتیی ئیبلیس، سەرچاوەکەی لە کتێبی (کیتابولتەواسین)ی مەنسوڕی حەللاجەوە هاتووە. ئەو لەم کتێبەدا شەیتاننناسییەکی عیرفانی بە خەسڵەتی ئەپۆفاتیکی دادەڕێژێ. "ئەپۆفاتیزم" لە تەسەووفدا دەخوازێ بە ڕێگەی "نە–زانین"ـەوە، بە نەهێکردنی هەموو جۆرە زانیارییەک، بەدوای خوداناسیدا بگەڕێ. ئەمە باوەڕێکە، کە لە تەسەووفی زۆربەی ئایینەکاندا دەدۆزرێتەوە. لە ئایینی مەسیحیدا، بیری وا لە سەتەی ٦٠٠ لە بەرهەمەکانی "دیۆنیسیۆس ئاریۆپاگیتاس"دا دەربڕاوە.

حەللاج (ساڵی ٨٥٨ لەدایک بووە) سۆفییەکی ڕاشکاو بوو، کە بە خوتبە و گوتەی وەهای وەک "انا الحق" (من ڕاستیم/ خودام) سەردەمەکەی دەوروژاند. بیروڕای ئەو، هەم ڕکابەریی دینداڕەکان و هەم دەستەلاتداره سیاسییەکانی دەکرد، کە بووە هۆی زیندانکردنی حەللاج لە ساڵی ٩١٢دا و لە ئاکامیشدا ساڵی ٩٢٢ بە هۆی بێباوەڕییەوە، لە بەغدا لەدار درا. سۆفیی نەوەکانی دواتر، وەک شەهیدێکی ئەشق لە ئەویان ڕوانیوە، کە لە ئەنجامی ئەزموونی یەکبوونی لەگەڵ خودادا شەهید بوو. بەڵام بە لای ئیسلامییە ئوسوولییەکانەوە، حەللاج نوێنەرایەتیی ترسناکترین جۆری بێباوەڕیی دەکرد: خۆ بە خودا زانین.

پێدەچێ مەنسوڕی حەللاج کتێبی (کیتابولتەواسین)ی لە ماوەی بەندبوونیدا لە بەغدا نووسیبێ.

کتێبەکە لە ١٠ بەشی کورت بە ناوی (تەس) پێک هاتووە، لەو تیپە سەیرەی کە سەرەتای سوورەتی ٧٢، وەرگیراوە و وەها دەزانرێ مەبەست لە دەستەڵات و شکۆمەندیی خودایە. لە ئیبلیس لە دوو بەشی (کیتابولتەواسین)دا باس دەکرێ: "تەس لەبارەی سەرەتای کاتی بێکۆتایی و دووماناییەوە" و "تەس لەبارەی ویستی خوداییەوە". کتێبەکە باسی جەوهەری خودا، یان حەقیقەتی ڕەها و ڕێگەی عیرفانی دەکا، ئەوسا ئیبلیس ڕۆڵێکی تایبەت و گرینگ دەبینێ.

لە بەشی یەکەمدا محەمەد وەک ئایدیالێکی سەر ڕێگەی ڕۆحی نیشان دەدرێ، هەر وەک ئەو یەکەم کەسەی بە"یەکبوون/ تەوحید" گەیشتبوو. پاشان لە بەشی دووەمدا ئەو چیرۆکە زۆر ناسراوەی لەبارەی "شەمع و پەروانە"وە دێ، کە لە ئەدەبی سۆفیدا بووە بە لەیەکچوونێکی سەرنجڕاکێش. پەروانە لە گڕەکە نێزیک دەبێتەوە و خۆی لەناو ئاگرەکەدا دەسووتێنێ و دەمرێ، کە دەبێتە وێنەیەک بۆ خود لە دۆخی فەنادا. لە بەشی سێیەمدا، حەللاج ئەو ٤٠ وێستگەیەی ڕێگەی تەسەووف دەژمێرێ، لە کاتێکدا لە بەشی چوارەم و پێنجەمدا چوار بازنە سیمبۆلی "ڕاستیی ڕەها" دەبێ، ئەوەی ناوەوە نوێنەرایەتیی "ڕاستی"یە. "میعراج"ی محەمەد نموونەی سەفەرەکەیە بەناو بازنەکاندا، هەتا ئەو کاتەی بەقەد درێژیی "دوو کەوان" لە خوداوە، دەوەستێ.

حەللاج لە بەشی شەشەم و حەفتەمی گفتوگۆکەیدا، لەبارەی عیرفانی و "ڕاستیی ڕەها"وە، ئیبلیس دەهێنێتە ناوەوە. ئیبلیس ئەو کەسەیە کە بە ڕێگەی نەهیکردن، یان ئەپوفاتیکدا بۆ خوداناسی دەڕوا. "تەس لەبارەی سەرەتای کاتی بێکۆتایی و دووماناییەوە" درێژترین بەشی "کیتابولتەواسین"ـە، لەوێ حەللاج بە تەفسیر و شیکردنەوەی سوورەتی ٣٨، ئایەتی ٧١ هەتا ٨٥، گەشە بە ڕێگەی شەیتاننناسیی ئەپوفاتیکیی خۆی دەدا. ملمەدانی ئیبلیس کە لە حوزووری "ئادەم"دا سوژدە ببا، دەبێتە پەیامێک کە بە ڕێگەی نەفرەت و فیراقدا بڕوا، بەڵام ڕێگەی محەمەد ئەوەیە کە بە ڕێگەی خێر و ڕازیبووندا بڕوا. ئیبلیس، لەو کاتەوەی ئەو نەفرەتی خودای لێ کراوە، دەڵێ: "هیچ دوورییەک لەنێوانماندا نییە، چونکە باوەڕم وایە، کە دووری و نێزیکی هەمان شتن." لێرە حەللاج پێناسەی تێگەیشتنی یەکبوون لەگەڵ خودادا دەکاتەوە و دەیکا بە دۆخێکی عیرفانیی نامۆیی و دوورخراوەیی. وجود لە دەرەوەی خودادا، بە هاوتای زانیاری لەبارەی جەوهەری نادیار و تاریکی خودا دادەنرێ.

ئەو چیرۆکە عیرفانییەی لەبارەی ئەوەوە، کە کاتێک موسا لەسەر چیای سینادا ئیبلیس دەبینێ، زێتر تیشک دەخاتە سەر ڕێگەی نەهیکردنی ئیبلیس. موسا لێی دەپرسێ، بۆ نەیتوانی لە حوزووری "ئادەم"دا سوژدە ببا، "ئیبلیس"یش وەڵام دەداتەوە، کە ئەو فەرمانەی خودا شێوازێکی تاقیکردنەوەی ئەشقی ئەو بوو بۆ "تاکانە خوشەویستەکە". پاشان موسا دەپرسێ، ئاخۆ ئیبلیس ئێستایش خودای لە بیر ماوە، وا وەڵامی دەدرێتەوە، کە ئەم بەردەوام لە زیکری خودادا دەژی: "زیکری ئەو زیکری منە و زیکری من زیکری ئەوە". لەم ڕووەوە، حەللاج بە کورتی باسی مەقامە جیاکانی ئەو ڕێگەیەی پەراوێزکراوی دەکا، کە قەدەری "ئیبلیس"ـە بە ئاکامی بگەیەنێ.

لە کۆتایی بەشی "تەس سەرەتای بێکۆتایی کات و دووماناییی"دا، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە مەنسووڕی حەللاج لە فیگورێکی "فەتا"دا ئیبلیس دەبینێ، کە وەک فیرعەون، هێز و توانای ڕۆحانیی فێر دەکا. مەبەست لە واژەی "فەتا"دا، سوارچاکێکە، کە قەت خیانەت لە ئایدیالەکەی ناکا. ئیبلیس، ئەو بوونەوەرەی لە ئاگر، هەر بە وەفاداری پەیامەکەی بۆ نەفرەت دەمێنێتەوە، بەڵام فیرعەونی نەوەی خوداکان، هەر وەفاداری پلەوپایەی خوادیی خۆی دەمێنێتەوە. بە شێوەیەکی وایش، حەللاج وەفادار بوو بۆ پەیامە تەوهینییەکەی، "انا الحق/ من خودام"، ئەگەرچی لەپێناو ڕوانییە یاخییەکەی زیندانی کرا و ئەگەرچی مەترسیی کوشتنی لەسەر بوو.

سروشتی ئیبلیس ئاگرە بە سیفەتی "فەتا"یەکی گوێڕایەڵی جەنگاوەر. ئەو بە فۆرمێکی کەمی "یەکبوون/ تەوحید" ڕازی نابێ، بەڵکە هەوڵ بۆ فۆرمە گەورەکەی دەدا، کە فیراقی ئەبەدییە. ئەو ٩٩ ناوە خوداییەکان لە دوای خۆی بە جێ دەهێڵێ و بەناو ناوە گەورە نەناسراوەکەدا، سەتەمین ناوی ناونەهێنراوی خوداییدا، دەڕوا. بەشی حەفتەمی (کیتابولتەواسین)، سیمبۆلی سەفەری "ئیبلیس"ـە بۆ ئەم سەتەمین ناوە خوداییە، کە چوار بازنە نوێنەرایەتیی دەکا. یەکەمیان فەرمانی خودایە، دووەمیان حیکمەتیەتی، سییەمیان دەستەڵاتیەتی و چوارەمیشیان مەعریفەی بێکۆتاییەتی. ئیبلیس بەناو چوار "نا"ی نکۆڵیکردندا، بۆ پێنجەم "نا" دەڕوا، کە "خودا زیندووەکەیە". خودا زیندووەکە، هاوکات نوێنەرایەتیی نەهیکردنی هەموو ناوە خوداییەکان دەکا، کە ئەو بە وشەی یەکەمی شایەتمانی ئیسلامیدا: "لا" دەست پێ دەکا. بەم شێوەیە، لێرە حەللاج کرۆکی پەیامی شەیتاننا‌سییەکەی بەو چوار "نا" نەهیکردنە عیرفانییە دەردەبڕێ، کە تەنیا ئیبلیس دەتوانێ، ئەو خودایەی دەرەوەی زەین، لە دەرەوەی زەینی ڕەهای ئەودا بناسێ. بۆیە حەللاج دەتوانێ لە دوو بەشی دواتردا بڵێ، کە خودا "یەکبوون/ تەوحید" نییە، چونکە ئەو دوورە لە هەموو "تێکەڵاوبوونێک"، ناکرێ یەکبوونیش یەکبوون بێ، چونکە هیچ تێکەڵاوبوونێک لەگەڵ ئەو "تاکانە"یەدا ناکرێ. یەک، یەکە، کەواتە فیراقی ئیبلیس جۆرێک دزینی عیرفانی زانیاریی خودایە لەبارەی خۆیەوە.

کاتێک حەللاج لە دوابەشی (کیتابولتەواسین)دا –باخی عیرفان– پێناسەی عیرفانی ڕاست دەکا، تەنیا تێڕوانینی خۆی لەسەر کەسایەتیی ئیبلیس چڕ ناکاتەوە، بەڵکە پەیامی ڕۆحانیی خۆیشی وا لێ دەکا. مەعریفەی مرۆڤ بێجگە لە تۆزێک، شتێکی تر نییە، بەڵام دەکرێ بە هۆی "نا–زانین"ـەوە بگاتە مەعریفەی ئەپۆفاتیکی لەبارەی "حەقیقەتی ڕەها"وە. "نا–زانین" بە بەدەستهێنانی هەستی نەهیکردن دێتە ئاراوە. ئەوەیە کە بچیتە ناو باخچەی عیرفان و هەست و وجودی تازەت هەبێ. حەللاج ڕەخنە لە تەریقەتە نەریتییەکانی سۆفیزم دەگرێ، کاتێک کە شێوازی ڕواڵەتیی ئەوان، بۆ گەیشتن بە یەکبوون/ تەوحید دەژمێرێ. ڕەخنە لەوانەیش دەگرێ، کە پێڕەویی شەریعە و سوننەتیش دەکەن و لە دەرەوەی ئاگاییی خودان. ئەپۆفایتزم تاکە ڕێگەی خوداناسی دەبەخشێ، کە بەم شێوە پارادۆکسە/ دژگۆیە وەسف دەکرێ:

"ئەمە ئەو نییە و ئەویش ئەمە نییە. هیچ ئەوێکیش نییە، بێجگە لە ئەمە و هیچ ئەمێکیش نییە بێجگە لە ئەو. هیچ عیرفانێک نییە، بێجگە لە ئەو. هیچ ئەوێک نییە بێجگە لە ئەو!" (وەرگێڕانی: نووسەر)

لێرە مەنسووری حەللاج عیرفانی ڕۆحی بە جەوهەری خوداوە دەبەستێتەوە و ئەوەیش ڕادەگەیەنێ، کە عیرفان نوێنەرایەتیی خۆناسیی خودایش دەکا، ئیتر بەم شێوەیە ئەو هەیە. خودا بە "نا-زانین"ەوە لە خودئاگاییی خۆی هەیە: "هیچ ئەوێک نییە بێجگە لە ئەو". ئەم گەنجینە خوداییە، ئەوەیە کە ئیبلیس بە ملنەدان بەوەی لە حوزووری "ئادەم"دا سوژدە ببا، دەیدزێ، ڕەفتارێک کە نەفرەتی خودای بەردەکەوێ. ئیبلیس بەم شێوەیە ڕێگای ڕۆحانی بۆ زانیاری لەبارەی دەرەوەی زەینی ڕەهاوە دەگۆڕێ، کە لەم وشە پڕ لە ڕازانەی کۆتایی (کیتابولتەواسین)دا چڕ کراوەتەوە: "خودا خودایە. خالیق خالیقە. ئەمەیش هیچ مانایەکی نییە!"

٢

زێتر لە دوو سەتە لە دوای کوشتنی مەنسوڕی حەللاج، (عەینولقودا)ی سۆفی چارەنووسێکی هاوشێوەی ئەوی هەبووە. ساڵی ١١٣١، لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا بە تۆمەتی سووکایەتیکردن بە پیرۆزییەکانی ئایین، لە هەمەدان لە سێدارە درا و ئەو نووسینەی لەسەری تۆمەتبار کرا، لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا نووسیبووی. هەروەها زۆربەی بەرهەمەکانی (عەینولقودا) و شیعرەکانیشی لەناو چوون. لەو بەرگرینامەیەی کە نووسەر چەند مانگێک بەر لەسێدارەدانی، لە زیندان نووسیی، دەڵێ، دوای ئەوەی، کە "ئەحمەد غەزالی"ی بینیوە، بووە بە سۆفی. (عەینولقودا) دەنگۆی ئەوەی لەسەر هەبوو، کە وەلی بوو و دەیتوانی پەرجۆ/ مۆعجیزە بکا، کە بێگومان ناڕەزاییی سەلەفییە شەریعەتخوازەکانی لێکەوتووەتەوە. ئەو خاڵانەی پێیەوە تۆمەتبار کرابوو، سێ بوون: ١) پێداگریی ئەو، کە پلەیەکی پیرۆزبوون، لە دەرەوەی ئەقڵدا هەیە. ٢) کە بانگەشەی بۆ پانتێیزم (٢) کردووە. ٣) کە باسی پێویستیی هەبوونی ڕێنیشاندەر، یان پیرێکی ڕۆحی کردووە. بەرگرینامەی (عەینولقودا) بەرپەرچدانەوەیەکی ژیرانەی هەموو تۆمەتەکانە، کە هاوکاتیش گفتوگۆیەکیشە لەبارەی "زانستی خەبات"، واتە سۆفیزمەوە. سەرەڕای ئەمەیش بەدەستی سونەتییەکانی ئەو سەردەم، بە دڕندەترین شێوە کوژرا.

بۆچوونی (عەینولقودا) لەسەر ئیبلیس لە کتێبی "تمهیدات" دەربڕاوە، کە بە فارسی نووسراوە و ساڵی ١١٢٧ بڵاوکراوەتەوە. دەتوانرێ بگوترێ، ئەو لێرە گەشە بە چەند بیرێکی سەرەکیی حەللاج دەدا، بۆ نموونە، کە "ئیبلیس ئاشقە دێوانەکەیە"، کە پێی باشترە نەفرەتی خودای بەر بکەوێ، لەوەی کە لە حوزووری "ئادەم"ی وێنەی ئەودا سوژدە ببا. بۆیە ئیبلیس دەبێتە ئەو تاکپەرستە ڕاستەی، کە تەنیا بەدوای کرۆکی خواستی خودادا دەکەوێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە، هەڵسەنگاندنەوەی (عەینولقودا)ـە، بۆ ئەو تێگەیشتنە نەریتییەی پیرۆزبوون لە ئیسلامدا، بە هۆی شیکردنەوەی کەسایەتیی "ئیبلیس"ـەوە. ئەگەر دوژمنەکانی (عەینولقودا) "تمهیدات"یان لە بەردەست بووایە و ئەگەر فارسیشیان بزانیایە، دەیانتوانی تۆمەتەکانیان. سووکایەتی بە پیرۆزییەکان، بە شێوەیەکی باوەڕپێکراوتر دەربڕن.

(عەینولقودا) لە "تمهیدات"دا بە گوتەی ووروژێنەری وا، کە "ڕێگەی ئەشق زێتر بێباوەڕییە"

بەهاکانی ئیسلام سەرەونخوون دەکا. ئەو ڕێگەیەی ئەشق کە لێرەدا مەبەستە، هی سۆفیزمیزمی ڕادیکالە، تێیدا بێباوەڕی بەهادارترە لە باوەڕدای و سەرپێچییش لە گوێڕایەڵی، کە وا دەکا تەسەووف وەک فۆرمێکی بڵندتری عیرفانی ڕۆحی دەربخرێ. بەپێی (عەینولقودا) ئەمە بێجگە لە هۆشیارییەکی ساختە، شتێکی تر نییە، کە پێڕەوی شەریعەتی ئیسلام بکەی و وەک موسڵمانێکی باش بژیی، چونکە ئەشق بە پێچەوانەی ڕەفتاری دەرەکی، باوەڕی وجود پێک دەهێنێ. ئایین و ژیانی دینداری ئاستەنگن لەسەر ڕێگەی بەرەو عیرفان. ئەو موسڵمانەی کە موسڵمان نییە، دەبێتە موسڵمانی ڕاستەقینە. تەنیا کەسی "سالیک"، سۆفیی گەڕیدە، پێڕەویی پەیامی ڕۆحیی ئەشق دەکا: "خۆت بناسە، ئەوسا خودایشت دەناسی". تێگەیشتنە پارادۆکسەکە ئەویە، کە مرۆڤ بۆ ئەوەی خودای خۆت بناسی، دەبێ لەودیوی تێگەیشتنی باو و نەریتی لەبارەی خوداوە، بڕۆی، بەڵێ تەنانەت لەودیوی مەزەندەکردنی خودایشەوە.

دوای ئەوەی کە "سالیک"ی وەک کەسی نموونەیی ئاشقی خودا نیشان دا، (عەینولقودا) لە بەشێکی گرینگی "تمهیدات"دا پێناسەی پێنج کۆڵەکە سەرەکییەکەی ئیسلام دەکاتەوە، بەوەی، کە بۆ نموونە بڵێ، حەج واتەی سەفەرێکی ڕۆحیی بەرەو دڵ دەگەیەنێ، کە بەڕۆژووبوونیش بەشداربوون لە خوانی خودا دەگەیەنێ و بەخشینی "زەکات"یش لە دیاریەکی باوەڕی عیرفانی، لە خوداوە بۆ نەفس پێک هاتووە. ئەو هۆشەندییە نوێیەی، کە کەسی "سالک" گەشەی پێ دەدا، بە سوودوەرگرتن لە توانای تایبەتی ڕۆح و دڵ دروست دەکرێ. (عەینولقودا) لە بەشی نۆیەمدا، بە وردی ئەوە دیار دەکا، چۆن بێباوەڕیی ڕۆحانی لەسەر ڕێگەی ئەشقدا دەردەبڕدرێ.

"بێباوەڕی جۆری جیاوازە (...) بێباوەڕیی ڕۆح هەیە و بێباوەڕیی دڵیش هەیە. بێباوەڕیی ڕۆح پێوەندیی بە شەیتانەوە هەیە، بەڵام بێباوەڕیی دڵ پێوەندیی بە محەمەدەوە هەیە. بێباوەڕیی "ڕاستی"یش، پێوەندیی بە خوداوە هەیە." (وەرگێڕاوی: نووسەر)

بۆیە جۆری ڕێگەی ئەپۆفاتیکیی (عەینولقودا) لە سێ مەقام پێک دێ: بێباوەڕیی شەیتان، بێباوەڕیی محەمەد و بێباوەڕیی خودا، کە "ڕاستی"ی ئەوە. ئەم سەرلەنوێ لێکدانەوەیەی باوەڕی بنەجەیی لە ئیسلامدا، واتە باوەڕهەبوون، بە خودای تاک و تەنیا، لە بەشی دەیەمین و کۆتایی "تمهیدات"دا، دەبێتە شیکردنەوەیەکی شایەتمانی ئیسلامی، لە ڕوانگەیەکی ڕۆحانیی ڕادیکالەوە.

لای (عەینولقودا)، شایەتمان (لا اله الا الله) "هیچ خودایەک نییە بێجگە لە خودا"، ڕۆڵی ئامرازێک دەبینێ لە بونیادنانەوەی میتافیزیکی ئیسلامی. ئەو ئەم وشانە وەردەگرێ، کە ڕۆژانە ملیۆنان موسڵمان لە هەموو جیهاندا چەند جارێک دەیانڵێنەوە و ئەو دەیانکا بە خاڵی دەستپێک بۆ ئایینناسییەکی عیرفانی. ئەودەم، بە هۆی بەیەککەیشتن لەگەڵ ئیبلیسدا، بە سیفەتی پاسەوانی بەردەروازەی بەشی دووەمی شایەتمان: "الا الله"، عیرفان دەبێتە پروسیسیکی بنەڕەتیی پاکبوونەوە. بەشی یەکەمی شایەتمان، – لا اله "هیچ خودایەک نییە"، هی "ڕووناکیی ڕەش"ی ئیبلیسە. ئەوە دنیای نەهیکردن و نەهامەتیی وجودمانە، تێیدا ئاگری ڕەشی ئیبلیس ڕۆحەکان تاقی دەکاتەوە. ئەو "شمشێری ڕووناکییە ڕەشەکە" دەوەشێنێ و ڕێگەی نێزیکبوونەوە لە خودا، لە

هەموو کەسێک دەگرێ، بێجگە لەو کەسانەی لە ئەشقی خوایاندا، پاکبوونەتەوە. (عەینولقودا) ڕۆڵی ئیبلیس، وەک ئامراز بۆ ویستی نەهیکردنی خودا، بەرانبەر بە "ڕووناکی"ی محەمەد، کە ڕێگەی "الا الله"، یان لە خودا بەئاگابوونی ئەرێنی ڕووناک دەکاتەوە، دادەنێ. هەردووکیان خواستی خودا وەک کەرەستەی لێبووردەیی خودا و غەزەبی خودا بە کار دەهێنن. جیاوازی لە نێوانیاندا ئەوەیە، کە ئیبلیس، بە هۆی فێرکردنی مێتودێکەوە، کە پێیەوە جەوهەری خودا دەربکەوێ و هەموو ناکۆکییە میتافیزیکییەکان بەتاڵ ببنەوە، شێوازێک پێشکێش دەکا، کە ململانێی نێوان لێبووردەیی و غەزەب دیار بێ.

"ئیبلیس" ئەو کەسەیە، کە لەم جۆرەی هەبووندا "بەرماڵی ڕەش"ی نەفرەتی هەڵگرتووە، کە (عەینولقودا) لە وشەی سەرەتای شایەتمانەی ئیسلامییەوە، "لا" ناوی لێ ناوە. ئەم نەهامەتی و فیراقە ئەبەدییە، خەسڵەتی ئەم دۆخەیە. ئەگەر ئیبلیس، جاران پاسەوانی بەهەشت و گەنجینەی خودا بووبێ، ئەوا ئێستا پاسەوانی گەنجینەی "لا"یە. خودا لە فەرموودەیەکدا لەبارەی خۆیەوە دەڵێ: "من گەنجینەیەکی شاراوە بووم، دەمویست بدۆزرێمەوە". ئیبلیس وەک ڕێگەیەکی عیرفانی بۆ زانین لەبارەی خودا ئەپۆفاتیکییەکەی دوور لە ئایین و باوەڕەکان، مەشقی فیراق دەکا. وەهایە بەخشندەییی ئەم نەفرەتە، کە ئەوە بە ملنەدانی، کە لە حوزووری "ئادەم"دا سوژدە ببا، بەسەر خۆیدا هێنا. بەپێی (عەینولقودا)، ئەمە بڵندترین مەقامی ئەشقی عیرفانی دەگەیەنێ. عیرفانی لەبارەی خوداوەندەکەی "دووەم"ـەوەی پێ باشترە لەو دۆخەی یەکبوونی خودایی، کە ئیبلیس فریشتە "عەزازیل" بوو. بۆیە ئەو لە "تمهیدات"دا، بە سیفەت شێخی سۆفی لەسەر ڕێگەی نەهیکردنی ئەپوفاتیکی، نازناوی "پێشەوای دابڕاوەکان"ی پێ بەخشراوە. "دابڕاوەکان" ئەو سۆفیانەن کە بەدوای ڕووناکیی ڕەشی ئیبلیسدا کەوتوون بۆ ناو وجودی خودا لە دەرەوەی زەین.

(عەینولقودا) لە شوێنێکی کتێبی "مکتوبات"دا، کە کۆمەڵێک نامەیە و لەنێوان ساڵی ١١٢٥–١١٣١دا نووسراون، دەڵێ، کە بۆ ئەو زۆر سەختە و قەت ناتوانێ، پێناسە بۆ خودا بکا، یان ناوێکی لێ بنێ. ئایینناسیی نەریتیی ئیسلامی، بە دەستەواژەی ٩٩ ناوە خودایییەکانەوە، باسی خودا دەکا، بەڵام (عەینولقودا) پێی وایە، بە هیچ جۆرێک ناتوانرێ بگوترێ خودا کێیە. بەردەوام دەبێ و دەڵێ، هەندێک "سالیک" ڕاهاتبوون، پێش ئەوەی ناوی پیرەکانیان بێنن، بە ئاوی گوڵ دەمیان پاک دەکردەوە. دەکرێ نووسینی کتێبی "تمهیدات" وەک شێوازی دەمپاککردنەوەی (عەینولقودا) بێ بە ئاوی گوڵ، ئەوسا لە ئاکامدا بتوانێ ناوی خوداکەی وەک "پێناسەنەکراو" بڵێ.

پەراوێز:

١. ئەپوفاتیزم Apofatism: نەهیکردن/ نکۆڵیکردن. ئەو تێگەیشتن و باوەڕە ئایینییەیە، کە پێی وایە پێناسەی خودا لە دەرەوەی توانا و ئەقڵی مرۆڤە.

٢. پانتێیزم: Panteism / وحده الوجود: ئەو تێگەیشتنەیە، کە پێی وایە خودا لە هەموو شتێکی سروشتدا هەیە، واتە جیهان، سروشت و گەردوون ڕۆحێکی خوداییان تێدایە.

# کۆمیدیای ئەنتیک گاڵتەئامێز نەبووە

ئەریستۆ لە یەکێک لە نووسینەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە مرۆڤ (تاکە بوونەوەرێکی زیندووە پێدەکەنێ) ئەم وتەیەی ئەریستۆ بۆ جۆرە هاوبەشییەک لە گاڵتەوگەپ و نوکتە و قسەی ڕەخنەئامێزی کۆمیدیایی ڕاماندەکێشێ، کە بە درێژاییی مێژوو لە هەموو کولتوورەکاندا هەبووە و هەیە. بۆ نموونە ئێستا ئێمە بەهەمان شت پێدەکەنین، کە خەڵکی لە سەردەمی گریکەکان، ساڵانی ١٧٠٠–ەکان، یان لە چاخەکانی ناوەڕاستدا پێی پێکەنیون.

(ماری بێرد) پسپۆرێکی ئینگلیزە، لەبارەکانی لێکۆڵینەوەی سەردەمی گریک و ئەنتیک، دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە گریکەکان لە ساڵەکانی ٣٠٠ی بەر لە زایندا، ئەنتۆلۆجیایەکی گاڵتەوگەپیان بلاوکردووەتەوە، زیاتر لە ٢٦٠ نوکتە و ڕەخنەی کۆمیدیائامێز و قسەی نەستەقی لەخۆ گرتووە، ئەم نوکتە و گاڵتەوگەپانە هەر هەموویان بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەگونجێن و هەندێک لە هونەرمەندە (ستانداپ) کۆمیدییەکانی ئەمڕۆ لە نمایشەکانیاندا بەکاریان دەهێنن.

ئەگەر خودی ئەم ئەنتۆلۆجیایە لەلای زۆربەمان نەناسراو بێ، ئەوە شانۆنامە کۆمیدیاییە پڕ لە ڕەخنە و گاڵتەوگەپەکانی ئەرستۆفانیس لای زۆربەمان ناسراون[1]. ئەرستۆفانیس لە کۆتایی ساڵەکانی ٤٠٠ و سەرەتاکانی ٣٠٠ی بەر لە زایندا، شانۆنامەکانی نووسیوە، لە کۆی بەرهەمەکانی تەنیا یانزەیان بە تەواوەتی بەدەستمان گەیشتوون[2].

شانۆنامە کۆمیدیاییەکان، بە شێوەیەکی گشتی هەمان ستراکتوری شانۆنامە تراجیدیاییەکانیان هەیە، مەبەست لە هەمان ستراکتور ئەوەیە کە شانۆنامەکە یان نمایشەکە، بەهاوبەشیی کۆرس. سەرەتا ئەکتەرەکان لە دیالۆگەکانیاندا لەگەڵ یەکتری و دواتریش کۆرس گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن. ئەوەی کۆمیدیاش لە تراجیدیا جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە ناوەڕۆکی شانۆنامە تراجیدیاییەکان چیرۆکەکانیان لە میتۆلۆجیا دێرینەکانەوە وەرگرتووە و بابەتەکانیان گوزارشت لە کەسایەتیی پاڵەوان، پادشا و خواوەندەکان... هتد دەکەن و، زیاتر بەرجەستەی

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دانا ڕەئووف

جیهانی گریەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەتیناوە دەکەن، بەڵام کۆمیدیا باسی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی، لە خۆشی، ناخۆشی و گیروگرفتەکانیان، بە تایبەتی لەو ڕۆژگارەی ئەتینادا، کردووە. لەبەر ئەوەی کۆمیدیا باسی خەڵکی ئاسایی و گیروگرفتی ژیانی ڕۆژانە و هەندێک جار ڕووداوی ڕاستەقینەی خەڵکی ئەو ڕۆژگارەی کردووە، بۆیە دەبێتە دۆکیومێنتێکی چڕ و دەوڵەمەند و گرینگ بۆ تێگەیشتن و زانینی چۆنیەتیی گوزەران و ژیانی خەڵکی و جۆری بیرکردنەوەیان، لەو ڕۆژگارەی گریکەکان بەگشتی و شاری ئەتینا بەتایبەتی. هاوتەریب لەگەڵ بەشێک لە دیالۆگەکانی ئەفلاتوندا، ئەو پرسیارە خۆی قوت دەکاتەوە، کە ئێمە لە نێو تێکستەکانی ئەنتیک–دا، دەتوانین بەم شێوەیە لە ژیانی گریکەکان نێزیک ببینەوە. لەبەر ئەوەی کۆمیدیاکانی ئەرستۆفانیس، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆژگارەن و پابەندن بە کەسایەتی و ڕووداوەکانەوە، لەوانەیە بۆ بینەرێکی ئەمڕۆ شانۆنامە کۆمیدیاییەکان، بە بەراورد لەگەڵ شانۆنامە تراجیدیاییەکان، کە باسی کەسانێک دەکەن کە لەو ڕۆژگارەدا ژیاون، یان ڕووداوێک کە زۆر تایبەتمەند بوونە بەو ڕۆژگارە، گران بێ، چ بۆ خوێندنەوە و چ بۆ بینین.

هەموو ئەو شانۆنامانەی ئەرستۆفانیس کە بەدەستمان گەیشتوون، جگە لە دوو شانۆنامە کە لە کۆتایی تەمەنیدا نووسیوونی. لەکاتی شەڕی ٣٠ ساڵەی نێوان ئەتینا و سپارتا، ئەو شەڕە خوێناوییەی لە ساڵی ٤٠٤ی بەر لە زایندا بەکەوتنی ئەتینا کۆتایی هاتووە، نووسیوونی. هەر لەبەر ئەوەشە، ئەرستۆفانیس لە زۆربەی شانۆنامەکانیدا، باسی شەڕ و ئاشتی دەکا و خەونی ئاشتی و کۆتاییهاتنی شەڕ بابەتێکی سەرەکی و لەبەرچاوی شانۆنامەکانیەتی. بۆ نموونە لە شانۆنامەی Acharnerna کە یەکێکە لە دێرینترین کۆمیدیاکانی شارستانیەتی ئەوروپا کە بە تەواوی بە دەست ئێمە گەیشتبێ، لەم کۆمیدیایەدا جووتیارێکی گوندنشین بەناوی (دیکیە ئێوپۆلیس) دەتوانێ خۆی بەتەنیا لەگەڵ سپارتەدا پەیمانێکی ئاشتی مۆر بکا. لە شانۆنامەی (ئاشتی)یشدا، کارەکتەری سەرەکیی ئەم کۆمیدیایە دەچێتە سەر (ئۆلیمپن) تا خواوەندی ئاشتی، کە لەو شوێنەدا بەندکراوە ڕزگار بکا[٣]. بەڵام دیارترین شانۆنامەکانی ئەرستۆفانیس، لەم بوارەدا شانۆنامەی (لیسیستراتا Lysistrate)یە، لەم دەقەدا ئەرستۆفانیس سێکس و جووتبوون لە نێوان ژن و پیاودا، دەکاتە چەکێکی گرینگی وەستانی شەڕ. ژنان مانگرتنێکی تەواو ڕادەگەیەنن و پیاوەکانیش ناچار دەکەن، لە ڕێگای ئەوەوەی کە تا شەڕ بە تەواوی نەوەستێ و ئاشتی بڵاونەبێتەوە، بە هیچ شێوەیەک نەچنە لای مێرد و پیاوەکانیان و جووت نەبن لەگەڵیاندا.

لەناو بەرهەمەکانیشیدا تەنیا شانۆنامەی (بۆقەکان)ە کە باسی شەڕ ناکا، ئەم شانۆنامەیە ساڵێک بەر لە چەک دانان و کەوتنی تەواوی ئەتینا نووسراوە[٤]. (بۆقەکان) بەراوردکارییەکی ورد، شایستە و بە بەهای نێوان ئێسخیلوس و یۆرییدس–ە، تراجیدیاکانیان دەخاتە ژێر تیشکی ڕەخنە و شاکارەکانیان بەراورد دەکا. هەرچەندە شانۆنامەکە بە زمانێکی ساکار و ڕاستەوخۆ نووسراوە و چەندین دیمەنی کۆمیدیایی و گاڵتەوگەپ لەخۆ دەگرێ، دونیایەکی فەنتازیئامێزیش دەخوڵقێنێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر سەختە ئەم شانۆنامەیە لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا نمایش بکرێ، هۆکاری سەرەکی و گرینگی نمایشنەکردنی (بۆقەکان) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شانۆنامەکە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە زانیاری و قووڵبوونەوەیەکی تەواو دەبەستێ سەبارەت بە بەرهەمە تراجیدیاییەکانی ئەم دوو نووسەرە و ستایلی کارەکانیان، ئەمە جگە لە ڕەوتی ژیانیان کە توخمێکی سەرەکییە[٥].

لەوانەیە ئەم هۆکارانەش لەگەڵ ئاستی هۆشیاری و زانیارییەکانی بینەری ئەمڕۆ نەگونجێن و هەموو کەسێک ئەو تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە قووڵەیان سەبارەت بەو سەردەمە دێرینە و نووسەرەکانیان نەبێ. بەڵام لە هەندێک نمایشی (بۆقەکان)دا بە تایبەتی ئەو نمایشانەی کە لەم سەردەمە و لە لەندەن پێشکێش کراون، ئامادەکردنێکی وردیان لە شانۆنامەکەدا کردووە و هەوڵیان داوە لەم ڕۆژگارەی نێزیک بخەنەوە. بۆ نموونە ئێسخیلۆس و یوربیدس–یان گۆڕیوە و لەبری ئەوان بەراوردکارییەکە لە نێوان شەکسپیر و بەرناردشۆدا بووە، بەم چەشنەش لە بینەری ئەمڕۆی ئینگلیز و ڕۆحی ئەم چەرخە نێزیک بوونەتەوە.

لە شانۆنامەی (باڵندەکان)دا کە زیاتر لە هەموو بەرهەمێکی تری ئەرستۆفانیس بە نەفەسێکی شیعریی بەرز و زمانێکی قووڵی پڕ لە ڕێنە نووسراوە، دوو کەسایەتیی دانیشتووی شاری ئەتینا، داوا لە باڵندەکان دەکەن کە لەگەڵ ئەوان مەملەکەتێکی تایبەتمەند بە خۆیان لە ناو هەورەکان دروست بکەن، هەروەها شانۆنامەی (پلوتۆس) کە یەکێکە لە دوا بەرهەمەکانی، جۆرێکە لە ئامۆژگاری و بەرجەستەکردنی مورالّ و ڕێگەپێشاندان، بۆ نموونە ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا و ئەو پرسیارە دەوروژێنێ، ئەگەر دەوڵەمەندەکان کوێر نەبوونایە و چاو و ویژدانیان کراوە بووایە، ئەوا دیاری و پاداشتەکانیان دەبەخشییە ئەو کەسانەی کە پێویستیانە و شایانین.

لەم چەند ساڵەی دواییدا چەندین کتێبی دانسقە لەسەر ئەرستۆفانیس و شانۆنامەکانی، بۆ نموونە، ڕۆڵی کۆمیدیایەکی سیاسی لە کۆمەڵگە و سیاسەتی ئەو ڕۆژگارە و پێگەی ئەرستۆفانیس بڵاوکراونەتەوە، لە ناو ئەو کتێبانەدا کتێبی (ئەرستۆفانیس: سێکس، گاڵتەجاڕی و سیاسەت) لە نووسینی نیکلاس هۆڵتسباری، پرۆفیسۆری فەلسەفەی کلاسیک لە زانکۆی میونیش جێگای ئاماژە و لەسەر وەستانە[٦].

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەم کتێبەدا لێکۆڵینەوەی بنەما کۆمیدیاییەکانی ئەرستۆفانیس دەروازەیەکە بۆ فەلسەفەی گریک و لە هەمان کاتدا تێشک خستنە سەر ئەو دید و ڕەخنە ساتەوەخت و هەنووکەیانەیە کە شیکردنەوەیان گرانە و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و ڕۆچوونە خوارەوەیەکی قووڵ هەیە. ئەم نووسەرە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە بنەما کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی شانۆنامەکانی ئەرستۆفانیس، لە کۆنتێکستەکانی خۆی و زەمەن و دەوروبەرەکەیدا

ڕوون دەکرێنەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کۆمیدیاکانی ئەرستۆفانیس لە دەروازەکانی نێزیک بوونەوە بەو سەردەمەوە، وامان لێ دەکەن ئاسانتر تێیان بگەین و لە هەمان کاتدا سەیرکردن و خوێندنەوەشیان، وەک کۆمیدیا خۆشتر و پڕ لە خەندەتر دەبێ.

لەم کتێبەی نیکلاس هۆڵتسباریدا، شیکردنەوەکە بەو ئاڕاستەیەدا دەڕوا کە ئەرستۆفانیس بە پلەی یەکەم مەبەستی ئەوە بووە بینەران بهێنێتە پێکەنین. ئەم بۆچوونەش چەندین کێشە و گرفت دەخوڵقێنێ، بۆ نموونە پەیام و ڕۆڵی کۆمیدیا هاوشان دەبێ لەگەڵ جۆرە (فاش)ێک کە هیچ جۆرە گرفتێک، ڕەخنە و پەیامێک لەخۆ ناگرێ و تەنیا پێکەنین و تەهریج دید و بنەماکانی ئەم جۆرە کۆمیدیا (فاش)ە پێک دەهێنێ. فاش بنەما سەرەکییەکانی کۆمیدیا، خستنەڕووی گرفتە کۆمەڵایەتی، سیاسی، خودییەکان و پەردە هەڵماڵینی بارودۆخە نالەبار و دژوار و چەوتەکان، بەشێوەیەکی کۆمیدی لەخۆ ناگرێ، بەڵکو زیاتر لە دنیایەکی گاڵتەئامێزی پێکەنیناوی، بەبێ هیچ پەیامێک دەسووڕێتەوە. هەرچەندە ئەرستۆفانیس (فاش)یشی نووسیوە و چەند دانەیەکیشی بەدەست ئێمە گەیشتوون و پارێزراون، لە وانە: a la Georges Feydeau بەڵام ئەرستۆفانیس توانیوویەتی لەم (فاش)ەدا لەسەر چەندین ئاست ڕەخنە و گاڵتەی کۆمیدی لە ڕووی سیاسەت، ئیرۆتیک و دیمەنی پڕ لە جۆش و خرۆش ئاوێزانی بەرهەمەکەی بکا، هەروەها بە زمانێکی لیریکی و لە هەمان کاتدا تووندوتیژەوە، دیمەن بە دیمەن شانۆنامەکەی دارشتووە و وێنەیەکی قوواڵ و لە هەمان کاتدا ساکار و پڕ لە چێژی (فاش)مان پێشکێش دەکا.

نیکلاس _هۆڵتسباری لە لێکۆڵینەوەکەیدا جەخت لەسەر ئەو ناو و کەسایەتییانەی لەو سەردەمەدا ژیاون دەکاتەوە، کە ئەرستۆفانیس لە کۆمیدیاکانیدا بەکاری هێناون و دەیانکا بە نوکتە و ڕەخنەی تووندی گاڵتەئامێزیان لێ دەگرێ، زۆر جار وا ڕێککەوتووە کە ئەو کەسانەی بەو شێوەیە هێرشیان کراوەتە سەر، لەناو بینەراندا دانیشتوون و سەیری شانۆنامەکەیان کردووە. بێگومان تیرە ژەهراوییەکانی ئەرستۆفانیس هەمیشە گیراونەتە سیاسەتمەدار، سەرکردە سەربازییەکان، شانۆنامەنووسەکان، کاربەدەستانی باڵای وڵات و کەسە دیار و ناسراوەکانی ئەو ساتەی ئەتینا، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە ستایلی ژیان و گوزەران و کەسایەتییەکانیان جیاواز بوون و هەوڵیان داوە لە خەڵکی ئاسایی جیاوازتر بژین.

نیکلاس هۆڵتسباری بۆ لێکۆڵینەوەکەی پەنا دەباتە بەر لێکۆڵینەوەکانی نووسەرێکی تر بە ناوی (مالکۆم هیس) و باسە ناوازەکەی (کۆمیدیای سیاسی لەلای ئەرستۆفانیس Political comedy in Aristophanes) ئەم نووسەرەش پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئامانجی کۆمیدیای گریک تەنیا ئەوە بووە خەڵکی بخاتە پێکەنین. ئەرستۆفانیس لە ڕەخنەکانیدا چەندە تووندوتیژ بووبێ، چەند مەسەلەی دەسەڵاتی خستبێتە ژێر پرسیارەوە و پەردەی لەڕووی سیاسەتمەدارەکان هەڵماڵیبێ، دواجار ئامانجەکانی هەر ئەوە بووە بینەران بخاتە پێکەنین. پیاوی دەوڵەت و سەرکردەیەکی سەربازی بەناوی (کلیۆن)ەوە، بەشێوەیەکی بێ بەزەیی کەووتووەتە بەر شاڵاوی شانۆنامەکانی

سەرەتا و دەستپێکی بەرهەمەکانی ئەرستۆفانیس، تەنانەت دوای مردنیشی وازی لێناهێنێ، ئەم (کلیۆن)ە لە ساڵی ٢٢٤ی بەر لە زایندا، لە یەکێک لە بەرەکانی جەنگدا کوژراوە. ئەرستۆفانیس بەشێوەیەکی بەردەوام گاڵتە بەم کەسایەتییە (کلیۆن) دەکا و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی ڕەخنە و تەنانەت جنێوەکانیشیەوە.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی تێز و بۆچوونەکانی نیکلاس هۆڵتسباری و کتێبەکەی (ئەرستۆفانیس: سێکس، گاڵتەجاڕی و سیاسەت) ئەوەیە کە ئەو هۆکارانە ڕوون ناکاتەوە بۆ چی ئەرستۆفانیس هەندێک لە سیاسەتمەداران ڕیسوا دەکا و هێرشی تووندیان دەکاتە سەر، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە هەندێکی تریان نێزیک نابێتەوە و ناویان ناهێنێ. هەرچەندە هەندێک لە جنێو و گاڵتەکان بێ کینەن و هیچ ڕقێکیان تێدا نییە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ڕەخنەکانیش یەک لایەنەن و بە شێوەیەکی تەواو حسابیان بۆ کراوە، شتێکی سەیرە گەر لە پشت ئەم هێرش و ڕەخنە و جنێوانەوە، مەبەستێکی سیاسی نەبووبێ. ئەرستۆفانیس بەردەوام پەیامی سیاسیی خۆی هەبووە، لە یەکێک لە کۆمیدیاکانیشیدا ڕەخنەیەکی توند لە جەماوەری ئەتینا دەگرێ، لەبەر ئەوەی دەنگیان داوە بە کلیۆن، هەرچەندە ئەو، واتە ئەرستۆفانیس لە شانۆنامەی (ئەسپسوارەکان)دا پەردەی لەسەر هەموو کەم و کوڕی و هەڵەکانی کلیۆن هەڵماڵیوە. ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا، وێنەیەکی ساکار و خراپی کلیۆن–ی وەکوو (پێستەخۆشکەر) کێشاوە (کلیۆن ئەم پیشەیەی لە بنەماڵەکەیانەوە بۆ ماوەتەوە و لەم ڕوەشەوە بازرگانیی پێستەی کردووە) ئەمە جگە لەوەی وێنەیەکی کاریکاتێری، لە چەشنی سەرکردەیەکی بێ کەڵک و مەترسیداری ئەتینا دروست کردووە. نیکلاس هۆڵتسباری هیچ بەهایەک بۆ ئەم پەیامە سیاسیەی ئەرستۆفانیس دانانێ و دەڵێ: کلیۆن وەک هەموو ئەو سیاسەتمەدارانەی بەر لێشاوی ڕەخنە کەوتوون، ڕەخنە و گاڵتە و گەپانەیان بە سنگێگی فراوانەوە وەرگرتووە و لەگەڵیا پێکەنیوون. بەڵام کلیۆن بەو ڕەخنانە بێزار بووە و ئاماژەی ئەوەی کردووە کە ئەرستۆفانیس هەموو سنوورەکانی بەزاندووە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە دواتر ئەرستۆفانیس ڕادەکێشێتە بەردەمی دادگە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئەرستۆفانیس و لەیەکێک لە شانۆنامەکانی سەرەتای ڕەوتی نووسیندا، بەناوی (بابلییەکان)ەوە، هێرشێکی توندی کردووەتە سەر[٧].

لەم باسەدا جێگەی سەرنجە بزانین ئەرستۆفانیس لە شانۆنامەی (هەور)دا چۆن باسی سوکرات دەکا. ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا وێنەی سوکراتێکی فەیلەسووف و قوتابییەکانی، وەکوو کۆمەڵە کەسێکی سەیر و مەخسەرە و گێل بەرجەستە دەکا: سوکرات دەبێتە ئەو پیاوە زانستە سوفوستائییەی کە زۆربڵێیە و قسە زۆر دەکا، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ و خۆیی و قوتابییەکانی لە کۆمەڵە دیمەنێکی کۆمیدیایی شپرزە و سەرلێشێواودا دروست دەکا. سوکرات لە وتاری بەرگرییەکەی خۆیدا، کە لە ساڵی ٣٩٩ی بەر لە زایندا، لە بەردەم دادگەدا (ئەو دادگەیەی کە دواتر بە بڕیاری مەرگی سوکرات کۆتایی هات) هەر وەکوو ئەفلاتون دواتر بڵاویکردووەتەوە،

وتوویەتی: سوکرات دوو جۆر دادوەری گشتیی هەبووە، یەکێکیان ئەوانە بوون ڕاکێشاوەتە بەر دەم دادگە، ئەوانەشی کە هەر لە دەمێ ساڵەوە ئەویان تاوانبار کردووە. سوکرات لێرەدا مەبەستی لە شانۆنامەی (هەور) بووە کە لەوێدا وەکوو فیگورێک خوڵقێنراوە قسەی بێ مانا دەکا، تەنانەت خۆشی نە دەزانێ چی دەڵێ و نە ئاگەداری ئەو شتانەشە کە باسیان دەکا. ئاشکرایە سوکرات و ئەفلاتون هەستیان بەو تۆنە زبر و ڕەخنەئامێزەی هێرشی نووسەرانی کۆمیدیا کردووە، هەروەها ئەو کەسانەشی دواتر سەیری ئەم مەسەلانەیان کردووە و لێی وردبوونەتەوە، درکیان بەهەمان شت کردووە، هەر بۆ نموونە تەنیا چەند ساڵێک لەمەوبەر و لە کۆواری Magazine Litteraire ئەم مەسەلەیە لە وتارێکدا بە ناوی (سوکرات بە دەستی ئەرستۆفانیس مردووە؟) وروژێنراوە.

خاڵێکی تری لاوازی لێکۆڵینەوەکەی نیکلاس هۆڵتسباری ئەوەیە کە کۆمیدیای گریک، بەتایبەتی لە ئەتینا بە تراجیدیا بەراورد دەکا، بێگومان ئەم بەراوردکارییە لە هەندێک لایەنەوە شتێکی ڕاستە، بەڵام تەنیا لە هەندێک لایەنەوە. پێناسەکردن و دەستنیشانکردنی کۆمیدیا وەکوو (خوشکی بچووکی) تراجیدیا، کەمکردنەوەی بەهاکانی کۆمیدیایە، چونکە جیاوازییەکان لەڕووی چۆنییەتییەوە (چۆنایەتیانە) نییە، بەڵکو مەسەلەکە زیاتر لە ڕووی ستایل و شێوازەوەیە. هەڵبەتە لێک جیاکردنەوە و جیاوازییەکی تۆندی بەم شێوەیە، بینەرانی شانۆی ئەتینای ئەوکاتەی تووشی ناڕەزایی و سەرسوڕمان کردووە.

لە کاتی فیستیڤاڵەکانی دیۆنیسیۆسدا، کە لە نێوان مانگی ئادار و نیسانی هەموو ساڵێکدا کراوە، لە پێنج شانۆنامەی کۆمیدی کەمتر نمایش دەکراوە، هەروەها سێ ساتیریش (زیاتر نمایشی گەمە و گاڵتەوگەپ بوون و لە میتۆلۆجیاکانەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە) ئەمە شان بە شانی ئەو نۆ شانۆنامە تراجیدیاییانەی تر کە لە ماوەی سێ چوار ڕۆژی فیستیڤاڵەکەدا پێشاندراون[٨].

لە زۆر ڕووەوە کۆمیدیا شتێکە کە تراجیدیا ئەوە نییە، لەبەر ئەوەی تراجیدی لەلایەکەوە لە داستان و میتۆلۆجیاکانەوە وەرگیراون و بنەمایەکی پڕ لە ڕاز و نهێنی لە خۆ دەگرێ و دیدێکی مێتا–فیزیکییان هەیە، لە لایەکی تریشەوە کێشە و دەستەویەخەی مرۆڤی پاڵەوان ئاسا، لەگەڵ چارەنووسی خۆیدا دەخاتە ڕوو، بەڵام کۆمیدیا بە تەواوەتی پابەندە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئەتیناوە. تراجیدیا کۆمیدیایە و کۆمیدیاش تراجیدیایە و بە پێچەوانەشەوە، ئەم دوو شێوازە دراماتیکە، واتە تراجیدیا و کۆمیدیا تەواوکەری یەکترین و پێکەوە بەرجەستەی هەموو ژیانی واقیعی و ڕاستەقینەی ئەتینان، لەسەر ئاستێکی بەرز و نزم، لە لایەنی ڕوحی و میتۆلۆجیا و دەنگۆی بێ بناغە، تا دەگاتە سەر مەسەلە ڕاستەقینەکان و ئەو شتانەشی کە بینەران تامەزرۆین، دەکەن.

هیچ شتێک نییە کە خەڵکی ئەتینا خۆیانیان تیا نەدۆزیبێتەوە، هەروەها هیچ شتێک لەو شانۆنامانەدا نەبوون کە لە فیستیڤاڵەکانی دیۆنیسیوسدا پێشاندراون، لە دەرەوەی واقیع و ئەزموون و ژیان و بۆچوونەکانی بینەران و خەڵکی ئەتیناوە بووبێ. شانۆی گریک، بەتایبەتی لە ئەتینا، لە ساڵەکانی ٤٠٠ی بەر لە زایندا، تراجیدیا، کۆمیدیا یان گەمەی ساتیر پێکەوە، وێنەیەکی گشتگر و تەواوەتی گەردوون و کۆمەڵگەی گریک بووە[٩]. ئێمە ئێستا لەم زەمەنەدا، بەشێوەیەک لە شێوەکان دەتوانین دووپاتی ئەو وتەیەی فیکتۆر هیگۆ بکەینەوە کە دەڵێ (هەمان هێزی هەناسەدان کە لە هەناوی تراجیدیاکانی ئێسخیلۆسدایە، لە هەناوی کۆمیدیاکانی ئەرستۆفانیس–یشدایە).

ئەریستۆ لە کتێبی هونەری شیعرەکەیدا (پۆیەتیکا) مەبەستی ئەوە بووە (لەوانەیە ئەم کتێبە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٣٠٠ی بەر لە زایندا نووسرابێ) تراجیدیا باسی ئەو کەسانە دەکا کە لە ئێمە باشترن، بەڵام لەوانەیە بەو ڕادەیە باش نەبن، چونکە بەهۆی کارێکی هەڵەوە تێک دەشکێن و بەتەواوەتی خراپ دەبن[١٠]. بینەران لەو هاودەردی و هەست و سۆز و ترسانەی کە لە بینینی نمایشە تراجیدیاکانەوە، لەناوەوەیاندا سەرهەڵدەدا و دەوروژێ، پاکژ دەبنەوە (کاتاریس)[١١] "کۆمیدیاکانیش خستنەڕوو و پێشاندانی ئەو مرۆڤانەیە کە خراپن، بەڵام نەک ئەوانەی کە هەر زۆر بێکەڵکن /.../ ئەو گاڵتەئامێزییە شتێکە کە بە هەڵە دەکەوێتەوە– ئەوە دزێوییە بەبێ ئازار و بە بێ وێرانکاری."

نووسینەکانی ئەریستۆ لەم بارەیەوە بە تەواوەتی نەگەیشتوون بە دەستمان، بەڵام لە دووتوێی هەندێک تێکست و نووسینی تری ئەریستۆوە، دەگەینە دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە کۆمیدیاش. هەر لەم دەروازەیەوە، لەوانەیە بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەریستۆ مەبەستی بووە بڵێ: کۆمیدیا چێژ و پێکەنین دەبەخشێ بەبینەرەکانی، لەم ڕێگەیەشەوە دەمانگەیەنێتە کاتاریس، واتە پاکژبوونەوە، بە ڕەچاوکردنی گەڕانەوە بۆ هەست و سۆزەکانمان. بەڵایەکی تردا ئەریستۆ ئەوەمان فێر دەکا کە تراجیدیا و کۆمیدیا، هەردووکیان هەست و سۆزێکی قووڵ و گەورە لە دەروونماندا، لە بێئاگەییماندا بە ئاگا دەهێنێتەوە و ئەو هەستە تووندوتیژەی، کە لە ناوەوەماندایە و ئێمە نامانەوێ بەردەوام بە شێوەیەکی جێگیر بوونی هەبێ، لە ڕێگەی کارە هونەرییەکانەوە ڕزگارمان دەبێ لێیان. شیکارییەکانی ئەریستۆ بۆ کۆمیدیا هەمان شیکاری و لێکۆڵینەوەکانیەتی بۆ تراجیدیا و بەهەمان ئاڕاستە کاری کردووە، هەرچەندە ئەریستۆ ئەو دوو شێوازەی هونەر بە تەواوکەری یەکتری دادەنێ و هەر لەبەر ئەوەشە وەکوو دوو دیوی یەک چالاکی، بەچالاکییە گشتگرەکانی دراماتیک ناوزەدیان دەکا.

لەگەڵ ئەوەشدا کە لێکۆڵینەوەکەی نیکلاس هۆڵتسباری لە زۆر ڕووەوە بە شێوەیەکی باش نووسراوە، بەڵام کۆمیدیای گریک تەنیا وەکوو ئامرازی چێژ وەرگرتنێکی ساکار، لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا دادەنێ، بەم شێوەیە تێزەکانی خۆیمان سەبارەت بە کۆمیدیای ئەرستۆفانیس، لە دید و بۆچوونێکی کۆنەوە پێ دەفرۆشێتەوە. ئەم بۆچوونە ساکارەش وێنەیەکی گشتگر و ڕاست

نابەخشێتە ئەو سەراپاگیری و مەودا قوولەی کە لەو هونەرە بەرزەی کۆمیدیا و گاڵتەوگەپەی ئەرستۆفانیس–دا هەیە. لە کۆتاییدا تەنیا شتێک کە لەم بارەیەوە ئاماژەی بۆ بکەم، ئەوەیە کە زۆر زەحمەت و دژوارە لەم خوێندنەوەیە بگەی و، بزانی نووسەر مەبەستی چییە و بۆ چی؟ هەر وەکوو ئەفلاتون نووسیوویەتی "ژنە خواوەندە هەوەسبازەکان کاتێک بە دوای پەناگەیەکی نەمردا گەڕان، ڕۆحی ئەریستۆفانیس–یان دۆزیەوە."

سەرچاوە:

SvD, Understrecket. Den antika komedin var ingen fars av Hans-Roland Johnsson, 2012

پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

١. ئەرستۆفانیس لە ساڵی ٤٤٥ پ.ز لە دایک بووە و لە ساڵی ٣٨٥ پ.ز کۆچی دوایی کردووە. ئەم نووسەرە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٤٢٧ پ.ز دا یەکێک لە شانۆنامەکانی پێشاندراوە. کۆنترین شانۆنامەشی کە دەست ئێمە کەوتووە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٤٢٥ پ.ز، ئەم شانۆنامەیەش یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناوی (یوربیدس)ە، وەک ئاماژەیەکە بۆ نووسەری تراجیدیای گریک یوربیدس.

٢. ئەو شانۆنامانەی ئەرستۆفانیس کە بە دەست ئێمە گەیشتوون و پارێزراون بریتین لە: خەڵکی ئەفارینا، ئەسپسوارەکان، هەور، زەردەواڵە، جەژنی تسمۆفۆریا، بۆقەکان، پەرلەمانی ستات، پلوتۆس، لیسیستراتا.

٣. ئۆلیمپن: ماڵی خواوەندی گریکەکان کە بەسەر ترۆپکی چیای ئۆلیمپۆس–دەوە بووە، لە هەمان کاتدا مانای جیهانی خواوەندەکانی گریکە کۆنەکانیش دەگەیەنێ.

٤. شانۆنامەی (بۆقەکان) یەکێکە لەو شانۆنامانەی کە ئەرستۆفانیس توانا و سەلیقەی یوربیدس دەخاتە تەرازووی ڕەخنە و بەراوردکاری و تەنانەت دانپیانانیشەوە. ئەم شانۆنامەیە نیشانەیەکی گەورەی ڕەخنەی ئەدەبی و شانۆیی گرێکلاندە کە دوای مردنی هەر سێ شاعیری گریک: ئێسخیلوس، سۆفۆکلیس و یوربیدس نووسراوە. ئەرستۆفانیس شانۆنامەی "بۆقەکان"ی لە کاتێکدا نووسیوە کە گۆڕەپانی پێشبڕکێکان بەهۆی مردنی شاعیرە مەزنەکانەوە بۆشاییەکی گەورەیان دروست کردووە، ئەرستۆفانیس هەستی بەو بۆشاییە کردووە و لە دەروازەی شانۆنامەکەیەوە ڕۆڵی ئەو شاعیرانەی بەرز نرخاندووە. شانۆنامەی بۆقەکان هەڵسەنگاندنێکی شانۆیی و وردی توانای شانۆنامەنووسیی هەر سێ شاعیرە مەزنەکەی تراجیدیای گریکە. ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا زیاتر بەراورد لە نێوان ئێسخیلوس و یوربیدس–دا دەکا، بەڵام یوربیدس و سۆفۆکلیس–یش بەشێکی ئەو بەراوردکارییەن. ئەرستۆفانیس بۆ یەکەم جار لەم شانۆنامەیەیدا ددان بە توانی یوربیدس و ڕۆڵی شانۆنامەکانی و هێزی تراجیدیاکانیدا دەنێ، لە دەرەنجام و کۆتایی شانۆنامەکەیدا بەم شێوەیە پلەی شاعیرەکان دەستنیشان دەکا: ئێسخیلوس پلەی یەکەم، سۆفۆکلیس دووەم و یوربیدس پلەی سێیەم.

٥. شانۆنامەی بۆقەکان ساڵی ٤٠٥ پ.ز پێشکێش کراوە و پاداشتی یەکەمی بەدەست هێناوە، دواتر

بەهۆی سەرکەوتنی نمایشەکەوە بۆ چەندین جار لە ئەتینا پێشکێش کراوەتەوە.

٦. ئەم کتێبە ٢٤٠ لاپەرەیە و لە ساڵی ٢٠١٠دا لە دەزگای C.H.Beck بەئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە.

٧. ئەم شانۆنامەیە فەوتاوە و نەگەیشتووە بە دەستمان.

٨. (بیترستراتۆس) یەکەم فەرمانڕەوا بووە کە بڕیاری دامەزراندن و سازدانی فیستیڤاڵ و پێشبڕکێ هونەرییەکانی نێوان شاعیرە تراجیدیاییەکانی داوە، بۆ ئەم مەبەستە هەموو ساڵێک لە ئەتینا ڕۆژەکانی جەژنی دیۆنیسیۆس، خواوەندی شانۆ و بەروبووم تەرخان کراوە بۆ ئەو دیاردە گرینگە، دوای دەرکردنی ئەم بڕیارە و پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی شاری ئەتیناوە، یەکەم شانۆگەری لە ساڵی ٥٣٤پ. ز دا نمایشکراوە. ئەم ریتواڵ و فیستیڤاڵە شانۆییە لە وەرزی بەهاردا سازکراوە و ١٠ ڕۆژی خایاندووە، شانۆنامەکانیش لە سێ ڕۆژی کۆتاییدا پێشکێش کراون. لە سەرەتادا تەنیا تراجیدیاکان بەشداریان کردووە، بەڵام لە ساڵی ٤٨٦ پ. ز هوە ڕێگا بە شانۆنامەنووسە کۆمیدیاییەکانیش دراوە بەشداری بکەن. بەهۆی بەشداریی شاعیرە کۆمیدیاییەکانەوە، هەندێک ڕێسا و بنەمای تر بۆ تێکڕای نووسەرەکان دادەنرێ تا پەیڕەوی بکەن. بۆ نموونە شانۆنامەنووسە کۆمیدیاییەکان بواڕێکی زیاتریان هەبووە بۆ گوزارشتکردن و جۆری دەربڕینەکانیان، بەڵام شانۆنامەنووسە تراجیدییەکان ئەو بوارەیان نەبووە. کۆرسی ناو شانۆنامە کۆمیدیاییەکان توانیویانە و بۆیان هەبووە ڕاستەوخۆ ڕوو بکەنە بینەران، ڕەوتی شانۆنامەکە ڕابگرن و ڕای تایبەتی خۆیان سەبارەت بە مەسەلەیەکی هەنووکەیی، لە ڕووی ڕامیاری، ئابووری، هونەری، ڕۆشنبیری... هتد دەربڕن و دواتر بگەڕێنەوە ناو ڕووداوەکانی شانۆنامەکە.

٩. ئەریستۆ لە کتێبەکەیدا هونەری شیعر (پۆیەتیکا) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە شانۆگەری بە هەردوو جۆرەکەیەوە، تراجیدیا و کۆمیدیا، لە هونەری شیعرەوە سەری هەڵداوە.

١٠. بە پێی هەندێک سەرچاوە بەشی دووەمی کتێبی هونەری شیعر دەربارەی کۆمیدیا بووە، بەڵام ئەو کتێبە فەوتاوە و نەگەیشتووەتە دەستمان.

١١. کاتاریس، پاکژبوونەوە یان قوتاربوون، وشەیەک یان چەمکێکی گرانە و چەندین شیکردنەوەی بۆ کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەموو پسپۆر و لێکۆڵەران لەسەر ئەوە ڕێکن کە مەبەست لە پاکژبوونەوەی دەروونە لە ترس و بەزەیی، ئەمەش بە هۆی پێشاندانی بەرهەمە تراجیدیاییەکانەوە. بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش پێویستە تراجیدیا خوڕپە یان ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو، گۆڕانکاری و جۆرە کارەساتێک لەخۆ بگرێ.

# ڕوانینێک لە بزووتنەوەی شانۆی هیندییە سوورەکان لە کەنەدا

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

هیندییە سوورەکان یان مرۆڤە سەرەتاییەکانی سەر خاکی کەنەدا ئەو مرۆڤانەن کە لەمێژە لەسەر ئەم کیشوەرە دەژین و خاوەنی کلتوور و داب و نەریت و فۆلکلۆر و ئەدەب و ئەفسانە و خواوەند و مێژووی خۆیانن. "پێش کەنەدا، پێش پەیدابوونی بیرۆکەی کەنەدا، زۆر پێشتر لەوەی چەتە دەریاییەکان پێ بخەنە سەر ئەو دوورگەیەی کە ئەمڕۆ بە نیوفاونلاند ناسراوە، زۆر پێشتر لەوەی کە بەریتانییەکان و فڕەنسییەکان ئەم کێشوەرە نوێیە بدۆزنەوە، هیندییە سوورەکان لەسەر ئەم خاکە ژیاون."[1] هیندییە سوورەکان بۆ ماوەی ١٥ هەزار ساڵ لەسەر ئەم خاکە ڕاو و ڕاوە ماسی و دروێنەیان کردووە. بەدرێژاییی ئەم مێژووە نمایشکردن- گۆرانیگووتن، سەما و گێڕانەوەی حیکایەت و تەپڵ لێدان و دەمامک و جلوبەرگ- بەشێک بووە لە ژیانی ڕۆژانەیان"[2]. ئەم مرۆڤە سەرەتاییانە هەر لەمێژە هەوڵیان داوە خەم و ئازار و کارەسات و خۆشەویستی و خۆشییەکانیان، بەهەر شێوازێک کە بەگونجاویان زانیبێت گوزارشتیان لێکردووە. شانۆش هۆکارێکی ئەو گوزارشتکردنە بووە، ئەم هونەرە شانبەشانی هونەرەکانی وێنەکێشان و گۆرانی و سەما و پەیکەرتاشی، بەشێکە لە فەرهەنگ و کلتوور و شانازییەکانی هیندییە سوورەکان. هەرچەندە شانۆی هیندییە سوورەکان چەند هەزار ساڵە لەسەر ئەم کێشوەرە بوونی هەیە، بەڵام تا ساڵی ١٩٨٦ نەیتوانیوە سەرنجی ئاگاییی گشتیی کەنەدا بۆلای خۆی ڕابکێشێت، هۆکارەکەی هەرچییەک بێت دواتر کرێدتی ئەم سەرنج گواستنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی شانۆنامەنووسی هیندییە سوورەکان تۆمستۆن هایوەی کە لەڕێگەی نووسینی شانۆگەریی "خوشکانی ڕیز"ەوە توانیی تەکانێکی چۆنایەتیی زۆر گەورە بە شانۆی هیندییە سوورەکان بدات، یان وەک درو هایدن تایلەر دەڵێ "بە نمایشکردنی ئەم شانۆگەرییە جیهانی هونەری شانۆی هیندییە سوورەکان گۆڕا"[3]. تۆمستۆن هایوەی توانیی دەرگەکانی قەتیسمانی ئەو هونەرە بخاتە سەرپشت و بوو بەڕچەشکێن کە دواتر گەلێ لە نووسەرە هیندییە سوورەکان کەوتنە شوێن پێ هەڵگرتنی. جا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە شانۆی هیندییە سوورەکان لە کەنەدا مانایەک ببەخشێت



شانۆ وەک شۆێنێک بۆ پەیرەوکردنی خوو و نەریت و بیروباوەڕی ئاینی و کۆمەڵایەتیی هیندییە سوورەکان

وای بەباش دەزانم کورتە ناساندنێکی مێژووی سۆسیۆ- دیمۆگرافییانەی هیندییە سوورەکانی بکەین و ئینجا شۆڕبینەوە ناو جیهانی شانۆ لای ئەم مرۆڤانەی کە وا وردە وردە بەتەواوەتی کەم دەبنەوە و خەریکە لەنێو دەچن.

## کورتە ناساندنێکی مێژووی سۆسیۆ-دیمۆگرافییانەی هیندییە سوورەکانی کەنەدا

مرۆڤە سەرەتاییەکانی کەنەدا (هیندییە سوورەکانی کەنەدا)، ١٥ هەزار ساڵ دەبێ لەسەر ئەم خاکە دەژین. بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٦ ژمارەی هیندییە سوورەکانی دانیشتووی کەنەدا ملیۆنێک و ١٧٢ هەزار و ٧٩٠ کەس بووە. نێزیکەی پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵی نیشتەجێ بوون پەیدابوون و گەشەیان کرد. دەوروبەری ساڵی ١٧٠٠، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە هیندییە سوورەکان لە خۆرئاوای کەنەدا (لە هەرێمی بریتیش کۆڵۆمبیا) نیشتەجێ بوون، واتا زیاتر لە سەدا چلی هیندییە سوورەکانی کەنەدا (١٠٥ هەزار کەس زیاتر بوون) لەم هەرێمەدا ژیانیان دەبردە سەر. هیندییە سوورەکان لەدوای هاتنی پیاوی سپی بۆ ئەم کیشوەرە وەنەبێ ژیانێکی ڕێک و نۆرماڵیان بەسەربردبێ، بەڵکو لەژێر بەرداشی جەنگی ئەهلی (کە لەڕاستیدا جەنگی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی بەریتانیا و فەرەنسا بوو لەپێناو قەڵەمڕەوی سیاسی و دابینکردنی سامانی سروشتی کە بەسەدان هەزار مرۆڤیان تێدا فەوتاند ئەمە سەرباری جەنگی خۆ بەخۆ لە نێوان تیرە و هۆزەکان لەسەر خواست و ویستی سەرۆکەکانیان یەکتریان کوشتووە و جەنگ و شەڕیان بەرپا کردووە)، بوون بە گەورەترین قوربانیی جەنگ. هیندییە سوورەکان لەو سەردەمانەدا دووچاری قات و قڕی و لەنێوچوونی بە کۆمەڵ بوون لەڕووی جەستەیی و فەرهەنگی و

کولتووریيەوە. هیندییە سوورەکان لە کەنەدا ژمارەیان زیاتر لە یەک میلیۆنە واتا سەدا چواری سەرجەم دانیشتووانی کەنەدا پێک دەهێنن و بە ٥٣ شێوەزاری جیاواز قسە دەکەن کە سەر بە ١١ زمانی بنەڕەتین. هیندییە سوورەکانی کەنەدا بەسەر حەوت جێگەی کولتووریی گەورەدا دابەش بوونە کە ئەمانەن:

یەک: ئالگۆنکیان کە ڕۆژهەلات و ناوەڕاستی وودلاند دەگرێتەوە.

دوو: ئیرۆقۆەین کە باشوری ڕۆژهەلاتی هەرێمی ئۆنتاریۆ دەگرێتەوە.

سێ: ڕووباری مەکەنزی کە ڕووباری مەکەنزی و وودلاند و باکوری ڕووباری چورچڵ دەگرێتەوە.

چوار: پلەتیۆ کە بەرزاییەکانی هەرێمەکانی بریتش کۆلۆمبیا و یۆکن دەگرێتەوە.

پێنج: پلەین کە سەرجەم مێرگەکانی کەنەدا دەگرێتەوە.

شەش: کەناری ئۆقیانوسی ئارام کە کەنارەکانی هەرێمی بریتش کۆلۆمبیا دەگرێتەوە.

حەوت: جەمسەری باکور کە هەرێمەکانی یۆکن و کوبێک و لابرەدۆر دەگرێتەوە.

هیندییە سوورەکانی کەنەدا سەر بە ١٧ هۆز یان خێڵ یان بنەماڵەی گەورەن کە بەپانتاییی کیشوەری ئەمەریکای باکور بڵاو بوونەتەوە. ئەو خێڵ و هۆزانە بریتین لە مۆنتاگنەیسی و نایکاپی، هورۆند، ئەلگۆنکینس، چیپیوای، میکمەک، مالیسییت، کرییس، ئابێناکیس، پینۆبسکۆتس، ئیرۆقیۆس، ئینیوت، تیلینگیت، هایدە، کەناری سیمشاین، کواکیۆتڵ، نوتکا، سایۆکس.

لەبەرامبەر سەرجەم هەوڵەکانی وڵاتە ئیمپریالیستەکانی بەریتانیا و فەرەنسا، هیندییە سوورەکان بەناچاری دەستیان دایە شێوازێک لە خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیاسەتە دژی



مۆنۆمێنتی ڕزگاربووانی جەنگی هیندییە سوورەکان لە شاری ئۆتاوای پایەتەختی کەنەدا

مرۆییانەی کە لەسەر ئەم خاکەی خۆیان و لەدژیان پیادە دەکران. سیاسەتی ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەرەنسی، سیاسەتی کوشتن و لەنێوبردنی خەڵکە ڕەسەنەکانی سەر ئەم خاکە بووە. تەنانەت لە تاریکترین مێژووی ئەم کیشوەرەدا بەکارهێنانی ژمارەیەکی بێشوومارى هیندییە سوورەکان بوو لە جەنگێکی ئیمپریالیستانەی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا لە نێوان ساڵانی ١٧٥٤–١٧٦٣ کە بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆری هیندییە سوورەکان. لەو ساڵانەدا ژمارەیەکی زۆری هۆزی هیندییە سوورەکان لەنێوان ئەو دوو هێزەدا دەژیان، فەرەنسا و بەریتانیا کەوتنە سەربازگیری (تەجنید کردن)ی هیندییە سوورەکان و ناونووسکردنیان و بەکارهێنانیان لەپێناو بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانیان. یەکێک لەو سیاسەتانەی ئیمپریالیزم سیاسەتی لاوازکردن و لەبەریەک ترازاندنی هیندییە سوورەکان بوو. هیندییە سوورەکان لە گرووپی گەورە گەورەدا دەژیان، بەڵام دروستکردنی شاری نوێ و خواستی بەردەوامی هیندییە سوورەکان بۆ خوێندن و چوونە قوتابخانە و ئاشنابوون بە شارستانیەتێکی نوێ کە لە ئەورووپاوە هێنرابوو و کۆچکردنیان بۆ ئەو شارانە بووە هۆی بچووکبوونەوەی ئەو گرووپانە و لاواز بوونیان. چونکە بێگومان بەدڵنیاییەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە تا هاتنی ئەورووپییەکان، هیندییە سوورەکان نەخوێندەوار بوونە و ئەوەی هەبووە جگە لەوێنە و نەخشەکانی سەر دار و سەما و تەپڵ لێدان، ئەوانی تر هەمووی زارەکی بووە. دوای داگیرکردنی ئەم کیشوەرە لەلایەن ئەورووپییەکانەوە شارستانیی ئەورووپی دەگاتە سەر ئەم خاکە و قوتابخانە و خوێندەواریش پەرە دەستێنن و بوار بۆ هیندییە سوورەکان دەرەخسێت سوودمەند بن و فێری خوێندەواری ببن و لەوێشەوە ئیتر ئەدەبی زارەکی دەگۆڕێت بۆ ئەدەبی سەر کاغەز (نووسراو) و کاریگەریی هیندییە سوورەکان بەسەر مێژووی ولاتی کەنەداوە دەست پێدەکات. لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە لەژێر کاریگەری و لەبەرامبەر کۆلۆنیالیزم و سیاسەتەکانی، هیندییە سوورەکان هەوڵی پان ئیندیانیزمیان دەدا. چونکە کۆڕ و کۆمەڵەکانیان لێکدەترازان و لەبەریەک هەڵدەوەشانەوە و تا دەهات بچووکتر و بچووکتر دەبوونەوە. پان ئیندیانیزم ئەو فەلسەفەیە یان بزووتنەوە ئاشتیخوازە بوو هەوڵی ئەوەی دەدا کە یەکڕیزی و یەکگرتوویی لەنێوان گرووپ و هۆز و تیرەکانی هیندییە سوورەکان بەهێز بکات. یان بەزمانێکی تر کە لە ئینسکلۆپیدیای کەنەدا نووسراوە پان ئیندیانیزم بزووتنەوەی بەرگریی خەڵکە ڕەسەنەکانی کەنەدایە لەبەرامبەر توانەوەیان و زاڵدەستیی کۆلۆنیالیزم کە لەبنچینەشدا بەگوزارشتی سیاسی و ئاینی و هاوکاری دەناسرێتەوە.[٤]

دیارە پاش ئەو هەموو کارەساتە تراجیدیاییانەی کە بەسەر هیندییە سوورەکان و کولتوورەکەیاندا هات و پاش دووچاربوونی جۆرێک لە توانەوە و لەنێو چوون، دواجار بەهۆی خەبات و تێکۆشانیان توانییان لانی کەمی مافەکانیان بەدەست بهێنن و حکوومەتی فیدراڵی کەنەدا ناچار بکەن جۆرێک لە ئۆتۆنۆمییان بۆ بسەلمێنێ. دەسەڵاتی یاساییی بنچینەیی هیندییە سوورەکانی کەنەدا لەژێر چەتری حکوومەتی فیدراڵی کەنەدایە. تا سەرەتای ساڵانی دەیەی



هیندییە سوورەکان (مرۆڤە سەرەتاییەکان)ی کەنەدا

پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی هیندییە سوورەکان بەوردی لە ڕووی یاساییەوە لەلایەن (یاسای هیندییە سوورەکان- یان یاسای خەڵکە ڕەسەنەکانی کەنەدا)وە ڕێک دەخرا و بەڕێوە دەبرا. لەوکاتەوە خولیا و ئارەزووی حکوومەتی کەنەدا و کۆمەڵەی هیندییە سوورەکان بەرەو پێش چوونی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە فراوانکردنەوەی ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵکی ڕەسەنی ئەم کیشوەرە و نیشانکردنی یەکەم ڕۆژی هاوین ٢١ی حوزەیرانی گشت ساڵێک وەک ڕۆژی تایبەت بەخۆیان. ئەمڕۆ هیندییە سوورەکان لە کەنەدا سەرباری بەهرەمەندبوونیان بە کۆمەڵێک ئیمتیازات بەتایبەتی لەڕووی داراییەوە کە حکوومەتی فیدراڵ بۆی دابین کردوون، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەدەست هەندێک دەردەوە دەناڵێنن وەکو دووچاربوونێکی بەرفراوان بە مادە بێهۆشکەرەکان و ئایدز. گەشەکردنی ئەم گرفتانەش بووەتە هۆی شێوازێک لە قەڵاچۆکردنی هێمنانەی هیندییە سوورەکان و توانەوەی لەسەرخۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین مەڵبەندی هۆشیارکردنەوە و چارەسەرکردن لەئاراداون بۆ چارەسەرکردنی ئەم دەردانە، بەڵام تا دێت کێرقی تەشەنەکردنی دەردەکان ڕوو لەسەرە.[٥]

## سەرهەڵدانی شانۆی هیندییە سوورەکان

لەبەراییی مێژووەوە هیندییە سوورەکان لەڕێگەی نمایشەوە گوزارشتیان لە خەم و ئازار یان خۆشییەکانیان کردووە. ناوەڕۆکی ئەو نمایشانە زیاتر پەیام بووە سەبارەت بە سروشت و دیاردەکانی، یاخود گفتوگۆ بووە لەگەڵ خواوەند و باوەڕە ئاینییەکانیاندا. سروشتی ئەم چالاکییە



شانۆی سەندەربێردی هیندییە سوورەکان

کۆمەڵایەتییەی هیندییە سوورەکان دەتوانین بڵێین جگە لە کۆمەڵێ هونەر و نەریتی خۆڕسک، هیچیتر نەبووە و، لەڕاستیدا خاڵی بووە لە هۆشیاریی شانۆیی و لەمەعریفەی پێویست کە ئەو نمایشانە بکات بە هونەرێکی بەهێز و خاوەن ڕێڕەوی دیاریکراو. بۆ ماوەی چەندین سەدە خوو و نەریتە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی هیندییە سوورەکان ڕوخسارێکی گرینگ بووە لە بۆنە و ئاهەنگەکانیاندا[٦]. شانۆی هیندییە سوورەکان بەبەراورد بە بزووتنەوەی شانۆی کەنەدا زۆر کەمتر جێگەی بایەخ و مشتومڕ بووە. هۆیەکەشی لەلایەکەوە بابەتی بووە، ئەویش هەوڵدان بووە بۆ فەرامۆشکردنی هونەری هیندییە سوورەکان، لەلایەکی تریشەوە خودی شانۆی هیندییە سوورەکان لەو ئاستەدا نەبووە تا بەجیددی سەرنجی ڕەخنەی شانۆیی بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. "خەڵکە ڕەسەنەکانی کەنەدا دراما و نەریتە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانیان وەکو بەشێک لە بۆنە و ئاهەنگەکانیان بەسەدان ساڵ پێش هاتنی ئەوروپییەکان بۆ کەناری جیهانی نوێ نمایش کردووە. لەڕاستیدا ئەوەی کە ئەمڕۆ وەک شانۆی خەڵکە ڕەسەناکان دەیبینین چەشنی شانۆگەرییەکانی تۆمسۆن هایوەی زۆر جار پشت بە میتۆلۆجی (زانستی ئەفسانە)ی نەیتیڤەکان یان هیندییە سوورەکان دەبەستێ."[٧] ئەگەر شانۆی ئەوروپی بەپێی بۆچوونی مێژوونووسی شانۆیی دەیڤد گراندەر لەساڵی ١٥٨٣ دا هاتبێتە کەنەدا[٨]، ئەوا شانۆی هیندییە سوورەکان بەهەزاران ساڵ بەر لەو مێژووە بوونی هەبووە و نمایش کراوە.

لەڕووی زەمەنییەوە شانۆی ئەوروپی لەکەنەدا بەبەراورد بە شانۆی هیندییە سوورەکان زۆر تازەیە بەڵام لەڕووی ناوەڕۆک و تەکنیکەوە زۆر جیاوازن. ئاشکرایە شانۆی ئەوروپی زۆر لەپێشترە بەتایبەتی لەسەدەی ١٧ەوە شانۆی ئەوروپی لە کەنەدا کەوتە نمایشی کاری بلیمەتی شانۆنووسانی



نمایشێک لەفیستڤاڵێکی هیندییە سوورەکان لە کەنەدا

وەک مۆلێر و شەکسپیر و هەروەها پیێر کۆرنی و جان راسین و پاشتریش لەسەدەی ١٨ هۆڵەکانی شانۆ لە کەنەدا بنیادنران[٩]. کەچی بەپێی لێکدانەوەی ڕۆبەرت وەیڵش ساڵی ١٩٦٧ سەرەتای ڕاستەقینەی بزووتنەوەی شانۆی کەنەدایە[١٠]. هەرچی شانۆی هیندییە سوورەکانە بەپێی لێکدانەوەی یۆیتی نۆڵان ساڵی ١٩٨٢ بەسەرەتای دەستپێکی شانۆی هاوچەرخەی هیندییە سوورەکان دادەنرێ[١١]. کەچی بەبڕوای ولیەم تۆی لەدەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو تەنیا سێ شانۆگەریی هیندییە سوورەکان هاتووەتە نمایشکردن کە یەکێکیان لەشەشەمین فیستیڤاڵی شانۆی جیهانی لەساڵی ١٩٧٧دا نمایش کرا[١٢]. لە ساڵی ١٩٨٢ وەک یۆیتی نۆڵان ئاماژەی پێدەکات دوو ڕووداو هەن کە دەستنیشانی سەرەتاکانی شانۆی هاوچەرخی هیندییە سورەکانن و پێویستە لێرە ئاماژەیان پێبکەین:

یەک: لە شاری تۆرۆنتۆ گرووپێک لە هونەرمەندان هاتن بەیەکەوە جێگەیەکیان دامەزراند کە نووسەران و ئەکتەران و دەرهێنەران و نەخشەکێشان و تەکنیککارانی هیندییە سوورەکان پێکەوە کار بکەن تا شانۆیەک دامەزرێنن کە گوزارشت بێت لە ئەزموونی هیندییە سوورەکان. (نەیتیڤ ئێرس پێرفۆرمینگ ئارت) ئەو شوێنە بوو کە دامەزرا و لەگەڵ کۆی چەند بەشێکی کارا و داهێنەر سەریهەڵدا کە پێی دەگوترا "وێنەکانی هیندییە سورەکان لە گۆڕاندا".

دوو: لەهەمان کاتدا، لەشاری ساسکاتوون لەهەرێمی ساسکاچوان شانۆنامەنووس ماریا کامبڵ لەگەڵ ئەکتەر و شانۆنامەنووس لیندا گریفسز و دەرهێنەر پاوڵ تۆمپسۆن کاریان بۆ بەرهەمهێنانی شانۆگەریی "جێسیکا" دەکرد. گەشتی داهێنانیان لە "کتێبی جێسیکا"دا

دۆکیومینت کراوە کە وەک دەقێکی کتێب بۆ بەرەنگاربوونەوەی شانۆی خۆرئاوا کە دەست و پەنجە لەگەڵ ئەزموونی هیندییە سوورەکانی ئەم ولاتە نەرم دەکات[١٣].

لەنێوان ساڵانی ١٩٨٢–١٩٨٦دا ژمارەیەک شانۆگەری نووسران و نمایشکران و لەساڵی ١٩٨٤ شێرلی چیچۆ هۆڵێکی شانۆی دامەزراند کە بووە هۆی دووبەرابەر بوونی ژمارەی تیپە شانۆییەکانی هیندییە سوورەکان لە کەنەدا[١٤].

لەساڵی ١٩٩٧ یەکێک لە کۆنترین و گەورەترین تیپی پرۆفێشناڵی شانۆیی "پیریەر تیەتەر ئیکسچەینج" شانۆگەریی "فەیرویڵ"ی مێتی هیندییە سوورەکان ئیان ڕۆز بەرهەمهێنا. ئەم شانۆگەرییە یەکێک بوو لە سەرکەوتووترین شانۆنامەکانی هیندییە سوورەکان کە خەڵاتی حاکمی گشتیی کەنەدا لە ئەدەب و دراماى ساڵی ١٩٩٧ پێبەخشرا و دواتریش لە شارەکانی تۆرۆنتۆ و ڤانکۆڤەر بەرهەمهێنرایەوە و چووە فیستیڤاڵی ئیدینبێرگ فرینگ. لەساڵی ٢٠٠٨یشدا نەیتیف ئێرس پێرفۆرمینگ ئارت و مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی لەشاری ئۆتاوای پایەتەختی کەنەدا شانۆگەریی "مردنی سەرۆک یان مەرگی سەرۆک" کە لە شانۆگەریی یولیۆس سیزەر یان "یولیوس قەیسەر"ی ولیەم شکسپیرەوە وەرگیراوە، بەرهەم هێنایەوە بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دیدگەیەکی پیاوی سپی بۆ ژیان سێبەری خستبووە سەر دەقەکە.

## شانۆی هیندییە سوورەکان بەچی دەناسرێتەوە؟

تایبەتمەندییەکانی شانۆی هیندییە سوورەکان دەتوانین لە چەند خاڵدا نیشان بدەین:

یەک: ئینتمای شانۆگەرییەکان، سەرباری ئینتما بۆ بیردەم و هاوچەرخ، ئینتماشە بۆ سروشت



لە سەمای هیندییە سوورەکان



دیمەنێک لەشانۆگەرییەکی هیندییە سوورەکان

و مرۆڤ و بڕوا ئاینییەکان، ئینجامایە بۆ ڕابردوو و خۆبەستنەوەیە بە ئەفسانە و کولتوور و زیندووڕاگرتنی زمان و ناو و جێگەکان و جێکردنەوەیانە لە شانۆگەرییەکان، هێمایە بۆ بوونی پەیوەندییەکی بەهێز و پتەوی هیندییە سوورەکان بەخاک و سروشتەوە. سروشت و خاک نە تەنیا وەک دایک، بەڵکو وەک جوانترین بەرهەمی خواوەند بۆ خۆیان دادەنێن و سوپاسگوزاریی دەکەن.

دوو: ستایلی شانۆگەرییەکان زیاتر شاردنەوەی واقیعی کاراکتەر بووە و، هەوڵدان بووە بۆ نمایشکردن یان بەرجەستەکردنەوەی ئەو کاراکتەرانەی کە دەسەڵاتیان بەسەر مرۆڤدا دەشکێت. بەواتایەکی تر نیشاندانی ڕۆڵی چارەنوسسازی ئەو کاراکتەرانەیە بەسەر ژیان و ئایندەی مرۆڤ. ئەو دیدە میتافیزیقییە سەر دەکێشێتە پەنابردن بۆ خواکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە (ترس، شەڕ، ڕووناکی، ژیان، دەریا و هەروەها خواوەندەکانی تریان کە زۆربەیان ئاژەڵن)[١٥]، یان ململانێی نێوانیان هەمیشە بابەتی سەرەکیی دراما بەدەمامکەکانی هیندییە سوورەکان بووە. دیارە لەگەڵ لەدایکبوونی شانۆیەکی پڕۆفشنالّی بەهرەمەند بەڕەگەزە هونەرییەکان کە ئەویش لەڕێگەی مەڵبەندی هونەری نەتەوایەتیی هیندییە سوورەکان و تۆمسۆن هایوەی شانۆنامەنووسەوە لەکۆتایی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ هاتە بوون، ئەم ڕەگەزە بایەخی هونەریی خۆی لەدەست نەدا و بگرە لەجاران زیاتر بوو بە پێبەخشینی ئایدێندیتی هیندیبوون بە دەقە شانۆییەکان.

سێ: ئاستی تەکنیک و دەستبردن بۆ ئەو مەتریالانەی کە سەربەجیهانی هیندییە سوورەکانن، چونکە ڕەگەز و ماتریاڵە شانۆییەکانی خۆرئاوا لەگەڵ شێوە و ستایلی شانۆی هیندییە سوورەکان نەدەگونجا. شانۆنامەنووسە هیندییە سوورەکان لەدەقەکانیاندا پەنایان دەبرد بۆ ژمارەیەک دیسیپلینی خۆماڵیی خۆیان لەچەشنی دەمامک لەسەر شێوەی ڕوخساری ئاژەڵ و سەمای

ڕەسەنی مێژوویی و دێرینی خۆیان، گۆرانیگووتن، کارەکتەری فێڵباز، جووڵە، گێڕانەوەی حیکایەت و گوزارشتکردن لە مرۆڤبوونی خۆیان و ڕێزگرتن لە مردوو.

چوار: بوون و هەن، هەستپێکردن بە ئامادەیی کارەکتەری فێڵباز یان فریودەر لە دەقە شانۆییەکانی هیندییە سوورەکاندا. بەپێی میتۆدۆلۆجی و لێکۆڵینەوە فۆلکلۆری و ئاینییەکانی هیندییە سوورەکان کارەکتەری فریودەر خواوەندە، یان خواوەندی ئافرەتە یان ژنە یان پیاوە یان ڕوحە یان ئاژەڵێکە کە ڕۆڵی فریودەرانە دەگێڕێت لە بێڕێزیکردن بەرامبەر یاساکانی ژیان و ڕەوشت و هەڵسوکەوت. ئەم ڕەگەزە ڕۆڵی گرینگ دەگێڕێت لە بە هیندیکردنی دەقە شانۆییەکان و پێدانی ناسنامەی هیندیبوونی دەق.

ڤالیری شانز لە ساڵی ١٩٩٧ لەنامەی ماستەرەکەیدا هەوڵ دەدات ژمارەیەک شانۆنامەنووسی ئافرەت لە هیندییە سوورەکان بدۆزێتەوە و دەربارەیان بنووسێت. ئەوانەی ڤالیری دۆزینەوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردن وازیان لەنووسین بۆ شانۆ هێنابوو[١٦].

بەپێی بۆچوونی یۆیتی نۆڵان پیاوان زیاتر سەرکەوتوون وەک لەژنان لەبواری نووسین بۆ شانۆ[١٧]. لە شانۆنامەنووسە دیار و بەرچاوەکانی نەیتیڤەکانی کەنەدا وەکو تۆمسۆن هایوەی، ئیان ڕۆز، دانیاڵ دەیڤد مۆسس، ماریا کلەمێنت، درو هایدن تایلەر، شێرلی چیچکو، مارگۆ کەین، مۆنیک مۆجیکا، یۆیتی نۆڵان، ماڵینی ج مووردی، مایکڵ لاورێنچووک، ئالانیس کینگ، کێنس ت ولیەم، کاڤن لۆرینگ، ئەو نووسەرانەن هەر یەک بەشێوازێک و بەجۆرێک شانبەشانی هونەرمەندانی تر و دەرهێنەران و ئەکتەران کە مێژووی نوێی شانۆی هیندییە سوورەکان بەشانازییەوە باسیان دەکات، ڕۆڵی دروشاوەیان هەبووە و هەیە لەبەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی شانۆی هیندییە سوورەکان لەکەنەدا.

بەڵام ئەوەی شانۆی هیندییە سوورەکان دەکاتە شانۆی هیندییە سوورەکان، وەک نۆڵان پرسیار دەکات ئایا بریتییە لە مەغزای کۆڵۆنیالیزم و ڕزگاربوون لە مەینەتی، وابەستەبوون بەخاک یان گێڕانەوەی ئەو چیرۆک و حیکایەتانەی کە زیاتر لە ١٥ هەزار ساڵە دەوترێنەوە؟ یان تەپڵ لێدان و دەنگی ترپەی دڵی خاکی دایک و گۆرانیگوتن و دەربڕینی هەستی مرۆییە؟ ئایا زمانی هیندییە سوورەکان کە تا دێت دوور دەکەوێتەوە و زمانی ئینگلیزی جێگەی دەگرێتەوە؟ شانۆی هیندییە سوورەکان بەئاگایی تەواوەوە بەستراوەتەوە بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو وەک بیرهێنانەوەیەک بۆ بینەران کە ئێمە ئێستا لەسەر ئەم خاکەدا دەژین وە ئەو خەڵکانەی پێشتر لێرە ژیاون بۆ ئێمە هێشتا لێرەن[١٨].

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵ و تەقەللایانەی کە تا ئێستا لەبواری هونەری شانۆی هیندییە سوورەکاندا دراون و لەگەڵ دەستپێکردنی هەزارەی سێیەمدا، شەپۆلێک لە هونەرمەندانی گەنج لەمەیدانن کە لە هەوڵی بەدەستهێنانی شارەزاییی پرۆفێشنالن و پەیوەندییەکی بەهێزیان بە



دیمەنێک لە سەمای هیندییە سوورەکان

ڕەچەڵەک و مێژووی خۆیانەوە هەیە. لەکۆتایشدا ئەم نووسینە بەو قسەیەی یۆیتی نۆڵان تەواو دەکەم کە لە کۆتایی نووسینەکەی لەسەر هەڵسەنگاندنی شانۆی هیندییە سوورەکان دەنووسێ "نێزیک بە سێ دەیە دەبێت کە بۆ یەکەم جار شانۆی هیندییە سوورەکان لەکەنەدا بەدەرکەوت و وەک مرۆڤە هیندییە سوورەکان لەسەر پێی خۆی وەستا. کۆڵنەدەر، زۆر جار نادیار و نەبینراو، هەژار و نوقم بەڵام لەسەر پێی خۆی وەستاو و مکورِ لەسەر ئەوەی چیرۆکەکانی ئەم خاکە بگێڕێتەوە."[١٩]

ئاب–ئەیلولی٢٠١٢

ڤانکۆڤەر – کەنەدا

چەند تێبینییەک:

یەکەم: سەرجەم وێنەکانی ناو ئەم نووسینە لە کۆمەڵێ سایت و مالپەڕی تایبەت بە شانۆی هیندییە سوورەکان لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراون.

دووەم: یۆیتی نۆڵان ژنە شانۆنامەنووسی هیندییە سوورەکان، لێکۆڵینەوەیەکی نووسیوە لەژێر ناوی "هەڵسەنگاندنێکی گشتیی شانۆی هیندییە سوورەکان لەکەنەدا" کە بەڕاستی بایەخی کلتووری ومێژوویی خۆی هەیە و ئەم نووسینەی من زۆرتر بەپشت بەستن بەو وتارەی یۆیتی نۆڵان نووسراوە.

سێیەم: کاتێ وشەی کیشوەر یان ئەمەریکای باکور بەکار دەهێنم مەبەستم ئەوەیە کە مرۆڤە

بەراییەکانی سەر ئەم خاکە واتە هیندییە سوورەکانی کەنەدا و ئەمەریکا یەک شێوەژیان و یەک کولتوور و یەک مێژووی هاوبەشیان هەیە. ئەوانیش وەکو ئێمەی کورد سنوورێکی دەستکرد لەتی کردوون و کردوونی بەدوو بەشەوە. بۆیە ئاماژە و مەبەستەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە گەرچی تا ڕادەیەکی زۆر ڕوو بە هیندییە سوورەکانی کەنەدایە بەڵام هیندییە سوورەکانی ئەمەریکاش دەگرێتەوە.

چوارەم: کورتەی بایۆگرافی شانۆنامەنووسە دیارەکانی هیندییە سوورەکان لە ئینسکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی و ویکیپیدیاوە ئامادەم کردوون:

کورتەیەک لە بایۆگرافی هەندێک شانۆنامەنووسی هیندییە سوورەکانی کەنەدا

تۆمسۆن هایوەی: شانۆنامەنووس و ڕۆماننووس و نووسەری منداڵانی هیندییە سوورەکان، لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥١ لە هەرێمی مانیتۆبا لە کەنەدا لەدایک بووە، لەتەمەنی ٦ ساڵی تا ١٥ ساڵی دەچێتە قوتابخانەی گای هیڵی تایبەت بە هیندییە سوورەکان و لەلایەن قەشەیەکەوە دەستدرێژیی سێکسیی دەکرێتە سەر و لە قوتابخانە ڕا دەکات و ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی قووڵ بەسەر ژیانی تۆمسۆنەوە جێدەهێڵێ. ساڵی ١٩٧٥ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە مۆسیقا بەدەست دەهێنێت و ساڵی ١٩٧٦یش بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزمانی ئینگلیزی لەزانکۆی وێسترن ئۆنتاریۆ وەردەگرێت. ساڵی ١٩٨٦–١٩٨٩ ژمارەیەک شانۆنامە بڵاو دەکاتەوە. لەنێوان ساڵانی ١٩٨٦–١٩٩٢ بەڕێوەبەری مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی هیندییە سوورەکان بووە لە شاری تۆرۆنتۆ لە هەرێمی ئۆنتاریۆ. تۆمسۆن هایوەی ٨ بڕوانامەی فەخریی پێبەخشراوە لەزانکۆکانی کەنەدا. ساڵی ١٩٩٤ بوو بەئەندامی شەرەفی هونەر لە کەنەدا. لەساڵی ٢٠٠٠ کڤواری مەکلینی کەنەدایی وەک یەکێک لە ١٠٠ گرینگترین کەسایەتی لەمێژووی کەنەدا ناوزەدی کرد. ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی دەستکەوتی مرۆڤە ڕەسەنەکانی لەبواری هونەر و کلتوور پێبەخشرا. تۆمسۆن تا ئێستا ١٨ کتێبێکی بەچاپ گەیاندووە.

دانیاڵ دەیڤد مۆسس: دانیاڵ شاعیر و شانۆنامەنووسی هیندییە سوورەکان، لە مانگی شوباتی ١٩٥٢ لە گوندی ئۆهزوەکان لە هەرێمی ئۆنتاریۆ لەدایک بووە. بروانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی یۆرک بەدەست هێناوە و بروانامەی ماستەری لە هونەری شێوەکاری (نووسینی داهێنان) لەزانکۆی بریتیش کۆڵۆمبیا وەرگرتووە. دانیاڵ بۆ ماوەی ٧ ساڵ سەرۆکی مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی هیندییە سوورەکان بووە. ساڵی ٢٠٠٣ دەچێتە بەشی دراما لەزانکۆی کوین وەک پرۆفیسۆری یاریدەدەر دەست بەکار دەبێ. دانیاڵ لەساڵی ١٩٧٩وە وەک شاعیر و شانۆنامەنووس و سەرنووسەرو وتارنووس و مامۆستا لە ژمارەیەک لە زانکۆ و کۆلیجەکانی کەنەدا کاری کردووە. دانیاڵ هۆمۆسێکسوالە و تا ئێستا ١٢ کتێبی بەچاپ گەیاندووە.

درو هایدن تایلەر: شانۆنامەنووس ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووسی هیندییە سوورەکان، لە

تەممـوزی ١٩٦٢ لە نـاوچەی کـــورف لەیک لە هـەرێمی ئۆنتـــاریۆ لە کـــەنەدا لـەدایک بـووە. تایلـەر دووڕەگە و ڕەگـێکی قـەوقـازییـە و ڕەگێکی تری هیندییـە سـووڕەکـانە. درو هایدن تایلـەر سـەرەتا لەڕادیۆ و تەلەفیزیـۆن دەستی بەکارکردن کرد و لەسـاڵی ١٩٨٩وە بەتەواوی خـۆی تەرخان کرد بۆ شانـۆ. ئێستاش لەزانکۆی وێسترن ئۆنتاریۆ خەریکی وانە وتنەوەیە. تا ئێستا ٢٥ کتێبی بەچاپ گەیاندووە.

درو هایدن تایلەر ئاوا سەرگوزشتەی خۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن بووە بە شـانۆنامەنووس. تایلەر دەڵێ "کـاتێک تۆمـسـۆن هایوەی لەسـاڵی ١٩٨٨ داوای لێکردم ببم بە نووسـەر لە "نەیتـیـف ئێـرس پیرفـۆرمـینگ ئارتس" ئەوکات قـەت شـانۆنامـەم نەنووسـیبـوو و زۆر کـەمـیش شـانۆگـەریم بینیبـوو. سـەرجـەم سی ڤی نووسینەکانم بریتی بوو لە یەک ئەڵقەی تەلەفیزیۆنی CBC بەناوی "بیچکەمەر– سواڵکەری کـەنار دەریا" بەو جۆرە تۆمسۆن ئەیویست جێگەکە (ئەو بۆشاییـە) پڕ بکاتەوە. دەستم کـردە کـارکـردن بێ ئەوەی بزانم چی دەکـەم. ڕێنمـاییـەکی جـوانم لەلایەن تۆمـسـۆن هـایوەی و دەرهێنەر لەری لویسـەوە دەکرا. بەڵام من دەست و پـێ سپی بووم و کـاڵایەک نەبووم پڕ بەباڵای ئەو شـۆینە، بۆیە ئەو شـانۆنامـەیەی کە نووسـیشم ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخـە بوو. ئەو زیانەش تراجـیدیا نەبوو بۆ جەماوەری شانۆی کەنەدا. پاشان لەری لویس بوو بە بەڕێوەبەری هونەری شانۆی "دێ بە جاھ مـو جیگ" بەواتای حیکایەتخوان یان چیڕۆک گێڕەوە. لویس وۆرکشۆپێکی هەبوو و دەبوایە یەکەم جار شانۆگەرییەک نمایش بکات و داوای لێکردم ئەگەر دانەیەکی تر بۆ بنووسم.

گوتم "نەخێر من زۆر باش نیم لەنووسینی شانۆگەری".

لەری گوتی "لەبەرامبەردا پارەت دەدەمێ".

منیش گوتم "بۆ کەی دەتەوێ؟"

شانۆگەریی "تۆرۆنتۆ ئات دریمەر ڕۆک" نمایش کرا و سەرکەوتنی بەدەست هێنا و خەڵاتی فلۆید س چاڵمەرسی بردەوە و گەلێ بەرهەمهێنانی تری بەخۆوە بینی. دوای نمایشکردنی شانۆگەرییەکە هاوڕێیەکم کە سەرجـەم کارە ئەدەبییەکانی منی بینیبوو باوەشی پێداکردم و گوتی" درو وابزانم تۆ ڕێگای خۆت دۆزییەوە".

یەکیـتی نۆڵان: شـانۆنامـەنووس و دەرهێنەر و دراماتۆرگی هیندییـە سـووڕەکـان، لە شـاری پرنس ئەلبـێرت لە هەرێمی ساسکاچوان لەدایکێکی هیندی و باوکێکی ئیرلەندی لەدایک بووە. یەکیـتی نۆڵان لە شـاری وینیپیـگ گەورە بووە و لەسـاڵی ١٩٩٧ زانکۆی مـانیـتۆبا تەواو دەکـات و، پاشـان لەگەڵ ژمـارەیەک کۆمپانیـای هونەری و شـانۆ دەست بەکار دەبێت لەشـارەکـانی مـانییـۆپا و وایت هۆرس و یۆکن. کـاری دەرهێنانی بۆ شـانۆنامـەی شـانۆنامـەنووسـانی وەک مـیچ چینێـست، درو هایدن تایلەر، فلیپ ئادەمز، جۆرج رایگا و ماری کڵێمێنت کردووە. لەنێوان سـاڵانی ١٩٩٨–٢٠٠١ سـەرۆکی کۆمـەڵەی شـانۆنامەنووسـانی کەنەدا بووە و لەزانکۆی براندۆن وانەی وتۆتەوە و لەنێوان

ساڵانی ٢٠٠٣–٢٠١١ لەشاری تۆرۆنتۆی هەرێمی ئۆنتاریۆ بەڕێوەبەری مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی هیندییە سوورەکان بووە و ٣ جار خەڵات کراوە.

ئییان ڕۆز: ڕۆمانناووس و شانۆنامەنووسی هیندییە سوورەکان، لە ٨ی نیسانی ساڵی ١٩٦٨ لە مەکریری لە هەرێمی مانیتۆبا لەدایک بووە. ساڵی ١٩٩٢ بەکالۆریسی لەبوارەکانی فلیم و شانۆ لەزانکۆی مانیتۆبا وەرگرتووە. ڕۆز بۆ شانۆ و فلیم و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆی نووسیوە و هەروەها بۆ چەندین ساڵ ژمارەیەک دەقی شانۆیی نووسیوە. کە شانۆنامەی فەیرویڵ بەناوبانگترینیانە و خەڵاتی حاکمی گشتی کەنەدای بۆ درامای ئینگلیزی پێوەرگرت. ئییان ڕۆز چواردە کتێبی بەجاپ گەیاندووە و سێجاریش خەڵات کراوە.

سەرچاوەکان:


١. یەخیتی نۆڵان هەڵسەنگاندنێکی گشتیی شانۆی هیندییە سوورەکان لەکەنەدا، مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی شانۆی ئینگلیزی http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal-theatre.pdf

٢. یەخیتی نۆڵان هەڵسەنگاندنێکی گشتیی شانۆی هیندییە سوورەکان لەکەنەدا، مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی شانۆی ئینگلیزی http://www 4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal-theatre.pdf

3- http://www.aaanativearts.com/indian-gods.htm

هەروەها بروانە؛

http://www.godchecker.com/pantheon/native-american-mythology.php

هیندییە سوورەکان لە کیشوەری باکوری ئەمەریکا باوەڕیان بە تاک خودایی نییە و ئەوان ژمارەیەکی زۆر خودا دەپەرستن کە ئەمانە هەندێکیانن: ئرپۆتماکین، ڕاڤین، کایۆتی، کواتیی، مانابۆزهۆ. ویندیگۆ. ئەهاتویا _ تاجی، ئەکولوجوزی، سیدنا، واکان _ تاکان، مانیتۆ، سەندەربێرد (خوای هەورەتریشقە)، کایتی (خوای ورچ)، وەهاندا، ئەکۆما، ماسەوی (خوای شەڕ)، ئەهتا، کواوتیهت، ئالوت، ئەگوگوس، ئەلگۆنکیون... تاد. ئەم خواوەندانە هەر یەکە لە جێگەیەک دەپەرستێن.

٤. ئینسکلۆپیدیای کەنەدا... پان ئیندیانیزم

http://www.thecanadianencyclopedia.com/articles/panindianism

٥. بیابانێکی پڕ لە دووکەڵ کۆمەڵێ شیعری ئینگلیزی و نەیتیڤی کەنەدی وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) دەزگای ئاراس ٢٠٠٢. هەروەها بڕوانە

http://en.wikipedia.org/wiki/Aboriginal-peoples-in-Canada

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەلامەوە سەیر بوو لەکاتی ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا وەختێ خەریکی گوگلکردنی دواین ئامار بووم لەسەر ژمارەی دانیشتووانی هیندییە سوورەکان لە کەنەدا لە سایتێکی فەرمیی حکوومەتی کەنەدا باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵی ٢٠١٧ واتە لەساڵیادی ١٥٠ ساڵەی دروستبوونی کەنەدادا ژمارەی دانیشتووانی هیندییە سوورەکان دەبێتە ٤,١٪ی ژمارەی هەموو دانیشتووانی وڵاتی کەنەدا

http://www.statcan.gc.ca/daily-quotidien/050628/dq050628d-eng.htm

٦. کۆواری ئەم کۆواره کانوونی دووەم و شوباتی ٢٠٠٧

http://www.thismagazine.ca/issues/2007/01/nativetheatre.php

٧. کۆواری ئەم کۆواره کانوونی دووەم و شوباتی ٢٠٠٧

http://www.thismagazine.ca/issues/2007/01/nativetheatre.php

٨. شانۆی خەڵکە ڕەسەنەکانی کەنەدا _ ئینسکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی–

http://www.canadiantheatre.com/dict.pl?term=Aboriginal%20Theatre

٩. مێژووی شانۆی کەنەدی _ ئینسکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی

http://www.canadiantheatre.com/-dict.pl?term=History%20of%20Canadian%20Theatre

١٠. مێژووی شانۆی کەنەدی _ ئینسکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی–

http://www.canadiantheatre.com/dict.pl?term=History%20of%20Canadian%20Theatre

١١. مێژووی شانۆی کەنەدی _ ئینسکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی–

http://www.canadiantheatre.com/dict.pl?term=History%20of%20Canadian%20Theatre

١٢. لێکۆڵینەوەی گوندوڵە ویلک سەبارەت بە درامای هیندییە سوورەکان زانکۆی ئۆنسابروک ٢٠١٠–٢٠١١

http//www.londoncanadianstudies.org/Journal/26/26-5.pdf

١٣. یەکێتی نۆلان هەڵسەنگاندنێکی گشتیی شانۆی هیندییە سوورەکان لەکەنەدا، مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی شانۆی ئینگلیزی pdf.http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal-theatre

١٤. یەکێتی نۆلان هەڵسەنگاندنێکی گشتیی شانۆی هیندییە سوورەکان لەکەنەدا، مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی شانۆی ئینگلیزی http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal-theatre.pdf

١٥. یەکێتی نۆلان هەڵسەنگاندنێکی گشتیی شانۆی هیندییە سوورەکان لەکەنەدا، مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی شانۆی ئینگلیزی http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal-theatre.pdf

١٦. یەکێتی نۆلان هەڵسەنگاندنێکی گشتیی شانۆی هیندییە سوورەکان لەکەنەدا، مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی شانۆی ئینگلیزی http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal-theatre.pdf

١٧. یەکێتی نۆلان هەڵسەنگاندنێکی گشتیی شانۆی هیندییە سوورەکان لەکەنەدا، مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی شانۆی ئینگلیزی http//www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal-theatre.pdf

١٨. یەکێتی نۆلان هەڵسەنگاندنێکی گشتیی شانۆی هیندییە سوورەکان لەکەنەدا، مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی شانۆی ئینگلیزی http//www4.nac-cna/ca/pdf/eth/aboriginal-theatre.pdf

١٩. یەکێتی نۆلان هەڵسەنگاندنێکی گشتیی شانۆی هیندییە سوورەکان لەکەنەدا، مەڵبەندی هونەری نەتەوەیی شانۆی ئینگلیزی http://www4.nac-cna.ca/pdf/eth/aboriginal-theatre.pdf

هەولێر بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی

# کاردۆ کامۆ
# وێنەگری دیکۆمێنتاری پێشمەرگە و شاخ

ئاغالە

کاردۆ کامۆ نازناوی "کیفاح ئەمین"ە لە ساڵی ١٩٥٤ لە شارۆکەی کۆیەدا لەدایک بووە و لە پاشان ماڵیان چووەتە شاری بەغدا.

خوێندنی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەغدا جێ دێڵێ و لە وڵاتی رووسیا لە شاری مۆسکۆ هونەری فۆتۆ تەواو دەکا و لە پاشان بڕوانامەی ماستەر لە فۆتۆ وەردەگرێ و لە ساڵی ١٩٨٢ دەگەڕێتەوە بەغدا و هەر لەو ساڵەدا دەچێتە ریزی شۆڕش و پێشمەرگەکانی حزبی تا ساڵی ١٩٩٠ کاری فۆتۆی کردووە لەناو خەباتی شۆڕشگێڕانیدا.

هەر لە هەمان ساڵدا ڕوو دەکاتە ئەوروپا تا ساڵی ٢٠٠٤ دەگەڕێتەوە بەغدا و لەو ماوەیەدا کاری جوان لەسەر ژیانی گران و مردن و برسیەتیی خەڵکی ناو پایەتەختی تیرۆر و تیرۆرکردن دەکاتەوە. وەک نموونەی کاری "کۆتاییی مرۆڤ".

کاک کاردۆ؛ وا باشترە بڵێین هەڤاڵ کاردۆ جوانترین و کاری ئەکادیمیی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیان و شۆڕش کردووە لە ساڵانی هەشتاکاندا، ئەو تاقە وێنەگرە تا ئێستا کە من بزانم بەبینێکی هونەری قوڵ کاری لە شاخ کردبێ. بێگومان وێنەگری ڕۆژنامەکانی دنیا هاتوون کاریان کردووە لەسەر شۆڕشەکانی کورد لە شێخ مەحموودەوە تا پەکەکە و پژاک.

شۆڕشەکانی کورد وایان زانیوە کە تۆمارکردنی مێژوو بە فۆتۆ و هونەر لە ئەستۆی توانای تاکەکانی ئەواندا نییە، بگرە لە ئەستۆی ڕۆژنامەنووسە بێگانەکانە. بۆیە تۆماری مێژووی دیکۆمێنتاری شۆڕشەکانمان پڕیەتی لە وێنەی خۆبەزلزانین و ڕیزبوونی بە کۆمەڵ و ڕۆمانسییانە کە وێنەکان گیراون بۆ یاد و بیرەوەری بۆ ناردنەوەی ناو شار بوون.

شۆڕشەکانی کورد پڕن لە برنۆ و کلانشینکۆف و گۆچان بەڵام ئەگەر مۆزەیەکی شۆڕش

بکەینەوە لەوە ناچێ ئامێری کامێرای راستیی بەکارهاتووەکە بدۆزیتەوە تا دای بنێین. زۆر بەداخەوە بۆ کامێرایەکی شکاو.

گوزارشتی کارەکانی کاردۆ بۆ هەلومەرجی سالانی هەشتاکانی سەتەی بیستەم بوون کە بە شێوازی واقیعی دیکۆمێنتاری کاری کردووە لەسەر ژیانی پێشمەرگە و ژیانی کوردەواریی ناو گوند، دیارە هەگبەی هەڤاڵ بە هەزاران گرتەی تێدایە.

شێوازی کاری ئێستای گۆڕاوە تاکە فیگەرێک بۆ ناو کارەکانی بەکار دەهێنێ و شێوازی کارەکانی بەرەو سریالی و گوزارشتی دەبات وەک کاری "کۆتاییی مرۆڤ".

ئەو کارەکانی ئێستای لەبەر ژان و ئازاری مرۆڤەکان رووخساری فیگەرەکانی بە رێککەوتیش ناگەن بە رۆمانسیەت و سروشتی هێمن.

کارەکانی هەڤاڵ کاردۆ جیهانین و زۆر کەم کوردەکان بە کارەکانی ئاشنان و لە دنیای ئەو بەئاگان.

هەوالنامەی کتێب



هدية الناشر كتاب



هيثم الناهي كتيب






هذه التابعة لـ كتابي


هەولێر نامەی کتێب



هدهد التنمية كتب


هذه النسخة من كتب






هەولێر ئاڵەمەی کتێب


هذا الكتاب ينتمي إلى





هدية التلاميذ للكتب





هەواڵنامەی کتێب






کۆتایی مرۆڤ



Martyr Abou Wasen



Martyr Oomed



هەواڵنامەی کێبڕکێ

شەهید

# بەهرەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:
# گۆڕینی دووبەرەکی بۆ هەل

زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی

ناکۆکی بڕێتییە لە کارلێککردنی کەسانی ئازاد کە خەون بە ئامانجی جیا دەبینن و لە کاتی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەدا بەیەکدا دەچن. دووبەرەکی ڕوو دەدا لە هەموو شێوە کۆمەڵایەتییەکاندا. ناکۆکیی کەسی بڕێتییە لە ناڕێککەوتنی نێوان "تاکە بەیەکەوە لکاوەکان"، واتە ئەوانەی پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. هەڵوێستی هەر تاکێک، کاریگەریی لەسەر ئەوەی تر هەیە لە ڕێگەی دووپاتکردنەوەی سروشتی مامەڵەکان.

خوێندنەوەت بۆ ناکۆکی، کاریگەریی زۆری لەسەر چۆنییەتی مامەڵەکردنەکەت لەگەڵ ناکۆکییەکەدا دەبێ. بۆ نموونە، زۆربەی خەڵک بەردەوام ناکۆکی بەئازارەوە گرێ دەدەن. لە سۆنگەی ئەم خاڵەوە، تەنانەت ئەگەر تۆ تام و چێژیش لە گلەییکردن بکەی کە لێت بکرێ یاخۆ سووکایەتیت پێ خۆشبێ و حەزت لێ بێ هاوارت بەسەردا بکرێ، زەحمەتە لەسەر ناکۆکییەکان هەڵوێستێکی ئەرێنی وەربگری.

بەڵام ئەگەر تۆ ناکۆکی وەک شتێکی نەرێنی ببینی، ئەوە تۆ ڕەفتارت بە هەمان شێوە دەبێ و شیمانە هەیە هانی دروستکردنی پێشبینییەکی سەربەخۆ بدەی. چەندە پێت وابێ ئەو شتە تۆقێنەرە، ئەوە بەرەو خراپتر دەچێ.

زۆر جار دێتە گوتن کە ناکۆکییەکان سوودیان هەیە. هەندێک لە کارە ئەرێنییەکانی ناکۆکی: دووبەرەکی ڕێگە بەگواستنەوەی بابەتی گرینگ دەدا ڕاستەوخۆ بگوازرێتەوە، بۆچوونی نوێ و بەرهەمهێن دادەهێنن، کرژیی ئاڵۆزکاو دەگوازنەوە، پێوەندییەکان بەهێزتر دەکەن، دەبنە هۆی ئەوەی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکان ئامانج و کردەوەکانیان بخەملێنن و ڕوونتری بکەنەوە و دەتوانن گۆڕینەکانی کۆمەڵایەتی خێراتر بکەن و نایەکسانی و نادادپەروەری بسڕنەوە. ئەو سوودانە زیاد

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

دەبن بۆ ئەوەی پاساوێک بە دەرکەوتنێکی تەندروست و ئاسایی بدەن و تا گرینگیی تێگەیشتن دەربڕن و بە جوانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

هەموو کەسێک ناکۆکیی هەیە و نێزیکەی هەر هەمووشیان بەئامادەباشییەوە دان بە هەندێک سوودەکانیدا دەنێن. شیمانە هەیە بۆچوونی نەرێنی لەسەر ناکۆکی لە کون و کەلەبەرەکانی دۆخێکی تایبەتدا بەردەوام بن. زۆر لە خەسڵەتی ناکۆکی شیمانە هەیە بە ئاسانی بە ئاڕاستەیەکی وێرانکەرانەدا بگۆڕدرێن:

یەکەم/ دۆخەکە کرژ و هەڕەشاوییە. تەنانەت بۆ "دەستە کۆنەکان"ی گفتوگۆکردنیش، زۆر جار دووبەرەکی ناخۆش و ترسێنەرە.

دووەم/ بەشداران دووچاری گومانێکی زۆر دەبن. ناکۆکی شێوێنەرە: کردەوەکان دەتوانن بەرەنجامی زۆر جیایان هەبێ لەوەی مەبەست بووە، چونکە دۆخەکە زۆر ئاڵۆزترە لەوەی پێشبینیی بۆ کراوە.

سێیەم/ دۆخەکە زۆر ناسکە. شیمانە هەیە ناکۆکی بە شێوەی جیاواز گەشە بکا بەگوێرەی ڕەفتاری تاکەکان. هەندێک جار گوریسێکی توند بەدەوری ناکۆکییەکەدا دەبەین و هێشتا دەتوانین خۆمان لە بەربوونەوە بەدوور بگرین. گرژی، ناخۆشی، گومان و لاوازیی دۆخی ناکۆکی وا دەکا بە زەحمەت ڕووبەڕوویان ببیتەوە. چوونە نێو ناکۆکی زۆر جار وەک گرەوکردنە لە دژی شتێکی سەیر و نائاسادا. دەکرێ سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستبێنی ئەگەر دۆخەکە لە بەرژەوەندیی تۆدا بێ، بەڵام زۆر شت هەیە کاتێک کە بەرەو خراپی بڕۆن تەنیا ژمارەیەکی کەم لە خەڵک حەز دەکەن بیگۆڕن. بۆیە ئێمە هەست بە ئەرکی خۆمان دەکەین لە بەبیرهێنانەوەی بەرەنجامە ئەرێنییەکانی ناکۆکی، چونکە زۆر جار بەرەنجامی وێرانکەر تەنیا شتە کە لەبیرمان بێ.

کلیکی کارکردن لە ناکۆکیدا، پێک نەهاتووە لە کەمکردنەوەی زیانەکانی ناکۆکییەکە و دووپاتکردنەوەی کارە ئەرێنییەکانی، بگرە بڕێتییە لە قبووڵکردنی هەردوو شت و هەوڵدان بۆ تێگەیشن لە چۆنییەتیی چوونی ناکۆکی بەرەو ئاراستەی وێرانکەر یان بەرهەمهێن.

گرینگترین خەسڵەتی ناکۆکی بڕێتییە لە کارلێککردن. کارلێککردنی ناکۆکی چەند شێوەیەکی هەیە، هەر شێوەیەکیش کێشەی تایبەت دەخاتە ڕوو و پێویستی بە چارەسەری تایبەت هەیە. ئەو جۆرە کارلێککردنەی کە زۆر لە ئێمە پێی ئاشناین، پێکهاتووە لە یاریی بەهاتوهاوار و ئەو کێبەرکێیەی کە هەردوو لایەن هەوڵی بەزاندنی ئەویتر دەدەن. بەڵام شیمانە هەیە ناکۆکی ئاڵۆز و ناسک بێ. زۆربەی کاردانەوەی خەڵک بۆ بێدەنگکردنی دەچێ و خۆیان لە بەرەنگاربوونەوەی دەپارێزن جا بەهۆی ترسە لە گۆڕانی شیمانەکراو کە دەبێتە بەرەنجام یاخۆ بە کورتی و سانایییەکەی شایانی ئەوە نییە کۆششی بۆ بکەی. ئەو کاردانەوەیە بەشێکە لە پرۆسەی ناکۆکی

هەر بە هێندەی کۆششێکی بێکۆتای پێوەندار بە ناکۆکییەوە. لە جیاوازییەکانی نێوان کارلێککردنی ناکۆکیی بەرهەمهێن و وێرانکەر، ئەوەیە ناکۆکیی بەرهەمهێن بڕێتییە لە وردبوونەوەیەکی واقیعی لە کێشەی بابەتی کە لایەنەکان دەتوانن چارەسەری بکەن، لە کاتێکدا ناکۆکیی ڕاستەقینە و وێرانکەر بەشێوەیەکی سەرەکی بڕێتییە لە دەربڕین لە شەڕانگێزی، کە ئامادەکراوە بۆ بەزاندنی یاخۆ ئازاردانی کەسانی تر. هەڵوێست و هەڵسوکەوتی دووبەرەکیی بەرهەمهێن نەرمە (مرن)، لە کاتێکدا هێی ناکۆکیی خاپووورکەر پێچەوانەیە. هەموو هەنگاوێک نرابێ لە کاتی ناکۆکیدا، کاریگەریی هەیە لەسەر لایەن و سەرەکانی تر و هەربۆیە ناتەبایی زۆر جار خۆی دەگۆڕێ بۆ قاڵبە بازنەییە بەردەوام دووبارەکراوەکان. ئەو سووڕە بازنەییانە وەک یەکگرتنێکی تەواو دەبینرێن و زۆر جار هێز لەیەکتر وەردەگرن. ئەوەش مانای ئەوەیە: ئەگەر دەتەوێ چارەسەرێکی تەواوی ناکۆکی بکەی، پێویستە (١) بە دوای سووڕەکەدا بگەڕێی و (٢) حەز بکەی و لە توانشدا هەبێ کردەوەیەکی تاکلایەنە ئەنجام بدەی بۆ شکاندنی سووڕە وێرانکەرەکە.

ڕەفتاری بەرگریکاریی بەردەوام دێتە دروستبوون ئەوکاتەی کە پێشبینی یاخۆ هەست بە هەڕەشەیەک لە کەسێک یاخۆ دۆخێک دەکەی. ئەوکاتەی هەر کۆمەڵەیەک لە شەش ئامرازە "بەرهەمهێنەی بەرگری" لە هەڵسەنگاندن، کۆنترۆڵ، ستراتیج، بێلایەنی، بەرزی (گەورەیی) و دڵنیاییی ئامادەبوون، سووڕێکی پێچاوی (حەڵەزۆنی) دروست دەبێ کە بە تۆزێک ناڕەحەتی دەست پێ دەکا و زۆر جار بە خێرایی بۆ دووبەرەکییەکی سەخت پەرە دەسێنێ. لەلایەکی ترەوە، تۆش دەتوانی سووڕە پێچاوییەکە بۆ لایەکی تر دەست پێ بکەی.

چەندە زیاتر و بەتوندییەوە ئەنجامی بدەی، کەمتر کەسانی تر دۆخەکە دەخوێننەوە و دواتر کاردانەوەی بێ بەرنامە و شێواوانە دروست دەکەن بەهۆی خەسڵەتە بەرگریکارەکەیانەوە. تۆ دەتوانی خەسڵەتە بەرگریکارییەکە کەم بکەیتەوە ئەوکاتەی هەڵوەستە لەسەر هەر کۆمەڵەیەک لە شەش جێگرەوەکەی هەڵوێست و شارەزایی دەکەی کە بڕێتین لە پێناسەکردن، ئاڕاستەکردنی کێشە (ڕوونکردنەوە)، سەرپێیی، هاوسۆزی، یەکسانی و گوێگرتن لە ڕای بەرامبەر. پێویستت بەوە نییە وازبێنی یاخود سازش بکەی، تەنیا واز لە لە زۆر هەوڵدان بێنە بۆ کەمکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی ناکۆکی و سەپاندنی جێگیر و خێراییی بەرزی خۆت لەسەر ئەوانی تر.

بەفێربوونی ئەوەی کە هەندێک جار ئەو ڕەفتارە دیودەرە بەرژەوەندیخوازانەی خۆمان کە خەسڵەتی بەرگریکارانە لە کەسانی تر دروست دەکا، هەنگاوێک لە پێوەندیکردنی کەسی نێزیک دەکەوینەوە. بەو شێوەیە خەڵک خۆیان ڕووبەڕووی هەڵسەنگاندنی خراپ دەکەنەوە ئەگەر لایەنەکان هەژماردنێک بۆ پێچەکە نەکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ڕێی تێ دەچێ ژمێرکاری بۆ هەموو شیمانەکان بکەی.

لە کاتە هەرە باشەکاندا خەڵک زانیاریی زۆر سنووردارییان لەسەر کاریگەریی ڕەفتارەکانیان لەسەر کەسانی تر هەیە و هەروەها توانیان لە چارەسەری ناکۆکییەکاندا بەم پێیە کەم دەبێتەوە. بینینی پێوەندی وەک پرۆسەی خەڵک نەک پرۆسەی زوان، ڕێگەیەکە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی پێوەندیکردن.

ئەگەر بمانەوێ پێشخستنێکی سەرەکی لە پێوەندیکردن بکەین، پێویستە گۆڕینکاری لە پێوەندیی کەسی ئەنجام بدەین. یەکێک لە جۆری گۆڕینە شیمانەکراوەکان بڕێتییە لە کەمکردنەوەی ئاستی بەرگریکارییەکە.

پێوەندی و جیاوازیی نێوان ئەو ڕێگەیەی کە زۆربەی ناکۆکییەکان پێ دێنە چارەسەرکردن و ئەو ڕێگەیەی ئاوتەماتەی ڕژاو لەسەر مافووڕێکی پێ لادەبرێ: مافووری پیس و پۆخڵ لە ماوەی دوو ساڵدا کێشەکەی بۆ سێ هێند زیاد دەکا و هەروەها زۆربەی پێوەندییەکان زۆر ئاڵۆز و خراپ دەبن بەهۆی دەمەقاڵێ کە دەبنە هۆی خەمناکی، تووڕەبوون، وڕی و سڕبوون لە چوون بەرەو ئامانجی سەرەکی. بەشێوەیەکی سەرەکی تەنیا چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەی ئاسایی زیان بە پێوەندییەکە دەگەیەنێ، هەروەک ئەوەی هەر هیچ چارەسەرییەکت بۆ نەکردبێ، چونکە بۆشاییەکە بەڕاستی پردی بۆ نەکراوە و هەوڵی سەرنەکەوتووش تەنیا گرانیی زیاتر دەخاتە سەر گومانەکانی نێوان هەردوو لا لە یەکتر. بەو پێیە ئەوە جێگەی سەرسڕمان نییە کە دەمەقاڵێ کێشەی زیاتر دروست دەکات لە چارەسەرکردنیان. خاڵێکی گرینگتر بڕێتییە لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی گفتوگۆکردن کە پێناسەی جۆری پێوەندیی نێوان هاوسەران دەکا. چۆنیەتیی ئەنجامدانی گفتوگۆ گرینگترە لەو ئەنجامەی دروست دەبێ. پرۆسەکە بەجانا سادەکەی خۆی زۆر گرینگترە لە بەرهەمهێنراوەکە.

بۆ ئەوەی بتوانین دڕی خەسڵەتەکانی ناکۆکیی بەرهەمهێن و وێرانکەر بوەستین، ئێمە حەوت "یاسای ئەفسوناوی بۆ ئەنجامدانی هەر گفتوگۆیەک"مان هەیە کە شیمانە هەیە جارێک یاخۆ زیاتر بەکارمان هێنابن. ئەوان کێشەکە دێننە پێشەوە ئەوکاتەی یەک لە ئێوە تووڕەیە، بە شێوەیەکی کەسی بابەتەکە وەردەگرێ ئەوکاتەی دەیخاتە ڕوو، ورد دەبیتەوە لەوەی دەتەوێ، لەبری گوێگرتن تەنیا بیربکەیتەوە لەوەی دەیڵێی دواتر، ڕاستکردنەوەی هەموو شتێک کە هاوبەشەکەت دەیبێژێ لەسەر تۆ، ئاماژەکردنی هەموو شتێکی ڕابردوو کە دەرفەتێکی هەیە هاوسەرەکەت بکاتە بەرگریکار و کۆتا بەگفتوگۆکە بێنێ بەگوتنی ئەو شتەی هەرگیز لەبیر ناکرێ. بۆ ئەوەی کێشەیەک بێتە چارەسەرکردن پێویستە بە پێنج قۆناغەکەی ئامادەکردنی گفتوگۆدا تێپەربێ:

قۆناغەکان بڕێتین لە:

یەکەم/ پێویستە ناکۆکییەکە بەلایەنی کەم لەلایەن یەکێک لە هاوبەشەکان وەک کێشە بیری لێ بکرێتەوە.

دووەم/ کاتێک بۆ باسکردنی کێشەکە بێتە دیاریکردن.

سێیەم/ بڕیارێک بێتە دەرکردن وەک پێڕەوێک یاخۆ ڕێگەیەک بە شێوەیەک کە جێبەجێ بکرێ.

چوارەم/ گۆڕینەوەی بیر و هەست هەبێ.

پێنجەم/ گفتوگۆکە پێویستە بگاتە کۆتا.

پێویستە زیاتر هۆشیار بی لەو بابەتەی دەیهێنیتە پێشەوە بەبێ گوێدان. هەر نیشانەیەکی ترس لەسەر ئەوەی دەتەوێ بیڵێی، نیشاندەرێکی بەسوودە. ئەگەر بینیت پرسیارێکت هەیە ئایا بیکەی، با ئەوە ببێتە وریاکەرەوەی تۆ بۆ شکاندنی بژارەی بەرایی بۆ هەنگاوی بەئاگا.

زۆربەی خەڵک خوویان بەناسینەوەی تاوانبارەوە گرتووە، کە کێ بەرپرسیارە لە کێشەکە. لەکاتێکدا، زۆر جار دیاریکردنی ئەو کەسەی هەڵەی کردووە کارێکی مەحاڵە. ئەو پرۆسەیە داوات لێ دەکا کە ناسینەوەی کێ و چی هەراسانی کردووی، لە هۆ و بنەوای شێوازە دووبارەکراوە بەهێزەکان بگەی و کار بۆ چارەسەرکردنی ناڕەحەتییەکانت بکەی تا ئەوکاتەی مەیلی قبووڵکردنی هەڵگرتنی بەرپرسیارەتیی زیاتر لە کێشەکانت دەکەی. ئەوەش کاتێک کە بەرپرسیارەتی هەڵناگری و بەقبووڵکردنی لۆمە لەبری کەمی تر، مەیلێک هەیە لە خۆبەدوورگرتن لە هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی لەوەی کە ڕووی داوە و ئەوەی بەردەوام دەبێ لە ڕووداندا لە پێوەندییە کێشەدارەکەدا.

دروستکردنی لیستێک لە بەهانە، چەندی بکرێ، بەشێکە لە ستراتیجیەتی خۆدزینەوە لە بەرپرسیارەتی و ڕزگاربوون لە کێشەکان. نکووڵیکردن لەو بڕشکەی بەرت دەکەوێ لە بەرپرسیارەتی لە هەر ناکۆکییەکدا، بەئاشکرا بڕێتییە لە شێواندنی ڕاستی. هەروەک هەموو میکانیزمێکی ڕێزدار، گلەییکردن لە کەسانی تر بەهۆی کردەوەی خراپەوە ڕێگەت پێ دەدا وێنەیەکی ئەرێنی ڕابگریت لەبەر ڕووناکیی ئەو هێرشانەی بە هەڕەشە دێنە تەماشاکردن. لە کاتێکدا هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی کردەوەیەکی خۆت بە ناوهێنانی چەند کردەوەیەکی باش وەک نکووڵیکردن لە بەرپرسیارەتی لە دروستکردنی کێشەکان نییە.

ڕێگەیەکی تر بۆ دەربازبوون لە بەرپرسیارەتی بڕێتییە لە وردبوونەوە لە کێشەکە بەمەبەستەوە. بۆ نموونە شیمانە هەیە کارێکت ئەنجامدابێ، بەڵام بەمەبەست نەبووە. دەربڕینی کە تۆ زۆرت لێکراوە وا بکەی بە شێوەیەک کە هیچ بژارەیەکت نەبووبێ، ئەوە سێیەم وەڵامی شیمانەکراوە. هەرچۆنێک بێ هەریەک لەو نکووڵیکردنانە تەنیا ئەو کاتەی دێنە بەکارهاتن، دەکرێ بەرپرسیارەتی بسەلمێنرێ. یەکەم بژارە بڕێتییە لەوەی کە نکووڵی دەکەی هیچ پێوەندییەکت لەگەڵ دروستبوونی دۆخەکە هەبێ لە سەرەتادا. لۆمەکردنی کەسانی تر بڕێتییە لە بەرئەنجامی پێچەوانە، بەڵام دەکرێ وێرانکەر بێ وەک ئەو لۆمەیەی لێت دەکرێ.

لەبری بیرکردنەوە لەوەی کێ هەڵەیە، باشترە کاتی خۆت لە قبووڵکردنی بەرپرسیارەتی بەکاربێنی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی و کارکردن لەسەری. بە دەربڕینێکی تر، وتاری قەبە پڕۆسەکە دوادەخا و سەرکۆنەکردنی لۆمە، ئامانجەکەی لێکۆڵینەوەیە نەک ڕازیکردن و، وا نەخشەی بۆ کێشراوە بەمەبەستی بەراوردکاری و ڕەخنە نەک بردنەوە. یەکێک لە خەسڵەتەکانی وتاری بەرز و قەبە بڕێتییە لەوەی کە ئەو کاتەی لەسەر ناکۆکییەکی ئەخلاقیی سەخت دێتە جێبەجێکردن، ڕێک نەخراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بگرە بۆ بەمرۆڤایەتیکردنی ئەو ڕێگانەی دێنە بەکارهاتن تێیدا.

ڕەوانبێژی بڕێتییە لە پێشاندانی بەرزترین شێوازی دەربڕین لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەی لەلایەن کۆمەڵەوە دێنە پێڕەوکردن. ڕەوانبێژیی بەرز پێنج خەسڵەتی گشتیی هەیە کە فەلسەفە، بەراوردکاری، گفتوگۆ، ڕەخنە و گۆڕین لەخۆدەگرێ. پێوەندیکردن فەلسەفی دەبێ ئەگەر بخلیسکێتە ناو، یاخۆ مامەڵە لەگەڵ گریمانە سەرەکییەکاندا بکا. ڕەوانبێژییەکە بەراوردکاری دەبێ ئەگەر هەوڵ بدا ڕێگە بدۆزێتەوە بۆ بەراوردکردنی ئەو شتانەی کە پێدەچێ سیستم و بژارەیەکی تایبەتی ئاڵوگۆڕ بن. ئەو یاسایانەی کە مەبەستەکەی بڕێتییە لە لێکۆڵینەوە نەک قایلکردن و ڕازیکردن، ئەوە گفتوگۆ ئامێزە. چوارەم خەسڵەتی ڕەوانبێژی بڕێتییە لە ڕەخنەئامێزی. ئەویش مانای ئەوەیە وتارەکە توان و سنووری هەردوو لا لە گفتوگۆیەکدا ئاشکرا دەکا. دواین خەسڵەت بڕێتییە لە گۆڕین کە پێک هاتووە لە داڕشتنی گفتوگۆکە بەشێوەیەکی تر بۆ تێگەیشتن لێی. ئەوەش دەفرەکە وەردەگێڕێ بەشێوەیەک کە پێوەندیکردن ڕوو بدا. سەرەڕای ئەمانەش، تێگەیشتن لە ڕەفتاری بەرز وەک ڕێگەیەک بیری لێ دەکرێتەوە کە چارەسەر نییە بۆ ناکۆکیی ئەخلاقی و، وەک زەوینەیەکی بێلایەنی بێ بەها و کوێرانە کە چارەسەری هەموو دۆخەکان ناکا دێتە تەماشاکردن. وتاری بەرز شایانی باسکردنە وەک وەڵامێک بۆ دووبەرەکیی ئەخلاقی.


بەزانینی سنووری شیمانە فەلسەفییەکانی خۆمان، توان دەدۆزینەوە بۆ ناڕازیبوون دوور لە بێدەنگکردنی لایەنی تر لە ڕێگەی دەمکوتکردن، بریندارکردن، ئازاردان و مەرگ. سەرەڕای ئەوانەی کە باسکران، ئەو جۆرە وتارە ناباوە، بەها و پێداویستیی خۆی هەیە بۆ ئەوەی گەشە بکا، چونکە شیمانە هەیە تاکە بنەوای ڕاستگۆیانەی هیوا بێ.

Drory, A., & Ritov, I1997 Intrapersonal conflict and choice of strategy in conflict management.Psychological Reports, 81(1), 35.

# گوننار ئێکێلۆف و پێوەندیی بێکۆتایی

بوو گوستاڤسۆن

وا پێدەچێ لە ئەدەبی سوێدیدا، نووسەرایەتیی گوننار ئێکێلۆف زۆرترین قسەی لەسەر کرابێ و شیکرابێتەوە. بێجگە لە ستریندبێرگ و ترانسترۆمەر. بۆیە ناکرێ، کە شتێکی تازە لەبارەی نووسەرایەتیی ئەوەوە بگوترێ. مەبەستی منیش وا نییە. هەر دەمەوێ چەند قسەیەک لەسەر دێرە شیعرێک بکەم، کە هەست دەکرێ سەرەکییە. نووسەرایەتی هەیە، کە یەک تاکە هزری گەورە بەڕێوەی دەبا. هی ئێکێلۆف نووسەرایەتییەکی وایە.






گوننار ئێکێلۆف (١٩٠٧–١٩٦٨) سیانەی دیوان. گوننار ئێکێلۆف. دەزگەی ئاراس ٢٠١٠

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی

دێرەکە لە "پارچەکانی دیوانێک"[1]دا دیار دەکەوێ. ئێکێلۆف ئەم یەکەم شیعرانەی لە ١٩٢٧–١٩٢٨دا نووسیوە. بەڵام لەڕاستیدا ئەمانە شیعر نین، بەڵکە جۆرێک یاداشتی شیعرین، یان ڕەشنووسن، تێیدا پێنجەم یاداشت لە یەک تاکە دێر پێک هاتووە: "... بێکۆتایی هەیە – چونکە لێی بێ بەشین..." ئەمە دێرێکی گرینگە، کە بە سێ خاڵ دەست پێ دەکا و بە سێ خاڵیش کۆتایی دێ. وا پێدەچێ جۆرێک گوتە، یان بەشێکی تێکستێکی درێژ بێ. "... بێکۆتایی هەیە – چونکە لێی بێ بەشین...". بێکۆتایی هەیە، ڕێک لەبەر ئەوەی لێی بێ بەشین. ئەمە دەربڕینی نووسەرایەتیی ئێکێلۆفە. سەرەتا ڕادەگەیێنرێ، "بێکۆتایی هەیە"، پاشان داشێک و باقیی ڕستەکەی بەدوادا دێ: "چونکە لێی بێ بەشین". داشەکە مەودای نێوان ئەو شتەی کە هەیە و ئەو شتەی کە لێی بێبەشین، دیار دەکا. تەنیا شیعر، کاتی نووسین دەتوانێ باز بەسەر ئەم مەودا بێکۆتاییەدا بدا. نووسەرایەتیی ئێکێلۆف ئەم بازدانەیە.

هەر لە پێنجەم یاداشت، لە "پارچەکانی دیوانێک"دا، هەم تێگەیشتنێکی ئینسانی هەم و واقیعی دەخرێنە ڕوو. ئێمەی مرۆڤی هاودەم لە شتێکی سەرەکی (بێکۆتایی) بێبەشین و واقیعیش ڕەهەندی ڕازی شاراوەی هەیە. ئەمە هەزرن لە باوەڕی زۆربەی تەسەووفەکاندا هەن. ئەگەر ئێکێلۆف سۆفی بێ، ئەوا سۆفیی بێکۆتاییە. بەڵام من هێندە دڵنیا نیم کە ئەو سۆفی بێ. شاعیر بەر لە هەموو شتێک شاعیرە و هیچی تر نییە.

لای ئێکێلۆف کرداری بێبەشکردن باو نییە. بەگشتی، لە زمانی سوێدیدا هێندە زۆر بەرچاو ناکەوێ. وا هەر لە خۆوە بیرم بۆ ڕۆمانی "ڕۆنیای کچە ڕێگر"[2]ی ئاستریدە لیندگرێن دەچێ. کاتێک "سکاللێ – پار"ی پیر دەمرێ، "ماتییاس"ی ڕێگر هاوار دەکا و دەڵێ: "ئەو لێم بێبەشە". "ماتییاس" بە لەدەستدانی "سکاللێ – پار" نیگەرانە، کە بۆ ئەم جۆرێک باوک بوو. دڵنیاییەک بوو، کە بەردەوام ئامادە بوو. هێندە دەناڵێتەوە: "من لێی بێبەشم! هێندە لێی بێبەشم سینگم ژان دەکا!". ئەمە وەزعی مرۆڤی هاوچەرخە. ئێمە هەموومان "ماتییاس"ین و ئێکێلۆفیش "ماتییاس"ێک بوو. ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە لە شتێکی گرینگ، لە ڕەهەندێکی میتافیزیکی لە ژیاندا بێبەشین. ئێمە لە سەردەمێکی بە لەدەستدان، کەموکوڕی و فیراقدا دەژین. ئەمەیە ئێکێلۆف لەم دێرە شیعرە کورتەی سەرەتاییدا بە بێکۆتایی ناوی دەبا. ئەو دەیەوێ ئەو ڕەهەندە میتافیزیکییەی کە مرۆڤی هاوچەرخ لەدەستی چووە وەربگرێتەوە. شیعری ئەو باسی بەرجەستەکردنی مرۆڤ دەکا لە دۆخی لەدەستداندا.

زۆر شیعری هاوچەرخ بە خاسییەتی زیان نووسراون، بۆ نموونە ئێلیۆت و ڕیلکە. ئەمە ڕێککەوت نییە، کە بەرهەمی گەورەی ڕیلکە ناوی "ئێلێگییەکانی دۆینۆ"یە و هی "ئێلیۆت"یش ناوی "وێرانە خاک"ـە. بەڵام لای ئێکێلۆف زیان دەبێتە شتێکی ئەرێنی: دەبێتە زامنکاری ئەوەی کە بێکۆتایی هەیە. ئەو شتەی کە لێی بێبەشین، ئەوەیە کە هەبوونی مانا داهێنان زامن دەکا، ئەوەی کە ئێکێلۆف بە بێکۆتایی ناویدەهێنێ. ئیتر ئەودەم مەسەلە دروستکردنی پێوەندییەکە بەو شتەی

لێی بێبەشین و ئەویش ئەمە بە نووسین دەکا. نووسینی کەماسی، زەرەر و فیراق دەبێتە پڕۆژەی ئێکێلۆف وەک شاعیر و ئەو ئەم پڕۆژەیە لە یاداشتێکدا چڕەکاتەوە، کە لەناکاو لە "پارچەکانی دیوانێک"دا دەردەکەوێ: "... بێکۆتایی هەیە – چونکە لێی بێ بەشین...".

کەواتە چۆن لە چەمکی بێکۆتایی لای ئێکێلۆف تێبگەین؟ دەخوازم سێ کۆنتێکست دابنێم بۆ ئەوەی مانایان دیار بکەم. یەکەم کۆنتێکست ئەو شازدە تێکستە پەخشانەشیعرەن لە "پارچەکانی دیوانێک"دا. ئەمانە شیعری سرووشتین، تێیاندا هەستی تاسە و تەنیایی زاڵن. بەزۆری یان ئێوارەیە، یان شەوە و بەزۆرییش بە ڕوونی باران دەباڕێ. تێکستەکان زۆر خەسڵەتی شیعری حوزنی گەنجانەیان هەیە. بەڵام هەندێ جار دێر دەبریسکێنەوە، کە ئاماژە بە نووسەرایەتیی داهاتوو دەکا. لە شوێنێکدا دەڵێ: "چیتر من خۆم نیم، نامانایی خوا لە ناخمدایە". پاشان لای ئێکێلۆف بێمانایی دەبێتە وەشەیەکی سەرەکی. یاداشتێکی تر بەم دێرە دەست پێ دەکا: "ئێوارەیەکی ساردی باراناوی لە گۆشەیەکی خۆمدا هەڵکوڕمابووم...". ئەمە دێرێکە دەکرا لە دیوانی "درەنگانێک لەسەر زەوی"دا هەبووایە. لە یاداشتی هەشتەمدا وا هاتووە: "لە ناخمەوە هەست بە خانە و زیندەوەر دەکەم، دوای میلیۆنان ساڵ، خۆمم لەناو مرۆڤێکدا دۆزییەوە". زەمەنی وا بێئەندازە خاسییەتی ئێکێلۆفە.

بەڵام بۆ تێگەیشتن لە چەمکی "بێکۆتایی"ی ئێکێلۆف، گرینگترین تێکست، چوارەم یاداشتی "پارچەکانی دیوانێک"ـە، کە پێش دێرەکەی لەبارەی بێکۆتاییەوە دێ. ئەمە یەکەم شیعرە ئەو نووسیویەتی. هاوینی ساڵی ١٩٢٧ نووسراوە، ئەودەم ئێکێلۆف لە "گاگنێف" لە میوانخانەیەکدا دەژیا. ئێوارەیەک لەسەر "زێی دالّ" دەڕۆیشت و لە ناکاو "وەحی"یکی بۆ هات. بوو بە سروشی ئەم شیعرە:

لە ئاسماندا ئەستێرەڕژانێک دەبریسکێتەوە، ئەو ئەستێرەیەی کە ڕژا لە دڵی من نەبوو؟

ئاوازەکان لە ناخمدا شەپۆل دەدەن، ئەو دڵۆپە مرواریانەی، کە بەرزەشەپۆلە سەرگەردانەکانی ڕۆح، هەڵیان دەدەن بۆ بەرزایی.

تیرۆژەکانیش لەسەر مرواریە درەوشاوەکاندا سەمایەکی سەرمەست دەکەن.

ئای تۆ! تۆ! تۆ!

دڵم تا سەر لێوار لێوانلێوە: مەست و حەیران لەم بەری ڕێگەوە بۆ ئەوبەر دەلەنگێمەوە.

ئەوەی لە شیعرەکەدا سەرەکییە، ئەو بانگکردنە جەزبەییەی "تۆ"یەکەیە، کە لە دەرەوە و لەناوەوەی شاعیردا هەیە. پاشان ئێستاتیکای بانگکرنەکە، دەبێتە خاڵی سەرەکی لە

نووسەرایەتیی ئێکێلۆفدا. بەیەککگەیشتن بەو "تۆ"یە ("ئای تۆ! تۆ! تۆ!") هەستی ژیان بۆ دۆخێکی مەستی و جەزبە زیاد دەکا. دەکرێ، دێری یاداشتەکەی دواتر لەبارەی بێکۆتاییەوە، وەک ڕوونکردنەوەیەک بۆ ئەزموونەکە بخوێنرێتەوە. ئەو پێوەندییە بێکۆتاییەی ئێکێلۆف لە شیعرنووسیندا دروستی دەکا، پێوەندیی بە "تۆ"یەکی میتافیزیکییەوە هەیە، "تۆ"یەک، کە هاوکات زۆر نێزیک و زۆر دوورە، بۆیە گەڕان بەدوایدا پێویستە. لە حاڵەتی ئەودا گەڕان دەبێتە نووسین: ئەوە بنووسرێ و بخرێتە بەرچاو، کە لێی بێبەشین. ئەوەی ئێمە لێی بێبەشین، پێوەندییە بە حوزووڕێکی میتافیزیکیی ژنانەوە، لە جیهاندا. ئەم حوزووڕە بەر لە هەموو شتێک لە "سیانەی دیوان"دا لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێ. ئەو هەندێ جار وەک ئەوەی بانگی خودا بکا، بانگی ئەو باوەڕە میتافیزیکییەی ژیان دەکا، بۆ نموونە لە شیعری Ecce homo لە دیوانی Färjesa˚ngدا.

ناتوانم باوەڕ بە هیچ شتێک بهێنم
بێجگە لە خودا
– ئەدی چۆن باوەڕ بکەم!
هەر بەوەی کە ئەو هەیە
وەک کە لێی بێبەشین.

ئەم دێرانە ئەو دێرەی لەبارەی بێکۆتاییەوە، لە یاداشتی پێنجەم لە "پارچەکانی دیوانێک"دا، دادەڕێژێتەوە.

کۆنتێکستی دووەم بۆ ئەوەی لە چەمکی بێکۆتایی لای ئێکێلۆف تێبگەین، سۆفی و فیلۆسۆف "ئیبن عەرەبی"یە، کە لەنێوان ساڵی ١١٦٥ هەتا ١٢٤٠دا ژیاوە. ئیبن عەرەبی کاریگەرییەکی یەکجار زۆری هەم لە ڕۆژئاوا و هەم ڕۆژهەڵاتدا هەبووە. بێ هیچ گومانێک ئەو گەورەترین فیلۆسۆف و سۆفیی ئیسلامە. لەم هاوینەی ساڵی ١٩٢٧دا، ئەودەمەی ئێکێلۆف شیعرە سەرەتاییەکانی خۆی نووسین، بە دیوانی "تەرجومان ئەشواق"ی ئیبن عەرەبی مرۆ بووبوو. هەر لە قۆناخی ئامادەییەوە ئەم کتێبەی دەستکەوتبوو و خوێندنەوەیشی، ئەوی کرد بە شاعیر. ئاماژەکردن بە تەرجومان ئەشواق لە هەموو ژیانی نووسەرایەتییدا دەرکەوتووە. ئەو وەحییەی ئەو تێیدا ژیا، کاتێک سرووشی یەکەم شیعری بۆ هات، وەحیی شیعر بوو، هی نووسین بوو وەک پێڕەی ژیان. بۆیە شیعر بۆ ئێکێلۆف بوو بە شیوازێکی ژیان و ئامانجیش گەڕان بوو بەدوای ئەو بێکۆتاییەی لێی بێبەشین.

بەدواگەڕانیش وێنەی سەرەکی لە دیوانەکەی "ئیبن عەرەبی"دا پێک دەهێنێ. وا پێدەچێ دیوانەکە لە سەرەتای سەتەی ١٣دا، لە سەفەری حەج بۆ مەککە نووسرابێ. لە مەککە "نیزام"ی جوان و ژیری بینی، کە شیعرەکان بۆ ئەو گوتراون. ئەو دەبێتە جەستەی باوەڕێکی ئەشقی

میتافیزیکی. له "داستانی فاتیمه"دا، فاتیمه وەک جۆرێک "نیزام"، شێخێکی ڕۆحی بۆ شاعیر ڕۆڵی هەیە. له شیعرەکانی "ئیبن عەرەبی"دا، خودی شیعر به حوشتر بەناو بیابان و دەشتودەردا بەداوی خۆشەویستەکەیدا دەگەڕێ. مەعشوق وەک تاسەیەکی بەهێز له دڵی ئەودایە و لەودیو ئاسۆکانیشەوە وەک تاسەیەکی بەهێزتر. "تەرجومان" باسی مەقامە جوداکانی ڕێگەی سۆفی و ئاکامی بەیەکگەیشتنی لەگەڵ یاردا، یان خودادا دەکا. لای ئیبن عەرەبی، مرۆڤ بوونەوەری تامەزرۆییە، تامەزرۆیی گەیشتن به بێکۆتایی.

ئێکێلۆف له گوتاری "مودێرنزمی چاخەکانی ناوەڕاست"دا، که ساڵی ١٩٣٤ بڵاوکرایەوە، باسی ڕوانینی خۆی لەبارەی "ئیبن عەرەبی" و سۆفیزم دەکا. لەوێ دەڵێ، که سۆفیزم ئاینی شاعیرانە و وەک نموونەیش حافز و ئیبن عەرەبی ناودەبا. سۆفیزم هاوتای "زەماوەندی پیرۆزی"[٣] مەسیحییە له چاخەکانی ناوەڕاستدا، بەڵام زۆر کراوەتر. خودا وەک کرۆکێکی ژنانە و ڕۆحە به تاسەکەیش وەک ئاشقێکی فەرامۆشکراو دەردەخستێ. سۆفییەکان باوەڕ به یەک تاکە ئاین دەکەن: که ئەشقە. پاشان ئێکێلۆف بەیتێکی ناوداری تەرجومان ئەشواق، شیعری دوازدە، کۆپلەی ١٥ دەهێنێتەوە.

من پێڕەوی ئایینی ئەشق دەکەم: حوشترەکانی ئەشق هەر ڕێگەیەک بگرنەبەر،
ئەو ئایین و باوەڕی منە.

ئەشق ئەو ئاینە گەردوونییەیە، که هەموو ئاینەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەشق لای سۆفییەکان، هەم وەک ئێرۆتیک و هەم وەک ڕۆحی دەردەکەوێ. بۆیە ئێکێلۆف سۆفیزم وەک جۆرێک "پانسێکسوالیزمی ڕۆحی" ناودەبا. ئەمە باشترین پێناسەی سۆفیزمە، من بەرچاوم کەوتبێ. هەموو شتێک به ئێرۆتیک دەکرێ و ئەشقیش دەبێتە ئەو دەستەلاتە نادیارەی ژیان بەڕێوە دەبا. ئەم تێگەیشتنە بۆ "سیانەی دیوان"ی ئێکێلۆف، گرینگییەکی زۆری دەبێ. وەکوتر سەردێری "دیوان لەسەر میر ئیمگیوون، له شیعری ٤٢ی تەرجومان ئەشواق وەرگیراوە.

ئێکێلۆف له گوتارەکەیدا وەک فۆرمێکی "گوماندارى"، وەسفی سۆفیزم دەکا. ئەمە داهێنانی خۆیەتی، که بێگومان له واژەی "بێبـاوەڕ"ەوە هاتووە. ئەگەر بێباوەڕ ئازادانە بیربکاتەوە، ئەوا گومـاندار ئازادانە هەست دەکا، بەوەی که گوێ له هەست و نەستی خۆی بگرێ. گومـانداری جۆرێکە له زانیاری، شیوازێکی بیرکردنەوەیە له هەستکردنەوە. له ڕاستیدا هەموو شیعرێک له گومانداریەوە هاتووە، بەتایبەتیش شیعرەکانی ئێکێلۆف. ئەو نموونەیەکی باشی گوماندارە، که له شیعرەکانیدا هەست بەم بێکۆتاییە دەکا، که لێی بێبەشین. لای ئەو شتە میتافیزیکییەکە دەبێتە شتە مەزندەکراوەکە و خۆی هەستی پێ دەکا.

ڕەنگە بکرێ چەمکی "بێکۆتایی"ی ئێکێلۆف بچێتەوە سەر فیکرەی "ئیبن عەرەبی"یش لەبارەی "یەکێتیی بوون له خودادا". ئەمە تێگەیشتنێکی سەرەکییە له هزری "ئیبن عەرەبی"دا، که

کاریگـــەرییـــەکی گەورەی لەسـەر فەلسـەفەی ئیسـلامی هەبـــووە. بە زمـــانی عـەرەبی وشـــە بۆ Being- Varat نییـە، بەڵکە ئەو وشـەیەی ئیبن عـەرەبـی "وجود" بـە کاری دەهێنێ، مـانای هەبوونە. کەواتە "وجود" چەمکێکی کارایە لە زمـانی عـەرەبیدا، کـە بە مـانای جۆرێک گەڕان و دۆزینەوە دێ. مەبەست وایە، کـە لە ڕاستیدا مرۆڤ بوونی نییـە، هەتا ئەو کاتەی خودا دەدۆزێتەوە، یان خودا ئەو دەدۆزێتـەوە. بۆیە تاکـە شت کـە بوونی هـەیە، خـودایـە – هـەمـوو شـتـێکی تر بوونێکی زاهیـرییـە. هەبوونی مرۆڤ ناکاملّ و خەیاڵە، هەتا خودا دەدۆزێتەوە.

کۆنتێکستی سێیـەم بۆ تێگەیشتن لـە چەمکی بێکۆتایی لای ئێکێلۆف، خـوێندنەوەکانی مـارتین هایدگەرە بۆ هۆڵدێرلین. ڕەنگە سـەیر بێ کە هایدگەر بەهێنینە ناو گفتوگۆیەک لەبارەی ئێکێلۆفەوە. بەڵام زۆر خـاڵی لەیەکـچـوو، لەنێـوان هـایدگـەر و ئێکێلۆفـدا هـەن. هـەردووکـیـان هـەوڵ دەدەن پێوەندییەک بەو شتەوە دروست بکەن، کە لێی بێبەشن. هـەردووکـیشیان شیـــعر وەک ئامرازێک بۆ زانیاری لەبارەی هـەبـوونەوە دەبینن. وا پێدەچێ ئێکێلۆف ئەو فێلۆسۆفە ئەڵمـانییەی نەناسیبێ. بە هـەر حـاڵ، لـە کـۆبـەرهـەمـەکـەیدا، کـە ڕەیـــدەر ئێکـــنـەر ئامـــادەی کـردووە، نـاوی هـایدگـەر ناهێنرێ. بـەڵام ئێکێلۆف ئـاگـای لـە شـیـعـری هۆڵدێرین بـوو. ئەو زیکری "یۆنان"ی هـۆڵدێرینـی تەرجـەمە کردبوو و گوتـەیەکی شیـعرەکـەیشی، "نیـوەی ژیان"ی وەک سـەردێری شـیـعرێکی خـۆی بـە کاری هێنابوو.

بێگومـــان مـــارتین هـایدگـــەر گـرینگتـــرین و کـــاریگەرترین فـیـلـۆســـۆفی ســـەردەممانـە. ئەو فـــەرامـۆشکردنی وجـود دەکـا بـە بابەتـی گـەورەی خـۆی. ئەو بـێکۆتاییـەی لێی بێـبـەشـین، ڕێک شوناسێکی وجودناسییە لای مرۆڤی مودێرن. لـە بەرهـەمگرینگەکەیدا "وجود و زەمان"[٤] کە سـاڵی ١٩٢٧ بـڵاوکرایەوە، دەستەواژەی Dasein لەوێبوون، دادەهێنێ. ئـەمـە پێناسـەی ئەوە بۆ وجود کە لە مێژووی فـەلسـەفـەدا فەرامـۆش کراوە. ئەو گـەشـە بـە تێرمـۆنۆلۆگیی خـۆی دەدا، بۆ ئەوەی بـە دۆخی ژیان و مـەرگ، لـە وجود بکۆڵێتەوە. بـەڵام لـە ناوەڕاستی سـاڵانی ١٩٣٠دا، گومان لـە توانای فـەلسـەفە دەکا، کـە بـە Dasein بیر بکاتەوە. ئەودەم لەبریدا ڕووی لـە شـیـعـر کرد، بـەتایبـەتـیش لـە هۆڵدێرلین. زۆر کـەس ئـەمـەیان وەک بێوەفـایی و فـەرامـۆشکردنی فـەلسـەفـە بینی، بـەڵام ڕاستـتـر وا بوو، کـە هایدگـەر بـە لێکۆڵینەوە لـە شیـعرەکانی هۆڵدێرلین فیکری خۆی بـە ئاکام هێنا. بۆ هایدگـەر، شیـعر بوو بـە یەکـەمین فـــەلســـەفـــەی فـــەرامـــۆشکراو. ئـەو لـە ســـاڵانی ٣٠ و ٤٠ لـە زانکۆی Freiburg زنجیرەیەک سیمیناری لەبارەی شیعرەکانی "هۆڵدێرلین"ـەوە گێڕا.

هایدگـەر لـە سیـمیناڕەکانیدا پێی وا بوو فـەلسـەفە تـەنیـا دەتوانێ لەبارەی وجـودەوە بدوێ، بـەڵام شیـعر دەچێتـە ناوەوەی وجود. لای هۆڵدێرلین شیعر دەبێتە مـاڵی وجود. شـاعیر ئەو کەسـەیە، کە بـە کـۆمـەکی زمـانی شـیـعرییـەوە، خـاوەنداریی مـاڵی وجـود دەکـا. بـۆیە بەپێی هـایدگـەر، هۆڵدێرلین شـاعیـری گـەڕانەوەی وجـودناسییـە. یەکـەم زانیـاری لەبارەی وجـودەوە، شـیـعـر و زمـانی شـیـعـرە. بـەمـەیش هـایدگـەر هـەموو فـەلسـەفەی ڕۆژئـاوا بـەتاڵدەکاتـەوە و لـەبریدا دەگـەڕێتـەوە سـەر فـەیلەسوفی

پێش سۆکراتی وەک پارمێنیدس و ئێمپێدوکلس، کە پێڕەوی جۆرێک شیعری فەلسەفی دەکەن. "هۆلدێرلین"یش کە شاعیرە، سەر بەم نەریتە فەرامۆشکراوەی بیرمەندیی وجودە.

شیعری هۆلدێرلین لە ونبوونی خوداکان و ژیان لە جیهانێکی بێ خوداوە دەست پێ دەکا. ئەمە باری مرۆڤی هاودەمیشە، چونکە ئەو کۆمەڵگەیەکی علمانی، لەناو بۆشاییەکی میتافیزیکیدا دەژی. بەڵام گەڕانەوە بۆ وجود، پێویستی بە ڕۆیشتن بەناو بێمانایی و زیاندا هەیە. ئەو شتەی لە هەموان نێزیکترە، سەرەتا وەک لە ئەندازەبەدەر دوور و نامۆ هەستی پێ دەکرێ. بۆیە نزیکبوونەوە لە نێزیکترین شتەکان، ڕێگەیەک بەناو نامۆییدا دەگەیەنێ. تەنیا شیعری هۆلدێرلینیشە دەتوانێ ئەم سەفەرە بکا. بەپێی هایدێگەر شیعر ئەم "کراوەیە"، واتە بوون والا دەکا. شیعر Dasein بەئاگادەهێنێ.

لە سیمینارێکدا، کە هایدگەر ساڵی ۱۹۵۹ لەبارەی شیعری "یۆیان"ی "هۆلدرلین"ـەوە پێشکێشی کرد، باسی "چارەنووسە گەورەکە" دەکا، کە دروستکردنی پێوەندییەکی بێکۆتایی بە بوونەوە دەگەیەنێ. مرۆڤبوون مەترسی وەرگرتنە لەنێوان هەبی و نەبی–دا. وشەی بنەچەیی ئەو "من" نییە، بەڵکە باری کرداری "بوون"ـە. بەڵام ئێمە ئەمڕۆ لە کولتوورێکی لە ئەندازەبەدەری خۆویستیدا دەژین، کاتێک کە بەتایبەت سەختە وشە بنەچەییەکە بگوترێ. بۆیە گەڕان بەدوای وجوددا، چارەنووسە گەورەکەی مرۆڤی هاوچەرخە. کێشەکە ئەوەیە، کە لە جیهانی نوێخوازیدا، نکۆڵی لەو پێوەندییە بێکۆتاییە دەکرێ، چونکە شارستانەتی زانستیی تێکنۆلۆجیمان هەموو پێوەندییەک لە وردبوونەوە لە وجود، کەم دەکاتەوە. قەدەری نکۆلێکردن، قەدەری مرۆڤی هاوچەرخە، چونکە خواستی زاڵبوونی تێکنۆلۆجیای بەسەر سروشدا هەیە. ئەوەی کە نکۆڵی لێ دەکرێ Dasein ـە.

موحازەرەی هایدگەر بە ناوی "شیعر" لە ساڵی ۱۹٦۸دا، دوا هەوڵیەتی کە خەسڵەتی شیعری هۆلدێرلین بەرجەستە بکا. شیعری هۆلدێرلین بانگێکە، پەیامێکی Daseinـە کە بەردەوام دێ، کە بەردەوام بەڕێگەوەیە. لێرە هایدگەر وەک خودا نوێیەکان Dasein بە ئەفسانە دەکا. ئەوان سەرنجڕاکێش دەکرێن بە هۆی پەیامی شیعرەوە خۆیان نیشان بدەن. شیعر بانگی بێکۆتایی دەکا، کە لێی بێبەشین و لەم بانگکردنەیشدا خودا نوێیەکان خۆیان نیشان دەدەن. ئەوان پێویستیان بە شاعیر هەیە بۆ ئەوەی هەست بە ئامادەیی خۆیان بکەن. شاعیر ئامرازی گەیاندنی گوماندارییە بۆ ئەو خودا نوێیانە و Dasein. شاعیر ئەو پێوەندییە بێکۆتاییە هەستیار دەکا، بۆ ئەوەی بێکۆتایی بتوانێ خۆی دەربڕێ و خۆی بناسێنێ.

ئەگەر ئەم کۆنتێکستانەی گفتوگۆمان لەبارەیانەوە کرد، چڕ بکەینەوە، چ وێنەیەکی چەمکی بیکۆتاییی ئێکێلۆف دەردەکەوێ؟ لە بەراییدا ئەم بەیەکگەیشتنە، لەگەڵ "تۆ"یێکی میتافیزیکی دەگەیەنێ، کە لەیەک کاتدا نێزیک و دوورە. گەڕان بەدوای ئەم تۆیەدا دەبێتە نووسین، کە پێوەندییەکی بێکۆتایی لەگەڵ ڕێسای ئەشقی عیرفانی لە ژیاندا دروست دەکا. پێڕەوکردنی ئەم

ڕێسایەی ئەشق، ڕێگەی زانیاریی ڕاز، یان عیرفانی پێک دەهێنێ. ئەوەی لێی بێبەشین وجودە و شیعریش ئەوەیە کە دەچێتە ناو وجودەوە. وشەی بنەچەی مرۆڤ "من" نییە، بەڵکە "بوونە". چارەنووسە گەورەکە بۆ مرۆڤی هاوچەرخ واتای دروستکردنی پێوەندییەکی بێکۆتایی لەگەڵ وجوددا دەگەیەنێ، کە بگەڕێیتەوە ماڵ لای ئەوەی کە نێزیکترینە. ئەمە مەسەلەی مانەوەیە لە شارستانەتی تێکنۆلۆجیمان.

بەڵام ئایا هەر بە ڕاستی دەشێ یەک تاکە دێرەشیعر نووسەرایەتییەک بونیات بنێ؟ دەکرێ چەند وشەیەک کە ئێکێلۆف لە سەردەمی گەنجی نووسینی، بەسەر هەموو نووسەرایەتیی ئەودا زاڵ بن؟ من پێم وایە دەکرێ، ئەگەرچی نابەجێیش دیارە. لە نووسەرایەتیی خۆیدا بەدوای ئەویتردا، ئەوی لەدەستی چووە، شاراوەکەدا دەگەڕێ، بە گوتەیەکی تر بێکۆتاییەکە.. ئەمە ئەو هزرە گەورەیەیە کە بەردەوامی بە نووسەرایەتیی ئەو دەدا. ڕەنگە لە بەئاگاییەوە نەبێ، بەڵام لەناکاو هاتبێ.

دیوانی یەکەم "درەنگانێک لەسەر زەوی" لە غەیب و بێئاگاییدا، بەدوای پێوەندییەکی بێکۆتاییدا دەگەڕێ. ئەمە قۆناخێکی کورتە. لە ڕاستیدا ئەو ستایلە سوررِیالییەی دیوانی یەکەمی، ڕێگە دەرناکا، چونکە ناکرێ بە هەمان ستایل بەردەوامی بە نووسین بدا. ناکرێ بە هۆی مێتودی سوررِیالییەوە، نووسەرایەتییەک دابڕێژی. تەنانەت سوررِیالیستەکانیش ناتوانن وا بکەن. دیوانەکانی ساڵانی ١٩٣٠ لە سروشت و فۆلکۆردا بەدوای پێوەندییەکی بێکۆتاییدا دەگەڕێن. ئەمە قۆناخێکی کورتە. خولیای سروشتیش ڕێگە دەرناکا. سەرەتا بە دیوانی Färjesa°ng، کە ساڵی ١٩٤١ بڵاوکرایەوە، ئێکێلۆف دەنگی خۆی وەک شاعیر دەدۆزێتەوە. دەکرێ بگوترێ نووسەرایەتیی ڕاستەقینەی ئەو، بە دیوانی Färjesa°ng دەست پێ دەکا. لێرەوە گوڕ دەداتە خۆی. ئەگەر پێشتر هەستی دەردەبڕی، ئەوا ئێستا بە شێوازی ئاخاوتنی، کە لە دژگۆییەوە هاتووە، هەست و خەیاڵ شی دەکاتەوە. ئەم شیوازە ئاخاوتنییە، دەبێتە سەرچاوەی وزەی هونەری بیرکردنەوە لە پێوەندیی بێکۆتایی.

دیوانی Färjesa°ng بەو شیعرە گرینگە، "بگرە و بنووس" دەست پێ دەکا، لەوێ ئێکێلۆف پێناسەی ئەو پرۆژەیە دەکا، کە پێوەندیی بێکۆتایی دروست بکەی. ئەو ئەرکی گەڕان بەدوای دۆخی سێیەم لە دەرەوەی بوون و دژەکاندا، لەنێوان خێر و شەڕ و ژیان و مردندا، دەخاتە ئەستۆی خۆی. ئەم دۆخەی سێیەم ناودەبرێ "پاکیزە"، کە لە خۆیدا هەبوونە. ئەو ئەم عەدەمە بەرجەستە دەکا، کە قەت بیری لێ نەکراوەتەوە، یان ئەزموون لەگەڵیدا نەبووە. ئەمە فیکرەیەکە کە لە "سیانەی دیوان"دا سەرەکییە.

دۆخی سێیەم پێویستی بە هەڵسەنگاندنەوەی هەموو بەهاکان هەیە. ئەوەی کە لە دیوانی Färjesa°ngدا بەهای بۆ دادەنرێ، جوداکە و لێنەزانراوەکەیە. وێنەی ئاڵۆزی بەندییەتی و ئازادی لە شیعرەکاندا زاڵە و بە گەڕان بەدوای مانا لە بێمانایییدا، بە ئازادی دەگەیشترێ. تێگەیشتنی

بێمانایی بیری سەرەکییە لە هەڵسەنگاندنەوەی ئێکێلۆف لە هەموو بەهاکاندا. لای ئەو بێمانایی دەبێتە ئەو تێگەیشتنە باشەی، کە ئەو شتەی لێی بێبەشین و ڕەهەندە پڕ لە ڕازەکانی ژیان والا دەکا. شیعرێکی Färjesa˚ng وردتر ناوەڕۆکی بیری دۆخی سێیەم ڕوون دەکاتەوە:

شتێک هەیە کە لە هیچ شوێنێک ناگونجێ
لەگەڵ ئەوەیشدا بەرچاو نییە
کەچی بڕیاردەریشە
لەگەڵ ئەوەیشدا نامۆیە.
شتێک هەیە، کە ڕێک ئەو کاتە هەستی پێ دەکرێ، کە هەستی پێ ناکرێ
(وەک بێدەنگی)
ڕێک لەم شوێنەیش هەستیشی پێ ناکرێ، کە دەبێ هەستی پێ بکرێ،
چونکە لەوێ (وەک بێدەنگی) لەگەڵ شتێکی تر دەگوردرێتەوە، (...)

گەردوون، خۆر و گەردیلە هەن.
مەعریفەیەک هەیە، لەسەر خاڵی پتەو هەڵچنراوە.
مەعریفەیەک هەیە، نەپارێزراوە، لەسەر بۆشایی ناجێگیردا هەڵچنراوە
لەنێوان گەردوون، گەردیلە و خۆرەکاندا بۆشاییەک هەیە.
(بە من چی گەردوون، گەردیلە و خۆرەکان.)
لەم ژیانە دووانەیەدا
ڕوانگەی سەیروسەمەرە لەسەر هەموو شتێک هەیە.

لەم دیوی هەموو شتێکدا ئارامی هەیە.
لەپشت هەموو شتێکدا ئارامی هەیە.
لەناو هەموو شتێکدا ئارامی هەیە.
شاراوەیە لەناو دەست.
شاراوەیە لەناو قەڵەم
شاراوەیە لەناو مەرەکەب.
لە هەموو شوێنێک هەست بە ئارامی دەکەم.
لەپشت هەموو شتێک بۆنی ئارامی دەکەم.
لەناو هەموو شتێکدا ئارامی دەبینم و دەبیستم،

ئارامییەکی یەکدەنگ لەپشت هەموو شتێک.
(بە من چی ئارامی.)

دروستکردنی پێوەندییەکی بێکۆتایی، خۆبەستنەوە بەم "شتێک کە بۆ هیچ شوێنێک ناگونجێ"یە دەگەیەنێ. ئەمە پێویستی بە بەئاگایی و زانیاریی نوێ هەیە. ئەمە زانیارییەکی تەواو نییە، کە لەسەر "ڕوانگەی سەیروسەمەرە لەسەر هەموو شتێک" دروست بووە و هەستێکی ئارام دەبەخشێ. بەڵام ئارامی لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکە مەقامێکە لەسەر ڕێگەی بێکۆتاییدا. بۆیە ئێکێلۆف دەتوانێ بڵێ: "بە من چی ئارامی.". ئەگەرنا لە باوەڕی ئاینی و عیرفانیدا ئارامی دوا ئامانجە.

ڕوانگەی سەیروسەمەرە لەسەر هەموو شتێک، بیرکردنەوە لە دەرەوەی جیهانبینیدا دەگەیەنێ. ئەمە مێتودی گوماندارە، شێوازێکی بیرکردنەوەیە لە پێوەندیی بێکۆتایی. نووسەرایەتیی داهاتووی ئێکێلۆف، بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان کرا.

پەراوێز: (وەرگێڕ)

١. بۆ خوێندنەوەی شیعرەکە، یان یادداشتەکە، بڕوانە "سیانەی دیوان"ی ئێکێلۆف، لاپەڕە ١٩٢، دەزگەی ئاراس ، ٢٠١٠ وەرگێڕانی: ڕزگار شێخانی. ئەمە بە یەکەم شیعری ئێکێلۆف ناسراوە، کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا نووسیویەتی و کاریگەریی "تەرجومان ئەشواق"ی ئیبن عەرەبیی لەسەرە.

٢. ڕۆمانێکی نووسەری ناوداری سوێدی "ئاستریدلیندگرێن"نە، (١٠٠٧– ٢٠٠٢).

٣. زەماوەندی پیرۆز: brudmystiken، چەمکێک بۆ ئەم دەستەواژەیە نییە و شیکردنەوە و پێناسەی سەختە. لە ئاینی مەسیحیدا، ئاماژەیە بۆ بەیەککگەیشتنی خودا و مرۆڤ، بەڵام بەیەککگەیشتنێکی ئێرۆتیک، وەک ئەوەی کە لە شیعرە بەناوبانگەکەی حەزرەتی سولەیماندا، "عەزەلی غەزەلان" هەیە.

٤. Sein und Zeit ناوی کتێبەکەی هایدگەرە بە ئەڵمانی. هەر لە بەشی یەکەمدا، باسی سەختیی تێگەیشتن لە واژەی "وجود" دەکا و شیی دەکاتەوە. هایدگەر پێی وا بوو، سەردەمی نوێ بە "فەرامۆشکردنی وجود" دەناسرێتەوە. مرۆڤی هاوەدم پێوەندیی خۆی لەگەڵ وجود فەرامۆش کردووە، لەم گەردوونە جودا بووەتەوە، کە جاران بەشیک بوو لێی. ئەو کە لە کتێبەکەیدا چەمکی Dasein داڕەهێنێ و مەبەست لێی، لەناو ژیان بوون، یان دۆخی وجودی مرۆڤە لەناو گەردووندا. چەمکی وجود/ هەبوون، کە لە تەرجومەکردنی ئەم گوتارەدا بە کار هێنراون، تەواو ئەو مانا و تێگەیشتنە ناگەیەنن، کە نووسەر مەبەستیەتی.

# ئێمە خەساوەکانی چێژین

محەمەد تەها حوسێن

چێژ بابەتێکی هەرە ستراتیجییە ئەو تاکە ئامانجەیە کە مرۆڤ لە پێناویدا دەژی و تەنانەت دەشمرێ، کێشە گەورە و بچووکەکانی ئادەمی لەسەر زەوی، دوور و نێزیک ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ، پەیوەستن بە چێژەوە.

چێژ لە خواردن، لە خەوتن، لە خەیاڵکردن، لە ڕۆیشتن، لە هاتن، لە گەشتکردن، لە خواردنەوە، لە ڕزگاربوون لە پاشەڕۆ، لە سێکس، لە ئازایەتی و سەربەرزی، لە وەچەنانەوە، لە ڕاوکردن، لە یاریکردن، لە وەرزش، لە خۆڕازاندنەوە، لە بۆنکردن، لە نزا و عیبادەتکردن، لە بینینی شتی جوان، لە کڕین، لە فڕۆشتن، لە گەڕان بە دوای نهێنییەکاندا، لە بینین، لە بیستن، لە سەرکەوتن، لە کۆکردنەوەی سامان، لە ڕەنگ، لە ئاو، لە گەرمی، لە ساردی، لە فێنکی، لە ئاگر، لە خاک، لە خۆڵ، لە هەوا، لە فڕین، لە بیرکردنەوە، لە وێناکردن، لە... تەنانەت لە خۆبچووککردنەوە و ملکەچی و ئازار و مردنیش.

قەدەری ئێمەی مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە ئەوە بووە کە لە سەرتاسەری ژیانماندا بالآنسی خۆمان بە پێوەرەکانی چێژ ڕابگرین، چوون یەکەم گورز کە بەر بابەگەورەمان کەوت دەستبردنی بوو بۆ ئەو شتەی بە دڵ حەزی لێی بوو و هەر ئەوە بوو خواردی، ئیتر چیی دی کەسێکی زیندوو و ئەبەدی نەمایەوە و بوو بە مرۆڤێکی کۆتاییدار و هەموو وجودی بەسترایەوە بە چێژ و، تا ئەوەندەی لە ژیان دەمێنێتەوە دەبێ عەیاری خۆی بە چێژەکان بدا. ئەگەر نا، ئەم جارەیان لە کۆتاییدا چێژەکان بۆی دەبن بە ئاگر و لە نێویاندا بێکۆتا دەسووتێ و دەبێ بە شتێکی تر.

هەر لە سەرەتاوە (چێژ) بەستراوەی دنیایەک مەرج بووە کەسەکان دەبوایە فەراهەمیان بکەن ئەگەر نا ئەوە (ئازار)ە لە بەرامبەردا قوت دەبێتەوە و نایەوێ تای تەرازووەکە بە لای چێژدا بکەوێ.

دووانەی (چێژ و ئازار) مرۆڤبوونی ئێمەیان لەسەر وەستاوە و بەردەوام ئەوە چێژە

دەمانجوولێنێ و ئەوەش ئازارە لێی دوور دەکەوینەوە و سنوورەکانمان نیشان دەدا. هەر یەکە لەم دووانەیە دەبن بە پرنسیپ و لەوێ ڕۆژێوە لە بەرامبەر یەکن مرۆڤ بیری کەوتووەتە کار و ڕێوشوێنی ئاگالێبوونیانی گرتووەتە بەر.

ئەریک فرۆم دەڵێ: چێژ ئەو بنەمایەیە کە ڕێنوێنیی ئیش و کارەکانی مرۆڤ دەکا چ لە ڕووی واقیعییەوە چ لە ڕووی ستانداردەوە، ئەریستیپۆس Aristippus یەکەم کەس بووە لە چوارچێوەی تیۆریی چێژدا قسەی هەبووبێ، بڕوای وا بوو کە گەیشتن بە چێژ و دوورکەوتنەوە لە ئازار ئامانجی ژیان و پێوەری بەهاکانن، چێژەکانیش لای ئەو هەنووکەیین (فرۆم، ٢٠٠٧، ل ٢٠٥–٢٠٦).

ئەگەرچی ئەم بینینە زۆر سادەیە، فرۆمیش پێی وایە، چونکە ڕاستەوخۆ چێژ و خۆشی بە ئەزموونە هەنووکەییەکانەوە دەبەستێتەوە، بەڵام سەرەتایەکی فەلسەفییانەیە بۆ قسەکردن و ئیشکردن لەسەری.

تێڕوانینی ئەریستیپۆس لای چێژناسەکان زۆر نارسیسیانە و تەنانەت بەستراوەی حەزە کەسییەکانە، ئەوەی کە پێوەری بابەتیی بۆ بنەماکانی چێژ دانا ئەبیکۆر بوو، کە فرۆم لە کتێبی "مرۆڤ لە پێناوی خۆیدا" بەم شێوەیە ناماژەی بۆ دەکا و دەڵێ: لەگەڵ ئەوەی کە چێژ لای ئەبیکۆر ئامانجی ژیانە بەڵام هەر چێژێک لە خۆیدا چاکەیەکە بۆ خۆی، ناشبێ هەموو چێژەکان هەڵبژێرین (فرۆم، ٢٠٠٧، ل٢٠٦).

ئەبیکۆر کە دەڵێ نابێ هەموو چێژەکان هەڵبژێرین، مەبەستی ئەوە بوو کە هەندێکیان دەبن بە مایەی قەڵسکردنمان و دواتر ئازار چێشتنمان. ئەم بینینە تێمان دەگەیەنێ کە مرۆڤەکان بە سرووشتی خۆیان حەز بە وەرگرتنی چێژ دەکەن و بەردەوام هەر لەو پێناوەدان و هەر بە سرووشتی خۆشیان خۆیان لە ئازار دوور دەگرن و، چێژیش لای ئەبیکۆر ئەوە نییە کە لای کۆرینائییەکانی وەک ئەریستیپۆس هەبوو، کە ژیانی بە تەواوی بە وەرگرتنی چێژەوە بەستبووەوە، بەڵکو لای ئەبیکۆر چێژ ئەوەیە کە چۆن خۆمان لە ئازار دوور بگرین و لە ڕووی ڕۆحیشەوە چێژ وەربگرین.

خۆ دوورگرتن لە ئازار ئەوە نییە کە لەبەر بینین و پێشبینیکردنی تۆ چێژەکان پشتگوێ بخەی، بەڵکو ئەو مانایەشی هەیە کە تۆ هەر کاتێک لە نەبوونی شتێکدا یا لە پێویستیی شتێکدا ئازار بنۆشی ئەوا هەوڵی لە خۆ دوورخستنەوەی ئەو ئازارە دەدەی.

ئەوەتا سوکراتیش لە گفتوگۆی ئۆتیدیم Euthidemeدا دەڵێ: تێنوێتی و برسێتی و ئارەزووی سێکسی و بۆنە شەوانەکان تاکە هۆیەکانی چێژن کە هەستیان پێدەکەین لە ڕێگەی خواردنەوە و خواردن و جووتبوون و حەسانەوە و خەودا، کاتێک چاوەڕێی ئەو پێویستیانەمان کرد و بۆیان بە ئازار بووین ئەوا تا ئاستێکی باش چێژیان لێ وەردەگرین. لە گفتوگۆی برۆدیکۆسیشدا سوکرات

دەڵێ: ماندووبوون، نەک بەردەوام پاڵدانەوە، حەزی خەومان لا درووست دەکا، حەزەکانی دیکەش هەر بەم شێوەیە. بەڵام فۆکۆ لە پەراوێزی ئەم گفتوگۆیانەدا لە پاڵ وەدیهێنانی چێژەکان ئاماژە بە زەروورەتی زێدەنەڕۆیشتن دەدا (فۆکۆ، ١٩٩١، ل٤١).

ئەم زێدە نەڕۆیشتنە مانای پابەندی و ڕەچاوکردن دەگرێتەوە. ڕۆیشتن بەرەو چێژ و خۆدوورگرتن لە ئازار، تەواوی هاوکێشەکانی ژیان هاوسەنگ دەکەنەوە و مرۆڤەکان لەهەر سەر زەوینێک بن و لە هەر چ هەل و مەرجێکی جوگرافی و مێژوویی و کولتووری و کۆمەڵایەتیدا بن، ئەوا لەبەر ئەم هاوکێشەیە خۆیان ڕێک دەخەن و، ئاستەکانی پابەندی و دەرچوون لێیان ڕووبەڕووی هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەیان دەکاتەوە کە هەر لە بنچینەوە لەو هاوکێشەیە کەوتوونەتەوە.

مرۆڤ وەک بوونێکی بایۆلۆجی بەردەوام لە ژێر پەستان و گوشاری ئەو حەزە غەریزییانەیە کە تاوی دەدەن بۆ ئەوەی لەو نائارامی و شڵەژانەی تاو نا تاوێک تووشیان دەبێ ڕزگاری بکەن، فرۆید ناوی لەم پاڵنەرانە ناوە پێداویستی needs و پێی وایە بەردەوام ئەم ماشێنە کە جەستەی تاکە لەکاردایە و بەردەوامیش بە دوای هاڵانسی خۆیدا دەگەڕێ، کەی پێویستییەکە وەدیهات، یا هەروەک فرۆید دەڵێ تێر بوو، ئەوا کەسەکە ئارام دەبێتەوە و ئۆقرە دەگرێ. ئەم ڕوانینە لە دیدگەیەکی حەتمییانەی بایۆسایکۆلۆجییەوەیە و لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونیشەوە مرۆڤەکان بەردەوام پێداویستیی جۆراوجۆریان هەیە و، لە دوای دابینکردنیان دەگەڕێن بە پێی ئەو مۆدێلانەی فرۆید ناوی ناون منی بالا Super Ego. لەم تێڕوانینەدا فرۆید سەرسامی بینینەکانی گۆستاف فیخنەرە، کە هەوڵی دەدا هەردەم هەست و مەشاعیر و سۆزەکان بە یاسا فیزیکییەکانەوە ببەستێتەوە و، لە گەڕانەوەشی بۆ غەریزە و زەروورەتی بالاکانی فرۆید لەم ڕوانینەی فیخنەر کەڵکی بینیوە.

ئەمە جگە لەوەی کە خۆی هەر لە بنچینەوە باکگراوندێکی پزیشکانەی دەماری هەبوو و ئەم کاریگەرییەشی گواستەوە نێو ڕوانینە سایکۆلۆجییەکانی.

مادام مرۆڤەکان بەردەوام لە نێوان ئەم دووانەی چێژ و ئازارەدا ژیان بەسەر دەبەن ئەوا دەکرێ بڵێین ئەم بوونەی ناوی مرۆڤە، بە بەردەوامی لە نێوان بەرداشێکدایە و وەڵامی هەردووکیان بە پێی بنیاتە کولتوورییەکانی خۆی دەداتەوە.

لە کتێبی Facts and theories of psychoanalysisدا، کە لە کتێبی ئەخلاق لای فرۆید ئاماژەی بۆ کراوە، ئەم هاوکێشەی چێژ و ئازارە بە سیستمی ڕێڕۆیشتنی ئاو لە ڕێچکەیەکەوە بە هۆی پەمپێک چوێنراوە: ئاو لە دەمی لوولەیەکەوە A دەچێتە ژوورەوە و دەبێ لە دەرچەی B بێتە دەرەوە بەڵام کاتێک کە دەرچەکە بگیرێ، ئەوا ئاوەکە بەشێوەیەکی تر و لە دەرچەی C ڕێگە بۆ خۆی دەکاتەوە (عجێلی، ٢٠٠٧، ل١٢٠).

ڕێک ئەم وێنەیە بەسەر حەز و چێژەکاندا، لای فرۆید، جێبەجێ دەبێ و ئەو پێی وایە ئەمانە پێداویستین و مرۆڤەکان، بیانەوێ یان نا، لە ژێر پەستانی ئەواندان هەر بۆیە دەبێ بە شێوەیەک لە شێوەکان وەلامیان بدرێتەوە. ئەگەر نا، ڕێچکە و دەرچەی تر بۆ خۆیان دەدۆزنەوە. فرۆید هەروەک جۆزیف بریستۆ لە کتێبی ڕەگەزگەرایی Sexualityدا ئاماژەی بە ڕایەکی گونجاوی ئەو داوە، کە هەر لە کتێبی ئەودیو بنەمای چێژەکانی خۆشی وەری گرتووە کە دەڵێ: چۆن تاکەکان لە ڕووی دەروونییەوە خۆیان بەڕێوە دەبەن (بریستۆ، ٢٠٠٧، ل٢٠٣).

خۆ بەڕێوەبردن لە ڕووی دەروونییەوە ڕێک مانای ئەو عەقڵە دەگەیەنێ کە کەسەکان پێویستیان پێیەتی تاوەکو ئاستێکی باش و گونجاویان لە حەزەکانیان لەو ڕێگەیەوە دەست کەوێ نەوەکا لە بەرامبەردا تووشی ئازار و مەینەتی بن، خۆبەڕێوەبردن مانای ئەوە دەگەیەنێ کە تاک چۆن لەو هێزانە تێدەگا کە دەیجووڵێنن و چۆنیش ئاراستەیان دەکا و ئەو ئامانجانەش چین کە بۆیان دەجووڵێ؟ خۆبەڕێوەبردن گفتوگۆیەکی کراوەی تاکە لەگەڵ ئەوەکەی تری ناو خۆی و لە هەمان کاتیشدا کارکردنە لە پێناو وەدیهێنانی چێژ و خۆشییەکان کە سات نا ساتێ پێویستی پێیان دەبێ و دەبێ دەرخواردیان بدا.

برسێتی یا تینوێتی یا پێویستییەکانی وەک هەستکردن بە ئەمن و ئارامیش بەردەوام، هەروەک ئەبراهام مازلۆ دەڵێ، لە پێویستییە بنچینەییەکانن و هەر کاتێک جەستەمان لەو لایەنانەوە هەستی بە کەموکوڕی کرد، ئەوا جۆرێک لە ئازار ڕوومان تێدەکا و دەشڵەژێین و هەر ئەم شڵەژانەشە جووڵەمان لا دروست دەکا و بەرەو ئامانجێک، کە لە خۆیدا چێژە، ئاراستەمان دەکا. جگە لەمە، پێویستییە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییەکانیش هێزێکی زۆریان لا کۆبووەتەوە و دەتوانن بمانجووڵێنن.

ئەم دوو جۆرە پێویستییە سەرخان و ژێرخانی کەسێتین و بەڕاستیش مازلۆ لێرەدا تا ئاستێک داهێنانێکی نوێی کردووە کە توانیویەتی هەردوو لایەنی بایۆلۆجی و دەروونی لە پێویستییەکان لە قوچەکەکەیدا کۆبکاتەوە و بەیەکەوە کەسێکی ساخ و هاوسەنگ و گونجاوی، هەم لەگەڵ خۆی هەم لەگەڵ خەڵک و دەرەوەی خۆی، لێ دروست بکا.

لە میکانیزمی گونجاندا خود ڕووبەڕووی چەندان ڕاستی و خواستی واقیعی دەبێتەوە. ئەوانیش بەیەکەوە هەرچی ناوەوە داوایان لێ دەکا بە دەرەوەی دەبەستنەوە و، ئا لێرەدایە بەڕاستی عەقڵ دێتە مەیدان و وەک پرنسیپێک ڕۆڵی سەرەکیی خۆی لەم شەڕەدا دەبینێ کە لەنێوان تاک خۆی و منی خۆیدا هەر لە ئەزەلەوە بەرقەرارە.

سەرەتا ئەگەرچی مرۆڤ بوونێک بووە ئامادەییەکی عەقڵیی هەبووە، وەلێ لە وەلامی چێژدا عەقڵی بەکار نەهێناوە و وەک ڕەفتارگەراکان دەڵێن هەر لە چوارچێوەی (وروژێن و وەلام)دا جووڵاوەتەوە، بەو پێیەی عەقڵ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و کەسێکی دیکەیە لە ناوەوەی خۆمان

بەردەوام عەیارمان دەدا و، لە نێوان شەڕی براکاندا کە (من و خۆم)ن یا (چێژ و ئازار)ن ڕۆڵی دادوەرێکی بە هەیبەت دەبینێ، بەڵام بەردەوام ئەو کەسە نییە بتوانێ جڵەویان بکا، چونکە لە زۆر هەڵکەوت و داکەوتدا گوێی پێ نادەن. سەرەنجام منە بالاکان دێنە مەیدانی شەڕەکە و، لەو نێوەدا و لەوەتەی ئەم شەڕە بەرپایە هەرچی خوێنی ئەم سەرزەوینە هەیە لەو شەڕە کەوتووەتەوە و تا ئەبەدیش خوێن بەردەوام ئەو مەرەکەبەیە کە مێژووی چێژ و ئازاری پێ دەنووسرێتەوە.

هەر یەکە لە چێژ و ئازار ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە توانا ئیدراکییەکانی تاکی ڕوحەوە، لەبەرئەوە شت یا هێزەکانن وروژان دروست دەکەن و سەرەنجام کەسەکان بەرەو ئاراستەکانیان دەجووڵێن، بەو مانایەی ئەگەرچی لە سەرەتاوە فەلسەفە خۆی کردووەتە خاوەنی ئەو بنەمایانە کەچی لە بنچینەدا بە جووڵە داینامیکییەکانی تاکەوە پەیوەستن و، ئەوە کەسێکی پەیبەرە کە پەی بە شتێک دەبا و دواتر دەوروژێ و پاشان مانایەکی کە وەک خۆی لێی تێدەگا پێ دەبەخشێ، کەواتە چێژ و دواتر ئازاریش سەرەتاکەیان بە قەد کەسەکان کۆنە و هاوسەنگییە دەروونی و جەستەییەکان بەستراوەی ئەو دووانەیەن و، ئەوەی تاوەکو ئێستاش مرۆڤەکان دەجووڵێنێ هەر ئەوانەن.

چێژ پێویستییەکە تۆ وەک جەستە دەتەوێ، تاوەکو وەک زیندوویەک بمێنیتەوە و بەردەوام ئەو ماشێنە، کە جەستەیە، بتوانێ لە پەیداکردنی ئینێرجیدا بێ بۆ ئەوەی هەرچی ئەندامەکانی ئەو ماشێنە هەیە لە جووڵەدا بن و نەوەستن، کەواتە چێژ بابەتێکی وجودییە و مانی ئێمە وەک بوونێکی فیزیکی سەرەتا بەستراوەی دابینکردنی سەرچاوەی چێژەکانە و نەبوونی چێژیش وەک ئەوە وایە مرۆڤ لە حاڵەتێکی پچڕاندا بێ و، لەو حاڵەتەشدا کێشەکە دەبێ بە کێشەیەکی وجودی و مەترسییەکانیش بۆ سەر وجودی تاکەکان دەبن. دوای ئەوە هەرچی لە دەرەوەی تاکدا هەیە و ئەو لە بەرخورددایە لەگەڵیان، ئەوە بابەتە بۆ چێژ، بەڵام ئاسوودەیی و نائاسوودەییی تاکەکان، بە جۆری چێژەکان، بەستراوەی ئاستی قبووڵکردنی ئەون بۆیان لە هەموو لایەنێکەوە.

ئەفلاتوونیش لەسەر بنەمای ئەم دووانەیە، سێ توخمی سەرەکیی دەست نیشان کردووە کە بەردەوام ئەوانن تاکەکان وەک بوونێکی ئینسانی ڕادەگرن ئەوانیش (عەقڵ و تووڕەیی و شەهوانییەت)ن کە لە هەندێ شوێندا بە هێزەکانی (عەقڵ و گورز و شەهوەت)یش ناویان دێ. ئەو لە کتێبی (فیدۆن)دا دەڵێ (هۆی دابەزینی دەروون بۆ سەر ئەم دنیایە وەرینی پەڕەکانی بوو، ئەگەر سەرلەنوێ پەڕەکانی لێ ڕوانەوە ئەوا سەردەکەوێتەوە بۆ ئاسمان، لە گفتوگۆی تیماوسیشدا دەڵێ: هۆی دابەزینی دەروون بۆ ئەم دنیایە زۆرن لەوانە لەبەر ئەوەی گوناهێکی گەورەی کردووە بۆ ئەوەشە کە سزای ئەم لادانانە وەرگرێ (التکریتی، ١٩٨٢، ل٤٤).

ئەفلاتوون پێی وایە گورز دەکەوێتە نێوان عەقڵ و شەهوەت و هەر جارە لای یەکێکیان دەگرێ و ڕۆڵی دادوەریان لە نێواندا دەبینێ، ئەو سروشتی تاکەکانیش لەبەر ڕۆشناییی ئەم سێ هێزەدا

دابەش دەکا و دەیانخاتە سێ پۆلەوە حوکمڕان و سەرباز و ڕەعیەت، پاشان لەبەرامبەر ئەم سێ هێزەی دەروون سێ فەزیلەت دادەنێ، لەبەرامبەر عەقل حیکمەت و بەرامبەر تووڕەیی و گورز ئازایەتی و بەرامبەر شەهوانییەتیش پاکیزەیی (التکریتی، ١٩٨٢، ل٤٦).

لای ئەفلاتوون ئەوە تاکەکانن، تاوەکو لەسەر زەوی بن، باجی ئەو هەڵانە دەدەنەوە کە نەیانتوانیوە خۆیان لە بەرامبەر هێزەکانی شەهوەتدا ڕاگرن و هەر بۆیەش لەسەر زەوی کەوتوونەتە ژێر گورز و تووڕەیی خالقەوە و دەبێ ڕۆژێک دابێ بە تەواوی پاک ببنەوە، ئەگەر نا ئەم دیمەنانە بە بەردەوامی بەردەوام دەبن. جگە لەوەش ئەفلاتوون ژیرانە توانیویەتی ئەو هێزانە بناسێ و بە هۆیانەوە هەوڵی داوە لە چوارچێوەی سیستماتیزەکردنی دەروونی تاکەکاندا سیستمێکی فرەوانتر لە نێو کۆمەڵگە بەرقەرار بکا تاوەکو هێزی عەقڵ و فەزیلەی حیکمەت جڵەوی کارەکانی لە دەست بێ و ئاراستەکان بەرەو چێژە ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی دیکەی داهێنانە ئینسانییەکان ئاراستە بگرن.

ئیبن سینا لە کتێبی (ئاماژە و ئاگاییەکان)دا دەڵێ: چێژوەرگرتن دوای دەرککردن دێ و هەر لەویشەوە دڕووست دەبێ، ئەو دەڵێ چێژ وەرگرتن جۆرێکە لە ئیدراک کە کەسی پەیبەر دەستی دەکەوێ، ئەویش لە ئەنجامی ئەو شتانەی کە دەیوروژێنن، چونکە بەلای ئەوەوە وروژێنەکە تام و چێژێکی خۆی هەیە و بە هەمان شێوەش چێژ شتێکی وروژێنە، هەر بۆیە دەروون چێژ لە هەموو ئەو شتانە وەردەگرێ کە پەیان پێ دەبا و گونجاون بەلای ئەوەوە، ئەوەش کە پەی بەشت نەبا چێژ نابا و دواتر ناشتوانێ خۆشەویستی بکا (حەرب، ٢٠٠٩، ل١٣٧).

هەر ئیبن سینایە پێی وایە جۆری چێژەکان بە پێی هێزە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ دەگۆڕێن، هەستەکان چێژ لەو شتانە وەردەگرن کە هەستیان پێدەکەن و ئاراممیان پێدەبەخشن و هەیە چێژ لە تووڕەبوون و تۆڵەکردنەوە وەردەگرێ و هەشە لە خواردن و سێکس، چێژە ڕوحییەکانیش پێگەی خۆیان لە نێو ئەم دنیای چێژەدا هەیە و حەزکردن بە دیداری مەحبووب و تاوانەوە لە خۆشەویستیی ئەودا و فەنابوون لەو پێناوەدا ئەو چێژە ناکۆتایەیە کە عاشق لە دوایەتی بۆ ئەوەی بۆ ساتێکیش لەو خۆشی و چێژە ڕووحییە دانەبڕێ، لەو جۆرە چێژەدا کە عەلی حەرب چێژی عەقڵیشی پێ دەڵێ کە من پێم وایە ئەوەندەی چێژەکە ڕووحییە ئەوەندە عەقڵی نییە چونکە بەردەوام لەو جۆرە چێژە عیرفانییەدا سنووری نێوان خود و بابەت نامێنێ و هەردوو سەری چێژبەخش و چێژوەرگر لەیەکتردا دەتوێنەوە و فەنا دەبن، بەڵام چێژی عەقڵی ئەوەیە کە کەسی عاقڵ بەردەوام بابەتەکانی چێژی لێ ون نابێ و سەرەداو و جەمسەرەکانی دەناسێتەوە.

ئیبن سینا سێ جۆر دەروونمان پێ دەناسێنێ ئەوانیش (دەروونی ڕووەکی و دەروونی ئاژەڵی و دەروونی قسەکەر یا ئیلاهی)ن و ڕووەکییەکەیان ئەوەیە کە حەزی لە خواردن و خواردنەوەیە و، ئاژەڵیەکەش حەزی لە سێکس و تووڕەیی و ڕق و تۆڵە و سەرکەوتن و سەرکردایەتییە و، دەروونی

ئیلاهیش که به قسەکەریش ناوی دەبا حەزی لە دەسکەوتنی زانست و ناسینی خودایە (حەرب، ٢٠٠٩، ل١٣٩).

ئەم پۆلێنەی ئیبن سینا لەوەی ئەفلاتوون نێزیکە و ئەوەمان پێ دەڵێ کە لە مێژووی هزری ئینسانیدا جۆری چێژدار و چێژوەرگرەکان بەردەوام بەستراونەتەوە بە سرووشت یا پێکهێنەرەکانی بوون و، دەروونی مرۆڤەکان لەڕووی حەز و چێژەکانیان بوونەتە پێوەرێک بۆ ناسینی خودەکان و هەروەها جۆری کەسێتییەکانیشیان، بەڕاستیش لە تاکدا تاوەکو ئێستا هەر ئەو سێ سەرچاوەی هێزەن تاوێ ململانێی یەکتر دەکەن و تاوێکیش لەگەڵ یەکتر ئاشت دەبنەوە و هەوڵی ڕاگرتنی هاوسەنگییەکە دەدەن.

لە ئاینی ئیسلامیشدا سەرچاوەکانی ئەم سێ جۆرە هێزە کە لە بنچینەدا بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و دیسپلینی کۆمەڵگە دیارکراون، لە قورئاندا ئاماژەیان پێ دەدا و لە بەرامبەر سێ هێزەکەی ئەفلاتوون ئەم سێ هێزە وەک (دەروونی ئەمر بە خراپە و لۆمەکەر و دڵنیاکەرەوە- الأمّارة بالسوء واللوّامة و المطمئنة) ناویان هاتووە.

## فرۆید و چێژ

هەموو کردارێکی دەروونی کە لە تاکدا دەردەکەوێ یا ئەنجامی دەدا بۆ بنەمای چێژ دەگەڕێتەوە و هەر جووڵەیەک لە تاکەوە سەرهەڵبدا بەو پرنسیپە ئیش دەکا (فرۆید، ١٩٥٢، ل٢٣).

ئەم بینینە تیۆرییەی فرۆید کە تەواوی تێڕوانینی ئەوی لەبارەی مرۆڤ و کردارە دەروونییەکانی لەسەر بیناکراوە، بە حەتمی پێمان دەڵێ کە ئەوە چێژە زیانی لە پێناودا دروست بووە و هەر چێژێشە مرۆڤ بە سرووشتی خۆی بۆی دەجووڵێ و، ژیان لای ئەو مانای چێژ دەگەیەنێ و هەرچی لەسەر ئەم زەوینەش بە دەستی مرۆڤ دروست بووە و بەردەوام لە پێناویشیدایە، هەر چێژە جووڵێنەرەکەی، و دواتر کۆمەڵگە وەک خودێکی گەورەتر لەو چوارچێوەیەدا کە خۆپارێزی و پێشکەوتن و بەیەکەوەژیان و بەیەکەوە جووڵانە کار لە پێناو هەرچی زۆرتر چێژوەرگرتن دەکا، بەڵام بەردەوام جێگۆڕکێی چێژەکان و پەسەندکردنی یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا یا ناچیزگرتنی یەکێکیان و فەرامۆشکردنی، داب و نەریت و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیستم و شارستانییەت و شتی دیکەی لەو بابەتەمان بۆ دێنێتە پێشێ.

فرۆید لە نیشتنەوەی لەسەر بنەماکانی چێژ و بایەخیان لە هەڵسووڕانی پرۆسە دەروونییەکانی تاکدا، ئەگەرچی ئاماژە بە ڕایەکانی گۆستاف فیخنەر دەدا و لە کتێبی ئەودیو پرنسیپی چێژدا باس لە هەندێ لە ڕایەکانی ئەو دەکا و زیاتر لەسەر دەستەواژەی (ئارەزوو بۆ جێگیری)ی فیخنەر دەوەستێ، کەچی لە سەرێکی ترەوە هەر لەو کتێبەدا پێمان دەڵێ کە ڕاستە لە مێژووی هزری ئینسانیدا زۆر قسە و ڕا لەبارەی چێژەوە هەبوون وەلێ ئەوەی ئێمە (فرۆید) لەبارەی چێژەوە

پێیگەیشتووین زیاتر هەوڵ و تێکۆشینەکانی خۆمان و ئەزموونەکانی ئەو ڕۆژانەمانن کە تیایاندا ژیاوین و ئەوانەی تر بەو قوڵییەوە نەچوونەتە بنج و بنەوانی بابەتەکە.

فرۆید ئەگەر ئەمەش دەڵێ و ئاماژە بە مێژووی هزری مرۆڤایەتی لە بارەی چێژەوە دەکا، بەڵام سەرەداوەکانی هزری ئەو و تێڕوانینەکانی نەک بەتەنیا دەچنەوە سەر فیکری ئەبیکۆر و ئەریستیپۆس، بەڵکو ڕیشەی ئایینی و تەنانەت ئەفسانەیی بەتایبەت ئەفسانەی یۆنانیان پێوە دیارە و، لە ڕووی بەکارهێنانی هێمایییەوە ژیرانە سوودی لە سیمبولە ئەفسانەییەکان وەرگرتووە و لەگەڵ دیاردە و خەسڵەتە دەروونییەکان گونجاندوونی.

ئارەزوو بۆ جێگیریی فیخنەر ئاوێتەی چەمکێکە کە ئاماژەیە هەم بۆ بوونی ئارەزوو لای تاکەکان و هەم بۆ پاراستنی ئەو جێگیرییەی کە بەردەوام تاکەکان لەو دۆخەدا ئارامن و ئۆقرە دەگرن، ئەم ڕوانینەی فیخنەر لەڕووی مێژوویییەوە لە هی فرۆید کۆنترە و ڕیشەشی هەر لە فیخنەرەوە نەڕواوە بەقەد ئەوەی ئەو لەوانەیە زیاتر ئۆرگانیزەی کردبێ و خستبێتیە قالبێکی زیاتر زانستییەوە و بە لایەنە فسیۆلۆجییەکەی جەستەی بەستبێتەوە.

## غەریزە لای فرۆید

غەریزە بزوێنەری سەرەکیی ڕەفتارەکانی تاکە لای فرۆید و، هەر ئەوانن پاڵمان پێوە دەنێن بۆ ئەوەی وەک بوونێکی بزۆز دەرکەوین، کاتێ لە برسان ئازارمان پێدەگا ئەوە ترسە لەو ئازارە وامان لێدەکا جێگرەوەی گونجاوتر بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگیمان، کە چێژی خواردنە، بەکار بەرین، کاتێکیش هەر یەک لە پاڵنەرە فسیۆلۆجییەکانی دیکە وەک سێکس و خواردنەوە و حەسانەوە دەمانجولێنن ئەوا حەزی چێژ بینینە بەرەو سەرچاوەکانی ئەم چێژەمان دەبا. ئەمانە هەموویان بۆ ئەوەن تاوەکو بەردەوام لەگەڕدابین و هەر کە شڵەژاین یەکسەر نەک تەنیا بە هۆشیارییەوە بەڵکو لەڕووی ناهۆشیشەوە بەرەو ئەو مەبەستانە بچین کە بۆ دۆخی ئاساییمان دەگێڕنەوە.

هەڵە نابین ئەگەر پێمان وابێ لە فرۆیددا یەکێتییەکی مێژوویی لە فیکری مرۆڤایەتی و تەنانەت یەکێتییەکی کولتووری و پیتانێک لە نێوان فەلسەفە و ئەفسانە و مێژوو و زانست و پزیشکی و ئەدەب و هونەر و سایکۆلۆجیا و لایەنەکانی تری مەعریفەی مرۆیی دەدۆزینەوە. ئەو لە دوو ڕووەوە لە ژێر کاریگەریی فسیۆلۆجیادایە یەکێکیان زۆربەی خۆیندنی لەسەرەتادا لە بواری پزیشکی و سوورباوونی باوکی بوو تا ببێتە پزیشک وەک هەموو ئەو جوولەکانەی ئەوێ ڕۆژێ ئەو حەزەیان هەبوو، ئەوەی دیکەیان سەرسامبوونی بوو بە گۆستاف فیخنەری پزیشکی بایۆفیزیک و دەروونناس، بەر لە ناسینی دەروونناسی وەک زانست.

سیگمۆند فرۆید ئاماژە بە دوو جۆر غەریزە دەکا ئەوانیش غەریزەکانی ژیان و مردن، غەریزەکانی ژیان بەرەو چێژ و خۆشەویستی و ئیرۆتیکییەت و مۆڵکداری و وەچەنانەوە و .. .تاد

مان دەبەن و ئەوانەی مردنیش حەزی وێرانکاری و دژکاری و مەرگدۆستیمان لا پەرەپێدەدەن، ئەم دوو چەمکەی ژیان و مردن لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە تەواو بەستراوەی هەردوو بنەمای چێژ و ئازارن کە لە درێژەی هزری مرۆڤایەتیدا بە چەندان شێوە باسیان لێوەکراوە و دەربڕاون.

مرۆڤ بە سرووشتی خۆی، بۆ ئەوەی ئازاری برسییەتی و تێنوێتی و سێکس و ماندووبوون نەچێژێ، بەردەوام هەوڵ دەدا تێر بێ لە هەموو ئەم بوارانە و لەولاشەوە بۆ ئەوەی دوور بێ لە سەرزەنشت و سزا و لێپێچینەوەکانی کۆمەڵگە بە هێزێکی دیکە، کە عەقڵە هاوسەنگیی خۆی دەپارێزێ و وەک فیخنەر دەڵێ لە ڕووی دەروونییەوە جێگیر دەمێنێتەوە.

فرۆید لە زۆربەی کارەکانی خۆیدا پشتی بە فاکتەرەکانی سێکس و خودی غەریزە بەستووە و بە هۆیانەوە کەسێتیی شیکردووەتەوە و پێی وا بووە هەر ئەوانەن دیارکەری ڕەفتارەکانی تاک و بنیاتەکانی پێکدەهێنن.

ئاراستەگرتنی کەسێتی هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لای تاک لە دوو پاڵنەر یا وردتر بڵێین غەریزەوە سەرچاوە دەگرێ:

١- پاڵنەری مانەوە، کە لە چەندان هێزەوە خۆی دەنوێنێ، کرداری زیندەگییەکانی تاک دەپارێزن و، ناوی ناوە غەریزەی ژیان و بە هێزێکی زیندەگی کە دەربڕی ململانێ سێکسییەکانە خۆی نیشان دەدا کە پێی دەڵێن: (لیبیدۆ).

٢- غەریزەی مردن: کە بریتییە لە سەرچاوەی دژکاری و چارەسەری کۆتایی بۆ شڵەژان و گوشارەکانی ژیان، لای ئەو مردنە و، مرۆڤ بەردەوام لەو ئاراستەیەدا مەرگدۆست دەبێ و زیاتر ئەم ڕێچکەگرتنە ئەنجامی سەرنەکەوتن و شکستەکان و کەوتنەکانیەتی لە غەریزەی ژیان.

ئەڵقەی بە یەکگەیشتن لە نێوان هەردوو جۆری هێز واتە (سنووری نێوان دەروون و جەستە) لە تێگەیشتنی فرۆیددا بۆ غەریزەیە، لەبەر ئەوەی (غەریزە) لە بنچینەدا نواندنێکی عاقڵانەیە بۆ ئەو وروژێنانەی لە نێو جەستە دروست دەبن. هەر بۆیە بووەتە توخمی سەرەکی یا (یەکەی بنچینەیی بۆ کەسایەتی) و هەر ئەوە هێزی پاڵنەر و بزوێنەری کەسایەتییە و ڕەفتار دەهاژوا و ئاراستەی ئامانجەکانی دەکا. کەواتە غەریزەکان جۆرێک لە هێزی فیزیکین پێداویستییەکانی جەستە بە ئارەزوو و مەیلەکانی عەقڵەوە دەبەستنەوە، هەربۆیە پرۆسە عەقڵییەکان ڕووخساری پرۆسە جەستەییەکانن و لێرەشدا بە ئاشکرا کاریگەریی فیخنەر دەدۆزینەوە.

کاتێک جەستە پێویستی بە شتێک دەبێ ئەوا تاک دووچاری شڵەژان و گوشارێک دەبێ، ئامانجی غەریزە لە هەموو حاڵەتێکدا تێرکردن و فەراهەمکردنی پێداویستییەکان و کەمکردنەوەی شڵەژانەکانە، ئیمە بەردەوام هەڵپەی ئەوەمانە هاوسەنگیی جەستە ڕاگرین و پارێزگاریی لێبکەین تاوەکو لە شڵەژان و ناهاوسەنگییەکان بپارێزین.

هەوالنامەی ئێژ

فرۆید هەندێک پێکهاتەی سەرەکیی، کە سێ بنیات بوون، زیاد کرد کە بریتین لە: id-ego-super ego

* id بریتییە لە سیستمی ڕەسەن و بنچینە بۆ کەسێتی، لای فرۆید دەکەوێتە بەرامبەر چەمکی نەستەوە. id ئەمبـاری هەمـوو غـەریزەکـانە و هەرچـی وزەی زیندەگی و دەروونی هەیە libidos لەوێدایە. ئەم بنیاتە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دابینکردنی پێداویستییە جەستەییەکان و مرۆڤ هەوڵ دەدا لە ڕێگەی تێرکردنی پێداویستییەکانیەوە ئەو شڵەژانەی هەیەتی ئاسایی بکاتەوە. Id بە پێی پرنسیپی (چێژ) کار دەکا و دەجـووڵێتـەوە، بـە مـانا هـەوڵ دەدا خـۆی لـە ئازار دوور بگرێ و هەرچی زیاتر چێـژ هەیە وەدەسـتی بـهـێنـێ ئەویش لە ڕێگەی بایەخـدانی بە دابەزاندنی ئەو شڵەژانەی لای خۆیەوە دووچاری هاتۆتەوە. Id هـەوڵ دەدا بە پەلە پێداویستییەکانی خـۆی تێر بکا و باوەڕی بە دواخستنی تێرکردنیان نییە بەهـەر هۆیەک بێ، تەنانەت ئـەو هۆیانە چەندە ئەخلاقی و کۆمـەڵایەتیش بن. Id پێکهاتەیەکی خۆپەرستە و بەردەوام لە دوای چێژ وێڵـە و هیچ دەرککردنێکی بۆ واقیع نییە و هیچ حیسابێکیش بۆ بەعتیبارات ئەخلاقییەکان ناکا.

* من–ego: خۆی لە عەقڵ و عەقلانییەتدا دەبینێتەوە. هۆشێکی واقیعیی لایە و بە پێی پرنسیپی واقیـع دەجووڵێتـەوە و، پێی دەڵێن کـەسە عـاقڵەکـەی کەسێتی. کارەکانی بریتین لە کۆسپ خستنە بەردەم حەزەکانی id ئامـانجی یارمەتیدانیـەتی لە گـەیشـتنە دابەزینـی پێویسـتی ئاسـتی شڵـەژانی دەروونی لای ئـەو، چ لە ڕووی کـاتەوە چ لە ڕووی شـوێنـەوە. لەبەرئـەوەی من ego دەرک بە واقـیع دەکا هەر بۆیە بڕیار لەو کات و شـێوازانە دەدا کـە بـە هۆیانـەوە غـەریزەکان بە شـێوەیەکـە باشـتر و پەسـەندتر لە ڕووی کۆمەڵایـەتییـەوە تێر دەبن. Ego هـەوڵ دەدا خواست و ئارەزووەکانی id دوا بخا بە شـێوەیەک بگونجـێ لەگـەڵ پێداویسـتییـەکـانی واقـیع (فرۆید idو egoی بە ئەسپ و سـوارەکـە چواندووە).

* منی باڵاego super : بریتییە لە لایەنی ئەخلاقی و، بە ویژدان دەناسرێ و، تاک لە تەمـەنی ٥ و ٦ سـاڵیدا فێری دەبـێ سەرەتا لە بنەماکانی ئەو ڕەفتارانە دروست دەبێ کە (باوان) بۆ منداڵان دایدەڕێژن. منی باڵا ڕەنگدەرەوەی بۆچوونەکانی تاکن بە باش و خراپ و تاڵ و شـیرینیـەوە کـە لە ڕێگەکانی پـڕۆسـەی بەکۆمـەڵایەتیبوون فێـریان دەبـێ، کـە هـەردوو میکانیـزمـی پاداشت و سـزا لە کەسایەتیی تاکدا دەیچەسپێنن.

منداڵ بنەمـا و بنچینەکانی ڕەفتار و فرمانەکان لـە باوانەوە فێر دەبـێ و هـەر کاتێکیش هەسـتی کرد بە کارێکـی دووڕە ئەخـلاقی هەسـتاوە هەست بـە گـوناە دەکـا. منی باڵا لە پێناوی چێژ هـەوڵ نادا واتە نە ئەرکـەکانی id دەکا و نە هی egoش، بەڵکو هـەوڵ بـۆ هێنانە ئارای کەمـاڵی ئەخـلاقی

دەدا و بەردەوام ئەم هەوڵە لە خودی تاکدا بوونی هەیە (الگفیلی، ٢٠٠٤، ل٣٨).

تەنیا سەرنجمان لەسەر ئەو پۆلێنەی فرۆید بۆ ئەو هێزانەی هەڵماندەسووڕێنن لەو پرسیارە دەردەخەین: ئایا لە ناساندن و دەرخستنی ئەم هێزانەدا فرۆید لە نەسەقەکانی ئەریستیپۆس و ئەبیکۆر و ئەفلاتوون و ئینجا چەمکە ئایینیەکانی نێو تەورات و ئینجیل و قورئان سوودی وەرنەگرتووە، یا هەر نەبێ لەوێوە بۆ میکانیزمەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی نەگەڕاوە تاوەکو لەگەڵ تێڕوانینەکانی خۆی بەراوردیان بکات؟

## سێکس و شارستانییەت لای فرۆید

لای فرۆید، سێکس زیاترین ڕووبەری چێژەکان دەبا و، هەر ئەوەشە وای کردووە دنیایەک ڕەخنە و توانجی تیۆریی لە لای زانا و فەیلەسووف و ڕێچکە هزرییەکانەوە ئاراستە بکرێ، لە سووڕی ژیانی خۆیدا تاک بە ٥ قۆناخی هەستیاری گەشەی دەروونی و سێکسیدا تێدەپەڕێ و، بە حەتمی کەس دەبێ بە سەلامەتی لێیان بگوزەرێ ئەگەر نا ئەوا خەسڵەتی قۆناخێک بۆ ئەوەی تر دەبا و، سەرەنجام کەسێکی ناهاوسەنگ و لە دواییشدا عوسابیی لێ دەردەچێ.

چێژ لای ئەو لە جوگرافیای جەستەدا هەر کاتە و لە ناوچە و شوێنێک و ئەندامێکی دیاریکراوی ئەو جەستەیەیە، سەرەتای منداڵی لە دەمەوە چێژەکان وەردەگرێ و دەیانناسێتەوە و دواتر کۆم و ئینجا ئەندامی نێرینە و دواتر دەکەوێتە قۆناخی سەرپوونی سێکسی و ئینجا پێ دەنێتە هەرزەکاری و تیایدا دەکەوێتە گەڕان بە دوای پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕەگەزەکەی تر تاوەکو چێژە سێکسییەکانی وەدەست بێنێ.

سێکس تینێکی زیندەگییانەیە لای فرۆید و ئەوەی سەرکەوتووبێ لە فەراهەمکردنی ئەم چێژە تا ئاستێکی باش، ئەوا ساخە و ئەوەش نا ئەوا عوسابیە، ئەوە سێکسە دەمانجوولێنێ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان ڕێک دەخا و داهێنانمان پێ دەکا و وامان لێدەکا یەکتریمان خۆش بوێ و بە دنیایەک ئومێدیشەوە بە دنیاکەی ئەوسەرمان دەبەستێتەوە، لە بەرامبەریشدا هەر ئەوە چێژی سێکسە دەمانرۆخێنێ و ڕقمان بە هۆیەوە لە یەکتر دەبێتەوە و دووچاری دنیایەک شەڕ و کاولکاری و ماڵوێرانیمان دەکا.

سێکس لای فرۆید بنیاتێکی فسیۆلۆجیانەی هەیە و پەیوەستە بە چەندان گۆڕانکاریی بایۆلۆجییەوە و تاک ناچاری ڕەفتارگەلێک دەکەن کە بە ڕەفتاری سێکسی دەناسرێنەوە. ئەو سێکس ئەوەندە بچووک نابینێ بە تەنیا بیبەستێتەوە بە جووتبوونی نێرێک و مێیەک یا کردەی وەچەنانەوە، بەڵکو ئەو پاڵنەرە لای ئەو تێکەڵی هەموو وجودی تاک بووە و بە چەندان شێوە دەریدەبڕێ و تەنانەت لای ئەو سێکس بابەتێکی وجودییە.

هێربێرت مارکۆزە، کە یەکێک لە هەوادارانی هزری فرۆیدییەت بوو، پێی وایە هەردوو غەریزەکەی ژیان و مردن لای فرۆید بەرانبەرن بە هەردوو چەمکی بوون و نەبوون لە فەلسەفەدا (عباس، ٢٠٠٥، ل٥٦٦).

ئەوە غەریزەی ژیانە لە بەرانبەریدا ئێمە هەین و بوون بە ماناکانی خۆیەوە هەیە و، ئەوەش غەریزەی مردنە لە بەرانبەریدا نەبوون واتە عەدەمە و تیایدا تاکەکان لە بێمانایییدان و بۆشاییەکی گەورە دەکەوێتە ژیانیانەوە. لە تێڕوانینی مارکۆزە بۆ سێکس لای فرۆید پێی وا بووە کە فرۆید بەردەوام سازشی لەگەڵ لۆگۆس (عەقل)دا کردووە و تێڕوانینەکانی لەسەر شارستانییەت و مەدەنییەت و ئەخلاق و ویژدان سەلێنەری ئەو ڕاستییەن. ئەگەرچی مارکۆزە لەگەڵ بەڕەلاکردنی سێکسیدا بووە و وایزانیوە بەم شێوەیە مرۆڤەکان چیتر دووچاری کێشەی دەروونی و عوسابی نابن و بابەتە چەپاوەکانیان نامێنن، وەلێ ئەو هەروەک خۆیشی دەڵێ زۆربەی سەرنجەکانم لەسەر سێکس لە ئەزموونی کەسیی خۆمەوە وەرگرتوون (عباس، ٢٠٠٥، ل٥٦٩).

لای فرۆید چێژی سێکس بەرپرسی یەکەمی دروستکردنی کەسێکی هاوسەنگە و هەر لە منداڵییەوە تاکەکان لەگەڵ ئەو مەیلە گەورە دەبن و، پەروەردە و شێوازی بەکۆمەڵایەتیکردنی خێزانەکانە ڕەوتی گەشەی ئەم لایەنە دیاردەکا.

فرۆید لە چیرۆکی کوشتنی باوکەکەیدا لە تەوتەم و تابۆ ئەوەمان پێ دەڵێ کە گلدانەوەی هەرچی چێژەکان لای باوک وای لە منداڵەکان کرد پلان بۆ کوشتنی باوکیان دابنێن و ئەم ئازارەی لەو بارەیەوە دەیانچێشت ناچاری کردن هەڵەیەکی گەورەی لەم جۆرە بکەن و لە بەرانبەر زەوتکردنی چێژەکان کوشتن و ڕشتنی خوێن بوو بە وەڵامێکی گونجاو، کاتێکیش باوک دەکوژن کەسیان ناتوانێ وەک باوکیان بکا و سەرەنجام نائارامییەکی دەروونیی گەورە ڕوویان تێدەکا و هەست دەکەن گوناهێکی گەورەیان کرد و هەر ئەم گوناهەیە لە ناوەوە دەیانخواتەوە و لە نێو خۆیاندا پەیمان و بەڵێن بە یەکتر دەدەن تا ئەبەد جارێکی تر گوناهی لەم جۆرە نەکەن چون ئازاری ویژدان دەیانتلێنێتەوە.

ئەم تلانەوە و هەستکردن بەم گوناهە گەورەیە لای فرۆید سەرەتایەکە بۆ دەرکەوتنی ئەخلاق و تابۆ کۆمەڵایەتی و بەهاکان و، لێیەوە سیستم تا هاتووە بۆ بەرزەفتی کۆمەڵایەتی پەرەی سەندووە.

ئەم جۆرە لە سیستم و خۆ بەرزەفتکردن و هەستە بە گوناە، بەردەوام تاکی ئادەمیی لە دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامدا هێشتووەتەوە چون لەوێ ڕۆژێوە تاک فێری ئەوە بوو قوربانی بە حەز و غەریزەکانی خۆی بدا تاوەکو بتوانێ سیستم بینا بکا و شارستانییەت بەرقەرار بکا.

شیاوترین پێناسە لای فرۆید بۆ شارستانییەت بریتییە لە قوربانیدانی بەردەوامی تاکەکان بە حەز و غەریزە سێکسییەکانیان، لە پێناوی بەرهەمهێنانی ئەو سەرخانانەی بە بەرهەمە عەقلییەکان دەناسرێن.

ئەم حاڵەتە پێی دەڵێن باڵابوون Sublimation و تاک لە جیاتی ئەوەی لە دەرچە ئاساییەکانەوە حەزە سێکسییەکانی خۆی بەتاڵ بکاتەوە، باڵا دەبێ بەسەر ئەم حەزەدا و هەرچی توانا دەرووبی-سێکسییەکان هەیە دەیانخاتە خزمەت کارێکی داهێنانکار و دواتر ئەم کارە بۆی دەبێ بە سیمبولێک لێیەوە لە سەرەوەی کەسەکانی تر دەردەکەوێ و ئەمەش لە خۆیدا بەکاربردنێکی عاقلانەی هێزە سێکسییەکەیە بەڵام لە بوارێکی دیکەدا.

فرۆید لێرەدا دوو نهێنیمان بۆ دەدرکێنێ یەکێکیان ئەوەیە کە ئەم هێزە لیبیدۆییە دەتوانێ لە دەرەوەی دەرچە ئاساییەکانی خۆیەوە ئینسانبوونی عاقلانەمان بۆ دەربخا و قودرەتی عەقڵ بەسەر غەریزەدا نیشان بدا، ئەوەی تریشیان ئەوەیە کە شارستانییەت لەسەر قوربانییەکانی ئینسان بە سێکس دروست دەبێ و مرۆڤەکان بەردەوام تواناکانیان لەو بوارە دەچەپێنن و سەرەنجام لەودیویشەوە دنیا پڕی دەبێ لە کەسی عوسابی و دژکار و ناهاوسەنگ لە ڕووی کەسی و سێکسییەوە.

لەم ڕایەدا زۆربەی زانا دەروونناس و کەسانی گەورەی فیکر لەگەڵ فرۆید ناکۆکن، بە تایبەت ئەریک فرۆم پێی وا نییە بەتەنیا سێکس و چەپاندنەکانی ڕۆڵیان هەبێ لە بنیاتنانی شارستانییەت و پێی وایە شەڕانگێزی و دژکاری ڕەگی دیکەی غەیرە سێکسییان هەیە و پەیوەستن بە کۆمەڵێک فاکتەری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتووری. هەربۆیە فرۆم لە کتێبەکەی خۆی (ئەناتۆمیی حەزی وێرانسازیی مرۆڤ)دا ئاماژە بە تەنیا نەبوونی ڕۆڵی سێکس دەکا (فرۆم، ١٩٨٤، ل٦٦٠). لەگەڵ ئەم ناکۆکییەش کەچی ڕۆڵی سێکس و حەزە مرۆییە بایۆلۆجییەکان کاریگەریی ڕاستەقینەیان بەسەر کۆی ڕەفتاری تاک بە تاکی مرۆڤەوە هەیە و، ئەوە پێویستییە بنەڕەتییە بایۆلۆجییەکانن کە ژێرخانی کەسێتی پێکدەهێنن و، ئەگەر تاک هەروەک ماسلۆش دەڵێ ئەم بناغەیەی پتەو نەبێ ئەوا لە ڕووی سەرخانی کەسێتیشەوە کە پێویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانن لەرزۆک دەبێ و هاوسەنگ نامێنێتەوە.

گرینگ ئەوەیە لەگەڵ ئەم حەتمی بینینەشی بۆ ڕۆڵی سێکس و چەپاندنەکانی لە شارستانییەتدا، فرۆید هەروەک مارکۆزە پێی وایە سازشی لەگەڵ عەقڵدا هەبووە و لە زەروورەتی پاراستنی ئەو دەسکەوتە مەدەنیانەی لە ئەوروپا هاتوونەتە دی بەردەوام دەوروبەری خۆی لە مەترسیی کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەست تاکە کەسێک ئاگەدار کردووەتەوە و پێی وا بووە دەبێ یەکانگیرییەک بۆ پاراستنی ئەم دەسکەوتە هەبێ. ئەم ڕایەش لە ڕاستیدا پێمان دەڵێ کە ئەوە عەقڵە بەڕێوەمان دەبا و بۆ ئەوەی بەردەوام چێژ لە دەسکەوتەکانی عەقڵ ببەین، ئەوا دەبێ بەردەوام چێژەکانمان بە عەقڵانی بکەین و هەر ئەویش دادوەری یەکلاییکەرەوە بێ.

## ئێمە چۆن چێژ وەردەگرین؟

### چێژ لە سێکس

سێکس وەک وەزیفەیەکی بایۆلۆجی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەپێی سیستەمی بەها و کولتووری کۆمەڵگەکە و ئەوەی پێی دەوترێ داب و نەریتەکان ڕێکخراوە و، ئەمەش لە بنچینەدا کۆمەڵێک ستراتیجن لە پێناوی بەرزەفتی کۆمەڵایەتی و سانسۆری ڕەفتار و حەزە غەریزییەکان گیراونەتە بەر.

ئاراستە گۆڕینی مرۆڤی سەرەتایی لە بوونێکی بایۆلۆجی و وەڵامدەرەوەی خواستە سروشتییەکان بۆ بوونێکی کۆمەڵایەتی کە دەبێ هەڵوێست و قسەی خۆی هەبێ لە بەرامبەر خۆی و یاسا سروشتییەکان، ئەوەی خواستووە کە ئیدی دەبێ تاکەکان سەرەتا لە خۆیانەوە دەست پێبکەن و یەکەم جار خۆیان لە ناوەوە ببەزێنن و لەبەرانبەریدا وەک کەسێکی دەسەڵاتدار دەرکەون ئینجا سیستمی بەرزەفت پەرە پێبدەن و وەک جەستەی گەورەتری بە ئاگا دەرکەون.

هەموو سیستمەکانی بەرزەفت لە هاوکێشەکانی چێژ و ئازار و سەرچاوەکانیانەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەموو ئەو فەیلەسووف و زانایانەی لە پێشەوە قسەمان لەسەر کردن و قسەکانیانمان خستە ڕوو لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەوە ماڵوێرانییەکانی چێژە وای لە تاکی ئادەمی کردووە بەردەوام لە خۆ ڕێکخستنەوەدا بێ و، گۆڕینی لە بەرگێکەوە بۆ یەکێکی دیکە مانای گەشەکردنی میکانیزمەکانیەتی بۆ دۆزینەوەی فۆرمی دیکەی دیسپلین تاوەکو بەردەوام جوانتر لە پێشتر دەرکەوێ.

چوارچێوە مەرجەعییە ئەفسانەیی و ئاینی و ئایدیۆلۆجی و زانستی و کولتووری و داب و نەریتەکانیش، وەچەی ئەم غەزینەی مرۆڤەکانن لە خۆیان بۆ ئەوەی ئیدی ئینسان بچێتە بەرگێکی دیکەوە کە (ئینسانە).

تا ئێستا غەریزەی سێکس بە دەیان بیچم و فۆرمی سەیر سەیرەوە خۆی نیشان داوین و، ئەوەی لەو دەمانەدا ئێمەی کوردی تیاین هەندێ دیوی ڕەنگاوڕەنگی هەیە، هەوڵ دەدەین تێبگەین کە کۆمەڵگەی کوردی یا باشتر وایە بڵێین پیاو و ژنی کورد تا چەند توانیویانە ئەم جۆرە چێژە بە ڕاحەتەوە مومارەسە بکەن و تەنانەت وەریگێڕنە سەر دیوە کولتوورییەکەی؟

بە پێی هاوکێشەکانی هێز و چێژ، هەموو ئەو گۆڕانکارییە فرەجۆرانەی پیاویان پێ بووەتە بکەری ژمارە یەک (١) لە هەڵسووڕاندنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەردەوام لە بەرژەوەندیی پیاو کەوتوونەتەوە و هەر بۆیەش لە هەڕەمی داب و نەریتی کوردەواریی خۆماندا هەر دوو سەری جەمسەرەکە واتە نێر و مێ بە سایکۆلۆجییەتی مۆڵکداریییەوە سەیری یەکتر دەکەن و، بە تایبەت

ئەوە پیاوە جلّەوی کۆمەڵگەی بە دەستەوەیە و هەر بۆیەش سێکس حەزێکە ئەو بڕیار لەسەر مومارەسەکردنی دەدا، هەم لەڕووی کات و هەم لە ڕووی شوێنەوە و، هەر ئەو بینینی خاوەندارێتییە ئافرەتی کردووە بە بابەتێک بۆ نیشتنەوەی شەبەقیەتی ئیروتیکی خۆی و ئەویش وەک بوونێکی سێکسی لە بەرامبەر خۆی نابینێ و، ئەم هەستە تەنانەت ئەم عەقلییەتە پەڕیوەتەوە نێو زمان و لە گوتاری میللی و فۆلکلۆریشمان زۆر بە ڕوونی دیارە، ئەوتا پیاو بە ژن دەڵێ ژنەکەم و ژنیش بە پیاو دەڵێ مێردەکەم و ئەم نەزعە مولّکدارێتییە وایکردووە هەردوو لا بۆ یەکتر ببن بە شت و لە ڕووی ڕووحییەوە کە لە بنچینەدا سێکس لە پاڵ ورووژانە بایۆلۆجییەکەی جەنبەیەکی ڕووحیی هەیە و جۆرێک لە توانەوەی دوو کەسە لە یەکتردا Identification یا خود تێکەڵ بوونە لە یەکتردا Incorporating.

لەم هاوکێشەیەدا ئەوە مێیە هەرگیز هەست بە مولّکدارێتی بۆ خودی خۆی ناکا و، پێی وایە ئەو شتێکە لە پاڵ شتەکانی تر و هی کەسانی تره و هەر ئەوانیشن دەتوانن سەودا و مامەڵەی پێوە بکەن و، کە خۆشی بە هی پیاو دەزانێ هەستکردنیەتی بەوەی پێویستی بەم پیاوە هەیە بۆ ئەوەی خۆی لە پەنایدا بپارێزێ نەک لەگەڵ یەکتردا و لە نێو یەکتردا بژین.

ئەم جۆرە عەقلییەتە لە نێو کولتووری ئێمەدا کەسێتییەکی باوی بۆ بەرهەمهێناوین کە زیاتر مەیلی بەلای کۆکردنەوە و گلدانەوەدا دەچێ و، تا ئێستاش کەسێتیی زاڵ و باو لای ئێمە لەو جۆر و تایپەن.

فرۆم دەڵێ: خۆشەویستی بە عەقلییەتی خاوەندارێتی بریتییە لە زاڵبوون و دەسەڵات بەسەر ئەوەی کە خۆشمان دەوێ و کەسەکە بیکا بە هی خۆی و بەندی بکا (فرۆم، ١٩٩١، ل٦٥).

فرۆم پێی وایە ئەوەی بەسەر خۆشەویستیدا دەچەسپێ ڕێک بەسەر ژنهێنان و شووکردنیشدا دەچەسپێ. تەنانەت ئەوەی کە تاک خۆشیشی دەوێ و هەستێکی ڕۆمانسی و شەبەقیی بۆی هەیە بە هی خۆتی دەزانی و، ئەم بەهی خۆ زانینە هەستێکی سلبیی و پاتریارکیانە و تەنانەت گلدانەوەگەراییە و تیایدا هەم خۆشەویستی و هەم ژنهێنان و شووکردنیش نابن بە بابەتێکی وجودی و لە ڕووی ڕووحییەوە مانای ڕاستەقینەی خۆیان پێ نادرێ، زیاتر هاوسەنگییەکی بەرژەوەندخوازانەی هەردوولایە و لە ڕاستیشدا ئەوە خۆشەویستی نییە مومارەسە دەکرێ بە قەد ئەوەی مامەڵەیەکی مولّکدارییانەیە و، زۆر جاری وا دەبێ مرۆڤ هەموو ئەو شتانەی خۆی خۆش دەوێ تەنانەت کە بێ گیانیشن، بەڵام ئەوەی ڕاستییە لە خاوەندارێتیدا ئەو قەناعەتەیە کە ئەو شتەی هەتە! ئاساییە کاتێک بێ نەتمێنێ و لە دەستی بدەی.

پێوەندییە سێکسییەکان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە چوارچێوەی پێوەندییە خێزانییەکاندا ڕێکخراون و، ئەم فۆرمەش تا ئاستێکی هەرە فرەوان فۆرمێکی یونیڤێرسالە و لەوەتەی مرۆڤ خێزانی بە زەروور زانیوە پەیڕەو دەکرێ، وەلێ ئەوەی لای ئێمە ئەوەندەی پەیمانێکە تیایدا

هەردوولا پابەندی ڕێککەوتنێکی ئەخلاقین بەوەی کە دڵسۆز بن بۆ یەکێتیی خێزان و نانەوەی وەچە و خیانەت نەکردن لە دەرەوەی پێوەندییە خێزانییەکان و تێکۆشین لە پێناوی بەرز ڕاگرتنی پایەی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا ئەوەندە ژن و مێرد ڕۆشنبیریی سێکسیان نەبووە تاوەکو بایەخ بەو وروژانە بدەن کە هێزێک بەدەر لە ئیرادەی خۆیان دەیانهەژێنێ و بژاردەی جیاجیایان دەخاتە خەیاڵ و زیندەخەوەکانیان تاوەکو بەرەو تێرکردنی بچن.

ئەگەرچی بەردەوام تێکستە ئاینییەکانیش سنووریان بۆ کردە سێکسییەکان داناوە و لە ئەتویل و تەفسیراتەکانیشیاندا بە پەیمانێکی ڕەها و ئەبەدییان نەزانیوە، چونکە تا ئەو ئاستەی نێر و مێیەک بەیەکەوە دەگونجێن ئاساییە ئەگەر بەیەکەوە بمێننەوە، وەلێ ئەگەر قورساییی پەیمانەکە بەلایەکیان هەڵنەگیرا ئەوە بۆیان هەیە لە پەیمانێکی دیکەدا دەسبەرداری یەکتر بن. بەڵام ئەو هێزانەی لە پشت ڕەفتاری تاکەکانی ئێمەوەن داب و نەریتن و تا ئێستاش ئەو تاپێە لە هێز و ئەو جۆرە لە دەسەڵات حوکمڕانیی دەروونیی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە دەکا و ئەو پێوەندییە ئەوەندەی لە پێوەندیی دەزگە سەرکوتکەرە ئابووری – سیاسییەکان دەچێ ئەوەندە خۆی لە ئۆرگانێکی ئیرادەویدا ئۆرگانیزە نەکردووە.

هۆی سەرەکیی ئەم پەیوەستییە بۆ عەقڵییەت و نەزعەی مووڵکداریتی دەگەڕێتەوە و، ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا کێشی قورسترە کە پیاوە لە گۆشەیەکی تاغوتیانەوە سەیری سێکس دەکا و جەستەی مێ وەک ڕووبەرێک بۆ مومارەسەکردنی گرێیەکانی خۆی لە دەسەڵات بەکار دەهێنێ و لەوەشیاندا زۆر سادیانە چێژی سێکسی وەردەگرێ و کردەی سێکسی لای ئەو ئەوەندەی زاڵبوون و سەرکەوتنە بەسەر مێدا و وەدیهێنانی ڕەهەندێکی پاتریارکیانە و نێرانە و خۆ نمایشکردنیەتی بەوەی ئەوە نێرە بکەری ژمارە (١) و ئەوە نێرە زوررییەتی لایە و لای ئەوەوە ژیان بەردەوامیی پێدەدرێ و ئەوەش مێیە بدەر و وەرگر، جا بۆیە ئەوەندە پێوەندییەکی بیۆڕوحیانە نییە و لە زەروورەتی پێویستی هەردوولایان بە دامرکاندنەوەی ئەو حەزەوە نەهاتووە.

ڕەگەکانی ئەم جۆرە عەقلییەتە لە کۆمەڵگەی ترادیسیۆنی ئێمەدا زۆر قووڵن و لە کۆنەست و یادگەی دەستەجەمعیماندا قووڵ ڕۆچوون، ئەم پێوەندییە ناهاوسەنگەی نێر و مێ لە عەدالەتی چێژبەخشیدا، بۆ تێڕوانینە پاتریارکییەکان لەو بارەیەوە دەگەڕێنەوە، مێ هەر لە بنچینەوە ئیرادەی دەرخستن و دەربڕینی ئەم جۆرە حەزەی نەبووە و تەنیا نێرەکان بوون تەنانەت سنووردارانە ئەگەر قسەیەکیان لەو جۆرە چێژە کردبێ ئەویش لە بواری قسەی نەستەق و ئەدەبیاتی زارەکی و هەندێ جاریش لە تێکستە فۆلکلۆرییەکان ڕەنگیان داوەتەوە.

مێیەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەندە بۆیان نەبووە تەنانەت ئیروتیەتی سروشتیی خۆیان لە جەستەی خۆیاندا نمایش بکەن، نەوەکا نێرەکان بەو ڕەفتارانەیان بوروژێن و کەچڕەفتارییان لێ

بکەوێتـەوە. ئەگـەرچی لە کوردەواریـی خـۆمـاندا هـەندێ کولتـووری ناوچەیـی بواری ئەوەی داوە لە هـەندێ سرووتی هـەرەوەزی و کشتوکاڵیدا هـەردوو ڕەگەز بۆ یەکتر دەرکەون و تەنانەت هـەندێ وردە پەیمانی خۆشەویستیش لە نێوانیان بکەوێتەوە، وەلێ لەوە دەرناچێ کە هـەموو ئەم بەیەککگەیشتنانە لە کۆتاییدا بەیەککگەیشتنێکن لە پێناوی پـەیمانێکی کۆمـەڵایەتی و بەڵێنێک کـە هـەم بەیەکـەوەنانی هێلانەیەکی لێ دەکەوێتـەوە هـەم هـەوەسـێکی سرووشـتی بۆ بـەریەککەوتنێکی بایۆلۆجیی خـێرا، کـە بـەردەوام ئەم جۆرە بـەریەککەوتن و جووت بوونانە بـە فەرهـەنگێکی سێکسـی و نەزعەیـەکی عادیلانە و دیموکراسـیـانە لە بەشـینەوەی چێژدا ڕەنگڕێژ نەکراون، بگرە تەنانەت لە یەکەم بەریەککەوتنی سـێکسـیـدا جـا چ بـەریەککەوتنی شـەرعی یا نـا شـەرعی بووبێ ئەوا بکەر وەک پـارتیـزانێک دەردەکەوێ و دەستەویەخـە لە بەریەککەوتنیاندا شۆرتێکی کارۆ–سێکسـیی گرێکیان تێ بەر دەدا و هـەرگـیـز ئەو خـۆشـیـیـە کـە لە توانـەوەی دوو حـەزە لە توانەوەی دوو هـەڵچـووە لە بەریەککەتنی دوو جـەسـتـەیـە ناگەنە ئەو سـاتانەی تـیـایدا باشـلار وتەنی لە ناوەوە کڵ و پۆی ئاگرەکـەیان خـامـۆش بێتەوە.

لە پێوەندییە سێکسییە شـەرعییەکانی ئێمەدا ئەگەر نێر و مێش تەواو حـەڵاڵی یەکتریشن، کەچی جـۆرێک لە کبریـائی نێرانـە و باوکسـالارانە و شـەرمنانە دەکـەوێتـە نێوانەکـەوە، هـەردوو جـەسـتـە و تەنانەت هـەردوو ڕووحـەکـەش دەکەونـەوە ژێر کاریگـەریی ئەو سنووورانەی لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا هـەن و بـواری ئەوە نادەن چێـژ بـەمـانا سـایکۆلۆجی و ڕۆحـیـیـەکـەی تـەنانەت لە نـهـێنیـتـرین و شاراوەترین ساتەکانی خۆشـیدا مومارەسە بکرێ، ئەم تەگەرە کولتووری و ئەخلاقییە پڕ کبریائانە هۆکارن لەوەی تا ئێستاش و لە ئینسـانیترین ساتەکانیشدا کە نێر و مێیەک تـەواو مومـارەسـەی مـرۆڤـبـوونی ڕاسـتـەقـینەی خـۆیان دەکـەن، سـێکس نـەبێ بە بابـەتی چێـژ و هـەر لە سـنووری پابەندبوونە کاهینانەکەیدا بمێنێتەوە.

ئەم ڕاستییانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە تاوەکو ئێستا سیستمێکی ڕێکخستنی کۆمـەڵایەتی ئەو جێگرەوەیەی دەست نەکـەوتووە کە بـە هۆیەوە تاکەکان هـەم خودی خـۆیان وەک سـەنتـەری خـۆیان بپارێزن و، هـەم بتوانن بەشێکی زۆری حـەزە ئینسـانییـەکانیشیان بهێننە دی، وەدیهێنانی ڕادەی زۆرتری ئەم حـەز و غـەریزانە بـەو ئازادییـەی ویلیـەم ڕایش و هێربرت مـارکـۆزە نییـە بۆ پێوەندییە سێکسییەکان.

دەبێ لەوە حـاڵیبین کـە هـەردوو ڕەگەزی نێـر و مێ دوو بوونن بە جـیـا هـەردوولا بە بێ ئـیرادەی خـۆیان لە سـاتەوەخـتـی جـیـاجـیـادا دەکـەونە ژێر کـاریگـەریی گـەڕان بە دوای حـەزەکـانیـان و دابینکردنیاندا، هـەر یەکە لەم دوو بوونە لەیەکتر چێژ وەردەگرن و ئەم ساتەوەختانەش ساتە وەختە ئینسـانییـە ڕاسـتـەقینەکانن، مرۆڤـەکـان دەتوانن پاڵنەرەکـان بناسن ئەگـەر لە خـودی خـۆیان تێگەیشتبن، دەتوانن ڕەفتارەکانیان بۆ ڕاستەڕێکردنی ئەم پاڵنەرانە بگونجێنن ئەگەر هـەرچی توانا

خودی و عەقلی و سایکۆلۆجییەکانی خۆیان بناسن، دەشتوانن ئامانجەکانیان ئاشکرا بکەن ئەگەر پێیان وابێ مانەوەی ئەوان و ئاستی بەهێز و ساخ مانەوەیان پابەندی ئەم زەروورەتە سرووشتی و کۆمەڵایەتییەیە، هەر بۆیە مرۆڤەکان دەتوانن ئەم ساتە وەختە وجودیانەی خۆیان بە گەورەتر ڕاگرن و ئارکیۆلۆجیانە مێژووە پڕ قوزەڵقورتییەکەی پاکتر بکەنەوە.

## چێژ لە خواردن

خواردنیش ئەگەر پێداویستییەکی بایۆلۆجییە و ئەو ساتەوەختانەی برسیمانە و دەگەینە خواردن و دەخۆین چێژ و خۆشی و فەراحناییەکمان پێدەگا، چۆنییەتی پەیداکردنی و ئینجا ساز و ئامادەکردنی و دواتر خواردنیشی دەکەوێتە ئاستی کولتوور و، هەر ئەوە شێوازە جیاجیاکانی خواردن و ئامادەکردنی و ئینجا خواردنیمان بۆ بە شێوەیەک ڕێک دەخا کە پێیانەوە بناسرێینەوە.

کولتووری خواردن لای ئێمە وەک سیاسەتە کۆنە کۆمەڵایەتییەکەمان بووە، چۆن وەک نەتەوە و کۆمەڵگە ئێمەی کورد هەر بەتەنیا مەبەستمان بووە بە زیندوویی بمێنینەوە و نەفەوتێین، لە خواردنیشدا هەر مەبەستمان ڕزگارکردنی جەستەی خۆمان بووە لە لاوازبوون و نەخۆش نەکەوتن و مانەوە وەک بوونێکی تەنیا بایۆلۆجی، لەم ستراتیجییەتە هەلپەرستەدا تاکەکان نە گرینگی بە جۆری خواردنەکە دەدەن و نە بە شێوازی ئامادەکردنی و، تەنانەت نە بە سروت و ساتەکانی خواردنیشیان، لەو حاڵەتەدا چێژ بردن لە خواردن دەبێتە بابەتێکی لاوەکی و لەبەر تێئاخنین و پڕکرنی گەدە بۆ ئەوەی تا ماوەیەک برسیت نەبێتەوە، ئەوەندە بایەخ بەو ساتەوەختە ڕۆحییانە نادەی کە چێژ وەرگرتنە و لەیەکتر جیاکردنەوەی تام بۆیەکانە.

سادەیی خواردنە کوردەوارییەکانمان و ئاسانیی وەدەستهێنان و ساز و ئامادەکردنیشیان باشترین نموونەی ئەم ساتە خێرا تێپەڕانەی خواردنەکانمانن. لە سفرە ڕازاندنەوەشدا تاوەکو ئێستاش سفرەی کوردان، وەک نیشانەیەک لە فەرهەنگی خواردن، لە نێو سفرەی نەتەوە و گەلانی تر ناناسرێتەوە. ڕاستە ئێمە کۆمەڵێک خواردنمان هەن کە بە خواردنی کوردان ناسراون و وەک تاکەکانی ئەم نەتەوەیە بەهی خۆمانیان دەزانین و، تەنانەت ناوەناوە بۆشیان بە پەرۆش دەبین و هەوڵی وەدەستهێنانیان دەدەین، وەلێ چێژبردنمان لێیان چێژێک نییە ئارامییەکی ڕەوانیمان پێ ببەخشێ و لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە بمانحەسێنێتەوە، تەنیا حەسانەوەیەک هەبێ لە زۆر خواردنەکەدایە و کاتێکیش تەواو بووین لە خواردن دەستێک لە ورگمان دەدەین و بەملا و بەولادا هەڵیدەسەنگێنین، کە ئەوەندەی ئەم ئاماژەیە نیشانەی پڕبوونی گەدەیە ئەوەندە نیشانەی تێربوون و چێژ وەرگرتن نییە.

دابەشکردنی ژەمەکانیش پەیوەستبوونێکی لاهوتییانەی پێوە دیارە، کە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ڕۆژی کردووە بە ساتەکانی برسیبوون، لە کاتێکدا ئەوە جەستەیە لە وروژانێکی غەریزیدا

داوای خواردنمان لێدەکا و لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە فێری ئەوە ببین کەی برسیمان دەبێ و کەی دەوروژێین، بەڵکو خشتەبەندیکردنی خواردن لە کولتووری ئێمەدا داب و نەریتێکی ستەمکارانەیە لە جەستە و جۆرێک لە مومارەسەکردنێکی مازۆخیانەیە.

چێژی خواردن هەروا ساتەوەختی تێپەڕ و کەم بایەخ نین، هەموو سەرزەوێنێک بە جیاوازیی پێکهاتەی کەش و هەوا و جوگرافیا و جیۆلۆجیای خاکەکەی و جۆری پێکهاتە سرووشتییەکەی ڕووەکی تایبەت بە خۆی و سەرچاوەی خواردنی تایبەتی دەبێ و، تاکەکانیش بەو پێیەی بوونگەلێکن لەو سەرزەوینە کەوتوونەتەوە، بێگومان لە ژێر کاریگەریی هەموو پێکهاتە سرووشتییەکانی سەرزەوینەکەیانن بە ئاو و خاک و هەوا و ئاگرەکەشیەوە، ئەم ئاماژەیەم قەناعەتێکی میتۆلۆجی نییە بە چوار پێکهاتە بنچینەییەکەی سرووشت، ئەگەرچی لە شیکارە دەروونییەکانی باشلاریشدا مرۆڤەکان ئەم خەسڵەتانەیان وەک ئارچیتایپی سەرەتایی پێوە دیار دەمێنێ و، باشلار وتەنی هەر نەبێ لە زیندە خەونەکانیاندا دەردەکەون، وەلێ ئەو قەناعەتەمان دەبێ هەبێ کە تام و چێژ بردنیشمان لە خواردن لە نەتەوە و گەلان و کۆمەڵگەی تر جیایە و هەندێ شت هەیە ئێمە دەیخۆین و پێمان بەلەزەتە، کەسانی نێو نەتەوە و کۆمەڵگەی تر نایخۆن و بێزیان لێی دەبێتەوە، ئەم پۆلێنە کولتوور دیاریی دەکا و، هەر بۆیەش کولتوور ئەگەر نەشتوانێ فێری ئەوەمان بکا کە برسیمان ببێ ئەوا دەتوانێ ئەوەمان فێربکا کە چۆن چێژ وەرگرین و لە چی لەزەت بەرین و لە چیش بسڵەمینەوە؟

کولتوور دەتوانێ وامان لێبکا زیاتر بایەخ بە خواردن بدەین و هەر ژەمێکمان لە سرووتی ڕۆحانییانەی خۆشدا بەسەر بەرین و، سفرەکانیشمان ئەوەندە جوان بڕازێنینەوە بتوانین حەزەکانمان بۆ چێژوەرگرتن بەکار بەرین، نەک بۆ ورگ زلکردن. لەم شێوە ستاتیکییەی خواردندا دنیایەک دەلالاتی جوان دەدەین بە پێوەندییە ئینسانییەکان و بۆنەی خۆشتر و پڕجۆشتریش لەسەر خواردن بۆ لەیەکتر حاڵیبوونی زیاتر و گفتوگۆی والاتر و گەیشتن بە تێز و پێشنیازی باش دەخولقێن.

حیکمەت لە چێژبردنی لەم جۆرە ناساندنەوەی سەرلەنوێمانە بەوەی ئێمە ئیدی کەسی تازەین و دەبێ لە هەموو ساتەوەختەکانی ژیانمان چێژ وەرگرین و نەهێڵین بەتاڵاییەک لە ژیانماندا بمێنێتەوە چێژ تیایدا ون بێ.

## چێژ لە بینین

ئایا ئێمە چاوەکانمان بۆ بینین و ناسین و دیارکردن و لە یەکتر جیاکردنەوەی شتەکان بەکار دەهێنین؟ یاخود لە بەکارهێنانی چاودا شارەزا نین و لەو هەستەوەرە بالایە چێژی سرووشتیی خۆی وەرناگرین؟

لە چاوەکانی ئێمەدا دنیایەک ترس و ڕارایی دەخوێندرێنەوە مێژووەکەیان لەوانەیە بۆ سەرەتای دروستبوونمان وەک نەتەوە یا کۆمەڵگە بگەڕێتەوە، چاوەکانمان لەزەت لە بینین وەرناگرن بەقەد ئەوەی خەڵکیان پێ دەترسێنین، یا ئەوەتا ترسیان لە خەڵک تیا دەبینین.

ئەم جۆرە بەکارهێنانی چاوە لای ئێمە لە بەکاربردنی پشیلە و گورگ و مەڕ دەچێ و، بە کورتی بەکارهێنانێکی سەرەتایی و خۆپارێزیانەیە، نەک بۆ ئەوەی جوانیەکانی دنیایان پێ ببینین و چێژیان پێ لە کەوتنە سەر هەر شتێک وەربگرین، بەڵکو بۆ ئەوەی تەنیا پێیان ببینین و بەس.

تەنیا بینین و بەس مانای ئەوەیە ئەم هەستەوەرە بالاّیە نەتوانراوە بە شێوەیەک ڕام بکرێ لە پاڵ ڕۆشنکردنەوەی بەردەم و ئاسۆی بینینە فیزیکییەکان بەردەوام لە خزمەتی مانا بەخشیندا بێ بۆ هەرچی دەکەوێتە پێشی و، ئینجا بە هۆیەوە دەکرێ مرۆڤ وەک زمانێکی تر بەکاری بهێنێ و ئەوەندە زەحمەت نەخاتە بەر زمان و دەم و، پێی وابێ حاڵیبوون و پێوەندیکردن هەر لە ئەستۆی ئەواندایە و بەس.

چاو فرەوانترین ئاسۆی لە وەرگرتنی پێدراو یا وروژێنەکانی دەوروبەر هەیە و، لە کردەی پەیبردندا چاو ڕۆڵی ژمارە (١) دەبینێ و ئەو هەستەوەرە وردترین و ڕاستترین وێنەکانی حەقیقەت دەگوازێتەوە، لە کولتووری ئێمەدا فتری ئەوە کراوین لە ڕێگەی چاوەوە ئاگەداری خۆمان بین و وریای مەترسیەکانی دەورمان بین نەوەکا ئازارێک یا زیانێکمان پێبگا، هەر بۆیە چاوەکانمان تاوەکو ئێستا ڕۆڵی کامێرایەکی چاودێری دەگێڕن، نەک هۆکارێک بۆ ناسین و ناسینەوە و گواستنەوەی وێنەکانی دەوروبەر و لە سەرووی ئەمانەشەوە چێژ بردن لە بینینی جوانییەکان و حەساندنەوەی مێشک و ڕامانە فیزیکی و میتافیزیکییەکانمان.

سەیرکردن لە کولتووری ئێمەدا نەچووەتە بواری فێربوون و بەتەنیا خراوەتە نێو ئەدەبیاتی ترس و تۆقینەوە، چۆن بە دەم قسە و دەنگەکان دەردەبڕین و لە ڕێگەیەوە کردەی ئاخاوتن ئەنجام دەدەین و، بە دەست فێرە گرتنی شتەکان و، بە قاچیش فێری ڕۆیشتن دەبین، ئەوا بە چاویش دەبوایە فێری ئەوە کرابایناینایە کە چۆن سەیری خۆمان و دەرەوەی خۆمان بکەین و بەو ئەندامەی لەش چۆن پێوەندی بگرین؟

نەزانینی بەکارهێنانی چاو جۆرێک لەو بێبەشبوونە هەستییەیە کە لە درێژەی مێژووی کۆمەڵایەتیبوونی ئێمەدا دووچاری بووینەتەوە و، دنیایەک قەدەخە خراونەتە بەرچاومان ئەویش لە دیدگەی حەرام و زاڵبوون بەسەر دەروون و سەلماندنی تواناکانمان لەسەر کۆنترۆڵ. هەر بۆیە چەپاندنی ئەو شتانەی بۆمان نییە لێیان ڕامێنین و وێنەکانیان وەک خۆیان بگوازینەوە، لە نەستی ئێمەدا ماونەتەوە و بەردەوام وەک فرۆید دەڵێ لە دەرچەی جیاجیاوە هەوڵ دەدەن لەم پەستانە ڕزگاریان بێ و جارجارەش وەردەگەڕێنە سەر شێوازی سەیر لە تەماشاکردن و بەکارهێنانی چاو.

دیارده و شێوازەکانی سەیرکردن و بەکاربردنی چاو لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەدا زیاتر ڕەنگدانەوەی ئەم تێڕوانینەی سەرەوەی پێوە دیارە و، ئەوەتا لە بازاڕەکان چۆن لەیەکتر ڕادەمێنین و کوڕ و پیاوەکانمان چۆن سەیری ژن و کچەکان دەکەن، وەک ئەوە وایە تۆ لەبەردەم کەسێکدا بی کە ئەوەندە تینووی بینینە هەر دەڵێی قەد ژن و کچی نەدیوە، زۆر جاری واش بووە نەزانینی سەیرکردن و بینین بووەتە هۆی شەڕی گەورە و خەڵکی تیادا کوژراوە و بریندار کراوە. سەیرکردنی نائاسایی بۆ هەر کەسێک تێپەڕینە لەسەر ئازادییەکانی ئەو و سڵەماندنەوەیەتی بەوەی ئەو لە ژێر چاودێریی خەڵکانی دەرەوەی خۆیەتی و لە ڕاستیشدا تەنانەت دەزگە هەواڵگری و سیخوڕییە پسپۆڕەکانیش شێوازی زۆر پڕۆفیشناڵیان هەیە بۆ بەکاربردنی چاو بۆ مەبەستەکانی خۆیان.

سەیرکردن و بینین هونەری خۆیان هەیە و ئەوە هەڵبژارنەکانی تاکە پێی دەڵێ چی ببینێ و چی نەبینێ، چون چاوکەوتنە سەر هەر شتێک و نائاساییانە بەکارهێنانی چاو هەم باش پەی نەبردنی کەسی بینەر بۆ بابەتی بینراو و هەم خراپ حاڵیبوون و پەیبردنی بینراوە لە بەرانبەر بینەر، هەر بۆیە چاوەکان کە دەکەونە سەر شتەکان بۆ ئەوە نییە ئازار لە بینینەکان وەرگرن بەقەد ئەوەی پێویستیان بە چێژوەرگرتنە بە شێوازی چاو لە پێدراوەکانی دەوروبەر.

## چێژ لە بیستن

ئێمە چی بە گوێیەکانمان دەبیستین و ئەم هەستەوەری دووەمە چۆن بەکاردەهێنین؟

سەرەتا گوێکانی ئێمە بۆ قوڵاغیمان بووە لە دەنگە سروشتییەکان و وەک هەر گوێیەکی بایۆلۆجی بەکارهاتوون، ئەو دەنگانەی دێنە گوێمان هەر یەکە لای خۆیەوە ڕیتم و بەزمێکی خۆی هەبووە و، بەو پێیەی کۆمەڵگەی ئێمە لە کۆنەوە تایپێکی زیندەگییانەی لادێی بووە و سەرقاڵی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووە هەر بۆیە ئاشناترین ئەو دەنگانەی لە گوێمان زرنگابنەوە دەنگە سروشتییەکانی باران و ڕەشەبا و زریان و هەور و مەل و باڵندە و گیانەوەران و شتی لەم بابەتە بوون، ئەم نەغمە سروشتییانە لە پاڵ نەمەتییەتی داب و نەریتەکانمان بۆ زەمەنێکی زۆر بەم شێوەیەی هێشتووینەتەوە و بەردەوامیش لەو تایپی ژیانەدا و بەپێی داب و نەریتی باومان گوێمان بۆ سەردوولکە و حەیران و تەراتیلی ئاینی و شین و بەزم و ڕەزمەکانی شایی و ئاهەنگ و حیکایەت و دواتر شانامە و داستانە ئازایەتییەکانی پاڵەوانانی نێو میتۆلۆجیا گرتووە.

گوێکانمان لەم زەمەندا تەنیا ئاشنای ئەو دەنگانە بوون و پیس نەبووبون بە ژاوەژاو و دەیانتوانی چێژ لە هەر یەکە لەم دەنگانە وەرگرن و تاکی ئەو سەردەمی ئێمە وەلامدەرەوەیەکی ئیجابیی وروژێنەکانی سروشت بووە و لەبەر سنووردارییی کولتوور و نەتوانینی وەبەرهێنانی

هەوالنامەی کتێب

زیندوو لەسەری نەیانتوانیوە دەنگ بگوازنەوە ئاستی بالاتر کە تواناکانی تاکی تیا وەدەر دەکەوێ، هەر بۆیە داهێنانی کوردیمان لە بواری گواستنەوەی ئاستەکانی دەنگ و ئاواز و نەغمە و شێوازەکانی دیکەی بیستن لە قۆناخی سرووشتییەوە بۆ قۆناخی دەست و قامەتی مرۆیی تیا بەدی ناکرێ.

ئەم هەستەوەرە چۆن لەسەرەتادا بە ملکەچی و گوێڕایەڵیی دەنگە سرووشتییەکان ڕاهاتبوو ئێستاش خەسڵەتی گوێڕایەڵی و ملکەچیی واز لێنەهێناوە و نەیتوانیوە لەو دەنگانە تێبگا کە دێنە گوێی و بەردەوام هەر سەری بۆ لەقاندوون، لە مۆنۆلۆگی نێوان خۆی و خودی خۆیدا تاکی ئەم سەرزەوینەی ئێمە هەر گوێی لە دەنگی خۆی بووەتەوە و بەس و نەیتوانیوە ئەوە دەستنیشان بکا کە خودە شاراوەکەی ناوی چیی لێی دەوێ و چیی پێخۆشە و بەچی چێژی بیستنی پێ ببەخشێ.

ئەو حیکایەت و داستانگەلەی لە ڕابردوودا فێری ئەوەیان کردبووین تەنیا و تەنیا گوێڕایەڵ بین، ئێستا هەمان حیکایەت و داستانن بەڵام لە داڕشتنی دیکە و لە ئاوازی نوێتر خزاون، گرینگ ئەوەیە هەمان هەڵوێستیان لێ دەوێ کە تاعەتی گوێیە بۆ ئەو دەنگە سنووردارانەی دەیانبیستێ، لێرەدا گوێگر جگە لە وەرگێڕێکی سلبی و کەسێکی مردوو چیتر نییە چون بۆی نییە ئەوەی بیستی بە شێوازی دیکە بیلێتەوە و ئەوەی بۆ هەیە وەک بیستی بیلێتەوە، بێئاگا لەوەی تاکەکان بەسرووشتی خۆیان هەر یەکە بە شێوەیەک دەبیستێ و بە شێوەیەکی جیاش دەیگوازێتەوە سەنتەرە مانابەخشەکانی مێشک و دواتر بە شێوەیەکی زۆر جیاوازتر پەیان پێ دەبا، لە بیستندا مرۆڤەکانی ئێمە بە تەنیا پرتەیەک وەک قەلەموون هەموو علوعلوی بە دوادا دەڵێینەوە و ئەم تایپە کلاسیکەی بیستن لە کولتووری ئێمەدا کردەیەکی تەلقینی بووە، هەر بۆیە تاوەکو ئێستا نەیپەڕاندووینەتەوە بەری بیستن لەسەر ئەو ئاوازانەی خۆمان دایان دەنێین و هەر خۆشمان دابەشکردنی دەنگیان بۆ دەکەین.

لە گردبوونەوە مرۆییەکانماندا کە ئێمە ناوی شارمان لێناون، ژینگەیەکی پیسی ئەوتۆ بەرقەرارە کە گوێ بەری ناگرێ و ناچار وەک کەڕ و لاڵێک دەبێ بە نێویدا تێپەڕی، ئەگەر نا ئەگەر بۆ چەند چرکەساتێک هەست لە گاڵەگاڵ و ژاوەژاو بگری لەوانەیە بەرینەگری و کاردانەوەی خراپت هەبێ.

گەورەبوونی نائاساییی شارەکانمان و ڕێکنەخستنی هاتوچۆ و لەبارنەبوونی هەل و مەرجەکان، بازاڕ و شوێنە گشتییەکانی ئێمەیان کردووە بە جەنجاڵییەک کە هەر لە ڕۆژی مەحشەر دەچێ، کەس ئاگای لە کەس نییە و هەر کەس لە فیکری خۆیدایە! لەو جۆرە کەشەدا گوێ هەموو شتێک دەبیستێ و هیچیش نابیستێ، ناتوانێ لە نەغمە و ڕیتمی دەنگە جۆراوجۆرەکان تێبگا و ئەم جیانەکردنەوەی دەنگەکانەیش عەقڵمان لێ ون دەکا و ناتوانی بە هیچ شێوەیەک لەبەرانبەریدا شتێکت هەبێ بۆ گوتن.

هۆڕنی ئۆتۆمۆبیل و هاواری عەرەبانچی و فرۆشیارە گەڕۆکەکان و شتی دیکەش، ئارامی لە گوێ هەڵدەگرن و ئەم هەستەوەرە بەرزە بەردەوام لەم کەشە ڕام بووە و تا ئاستێک کە دیقەتی تاکەکان دەدەی لەگەڵی ڕاهاتوون و بەلایانەوە ئاساییە. ئەم ئاساییبوونە هەمان نەمەتییەتی جارانە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی تاکی ئێمە نایەوێ بە گوێ شت وەرگرێ و لەڕێگەیەوە شت فێربێ، بەڵکو تەنیا ئەوەندەی بەسە ئاگای لە خۆی بێ نەوەکا شتێکی بەرکەوێ و ئەم حاڵەتەش تەواو میکانیزمێکی خۆپارێزییە و گوێ ناباتە ئاستی هۆکارێکی هەرەگرینگ بۆ ناسین و ناسینەوە و ئیدراک و پەیبردن بە هەرچی دەنگە لە دەوروبەردا.

لە ئۆرگانە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و فەرهەنگی و سیاسییەکانیش ئەم بێگوێییە دەبینینەوە، ئەوەتا قوتابی تاوەکو ئێستا گوێگرێکی گوێڕایەڵ و سلبییە و بوونێک نییە لەبەرانبەر مامۆستادا قسە بکا و لەپاڵ وردبوونەوە و پاولۆ ڤرێری وتەنی شۆڕبوونەوە بە نەغمەی ئاوازی قسەکانی بەرانبەردا نۆرەی قسەی بێ و بکەوێتە وتووێژێکی ئینسانی و دیموکراسیانە لەگەڵ مامۆستادا، ئەوەی دەیبنین و تا ئێستا سەرنجی دەدەین سروونێکی تەلقینییە و نە مامۆستا وەک نوێنەری سیستم لە پۆل و نە قوتابیش لەو ئاستە نین هیچیان گوێیان لە یەکتر بێ و ئەوەی لەو هەڵوێستەدا ونە بەڕاست، گوێیە و، دەنگەکانیش هەر لە چوارچێوەی ڕێز و حورمەت بۆ مامۆستا و پابەندبوون بە مەرجەکانی قوتابیبوون و پیرۆزیی ژوور چیی دیکە نین.

لە سیمیناڕە ئەکادیمییەکانیشدا لە زانکۆکان ئیتیکی گفتوگۆ زۆر بە کەمی پەیڕەو دەکرێ و تەنانەت حیوار هەر یەک لایەنەیە، ئەگەر هەردوو لای گفتوگۆکانیش لەگەڵ یەکتر بدوێن، چون هیچیان گوێ بۆ یەکتر ناگرن و ناتوانن بێدەنگیی خۆیان لەکاتی ئاخاوتنی بەرانبەردا کۆنترۆل بکەن، تاوەکو (ڤرێری) وتەنی لەو بێدەنگییەدا یەک بەیەک وشەکانی بەرانبەر شیبکەنەوە کە هەر یەکە بۆ خۆیان وەک باشلار دەڵێ وێنەیەکە و پێویستی بەوە هەیە لێی وردبینەوە تاوەکو حاڵی ببین.

ئەگەر گوێگرتن ئەو نهێنییە بێ کە گفتوگۆ و لەیەکتر حاڵیبوون دەبێ بۆی فەراهەم بێ، ئەوا چەمکی دیموکراسی وەک فۆرمێک لە فۆرمەکانی بەیەکەوە ژیان لە هەموو شتێک زیاتر پێویستی بە گوێیە و، بەو هۆکارە و باش بەکارهێنان و باش بەخێوکردنی دەکرێ بە خۆمان بڵێین بوونێکی ئیجابی و وەرگرێکی چالاک، بە پێچەوانەوە کەسێک نەزانێ گوێکانی بەکار بهێنێ و نەیزانیبێ بە خێویان بکا ئەوا کەسێکی ناهاوسەنگە و لەڕووی دەروونزووستیشەوە شڵەژانی دەروونیی هەیە. بەو پێیەش بێ، ئەوا کۆمەڵگەی ئێمە کە گوێ لە خۆی ناگرێ و ناشزانێ گوێ بۆ گفتوگۆ و فێربوون بەکار بهێنێ ئەوا بنیاتێکی نادیموکراسیی هەیە لە ڕووی ڕەفتارییەوە و، کۆمەڵگەیەکیش تاکەکانی نەزانن سوود لە ئەندامەکانی جەستەی خۆیان وەرگرن و نەشتوانن خۆیان لەو ڕووەوە بەرێوەبەرن ئەوا چۆن کۆمەڵگەیەکی ساخ و داینامیکی لێ دەکەوێتەوە.

سیمینار و گوتار و پڕۆسە سیاسییەکانیشمان ئەوەندەی شۆڕکردنەوەی فەرمان و گوێڕایەڵین بۆ دەنگی هەرە باڵا، ئەوەندە وتووێژی گوێیەکان نین لەگەڵ یەکتردا و، لەم سروتە نەمەتییەش کە هەر لە بنچینەوە بە میرات بۆمان ماوەتەوە کەسی ژمارە (١) لە ئۆرگانی سیاسیدا زۆرترین ئازادیی قسەکردنی هەیە و کەمترین ماوەشی هەیە بۆ گوێگرتن، کەسە باڵاکانی ئێمە زۆر کەمتر پێویستیان بە گوێ هەیە و، تەنیا بە چاو قەناعەتیان هاتووە و، هەر بۆیەش زیاتر بە چاو بیردەکەنەوە و کەمتر ڕۆڵی گوێ لە بەرخوردە ئاساییەکانیاندا دەبینین، لێرەدا داخستنی گوێ لای کەسی باڵا لە ئۆرگانی سیاسی و والاکردنی کەسی وەرگریش بۆ گوێکانی تاوەکو هەرچی باش و خراپە بیبیستێ جۆرێک لە نەهاتنەوە لەگەڵ یەکتری لێ کەوتووەتەوە و لە ناخەوە هەردوو لا لە بیستنی دەنگەکانی یەکتر قەڵس و بێتاقەت دەبن.

ریتمە سیاسییەکانی ولاتی ئێمە لەوەتەی هەن لە هەمان میلۆدیدا ماونەتەوە و ناکرێ بخرێنە ئاوازی دیکەوە و، هەر بۆیەش بیستنیان وەک دەنگە هەرە ئاساییەکانی لێهاتووە کە هەرگیز مووبەک لە جەستەمان ناوروژێنن.

کەواتە بەو پێیە بێ، نە ئۆرگانی سیاسی کە کاری ئەوەیە بەردەوام گوێی نوێ بۆ دەنگەکانی خۆی بدۆزێتەوە، لە خەمی ئەوەدایە تا لەمەولا بە گوێکانمان چێژی خۆشتر و دەنگی نەرمتر ببیستین و، نە خەڵکەکەش ئەوەندە بە ئاسانی گوێکانیان خاوێن دەبنەوە و لەمەولا بۆ ئەو دەنگانە تەرخانیان دەکا کە هەر وشەیەکی وێنەیەکی نوێی بۆی.

گوێیە مۆسیقییەکانیشمان هەموو جۆرە دەنگێک دەبیستن و ئاشنان بە دنیایەک میلۆدیی بیانیی دوور و نێزیک و، لەسەر ئەوە ڕانەهاتوون حەزیان لە ئاوازە کوردییەکان بێ و، تا دێ گوێکانمان نامۆتر دەبن لە بەزم و ڕەزمی کوردانە و ئەوەتا دەنگ و ئاوازە تورکی و فارسی و عەرەبی و شتی تریش هەژموونیان خستووەتە سەر گوێکان و، بکەر و کەسانی بواری موزیکیش هەر وەک ئۆرگانە باڵاترەکانی سەرەوەی خۆیان نەیانتوانیوە بایی ئەوەندە هێز بەرهەم بێنن ناچارمان بکەن گوێیان بۆ بگرین و چێژ لە ئاوازەکانیان وەربگرین، جگە لەوە لەبەر بێهێزیب فەرهەنگی کوردی لە مەیدانی فەرهەنگی جیهانیدا نەیانتوانیوە کەسی غەیرە کورد وا لێبکەن حەز بە بیستنی موزیکی کوردی بکا و، سەرەنجام لە ونبوون و غیابی عەقڵی کوردی لە بواری هونەری موزیکدا، ناچار گوێیەکان بۆ دەنگی دیکە شل دەبن و ئەمەش لە بنچینەدا مەترسییەکی زۆر گەورە و وێرانکەرە و پێشبینیب تاوانەوەی فەرهەنگی نەتەوەکەی لێ دەکرێ.

کەواتە گوێ لەم سەرزەوینەدا هەر بەم شێوەیە ڕام بێ و، تا دێ شتی نامۆی دوور لە چێژی سروشتییانەی کوردەواری ببیستێ، ئەوا ئاسایی دەبێ لەمەولا گومانمان بکەوێتە سەر دینامیکییەت و چالاکیی عەقڵی خۆمان و پێمان وابێ کە عەقڵێک نییە بۆ نوێبوونەوە و داهێنان و چێژ وەرگرتن و چێژ بەخشین.

## چێژ لە بیرکردنەوە

کۆمەڵگەیەک ئەگەر هەر بە سرووشتی خۆی لە درووستبوونیەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێ، پشتبەستووی سرووشت بووبێ و هەرچی ویستبێتی ئاسان لە دەوروبەری خۆی دەستی کەوتبێ، کەمتر بیر لەوە دەکاتەوە چی بکا و چی نەکا، هەر بۆیە پلانەکانیشی وەرزی دەبن و بە پێی خواستەکانی سرووشت ژیانی خۆی ڕێکدەخا.

بیرکردنەوە کردەیەکی باڵای عەقلییە و گەڕانی بەردەوامی مێشکی مرۆڤە بە دوای پێوەندیی تازەدا لە نێوان زانیارییەکانی کە ئەمباری کردوون و، لە دوای ئەوەیە وێنەی تازەتر لەسەر ئەو وێنانە درووست بکاتەوە کە پێشتر لە یادگەیدا ئەمبار بوون، مرۆڤ بە سرووشتی خۆی بوونەوەرێکی بیرکەرەوەیە و ئەگەر لەسەرەتای درووستبوونیشیدا زیاتر هەستەکانی بەڕێوەیان بردووە ئەوا ئامادەگیی ویراسیی ئەوەی هەبووە فێرە قسە بێ و دواتر لە کاتێکی دیاریکراودا ئەبستراکتیانە بیربکاتەوە.

سکینەر دەڵێ: ئەوە ئەنجامەکانی ڕەفتارەکانی تاکیان لەبەر دەپێورێ، بۆیە کەسێک کە ئەنجامی کردارێک یا ڕەفتارێکی خۆی دەبینێتەوە و بە باش و ماقوولّ هەڵدەسەنگێنرێ، ئەوا چێژێکی تایبەتی لێ وەردەگرێ و ئەوە هەر ئەم چێژەیە وای لێدەکا دیسانەوە ڕەفتارەکە دووبارە بکاتەوە. کەواتە بیرکردنەوەش بەو پێیەی یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە باڵاکانی مرۆڤە لەهەر ئەنجامێکیدا کە بە ئارەزوو و حەزی تاک بگەڕێتەوە چێژ وەردەگرێ و ئارامییەکی دەروونیی لێ دەکەوێتەوە.

لە کۆمەڵگەی کوردەواریی خۆماندا بەو پێیەی بەردەوام ئێمە وەڵامدەرەوەیەکی سرووشتیی وروژێنەکانی دەوروبەرمان بووین و ئەگەر تیشکمان بەر چاو کەوتبێ ئەوا چاومان نووقاندووە و گەرمیمان گەیشتبێتە جەستە دووركەوتووینەتەوە و درکێک یا دەرزییەکیشمان لە لەش چەقیبێ ئەوا ڕاچڵەکیوین و دووپشک یا مارێکمان بینیبێ کوشتوومانە و... تاد، ئەوا لەو نێوەدا بیر لەوە نەکراوەتەوە با ئەم جۆرە سەرچاوانەی ئازار بە داهێنانێکی عەقڵی چارە بکرێن، تەنیا دووركەوتنەوەیەکی سرووشتییانەمان وەک میکانیزمێک گرتووەتە بەر و لەو بارەیەوە بیرکردنەوە نەبووەتە هۆی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ستراتیجیانە.

بیرکردنەوە بەردەوام ئیشکردن بووە لەسەر زانیارییە کۆن و ئەمبارکراوەکان تاوەکو بتوانی هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، لە پێوەندیی تازەدا فۆرمی دیکە لە بیرۆکە و تێز و پێشنیاز بێنە ئاراوە، بەڵام ئەگەر تاکەکان بەردەوام هەر یەک شێواز بۆ بەرخوردی خۆیان لەگەڵ دەوروبەر بەکاربهێنن ئەوا نیشانەی شەپۆی عەقڵ و سستیی بیرکردنەوەیانە.

شێوازی بەرهەمهێنانی ئێمە لە بواری جیاجیاکانی ژیان زۆر کەمتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەر بۆیە تایپێکی گرتووە، ئەم تایپە تا ئەم دواییانە وەک شوناسێکی زەق پێمانەوە لکابوو و

کاتێکیش لەم گۆڕانکارییە خێرایانەی ئێستا لە دنیا ڕووددەن نەمانتوانی دووربەپەرێز بین، میکانیزمی لەگەڵڕۆیشتنمان وەک باشترین میکانیزم وەرگرت و ئەمەش لە خۆیدا بەڵگەی نەزۆکیی هزر و بیرکردنەوەیە و نەبوونی بژاردەی کوردییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکان دەگەیەنێ.

هزری لەگەڵڕۆیشتن خەسڵەتێکی زەقی نێوەندی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێمەیە، هەر بۆیەش خۆمان لەبەر هیچ ناگرین و بەرهەمی عەقڵیی خۆمان ناتوانین لە نێو بەرهەمە عەقلییەکانی دەرەوەی خۆمان نمایش بکەین.

ئێمە ئەوەندەی چێژ لە دۆزراوە و داهێنراوە هزرییەکانی دەرەوەی خۆمان وەردەگرین، ئەوەندەمان لە بەرهەمی بریکردنەوەکانی خۆمان نییە تاوەکو لەزەتێکمان بداتێ و ئەم جۆرە چێژبردنە ناخۆمالّییەش جۆرێک لە تەسلیمبوونی هزریمانە بە تایپە هزرییە بەهێزترەکان و پەنابردنە بۆ میکانیزمەکانی ملکەچی و خۆ بەکەم زانین.

ئەم چێژبردنە پاسیڤە ئاماژەیەکی مەترسیدارە بەوەی ئێمە وەک کۆمەڵگە و نەتەوە خەسڵەتێکی مەراییکەرانە و خۆ بە بچووک زانیمان لا زەق بووەتەوە و سەرەنجام وەک بوونێکی بیرنەکەرەوە نیشانمان دەدا، ئەگەر نا بۆچی ئێمە بە گشتی چێژی ئارامیبەخش لە سیاسەت ناکەین و ئەوەندەش دڵمان بە کاڵای خۆمان نابێتەوە و لەگەڵ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پابەندییە نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایینی و ئەخلاقییەکانیشمان کێشەی گەورەمان هەیە؟

لە ڕووی کولتووری و ڕۆشنبیریشەوە، کەمترین بەرهەمی هزریی کوردی لە بازاڕی ڕۆشنبیریدا دەبینین، تەنانەت دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و دەسەڵاتی فەرهەنگیش کە وەزارەت و دامەزراوە فەرهەنگییەکانن ئەوەندەی تام لە بەرهەمی دەرەوەی خۆمان دەکەن ئەوەندە لە تامی کوردانە شارەزاییان نییە چون لە بنچینەدا نەمانزانیوە چێژی کوردانە لە بواری هزر و بیرکردنەوەدا چۆنە و چۆن بووە؟

## چێژ لە خەیاڵ

خەیاڵ دابڕان نییە لە واقیع بەقەد ئەوەی بەردەواميیەتی و، تیایدا تاکی هۆشیار ئیش لەسەر وێنە ئەمبارکراوەکانی یادگە و بینینە عەقلییەکانی خۆی دەکا و بە میکانیزمی شیکاری Analyses هەڵیان دەوەشێنێتەوە و دواتر لە پێوەندیی تازەتردا و بە میکانیزمی هەڵنانەوە لە وێنەی نوێدا سیناریۆیان بۆ دادەڕێژێتەوە.

لە خەیاڵدا لە دنیا ماتریاڵییە ڕاستەوخۆکە جیادەبینەوە، وەلێ ئەو بابەتانەی یا ئەو وێنە خەیاڵییانەی دەیانبینین نوێنەر و نمایندەیان لە واقیع و یادەوەرییەکانی ئێمەدا هەیە و، تەنیا لەو سیناریۆیەدا پێوەندیی نێوان توخمەکان ئاڵوگۆڕی دەکەن و بیچم و گەوهەری دیکەمان دەدەنێ.

خەیاڵیش کردەیەکی عەقڵیی بااڵیە و هیچ کاتێک بابەتێکی جیا نییە لە عەقڵ، زۆربەی هەرە زۆری داهێنانە ئینسانییە گەورەکان زادەی خەیاڵن و ئەوە هەر خەیاڵیشە لەوەتەی مرۆڤ هەیە گیرۆدەیەتی و بەردەوام پرسیار لەسەر پرسیار دەوروژێنێ و تاکەکە سەرقاڵ و ناچاری وەاڵمەکان دەکا.

خەیاڵەکانی ئێمە ئەوەندەی لەچوارچێوەی شوێندا قەتیس بوون، ئەوەندە پەیوەستی زەمەن نەبوونە و، زۆر کەمتر لەوە تاکی کورد خەمی ئەوەی بووە ئەوە زەمەنە تێدەپەڕێ و ئەو ئەگەر مشورێکی خۆی نەخوا جێدەمێنێ و هەر لە نێو بەتاڵاییەکانی زەمەندا دەمێنێتەوە. زۆربەی بابەتەکانی خەیاڵی ئێمە گەڕانن بە دوای ئەو ئارامییە دەروونییەدا کە هەر لەسەرەتای بوونمانەوە ونمان کردووە، ئەویش ترسمان بووە لە مانەوەی خۆمان وەک بوونێکی زیندوو.

ترس لە هێزە سرووشتییەکانی وەک باران و الفاو و گەرما و بەفر و با و... تاد، هەروەها ترس لە هێزە مرۆییەکانی دەوروبەری دوور و نێزیک و بەردەوام ئەو ترسە دڵەراوکێیەکی ئەوتۆی لا دروست کردووە کەمتر ڕۆحی بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی لا هێشتووەتەوە، هەر بۆیەش ئاستی پابەندی و پەیوەستیی تاک و کۆمەڵی ئێمە بەشوێنەوە لاواز دیارە و بۆ ماوەیەکی درێژ لە شوێنێک نەماوینەتەوە.

لە خەیاڵەکانی خۆماندا بە دوای ئەو شوێنانەدا دەگەڕێین کە حەسانەوەی ڕۆحی و دەروونی و تەنانەت جەستەیی تیایە و، سنووری خەیاڵیش ئەگەر ناکۆتایە و تۆ لە خەیاڵی خۆتدا دوورتر لە سنوورەکانی گەردوونیش دەتوانی بڕۆی، کەچی خەیاڵی تاکی ئێمە هەر لە دەوروبەری سنورەکانی خودی خۆی بووە و هەر بۆیەش لەوەتەی هەین زۆر کەم بەرەمی عەقڵ و خەیاڵی خۆمان لە هەردوو بواری ماددی و مەعنەویدا بینیوەتەوە.

لە خەیاڵی سیاسیماندا هەموو ئەو فۆرمانەی دەسەاڵتی سیاسییان تیا بەرجەستە بووە و دواتر نەتەوە و گرووپە مرۆییەکان خۆیان تیایدا ئۆرگانیزە کردووە، ئێمە نەمانبینیوە و تا ئەم دواییەش و ڕێک دوای ئەوەی مۆدێلە سیاسییەکانی ناسیۆنالیزم بەسەرچوون هەر خەیاڵمان لای فۆرمە کالسیکەکانی بەرجەستەبوونی کۆمەڵگەکەمانە و ئەم شێوانەش خەریکە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراویشمان لێ ون دەکا. لە خەیاڵی کۆمەاڵیەتیشماندا بیرمان لەوە نەکردووەتەوە کە یادگە و هەستمان یەکخەین و ئیش لەسەر داهێنانی سیستمی بەهایی و ئەخالقی و کولتووریی یەکگرتوو بکەین و کۆمەڵگە وەک لەشێکی زیندوو نیشانی دەرەوەی خۆمان بدەین.

لە خەیاڵی کولتووریشماندا نەچووینەتە ئەو مەیدانەی خۆمان وەک بوونێکی کولتووری و مێژوویی دەرخەین و ئەوەتا ئێستاشی لەگەڵدابێ، بۆ سەلماندنی شوناسی خۆمان بە گومانین و قسەی ئەم و ئەو وەک بەڵگەی بوونمان لێرە و لەوێ دێنینەوە، خۆمان وەک ڕاستییەکی

حاشاهەڵنەگری مێژوویی و جوگرافی نەسەلماندووە و ئەوەندەی خەیاڵ دەمانباتەوە سەر کاڵا کولتووری و فەرهەنگییەکانی دەوروبەر ئەوەندە ناچێتە سەر کولتووریکی کوردانە.

کەواتە خەیاڵی ئێمە ئەوەندەی دەمانترسێنێ و بیرمان دەشێوێنێ ئەوەندە هزرمان تیژ ناکاتەوە، تەنانەت وای لێکردووین هەوڵی کوشتنیان بدەین و نەهێڵین منداڵەکانیشمان خەیاڵ بکەن و بە گوتەی خۆمان دالّغەیان بفڕێ. ئەم تەکنیکەی خەیاڵکوشتنە فۆبیایەکە تا ئێستا نەمانتوانیوە خۆمان لەسەر ئەوە ڕابێنین چۆن چارەی بکەین و، وا بکەین ئیدی لەمەولا با خەیاڵ پەرە پێبدەین و تەنانەت لە پرۆگرامەکانی خوێندن و ئۆرگانەکانی دیکەشدا ئەم شێوازە باڵایە لە بیرکردنەوە بگەشێنینەوە، لە دنیای پێشکەوتوودا پرۆگرامی جیاجیا و تایبەت هەن بۆ پەرەپێدانی خەیاڵ لای تاکەکان و، ئەوەتا لە تاقیکردنەوەکانی هزری داهێنانیشدا ڕەسەنایەتی Originalityبە سەرەکیترین و ڕاستترینی ئەو بوارانە دادەنرێ کە هزری بەهێز و بیهێزی پێ لە یەکتر جیا دەکرێتەوە، لە تاقیکردنەوەکانی ڕەسەنایەتیی هزریدا تەواوی پرسیارەکان بۆ ئەوەن بزانن کەسەکە خەیاڵی تا کوێ بڕ دەکا، بۆ نموونە دوو لەم پرسیارانە بەم شێوەیەن: ئەگەر باڵت هەبوایە چیت دەکرد؟ ئەگەر مردن نەبوایە چی ڕووی دەدا ؟ لە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە کەسی وەڵامدەرەوە چەندان جێگرەوە دەهێنێتەوە و تیایاندا وەڵامی داهێنەرانەت دەست دەکەوێ، لەبەر ئەوەی تۆ بوارت دا بە خەیاڵی ئەو تا بێ سنوور بڕوا و بیربکاتەوە.

## چێژ لە خەون

لەوانەیە لە خەونەکانماندا ئێمە پاڵەوانی گەورە بین و بەو پێیەی واقیع زۆربەی حەز و غەریزەکانمان سزا دەدا و بەردەوام لە خۆ شارکێداین لەگەلیدا، هەر بۆیە لە خەوندا باکمان بەوە نییە و تیایدا سەردانی شوێنە تاریکەکانی نەست دەکەین و ئەوەی سزامان داوە لێی دەبوورین و بۆ ساتەوەختێک بواری بۆ دەڕەخسێ خۆی وەرگێڕێتە سەر خەون و چێژێکی میتافیزیکمان پێ ببەخشێ.

لە چێژی میتافیزیکدا نەترسانە سەر بەو شوێنانەدا دەگرین کە بەردەوام بە نهێنی بانگمان دەکەن و ئێمەش لێمان بوونەتە شەیتان و هەرگیز ئارەزوومەندانە بەپیریانەوە نەچووین، لەو جۆرە چێژبردنەدا ئێمە لە دنیایەکی دیکەداین و ئەو دنیایەش پابەندی یاسا و ڕێساکانی واقیع نییە و گوێ بە ئەخلاق و داب و نەریت نادا و هەردەم داوامان لێدەکا پێویستییەکانی بۆ فەراهەم بکەین.

لەوێدا دەچینە تاریکترین شوێن و سنوورە ئەستوورەکانیش دەبڕین و لە مێرگە ڕۆحییەکانیدا بۆ ماوەیەک دەلەوەڕێین، دەگەینە ئەو کەسەی خۆشمان دەویست و نەمانتوانی پێی بگەین، دەگەینە ئەو خواردنانەی سوێمان بۆیان دەبووەوە و نەکرا پڕ بە دڵ تامیان بکەین، دەگەینە ئەو شوێنانەی حەزمان لێبوو بیانگەینێ و نەیانگەیشتینێ، دەگەینە ئەو قوڵاییانەی نەماندەوێرا هەر سەیریشیان

بکەین و لەوێدا ئاسان شۆڕ دەبینەوە ئەو قۆناغانە و هەرچی تایەتی دەیبینین، دەگەڕێینەوە ئەو هەموو سەردەم و شوێنانەی پێیاندا گوزەرمان کرد و نەمانتوانی ئادەمیانە چێژیان لێ وەرگرین. زۆر جار خەونەکانیشمان وەک خۆمان دەبن بە دوو کەس و دوو فیلمی لە یەکتر جودا پێشان دەدەن، لەیەکێکیاندا دەبینەوە بەو کەسەی کە شەیتانەکان دەیانەوێ!! و لەوەکەی دیکەشیان هەر کەسە خوداویست و خێر خوازەکەین!

ئێمەی ئەم سەرزەوینە وەک چۆن لە ژیانی ئاگاییماندا لە دڵەراوکێیەکی درێژخایەندان لە خەونەکانیشماندا ئەو خەسڵەتەمان بەسەردا زاڵە و لە کونجێکی هۆش و هەستەوە بەردەوام چاودێریی خەونەکانمان دەکرێ و، ئەوەتا خەونیش کەوتووەتە بەر تەئویلە جۆراوجۆرەکانەوە و بەدەر لە خوێندنەوە زانستییەکەی دنیایە، کە دەبێ وریای بین و، تیایدا خۆشییەکانی نێویشی دەبن بە پێشبینیی داهاتوویەکی ناخۆش و هەر بۆیەش زۆر جار لە واقیعیشدا باجی خەونەکانمان داوەتەوە و دەبێ بە کردەیەکی خێر شەڕەکانی نەست لە خۆمان دوور بخەینەوە.

لە خەوندا ئێمە دەبین بەو کەسانەی بەدوای چێژە ونەکانی ئاگاییدا وێڵین و، ئەگەر لە تەواوی زیندەگیی ئاشکرادا چێژ بەستراوەی یاسا و ڕێسای خۆیەتی ئەوا لە خەوندا یارییەکی سیمبولیکی تێکەڵاو و ڕەشبەڵەکە و کەس کەس ناناسێتەوە، هەر بۆیەش ئەو سیحرە نەناسراوە، ئەو ژیانەی دیکەش لە کولتووری ئێمەدا بەستراوەی لێکدانەوەی ئەوتۆن کە بەردەوام هانیان داوین و ترساندوویانین بە شێوازی جیاجیا تێکەڵیان نەبین و بەر نەعلەتیان بدەین.

خەونەکانمان لە چالاکییە دەروونییەکانمان دانابڕن و، خەونیش بۆ خۆی چالاکییەکی دیکەی دەروونییە و، ئەگەر شانۆکانی خەونیان لەسەر پێشان نەدرێ لە شانۆکانی واقیع جودان وەک چۆن لە هەندێ ئاماژەدا ڕوونمان کردەوە، ئەوا خەونەکانیشمان لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە و بە پێی ئەو ژیانەی تاکەکان گوزەراندوویانە ڕەنگ و ڕوخساری جیایان دەبێ و کەسێک کە لە ناخەوە نەوسنە و بە شەهوانییەتە، خەونەکانی لەو کەسە جیایە کە بەردەوام لە بازاڕە و سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن لە بواری ئابووریدا بەدەست دەهێنێ، وەلێ چون توانای تاکەکان و هەموو ئەو سیستم و یاسایانەش کە ژیانیان ڕێکخستووە بەریان پێ لە کەسەکە ناگیرێ بۆ ئەوەی ئەوەی دەیەوێ ببینێ، بەقەد ئەوەی ئەوە ناوەرۆکەکانی نەستن یا ئومێدەکانی ئەون بە پێی بایەخ و قورساییان لای ئەو، لە خەوندا خۆیان بە هێمای جۆراوجۆر و لە پێوەندی ناهۆمۆجیندا پێشان دەدەن.

## چێژ لە ئازار

ئێمە لە هەموو ئەمانەی سەرەوە چێژمان نەبینی بەڵام لە ئازار چێژبەرێکی مومتازین و، بە ئاگا و بێ ئاگا، بۆ هەر شوێنێکی ئەم سەرزەوینە و سەرزەوینە ڕاستەقینەکانی چێژمان بەری لە کۆتاییدا

هەر بەرەو ماڵە ڕاستەقینەکەی خۆمان دێینەوە و لەوێدا ئارام دەبینەوە.

ئێمە ئەگەر چێژی سێکسیش وەک بەنیادەمێک نابەین ئەوا مانەوەمان لەنێو مەرج و شەرایتەکانی پێوەندییە عورفییەکانی نێر و مێدا جۆرێکە لە چێژ وەرگرتن و تەسلیمبوونێکی قەدەرییانە، چون تیایدا سەردەکەوین بەسەر حەز و پاڵنەرەکاندا و خۆمان دەخەینەوە قالبەکانی خۆمانەوە.

ئەگەر لەزەت لە خواردنەکانیش ناکەین، ئەوا واز لە خواردن ناهێنین و بەردەوامین لەسەری و ئەوەندەی خواردنەکان ئازارمان پێدەبەخشن نیو ئەوەندە چێژمان نادەنێ. خواردنەکان گەدەمان دەشێوێنن، خەومان دەزڕێنن، هزرمان دەشڵەژێنن، حەسانەوەمان لێ تاڵ دەکەن، تا ماویشین فێری ئەوە نابین هەردوو لایەنە ڕۆحی و جەستەییەکە بە خواردنەکانمان بحەسێنینەوە.

ئازار لە خەونەکانمان وەردەگرین، لەبەر ئەوەی بەردەوام خۆمان لە واقیع دەدزینەوە و بەرەو خەونەکانمان ڕادەکەین، لەوێشەوە پاڵەوان و سیمبولەکانی خەون ڕاومان دەنێن و ناهێڵن بۆ ساتەوەختێکی کورت لەوسەری نەستیش بحەسێینەوە، ئەمە جگە لەوەی تەفسیرە نەریتییە لاهووتییەکانمان خەونیشیان لێ بەرەواژوو کردووینەتەوە و، ئەوە خۆشییەکانن دەبن بە ناخۆشی و ئەوەش ناخۆشییەکانن مانای باشیان دەدرێنێ.

چێژ لە بیستنەکانیشمان جۆرێکن لە ئازار، چون ئەگەر بەردەوام گوێمان لە ناهارمۆنییەتی دەنگەکان و قسەکانی دەوروبەر ماندووە و وەرسە، بەڵام هەر بەرە و بازارە شلۆغەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە پڕ هەرا و هۆسە و ناڕێکخراوەکان و قوتابخانە قەرەباڵغەکان و چایخانە پڕەکان و مەیدانە پڕ لە حەشاماتەکان دەچینەوە و تەنانەت لە گەشتە کورتە بەهارییەکانیشمان لە جیاتی ئەوەی بۆ چەند سەعاتێک لەگەڵ سروشت و دنیای دوور لە مرۆڤەکان بچینەوە، ئەوە هەموومان بەیەکەوە دەڕۆین و بەیەکەوە لەوێش خڕ دەبینەوە و هەر بەرەو قەرەباڵغییەکان دەچینەوە و، دواتر هەر بەیەکەوەش دێینەوە. ئەم هەموو بەیەکەوەییەمان لە خۆشەویستیمان نییە بۆ یەکتر بەقەد ئەوەی لەلایەکی دیکەوە تەسلیمی حەتمییەتی پۆلێنبەندیی کاتەکانین و، بەیانیان مانای چوونە دەر و ئێوارانیش هەر کە تاریک داهات دەبێ بگەڕێینەوە، لە ڕاستیشدا لە دنیای پێشکەوتووی ئێستادا جووڵەی ئینسانەکان بەستراوەی تاریکی و ڕووناکی یا شەو و ڕۆژ نییە و، هەر کاتێک بگری دەتوانی بجووڵێی و بشحەسێیتەوە.

ئەمانە و زۆری تر نیشاندەری ئەوەن کە مازۆخییەت و خۆ بچوککردنەوە پانتاییەکی گەورەی لە سایکۆلۆجییەتی تاکەکانی ئێمەدا هەیە و، وەک ستریۆتایپێک لەسەر وێنە سەرەتاکانی خۆمان هەڵکەنراوە و، ئەوەتا دیاردەی مەراییکردن و خۆ بە بچووکزانی نەک لەسەر جەستە و ڕوخساری زۆربەی کەسەکان دەناسیتەوە بەڵکو چووەتە نێو گوتاری سیاسی و ئەدەبی و هزری و ڕۆژنامەوانی و تەنانەت توێژینەوە نیمچە زانستییەکان و پێوەندییە دیبلۆماسییەکانیش و ئەم

ڕاستیانە لە پێداچوونەوە نەک شیکارییەکی ناوەرۆکیانە بۆ چەمکەکانی دەتوانین بە ئاسانی بدۆزینەوە.

تۆ بەردەوام لە حاڵەتی شڵەژان و ئازاردا دەمێنیتەوە ئەگەر تا ئاستێکی باش حەز و غەریزەکان تێر نەکەی، چون ئێمەش لەوەتەی هەین لەزەتمان وەک خۆی نەبردووە، مانای ئەوەیە بەردەوام لە ئازاردانی خۆماندا و لەبەر ئەوەش هەردەم ڕاوی خۆمان لە ناو و دەرەوەی خۆماندا دەنێین، ئەوە دەگەیەنێ کە کولتووری ئێمە ئەوەندەی ئازار بەرهەم دەهێنێ نیو ئەوەندە لا لە چێژ ناکاتەوە و نایخاتە خانەی بایەخەکانی خۆیەوە. چێژبردن لە ئازار شکستی مرۆڤ لە گەیشتنی بە مانا ڕاستەقینەکانی چێژ دەگەیەنێ و ئەمەش هەر لای ئێمەی کورد زەق نییە بەقەد ئەوەی زۆربەی شارستانییەتەکانی دنیا لەسەر شانی خەساوە بێدەرەتانەکان دروست بوونە و، سەرەنجام دەگەینە ئەو سەرەنجامەی کە ئایا هیچ جێگرەوەیکی لەبارتر هەیە مرۆڤ بە ئینسانیەتی خۆیەوە بهێلێتەوە، نەک نەوسنێکی ئەزەلی و ئەبەدی؟


بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- العجيلي، محمد علي، الاخلاق الفرويدية، دار طلاص، ط٢،٢٠٠٧، دمشق.

٢- فرويد، سيجموند، تفسير الاحلام، دار الفارابي، ط١، ٢٠٠٣، بيروت.

٣- فروم، اريك، الانسان بين الجوهر والمظهر، عالم المعرفة، العدد ١٤٠، كويت.

٤- فروم، اريك، فن الوجود، دار الحوار، ط١، ٢٠١٠.

٥- فروم اريك، الانسان من اجل ذاتة، ط١، ٢٠٠٧، دمشق.

٦- عباس، فيصل، الفرويدية ونقد الحضارة المعاصرة، دار المنهل، ط١، ٢٠٠٥.

٧- بريستو، جوزيف، الجنسانية، دار الحوار، ط١، ٢٠٠٧.

٨- باشلار، طاستون، النار... التحليل النفسي لاحلام اليقظة، دار كنعان، طبعة خاصة، ٢٠١١، دمشق.

٩- الامام، غادة، طاستون باشلار.. جماليات الصورة، دار التنوير، ط١، ٢٠١٠، بيروت.

١٠- التكريتي، ناجي، الفلسفة الاخلاقية الافلاطونية، دار الاندلس، ط٢، بيروت.

١١- فوكو، ميشيل، استعمال اللذات، مركز الانماء القومي، ١٩٩١، لبنان.

١٢- زين الدين، امتپال، علم نفس النمو... من الطفولة الي المراهقة، دار المنهل، ط١، ٢٠٠٤.

١٣- فرويد، سيجموند، ماوراء مبدا اللذة، دار المعارف، ١٩٥٢، القاهرة.

١٤- حرب، علي، الحب والفناء، منشورات الاختلاف، ط٢، ٢٠٠٩.

١٥- موسي، حسين، الفرد والمجتمع... ميشيل فوكو، ٢٠٠٩، جزائر.


هەولێری کتێب

# شێوازی سەرکردایەتیکردنی تۆ چییە؟

زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی

وا هاتووەتە دەرکەوتن شێوازی سەرکردایەتیکردن هۆکارێکی سەرەکی بێ لە کاریگەرییەکانی هەر ڕێکخراوێک و، هەروەها شێوەی جیای سەرکردایەتیکردن هەندێک جار کاریگەرترن لە دۆخە جیاکاندا. سەرکردە ڕێکخراوەییەکان کاریگەرەکان بەگشتی ڕێککەوتوون لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە هەوڵی بۆ دەدەن، تا کارتێکردنیان لەسەر هەڵسوکەوتی ئەندامانی گرووپ هەبێ، کە بڕێتییە لە شێوەیەکی هەڵسوکەوتی دووبارەبوو لە سەرکردایەتیکردن لەلایەن بەرپرسە دیاریکراوەکانەوە.

ڕەفتاری زۆربەی بەڕێوەبەرەکان زۆر ئاڵۆسکاوە، ناکرێ بەیەک تاکە شێوە بێتە پێناسەکردن و، هەندێک جار بەڕێوەبەر دەبینین شێمانە هەیە شێوازەکەی خۆی بگۆڕێ تا بگونجێ لەگەڵ دۆخی شیمانەکراودا.

ڕێگەی جیاواز هاتووەتە بەکارهاتن بۆ هەوڵدان بۆ پۆلێنکردنی شێوازە باوەکانی سەرکردایەتیکردن، هەل و مەرج و پێوەری جیا بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتە هاتوونەتە بەکارهاتن.

میتۆدە کلاسیکەکانی پۆلێنکردنی شێوازەکانی سەرکردایەتیکردن دامەزراون لەسەر بنچینەی بەردەوامبوونی دەسەڵاتی بەکارهێنراو لەلایەن سەرکردەوە. ئەو شێوازانەی سەرکردایەتیکردن کە لەم ڕێگەیەوە هاتوونەتە پێناسەکردن بڕێتین لە زۆرداری، بەشداری و ئۆتۆنۆمی.

سەرکردەی زۆردار دەسەڵاتێکی زۆری هەیە لە دەرکردنی فەرماندا و هیچ ڕاوێژێک لەگەڵ ئەندامانی گرووپدا ناکا. خۆی بنەوای سەرکردایەتیکردنە و بڕێتییە لە دەسەڵاتی ڕەسمی. سەرکردەی دیکتاتۆر ژمارەیەکی کەم خواردەست (شوێنکەوتوو)ی هەیە، بەڵام بە گشتی سەرکردەی دیکتاتۆر پێوەندیی کەسی لەگەڵ ئەندامانی گرووپ بە ناپێویست و زیاد دادەنێن.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

شێوازی زۆردارانە لە هەندێک دۆخدا گونجاوە، بەڵام ڕەخنەیەک لە دژی ئەم شێوازە دێتە ئاراوە، کە لەلایەن بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکان دێتە بەکارهاتن، ئەویش ئەوەیە کە تەواو کاریگەر نییە، چونکە پشتیوانیەکی زۆر بۆ خواردەستەکانیان دروست دەکەن.

سێ ئاستی سەرکردایەتیکردنی بەشدار لەم وتارەدا هاتوونەتە پێناسەکردن:

سەرکردەی بەشدار تاکێکە کە دەسەڵاتی بڕیاردان لەگەڵ کۆمەڵ بەش دەکا.

سەرکردەی ڕاوێژکار ئەو کەسەیە کە داوای بۆچوون لە گرووپ دەکا پێش بڕیاردان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەست بەپابەندبوون ناکا لە قبووڵکردنی بۆچوونی گرووپەکە.

سەرکردەی ڕەزامەندکار هانی گفتوگۆی بەکۆمەڵ لەسەر بابەتەکان دەدا و ئینجا بڕیارێک دەدا کە ڕەنگدانەوەی ڕەزامەندیی گشتییە، بۆیە سەرکردەی بەم شێوەیە دەسەڵاتی زیاتر بە کۆمەڵ دەدا لە سەرکردەی ڕاوێژکار.

سەرکردەی دیموکراتخواز دەسەڵاتی کۆتا بە گرووپ دەدا، کارەکانی دەکا وەک تاکێک کە بۆچوونەکان کۆ دەکاتەوە و دەیانخاتە دەنگدان بەرلە بڕیاردان. سەرکردەی بەم شێوەیە شیمانە هەیە دەسەڵاتێکی زۆر بدا بۆ ئەوەی وەک دیموکراتخواز بێتە پۆلێنکردن. سەرکردەی دیموکراتخواز نێزیکەی هەموو دەسەڵاتەکەی بە ئەندامانی گرووپ دەدا و کەمێک سەرکردایەتی دەکا ئەگەر ڕێی تێچوو. ئەو جۆرە سەرکردەیە بڕیزگاری لەسەر سیاسەتی دەستوەرنەدان دەکا ئەوەندەی کارەکانی دۆخەکە بەشێوەیەکی ڕوون لەسەر شوێنکەوتووەکان هاتبێتنە دابەشکردن. شێوازی دیموکراتخوازانە شیمانە هەیە لەلایەن پاشای دەست لەکار کێشاوەوە بێتە پێڕەوکردن کە کەمێک گرینگی بەگەیشتن بە بەرهەمهێنان و کارگوزاری دەدا لە کاتێکدا لە هەندێ دۆخی تردا ڕێی تێ دەچێ مۆدەیەکی گونجاو بێ بەرەو بەرهەمهێنانی زۆر.

گۆشەیەکی تر لەو جۆرە پۆلێنکردنە بڕێتییە لە ئاستی دەسەڵاتی بڕیاردان. بەڕێوەبەرەکان کاتێکی زۆری خۆیان بە بەدواداچوون و کارکردن لەسەر پێشنیازی هاوبەشەکانیان، بەڕێوەبەرایەتیی باڵا و کارمەندانی دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەسەر دەبەن. شتێکی ئاساییە گوێت لە هەندێک بەڕێوەبەر بێ بڵێن کە کەسانی "بڕیاردەر" بووبن و ئەوانی تر "خاوەن بڕیاری ژیرانە" نین. بڕیاردان شیمانە هەیە پڕۆسەیەکی زۆر ڕاستگۆیانە بێ و شیمانەش هەیە تەنیا چەند هەنگاوێکی سادە بێ بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا، هەڵسەنگاندنی جێگرەوەکان و تاقیکردنەوەی چارەنووسە شیمانەکراوەکان و دواتریش خۆی بخاتە ڕێگەی کارەوە.

لە پێڕەوە کردارییەکاندا، بڕیاری ڕاستەقینەی ژیان لە ژیگەیەکی پڕ لە پاڵەپەستۆ دێتە دروستبوون کە ڕووبەڕووی بەشداریکردنی ناتەواو، زانیاریی نەگونجاو لەگەڵ یەک، کۆتی بودجە، پاڵەپەستۆی کات، سەرچاوەی کەم و هەروەها توخمی تر دەبنەوە، کە کێشەکان تاریکتر دەکەن و بەرەو خراپتری دەبەن و هەڕەشە لە جۆری ئەو بڕیارە دەکەن کە لەبارەی کێشەکەوە دراوە، بەڵام

ئەوەی بەڕێوەبەری ڕاستەقینە دەیەوێ بڕێتییە لە چوارچێوەیەکی سادە و لۆجیکی بۆ سەرخستنی پڕۆسەی بڕیاردانەکە.

بنووسەکان دەڵێن چوار شێوازی سەرەکیی بڕیاردان هەیە کە بڕێتین لە شێوازی بڕواپێکراو (لە دەسەڵاتەوە هەڵدەقوڵێ)، ڕاوێژکاری، ئاسانکاری و سپاردن. هەر شێوازێک ئاستێکی بەرزی شیمانەی هەیە لە دەسکەوتنی ئەنجام بەپشتبەستن بە ئامادەسازیی شوێنکەوتووانی دۆخەکە و هەروەها جۆری شێوازی سەرکردایەتیکردن پێوەندیی نێوان سەرکردە و شوێنکەوتووانی دیاری دەکا.

بڕیاردانی شێوە دەسەڵاتدار دێتە پێڕەوکردن لەو دۆخانەی کە بەڕێوەبەر شارەزایی و زانیارییەکی پێویستی هەیە بۆ گەیشتن بە کۆتا و لەو شوێنانەی شوێنکەوتووەکان توان، ئارەزوو و متمانەیان نییە بۆ هاوکاریکردن. بەڕێوەبەر بڕیار دەردەکا بێ ئەوەی داوای یارمەتی بکا. ئەو شێوازە پێویستی بە هەڵسوکەوتی ڕاستەوخۆی سەرکردە هەیە. شوێنکەوتووان هەموو کاتێک چالاک نین لە دیاریکردنی کۆمەڵی کارەکانیان و هەروەها شوێنکەوتووان هەموو جارێک نازانن بڕیارەکە چییە، هەتا بەڕێوەبەر ئاشکرای دەکا. بڕیاری بڕواپێکراو (دەسەڵاتدار) پێویستە لەو دۆخانەی کە بەڕێوەبەر شارەزاییی هەیە و کەسی تر نییەتی و ئەوکاتەی بەڕێوەبەر تاکە سەرچاوەی زانیاری و شارەزاییە.

بڕیاردانی ڕاوێژکاری دەبێتە ستراتیجێکی بەنرخ لەو دۆخانەی کە بەڕێوەبەر هەست دەکا شوێنکەوتووان شارەزایی و زانیارییان هەیە و حەز دەکەن هاوکاری بکەن، بەڵام هێشتا لە توانیاندا نییە. باشترین ستراتیج لەم دۆخە بڕێتییە لەوەی داوای زانیاری بکەی بەر لە بڕیاردان. ئەو بەڕێوەبەرەی ئەو ڕێگەیە دەگرێتەبەر ئەو شوێنکەوتوانە دەستنیشان دەکا کە دەتوانن هاوکاریی گەیشتن بە بڕیاردان بکەن و داوای یارمەتییان لێ دەکا. بەڕێوەبەرەکە شیمانە هەیە لەگەڵ شوێنکەوتووانی وردەکاریی کێشەکە ئاڵوگۆڕ بکا و هەروەها لە هەموو دۆخێکدا ئەوە بەڕێوەبەرە بڕیاری کۆتا لەبارەی دۆخەکە دەدا.

ئاسانکاری لە بڕیاردان بڕێتییە لە هەوڵی هەرەوەزانە کە بەڕێوەبەر و شوێنکەوتوو کار بەیەکەوە دەکەن و بڕیارێکی هاوبەشیش دەردەکەن. پێسپاردنی بڕیاردان دێتە ڕووداو ئەوکاتەی بەڕێوەبەر دەسەڵات دەبەخشێ بەمەبەستی بڕیاردان. ئەو ڕێگەیە وا دادەنێ کە شوێنکەوتووان زانیاری و پاڵدەری پێویستیان هەیە بۆ جڵەوگرتنی کارەکانیان.

خشتەی بەڕێوەبردن ڕێگەیەکی تره و، بڕێتییە لە چوارچێوەیەک بۆ پۆلێنکردنی شێوازەکانی سەرکردایەتیکردن کە پشت دەبەستێ بەتاقیکردنەوەی هەستی گرینگیدانی سەرکردە لە ئەنجامدانی کارەکان و، بە خەڵک لە هەمان کاتدا. خشتەکە وەک سیستەمێکی تەواو بۆ مەشقکردنی سەرکردە و پێشخستنی ڕێکخراو هاتووەتە بەکارهاتن لە ڕابردوودا. دوو مەودای

سەرکردایەتیکردن بەشێوەیەکی تایبەت بەگرینگ دێنە تەماشاکردن لە خشتەی لێکۆڵینەوەکەدا، بەجۆرێک کە سەرکردە ژیگەیەکی سۆزداری یارمەتیدەر و متمانەدار دەئەفرێنێ و، دەست بەڕێکخستن دەکا، تا پلەی دروستکردنی چالاکی بۆ فەرمانبەران وەک دیاریکردنی کار و خشتەی کارکردن بۆیان.

بیردۆزی (ئەلف) و بیردۆزی (بێ) دوو ڕێگەی پۆلێنکردنن پشتیان بەستووە بە جیاوازییەکانی ئەو گریمانانەی لەسەر هاوواڵتی کراون. بیردۆزی سەرکردەی ئەلف کارەکانی پشت بە گریمانەی دیاریکراو لەسەر خەڵک دەبەستن:

١- خەڵک حەز لە کار ناکەن و هەوڵ دەدەن هیچ ئەنجام نەدەن.

٢- خەڵک حەز لە کارکردن ناکەن، بۆیە بەڕێوەبەرەکان پێویستە کۆنترۆڵ، ئاڕاستە، زۆر و هەڕەشە لە خواردەستەکانیان بکەن تا بەرەو ئامانجی ڕێکخراوەکەیان پاڵیان نێن.

٣- خەڵک حەز دەکەن ئاڕاستە بکرێن (بهاژووڕێن) بۆ ئەوەی دووچاری بەرپرسیارەتی نەبنەوە و لە ئارامیدا بن، چونکە هیچ ئاواتێکیان نییە.

بەڵام بیردۆزی (بێ) گریمانەی جیای لەسەر خەڵک هەیە:

١- کاری جەستەیی و هزری بەشێکی سروشتیی ژیانن و خەڵک ڕقی لێیان نییە.

٢- خەڵک پاڵدەری تایبەتیی خۆیان هەیە ئەوکاتەی هەست دەکەن ئەرکیان لەسەر هەیە.

٣- خەڵک کار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەکەن ئەگەر پاداشت بکرێن ئەوکاتەی ئامانجەکان دەپێکرێن.

٤- خەڵک داوا و قبووڵی بەرپرسیارەتی دەکەن لە دۆخی ویستراودا.

٥- دەشێ خەڵک دۆزەرەوەی چارەسەر بن بۆ کێشەکان.

٦- خەڵک بەشێوەیەکی سەرەکی زیرەکن، بەڵام توانەکانیان بەشێوەیەکی گشتی لە کارەکانیاندا نایەنە بەکارخستن.

ماکس وێبەر زاراوەی سەرکردەی سەرنجڕاکێشی بە دنیا ناساند. ئەو شێوازەی سەرکردایەتیکردنەیە، کە وێبەر پێی وایە، کەسانی بەهرەدار هەیان بێ، بەڵام هەموو سەرکردەیەک نییەتی: "وێبەر پێی وایە، تاکی سەرنجڕاکێش جیاوازن لەوانی تر کە توانی دروستکردنی دڵسۆزییان هەیە، کە جیاوازە زۆر لەو دەسەڵاتەی لە فەرمانگە و هەر پایەیەکدا دەست دەکەوێ". سەرکردەی کاریزمادار بەردەوام وەک تاکێک کە لەگەڵ ئەو بەهرەیە لەدایکبووبێ دێتە تەماشاکردن نەک ئەو کەسەی کە ئەم بەهرەیەی پێشخستبێ.

ڕێگە جیاوازەکانی پۆلێنکردنی شێوازەکانی سەرکردایەتیکردن هەموویان شیکردنەوەی

ڕەفتـاری سـەرکـردە دەگـرنە خـۆ، بەئامـاژەکـردن بۆ چۆنیـەتیی پێـوەندیی نێـوان سـەرکـردە و خواردەستەکانی. لێکۆڵینەوەی جیا لەسـەر شێوازەکانی بڕیاردان هەروەها ئەو بابەتە دەگرێتە خۆ کـە پێـوەنداڕە بە چۆنیـەتیی پێـوەندیی نێـوان سـەرکـردە و خـواردەسـتـەکان لـە ڕووی چەندێتـیی بەشداربوونی سەرکردە و خواردەستەکان لە پڕۆسەی بڕیاردانەکەدا.

بەخشینی دەسـەڵات بە فـەرمانبـەران دێتە تەماشاکردن وەک کردەوەیەکی بەهـێزکردن کە سوودی ئەندامـان و ڕێکخـراوەکەی تێدایـە. بەشـداریکردن لە پـڕۆسـەی بـڕیاردانی ڕێکخـراوەیی ڕێگە بە فـەرمانبـەران دەدا زیاتر هـەست بەکۆنترۆڵکردنـی ئاڕاستـەی ڕێکخراوەکـە بکەن و هـەست بکەن کە بەڕێوەبەرایەتی ڕێز لە بۆچوونی ئەوان دەگرێ.

بۆ ڕێکخستنی ڕێکخراوەکە، بەشداریکردنـی فـەرمانبـەران لە بڕیاردان، کەناڵی پێـوەندیکردن دەکاتەوە بەشێوەیەک کە بەڕێوەبەرایەتی دەتوانێ بگا بە سـەرچاوەی زانیاریی گرینگ و ئەفراندنی کرێکاران.

سـەرکردە پایەکی لە هـەرەمی ڕێکخراوەکەدا هـەیە کە وای لێ دەکا ببێتـە سـەرکردە، بەڵام چۆن سـەرکردایەتیکردن دێتە دەرکەوتن ئەوە بەشێوەیەکی فرەوان جیاوازە.

پێنج پێڕەوی باوی سـەرکردایەتیکردن لە سـەرکردەی سـەرکەوتوودا هـەن:

١- ڕکابەریکردنی پڕۆسەکە.

٢- بزواندن و دروستکردنی بینایی هاوبەش (خەونبینین).

٣- توانپێدانی کەسانی تر بۆ کارکردن.

٤- نیشاندانی ڕێگە و باشترکردنی.

٥- هاندانی ئەندامان.

ئەو خەسڵەتانەی سەرەوە شێوازی سەرکردایەتیکردنی هاوکار، بەخشەر و بەشدار بەباشترین شـێوە پێناسـە دەکـەن، بەڵام وەک ئاماژەی بۆ کراوە، شـێوازەکـانی تری سـەرکردایەتیکردنیش دەکرێ کاریگەر بن لەو دۆخانەی هاتوونەتە پێش.

# جوبران خەلیل جوبران و پێغمبەرەکەی

سامی ئەلفقی

١ لە ٢

## دەستپێکی ژیان

کەم کەس لەم جیهانەدا هەیە ناوی جوبران خەلیل جوبرانی نەبیستبێ، کەمیش لەوانە هەیە ناوی کتێبی (پێغمبەر)ەکەی ئەویان نەبیستبێ، کە هەموو فەلسەفە و دیدی جوبران لەو کتێبەدا کۆکراوەتەوە، ڕامانی ئەوی لەسەر ژیان تێدایە. کتێبەکە وەرگێڕدراوەتە سەر هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان، لەوانە لەو دواییەش کراوە بە چینی، کە لە کتێبە وەرگێڕدراوەکانی تر زۆرترین ژمارەی لێ فرۆشراوە. ڕاستە کە زۆربەی نووسین و کتێبەکانی جوبران خەلیل جوبران بە زمانی ئینگلیزی نووسراون، هەر ئەوەش فاکتەر بووە کە کتێبەکانی زۆر بلاوببنەوە، بەڵام نووسین و نیگار و فەلسەفەکانی بە گیانێکی خۆرهەڵاتییانە بوونە، لەوەشیاندا هیچ گەردێک نییە، تەنیا گەردی ئەوەی تێدایە کە کولتوورەکان ئاوێتەن و هەمووی بەیەکەوە شێلاوە و کردوویەتی بە نان لەسەر ئاگرێکی بەجۆش و ئارەزوومەندانە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە بەرەو ژیانی ئاسوودە و ئارامتر، تا هەموو کەس بەشادمانی بژین، کە خۆی بێبەری بوو لەو جۆرە ژیانە ئارامە، ئەوەش چارەنووسی زۆربەری گەورە زانا و فەیلەسوفەکانی جیهان بووە، کە ئازاری جەستەیی و دەروونییان دراوە و بەردەوام لە کاروانی داهێنانەکانیان ستەم و ئازار دراون، ئاسان نەبووە بتوانن نهێنییەکانی ژیان و بەرنامەکانی بەئاشکرا دەربڕن.

جوبرانی فەیلەسوف و نووسەر و هونەرمەند لە بنەماڵەیەکی گچکەی هەژار لە ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٨٣ لە لبنان لەدایک بووە، خەلیل جوبرانی باوکی مێردی سێیەمی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

دایکی بووە، کە لە مێردەکانی پێشووی کوڕێکی بەناوی پوترس هەبووە و لەمەش جوبران و هەردوو خوشکەکەی مریانا و سولتانەی بووە. باوکی بەڕەچەڵەک لە خێزانێکی سوورییەوە هاتووە و وەک شوانێک کاری کردووە و بەردەوامیش خەریکی یاریی کاغەز و خواردنەوە بووە، پیاوێکی خۆشەویست نەبووە و لووتبەرز و ڕووقورس دیار بووە، جوبران ئەوەی بەبیر نییە کە باوکی نازی کێشابێ و گوێی لە داواکانی گرتیبێ، دایکی (کامیلە ڕەحمە) لە بنەماڵەیەکی بەڕێزی باکگراوند ئاینییەوە هاتووە، بۆیەش توانیویەتی چاوی لە کوڕەکەی ببێ و لەڕووی سۆز و پارەوە چاوی لێ بووە و نازی کێشاوە، دایکی کە مێردی یەکەمی دەمرێ و لە پیاوی دووەمیش جیادەبێتەوە شوو بە باوکی جوبران دەکا، ژنێکی ئەسمەر و ناسک بووە و دەنگی خۆش بووە، بەردەوام بەنازەوە گۆرانیی بۆ کوڕەکەی خوێندووە. لەبەر ئەوەی باوکی خۆی بایەخی بە خوێندن و قوتابخانە نەداوە، بۆیەش کوڕەکە نەچووەتە بەر خوێندن، بەڵام ئەو ماوەماوە سەردانی کاهینی ناوچەکەی کردووە و بەیەکەوە قسە و دیالۆگیان هەبووە، لەوێ دەردەکەوێ کەوا ئەو منداڵە زیرەکە و دەتوانێ لەلای ئەو ئەلف و بێ فێربێ و بتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێ، بەوەش بواری بۆ ساز دەبێ بچێتە ناو قوولاییی بابەتەکانی مێژوو و ئەدەب و زانستەکان. بە کۆشش و ئازایەتیی دایکی، جوبران فێری خوێندنەوە و نووسینی عەرەبی دەبێ. دەتوانێ پرۆڤە لەسەر وێنەکێشان و موزیکیش بکا، هەر زوو دایکی هەست دەکا کەوا کوڕەکەی چەشنەی وێنەکێشانی بەرزە و دەتوانێ ئەلبومێک لە وێنەکانی لیوناردۆ دافنشی لەبەر دەستی دابنێ، ئەویش بەو وێنانە زۆر سەرسام دەبێ و بەمەندییەوە لە دیاریان دادەنیشێ و بەڕامانێکی دوورودرێژ سەریان دەکا و، لەسەر ئەو ڕووداوە نووسیویەتی:

"من زووتر هیچ شاکارێکی لیوناردۆ دافنیشیم نەبینیوو، بۆیە زوو هەستم کرد ئەو نیگارانە دەچنە ناو گیانم و لەناو ڕۆحم دەمینێنەوە..."

کەسایەتیی دایکی کاردانەوەی لەسەر بوون و مەزنیی جوبران لە بەرجەستەبوونی کەسایەتییەکەی هەبووە، ئەوەش لە کتێبی باڵە شکاوەکاندا باسی کردووە:

"نازدارترین پەیڤ و دەربڕین، ئەو ڕستانەن لە دەمی دایک دەردەچن، جوانترین وشەش ئەوەیە، کە لەو ڕستەیەی کە بانگی دایکت دەکەی. دایە، وشەیەکی بچووکە بەڵام تژییە لە هیوا و ئەڤین و وەرچەرخان لەناو دڵی مرۆڤدا کە بەناسکی و شیرینی و تامەوە دەردەچێ. دایک لەو ژیانەدا هەموو شتە، دایکە کە لە خەم دەتشواتەوە، لە نائومێدییەکان دوورت دەخاتەوە، هێزە بۆ لاوازییەکان، کانییەکە لە ناز و وەفا و بەزەیی و لێبووردەیی، ئەوەی دایکی لە دەست بدا، ئەو سینگە لە دەست دەدا لە سەری پێ دەگا و دەستێک کە پیرۆزی دەکا و چاوێکی کوێر دەبێ کە پاسەوانیی دەکا..."

چەند ساڵێک جوبران بێهودە و بێ بەرنامە ژیان بەڕێدەکا، ڕۆژانە دایکوباوکیان شەڕیان بووە، وا هەست دەکا کەوا لە هەڵدێرێک بەربووەتەوە و کەس نییە نازی بکێشێ. ئەو لەسەر دەستی باوکە جرمانوس، زمانی عەرەبی و سریانی دەخوێنێ، لە قوتابخانەی بوشری سەرەتاییش خوێندنەوە و نووسین فێر دەبێ، هاوڕێیە نووسەرەکەی میخائیل نەعیمە دەگێڕێتەوە و دەڵێ:



جوبران خەلیل جوبران

"بەردەوام جوبرانی منالّ خەریک بوو بە پارچەیەک خەلّووز وێنە لەسەر دیوارەکانا بکێشێ، وێنە سەرەتاییەکانی ئەو بەو شێوەیە بوون، ڕۆژێکیان من چاوم لێ بوو، ئەو لە تەمەنی چوار ساڵییەوە پارچە کاغەزێکی لەناو خۆڵدا چەقاندبوو، بەو هیوایەی گەلا دەربکا و سەوز بێ. ئەو لە تەمەنی ١٠ ساڵییەوە لەناو بەردەلانەکانی کەندی قایشا دەکەوێ و شانی دەشکێ و ئەو ژانەش بەدرێژاییی ژیانی هاوشانی بووە."

خێزانەکەی جوبران ژان و نەهامەتییەکانیان بە دەستی باوکیانەوە زۆر بووە و بەردەوام ئازاریان هەبووە، خەمەکانی باوکیان بەوەش نەوەستا و، سەربازە عوسمانییەکان لە ساڵی ١٨٩١دا دەیگرن چونکە بەباشی سەرپەرشتیی کۆکردنەوەی باجەکان ناکا و بەدروستی ئیشەکە بەڕێوە نابا، بۆیەش تومەتباری دەکەن، هەموو سامانەکانی لەبن دەستی دەردەهێنن و ماڵەکەشیان لێ دەفرۆشن و خانووەکەشیان نامینێ، بەناچاری دەچنە گوندێکی تر و لەوێ لەلای خزمێکیان دەمینێنەوە، بۆیەش دایکەکە هەست دەکا باشترین بوار و ڕێگە بۆ دەربازبوون لەو مەرگەساتییە ئەوەیە کە بەرەو ئەمەریکا کۆچ بکەن، تا لەوێ ژیانێکی کامەران بۆ منداڵەکانی بدۆزێتەوە.

## کۆچکردن بەرەو ئەمەریکا

کە مێردەکەی دەگیرێ و ژنەکەش داماوانە بیر لەوە دەکاتەوە چۆن خۆی و هەر چوار منالّەکانی بژیێنێ، بیر لە کۆچکردن دەکاتەوە، بەلّام چۆن پارەی گەیشتن و بلیتەکان دابین بکا، بەناچاری ئەوەی لە ماڵەکەیان مابوو دەیفرۆشێ، دەچێتە خزمەتی قەشەیەک تا لەلای دەسەلاتدارانی ئەمەریکایی کارئاسانیی بۆ بکا تا بگاتە ئەمەریکا، بۆیەش خێزانەکە لەساڵی ١٨٩٥دا بەرەو جیهانە نوێیەکە بار دەکەن و دەگەنە شاری بۆستن. کە زووتر و بەر لە کۆچکردنەکە خەلیلی باوک لە زیندان ئازاد دەکرێ، داماوانە بیر لە بیرۆکەی کۆچکردنەکەی ژنەکە دەکاتەوە، بەلّام ناتوانێ بڕیاری خۆی بدا، بەلّام ژنەکە لەگەلّ منالّەکان دەڕوا و مێردەکەی بەتەنیا جێدەهێلّێ و کۆچ دەکا.

لە ڕۆژی ١٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٩٥، خێزانە داماوەکە لە ئالیس ئسلاند لە نیویۆرک دەگیرسێنەوە و لەوێیەوە دەچنە شاری بۆستن کە زۆرترینی ڕەوەندی لبنانی لە ئەمەریکا لەوێ دەژیان، هەر ئەو دەڤەرەش بوو کە پاشان دەبێتە مەلّبەندی گۆڕان و وەرچەرخانەکانی وەک شۆڕش و سەربەخۆیی و نەهێشتنی کۆیلایەتی و، سەربەستی و ئازادییەکانی ژنان و... خێزانەکە لەلای خێزانێکی ناسیاوی خۆیان کە زووتر لە گوندەکەیان، بوشری، هاتبوو دەگیرسێنەوە، بۆیەش دایکەکە هەست بە نامۆیی و تەنیایی ناکا، بەردەوامیش لەگەلّ هاوسێیەکانی بە زمانی عەرەبی قسەی کردووە و لەسەر دابونەریتی کۆنی لبنانیی خۆیان هەلّسوکەوتیان کردووە.

کۆمەلّە خێرخوازییەکان کۆشش دەکەن منداڵەکان بچنە بەر خوێندن، وەک نەریتی ئەودەمانە کیژەکان لە ماڵەوە دەمینێنەوە، ژنەکەش وەک دەستفرۆشێک لەناو شەقامەکانی بۆستن کار دەکا، ئەویش وەک زۆربەی ڕەوەندی دەڤەرەکە ئەو جۆرە ئیشانە دەکا بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان.

لەکاتی ناونووسیندا بەهەڵە ناوی جوبران لە جێی ناوی باوکی دەنووسن، بۆیە ناوی دەبێتە خەلیل جـوبران، ئەگـەرچی لە مـاڵەوە زۆر کـۆشش دەکـەن ئەو هەڵەیە چاک بکەنەوە و ناوەکـەی ڕاست بکەنـەوە بەڵام ناتوانن و ناوەکـەی هەر بـە هەڵە دەڕوات. ئیـتـر بە کـۆشـشی دایکیـان سـەبرسـەبر گـوزەرانی خێزانەکە باش دەبێ و برا گەورەکەی، پوترس، ئەوەی لە دایکیـەتی لە ئیش دەگـەڕێ، لە کۆگـەیەکی چنین کارێک دەدۆزێتەوە، ژنەکەش بە ئامێرێکی دەستیی بچووکـەوە کۆڵێک چـەرچـەف و بـەرگ و قوماشی ئاوریشمی سـووری لەشان دەکا و ماڵ بە ماڵ بۆ فرۆشتنیان دەسوڕێتەوە. ئینجا دوایی لە بەرگـدروویـیدا کـار دەکا و هـەردوو کـیـژەکـەشی سـولتـانـە و مـاریانا یـارمـەتیی دایکیـان دەدەن، کـە ژنەکـە دەتوانێ بڕێک پارە کـۆ بکاتەوە، پـارەکـە لـە دەسـتی پوترسی کـوڕی دەکـا تـا کۆگەیەکی بازرگانی بکاتەوە.

لەو دەمـانـەش مـامـۆسـتـاکانی جوبران هـەسـتـیـان بەوە کـردبوو کـەوا ئەو بەهرەکی ڕەسـەنی لە نیگارکێشـاندا هـەیە و زۆریش بە کارەکانی سـەرسـام دەبن، بۆیەش بەڕێوەبـەری قـوتابخـانەکە بە وێنەکێشی ناسـراو هولاند دای دەناسێنێ، کە وانەی تایبەتی پێشکێش بکا و بەوەش دەروازەکانی زانستی هـونەری لەبەر دەکرێتەوە و سـەردانی پێشـانگەکان دەکا و لەگەڵ ئەندامانی هـەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکە ئاوێتە دەبێ و هاموشۆیان دەکا، بەوەش نیگایەکی نوێی لەبەردەم دەکرێتەوە کە بۆ ئەو زۆر نوێ و تازە بووە.

ئیـتـر دایکەکە کـە دەبینـێ پوترسی کـوڕە گـەورەکـەی لەپێناوی خێـزانەکـەی کار دەکـا و ڕەنج دەکـێـشـێ بەزەیی پێ دێتـەوە، لەولاشـەوە جـوبران خـەریکی وێنەکـێـشـان و تاوانەوە بـووە لەناو خـەونەکانی و بەردەوام خەریکی خوێندنەوە دەبێ، بۆیە دایکەکە داوای لـێ دەکا یارمـەتیی براکـەی بدا، بـەڵام ئەو ڕاشکاوانـە داواکـەی دایکی ڕەتدەکـاتـەوە و بەڕوونی بـە دایکی دەڵێ یـەک پەنجـەی نیگارکێشێک هـەزار بازرگان دەهینێ، بەڵام نـەک پوترسی برای. هـەروەها دەڵێ دوو دێرە شیعریش هـەمـوو چنین و تـەونەکـانی ناو کـۆگـەکـانی جـیـهـان دەهێنێ. بۆیە کـوڕەکـە بەردەوام دەبـێ لە هاومشۆکردنی کۆمەڵە خێزخوازییەکە بۆ وەرگرتنی زۆرترین وانەی نیگارکێشان، لەوێ لە دنسیون هـاوس، هـەست دەکەن ئەو کوڕە بەهرەیەکی زۆری هـەیە و سـەرەنجی یاریدەرە کۆمەڵناسەکەیان کە ژنێکە بەناوی جسی ڕادەکێشێ و ئەویش بە یارمـەتیی هاوڕێیـەک کوڕەکە دەباتە لای فرد هولاند دای کـە سـەرپەرشـتـیی دەزگـەیەکی پەخشی دەکـرد لە بۆسـتن. دای لە ئاکار و شـێـوەی کەسـێکی خـۆرهـەڵاتـی دەگـەڕا، بۆیەش ئاکـارە سـووڕەکـەی و قـژە ڕەشـەکـەی و نیگایـە بەهیواکـانـی جـوبران دەبنە مایەی سـەرەنجی ئەو و بڕیار دەدا پۆشتەی بکەن و نازی بکێشێ و بە جیهـانی نیگارکێش و شاعیر ولیم بلیکی دەناسێنێ، کە جوبران جیـهانێکی ئەفسووناوی و بنیـاتگەریی تێدا دەدۆزێتەوە، کە زۆریش بە زاراوە و دەستەواژە شـیـعرییەکانی سـەرسام دەبێ و بـاش دەزانێ کەوا بەرهـەمـەکانی ئەو تژی و ئاوێتـەیە لە خـێـر و بەدکـاری و بـەهـەشت و دۆزەخـیش و ئاشـنایەتـیی زۆریش لەگـەڵ سـومبلّـەکانی دەکا. لەبـەر ئەوەی هێشتا جوبران بەتـەمـەن گچکە بووە بۆیە نەدەکرا لە هزری بلیک

باش شارەزا بێ، بەڵام زۆر لە بۆچوونەکانی لە ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگە و دەوڵەت تێدەگەیش، بە هزرەکانی ئەو سەبارەت بە یەکێتیی بوونەکەی ئەو سەرسام دەبێ، لەوێیەوە فێر دەبێ نیگارە سومبۆلییەکانی نیگارکێش و شاعیرە لەندەنییەکە وەردەگرێ... بە بیر و ڕێنماییەکان دای جوبران میتولوجیای یونانی دەناسێ، ئەدەبی جیهانی و هونەرەکانی هاوچەرخی نووسین و فۆتۆگراف دەناسێ. ئەو بە جوبران دەڵێ پێویستە تۆ هەموو جۆرەکانی هونەر تاقی بکەیتەوە و بەوەش دەتوانی شێوازی تایبەت بە خۆت بدۆزیتەوە، هەر ئەویش یارمەتیی دەدا یەکێک لە تابلۆکانی بفرۆشێتە خانەیەکی پەخش و بڵاوکردنەوە و بکرێتە بەرگی کتێب، چونکە دای هەستی کردبوو کەوا جوبران بوویتە خاوەن سیما و خەسڵەتی تایبەتی خۆی و بەوەش جوبران لە سالۆنەکانی بۆستنی ئەدەبی و هونەریدا دەناسرێ.

## گەڕانەوە بۆ لبنان

دایکی جوبران و هەموو ئەندامەکانی تری خێزانەکەیان هەست دەکەن دەرکەوتنی خێرا و زۆری بەهرەکانی جوبران وا بەخێرایی ڕەنگە کاردانەوەی نەگەتیڤی هەبێ، هەروەها هەست بەوەش دەکەن کەوا سەردانی جوبران و مانەوەی ئەو لەلای دای باش نییە چونکە ناوبانگەکەی باش نییە و نارەحەتیان دەکا، بۆیەش ئەوە بەباش دەزانن کەوا جوبران بگەڕێتەوە لبنان لەوێ زمانی عەرەبی باش فێربێ.

لە هەمووشی ناخۆشترین کە جوبران حەز لە ژنە بازرگانێکی تەمەن ٣٠ ساڵی دەکا و زۆر لە مااڵەوە دوورەدەکەوێتەوە و شەوانەش درەنگ دەگەڕێتەوە، پێش ئەو ژنەش شەیدای ژنێکی تر بووبوو... بۆیە مااڵەوەیان بیر لەوە دەکەنەوە کوڕە هەرزەکارەکەیان بگەڕێتەوە لبنان، جوبرانیش لەسەر گەڕانەوەی ئەو بۆ لبنان دوودڵ و نارەزا نابێ، کە هێشتا ئەو زمانە ئینگلیزییەکەی باش نەبووبوو، بەڵام عەرەبییەکەشی بەرەو لەبیرچوونە دەچوو. ئەو لە ڕۆژی ٣٠ی نیسانی ساڵی ١٨٩٣دا دەگەڕێتەوە لبنان، لەناو هەگبە و باری گەڕانەوەکەیدا ئەو کتێبانەش دەدۆزرێتەوە، لەوانە ئەنانجلیەکان و کتێبی تۆماس بلقنیتش لەسەر میتولۆجیا کە جوبرانی لاو دراماى بروميسيوسى تێدا دەدۆزێتەوە و هەروەها کتێبی پێغمبەری فارسەکان زەردەشت و فەلسەفەکانی فیتارگۆرس و ئەفسانە هیندییەکان و... کە جوبران دەگاتە لبنان زۆر بەپەلە دەگاتەوە گوندەکەیان بوشری و، لەوێ باوکی لە ئامێز دەگرێتەوە، ئینجا خزم و برادەرەکان بۆ دیتنی کوڕە ئەمەریکاییەکە سەردانی دەکەن، لەوانە شاعیر و دکتۆر سەلیم ئەلزاهیر کە ئامۆژگاریی دەکا وانەکان لە کۆلیجی دۆلا ساگیس تەواو بکا، لەوێ ماوەی سێ ساڵ دەمێنێتەوە، ئەگەرچی زمانە عەرەبییە پەتییەکەی باشیش نەبوو بەڵام لە پۆلە باڵاکەدا وەردەگیرێ و ئەوانەی تاقیی دەکەنەوە بە هەموو مەرجەکانی ئەو ڕازی دەبن و بە زیرەکی و کەسایەتییە بەهێزەکەی سەرسام دەبن، لەوانە شاعیر و نووسەری دراما یوسف حەداد کە دوایی بەیەکەوە گەنجینەکانی زمانی عەرەبی و دەقە مەزنەکان دەدۆزنەوە و

هەوالنامەی کتێب

فێری زمانی فەرەنسیش دەبێ و دەست دەکا بە خوێندنەوەی ئەدەبەکەشی. جوبران دیسپلینی قوتابخانەکەی باش لەبیر دەمینێ، کە زۆریش گوێ لە ڕێنوێنیی مامۆستاکانی ڕاناگرێ، بەڵام کەمتر لە خوێندکارەکان لەسەر ئەو ڕەوشتە دارکاری کراوە، چونکە لە خوێندنا زۆر گەرم و بەجۆش بووە. ئەو لەناو پۆلەکەدا بەردەوام بە خەیاڵ دەڕۆیشت و خەریکی وێنەکێشان دەبوو، وێنەی کاریکاتێری مامۆستاکانیش دەکا و وێنەکانیش لەبن دەفتەر و کتێبەکانی دەشارێتەوە. ئەو لە دیدی هاوپۆلەکانی کەسێکی سەیر و نامۆ دیاربوو، قژ درێژ و قبووڵی نەبوو قژی کورت بکاتەوە و هەڵوێست و نیگاکانی لەگەڵ خەڵکەکە دیار و نوێ بوون. لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٠دا، واتە لەگەڵ دەرکەوتنی سەدە نوێیەکە، جوبران یوسف ئەلحویک دەناسێ، بەیەکەوە کۆواری ئەلمەنارە دەردەکەن، ئەگەرچی بەیەکەوە کۆوارەکە دەردەکەن بەڵام جوبران تەنیا وێنەکانی ناو کۆوارەکە دەکێشێ. هەتا جوبران هەموو وانەکانی لە عەرەبی و فەرەنسی و شیعر تەواو دەکا، بەیەکەوە لەو کۆوارە کار دەکەن، لە ساڵی ١٩٠٢ یەکێک لە شیعرەکانی دەستنیشان دەکرێ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ڕێزلێنان، ئەو زۆریش پەرۆشی ئەو ڕێزلێنانە بووە، چونکە دیاربوو کەوا ئەو لە شیعرا یەکەمی سەر هەموو قوتابییەکان بووە.

## گەڕانەوەی بۆ ئەمەریکا و ڕووبەڕووبونەوەی نەهامەتییەکان

هەواڵی نەخۆشکەوتنی یەکێک لە ئەندامی خێزانەکەی پێ دەگات، لەودەمانەش پێوەندییەکانی لەگەڵ باوکی زۆر ناخۆش بوو، بۆیە بڕیار دەدا لە لبنانەوە بەرەو ئەمەریکا بەڕێ بکەوێتەوە و بچێتەوە بۆستن، بەڵام کە دەگاتەوە، تازە سولتانەی خوشکی مردبوو، پاش سێ مانگیش دایکی بۆ چارەسەرکردنی لە تەشەنەکردنی چەند شانەیەکی کانسەر و نەشتەرگەری دەچێتە نەخۆشخانە. لەودەمانەش پوترسی برای واز لە کۆگا بازرگانییەکەی دەهێنێ و سەفەری کوبا دەکا، بۆیە دەبێ جوبران باری گرانی ئابووری و تەندروستیی مامۆەیان بگرێتە ئەستۆ، نەهامەتییەکانیش زۆر دەبوون و باریان قورس بوون، بۆیە ئەو بەرگەی نەدەگرت. کە پوترسی براشی لە کوبا دەگەڕێتەوە بە نەخۆشی سیلی کوشندە نەخۆش بوو، بۆیە زۆر ناخایەنێ لە ڕۆژی ١٢ی ئاداری ساڵی ١٩٠٣دا دەمرێ، هەمان ساڵیش لە ڕۆژی ٨٢ی حوزەیراندا لەبەر سەرنەکەوتنی نەشتەرگەرییەکەی دایکی ئەویش دەمرێ.

لەگەڵ کێشە و ناخۆشییەکانی ناو خێزانەکەی، جوبران کێشەی تری هەبوو، ئەو تەنیا لە ڕۆژنامەی ئەلموهاجری عەرەبی کە لە ئەمەریکا دەردەچوو وتاری بە زمانی عەرەبی دەنووسی، کە خوێنەرەکانی زۆر کەم بوون، بۆیە ئەو مەبەستی بوو زۆرتر بە ئینگلیزی بنووسێ، بەڵام زمانە ئینگلیزییەکەی زۆر پێرفێکت نەبوو، ئەوەش بۆ ئەو کێشەیەکی تر بوو. ئیتر زمانە ئینگلیزییەکەی زۆر لاواز بوو، ئەویش لە خەفەتی نەخۆشەکانی مامۆەوە، زۆرتر لە دەرەوە بووە و لە ترسی مردن و ژانەکان ڕایدەکرد، لەگەڵ ئەو کێشەی کە پێوەندیی سۆزداریان هەبووە، یارمەتیی دەدا ئەویش

بەنیازی شووکردن بوو، بۆیەش جوزیڤین بیبادی دەسەڵاتی کۆمەکی ئەوی نەمابوو، جاروبار هەندێ بابەتی ڕەخنەیی بۆ ڕاستەکردەوە و تاقەتی ئەوی نەدەما، نیگارکێشە هاوڕێیەکەی هولاند داییش تەنیا دەیتوانی کەم کەمە لە بواره هونەرییەکە یارمەتیی بدا، ئەویش تاقەتی بواره ئەدەبییەکەی نەبوو، ئەوانە هەموو کێشە و گرفت تەنگیان بەو هەڵچنیبوو.

لە سەرەتای سەتەی بیستەمدا، شاری بۆستن بە ئەتینای ئەمەریکا ناوی دەهات و بووبووە مەڵبەندێکی زیندووی هونەرمەندان و کەسە بەهرەدارەکان، لەوانە ژمارەیەکیان مەبەستیان بوو لەناو گۆشەی مادییەت دەربازیان ببێ و بە چەندان شێوازی هونەری و دۆزینەوە میتۆلۆجیا و شارستانیەتی خۆرهەڵات و زانستە ڕۆحییەکان لە دەربازبوون دەگەڕان. لە کۆمەڵگەی بۆستندا بزاڤەکانی سۆفیزم گەشەیان کرد، بۆیە جوبران دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو بزاڤانە، لەوانە حیکمەتی خودایی، ئەوەی ئورستقراتی ڕووسی هیلینا پتروفنا بلافانسکی کە لەساڵی ١٨٧٥دا لەبەر ڕۆشناییی کولتووری هیند و تیبت دایمەزراندبوو، کۆشش دەکەن بۆ بوژاندنەوەی بودییەت و هیندوسیەت، ئەوانە سەبر سەبر بوار و زەوینەی گەشە و پەیدابوونی ژینگەی سۆفیزم دەخوڵقێنن.

لەساڵی ١٩٠٤دا، دای پێشنیاز دەکا جوبران تابلۆییەکان نمایش بکا، ئەویش لەبەر ڕۆشناییی کەوتنە بەر کاریگەریی جیهانی ولیم بلیک، چەند تابلۆیەکی ڕەمزی لە ماوەی چوار مانگدا ئامادە دەکا، تابلۆکان دەبێتە مایەی نیگا و سەرنجی کەسە فزوولییەکان و کەمترین کەسانی کرپار و زۆر لە ڕەخنەگرەکان باسی دەکەن. لەوێ جوبران بە ژنێکی ناسیاری خۆی دەناسێنێ بەناوی ماری هاسکل، بەوەش هەنگاوێکی نوێ لە ژیانی جوبران خەلیل جوبران دەست پێ دەکا. ماری هاسکل لەڕووی کەسایەتییەوە ژنێکی سەربەخۆ بوو و تا ساڵیش لە جوبران گەورەتر بوو، پاش ئەو دیمانەیە کاریگەریی زۆر لەسەر ژیانی جوبران دادەنێ. کە ژنەکە بابەتەکانی ئەو دەخوێنێتەوە، هەست دەکا جوبران بە زمانی عەرەبی دەنووسێ، ئینجا نووسینەکە دەکاتەوە ئینگلیزی، بۆیەش ژنەکە کار دەکا جوبران ڕاستەوخۆ بە ئینگلیزی بنووسێ.

جوبران نووسینەکانی بە زمانی عەرەبی بڵاودەکاتەوە و دوایی بە شێوەی کتێبی گەورە چاپیان دەکاتەوە، هاوکاتیش پرۆژەی لەسەر نووسینی ئینگلیزیش دەکرد. لەو دەمانەدا جوبران بیردەکاتەوە سەرچاوەیەکی تر بێجگە لە وێنەکێشان بۆ ژیان بدۆزێتەوە، کە دەزانێ کورێکی لبنانی بەناوی ئەمین غەریب ڕۆژنامەیەک بەناوی ئەلموهاجر لە نیویۆرک دەردەکا، لەو نێزیک دەکەوێتەوە و وێنەکانی نیشان دەدا و نووسینەکانی بۆ دەخوێنێتەوە و شیعرەکانی نیشان دەدا، غەریب جوبران بە دوو دۆلار هەفتانە لەلای خۆی دادەمەزرێنێ. ئیتر یەکەم وتاری لە ئەلموهاجر بەناوی (ڕۆیە) کە دەقێکی ئاوازدار بوو بڵاو دەکاتەوە، کە تێیدا نووسیبوی: دڵی مرۆڤ دیلی مادەیە و قوربانیی یاساکانی سەردەمە. لە ڕۆژی ١٢ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٤، پێشانگەکەی دای ئاگر دەگرێ و هەموو شتەکانی ناوی دەسووتێن، کە تابلۆکانی جوبرانیشی تێدا بووە، ئەوەش لە ژیانی جوبران ڕووداوێکی تری تراجیدیایی بووە، کە دوو ساڵ بوو نەهامەتییەکان ڕوویان تێی دەکرد،

بۆیە جوبران پاش ئەو ڕووداوە زۆرتر ڕوو لە نووسین دەکا نەک وێنەکێشان، گۆشەیەکی بەناوی (هزرەکان) دوایی ناونیشانەکەی بە (ئەسرین و زەردەخەنە) دەگۆڕێ، کە تێدا باس لە خۆشەویستی و جوانی و گەنجیەتی و حیکمەت دەکا و ڕۆژنامەی ئەلموهاجریش کتێبێکی بەناوی موزیک بۆ بڵاو دەکاتەوە.

## پاریس و سەردەمێکی نوێ

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، شاری پاریس خەونی هەموو هونەرمەندانی جیهان بووە، کە ئەویش دەگاتە ئەو شارە، پاش ماوەیەکی کەم لە مونبارناس دەبێ و دوایی دەچێتە ناو ئەکادیمیای ژوولیان، کە یەکێکە لە ناسراوترین ئەکادیمیاکانی پاریس کە هونەرمەندانی وەک ماتیس و بونار و لیجییە لێ دەرچوونە، ماوەیەک وەک خوێندکارێکی گوێڕاگر لە کۆلیجی هونەرە جوانەکان دەمینێتەوە، لەو کاتانەی دەست بەتاڵ بووە لەسەر کەناری ڕووباری سین و کۆڵانە کۆنەکانی پاریس پیاسەی کردووە، پاش ئەوەی لە پاریسی شاری ڕووناکی دەڕوا، لە نامەیەکدا بۆ یوسف ئەلحویکی هاوڕێی کە ماوەی دوو ساڵ لەوێ بەیەکەوە ژیاون نووسیبوو:

هەموو ئێوارەیەک ڕۆحم دەگەڕێتەوە پاریس و لەناو ماڵەکاندا ون دەبێ. هەموو بەیانییەکیش کە لە خەو بەئاگا دێم، بیر لەو هەوارانە دەکەمەوە کە بەیەکەوە لەناو پەرستگەکانی هونەر و جیهانی خەونەکان بەسەرمان بردبوو...

جوبران ناتوانێ ماوەیەکی زۆر لە ئاکادیمیای ژوولیان بمینێتەوە، چونکە هەست دەکا ئامۆژگاریی مامۆستاکانی شتی نوێیان پێ نەبوو و شێوازەکانی ئەوانیش ناتوانن ڕۆحی ڕۆمانسی جوبران تژی بکەن، ئەو لە سەرەتای شوباتی ساڵ ١٩٠٩ مامۆستایەکی نوێ دەدۆزێتەوە ئەویش پییر مارسیل بیرونو بوو، کە نیگارکێش و هونەرمەندێکی نازدار و سۆفیگەرێکی دیار بووە، ئەوەش بە پێناسەی جوبران خۆی. بەڵام جوبران ئەو مامۆستایەش جێدەهێڵێ و بە گوێی مامۆستایە فڕەنسییەکە ناکا تا فەرهەنگی وێنەکێشانەکە تەواو بکا، چونکە ئەو کەسێکی تەنگاو بوو دەیویست بەخێرایی هەموو هەنگاو و کاروانەکان دەرباز بکا و بگاتە هەموو سەرچاوەکانی زانست و زانیاری. ئەو سەردانی ئاکادیمیای کولاروسی تایبەت بە وێنەکردن لەسەر مۆدیل و لەبەرکردنەوە دەکا، لەوێش هونەرمەندانی بێگانە زۆر هاموشۆیان دەکرد، بەڵام جوبران زۆرتر حەزی دەکرد بەتەنیا لە گەلەریەکەی خۆیدا ئیش بکا، سەردانی مۆزە هونەرییەکان بکا، وەک مۆزەی لۆڤەر کە ماوەگەی زۆر لەناو سالۆنەکانی دەمایەوە، لەوێش هەندێ وانەی بە خوێندکاران داوەتەوە. لەو دەمانەشدا ڕوو لە پرۆژەیەکی ئارەزوومەندانە دەکا و خەریکی وێنەکردنی پۆرترێت دەبێ، بەبێ ئەوەی زانیارییەکی هەبێ کەوا ئەوانەی دیوە یان نا و وێنەی کردوون، لەوانە پەیکەرتاشی ئەمریکی برتلیت. لەو دەمانەدا جوبران باوکی دەمرێ و بۆ میری هاسکلی نووسیبوو:

باوکم لە دەست دا ئەویش مرد، لەناو کۆنە خانووەکەدا مرد، کە تێیدا پێش ٥٦ ساڵ لەدایک

بووە، هاوڕێیەکانی بۆیان نووسیبووم کەوا بەر لە گیان دەرچوونی موبارەکەی منی کردبوو، کە باوکم و دایکم و پوترس و سولتانەی خوشکم نەمان، تەنیا سێبەری خەمگینەکانی ڕۆژەکانی ڕابردووم لێوە دیارە و بەس، کە جاران ئەوانە بەڕووی خۆردا بزەیان دەهاتێ...

جوبران کەسێکی بەگومان بوو، ئارەزوومەند بوو، میسالی بوو، بڕوای وا بوو دەیتوانی هەموو جیهان بەڕێوە ببا، ئەو بە هزرەکان و بیردۆزەکانی لەسەر هونەر و سرووشت هەموو خەڵکەکەی دەستەمۆ کردبوو... ئەو کەسێکی نیگەرانیش بوو، زۆریش جگەرەی دەکێشا و بەردەوامیش دەیخوێندەوە و بەردەوام بەرهەمەکانی جید و ڕیلکە و تۆلستۆی و نیتشەی دەخوێندەوە، کە دەقە عەرەبییەکانی پێناسەی خەڵکەکەی چواردەورەی خۆی بە کەسانی دڵتەنگ و پەراوێز کردووە. لەو سالانەدا بوو کە ژمارەیەک لە سووری و لبنانی لەوانەی بانگی ئازادی و سەربەخۆیی و مافی چارەخۆنووسینیان دەدا سەردانی پاریس دەکەن، ئەوانە داواکاربوون لەبن دەستەڵاتی عوسمانییەکان ڕزگاریان بێ و وڵاتانی عەرەبی سەربەخۆیی ڕابگەیێنن، جوبران سەردانی ئەو کەسانە دەکا و لە هزری ئەوانەوە فێر دەبێ داوای مافە سیاسییەکانی عەرەبی بن قەڵەمڕەوی عوسمانییەکان بکا، داواکاریش بووە زمانی عەرەبی وەک زمانێکی فەرمی بناسرێ و داواکار بووە عوسمانییەکان دان بەو زمانەدا بنێن و لەگەڵ شۆڕش و سەرهەڵدانیش بوو بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی.

ئەو پەرۆشی ئەوە بوو زوو و زۆر هونەرەکەی بناسرێ و بگاتە هەموو پێشانگەکانی پاریس کە سالانە دەکرانەوە، کە تابلۆی پایزەکەی نمایش دەکا و (رودان)ی مەزن چاوی بە تابلۆکە دەکەوێ و هونەرمەندە فڕەنسییەکە بە تابلۆکە سەرسام دەبێ و پێناسەی دەکا و ماوەیەک لەدیاری دەوەستێ و، سەری بۆ دەهەژێنێ و چەند جارێک سەردانی دەکاتەوە. کە بەرەسمی لە پێشانگەی ناودەوڵەتیی هونەرە جوانەکاندا داوەت دەکرێ، ئەو بەباشی خۆی بۆ ئەو نمایشە ساز دەکا، بەڵام جێگیرنەبوون و بێ هەواری، ماندوو و هەراسانی دەکا، بۆیە لە پاریس دەڕوا و بوار سازنابێ جارێکی تر بگەڕێتەوە شاری جوانی و هونەرەکان، نەک نەگەڕاوەتەوە پاریس، ئەو نەگەڕاوەتەوە زێدی خۆشی و بواریشی نابێ سەردانی ئیتاڵیاش بکا، کە زۆر خەونی بەوەوە بینیوە.

ماوەتی

* سامی ئەلفقی بۆ ڕۆژنامەی ئیتحادی ئیماراتی ئەم وتارەی ئامادەی کردووە و لەم سەرچاوانە سوودی وەرگرتووە:

http://www.arabworldbooks.com.authors/gibran/htm

ترجمة: محمد الدنيا "خليل جبران، مؤلف النبي"، بالفرنسية، تأليف ألكسندر نجار، دار نشر "بيغماليون" /باريس – فرنسا، أيلول/ سبتمبر ٢٠٠٢ (الكتاب غير معرب)

Khalil Gibran, L`auteur du prohète, par Alexandre Najjar, Edition Pygmalion, Paris, septembre 2002

# تەلەفوونە دەستییەکانمان
# لە کۆنگۆ شەڕ بەڕێوە دەبەن

یورگن تسیمەرەر

### کاتێک سامانە سروشتییەکان دەبنە لەعنەت و نەگبەتی بۆ وڵاتێک

لە کۆنگۆ میلیشا سەربازییە پیاوکوژەکان بەناو تەواوی وڵاتدا خەریکی کوشتن و بڕینن، لەکاتێکدا کە دەوڵەت بەتەواوەتی ڕووخاوە و نەماوە. دیارە ئەمەریکا و ئەورووپا لەپێش هەموو کەسێکەوە، تاوانباری سەرەکین لە دروستبوونی ئەم ئاڵۆزاوە و شەڕەنگێزییە لەم وڵاتەدا.

گەر ئێوە ئەم وتارەی من لە سەر تەلەفوونی iPad یان لەسەر Notebook بخوێننەوە، گەر ئێوە لە ڕێگەی تەلەفوونە دەستییەکانتانەوە، ئەم وتارە بۆ هاوڕێیەک یان دۆستێکتان باس بکەن، یان گەر ئێوە لە ئێوارەدا لەناو هۆڵێکی یاریی ئەلکترۆنیدا کات بەسەر بەرن، ئەوا ئێوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کوشتن و تووندوتیژی لە وڵاتی کۆنگۆدا بەشدارن. جێگەی گوتنە کۆنگۆ دووەمین گەورەترین وڵاتی ئەفریکایە[1].

لەگەڵ کڕینی هەر یەک لەو ئامێرانەی کە لەسەرەوە باسم کردن، ئێوە بەشداری لە خوێناویترین و دڕندەترین شەڕدا دەکەن، کە هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامە. ئێوە بە کڕینی ئەم ئامێرانە، یارمەتیی شەڕگەلێک دەدەن کە لەڕووی سەربازییەوە پێیان دەڵێن (شەڕی بچووک)، هەموو ئەم ئامێرانە بەرپرسن لەم شەڕەدا.

هەموو ئەم ئامێرانە لە ماددەی کۆلتان[2] (Coltan) دروست دەکرێن، ئەم ماددەیەش بە ڕێژەیەکی زۆر لە وڵاتی کۆنگۆدا هەیە. کەواتە دەتوانین بڵێین هەموو جیهان پشت بە کانە مینەکانی کۆنگۆ دەبەستێ، بۆ ئەوەی ئەم ئامێرانەی دەستبکەوێ. بەم شێوەیە سامانە سروشتییەکان بوونەتە لەعنەت و نەگبەتییەکی گەورە بۆ ئەم وڵاتەی کە دەکەوێتە ناوەڕاستی کیشوەری ئەفریکاوە.

---

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا

## پێنج ملیۆن کوژراو لە کۆنگۆ

کانە گەورەکانی هەرێمی (Kivu کیڤو) کە دەکەوێتە باکوری ڕۆهەڵاتی کۆنگۆ، لەلایەن (لۆردەکانی جەنگەوە[3]) بەدڕندانەترین شێوە تاڵان دەکرێ و دەدزرێ. لەم ناوچەیەدا میلیشیاکان بە شێوەیەکی دڕندانە خەڵکی سیڤیلی ناوچەکە تیرۆر دەکەن و حوکمێکی تیرۆریستانەیان بەسەر ئەم ناوچەیەدا سەپاندووە. زۆر جاریش ئەم میلیشیایانە لەلایەن منداڵە سەربازەکانەوە[4] پێک دەهێنرێن. ئەم ماددەیەش بەڕێگەی قاچاخ لەڕێگەی هەردوو وڵاتی (ئۆگەندا وڕاوەنداوە) دەنێردرێتە دەرەوە و بازرگانیی پێوە دەکەن.

کوشتن و پەلامارداران و دەستدرێژیکردن لەناوچەی کیڤۆ بووەتە شتێکی ڕۆژانە و شتێکی ڕۆتینی. دەوڵەتی ناوەندی کۆنگۆلی، هەروەک هەموو شوێنەکانی تری وڵات، لێرەش هیچ بوونێکی نییە. دووەمین شەڕی کۆنگۆ کە لەنێوان ساڵانی (١٩٩٨ تا ٢٠٠٣) بەردەوام بوو، تێیدا شەش وڵاتی ئەفریکا، شەڕی خۆیان لەم وڵاتەدا دەکرد و کۆنگۆش بووبووە مەیدانی شەڕی تەماعکاریی ئەم وڵاتانە. لەم شەڕەدا پێنج ملیۆن کۆنگۆلی بوونە قوربانی و ئەو تۆزە دەزگە حکوومەتییانەش کە مابوون، لەم شەڕەدا ئەوانیش لەناوچوون و خاپوورکران.

پێشتر لە کاتی جەنگەکەدا، وا مەزندە دەکرێ کە نێزیکەی دوو ملیۆن خەڵکی سیڤیل، لەترسی چەتەگەریی ملیشیا سەربازییەکان، بەرەو جەنگەڵ و دارستانە گەورەکان ڕایان کردبێ. لەپاش ١٣٠ ساڵ لە دروستکردنی یەکەمین دەوڵەتی کۆڵۆنیایی لەم وڵاتەدا، وا دەردەکەوێ هەموو سیمایەکی دەوڵەتی ئەوروپیی لەناوچووبێ. هەموو شتێک وەکو جارانی لێهاتەوە.

## سەرهەڵدانی کارەساتی بچووک و گەورە

"هەموویان بە ڕووتی بەناو دارستانەکاندا بە دوای خۆراکدا دەگەڕێن، ڕێک وەکو ئەوەی کە لە ساڵانی ١٨٧٠دا بژین، تاکە جیاوازی ئەوەیە، کە ئەمڕۆ ئەوان دەزانن کە بەم شێوەیە شەرمەزاریەکی گەورەیە."

ڕۆژنامەنووس و مێژوونوسی بەلجیکی داڤید ڤان ڕیبرۆک David van Reybrouck بەم شێوەیە ئەو خەڵکەی بینی و لەبارەیانەوە بەم شێوەیە نووسیویەتی: لەڕاستیدا ناتوانین بەتەواوەتی لە تراجیدیاکانی کۆنگۆ تێبگەین، کە تێیدا ئەفریکا و ئەوروپا لەم تراجیدیایەدا بەشدارن. دیارە مێژووی کۆڵۆنیالیزمی ئەوروپی کاریگەریی خراپی بەسەر ئەم وڵاتەوە هەیە و ئەم مەسەلەیەش جێگای قسەوباسێکی گەورەیە و، زۆر جاریش باس لە بەرپرسیارێتیی مێژوویی دەکرێ.

بەڵام لە حاڵەتی کۆنگۆدا، تەنیا باسی بەشێکی ئەم تراجیدیایە دەکرێ. زۆر جاریش کە باس لە بەرپرسیارێتی لە تراجیدیا و ئازارەکانی کۆنگۆ دەکرێ، تەنیا بەرپرسیارێتییەکە دەخرێتە سەر شانی خەڵکەکە و ئەوان بە بەرپرسیار دادەنێن. دیارە ئەم جۆرە تێڕوانین و دنیابینینە ڕاست نییە،

لەکاتێکدا کە گەلی کۆنگۆلی هەموو مافێکی دەنگدانی لەدەستداوە، ئەمەش یەکێکە لەو هەوڵانەی کە کتێبەکەی داڤید ڤان ڕەیبرۆک داویەتی، بەڵام ڕاستیی مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە.

"Kongo Eine Geschichte" ئەمە ناوی کتێبەکەی داڤیدە، ئەمەش لەڕاستیدا مێژووی ئەوانەیە کە بێ زمان و بێ ناون. ئەو دێ باسی مێژووی ئەوان دەکا، خۆی دەخاتە ناو چەند گرێیەکی ئاڵۆزی مێژووییەوە. بەم شێوەیە ئەو نەیتوانی بە شێوەیەکی ڕژد، وێنەی کارەساتەکانی کۆنگۆ، گەورەبێ یان بچووک باس بکا، بەبێ ئەوەی کە بەهیچ شێوەیەکیش وێنەیەکی Apok-alypseی[5] پێ پیشان نەداوین. بەم شێوەیە حوکمی بێ هیوابوونی ئەفریکانییەکانی داوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە ڕاست نییە و ڕاستییەکان پێچەوانەی ئەمەن.

## ڕاوکردنی لاستیک

لێرەدا زەخرەفەیەک دەردەکەوێ، کە زۆر جار لە چاویلکەدا تەنیا ڕەنگی ڕەش و سپی دەردەکەوێ. لەبەرئەوە هەموو کاتێک وڵاتی کۆنگۆ لەڕووی ئابووری، سیاسی و مۆراڵییەوە وڵاتێکی کێشەدار بووە، هەروەک ئەمرۆش ئەوروپییەکان ئاوا دەیبینن.

ساڵی ١٨٨٥ ئەم وڵاتە وەکو کۆلۆنیایەکی تایبەتی مەلیکی بەلجیکا Leopolds II لیۆپۆلدی دووەم ڕاگەیەنرا. یارمەتیدەرەکانی ئەم مەلیکە توانییان ئیمپراتۆریەتێکی لە ئەفریکا بۆ دابمەزرێنن، کە ٧٥ جار لە وڵاتەکەی خۆی لە ئەوروپادا گەورەتر بوو. ئەوان دڕندەترین و نامرۆڤانەترین ڕێژیمییان لە ناوەڕاستی ئەفریکادا دامەزراند. وا مەزندە دەکرێ کە نێزیکەی ١٠ ملیۆن کەس بوونەتە قوربانی گەڕان بە دوای ماددەی لاستیکدا لەم وڵاتەدا.

ساڵی ١٩٠٨ دەبوایە بەلجیکییەکان بەرپرسیارێتی لەبەرامبەر کۆلۆنیا تایبەتییەکەی مەلیکەکەیان وەربگرن، ئەم بەرپرسیارێتییەش تا چەند ساڵی تر بەردەوام بوو. هەرچەندە ساڵی ١٩٦٠ بەشێوازێکی تراجیدی ئەم وڵاتە سەربەخۆیی لە بەلجیکا وەرگرت، هەر دوای چەند مانگێک لە سەربەخۆبوون سەرۆک وەزیرانی ناودار و بەتوانای کۆنگۆلی (Patrice Lumumba پاتریک لومومبا) تیرۆر کرا. لومومبا پاش دوو مانگ لە دەستبەکاربوونی لە ساڵی ١٩٦١ تیرۆر کرا[6] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پاش سەربەخۆبوونی کۆنگۆ بە شێوەیەکی خێرا ئابووریی وڵات گەشەیەکەی گەورەی بەخۆوە بینی.

## دوێلی نێوان عەلی و فۆرمان

لە کۆتاییی ساڵانی شەستەکانی سەدەی پێشوودا، لە کینشاسا (پێتەختی کۆنگۆ)دا، چینێکی ناڤینی ئەفریکاییی بەهێز هەبوو. دیارە ڕاستە ئابووریی وڵات زۆر سوودمەند نەبوو لە سامانی سروشتیی ئەم وڵاتە، هەروەک داڤید ڤان ڕەیبرۆک دەڵێ. هەروەها نەشیانتوانی سوود لەو ژێرخانە ئابووریە وەربگرن کە پێشتر دەسەڵاتدارانی کۆلۆنیالیزمی بەلجیکی دروستیان کردبوو، هەروەها

بە شێوەیەکی باشیش نەیانتوانی سوود لەو سامانە سروشتییەی ئەم وڵاتە وەربگرن.

بەهێزترین پیاوی زائیر، پێشتر ئەمە ناوی کۆنگۆ بوو، Joseph Mobutu Seso Seko جۆزێف مۆبوتو سیسیکۆ، ساڵی ١٩٧٤ میواندارییەردوو پاڵەوانی بۆکسێن بۆ کێشی قورس (جۆرج فۆرمان و محەمەد عەلی کلای)ی کرد. جێگای گوتنە ئەم دوێلەش بە یەکێک لە گەورەترین یارییە وەرزشییە مەزنەکانی سەدەی بیستەم دێتە ژمارەن.

## مۆبوتو وڵات بەرەو وێرانبوون دەبات

کاتێک ئەم یارییە مەزنە کە ناوی (Rumble in the Jungle)یان لێنا، لە سەر زەویی ئەفریکاوە ئەنجامدرا و لەوێشەوە بۆ هەموو جیهان پەخشکرا، نیشانەیەکی گەورەبوو بۆ هەموو ئەفریکاییەکان، کە گوزارشتی لە ڕۆحی سەربەخۆبوون و باوەڕبوون بە خۆیانی دەگەیاند. لەپاش سەربەخۆبوون لە ساڵی ١٩٦٠ (کە بە ساڵی سەربەخۆبوونی ئەفریکا) دادەنرێ، لەپاش ساڵی ١٩٦٠ لەم کیشوەرەدا ١٨ وڵات دروستبوون. زائیریش لەپاش شەش ساڵ لە سەربەخۆبوونی، ئەویش وەکو هەموو وڵاتانی ئەفریکا، ئابووریەکەی گەشەیەکی زۆر کەمی بەخۆوە بینی.

با جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ شتە سیمبۆلییەکان، بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی وەکو زائیر کە وردە وردە هەنگاوی بەرەو نەمان و وێرانبوون دەنا. ئەو بڕە پارەیەی کە ئەم دوێلە داوای دەکرد، چ لە ئەمەریکا وچ لە ئەوروپادا، هیچ کەسێک ئامادە نەبوو بیدا، کە ئەم یارییە داوای ژمارەیەکی ئێجگار ئاستروٚنۆمیی دەکرد کە خۆی دەدا لە ١٠ ملیۆن دۆلار. کەس ئامادە نەبوو لە جیهاندا ئەم بڕە پارەیە بدا، مۆبوتو نەبێ.

لەم کاتە بەدواوە، مۆبوتو هەوڵی دا بەشێوەیەکی بەهێز، هەموو سامانی سروشتیی کۆنگۆ بۆ دەوڵەمەندبوونی خۆی بەکاربهێنێ. ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکەی کە بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵی خایاند، ئەم وڵاتەی بەرەو نووچدان و وێرانبوون برد، کە ژمارەیەکی بێ شومار بوونە قوربانی سیاسەتەکانی ئەم و ئەوانەی کە لەپاش خۆی بوونە حوکمڕانی ئەم وڵاتە.

## ئەمەریکا و ئەوروپا بەرپرسن

ئەم ڕێژیمە هەتاوەکو کۆتاییی تەمەنی لە ساڵی ١٩٩٧، لەلایەن ئەمەریکا و ئەوروپاوە پشتگیریی تەواو دەکرا. ئەمانیش ڕێک وەکو مەلیک لیۆپۆلد تەنیا چاویان لە سامانە سروشتییەکان بوو، تەنیا ئەوەش بەلایانەوە گرینگ بوو. ئەم سامانەش زۆر بێ بەزەییانە تالان دەکرا و پارەکەشی بەپلەی یەکەم دەڕژایە ناو گیرفانی ئەمەریکاییەکان لەپاش ئەوانیش ئەوروپییەکان، گەر زائیریش شتێکی بەربکەوتایە، ئەوا دەچووە گیرفانی ڕێژیمە گەندەڵەکەی مۆبوتو. بەم شێوەیە ئەم وڵاتە لە نێوان تالانچیی دەرەکی و نوخبەیەکی سیاستەمەداری نیشتمانی گەندەڵ، تالانکرا و بەرەو ڕووخان برا.

ئەمڕۆ کۆنگۆ بووەتە وڵاتێک کە نەک هیچی لە مێژوودا نەماوە، بەڵکە لە مێژووش دەرکراوەتە

دەرەوە. هەروەک ڕەیبۆرک لە کتێبەکەیدا دەڵێ. ڕەیبۆرک لە کۆتایی کتێبەکەیدا باس لەوە دەکا، کە ئەمرۆ وڵاتی کۆنگۆی دیموکرات، ئەمەریکا و ئەورووپا بەشێوەیەکی ڕەسمی پەیوەندییان پێوە نییە، بەڵکە ئەم وڵاتە پێوەندیی ڕەسمیی تەنیا لەگەڵ وڵاتی چین هەیە. کەسیش نازانێ، ئاخۆ ئەم پێوەندییە نوێیە، دەتوانێ سەربەخۆییەکی بەهێز بۆ وڵاتی کۆنگۆ بەدەستبهێنێ؟

ئەم پرسیارەش هەتاوەکو ئێستا وەڵامی نییە و، بە دڵنیاییەوە مێژوو وەڵامی ئەم پرسیارەمان بۆ دەداتەوە.

پەراوێزەکان:

١. لێرەدا نووسەر مەبەستی لەڕووی جوگرافییەوەیە. کۆنگۆ لەڕووی ڕووبەری زەوییەوە، لەپاش سودان دووەمین وڵاتی ئەفریکایە (وەرگێڕ).

٢. Coltan کلۆتان جۆرە بەردێکی ڕەشە کە زیاتر وەکو خەڵوزی بەردین وایە، ئەم جۆرە بەردە لە وڵاتی کۆنگۆ هەیە. ئەم بەردەش لە دروستکردنی تەلەفوونی دەستی و فێستپلاتی کۆمپیوتەر بەکاردێ و بە ماددەیەکی ئێجگار گرینگ بۆ دروستکردنی ئەم ئامێرانە دێتە ژماردن. جێگای گوتنە کۆمەڵێک کانی گەورە لەم وڵاتەدا هەیە کە ئەم جۆرە بەردە گرینگەیان تێدایە، لێ بەداخەوە ئەم کانانە لەلایەن میلیشا سەربازییەکانی ئەو وڵاتەوە کۆنترۆڵکراوە. هەر بەهۆی ئەم سامانە سروشتییە گرینگەشەوە، گەلی مەزنی کۆنگۆلی ماوەی چەندان ساڵە تووشی ئەهامەتییەکی گەورە بووە، هەروەک نووسەری ئەڵمانیش لەم وتارەیدا بە جوانی ئاماژەی پێ دەدا (وەرگێڕ).

٣. Warlords لۆردەکانی جەنگ وشەیەکی ئینگلیزییە، زیاتر مەبەستی لە سەرکردەکانی جەنگی ناوەخۆییە. ئەم وشەیە لە سەدەی ١٩ بۆ سەرکردە سەربازییەکانی جەنگی ناوخۆ بەکارهێنرا (وەرگێڕ).

٤. منداڵی سەرباز، مەبەستی لەو منداڵانەیە کە بە زۆر یان هەڵخەڵەتێنراون وەکو سەرباز شەڕ دەکەن. لە کۆنگۆ میلیشیا سەربازییەکان، منداڵێکی زۆریان خستووەتە ناو ڕیزەکانی خۆیانەوە. ئەم منداڵانە چەکیان دەدەنێ و لەدژی میلیشیاکانی تر و خەڵک و خوا شەڕیان پێدەکەن (وەرگێڕ).

٥. Apokalypse ئاپۆکالیپس، وشەیەکی یۆنانیی کۆنە، کە زیاتر مانای کۆتایی جیهان دەگەیەنێ. ئەم دەستەواژەیە زیاتر لە فەلسەفە و تیۆلۆجی و هەروەها لە هونەری وێنەکێشانیش بەکاردێ (وەرگێڕ).

٦. ساڵی ١٩٦١ ڕابەری مەزنی کۆنگۆ و ئەفریکا پاتریک لومومبا بەهۆی کودەتایەکی سەربازییەوە، کە لەلایەن ئەمەریکا و بەلجیکاوە ڕێکخرا، لەسەر کار لابرا و پاشانیش بە دڕندەترین شێوە لەسێدارە درا. جێگای گوتنە ئەم کودەتایە لەلایەن ئەفسەرێکی سەربازییەوە کە سەر بە دەزگەی هەواڵگریی ئەمەریکا (سیا) بوو ئەنجام درا، کە ناوی جۆزێف مۆبۆتۆ سیسیکۆ بوو. ئەم پیاوە بوو بە یەکێک لە دڕندەترین و ملهوڕترین دیکتاتۆری ئەفریکا و جیهان، کە بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ حوکمی ئەم وڵاتە مەزنەی ئەفریکای کرد (وەرگێڕ).

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ڤێلتی ئەڵمانی

# مارتن لۆتەر کینگ
# بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک


کۆمەڵێ نووسەر

بەشی سێیەم

**ئەمەریکاییەڕەشەکان لە کۆیلەیەتییەوە بۆ شۆڕش**

١٩٥٥-١٦١٩

هەوالنامەی کتێب



لە چوارچێوەی ڕێکخستنی کاری کۆیلەکاندا گەورە چاودێرێکی دادەنا بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونی کۆیلە بە قانوونە سەختەکانی کار و ڕۆژانە تەمێکردنەوەیان بە قەمچی.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

## بنەمای ڕەگەزپەرستی

پاتریس کۆلۆن

"ڕەگوڕیشەی ڕەگەزپەرستی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا گەلێک قووڵە، بۆ دەستنیشان کردنی بنچینە ڕاستەقینەکانی گرفتی ڕەشەکان، دەبێ سەرنجمان ئاڕاستەی پیاوی سپی بەخۆی بکەین. زۆر پێویستە بگەڕێینەوە سەردەمی گەیشتنی کۆیلە بەزنجیر بەندکراوەکان بۆ ئەمەریکا تا بتوانین ئەو " تێکدانە بۆماوەییە " –ڕەگەزپەرستییە– کە ئەمەریکاییە سپییەکان لە سێ سەتەوە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دەگێڕنەوە.

لەماوەی ئەم سێ سەتەیەدا، سپی بەردەوام ڕاڕا و هاودژ دیار بوو لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕەشدا: هەر جارە و کە هەنگاوێک دەنرا بۆ جێبەجێ کردنی دادوەریی ڕەگەزی، ئەمەریکا هێندەی ئەوە پاشەکشێ دەکا. باسەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەتەی حەڤدەیەم، ساڵی ١٦١٩ کە دەریاوانە هۆلەندییەکان گەیشتوونەتە ڕۆخی ڤیرجینیا و کۆمەڵە ڕەشێکیان لەگەڵدا بووە ویستوویانە بیانفرۆشنە نیشتەجێبوون... بەم جۆرە چیرۆکی درێژ و سامناکی بازرگانیی کۆیلە دەستی پێ کردووە.




ڕێیە بازرگانییە سێگۆشەکەی نێوانی ئەورووپا و ئەفریقیا و ئەمەریکا. ئەم بازرگانییە لە دەوروبەری ساڵی ١٥٥٠ بەسەرپەرشتیی کۆمەڵێک لە خاوەن بانک و کۆمپانیای دەریایی دەستی پێ کرد. لەماوەی پتر لە سێ سەتە ٧٥ ملیۆن لە ئەفریقییان بۆ ئەمەریکا بار کران. هەندێکیان لە ڕاگوزاریدا دەمردن. ئەوەی دەمایەوە لە ئەمەریکا دەفرۆشران. قانوونی قەدەخە کردنی بازرگانیی کۆیلە بەر لە ساڵی ١٨٦٥ لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەرنەچووە، هەڵمەتی لەناوبردنی گەلێکە لە بنەڕەتەوە پیاوی سپی خۆی لێ دا.

ئینگلتـــەرا بـەر لەوەی خـــۆی لـەم بواره بدا گـــەلێک ڕاڕا بـوو، چونکه ئەوروپـا، لەمـــەشـــدا لێ جودابوونەوەیەکی ڕوون دیـاره، لەو ماوەیەدا کۆیلەیێتیی لابردووه. بەڵام ئەو قازانجـانەی هەندێکان بەدەستیان خستبوو، وەک جـۆن هۆکنز لە ١٥٦٢ەوە، ئینگلتەرای هان دا دەورێکی چون ئەو وازی بکا. بەم جۆره کۆیلەیێتی لە جیهانی نوێدا جێگیر بوو.

ئەوەی یەکەم جار سەرنجی ئینگلیزی بۆ پیاوی ڕەش ڕاکێشـا ڕەنگەکەی بوو. لە زمـانی سەتەی شـانزەدا وشـەی Black هاوواتای چەپەڵ و پیس بوو. ئەگەر سپی هێمـای جوانیی بێخـەوش بێ، ئەوا ڕەش وێنـەیەکی سـەرکەوتووی لادەری تەواوه. بەرباری ئەوه، بەلای ئەوانەوه ئەفـریقـیـیـەکـان بتپەرستن. یان ئاینیان نییـه، یانیش خۆیان بە جۆرەها باوەڕی گەندەڵ و خـراپ خـەریک دەکەن. بۆیە دەشێ بە شێوەیەکی جیـا لە مـەسیـحـیـیـەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ، لە نێوانی ئەم بیـرکردنەوەیە و بڕیاردان لەسـەر شـەرعیـیـەتی ملکەچ کردنیـان بۆ کـۆیلایەتیی بەردەوامـدا یەک هـەنگاو هـەیە... بەپەله توانرا ڕەت بکرێ بـە تایبەتی کە شێوازی ژیانی ئەفریقی ئارەزووی ڕوونیی بەریتـانـی لێـخن دەکـا. بەم جـۆره چەندان هۆ کـاریان لـە یەکدی کـرد، چ ڕاسـتی چ خـەیاڵی، لە زەینیـیـەتی بەریتـانیـدا لەو قۆناخەدا بـۆ باوەڕ بە نزمـیی بۆمـاوەییی ئینسـانی ڕەش کـردن: ئەو باوەڕەی ڕێی بەرەو کۆیلایەتیی هـەمیـشـەیی برد.



سیاسەتی بەکۆیلەکردنی (گشتگیرانە) (*) زنجیی کردە کالاّ

## داستانی گەلێک

بێ ئەوەی ئەو بارودۆخە قێزەونەی وا پێ بەپێی ئەو خەساندنەوە دزێوەدا ڕۆیشتووە[٢]، یاد بکرێ "باشتر وایە لەسەر ئەوەدا بوەستین کە بە بازرگانیی سێگۆشە" ناسراوە، بازرگانەکان بەدەریاکانی ئەورووپای خۆراوادا ڕەت دەبوون و کەلپەل (کالا، چەک، وردەواڵە، خواردنەوە)یان پێ بووە و لە ئەفریقیا بە ڕەشەکانیان گۆڕیوەتەوە (کە لە دوو سەرچاوەوە بە دەستیان دەخستن: شەڕەکانی لەگەڵ عەشیرەتە ئەفریقییەکان و ئەو هێرشانەی ئەورووپاییەکان ئەنجامیان دەدان) و ئەتڵەسییان ڕەت دەکرد و کۆیلەکانیان لە بازاڕەکانی ئەمەریکا دەفرۆشت و بە بەروبوومی کێڵگەکان: لە شەکر و قاوە و کاکاو و لۆکە... کە سامانێکی لەبن نەهاتوویان لێ دەست دەکەوت دەگەڕانەوە ئەورووپا. ڕاگوزارییە سێگۆشەکە نێزیکەی شازدە مانگی دەخایاند و بە هۆیەوە ئابووریی ئەورووپایی گەشەیەکی نوێی بە خۆیەوە بینی. ئەو کۆیلانەی لە نیشتیمانەکانیانەوە دابڕان تا بەدرێژاییی چوار سەتە لە خەساندن لە ئەمەریکا بفرۆشرێن چەند بوون؟

لە نێوانی دە تا پانزدە ملیۆن کۆیلە گەیشتنە ئەمەریکا و ئەوەندەی کەشی دەخرێتە سەر کە لە کاتی هێرش کردنە سەر گوندەکاندا دەمردن، هەروەها لەو کۆمەڵانەی بەزۆر دەبرانە سەر ڕۆخەکانی دەریا و لە ماوەی ڕاگوزارییە دەریاییەکاندا دەمردن. دەستی ئەم هەڵمەتانە بە ٧٥ ملیۆن ئەفریقی گەیشتووە. ئەو بازرگانییە دزێوە مۆرکێکی لە سڕان نەهاتووی لە هۆشی ئەمەریکاییی ڕەشدا جێهێشتووە. م.دیشان لەم چوارچێوەیەدا دەڵێ: "هێشتا ئەوانەی لە کۆیلەکان کەوتوونەتەوە هەست بەو ئاسنە گەرمکراوە دەکەن کە پێشینەکانیان پێ نیشانە دەکران "[٣].

ڕێژیمی بەکۆیلە کردن لە ناوچەکانی وەک ڤرجینیا و ماریلاندا سەقامگیر بوو، کە کشتوکاڵیش لەم ناوچانەدا بەشێوەیەکی تا دەهات بەپەلە پەرەی دەسەند –بە تایبەتی چاندنەوەی تووتن و نیلە[٤] و برنج بە شێوەیەکی تایبەتی و– پێویستی بە کرێکار، بە ژمارەیەکی زۆر و هەرزان و ناپسپۆڕی ئامادە هەبووە. بەم جۆرە لایەنگیری ڕەگەزی لەگەڵ پێویستییە ئابوورییەکاندا یەکیان گرت بۆ پڵیشاندنەوەی گەلی ڕەش. ئینجا قانوونیش چووە پاڵیانەوە، ساڵی ١٦٤١ بەکۆیلە کردن مۆرکێکی قانوونیی لە ماسەشۆسیتس–دا بووە و لە ساڵانی دواتریشدا لە ویلایەتێلێکی دیکەدا.

ژمارەی کۆیلەکان لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا زۆر زۆرتر بوون وەک لە باکور. بەکۆیلە کردنی ڕەشەکان لە ویلایەتە باشوورییەکاندا بەشداریی لە بنیاتنانی پەیکەرە کۆمەڵایەتییەکە بەگشتی. پێکهاتنی چینایەتی، گەمەی سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆجی و تەنانەت باری دەروونیش. باشوور لە گوندەکاندا دەستی بە ڕێژیمی کۆیلەییتیەوە گرت و پیشەسازیی ڕەت کردەوە و جڵەوی پەرەسەندنی لە شارەکاندا گرت، بەپێچەوانەی باکور کە ڕێژیمی پیشەسازیی سەرمایەداریی هەڵبژارد. باشوور کەوتە ژێر دەسەڵاتی باکورەوە، ئەوەش بەهۆی کێشمەکێشێکی گەورەوە بووە کە باشووری هێنایە سەر ڕووبەڕوو بوونەوەی باکور.

هەواڵنامەی کێبڵ

## ژیان لە کێڵگەکاندا

ژیان لە کێڵگەکاندا بۆ ڕەشەکان گەلێک سەخت بووە[٥]. ڕۆژانی کار درێژ بوون و کۆیلە دەبایە کات بۆ ئامادە کردنی خواردنی خۆی و ڕێکخستنەوەی ماڵەکەی و چاندنی پارچە زەوییەکەی پەیدا بکا. لەلایەن ڕێکخستنی کارەوە کێڵگە هەندێک دابەش کردنی ئەرکەکانی بەخۆیەوە بینیوە. زۆربەی زۆری ئەفریقاییەکان کاریان لە کێڵگەدا دەکرد. خزمەتکارەکان، کە لە بەسااڵدا چووانی ژن یان پیاوان بوون، بارێکی باشتریان لە چاو ئەوانی دیکە هەبوو.

ئاغا چاودێری دادەنان بۆ سەرپەرشتییەکی باشتری بەڕێوەچوونی کارەکان. ئەرکی ئەمانە بەسەر سەپاندنی ئارامی و بە بەرهەمهێنانی بەکاربراوەکان دابەش کرابوو، ئەوپەڕی دڵڕەقییان لەگەڵ کۆیلەکان دەکرا و قەمچییان بۆ هاندانیان بۆ کارکردن بەکار دەهێنا[٦].

بەاڵم بەڕوونییەکی پتر ڕەگ داکوتانی نامرۆڤانە لە ڕێژیمی کۆیلایەتیدا دەبینین لەسەر ئاستی ژیانی ڕەگەزی و خێزانیدا. هەرچەندە نیشتەجێیە ئینگلیزەکان زوو بە زوو تێکەاڵیی بنەچەکانی تاوانبار دەکرد، ئاغا سپییەکان دەستدرێژییان لە ژنە ڕەشەکان دەکرد، بەم جۆرە منداڵە ناشەرعییەکان لە کێڵگەکاندا زۆر بوون. بەاڵم ئەمانە بەردەوام لەگەڵ ڕەشەکان پۆلێندەکران و وەک ئەوان هەاڵسوکەوتیان لەگەاڵدا دەکرا. لەم جوارچێوە دڵڕەقی و الدانەدا بە ئاسانی دەتوانین ئەو زەحمەتییانە ببینین کە ڕووبەڕووی خێزانە ڕەشەکان دەبووەوە لە دابین کردنی ژیانیاندا. دوا بڕیار لە هاوسەریدا هەر وەک هەموو هەاڵوێستەکانی دیکەدا بەدەست ئاغاوە بووە. لەبەر ئەوەی ناوە ناوە پێویستی بڕیاری نوێ کردنەوەی کرێکار دەدا، ئاغا بەبێ هەاڵبەز و دابەزی بازاڕ لەلای خۆیەوە ئەو پێوەندییانەی هەاڵدەوەشاندەوە و خێزانەکانی پەرت بەکردن و منداڵانی لە کەسوکار جودا دەکردەوە. کۆیلەش لە پێناوی دابین کردنی توانستی بەردەوام بوونداً بێ ئەوەی بگاتە ڕادەی دامااڵرانی تەواو، هەوڵی داوە شانەیەکی خێزانیی نوێ بخوڵقێنێ کە تێیدا هەستەکانی خۆشەویستی و بەزەیی و هەروەها شادیی باوکایەتی و دایکایەتیی تێدا بدۆزێتەوە.

## هاوکاری لە نێو کۆیلەکاندا

ڕێژیمی بەکۆیلە کردن دەزگەیەکی گشتگیری بەکردەوەیە، ئامانجی دامااڵینی تاکە لە ناسنامەی و لێسەندنەوەی مەرجیعییەتی شارستانی و کۆمەاڵیەتی، هەر وەک سینگۆر دەاڵێ: "کۆیلە" "وەک مۆمی نەرمی بەر دەستی خوداوەندی سپی"ی لێدێ. دوای کردنی بە شتێک هیچێک لەبەردەمی کۆیلەی ڕەشدا نامێنێ تەنیا کینە نەبێ بەرامبەر ئاغاکەی و سپییەکان بە گشتی. خۆشبەختانە پێوەندی لە نێو ئەو ڕەشانەدا هەبوو کە لە نێو خۆیاندا پشتگیریی یەکدییان دەکرد: ئەوانەی بە دزی فێرە خوێندن و نووسین بوون (چونکە قانوون لەوە بێبەشیان دەکا) ئەوانی دییان فێر دەکرد. هەرگیز بە شێوەیەکی منداڵانە گوێرایەاڵی ڕێژیمی سپی نەدەبوون. چونکە ئەو ڕێژیمە بەردەوام بوو

لە جەخت کردن لەسەر بالادەستیی بەدەرکردنی ژمارەیەک لە بڕیاری سەرۆکایەتیی بە کۆیلەکردن لە سەرەتای سەتەی نۆزدەهەمدا. لەگەڵ زیاد بوونی دانیشتووانداا یاسادانان دڵڕەقتر دەبوو. ساڵی ١٧٩٠ لە یەکەم سەرژمێریی فەرمی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەرکەوت کە ڕەشەکان ١٩,٣٪ی کۆی دانیشتووان پێکدەهێنن (٧٥٧,٠٠٠ بوون) لە کارۆلاینای باشووردا ٤٤٪ی کۆی دانیشتووان بوون، لە ڤیرجینیاش ٤٠٪. لە جۆرجیا و ماریلاند ٣٥٪. بەکۆیلە کردن بووە بەردی بناخە لە ئابووریی ئەمەریکادا، باشوور بەتەنیا قەرزاری ئەو پێشکەوتنەی نەبوو کە بەدەستی هێنابوو، بەڵکو باکوریش سوودی لێ بینی لە پەرەپێدانی بازرگانییدا... بوونی ڕەشەکان لە بەرەکانی شەڕی سەربەخۆییدا (١٧٧٠–١٧٨٨) کە سێزدە ویلایەت لە یەکیەتییەکەدا دژی بەریتانیاییەکان خۆیان لێ دابوو، لە نێو هەشت هەزار و دە هەزار لە ڕەشەکاندا بوو چووبوونە پاڵ ڕیزەکانی لەشکرەکانی ئەمەریکای شۆڕشگێڕ، هەروەها پێنج هەزاریان لە سەربازە فەرمییەکاندا بوون لە یەکە ئاوێتەکاندا.

دوای شەڕ هەندێک لە کۆیلەکان ئازاد کران وەک پاداشت بۆ ئازایەتی و وەفایان. بەڵام باری فەرمیی کۆیلەکان نەگۆڕرا: ئازادی بە هەندێ تاک بەخشرا نەک بە کۆمەڵی ئیتنیکی. بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان دەقگەلێکی دەستوورییان دەرکرد ئاراستەی جودایان هەبوو. بەیانی سەربەخۆیی[٧] کە تۆماس جیفرسن دایناا جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە: "ئێمە پابەندی ئەم ڕاستییانە دەبین بەوەی کە بەخۆی بەڵگەنەویستە، هەموو خەڵک بە یەکسانی خوڵقاون و ئەفرێنەریان مافگەلێکی پێیان بەخشیوە ناکرێ دەستکاری بکرێ، لە نێو ئەمانەدا مافیان لە ژیان و ئازادی و شادمانییە... " و قسەکە هیچ ئاماژەیەکی بۆ باری کۆیلەکان تێدا نەبوو.

بەڵام دەستووری شەشەم[٨] کە دوای ماوەیەک ئامادە کرا و بە شێوەیەکی یەکجارەکی لەدایک بوونی نەتەوەیەکی دەستنیشان کرد، کە سێ ئاماژەی لە بارەی کۆیلەکانەوە بەخۆوە گرتبوو:

١– لە نوێنەرایەتیی ناو کۆنگرس و باجی ڕاستەوخۆدا، کۆیلە یەکسانە بە "سێ لە پێنجی هەرکەسێکی دی".

٢– یەک لەو ویلایەتانەی کە ئێستا هەن، بڕیاری نیشتەجێ کردن، یان هاوردە کردنی وەک ئەمانەی دا و ئەوەی بە گونجاو زانی بۆ بەرژەوەندیی خۆی، کۆنگرس بۆی نییە تا ساڵی ١٨٠٨ ڕێی لێ بگرێ.

٣– کۆیلە هەڵاتووەکان یەکسەر دەگەڕێنرێنەوە.

ئەو ئاماژانە لە ئەنجامی پێکهاتنەوەی نێو باکور و باشووردا بوو لەسەر دابەش کردنی دەسەڵات. ئەگەر کۆیلە وەک کەس دابنرابا، باشوور دەبووە هێز کە باکور ئەمەی بە سوور بوونەوە ڕەت دەکردەوە. بەم جۆرە کۆیلە لە ناوەڕاستی ڕێگەدا بوو لە نێو ئەو مەبەستەی بۆی دەکڕرا و مرۆدا و بەم جۆرە بە حوکمی ئایدیۆلۆجیایەکی سپیی ڕانەگەیەنراو نەبوونی سیاسیی تەرخان کرا.

## بەرگریی ڕەشەکان

بەڵام ئەو ڕەشانەی کە ناچاری گوندان بوون لەگەڵ بارودۆخی ئەو کۆیلایەتییەی وەک چوارچێوەی ژیانیان هەر مایەوە، بە پەنا بردنە بەرجۆرەها تێکدانی کار و تەگەرە هێنانە بەردەم، توانییان بنەمای سیستمێک لە بەرگری و خۆبەدەستەوە نەدان دابنێن، وەک ئەوەی ئەو کۆیلەیەی تازە گەیشتووە کە بەکار هێنانی ئامێر نازانێ. یەکێکی دی بە ئەنقەست کەمتەرخەمی دەکا، کە چاودێریش دوور دەکەوتەوە هەر هەموو کاریان ڕادەگرت.

لەماوەی دەمانی کۆیلەیەتیدا بواری ئەژمار کردنی دزییەکان و ئاگرکەوتنەوەکان نەبوو کە لە بەروبووم و تەویلە و ماڵەکان دەکەوت. هەر کاتێکیش پارچە چەکێک کەوتبێتە دەست کۆیلەیەک ئەوە دەبووە هەڵێک بۆ یاخی بوون. کۆیلەکان هەموو جۆرە هۆیەکیان بەکار هێناوە بۆیان گونجا بێ لە هەوڵی ڕزگار بوون لە چەوسێنەرانیان و کە هەلیان بۆ ئەوە دەست نەکەوتایە لە سەختیی نائومێدییان ئەوا خۆیان دەشێواند یان خۆیان دەکوشت. لێرەدا باسی ئەوە دەکەین کە ڕێژەی کوشتنی منداڵە تازە لە دایک بووەکان لە کێڵگەکاندا بەردەوام بەرز بووە.




وێنەیەک دژی کۆیلەیەتی ساڵی ١٨٣٥ لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بڵاو کراوەتەوە

لەجیاتیی بەرەنگار بوونەوەی دەسەڵاتی سپی لە شەڕێکی ناهاوسەنگ گەلێک لە کۆیلەکان هەڵاتنیان هەڵدەبژارد. تەنیا لە ماوەی سەتەی نۆزدەهەمدا لە نێوانی چل هەزار و سەت هەزار هەوڵی هەڵهاتن ئەنجام درا، بەڵام ڕێژەی سەرگرتنیان لە سەتا دەی تێ نەپەڕاندووە! لەگەڵ بەسەرچوونی کاتیشدا ڕێکخستنی کردەوەکانی هەڵهاتن بۆ باکور وردە وردە چاکتر بوو. بۆ کۆچ پێ کردنی هەزاران کۆیلە ڕێگەیەکی شاراوە داهێنرا، تۆڕێکی نهێنیی ڕێبەر و ڕاهێنەری بەخۆوە دەگرت و ئێستگە و جێی خۆشاردنەوەی هەبوو، ئەمەش تەنیا بە شەو ئەنجام دەدرا. لەناو ئەو قاچاخچییە پتر بەناوبانگانەدا ناوی ئافرەتێک دەردەکەوێ، هاریییت توبمان، بەڵای کەمەوە نۆزدە ڕاگوزاریی بۆ دەربازکردنی سێ سەت کۆیلە ئەنجام دا، ئاغا سپییەکان نەیانتوانی یەکیان بهێننەوە. بۆیە پێمان سەیر نییە کە دەزانین سالّی ١٨٦٥ پاداشتی بیست و پێنج هەزار دۆلار بۆ ژیانی دانرابوو[٩].

کاتێک کە هێزی پاڵەپەستۆ زۆر بوو بۆ بەرەنگاری کردنی کۆیلەیەتی لە سەتەی نۆزدەهەمدا یەک لە خاوەنەکانیان هەندێک نەرمیی نواند و ڕێیان دا هەندێک کۆیلە ئازادیی خۆیان بکڕنەوە.

## شۆڕشەکانی کۆیلەکان

مێژووی کۆیلەیێتی مێژووی چەندانێکە لە پیلان و شۆڕشی جەماوەرانەیە. لەم چوارچێوەیەدا هێربرت ئەبتکەر–ی بیرمەندی مارکسی پتر لە ٢٥٠ شۆڕشی کۆیلەکانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ئەژمار کرد و سێی بەبایەخی ئەمانە لە ١٨٠٠ و ١٨٢٢ و ١٩٣١دا بووە و بەسێ پیاوی تایبەتمەند نوێنەرایەتی کراون ئەمانە گابرێیل پراشەر و دێنمارک ڤێسی و نات تێرنەر بوون. بەڵام هەوڵەکانی هەڵهاتن و شۆڕش بەرپاکردن بە ئاشکرا بووە هۆی سەرکوتی دڕندانە، سەرەڕای ئەو هاوسۆزییەی هەندێک لە سپییەکان نواندیان[١٠]. دوابەدوای ئەوە قانوونەیلێک دەرچوون زۆر تەگەرەیان خرایە پاڵ کە نێزیک بوو ئاواتەخوازی گەلی ڕەش لە ئازادیدا وردە وردە بەرەو نەمان بچێ.


سالّی ١٨١٦ "کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ داگیرکاری" پێکهات، بە ئامانجی ڕزگار بوون لە ڕەشەکان لە ڕێگەی نیشتەجێ کردنیانەوە لە نشینگەیەکی ڕەش لە ئەفریقیا. خاوەن کۆیلەکان دوا کەس نەبوون ئەم نەخشەیە پەسند بکەن بۆ ڕزگار بوون لە "بڕێکی پڕ مەترسیی بێ سوود" لە کۆمەڵگەدا.

بەم جۆرە کۆمەڵە سالّی ١٨٣٠ دەستی بە نیشتەجێ کردنی ١٤٢٠ کەسی لە ڕەشەکان کرد لە لیبیریا، بەڵام ڕەشەکان بە توندی ناڕەزاییان بەرامبەر ئەوە دەربڕی چونکە دەمودەست درکیان بەوە کرد کە مەبەستی ڕاستەقینە لە ئازاد کردنەوەیان دەرکردنیان بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەمەیان دەگوتەوە: "لێرە لەدایک بووین و لێرەش دەمرین". لە کۆتاییی سەتەی نۆزدەهەمدا ژمارەی ئەو ڕەشانەی بۆ ئەفریقیا کۆچیان پێ کرا گەیشتە پتر لە پازدە هەزار کەس.

ئەم سیاسەتی کۆچ پێ کردنە لە ڕاستیدا بەشداریی لە سەر لە نوێ دەست پێ کردنی بزووتنەوەیەکی بەرەنگاربوونەوەی کۆیلایەتی لە نێوانی ١٨٢٩ و ١٨٣١، کە دەوری دیاری هەبوو لە تەرخان کردنی بنەمای تێکۆشان لە ڕێی ڕزگار کردنی کۆیلەکان! کە تەوەرێک بووە لە پێکهێنانی بزووتنەوەیەک لە ماوەی سی ساڵدا بەهێز بوو.

وای لێ هات دەست بەسەردا گرتنی زەحمەت بێ، بێگومان ڕەشەکان بەگەرمی بچنە پاڵ ئەم بزووتنەوەیە، ساڵی١٨٣٠ش پتر لە پەنجا ڕێکخراوی ڕەش بەشداریان لە شەڕی دژی کۆیلەیێتیدا کرد و بە شێوەیەکی تایبەتی لە خستن جووڵەی "کۆمەڵە ئەمەریکایی بۆ بەرەنگار بوونەوەی کۆیلایەتی" و پشتگیری کردنی سەرکردە دیارەکانی وەک فریدریک دۆگلاس و هێنری هایلاند گارنێت، کە هەردووکیان لە کۆیلە هەڵاتووەکانن.

ساڵی ١٨٥٤ سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری هەستیان بە پێویستیی ڕێکخستنی سیاسی کرد، حزبی کۆماریان دامەزراند کە زۆرینەی ئۆپۆزسیۆنەکانی کۆیلایەتیی لە دەوری بەرنامەیەکی تا ڕادەیەک فرەوان کۆکردەوە، توانستی پێکهێنانەوەی ئاراستە پتر دوورەکانی هەبێ. ساڵی




لە گوێرایەڵییەوە بۆ بەرگری

١٨٦٠ کۆماری ئەبراهام لینکۆڵن–ی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵبژارد، بەڵام ویلایەتی کارۆلاینای باشوور لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٦٠ جودا بوونەوەی ڕاگەیاند و دوای ئەویش دە ویلایەتی باشووری دیکەش[١١]، لە نیسانی ساڵی ١٨٦١دا شەڕی ناوەخۆ دەستی پێ کرد.

## شەڕی جودابوونەوە

ڕێژیمی کۆیلایەتی لە پاڵپێوەنەرە بنچینەییەکان بوو بۆ بەرپا بوونی ئەو شەڕە[١٢]. کۆیلایەتیش بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئیمپراتۆرییەتی باشوور دانرا، ئەگەر ئەوە بە ویلایەتە خۆراواییەکانیشدا بڵاوبووایەتەوە باکور لە پێگەی کەمینەدا خۆی دەبینییەوە. بۆیە دۆزی ڕزگاریی ڕەشەکان بووە ئامانجێکی سیاسی بۆ باکور کە لە هەمان کاتدا بڕوای وابوو کە کۆیلەییەتی ئەو سوودەی جارانی نەماوە. لەگەڵ ئەوەی بۆچوونی سەرۆک لینکۆڵن لەبارەی دۆزی کۆیلایەتییەوە ڕوون نەبوو، کەچی لە ٢٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٦٢دا بێ ئەوەی پرس بە کۆنگرس بکا "بەیانی ڕزگار کردنی" ڕاگەیاند. کە دەقەکەی دەیگوت دوای سەت ڕۆژ– واتە لە یەکی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٦٣دا– هەر یەکە لە کۆیلەکانی ئەو ویلایەتە ڕاپەڕیوانەی هێشتا هێزە فیدرالییەکان داگیری نەکردوون بە ئازاد دادەنرێن. ئەو بەیانە وەک کۆتاییی ئازارچێژییەکی درێژ بوو لە کۆیلە کردنی سەتان هەزار پیاو و ژن. بەڵام دەبێ ئاگەداری ئەوە بین کە بڕیارەکەی لینکۆلن بەپلەی یەکەم تەگبیرێکی سەربازی و دیپلۆماسی بوو بەر لەوەی بڕیارێکی مرۆڤانە بێ. لە ڕاستیدا بەشداریی لە هەڵوەشاندنەوەی ڕیزەکانی لەشکری دوژمن بوو بە بەکێشکردنی ڕەشەکان و هێنانەوەیان بوو بۆ ناو لەشکرگەی فیدرالی.

ساڵی ١٨٦٥ هەموارکردنی سیانزەهەمی دەستوور بەو بڕیارەی ساڵی ١٨٦٣وە کە تایبەت بوو بە ویلایەتە جودابووەکان هەموو ویلایەتە یەکگرتووەکانی گرتەوە. ساڵی ١٨٦٦ قانوونێکی مەدەنی دەرچوو مافی هاونیشتیمانێتیی دا بە کۆیلە کۆنەکان و تۆماری کرد کە لە سەرەتای ١٨٦٨وە ڕەش بە ئەندامێتیی تەواوەوە دەبێتە هاونیشتیمانی و مافی دەنگدانیشی دەبێ.

بەڵام ڕاگەیاندنی فەرمی بە بڕیاردانی ئازادی بەس نییە و لە باری ژیاندا دەمێنێتەوە پێویستی بە کارا کردنی باری شەرعیی ڕەشەکان. لابردنی کۆیلەیەتی ئەوە ناگەیەنێ کە دادوەریی ڕەگەزی هاتە دی، هەروەها لە شەو و ڕۆژێکدا ناکرێ لە باری کۆیلەییەتییەوە بگوازرێتەوە بۆ هاونیشتیمانێتی! دوای کۆتایی هاتنی شەڕ ڕەشی ئازادکراو خۆی لە باڕێکی پەڕێشاندا دیتەوە. ڕاستە ئاغایەکی نەما بەڵام هێشتا لە توانستیدا نەبوو پارچە زەوییەک بەدەست بهێنێ و خوێندەوار نەبوو تا بتوانێ خۆی لە بوارگەلی دیکە بدا دەشیا بۆی بڕەخسێ. بۆیە پێویست بوو بۆ دابینکردنی پایەی خۆی تێبکۆشێ لەناو کۆمەڵگەدا.

سپیە باشوورییەکان لە کار کردن بۆ گەڕاندنەوەی ئەو دەسەڵاتەیاندا کە لە دەستیان دابوو

هەولێری کتێب

دوانەکەوتن. بە پلەی یەک بایەخیان بەوە دەدا دەست بەسەر ڕەشە ئازاد کراوەکاندا بسەپێنن، هەروەها بەزوویی قانوونگەلێکیان ئامادە کرد کە ئازادیی خۆیان دابین دەکا و سنوور بۆ ئازادیی ڕەشەکان دادەنێ. بەم جۆرە کۆمەڵە "قانوونەکانی ڕەشەکان" جێی "قانوونەکانی کۆیلەییەتی"ی گرتەوە، کە هەردووکیان تا ڕادەیەکی سەیر لە یەک دەچوون. خەمی سەرەکی ئەوە بوو پاڵ بە ڕەشەکانەوە بنێ بەرەو باڕێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کە نزمتری دەکا لە سپی. هەر لەو تەگبیرانەی بۆئەم مەبەستە ڕاگەیەنرا: ڕەشەکان ناچارن ئەو کارە بکەن کە خاوەن کارە سپییەکان بۆیان دەستنیشان دەکەن. خۆ ئەگەر کاریش ناکەن بە دەربەدەر دادەنرێن و مافی ئەوەیان نابێ کارگەلێکی تایبەت بکەن، ئەمەش وایان بەسەردا دەسەپێنێ یان ببنە جووتیار یانیش ببنە خزمەتکار،.. تاد.

بەڵام "نووسینگەی ئازادکراوان" هەوڵی دا ڕەشەکان لە پەرێشانییان دەربهێنێ، ئەوەش بە بایەخ دان بەو دوو داواکارییە پتر پێویستە لەلایان، کە ئەویش زەوی و فێرکردنە. نووسینگە هەوڵێکی سەراسای دا بەوەی پێوەندیی بە بواری فێرکردن هەبوو، بەڵام ئەوە لەبارەی زەوییەوە ڕاست نەبوو. لە باشوور ئازاد کراوەکان ناچاری بەکرێ دانی خزمەتگوزارییەکانیان بوون لە چوارچێوەی ڕێژیمی کشتوکاڵیدا شێوەیەکی تارمایی لە بەروبووخۆری. لە باکور کە بە پەلە بەرەو پیشەسازی وەرگەڕا لە کارگەکاندا بوونە کرێکار. بەڵام پرۆلیتاریای سپی بێزارییان لەبارەی ئەوانەوە دەربڕی کە بەرامبەر کرێیەکی زۆر نزم کاردەکەن و بۆ "شکست بە مانگرتنەکان" هێنان بەکار دەهێنرێن. سەرباری ئەوە ئەندامانی سەندیکا لە کرێکارە سپییەکان هەوڵیان دا کرێکارە ڕەشەکان نەهێڵن بێنە ناو کارگەکان.

ئەمە سەرنجی چالاکە کۆنەکانی لە بزووتنەوەی بەرەنگار بوونەوەی کۆیلەییەتی ڕاکێشا و حکوومەتی فیدراڵییان ناچار کرد تەگبیرگەلێکی کاریگەرتر بکەن. ساڵی ١٨٦٧ کۆنگرس دەنگی بۆ "بڕیاری سەرۆکایەتیی یەکەم بۆ سەرلەنوێ بنیات نانەوە" دا، کە قانوونەکانی ڕەشەکانی لە باشوور لابرد و لە باکوریشدا بواری والاکرد بۆ کۆیلە کۆنەکان بێ دووڵی لە تێکەڵی کۆمەڵگەی سپی ببن.

بەڵام باشوور بە ئاسانی دەستی لە کەللەڕەقیی خۆی هەڵنەدەگرت، کە یارمەتیی دەرکەوتنی چەند کۆمەڵێکی نهێنیی دا، دژایەتیی ئەو دەستکەوتە تازانەی دراوەتە ڕەشەکان بکا، لەمانەش کۆمەڵەی کۆکلۆکس کلان–ی بە ناوبانگ کە تاقمێک بوون لە تاوانباران لە خزمەتی بااڵدەستیی سپییەکان.

## جیاوازیی ڕەگەزی

ساڵی ١٨٧٦ و دوابەدوای سەودایەکی پرۆسەی هەڵبژاردن دیموکراتییەکان تواناییان لە باشوور و دوور لە هەموو سزایەک، "بە شێوەی خۆیان کاروبارە ناوەخۆییەکەیان بەڕێوە ببەن"، ئەوەش بە

پلەی یەکەم ئەوە دەگەیەنێ کە ڕەشەکان لە ڕاژە مەدەنییەکان دوور بخرێنەوە. بەشێوەیەکی پلە بە پلە "ڕەگەزی بالادەست" لە نێوانی ١٨٨٣ و ١٨٩٨دا توانیی جیاوازیی ڕەگەزی تەرخان بکا، ئەوەش لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و- دادگەی بالا شتێکی جگە لە بڕیار لەسەر ئەوەی هەبوو بدا: جیاوازی لە هۆیەکانی گواستنەوە و فێرکردندا و بێ بەش کردنی ڕەشەکان لە مافەکانیان لە هەڵبژاردنەکاندا و دەستنیشان کردنی گەڕەکێلێک کە ڕەشیان تێدا نیشتەجێن و قەدەخە کردنی هاوسەریی تێکەڵاو و جیاوازی لە کارکردن و... تاد. پیاوی سپی پەنای بۆ هێز برد بۆ سەپاندنی قانوون و پتر لە سێ هەزار کەس لە ڕەشەکان لە نێوانی ١٨٨٥ و ١٩٣٠دا تووشی جۆرەها هەڵسوکەوتی زۆردارانە هاتن بێ ئەوەی ئەوە نیگەرانیی دادوەری بوروژێنێ.

بەم جۆرە ڕەشەکان لە باشوورەوە دەستیان بە کۆچ کرد بە دوای "خاکی بەڵێن دراو" لە خۆراوا و باکوردا. کۆچەکانیشیان بەرەو باکور لە کۆچی بەرەو خۆراوا زیاتر بوو. ئەم کۆچانە لە نێوانی ١٩١٥ و ١٩٨٦دا گەیشتە تڕۆپک: لەماوەی ١٨ ماڵگدا ٣٥٠,٠٠٠ کەسی ڕەش بەرەو شارەکانی باکور چوون.

دەزگەکانی باکور لەم کۆڕەوە نیشتەجێییە دڵگران نەبوون چونکە شەڕی جیهانیی یەکەم پێویستی کرد بەرهەمهێنان چڕ بکرێتەوە و ژمارەی ئەو لاوانەی دەنێررانە بەرە زیاد بکرێن، بەڵام ئەم گۆڕانە لە بەرهەم و بنیاتی کۆمەڵایەتیە بەلای ڕەشەکانەوە لە جیاتی ڕیشەدەرکێشانێکی سەرباره. هەروەها ئاشکرا بوو کە ڕێژیمی بێزارکەرەوەی کارکردن- ئەگەر هەبوو- باشتر نەبووە لە کۆیلەیەتیی گوندان.

لە ماوەی چارەکی دواییی سەتەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەتەی بیستدا، زەویکوتێکی (باگردێن _ ئامێرێکی زەوی کوتان)ی ڕێژیمی سەرمایەداری بوو کۆمەڵگەی ڕەشی دەپڵیشاندەوە. لە باکوردا ناوی چەوساندنەوە و دەمامکەکەی گۆڕا، بەڵام گرانیی لەسەر ڕەشەکاندا نەگۆڕا. ئەوانەی لە (تەوقی) خاوەن زەوییەکان هەڵاتن و پەنایان بردە بەر شارەکانی باکور خۆیان لەژێر بەزەییی دەڵاڵەکانی خانووبەرەدا دیتەوە.

## گەڕەکەکانی گیتۆ

کۆمەڵگەی سپی گەڕەکی تایبەت بە ڕەشەکان پەیدا کرد، کە زۆر بە پەلە بوونە گەڕەکەکانی گیتۆ[١٣]. بارودۆخی نیشتەجێکانی ئەم گەڕەکە شارەکییانە لە بازنەی بەتاڵ دەچوو: پەستانی خەڵکی بە شوێنێکی تەسکدا دەبێتە هۆی پاشەکشێی مەرجە پێویستەکانی تەندروستی، ئەمەش کار لە تەندروستیی ئەو کرێکارە دەکا لە توانستیدا نابێ کار بە دەست بخات، یان ئەو کارەی بەدەستیەوەیەتی بپارێزێ، لە و ئەنجامانەی هیچ چارێ نییە دابەزینی داهات و نزم بوونی باری خانوو و بەرزبوونی ڕێژەی مردنی منداڵان و ڕێژەی تاوان.

لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆجییەوە، ژیان لە گیتۆدا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی تایبەتی لە

نێوانی هەڵوێستگەلی زیادەڕەودا دەردەکەوێ و بەرتەسکی و ئاستنزمی ڕەنگدەداتەوە: دژایەتیی توند یان گوێنەدانی تەواو، خۆ بە هیچ زانین یان شێتایەتیی خۆبەزلزانین.

لە ٧ی ئایاری ١٩٥٤دا، دادگەی باڵا بە کۆی دەنگ بڕیاری جیاوازیی ڕەگەزی لە بواری فێرکردندا – بنچینەی هاونیشتیمانێتی– پێچەوانەی دەستوورە. ئەو بڕیارەی دادگەی باڵایە کە پەسند کرا بە لابردنی جیاوازیی ڕەگەز لە دەزگە فێرکارییەکاندا: "بە پەلەپەلی شیاو" لە ژیانی کۆمەڵگەی ڕەشی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا وەک سەرەتای قۆناخێکی نوێ بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا کە مێژووی ئەمەریکا فێرمانی کردووە کە بە زۆری ماوەیەک لە نێوانی دەقی تەشریعی و جێبەجێ کردنی بەکردەوەدا هەیە، بەڵام لابردنی جیاوازی کە ڕاگەیەنرا ئومێدێکی نوێی لە دەروونی ملیۆنەها ڕەشدا چاند. لە سااڵنی دواتردا گەلی ڕەش لە سایەی پێشەوایەتیی پیاوەیلی وەک مارتن لۆتەر کینگدا دەتوانن خۆیان لە خەباتێکی سەرسەختانە بدەن، بە شێوەیەکی تایبەتی بە ناتوندوتیژییەکەیەوە دیاربوو، لە پێناوی دان بە ڕەشەکاندا نان و هێنانە کایەی یەکسانیی ڕەگەزی.

## لە مۆسیقای بلووز–ەوە تا (نزا)

### برنادێت بایادا

مۆسیقای بلووز و نزا ڕیشەیەکی چەسپاویان لە مێژووی گەلی ڕەشدا هەیە. کە گۆرانی، بەردەوام جێی بنچینەیی خۆی لە شارستانیی ڕەشدا هەیە چ دنیایی بێ یان پیرۆز. ژیان چەشتن و هیوای گۆڕینەوە دەردەبڕێ، بڕاوەیی گوێرایەڵی و خەونی ڕزگاری لە یەک کاتدا.

هەر خوێندنەوەیەکی مێژووی ئەمەریکاییە ڕەشەکان نێوانی هەر دوو ڕەهەندی دینی و دنیایی بەیەکەوە دەگرێ، دژ بە ئەو ڕەوشەیە کە ڕەشی تێدا درک بە ڕاستیی ژیان کردووە، کە ڕەوشێکی ئاینییە، برۆنۆ شینۆ کتێبێکی لەبارەی ئەم بابەتەوە نووسیوە ناوونیشانی: "_ Dieu est moir Histoire, religion et theologie des NoirsAmericains" [14]، ئەمەش ڕانانێکی گشتیی کتێبەکەیە یارمەتیی تێگەیشتنی باشتری ئێستا دەدا...

ڕووحانییەتی ئەمەریکاییە ڕەشەکان بە بوونی سێ کاریگەر کرایەوە: ئاینی ئەفریقیی نەریتانە و باری بەندەیی ومەسیحییەتی سپی...

ئەمەریکاییە ڕەشەکان سەر بە ئەفریقیان، وەک مرۆڤ و وەک کۆمەڵایەتی و وەک ئاینییش. ئەو کۆمەڵگەیەی دەیانناسی کۆمەڵگەیەک بووە یەکگرتوویی لە چوارچێوەی بیری ئاینیدا دیوەتەوە. شۆکی دامااڵران هەرگیز ناتوانێ بە یەکجاری ئەو قووڵییە ئاینییەی بوونی ڕەشەکان لێکدەداتەوە بسڕێتەوە.

دوای ساڵی ١٧٠٠ ژمارەی کۆیلەکان زیاد بوو، هەندێک سپی دەیانگوت ئەو ڕەشانەی بەشداری

لە بەهێزکردنی ئابووریی ولاتدا دەکەن "شایەنی پاداشتی ڕۆشنبیریی ئاینین"! بەم لایەنەدا کۆیلەکان مەسیحییەتیان ناسی. بەڵام خاوەن مولکەکان مەترسیی ئەوەیان هەبوو نەک ڕۆشنبیریی ئاینی کۆیلەکان بەرەو یاخی بوون و درێژەنگی ببات (بەتایبەتی دوای فێر بوونی خوێندن و نووسین)، بۆیە قانوونەکانی کۆیلایەتی ڕایسپارد کە: "لە ئاوهەڵکێشان باری کەسێک لە کۆیلایەتییەوە ناگۆڕێ بۆ ئازادی"، تەنانەت گۆدوین–ی موژدەبەر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە: "ڕۆشنبیرکردنی مەسیحی جووتیار دڵنیاتر دەکا..".

لە قۆناخی یەکەمدا کۆیلەکان بە هەموو توانایەکیانەوە بەرەنگاری ئەو هەوڵە بوونەوە، کە مەسیحییەت ئاینی چەوساندنەوەیە. ئەوەندەی نەبرد کۆمەڵگەی ڕەش مەسیحییەتی قبووڵ کرد و ورده ورده چووە سەر ئەو ئاینە. بەڵام دەتوانین جەخت لەوە بکەین کە ئاینی ڕەش لە ئاوێنەیەک پترە بۆ مەسیحییەتی سپی. ڕاستییەکی تایبەتمەندە ڕیشەی داکوتاوی لە ڕابوردووی ئەفریقیادا هەیە، بە ئازارچەشتنی کۆیلایەتی توێنراوەتەوە و لە بەئاگا هاتنەوەی ئاینیدا لە سەتەکانی هەژدە و نۆزدەدا دەرکەوت.

ئەزموونی کۆیلایەتی بەلای هەندێک لە ڕەشەکانەوەش ئەزموونی ڕووخانی خوداوەندە ئەفریقییەکان بوو. لە کۆتاییشدا کوێران بەرەو مەسیحییەت بۆ ئەمان واتە هاوپەیمانی لەگەڵ خوداوەندی بەهێزی سپیدا و بەشداری کردنە لە دەسەلاتەکەی و خستنە بەر دەستیەوەی هەموو توانایەک و لەم سەر شارەوە دین وەک نێزیکترین ڕێ دەرکەوت بۆ دان نان بە مافەکانی ڕەشدا و ڕەشەکان وا دیار بوو بەشێوەیەکی تایبەتی ڕوویان لە مەعمەدانییەکان کردووە.

## کەنیسە سەربەخۆکانی ڕەشەکان

دوای وەرگەڕان ڕەش هۆیەکی بەدەستەوە بووە یارمەتیی مانەوەی کردووە، بەناوی ئەو خودایە لە کێڵگە هەڵاتووە. هەروەها بۆ خزمەتکردنی ئەم بڕوایە ڕەشەکان دواتر شوێنپێی ئازادکراو دروست دەکەن، کەنیسە ئازادە ڕەشەکان.

هەر لە سەرەتای دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەیانەوە کەنیسە سەربەخۆکان یەکەوسەر هەموو کاروباری گەلی ڕەش لە ئەستۆ دەگرێ. مەبەستی ئاینی بەلایەوە بوارێکی جوداواز نەبووە بەڵکو ڕەهەندێکی ژیانی کۆمەڵایەتی بووە: ناوەندێکی ئاینی و یانەیەکی کۆمەڵایەتی و کایەیەکی سیاسی و قوتابخانەیەکی پەرەپێدانیشە. بنیاتی ژیانی پەشۆکاوی کۆمەڵ لە دەستپێکی کۆبوونەوەی ڕۆشنبیرییەوە دەگۆڕێ. دەوری کەنیسەکان لە بواری فێرکردندا بەبایەختترین شت بوو. سالّی ١٨٣٤ دروشمی باو: "کەنیسەیەک و قوتابخانەیەک بنیات دەنێین" بوو.

لە کۆتاییشدا کەنیسە لەلای ڕەشەکاندا، بۆ ماوەیەکی زۆر تاکە جێگەیەک بووە بتوانن تێیدا سیاسەت بکەن. سالّی ١٨١٧ بەبایەختترین کۆبوونەوە گیرا لە کەنیسەیەکدا بۆ دەربڕینی ناڕەزایی. بەڵام دوای ماوەیەک کە کارەکە چووە سەر باسی دۆزی کۆیلایەتی، کەنیسە چیی دی نەیتوانی



زنجییەکان بەزۆری وا وێنە دەکێشران سەمادەکەن و کامەرانن. بەڵام سەماکردن، لە پاڵ کەشە ئاینییەکاندا، تاکە بوارێکی حەسانەوەی لە توانستدا بووە.
(وێنەی وێنەکێشێکی نەنووسراوی دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠)ە.

خۆی تووش بکا. توانستی تاکەکان لەم بوارەدا توانستێی دەزگەی کەنیسەی ڕەت کرد. بەڵام کەنیسەکان لەگەڵ ئەوەشدا کەنیسەکان وەک ئێستگەگەلێک مانەوە لە ڕێگەی "ڕێڕەوی دەربازکردنی نهێنی"دا.

کەنیسەکان هەست بە ئاگاییی کۆمەڵ و ناسنامەی کۆمەڵ بە ڕۆڵەکانی دەبەخشێ. ئەو واتایەک بە بوون دەدا و ئامانجێکی هاوبەش دەخوڵقێنێ و هۆیەکانی پشتگیری ڕێکدەخا. شوێنێکی ئازاد کراوی دوور لە مەترسیی جیهانی سپییە. بوونی جێگرەوەی جارێکی سیاسییە: "ئێمە وەک گەلی ڕەش هەین" و دەوری سیاسیی دەورێکی پێشەوایەتیش بوو. پێشەوایانی کۆمەڵگەی ڕەشەکان قەشەکان و ئوسقوفەکانن. خۆ ئەگەر مەسیحیی ڕەش بۆی نەبووبێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن لە کۆمەڵگەدا، لە کەنیسەدا هەموو مافەکانی خۆی ئەنجام دەدا و تەنانەت دەتوانێ بگاتە پێگەکانی لێپرسراوی.

بەڵام مەسیحییەتی ڕەشەکان بەر ە هەموو شتێک و بۆ ماوەیەکی زۆر وەک مەسیحییەتێکی قەرەبوو کردن و هەناسە دەردان مایەوە، مالکۆڵم (X) سەرسامیی خۆی لە بەردەوامیی نەرێنێتیی ڕەشەکان دەربڕی "کە بە گەرمیی ئەو بڕوایەوە ماوەتەوە کە دەبێ لای چەپی ڕوومەتی وەربگەڕێنێ و دواتر چاوەڕێی بەهەشت بکا". بەڵای ئەوەوە ئینجیل ڕەشەکانی بە تایبەتی فێرە سەبر کردن و

خۆ بەدەستەوەدان کردووە. بڕوا بە بوونی جیهانێکی دیکە کارێکی بنچینەییە. کە بواری بۆ دوورەپەرێزی لە بارودۆخی ئێستا و سووککردنی گرژبوونەوە و ڕامان لە دواڕۆژێکی باشتر ڕەخساندووە.

## ملکەچی یان بەرگری؟

وەرگەڕانی ڕەش بۆ مەسیحییەت بواری دا بگاتە درکبە ئازادی کردن کە باری کۆیلایەتی نەیتوانی تێکی بدا. ئازادی بووە بڕوایەکی ناوەکی باری دەرەکی ناتوانێ دایبپۆشێ. هارڤی کۆکس دەڵێ مەسیحییەت کە بواری خۆ لە ئەزموونی وەها دان دەڕەخسێنێ ئەفیوون نییە بەڵکو بەخشینی ژیانێکی دیکەیە لە بارودۆخێکدا ئاسۆی تێدا لە هەموو لایەکەوە داخراو دەبینرێ: "هەموو گەلێکی ملکەچ دەبێ یەکەم بەر لەوەی بیر لە شۆڕش بکاتەوە خۆی ڕابگرێ". کە ئاوڕ لە یاخیبوونی کۆیلەکان و هەڵمەتی ڕزگاری و تێکۆشان لە دژی ڕەگەزیەرستی دەدەینەوە، دەبینین گەلی ڕەش شەڕەکەی دەکرد، ئینجیلی بەناوی خوداوە هەڵگرتبوو.

لە شەستەکاندا دوابەدوای دەرکەوتنی بزووتنەوەی "هێزی ڕەش"، هەندێ لە مەسیحییەکان دەستیان بە خوێندنەوەی سەرلەنوێی مێژووی ئاینی ڕەش، لەپاڵ بیری ملکەچیدا بوونی بیرێکی (بەرگر) یان بۆ دەرکەوت. مەسیحییەت توانستی خۆڕاگریی دا بە ڕەشەکان: ڕێی دانێ ناڕەزایی دەربڕن و هەڵوێستی هێرشبەرانەیان بەرامبەر دەسەڵاتەکان هەبێ. کەنیسەی ڕەش بوو پشتگیریی ئەم جموجووڵە یاخیبووانەی کرد. شوێنی کۆبوونەوە و هۆی گوازتنەوەی زانیاری و تۆڕی بنچینەیی ڕێکخستنی کار بوو.

کاتێک سەرکوتکاریش توند دەبێ، سپییەکان نابینن هەڵە لە پێکانی ئامانج بدەن، کە بەر لە هەمووان گردبوونەوە ئاینییەکانیان سزا دەدا: کۆبوونەوە شەوانەکانیان قەدەخە دەکرد و ئەو کۆبوونەوانەی سپییەکانی بەشداریان تێدا نەدەکرد و ڕێیان لە موژدەدەرە ڕەشەکانیشیان دەگرت کە وتارەکانیان بخوێننەوە. ئاین لەلای ڕەشەکان بیانووی بەرگری و دەسپێکی شۆڕشەکەیان بوو. بەڵام گەل هەر زوو درکی بەوە کرد کە کەنیسەکان ناتوانن ببنە هۆگەلێکی یەکلاکەرەوە لە خەباتدا، بۆیە گەلی ڕەشگەلێک لە کۆمەڵەکانی بەرگریی کۆیلایەتی پێکهێنا بەڵام هەرگیز باوەڕی لەدەست نەدا.

بڕوای مەسیحی بواری بۆ ڕەشەکان ڕەخساند مرۆڤایەتییان بەدەست بهێنن، کە کەنیسە شوێنی ڕەسەنایەتی و ڕزگاری و جەخت لەسەر خۆ کردن ڕەخساندووە، لە ڕێگەیەوە ڕەشەکان تواییان بەرەوڕووی پاڵەپەستۆی نائومێدی ببنەوە و مرۆڤایەتییان بسێننەوە.

موژدەدەر ئەو کەسایەتییە ناوەندییەیە لە خوداپەرستیدا و کۆتاییش لە کۆمەڵگەدا، هەر خۆشی تەوەری کەشی ئاینییە و لێدوانەکەی ئەوەندەی پاڵ بە قسەوە دەنێ پاڵ بە مۆسیقاوە دەنێ. دەچێتە ناو ترپەیەکی تادێ بەرزدەبێتەوە و دەگاتە ئەزموونی کەشێکی ئاینی و لەوێوە بۆ بەرزڕاگرتن و

بەرزبوونەوە. دووریش نییە لێدووان کۆتایی بێ کە ئەزموونێکی ئاینیی گفتوگۆئامێزە هەموو تاکێکی تێدا خۆی ڕەت دەکا، بە نزای زنجیانە. هەندێک دەڵێن نزاکان لە موژدەدانەوە هەڵدەقوڵێ وەک درێژبوونەوەیەکی سروشتیی ئەو.

## قەشەگەلێک لەسەر شانۆی ژیانی سیاسیدا

لێدووان کاریگەرییەکەی لە پێوەندیی پێشەوا بە گەلی ڕەشەوە وەردەگرێ: خۆی لە گەلەوەیە و هەر لە دەوروبەریشیدا دەمێنێتەوە. ئەفریقییەکان لەسەر جوداکردنەوەی دوو جیهانی دینی و دنیایی ڕانەهاتوون، بەلایانەوە ئاساییە پێشەوای ئاینی پێشەوایەکی کۆمەڵایەتیش بێ، یان پێشەوا کۆمەڵایەتییەکە دەورێکی ئاینی ببینێ.

ئەگەر سەرنج لە مێژووی گەلی ڕەش بدەینەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە چەندانێک لە قەشەکان لە پێشەوەی ڕووداوەکاندا بوون. کۆمەڵگەی ڕەشخۆی لە هیچ هەڵوێستێک نەداوە قەشەکان خۆیان لێ نەدابێ. بەشداریان لە پێکهێنانی کۆمەڵەکانی بەرگریی کۆیلایەتیدا کردووە و بەشداریان لە دابین کردنی "ڕێی نهێنیی هەڵاتن"دا کردووە و بەشداریان لە ڕێکخستنی قوتابخانان و زانکۆکاندا کردووە. لە ماوەی قۆناخی "بنیاتنانەوە"دا دیسان دەورێکی تایبەتیان هەبووە چونکە لەو خوێندەوارە کەمانە بوون کە لە کۆمەڵگەیاندا هەبووە. ئێستاش ئەمرۆشمانی لەگەڵدابێ پێشەوان.

لە مێژووی گەلی ڕەشدا کەنیسە ڕێیەک بووە بەرەو بەرپرسێتیی سیاسی. ئەو شوێنە بوو کە پێکهاتنی چەکە یەکەمینەکانیان و چۆنیەتیی پێگەیاندنی پێشەوایەتیی بەخۆوە بینی.

## دەوری مۆسیقا

قووداسی ئاینی بە مۆسیقا دەست پێ دەکا و بە مۆسیقاش کۆتایی دێ. نزا "تەرتیلە"ی زنجییش[15] شاهێدی سێ سەرچاوەی مەسیحی بوونی ڕەشە ئەمەریکاییەکانە. ئەگەر شێوەی تەرتیلەکە زۆربەی بگەڕێتەوە بۆ ئەفریقیا (بنیاتی دایەلۆگ، تڕپەی هاوەڵ و سەرزارەکی "شتی هەنووکەیی" و چەپڵە...)، بەڵام ناوەڕۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەورووپا. بەبێ هیچ دوودڵییەک زمانی تەرتیلەی ئاینیی زنجی زمانێکی بارگاوییە بە هێماکانی ئاواتە سەرکوت کراوەکانی گەلێکی کۆیلە کراو. زمانی پێوەندییە لە ناو کۆمەڵەکەدا، لە پاڵ ئاماژەگەلێکی ڕوونی بارودۆخدا دەبینین، ("دەوریە گەمارووی دام، سوپاس بۆ خودا، نەیتوانی دەستگیرم بکا")، ژمارەیەکی سەرنجکێش لە ئاماژەکان بۆ ژیانی خێزانی، گەل ناگاتە نائومێدی کە نزاکان بە زۆری بەوە کۆتاییی دێ کە دەڵێ: "بەرزی بۆ خودایە، هەللیلویا".

ئەگەر ناوبردنی مەسیحیش بەردەوام بووبێ لەبەر ئەوەیە کە ڕەشەکان لە چارەنووسی ئەودا مێژووی خۆیان بینی. نزاکان بە شێوەیەکی سادە و زۆر ڕاستگۆیانە واتای ژیانەوەیان دەردەبڕی،

یەسووع هاوڕێی بەردەوام ئامادەیە و دڵدانەوەیە لە ئاست گرانیی ژیانی سەختی ڕۆژانەیە. زمانی هێما ئەو زمانەیە چەوسێنەر ناتوانێ کاری لێ بکا. هەموو ئەو هۆیانەی لە گۆڕێدایە بۆ بۆ ئاسمان سەرکەوتن هەر بەخۆی دەبێتە شێوەگەلێکی هاندان بۆ هەڵهاتن بەرەو باکور و ڕەوتی ئینجیل ئاماژە بە بیرۆکەی "ڕێی نهێنیی هەڵاتن" دەکا کە سەتان کۆیلەی گەیاندە باکور. نزا گۆرانییەکی بەسەرهات و گۆرانییەکی ئومێدەواریە بزوانی بەرەو خاکی ئازادی هان دەدا.

بەڵام "بلووز"، کە حاڵەتێکی سەرەتاییی جازە، بەڕەسەن گۆرانییەکی ئازارە لە سێیەری کۆیلەیەتیدا پەرەی سەندووە. ڕەش گۆرانیی گوت بۆ ئەوەی ترپەیەک بۆ کارەکەی بدۆزێتەوە و گۆرانیی گوتووە بۆ ئەوەی ئازاری دەربڕێ و لە ساتە کامەرانییانەدا کە بە دەگمەن بینیونی سەمای کردووە. بەڵام لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی – ئابووریی ئەمەریکاییە ڕەشەکان و گۆڕانیان لە کۆیلایەتییەوە بۆ پرۆلیتاریای پیشەسازی و لە کۆلیتەکانەوە بۆ گیتۆ لە هارلم و نیویۆرک و بۆ مل بۆ شۆڕش کەچ کردن، دەبینین کە ئەو "بلووز"ەی لەو هۆیانە بوو جازیان پێکهێناوە، نەمردووە بەڵام گۆڕا. نزا "تەرتیلە"ی "ئەی مووسا دابەزە" لای ڕشەکان پەسند بوو چونکە تێیدا "لێ گەڕێن گەلم کۆچ بکا"یان تێدا دەچڕی[١٦].

> ئەمڕۆش دیسان ڕەشەکان ڕەهەندێک و دەورێکی سیاسی بە مۆسیقاکانیان دەدەن. مۆسیقای بلووز و جاز بە هۆی لە هەژاریی گەلی چەوساوە دەرکەوتنییەوە، لە ژیانی ڕۆژانەیدا نەیتوانیوە لە گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان جیابێتەوە.
>
> بەپی دەربڕینی ئەرشی شیب–یش: "لە ڕاستیدا لە درێژەی ئەو بزووتنەوەی "مافە مەدەنییەکان"ی نەتەوەیی ڕەشە نەبین کە دەستی بەبڵاوکردنەوە کردووە لە ئەمەریکا و کە لانکەی مۆسیقا بووە".

## بلوز

بۆ زانینی بنچینەی ئەم وشەیە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەتەی شازدەهەم. ئەمە کورتکراوەی دوو وشەی blue devils کە واتەی: خەمۆکی دەبەخشن.

لە ئاستی مۆسیقادا "بلوز" تەواوێک دەگەڕێتەوە بۆ ڕەشەکان و فۆلکلۆریان، هەروەها کاردانەوەیەکی سۆزەکییە بەرامبەرژینگەیەکی سەرکوتکەرانە. گۆرانییەکە داڕووتان "استلاب" دەردەبڕێ. تەواوێک لە ڕاگتایم و جاز جودایە.

ئەم دوو جۆرە لە مۆسیقای کۆمەڵ ئامانجیان دڵخۆشیی خەڵک بوو. بەڵام "بلوز" لە تەنیاییدا پەروەردە بووە، هەرگیز مۆسیقایەکی ناڕەزایی نەبووە، بەڵکوو مۆسیقای گونجان بووە لەگەڵ بوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری جوداوازیی ڕەگەزی. "بلوز" دۆزی بالیاییی سپی باس ناکا،

گۆرانیبێژ لەگەڵ خۆیدا ئاشت دەبێتەوە و ڕاستیی خۆی درک پێ دەکا – بەوەش دڵخۆش دەبێ. گۆرانیی "بلووز" داننانێکە بە بارودۆخی مرۆییانە و جەخت کردنی ناسنامەیە.

پەرەسەندنی مۆسیقای میللی لە سەتەی بیستدا "بلووز" نەبووایە گەلێک لەوەی ئەمڕۆ جودا دەبوو. کاتێکی زۆر بەسەرچوو بەر لەوەی مۆسیقیەکان و ڕەخنەگران بایەخی ڕاستەقینەی داهێنانی گۆرانیی بلووز و بەردەوامی و ئەو واتایە بزانن کە بەلای نەتەوەیەکی تار و بەندکراوەوە بەرجەستەی کردووە.

جۆنی لویس، گۆرانیبێژی ناوداری بلووز، وشە و دەستەواژەگەلێکی لە پێشکێشێکیدا بۆ مارتن لۆتەر کینگ لە دوای تیرۆر کردنی:

"باسی مارتن لۆتەر کینگتان بۆ دەکەم، شەوی گلانی – وام بەخەیاڵدا دێتەوە کە گەڕاوەتە ماڵەکەی و لە تەک قەرەوێڵەکەیدا وەستاوە و هاوسەرەکەی و کچە منداڵەکەی بینی و گوتی: "خودایە! ئاواتەخواز بووم ماوەیەکی درێژتر بژیم تا منداڵەکەمم دەبینی گەورە دەبوو و کە ئەمە نەبوو، بەتۆی دەسپێرم". ئەوجا گوتی: "کچم تاسەت دەکەمەوە و من هەرگیز ناگەڕێمەوە، دەزانم تاسەم دەکەی، دەزانمتاسەی قسەکانم دەکەی".

"ئەم بڕگەیە لە کتێبی La memoire du peuple noirی کڵۆد فلیوتر، بڵاوکراوەی (Rock et Folk/Albin michel) وەرگیراوە".

## کینگ و مەسیحییەتی ڕەش

لە نێوانی ١٩١٥ و ١٩٣٠دا شارەکان هەڵمەتی کۆچێکی بەربڵاویان بە خۆیانەوە بینی کە ژمارەیەکی زۆری لە باشوورەوە بۆ باکور ڕاکێشا. تازە کۆچکردووەکان لە هەژارترینەکانی نێو هەژارەکان بوون، ئاواتی ژیانێکی باشتریان لە شاردا دەخواست. کەنیسە ڕەشەکان خۆیان بەرەوڕووی هەڵوێستێکدا دیتەوە لە سەرووی توانست و هێزە ماددییەکانیدا بوون، هێندەی نەبرد ڕووداوەکان ڕەتیان کرد. شێوەی یەکەم بەرەنگار بوونەوە لە دوو ئەوەندە کردنی پەرستگەکاندا بوو. ئەم زیاد بوونە لە شوێنی کۆبوونەوە ئاینییەکاندا کەنیسەی لە خەڵک نێزیک کردەوە بەڵام ڕێگەی بۆ یەکگرتنەوەی کۆمەڵگەی ڕەشدا خۆش نەکرد، کە بە پەرت و بڵاوی مایەوە و کاریگەریی ئاین دەستی بە پاشەکشە کرد.

جەماوەری ڕەش باوەڕ و متمانەیان لەدەست دا و سەرباری ئەوەش ڕێکخراوە مەدەنییەکان ئەنجام دانی گەلێک کاریان گرتە ئەستۆ کە پێشتر کەنیسە دەیکرد. گەلی گیتۆ بەرگەی فێڵی کەنیسەکانی نەگرت کە موژدەی جیهانێکی دیکەی دا لە پێناوی دابین کردنی سەقامگیری لەم جیهانەدا، بۆیە پشتی تێ کرد. بەڵام ئەو بزووتنەوە کۆمەڵگەی ڕەش ناسیبوونی هێشتا بە یارمەتیی پیاوانی کەنیسە پێکدەهاتن: بزووتنەوەی نیاگرا و ڕابیتەی شارەکیی نەتەوەیی و

ڕابیتەی نیشتیمانی بۆ پێشکەوتنی ڕەنگدارەکان (N.A.A.C.P)، کەچی میانڕەویی ئەم شەپۆلانە بەزۆری بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی پارێزگارانەی کەنیسەکان، کە دەستی لە مەشخەڵەکەی هەڵگرت و تیپەکانی دی کە لە زیادبووندا بوون بەپەلە هەڵیان گرت، بۆیە بارودۆخی شار لە سەدەی بیستەمدا کەنیسە ناچار کرا چاوێک بە ڕاستگۆییدا بخشێنێتەوە. دوابەدوای ئەو پشێوییە گەورەیەی لە پەنجاکان و شەستەکان هەل بۆ ئەوە ڕەخسێنرا.

لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا ئەو ستراتیجییەتەی گەلی ڕەش هەڵیبژارد بوو ستراتیجییەتێکی ناتوندوتیژی بوو. مارتن لۆتەر کینگ ئەو پیاوەی کە بە کەسی خۆی شەڕی مافە مەدەنییەکانی بەرجەستە کرد. دوای سالانێک لە مردنی بەدواداچووە سپییەکان سوور بوون لەسەر ڕەهەندی ئاینی لەلای کینگدا و ڕەخنەیان لە شێوازە سیاسییەکانی گرت، لە کاتێکدا نووسیارە ڕەشەکان بەر لە هەموو شتێک لەلای کاریگەرییە سیاسییەکەیدا وەستان و وایان دانا ئەم کاریگەرییە بە هۆی چەمکە ئاینییەکانی کینگ بە خۆیەوە لە سنوورێکی بەرتەسکدا ماوەتەوە.

کینگ وەک بابەکانی دەیزانی چۆن گەلەکەی دەدوێنێ، دەیزانی چۆن سیمینارەکانی بە وشەگەلێکی گەوهەرییانە واژۆ بەکا تا بگاتە ئایەتێک لە کتێبی پیرۆز یان بە هەندێک دەقی "تەرتیلە"، کورتەی ئەوەی تێدا بێ کە پێی لێ دەکاتەوە. بێگومان موژدەدەرێکی "مەعمەدانی" بوو بە شێوەی قسەکانی و گەرمیی ئینجیلییەگڕی لە جەماوەر بەرداوە. باوەڕی ناتوندوتیژی بەلای کینگەوە لە ئینجیلدا ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکۆمەڵایەتییەکان بوو: "دەبێ گوێرایەڵی خودا بین نەک مرۆ".

لە ڕاستیدا مارتن لۆتەر کینگلە تەنیا هێمایەک پتر بوو بۆ کۆمەڵگەی ڕەش. ئەو هاندەرە بوو کە نەتەوەکەی وەئاگا هێنا و هانی دا بچێتە ناو شەڕە ڕەواکەی. وەک مێژوو لە باشترینی ئەوانە دادەنرێ کە لە بەدیهێنانی ئەو یەکبوونە چەسپاوەی نێو باوەڕی مەسیحی و چالاکیی کۆمەڵایەتییەدا سەرکەوت، کە بەلای زۆرییەوە تاکە هەلێک بوو بۆ بەرپا بوونی شۆڕشێکی ڕەش لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

ئەم قەشەی مەعمەدانی و پێشەوا سیاسییە، بەرجەستە بوونی "کەنیسە چالاکەکە" بوو لە پێناوی ڕزگار کردنی بەکۆیلەکراوەکان و دووبارە ژیاندنەوەی ئاینی تێکۆشەر. لەگەڵیدا خوداپەرستیی مەسیحی بە دەست بە دادوەریدا گرتن تەواوتر بوو و هەروەک بارودۆخ لە ڕۆژانی ڕزگاریی پرشنگداردا بوو. بایەخی خۆی هەیە ئاماژە بە ژمارەی دەزگە ئاینییەکان بدەین – کاتۆلیکی و پرۆتستانتی و جووێتی – لە پێشەوەی تێکۆشەرانی لە پێناوی مافە مەدەنییەکاندا بوون. بەڵام کەنیسە وەک قەوارە دۆزی مافە مەدەنییەکانی پشتگوێ خست.

لە ڕاستیدا حکوومەتی ئەمەریکایی ماف نادا، دەبێ لێی بسەنرێ، هەروەها ئەگەر ناچار نەبێ سیاسەتی یەکسانی پەسند ناکا. ئەو ڕەشانەی بەرپرسی چارەنووسیانن، ئەمڕۆ دەزانن پێویستە

بە ژیری و داهێنەرانە لە تێکۆشان بەردەوام بن بەبێ وروژاندنی دەسەڵات. ڕێگەی بەرەو دان پێدا نانی تەواو دڕێژە و پێویستی بە مەشق لەسەر بەرپرسیاریەتیی سیاسی بکرێ. تەواوی گەل دەبێ درک بە ئامانجەکانی ئەو تێکۆشانە بکەن بە ڕۆشنبیر کردن و ئامادە کردنی جەماوەر بۆ کار نەبێ نایێتە دی.

بەپێی نەریتی ڕەش پێدەچێ تەنیا گوتاری ئاینی ناتوانێ ئامادەکاریی سیاسیی جەماوەری ڕەش کارا بکا. ئەوەی دەمێنێتەوە پێشەوا ڕەشەکان بیکەن ئەوەیە ئەم گوتارە بکەنە ئامێرێکی سیاسیی کاریگەر لە ڕاڕەی دواڕۆژدا.

## سەردەکەوین

چەندان گۆرانی هەیە لە ڕێنماییە ئاینییەکان وەرگیراون، ئەوەی کە دوای هەندێکدەستکاری بۆ سەماکردن یان بۆ کۆبوونەوە سەندیکاییەکان و بزووتنەوەی لە پێناوی ئاوێتەیی ڕەگەزی بەکارهێنراوە. ئەمگۆرانییە لە بەناوبانگترینی ئەم کۆمەڵەن. سەرەتا لە ماوەی ئەو دیمانانەدا زانراون کە لە ناوەندەکانی سەندیکاکاندا ئەنجام دراون، ئینجا سپییەکانیش و ڕەشەکانیش لە چالاکییەکانی بزووتنەوەی لە پێناوی مافە مەدەنییەکاندا دەستیان بە گوتنەوەی کردووە.

زیلیفیا هۆرتن بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٤٧ لە قوتابخانەی میللیی چیپاییەکاندا لە تێنیسی گوێی لێ بووە و ئەندامانی هەردوو سەندیکای خواردن و تووتن گوتوویانە. ئەمانە بینراون چەپڵە دەکوتن و تەرتیلەکە دەڵێنەوە کە سەرەتاکەی دەڵێ: "سەردەکەوین". لەوساوە و لە بۆنە جوداجوداکاندا برگەگەلی سەرزارەکییان دەخرایە سەر لەگەڵ بارەدۆخی تازە بووەوەدا بگونجێ.

سەردەکەوین، سەردەکەوین

ڕۆژێک لە ڕۆژان، سەردەکەوین

پاشبەند "لازیمە"

لە کانگای دڵمەوە دەزانم

ڕۆژێک لە ڕۆژان سەردەکەوین.

ڕێ دەکەین دەست لە ناو دەست، ڕێ دەکەین دەست لە ناو دەست،

ڕێ دەکەین دەست لە ناو دەست، ڕۆژێک لە ڕۆژان

لە هیچ شتێک ناترسین

بە ئاشتی دەژیین، ڕۆژێک لە ڕۆژان
ڕاستی ڕزگارمان دەکا، ڕۆژێک لە ڕۆژان
دەبینە برا، ڕۆژێک لە ڕۆژان.
ڕەش و سپی پێکەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان
سەردەکەوین، ڕۆژێک لە ڕۆژان.
(لە کتێبی The Joan Baez Songbook، بڵاوکراوەکانی .Ryerson Music Publishers,Inc.N.Y)

*

## ئەمەریکاییە ڕەشەکان لە کۆواڕە وێنەدارەکاندا

دۆمینیک گۆرناک

"ئەمەریکاییە ڕەشەکان؟.. نایانناسم!" لەوانەیە ئەمە وەڵامی ئەوانە بێ کە کۆواڕە فەرەنسییە وێنەدارەکان تەماشا دەکەن... داخۆ ئەمەریکاییە ڕەشەکان لە کۆواڕە فرەنسییە وێنەدارەکاندا هەن؟

بێگومان چەند کۆواڕێکی وێنەدار هەیە چیرۆکەکانیان بە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەسووڕێتەوە و پاڵەوانەکانیان لە سپییەکان و هەندێک لە هیندییە ئەمەریکاییەکان هەڵدەبژێرن و دەورە لاوەکییەکان بە ژمارەیەک لە لاتینییەکان و بە دەگمەنیش بە کەمێک لە ڕەشەکان دەدا! بەم بۆنەیەوە، ژمارەی ئەو ڕەشانە چەند بوون تان تان لە ئەمەریکا دیمانەی لەگەڵدا کردن؟[17]

وێنەی ئەمەریکاییی ڕەش یەکەم وێنەی ڕەشێکی تەمبەڵە، بە هەندێک سادەییەوە، لەوانەیە لە چیرۆکیکی لەبارەی لاکی لۆک–دا بیبینینەوە (En remontant le Mississippi)، لە ڕوونووسێکی دیکەی زیرەکانە ڕاست کراوە لە Gorilles contre K.K.K. (زنجیرەی سامی Sammy، بڵاوکراوەکانی Dupuis)، کە ڕەگەزپەرستیی گەمژە لەلای سپییە باشووریە گچکەکاندا دەردەکەوێ.

لە وێنەیەکی کەدا ئەو ڕەشەیە وا لە گیتۆدا دەژی، پەراوێزخراو و گزیکەر، جارنا تووندوتیژ، گەلێک جار سادە، دەربەدەر، هەروەک لە دوو کۆمەڵی لە Bar a Joe (کاسترمان) یان لە La Reine Des Pommes (سکوێر)، چیرۆکێکی پۆلیسیی شوستەر هاینز–ە و وێنەکان هی والنسکی _ یە، پەسنە کلاسیکییەکانی لە ڕۆمانەکانی ڕەشەکاندا بۆ دەگوازێتەوە.

بێگومان وێنەی مۆسیقییەکی ڕەشی ئەمەریکاییش هەیە، وەک لە (L homme de Harlem بڵاوکراوەکانی Dargaud)، چیرۆکێکی وێنەداری زۆر جوان و وروژێنە، لەگەڵ بیستنی مۆسیقای شارلی بارکەر، دێزی جێلیسپی–دا... ئەو پارچە جازانەی لە دەقەکەدا ئاماژەی بۆیان کراوە و پێ

بەپێ دەڕوا و پاڵپشتیی سیناریۆ دەکا لە زنجیرەی B: ژەنیارێکی ڕەش، سۆزانییەکی سپی، دەربەدەر... وێنە کەرتەکە یان هێمنەکە لەگەڵ ترپەی مۆسیقادا دەگونجێ و لە کۆتاییدا دەگاتە ئەوەی لە پشت ئەو مۆسیقایەوە بەرەو نەمان دەچێ! ئاستی تەکنیکیی زمانپاراوی لەم چیرۆکە وێنەدارەدا خوێنەر والێ دەکا لاوازیی ڕێژەییی سیناریۆ پڕ لە کلیشەگەلی لە بارەی بارودۆخی ڕەشەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە لەبیر بکا.

بەڵام ئەمە –بۆ بەدبەختی– بارودۆخی چیرۆکی مارتن لۆتەر کینگ نییە لە Univers Media. تەکنیکی جێبەجێ کردن مامناوەندی بوو و بریقەی کاغەزڕەنگەکانی کاڵ کردووە، وێنەکەش کەرت و لە داهێنان بەتاڵە و ژیانی کینگ تا لە کاریکاتێر چوون سادەیە و گەلێک جاریش بۆئاستی کلیشە دادەبەزێ...! بەڵام چیرۆکە سی لاپەڕەییەکە بۆ خۆشبەختی لەگەڵ نامیلکەیەکی شانزە لاپەڕەییدا دابەش دەکرێ، ناوونیشانی: "لەبارەی ڕەگەزپەرستی و ناتوندوتیژییەوە"یە، کە لە هەمان کاتدا بەتام و فێرکارییە و نێزیکە لەم بوارەدا لێکۆڵینەوە ئەنجام بدا.

لەم دواییانەدا چیرۆکێکی وێنەدار لە بارەی مارتن لۆتەر کینگەوە لە "شەستراببی"دا، ئینجا لە ئەلبوومێکدا دەرچووە[18]. ب. مارشۆن–ی نووسیاری سیناریۆ لە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی کینگدا خۆی لە شێوازی کلاسیکی لادەوە (واتە دەست بە لە دایک بوونی و چوونە بەر خوێندن و...) و لە " ڕووداوی " ڕۆزا پارکس–ەوە دەستی پێ کردووە کە ئەنجامی بە ڕاگەیاندنی دابڕان لە ئۆتۆبیسەکان لە مۆنتیگەمریدا و بووە هۆی یەکەم جموجوولێی بەرفرەوان کە کینگ ڕێکیخست و پشتگیریی ناوچەیی وەدەست هێنا.

ئینجا چیرۆکەکە ئەوە دەگێڕێتەوە کینگ چۆن توانی لە بانگهێشتە هاندەرانە یەک لە دوای یەکەکانی و بەشداریی لە چالاکیی دوای چالاکی لە قووڵکردنەوەی تەکنیکی خەباتی ناتوندوتیژی، بە سرووش لە بیری گاندی وەرگرتن (بوونی وێنەی گاندی لەسەر دیواری ژووری دیوەخان لە ماڵی کینگدا هەروەک لە وێنەکانی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێ! لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە نییە) لە نێو "ڕاگوزاریەکانی دەریاوانی" (بە ئۆتۆبیس) بەرەو وتاری پێرمەنگهامن ڕۆژانی خۆشی، وەک گەیشتنی ڕێپێوانی ئازادی لە ٢٨ ی ئابی ١٩٦٣ بۆ واشنتن و پاداشتی نۆبڵ بۆ ئاشتیی ساڵی ١٩٦٤ و ڕۆژانی زەحمەتی گیتۆ لە شیکاگۆ و لەو ئاژاوانەدا کە "هێزی ڕەش" وروژاندیان و ب. مارشۆن دەریدەخا چۆن کینگ گەیشتە بەربلاوکردنی ڕادەی ڕامان و چالاکیی تا دۆزی شەڕی ڤێتنام و تا دۆزی هەژاری بەشێوەیەکی تایبەتی، بەمەش لێکۆڵینەوەی لە بنچینەکانی ڕێژیمی کۆمەڵگەی ئەمەریکاییی سەرلەنوێ ئەنجام دا.

ئەمە بەپێی سیناریۆکە، هۆی تیرۆر کردنی بوو لە ٤ی نیسانی ١٩٦٨دا. گومانیش لەوەدا نییە کە وێنەی س. و د. نیللیت لە ئاستی سیناریۆکەدا نییە، بەڵام ئاسان نییە وێنەکێشێکی "گەورە" قایل بکرێ وێنەی چیرۆکگەلێکی وێنەدار بکێشێ لاساییی بەسەرهاتی ژیانان بکا.

پەراوێزەکان:

١. گشتگیری: کوللییانی "شمووڵی": دەسەڵاتی تاکڕەوی بێ لێ پرسینەوە. (وەرگێڕی کوردی).

٢. L heritage noir، ملفیل ج. هیرسکۆڤیتز، بڵاوکراوەکانی Presence africaine، پاریس ١٩٦٦.

٣. Histoire de la Traite des Noirs, de l antiquite a nos Jours هیوبرت دیشان، بڵاوکراوەکانی Fayard، پاریس ١٩٧١.

٤. جۆرە دەرمانێکە کۆن بۆ جوانکاری و سپی کردنەوەی پێست بەکار هێنراوە. (وەرگێڕی کوردی)

٥. De l esclavagea la segregation گیرنا لێرنەر، بڵاوکراوەکانی Gonthier /Donel پاریس ١٩٧٥.

٦. Racines ئەلیکس هایلّی، بڵاوکراوەکانی J ai lu، پاریس ١٩٧٩.

٧. دەقی تەواوی لە کتێبی L independence americaine ی ئەندرێ کاسپی، بڵاوکراوەکانی Galimard Julliard، پاریس ١٩٧٦، ل ٢١٣ تا ٢١٦.

٨. هەمان سەرچاوە، ل ٢١٧–٢٢٧.

٩. L esclavage a la segregation، گیرنا لێرنەر، لە چاوگی ئاماژە بۆ کراودا.

١٠. Histoire des Noirs U.S.A هێربرت ئەپتکەر، بڵاوکراوەکانی Editions Sociales، پاریس ١٩٦٦.

١١. ئەو دە ویلایەتانەی کە ئەوانیش شۆڕشیان بەرپا کرد: ئەلاباما و ئەرکەنساس و کارولاینای باکور و فلۆریدا و جۆرجیا و لویزیانا و میسیسپی و تێنسی و تەکساس و ڤیرجینیا– بوون.

١٢. Les Etats-Unis pendent la guerre de Secession ئێرنست دو هوران، بڵاوکراوەکانی Calmann-Levy، پاریس ١٩٦٦.

١٣. Ghetto noir کینیپ کلاّرک، بڵاوکراوەکانی Payot، پاریس ١٩٦٩.

١٤. Dieu est noir، برۆنۆ شینۆ، بڵاوکراوەکانی Editions du Centurion، پاریس ١٩٧٧.

١٥. Histoire de la musique noire americaine، بڵاوکراوەکانی Eileen Southern, Buchet/Chastel، ١٩٧٦.

١٦. B.T2. no.68, Blues et racisme، (بڵاوکراوەکانی Pedagogie Freinet).

١٧. وەڵام ئەوەیە: تەنیا دووان، هەر لە وێنەکەشدا (گاڵتە!): دایکێک تا ڕادەیەک قەڵەو هەوڵ دەدا بە ڕاژەنینی توند منداڵەکەی ژیر بکاتەوە و تان تان هاوارەکەی بیست و وای زانی وەڕینی میلۆ–یە! ئەمە لە دانەی یەکەمی چیرۆکەکەدا بوو بە ڕەش و سپی... بەڵام هێرجێ، بۆ ئەوەی ڕەگەزپەرستیی نەدرێتە پاڵ، ئەو دایکە ڕەشە و منداڵەکەی گۆڕی و دایکێکی گەنجی سپیی (قەد باریک) و منداڵەکەی لە دانە... ڕەنگاوڕەنگەکەدا کێشا!

١٨. مارتن لۆتەر کینگ، س. و د.میللیت و ب.مارشۆن، بڵاوکراوەکانی Centurion Jeunesse-Astrapi.

لە ئەزموونەکانی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا ٢

# هاوکارینەکردنی ئابووری

جین شارپ

## بەشی یەکەم

### دەسپێک

هەوالنامەی چاپێر

ئیدی بەسە ڕەواجپێدان و خۆپەروەردەکردن لەسەر هەستگەلێکی تووندوتیژ، کە وا بە گوێماندا دەچڕپێنرێ ئەو هەستانە لە جەرگەی سروشتمانن و هەموو تەمەنمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەزۆکدا بەسەر دەبەین، کە جگە لە شکستی بەردەوام بە هیچ ئەنجامێکی ترمان ناگەیەنێ با ئەو شتەیش بەدەست بێنین کە بۆی دەکۆشین...ئەمە ئەگەر بەدەستیشی بێنین.

هیچ شتێک نییە هێندەی تووڕەبوون و ڕق لای مرۆڤ ئاسان بن کاتێ هێزی جەستەیی وەک باشترین خەسڵەتە مرۆییەکان وێنا دەکرێ و تۆڵەکردنەوە و خوائۆخەی لە لای شیرین دەکرێ و یەکبین دەیڵێتەوە کە ماف لەڕێی سڕینەوەی بەرامبەرەوە نەبێ بەدەست نایەت، لەڕێی کوشتن یاخۆ تێکشکاندنی یان گەیاندنی بە دۆخێک ئیمە بەدەستیەوە دەمانناڵاند. لێرەشەوە چارەسەرکردنی ستەم بە ئامرازە تووندتیژانە لەناوبەرەکان سەردەکێشێ بۆ گێژاوی تووندوتیژی.

ئاخۆ بەدیلی ئەمە چاوپۆشینە لە ستەم؟

دیارە ئامرازیتر هەن جگە لە تووندوتیژی بۆ گەیشتن بۆ دۆخێکی دادپەروەرانەتر و نەهێشتنی ئەو ناداڵییەی بەرامبەر کەسانێک کراوە بەبێ ئەوەی دەستدرێژی بکرێتە سەر کەسانیتر و بەبێ ئەوەی ستەمبارەکە ببێتە "ستەمکار" و ڕۆڵەکان جێگۆڕکێ بکەن و "مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە".

ئەزموونی گەلان لە بواری بەدەستهێنانەوەی مافی خۆیان لە ژیان و ئازادی و و دادپەروەریی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفور

کۆمەڵایەتی بەبێ بەرەنگاریکردنی توندوتیژی بە توندوتیژییەکیتر کە ئەنجامەکەی سەرهەڵدانی حاڵەتی نوێی ستەمە، زۆر و زەوەند و پڕ لە نموونەیە. خۆ ئەگەر ئەو توندوتیژییە نەبووە مایەی هەڵگرتنی ستەمەکە، ئەوا دۆخەکە خراپتر دەکا و ناسۆریی پتر بە دوای خۆیدا دێنێ، هەروەها بەهۆی ئەو ترس و کاردانەوەیەی لای دەسەڵاتداران دروستی دەکا، سەرکوتکردنەکە سەختتر دەکا.

کاتێ باس لە بێمانایی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم بە توندوتیژی دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە کە بە دیلەکەی پێکەوەژیانە لەگەڵ ئەم ستەمە لە ڕوانگەی "ئامادەکردنی گووپەکەی تر‌ەوە" بۆ لێدانی، بگرە مەبەست ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینە و دیراسەکراوە لەڕێی کۆبوونەوەی چەوساوان و ڕاگەیاندنی ڕەتکردنەوەیان بۆ ئەو حاڵەتە و بەرنامەڕێژییان بۆ نەهێشتنی و هێنانەکایەی ئازادی و دادپەروەری بۆ هەموان دێتە دی. ئەمەش ڕووناداتا خەڵک هەست بەوە نەکەن کە دەبێ بایەخ بە دۆخی ژیانی خۆیان بدەن و بۆ گێرانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان چاکی مەردانەی لێبکەن بە لادا.

"بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک" لەگەڵ هەزاران کەس لە لبنان دیدار و چاوپێکەوتنی هەبووە، لە سەرجەم ئەو دیدارانەدا کۆمەڵێک پرسیار و تێبینیی بنەڕەتی دووبارە دەبوونەوە:

ڕەنگە کاری ناتوندوتیژانە لە ململانە ناوەخۆییەکاندا بەکەڵک بێ، بەڵام ئاخۆ لە ململانە نەتەوەییەکان لە دژی دەستدرێژیکارانی دەرەکی هیچ ئەنجامێکی دەبێ؟

ئەگەر دوژمن توندوتیژی بەکار هێنا، چۆن دەکرێ بە ناتوندوتیژی وەڵام بدرێتەوە؟

ڕەنگە ناتوندوتیژی لە وڵاتانی دیموکراسیدا کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگیرێ، بەکەڵک بێ بەڵام لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بێکەڵکە.

چۆن دەکرێ ناتوندوتیژی لەگەڵ کەسانی وەک هیتلەر بەکار بێ؟

هەموو ئەوانەی پێڕەوییان لە خەباتی ناتوندوتیژانە کرد کوژراون لەوانە گاندی و مارتن لۆسەر کینگ و مەسیح و هتد. ئەم پرسیارانە دەخوازن ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە ڕوون بکرێنەوە، وەرگێڕانی کتێبەکانی ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە بۆ ئەو مەبەستەیە.

لەو کتێبەدا جین شارپ ١٩٨ ڕێگەی بۆ کاری ناتوندوتیژانە خستووەتە ڕوو کە هەموویان لە ئەزموونی زیندووی مێژوو تا ساڵی ١٩٧٣ کە کتێبەکەی تێدا دەرچووە، وەرگیراون.

ئەو ئەزموونانەی لەم کتێبەدا باس کراون دەری دەخا ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە فرەجۆرن، هەروەک باس لە کاریگەریی کاری ناتوندوتیژانە لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا پیشان دەدا.

هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کاری ناتوندوتیژانە کاریگەرانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و هی تر بەکار هاتووە.

هەروەها تەنیا پێوەست نییە بە پرسە ناوەخۆییەکانی وەک داواکارییە کۆمەڵایەتییە ئابووریەکان و مافە مەدەنییەکان لە بەرامبەر جیاکاریی ڕەگەزی، بگرە پرسە نەتەوەییەکانیش دەگرێتەوە وەک ئیمپریالیزم و داگیرکردنی دەرەکی.

هەروەها دەردەکەوێ کاری ناتوندوتیژانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمگەلی دیموکراسی و هەروەها نادیموکراسیشدا بەکار هاتووە، بە تایبەتی ڕژێمی نازی کە هیتلەر دایمەزراند.

پەیامی بنچینەیی ئەم کتێبە بریتییە لەمەی خوارەوە:

کاتێ ستەم ڕوودەدا ئێمە لە بەردەم دوو بژاردا نین کە سێیەمین نەبێ: توندوتیژی یان ملکەچکردن. ڕێگەیەکی سێیەمیش هەیە کە بریتییە لە بژارەی بەرگریکردنی مەدەنیی ناتوندوتیژانە.

کتێبی ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە بەشی دووەمن لە سیانەی "سیاسەتی کاری ناتوندویژانە" کە لە سێ بەش پێک دێ:

بەشی یەکەم Power and struggle

بەشی دووەم Methods of non violent action

بەشی سێیەم Dynamics of non violent action

بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک بەشی یەکەمی لە کتێبێکدا وەرگێڕدرا بە ناونیشانی یاخیبوونی مەدەنی.

بەشی دووەم بزووتنەوە بەپێی ئەو پۆلبەندییە دانەر دایناوە وەریدەگێرێ کە، ئەویش لە ڕێگەی چوار کتێبەوە کە هەموویان لە ژێر ناونیشانی "لە ئەزموونەکانی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا"ن.

کتێبی یەکەم: کارەکانی ناڕەزایی و قایلکردن.

کتێبی دووەم: هاوکارینەکردنی ئابووری.

کتێبی سێیەم: هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

کتێبی چوارەم: شێوەکانی دەستوەردانی ڕاستەوخۆ

"بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک" پێی باش بوو ئەم بیرۆکانە بۆ سەر زمانی عەرەبی بگوازیتەوە، ئەمە خودایە بەهۆیەوە بەرچاومان ڕووناک ببێتەوە و بتوانین لە گێژاوی توندوتیژیی بکوژ بچینە دەرەوە، کە وای لێکردووین لە دەریای نەهامەتی و بێئومێدی و ترس و داڕووخاندا نغرۆ ببین.

بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک

# بایکۆتکردنی ئابووری

## پێشەکی

کاری ناتوندوتیژانە دەخوازێ هاوکاریی دژبەرەکە (الخصم) نەکرێ. لەم بارەدا چالاکەکان شێوە و ئاستەکانی مامەڵەکردنی ئاساییان لەگەڵ ئەو کەس یان دەزگە یاخۆ ڕێژیمەی لەگەڵی لە مشتومڕدان، ڕادەگرن.

خەڵک دەتوانن، بۆ وێنە، بەرامبەرەکەیان بەتەواوی فەرامۆش بکەن وەک ئەوەی هەر نەبێ. دەتوانن هەندێ شمەک نەکڕن یان دەست لە کارکردن هەڵبگرن. هەروەک دەتوانن ملکەچی هەندێ یاسا نەبن کە بە ناڕەوایان دادەنێن، یان لە شەقامەکاندا پەناگیر ببن یاخۆ باج نەدەن.

چالاکەکان بە بەرتەسککردنەوە یان ڕاگرتنی مامەڵەکردنی ئاساییان یان هەر شێوەیەک لە شێوەکانی هاوکاریکردن، یاخۆ بە هەردووکیان پێکەوە درێژە بە ڕووبەڕووبوونەوەکەیان دەدەن. بە دەربڕینێکی تر هاوکارینەکردن دەبێتە مایەی لێکترازانی پێوەندییە کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان سیاسییەکان، یاخۆ ڕاگرتنیان و هەژاندنی متمانە پێیان. لەوانەیە جموجوولەکە خۆبەخۆ (عەفەوی) یان بە بەرنامە بێ، هەروەک لەوانەیە یاسایی یاخۆ نایاسایی بێ.

شێوازەکانی هاوکارینەکردن لە سێ خانەدا پۆلێبەند کراون:

- هاوکارینەکردنی ئابووری (بایکۆتکردنی ئابووری و مانگرتن دەگرێتەوە).
- هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی (بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە).
- هاوکارینەکردنی سیاسی (یان بایکۆتکردنی سیاسی).

هاوکارینەکردنی ئابووری ڕاگرتنی پێوەندیگەلێکی ئابووریی دیاریکراوە. یەکەم جۆری فەرعی لە چوارچێوەی جۆرە فرەوانەکەی ئەم هاوکارینەکردنەدا بریتییە لە ڕەتکردنەوەی دەستبەکاربوون، یاخۆ بەردەوامیی هەندێ پێوەندیی ئابووریی دیاریکراو، بەتایبەت کڕین و فرۆشتنی شمەک و پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییەکان. دووەم جۆری فەرعیش لە شێوە جیاوازەکانی مانگرتن پێک دێ کە سنووردارکردن یاخۆ ڕاگرتنی کار دەگرێتەوە. فەسڵی دووەممان بۆ بابەتی مانگرتن تەرخان کردووە، بەڵام لێرەدا لەسەر ڕێگەکانی بایکۆتکردنی ئابووری دەوەستین.

لەوانەیە بایکۆتکردنی ئابووری خۆبەخۆ یان بەپێی پلانێکی پێشوەخت لەلایەن گرووپێکی تایبەتەوە ئەنجام بدرێ. لە هەردوو بارەکەدا بایکۆتکردن دەبێتە کۆششگەلێکی ڕێکوپێک بۆ ڕاگرتنی هاوکاریی ئابووری، یان قایلکردنی ئەوانی تر بە ڕاگرتنی، بەوەیش بازاڕی کڕین یاخۆ فرۆشی کەسێک یان گرووپێک سنووردار دەکا.

ڕێگەی بایکۆتکردن لەسەر ئاستەکانی ناوەخۆیی و هەرێمی و نیشتمانی و نێودەوڵەتی جێبەجێ کراوە، ئەویش لەلایەن کەسانێکەوە کە ڕاستەوخۆ ستەمیان لێ کراوە یان لەلایەن کەسانێکەوە کە لایەنگری ئەمانەن، پاڵنەر و ئامانجەکانیش ئابووری–سیاسی یان کۆمەڵایەتی–کولتوورین.

بایکۆتکردنی ئابووری بەشێوەیەکی سەرەکی لە ململانە کرێکارییەکان و لە بزاوەکانی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیدا بەکار هاتووە. نازانرێ ئاخۆ ئەم ڕێگەیە لە حاڵەتی تردا بەکار هاتووە یان نا.

ڕەگوڕیشەی بایکۆتکردنی ئابووری لە کێشە پیشەسازییەکاندا بۆ بزووتنەوەی سەندیکایی ئەمەریکایی دەگەڕێتەوە، کە لە ساڵی ١٨٨٠ لەپڕ سەری هەڵ دا و لە ماوەی دە یاخۆ پازدە ساڵدا بوو بە کاریگەرترین چەک بەدەست سیستمی سەندیکاییەوە. کەس ناتوانێ لە دەسەڵاتی سیستمی سەندیکایی قوتار بێ، جا پێگە و بەدکارییەکەی هەرچۆن بێ.

پێدەچێ بایکۆتکردنی ئابووری دژ بە هێزە بیانییەکان زیاتر لە چین بەکار هاتبێ، هەروەها پێدەچێ لەوەدا _وەک پرۆفیسۆر جۆن فیربانک باسی دەکا– پشتی بە نەریتی دێرینی چینییەکان لە بواری بایکۆتکردنی ئابووریدا بەستبێ:

بایکۆتکردنی ئابووری لە ژیانی چینییەکان شێوەیەک بوو لە شێوەکانی بەرگریی نێگەتیڤ و بەشێوەیەکی بەرفرەوان پێڕەو دەکرا. قاپلکردنی ناتوندوتیژانە لەلایەن چەندان گرووپی ڕێکخراوەوە پێڕەو کراوە، وەک سەندیکاکانی بازرگانان، تا بەهۆیەوە کار لە فەرمانگە حکوومییەکان بکەن. ئەم ڕێگەیانە لە سەدەمی بیستەمدا وەک ئامرازی دەربڕینی ناڕەزایی دژ بە خوو و نەریتە بیانییەکان بەکار هاتووە.

فیربانک وەک نموونە ئاماژەی بە بایکۆتکردنی بەرهەمە ئەمەریکاییەکان کردووە لە ساڵی ١٩٠٥، کە سەندیکاکانی بازرگانان لە کانتۆن سەرپەرشتییان کرد وەک ناڕەزایی لەدژی ڕێنەدان بە چینییەکان بۆ چوونە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەروەها بایکۆتکردنی شمەکە ژاپۆنییەکان لە ساڵی ١٩٠٨ و ١٩١٥ وەک ناڕەزایی لەدژی ئەو سیاسەتانەی ژاپۆن بەرامبەر چین گرتنیە بەر. هەروەها ئەو بایکۆتکردن و مانگرتنە درێژخایەنەی بەرامبەر بەریتانیا کران کە لە ساڵی ١٩٢٥ لە هۆنگ کۆنگ دەستیان پێ کرا.

ڕێگەکانی بایکۆتکردنی ئابووری دابەش دەکرێن بۆ بایکۆتکردنی یەکەمی و بایکۆتکردنی دووەمی. بایکۆتکردنی یەکەمی یاخۆ بنەڕەتی بریتییە لە ڕاگرتنی ڕاستەوخۆی مامەڵەکردن لەگەڵ دژبەرەکە، یان نەکڕین و بەکارنەهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی، هەندێ جار هاوکات هەوڵ دەدرێ خەڵکی تریش قایل بکرێن هەمان کار بکەن.

بایکۆتکردنی دووەمیش بایکۆتکردنی ئابووریی گرووپی تر بەمەبەستی هاندانیان بۆ ئەوەی بێنە ڕیزی بایکۆتکردنی یەکەم دژ بە دژبەرەکە. بایکۆتکردنی دووەم کاتێ ڕوو دەدا بایکۆتی ئەوانە

دەکرێ کە ڕازی نەبوون پشتگیریی بایکۆتکردنە بنەڕەتییەکە بکەن. لیو ولان بایکۆتکردنی دووەم پێناسە دەکا بەوەی کارێکە ئامانجی کێشانەوەی پاڵپشتییە لە کەسێک، بۆ ناچارکردنی تا لای خۆیەوە پاڵپشتیکردنی بۆ ئەو کەس یان دامەزراوەیە بکێشێتەوە کە سەندیکاکە لەگەڵیدا ناکۆکە.

ساڵی ١٩٢١ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بایکۆتکردنێکی دووەمی ڕووی دا، کاتێ یەکێتیی نێودەوڵەتیی بەکارخەرانی ئامێرەکان بایکۆتی کۆمپانیای چاپکردنی دوبلیکسی کرد کە لەگەڵی کەوتبووە کێشە، ئەمە جگە لە بایکۆتکردنی هەموو ئەو کۆمپانیایانەی کە بەرهەمەکانی ئەو کۆمپانیایە بەکار دێنن.

هەروەها هەر لە ئەمەریکا لەو ماوەیەی دەکەوتە پێش شەڕی سەربەخۆیی، حاڵەتێکی تر ڕووی دا کاتێ بڕیار درا بایکۆتی ئابووریی بازرگانەکان و هەر کەسێکی تر بکرێ ئەگەر پابەند نەبوون بە بایکۆتکردنی شمەکە بەریتانییەکان، ئەمەیش لە چوارچێوەی بزووتنەوەی بەرگریکردنی یاسای پووڵەکان و یاساکانی تاونسند. ئەم جۆرە کارانە هەندێ جار کاریگەرییان هەبووە لەسەر پێوەندییە ئابووریەکانی نێوان داگیرگە (مستعمرە)کان.

بۆ نموونە ساڵی ١٧٦٦کۆمەڵێ بازرگان لە شارلستۆن و کارۆلینای باشوور ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی هیچ ئازووقەیەک بۆ ویلایەتی جۆرجیا بە تایبەتی و هەر داگیرگەیەکی تر کە پوول بەکار بێنێ بار نەکەن. کاتێ کۆنگرەی شاری بۆستن زانی لە مانگی ئایاری ١٧٧٠ هەندێ بازرگانی نیوپۆرت لە ویلایەتی ڕود ئایلاند هەندێ بەروبوومی لە بەریتانیا و داگیرگەی هندی ڕۆهەڵات هەناردە دەکەن، بەشدارانی کۆنگرە بڕیاریان دا هەموو پێوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ ئەو شارەدا بپچڕن.

ئەم فەسڵە بایکۆکردنی یەکەمی و دووەمی جیا ناکاتەوە، ئەویش لەبەر بوونی پێوەرگەلی جیاواز بۆ جیاوازیکردن لەنێوان ڕێگەکانی بایکۆتکردنی ئابووری، هەروەها لەبەرئەوەی شیمانە هەیە ئەم بایکۆتکردنە بە هەردوو شێوازەکە ئەنجام بدرێ.

لەو ڕووەوە دەستەواژەی بایکۆتکردنی ئابووری وەک چەمک کۆمەڵێکی فرەوان لە کردەوە دەگرێتەوە، بۆیە وا باشترە دابەشکردنێکی لاوەکی بۆ پۆلبەندییەکە بکرێ، ئەوەش دەتوانرێ بەپێی سروشتی گرووپە بەرپرسەکە، یان لانی کەم یەکەم بەرپرس لە جێبەجێکردنی بایکۆتکردنەکە، بەشێوەیەک جێبەجێ بکرێ کەڵکی زیاتری هەبێ. نابێ ئەم پۆلبەندکردنە وەک شتێکی یەکلاکەرەوە دابنێین، چونکە زۆر جار ڕێگەیەک لەگەڵ یەکێکی تردا ئامێتە دەکرێ، یان ڕوو دەدا کۆمەڵێ ڕێگە و کار یەک بگرن کە چەند گرووپێک ئەنجامیان دەدەن، هەروەها ڕێگەکانی بایکۆتکردنی ئابووری لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر و فرەجۆر لە ڕێگەکانی تری کاری ناتوندوتیژانەدا یەک بگرێ.

## کارەکانی بەکاربەران

١- بایکۆتکردن لەلایەن بەکاربەرانەوە

بایکۆتکردن لەلایەن بەکاربەرانەوە نەکرینی هەندێ شمەک و خزمەتگوزاری دەگرێتەوە لەلایەن بەکاربەرانەوە، ئەم کارەیش هۆی جۆراوجۆری هەیە:

- لەوانەیە نرخ زۆر گران بێ.

- لەوانەیە شمەک یان خزمەتگوزارییەکە بەپێی مەرجی یەکسان دەست هەمووان نەکەوێ.

- لەوانەیە ئەو شمەکەی بایکۆت دەکرێ خاڵێکی ڕەمزیی گونجاو بێ بۆ گوزارشتکردن لە ستەمێکی بەرفرەوانتر یان تووڕەیی لە دۆخی ئارا.

- ڕەنگە ئەو شمەکەی بایکۆت دەکرێ بە هەڵگری خەسڵەتگەلێکی نائەخلاقییانەی دیاریکراو دابنرێ.

- ڕەنگە ناڕەزایی لەسەر هەلومەرجی بەرهەمهێنانی شمەکەکە هەبێ، نەخاسمە ئەوەی پێوەندی بە کرێکارەوە هەیە.

- لەوانەیە ناڕەزایی لەسەر شێوەی بەکارهێنانی قازانجەکانی فرۆشتنی شمەکەکە هەبێ.

- لەوانەیە پاڵنەری تریش هەبن، لەوانە لایەندارێ یان ناکۆکیی سیاسی، هەر بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر ئەگەری ئەوە هەیە لەڕووی سەرچاوەوە پاڵنەرەکانی بایکۆتکردنی ئابووری بگۆڕێ، لەوانەیە ئابووری یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان کولتووری بێ.

یان لەوانەیە کۆمەڵێ پاڵنەر لەئارادا بن..

لەسەر بایکۆتکردن لەلایەن بەکاربەرانەوە دەتوانین ئاماژە بە چەند نموونەیەک بکەین، لەوانە: بایکۆتکردنی گۆشت لەلایەن ژنانی ماڵەوە لە ساڵی ١٩٣٦ لە نیویۆرک وەک ناڕەزایی دەربڕین لەسەر گرانیی نرخەکەی، بایکۆتکردنی بەرهەمەکانی کۆمپانیای باکس ستوف ئان ڕانج لەلایەن ئەندامانی سەندیکا ئەمەریکاییەکانەوە، بایکۆتکردنی Knights of Labor دژ بە بەرهەمەکانی کۆمپانیای توتنی لیڤت و مایرز لە ساڵی ١٨٩٣ کە شەش ساڵی خایاند، بایکۆتکردنی ئەندامانی حزبی دیموکراتیی کۆمەڵایەتی دژ بەو بارانەی ڕازی نەدەبوون ژوور بە کرێ بدەن بۆ کۆبوونەوەکانی ئەو حزبە لە کۆتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، بایکۆتکردنی کرێکارانی بەرلین بۆ ئەو بیرەیەی ئەندامانی کۆمەڵەی خاوەن کارگەکانی دروستکردنی بیرە بەرهەمیان دەهێنا لە ساڵی ١٨٩٤، بە گوتەی لیو وڵمان ئەم بایکۆتکردنە بە ڕادەیەک کاریگەر بوو کە وای لە سکرتێری گشتیی ئەو کۆمەڵەیە کرد دان بەوەدا بنێ کە سەرهەڵدانی ئەو بایکۆتکردنە چەکێکی نوێ و کاریگەری بۆ ڕێگەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی زیاد کرد.

هەروەها دەکرێ ئاماژە بۆ چەند نموونەیەکی تر بکەین، لەوانە: ئەو بایکۆتەی پرۆتستانت و کاسۆلیکەکان لە ساڵی ١٩٣٤ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژ بە فیلمە نائەخلاقییەکان جێبەجێیان کرد، بایکۆتکردنەکەی بەرشەلۆنە-ئیسپانیا لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٥٧ بۆ دەربڕینی بێزاری لە ڕێژیمی دەسەڵاتدار کە ١٥ ڕۆژی خایاند، بایکۆتکردنە بەناوبانگەکەی پاسەکانی گواستنەوە لە مۆنتگمری-ئەڵاباما لەلایەن ڕەشپێستەکانی ئەمەریکاوە کە ٣٨١ ڕۆژی خایاند لە ساڵی ١٩٥٥ تا ساڵی ١٩٥٧، بایکۆتکردنی دانیشتووانە ئەفریقاییەکان لە پۆگەندا بۆ هەموو شوێنە بازرگانییە ئاسایییەکان و ژمارەیەک بەرهەمی نائەفریقایی لە ساڵی ١٩٥٩، هەروەها بایکۆتکردنی پیاوانی کاری بەریتانیایی بۆ چێشتخانەیەکی برژاندن لە سەنگافووڕە، ئەویش پاش ئەوەی ناوی چێشتخانەکەی لە Grile Elizabethanەوە گۆڕی بۆ Epicurean و وێنەی شاژنی بەریتانیای لە هۆڵەکەیدا لابرد.

دەکرێ ئاماژە بە چەندان نموونەیش لە ئەورووپای ژێر داگیرکردنی نازی بدەین لەوانە: نەکرێنی ئەو ڕۆژنامانەی لە شاری پراگ لەژێر دەستی ئەڵمانەکاندا بوون لە هەفتەی نێوان ١٤ تا ٢١ی ئەیلوولی ١٩٤١ لەلایەن خەڵکە نیشتمانپەروەرەکەوە. حکوومەتی چیکی لە تاراوگە لە لەندەن بانگەوازی بۆ ئەم بایکۆتکردنە کرد و ڕێکخراوێکی نیشتمانی لەناو شارەکەیشدا پلانی دانا کە بایکۆتکردنەکە چەند هەفتەیەک بخایەنێ. جۆزێف کوربڵ کە ئەوکاتە لەگەڵ حکوومەتی چیکی لە تاراوگە کاری دەکرد، جەختی کرد کە بایکۆتکردنەکە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە.

هەندێ جار لە ماوەی داگیرکردنی ئەڵمانیادا خەڵکی لە پراگ بایکۆتی پاسە گشتییەکانیان دەکرد، بە ڕادەیەک پاسەکان بە بەتاڵی و بەبێ نەفەر دەسووڕانەوە.

بۆ تاقیکردنەوەی ڕادەی دامەزراویی پۆڵۆنییەکان لەکاتی داگیرکردنی نازیدا، سەرکردایەتیی بەرگریی نهێنی، لە هەندێ ماوەی دیاریکراودا، خەڵکی قەدەخە دەکرد لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامە ئەڵمانییانەی بە زمانی پۆڵۆنی چاپ دەکران و ڕۆژی هەینی دەردەچوون. فەرمانی قەدەخەکردنەکە لە سەرتاسەری پۆڵۆنیادا زۆر کاریگەر بوو، هەندێ جار لافیتەی سووک و ڕسوایی دەدرا لەپشتی ئەو کەسەی ئەو ڕۆژنامانەی دەکڕی، یان لە دەرگای ماڵەکەی دەدرا، یاخۆ پیچکە بەرد و خشت (کەرپووچ)ی تێدەگیرا تا کوشکی فرۆشتنی ڕۆژنامەکانی بەجێ دەهێشت.

ڕێگە جۆراوجۆرەکانی بایکۆتکردن لەلایەن بەرکاربەرانی زنجیی باشووری ئەفریقیاوە جێبەجێ کراون.

لە ناڕەزایی لەدژی زیادکرنێکی کەمی کرێی پاسە گشتییەکان، دانیشتووانە ئەفریقاییەکانی شاری ئەلیکسەندرا لە ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٥٧ بەتەواوی بایکۆتی هێڵەکانی پاسیان کرد و لەبری ئەوانە لە هاتوچۆکانیاندا پایسکلیان بەکار دەهێنا، یان لەگەڵ شۆفێرانی دۆست و هاوڕێیان سوار دەبوون، زۆربەی جارانیش ڕۆژانە زیاتر لە ١٨ میلیان بەپێ دەبڕی. وێڕای

تەنگاوکردنی توندی پیاوانی پۆلیس و گرتنی زیاتر لە ١٤ هەزار کەس، بایکۆتکردنەکە بۆ هەندێ شاری تریش پەلی هاوێشت، لەوانە بریتۆریا و سەرجەم نێزکەی ٦٠ هەزار ئەفریقیایی گرتەوە. بایکۆتکردنەکە ١٢ هەفتەی خایاند، پاش دانوستاندنی ژووری بازرگانی لەگەڵ لیژنەی هاوبەشی بایکۆتکردنەکە، بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێکی کردەیی تا ئەو کاتەی لیکۆڵینەوەی تێدا دەکرێ، کۆتای پێهات.

بایکۆتکاران پاش ئەوە سەرکەوتنی تەواویان بەدەست هێنا، ئەویش کاتێ پەرلەمان ڕەزامەندی پیشان دا لەسەر دووهێندەکردنی ئەو باجەی خراوەتە سەر خاوەنەکانی هۆیەکانی گواستنەوە بۆ ئەوەی حکوومەت بتوانێ یارمەتیی دابینکردنی خەرجی گواستنەوەی ئەفریقیاییەکان بدا، تا کرێی گواستنەوە لە ئاستی پێشوویدا بمێنێتەوە.

کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقیایی کە لە بایکۆتکردنی پاسە گشتییەکاندا ڕۆڵی نەبوو، هانی ئەوەی دا کە بەدەست هاتووە، هەربۆیە بایکۆتکردنێکی بەرفراوانی ئابووریی ئەو کۆمپانیایانە و بەرهەمەکانیانی کرد کە لەژێر دەسەڵاتی حزبی نیشتمانیدان. هەروەها ئەفریقیاییەکان بۆ ماوەی سێ مانگ بایکۆتی پەتاتەیان کرد کە خواردنی سەرەکییان بوو، لەبەرئەوەی بەزۆری لە ترانسفالی ڕۆهەڵات و هەندێ شوێنی تر لەلایەن بەو بەندکراوە ئەفریقیاییانەوە دەچێنرا کە زۆربەیان بەهۆی پێشێلکردنی یاساکانی پەڕینەوەوە گیرابوون.

وێڕای هەموو کۆششەکان بۆ شکاندنی، بایکۆتکردنەکە بەردەوام بوو، تا ئەلبێرت لوتولی داوای کرد ڕابگیرێ.

نموونەی تر زۆرن کە ئاماژەن بۆ بەکارهێنانی بەرفراوانی ئەم ڕێگەیە. جووتیارە کۆیلەکان لە ساڵی ١٨٥٩ لە ڕووسیای قەیسەری هەوڵیان دا بە ڕێگەی ئابووری ڕقی خۆیان بەرامبەر کۆیلایەتی دەربڕن، ئەویش بە دەستپێکردنی هەڵمەتێک بۆ نەخواردنەوەی فۆدکا، بەمەبەستی بێبەشکردنی دەوڵەت لەو داهاتانەی بەهۆی قۆرخکردنی فرۆشتنی ئەم خواردنەوەیەوە دەستی دەکەوت.

دانیشتووانە ئەڵمانیاییەکانی ناوچەی ڕوهەر لەکاتی خەباتەکەیاندا لە ساڵی ١٩٢٣، ڕەتیان کردەوە سواری ئەو ژمارە کەمە لە شەمەندەفەر بن کە دەسەڵاتدارانی داگیرکەر وێڕای بەرگرییەکانی کرێکاران توانییان دابینیان بکەن. ساڵی ١٩٣٨ لە چوارچێوەی بزاڤی دابینکردنی هەلی کاردا بۆ زنجییەکان کە قەشە ئادەم کلایتۆن پاوڵ و ا.فیلیپ ڕاندولف و قەشە ویلیام لوید ئیمس ڕابەرایەتییان کرد، زنجییەکان لە هارلم–نیویۆرک بایکۆتی تاریککردنی ئێوارەی هەموو سێشەمانێکیان جێبەجێ کردن، لەڕێی بەکارنەهێنانی وزەی کارەبا بۆ ڕووناککردنەوە و لەبری ئەوە مۆمیان دادەگیرساند، ئەویش لەپێناو ئەوەی کۆمپانیای ئەدیسۆن زنجییەکان لە هەندێ کاردا بەکار بێنێ کە لەسەروو ئاستی سەرەتایی کارەکەوەیە.

لە شاری ناشفیل-تینیسی ماوەیەکی کەم پێش لە جەژنی فوسح لە ساڵی ١٩٦٠ ئەو زنجییانەی پشتگیرییان لە مانگرتنی قوتابییان لەپێناو ئامێتەکردنی مێزەکانی پێشکێشکردنی خواردن دەکرد، بڕیاریان دا بۆ کارکردنە سەر بازرگانەکانی شار جلوبەرگی نوێ نەکڕن. لە ١٠ی ئایار لە شەش فرۆشگەی ناوەڕاستی شاردا مێزەکانی نانخواردن ئامێتە(دمج) کران. لە هاوینی ساڵی ١٩٦٠ نێزیکەی ٢٥٠ هەزار کەس لە ناوچەی فیلادلفیا بەرنامەیەکی چاودێریکردنی ناوبگیری(انتقائی)یان دژی کۆمپانیای تایتسی بایکنگ لە فیلادلفیا ئەنجام دا بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەرفەتی یەکسانی کارکردن بۆ زنجییەکان لە کۆمپانیاکەدا.

لە ترسی ڕووداتی بایکۆتی نوێ لەدژیان، هەردوو کۆمپانیای پیپسی کۆلا و گۆڵف ئۆیڵ لە فیلادلفیا لە سیاسەتی ڕابردوویان پاشگەز بوونەوە و زنجییەکانیان لە هەندێ کاردا دامەزراند کە پێشتر لێیان قەدەخە بوو.

هەندێ جار لەوانەیە بایکۆتکردنی بەکابەرەکان بلاوکردنەوەی هەندێ لیست لەخۆ بگرێ کە شوێنە بازرگانییەکان لەژێر ناونیشانەکانی "نادادپەوەر" و "ڕەش" و "داخراو" و "چاودێری ناکەین" و "دادپەوەر"دا پۆلبەند دەکا، یان کۆمپانیای سەندیکایی بەکار دێنن بۆ ئاراستەکردنی هێزی کڕین.

هەندێ جار لەبری دیاریکردنی ئەو کۆمپانیایانەی پێویستە بایکۆت بکرێن، ڕێگەی هەڵمەتی کڕینی ناوبگیری گیراوەتەبەر کە هانی چاودێریکردنی ئەو کۆمپانیایانە دەدا کە سیاسەتێکی ناڕەگەزپەرستانە پێڕەو دەکەن، ئەویش لەپێناو تێپەڕاندنی ئەو یاسایانەی لە هەندێ ویلایەتەتی ئەمەریکا دژ بە بایکۆتکردن دانراون.

٢- بەکارنەبردنی ئەو بەرهەمانەی بڕیاری بایکۆتکردنیان دراوە

ڕەنگە هەندێ جار ڕەتکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی بڕیاری بایکۆتکردنیان دراوە بگاتە ڕادەی بەکارنەهێنانیان لەو کاتەیش کە لای ئەو کەسەن مادام بەکارهێنانیان وا دەکا جارێکی تر بێنەوە کڕین. ڕێگەی بەکارنەبردن پاڵپەستۆی کۆمەڵایەتی دژ بە کڕینی بەرهەمەکان زیاد دەکا، چونکە هیچ کەس ناتوانێ بەوە پاساو بۆ بەکاربردنی ئەو بەرهەمانە بێنێتەوە کە پێشتر لای بوون. ئەم ڕێگەیە بە شێوازێکی تایبەت دانراوە نەخسامە لەکاتی خەباتکارییەکانی بایکۆتکردن دژ بە دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە ئەمەریکا.

ڕێگەی بەکارنەبردن لەکاتی خۆیدا خرایە ڕیزی هاوردەنەکردنی بەرهەمەکانی بەریتانیا، ئەمە جگە لە (نا)کانی تر کە لە بەرنامەکەدا دیاری کراون، بۆ نموونە دەقی یەکێک لە بڕگەکانی ئەو پلانی بەرگرییەی کۆنگرەی یەکەمی کۆڵۆنی (داگیرگە=مستعمرە) لە مانگی ئەیلوولی ١٧٧٤ لە فیلادلفیا پەسەندی کرد دەڵێ:

لەو ڕووەوە کە ڕێکەوتنامەی بەکارنەبردن کە بەتوندی پێوەی پابەندین، دەبێتە گەرەنتییەکی

کاریگەر بۆ پابەندبوون بە هاوردەنەکردن، ئێمە کە لە سەرەوە ناو براوین، بە ڕژدی پابەندین و بەڵێن دەدەین لەمڕۆوە هیچ بڕێک لەو چایەی لەلایەن کۆمپانیای هندی ڕۆهەڵاتەوە هاوردە کراوە، یان هیچ بڕێکی کە ڕەسمی هاوردەکردنی دراوە یان لە داهاتوودا دەدرێ، نەکڕین و بەکار نەهێنین. هەروەها ئێمە بەتایبەت و هەموو ئەوانەی لای ئێمە کار دەکەن و لەژێر فەرمانماندان بەڵێن دەدەین هیچ یەکێک لەو شمەک یان بەرهەم یان کالایانە نەکڕین کە لەسەر هاوردەنەکردنیان ڕێک کەوتووین لەوانەی زانیاریمان هەبێ یان گومانمان لا دروست بووبێ کە پاش یەکی کانوونی یەکەم هاوردە کراون جگە لەو بەرهەمانەی لەنێوان یەکی کانوونی یەکەم و یەکی شوباتدا هاوردە کراون و لەژێر چاودێریی لێژنە ناوەخۆییەکەدا فرۆشراون و قازانجەکانیان بۆ ئەو هەژارانەی بەهۆی داخستنی بەندەری بۆستنەوە زیانیان پێگەیشتووە، تەرخان دەکرێ.

٣- سیاسەتی دەستگرتنەوە (التقشف)

وەک بایکۆتکردنی ئابووری، نەکڕینی خۆویستانەی جوانکاریەکان وەک بەشێک لە خەباتی ناتوندوتیژانە، هەندێ ڕەگەزی ناڕەزایی ناتوندوتیژانەی ڕەمزی تێدایە.

لەوانەیە ئەم دەستگرتنەوەیە ئەنجامێک یان زیاتری هەبێ، هەروەها قوولیی هەستی چالاکەکان بۆ دژبەرەکەو بەرگریکارە شیمانەییە ڕاڕاکان دەربخا. ڕەنگە حاڵەتەکانی دەستگرتنەوە هەندێ کاریگەری دیاریکراوی لەسەر ئەو گەلەی پێی هەڵدەستێ هەبێ، وەک بەهێزکردنی وابەستەبوونی بەخەبات، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە بەکارنەهێنان و کڕینی جوانکاریەکان کاریگەریەکی ئابووریی ئازاربەخشی بۆ دژبەرەکە هەبێ، هەربۆیە ئەم ڕێگەیەمان لە چوارچێوەی ڕێگەکانی بایکۆتکردنی ئابووریدا پۆلبەند کردووە.

نیشتەجێ ئەمەریکاییەکان یەکێک لە گرینگترین شێوەکانی ئەم ڕێگەیەیان جێبەجێ کرد. ڕێگەی دەستگرتنەوە پێوەندییەکی پتەوی بە ئامرازە جیاوازەکانی بایکۆتکردنی ئابووریەوە هەیە، نەخاسمە ڕێگەی هاوردەنەکردنی بەرهەمە بەریتانییەکان. شێوەی دیاری سیاسەتی دەستگرتنەوە لەکاتی خەبات لەدژی یاسای پوولەکان لە هەردوو ساڵی ١٧٦٥ و ١٧٦٦ بریتی بوو لە سادەکردنەوەی زۆری نەریتی پرسەگێڕان کە زۆر ئاڵۆز بوو و پێویستی بە کڕینی بەرهەمی بەریتانیایی گرانبەها بوو. پاش ئەوەیش دەستبەرداربوون لە جلی گرانبەهای تازەباری بۆ بێوەژنان، هەروەها خووی پێدانی دەسکێش و ملپێچی نایاب بە تازەگێڕانی تریش هەڵوەشێنرایەوە.

ساڵی ١٧٦٤ پەنجا بازرگان وەک پێشدەسییەک بۆ دەرچوونی یاسای پوولەکان، ڕێکەوتنێکیان ئیمزا کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەم دەستگرتنەوەیە، ئەمە جگە لە چەند هەنگاوێکی تر.

پاش ئەوەی ڕێکەوتنەکە چووە واری جێبەجێکردن، لە ویلایەتەکانی نیوهامبشایر و ڕود ئایلاند

و نیوجێرسی و نیویۆرک و فیلادلفیا نەریتە فرەخەرجەکانی پرسە تەرک کران. ئەو کاتە مەزەندە کرا بەهۆی ئەو تەرککردنەوە ساڵانە زیاتر لە دە هەزار پاوەندی ئیستەرلینی پاشەکەوت کرابێ. هەروەها واز لە بەکارهێنانی ترشەمەنی و کشکاش و خواردنی گۆشتی مەڕ هێنرا تا ئەو گۆشتە لە بازاڕدا زیاتر بەردەست بێ. هانی بەکارهێنانی خواردنەوەی جێگرەوەی ناوەخۆیی لەبری چا و بەکارهێنانی قوماشی خۆماڵی، لەناویاندا ئەو جلوبەرگەی لە کەتانی ئەمەریکایی دروست کراوە، درا.

دوای چەند ساڵێک، هەڵمەتێکی ناتوندوتیژانەی تر داوای بەکارهێنانی بەرهەمە ئەمەریکاییەکان و پابەندبوون بە دەستگرتنەوەی کرد. بەڵگەنامەی یەکێتیی کۆڵۆنیەکان برگەیەکی درێژی لەبارەی سیاسەتی دەستگرتنەوە تێدایە کە دەڵێ:

لە سەنتەرەکانماندا هانی پاشکەوتکردن و کەمخەرجی و پیشەسازی دەدەین و پاڵپشتی لە کشتوکاڵ و هونەر و خاوەن کارگەکانی ئەم وڵاتە دەکەین بەتایبەت کارگەکانی خووری. سەرکۆنەی هەموو شێوەیەکی بەفیڕۆدان و زیادەمەسرەفی دەکەین و لێیان دوور دەکەوینەوە، بەتایبەت پێشبڕکێی ئەسپسواری و شێوە جیاوازەکانی قومار و شەڕەکەڵەشێر و پێشانگەکانی ئەسپ و شانۆگەرییەکان و باقیی ئامرازە بەخەرجەکانیتری کات بەسەربردن و ڕابواردن. لەکاتی مردنی خزم یان هاوڕێیەکدا کەسمان یان ئەندامانی خێزانەکانمان بەرگی تازیە ناپۆشین جگە لە پارچەیەک قوماشی کریبی ڕەش یان شریتی ڕەش کە لە باڵ یاخۆ لە شەبقەی پیاوان و شریتێکی ڕەش و ملبەند بۆ ئافرەتان دەبەسترێ و واز لە نەریتی دابەشکردنی ملپێچ لە پرسەکاندا دێنین.

ئەم ڕاسپاردانە بەشێوەیەکی بەرفرەوان لەرێی کۆڵۆنیەکانەوە جێبەجێ کران و شێوەی جۆراوجۆریان وەرگرت، وەک ئاهەنگ نەگێڕان بەبۆنەی دەرچوون لە کۆلێجە ڕەسمییەکان، داخستنی لانی کەم شانۆیەکی بوکەڵە و هاننەدانی سەما و ئاهەنگی گشتی، نەخواردنەوەی خواردنەوە کهولییە بیانییەکان و بیرەی هاوردە، هەڵوەشاندنەوەی ئاهەنگە گشتییەکانی سەماکردن و پێشەنگەکان، سەرکۆنەکردنی قومار و پێشبڕکێی ئەسپسواری و هاندانی کۆششە بێوچانەکان بۆ چالاککردنی پیشەسازیی ئەمەریکایی.

٤- کرێنەدان

کرێنەدان یەکێکە لە ڕێگەکانی بایکۆتی ئابووری، ئەو کەسانە ئەنجامی دەدەن کە زەوییەکی کشتوکاڵی یان خانوبەرەیەکیان بە کرێ دەگرن و هەست دەکەن لەلایەن خاوەن مووڵکەوە ستەمیان لێدەکرێ. لەوانەیە تاک تاک یان بەکۆمەڵ کرێ نەدەن تا لەگەڵ مووڵکدارەکە دەگەنە ڕێکەوتنێکی هەردووڵا پێی ڕازی بن. ئەم ڕێگەیە هەندێ جار بە "کرێنەدان" یان "مانگرتن لە کرێدان" ناو دەبرێ. لەوانەیە کرێنەدانەکە بۆ ماوەیەکی کورت بێ و پاشتر هەموو قەرزەکە بدرێتەوە، لەم بارەدا نەدانەکە واتایەکی ڕەمزی دەبێ. ئەگەر ئەوانەی ئامادە نین کرێ بدەن سوور

بن لەسەر درێژەدان بە کرێنەدان، ئەوە دەبێ ئامادە بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری دەرکردن لە مـوڵکەکە و بەدادگەدانیان. لە هـەندێ لە ویلایەتەکانی ئەمـەریکا لەپێناو جێبەجێکردنی یاساکانی نیشتەجێکردن و هی تردا بە هەندێ مەرج ڕێگە بە کرێنەدان درا.

لە نیـویۆرک کاتێ داگیرگە بوو ڕێگەی کرێنەدان بەفرەوانی بەکار هات، هەروەها لە ڕووسیـا و ئێرلەندا و وێڵز و نیـویۆرکی نوێ. لە مـانگی حـوزەیرانی ١٧٧٦ چوارسـەد تا پێنجسـەد وەرزێر لە هەرێمی دوچیس–ویلایەتی نیـویۆرک و هی تریش لە هەردوو هـەرێمی ئەلبـانی و ویسـچسـتـەر بڕیاریان دا کرێ نەدەن. زیاتر لەوەیش چوون و بڕیاریان دا ئەو کەسانەیش ئازاد بکەن کە بەهۆی نەدانەوەی موڵکانەکانی سەریانەوە گیرابوون و هەڕەشەی ئەنجامدانی ڕێپێوانێکیان کرد بۆ شاری نیویۆرک.

سـاڵی ١٨٦١ کاتێ قـەیسـەری ڕووسی مـەرسـوومـێکی دەرکرد و بەو پێیـە کۆیلەکـانی زەوی ئازاد کرد، ژمـارەیەکی زۆریان لەوە بێـزار بوون چـونکە مـەرسـوومـەکە دانی بەوەدا نـەنا کە زەوییـەکە بۆ خـۆیان دەگـەڕێتەوە وەک ئەوان پێیـان وا بوو. زۆریان پێشـبـینییـان دەکرد قـەیسـەر مـەرسـوومـێکی ئازادیخـوازانـەتر تر لەبارەی ئەم خـاڵەوە دەربکا، هـەر بـۆیە ئـامـادە نـەبـوون ملکەچی هـەندێ سـیـسـتـمـی نوێ بـن کـە بەسـەریانـدا سـەپێنرابوون، لەوانـە نـەدانی مـوڵکانەی ئـەو مـاوەیەی زەوییەکانیان بەکار هێنابوو بە گەورەکانی ڕابردوویان، ئەمە جگە لە ڕەتکردنەوەی پێشکێشکردنی خـزمـەتگوزاریی نـوێ بەوانە، یان ئـیـمـزاکردنی ڕێکەوتنـامـەی نوێ لەگـەڵیان لەبارەی بـەکارهێنانی زەوییەکان.

ڕازینـەبوونی جـووتیـارە ئێـرلەنداییـەکـان بە دانی کـرێی سـتـەمکارانە یەکـێک بوو لەو ڕێگە سـەرەکییـانەی بەرگری کە "رابیتەی نیشـتمانیی زەوییەکان" کرتیە بەر، کـە بە سـەرۆکایەتیی نوێنەر شـارلز بـارنیل لـە مـانگی تشـرینی یەکـەمی ١٨٧٩ لـە شـاری دبلن دامـەزرا، بە مـەبـەسـتی کەمکردنەوەی کرێ بەرز و تاقەتپڕوکێنەکان و ئاسانکاریکردن بۆ ئەوەی بەرکارهێنەرانی زەویەکان ببنە خـاوەنی زەوییـەکان. ئەمـەی خـوارەوە بەشێکە لەو بـڵاوکراوەیەی ڕابیتـەی زەوییـەکان دابەشی کرد و ئاراستەی گەلی ئێرلەندا کراوە:

حکوومـەتی ئینگلتـەرا شـەڕی لەدژی گـەلی ئێـرلەندا ڕاگـەیاندووە، ئەو ڕێکخـراوەی کە گـەلی لە سـتـەمی خـاوەن زەوییـەکـان پاراسـتـووە پێی وایە حکوومـەت تاوانبار و ناشـەرعـیـیـە. سـەردەمی تۆقاندن دەسـتی پێکردووە. بە بەرگریکردنێکی نێگەتیـڤی سـەرسـەختـانە ڕووبەڕووی حکوومـەتی بەریتانیـا ببنەوە. دروشمی "کرێ نییە" بەرز کراوەتەوە و دەبێ ڕۆڵەکانی گەل بیسـەلێنن ترسنۆکن یاخۆ بەڕاستی پیاون، هیچ کرێیەک مەدەن.

٥- خۆلادان لە دادگەی زەوییەکان

بارنیل لە وتارەکانیدا لە سەرانسەری ئێرلەندا پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد پێویستە ئێرلەندایەکان پشت بە خۆیان ببەستن و تا بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە خەباتیان کۆڵ نەدەن:

دڵنیا بن لەوەی یاسای زەوی لە خولی داهاتوودا دەبێتە پێوەر بۆ چالاکیتان لەم زستانە و سووربوونتان لەسەر نەدانی کرێ ستەمکارانەکان. ئەگەر ڕازی نەبن کار لەو کێڵگانەدا بکەن کە خەڵکی تریان لێ دەرکراوە، دەتوانن بگەنە چارەسەرێک بۆ کێشەی زەوییەکان کە بەدڵی خۆتان بێ. هەر بۆیە ئەم پرسە لەسەر ئێوە وەستاوە نەک لەسەر هیچ لێژنە یاخۆ حکوومەتێک.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی ناش-هەرێمی ویلز، خاوەنی ٢٣٤ شوێنی تایبەت بە بەکرێدان بە خاوەن تڕێلەکان کە لەشێوەی خانووی گەڕۆکدا بوون، جەختیان کرد کە بەهۆی نارەزاییان لە زیادکردنی تێکڕای کرێ و هەروەها لە بارودۆخ و بێکەڵکیی شوێنەکان، ئەو کرێیانەی لەسەریانە نایدەن.

دواین نموونە لەبارەی کرێنەدان کە لێرەدا باسی دەکەین ئەوە بوو کە ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی هارلم لە شاری نیویۆرک ڕووی دا و نارەزایی بوو دژی خراپیی بێئەندازەی هەلومەرجی نیشتەجێبوون و چاکنەکردنەوەی خانووەکانیان لەلایەن خاوەن خانووەکانەوە.

جیسی گرای لە یەکی تشرینی دووەمەوە سەرکردایەتیی جموجوڵی مانگرتن لە کرێدانەکەی کرد و کرێچییانی ناو ١٦ خانوو بەشداریان تێدا کرد. لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ١٩٦٤ ژمارەی ئەوانەی کرێیان نەدەدا گەیشتە پێنج هەزار مااڵبات کە لە سێسەد شوقەدا نیشتەجێ بوون. ڕاپۆرتەکان ئاماژەیان بەوە دا کە مانگرتنەکە گەیشتووەتە بڕۆکلین و برۆنکسیش. لە سەرەتاکانی ئەو مانگەدا دادگەیەکی مەدەنی لە شاری نیویۆرک فەرمانی بە دانیشتووانی ئەو شوقانە کرد کە درێژە بدەن بە نەدانی کرێ بە خاوەن شوقەکان و کرێکانیان ڕاستەوخۆ بدەنە ئەو دادگەیە، دادگەیش پارەکە دەداتە خاوەن مواڵکەکان تەنیا بەمەبەستی ئەوەی شوقەکانیان پێ چاک بکرێنەوە.

ڕۆبەرت واگنەر سەرۆکی شارەوانیی نیویۆرک پێشنیازی کرد یاسایەک دەربکرێ کە مانگرتن لە کرێدان لە هەلومەرجی دژواری نیشجێبووندا بە کارێکی ڕەوا دابنرێ، بەو مەرجەی کرێکان بدرێنە سندووقێکی تایبەت بۆ بەکارهێنانی پارەکە لە چاککردنەوە و باشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی ئەرکی سەرشانی مواڵکدارەکانە خەرجەکەی بگرنە ئەستۆ.

٦- بەکرێ نەگرتن

بەپێچەوانەی ڕێگەی نەدانی کرێی مواڵکێکی کرێگرتە، ڕێگەی بەکرێ نەدان بریتییە لەوەی وەک بەشێک لە بایکۆتکردن، بەکرێگرێک ڕەتی دەکاتەوە شوقە یان پارچە زەوییەک بەکرێ بگرێ. بۆ

نموونه له کۆتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، بە مەبەستی گوشار دروستکردن بۆ باشکردنی دۆخی ژیانیان، جووتیارانی ڕووس بەمەبەستی دروستکردنی پاڵەپەستۆ بۆ چاککردنی باری گوزەرانیان، بەکۆمەڵ بڕیاریان دا ئەو کێڵگە کشتوکاڵییانە بەکرێ نەگرن، کە تەنانەت لەو کاتەیش کە بە نرخێکی بەرز بە کرێ دەدرێن، ناکرێ نەچێنرێن.

هەڵمەتی کرێنەدانەکە کە لە ئێرلەندا جێبەجێ کرا و لە ڕێگەی پێشوودا باس کرا، بەکرێنەگرتنی ئەو زەوییانەیشی لەخۆ دەگرت کە کرێگرتە پێشووەکانیان دەرکرابوون.

٧- بایکۆتکردنی نیشتمانی لەلایەن بەکاربەرانەوە

بایکۆتکردنی نیشتمانی لەلایەن بەکاربەرانەوە بریتییە لەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بەرکاربەرانی دەوڵەتێک ڕەتی بکەنەوە بەرهەم یان خزمەتگوزارییە هاوردەکانی دەوڵەتێکی تر بکڕن کە لەگەڵی لەکێشەدان. دەکرێ ئەم ڕێگەیە لەلایەن دانیشتووانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان کۆڵۆنییەک یاخۆ دەوڵەتێکی شوێنکەوتەوە کە لە هەوڵی بەدەستهێنانەوەی سەربەخۆییدایە، ئەنجام بدرێ.

لەوانەیە پاڵنەرەکانی ئەم کارە بریتی بێ لە:

- لاوازکردنی دژبەر لەڕووی ئابووریەوە، یاخۆ خۆڵادان لە بەهێزکردنی.

- پاڵشتیکردنی ئابووریی نیشتمانی لەڕێی زیادبەکارهێنانی بەرهەمی نیشتمانی.

- هەوڵدان بۆ خۆپاککردنەوە لە حەزی هەڵبژاردنی بەرهەمە بیانییەکان کە لەوانەیە ڕۆڵی بینیبێ لە لەدەستدانی سەربەخۆیی ئابووری و بەدوایشیدا سەربەخۆیی سیاسی، ئەویش بۆ ئاماژەدانی ڕەمزی بە شۆڕش دژی سەرکوتکردن یان ستەمی سیاسی.

- بەهێزکردنی بزووتنەوەیەکی فرەوانتری بەرگری دژی دەوڵەتە بیانییەکە لەپێناو گێڕانەوەی سەربەخۆیی سیاسی.

- ناچارکردنی دژبەر بۆ ڕاستکردنەوەی هەندێ هەڵەی دیاریکراو و بەرگرتن لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە هەڵانە لە ئایندەدا..

یان لەوانەیە ژمارەیەک لەو پاڵنەرانە بن.

بەم شێوەیە، لەڕووی نیشتمانییەوە پاڵنەری گشتی لاوازکردنی دەوڵەتە دوژمنەکە و بەهێزکردنی دەوڵەتی نیشتمانی دەبێ، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی نیشتمانیی دیاریکراودا. ئەگەری ئەوە هەیە بایکۆتکردنەکە هەندێ بەرهەم و خزمەتگوزاریی دیاریکراو بگرێتەوە، یان دژ بە سەرجەم بەرهەم و خزمەتگوزارییە هاتووەکان لەو دەوڵەتەوە بێ، یان دژ بە هەموو بەرهەمە بیانییەکان بێ بەگشتی. دەکرێ لە یەک کاتدا چەند ڕێگەیەکی بایکۆتکردنی ئابووری کە لەم فەسڵەدا باس کراون بەکار بێن.

وەک پێشتر وتمان، چین بەزۆری بە مەملەکەتی کلاسیکیی ڕێگەی بایکۆتکردنی نیشتمانی لەلایەن بەکاربەران دادەنرێ، لەوانە هەڵمەتەکانی بایکۆتکردنی چینی بۆ ژاپۆن لە ساڵانی ١٩٠٨ و ١٩١٥ و ١٩١٩.

ئەمەریکاییەکانیش لە کۆتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا بە شێوەیەکی فرەوانتر ئەم ڕێگەیەیان تاقی کردەوە. بە کارایەکی زۆرەوە ڕێگەی بایکۆتکردنی ئابووریی نیشتمانییان بەکار هێنا، ئەویش هاوکات لەگەڵ ڕێگەکانی ڕەتکردنەوەی هاورده و هەناردەکردن و بەکاربردنی ئەو بەرهەمانەی بایکۆتکردن دەیگرتنەوە لە مەودایەکی فرەوان و لە چەند هەڵمەتێکدا، سەرەنجام تواناییان یاسای پوولەکان و ئەو یاسایانەی باج کە تاونسند پێشنیازی کردبوون، جگە لە یاسای باجی چا، هەڵبوەشێننەوە.

بەڵگەنامەی یەکێتیی کۆڵۆنییەکان پلانێکی هەمەگیرتری بۆ بایکۆتکردنی ئابووریی نیشتمانی لەخۆ گرت، کە کۆنگرەی یەکەمی کۆڵۆنییەکان لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٧٧٤دا پەسەندی کرد. بەپێی ئەم پلانە دانیشتووانی کۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان هاورده و هەناردەکردن لەگەڵ بەریتانیا و بەکارهێنانی بەرهەمەکانی بەریتانیا و هەندێ شمەکی تری هاورده ڕەت دەکەنەوە. کۆنگرەی کۆڵۆنییەکان ڕایگەیاند ئەم بەرنامەیە خێراترین ڕێوشوێن و کاریگەرتینیان و بێوەیە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو ستەمکارییانەی دانیشتووانی کۆڵۆنییەکان دووچاری دەبن.

بڕیار درا ڕێوشوێنە جیاوازەکان بە چەند قۆناخێک جێبەجێ بکرێن و پێش لە ١٠ی ئەیلوولی ١٧٧٥ ڕێوشوێنەکانی هەناردەنەکردن نەخرێتە واری جێبەجێکردن. لەو سەروەختەدا ڕێڕەوێکی سەرەکی بەئاراستەی دەستدانە یاخیبوونی چەکداری سەری هەڵدا، هەربۆیە پلانەکە بەتەواوی جێبەجێ نەکرا.

لەوانەیە پاڵنەری جێبەجێکردنی ڕێگەکانی بایکۆتکردنی نیشتمانی لەلایەن بەکاربەرەکانەوە تا ڕادەیەکی زۆر جیاواز بێ و بە گەڕانەوە بۆ ئەو حاڵەتانەی باس کران ئەو جیاوازییە ڕوون دەبێتەوە، هەروەک لە بیروڕاکانی گاندی لەبارەی ئەم ڕێگەیانەی بایکۆت لەکاتی خەباتی گەلی هندیدا، دەردەکەوێ. بزاڤی بایکۆتکردنی هندی لە ساڵی ١٩٢٠ داوای لە بازرگان و خاوەن فرۆشگەکان کرد پێوەندیی بازرگانییان لەگەڵ دەرەوە بپچڕێنن، ئەویش لەڕێی بایکۆتکردنی بەرهەمە بیانییەکان و هاندانی بەهێزی پیشەسازییە نیشتمانیەکان.

لە هەڵمەتی هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا گاندی پشتگیری لە بایکۆتکردنی دەستبەجێ و تەواوەتیی هەموو قوماشە بەرهەمهێنراوەکانی دەرەوە کرد، لەگەڵ ئەوەیشدا گاندی لەو کاتەدا پێی وا بوو بایکۆتکردنی بەرفرەوانی ئابووریی دژبەر کارێکی زۆرەملێیانەیە و لێرەیشەوە بەپێی بنەماکانی ناتوندوتیژی ڕێ پێنەدراوە. کاتێ گاندی ساڵی ١٩٣٠ خرایە زیندان بزووتنەوەی نیشتمانی دەستی کرد بە بایکۆتکردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییە بەریتانیاییەکان، بەشێوەیەکی

فـرەوانتر لـەوەی چاوەڕوان دەکرا گـاندی لەو کـاتەدا ڕەزایی لەسـەر بدا. بایکۆتکردنەکـە زۆربەی بەرهەمـە بـەریتـانیـاییـەکـانی گرتەوە، نووسـینـگەکانی پۆسـتـە کـە حکوومـەتی داگیـرکـەر بەڕێوەی دەبردن، سـیسـتـمـەکانی بروسکەی بـەریـتـانیـاییـەکان یان ئەوانەی ئەوان سـەرپەرشـتـییـان دەکردن، هێڵەکانی گواستنەوەی دەریایی و دامەزراوە بانکییەکان و کۆمپانیاکانی دڵنیایی.

پاش گەڕانەوەی گاندی لـە کۆنگرەی دووەمی گردەمێز (الطاولة المستديرة) لە مـانگی کـانوونی دووەمی ١٩٣٢، هـەمـوو هـند کـە لـە کۆنگرەی نـیـشـتـمـانـیـی هندی کـەوتـەوە جـارێکـی تر ڕەزامـەندی پیشان دا لەسـەر دریژکردنەوە و نوێکردنەوەی بایکۆتەکە. لە بڕیاری لێژنەکەدا هاتووە:

تـەنـانـەت لـە مـلـمـــلانـێـیـەکـی ناتـونـدوتـیـــژانـەیـشـــدا، بـایـکـۆتـکـردنـی ئـەو شـــمـــەکـــانـەی لـە دەوڵـەتـە ستەمکارەکان بەرهەم دێن کارێکی تەواو شەرعییە، چونکە ئەرکی قوربانی نییە دریژە بە پێوەندیی بازرگـانی لەگەڵ سـتـەمـکارەکـە بدا، بۆیـە پێویسـتـە دەسـت بـە بایکۆتکردنـی شـمـەک و دامـەزراوە بەریتانیاییەکان بکرێ و بە وردی چاودێریی جێبەجێکردنی بکرێ.

گاندی وردە وردە بـەرەو پشـتگیری لـە بایکۆتکردنی فـرەوانی ئابووریی دژبـەر گـۆڕانـی بەسـەردا هات و ڕەزامەندی پیشان دا لەسـەر بایکۆتکردنی ئابووریی دەوڵـەتی دەستدرێژکار.

٨- بایکۆتکردنی نێودەوڵەتی لەلایەن بەکاربەرانەوە

دەتوانین ئـەو بایکۆتەی بـەکـاربـەران، بـەهـۆی سـکـاڵایـەکی دیاریکراوەوە، لـە چـەند دەوڵـەتـێـک دژ بـە هـەندێ بەرهـەمی دیاریکراوی نێـــودەوڵـەتی ئـەنجـــامـی دەدەن، بـە بـایـکـۆتـکـردنـێـکـی نێـــودەوڵـەتـیـی بەکاربەران ناو ببـەین. بـە گـوێرەی ئـەو ڕێگەیـەی پێشـتـر باس کـرا، لـەو جـۆرە بایکۆتـەدا تـەنـیـا ئـەوە نییە کـە بـەکاربـەرانـی چـەند دەوڵـەتـێک بـەشداری ناکـەن، بگرە پرسـەکـە لـەڕووی مرۆیی و جیـهـانییـەوە خۆی لـە خـۆیدا دەبێتـە خاڵێکی جێبایەخی فرەوانتر.

ئـەم ڕێگـەییـە جـیـاوازە لـەو فـەرمـانـی قـەدەخـەکـردنـەی حکوومـەتـەکـان دەری دەکـەن، کـە لـە لاپـەڕەکـانی داهـاتـوودا باسـی دەکـەین.

بـایـکـۆتـکـردنـی شـمـــەکـــە ئـیـســپـــانـیـــیـــەکـــان لـە ســـاڵـی ١٩٠٩ وەک نـاڕەزایی لەدژی لـەدارادنـی فرانسیسکۆ فیرەری خەباتکار، نموونەیەکە لەسـەر بایکۆتکردنی نێودەوڵـەتی لەلایەن بەکاربەرانەوە، ئـەمـە جگـە لـە بایکۆتکردنی شمەکە مـەجـەرییـەکان سـاڵی ١٩٢٠ وەک نـاڕەزایی لەسـەر سـەرکوتکردنی کرێکاران لەلایەن حکوومـەتی مـەجـەرییـەوە، هـەروەها بایکۆتکردنی ئـەو شـمـەکـانـەی لـە باشـووری ئەفریقیا بـەرهـەم هـاتوون لـە سـاڵی ١٩٦٠ەوە.

## ئەو کارانەی کرێکار و بەرهەمهێنەران دەیکەن

### ١- بایکۆتکردنی کار لەلایەن کرێکارانەوە

ئەم ڕێگەیە بریتییە لەوەی کرێکاران ڕەتی دەکەنەوە کار بە هەندێ کەرەستە و ئامراز بکەن کە لە بارودۆخێکی نادروستدا لەلایەن ڕێکخراوە کرێکارییەکانەوە دروست کراون، لەو ڕووەوە کە هەڕەشەن بۆ سەر خۆشگوزەرانیی کرێکاران.

ئەم ڕێگەیە دژ بە بەرهەمە بیانییەکان، دژ بەو شمەک و مادانەی لەلایەن زیندانییەکانەوە دروست کراون، دژ بەو شمەکانەی بە ئامێرە نوێیەکان دروست کراون کە مەترسین بۆ سەر دەستی کار، دژ بەو شمەکانەی کەسانێک بەرهەمیان هێناوە کە سەر بە یەکێتییە کرێکارەکان نین، هەروەها دژ بەو شمەکە کوالێتی نزمانەی کە لە بارودۆخێکی کارکردنی خراپدا بەرهەم دێن، بەکار هاتووە.

ساڵی ١٨٣٠ کرێکارە میاومونەکانی چاککردنی بەرد لە ویلایەتی نیویۆرک بایکۆتی چاککردنی ئەو بەردانەیان کرد کە زیندانییەکان دەیانبڕین، هەروەها چالاکانە هەوڵیان دەدا خەڵکانی تریش قایل بکەن تا ئیش لەسەر ئەو بەردانە نەکەن کە لە گرتووخانەکانی ویلایەتەکەوە دێن. ساڵی ١٩٨٥ ئەندامانی سەندیکای Knights of Labor کە لای کۆمپانیای هێڵی ئاسنی Union Pacific و لقەکانی و لای کۆمپانیای Jay Goulds Southwestern ڕەتیان کردەوە ئۆتۆمبیلەکانی کۆمپانیای Wabesh چاک بکەنەوە بەهۆی دوژمنایەتیکردنی بۆ کرێکارانی سەر بە سەندیکاکەیان).

ساڵی ١٩٠٠ کۆمەڵەی کرێکارانی چاککردنی بەرد داوای لە ئەندامانی کرد ئەو بەردانە چاک نەکەن کە بە ئامێر بڕاون، لەو ڕوانگەیەی مەکینەسازی هەلی کارکردن بۆ بەردبڕەکان کەم دەکاتەوە.

لە ساڵی ١٨٩٦ تا ساڵی ١٩١٠ ئەندامانی سەندیکای یەکگرتووی دارتاشان ڕەتیان دەکردەوە ئەو زەخرەفە تەختەییانەی لە کارگەکانی دەرەوەی سەندیکا دروست کراون و ژن و منداڵ کار پێدەکەن دەکەن، ببەستن.

### ٢- ڕازینەبوونی بەرهەمهێنەران بە فرۆشتن یان ڕادەستکردنی شمەکەکان

ئەم ڕێگەیە بایکۆتکردنی بەرهەمهێنەران یان مانگرتن لە فرۆشتن دەگرێتەوە. بریتییە لەوی بەرهەمهێنەران ڕازی نابن بەرهەمەکانیان بفرۆشن یان ڕادەستی کەسانی تری بکەن. لەوانەیە ئەم ڕێگەیەدا تەنانەت دەست لە بەرهەمهێنانی شمەکیش هەڵبگیرێ، بەشێوەیەک ئیتر ڕادەستکردن لە ئارادا نامێنێ. دەکرێ ئەم جۆرە بایکۆتکردنە لەلایەن هەر تاقمێک لە بەرهەمهێنەرانەوە ئەنجام بدرێ، لە وەرزێرەکانەوە تا پیشەسازان.

لەوانەیە هۆکانی جێبەجێکردنی ئەم ڕێگەیەش جیاواز بن: لەوانەیە پاڵنەرەکە ئەوەبێ کە لەڕێی کەمکردنەوەی بڕی شمەکەکە لە بازاڕەکاندا نرخەکەی بەرز بکرێتەوە، یان پاڵنەرەکە پاڵپشتیکردنی هاوڕێ بەرهەمهێنەرەکانیان بێ کە گەمارۆیان بە سەردا سەپێنراوە. لە هەندێ کاتی تردا دەکرێ ئەم ڕێگەیە ببێتە بەشێک لە بزووتنەوەیەکی بایکۆتکردنی فرەوانتر دژ بە ڕێژیمێکی حوکمڕانی دوژمن یاخۆ دەوڵەتێکی داگیرکەر.

ئەو نموونانەی لێرەدا هاتوون لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییەوە تا ماوەی داگیرکردنی نازی بۆ هۆڵەندا و داگیرکردنی چین لەلایەن ژاپۆنەوە دەگرێتەوە، لە کۆتایی سەدەی دووەمی زایینی خاوەنی نانەواخانەکان و بەرێوەبەرانی فرۆشگەکانی نان لە ئەفیسو لە ئاسیای بچووک چەند کۆبوونەوەیەکیان بەست و بەکۆمەڵ بەرهەمهێنانی نانیان ڕاگرت. بەهۆی ئەم هەڵوێستەوە کونسوڵی ڕۆمانی لە ئاسیا مەرسوومێکی دەرکرد تێیدا ڕێگەی گرت لە نانەواچی و بەرێوەبەرانی فرۆشگەکانی نان کۆبونەوەی تر ببەستن و داوای لێکردن ملکەچی سیستمە کارپێکراوەکان بن، هەروەها فەرمانی پێکردن بەبێ سرتەسرت کرێکاری پێویست بۆ ئامادەکردنی نان بۆ شارەکە دەستەبەر بکەن.

جووتیارە نەرویجییەکان لە سەدەی یازدەیەمدا ڕەتیان کردەوە پیاو و ئازوقە بۆ هەڵمەتە سەربازییەکانی شا لە دژی دانیمارک سوید و ئینگلتەرا دابین بکەن. لە ئەنجامی ئەم جموجوڵەدا شەڕ بە تەواوی وەستا). لە کۆڵەنییە ئەمەریکاییەکان هەندێ ڕۆژنامە پاش یەکی تشرینی دووەمی ١٧٦٥ لەگەڵ سەرەتای جێبەجێکردنی یاسای پوولەکان لە دەرچوون وەستان، ئەویش بۆ ئەوەی خۆیان لابدەن لە دانانی پوولی باج لەسەر هەموو دانەیەکی ڕۆژنامەکە وەک کە یاساکە سەپاندبووی.

ساڵی ١٩٨٦ کۆمەڵەی بەرهەمهێنەرانی بیرە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵی دا ڕووبەڕووی ئەو بایکۆتە ببێتەوە کە بەکاربەران بە دنەدانی سەندیکانی کرێکاران دژی ژمارەیەک لە کارگەکان ڕایان گەیاندبوو. کۆمەڵەکە لە بڕیارێکیدا ئەندامانی قەدەخە کرد لە فرۆشتنی بیرە بە هەر فرۆشیارێکی دەسگیڕ (...) کە مامەڵە لەگەڵ ئەو کارگانە دەکا بایکۆتەکە گرتبوونیەوە. ئامانج لەوە ناچارکردنی فرۆشیارانی دەسگیڕ بوو بۆ کڕینی بیرە لەو کارگانەی بایکۆت کراون، ئەویش بەوەی نەتوانن لە بەرهەمهێنەرانی ترەوە بیرەیان دەست بکەوێ. ساڵی ١٩٣٢ جووتیارانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە مەبەستی باشکردنی نرخ بەشێوەیەکی فرەوان فرۆشتنی شیر و گۆشتی مەڕ و مالاتیان ڕاگرت.

ئەم جۆرە بایکۆتە ئابووریە لە ئەوروپای ژێر داگیرکردنی نازیدا جێبەجێ کرا. لە کۆتاکانی مانگی نیسانی ١٩٤٣ جووتیارانی هۆڵەندا وەک هاوەهەڵوێستی لەگەڵ کرێکارە مانگرتووەکانی شارەکان دژی حوکمڕانیی نازی، ئامادە نەبوون شیر بدەنە کارگەکانی کەرە و پەنیر.

لە پۆڵۆنیا لە ساڵە یەکەمەکانی داگیرکرانی لەلایەن نازیەکانەوە، وێڕای پاڵەپەستۆی جۆراوجۆر، جووتیارەکان چەندان ڕێگەیان بۆ چەواشەکردنی ئەڵمانەکان پەرە پێدا و بە فرتوفێڵ خۆراکیان بۆ خۆیان ئەمبار دەکرد و تەنیا بەرهەمە جۆر خراپەکەیان دەدایە ئەڵمانەکان و ئەوەی پێیان نەکرایە بیپارێزن لەناویان دەبرد.

لە باکوری چینی ژێر داگیرکردنی ژاپۆنییەکان، حکوومەتی سنوور، کە جۆرە ڕێکخراوێکی بەرگری بوو و هاوکات حکوومەتێکی هاوتەریبیش بوو، بۆی ڕوون بووبووە کە نابێ بەرهەمی لۆکەی ساڵی ١٩٣٧ بفرۆشرێتە ژاپۆنیەکان، هەر بۆیە داوای لە جووتیارەکان کرد بەرهەمی لۆکە بە ڕێژەی نێزیکەی ٧٠٪ کەم بکەنەوە و ئەو زەوییانەی لۆکەیان تێدا نەچێنراوە بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و سەوزە سوود لێ ببینن، بەم شێوەیە ژاپۆنییەکان بڕێکی کەمتر لۆکەیان دەست کەوت.

## ئەو کارانەی میانەکان ئەنجامیان دەدەن

### بایکۆتکردن لەلایەن دابینکەر و میانەکان

بایکۆتکردن لەلایەن دابینکەر و میانەکان (وسائط) ئەوەیە کرێکاران یان میانەکان لە جوملەفرۆش و دەڵاڵ و دابەشکەرەکان هیچ بەربوومێک دابین ناکەن، لەوانەیە هۆی ئەمەیش بریتی بێ لە:

– ناڕەزایی دەربڕین دژی شێوەی بەکارهێنانی کاڵاکان لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەی مانگرتنیان لەدژ کراوە، یان لە حاڵەتی شەڕ، یاخۆ لەلایەن ڕێژیمی دەسەڵاتداری ناحەزەوە.

– ناڕەزایی دەربڕین دژی سرووشتی ڕاستەقینەی کاڵاکان.

– ناڕەزایی دەربڕین دژی ئەو هەلومەرجەی کاڵاکانی تێدا بەرهەم هاتووە، وەک کۆیلایەتی و جیاکاریی ڕەگەزی، یان سەرکوتکردن، یان هەلومەرجی کەمتر دژوار کە بە ستەمکارانە دەرهەق بە ڕێکخراوە کرێکارییەکان دادەنرێ، وەک کەمیی کرێ یان کارپێکردنی ئەوانەی مانگرتنەکان تێک دەدەن.

نموونەی زۆر لەسەر ئەم جۆرە بایکۆتە هەیە کە بۆ پاڵپشتیکردنی مانگرتنەکان ئەنجام دراون.

لە ساڵی ١٩٢١ داوا کرا بۆ پشتیوانیکردن لە کرێکارانی کانێکی مەڕمەڕ، ناردنی لم بۆ ئەو کانە بایکۆتکراوە ڕابگیرێ و بەو هۆیەشەوە بڕینی مەڕمەڕ دەوەستێ تەنانەت ئەگەر کۆمپانیاکە بشتوانێ کەسانی تێکدەری مانگرتنەکە دابمەزرێنێ. هەروەها زۆر جار سەندیکاکانی کرێکاران هەوڵیان داوە بەرهەمهێنەر و دابینکەرەکان قایل بکەن بەرهەمەکانیان نەدەنە ئەو کۆمپانیایانەی بەکاربەران بایکۆتیان کردوون.

ئەم پێنەدانی کاڵایە شێوەیەکە لە شێوەکانی مانگرتنی هاوسۆزی. هەندێ حاڵەتیش دەبینین کە

هەوالنامەی کێشە

تێیاندا ڕێگەی بایکۆتکردن لەلایەن دابینکەر و میانەکان لەگەڵ مانگرتنی هاوسۆزی ئامێتە دەبن، ئەویش لەوکاتەی ڕێگەی یەکەم بەشێوەیەکی بەرفرەوان جێبەجێ بکرێ.

بۆ نموونە لە هاوینی ١٨٩٤ یەکێتیی ئەمەریکایی بۆ کرێکارانی هێڵی ئاسن کە یۆجین دبس سەرۆکایەتی دەکرد، فەرمانی بە ئەندامانی کرد کار لە هەر شەمەندەفەرێکدا نەکەن کە عەرەبانەی پۆڵمانی پێوە بەسترابێ، ئەوەیش بۆ دەربڕینی پاڵپشتی بۆ فەرمانبەرە مانگرتووەکانی کۆمپانیای Pullman Palace Car Co. ئەم کارە بەخێرایی گۆڕا بۆ مانگرتنی هاوسۆزی، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو شەمەندەفەرانەی بۆ شیکاگۆ دەچوون عەرەبانەی پۆڵمانیان پێوە بوو.

ساڵی ١٩٢٥ لە بەریتانیا لەلایەن میانەکانەوە گەمارۆ خرایە سەر خەڵووز. خاوەن کانەکانی خەڵووز لە ئاگەدارکردنەوەیەکدا ماوەی مانگێک مۆڵەتیان دانا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنامەی نیشتمانی بۆ کرێ کە ساڵی ١٩٢٤ ئیمزا کرابوو. کۆتاهێنان بە کارکردن بەو ڕێکەوتنامەیە دەبووە مایەی کەمکردنەوەی کرێ بە ڕێژەی ١٠٪ تا ٢٥٪. سەندیکاییەکان لە وەڵامی ئەو ئاگەدارکردنەوەیەدا بڕیاریان دا لە ٣١ی تەممووزەوە، کە وادەی دەستپێکردنی ئەو ئاگەدارکردنەوەیە بوو کە دەستەی گشتیی کۆنگرەی یەکێتیی سەندیکاکانی کرێکاران فەرمانی پێکردبوو، گواستنەوەی خەڵووز قەدەخە بکرێ.

ساڵی ١٩٤٢ لە دورگەی لویس، دیسان لە بەریتانیا، کرێکارانی بەندەرەکە، کە سەر بە هەمان ئەو یەکێتییە بوون کە کرێکارانی کارگەکانی ڕستنی دورگەکەیشی تێدا بوو، ڕێگەیان نەدا بە گواستنەوەی ئەو قوماشە هاوردەکراوەی کە بە نرخێکی وا دەفرۆشرا هەڕەشەی لە بەرژەوەندیی کرێکارانی ڕستن دەکرد، هەروەها ئەو جلوبەرگانەیش کە لەو قوماشە هەرزانە دروست دەکران.

ساڵی ١٩٢٠ کرێکارانی بەندەرەکە ڕەتیان کردەوە ئەو چەکانە بار بکەن کە دژی شۆڕشگێڕانی ڕووس بەکار دەهاتن.

ساڵانی ١٩٣٧ و ١٩٣٨ کرێکارانی بەندەر لە لیڤەرپوول و گلاسکۆ و ساوزهامپتۆن ئامادە نەبوون ئەو چەکانە بار بکەن کە ژاپۆن دژی چین بەکاری دەهێنان. ساڵی ١٩٤٦ سەندیکاییەکانی نیوزیلاندا و ئوستراليا ئەو چەکانەیان بار نەکرد کە بۆ بەکارهێنانیان دژی ئەندەنووسییەکان ئامادە کرابوون.

ساڵی ١٩٤٣ خاوەن هۆڵەکانی سینەما لە پورتوگال ڕازی نەبوون فیلمی ئەڵمانی پەخش بکەن، لە کۆتایدا گۆبلز بڕیاری دا کە پێویستە ئەڵمانیا هۆڵی سینەمای تایبەت بەخۆی بکرێ.

لە دوو حاڵەتدا بەشێوەیەکی نائاسایی گوزارشت لەم ڕێگەیە کراوە، کاتێ کۆمپانیاکانی دەڵاڵیی دارایی ڕازی نەبوون ئەو سەنەدانەی قەرز (سندات الدين) بفرۆشن کە ویلایەتە باشوورییەکان دەریان دەکرد کە لە هەڵمەتی وەحشییانە دژ بە چالاکانی بواری مافە مەدەنییەکان تێوەگلابوون.

حـاڵەتـی یەکـەم پاش مـانـگی حـوزەیرانـی ١٩٦٤ ڕووی دا، ئەو مـاوەیەی کـە ژمـارەیـەک لە بەرگریکاران لە مافە مەدەنییەکانی لە شاری فیلادلفیا–میسیسیپی تێدا کوژران، کاتێ کۆمپانیای باکستەر و هاوبەشـەکانی لە نیویۆرک و کلیفلاند ڕەتیان کردەوە مامـەڵە بە سەنەدەکانی قـەرزی هـەردوو ویلایەتـی میـسیـسیـپی و ئەلاباما بـکەن. حـاڵەتـی دووەمیش سـاڵی ١٩٦٥ ڕووی دا پاش ئەوەی جۆرج والیس حاکمی ویلایەتی ئەلاباما ڕایگەیاند گەنجینەی ویلایەتەکە پارەی پێویستی تێدا نییە بۆ پاراستنی ڕێپێوانەکەی بـەرگریکاران لە مافـە مەدەنییـەکان لە سـەلماوە بۆ مۆنتگمری، کۆمپانیای دەلاڵیی دارایی دەسـەلاتدار ڕایگەیاند مامـەڵە لـەگەڵ ئەو سـەنەدی قـەرزانە ناکا کـە لە ویلایەتەکەی دەرچوون، ئەویش لەو ڕووەوە کـە لێدوانی حـاکمـەکـە بە ڕوونی دەریخست کـڕینی ئەو سەنەدانە سـەرکێشییەکی داراییە.

حاڵەتێکی زۆر جیاواز لە بایکۆتکردنی میانەکان، لەلایەن کرێکارانی کارگەکانی کاغەزە ئەنجام درا کە هاوکات بوو لەگەڵ مانگرتنێکی کرێکارانی پیتچنین، بایکۆتەکەیش یەکێتییە کرێکارییەکانی ژێر دەسـەلاتی شیوعیەکان پێش لە کودەتا شیوعییەکە جێبەجێیان کرد. کرێکارانی کارگەی کاغەز لە ئەنجامی وتارێکی ڕەخنەیی دژ بە یەکێتیی سۆڤیەت و سیاسـەتی حزبە شـیوعیـەکان، چەند جارێک ڕەتیان کردەوە کاغەز بدرێتە ڕۆژنامـە دیموکراسـییەکان لە پراگ و براتسـلاڤا و هـەروەها ڕێگەیان بە بارکـردن و بەتاڵکردنی کـاغـەز نـەدا. هـەروەک کـرێکارانـی پیـتـچـنین ڕەتیـان کـردەوە لاپەڕەکانی ئـەو ڕۆژنامـانـە سـەفت بـکەن. لە مـانگی شـوباتی ١٩٤٨ و بەردەوام پێش لە کـودەتاکـە، ڕێوشوێنێکی هاوشێوە گیرایە بەر.

لە بارتسـلاڤیای پایەتەختی سلۆڤاکیا، کرێکارانی چاپخـانەکان ڕەتیان کردەوە چاپخـانەکانی حزبی دیموکراتی بخـەنە کار. لە بۆهینیا کرێکارانی ژمـارەیـەک لە کارگەکان ڕەتیان کردەوە ئەو کاغەزەی ڕۆژنامـە کاسـۆلیکی و ڕۆژنامـەکانی حزبی سۆشـیالیسـتی نیشـتمانی بەکاریان دەهێنا بەرهـەم بێنن، هـەروەهـا کرێکارەکانی هـێلـە ئاسنینەکانیش بارکردن و بەتاڵکردنی ئەو کاغـەزەیان ڕەت کردەوە.

لە کاتی ئەو کێشەیەی لە هـەردوو سـاڵی ١٩٥١ و ١٩٥٣ لە پاش خـۆمـاڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی بەریتـانی ئێـرانی لـەلایەن ئێـرانەوە سـەری هـەڵدا، یەکێتـیی نێـودەوڵەتیی کـۆمـپانیـاکـانی نەوت ڕایگەیاندا ئەو کۆمپانیایانەی ڕێگە بە بارهـەڵگرەکانیان دەدەن نەوت لە ئەمبارەکانی کۆمپانیای نەوتی تازە خـۆمـاڵیکراوی ئێران بار بکەن، مـافـی ئەوەیان نییـە داوای باربردن لە کـۆمـپانیـاکـانی سەر بە یەکێتییەکە بکەن، بەو هۆیەشەوە لـە ماوەی دەسـەلاتی مـوسـەدەق لە نێوان مانگی نیسانی ١٩٥١ تا مانگی ئابی ١٩٥٣، کەمتر لە ٤٠ بارهـەڵگر لەڕێی دەریاوە نەوتی ئێرانیان دەگواستەوە.

## ئەو کارانەی خاوەن و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکان ئەنجامیان دەدەن

١- بایکۆتکردن لەلایەن بازرگانەکانەوە

ڕێگەی بایکۆتکردن لەلایەن بازرگانانەوە بریتییە لەوەی تاک-فرۆشان خۆدەبوێرن لە کڕین و فرۆشتنی هەندێ شمەکی دیاریکراو، هەروەک لەوانەیە بەرهەمهێن و دابینکەرەکان بەرهەمەکانیان نەفرۆشنە هەندێ کۆمپانیای تایبەت بۆ پتەوکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، هەروەها لەوانەیە تاکفرۆشان لەبەر هۆی هاوشێوە شت لە بەرهەمهێن و کۆ-فرۆشان بکڕن. لەوانەیە پاڵنەری سیاسی یان ستەمکارییە نیشتمانییەکان بزوێنەری ئەم هەنگاوانەوە بن.

لەوانەیە بایکۆتکردنی بازرگانەکان بریتی بێ لە نەفرۆشتنی هەندێ بەرهەمی دیاریکراو لەگەڵ ئەوی بڕێکی زۆریشیان لەو شمەکە هەیە. ئەم نەفرۆشتنە دەکرێ -بۆ نموونە- بۆ پاڵپشتیکردنی بایکۆتکردنێکی فرەوان بێ لەلایەن بەکاربەرانی بەرهەمە بیانییەکانەوە لە کاتی خەباتی بزووتنەوە نیشتمانییەکاندا.

ساڵی ١٩٣٠، جگە لە هەڵوەشاندنەوەی داوانامەکانی کڕین لە دەرەوە، قوماشفرۆشانی هندی هەندێ جار ئەو قوماشە بیانییانەیان نەدەفرۆشت کە لە سەر ڕەفەی دوکانەکانیان بوون، ئەویش لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی بایکۆتکرنی بەرفرەوانی ئەو جۆرە قوماشانە لە کاتی هەڵمەتەکانی سەربەخۆییدا. هەروەها بازرگانانی چینی لەکاتی هەڵمەتی بایکۆتکردنی کاڵا ژاپۆنییەکاندا لە ساڵی ١٩١٩ کڕین و فرۆشتنی کاڵای ژاپۆنییان ڕەت کردەوە، تەنانەت ئەوانەیش کە لەلایەن مابوونەوە.

یەکێتیی کۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان لە ساڵی ١٧٧٤ بەڵێنی دا لە یەکی کانوونی یەکەمی ئەو ساڵەوە بازرگانەکان بەتەواوی دەست لە بەشداریکردن لە بازرگانیکردن بە کۆیلەوە هەڵدەگرن، "چی تر بایەخ بەو بازرگانییە نادەین، هەروەها کەشتییەکانمان بەکرێ نادەین و کاڵا و بەرهەمەکانمان نافرۆشینە ئەوانەی بەشداری لەو بازرگانییەدا دەکەن".

٢- بەکرێنەدان و نەفرۆشتنی موڵک

لەوانەیە خاوەن خانوو و باڵەخانە و موڵکەکانی تر لەبەر هۆی جۆراوجۆر ڕازی نەبن موڵکەکانیان بە هەندێ کەس یان دەستە و تاقمی دیاریکراو بەکرێ بدەن، یان بفرۆشن.

ئەم ڕێگەیە، کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی بەرفرەوان دژ بە زنجییەکان بەکار هاتووە، لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە چینیش دژ بە نێردە مەسیحییەکان بەکار هاتووە، لەبەرئەوەی چینییەکان ڕۆئاوایەکانیان بە بەربەری و شەیتان و بێگانە دادەنا. یەکێک لە ئەندامانی نێردەیەکی مەسیحی دەگێڕێتەوە لە مانگی ئابی ١٨٦٨ هەوڵەکانی بۆ بەکرێگرتنی

نێزیکەی سی خانووی جۆراجۆر لە شاری یانگ شو شکستی هێناوە و لە کۆتاییدا توانیویەتی یەک خاوەن مالّ بدۆزێتەوە کە ڕازی بووە خانوەکەیان بەکرێ بداتێ، بەڵام دواتر حەشاماتێک پەڵاماری ماڵەکەیان داوە.

٣- داخستن

لە ڕێگەی داخستندا، خاوەن کارەکە، نەک کرێکاران، دەست لە کار هەڵدەگرێ کاتێ بەشێوەیەکی کاتی کۆمپانیایەکی دیاریکراو یان هەر یەکەکی تری ئابووری دادەخا، وەک ئامرازێک بۆ ناچارکردنی کرێکارەکان تا هاوکاری لەگەڵ بکەن. ئەم ڕێگەیە دەچێتە خانەی کاری ناتوندوتیژانە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری ئەوە هەیە بەکارهێنانی پۆلیس یان سوپا لە بری ئیدارە ببێتە مایەی بەکارهێنانی توندوتیژی، وەک ئەو توندوتیژییەی لەکاتی مانگرتنی کرێکاران یان خاوەن کارەکاندا بەکاردێ. لە مانگرتنەکاندا کرێکارەکان بە کشانەوەیان لە کارەکانیان دەبنە هۆی وەستاندنی کارەکە، وەک لە فەسلّی دووەمدا بە درێژی باسی دەکرێ.

بەڵام هەندێ جار لە کێشەیەکی پیشەسازی دیاریکراودا ئەستەمە ئەوە دیاری بکرێ ئاخۆ کارنەکردنەکە وەک حاڵەتێکی مانگرتن دەستی پێکردووە، یان وەک داخستن.

دەکرێ ڕێگەی داخستن لەلایەن یەک کۆمپانیاوە جێبەجێ بکرێ. هەروەک چۆن لە هەوڵێکدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کرێکاران، ڕێگەی داخستنی هاوسۆزانە لە یەک کاتدا لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن کارەکان لە ناوچەیەک یان پیشەسازییەکی دیاریکراودا جێبەجێکراوە. بۆ نموونە لە ئینگلتەرا لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا کۆمەڵەکانی خاوەنکارەکان داخستنێکی گشتییتان دژ بە هەموو کرێکارانی پیشەسازییەکی دیاریکراو ئەنجام دا، لە پێناو ملکەچکردنی کرێکارە هەڵەشەکان لە دامەزراوەیەک یان دوو دامەزراوەدا.

ئەم ڕێگەیە لە ساڵی ١٩٦٥ بە فەرمانی بەکار هات، کاتێ کرێکارانی کارگەکانی ئاسن لە ستافۆردشایر و کرێکار و فەرمانبەرانی حەوزەکانی دروستکردنی کەشتی لە ڕووباری کلاید لە سکوتلەندا لە کار ڕاگیران.

ڕێگەی داخستن بە زۆری لە کەرتی پیشەسازیدا بەکار دێ، بەڵام لەوانەیە لە کەرتی تریشدا بکرێ. بۆ نموونە لە ئینگلتەرا کاتێک کرێکارانی کێڵگەکان لە ساڵانی ١٨٣٣ و ١٨٣٤ هەوڵیان دا یەکێتی سەندیکایی پێک بێنن، خاوەن کێڵگەکان بە داخستنی کێڵگەکان بەرپەرچیان دانەوە، وەک کە لە کێڵگەیەک لە نێزیک گوندی چیبنگ لۆرتن لە ناوچەی ئۆکسفۆرد شایر ڕووی دا. هەروەها ساڵی ١٨٧٤ کاتێ سەندیکا کشتوکاڵیەکان هەوڵیان دا لە بەرامبەر ٥٤ سەعات کار لە هەفتەیەکدا بڕی ١٣ تا ١٤ شلنگ بۆ کرێکارانی کشتوکاڵی بە دەست بێنن، خاوەن کێڵگەکان لە هەردوو هەرێمی ڕۆهەڵات و ناوەڕاست لە کاردانەوی ئەوەدا کێڵگەکانیان داخست، بەوەیش زیاتر لە دە

هەزار کرێکاری سەندیکایی بەبێ کار مانەوە.

ئەم نموونانە ڕوونی دەکەنەوە کە ڕێگەی داخستن کاتێک دەبێ کە خاوەن کارەکە چالاکییەکانی وەک خاوەن کارێک ڕادەگرێ، نەک تەنیا داخستنی هەندێ دەرگای دیاریکراو بە ڕووی کرێکاراندا.

ڕێگەی داخستن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژ بە سەندیکای... بەکار هێنرا بە تایبەت سالّی ١٨٨٦، لەو ساڵەدا لە ویلایەتی نیویۆرک زیاتر لە ١٥ هەزار کرێکاری بۆیەچی لە شاری ترۆی کارەکانیان لە دەستدا، هەروەها ٢٠ هەزار کرێکاری چنین لە هەردوو شاری کوهوس و ئەمستەردام و زیاتر لە ٢٠ هەزار کرێکاری لە قوتوونانی گۆشت بە هۆی پەنابردنی خاوەن کارەکان بۆ ڕێگەی داخستن، کارەکانیان لەدەست دا.

لە ڕووسیا لەگەڵ لاوازبوونی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ پیشەسازەکان کۆمەڵێ ڕێکخراویان دامەزراند بۆ بەرەنگاریکردنی داواکارییەکانی سەندیکاکانی کرێکاران لە ڕێی ئەنجامدانی چەند کارێکی هاوبەش، یەکێک لەوانە ڕێگەی داخستن بوو.

٤- یارمەتینەدانی پیشەسازییانە

هەندێ جار بۆ دەربڕینی بەرهەڵستی ئابووری یان سیاسی لە هەلومەرجێکی تایبەتدا، پەنا بۆ پێشکێشنەکردنی یارمەتی و ڕاوێژی پێویست لە هەردوو کایەی ئابووری و سیاسی دەبرێ. ساڵی ١٩٣٦ لە هەوڵێکیدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داواکارییی خاوەن کارگەکانی پۆڵا بۆ بەرزکردنەوەیەکی زۆری نرخی پۆڵا، گورنگ هەوڵی دا کارگەیەکی حکوومیی نوێی پۆڵا دروست بکا کە کارگەی هرمان-گورنگ بوو. زۆربەی خاوەن کارگەکانی پۆڵا لە ئەڵمانیا هەوڵیاندا پرۆژە نوێکەی گورنگ شکست پێبێنن، ئەویش بەوەی لەناو خۆیاندا ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی هیچ یارمەتییەکی کارگە نوێیە حکوومییەکە نەدەن. بەڵام کروب و ڕوشلنگ بەتەواویی هاوکاریی کارگەی ناوبراویان کرد.

٥- مانگرتنی گشتیی بازرگانان

لەکاتێکدا مانگرتنی گشتی کشانەوەی کرێکاران لە کارەکانیان دەگرێتەوە، لەوانەیە داخستنی هاوکاتی شوێنە بازرگانییەکان و دامەزراوە ئابووریییەکان لەلایەن بازرگانەکانەوە، ئابووریی شار یان ناوچەیەک لە پەلوپۆ بخا: ئەو کارە تەنیا کار لەو فرۆشگە بچووک و کۆگانە ناکا کە کەسێک ییان خێزانێک بەڕێوەیان دەبەن، بگرە لەوانەیە بەبێ دەستپێشخەریی فەرمانبەران چەندان کۆمپانیای گەورە دابخا.

ساڵی ١٧٤٢ بازرگانەکان لە چەند بازنەیەکی سەر بە هەرێمی کیانگ سو مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەسەر شێوەی سەروکاریکردنی فەرمانبەرانی حکوومی بۆ کاروبارەکانی فریاکەوتن لەکاتی ڕووداندا لافاودا.

کاتێ مانگرتنێکی گشتیی بازرگانان لەگەڵ مانگرتنێکی گشتیی کرێکاراندا یەک دەگرێ، ئەنجامەکەی بلۆکبوونی ئابووری دەبێ، کە لەکاتی باسکردنی مانگرتنەکاندا پێناسەی دەکەین.

## ئەو کارانەی خاوەن سەرچاوە داراییەکان پێیان هەڵدەستن

### ١- کێشانەوەی ڕاسپاردە بانکییەکان

دەکرێ کێشانەوەی ئەو پارانەی لە بانکە تایبەت و حکوومییەکان یان لە سیستمەکانی پاشەکەوتکردنی حکوومیدا دانراون، وەک دەربڕینی نارەزایی دژ بە حکوومەت، یاخۆ جۆرە بایکۆتکردنێک بە ئامانجی یارمەتیدان لە ڕووخاندنی ڕێژیمێکی دەسەڵاتداری ناسەقامگیردا بەکار بهێنرێ. بۆ نموونە لەکاتی شۆڕشی ڕووسیایی لە ساڵی ١٩٠٥، دوو جار داوای کێشانەوەی ڕاسپاردە بانکییەکان کراوە. جاری یەکەم یەکێتیی جووتیارانی سەرانسەری ڕووسیا لە کۆنگرەی دامەزراندنیدا لە ناوەڕاستی هاوینی ١٩٠٥ داوای کرد، ئەگەر حکوومەت هەوڵی دا یەکێتییەکە سەرکوت بکا، ئەوا ڕاسپاردە بانکییەکانیان بکێشنەوە. لە جاری دووەمدا، ئەنجوومەن(سۆڤیەت)ەکانی شاری سان پترسبۆرگ لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٥ داوای کرد ڕاسپاردە بانکییەکان بکێشرێنەوە. ئامانج لەم کارە لاوازکردنی متمانەی پارەبەخشەکانی بیانی بوو بە ئابووریی ڕووسیا و بە حکوومەتی ڕووسیا و لێرەشەوە بەرگرتن لە حکوومەت لەوەی قەرزی بیانی دەست بکەوێ و بۆ بەگژاچوونەوەی شۆڕش بەکاری بێنێ. کێشانەوەی بەرفرەوانی پارە لە بانکەکان لە چەند هەفتەی داهاتوودا، کە لە ئەنجامی ئەو بانگەشەیەوە بوون، شپرزی بۆ حکوومەت دروست کرد.

لە جێبەند (سیاق)ێکی تەواو جیاوازدا، لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦، بانگەوازێک بڵاو کرایەوە، کە سەرکەوتنێکی مامناوەندی بەدەست هێنا، بانگەوازەکە داوای لەوانە کرد کە پارەیان لە هەردوو بانکی فیرست ناشیونال بانک و شیز مانهاتن بانک داناوە ڕاسپاردەکانیان لەو دوو بانکە بکێشنەوە و لە بانکیتردا دایانبنێن، ئەویش بەهۆی تێوەگلانی ئەو دوو بانکە لە ئابووریی دەوڵەتی باشووری ئەفریقیا.

### ٢- نەدانی ڕەسم و بەرکەوتە و باجەکان

ئەگەری ئەوە هەیە تاکەکان یان گرووپەکان یاخۆ تەنانەت حکوومەتەکان، بەئەنقەست ڕەسم یان بەرکەوتە یاخۆ باج نادەنە دەزگەیەکی تایبەت یان گشتی یان حکوومەت یان دەستەیەکی نێودەوڵەتی. ساڵی ١٩٤٢ مامۆستایانی نەرویجی بەشداریان نەکرد لە بەخشینی خۆویستانەی هەندێ پارە بە ڕێکخراوێکی مامۆستایان کە فاشییەکان تێیدا بااڵدەست بوون.

ساڵی ١٩٤٧ قوتابیانی ژاپۆنی وەک جۆرێک لە دەربڕینی نارەزایی، ڕەسمی خوێندنی

زانکۆکانیان نەدا. ڕەنگە بەناوبانگترین نموونە لەم جێبەندەدا ئەوە بێ کە دەوڵەتانی بلۆکی سۆڤیەت و فرەنسا و بەلجیکا و پورتوگال پشکی خۆیان لە خەرجەکانی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنگۆ نەدا، ئەویش لەو ڕوانگەی لەڕووی یاساییەوە ناکرێ خەرجەکانی تایبەت بەو پرۆسەیە بە بەشێک لەو خەرجانە دابنرێ کە لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باس کراوە و دەبێ وڵاتانی ئەندام بیدەن.

٣- نەدانەوەی قەرز یان سوودە بەرکەوتەکان

ڕێگەی نەدانەوەی قەرز یان ئەو سوودانەی دەکەونە سەر ئەو قەرزە وەک ئامرازێکی بایکۆتکردنی ئابووری بەکار هاتووە. ئەم نەدانەوەیە بەپلەی یەکەم لەو کاتەدا ڕوو دەدا کە ئەو قەرزە هی دژبەرێک، یان هەندێ کەس یاخۆ کۆمپانیا بن کە لە دوژمنە دەوڵەتێکدا کار دەکەن. هەندێ جار هەوڵ دراوە ئەم کارە لەگەڵ قەرزەکانی حکوومەتدا بکرێ و چوونەتە بنکلێشی خەڵک تا باجی سەر قەرزەکانی حکوومەت نەدەن، یاخۆ وریایی دراوەتە قەرزبەخشانی بیانی کە ئەگەر قەرز بدەنە ڕێژیمێکی دەسەڵاتداری ڕوو لە داڕووخان، ئەوا پاش هەرەسهێنانی ڕێژیمەکە ئەو قەرزانە نادرێنەوە. لەڕێی مانیفستۆ داراییەکەی ئەنجوومەنەکانی سان پترسبۆرگەوە کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٥ ئەم هەوڵە درا، هەروەها لەڕێی مانیفستۆی فایبۆرگیشەوە درا، کە دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی دۆمایە ئیمزا کرا پاش ئەوەی قەیسەر لە ٢١ی تەمموزی ١٨٦٠دا هەڵیوەشاندەوە:

لەبەرئەوە، پاش ئەوەی حکوومەت ئەنجوومەنی دۆمای هەڵوەشاندەوە، ئیتر ئێوە پاساوی پێویستتان هەیە بۆ پێشکێشنەکردنی پارە یاخۆ سەربڕاز. لە بارێکیشدا حکوومەت پەنای بۆ قەرز برد، ئەو قەرزانە بەتاڵن لەبەرئەوەی بەبێ ڕەزامەندیی نوێنەرانی گەل کراوە. گەلی ڕووسی هەرگیز دان بەو قەرزانەدا نانێ و بە ئەرکی خۆی نازانێ بیانداتەوە.

نەدانەوەی قەرزەکان تەواو کاریگەر بوون کاتێ بەسەر ئەو قەرزە تایبەتانەدا جێبەجێ کرا کە لەکاتی خەباتی بزووتنەوەیەکی سیاسی لەگەڵ حکوومەتێک دراونەتە کۆمەڵە کەس یان کۆمپانیایەک.

لەکاتی خەباتی دانیشتووانی کۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان دژ بە حوکمی بەریتانیا، ئەم ڕێگەیە لە هەردوو ساڵی ١٧٦٥ و ١٧٦٦دا بەتایبەتی لەکاتی خەبات دژ بە یاسای پوولەکان بەکار هات. زۆربەی مامەڵە بازرگانییەکانی نێوان بەریتانیا و باکوری ئەمەریکای بەریتانیایی لەسەر بنچینەی فرۆشتنی دواخراو ئەنجام دەدران، بەو هۆیەشەوە ویلایەتەکانی باکوری ئەمەریکای ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا زۆر قەرزار بێ.

ئەوە ئاشکرا بوو کە ڕاگرتنی مامەڵەکردنی بازرگانی لەوانە بوو دەرهاویشتەی ئابووریی

ترسناکی لە ئینگلتەرا لێبکەوێتەوە. بەڵام نەدانەوەی قەرزەکان پاڵەپەستۆیەکی ئابووریی توندتر و خێراتری دروست کرد. دانەوەی قەرزەکان ماوەیەکی زۆر پێش لە سەرەتای جێبەجێکردنی یاسای پوولەکان وەستا. بازرگانێک لە برستۆڵ لە مانگی ئابی ١٧٦٥ گوتی: هیچ حەواڵەیەکی داراییمان پێنەگەیشت، چی تر ناتوانین بەرگە بگرین، لەبەرئەوەی بۆ جێبەجێکردنی پابەندییەکانمان لەگەڵ ئەو بازرگانانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، پێویستمان بە پارەیە.

یەکێک لەو هۆیانەی لەمپەر بوو لەبەردەم بازرگانانی بەریتانیا کە بۆ بەدەستهێنانەوەی قەرزەکانیان، وەک باوە، پەنا بۆ دادگەکان ببەن، ئەوە بوو خودی دادگەکان کارنەکردنیان بە باشتر دەزانی لەوەی پوولەکانی باج لەسەر بەڵگەنامە یاساییەکان بەکار بێنن، یان وەک گژبەری(تحدی)یەک بۆ دەقی یاساکە، کار بکەن بەڵام بەبێ بەکارهێنانی پوولەکان.

لە هەندێ کاتدا بڕیاری داخستنی دادگەکان دەدرا بۆ بەرگرتن لەوەی بۆ بەدەستهێنانەوەی قەرزەکانی بازرگانە بەریتانییەکان پەنایان بۆ ببرێ. جۆرج واشنتۆن لە ٢٠ی ئەیلوولی ١٧٦٥، چەند هەفتەیەک بەر لە دەست بە جێبەجێکردنی یاسای پوولەکان بە ڕوونی پێشنیازی بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیەی کرد:

شتێکی حەتمییە کە دادگە مەدەنییەکانمان دەرگەکانیان دادەخەن... چونکە لەم هەلومەرجەی ئێستەدا ملکەچکردن بۆ یاسایەکی پەرلەمان مەحاڵە. خۆ ئەگەر ڕێوشوێنە قەزاییەکانیان ڕاگرت، لەو بڕوایەدام بازرگانەکانی بەریتانیای مەن کە بازرگانی لەگەڵ داگیرگە (کۆڵۆنی- مستعمرە)ەکان دەکەن، لە پێشی ئەوانەوە دەبن کە ئارەزووی هەڵوەشاندنەوەی دەکەن.

هۆراس والبول دواتر لەبارەی ئەو دۆخەی خولقا دەڵێ:

باشترین چەک بەدەست دانیشتووانی داگیرگەکانەوە نەدانەوەی قەرزەکانی بازرگانەکانمانە کە لە ئەنجامی نرخی ئەو کاڵا و کەرەستانەی بۆ داگیرگە ئەمەریکاییەکان هەنارد کراون هاتووەتە کایە. ئەو قەرزانە هی بازرگانەکانی لەندەن و لیڤەرپوول و مانشستەر و شارە بازرگانییە گەورەکانی تری کە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو ئەمەریکاییانە کردووە کە هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانییان لەگەڵمان ڕەت کردەوە تا یاسای نەگریسی پوولەکان هەڵنەوەشێتەوە.

جیبسۆن باسی لەوە کرد بڕی قەرزەکان گەیشتە نێزیکەی چوار ملیۆن پاوەندی ئیستەرلینی و ئێستە ئەو قەرزانە وەک چەکێکی بەهێز بەکار دێن.

لە هاوینی ١٧٧٤ و پێش لە بەستنی کۆنگرەی یەکەمی کۆڵۆنییەکان، لە ڕۆژنامەکانی نیویۆرک و فیلادلفیادا سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی ئەم ڕێگەیە لە کێشەکەی ئەو کاتە تاوتوێ کرا.

هەندێ دەستەی ناوخۆیی دەستیان دایە نەدانەوەی قەرزەکان، یان ڕێگەیان بە دادگەکان نەدەدا بەدواداچوون بۆ ئەو سکاڵایانەی بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکان بەرز کرابوونەوە، بکەن. بۆ

نموونه له ٢٥ی ئایاری ئەو ساڵەدا، لە ئەنجامی داخستنی بەندەری بۆستن لەلایەن بەریتانیاییەکانەوە، دانیشتووانی ئەناپۆلیس لە کۆبوونەوەیەکیاندا بڕیاریان دا جگە لە ڕێکەوتنامەی هاوردەنەکردن و هەناردەنەکردنەکە، دادگەکانی شار سەیری هیچ سکاڵایەکیش ناکەن بۆ گێڕانەوەی قەرزی سەر هاووڵاتییەکی ئەم هەرێمە بۆ هیچ هاووڵاتییەکی بەریتانیای مەزن، تا یاسای ناوبراو هەڵنەوەشێتەوە.

یەکێک لەو بڕیارانەی هەرێمی وستمۆرلەند–ویلایەتی ڤێرجینیا بەسەرۆکایەتیی پیاوانی وەک ڕیچارد هنری لی نوێنەری هەرێمەکە لە ئەنجوومەنی هەرێمەکان ڕەزامەندی لەسەر دا، ڕێگەدان بوو بە هەر پارێزەرێک لە هەرێمەکە بۆ بەرزکردنەوەی فایلێک بۆ گێڕانەوەی قەرزێک یاخۆ بەردەوامبوون لە داکۆکیکردن لە هەر کێشەیەکدا لەم بارەوە بۆ بەردەم دادگەکان بەرز کراوەتەوە بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە ڕێکەوتنامەی هەناردەنەکردندا بڕیاری لەسەر دراوە.

لە ئەڵمانیا پێش لە گەیشتنی نازییەکان بە دەسەڵات، حاڵەتێکی نەدانی سووی سەر قەرزەکان، نەک نەدانەوەی ئەسڵی قەرزەکە ڕووی دا، ئەویش کاتێ سەرکردەکانی لایەنگری نازیەت چەند هەڵمەتێکیان دەست پێکرد دژی دەستبەسەڕاگرتنی ڕەهن و بێبەشکردنی خاوەن ڕەهن لە مافی گێڕانەوەی مووڵکە ڕەهنکراوەکەی، هەروەها بۆ پاڵپشتیکردن لەو وەرزێرانەی ئامادە نەبوون سوودی ئەو قەرزانە بدەن کە لە بانکەکانیان کردبوو.

٤– بڕینی سەرچاوە داراییەکان و پێشینەدان

دەکرێ لەڕێی بڕینی سەرچاوەکانی دارایی دژبەرەوە پاڵەپەستۆی ئابووری لەسەر دروست بکرێ، وەک بڕینی مووچە و بودجە و قەرز و وەبەرهێنانەکان. کارەکەیش دەکرێ لەڕێی کەس یان دامەزراوە یاخۆ حکوومەتەکانەوە جێبەجێ بکرێ. کۆمەڵە نیشتمانییەکانی هەندێ لە کۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان پارەی تەرخانکراو بۆ مووچەی حاکم و دادوەرەکانیان ڕاگرت وەک ئامرازێک بۆ بەستنەوەیان و زۆر دوورنەکەوتنەوە لە هێڵی حەزە سیاسییەکانی کۆمەڵە نیشتمانییەکان.

دانیشتووانە سپی پێستەکانی لایەنگری جیاکاریی ڕەگەزی لە ویلایەتەکانی باشوور، پێشینە بانکی و هەندێ جۆری تری قەرزیان لەو زنجیرانە بڕی کە چالاکانە کاریان بۆ هەڵوەشاندنەوەی جیاکاریی ڕەگەزی دەکرد.

کاتێ لە مانگی ئایاری ١٩٥٥ فەرمان بۆ بەرپرسانی فێرکردن لە هەرێمی برنس ئیدوارد لە ویلایەتی ڤێرجینیا دەرچوو بۆ یەکخستنی سیستمی قوتابخانەکان کە ٥٣٪ی قوتابییەکانیان زنجی بوون، ئەو بەرپرسانە دەستبەجێ و بەکۆی دەنگ هەموو ئەو بودجەیەیان بڕی کە بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە ڕەسمییەکانی ئەو هەرێمە تەرخان کرابوو. بەڵگەنەویستیشە بەبێ قوتابخانەی ڕەسمی، هیچ یەکخستنێکی قوتابخانە ڕەسمییەکان ڕوو نادا.

ئەنجوومەنی یاسادانانی ویلایەتی ڤێرجینیا لە یەکی ئابی ١٩٥٦ بۆ تاوتوێکردنی سیازدە یاسای دژ بە یەکخستنەکە کۆ بوویەوە، بەپێی پرۆژەیاسای ژمارە ١ کە تۆماس ستانلی حاکمی ویلایەتەکە پێشنیازی کرد، هەموو بودجەیەکی گەنجینەی ویلایەتەکە لە هەر هەرێمێکی سەر بە ویلایەتەکە دەبڕدرێ کە سیستمی قوتابخانەی تێدا یەک بخرێ. ئەو بودجە تەرخانکراوانەیش ٤٢٪ی کۆی خەرجی بەڕێوەبردنی ئەو قوتابخانانە بوو. هەردوو ئەنجوومەنی نوێنەران و پیران لەسەر پرۆژەیاساکە ڕازی بوون، ئەگەرچی ئەنجوومەنی پیران بە زۆرینەیەکی لاواز پەسەندی کرد.

دواتر بەرپرسانی فێرکردن لە هەرێمی برنس ئیدوارد دەستیان کردەوە بە تەرخانکردنی پارە بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان، بەڵام نەک لەسەر بنچینەی ئاسایی سالانە، بەڵکو لەسەر بنچینەی مانگانە بودجەیان تەرخان دەکرد، ئەوەشیان ڕادەگەیاند کە پەسەندکردنی تەرخانکردنی بودجەکە ڕادەگیرێ ئەگەر لەم کاتەدا قوتابخانەکان لەڕووی ڕەگەزییەوە ئامێتە بکرێن، ئەوەیش بەپێی بڕیارێکی دادوەری فیدراڵی سترلینگ هچیسۆن کە لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٥٧ دەرچووە. بەڵام پاش ئەوەی بازنەی نەیاری لەدژی دەستبەردارببوون لە فێرکردنی ڕەسمی فرەوان بوو، کارکردن بەم ڕێگەیە ڕاگیرا.

پارە و گرێبەستە فیدراڵییەکان لەو چالاکییە جۆراوجۆرانە دەکێشرانەوە یان هەڵدەپەسێران کە پابەند نەدەبوون بە پێوەر و سیاسەتە فیدراڵییە پەسەندکراوەکانەوە، بەتایبەت لە بابەتی جیاکاریی ڕەگەزیدا، وەک خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و فێرکردن. جێمس فارمەر ڕاگرتنی پاڵپشتیی دارایی لە هەر چالاکییەکی جیاکارانە لەنێوان ڕەش و سپییەکاندا، بە بەهێزترین چەکی دەستی حکوومەتی فیدراڵی لەقەڵەم داوە. ئەگەر هەڕەشەی ڕاگرتنی پاڵپشتییە ئابووورییەکە جێبەجێ کرا، بەدڵنیاییەوە دەمارگیرە باشووریەکان ڕێگەکانیان دەگۆڕین.

بانگەشەی جۆراوجۆر کران بۆ کێشانەوەی وەبەرهێنانە بیانییەکان لە دەوڵەتی باشووری ئەفریقیا بۆ ناچارکردنی تا جیاکاریی ڕەگەزی هەڵبوەشێنێتەوە.

٥- نەدانی داهاتەکان بە دەوڵەت

لەم ڕێگەیەدا بەرگریکاران داهاتەکان نادەنە دەوڵەت. لەبارێکیشدا گێرانەوەی ئەو داهاتە ئەرکێکی یاساییە، دەکرێ ئەم ڕێگەیە لە خانەی بایکۆتی سیاسیشدا دابنرێ. ئەگەر نەدانی داهاتەکە تەنیا کارێکی ڕەمزی نەبێ، گرینگترین خەسڵەتی ڕێگرتنە لە گەیشتنی داهاتە داراییەکان بە حکوومەت. لەبارێکیشدا ڕەگەزی یاخیبوون زاڵ بێ، ڕێگەکە دەکەوێتە خانەی بایکۆتی سیاسی، بەڵام لەم بارەدا کارەکە لە ڕواڵەتدا سیاسی و ئابووری دەبێ.

ئەم ڕێگەیە نەدانی جۆرە جیاوازەکانی باجیش دەگرێتەوە، لەوانە باجی داهات و باجی مووڵک و باجی فرۆشتن یان کڕین، یان وەرنەگرتنی مۆڵەتی پێویست بۆ بوونی سەگێک، ئۆتۆمبێلێک،

ڕادیۆیەک، تەلەڤزیۆنێک و شتی لەو بابەتە، ئەوەیش وەک ناڕەزایی لەدژی ستەمکارییەک کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە مۆڵەتێکی دیاریکراوەوە هەیە، یان وەک هێما بۆ ناڕەزاییەکی بەرفراوانتر دژی حکوومەت.

لەوانەیە نەدانی داهاتەکان بایکۆتکردنی ئەو شمەکانەیش بگرێتەوە کە باجی فرۆشتن یان باجی کڕین دەیانگرێتەوە. هەروەها لەوانەیە کرێی زەوی یان خانووبەرەیەک نەدرێ ئەگەر بێتوو حکوومەت لەو کرێدانە سوودمەند بێ.

ڕێگەیەک هەیە پێوەندی بە گرتنەوەی پارە لە حکوومەت هەیە، ئەگەرچی ئەو پارانە لەڕووی تەکنیکییەوە داهات نین، کە ئەویش بریتییە لە نەکڕینی سەنەدەکانی قەرز یان قەرزکردن لە حکوومەت و کۆبۆنەکانی حساباتی پاشەکەوتی نیشتمانی و هی تر و کێشانەوەی قەرز و ڕاسپاردەکان.

لە هەندێ قۆناخی پێشکەوتووی خەباتدا، لەوانەیە کەسی بەرگریکار هەندێ مادده بفرۆشێ کە باجیان لەسەر دانراوە، بەڵام باجەکە نادا.

لە کاتێکدا نەکرینی سەنەدی قەرزیان بەکارنەهێنانی کۆبۆنی حساباتی پاشەکەوتی نیشتمانی وەک ئامرازێک بۆ بەرگرتن لە گەیشتنی داهات بە حکوومەت، بە کارێکی یاسایی دادەنرێ، ئەوا باجنەدان و کرێنەدان بە حکوومەت پێچەوانەی یاسایە، لەبەر ئەوەی ڕەتکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆی دانی داهاتەکانە و لێرەشەوە گوزارشتێکی زۆر بەهێزە بۆ ڕەتکردنەوەی ڕێژیم دەسەڵاتدار.

لە باریکیشدا ئەم کارە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانەوە ئەنجام بدرێ، ئەوا دەبێتە هەڕەشەیەکی مەترسیدار لەسەر مانەوەی حکوومەت، چ بەهۆی ئەو هەڕەشەیەی بەرۆکی گەنجینەی دەوڵەت دەگرێ، یان بە هۆی فرەوانبوونی ڕووبەری ملکەچنەکردنی هاووڵاتیان بۆ ڕێژیمی بااڵدەست. لەوانەیە باجنەدانی بەکۆمەڵ ڕێگەیەکی نوێ نەبێ، چونکە لە سەدەی دووەمی زایینیەوە لە هەواڵەکانی میسردا زۆر جار ئاماژەی پێدراوە.

جووتیارانی نەرویج دژی زیادکردنی زۆری باجەکان یاخی بوون، کە لە سەرەتای ساڵی ١٥١٥ وە کریستیانی دووەمی شای دانیمارک بۆ دابیکردنی خەرجی شەڕەکەی لە دژی سوید سەپاندی.

جووتیارەکان ئامادە نەبوون باج بدەن و باجگرەکانیان کوشت، بەو هۆیەشەوە بەتوندی سەرکوت کران. بڵاوبونەوەی باجنەدان، بە تایبەت لە ناوچە کەرنارییەکانی نەرویج لە دەوروبەری ساڵی ١٦٣٠، سەرکوتکردن و چاکسازی باجی لێکەوتەوە.

لە ساڵانی ١٧٦٤ و ١٧٦٥ یاخیبوونێکی تری گەورە دژی باج لە نەرویج ڕووی دا، ئەویش وەک ناڕەزایی لە باجی قورس و گەندەڵی باجگرەکان و هەندێ ڕەفتاری تر، وەک دەستبەسەڕاگرتنی کەلوپەلی وەرزێرەکان و ماسیگرەکان لەلایەن حکوومەتەوە تا ئەو باجانەی لەسەریانە بیدەن. لە

هەواڵنامەی کتێب

شاری ڕومسداڵ جووتیارەکان ڕازی نەبوون باج بدەن و باجگرەکانیان دەرکرد.

ساڵی ١٧٦٤ کاری ئاژاوەگێڕی بە درێژایی کەنارەکان ڕووی دا و بڕی پارەی بەدەستهاتوو دابەزینێکی بەردەوامی تۆمار کرد لە کاتێکدا هەموو باجەکان هەردوو ساڵی ١٧٦٢ و ١٧٦٣ بە تەواوی درابوون.

لە شاری بورگن خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجام درا و هەڕەشە لە فەرمانبەرە حکوومییەکان کرا، تەنانەت لە ماوەی پاش پرۆسەی سەرکوتکردنەکەیش، لە زۆربەی شوێنەکان کەمتر لە نیوەی ئەو باجەی پێویست بوو، کۆکرایەوە.

نەدانی هەندێ باجی دیاریکراو لە ڕێی بایکۆتکردنی ئەو کاڵایانەی باجیان لەسەر دانراوە، بە تایبەت لە کاتی خەبات دژی یاسای پوولەکان، یەکێک بووە لە ڕێگەکانی بەرگری کە پێش لە هەڵگیرسانی جەنکی سەربەخۆیی ئەمەریکا بەکار هاتووە.

لە کاتی شۆڕشی فرەنسیدا لە ساڵی ١٧٨٩، ڕێگەی نەدانی باج و ڕەسمە دەرەبەگیەکان بە شێوەیەکی زۆر فرەوان بڵاو بووەوە. پاش پێکهاتنی چینی سێیەمیش کە هەندێ لە پیاوانی ئایینی چوونە ڕیزی، لە ١٧ی حوزەیرانی ١٧٨٩ کۆمەڵەی نیشتمانی هەوڵی دا لە ڕێی مۆڵەتدان بە باجنەدان خۆی لە دژەهێرشێکی شابپارێزێ و تەنیا ئەو باجانەی بە یاسایی دانا کە کۆمەڵەی نیشتمانی ڕەزامەندی لەسەر دەدان.

لە کۆتایی ساڵی ١٧٨٩ هەموولا ڕەتیان کردەوە هەموو باج و ڕەسمەکانی ڕابردووی سەریان بدەن.

هەریەک لە شانگ شونگ لی و هیاو کونگ شوان لە لێکۆڵینەوەکانیان لە بارەی کۆمەڵگەی چینی لە سەدەی نۆزدەیەمدا، باسیان لەوە کردووە کە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦٠ چەند حاڵەتێکی ڕێکخراوی باجنەدان لە چین ڕوویان داوە.

لە مەجەر لە ساڵی ١٨٦١ بەرەنگاریەکی ڕژد دژ بە کۆکردنەوەی باج بە گوێرەی یاساکانی نەمسا ڕووی دا و بە ئەدەبێکی زۆرەوە بە باجگرەکان دەوترا کە ئەوان کەسانی ناشەرعین. لە ماوەی دووساڵ و نیوی هەڵمەتی باجنەدان لە بەریتانیا لە نێوان ساڵانی ١٩١٢ و ١٩١٤ دژ بە یارمەتیدانی قوتابخانە ئەبرەشییەکان لەرووی باجەوە، ٧٠ هەزار یاداشتی ئامادەکردنی باجنەدەران دەرچوو، لەوانە ٢٥٠ کەسیان گیران.

لە کاتی شۆڕشی ڕووسی لە ساڵی ١٩٠٥، زۆر جار ئەوانەی هەوڵی ڕووخاندنی دەسەڵاتی قەیسەریان دەدا باجیان نەدەدا. بۆ نموونە لە جۆرجیا خەڵک هیچ باج و ڕەسمێکیان نەدا. لە دوو بۆنەدا شۆڕشگێران ڕاشکاوانە وەک قۆناخێکی بنچینەیی لە بەرنامەی بەرگری بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی دەسەڵاتدار داوای باجنەدانیان کرد.

هەوڵنامەی کتێب

یەکەم بانگەواز لەلایەن سۆڤیەتەکانی شاری سان پترسبۆرگەوە بوو لە ٢٣ی تشرینی دووەم و ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٥، کە ناونرا مانیفستۆی دارایی.

ئەو توێژینەوەیەی پارڤوس لەبارەی کێشە ئابووریەکانی ڕێژیمی دەسەڵاتدارەوە کردی هاندەر بوو بۆ دەرکردنی ئەم بانگەوازە.

بانگەوازی دووەم، مانیفستۆی فایبرگ دەریکرد کە دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی دۆمای هەڵوەشاوە لە ٢٣ی تەممووزی ١٩٠٦ ئیمزایان کرد.

لە ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە: لەو ڕووەوە کە ڕەزامەندی نوێنەرانی گەل مافی ئەوەی دایە حکوومەت باج بسەپێنێ و لاوان بکاتە سەرباز و لە بارێکدا حکوومەت ئەنجوومەنی دۆمای هەڵوەشاندووەتەوە، کەواتە هۆی پێویست پەیدا بووە بۆ پێشکێشنەکردنی پارە و سەرباز... لەم نەدانەدا بەجەرگ بن.

باجنەدان شێوەیەکی گرینگ بوو لە شێوەکانی بەرگری لە کاتی خەباتی سەربەخۆییخوازی هندیدا لە هەڵمەتە ناوەخۆیی و نیشتمانیەکاندا.

لە ئەڵمانیا، پێش ئەوەی نازیەکان دەسەڵات بگرنە دەست، سەرکردەکانی لایەنگری حزبی نازی لە چوارچێوەی چەند ڕێگەیەکیتردا پەنایان بۆ ڕێگەی مانگرتن لە باج بردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەرایەتی نابەرامبەر، هەروەها بەندکردنی ڕەمز بۆ جووتیار و شتی لەو شێوە.

نەبژاردنی باج بەشێک بوو لە بەرنامەی بەرگری ناتوندوتیژانە کە لە مانگی نیسانی ١٩٥٣دا کۆنگرەی ئەفریقایی نیاسالاند پەسەندی کرد لەپێناوشکستهێنان بە سەپاندنی ئەفریقایی ناوەڕاست وێڕای نەیاریی ئەفریقایی ڕەشپێستە یەکگرتووەکان.

ساڵ ١٩٥٧ دادگەیی دەپیاوی هەرێمی ویلز لە بەریتانیا کرا بەهۆی ئەوەی ڕەسمی مۆڵەتی ڕادیۆیان نەدەدا، لەبەر ئەوەی کۆمپانیای ئێزگەی بەریتانیایی خزمەتگوزارییە ئێزگەییەکانی بۆ هەرێمی ویلز لەرێی شەپۆلێکەوە ئاراستە دەکرد کە شەوانە توشی تەشویشێکی زۆر دەبوویەوە لەلایەن ئێزگەیەکەوە کە لەئەڵمانیای ڕۆهەڵات کاری دەکرد.

دوو ئەفریقایی لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦٢ لە ڕودیسیای باکور دەستگیر کران لەبەرئەوەی ڕەتیان دەکردەوە باجی سەر بدەن کە باجێک بوو لەسەر هەموو کەسێکی باڵق دانرابوو، هەوەها لەبەر هەڵنەگرتنی ناسنامە کەساڵی ١٩٦١ وەک هەنگاوێکی گژبەریکردنی حکوومەت سووتاندبوویان.

وردەکاریی ڕووداوێکی باجنەدان لەساڵی ١٩٦٦ لە ئەنگۆلا باس کراوە، لەو کاتە ڕووی داوە شەڕی پارتیزانی ڕێگەی سەرەکی بەرگریکردنی ئەفریقاییەکان بووە دژ بەداگیرکەرانی پورتوگالی.

چالاکی ئەمەریکایی جێمس پریستۆڵ ئەندامی بزووتنەوەی ئاشتی بە پشت بەستن بە

وتوویژەکانی لەگەڵ سەرکردەیەکی نیشتمانیی ئەنگۆلی لە لۆساکا–زامبیا ڕاپۆرتێکی نووسیوە:

پێی گــوتم توانیــویانە لــەم دوایەدا بزووتنەوەیەکی باجنەدان لە چەند گــوندێکدا پێک بێنن. سیستمی کۆکردنەوەی باج بەو شێوەیە بوو کە سەرۆکی گوندەکان باج لە خەڵک کۆ بکەنەوە و بیدەنە دەسەڵاتدارانی پورتوگالی.

١٢ سەرۆک گوند قایل نەبوون باج کۆبکەنەوە و ئاماژەیان بە بوونی بێکاریەکی بەرفرەوان لە گوندکاندا کرد و ڕایانگەیاند تا ئەو کاتەی ڕێژەی بێکاری بەو شێوەیە بەرز بێ و تا هەست نەکەن گوندنیشینەکان سوودێک لە کۆکردنەوەی ئەو باجانە دەبینن، ئامادە نین فەرمان بە خەڵک بکەن باج بدەن. دەسەڵاتدارانی پورتوگالی ئەو سەرۆک هۆزانەیان گرت و بە فڕۆکە گواستنیانەوە بۆ ناوچەیەکی تر لە ئەنگۆلا. لەسەر فڕۆکەکەدا پورتوگالییەکان باسی دەسەڵاتداریی خۆیانیان بۆ دەکردن کە ئەوا چەک و فڕۆکەی زەبەلاحیان هەیە بەڵام ئەنگۆلیەکان هیچیان نییە. سەرۆکەکان وەڵامیان دانەوە کە پورتوگالیەکان لەگەڵ ئەو هێزەیش هەیانە ناتوانن خەڵک ناچار بە کردنی کارێک بکەن کە حەزیان لێی نییە. خرانە بەندیخانە، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا و هەڕەشەیان لێکرا، بەڵام ئەوان هەر سوور بوون لەسەر ئەوەی فەرمان بە باجدان ناکەن. لە کۆتایدا پورتوگالیەکان پێیان ڕاگەیاندن کە ئازادیان دەکەن و دەیانگێڕنەوە بۆ گوندەکانیان بەو مەرجەی بەشداریی هیچ کارێکی تێکدەرانە لە ئایندەدا نەکەن. سەرۆک گوندەکان وەڵامیان دایەوە کە لە بەرهەڵستیکردنی باجە زاڵمانە و کارە زۆردارییەکانی پورتوگالیەکان بەردەوام دەبن، بەڵام پاش ماوەیەک پورتوگالیەکان ناچار بوون ئازادیان بکەن و بیانگێڕنەوە بۆ گوندەکانیان بەبێ ئەوەی بتوانن هیچ بەڵێنێکیان لێوەربگرن. سەرکردە مەنگۆلیەکە پێی گوتم پورتوگالیەکان دەزانن چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ پیاوە پارتیزانەکاندا بکەن، بەڵام نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە بەرگرییە یەکگرتووەی گوندیەکان بکەن.

لەوانەیە نەدانی داهاتەکان بە دەوڵەت شێوەی نەدانی غەرامە و خەرجەکانی دادگەکان وەربگرێ. ساڵی ١٩٦٣ لە شاری ئەمیریکۆس لە جۆرجیا، بزووتنەوەی بەرگری لە مافە مەدەنیەکان ئەم بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە: لە یادتان نەچێ ئەو غەرامە و خەرجانەی دادگەکان کە ڕۆژانە دەیاندەین، یارمەتی دەدەن لە کڕینی ئۆتۆمێلی نوێ بۆ پیاوانی پۆلیس و دامەزراندنی پیاوانی زیاتر کە ئەرکیان هەڕەشەکردنە لە زنجیەکان. لە ئەنجامی ئەمەشدا کۆی ئەو داهاتەی لە ماوەی هەفتەیەکدا لە غەرامە و خەرجی دادگەکان و ڕەسمی کەفالەتەکانی ئازادکردن کۆ کرایەوە لە پێنجسەد دۆلار تێپەڕی نەکرد، لەکاتێکدا پێشتر دەگەیشتە دوو تا سێ هەزار دۆلار.

٦– داننەنان بە دراوی دەوڵەتدا

ئەم ڕێگەیە، وەک کارێکی سیاسی، بریتییە لە مامەڵەنەکردن بەو دراوە کاغەزەی حکوومەت دەریدەکا، چ بە تەواوی بێ یان تەنیا لە ئاڵوگۆڕە بازرگانییە لاوەکییەکاندا. لە هەندێ حاڵەتی تردا

لەوانەیە پاڵنەرەکان تا ڕادەیەک ئابووری بن وەک لە حاڵەتی هەڵاوسانی دارایی بەرزدا، یان لەوانەیە لەبری دراوە کاغەزەکە پەنا بۆ جێگرەوەی تری وەک زێڕ و زیو یان ئاڵووێر بە شمەک (موقایەزە) ببرێ. پێدەچێ ئەم ڕێگەیە بەدەگمەن بەکار هاتبێ ئەویش بەمەبەستی تێکشکاندنی ڕێژیمێکی دەسەڵاتداری سیاسی: مانیفستۆی دارایی کە ئەنجوومەن (سۆڤیەت)ەکانی شاری سان پترسبۆرگ دەریان کرد و پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، داوای لە خەڵک کرد لەکاتی کێشانەوەی ڕاسپاردەکانیان لە بانکەکان پێداگری لەسەر بەدەستهێنانی زێڕ بکەن، هەروەها پێداگری بکەن کە کرێکانیشیان هەر بە زێڕ بدرێتێ و لە هەموو مامەڵە داراییە سەرەکییەکانیشدا ئاڵووێر بە زێڕ بکرێ.

## ئەو کارانەی حکوومەتەکان دەیانکەن

### ١- گەمارۆی ناوەخۆیی

گەمارۆی ناوەخۆیی بە کورتی جۆرێکە لە بایکۆتکردنی ئابووری کە حکوومەت لەناو وڵاتەکەیدا جێبەجێی دەکا. ئەم جۆرە بایکۆتە بۆنموونە لە ئەڵمانیای نازی لەنێوان ساڵانی ١٩٣٣ و ١٩٣٥دا وەک بەشێک لە بەرنامەی یەکێتیی بەرهەمهێنەران یاخۆ کارتێلی نازی جێبەجێ کرا. مانگی تەمووزی ١٩٣٣ دوو یاسا بۆ ڕێکخستنی کارتێلەکان دەرچوو، یەکێکیان ڕێگە بە دەوڵەت دەدا کارتێلی ئیلزامی دروست بکا و وەبەرهێنان ڕێگر بخا، دووەمیشیان ڕێگە بە وەزارەتی ئابووری دەدا سەرپەرشتیی ئەو نرخانە بکا کە کارتێلەکان دەیانسەپێنن و مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەنە بکا کە نەچوونە ناو کارتێلەکان. یەکێک لە ڕێگەکانی سەرپەرشتیکردنەکە بریتی بوو لە دیاریکردنی ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی مافی بازرگانیکردن بە خەڵووزیان هەبوو، چ بە کۆ و چ بە تاک، هەروەها نەدانی هیچ بڕێک خەڵووز بە هەر کۆمپانیایەک ئەندام نەبێ.

ئەو بازرگانانەی ناویان لە لیستەکەدا نەنووسرابوو بە نەگونجاو و ناپێویست دادەنران و بەهۆی بایکۆتکرانیان لەلایەن بەکارهێنەرەکانەوە، هەروەها بەهۆی قەدەخەکردنی دادگەی کارتێلەکان، بەپێی ئەو یاسایە، لە پێدانی هیچ بڕێک لە خەڵووز، یاخۆ بەهۆی بڕیارێکەوە کە پاش دەرچوونی مەرسوومێک لەلایەن وەزیری ئابوورییەوە، سەرۆکی دادگە دەری دەکا، ناچار دەبوون دوکانەکانیان دابخەن. بەهۆی ئەم ڕێوشوێنانەیشەوە لە ماوەی دوو ساڵدا دوو هەزار بازرگان لە کۆی پەنجا و چوار هەزار بازرگان دەرگای دوکانەکانیان داخست.

هەمان شت لە بازرگانیکردن بە ئامێری ڕادیۆ ڕووی دا و لە ماوەی ساڵێکدا ژمارەی بازگانانی تاکفرۆش لە ٦٠ هەزارەوە بۆ ٣٧ هەزار و ژمارەی بازرگانانی کۆفرۆش لە ١٥٠٠ەوە بۆ ٧٥٠ بازرگان دابەزی.

٢- دانانی ناوی بارزگانان لە لیستی ڕەشدا

لەکاتی شەڕەکان و لەکاتی پێڕەوکردنی سیاسەتی گەمارۆخستنەسەردا، دەکرێ حکوومەتێک هەوڵ بدا ڕێگە لە ڕەوانەکردنی ناڕاستەوخۆی کاڵای قەدەخە لەڕێی کۆمپانیا یان کەسانی سەر بە دەوڵەتێکی بێلایەن بگرێ، ئەویش بە پەنابردن بۆ ڕێگەی قەدەخەکردنی بازرگانیکردن لەگەڵیاندا وەک کە لەگەڵ خودی دوژمنەکە دەیکا. وا باوە لیستێکیی ڕەش بەناوی ئەو بازرگانانە بڵاو دەکرێتەوە و مامەڵەکردن لەگەڵیان قەدەخە دەکرێ. لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ کات لیستە ڕەەکان بەڕەسمی بڵاو ناکرێنەوە، لەو بارەیشدا دەبێتە لیستێکی خۆڵەمێشی و لەوانەیە کات لە کیسی کۆمپانیاکە بدات لە چاوەڕوانکردنی تێپەڕاندنی دەستەوارەکەی پێش ئەوەی بزانێ کە ناوی لەناو ئەو لیستەدایە. لەوکاتەدا ئیتر وەک پرۆفیسۆر تۆماس شیلینگ دەنووسێ، پەنا بۆ ڕێوشوێنی تر دەبا. ئەم ڕێگەیە بەشێوەیەکی پیچوانەیی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بەکار هاتووە لەکاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا.

٣- گەمارۆی نێودەوڵەتی لەسەر فرۆشتن

کورتەی ئەم ڕێگەیە ئەوەیە، وەک جێبەجێکردنی بڕیارێکی حکوومەت، فرۆشتنی بەرهەمێک یان هەموو جۆرە بەروبووميێک بە دەوڵەتێکی تر قەدەخە دەکرێ. لەوانەیە ئەو بڕیارە حکوومەتێک یان چەند حکوومەتێک بیدەن و لەسەر ئاستی نێتاتمانی جێبەجێ دەکرێ و کاریگەرییەکەی نێودەوڵەتی دەبێ.

پاڵنەرەکانی دەرکردنی بڕیاری سەپاندنی گەمارۆ جیاوازن، لەوانە ناڕەزایی لە بوونی خودی ڕێژیمە سیاسییەکەی ئەو وڵاتە لە ئەنجامی سیاسەتەکانی ڕێیمەکە، یان دژی ئەو "ئامراز"انەی دەیانگرێتە بەر بۆ گەیشتن بە "دەسەڵات" یان "پارێزگاریکردن" لە مانەوەی، تا دەگاتە ناڕەزایی لە سیاسەتێکی دیاریکراوی دەوڵەتێک یاخۆ کارێک کە ئەنجامی دەدا. لە هەندێ حاڵەتدا گەمارۆی نێ,دەوڵەتی لەسەر فرۆشتنەکان هەوڵێکە بۆ ڕاگرتنی شەڕ یان بەرگرتن لە ڕووداني، یاخۆ لەژێر پەردەی ئەم ئامانجە ڕاگیەنراوەدا یارمەتیدانی یەکێک لە لایەنەکان لەڕێی قەدەخەکردنی فرۆشتنی چەک بەلایەنە لاوازەکەیان.

پاش ئەوەی شای بەریتانیا لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٨٠٧ مافی دەستبەسەڕاگرتنی کەشتییە بازرگانییەکانی سەر بە دەوڵەتانی بێلایەنی ڕاگەیاند، کۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان بەپێویستیان زانی ڕیچوشوێنی توندتر و کاریگەرتر بگرنە بەر لەو بڕیارەی پێشتر دەریان کرد بە قەدەخەکردنی هاوردەکردنی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی بەریتانیا. بە پشتبەستن بە بنەماکەی جیفرسۆن کە دەڵێ دەکرێ بە ڕێوشوێنی ئاشتییانە دەوڵەتانی بیانی ناچار بکرێ بە ڕێزگرتنی مافەکانی بێلایەنی، کۆنگرێس بە ئاماژەی سەرۆک، یاسای گەمارۆی هەمیشەیی دەرکرد کە ئامانج ناچارکردنی

ئەوروپا بوو بە ڕێزگرتنی مافی دەوڵەتان لەڕێی ڕاگرتنی ناردنی کۆمەکییەکان بۆ کۆڵۆنییە ئەوروپاییەکان لە هندی ڕۆئاوایی و قەدەخەکردنی ناردنی لۆکە و گەنم بەتایبەت بۆ ئەوروپا.

بڕیار بوو ئەم ڕێوشوێنانە لەڕێی سەپاندنی گەمارۆ بەسەر سەرجەم کەشتییەکانی هاوواڵاتییانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە جێبەجێ بکرێ، تا ڕێ نەدرێ ئەو جۆرە مادانە بگوێزنەوە و بیانفرۆشن. جیفرسۆن توانی وا بکا وڵات ئەزموونی ناچارکردنی ئاشتییانە پەسەند بکا.

ژمارەیەک لە کۆمارییەکان جەختیان کرد کە سوپای هەمیشەیی مەترسی دەبێ بۆ سەر ئازادییە میللیەکان. بەپێی پلانەکەی جیفرسۆن لەبری شەڕ پلانی بڕینی مامەڵە لەگەڵ کردن پێڕەو کرا و بوو بەو چەکی بەرگرییەی کە ئەگەری پەنابردن بۆ سوپای دوور خستەوە و ئەمەریکای لە کارە دڕندانەکان پاراست. گەمارۆکی تووشی کێشەگەلێکی ئابووریی فرەوان بووەوە. هەروەک ڕووبەڕووی چەندان حاڵەتی خۆدزینەوە یان پێشێلکاری لەلایەن ئەمەریکاییەکان بووەوە، هەر بۆیە دەبوو سوپا و هێزی دەریایی بۆ جێبەجێکردنی ئەو گەمارۆیە لە وڵاتدا بەکار بێن. جیفرسۆن جەماوەریبوونەکەی لەدەست دا و سیاسەتەکەیشی جەماوەریبوونە فرەوانەکەی لەدەستدا. پاش هەڵبژاردنی مادیسۆن بە سەرۆک، یاساکانی گەمارۆخستنەسەر هەڵوەشێنرانەوە، بەڵام سیاسەتێکی هاوشێوە جێی گرتەوە کە لە مامەڵە لەگەڵ کردنی قەدەخە دەکرد.

ئەو گەمارۆیەی لەکاتی شەڕی شاکو لەنێوان ١٩٣٣ و ١٩٣٦ لەنێوان پۆلیڤیا و پاراگوای خرایە سەر هەناردەکردنی چەک، جۆرێکی تری ئەم ڕێگەیە بوو. هەروەها هەوڵەکانی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەر ئیتاڵیادا لەکاتی پەلاماردانی حەبەشە لەنێوان ١٩٣٥ و ١٩٣٦ نموونەیەکی تری ئەم ڕێگەیە.

ساڵی ١٩٥٠ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەمارۆی بەسەر چینی میللیدا سەپاند و ئەو کەشتییانەی لای ویلایەتە یەکگرتووەکان تۆمار کرابوون لە چوون و لەنگەرگرتن لە بەندەرەکانی چین قەدەخە کرد

سەپاندنی ئەم گەمارۆیە بەبێ خاوبوونەوە نێزیکەی بیست ساڵ بەردەوام بوو.

٤- گەمارۆی نێودەوڵەتی لەسەر کرین

گەمارۆی نێودەوڵەتی لەسەر کرین بریتییە لە قەدەخەکردنی کرینی هەندێ بەروبومی گشتا یان تایبەت لە دەوڵەتێکی دیاریکراو. لێرەیشدا دیسان پاڵنەرەکان جیاوازن: هێنانەکایەی گۆڕان لە سیاسەتێکی دیاریکراودان یان ناچارکردن بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی فرەوانتر لە سیستمی حوکمدا، یاخۆ بەشداریکردن لە ڕووخاندنی ڕێژیمی سیاسیی وڵاتێک. نموونە لەسەر ئەم ڕێگەیە یاسای قەدەخەکردنی هاوردەکردن بوو کە لە مانکی نیسانی ١٨٠٦ دەرچوو پێش لە دەرچوونی یاسای گەمارۆ کە بەو پێیە هاوردەکردنی هەندێ شەمی جۆراوجۆری بەیتانیایی قەدەخە کرا و

بوونی ئەو جۆرە شمەکانەی بە پێشێلکردنی یاسا لەقەڵەم دا. هنری ئەدامسی مێژوونووس دەڵێ:

ئەم ڕێوشوێنە بە سروشتی خۆی زۆرەملێیانە بوو. ئەو گەنگەشانەی لە کۆنگرێسدا کران بە ڕوونی سیاسەتی حزبی کۆماری ئاشکرا کرد، هەروەها لێدوانەکانی جیفرسۆن و مادیسۆن و ئەندامانی قوتابخانەی فیکریی ڤێرجینیا دەریانخست سیاسەتی زۆرەملێ لە دیدگای ئەوانەوە بەدیلی شەڕ بوو. پێویست بوو بەریتانیا، بەهۆی دەستوەردانی لە بازرگانیکردنی ئەمەریکا لەگەڵ کیشوەری ئەوروپا ساڵانە بە غەرامەکردنی چەند ملیۆن دۆلارێک سزا بدرایە.

دەبوو بەر لە دەرکەوتنی کاریگەرییە ڕاستەقینەکانی ئەم یاسایە، ڕێوشوێنی بەهێزتر جێبەجێ بکرێ، کۆنگرێسیش یاسای گەمارۆکەی پەسەند کرد. ئەم یاسایەی دوایی لە یەکی ئاداری ١٨٠٩دا هاتە هەڵوەشاندنەوە و یاسای قەدەخەکردنی مامەڵەکردن جێی گرتەوە کە هەندێ مەرجی تێدایە کە ڕێگە لەوە دەگرێ لەوەی هیچ کەشتییەکی بەریتانیایی و فرەنسایی بێنە ناو ئاوە هەرێمایەتیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوردەکردنی شمەکی بەیتانیای و فرەنساییش قەدەخە دەکا.

٥- گەمارۆی بازرگانیی نێودەوڵەتی

گەمارۆی بازرگانیی نێودەوڵەتی لە هەمان کاتدا گەمارۆ لەسەر کڕین و فرۆشتنیش دەگرێتەوە، هەروەها بازرگانیکردن لەگەڵ دەوڵەتە دژبەرەکە بە تەواوی، یان بەنیمچە تەواو قەدەخە دەکا، کە داودەرمان و هەندێ شتی تری لەو شێوەی لێدەبوێرێ.

بۆ نموونە، پاش گەیشتنی هەواڵی پێکدادانی چەکدارِی لە نێوان لیکسنگتۆن و کۆنکۆرد، پەرلەمانی بەریتانیا یاسای قەدەخەکردن(تحریم)ی پەسەند کرد کە هەر جۆرە ئاڵوگۆرێکی بازرگانی لەگەڵ کۆڵۆنییە یاخییبووەکان قەدەخە دەکا و هەڕەشەی کرد کە دەست بەسەر سەرجەم ئەو کەشتییانە و بارەکانیان دەگرێ کە یاساکە پێشێل دەکەن.

ئەم ڕێگەیە دەکەوێتە خانەی ئەم پۆلبەندییەوە، لەبەرئەوەی قەدەخەکردنەکە بەهۆی قبووڵکردنی خۆویستانە، یاخۆ ئەو سزا ئابووریانەی لەوانەیە بەسەر ئەو ڕەوەندە بەریتانیانەدا بسەپێنرێ کە پێشێلکاری دەکەن، کاریگەر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی هێزە دەریاییەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم قەدەخەیە، سەر بۆ کاری سەربازی دەکێشێ. زۆر لە سەرکردە سیاسییە ئەمەریکاییەکان سزا ئابوورییە نێودەوڵەتیەکانیان وەک بە دیلی کاری سەربازی داناوە و لە هەندێ کاتدا لە ڕاسپاردنەکانیاندا بەڕوونی ئاماژەیان بە ڕاگرتنی تەواوی هەموو چالاکییە بازرگانییەکان داوە، لە هەندێ کاتی تریشدا نەرمی لە قەدەخەکردنەکە هەبووە.

تۆماس جیفرسۆن ڕاگرتنی تەواوەتیی هەموو شێوەکانی چالاکیی بازرگانیی نێودەوڵەتی بە دەستپێشخەری حکوومەت، بە بەدیلی شەڕ بینیوە، ئەویش پێش لە گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنە

هەوالنامەی کتێب

تایبەتانەی لە دوو ڕێگەکەی پێشوودا باسی کراون.

لە مانگی ئاداری ١٧٩٣ جیفرسۆن لە نامەیەکدا کە بۆ جێمس مادیسۆنی نووسیوە لەبارەی ئەوەی پێویستە بکرێ ئەگەر هاتوو هێزە دەرییەکان لە کاتی شۆڕشی فرەنسادا گەمارۆیان خستە سەر ئەو ووڵاتە بۆ ڕێگرتن لە ناردنی یارمەتی و ئازووقە بۆیان، دەڵێ: ئەگەر بەرەسمی ئاگەدار کراین، پێشنیاز دەکەم داوا لە کۆنگرێس بکرێ بۆ کۆبوونەوە، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە کارە بە پاساوی شەڕ دادەنرێ، مادام سەرۆکایەتیش ناتوانێ بڕیارێکی ئەرێنی لە مەسەلەی شەڕدا بدا، پێویستە هەڵوێستێکی نەرێنی لەم پرسەدا وەرنەگرێ بە ڕێگرتن لە دەستەی یاسادانانی پێوەندار لە تاوتوێکردنی بابەتەکە. بەڵام من خوازیارم شەڕ بژاری ئەم دەستەیە نەبێ. پێم وایە ئەو بڕیارە دانایانەی کۆنگرێس دەیدا دەرفەتێکی خۆشمان دەداتێ بۆ پێشکێشکردنی نموونەیەکی باشی نوێ بە جیهان لە ڕێی جەخکردن لەوەی دەکرێ دەوڵەتان، لەڕێی پەنابردن بۆ بەرژەوەندییەکانیان لە جیاتی پەنابردن بۆ چەک، بەرەو دادپەروەری پەلکێش بکرێن. خوازیارم کۆنگرێس لەبری هەڕەشەی بەرپاکردنی شەڕ، بەدرێژایی ماوەی دەستدرێژییەکە و تا گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو، بەندەرەکانمان لەبەردەم هەموو بەرهەمەکانی دەوڵەتانی بەشدار لە دەستدرێژیەکە و شمەک و کەشتی و هاووڵاتیانیان داببڕێ. بە دڵنیاییەوە کارێکی لەم شێوەیە لە چەندان ڕووەوە کارێکی باش دەبێ، هەروەک

لە هەموو ڕووەکانیشەوە کارێکی سەلامەت دەبێ و ناوبژیوانێکی تر جگە لە چەک دەخاتە نێوان دەوڵەتان.

سەرۆک ودرو ویلسۆن لە پایزی ١٩١٩ لە ئاماژەدا بۆ ئامرازەکانی جێبەجێکردنی زۆرەملێیانەی بەندەکانی میساقی کۆمەڵەی گەلان دەڵێ:

چی ڕوو دەدا ئەگەر دەوڵەتێکی ئەندامی کۆمەڵەی گەلان ئەم بەڵێنانەی پێشێل یان فەرامۆش کرد کە پێوەندارن بە ناوبژیوانی (تحکیم) و تاوتوێکردن؟ شەڕ هەڵدەگیرسێ؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر، بەڵام شتێکی نالەبارتر لە شەڕ...

ئەم چارەسەرە ئابووریيە بێوەی و بێدەنگ و بکوژە جێبەجێ بکەن، ئیتر پێویست بە پەنابردن بۆ هێز ناکا، بایکۆتکردن بەدیلی شەڕە.

ساڵی ١٩٣٢ جۆن فۆستەر دالاس کە پاشتر بوو بە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا نووسی: تایبەتمەندیی گەورەی سزا ئابووریەکان ئەوەیە ئەگەری ئەوە هەیە لەلایەکەوە زۆر کاریگەر بێ، لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی ناسەپێنرێ، شیمانە هەیە پەنا بۆ هێز ببرێ، کە لەگەڵ هەوڵەکانمان بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لێک دەدا.

ئەگەر بکرێ میکانیزمێک دابنرێ دەستەبەری پابەندبوونی دەوڵەتان بە وازهێنان لە شەڕ بکا، ئەوا دەبێ سەرەتا لە بازنە ئابووریيەکەدا بەشوێن ئەو میکانیزمەدا بگەڕێن.

لە ٣ی شوباتی ١٩٦٣ ویلایەتە یەکگرتووەکان گەمارۆیەکی نێودەوڵەتیی بەسەر بازرگانیکردن لەگەڵ کوبادا سەپاند.بەپێی بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوە کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ دەرچووە، قەدەخەکردنی ناردنەکانی ئەمەریکا بۆ کوبا دەستی پێکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا، ڕاگەیاندنێکی سەرۆکایەتی کە لە ٣ی شوباتی ١٩٦٢ دەرچووە چوارچێوەی ئەو قەدەخەکردنەوەی فرەوان کردووە، بە سەپاندنی گەمارۆ بەسەر هەموو چالاکییە بازرگانییەکان لەگەڵ کوبا.

یاساکانی گەمارۆی نێودەوڵەتی بەگشتی سەرکەوتنی بەرچاویان بەدی نەهێناوە. پێتەر واڵنشتۆن ئاماژەی بەو ڕێژە کزەی سەرکەوتن کردووە کە لەنێوان هەردوو ساڵی ١٩٣٣ و ١٩٦٧دا بەدی هاتووە. پێویستە لێکۆڵینەوەی پێویست بکرێ بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ئەو شکستەی بە هۆی بەربەستە جەوهەرییەکانی بەردەم ئەم ڕێگەیانەوە دروست بووە، بەهۆی بایەخنەدانی پێویست بە جێبەجێکردنیان، یان حەزنەکردن بە جێبەجێکردنیان بە شێوەیەکی ڕژد.

واڵنشتاین باس لە دوو حاڵەتی سەرکەوتوو دەکا. بەپێی ڕێکەوتنێک کە هەردوو حکوومەت بەدانوستاندن لەو بارەوە پێی گەیشتن، ساڵی ١٩٣٣ سزا ئابووریییە سەپێنراوەکانی بەریتانیا لەسەر یەکێتی سۆڤیەت هاتە هەڵوەشاندنەوە، ڕێکەوتنەکە باس لە هەڵوەشاندنەوەی سزا ئابووریەکان و ئازادکردنی هاووڵاتییە بەریتانیاییە دەستبەسەرەکان لە یەکێتی سۆڤیەت دەکا.

حاڵەتی دووەم پێوەندی بە کۆماری دۆمینیکانەوە هەیە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٦٢، ئەویش پاش ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕێکخراوی دەوڵەتانی کیشوەری ئەمەریکایی وەک لەدژی بەشداریکردنی ئەم وڵاتە لە هەوڵی کوشتنی ڕافائێل تروخیلۆ بوو. لە مانگی ئایاری ١٩٦١ تروخیلۆ تیرۆر کرا، بەڵام تا پاش شەش مانگ لەو ڕووداوە و تا ئەو کاتەی تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی وڵاتیان بەجێهێشت سزا ئابووریییەکان بەردەوام بوون، ئەویش لە پێناو بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە لە سیستمی حوکمڕانیدا.

ماوەتەوە ئاماژە بەوە بدەین، ژمارەیەکی زۆر لە ڕێگەکانی بایکۆتکردنی ئابووری، کێشانەوەی دەستی کرێکار لەخۆ دەگرن.

پاش ئەمانە دەچینە سەر فەسڵی دووەمی کتێبەکە کە باس لە ڕێگە جۆراوجۆرەکانی مانگرتن دەکا.

# هاوکارینەکردنی ئابووری و سیاسی

جین شارپ

بەشی یەکەم

## دەسپێک

هەواڵنامەی کێبڕکێ

ئیدی بەسە ڕەواجپێدان و خۆپەروەردەکردن لەسەر هەستگەلێکی تووندوتیژ، کە وا بە گوێماندا دەچڕپێنرێ ئەو هەستانە لە جەرگەی سرووشتمانن و هەموو تەمەنمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەزۆکدا بەسەر دەبەین، کە جگە لە شکستی بەردەوام بە هیچ ئەنجامێکی ترمان ناگەیەنێ با ئەو شتەیش بەدەست بێنین کە بۆی دەکۆشین... ئەمە ئەگەر بەدەستیشی بێنین.

هیچ شتێک نییە هێندەی تووڕەبوون و ڕق لای مرۆڤ ئاسان بن کاتێ هێزی جەستەیی وەک باشترین خەسڵەتە مرۆییەکان وێنا دەکرێ و تۆڵەکردنەوە و خوائۆخەی لە لای شیرین دەکرێ و یەکبین دەیڵێتەوە کە ماف لەڕێی سڕینەوەی بەرامبەرەوە نەبێ بەدەست نایەت، لەڕێی کوشتن یاخۆ تێکشکاندنی یان گەیاندنی بە دۆخێک ئیمە بەدەستیەوە دەماننالاند. لێرەشەوە چارەسەرکردنی ستەم بە ئامرازە تووندتیژانە لەناوبەرەکان سەردەکێشێ بۆ گێژاوی تووندوتیژی.

ئاخۆ بەدیلی ئەمە چاوپۆشینە لە ستەم؟

دیارە ئامرازی تر هەن جگە لە تووندوتیژی بۆ گەیشتن بۆ دۆخێکی دادپەروەرانەتر و نەهێشتنی ئەو نادادییەی بەرامبەر کەسانێک کراوە بەبێ ئەوەی دەستدرێژی بکرێتە سەر کەسانیتر و بەبێ ئەوەی ستەمبارەکە ببێتە "ستەمکار" و ڕۆڵەکان جێگۆڕکێ بکەن و "مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە".

ئەزموونی گەلان لە بواری بەدەستهێنانەوەی مافی خۆیان لە ژیان و ئازادی و و دادپەروەریی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفور

کۆمەڵایەتی بەبێ بەرەنگاریکردنی توندوتیژی بە توندوتیژییەکیتر کە ئەنجامەکەی سەرهەڵدانی حاڵەتی نوێی ستەمە، زۆر و زەوەند و پڕ لە نموونەیە. خۆ ئەگەر ئەو توندوتیژییە نەبووە مایەی هەڵگرتنی ستەمەکە، ئەوا دۆخەکە خراپتر دەکا و ناسۆریی پتر بە دوای خۆیدا دێنێ، هەروەها بەهۆی ئەو ترس و کاردانەوەیەی لای دەسەڵاتداران دروستی دەکا، سەرکوتکردنەکە سەختتر دەکا.

کاتێ باس لە بێمانایی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم بە توندوتیژی دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە کە بە دیلەکەی پێکەوەژیانە لەگەڵ ئەم ستەمە لە ڕوانگەی "ئامادەکردنی گووپەکەی تر‌ەوە" بۆ لێدانی، بگرە مەبەست ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینە و دیراسەکراوە لەڕێی کۆبوونەوەی چەوساوان و ڕاگەیاندنی ڕەتکردنەوەیان بۆ ئەو حاڵەتە و بەرنامەڕێژییان بۆ نەهێشتنی و هێنانەکایەی ئازادی و دادپەروەری بۆ هەموان دێتە دی. ئەمەش ڕوونادا تا خەڵک هەست بەوە نەکەن کە دەبێ بایەخ بە دۆخی ژیانی خۆیان بدەن و بۆ گێرانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان چاکی مەردانەی لێبکەن بە لادا.

"بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک" لەگەڵ هەزاران کەس لە لبنان دیدار و چاوپێکەوتنی هەبووە، لە سەرجەم ئەو دیدارانەدا کۆمەڵێک پرسیار و تێبینیی بنەڕەتی دووبارە دەبوونەوە:

ڕەنگە کاری ناتوندوتیژانە لە ملمڵانێ ناوەخۆییەکاندا بەکەڵک بێ، بەڵام ئاخۆ لە ملمڵانە نەتەوەییەکان لە دژی دەستدرێژیکارانی دەرەکی هیچ ئەنجامێکی دەبێ؟

ئەگەر دوژمن توندوتیژی بەکار هێنا، چۆن دەکرێ بە ناتوندوتیژی وەڵام بدرێتەوە؟

ڕەنگە ناتوندوتیژی لە وڵاتانی دیموکراسیدا کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگیرێ، بەکەڵک بێ بەڵام لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بێکەڵکە.

چۆن دەکرێ ناتوندوتیژی لەگەڵ کەسانی وەک هیتلەر بەکار بێ؟

هەموو ئەوانەی پێڕەوییان لە خەباتی ناتوندوتیژانە کرد کوژراون لەوانە گاندی و مارتن لوسەر کینگ و مەسیح و هتد. ئەم پرسیارانە دەخوازن ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە ڕوون بکرێنەوە، وەرگێڕانی کتێبەکانی ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە بۆ ئەو مەبەستەیە.

لەو کتێبەدا جین شارپ ۱۹۸ ڕێگەی بۆ کاری ناتوندوتیژانە خستووەتە ڕوو کە هەموویان لە ئەزموونی زیندووی مێژوو تا ساڵی ۱۹۷۳ کە کتێبەکەی تێدا دەرچووە، وەرگیراون.

ئەو ئەزموونانەی لەم کتێبەدا باس کراون دەری دەخەن ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە فرەجۆرن، هەروەک باس لە کاریگەریی کاری ناتوندوتیژانە لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا پیشان دەدا.

هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کاری ناتوندوتیژانە کاریگەرانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و هی تر بەکار هاتووە.

هەروەها تەنیا پێوەست نییە بە پرسە ناوەخۆییەکانی وەک داواکارییە کۆمەڵایەتییە

ئابووریيەکان و مافە مەدەنییەکان لە بەرامبەر جیاکاریی ڕەگەزی، بگرە پرسە نەتەوەییەکانیش دەگرێتەوە وەک ئیمپریالیزم و داگیرکردنی دەرەکی.

هەروەها دەردەکەوێ کاری ناتوندوتیژانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمگەلی دیموکراسی و هەروەها نادیموکراسیشدا بەکار هاتووە، بە تایبەتی ڕێژیمی نازی کە هیتلەر دایمەزراند.

پەیامی بنچینەیی ئەم کتێبە بریتییە لەمەی خوارەوە:

کاتێ ستەم ڕوودەدا ئێمە لە بەردەم دوو بژارەدا نین کە سێیەمین نەبێ: توندوتیژی یان ملکەچکردن. ڕێگەیەکی سێیەمیش هەیە کە بریتییە لە بژارەی بەرگریکردنی مەدەنیی ناتوندوتیژانە.

کتێبی ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە بەشی دووەمە لە سیانەی "سیاسەتی کاری ناتوندویژانە" کە لە سێ بەش پێک دێ:

بەشی یەکەم Power and struggle

بەشی دووەم Methods of non violent action

بەشی سێیەم Dynamics of non violent action

بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک بەشی یەکەمی لە کتێبێکدا وەرگێڕدرا بە ناونیشانی یاخیبوونی مەدەنی.

بەشی دووەم بزووتنەوە بەپێی ئەو پۆلبەندییە دانەر داینناوە وەریدەگێرێ کە، ئەویش لە ڕێگەی چوار کتێبەوە کە هەموویان لە ژێر ناونیشانی "لە بەرەنگاربوونەکانی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا"ن.

کتێبی یەکەم: کارەکانی ناڕەزایی و قایلکردن.

کتێبی دووەم: هاوکارینەکردنی ئابووری.

کتێبی سێیەم: هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

کتێبی چوارەم: شێوەکانی دەستوەردانی ڕاستەوخۆ.

"بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک" پێی باش بوو ئەم بیرۆکانە بۆ سەر زمانی عەرەبی بگوازیتەوە، ئەمە خودایە بەهۆیەوە بەرچاومان ڕووناک ببێتەوە و بتوانین لە گێژاوی توندوتیژیی بکوژ بچینە دەرەوە، کە وای لێکردووین لە دەریای نەهامەتی و بێئومێدی و ترس و داڕووخاندا نغرۆ ببین.

بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک

٢٠١٢-٧-٧

هەولێر کتێب

بەشی یەکەم

# ڕێگەکانی هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی

بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی

## پێشەکی

ڕێگەکانی هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی ڕاگرتنی درێژەدانە بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاساییەکان لەگەڵ هەندێ کەس یان گرووپ بەهۆی ئەوەی کارێکیان کردووە کە بە خراپ یان نادادپەروەر دانراوە. هەروەک ملکەچنەکردن بۆ هەندێ دابونەریتی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە.

جگە لەم ڕێگەیانەی لەم بەشەدا باس کراون، دەکرێ لەڕێی لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە و داهێنانەوە ڕێگەی تریش بدۆزرێتەوە.

ئەو پازدە ڕێگەیەی لێرەدا باس کراون بەسەر سێ خانەدا دابەش کراون:

- دوورخستنەوەی کەسەکان.
- هاوکارینەکردن لەگەڵ نەریت و ڕووداو و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان.
- کشانەوە لە سیستمە کۆمەڵایەتییەکە وەک ڕێگەییەک بۆ دەربڕینی نەیاری.

## بایکۆتکردنی کەسەکان

### ١- بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیی کەسەکان

ئەم زاراوەیە ڕیشەکانی بۆ هەڵسوکەوتە کۆنەکانی ولاتی ئیغریق دەگەڕێتەوە، کە هاوولاتیان دەنگیان لەسەر دوورخستنەوەی کەسانێک دەدا کە دەسەلاتێکی فرەوانیان پەیدا کردبوو یاخۆ جەماوەرێکی گەورەیان هەبوو. ئەو کەسانە بۆ ماوەی دە ساڵ دوور دەخرانەوە، پاشتر ماوەکە بۆ پێنج ساڵ کەم کرایەوە. دەنگدانەکە بەو شێوەیە بوو ناوی ئەو کەسەی دەویسترا دوور بخرێتەوە لەسەر پارچە خشت یان لەتە فەخفووریێک کە بە ئوستراکۆن ناسرابوو دەنووسرا، هەروەها ناوی "ئوستراکیزاین"یش لەو پرۆسەی دوورخستنەوەیە نرا کە بەو شێوەیە ئەنجام دەدرا.

بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیش بە ڕادەیەکی زۆر بەندە بە زیندوێتی و بایەخی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەلای ئەوانەوە کە بایکۆت دەکرێن. لە چەمکی خەباتی سیاسیدا، واباوە بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی کاتییە و لە چەند مانگێک یان لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا چەند ساڵێک زیاتر ناخایەنێ. لەگەڵ ئەوەیشدا لە هەندێ سیستمی کۆمەڵایەتی و ئاینیی دیاریکراودا هەندێ گرووپ لە خەڵک، لەوانە گرووپی "بێزراوەکان" لە هند، بۆ چەندان ساڵەی دوور و درێژ بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتییان بەسەردا سەپێنراوە. بەم پێیە ئەگەری ئەوە هەیە بایکۆتکردنی

کۆمەڵایەتیش وەک هەر یەک لە ڕێگەکانی تری کاری ناتوندوتیژانە، بۆ ئامانجی نزم بەکار بێ.

ساڵی ١٩٠٤ بۆ ماوەیەکی کورت لە لیمیریک لە ئێرلەندا بایکۆتی جوولەکەکان کرا، کە ئەم بایکۆتکردنە لەلایەن خەباتکاری ئێرلەندایی میخائیل داڤیتەوە سەرکۆنە کرا.

لەنێو بەکارهێنانە جیاوازەکانی ڕێگەکانی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیدا سیانیان لەچوارچێوەی چەمکی بزاڤەکانی بەرگریدا دەردەکەون، چونکە ڕێگەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی بەکار هاتووە بۆ:

– بۆ قایلکردنی تۆڕێکی بەرفرەوانی دانیشتووان بۆ چوونە ڕیزی چالاکییەکانی بەرگری،

– بۆ قایلکردنی هەندێ کەس و گرووپ بۆ ڕاگرتنی هەندێ شێوەی هاوکاری لەگەڵ هەندێ گرووپی دوژمن،

– بۆ پاڵەپەستۆ خستنەسەر نوێنەرانی لایەنی دژبەر (الخصم) بەتایبەت پۆلیس یان سوپاکەی.

لە خوارەوە چەند نموونەیەک لە هەریەک لەم بەکارهێنانە دەکۆڵینەوە.

لە داگیرگە (مستعمرە=کۆڵۆنی) ئەمەریکاییەکان و فینلەندا و هندستاندا نموونەی باش هەن لەسەر ئەو حاڵەتانەی باکۆتکردنی کۆمەڵایەتی بەکار هێنراوە بۆ هەڵنانی خەڵکە دوودڵەکە بۆ دەستدانە بەرگریکردن. دانیشتووانی داگیرگەکان لە خەباتیاندا دژ بە دەوڵەتە داگیرکەرەکە ڕێگەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتییان بەشێوەیەکی فرەوان بەکار هێناوە، لەپێناو هاندانی بەشداریکردن لە هەڵمەتەکانی بایکۆتکردن هەروەک بۆ سزادانی ئەوانەی تا ڕادەیەکی زۆر بە لایەنگری بەریتانیاییە داگیرکەرەکان دادەنران. ئەم بایکۆتکردنە شێوەی جۆراوجۆری وەردەگرت و زۆر جاریش شانبەشانی بایکۆتکردنی ئابووری بووە.

دەستەواژەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی تا پاش تێپەڕینی زیاتر لە سەدەیەک لەم ڕووداوانە بەکار نەهات، لەبری ئەوە زیاتر "ڕازینەبوون" بەکار دەهات کە بریتی بوو لە بە چاوی سووک سەیرکردن و شەرمەزارکردن و سەرکۆنەکردن و کێشانەوەی پاڵپشتیی ئەخلاقی.

لەکاتی هەڵمەتی دژ بە یاسای پوول (الطوابع) ئافرەتانی بروفینداس و بریستۆڵ لە ویلایەتی ڕود ئایلاند لە ڕەزامەندییەکی ئازایانەدا سووربوونی خۆیان دەربڕی لەسەر ڕەتکردنەوەی خۆ نێزیککردنەوەی هەر پیاوێک کە پشتیوانی لە یاسای پوولەکان بکا. پاشتریش بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی لەلایەن کۆڵۆنییەکانەوە بەکار هات لەپێناو یەکخستنی بەرگریی ناتوندوتیژانەی دژی یاساکانی تاونسند.

لە کۆبوونەوەی دانیشتووانی برۆفیدانس لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٧٦٩ بڕیار درا پلانێکی توندگیرانە جێبەجێ بکرێ، کە داوا دەکا گت (امتناع) بکرێ لە هاوردە و بەکاربردنی شمەکەکان، هەروەها خەرج کەم بکرێتەوە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی هاوکاری –بە کاریگەرترین ڕێگە بەڵام بە ڕێکوپێکی و یاساییانە– لەگەڵ هەر کەسێک ئامادە نەبێ پابەند بێ بە سیستمە تازەکانی هەڵمەتەکەوە. ئەو کۆنگرەیەی دانیشتووانی فیلادلفیا لە مانگی ئادار بەستیان پەیمانی دا هیچ

شـمـەکـێک نەکـرێدرێ کـە بە پێـچـەوانەی ڕێکەوتنەکـە هاوردە دەکرێ، هـەروەهـا بەگـوێرەی هـەمـوو ڕێوشـوێنە یاسایی و داناکان، هاوکـاریکرنی هـەر کەسـێک ڕەت بکرێتـەوە کە ئـەو ڕێکەوتنە پێشـێل دەکـا. بڵاوکردنەوەی ناوی ئەو کەسانـەی لەو ماوەیـەدا ڕێکەوتنەکـەیان پێشێل کردووە شـێـوەیـەکی باوی ڕەتکردنەوە و هـەروەها گشـتاندنی ناوی ئەو کـەسانە بوو کـە لەڕووی کۆمـەڵایەتییـەوە بایکۆت دەکرێن. لە مانگی تـەمووزی ١٧٦٩ لە شاری بۆستن، بڕیار درا ناوی ئەو کەسانـە بڵاو بکرێتەوە کە ڕێکەوتنی بایکۆتکردنی ئابووریـیان پێشێل کردووە.

بایکۆتکردنی کۆمـەڵایەتی لە سـاڵانی ١٧٧٤ و ١٧٧٥ ئـەنجام درا لەپێناو پابەندبوون بە بەرنامەی بایکۆتکردنی ئابووری و سیاسی کە بە بەرنامەی کۆمەڵە کیشوەرییەکە ناسرا و لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٧٧٤ لەلایەن کۆنگرەی یەکەمی کیشـوەری (القاری)ەوە پەسـەند کرا. بۆ نموونە کۆنگرەی ماریلاند کە لە کانـوونی یەکەمی ١٧٧٤ لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو سیاسـەتەی یەکێتیی پێشـووی کۆڵۆنییـەکان بڕیاری لەسـەر دابوو بۆ گـتکردن لە هاوردە و هـەناردەکردن و بەکاربردن، بڕیاری دا پێویسـتـە پارێزەران بەرگری لەو کـەسـانە نـەکـەن ئـەم سیاسـەتە پێشـێل دەکـەن، هـەروەها هـەوڵی بەدەسـتـهـێنانەوەی قـەرزی هیـچ کـۆگـەیەکی بازرگـانی نـەدەن کـە یەکێک لە بەرێوەبەرەکـانی لە پێشێلکارانی سیاسـەتەکە بێ.

هـەروەها ڕاپۆرتەکان باسیان لەوە کرد هـەرێـک لە پەنسلڤانیا و نیوێۆرک و ماساچوسـیتس بای و نیـوهـامبشـایر و ماریلاند بڕیارێکی هاوشـێـوەیان بۆ پشـتگیریکردنـی هـەڵمـەتەکـەی یەکێـتیی پێـشـووی کـۆڵۆنیـیـەکان دا. لە مـاسـاچوسـیـتس بای ئەو کـەسـانەی ڕازی بوون وەک ئـەندامی ئەنجوومـەنی ئیدارەی کۆڵۆنیـەکان لەگـەڵ تاجی بەریتانیاییدا کـار بکەن و بەوەیش سیـاسـەتی دانیشتووانی کۆڵۆنییەکانیان لە بایکۆتکردنی سیاسیدا پێشێل دەکەن، بە خیانەتکار لە ولاتەکەیان تۆمـەتبار کـران و پێـویسـتـە وەک کەسـانی یاخـی لە ویلایەتەکان ناوەکانیـان بڵاو بکرێتـەوە، تا بەو ڕسواییەوە کە بەشایستەیی هـەڵیان گرتووە ڕادەستی نەوەکانی داهاتوو بکرێن.

لەئـەنجامی هـەڵوەشاندنەوەی زۆرەملێیانەی دەستووری فینلەندا بەپێی مانیفستۆی مانگی شوباتی ١٩٠١ لەلایەن نیکۆلای دووەمی قەیسـەری ڕووسیاوە، فینلەندایـیەکان بۆ دوو بـەرە دابـەش بوون:

گـرووپی ملکـەچەکـان کـە ڕازی بـوون ملکـەچی گـۆڕانکاریـیـە سـەپاوەکـە بـبن، هـەروەها گـرووپی دەستوورخوازەکان کە پاڵپشتییان لـە ڕەتکردنەوەی تـوندی سیستمە نوێیەکە و ڕێزگرتنی ئەو یاسا و سیـسـتـمـانەی دەریان دەکا کـرد. لەو یاخـیـبـوونـەی پاش ئـەم هـەڵوەشـاندنەوەیـە ڕووی دا تاقـمی سـەرکردایەتیی نهێنی کە بە کاگاڵ ناسرا، داوای بایکۆتکردنی کۆمـەڵایەتییانەی ملکـەچەکانی کرد.

بەپێی "بـەڵگـەنـامـەی باوەڕەکـانی هاوولاتی" کـە کـاگـاڵ بڵاوی کـردەوە، پێـویست کـرا ئەوانەی بانگەشـە بۆ ملکەچکردن دەکەن، لە ژیانی ڕۆژانەدا وەک گـوێزەرەوەی پەتای تاعوون یان تـاوانباری سـەرسـەخت مـامـەڵەیان لەگـەڵدا بکرێ. بەهۆی دژەهـەڵوێست لە کێشـەکـەدا پێوەندی تـەنانـەت لەگـەڵ خـزم و دۆسـتـانیش دەپچـڕا و خـەڵک پێـویسـتـیـیـە ڕۆژانەکـانیـان لە دوکـانی جیـاواز دەکـڕی و

ڕاسپاردەکانیان لە بانکی تر دادەنا. لە یەکێک لە شارەکان قوتابخانەیەکی ئامادەیی نوێ هاتە دامەزراندن، لەبەرئەوەی مانگرتەکانی سەر بە گرووپێکی سیاسیی دژ نەیدەویست منداڵەکانیان بنێرن بۆ ئەو قوتابخانانەی منداڵانی ملکەچەکان تێیاندا دەیانخوێند.

هەروەها هندییە نیشتمانپەروەرەکانیش ڕێگەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتییان بەکار هێنا دژ بەو هندییانەی ڕازی نەبوون بچنە ڕیزی بزووتنەوەی بایکۆتکردن لەکاتی ململانە ناتوندوتیژانەکان لەپێناو سەربەخۆییدا. ئامانجی ڕاگەیەنراو لەم حاڵەتەدا سزادانی دابراوەکە نەبوو، بەڵکو بەردەوام بیرخستنەوەی هەڵوێست و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکەی بوو کە بەهۆیانەوە لە بازنەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکە کرابووە دەرەوە. هیچ ئازارێ بە خۆی یان کەسوکارەکەی نەدەگەیەنرا، گرووپی ساتیاگراهیس بەردەوام پەرۆش بوو لەسەر دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ئەو کەسە لە خواردن و پەناگە و پۆشاک و ئاو. بانگەوازێکی بەردەوام هەبوو بۆ کەسە بایکۆتکراوەکە تا هەڵەکەی خۆی ببینێ و ڕاستی بکاتەوە و بێتەوە ڕیزی کۆمەڵگە. بۆ زانیاریش، گاندی بەتوندی سەرکۆنەی ئەنجامدەرانی بایکۆتکردنە کۆمەڵایەتییەکەی کرد کە دڵگەرمییەکی توندڕەوانەیان هەبوو لەکاتی هەڵمەتەکەی هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا، بەتایبەت کاتێ خۆراک لەو کەسانە دەبڕا کە بایکۆتی کۆمەڵایەتی کرابوون.

پاش بەندکردنی گاندی لە سەرەتای خەباتەکەیدا، ف.ج.باتلی ناسیونالیستی هندیی دیار هانی خەڵکی دا بایکۆتی کۆمەڵایەتیی هەموو فەرمانبەرانی حکوومەت بکەن تا ئەو کاتەی گاندی لە زیندانیدا بێ. لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٣٠ لێژنەی "کارکردن بۆ هەموو هندستان" داوای لە هەموو هاوواڵتیان کرد بایکۆتکردنێکی کۆمەڵایەتیی توند ڕێک بخەن دژ بە گشت فەرمانبەرانی حکوومەت و هەموو ئەوانەی تر کە زانراوە ڕاستەوخۆ بەشداریان لەو کارە وەحشییانەدا کردووە کە دژ بە گەل ئەنجام دران بەمەبەستی خنکاندنی بزووتنەوە نیشتمانییەکە.

گاندی پێی وایە دەکرێ ڕێگە بە بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی بدرێ یان نەدرێ لە ڕوانگەی ئەو گیان و ڕێگەیەی بایکۆتکردنەکەی پێ ئەنجام دەدرێ. بۆ نموونە دەبێ خۆراک و ئاو و چاودێریی تەندروستی بۆ ئەو کەسانە دابین بکرێ کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بایکۆت دەکرێن، هەروەها پێویستە ئەوانەی بایکۆتەکە دەکەن هیچ ڕق و حەزی تۆڵەسەندنەوەیەکیان دژیان نەبێ. لەباتیی ئەوە، دەبێ هەڵوێستەکە گوزارشت بێ لە خەمباری و بایەخ و ئومێد بە گەڕانەوەی بایکۆتکراوان بۆ ڕیزی کۆمەڵگە لەڕێی ڕاگرتنی هاوکاریکردنیان لەگەڵ حکوومەتی بەریتانی.

کاتێ گاندی لە ساڵی ١٩٣١ لە کۆنگرەی گرەمێزەکە گەڕایەوە، لێژنەی "کارکردن بۆ هەموو هندستان" ڕێنوێنییەکانی پێشووی گۆڕی و ئەوەی بیری گەل خستەوە کە نابێ مەبەست لە بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی

ئازارگەیاندن بێ بە فەرمانبەرانی حکوومەت یان بە پیاوانی پۆلیس یان بە بەرهەڵستانی ناسیونالیزم، چونکە ئەو ڕەفتارە لەگەڵ گیانی ناتوندوتیژیدا ناگونجێ.

ئێستە لە دووەم بەکارهێنانی ڕێگەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی لە بزاوەکانی بەرگریدا دەکۆڵینەوە.زۆر جار ئەندامانی گرووپێک کە خزمەتی دژبەریان کردووە و کارەکەیان بە ناپاکی دانراوە، بایکۆتی کۆمەڵایەتی کراون، وەک پیاوانی پۆلیسی سیاسی یان فەرمانبەرانی بێدەسەڵاتی حکوومەت، یان ئەوانەی بە ڕوونی گژبەریی ڕێنوێنییەکانی پێوەندار بە جێبەجێکردنی هەڵمەتێکی دیاریکراوی بایکۆتکردنیان کردووە، وەک تێکدەرانی مانگرتن (وەک ئەو کرێکارانەی لەجێی کرێکارە مانگرتووەکان کار دەکەن و مانگرتنەکە بێ کاریگەری دەکەن–وەرگێڕ).

زۆربەی جار سەندیکاییە ئەمەریکاییەکان لە سەرەتاکانی سەتەی بیستەمدا ڕەتیان دەکردەوە کار لەگەڵ ناسەندیکاییەکاندا بکەن و بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیی تێکدەرانی مانگرتنیان دەکرد لەڕێی گتکردن لە چوونە هوتێڵ و چێشتخانەکانیان. سەندیکا ناوەخۆییەکان لیستێکیان بەناوی تێکدەرانی مانگرتن بەسەر کرێکارانی تردا دابەش دەکرد، بەمەبەستی بەرگرتن لە قبووڵکردنیان وەک ئەندام لەو سەندیکایانەدا.

نموونەی تر هەن لە ئێرلەندا و پۆڵۆنیا و چیکۆسلۆڤاکیا. ساڵی ۱۹۱۹ لەکاتی خەبات دژی حوکمڕانیی بەریتانیا، بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی دژ بە ئەندامانی پۆلیسی شاهانەی ئێرلەندا و بنەماڵەکانیان ئەنجام درا. بەپێچەوانەی پیاوانی پۆلیسی بەریتانیایی، پۆلیسەکانی شاهانەی ئێرلەندایی چەکیان هەڵدەگرت و لەنێو سەربازگەکان لە ناوچە جیاجیاکانی ووڵات دابەش دەکران. شارل موات دەڵێ:

سیاسەتی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی، کە نەفرۆشتنی خواردن بە ئەندامانی پۆلیسی دەگرتەوە، زیاتر لە کوژرانی چەند کەسێکیان یاخۆ ئەگەری کوشتنی هی تریش، وەی دابەزاندن. زۆربەی ئەندامانی ئەم هێزە لە ئێرلەندایەکان بوون و ژمارەیەکی زۆریان دەستیان لە کارەکانیان کێشایەوە و خۆبەخشی نوێیش نەهاتنە پێش جێیان بگرنەوە. موات ئەم ڕەفتارەی بە باشترین و کاریگەرترین چەک وەسف کردووە.

ڕێگەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی لە پۆڵۆنیا لەکاتی داگیرکردنی نازیدا بەکار هاتووە. بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی مەدەنی لەپێناو پارێزگاریکردن لە پۆڵۆنیایەکی خاڵی لە هاوکارانی داگیرکەر، لەجیاتی بڕیاری مردن، بڕیاری ڕیسواکردن دەردەکرد:

کەسێکی پۆڵۆنی بڕیاری ڕیسواکردن بەسەردا درا لەبەرئەوەی پابەند نەبووبوو بە هەڵوێستە پۆلاییەکە دژ بە داگیرکەر و نەیتوانی پاساو بۆ هەڵوێستەکەی بێنێتەوە کاتێ داوای لێکرا. بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی واتای یاکۆتکردنی کەسەکە بوو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها بوو بە بنچینەی دادگەییکردنە تاوانکاریەکان کە پاش تەواوبوونی شەڕ ئەنجام دران.

لەو بڕیاری ڕیسواکردنانە، ئەو بڕیارە بوو دژ بە ئەکتەرێکی پۆڵۆنی دەرکرا کە دەرگای شانۆکەی بەکراوەیی هێشتبووەوە، بەوەیش فەرمانەکانی بەرگریی نهێنی پێشێل کردبوو، ناوەکەیشی لە هەموو ڕۆژنامە نهێنییەکاندا بڵاو کرایەوە.

لە کۆتاکانی ئابی ١٩٦٨ و پاش داگیرکردنە ڕووسییەکە، بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی و بلاوکردنەوەی ناوی هاوکارانی چیکی یان ئەوانەی ڕەنگە هاوکاری بکەن، بوونە دوو ئامرازی گرینگ کە یارمەتیدەر بوون لە بەرگرتن لە پێکهێنانی حکوومەتێکی ژێربار و لایەنگری دەسەڵاتدارانی ڕووسیا. یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی چیکی لە بلاوکراوەیەکی چاپکراودا کە لە ٢٤ ی ئابدا دابەش کرا، هانی ئەندامانی دا یارمەتیی یەکتر بدەن و خۆڕاگر بن. "بایکۆتی کۆمەڵایەتیی ناپاکان و خێزانەکانیان بکەن و قەت دەستی یارمەتییان بۆ درێژ مەکەن". لە داکوتراوی سەر دیوارەکانی پراگی پایەتەختیشدا ناوی ئەو کەسانە بلاو کرایەوە کە گومانبارن بەوەی لە هاوکاران بن، لە ئەنجامی ئەوەدا یەکێک لەوانە کە ناوی کارڵ میستیک بوو، نووسراوێکی ئاراستەی کۆمەڵەی نیشتمانی کرد و تێیدا ڕایگەیاند هاوکاریکردنی لەگەڵ داگیرکەران ڕاگرتووە.

زۆر جار فەرمانبەران و پیاوانی پۆلیس و سوپای سەر بە ڕێژیمێکی دەسەڵاتداری بیانی دووچاری جۆری سێیەم لە بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی دەبنەوە کە ئێستە باسی ئەو جۆرەیان دەکەین. ئەم ڕێگەیە هەندێ جار بەسەر ئەندامانی ئەو شاند و لێژنانەی سەردانی ولاتیان دەکرد پیادە دەکرا. بۆ وێنە، لە ڕۆدیسیای باکور و نیاسالاند، ڕێگەی هاوکارینەکردن لەگەڵ ئەندامانی لێژنەی مۆنتکۆنی بەریتانیایی کە ساڵی ١٩٦٠ بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە هاتبوون، زیاتر لە بایکۆتکلادنی سیاسی تێپەڕی و گەیشتە ڕەتکردنەوەی بەستنی هیچ پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵیان.

هەروەها باس لەو پیاوانەی پۆلیس دەکەین کە ڕەوانەی شاری کیلمالوک کران لەکاتی مانگرتن دژی بەکرێدانەکان لە مانگی حوزەیرانی ١٨٨١، دەسەڵاتدارانی بەریتانیا هۆی گواستنەوەیان بۆ دابین نەکردبوون و گوندنشینەکانیش ئامادە نەبوون مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، بەشێوەیەک ئەو پیاوانە تەنانەت بە ئاستەم خواردنیشیان دەست دەکەوت لەبەرئەوەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بایکۆت کرابوون، هەروەها خاوەنی هۆ مۆڵەتپێدراوەکانی گواستنەوەیش ڕێگەیان پێ نەدەدان هیچ هۆیەکی گواستنەوەی گشتی بەکار بێنن. ئەوە بەتەواوی دەستوپێی بەستبوون و ئەگەر دۆخێکی نائاسایی لە دەرەوەی شارەکە ڕووی بدایە نەیاندەتوانی هیچ کارێک بکەن.

لەکاتی شەڕی ڕوهەر لە ساڵی ١٩٢٣ ئەڵمانەکان بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیی هێزە فرەنسایی و بەلجیکییەکانیان لە ناوچەی ڕوهەر کرد. کاتێ سەربازانی داگیرکەر بچوونایەتە یانەیەک بۆ خواردنەوەی پێکێک بیرە، ئەڵمانە سیڤیلەکان ئەو جێیەیان بەجێ دەهێشت. هەمان شت لەگەڵ سەربازانی ئەڵمانیشدا لە دانیمارک ڕووی دا لەکاتی داگیرکردنی نازی بۆ ئەو ولاتە. لە ماوەی چوار ساڵی داگیرکردنەکەدا خەڵکی دانیمارک لەگەڵ زۆربەی سەربازانی ئەڵماندا هیچ قسە و دەمەتەقێیەکیان نەکرد. کاتێ سەربازانی ئەڵمانیا قسەیان لەگەڵ دەکردن دانیمارکییەکان پشتیان تێدەکردن و وەلامیان نەدەدانەوە. ئەوانەی دەچوونە دوکانەکان، لەکاتی هاتنەژوورەوەی سەربازە

هەوالنامەی کتێب

ئەڵمانیاییەکاندا شۆینەکەیان بەجێ دەهێشت.

لە نەرویجیش بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی جێبەجێ کرا و نەرویجییەکان وا بە ئاراستەی سەربازە ئەڵمانەکان تەماشایان دەکرد وەک ئەوەی ئەوانە وجودیان نەبێ و قەت قسەیان لەگەڵ نەدەکردن. دانەنیشتن لەتەنیشت سەربازانی ئەڵمان لە پاسە گشتییەکاندا بووبوو بە باو. لە کۆتایدا وەستانی کەسێک لای کورسییەکی بەتاڵ بە سەرپێچی دادەنرا. هەروەها ڕێگەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی هەندێ جار دژ بەو نەرویجییانە بەکار دەهات کە هاوکارییان لەگەڵ دوژمن دەکرد یان ڕازی نەبوون بێنە ڕیزی چالاکییەکانی بەرگری.

ساڵی ١٩٥٩ جووتیاران لە هەرێمی بریتۆن لە فەرەنسا پەنایان بۆ ڕێگە جیاوازەکانی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی برد. بە فەرمانی سەندیکاکانیان، کشتیارانی خرشۆف هەوڵیان دا لەڕێی نەدانی شەتڵ بە کشتیارانی ناوچەکانی تر نرخ بەرز بکەنەوە. سۆزان بێرگەر باس لەوە دەکا لێژنەی کشتیارانی خرشۆف چەندان شێوەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی وەک ئامراز بۆ جێبەجێکردنی ئەم شتە پێشنیاز کرد. لە بڵاوکراوەیەکدا کە لێژنەکە بەسەر سەرکردەکانی ناوچەکەیدا دابەشی کرد، داوای کرد ئەو کشتیارەی بەدەم ئەم بایکۆتکردنەوە نایە، سەرەتا هەندێ لە هاوسێکانی سەردانی بکەن تا قایلی بکەن هەڵوێستەکەی بگۆڕێ، ئەگەر نەیانتوانی قایلی بکەن ئەوکاتە لە هەموو ڕێکخستنە کشتوکاڵییەکان دەربکرێ و بایکۆتی کۆمەڵایەتی بکرێ و لەلایەن هاوسێکانیەوە یارمەتی نەدرێ و بەئاشکرا ناوی بزڕێنرێ، ئەمە جگە لە پلانێکی یەدەگیش وەک دوا ڕێگە ئەگەر هاتوو ڕێوشوێنەکانی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی سوودی نەبوو: ئەویش زیانگەیاندنێکی سووکە بە موڵکەکانی، وەک فشکردنەوەی تایەی ئۆتۆمبێلەکەی، یان شەکر بکرێتە تەنکیی سووتەمەنیی ئۆتۆمبێلەکەی.

چیکی و سلۆڤاکییەکان بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتییان دژ بە سەربازانی سۆڤیەت ئەنجام دا، کە بووە مایەی دروستبوونی دەمەتەقێیەکی فرەوان لەگەڵیان لە پراگ لە کۆتاکانی ساڵی ١٩٦٨. بڵاوکراوە و ئێزگەی بەرگریی چیکی و سلۆڤاکییەکان هانی جێبەجێکردنی ئەو بایکۆتەیان دا.

لە ٢٣ی ئاب سەربازانی سۆڤیەتی دایان بەسەر شارەکەدا. بەپێی ڕاپۆرتەکان هیچ کەسێک قسەی لەگەڵ سەربازانی سۆڤیەت نەدەکرد. خەڵک بەتەنیشت سەربازەکاندا تێدەپەڕین بەبێ ئەوەی هیچ بایەخێکیان پێبدەن، هەروەها لە هەموو جێیەک بە پیتی گەورە بە زمانی ڕووسی نووسرابوو: بچنەوە بۆ ماڵەکانتان! تەقەمان لێ مەکەن.

٢- بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیی هەڵبژاردەیی (انتقائی)

لەباتی ئەوەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی سەرتاسەری یان نیمچە سەرتاسەری بێ، دەکرێ لە شێوەیەک یان زیاتری پێوەندی کۆمەڵایەتیدا قەتیس بکرێ. لەوانەیە لەڕێی بڕیارێکی ناوەخۆییەوە ئەم پێوەندییە تایبەتانە دیاری بکرێن، یان لەوانەیە بەسادەیی خاڵی سەرەکیی پێوەندیکردن بن

لەنێوان بەرگریکاران و دوژمندا. بەم شێوەیە لەوانەیە خاوەن دوکان و بازرگانەکان حەز بکەن لەگەڵ سەربازای سوپای داگیرکەر بدوێن، بەڵام هیچیان پێیان نەدەفرۆشت. ئەم جۆرە هاوکارینەکردنە جیایە لە بایکۆتکردنی بازرگانەکان کە وەک بایکۆتکردنێکی ئابووری وایە، لەبەرئەوەی لەم حاڵەتەدا بنەمای هاوکارینەکردن شێوەی نەفرۆشتنی شمەکێکی دیاریکراو وەرناگرێ، بەڵکو نەفرۆشتنیەتی بە کەسێکی دیاریکراو، هەربۆیە ئەم کارە بە بایکۆتکردنی ئابووری دانانرێ، بەڵکو کۆمەڵایەتییە.

بۆ نموونە لەکاتی شەڕی ڕوهەردا، خاوەن دوکانە بازرگانییەکان ڕەتیان دەکردەوە خزمەتی سەربازانی فرەنسایی و بەلجیکایی بکەن. ساڵی ١٩٥٦ لەکاتی داگیرکردنی بۆرسەعید لەلایەن بەریتانیا و فرەنساوە و لەکاتی داگیرکردنی کەناڵی سویسدا، فرۆشیارە دەسگێڕە میسرییەکان بەتەواوی بایکۆتی هێزە فرەنسایی و بەریتانییەکانیان کرد، هەروەها بازرگانە میسرییەکان لە بەشە ئەوروپاییەکەی شارەکەدا دەرگای دوکانەکانیان قەپات کرد.

لەوانەیە بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیی هەڵبژاردەیی شێوەی تەواو جیاواز وەربگرێ کە هیچ پێوەندیەکی بە بازرگانییەوە نەبێ. لەئەنجامی تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانی بێوەی لە سان پترسبۆرگ لە ڕۆژی یەکشەمی خوێناوی لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٠٥، یانەی ئەفسەران دەرگاکانی بەڕووی ئەفسەرانی گاردی شاهانەدا داخست بەهۆی بەشداریکردنیان لە تەقەکردندا.

لە کانوونی دووەمی ١٩١٧ لە کۆشکی زستان م.ڕۆدزیاکۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی دۆما و أ.بروتوپوپوڤی وەزیری ناوەخۆ کە بە دوژمنی یەکەمی هێزە پێشکەوتنخوازەکان دادەنرا، دەمەتەقێکی تونديان کرد. دواتر و لە چاوەڕوانیی گەیشتنی قەیسەردا، بروتوپوپوڤ لە ڕۆدزیاکۆ نێزیک بووەوە تا تەوقەی لەگەڵدا بکا. شایەتحاڵێک ئەوەی لەو ساتەدا ڕووی دا بەم شێوە دەگێڕێتەوە: بروتوپوپوڤ لە ڕۆدزیاکۆ نێزیک کەوتەوە و هیوای ساڵێکی خۆشی بۆ خواست و بۆ تەوقەکردن دەستی بۆ درێژ کرد. ڕۆدزیاکۆ بەشێوەیەکی نانەجیبانە ڕووشکێنی کرد و بەبێ ئەوەی تەماشای بکا بە دەنگێکی زاڵ گوتی: بڕۆ! دەستم لێمەدە.

هەواڵەکە دەستبەجێ لە سەرتاسەری کۆشکدا بڵاو بووەوە، لەو شەوەدا ئەو هەواڵە بوو بە قسەی سەر زاری خەڵک لە پتروگراد. جۆرج کاتکۆڤ ڕووداوی تەوقەنەکردنەکەی بە بێنەزاکەتییەکی بەبەرنامە وەسف کرد کە واتایەکی سیاسی هەبوو.

لە ٧ی ئاداری ١٩١٧، واتە پێنج ڕۆژ بەر لە دەستهەڵگرتنی قەیسەر نیکۆڵای دووەم لە تەخت، نێردەیەکی ئەنجوومەنی دۆما گەیشتە موجیلیف کە بارەگەی قەیسەری لێبوو و هەواڵی بڕیاری حکوومەتە کاتییەکە بە دەستگیرکردنی پێبوو. ئەندامانی نێردەکە و قەیسەری دامالڕاو بە شەمەندەفەر لە موجیلیفەوە بۆ کۆشکی شاهانانە لە تسارسکاو سیلۆ گەشتیان کرد و دە سەربازیشیان لەگەڵ بوو. قەیسەر داوەتی ڕاسپێراوانی ئەنجوومەنی دۆمای کرد بۆ نانی ئێوارە، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردەوە.

٣- سڕکردنی پێوەندییە سێکسییەکان

ڕێگەی شەڕ ڕاگرتن کە لە شانۆگەریی ئەریستۆفانس لیزیستراتادا خرایە ڕوو و کە دەڵێ دەبێ ژنەکان پێوەندیی سێکسی لەگەڵ مێردە شەڕاوەرەکانیاندا ڕەت بکەنەوە، دەکرێ بەشێوەیەکی تایبەت لە شێوەکانی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیی هەڵبژادەیی دابنرێ و شایستەی ئەوەیە بە شێوەیەکی سەربەخۆ پۆلبەند بکرێ. ئەم ڕێگەیە لانی کەم لە دوو حاڵەتی ناسراودا ئەنجام دراوە. ستان شتاینەر باس لەوە دەکا لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا ئافرەتانی هۆزی ئەلایرۆکوای هندییە سوورەکان یەکەم یاخیبوونی ئافرەتانیان لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەنجام دا.

لە دەوربەری ساڵی ١٦٠٠، ئەو ئافرەتانەی داوای یەکسانیی کۆمەڵایەتی و سیاسییان دەکرد لەگەڵ پیاوان، بڕیاریان دا کە ئەوان لە شەڕە ناڕێککخراوەکانی پیاوەکانیان تێر بوون و ڕایانگەیاند گت لە ئەنجامدانی پێوەندیی سێکسی لەگەڵ مێردەکانیان و منداڵبوون دەکەن، لەبەرئەوەی نایانەوێ شەڕاوەری نوێ بێننە دنیا تا پیاوان دەست لە مافی بڕیاردان لەسەر شەڕ و ئاشتی هەڵنەگرن. لەو ڕووەیشەوە کە پیاوانی هۆزەکە باوەڕیان وابوو ئافرەتان نهێنییەکانی منداڵبوون نازانن، یاخیبوونەکەی ئەو ئافرەتانەی داوای یەکسانیی کۆمەڵایەتی و سیاسییان لەگەڵ پیاوان دەکرد سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

لە کۆتاکانی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦٣ ئافرەتانی ئەفریقیایی لە شاری مبوبوما لە ویلایەتی بولاوایو لە ڕۆدیسیای باشوور هەوڵیان دا ڕەزامەندییەکی فرەوانتر لە ژنەکان بەدەست بێنن بۆ بێبەشکردنی شووەکانیان لە مافەکانی هاوسەرێتی، تا دەست لە تەقاندنی بۆمب و تەقەمەنی کۆتا دەکەن.

٤- بێوەریکردن لە ئەندامیەتیی ئاینی

بێبەشکردن یاخۆ بێوەریکردن لە ئینتیمای ئاینی یەکێکە لەو سزا ئاینی و کۆمەڵایەتییانەی کەنیسەکان دەتوانن بەکاری بێنن، کە بریتییە لە دوورخستنەوەی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک لە ئەندامیەتیی کەنیسە و بێبەشکردنیان لە مافەکانی ئەو ئەندامێتییە و مافی بەشداریکردن لە ئاهەنگە ئاینییەکاندا. جڵەوی ئەنجامدانی ئەم جۆرە بایکۆتکردنە کۆمەڵایەتییە لە دەستی سەرۆکایەتیی کەنیسەدایە نەک تاکەکەسەکان. ئەگەرچی هەندێ هۆکاری کەسیی ڕووت لەوانەیە لە هەندێ حاڵەتدا جێبەجێکردنی ئەو ڕێگەیە خێراتر بکا، وەک بێبەشکردنی کەسێک لە ئینتیمای ئاینی بەهۆی ئەوەی ڕەفتاری لەڕووی ئەخلاقییەوە بە دزێو دانراوە، بەڵام هەندێ کاتی تر لە ململانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار هاتووە.

بێوەریکردن لە ئینتیمای ئاینی و ڕێگرتن لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان لە ناوچە یان دەوڵەتێکی دیاریکراو وەک لەخوارەوە دەیبینین، سزایەکی سیاسیی یەکلاکەرەوە بووە لە ئەورووپا لە

سەدەکانی ناوەڕاستدا کاتێ کەنیسە پشکێکی گەورەی لە دەسەڵاتی زەمەنیدا هەبوو و لابەندی (ولاء)ی ئاینی و سیاسی دواجار بۆ پاپا دەگەڕێتەوە. بەم شێوەیە ئەگەری ئەوە هەیە بێبەشکردنی دەسەڵاتدارێکی مەدەنی لە ئینتیمای ئاینی ببێتە مایەی شۆڕش و داماڵینی لە دەسەڵات.

لە کۆتاکانی سەتەی یازدەیەمدا کێشەیەک لەنێوان پاپا گریگۆریسی حەوتەم و هنریی چوارەم سەری ئیمپراتۆرییەتی پیرۆزی ڕۆمانی سەری هەڵدا، کە ئەو ناوچەیە لە ئێستەدا هەریەک لە ئەڵمانیا و نەمسا دەگرێتەوە. ئەویش پاش تۆمەتبارکردنی هنریی چوارەم بەوەی جۆرە یاخیبوونێکی کۆمەڵایەتی ئەنجام داوە بەوەی سەرۆکی ئوسقوفیەکانی دەرکردبوو کە پاپا لە میلانۆ دایمەزراندبوو، هەروەها بەشداریی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ورمزی لە ساڵی ١٠٧٦ کردبوو و پاپای بە ڕاهیبێکی ساختە وەسف کردبوو.

لە پەرچەکرداری ئەوەدا گریگۆریس بێبەشکردنی هنری لە ئینتیمای ئاینی و داماڵینی لە پۆستەکەی ڕاگەیاند، ترس لە ئەنجامەکانی ئەم بڕیارەیش هەموو پیاوانی هێنایە هەشۆکان. هەروەها ئەندامە یاخیبووەکانی ڕەعیەتەکەی هنری لە ویلایەتی ساکسۆنی ڕایانگەیاند کە خۆیان لە ستەمی میرێک ڕزگار دەکەن کە لە ئینتیمای ئاینی بێوەری کراوە. ئەوەیش پاڵی بە هنرییەوە نا مل بۆ فەرمانەکانی پاپا کەچ بکا. هنری لە وەرزی زستاندا بەرەو لۆمباردیا ملی ڕێی گرتە بەر، پاش ئەوەی زانی گریگۆریس لە ناوچەی کانوسای شاخاوییە، بەدەم تۆبەکردن و پاڕانەوە بۆ هەڵگرتنی بڕیاری بێوەریکردنەکە لەسەری. ماوەی سێ ڕۆژ لە گۆڕەپانی کۆشکەکە و لەژێر ڕەهێڵەی بەفرباریندا چاوەڕوانی کرد، لە ڕۆژی چوارەمدا گریگۆریس بەخشی.

لەگەڵ ئەوەیشدا یاخیبووەکان لە ویلایەتی ساکسۆنیا لە ساڵی ١٠٧٧ ئیمپراتۆرێکی ڕکابەریان بۆ هنری هەڵبژارد. پاش شەڕێکی ناوەخۆ کە هیچکام لە دوو لایەنە بەشەڕهاتووەکە قایل نەبوون پاپا دەست تێوەر بدا، ساڵی ١٠٨٠ گریگۆریس جارێکی بێوەریکردن لە کەنیسەی بەسەر هنریدا سەپاندەوە، هنریش بەوە بەرپەرچی بڕیارەکەی پاپای دایەوە کە پاپایەکی ڕکابەری بەرامبەر گریگۆریس دامەزراند و لە ڕۆما نیشتەجێی کرد. ئەم کێشەیە هەرگیز کۆتای نەهات.

ڕێگەی بێوەریکردن لە ئینتیمای ئاینی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بۆ بەگژاچوونەوەی بانگەشەکارانی کۆیلایەتی بەکار هات لەکاتی ململانە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا. سزای بێوەریکردنی کەنیسەیی بەگشتی دەرهەق بە خاوەن کۆیلەکان جێبەجێ دەکرا.

٥- بێبەشکردن لە چالاکییە ئاینییەکان

مەبەست لە بێبەشکردن لە چالاکییە ئاینییەکان قەدەخەکردنی ئەنجامدانی ڕێوڕەسم و چالاکییە ئاینیەکانی تر لە ناوچە یاخۆ دەوڵەتێکی دیاریکراودا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. سەرۆکایەتیی کەنیسەیش بڕیاری سەپاندنی ئەم سزایە دەدا.

لەگەڵ ئەوەی ئەم شێوەیە لە بێوەریکردن لە کەنیسە لەوانەیە بە سرووشتی خۆی تەمبێکارانە و بەشەکی بێ، بەڵام ئامانجی یەکەمی بەردەوام ناچارکردنی حکوومەت یان گەلێک بووە بۆ ڕاستکردنەوەی ستەمگەلێکی دیاریکراو کە سرووشتێکی ئاینی یاخۆ سیاسییان هەیە. ئەم پاڵپەستۆیە لەڕێی بێبەشکردنی ناوچەیەکی دیاریکراو لە خزمەتگوزارییە ئاینییەکان و نهێنییە پیرۆزەکان یاخۆ بەخاکسپاردن بەپێی ڕێوشوێنەکانی کەنیسە جێبەجێ دەکرێ، یان هەموو ئەم سزایانە پێکەوە دەسەپێنرێن.

مەرسوومێکی پاپەوی کە پاپا ئینۆسانی دووەم دەری کردووە بنەمای بێوەریکردن لە چالاکییە ئاینییەکانی وەسف کردووە بەوەی بریتییە لە ڕاگرتنی ئاهەنگە یەزدانییەکان.

ئیدوارد کریهبیل کە بە سەرچاوە دادەنرێ لەم بابەتەدا دەنووسێ و دەڵێ:

ئامانج لە بێبەشکردن لە چالاکییە ئاینییەکان مسۆگەرکردنی پابەندبوونە بەو داوایانەی کەنیسە بەسەر خراپەکارێکیدا دەسەپێنێ کە دژ بە چاکەی هەموان یان کەنیسە یان کەهەنوت، یاخۆ دژ بە یاساکانی باوەڕ و ئاکار کار دەکا. ئەوە ناچارکردنە لەڕێی شێوەیەک لە شێوەکانی بەرگریی نێگەتیڤ. ئەو کارە کارێکی نە دوژمنکارانە و نە سزادانە، بگرە کارێکی بەرگریکارانەیە تێیدا کەنیسە لە خزمەتی گشتی دەکشێتەوە تا کۆمەڵگە دادپەروەرانە هەڵسوکەوت دەکا.

هەر بەم شێوەیە پاپا ئینوسانی سێیەم شاری لەندەن و ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی بارۆنەکانی لایەنگری شا جۆنی لە هەر چالاکییەکی ئاینی بێوەری کرد، پاش ئەوەی ئەمەی دوایی _واتە شا جۆن– ڕەتی کردەوە دان بە بەڵگەنامەی مافەکاندا بنێ. هەروەها شارەکانی هەرێمی لومباردیا تەمێ کران لەسەر ئەوەی خۆیان بۆ بەرەنگاریکردنی فریدریکی دووەم ئامادە کردبوو. ئەنجوومەنی کەنەسی کە لە شاری لیموج لە ساڵی ١٠١٣ کۆ بووەوە، هەڕەشەی سەپاندنی بڕیاری بێوەریکردنی لە چالاکییە ئاینییەکان بەسەر بارۆنە چەتەکاندا کرد، کە شەڕیان کرد و ئاشتیی خودایان بەزاند.

## هاوکارینەکردن لەگەڵ چالاکی و نەریت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان

١– هەڵپەساردنی چالاکیی کۆمەڵایەتی و وەرزشی

لەوانەیە بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی شێوەی هەڵوەشاندنەوەی چالاکییە کۆمەڵایەتی و وەرزشییەکان یان ڕەتکردنەوەی ڕێکخستنیان وەربگرێ. لەوانەیە ئامانج لەم جۆرە بایکۆتکردنە کۆمەڵایەتییە ناڕەزایی دەربڕین بێ و لێرەشەوە ئەم ڕێگەیە پێوەنداوە بە ڕێگەکانی ناڕەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە، یان هەوڵێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کۆششانەی حکوومەت دەیانکا بۆ هێنانەناوەوەی ڕێگەی نوێی دەستگرتن بەسەر کۆمەڵگەدا، لەو ڕووەیشەوە پێوەندارن بە ڕێگەکانی بایکۆتکردنی سیاسی. ئەم ڕێگەیە لێرەدا ڕیزبەند کراوە لەبەرئەوەی بە شێوە کۆمەڵایەتییە،

ئەگەرچی ئەگەری ئەوە هەیە لە ئامانج و ئەنجامیدا سیاسی بێ.

نەرویجیەکان لەکاتی داگیرکردنی ئەڵمانیا بۆ وڵاتەکەیان لە ساڵی ١٩٤٠ەوە تا ١٩٤٥، بەردەوام بە شێوەیەک لە شێوەکان هاوکاریکردن لە چالاکییە وەرزشییەکان لەگەڵ ئەڵمانەکان و هەروەها لەگەڵ حزبی فاشیی نەرویجیان ڕەت دەکردەوە. ئەفسەرانی ئەڵمان لە هاوینی ١٩٤٠ەوە هەوڵیان دەدا یاریی تۆپی پێ لەنێوان تیپە ئەڵمانی و نەرویجییەکاندا ڕێک بخەن. تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم یاری ئەنجام درا پێش لەوەی بەپێی سیاسەتێکی ڕێکخراوە وەرزشییە نەرویجییەکان کە لە ساڵی ١٩٣٩ پەسەندیان کردبوو، بەتەواوی قەدەخە بکرێن. ئەوە بوو ئەنجامدانی هەر جۆرە گەمەیەکی وەرزشی لەگەڵ تیپە وەرزشییە بیانییەکان قەدەخە کرا بە پاساوی پاڵپشتیکردنی سیاسەتی بێلایەنی کە حکوومەت پەسەندی کردبوو. ئەم قەدەخەکردنە بیانوویەکی باش بوو بەدەست تیپە وەرزشییە نەرویجیەکانەوە بۆ ڕەتکردنەوەی داواکاریی یاریکردن لەلایەن ئەڵمانەکانەوە.

ئەڵمانەکان جارێکیتر هەوڵیان دا بچنە ڕیزی یانە وەرزشییەکان، ئەفسەرەکان بەتایبەت هەوڵیان دا بچنە ناو یانەکانی تۆپی تێنس. نەرویجیەکان لە هەموو جێیەک سەرکەوتوو بوون لە دوور خستنەوەی ئەو شەپۆلە ئەندامە چارە نەویستراوانە، لەو ڕووەوە پاڵپەستۆی ئەڵمان بەتوندی بەردەوام بوو، بەوە تێپەڕێنرا کە پێشنیاز کرا ئەڵمانەکان یاریگەکانی تۆپی تێنس دەست بەسەردا بگرن یان ماوەی ڕۆژێک یان دوان لە هەفتەیەکدا بەکرێیان بگرن. بەڵام ئەندامیەتیی یانەکانیان هەر لێ قەدەخە بوو، بەوەیش شکست بە هەوڵەکانی هێزە نازییەکان بۆ دروستکردنی دۆستایەتی لەگەڵ برا ئەڵمانەکانیان لە باکور هێنرا.

لە ئەیلوولی ١٩٤٠ چەند هەوڵێکی جیاواز لەلایەن حزبە فاشیە نەرویجیەکان و ئەڵمانەکان درا بۆ دەستگرتن بەسەر ڕێکخستنە وەرزشییەکاندا. لە یەکێ تشرینی یەکەم ئیکسیل شتالنگ وەزیری نوێی خزمەتگوزارییە کرێکاریەکان و وەرزش فەرمانی دا بە هەڵوەشاندنەوەی قەدەخەکردنی یارییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان. لەگەڵ ئەوەیشدا بەرپرسانی ڕێکخستنە وەرزشییەکان پێداگرییان کرد لەسەر سەربەخۆیی بڕیار و هەڵسوکەوتی ڕێکخستنە وەرزشییەکان، بەبێ هیچ دەستێوەردان و لێتێکدانێک لەلایەن حزبەوە.

لە ٤ی تشرینی دووەم بەڕێوەبەرایەتیی خزمەتگوزارییە کرێکاریەکان و وەرزش کۆنگرە ساڵانەکانی ڕێکخستنە وەرزشیەکانی ئەنجام دا. لێژنەی ڕێنوێنی لە کۆمەڵەی وەرزشیی نەرویجی بڵاوکراوەیەکی دەوری بۆ لقەکانی نارد کە باسی لە هەوڵەکانی فاشیەکان دەکرد بۆ دەستگرتن بەسەر ڕێکخستنە وەرزشیەکاندا، هەروەها ئاماژەی بەوە دا لێژنە هەست دەکا توانای درێژەدان بە چالاکییەکانی نەماوە، هیچ ڕێنوێنی و ڕاسپاردەیەکیشی نەدایە ئەندامەکان کە چی بکەن.

لە ٢٢ی تشرینی دووەم شتانگ سەپاندنی چاودێریی بەسەر کۆمەڵەی وەرزشیی نەرویجیدا ڕاگەیاند و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنە دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵەکەی قەدەخە کرد، هەروەها ئاشکرای کرد هەڵبژاردن بۆ بەرپرسانی کارەکانی کۆمەڵە ناکرێ و ناوی ئەندامانی بەڕێوەبردنی

هەر ڕێکخستنێکی وەرزشی دیاری دەکرێ.

بەرپرسانی چالاکییە وەرزشیەکان نامەیەکی ناڕەزاییان نووسی و ناردیان بۆ شتانگ، دەقی نامەکە لە هەندێ بڵاوکراوەی دەوری و بڵاوکراوەی نایاسایی لە وڵاتدا بڵاو کرایەوە. ئەو بەرپرسانە کشانەوەی خۆیان لە ئەنجوومەنەکانی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنە وەرزشییەکان ڕاگەیاند و جەختیان کرد ئیتر بەرپرسیاریەتییەکە لە گەردنی وەزیری دەوڵەتدایە.

لەو کاتەدا ئەندامانی یانە وەرزشیەکان جڵەوی دەستپێشخەرییان گرتە دەست. پێشتر ئامادەکاری کرابوو بۆ ئەنجامدانی خولی زۆرانبازیی ئازاد لەنێوان نەرویج و دانیمارکدا. کاتێ بەرپرسی حزبی فاشیی نەرویجی گەیشتە تونزبێرگ کە بڕیار بوو یاریەکانی لێ بکرێ، ئاگەدار کرا کە هەر ٦٤ زۆرانبازەی بڕیار بوو بەشداری لە یاریەکاندا بکەن دوا کەوتوون. ئۆلاف هلست کە سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕیی کۆمەڵەی وەرزشیی نەرویجی بوو بەر لەوەی حزبی فاشی دەستی بەسەردا بگرێ دەڵێ:

بەوە بەڕەی بەرگریی نیشتمانی بەکردەوە دروست بوو. ئێستە ڕوون بووەوە کە لاوانی وەرزشکاری چالاک قەت مامەڵە لەگەڵ ڕێژیمی نوێدا ناکەن، پێویستە پارێزگاری لەم بەرەیە بکرێ. بایکۆتی هەموو ئەو چالاکییە وەرزشییانە کرا کە ڕێکخستنە وەرزشییەکانی سەر بە فاشیەکان ئەنجامیان دا جگە لە هەندێ حاڵەتی کەم. ئەو بایکۆتکردنە بەشداریکردن و ئامادەبوون لەو ڕووداو و یارییە وەرزییانەیشی گرتەوە. مانگرتنی وەرزشی لەسەر فەرمانی بەرپرسانی باڵا نەبووە، بگرە تەنیا بڕیارێک بوو کە ئەندامانی ئاسایی لە یانە وەرزشیەکانی وڵات دابوویان. چەندان خولی یاریی ناشەرعی و نایاسایی لە پێشبڕکێی گۆڕەپان و خلیسکان لەسەر بەفر و تۆپی پێ و تۆپی تێنس ئەنجام دران کە خەڵکێکی زۆر ئامادەیان بوون، لەکاتێکدا یارییە وەرزشییە ڕەسمیەکان بینەرێکی کەم ئامادەیان دەبوون.

هیلسیت کە پاشتر بوو بە لیوا لە سوپای نەرویجیدا مانگرتنە وەرزشیەکەی بە ڕەتدانەوەیەکی نەرێنیی بێمەرج بۆ هەر داوایەک بۆ بەشداریکردن لە یارییەکی وەرزشیدا لەقەڵەم دا کە ئەڵمانەکان بەشداریی تێدا دەکەن، هەروەها بۆ ئەو مەرسوومەی داوا دەکا وەرزشکارەکان بەشێک بن لە بزووتنەوە وەرزشییەکەی سەر بە ڕێژیمی نوێ.

هەروەها دەڵێ: بایەخی مەعنەویی هەموو بزووتنەوەی بەرگری لەوەدایە کە یەکەم گردبوونەوەی ڕێکخراوە دژ بە هێرشی کارگێڕیی ئەڵمانی، هەروەها لەوەدا بەدرێژایی ماوەی شەڕ لەژێر پاڵەپەستۆدا لە کار بەردەوام بوو.

زانای سیاسیی نەرویجی تۆماس ویللەر لە شرۆڤەکردنیدا بۆ بەرگریکردنی داگیرکردن ئاماژەی بەوەدا کە کاری وەرزشکارەکان بووە بە نموونەیەک کە ڕێگە پیشان دەدا دەبێ ڕێکخستنەکانی تر لەبارەی بەردەوامبوون و نوێبوونەوە یاخۆ ڕاگرتنی چالاکییەکانیان چی بکەن. مانگرتنە وەرزشیەکە بیری هەموو وڵاتی خستەوە کە گەلی نەرویجی هێشتا لە خەبات بەردەوامە.

خاتوو مانی سکودفین یەکێک لە دیارترین مێژوونووسانی ئەو ماوەیە دەڵێ: مانگرتنی وەرزشی سەرتاسەری ولاتی گرتەوە و بەشی زۆری لاوانی خستە ژێر ڕکێفی خۆی. کاتێ وەرزشکارەکان لە یاریگە و ستووتی ڕۆژنامەکان بزر دەبوون، نەدەکرا خەڵک تێبینی ئەوە نەکەن. ئەڵمان و حزبی فاشی تووشی شکستێکی ترسناک بوون کاتێ وەرزشکارەکان ڕەتیان کردەوە بەشداری لە یارییەکاندا بکەن، هیچ نەرویجییەک ناتوانێ چاو لە ئاست ئەو ڕێگەیەی دەربڕینی ڕەتکردنەوەکە دابخا.

مانگرتنی وەرزشی تا ٣ی حوزەیرانی ١٩٤٥ نەوەستا کاتێ چەندان ڕێپێوان بە بەشداریی هەزاران وەرزشکار و خەڵک لە سەرتاسەری نەرویج بەڕێوە چوون بۆ ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی کۆتاهاتنی خەبات و دەستپێکردنی چالاکیی وەرزشی ئازاد.

ئەم نموونەیە لە هەندێ لایەنیەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕێگەکانی بایکۆتکردنی سیاسیدا یەک دەگرێتەوە.

ڕێگەی مانگرتنی وەرزشی لە پورتوگال شێوەیەکی تا ڕادەیەک جیاوازی وەرگرت، کاتێ قوتابیان لە کویمبرا لە ساڵی ١٩٦٢ وەک ناڕەزایی لەدژی سیاسەتی حکوومەت چالاکییە کۆمەڵایەتی و وەرزشییەکانیان ڕاگرت. ئامانج لەم کارە ناڕەزایی وازلێهێنان بوو زیاتر لەوەی هەوڵدان بێ بۆ شکستهێنان بە هەوڵەکانی حکوومەت بۆ گرتنەبەری ڕێگەی نوێ بۆ کۆنترۆڵکردن.

٢- بایکۆتکردنی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان

دەکرێ بە بەشدارینەکردنی بەکۆمەڵ لە هەندێ چالاکیی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو و پێشوازیکردن و ئاهەنگی مۆسیقی وەک ئاهەنگی شەوانە و هی تر، گوزارشت لە گیانی بەرگری بکرێ. لەکاتی داگیرکردنی نازیدا دانیمارکیەکان ڕەتیان دەکردەوە ئامادەی ئاهەنگە مۆسیقییە سەربازییە ئەڵمانیەکان بکەن.

لە ساڵانی ١٩٤٠ و ١٩٤١دا لە نەرویج شەپۆلێکی مانگرتن هۆڵەکانی سینەمای گرتەوە. ئەو شەپۆلە شاری ستاڤنجەر دەستی پێکرد و ئەنجوومەنی ناوخۆیی هۆڵەکانی سینەما هەڵوەشێنرایەوە، بەهۆی ڕێگەنەدانی بە هاتنەژوورەوەی بەخۆڕایی ئەندامانی ڕێکخراوی کویسلینجیی دەستەبژێری ناسراو بەناوی هێرد بۆ ناو هۆڵەکانی سینەما. بە دوای ئەوەدا بینەرانیش گتیان کرد لە ئامادەبوونی بینینی نمایشە سینەماییەکان. ئەم گتکردنە بە مانگرتن لە بینینی نمایشە سینەماییەکان لە ئۆسلۆی پایەتەخت لە مانگی شوباتدا، گەیشتە لوتکە. ئەم نموونەیە پێوەندی بە ڕێگەکانی بایکۆتکردنی ئابووریشەوە هەیە.

لە پۆڵەندا، بزووتنەوی بەرگریی نهێنی خەڵکی قەدەخە کرد لە ئامادەبوونی ئاهەنگە سینەمایی و شانۆییەکان لەو شوێنانەی ئەڵمانەکان بەڕێوەیان دەبەن. ساڵی ١٩٤٢ بزووتنەوی بەرگریی نهێنی بڕیاری پێویستیی قەدەخەکردنی شانۆ پۆڵۆنیەکانی دا، بە شانۆکانی ژێر ئیدارەی ئەڵمانەکانەوە،

هەوالنامەی کتێب

هەروەها دەبێ هیچ پۆڵۆنییەک شانۆ نەخاتە کار. کارسکی دەڵێ هۆی سەرەکیی دەرکردنی ئەم بڕیارە ئەوە بووە ڕێگە بە هیچ پۆڵۆنییەک نەدرێ ئەو شتانە لەبیر بکا کە لە ولاتەکەیدا ڕوویان داوە، یان خۆی بە خۆشییەوە سەرقاڵ بکا ئەگەر بۆ ماوەی دوو سەعاتیش بێ. ڕاگرتنی بەرخۆدان قەدەخە بوو.

۳- بایکۆتکردنی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان

لەوانەیە قوتابی و خوێندکاران بۆ دەربڕینی ناڕەزایی، یان بەرگری بەشێوەیەکی کاتی نەچنە پۆلەکانیان. هەروەها لەوانەیە لەڕێی ئامادەنەبوونی هەندێ وانەوە گوزارشت لە هاوکارینەکردن بکەن. یان لەوانەیە بچنە پۆلەکان بەڵام بەبێ سەرنجدان لەوەی مامۆستا دەیڵێ، وەک کە ساڵی ۱۹٦٥ لە هەڵمەتی داواکردن لە حکوومەت بۆ مۆڵەتدان بە پێکهێنانی یەکێتییەکی قوتابییانەی سەربەخۆ لە زانکۆی مەدرید ڕووی دا، ئەو شێوانەی ئەم جۆرە بایکۆتکردنە دەیگرنە خۆ بێ ئەندازە زۆرن، بەڵام جۆرە بڵاوەکەیان بایکۆتکردنی هەموو پۆلەکانە.

لە سەردەمێکی زووەوە مانگرتنی قوتابیان بە بەرفروانی لە چین و دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتین و بە پلەیەکی کەمتریش لە ئەفریقیا بەکار هاتووە. لە ئەنجامی پەلاماردانی سوپای ئەمەریکا بۆ کەمبۆدیا، مانگرتنی قوتابیان لە ساڵی ۱۹۷۰ بوو بە بەشێکی بەرچاو لە ژیانی ڕۆژانەی زانکۆکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. وەک نموونە، چینیەکان دەری دەخەن مانگرتنی قوتابیان داهێنانێکی نوێ نەبوو. لە چین هەندێ جار مانگرتنی قوتابیان شێوەی ئەنجامنەدانی تاقیکردنەوەی وەردەگرت، یان دژ بە نابێگەردیی ئەوانە دەکرا کە تاقیکردنەوەکانیان تەسیح دەکرد.

لە مەرسوومێکدا کە ساڵی ۱٦۷۳ دەرچوو، ئیمپراتۆر کانگ هسی تێبینی کرد قوتابیە لاوەکان لە هەرێمەکان بەزۆری بەهۆی ناکۆکییان لەگەڵ بەرپرسە حکوومییە لۆکاڵییەکان مانیان دەگرت. هەروەها ئیمپراتۆری چینی یۆنگ شنگیش ساڵی ۱۷۳٤ تێبینی هەمان شتی کرد، هەواڵ گەیشت کە مانگرتنی هاوشێوەی قوتابییان لە ناوچەکانی هەرێمی کوانتونگ ڕووی داوە لە ساڵی ۱۸٥۱، بەڵام ئەم جارەیان لەدژی بڕیارەکانی دادگەکان لەبارەی باج و هەندێ بابەتی تری دارایی.

نموونەکانیتر بریتین لەو مانگرتنەی لە ٥ی ئایاری ۱۹۳٥ قوتابییانی قوتابخانەی ئامادەیی لە قوتابخانەی شاری ڤیلی نێزیک لە شاری سان لویس لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕاگەیەنرا، وەک ناڕەزایی لەدژی دەرکردنی هەندێ مامۆستا لە قوتابخانەکە لەبەر هۆی سیاسی. هەروەها کشانەوەی نیوەی قوتابیان لە قوتابخانەی ئامادەیی یەسوعی لە شیکۆنی لە ڕۆدیسیای باکور وەک ناڕەزایی دژی دەرکردنی چوارده قوتابی کە ئامادە نەبوون ملکەچی هەندێ فەرمانی پێوەندار بە جموجوڵی سیاسی بن. نموونەیەکیتر مانگرتنی قوتابییانی قوتابخانە ئامادەیی و سەرەتاییەکان بوو لە فۆرت جیمسۆن لە ئاداری ۱۹٦۰ لە ڕۆدیسیای باکور (زامبیا) بۆ ڕاگرتنی

هەواڵنامەی کتێب

سەردانە سیاسییەکان بۆ قوتابخانەکان، وەک سەردانەکەی لێژنەی مونتکۆن.

ساڵی ١٨٩٩ مانگرتنێکی سەرتاسەریی قوتابیان لە سەرجەم زانکۆکانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسی ئەنجام درا، وەک ناڕەزایی لەدژی شەلاقکاریکردنی ژمارەیەک قوتابی لەلایەن پیاوانی پۆلیسەوە لە سان پترسبۆرگ. هەروەها لەکاتی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ ئەو مانگرتنە وەستا کە لە مانگی شوبات دەستی پێکرد بەئامانجی کردنەوەی هۆڵەکانی خوێندن لەبەردەم جەماوەردا، بەمەبەستی ڕێکخستنی ئێواره کۆڕ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و دەمەتەقێی شۆڕشگێڕانە.

لە کاتی جموجوڵی بایکۆتکرنی میسری لە ساڵی ١٩١٩، خۆپیشاندانی قوتابیان هێنده دووباره بووەوە کە حکوومەتی ناچار کرد یاسایەکی تایبەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دابنێ.

جموجوڵی بایکۆتکردن کە حوکمی دیکتاتۆری گواتیمالی جۆرج یۆبیکۆی کۆتا پێهێنا لە مانگی حوزەیرانی ١٩٤٤، بە مانگرتنێکی قوتابیان لە زانکۆی نیشتمانی دەستی پێکرد. لە زستانی ١٩٤٠–١٩٤١ لە هۆڵەندا، قوتابیان لە دلفت و لایدن لەدژی دەرکردنی چەند مامۆستایەکی زانکۆ لە زانکۆکە مانیان گرت.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٥، قوتابیانی زانکۆی گرایفسواڵد لە ئەڵمانیای ڕۆهەڵات مانیان گرت لەدژی مەرسوومێکی حکوومی، کە کۆلیجی پزیشکی دەگۆڕی بۆ قوتابخانەیەکی شەڕی بۆ فێرکردنی پزیشکی کە ئەفسەرانی پۆلیسی گەل سەرپەرشتییان دەکرد.

لەوانەیە هەندێ جار مانگرتنی قوتابیان دژ بە هەندێ ناڕەوایی کە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە دەزگە فێرکارییەکانەوە هەیە ئاراستە بکرێ. لە شاری گلاسکۆ لە پایزی ١٩٦٣ کەسوکاری قوتابیان ڕەتیان کردەوە منداڵەکانیان بنێرن بۆ قوتابخانە لەبەرئەوەی بەسەر نۆکەندێکی مەترسیداردا دەپەڕینەوە و لەبری ئەوە پۆلی تایبەتیان ساز کرد.

مانگرتنی هاوشێوەی قوتابیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕووی دا بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەدژی جیاکاریی ڕەگەزی و بارودۆخی خراپی قوتابخانەکان. ئەوە لە شاری نیویۆرک لە ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٦٤ ڕووی دا کە نیو ملیۆن قوتابی لە ماڵەکانیان مانەوە.

لە ٣ی شوباتی ١٩٦٤، ٤٤٪ی قوتابیانی شار نەچوون بۆ قوتابخانە. لەم حاڵەتەی دواییدا ژمارەیەک قوتابخانەی تایبەتی جێگرەوە بۆ فێرکردنی منداڵەکان دروست کران، کە قوتابخانەکانی ئازادی بوون. لە هەردوو حاڵەتەکەدا مامۆستاکان مانیان نەگرت.

لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ لە شاری شیکاگۆ، نێزیکەی ٢٢٤ قوتابی، واتە ٩٠٪ی قوتابیانی زنجی، لە ناڕەزاییدا لە ماڵەکانیان مانەوە. هەر لە شیکاگۆ، لە ٢٥ی شوباتی ١٩٦٤، نێزیکەی ١٧٢ هەزار قوتابیی زنجی (ڕەشپێست) ئامادەی قوتابخانە نەبوون.، دانیشتووانی سپی پێستی شاری نیویۆرکیش چەند بایکۆتکردنێکی کورتخایەنی قوتابخانەکانیان کرد، وەک ناڕەزایی لەدژی ئەو هەوڵانەی لەئارادا بوون بۆ ئامێتەکردنی نەژادەکان لە قوتابخانەکانی دەورەبەردا.

پاش بەسەردادانی کەمبۆدیا لەلایەن سوپای ئەمەریکاوە لە ئایاری ١٩٧٠، کۆلێج و تەنانەت هەندێ لە قوتابخانە ئامادەییەکانیش شەپۆلێکی مانگرتنی قوتابییانیان بەخۆوە بینی کە لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا وێنەی نەبوو. بەپێی ئەو هەواڵنامەیەی کە سەنتەری نیشتمانیی مانگرتنەکان لە زانکۆی براندیس بڵاوی کردەوە، ١٤٢ قوتابخانەی ئامادەیی مانگرتنیان ڕاگەیاندووە یان بڕیاریان دابوو لە ١٠ی ئایار مان بگرن، هەروەها ٤٣١ کۆلێج و زانکۆ لە ٩ی ئایار مانیان گرت.

٤- یاخیبوونی کۆمەڵایەتی

یاخیبوونە لە نەریت یان ڕێسا و سیستم و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان، کە دەزگەیەکی کۆمەڵایەتیی ناحکوومی، وەک دەستەیەکی ئاینی، یانەیەک، ڕێکخراوێکی ئابووری و شتی لەو شێوەیە جێبەجێی دەکا.

ئەم یاخیبوونە کۆمەڵایەتییە لەوانەیە شێوەی جۆراوجۆر وەربگرێ، وەک سەرپێچیکردنی سیستمی کارگەکان بەبێ ڕاگەیاندنی مانگرتن، یان سەرپێچیکردنی فەرمانە کەهەنوتیەکان یان پێشێلکردنی شێوە پێوانەییەکانی قسەکردن و پۆشاک و ڕەفتار. لە هەندێ حاڵەتی تردا ئەو کەسانەی دژ بە بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیی دەستەیەکی دیاریکراوی خەڵکن، لەگەڵ ئەو خەڵکە بایکۆتکراوە برایەتی دەکەن و یاخیبوونی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن. ئەو هندییانەی سیستمی "بێزراوان"یان ڕەت دەکردەوە، لەگەڵ ئەندامانی سەر بە چینی بێزراواندا برایەتییان کرد و بەوە گژبەریی دابڕینی ئاینی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان کرد.

وێڕای ئەوەی لەوانەیە یاخیبوونی کۆمەڵایەتی نەبێتە گژبەرییەک بۆ حکوومەت، یان بە ناڕاستەوخۆ ئەو گژبەرییە بکا، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوانەی یاخیبوونەکە بێزاری دەکردن کاردانەوەیان دەبوو و لەوانە بوو تۆڵەکردنەوە کاردانەوەی پۆلیسی لێبکەوێتەوە. لە هەندێ کاتدا پێشێلکارییەکانی چالاکانی بواری مافە مەدەنیەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ وەلانانی کۆمەڵایەتی دژ بە یەکسانیی کۆمەڵایەتی لەنێوان زنجی و سپی پێستەکان، کاردانەوەی توندی لایەنگرانی جیاکاریی ڕەگەزی لێکەوتووەتەوە. لە گرینگترین نموونەکان کوژرانی جایمس شانی بوو لە ویلایەتی میسیسیپی لە کاتی هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٦٤ بۆ تۆمارکردنی دەنگدەرانی زنجی، هەروەها کوژرانی ئەندرۆ گۆدمن و میخائیل شۆیرنەر و زنجییەک لە ویلایەتی میسیسیپی و دوو پیاوی سپی لە نیویۆرک

٥- کشانەوە لە هەندێ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی

لەکاتی کێشەکاندا و وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی ناڕەزایی، لەوانەیە هەندێ ئەندام لە ڕێکخراو و دامەزراوەی جیاواز دەست لەکار بکێشنەوە، یان بەبێ ئەوەی لە ئەندامیەتی بکشێنەوە بەشداریی چالاکییەکانی ناکەن. نموونەکان لێرەدا پێوەستن بە گرووپە ئاینییەکان، بەڵام دەکرێ

لەسەر دامەزراوەکانی تریش پیادە بکرێ.

لە چارەکی یەکەمی سەتەی نۆزدەیەمدا و لە ئەنجامی شکستهێنانی هەوڵەکانی قایلکردنی کەنیسەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی توندتر دژی کۆیلایەتی بگرنەبەر، زۆر لە بانگەشەکارانی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی و لایەنگری گاریسۆن پەنایان بۆ هەنگاوێکی ڕیشەیی برد، ئەویش کێشانەوەی ئەندامیەتییان بوو لە تایفە ئایینییەکانیان.

ساڵی ١٨٤٠ سەرنووسیارێک لە بانگەشەکارانی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی کە ناوی ڕۆجەرز بوو ناوی خۆی لە کەنیسە سەربەخۆکەی بلایمۆس-نیوهامبشایر کێشایەوە پاش ئەوەی هەوڵەکانی شکستیان هێنا بۆ قایلکردنی کەنیسەکەی تا سەرکۆنەی هەموو کەنیسە سەربەخۆکان و کاهینەکانیان بکا کە وابەستەن بە سیستمی کۆیلایەتییەوە و لە هاوڕێیەتیی ئەو کەنیسانە بکشێنەوە.

ڕایت، بریکاری گشتی لە کۆمەڵەی ناتوندوتیژی، کە دەستەیەک بوو خۆی بۆ پاڵپشتیکردنی ناتوندوتیژانەی ئەخلاقی تەرخان کردبوو، لە هەمان ساڵدا ئەندامیەتیی خۆی لە کەنیسەکەی کشاندەوە پێش ئەوەی دەرفەت بۆ کەنیسەکە بڕەخسێ ئەو لە ئینتیمای ئاینی بێوەری بکا. هەر لەو ساڵەدا ئاموس ود شەماسی کەنیسە سەربەخۆکەیش، کە ئەندام بوو لە کۆمەڵەی بەرگریی ناتوندوتیژانە لە کۆنکۆرد-ویلایەتی نیو هامبشایەر، لە کەنیسەکەی کشایەوە و دەستی کرد بە خزمەتکردنی کۆمەڵگەیەکی بچووک لە ئیمانداراندا بەرهەڵستیی کۆیلایەتی.

کشانەوەی هەندێ ئەندام لە کەنیسەکانیان لەبەرئەوەی حزبێکی سیاسی یان دەوڵەت بەسەر ئەو کەنیسەیەدا زاڵ بووە، ئەو کارە وەک بایکۆتکردنی ئەو ڕێکخستنانەی دەوڵەت پاڵپشتییان دەکا پۆلبەندی دەکرێ، کە ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی بایکۆتکردنی سیاسی.

## کشانەوە لە سیستمی کۆمەڵایەتی

١- لە ماڵ مانەوە

زۆر جار ڕێگەی مانەوە لە ماڵەوە شانبەشانی شێوەی تری مانگرتن ئەنجام دەدرێ، لەگەڵ شیمانەی ئەوەی ئەم ڕێگەیە بەتەواوی پاش سەعاتەکانی کارکردنی ڕۆژانە ئەنجام بدرێ. بەپێی ئەم شێوەیەی مانگرتن، دانیشتووان بەگشتی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ماڵەکانیاندا دەمێننەوە، کە وا باوە لەبەر هۆیەکی سیاسییە. بەگشتی ئەم جۆرە مانگرتنە ماوەیەکی کورت دەخایەنێ و لە ڕۆژێک یان ئەوپەڕەکەی دوو ڕۆژ زیاتر ناخایەنێ. ئەم مانگرتنە بە بەرنامە دەکرێ ئەگەرچی ئەگەری ئەوە هەیە خۆبەخۆش بکرێ، جگە لەوەی دەرفەتی ڕووداوی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی کەم دەکاتەوە، ڕادەی یەکڕیزی و ڕێکخستنی نێو دانیشتووان پیشانی دژبەرەکەیش دەدا.

ئەم ڕێگەیە لە باشووری ئەفریقیا لە چەند بۆنەیەکدا بەکار هاتووە، ئەوە بوو لە ٢٦ی حوزەیرانی

١٩٥٠ خەڵک بۆ ماوەی ڕۆژێک لە ماڵەکانیان مانەوە، بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە دەرکردنی یاسای ناوچەکانی گرووپەکان و هەڵوەشاندنەوەی یاسای شیوعیەت و هەروەها وەک دەربڕینی تازیەباری بۆ شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی. ئەم مانگرتنە لە شارەکانی جۆهانسبێرگ و بۆرپ ئەلیزابیپ و دوربان کاریگەرییەکی تایبەتی هەبوو.مانگرتنێکی هاوشێوە لە ئەنجامی تەقەکردن لە شاری شاربفیل لە ئاداری ١٩٦٠ ڕووی دا. دانیشتووانی بۆدابێستی پایەتەخت بەشەو لە ماڵەکانیان مانەوە و شەقام و شوێنەکانی بەزم و ڕابواردن بە چۆڵی و بێ سەردانیکەر هێشتەوە، ئەویش پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی مەجەری لە ساڵی ١٩٥٦ و ڕاگەیاندنی لەداردانی ئەمری ناجی سەرۆک وەزیرانی پێشوو و ژمارەیەکی تر.

٢- هاوکارینەکردنی تەواوەتی لەلایەن تاکەکەسەوە

لە هەندێ حالەتی زۆر دەگمەندا, بەندکراوێک ڕەتی کردەوە جگە لە هەناسەدان هیچ شتێک بکا، ئەویش لەبەرئەوەی بڕوای وایە بەندکردنەکەی بە شێوەیەکی ستەمکارانە و لەبەر هۆی ئەخلاقی یان سیاسی بووە. بەناوبانگترین حاڵەتی ناسراو لەم بارەوە ئەوە بوو یەکێک لە بانگەشەکاران بەناوی کۆربیت بیشوب لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا پێی هەستا:

بیشوب وەک سەرەتا هاوکاری لەگەڵ بەرنامەی خزمەتی سەربازی بەدیل کرد کە بۆ بانگەشەکارانی بایکۆتکردنی شەڕ دانرابوو,کە بەرنامەی خزمەتی مەدەنیی گشتییە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بڕیاوەرەکانی لەسەری پێویست دەکەن هەموو شێوەکانی هاوکاریکردن ڕابگرێ. پاش ئەوەی ڕەتی کردەوە بەردەوام بێ لە کارکردن بەپێی بەرنامەی خزمەتی مەدەنیی گشتی، لە ٩ی ئەیلولی ١٩٤٤ دەستگیر کرا. بیشوب ڕایگەیاند کە گیانی بەتەواوی ئازادە، ئەگەر ئەو ئەفسەرانەی فەرمانی بەندکردنیان داوە دەیانەوێ جەستەیان دەست بکەوێ ئەوا دەبێ ئەو ئازەزووەیان بە بێ هیچ یارمەتییەکی ئەو بەدەست بێنن. لە کاتی مانەوەی لە گرتووخانەی فیدرالّی لە میلان-میچیگان، ڕەتی کردەوە نان بخوا و بوەستێ یان جل لەبەر بکا، لەڕێی بۆرییەوە بە زۆر خواردنی درایە. پاش ٨٦ ڕۆژ لە زیندان، بە تۆمەتی بە جێهێشتنی سەربازگەی بەرنامەی خزمەتی مەدەنی گشتی برایە بەردەم دادگە. بەڵام قازی بڕیاری دا بە بێ کەفالەت ئازدی بکا تا ئەو کاتەی بڕیاری کۆتایی دەردەچێ. بیشوب ئامادە نەبوو بچێتە دانیشتنی دادگەییەکە بۆیە لە ٢٠ی شوباتی ١٩٤٥ جارێکی تر لە فیلادلفیا گیرایەوە. لە کاتی دانیشتنەکانی دادگەدا جووڵەی لە خۆی بڕی و هەروا مایەوە و بە کۆمسیاری حکوومەتی فیدرالّی گوت: "بە هیچ شێوە و ڕێگەیەک هاوکاری ناکەم منیان هێناوە بۆ ئێرە، ئەگەر بڕیارت دا لای خۆت بمپارێزی دەبێ بمگوێزیتەوە بۆ دەرەوە. شەڕ کارێکی شەڕانگێزانەیە و نامەوێ بەهیچ شێوەیەک دەستم تێیدا هەبێ. لاشە بێجووڵەکەی لە٢٦ی شوبات بۆ هۆڵی دادگە لە فیلادلفیا گوێزرایەوە، پاش تەواوبوونی دادگەییەکە بۆ شاری گراند ڕابیدس گوێزرایەوە و سزای غەرامەکردن و ٤ ساڵ

بەندکردنی بەسەرا سەپێنرا. بیشوب لە هاوکارینەکردنی تەواوەتیی کەسی بەردەوام بوو تا لە کۆتایدا پاش بەسەربردنی ١٤٤ ڕۆژ لە گرتووخانە ئازاد کرا بەبێ ئەوەی بەڵێنی شەرەفی لێوەربگیرێ و بەبێ ئەوەی هیچ بەڵێننامەیەک ئیمزا بکا بەپێی پلانی ئازادکردنە مەرجدارە تایبەتەکە کە بەپێی فەرمانی ٨٦٤١ دەرچووبوو. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەری پێویست بوو لە کێڵگەیەکی هەروەزی لە ویلایەتی جۆرجیا کاربکا. کاتێ ڕازی نەبوو ئەوە بکا جارێکی تر لە یەکی مانگی ئەیلوول لە شاری بیریا لە ئۆهایۆ گیرایەوە و ئەم جارەیان تۆمەتی شکاندنی بەڵێنی شەرەفی درایە پاڵ. جارێکی تر جووڵەی لە خۆی بڕییەوە و دەستی بە هاوکارینەکردن کردەوە. سەرلەنوێ گێڕدرایەوە بۆ گرتووخانەی میلان بۆ تەواوکردنی ماوەی سزاکەی. پاش ئەوەی بیشوب بەردەوام بوو لە نەکردنی هیچ شتێک، هەروەها لە ئەنجامی ئەو وتارە ڕۆژنامەوانیانەی پشتگیریان لێدەکرد، وەزارەتی داد لە ١٢ی ئاداری ١٩٤٦ ئازادی کرد لەوەشدا پشتی بە یاسای بەڵێنی شەرەف بەست بەبێ هیچ مەرجێک و بەبێ ئەوەی هیچ بەڵێننامەیەک ئیمزا بکا. پاش ١٩٣ ڕۆژ لە هاوکارینەکردنی تەواوەتی، کۆتایی بەوە هێنا و گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی لە هاملتۆن- ئەلاباما.

٣- هەڵاتنی کرێکاران

لەم ڕێگەیەدا، کە پێش ڕێگەی مانگرتن کەوتووە، کرێکاران و جووتیاران لە کارکردن دەوەستن، ماڵەکانیان بەجێ دێڵن و بۆ شوێنی تر هەڵدێن بەبێ ئەوەی هیچ مەرج و داواکارییەک بۆ گەڕانەوەیان دیاری بکەن. لەو حاڵەتە میسرییانەی لە خوارەوە باسیان دەکەین، وا دیارە کشانەوەکە کاتییە بەڵام مەرج نییە کورتمەودا بێ، لەکاتێکدا لە حاڵەتە ڕووسییەکاندا یەکجاری بووە، وەک هەمان حاڵەتی کۆیلەکان لە ئەمەریکا.

کاتی بارودۆخی ژیانی جووتیاران لە میسری کۆن لە تاقەت دەرچووە، پەنایان بۆ هەڵاتن بۆ پەرستگەکان بردووە تا خواوەندەکان بیانپارێزن، یان پەنایان بۆ زەلکاو و بیابانەکان بردووە.(٧٦) ئەم هەڵسوکەوتە ڕواڵەتێکی تایبەتی ژیانی میسری بووە و لانی کەم تا سەدەی دووەمی پاش زایین پێڕەو کراوە. م. ڕوستۆفتسی دەڵێ:

کاتی خراپیی بارودۆخی ژیانی جووتیاران لە میسری کۆن لەوە تێپەڕیوە بەرگەی بگیرێ، بەشێوەیەک ژیان بووە بە بارێکی گران لەسەر هەر کۆمەڵە خەڵکێک، ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە پەنایان بۆ ڕێگەی بەرگریکردنی نێگەتیڤ، واتە بۆ مانگرتن دەبرد. مانگرتنەکە وەک سوورىبوونێک بوو لەسەر سپاردنی کێشەکەیان بە حوکمی خوداوەند. بەو کارە ماڵەکانیان بەجێ دەهێشت و پەنایان بۆ ژیان بەسەربردن لەنێو پەرستگەکان و درێژەدان بە ئەنجامنەدانی هیچ چالاکییەک دەبرد، تا ئەو هەڵەیەی هەیە چاک دەکرێ یاخۆ ناچار دەکرێن دەست بە کارەکانیان بکەنەوە.ئەم مانگرتنانە بە یۆنانی پێیان دەوترا تەنیابوونەوەکان.

لە سایەی ئەو هەلومەرجە دژوارەی لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا لە هەردوو سەدەی یەکەم و

دووەمـدا زاڵ بوو، چەندان گـوند ڕەتیـان کردەوە بـاج بدەن یان کـاری زۆرەملێ بکەن و پەنـایان بۆ ڕێگە مـیسرییـە کۆنەکە برد لە مـانگرتندا، واتە بەجێهێشـتنی گوندەکان و ژیان بەسـەر بردن لە زەلکاوەکانی دەلتا نیلدا.، لە سەردەمی ئیمپراتۆر کومۆدۆس (١٧٦–١٩٢ ز) ژمارەی ئەوانەی لەتاو باج و کاری زۆرەملێ لە گوندەکانەوە بۆ زەلکاوەکانی دۆڵی نیل هەڵدەهاتن زیادی کرد، بەشێوەیەک هەڵاتووەکان توانییان بە سەرکردایەتیی یەکیک لە کاهینەکان گژبەریی حکوومەتی ئیمپراتۆری بکەن.

لەگەڵ ئەوەیشدا هەڵاتن وەک ڕێگەیەک لە ڕێگەکانی مـانگرتن تەنیا لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا قەتیس نەبوو. ئەوە بوو لە بەزەییـنامەیەکدا کە بۆ ئیمپراتۆر کومۆدیۆسیان بەرز کردەوە، ژمارەیەک لەو جـووتیـارانەی زەویەکانـی کێڵگەی شـاهانەیان بە کرێ گرتبوو کە دەکەوتە ئەفریقیـای باکور، وریاییـان دا ئەگەر بارودۆخیـان باش نەکرێ "هـەڵدێین بۆ جێیـەکی تر کە بتـوانین تێیـدا بە ئازادی بژین".

لە هەردوو سـاڵی ١٨٦٠ و ١٨٧٠ هەندێ جـار کرێکارانی بـە ئەسڵ جـووتیـار دژ بە هـەلومـەرجی سـەختـی کـار یاخی دەبوون و کـارەکـەیان بەجـێ دەهێـشت و دەگـەڕانەوە سـەر پیـشی وەرزێری. هەردوو سـاڵی ١٨٦٠ و ١٨٦١ کرێکارانی کانەکان و ڕێگەوبان و هێڵی ئاسنین ڕەتیان کردەوە لەو بارودۆخەدا لە کارکردن بەردەوام بن:

حاڵەتە زۆر مـەترسـیدارەکان حاڵەتی هـەڵاتنیان لەخـۆ گرت لەلایەن ئەوانەی هەندێ ئـومێـدیان هەبوو کە پارچەیەک زەوییـان دەست بکەوێ تا وەک جـووتیـار دەست بە ژیانی سـرووشتیـی خـۆیان بکەنەوە، زیاتر لەوەی حاڵەتی گتکردن لە کار بێ.

هەندێ جـمـوجـوڵی لـەم جـۆرە، بۆ نمـوونـە، لەنێـوان ئەو کـرێکارانە ڕووی دا کـە لە هەڵکەندنی نۆکەندێکی نوێدا لە لادۆگا و هەندێ پڕۆژەیتری هاوشێوەدا کاریان دەکرد. سـاڵی ١٨٦١ نێزیکەی پەنجا کرێکار بەهۆی بەجێهێشتنی کارەکانیانەوە دارکاری کران.

فانتۆری باس لەوە دەکا پێدانی هەندێ ماف بەخێرایی کۆتایی بە زۆربەی حاڵەتەکانی ناڕەزایی هێنا. بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە بۆ چەندان سـاڵ بەردەوام بوو، دیارە بەدڵنیـاییـەوە ئامرازێک نەبوو بەهۆیەوە تاکەکان بتوانن پیشەکانیان بگۆڕن، بەڵکو وەک ئامرازێک بووە بۆ بەرگریی کۆمەڵایەتی.

فـانتـۆری هەروەها دەڵێ لەنێـوان سـاڵانی ١٨٧٠ و ١٨٧٩ چل و نـۆ حـاڵەت ڕووی دا تێـیـدا کرێکاران بەشـێوەیەکی ڕێکخـراوە کارەکانیان بەجێ هـێشـتووە، هەڵاتنیش بەردەوام ئامـرازێکی بەرگری بووە کە کرێکاران هەندێ جار بـۆ دەربازبوون لەو دۆخـەی تێیـدا ژیاون کاتێ دەگەیشتە ڕادەیەکی زۆر ستەمکارانە، پەنایان بۆ دەبرد.

کۆیلەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەشـێوەیەکی کاتی یاخۆ هەمیشـەیی پەنایان بۆ هەڵاتن دەبرد. ئەو کۆیلانەی خـاوەنەکانیـان بەکـرێ دەیاندانە هەندێ خـاوەنی تر، هەندێ جـار لە خـاوەنە نوێکان هەڵدەهـاتن، جـا یان بە گەڕانەوە بۆ خـاوەنە کۆنەکانیـان، یان خـۆشـاردنەوە تا ئەو

کاتەی بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەر کاریان دەدا.

هەروەها فیلیپسیش باسی ئەم جۆرە بەرگرییەی کردووە کە کۆیلە ئەفریقییاییەکان پەنایان بۆ بردووە:

ناوبەناو، دەستەیەکی گەورەتر لەدژی مامەڵەی دڵڕەقانە مانیان دەگرت. یەکێک لەم حاڵەتانە لە نامەیەکدا باس کراوە کە چاودێرێک لە ویلایەتی جۆرجیا بۆ خاوەنکارێکی غایبی ناردووە: گەورەم، بۆت دەنووسم تا ئاگەدارت بکەم کە شەش کرێکار کارەکانیان لە کێڵگەکە بەجێ هێشتووە. کارەکەیان تووڕەی کردم و چەند قامچییەکم لە هەندێکیان دا... بەیانیی چوارشەم لە کێڵگە نەمبینین، پێم وایە لە جێیەک خۆیان شاردووەتەوە تا تۆ یان جاکی مامت دەبینن..

لەو کاتەدا کۆیلەکان بۆیان نەبووە ڕاستەوخۆ دانوستاندن بکەن، بەڵام دەیانتوانی لەو کاتەی خۆیان حەشار داوە، پەیامی خۆیان لەبارەی مەرجەکانی گەڕانەوەیان لەڕێی ئەو کۆیلانەی لە کێڵگە نێزیکەکاندا کاریان دەکرد بگەیەننە چاودێرەکە، یان لەوانەیە چاوەڕوانی ئەوە بکەن خاوەنی کێڵگەکە بەزوویی بگات تا تکای لێ بکەن ئەو ستەمانەی لەسەریانە هەڵبگرێ. وێڕای سادەیی ئەم هەڵوێستە، بەڵام خاوەنی کێڵگەکە نەیدەتوانی ئەوە نادیدە بگرێ کە کۆیلەکان دەتوانن جارێکی تر بە دووبارەکردنەوەی کارەکەیان پاڵپەستۆ دروست بکەنەوە.

فریدریک ئۆڵمستید کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا چەندان گەشتی بەو ویلایەتانەدا کرد کە ڕێگەیان بە کۆیلایەتی دەدا، باسی لە چەند حاڵەتێکی هەڵاتنی کۆیەلکان بۆ زەلکاوەکان کردووە وەک پەرچەکردارێک بۆ کۆتە تاقەتپڕوکێنەکانی کار یاخۆ مامەڵەکردنی دڵڕەقانە.

ئەگەر کۆیلە هەستی کرد حەزی لە کارکردن نییە، بەتایبەت ئەگەر بەباشی ڕەفتاری لەگەڵ نەکرێ، یان لەو خاوەنکارە ڕازی نەبێ کە بەکرێی گرتووە، ئەوە خۆی نەخۆش دەخا، یان تەنانەت هەر بە ڕاستی خۆی نەخۆش دەخا یان وا دەکا نەتوانێ جوولە بکا بۆ ئەوەی ناچار نەبێ کار بکا، زۆربەی جاریش ناگەڕێتەوە بۆ لای گەورەکەی تا ماوەی ئەو ساڵە بەسەر دەچێ کە تێیدا بۆ کارکردن بە کرێ گیراوە. ئەو کاتە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کە خۆشحاڵ دەبێ بەوەی کۆیلەکەی گەڕاندۆتەوە و لە زەلکاوەکاندا نەکردووە یاخۆ هەڵنەهاتووە بۆ کەنەدا. خاوەنەکەی لەبیری دەکا سزای بدا و دەستبەجێ دەینێرێتەوە بۆ کارکردن لای گەورەیەکی تر.

هربرت ئەبتیکەر پێداگری کردووە لەسەر گرینگیی هەڵاتن لە خەباتی کۆیلەکاندا، هەروەها ئاماژەی ببە بایەخی ئەم ڕێگەیە کردووە لە بەدەستهێنانی دەستەواژە (صفقه)دا:

ئەو ڕێگەیە سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە تێیدا کۆیلەکان هەڵدەهاتن بۆ زەلکاو و دارستانە دوورەکان و پەیامێکیان دەگەیاندە خاوەنەکانیان کە ئامادەن بگەڕێنەوە ئەگەر بێتو داواکانیان جێبەجێ بکەن یاخۆ لانی کەم قسە لەبارەی ئەو داوایانەوە بکەن، بەوەی لە ئەنجامی ئەو کارەدا خواردن و جلوبەرگی باشتریان دەست کەوت، یان دەستەهەڵگرتن لە سزادانیان مەگەر بە چەند شەلاقێکی کەم نەبێ و هەروەها کەمکردنەوەی سەعاتەکانی کارپێکردنی ڕۆژانەیان، یان تەنانەت

دانانی چاودێرێکی نەرمتر بەسەریانەوە.

لەکاتی شەڕی ناوەخۆدا زنجیرەکان مەرجێکی تریشیان بۆ گەڕانەوە زیاد کرد، ئەویش پێدانی کرێیەکی دیاریکراو بوو، کە هەندێ جار سەری دەگرت، بەو شێوەیەش خۆیان لە شمەکێکەوە کە کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا، بۆ کرێکارێک کە کرێ وەردەگرێ بەرز کردەوە.

ئەم مەرجەی دوایی گرینگییەکی گەورەی هەبوو، لەبەرئەوەی ئاماژەی بە شیمانەی خەڵوەتکردنی خۆیی دا لەڕێی خەباتی ناتوندوتیژانە لەلایەن کۆیلەکان خۆیانەوە.

هەروەها کۆیلە ئەفریقییەکانیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکان پەنایان بۆ هەڵاتن دەبرد وەک ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لە کۆیلایەتی لەڕێی بەجێهێشتنی ئەو ناوچەیەی ڕێگە بە کۆیلایەتی دەدا.

یەکێک لەو شوێنانەی بۆ یەکەم جار پەنایان بۆ برد ناوچەی فلۆریدای ئیسپانی بوو. ساڵی ١٧٣٠ چەندانیان بۆ ئەوێ هەڵاتن و گفتی ئازادکردنیان پێدرا، هەر وایش دەرچوو و بەپێی یاسای ئیسپانیایی ئازادییان بەدەست هێنا. ئەوە بوو مەرسوومێکی شاهانە لە ساڵی ١٧٣٣ دەرچوو کە ڕێگە بە سەرجەم ئەو کۆیلە هەڵاتوانەی دێنە فلۆریدا دەدا بە ئازادی بژین. پاشتریش زۆر لە کۆیلەکان، زیاتر بە یارمەتیی ئەو گرووپانەی داوای هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتییان دەکرد، بۆ ویلایەتەکانی باکور هەڵهاتن و لەوێوە دەچوون بۆ کەنەدا. تۆڕی هەڵاتن کە بەناوی "شەمەندەفەری نهێنی" ناسرا یارمەتیی ژمارەیەکی زۆر کۆیلەی دا تا ئازادی بەدەست بێنن. دۆخی یاساییان لە ویلایەتەکانی باکور جیاواز بوو لە ویلایەتەکانی تر و بەپێی ئەو یاسایانەی دەردەچوون و بەپێی بڕیاری دادگەکان دەگۆڕا، هەر بۆیە ئەم حاڵەتە تایبەتانەی هەڵاتن، تایبەتمەندیی هەڵاتن و کۆچکردنی ناڕەزاییانەیان هەبوو، بەڵام بە پلەی جیاواز.

٤- پەنابردن بۆ هەندێ شوێن کە پارێزبەندیی مەعنەوییان هەیە

پەنابردن بۆ هەندێ شوێن کە پارێزبەندیی مەعنەوییان هەیە و بەڵای دژبەرەکەوە گرینگن، ڕێگەیەکە کەس یان گرووپێک پەنای بۆ دەبەن. گرووپەکە دەکشێنەوە بۆ ئەو جێیەی ناتوانرێ دەستی بۆ ببرێ بەبێ ئەوەی سنووری حەرامکراوە ئاینی یان ئەخلاقی یان کۆمەڵایەتی یان یاساییەکان ببەزێنێ. ئەم حاڵەتە دژبەرەکە دەخاتە هەڵوێستێکی نوێ و دژوارەوە. زۆر جار کەنیسە و پەرستگە و شوێنەکانی تری پەرستن وەک پەناگەی ئارام بەکار هاتوون. کاتێ میسرییە کۆنەکان پەنایان بۆ ڕێگەی هەڵاتن دەبرد و پەنایان دەبردە پەرستگەکان، بەوەیش ڕێگەیەکی ئاوێتەیان بەکار دەهێنا لە هەردوو ڕێگەی هەڵاتن و پەنابردن بۆ ئەو شوێنانەی پارێزبەندیی مەعنەوییان هەیە. کاتێ لە زەلکاوەکان خۆیان حەشار دەدا تەنیا ڕێگەی هەڵاتنیان بەکار دەهێنا. نموونە لەم بارەیەوە لە کەلەپووری مەسیحی و ئیسلامیدا بەرچاو دەکەوێ.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەورووپای مەسیحی ئەو بکوژ و شەقاوانەی دانیان بە گوناهەکانیاندا دەنا، هەروەها بێتاوانەکانیش، دەیانتوانی پەناگەی ئارامیان لە حەرەمی پیاوە

ئاینییەکان و شوێنە پیرۆزەکان دەست بکەوێ. دۆخی ئێستەی ڕێگەی پەنابردن لە شوێنێکی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەویدا لە یاسای کەنەسیی کاسۆلیکی ژمارە ١١٧٩ دیاری کراوە، کە پاپا بنێدکتی پازدەیەم لە ساڵی ١٩١٧ دەری کردووە، کە پشتی بە یاساگەلی پێشتر بەستووە.

ساڵی ١٩٦٨ لە چوارچێوەی بەرگریکردنی سیستەمی بەسەربازکردنی زۆرەملێدا، ڕێگەی پەنابردن بۆ شوێنە خاوەن پارێزبەندییە مەعنەوییەکان زیندوو کرایەوە. کەنیسەکان بە پلەی یەکەم و پاشتریش زانکۆکان بوون بە جۆرێک لە پەناگەی ڕەمزی بۆ ئەو لاوانەی بەهۆی سەرپێچیکردنیان لە فەرمانەکانی بەسەربازکردنی زۆرەملێ دەسەڵاتداران بەدوایانەوە بوون.

قەشە ویلیام کوفین لە کەنیسەی یەکتاپەرستە-ڕزگارییەکان لە شەقامی ئەرلنجتۆن لە بۆستن، کە سێسەد لاو کارتی خزمەتی سەربازییان دابووە دەست کاهینەکان، وتارێکی ئاینی پێشکێش کرد و تێیدا باسی ئەو بابەتەی کرد. لەو ئامۆژگارییەدا گوتی: کەنیسەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەیانتوانی پەناگەی ئارام بۆ زۆربەی تاوانبارانی ئاسایی دابین بکەن، ئەی بۆچی ئەمڕۆ ناتوانن هەمان کار لەگەڵ خاوەن باشترین ویژدانە یندووەکان بکەن؟ ئەگەر کەنیسە خۆی بە پەناگەی ئارامی ویژدان ڕابگەیەنێ، ئەوا پێویستە ئەم ڕاگەیاندنە بە کەمتر لە ئامرازێک بۆ پاراستنی پیاوێک و زیاتر لە ئامرازێک بۆ ناساندنی کەنیسە دابنرێ، کۆششێکی چالاکیشە بۆ ئەوەی وا لە کەنیسە بکرێ بە ڕاستی کەنیسە بێ. ئەگەر دەوڵەت بڕیاری دا کە دەستی یاسا درێژە و دەگاتە ناو کەنیسەکان، ئەوا ئەندامانی کەنیسە شتێکی ئەوتۆیان پێناکرێ بۆ ڕێگرتن لە دەستگیرکردنی کەسێک، بەڵام دەتوانن ئاماژە بەوە بکەن کە پێشتر جەختیان لەسەر کردووە، کە پارێزبەندیی ویژدان پێشێل کراوە.

لە ٢٠ی ئایاری ١٩٦٨ ئەم کەنیسەیەی بۆستن شوێنێکی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەوی دایە لۆربرت تالمانسون و ولیام شیز کە بەهۆی یاخیبوونیان لە فەرمانەکانی خزمەتی سەربازی داواکراو بوون. لە ٢٣ی ئایار هەردووکیان گیران: تالمانسۆن داڕوخا و هەر لەسەر دوانگەکەیەوە کە هەندێ لە نووسینەکانی لاوتسی دەخوێندەوە، گوێزرایەوە. ئەنتۆنی مولانی کاهینی کاسۆلیکی وریایی دایە ئەو ئەفسەرانەی چوونە ناو کەنیسەکە بۆ گرتنی تالمانسۆن، کە بەو کارەیان خەریکە شوێنێکی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەوی دەبەزێنن. ئەو کاهینە و کاهینێکیدی لەو کەسانە بوون کە لە دەرەوەی کەنیسە لێیان درا و پاشتر دەستگیر کران.

حاڵەتی هاوشێوە بۆ ڕێگەی پەنابردن بۆ شوێنەکانی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەوی لە بروفیدانس-رود ئایلاند تۆمار کران و هەندێ کەنیسە لە شارەکانی نیویۆرک و دیترۆیت و سان فرانسیسکۆ ڕایانگەیاند دەرگایان والایە لەبەردەم ئەوانەی هەوڵ دەدەن پەنا ببەنە بەر ئەو شوێنانەی پارێزەندیی مەعنەوییان هەیە.، پاش ئەوەی هەندێ شوێنی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەوی لە کەنیسەکانی کۆلێجی لاهوت لە زانکۆی هارفارد و لە کۆلێجی لاهوت لە زانکۆی بۆستن دابین کران، شوێنێکی خاوەن پارێزەندیی مەعنەویی نائاینی لە ناوەندی قوتابییان لە

پەیمانگەی ماساشوسیتس بۆ تەکنەلۆجیا و هەندێ زانکۆی تر دەستەبەر کرا. گرووپێکی بەرگریکار لە زانکۆی هاوای ڕایگەیاند وەک هێمایەک بۆ بەرەنگاریکردنی ستەم، ئەمڕۆ ڕێگەی پەنابردن بۆ جێگەیەکی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەوی بە کارایی دەمێنێتەوە لە بزواندنی ویژدانی مرۆڤ، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئەو نەریتە کە لە چاخە ڕابردووەکانی ئەورووپا و هەروەها لە هاوایی کۆن باو بووە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ڕەسمی دانی پێدا نەنراوە.

ڕەنگە لەو حاڵەتانەی لەڕووی سیاسییەوە لە پێڕەوکرنی ئەم ڕێگەیەدا جێی بایەخ بێ، ئەوە بێ کە لەکاتی شۆڕشی ئێرانی لە ساڵانی ١٩٠٥ و ١٩٠٦دا تۆمار کرا، ئەوە جگە لە ڕێگەی تری وەک داخستنی بازاڕە بازرگانییەکان. ئەو نموونە ئێرانییانە هێندە گرینگن شایستەی ئەوەن وردەکاریی زیاتریان لەبارەوە بدرێ. ڕێگەی پەنابردن بۆ جێگەیەکی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەوی ڕێگەیەکی کاریگەر بوو بەهۆی ئەو باوەڕەی کە پێی وابوو دەسەڵاتی شا شەرعیەتی خۆی لە ڕیشەگەلێکی ئاینیەوە وەردەگرێ، لێرەشەوە کاتێ ڕابەرەکانی ئیسلام لە ئێران شوێن ئەم ڕێگەیە دەکەوتن، بە کردەوە ئەو بنچینە ئاینییانەیان تێک دەشکاند کە شا بۆ حوکمکردنی وڵات پشتی پێ دەبەستن.

هۆی جیاواز بوونە مایەی وەرسووڕان لە دەسەڵاتی شا موزەفەرەدین. گەلەکەی بەهۆی زێدەمەسرەفی و حەزکردنی لە گەشت ڕقی لێی هەستا، هەروەها بەهۆی ئەو باجانەی فەرمانبەرە بەلجیکییەکانی سەپاندبوویان و لوتبەرزیی ئەمانە و ڕێگەدانی بە خاوەن ئیمتیازاتە بیانییەکان بۆ تاڵانکردنی سامانی وڵات، هەروەها بەهۆی ملهوڕیی وەزیرە یەکەمەکەی عەبدولحەمید کە بە نازناوی "چاوی دەوڵەت" ناسرابوو. ئەو باوەڕە بڵاو بووبۆوە کە ئەو پیاوە بەهێزەی کۆشک لەگەڵ بەلجیکی و ڕووسییەکاندا پیلان دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئێران دەگێڕێ.

لە مانگی نیسانی ١٩٠٥، شا لە ڕێی خاکی ڕووسیاوە بۆ تەواف چووە شاری مەشهەد و فەرمانبەرێکی گەورەی ڕووسیش یاوەریی دەکرد، بەوە بێزاریی سەرتاسەری تارانی پایەتەختی گرتەوە. زۆر لە بازرگانەکان پەنایان بردە مەزارگەی شا ئەبولعەزیم کە نزرگەیەکی پیرۆزە لە نێزیک تاران و بازاڕەکانیش بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ داخران.

پاشتر سکاڵای تری جیاواز سەریان هەڵدا کە یەکێکیان تایبەت بوو بەو توندوتیژییەی حکوومەت لە مەشهەد لە سایەی دەسەڵاتی زاڵمانەی وەزیر ئەساف ئەلدەولەدا بەکاری هێنا. ئەو بەرپرسە فەرمانی دا بە سەربازەکانی تەقە لە ئاپۆڕەی حەشاماتێک بکەن، کە لەدژی ئەو باجە قورسانەی بەسەر حەرەمی پیرۆزی مەزاری ئیمام ڕەزایدا سەپاندبوون کۆ بووبوونەوە. هەروەها بە کوتەک لە ژمارەیەک پیاوی ئاینیی موسڵمان و پیاوانی کار درابوو.

لە ئەنجامی ئەو ڕەفتارانەدا ژمارەیەکی زۆر بازرگان لە کانوونی یەکەمی ١٩٠٥ پەنایان بردە مزگەوتی شاهانەی ناسراو بە مزگەوتی شا و زۆری نەبرد ژمارەیەکی زۆر پیاوی ئاینیش چوونە لایان. وەزیری یەکەم داوای لە پێشنوێژی مزگەوتەکە کرد، کە لە خزمەت زەنگینەکانی شا بوو،

پەنابەران بلاوە پێبکا. پاش ئەوەی شوێنکەوتووانی پێشنوێژەکە پەنابەرەکانی لە مزگەوتەکە وەدەرنا، پیاوە ئاینییە دەرکراوەکان لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانیان شارەکەیان بەجێ هێشت و پەنایان بردە بەر مەزارگەی پیرۆزی شا ئەبولعەزیم. جیاوازی هەیە لەنێوان مزگەوت و مەزارگەی پیرۆزدا، مەزارگە لە مزگەوت پیرۆزترە. حەشاماتێکی زۆر لە پیاوانی ئاینی و قوتابییانی قوتابخانە ئاینەکان چوونە ڕیزی پەنابەرەکان، لەنێویاندا شێخ فەزلوڵا کە پاشتر وەک یەکێک لە سێ دامەزرێنەرەکەی بزووتنەوەی دەستووری ناوبانگی دەرکرد. ئامانج لەم جموجوڵە بە کورتی لادانی ئەو وەزیرە یەکەمە ئێسکگرانە، واتە عەین ئەلدەولە بوو لە پۆستەکەی، هەر بۆیە پشتیوانییەکی بەرفرەوانی لەلایەن گەلەوە لێکرا.

ڕێگەی پەنابردن بۆ شوێنێکی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەوی لە زمانی فارسیدا بەناوی "بسگ" ناسراوە و ئەوانەیش پێی هەڵدەستن بە "بەستیەکان" ناسراون. سێ کەسایەتیی ئێرانیی دیار، لەنێویاندا شازادە محەمەد عەلی ڕەزای جێنشینی تەخت خۆبەخشانە پارەیەکی زۆریان تەرخان کرد بۆ دابینکردنی خواردن و پێویستییەکانی تر بۆ بەستییەکان. ڕاپۆرتەکان باسیان لەوە کرد شازادەی جێنشین هانی پیاوانی ئاینیی شاری تەبرێزی داوە پشتگیری لە ڕێگەی "بسگ" بکەن. وێرای هەوڵەکانی عەین ئەلدەولە بۆ بەرگرتن لە گەیشتنی خۆبەخشانی نوێ و ئازوقە بە پەنابەرەکان، پرۆسەکە بەردەوام بوو و ژمارەیەکی تر لە پیاوانی ئاینی و قوتابییانی قوتابخانە ئاینیەکان چوونە پاڵیان، ئەمە جگە لە ژمارەیەک لە بازرگانان و پیاوانی کار. هەڕەشە و گوڕەشە و بەڵێنەکانی شا شکستیان هێنا لە قایلکردنیان بۆ گەڕانەوە بۆ تارانی پایەتەخت، تەنانەت گەشتێکی کەسییش کە میر بەهادور جانگ کە یەکێک بوو لە فەرماندەکانی سوپا، بە یاوەریی سێسەد سوار ئەنجامی دا، شکستی هێنا لە قایلکردنی بەستییەکان بۆ گەڕانەوە لە پەناگەکەیان.

مێژوونووس ئێدوارد براون لەبارەی ڕووداوەکانی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٠٦ەوە دەڵێ:

لە کۆتاییدا ڕسواییەکە زۆر گەورە بوو، هەروەها قەڵسبوون گەیشتە ئاستی بەرگەنەگرتن، ئەوەیش شای ناچار کرد بە دەستخەتی خۆی نامەیەک بۆ پەنابەرەکان بنێرێ، تێیدا بەڵێنی پێدان عەین ئەلدەولە لە پۆستەکەی لابدا، هەروەها وەک داوایان کردووە خانەی داد کۆ ببێتەوە بەشێوەیەک لەو نوێنەرانە پێک بێ کە پیاوانی ئاینی و بازرگان و خاوەن مولکەکان هەڵیان دەبژێرن و شا خۆی سەرۆکایەتی دەکا. هەروەها بەڵێنی دا واسیتەکاری بنبڕ بکا و هەموو هاوولاتیان لەبەردەم یاسادا یەکسان بن.

پاش دابەشکردنی ئەم نامەیە لە سەرتاسەری وڵاتدا، بەستییەکان بە کەژاوەیەکی گەورە گەڕانەوە تاران و سەرکردەکانیان سواری ئۆتۆمبێلی شاهانە بوون، شا خۆی پێشوازی لێکردن و هەمان ئەو بەڵێنانەی دووپات کردەوە کە لە نامەکەیدا پێی دابوون. لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ هەوڵ بۆ ڕاڤەکردنی هەندێ سازشکردنی دیاریکراو سەریان هەڵ دا. ئامانج لە خانەی داد ئەوە نەبوو ببێتە کۆمەڵەیەکی یاسادانان، بەڵکو مەبەست ئەوە بوو تەنیا ئەنجوومەنێکی یاسا بێ و بەس. پاش

چەند هەفتەیەک هۆی تر بۆ بێزاری سەریان هەڵدا، لەوانە هەندێ کێشەی دارایی.

لە کۆتای نیسانی ١٩٠٦ پیاوانی ئاینی لە تاران حاڵنامەیەکیان ئاراستەی شا کرد تێیدا داوای ئەنجامدانی ئەو چاکسازییانەیان کرد کە بەڵێنی دابوو، هەروەها بەکارهێنانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی خۆی بەو پێیەی یاسا دیاری کردووە. حاڵنامەکە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو کرایەوە بەڵام ئەنجامێکی هەستپێکراوی نەبوو. تا دەهات شتەکان خراپ دەبوون و سیخوڕەکان لە هەموو جێیەک بڵاو دەبوونەوە. قۆزاقی و سەرباز شەقەکانیان تەنی و پاش خۆڕئاوابوون بۆ ماوەی سێ سەعات هاتوچۆ قەدەخە کرا. ناڕەزایی نوێ دژ بە وەزیری یەکەم عەین ئەلدەولە سەری هەڵدا و ڕابەرە ئاینییە موسڵمانەکان لە وتارەکانیاندا هێرشیان دەکردە سەر حوکمی تاکڕەوی و ستەمکاری. هەروەها کتێبخانەیەکی نیشتمانیی ئازاد هاتە دامەزراندن بۆ ئەوەی بنەما نیشتمانییەکان فێری خەڵک بکا، هەروەها کۆمەڵەیەکی نهێنی دروست بوو.

شا دەستەپاچە بوو و عەین ئەلدەولە بڕیاری دا پرۆسەیەکی سەرکوتکردن ئەنجام بدا. بەهۆی قەڵسبوونی لە ناوزڕاندنی لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە، وەزیری یەکەم ئاغا سەید جەمالی دەرکرد کە پاش ئەوە کشایەوە بۆ ناوەندی ئاینی لە شاری قوم کە بە دەوری مەزارگەی خاتوو فاتیمەدا دروست کراوە. عەین ئەلدەولە هەروەها بڕیاری لادانی شێخ محەمەدی دا کە وتارێژێکی زۆر کاریگەر بوو و جەماوەرێکی زۆری لەنێوان پیشەکار و وردە بازرگانەکانی بازاڕەکاندا هەبوو.

جەماوەرێکی زۆر لەدەوری وتارێژەکە و سەربازەکاندا خڕ بوونەوە و هەوڵیان دا نەیەڵن شێخ دەستگیر بکرێ. پاش ئەوەی شێخ محەمەد لە ناوەندی پاسەوانی بەند کرا، قوتابییەکی بنەماڵەکەی بەرەو دەرگای گرتووخانەکە چوو تا ئازادی بکا. سەربازەکان ئامادە نەبوون فەرمانی تەقەکردن جێبەجێ بکەن، بۆیە ئەفسەرێک قوتابییە هێرشبەرەکەی کوشت. ئەمە لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٠٦ ڕوویدا. تەرمنێژەکان تەرمی لاوە کوژراوەکە، کە ناوی سەید حوسێن بوو هەڵگرت و بە شەقام و بازاڕەکاندا گێڕایان و ئاژاوەگێڕی و پێکدادان لەنێوان تەرمنێژەکان و سەربازەکاندا ڕووی دا کە هەوڵیان دەدا کەژاوەکە ڕابگرن. بەهۆی تەقەکردن لە حەشاماتەکە پازدە کەس کوژران، سەبازەکان تواناییان شەقامەکان لە خەڵک چۆڵ بکەن و دەست بەسەر تەواوی شارەکەدا بگرن. بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئاینی کە بە "ڕەوز ئەلئیخوان" ناسرابوون و پسپۆڕ بوون لە خوێندنەوەی ڕووداو و چیرۆکە مێژوویییەکان لەبارەی ئەو چەرمەسەرییەی جێنشینە ڕۆحییەکانی پێغەمبەر محەمەد چەشتبوویان، هەروەها قوتابییان و بازرگانان و دوکاندارەکان و پیشەکاران و خەڵکانی ئاسایی پەنایان بردە مزگەوتەکەی ناوەندی شار و تەرمی قوتابییە کوژراوەکەیان تێدا ناشت. سەربازەکان بۆ ماوەی سێ چوار ڕۆژ گەمارۆیان دان. پاش ئەوە شا ڕێگەی پێدان شارەکە بەجێ بێڵن و بکشێنەوە بۆ شاری قوم کە دەکەوێتە دووریی نەوەد میل لە باشووری تاران.

ئەوانە لە ٢١ی تەموز ڕوویان کردە شاری قوم و لە ڕێگەدا هەزاران خەڵکیتریش هاتنە ناو

ڕێپێوانەکە، دانەرێکی ئێرانی لەبارەی ئەو ڕێپێوانەوە دەڵێ: ڕێگەی نێوان تاران و قوم دەریایەک بوو لە خەڵک. ئەم ڕێپێوانە لەنێو ئێرانیەکاندا بە کۆچی مەزن ناسراوە. مێژوونووسێکی ئێرانی دەنووسێ: ئەم کارە وەک سەندنەوەی پیرۆزیی ئاینی لە ڕێژیمی دەسەڵاتدار و گۆڕبەریکردنی شەرعیەتەکەی بوو. شا ڕازی بوو بەوەی بەستییەکان مزگەوتەکە بەجێ بێڵن بۆ ڕووکردنە قوم بەو مەرجەی زاناکان بەتەنیا مزگەوتەکە بەجێ بێڵن. ئەو زانایانە لە ڕێگەیاندا بۆ قوم بەیاننامەیەکیان دەرکرد و تێیدا هەڕەشەیان کرد کە بۆ هەتاهەتایە ئێران بەجێ دێڵن ئەگەر بێتو شا بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکا. جەنەراڵ بیرسی سایکس باسی لەوە کرد نەبوونی ئەو زانایانە دەبووە مایەی ڕاگرتنی هەموو مامەڵە شەرعیەکان، هەر بۆیە هەڕەشەکەیان بەڕاستی مەترسیدار بوو، چونکە جێبەجێکردنی هەڕەشەکە دەبووە مایەی بێبەشکردنی وڵات لە چالاکییە ئاینیەکان.

هەینی

لە هەمان کاتدا وەک نارەزایی، دوکان و بازارەکان دەرگاکانیان داخست، عەین ئەلدەولە فەرمانی دا بکرێنەوە و هەڕەشەی تاڵانکردنیانی کرد ئەگەر نەیانکەنەوە. لە ١٩ی تەموز هەڵسوڕێنەری کارەکانی بەریتانیا لە تاران بە ژمارەیەکی کەم لە خاوەن بانک و بازرگانەکانی ڕاگەیاند ئەگەر بێتو پەنا بەنە بەر باڵەخانەی نێردەی دیبلۆماسیی بەریتانیا لە پایەتەخت، ئەوا ڕێگەیان پێدەدرێ بەشێوەیەکی ڕەمزی نێیدا بمێننەوە و بەریتانیا دەیانپارێزێ. دەستبەجێ ژمارەیەکی کەمیان چوونە ئەوێ و خێوەتیان لێدا هەڵدا. لە ٢٣ی تەموز ژمارەیان گەیشتە ٨٥٨ کەس و دوای سێ ڕۆژیتر گەیشتە پێنج هەزار کەس. ئەو بازرگانانە لە بەرامبەر قایلبوون بە گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان و دەستپێکردنەوەی چالاکیەکانیان داوای لەکارلادانی عەین ئەلدەولەی وەزیری یەکەم لە پۆستەکەی و دەرکردنی کۆمەڵێ یاسا و بانگکردنەوەی ڕێبەرە ئاینیەکانیان کرد لە شاری قومەوە.

بە قەڵس و شپرزییەکی زۆرەوە، شا لە ٣٠ی تەموز بڕیاری دا مل بۆ داواکانی خەڵک لە لادانی عەین ئەلدەولە کەچ بکا و شێر ئەلدەولە میرزا نەسرولاّ خان سەرکردەی میللیی ڕزگاریخواز لەجێگەی دابمەزرێنێ و داوای لە پیاوانی ئاینی کرد بگەڕێنەوە پایەتەخت.

بەڵام گەل متمانەی بە شا نەمابوو، هەر بۆیە داوای دانانی دەستوورێکی نیزامی و پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی نوێنەرایەتیی نیشتمانی کرد، لەگەڵ پێدانی گەرەنتیی جێمتمانە کە نیازپاکیی شار بسەلمێنێ. لە یەکی ئاب ژمارەی ئەو کەسانەی پەنایان بردبووە باڵەخانەی نێردەی بەریتانیا گەیشتبووە نێزیکەی ١٣ هەزار کەس و تا دەهات زیادیشی دەکرد تا گەیشتە ١٤ هەزار کەس و هەندێ کەس جەخت دەکەن کە ژمارەکە گەیشتبووە ١٦ هەزایش.

لەکاتی پرۆسەی "بەست" لە باڵەخانەی نێردەی بەریتانیا، بەقسەی شایەتحاڵانی بەریتانیایی، خێوەت لە هەموو کون و قوژبنێکی باڵەخانەکەدا قیت کرانەوە و پەنابەران خۆیانیان بەشێوەیەکی نایاب ڕێک خستبوو و هیچ کێشەیەکیان دروست نەکرد. لە قازانی گەورەدا خواردن بۆ خەڵکەکە

ساز دەکرا و ئێوارانیش ڕاز و سەرگوزەشتەی کۆنیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە.

بەستییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر ئامادە نەبوون هیچ دانوستاندنێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکوومەتدا بکەن، تا لە کۆتایدا بە هەوڵی نوێنەری سیاسیی بەریتانیا بەڵگەنامەیەکی پەسەندکراو لەلایەن هەردوولاوە ئامادە کرا. لە ٥ی ئاب، شا موزەفەرەدین بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی، ڕەزامەندی لەسەر هەموو داواکانی ئەو بەستییانە دەربڕی و پاش ئەوە باڵەخانەی نێردەکەیان بەجێ هێشت. شا فەرمانی بە وەزیرە یەکەمە لادراوەکەی کرد بچێ لە کێلگەکەی بژی و ئەو بەڵگەنامەیەش کە شا لەو ڕۆژەدا دەریکرد بەناوی بەڵگەنامەی مەزنی ئێران ناسرا.

شۆڕشی ڕووسی ساڵی ١٩٠٥ کاریگەرییەکی سەرسوڕهێنەری لە ئێران هەبوو. خەڵک بە بایەخێکی زۆرەوە چاودێریی ڕووداوەکانی ڕووسیایان دەکرد, وا دیار بوو گیانێکی نوێ لەنێو تاکەکانی گەلدا دروست بووە. لە فەرمانڕەواکانیان وەڕس بووبوون و ڕووسیایان کردبووە نموونە. وردە وردە بیریان لەوە دەکردەوە کە دەکرێ شێوەیەکی باشتری حوکمڕانی بێننە کایە.

پاش ئەو ئاژاوەگێڕییەی لە ئەنجامی کوشتنی قوتابی سەید حوسێن سەری هەڵ دا، خەڵک هەستیان کرد ناتوانن بەرەنگاریی سەربازییانەی حکوومەت بکەن، هەر بۆیە ڕێگەی "بەست"یان لە باڵەخانەی نێردەی بەریتانیادا گرتەبەر و دەرکەوت ئەم ڕێگەیە سەرکەوتوو بوو لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا. پیاوە ئاینییە دوورخراوەکان داوای گەڕانەوەیان کرد بۆ پایەتەخت، بە سەرکەوتوویی گەڕێنرانەوە و دادگەی قەزاییش پێک هێنرا.

جەنەراڵ سایکس دەڵێ: ئێرانییەکان بەبێ خۆبڕشتن و شەڕی ناوەخۆ، لەسەر کاغەز هەموو ئەو شتانەیان دەست کەوت کە لە فەرمانڕەواکانیان داوایان دەکرد.

پاش ماوەیەکی کەم لە ملکەچبوونی شا بۆ داواکانی گەل، ڕێبەرە ئاینییەکان بە یاوەریی ئەسەد ئەللوک، کە پاشتر بوو بە وەسی لەسەر تەخت و هەروەها لەگەڵ نیزام ئەلدەولە، لە قومەوە گەڕانەوە پایەتەخت. ڕۆژێکی مێژوویی بوو و هەمووان تێیدا بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنە نیشتمانیەوە ئاهەنگیان گێڕا.

لە ١٩ی ئاب شای نەخۆش، بە ئامادەبوونی گەورە ڕێبەرە ڕۆحییەکان کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە کۆشکەکەیدا میوانداری کردن، تەلاری نوێی پەرلەمانی کردەوە، پاشتر مەرسوومێکی دەرکرد تێیدا جگە لە دامەزراندنی پەرلەمان، دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕاوێژکاریی نیشتمانیشی ڕاگەیاند.

لە دەوروبەری ٨ی ئەیلوول، کێشەیەکی نوێ سەری هەڵ دا کاتێ پیاوانی ئاینی ئەو سیستمانەیان ڕەت کردەوە کە سەرۆک وەزیران ئامادەی کردبوون و شایش ئەو گۆڕانکارییانەی ڕەت کردەوە کە داوایان کردبوو. جارێکی تر خەڵک پەنایان بردەوە ئەنجامدانی ڕێگەی "بەست" لە باڵەخانەی نێردەی بەریتانیا و بازاڕەکان داخران. شا لەسەر داواکاریەکانی پێوەست بە بازنەکانی هەڵبژاردن و ئەندامێتیی پەرلەمان و مەرج و پێویستییەکانی هەڵبژاردن ڕازی بوو. لە ١٧ی ئەیلوول شا لەسەر ئەو مەرسوومە ڕازی بوو کە لەبارەی پێکهێنانی ئەنجوومەنەکەوە

پێشنیاز کرابوو بۆ دامەزراندنی پەرلەمانێک لە ١٥٦ ئەندام کە دوو ساڵ جارێک دێنە هەڵبژاردن، هەروەها ڕەزامەندی لەسەر پارێزبەندیی پەرلەمانتارانیش دا.

ریچارد کۆتام دەنووسێ: لەڕێی بەکارهێنانی ڕێگەی "بەست"ی نیمچە پیرۆز و دێرین لە مێژوودا، بازرگان و پیاوانی ئاینی تواناییان داواکارییەکانیان لەبارەی دەستوورەوە بەسەر حکوومەتدا بسەپێنن. ئەڵبەت چەندان پرس بە هەڵواسراوی مانەوە، بەڵام بەپێی ئەو مەرسوومە حکوومەتێکی دەستووریی پەرلەمانی پێک هات.

٥- دیارنەمانی بەکۆمەڵ

لەوانەیە دانیشتووانی ناوچەیەکی بچووک، بۆ نموونە گوندێک، بڕیار بدەن هەموو پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دژبەرەکەیان بپسێنن، ئەویش لەڕێی خۆ ونکردن و بەجێهێشتنی ماڵ و گوندەکەیانەوە. بۆ نموونە گوندنشینەکانی هەرێمی کانارا لە باشووری هندستان لە ساڵی ١٧٩٩ و ١٨٠٠ پەنایان بۆ ئەم ڕێگەیە برد بۆ بەرەنگاریکردنی هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی بەریتانیا بەسەر هەرێمەکەدا. سێر تۆماس مۆنرۆ ئەفسەری بەریتانیایی کە ئەو کاتە بەرپرس بووە دەڵێ: کاتێ لە گوندێک نێزیک دەبوومەوە، دانیشتووانەکانی چۆڵیان دەکرد و دەچوونە گوندێکی تر، بەشێوەیەک چەندان هەفتە بەسەر بوونم لە ناوچەیەک تێدەپەڕی بەبێ ئەوەی دەموچاوی یەکێکیان ببینم.

باربەر کە دانەرێکی بەریتانییە و لە سەدەی نۆزدەیەمدا ژیاوە وردەکاریی ڕووداوێکی سۆراخ نەمانی بەکۆمەڵ لە چینی ناوەڕاست لە ساڵی ١٨٨٣ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: دەگێڕنەوە لە چاخە دێرینەکاندا فەرمانڕەوای هەرێمەکە فەرمان بە قازییەک لە شاری هسینی چینی ناوەڕاست دەکا سەرژمێرییەکی دانیشتووان بکا. قازییەکە لەو خشتانەی ئامارەکە ڕازی نەبوو کە تیمەکەی بۆیان نارد، بۆیە بڕیاری دا خۆی سەرژمێرییەکە بکا، دانیشتووانی ناوچەکە لە نەگریسیی قازییەکە زاڵەترەک بوون و لە ترسی ئەوەی نەوەک ئامانج لە هاتنەکەی سەپاندنی باجی قورس بێ لەسەریان، شارەکەیان بەجێ هێشت و لە کێڵگەکانی دەوروبەریدا خۆیانیان حەشار دا، بەو شێوەیە قازییەکە لە هەوڵەکانیدا شکستی هێنا و لەترسی ئەو سزایەی لەوانەیە دووچاری ببێ، خۆی خنکاند و ئەم خشتەیەی پاش خۆی بەجێ هێشت:

پیاوان: کەس نییە

ئافرەتان: کەس نییە

منداڵانی خوار چواردە ساڵ: کەس نییە

کۆی گشتی: کەس.

جۆرج تایلۆریش باس لە هەندێ حاڵەتی هاوشێوە دەکا لە ناوچەی چینی باکور لەکاتی داگیرکردنی ژاپۆنی لە ساڵی ١٩٣٩: گوندەکان زۆر ڕێکخراو بوون، بەشێوەیەک کاتێ سوپای

ژاپۆنی نێزیک کەوتەوە، خەڵک ئەو گوندانەیان چۆڵ کرد و ئازووقەکانیان کرد بەژێر خۆڵەوە و هەموو مااڵت و کەلوپەلەکانی ماڵیان لەگەڵ خۆیان بردە دەرەوە و کشانەوە بۆ چیاکان. هەر بۆیە دەبوو ژاپۆنییەکان هەرچییان پێویست بوو لەگەڵ خۆیان بیانهێنایە.

٦- کۆچی ناڕەزایی

کۆچی ناڕەزایی کۆچکردنێکی بەئەنقەستە بەمەبەستی هەڵاتن لە دەسەاڵتی دەوڵەتێک کە بەرپرسە لە هەندێ کاری ستەمکارانە زۆردارانە بەاڵی بەرگریکارەکانەوە. ئامانجیان دەربڕینی ناڕەزایی و ملنەدانە لەڕێی پچڕاندنی هەموو شێوەیەکی هاوکاریکردنی کۆمەاڵیەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا. ژمارەیەک حاڵەتی تایبەت و دیاریکراومان لەبارەی ئەم کۆچەوە هێناوە. ئەم کۆچکردنە لەوانەیە هەمیشەیی و لەوانەیشە کاتی بێ، نەخاسمە کاتێ دژبەرەکە ئاتاجی جۆرە هاوکارییەک بێ لەالیەن کۆچەرەکانەوە. جوان بوندۆرانت ئەم ڕێگەیەی ناو ناوە دوورخستنەوەی خۆویستانە. پێغەمبەر محەمەد لەباتیی ملکەچکردن بۆ ئەو ستەمکارییەی ئەوکات لە مەککەدا هەبوو، ساڵی ٦٢٢ لە شاری مەککەوە کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە.

لە هندستان ڕێگەی کۆچکردن کە بە دەستهەڵگرتن لە وڵات ناسرابوو، بە بەرفرەوانی بەکار هاتووە، ئەویش لەکاتی هەڵمەتە جیاوازەکانی دژ بە هەندێ حاڵەتی ستەمکاریی دیاریکراو، هەروەها لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە بەریتانیا. لەم حاڵەتانەدا کۆچکردنەکە دەستبەجێ بوو.

بەپێی ڕێنوێنییەکانی گاندی، نەبەردانەترین ڕێگە کە پێویستە خەڵک بەخۆشییەوە شوێنی بکەون، ئەوەیە بەرگەی درندانەترین شێوەی سەرکوتکردن بگرن کە لەوانەیە دووچاری ببن، ئەویش لەو بڕوایەوە کە ئەو ڕێگەیە زۆرترین کاریگەری دەبێ لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و نەرمکردنی دڵی ڕەقی دوژمنەکان. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر بەرگریکاران و دانیشتووان هەستیان کرد ستەمبارن و ناتوانن لەو هەلومەرجەدا پارێزگاری لە کەرامەتیان بکەن و هێز و تاقەتی ئەوەیان نەبوو بەرگەی ئەو سەرکوتکردنە بگرن، ئەو هێزەی زادەی باوەڕبوونێکی قوواڵ بە بنەمای ناتوندوتیژی، یاخۆ هەبوونی توانا نەک ویستی بەرگری لەخۆکردنە بە توندوتیژی، ئەوا گاندی پێی وا بوو خۆدوورخستنەوە هیچ الیەنێکی نائەخالقی یان نادروست یاخۆ ترسنۆکانەی تێدا نییە. بەڵگەنەویستیشە کاتێ ژمارەیەکی زۆر خەڵک بەشداری لەم کۆچکردنەدا بکەن، کارەکە ببێتە شێوەیەک لە شێوەکانی بایکۆتکردنی سیاسی، نەک تەنیا حاڵەتێکی ناڕەزایی ناتوندوتیژانە.

لە ویالیەتی گوجارات، جووتیارەکان کۆچیان کرد بۆ بارودا، کە هیچ دەسەاڵتێکی بەریتانیای تێدا نەبوو، ئەویش لەکاتی ئەو هەڵمەتی سەرکوتکردنەی بەهۆی ڕازینەبوونیان بە باجدان لەکاتی هەڵمەتە سەربازییەکەی ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٣١ ڕوویدا. ئەم ڕێگەیە هەروەها لەکاتی هەڵمەتی ڕەتکردنەوەی باجدان لە ویالیەتی بارودلی ڕووی دا، کاتێ جووتیاران بەشێوەیەکی کاتی لەم

ویلایەتەوە دیسان بۆ بارودا کۆچیان کرد.

نموونەکان لەبارەی کۆچکردنی ناڕەزایی لەو کۆچەوە دەست پێدەکا کە لە ساڵی ٤٩٤ی پێش زاین خەڵکی ڕەشۆکی لە ڕۆما بەمەبەستی بەدەستهێنانی کۆمەڵێ چاکسازی لەلایەن خانەدانەکانی کۆماری ڕۆمانی، ئەنجامیان دا، تا ئەو کۆچانەی گرووپە جیاوازە ئاینی و سیاسییەکان لە ئەوروپا و ئەمەریکا ئەنجامیان دا، تا کۆڕەوەکەی مەجەر لەکاتی شۆڕشی ١٩٥٦دا.

کلارنس مارش باس لەوە دەکا بەکارهێنانی ڕێگەی تری هاوشێوە تاوتوێ کرا بۆ بەگژاچوونەوەی دەسەلاتی بیانی بەسەر ئەو گیرفانانەی دەکەون درێژایی کەنارەکانی چین، ئەویش پاش ئەوەی دەوڵەتانی ڕۆئاوا توانییان چەند ناچەیەکی چین بگرن. لەو کاتەدا پێشنیاز کرا دانیشتووانی ئەو ناوچانە وەک ئامرازێکی ناڕەزایی پێشکەوتوو بەشداری بکەن لە کۆڕەوێکدا لەو ناوچانەی لەژێر دەسەلاتی بیانیدان.

جووتیارانی ژاپۆنی، بە تایبەت لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لە سەردەمی بنەماڵەی توکوگاوا پەنایان بۆ ئەم ڕێگەیە برد بۆ بەرەنگاربوونەوەی بارۆنە دەرەبەگە ستەمکارەکان و فەرمانبەرە گەندەڵەکانی حکوومەت.

جووتیارەکان لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی دۆژمنەکانیانەوە بۆ ویلایەتێکی تەنیشتی کۆچیان کرد، ئەم کارانە بە ناوی وازهێنانەکان، یان لە ژاپۆنیدا بە "شوزان" ناسرا. هیوگ بۆرتۆن دەڵێ نەفەرەکان بە نهێنی گوندەکەیان چۆڵ دەکرد و ڕووبان دەکردە گوند یاخۆ ناوچەیەکی دراوسێ بۆ هەڵاتن لە ستەم یاخۆ تەنگانەیەکی دیاریکراو. بەڵام ئەم نەریتە وردە وردە شێوەی کۆچی بە کۆمەڵی گرووپێکی ڕێکخراو لە گوندێک یان زیاتری لەخۆ گرت. کاتێ گوندنشینەکان دەپەرینەوە بۆ ناوچەیەک یان هەرێمێکی دراوسێ، لە سەرگەورەی ناوچەکە یان حاکمی ئەو هەرێمە دەپارانەوە کە ڕێگەیان پێ بدا لە سنووری ناوچەکەی ئەودا بمێننەوە، یان لە بری ئەوان هەوڵ بدا ئەو ستەمەی لە سەریانە نەیهێڵێ.

ڕێگەی شوزان لە ماوەی قۆناخی یەکەمی سەردەمی بنەماڵەی توکوغاوا (١٦٠٣–١٨٦٩) بە شێوەیەکە بەرفرەوان بڵاو بووەوە. مەترسیدارترین ڕووداو لەو ماوەیەدا لە ساڵی ١٨٥٣ ڕووی دا کاتێ هەندێ لە جووتیاران لە باکوری ناوچەی نامبۆ لە مۆریۆکا بە هۆی توڕەییان لەو گەندەڵییە گشتییەی لە نێوان فەرمانبەری ناوچەکەیاندا بڵاو بووبوویەوە و هەموو مامەڵەکانیان قۆرخ کردبوو و گواستیانەوە بۆ ناوچەی ساندای دراوسێیان و داوایان لە حاکمەکەی کرد لەوێ بژین، پاش ئەوەی سکاڵاکانیان پێشکێشی فەرمانبەرە بەرپرسەکان کردبوو.

وتراوە ڕێگەی شوزان ڕێگەیەکی نایاساییە و بارونە دەرەبەگەکان پیاوەکانیان دەنارد بۆ گێڕانەوەی جووتیارە هەڵاتووەکان، بەڵام ڕوون نەبووەتەوە ئاخۆ ڕەزامەندیی بارونە دەرەبەگەی دراوسێ پێویست بووە بۆ گێڕانەوەی کۆچەرەکان یاخۆ نا. تەواوی سیستمی دەرەبەگایەتی لەسەر

توانای بەرهەمهێنانی جووتیار وەستابوو، لەبەرئەوە فەرمانبەرەکان دژ بە سزادانی ئەو جووتیارانە بوون کە دەگەڕانەوە، چونکە زۆر پێویستیان پێیان بوو بۆ بەرهەمهێنانی برنج. هەندێ لە خەملاندنەکان ئاماژەیان بەوە داوە حاڵەتەکانی شوزان ٩,٢٪ی کۆی شۆڕشەکانی جووتیاران بوون لە سەردەمی حوکمڕانیی بنەماڵەی توکوگاوادا.

جگە لە کۆچی گشتیی بەرفرەوان لە ئەڵمانیای ڕۆهەڵاتەوە بەر لە دروستکردنی دیواری بەرلین، بەهۆی هەندێ ڕێوشوێنی دیاریکراوەوە ژمارەیەک کۆچی ناڕەزاییش لەم وڵاتە ڕوویان داوە. بۆ نموونە ساڵی ١٩٥٢ جووتیارانی ئەڵمانیای ڕۆهەڵات نەیاریی خۆیان پیشان دا دژ بە کارپێکردنی شێوازی کێڵگە هەرەوەزییەکان بەپێی شێوە سۆڤیەتیەکە، ئەویش بە کۆچکردنیان بۆ ڕۆئاوا، لەنێوان مانگی کانوونی دووەم و نیساندا ٨٥٢ جووتیار کۆچیان کرد.

لەوانەیە کۆچکردنی ناڕەزایی بە ژمارەیەکی زۆر مۆرکی بایکۆتکردنی سیاسی وەربگرێ، بۆ نموونە کاتێ فریدریک ولیام ئیمپراتۆری بروسیا لە ساڵی ١٧٢٣ هەڕەشەی لە ئەندامانی تایفەی مینونیتی دانیشتووی ڕۆهەڵاتی وڵات کرد بە جێبەجێکردنی سیستمی بەسەربازکردنی زۆرەملێ لەسەریان، ژمارەیەکی زۆر لەوانە کۆچیان کرد بۆ بنسیلڤانیا، بەشێوەیەک ئیمپراتۆر وازی لە پڕۆژەکەی هێنا.

ساڵانی ١٧٨٧ و ١٨٠١ سەپاندنی سیستمگەلێکی نوێ، کە ئامانج ڕاگرتنی زیادبوونی ژمارەی تایفەی مینونیت بوو، بووە مایەی کۆچکردنێکی تریان، ئەم جارەیان بۆ ڕووسیا، ئەم جارەیشیان حکوومەت ناچار بوو مل نەوی بکا. بەم شێوەیە بڕوادارەکان لەڕێی کشانەوەی تەواویان لە هەموو جۆرە پێوەندییەک لەگەڵ ئەو حکوومەتەی دەستی دەخستە کاروبارەکانیان، توانیان پارێزگاری لە باوەڕە ئاینییەکەیان بکەن و حکوومەت ناچار بکەن مل بە خواستەکانیان بدا.

لەگەڵ ئەوەیشدا، شێوە باوەکانی هاوکارینەکردن لە کۆمەڵگە نوێکاندا سیفەتی ئابووری وەردەگرێ نەوەک کۆمەڵایەتی، هەروەک لەوانەیە سیاسی بێ.ئەمجا دێینە سەر باسکردنی ڕێگەکانی هاوکارینەکردنی سیاسی.

پێڕست


ئەنجامەکانی سەفەرۆچکەکەم بۆ ئەستەموڵ. محەمەد عەلی قەرەداغی ..... 3
بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان. ئەحمەد باوەڕ ..... 21
یادداشتنامەی "کۆمەڵەی کورد" ساڵی ١٩٢٤ . میکی سوزوکی هیم و ئایشە گوندوز هوشگور ..... 29
شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران. لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا ..... 35
لە عەممانەوە بۆ ئامێدی یان گەشتێک لە کوردستانی باشووردا. عەلی سیدۆ گەورانی ..... 44
وەڵامێکی کورت و پوخت بۆ گوڵچنینەکەی کاک نەوشیروان. عەبدولا ئیبراهیمی ..... 70
تاکی کورد لەچی دەترسێ؟. حەمەفەریق حەسەن ..... 100
ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەری لە عێراقدا– ئەڵقەی دووەم. باقڕ یاسین ..... 107
مێژوویەکی ئافرەتان– بەشی دووەم. ئەحمەد میراودەلی ..... 152
ئەوانەی گەڕانەوە ئاسمان ئەنیس مەنسوور. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ..... 164
ئۆگست کۆنت و فەلسەفەی پۆزەتڤیزم هاشم ساڵح لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد ..... 190
لەسەروەختی هەرەسی"ئەخلاق" لە پێناو ئازادیدا. هیمداد شاهین ..... 203
هەژموونی وتووێژلەسەرکراو و سنووری سەرلەنوێ... لە ئینگلیزییەوە: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد ..... 216
ئازادی مانای چییە. ئەردەڵان عەبدولا ..... 231
شەڕی نێوان ئاین و عەقڵی مۆدێرن. شەیما مەلا یوسف. لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدولا ..... 273
ئیبلیسی ئەپوفاتیک. بوو گوستاڤسۆن. لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی ..... 288
ڕوانینێک لە بزووتنەوەی شانۆی هیندییە سووڕەکان لە کەنەدا. عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) ..... 304
کاردۆ کامۆ.. وێنەگری دیکۆمێنتاری پێشمەرگە و شاخ. ئاغالە ..... 319
بەهرەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان: گۆڕینی دووبەرەکی بۆ هەل. زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی ..... 337
گوننار ئێکێلۆف و پێوەندیی بێکۆتایی بوو گوستاڤسۆن ..... 343
ئێمە خەساوەکانی چێژین محەمەد تەها حوسێن ..... 353
شێوازی سەرکردایەتیکردنی تۆ چییە؟. زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی ..... 384
جوبران خەلیل جوبران و پێغمبەرەکەی. سامی ئەلفقی. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ..... 389
مارتن لوتەر کینگ بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ..... 404
هاوکارینەکردنی ئابووری جین شارپ. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفور ..... 428
هاوکارینەکردنی ئابووری و سیاسی. جین شارپ. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفور ..... 468


هاوڵاتی کتێب